تیشک

تیشک | گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ٧٣ | ساڵی بیستوحەوتەم | پاییز و زستانی ٢٧٢٥



٧٣

تەوەری ئەم ژمارەیە:

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و فاکتەرە فرەچەشنەکانی هێز

٩٢

نەتەوەسازی و وێناکردنەوەی نیشتمان

١٧١

مانیفێستی ژنوشیاری

٢٨٧

ئەرکی ڕووناکبیر

٣٨٨

امنیتی شدن مسئله کورد-کوردستان

٤٨٠

ستراتێژییەک دژ بە بزووتنەوەی کورد

نا، بۆ کوردێک کفره ئێســـتا کوردستان وتن،
چەرچییەکانی ئیســـتعمارم لێ ئەبنە دوژمن!
گۆران



گۆڤاڕێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە
ژمارە ۷۳ • ساڵی بیست و حەوتەم • پاییز و زستانی ۲۷۲۵

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

هاوکاری سەرنووسەر
رێبوار رۆژهەلات

دەستەی نووسەران:
رەحیم سورخی، شەهلا دەباغی، هزرین سنە،
کەمال حەسەنپوور، ئیدریس ئەحمەدی،
رزگار ئەمین‌نژاد، داود عوسمانزادە،
سیاوەش محەمەدی، فاتح سەعیدی،
هیوا تاسە، ئاگری ئیسماعیل‌نژاد، عەلی مونەزمی،
ئارام کەیخوسرەوی

دەستەی راوێژکاری:
ئالان حەسەنیان، ئازاد محەمەدیانی، قادر وریا،
ئیسماعیل بازیار، بابان ئەلیاسی، بیریار ژاوەرۆیی،
مانشت زاگرۆس

بەڕێوەبەریی وەرگێڕان:
هەلاڵە حەیدەری، رێبوار رۆژهەلات، ئاسۆ ئەردەلان

بەشی پێداچوونەوە:
کامیل نەجاری، زیاد ئەسعەد، رێبوار رۆژهەلات،
کەمال حەسەنپوور، تالب قەیسەری، چیا کەلهوڕ
رەسوول سولتانی، پایا کەلهوڕ

دیزاین:
رێباز رۆژهەلات، ئاسۆ مامزادە

فۆتۆ:
کەیوان فاتحی

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە باڵاو دەبنەوە

www.tishk.org
DOI 10.69939/TISHK0073

پێرست

سەروتار

سەروتار • ناسر مورادی ۸

سەکۆ

خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هێز • زاهیر محەممەدی ۱۲

توێژینەوە

ئۆپۆزیسیۆن و بنبەستی ئینقلاب لە ئێراندا • ڕزگار ئەمین نژاد ۲۳

ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد • فاتح سەعیدی ۶۴

نەتەوەسازی و وێناکردنەوەی نیشتمان • پەرەنگ فەرازمەند ۹۲

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، لە ڕووخانی دامەزراوەییەوە بۆ دارمانی شەرعییەت • ئەژین بەهرامی ۱۰۷

دیالکتیک رهایی و اسارت • هۆگر ڕۆژهەڵات ۱۲۹

تمایز میان نقد به مثابه کنش معرفتی و تخریب به مثابه تکنیک قدرت • آسو عزیزی ۱۴۲

شیکاری

تێمی هەژاری لە چەند گێڕانەوەیەکی کوردیدا • شەهلا دەباغی ۱۵۸

مانیفێستی ژنوشیاری • فەریدە وەیسی ۱۷۱

بەرەو ڕوانگەی کوانتۆمی لە سیاسەتدا • کاروان بەهرەمەند ۱۸۸

شەڕی ساردی ئێران لەگەڵ ئوروپا یا مێژوونووسین بە هونەری شیکاری • ئەنوەر سوڵتانی ۱۹۷

دەوڵەتی نێتوۆرکیی کوردستان • ئاژوان نەکەڕۆز ۲۰۴

نارەزایەتییەکانی ئێران و پێویستیی دەربازبوون • داود عوسمانزادە ۲۱۱

سێکۆلاریزم و یەکێتیی نەتەوەیی • تەها ڕەحیمی ۲۲۰

بنەماکانی تۆتالیتێری ئێرانی/شیعیزم • ڕۆژبین ڕۆژهەڵاتی ۲۲۶

شیکاریی جەریانی پاشایەتیی و پێویستیی سەروەریی سیاسی • هەڵگورد جەوانمەردی ۲۴۱

توهم گذار ایران به دمکراسی • دانا کهنەپوشی ۲۵۲

بەرەو گەشەپێدانی دێهات و شار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان • کۆرش شەهابی ۲۵۹

ڕوانگە

ئەرکی ڕووناکبیر یان تراویلکەی ڕۆشنگەری • مەسعوود بابایی ۲۸۷

وتووێژ

ڕەزا کەعبی ۲۹۵

بابەشێخ حوسەینی ۳۱۷

ئەمیر کەریمی ۳۲۷

حوسێن یەزدانپەنا ۳۴۵

وەرگێران

پەراوێزخستن و چەوساندنەوەی چەندتوێژی ۳۵۹

امنیتی شدن مسئله کورد -کوردستان ۳۸۸
توجیه فکری قدرت حاکم ۴۱۸
ئیکۆناسیۆنالیزم له ڕۆژهەلاتی کوردستان ۴۴۲
ستراتیژییەک دژ به بزووتنەوەی کورد ۴۸۰
سیاسەتە زمانییەکانی پەهلەویی یەکەم له کوردستان و دەرەنجامیان ۵۱۰
ادبیات کُردی و گامەها و گرایش های بالندگی ۵۲۷
درۆ و دووڕوویییەکانی ئیدوارد سەعید ۵۴۹

ناساندنی کتێب

گشتیتی و کەسایەتی له ئاوێنەی مژابادا • ڕەحمان فەرامەرزی ۵۷۶
دید و بۆچوونی پیتر لیرخ • مەنسوور سدقی ۶۰۷

ڕێنمایی نووسین

ڕێنووسی کوردی ۶۴۰

سـه‌روتار

ناسر مورادی

لە ئانووساتی گۆڕانکارییەکانی بەردەدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی هەیە لە گوتار و پلانی سیاسیدا تا بتوانێت پێگەی کورد لە پەراوێزەوە بگوازێتەوە بۆ نێو چەقی گۆڕانکارییەکان و وەک نەتەوەیەکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس کایەی سیاسیی خۆی بکات. گوتاری کوردستانی لێرەدا دەبێ جەخت لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مەرجی سەرەکیی بەشداری و مانەوە لە هەر جۆرە هاوپەیمانی و هاوکێشەیەکی داهاتوودا بکاتەوە. ئەم گوتارە دەشێ لەخۆگری هەموو فاکتەرەکانی تری هێز لە دەوری یەک پلاتفۆرمی کوردستانی بێت کە خاوەن ئاسۆ و دوورەڕوانی تایبەت بە خۆی بێت.

لە ڕەهەندێکی تردەوە ڕاگەیاندن ئەرکی ئەندازیاریی ئەم گوتارەی لەسەر شانە تا لە ڕێگەی تێکشکاندنی هەژموونی سیاسی و زمانی و هزریی ناوەندەوە نواندنی سەربەخۆی هەبێت و شەرعییەتی سیاسی لە ناوەندەوە بگوازێتەوە بۆ پانتایی کوردستان. لێرەدا کوردستان دەبێ وەک مەیدانێکی سیاسی و فەرهەنگی و وەک یەکەیەکی نەتەوەیی پێناسەی خۆی بکاتەوە و ڕاگەیاندنیش ئەرکی دارشتنی ئەم مەیدانە نوێیەی هەیە؛ بە جۆرێک کە هەر سەرکەوتنێکی مەیدانیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یان هەر جوواڵەیەکی جەماوەری ڕاستەوخۆ ببێتە سەرمایەیەکی سیاسی. لە وەها دۆخێکدایە کە گوتارەکە دەتوانێت پەیامێکی یەکگرتووی کوردستانی ئاراستەی ناوەندەکانی بڕیار لە جیهان بکات کە تیایدا کورد وەک ئەکتەرێکی ژیر و خاوەن پڕۆژەی سیاسی دەردەکەوێت.

بونیادنانی ئەم گوتارە کوردستانییە لە نێوخۆی وڵاتدا بەبێ دەوری کارای ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی، مەحاڵە؛ چونکە ئەوان سەرچاوەی بنەڕەتیی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی نەتەوەن و ئەم سەرمایەیەش ئەو تۆڕە تۆکمەیەی متمانە و هاوکاریی نێوان چین و توێژەکانە کە وەک دایناموێەک ڕیزەکانی نێوخۆ یەکدەخات. ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە پێشەنگایەتیی ژنان و لاوان ئەرکی گۆڕینی ئەم وزە کۆمەڵایەتییەیان بۆ هێزێکی سیاسی و ئیداری لە ئەستۆیە و لە کاتی دارمان و هەرەسی دامەزراوەکانی ناوەنددا دەبنە پاڵپشت و توانا و هێزی جەماوەر بەرەو ڕێکخراوەییبوون و دامەزراوەییبوون ئاراستە دەکەن.

لێکبەستنەوەی ئەم گوتارە کوردستانییە لەگەڵ توانای ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی یارمەتیدەر دەبێت لە بیچمدانی قەوارەیەکی سیاسیی بەهێز. ئەم فۆرمە لە هێز دەسەلمێنێت کە ستاتووسی سیاسی نەک هەر داخوازییەکی مێژوویی

بەڵکـــوو زەروورەتێکـــی نەتەوەییـــە بۆ بەدەمچوونی ئـــەو گۆڕانکارییە بەرینەی کـــە چـــاوەڕوان دەکـــرێ ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لـــە پەراوێـــزەوە بباتە نێو چەقی بڕیارە چارەنووســـازەکان. تەنیا ئاوێتەبوونی گوتار و ڕێکخستنی مەدەنی و هێزی بەرگرییە کـــە ڕۆژهەڵات دەکاتە ناوەند و خاوەنـــی بڕیار.



“ سەکۆ ”

خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هێز؛ گواستنەوەی سەنگەر بۆ ستۆدیۆ

زاهیر محەممەدی

پێشەکی

لە بزاڤی سیاسەتی مودێرندا سنووری نێوان "واقع" [1] و "نواندنەوە" [2] وەها لێک گرێ دراوە کە چیتر ناکرێ هێز لەسەر بنەمای جوغرافیا، ژمارەی دانیشتووان یان توانای سەربازی پێناسە و پێوانە بکەین. گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم چەند دەیەی دوایی و بەتایبەت پەرینەوە بۆ چاخی دیجیتاڵ، پارادایمی هێزی لە فۆرمی ڕەقەوە[3] گۆڕیوە بۆ بەرگێکی نەرم و هێمایی[4]. لەم گۆڕانکارییە مەزنەدا، ڕاگەیاندن چیتر ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، بەڵکوو خودی هێزە. ئەم وتارە بە چڕبوونەوە لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستان پاش شۆڕشی ژینا لە ساڵی "۱۴۰۱" بە دوای وڵامی ئەم پرسیارەوەیە کە بۆچی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان سەرەڕای پاشخانێکی قوولی میژوویی و سیاسی و ڕاپەڕینی ژینا و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان نەیتوانیوە ئەم پاشخانە بەرفراوانە بگۆڕێ بۆ "هێزی هەژمۆنیک" [5] لە ئاستی ئێران و جیهاندا، بەڵام ڕەوتی ڕاستاژۆی شاپەرستی لە ئێران، سەرەڕای نەبوونی پێگە و ڕێکخستنێکی تۆکمەی سیاسی، توانیویەتی لەڕێگەی هەژمۆنی ڕاگەیاندنەوە بگاتە ئاستێک کە خۆی بە تاکە ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی نوێی ئێران بنا سێنێ.

ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارە شیکردنەوەی ئەم خاڵە پێویستەیە بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە نابێ ڕاگەیاندن تەنیا بە دەزگایەکی پروپاگەندە و بڵاوکردنەوە سەیر بکەن، بەڵکوو ڕاگەیاندن بکەنە بناغەی سەرەکیی هێز و سەنتەری دیپلۆماسیی خۆیان لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا.

لە ڕاستیدا ئەوە ڕای گشتیی کوردستانە کە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا چارەنووسی سیاسیی کورد دیاری دەکا و هەر حیزب یان ڕەوت و لایەنێک کە نەتوانێ گێڕانەوەی خۆی بە زمان و پێوەرێکی پیشەیی و سەردەمییانە بەرهەم بێنێتەوە، دەکەوێتە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکان. ئەم وتارە بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی فوکۆ، جوزێف نای و مانوێڵ کاستێڵز، پێی وایە هێز لە جیهانی پۆست حەقیقەتدا [6] لە دەست ئەو کەس و لایەنانەدایە کە دوگمەکانی ڕاگەیاندنیان بە دەستەوەیە.

وتارەکە وێڕای شیکردنەوەی ڕەچەڵەکناسیی هێز و گرنگیی ڕاگەیاندن لە ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا، ڕاسپاردەی ستراتێژیک بۆ پەرینەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە "گۆشەگیریی ڕاگەیاندن"ەوە بۆ "ژێدەری سیاسی" دەخاتە ڕوو.

١ - ڕەچەڵەکناسیی هێز لە بەستێنی سیاسیدا

بۆ خستنەڕووی ڕەچەڵەکناسیی وردی هێز لە بەستێنی سیاسیدا، سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرهەڵدانی مودێرنیزم لە ڕۆژئاوا. دەرکەوتنی کۆمەڵگا مودێرنەکانی ڕۆژئاوا یەکەم وێستگەی ئەم ڕەچەڵەکناسییەیە کە پێناسەی هێزی لە توانای سەربازییەوە گۆڕیوە بۆ فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان. ماکس ڤێبەر، کۆمەڵناسی ئەڵمانی یەکێک لە

پێشەنگەکانی شیکردنەوەی هێزە لە کۆمەڵگای مودێرندا[١]. ڤیبەر کە هێزی لە جیهانی مودێرندا شی دەکردەوە، سنووردکی نوێی لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە کلاسیکە لە هێز دیاری کرد کە تەنیا پشتی بە سوپا و دامەزراوەی دەوڵەت دەبەست. ڤیبەر "هێز" [٧] و "ئۆتۆریتە" [٨] ی لێک جیا کردەوە. بە رای ناوبراو ئۆتۆریتە بریتییە لە هێزێک کە رەواییی هەیە. لە کاتێکدا هێز رەواییی نییە و تەنیا پشت بە زۆر و دەسەڵات دەبەستێ[٢]. خاڵی جیاکەرەوەی هێز و ئۆتۆریتە لای ڤیبەر، تایبەتە بە پرسی رەواییی لەلایەن خەڵکەوە. هێز کە تەنیا پشت بە سوپا و زۆر دەبەستێ بەردەوام نابێ و کورتخایەنە؛ بۆیە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە گەرانەوە بۆ خەڵک و رەواییی کۆمەڵایەتییە[٣]. رەواییی کۆمەڵایەتیش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە ویست و حەزی خۆیان ملکەچی هێز ببن، نەک بە زۆر و سەپاندن. بە واتایەکی تر، ئۆتۆریتە، فۆرمی بەردەوامتر و دامەزراوتری هێزە، لە کاتێکدا هێز کاتی و ناسەقامگیرە و لەسەر بنەمای زۆر و دەسەڵاتە نەک ویستی خەڵک. هەر ئەوەش وا دەکا وڵامدەری کۆمەڵگای مودێرن نەبێ و فۆرمی هێز دەگۆڕێ بۆ ئۆتۆریتە.

ئەگەر لە چوارچێوەی دەزگای هزریی ڤیبەردا، خوێندنەوە بۆ هێز بکەین، پەیوەندییەکی زۆر نزیک لە نێوان راگەیاندن و ئۆتۆریتەدا بەدی دەکرێ. راگەیاندن دەبێتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئەو فۆرمەی هێز کە ڤیبەر ناوی ناوە ئۆتۆریتە. ناوبراو ئاماژە بە چەند مودێلی ئۆتۆریتە دەکا. ئۆتۆریتەی نەریتی، کاریزماتیک و عەقڵانی[٤]. لەم پەیوەندییەدا، راگەیاندن لە رێگەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مانا، کاریگەریی لەسەر رای گشتی و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی دادەنێ و بە نیشاندانی وێنەیەکی جوان لە سیاسییەکان، دەتوانێ ئۆتۆریتەی کاریزماتیک بەهێزتر بکا. یان بە خستنەڕووی تێگەیشتنێکی نوێ لە سیستەمی سیاسی و یاساییی وڵات، ئاستی رەواییی ئۆتۆریتەی عەقڵانی بەرینتر دەکاتەوە. هەروەها بە بەرهەمهێنانەوەی گێڕانەوە میژوویی و کولتووریەکان دەتوانێ ئۆتۆریتەی نەریتی بەهێزتر یان زیندوو بکاتەوە کەواتە راگەیاندن لە ناو دەزگای هزری ڤیبەردا، تەنیا ئامرازی گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو میکانیزمێکە بۆ رێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵات و رەوایی لە کۆمەڵگادا.

وێستگەی دووهەمی ئەم رەچەڵەکناسییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی هزری پۆست مودێرن؛ بەتایبەت لە بەرهەمەکانی میشێل فۆکۆدا. ومرچەرخانێکی بنەڕەتی لە پێناسە و شیکردنەوەی هێز ڕووی دا. فۆکۆ بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست و پێناسەکەی لە هێز، لە دوو چەمکی "هێزی دیسیپلین" [٩] و "ژینگەی سیاسەت" [١٠] کەڵک وەردەگرێ. بە رای فۆکۆ لە جیهانی مودێرندا هێز چیتر لە سەرەوە و لەلایەن دەوڵەتەوە ناسەپێنرێ، بەڵکوو لە رێگەی دامەزراوەکانی وەک قوتابخانە، بەندیخانە، نەخۆشخانە و سوپا، یەکەمجار جەستە و دواتریش هزر و بیری تاک دەستەمۆ دەکا. بە شێوەیەک کە تاک بێ ئەوەی پێویستی بە زۆر و ترس بێ، دەسەڵات لەناو خۆیدا بەدامەزراو دەکا [٥].

لە چوارچێوەی چەمکی "ژینگەی

سیاسەت"یشدا فۆکۆ ئاماژە بە ئاستێکی بەرفراوانتری هێز دەکا کە خۆی لە ڕێکخستنی ژیانی دانیشتووواندا دەبینێتەوە. واتە دەوڵەت لە ڕێگەی سیاسەتی تەندروستی، دانیشتووان و داتا، پلان دادەنێ بۆ ڕێژەی لەدایکبوون، ڕێژەی مردووان، تەندروستی و تەمەندرێژی [۶]. ئەم خوێندنەوەیە بۆ هێز زۆر جیاوازە لەو خوێندنەوە کلاسیکەی هێز کە لە چوارچێوەی توانای دەوڵەت یان دەسەڵات بۆ سەپاندنی زۆر و بڕیار پێناسەی دەکا. لە ڕوانگەی فۆکۆوە هێز تەنیا لە پێکهاتەی دەوڵەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو بریتییە لە تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوەکان و مەعریفە و لەڕێگەی چاودێری و زانستەوە دەسەپێ نەک زۆری ڕاستەوخۆ.

هەرچەندە فۆکۆ ڕاستەوخۆ تیۆرێکی لەبارەی ڕاگەیاندنەوە نەخستووەتە ڕوو، بەڵام ئەو خوێندنەوەی لەسەر هێز تیۆریزەی کردووە، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تویژینەوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن. لە خوێندنەوەی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی هزری فۆکۆدا، میدیا دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی دیسیپلین و گوتاری فوکۆ، چونکە بە بەرهەمهێنان و نواندنەوەی زانست، پێناسەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی ڕای گشتی، ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاکدا دەگێڕێ.

وێستگەی سێیەمی ئەم ڕەچەڵەکناسییە دەمانباتەوە سەر چاخی "هێزی نەرم" [۱۱] و "دیپلۆماسیی گشتی" [۱۲] کە جۆزێف نای لە پێشەنگە دیارەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی تیۆریزەی کردووە. لەم پارادایمەی نایدا، هێز لە "زۆر" [۱۳] موە دەگۆڕێ بۆ هەوڵی "ڕاکێشان" [۱۴] و "ڕازیکردن" [۱۵] ی ڕای گشتی لە ئاستی ناوخۆ و جیهانیدا. نای بۆ جیاکردنەوەی ئەم جیاوازییە لە دوو چەمکی "هێزی نەرم" و "هێزی ڕەق" کەڵک وەردەگرێ. هێزە ڕەقەکە پشت بە سوپا و فشاری ئابووری دەبەستێ، لە کاتێکدا هێزە نەرمەکە بایەخ بە کولتوور، بەها سیاسییەکان و ڕەواییی سیاسی دەدا [۷].

ئەگەر لە چوارچێوەی دەزگای هزری نایدا سەیری ڕاگەیاندن بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕاگەیاندن لە بەرهەمهێنان و پەرەدان بە هێزی نەرم ڕۆڵیکی گرنگی هەیە. چونکە ڕاگەیاندن بە گواستنەوەی کولتوور، خستنەڕووی بەهاکان و ڕێکخستنی ڕای گشتی لە ئاستی نێودەوڵەتی و وێناکردنی وێنەیەکی جوان دەبێتە هۆکاری هەڵکشانی ئاستی پێگەی وڵاتێک لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. کەواتە ڕاگەیاندن نەک هەر لە ئاستی ناوخۆ، بەڵکوو لە ئاستی جیهانییشدا دەتوانێ ببێ بە فاکتەرێکی گرنگی هێز بۆ وڵات یان هەر ڕەوتێکی سیاسی.

لێرەدا ڕاگەیاندن چیتر ئامرازێکی لاوەکی نییە، بەڵکوو ژینگەیەکە بۆ خوڵقاندنی بەهای سیاسی و نیشاندانی دیمەنە جوانە کولتوورییەکان. لەم حاڵەتەدا ڕەوتێکی سیاسیی سەرکەتووە کە بتوانێ گیرانەوەیەکی مرۆیانەتر و جوانتر لە بەرنامە و ویستە سیاسییەکانی خۆی بخاتەڕوو و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێ و ئاراستەی بکا. ئەو ڕەوت و لایەنە سیاسییانەی تەنیا بایەخ بە هێزی ڕەق دەدەن، لە جیهانی هاوچەرخدا بە تۆمەتی نارەوا زوو پاشەکشەیان پێ دەکرێ، مەگەر

ئەوەی بتوانن لەڕێی هێـــزی نەرمەوە پێگەی خۆیـــان لـــە ویژدانی نەنوســـتووی جیهاندا ســـەقامگیر بکەن.

دوا وێســـتگەی ئەم ڕەچەڵەکناســـییە لە سەدەی بیســـتوێەکەمدا هێز دەبەستێتەوە بە "تۆڕەکانی پەیوەندی" کە مانوێڵ کاســـتێڵز، کۆمەڵناســـی ئیســـپانی ناوی ناوە "هێزی نێت" [٨]. لە ڕوانگەی کاســـتێڵزەوە لە جیهانی دیجیتاڵـــدا هێزی سیاســـی لـــە دەرەوەی ڕاگەیاندنـــدا بوونی نییـــە و هەر بکەرێک کە بتوانێ قرتەکانی پەیوەندی بگرێتە دەســـت و ڕای گشـــتیی جەماوەر ئاراســـتە بکا، هێزی ڕەهای دەکەوێتە دەســـت[٩]. کاســـتێڵز لە کتێبی هێزی پەیوەندییەکان ئەوە دەخاتەڕوو کە لە کۆمەڵـــگای نێتدا هێـــز تارادەیەکی زۆر بەســـتراوەتەوە بـــە ئاســـتی کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی پەیوەندی و زانیـــاری[١٠]. بە ڕای ناوبـــراو هێز بریتییە لە توانـــای بنیاتنانی مانا لە زەینـــی خەڵکدا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە. هۆکارەکەشـــی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێگەیشـــتنی تاک لەســـەر سیاسەت، کۆمەڵگا و شوناس لە ژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی ســـەر هەڵدەدا. لەم چوارچێوەیەدا ڕاگەیاندن بەتایبەت ڕاگەیاندنی دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە گۆڕەپانی ســـەرەکیی ململانێ. بکەرە سیاســـییەکان، دەسەڵات و بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکان هـــەوڵ دەدەن لەڕێگەی ڕاگەیاندنـــەوە مانا، گێڕانەوە و وێنەی دیاریکراو و مەبەســـتدار لە واقعی کۆمەڵایەتی بخەنـــەڕوو. بۆیە کاســـتیلز پێـــی وایە لە جیهانـــی هاوچەرخدا ململانێی دەســـەڵات زیاتـــر لەســـەر کۆنترۆڵـــی ڕاگەیاندن و بەرهەمهینانـــی مانایـــە. بە گوێـــرەی ئەم خوێندنەوەیە ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی پەیوەندی دەبنە چەقی ڕێکخســـتن و ئاراستەکردنی ڕای گشـــتی و ڕەواییی سیاسی.

٢ ـ ڕاگەیاندن وەک سەرچاوەی هێز و ئاراستەکردنی ڕای گشتی

لـــە چوارچێوەی ئەو تیۆرانەی ســـەرەوەدا کە هـــەرکام لە گۆشـــەنیگایەکی جیاوازەوە هێزیـــان پێناســـە کـــردووە، دەگەینە ئەو ئەنجامـــە کـــە ڕاگەیاندن لـــە کۆمەڵگای هاوچەرخـــدا، تەنیـــا ئامرازێکـــی لاوەکی و دەزگایـــەک نییـــە بـــۆ گواســـتنەوەی هـــەواڵ و زانیـــاری، بەڵکوو گـــۆڕاوە بۆ ناوەنـــد و گۆڕەپانی ململانێی تێگەیشـــتنە جیاوازەکان.

مانوێـــڵ کاســـتێڵز لە شـــیکردنەوەی پێکهاتـــەی هێز لـــە چاخی نوێدا لەســـەر ئەوە پێداگری دەکا کە هێـــز لە "کۆمەڵگای نێت"دا، پشـــت بە پەیوەندییەکان و هێماکان دەبەســـتێ نەک بە دامەزراوەکانی دەسەڵات. بەپێـــی ئـــەم خوێندنەوەیە هـــەر بکەرێک کە بتوانێ پرۆســـەی کۆددانان و شـــکاندنی کۆدەکانی ئەم پەیوەنـــدی و هێمایانە بگرێتە دەســـت، دەتوانێ هەژمۆنی خۆی بەســـەر جەماوەردا بســـەپێنێ[١١]. ئـــەم فۆرمەی هێز لـــە ڕێگـــەی میکانیزمـــە ئاڵۆزەکانی وەک زەقکردنەوە پراکتیزە دەکـــرێ. ڕاگەیاندن لەم تێگەیشـــتنەدا بە بەردەنگەکەی ناسەپێنێ کە چۆن بیر بکاتەوە، بەڵام بە وردبینییەکی پلان بۆدارێژراوی پیشوەختە ئەوە زەق دەکاتەوە کە دەبـــێ بیر لە چی بکاتـــەوە و کام دیاردانە بە دەرفەت و کام دیاردانەش بە هەڕەشـــە بزانێ. لە ڕاســـتیدا ڕاگەیاندن بە خوڵقاندنی واقعێکی دەســـکرد، بازنەی کاری سیاسی سنووردار یان بەرفـــروان دەکا و ئەوەش وا دەکا ئەمڕۆکە هیچ کردەیەکی سیاســـی تا لە ڕاگەیاندندا ڕەنگ

نەداتەوە، زەق نابێتەوە و بایەخی سیاسییش پەیدا ناکا. خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لە نێوان بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ڕەوتی ڕاستگۆی شاپەرەستی لە ئێران ئەم کاریگەری و تێگەیشتنە زیاتر ڕوون دەکاتەوە

ئا) پەرینەوەی شاپەرەستەکانی ئێران لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی سیاسی

ڕەوتی ڕاستگۆی ئێرانی لە سەرەتای چالاکیی سیاسیی خۆی بە تێگەیشتن لە گرنگیی ڕاگەیاندن لە دەستەبەرکردنی هێز، ستراتیژیی خۆی لەسەر "داگیرکردنی فەزا" و سەپاندنی "هەژمۆنی ڕاگەیاندن" چڕ کردەوە. ئەم ڕەوتە بە وەبەرهێنان لە بواری ڕاگەیاندن بە هێنانەئارای تێکەڵێکی جوان لە بەها مودێرنەکانی لیبراڵ دیموکراسی، گەرانەوە بۆ ڕابردوو و شیکردنەوەی سیاسیی ئامانجدار، توانی پەیوەندییەکی "سۆزدارانە ـ مێژوویی" لەگەڵ نەوەیەک دروست بکا کە هیچ بیرەوەرییەکی لە سەردەمی شا نەبوو. ئەم ڕەوتە بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندن و تاکتیکی "نۆستالۆژیای ڕەنگدانەوە" وێنەیەکی جوان، بەڵام وەهمیی لە ڕابردوو خستە ڕوو بۆ ڕەخنەگرتن لە دۆخی ئیستای کۆمەڵگای ئێران و دروستکردنی ئاسۆیەکی نوێی سیاسی.

لە پاش ڕاپەڕینی ژینا (۱۴۰۱) و قوڵبوونەوەی خەباتی جەماوەری دژی دەسەڵات، ڕاگەیاندنی سەر بە ڕەوتی شاپەرەستی بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان و کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی چوارچێوەی ستراتیژیک توانی خۆی بە تاکە بەدیلی ڕێک خراو لە ڕای گشتیی ئێران و ڕۆژئاوا نیشان بدا[۱۲]. خاڵە گرنگەکە لە ڕەچەڵەکناسیی ئەم ڕەوتە ئەوەیە کە لە نێوان توانای ڕێکخستنی مەیدانی و گوتاری میدیاییدا خاوەن کەلێنێکی گەورەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوە، توانی زوو ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و وێنەیەک لە خۆی نیشان بدا کە زۆر بەهێزە و دەسەڵاتی یەکەمە. لە کاتێکدا لە مەیدانەدا زۆر لاواز بوو. سەرکەوتنی ڕەوتی شاپەرەستی لەم بوارەدا، ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێ کە ڕاگەیاندن چۆن دەتوانێ خەونی ڕەوتێکی سیاسی بکاتە ڕاستی و لە ماوەیەکی کەمدا خۆی بکاتە ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات.

ب) بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان؛ سەرمایەی کۆمەڵایەتی وزمانگیرانی میدیایی

لە بەرامبەر ئەم ستراتیژە ڕاگەیاندن تەوەرەی ڕەوتی ڕاستگۆی ئێرانی، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ڕاوەستاوە، کە سەرەڕای پاشخانێکی قوڵ و بەهێزی میژوویی ـ کۆمەڵایەتی و پشتئەستوور بە ڕێکخستنێکی پتەوی حیزبایەتی نەیتوانیوە ئەم توانا گەورەیە بگۆڕێ بۆ "گێڕانەوەیەکی هێژمۆنیکی جیهانی"[۱۶] و تووشی زمانگیرانی سیاسی بووە. ڕاگەیاندنی کوردی لە ژێر کاریگەریی خۆبەکەمزانی و بازنەی داخراوی حیزبایەتیدا نەیتوانیوە ئەو پاشخان و خەباتە ڕێکخراوە بکاتە وێنە و گێڕانەوە.

ڕووی دەمی گوتاری ئەم ڕاگەیاندنە تەنیا لە بەردەنگە حیزبییەکەی خۆیەتی و لە بەرامبەر گێڕانەوەی ڕەوتی شاپەرستیدا بە لاوازی دەرکەوتووە. ئەم بازنە داخراوە وای کردووە کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان

نەتوانێ زمانێکی هاوبەش لەگەڵ ڕای گشتیی ئێران و جیهاندا بدۆزێتەوە. لەسەر ڕای گشتیی کوردستانیش لەناوچەکانی کرماشان و ئیلام زۆر بە لاوازی دەرکەوتووە. ئەو بۆشاییە وای کردووە ڕاگەیاندنی ڕەوتی شاپەرەستی بە کەڵکوەرگرتن لە کوردی ئەو ناوچانە ڕەواییی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بخاتە ژێر پرسیارەوە. لە ئەنجامدا گێڕانەوە ڕکابەرەکانی کورد کە چەقی هەزر و کردەیان تۆخکردنەوەی ناوەندگەراییە، توانیویانە ئەو بۆشاییە سیاسییە بە تۆمەت و چەواشەکاری پڕ بکەنەوە.

لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە مەیدانەدا زۆر بەهێزە، لە شەڕی تێگەیشتندا بەهۆی نەبوونی ڕاگەیاندنی ستراتیژیک نەیتوانیوە ڕەوایی و پوختەیی سیاسی خۆی جێگیر بکا[١٣]. ئەم زمانگیرانە سیاسییە وای کردووە ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی لە کوردستان بەرهەم هاتووە لە دواجاردا بچێتە خزمەت بەرژەوەندیی ئەو ڕەوتانەی ڕاگەیاندنیان نە وەک ئامرازی هەواڵ و زانیاری، بەڵکوو بە خودی هێز پێناسە کردووە.

٣ . ڕای گشتی؛ سەرچاوەی سەرەکیی هێز و گۆڕەپانیی ململانێ

ڕای گشتی لە فەزای سیاسەتی مودێرندا چیتر دیاردەیەکی پاشکۆ و بەستراوە یا دژکردەوە بەرامبەر بە دەسەڵات نییە، بەڵکوو بۆخۆی دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی هێز. لە ڕاستیدا لە جیهانی هاوچەرخدا هیچ دەسەڵاتیکی سیاسی بێ ڕازیکردنی ڕای گشتی یان لانیکەم ئاراستەکردنی ڕای گشتی ناتوانێ لە مەیداندا دەسکەوت بۆخۆی مسۆگەر بکا. ڕای گشتی هێزێکی چەکداری نەبینراوە کە دەتوانێ بناغەکانی زلهێزترین ڕژێمە سیاسییەکان بڕووخێنێ یان لاوازترین ڕەوتە سیاسییەکان بگەیەنێتە دەسەڵات[١٤].

ئەم شیکردنەوەیە نیشانی دەدا کە هێزی ڕاستەقینە چیتر لە کۆگاکانی چەک یان ژمارەی هێزە چەکدارەکان پاشەکەوت ناکرێ، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە ئاستی کاریگەریی "گێڕانەوەی زاڵ" لەسەر مێشکی جەماوەردا. بۆ ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی لە گەمارۆی هەواڵ و سەرکوتی دەسەڵاتدان، ڕای گشتی تاکە دەروازەیە بۆ دەربازبوون لەم ناهاوسەنگییە. ئەگەر ڕەوتێکی سیاسی بتوانێ لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە کۆمەڵگا پەلکێش بکا بەرەو بەرنامە و ئامانجە سیاسییەکانی، تێچووی پەلامار و هێرشی سەربازی بۆ سەر دەسەڵات زیاتر دەکا و ئەوەش ڕێگا خۆش دەکا بۆ دانپێدانان و پشتگیری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

لە شیکردنەوەی نموونە جیهانییەکان لەسەر کاریگەریی ڕای گشتی، دەکرێ ئاماژە بکەین بە ڕۆڵی کاریگەریی ڕاگەیاندن لە بەهاری عەرەبی یان ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا. بۆ نموونە کاریگەریی کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەر لە وڵاتانی عەرەب و موسڵمان. گادی قۆلسقێڵد لە تیۆریی سیاسەت و ڕاگەیاندنا ئاماژە بەوە دەکا کە گرووپە لاوازە سیاسییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر گرووپە باڵادەستەکان ناچارن پەنا ببەنەبەر ستراتیژیی "گواستنەوەی پەیام بۆ ڕای گشتی" تا بتوانن سەرنجی ناوخۆ و جیهان بۆلای خۆیان ڕابکێشن[١٥]. ئەو بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی ئاماژە بە بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی

کاتالـــۆن و ســـکۆتلەندییەکان دەکا کە چۆن توانای خۆیان خســـتووەتە گەڕ بۆ پێکهێنانی تۆڕێکـــی فرەزمانی ڕاگەیانـــدن، بۆ گەیاندنی گیرانـــەوەی خۆیان بـــە گوێی جیهان.

ڕەوتی شاپەرەســـتەکانیش لـــە ئێران بە لاســـاییکردنەوە لەم ســـتراتیژییە جیهانییە و بە هەســـتکردنی بـــە گرنگیـــی پارادایمی "سیاســـەتی نواندنەوە" توانیویەتی لەڕێگەی بەرهەمهێنانی پیشـــەیی، ڕای گشتیی ئێران ئاراســـتە بکا و خـــۆی وەک جەمســـەری ســـەرەکیی ئۆپۆزیســـیۆنی ئێرانی بناسێنێ. لـــە کاتێکدا کە بزووتنەوەی کوردســـتان بەو پاشـــخانە دەوڵەمەندە سیاســـی و میژوویییە، نەیتوانیوە ئەم ســـەرکەوتنە مەیدانییە بکاتە بااڵدەستیی ســـتراتیژیی سیاسی لە ئاستی ناوخـــۆ و جیهانیدا.

شـــەڕی ڕای گشـــتی بۆ کوردســـتان گۆڕەپانێکـــی ناهاوســـەنگە کـــە ڕەوتـــی ڕاســـتئاژۆی ئێرانـــی لە تاراوگـــە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنـــەوە هەوڵی ناشـــیرینکردنی دەدا و خەریکە دەیگوازێتەوە بـــۆ ناوخۆی وڵاتیش. لێرەدایە کە پێویستە ڕاگەیاندن ئەرکی گرنگی "دیپلۆماسیی گشتی" وەئەستۆ بگرێ و پێش بە ناشیرینکردن و چەواشـــەکردنی خۆی لە ڕای گشتی ئێراندا بگرێ. وەک عەلی ئەلموسەوی ئامـــاژەی پێ دەکا هزر لـــە چاخی دیجیتاڵدا بریتییـــە لە توانای پێناســـەکردنی دۆخ. هەر ڕەوتێـــک کە بتوانـــێ دۆخـــی هەنووکە بۆ جەماوەر شـــی بکاتەوە و کاریگەری لەســـەر ڕای گشـــتی دابنێ، ئیـــرادەی خەڵک دەخاتە خزمەت بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیەوە [۱۶].

بزووتنەوەی سیاســـیی کوردستان دەبێ ڕاگەیاندن لەناو بازنەی تەســـکی حیزبایەتی ڕزگار بـــکا و بە فـــۆرم و گوتارێکـــی نوێوە بەرەوپیری گۆڕانکارییە سیاســـییەکان بچێ. ئامانجی کاری ڕاگەیاندن دەبێ کاریگەریدانان بێ لەســـەر ڕای گشـــتی و گواستنەوەی ئەو توانا مەیدانییە بۆ ســـتۆدیۆ لەڕێگەی وێنە و گێڕانەوە. هەنگاوێکی گرنگی دیکە پەرینەوەیە بۆ میدیایەکی نیشـــتیمانی کـــە بتوانێ ئەو پاشـــخانە قوواڵە میژوویی و سیاســـییە بکاتە ئازارێکـــی جەمـــاوەری لە ئاســـتی ناوخۆدا. گۆڕینـــی هێـــزی مەیـــدان و قارەمانەتیی پێشـــەرگانە بۆ هێزی سیاسیی دیپلۆماتیک، پیویستی بە ڕاکێشانی ســـەرنجی بەردەنگی ســـەربەخۆی کورد، ئێرانـــی و جیهانییە کە تەنیا لەڕێگـــەی ڕاگەیاندنێکی پیشـــەیی، فرەدەنگ و فرەزمانـــەوە دێتە دی[۱۷].

ئەرکی ڕاگەیاندن لە ئاراســـتەکردنی ڕای گشـــتیدا کاتێک دەگاتە لوتکـــە کە لەوە تێ بگەین لـــە جیهانی پاش ـــ حەقیقەت ئەو واقعەی لە ڕاگەیاندندا دروســـت دەکرێ، زۆر بەهێزتر و کاریگەرتـــرە لەو واقعەی لە مەیدان لە ئارادایە. کاســـتێڵز بە جوانی ئـــەوە ڕوون دەکاتەوە کە "لـــە دەرەوەی بازنەی ڕاگەیاندن، شـــتێک بە ناوی هێز بوونـــی نییە" چونکە هـــەر کردەیەک کـــە لە ڕاگەیانـــدن ڕەنگ نەداتـــەوە، بە کـــردەوە لە مێـــژوودا تۆمار ناکـــرێ[۱۸]. بۆیـــە پێویســـتە بزووتنەوەی کوردســـتان بۆ دەرچوون لەو بازنە داخراوە و بوون بە جەمســـەرێکی هێژمۆنیک، ڕاگەیاندن بکاتە بناغەی ســـەرەکیی هێـــز و کارگەی "بەرهەمهێنانی ڕەوایی". بـــێ وەبەرهێنان لە بـــواری گێڕانەوەی بان حیزبی و بەشـــداریی چـــاالک لـــە شـــەڕی تێگەیشـــتنەکان، تەنانەت گەورەتریـــن ڕاپەڕینە مەیدانییەکان دەکەونـــە بەر نەشـــتەری چەواشـــەکاری، دەستبەســـەرداگرتن یان لەبیرکردن. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ بە تێگەیشتن

لـــەم واقیعە کـــە ڕای گشـــتی لەڕێگەی ڕێکخســـتنی ڕاگەیاندنەوە کۆنتـــرۆل و ڕێک دەخـــرێ، کەڵک لە ئەزموونـــە جیهانییەکان وەربگرن. بـــە پەرینـــەوە لـــە زمانگیرانی میدیایـــی، هاوســـەنگی هێز لە بەســـتێنی سیاســـیی ئێران و جیهاندا لـــە بەرژەوەندیی ئامانجەکانیـــان بقۆزێتەوە کـــە زۆر نزیکن لە بەهـــا لیبرالەکان و لە پیاوە شـــەڕکەرەکانەوە بیگوازنەوە بۆ هاوکێشـــەیەکی سیاســـی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی مرۆیانە، دیموکراتیک و دادپەروەرانە. بۆ قۆناغی ئێســـتای بزووتنەوەی سیاســـیی کوردســـتان داگیرکردنی "فەزا" هێندەی گەڕاندنەوەی "خـــاک"ی داگیرکراو گرنگە. لـــەم قۆناغ و ســـەردەمەدا، ڕاگەیاندن تەنیـــا ئامرازێکی لاوەکی یان پاشـــکۆیەکی کولتـــووری نییە، بەڵکوو خـــودی هێزە.

پەراوێزەکان:

1- Reality
2- Representation
3- Hard Power
4- Soft and Symbolic Power
5- Hegemonic Power
6- The Post – Truth World
7- Power
8- Authority
9- Disciplinary Power
10- Biopolitics
11- Soft Power
12- Public Diplomacy
13- Coercion
14- Inducement/ Payment
15- Attraction/ Persuasion
16- Hegemonic Global Narrative

سەرچاوەکان

1. وبر، ماکـــس، الاقتصاد و المجتمـــع، ترجمه فؤاد زکریا، المنظمه العربیة للترجمـــه، بیروت (لبنان)، 2015، ص: 81.
2. البـــدری، عبدالکریـــم، علم الاجتماع السیاســـی، دارالمعرفه الجامعیـــة، القاهـــره، 2014، ص: 69
3. الحورانی، محمـــد عبدالکریم، النظریة المعصرهة فی علمالاجتماع، دارالمجدلاوی للنشـــر و التوزیع، عمان، 2010، ص: 211.
4. غیث،محمد عاطـــف، علمالاجتماع السیاســـی، دارالمعرفة الجتمعیة، الاســـکندریة (مصر)، 2007، ص: 145.
5. Foucault, Michel, Discipline and Punish: The Birth of the Prison, New York: Vintage Books, 1995, p: 135 - 194
6. Foucault, Michel, The History of Sexuality, Volume1: An Introduction, New York, Vintage Books, 1990, p : 135 – 159.
7. Nye, Joseph S. Jr, Soft Power: The Means to Success in World Politics, New York, Publish Affairs, 2004, p : 1 – 11.
8. Castells, Manuel, The Rise of the Network Society, 2nd ed., Oxford: Blackwell Publishing , 2010, p : 469.
9. کاســـتلز، مانوئل، عصر الملومـــات: الاقتصاد و المجتمع و الثقافة، المجلد الاول: نشـــأة مجتمع الشـــبکات، ترجمة فایز الصیاغ، المنظمة العربیة للترجمة (بیـــروت)، 2005: ص : 480.
10. Castells, Manuel, Communication Power, Oxford University Press, 2009, p : 3 – 12.
11. کاستلز،مانوئل،پێشوو.
12. بشاش، هیوا، نقش رسـانه‌های نوین در بازنمایی خیزش ژینـــا، فصلنامه مطالعات سیاســـی ایران، دوره 5، شـــماره 3، 1402، صص : 45 ــ 60.
13. عمر، فریاد، الحرکة الکردیة فـــی ایران و تحدیات الاعلامـــی بعـــد عـــام 2022، مجلة الدراســـات السیاســـیة، مرکز الدراسات الاســـتراتیجیه، اربیل،

2018 ص : 16.


14. حمادة، جواد، الّاعلام و السياســـة: هندســـة الرأى العام، الدار للعلوم ناشـــرون، بيروت، 2018.

15. Wolsfeld, Gadi, Making Sense of Media and Politics, New York, Routledge, 2007, p : 55 – 70.

16. الموســـوى، على، سلطة الّاعلام فى العصر الرقمى، دارالفجر للنشر و التوزيع، 2020، صص : 102 ــ108.

17. عمر، فرياد، پێشوو.

18. Castells, Manuel, Communication Power, Oxford University Press, Oxford, 2009, p : 3.



“تویژینەوە”

ئۆپۆزیسیۆن و بنبەستی ئینقلاب لە ئێراندا

نووسەر: ڕزگار ئەمین نژاد

پوختە

ئەم وتارە هەوڵ دەدات هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی ئۆپۆزیسیۆن، کاتالیزۆرەکان و مەرجە پێکهاتەییەکانی ئینقلاب لە ئێراندا بکات و ئەم پرسیارە بێنێتە ئاراوە کە بۆچی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەو ئاستەدا نییە کە وەک ئەڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دەرکەوێت؟ لەم وتارەدا «فەزا» و «جوگرافیای ڕاپەڕین» وەک مەرجە پێکهاتەییەکانی ئینقلاب بە بنەما دەگیرێت و هەوڵی وتارەکە ئەوەیە کە سەرەتا لەدوای پێگەی عەینی و باندۆری هزریی ئۆپۆزیسیۆن لەم بەستێنە پێکهاتەییەدا بگەڕێت. لەبابەت نرخاندنی کاتالیزۆرەکانی ئینقلاب، وتارەکە دوو هۆکاری بنەڕەتی بە بنەما دەگرێت کە بریتین لە: «هێزی کۆنتڕۆڵ و بڵانس» کە لەم وتارەدا وەک «مەیدان» شیکاریی بۆ دەکرێت و هەروەها «پۆتەنسیەڵی گۆڕان». پۆتەنسیەڵەکان ئەو دەرفەت و ئیمکاناتانەن کە یارمەتی بە ئۆپۆزیسیۆن دەدەن تاوەکوو پەرە بە فەزاکانی خۆنواندنەوە بدات کە لەم وتارەدا «ویژمانسازی»، «هیوای گۆڕان» و بەتایبەت «کات» وەک دەرفەتێکی پێکهاتەیی، لەبەرچاو دەگیرێت. ئامانجی وتارەکە ئەوەیە کە بیسەلمێنێت ڕێژیم ئەو ئیمکان و دەرفەتانەی لە دژبەرانی خۆی داگیر کردووە کە شانسی گۆڕانی بنچینەیی دەباتە سەر. دۆخی ئاوارتە (استثنایی) دوابەشی وتارەکەیە کە ئاماژە بە دیاردەیەکی هایپەر-پێکهاتەیی دەکات کە باڵی بەسەر هۆکارە بنەماییەکانی گۆڕاندا گرتووە. ڕێژیم لەم سۆنگەیەوە توانیویەتی هاوبەندیی نێوان حکوومەت و ئەو پێکهاتانە پتەو بکات کە مانەوەی دەسەڵاتی بۆ مسۆگەر دەکەن. ئەم دیاردەیە وێڕای بەرهەمهێنانی «سەرمایەداری سیاسی»، کۆمەڵگەشی لە بۆشاییەکی سیاسیدا چەقاندووە کە بە «سڕبوونی مەدەنی» شرۆڤە دەکرێت و «کوردیناسیۆنی وێرانی» میکانیزمەکەیەتی.

پێشەکی

یەک لە پرسیارە بەرچاوەکان لە ڕۆژانی دوای «شەڕی ١٢ ڕۆژانە» ئەمە بوو کە بۆچی هێرشە جەرگبڕەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نەبووە هۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی؟ ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لە دەزگا میدیاییەکانی ئیسرائیل و بەتایبەت لە زمانی نەتانیاهووشەوە، ڕاشکاوانە ڕادەگەیاندرا کە ئەم شەڕە گەلانی ئێران ناگرێتەوە و داوایان لە خەڵک کرد؛ ئێستا کە ماشینی سەرکوتی ڕێژیم لەوپەڕی لاوازی و سەرلێشێواوی‌دایە، لەدژی ڕێژیم ڕاپەڕن. باڵی پاشاییخوازیش وێڕای پشتگری کردنی هێرشەکانی ئیسرائیل، نەوەی کوورشی مەزنیان بۆ ڕاپەڕین هان دا و ئەویش وەک نەتانیاهوو باوەڕی وابوو کە «چارەنووس و کولتووری» ئێرانییەکان جیاوازە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. ئێمە دەتوانین لە ڕەهەندی ئاژیتاسیۆنی ئەم قسانە تێبگەین، بەڵام ئەم پرسیارەش گرنگە: «بۆ دەبێ چارەنووس و کولتوری ئێرانییەکان جیاواز بێت لەگەڵ کولتور و چارەنووسی دەسەڵاتدارەکانی؟». بۆ نموونە دەکرێت بڵێین چارەنووس و کولتوری کورد، بەلووچ و نەتەوەکانی دیکە جیاوازە لەگەڵ ئێرانییەکان، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران خۆ لە ئاسمانەوە دانەبەزیون، بە کودیتا یا بەهۆی هێرشی سەربازییەوە دەسەڵاتیان نەگرتووەتە دەست. ئەم ڕێژیمە بەرهەمی ئینقلابە و سەرەڕای بایکۆتی بەشێک لە حیزبەکان، لە ڕیفراندۆمی ساڵی ١٣٥٨ دا دەنگی زۆرینەی هێناوەتەوە، لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا بە سەدان هەزار کەس بەهۆی دروشمی «ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێت» بوون بە قوربانیی سیاستەتە جیهادییەکانی ڕێژیم و تەنانەت لە دواییین هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و بەدوای ئەو هەمووە خوێنانەی لە شۆڕشی ژینادا ڕژان، توانی زیاتر لە سەداپەنجای دەنگدەران ڕەوانەی سندووقەکانی دەنگدان بکات.

لەمەڕ هاوپێوەندیی دەسەڵات و گەل، «ئەفلاتوون» لە سەردەمی ئانتیکەوە ئاماژەی بەوە داوە کە حکوومەتەکان نە بەری داربەڕوون و نە لە شاخ بەربوونەتەوە، بەڵکوو بەرهەمی هەست و نەست و ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگایەن کە دەوڵەت حوکمیان لەسەر دەکات (Platon, 2001, 544d). «ئیبنی خەلدوون»یش لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردە و لە کتێبی «المقدمه»، ئاماژەی بەوە داوە کە دەوڵەتەکان بەرهەمی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەن کە «عەسەبیەت»یکی بەهێزیان هەیە، هەروەها ڕووخانی حکوومەتەکانیش بەهۆی لاوازبوونی وەها عەسەبیەتێک دێتە دی و لە ئەنجامدا پێکهاتەیەکی دیکە و بە عەسەبیەتێکی بەهێزتر جێگای دەگرێتەوە (ابن خلدون، ١٣٩۴). هەڵبەت لە شڕۆڤەکاندا دەکرێت عەسەبیەت بە کۆدەنگی و تەباییی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لێک بدرێتەوە کە لە سەردەمی ئیبنی خەلدوونداا بە «قەوم» ناوزەد کراون. کارڵ مارکسیش هەرچەند لە ڕوانگەیەکی ئابووری و بەپێی تایبەتمەندییە چینایەتییەکان لە دەوڵەت دەڕوانێت، بەڵام وەها هاوپێوەندییەک لەنێوان دەوڵەت و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەسەلمێنێت و لە مانیفیستی کۆمۆنیزمدا دەوڵەت وەک بەرهەمی چینی باندەست پێناسە دەکات (Marx, 2016). لە سەردەمی هاوچەرخیش، توێژینەوەکان لەمەڕ سەلماندنی هاوچارەنووسی و هاوکولتوریی لەنێوان حکوومەت و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان هێندە کەم نین کە لەم وتارەدا ئاماژە بە یەکبەیەکیان بدەین.

ئەوەی ڕوونــــە، تارانییــــەکان و خەڵکی مەزنشارەکانی ئێران نەیانویست جیاوازبوونی کولتور و چارەنووســـی خۆیان لـــەو ڕۆژانەدا بخەنە ڕوو، بانگەوازەکەی پەهلەویشـــیان بە هەند نەگرت و پشتیشـــیان بـــە ترامپ و نەتانیاهـــوو گـــەرم نەکرد. حـــەوت مانگ بـــەدوای ئـــەو هێرشـــانەدا و دوابـــەدوای نارەزایەتیدەربڕینی مۆبایلفرۆشەکانی «پاساژی عەلائەدیـــن» بەهـــۆی نرخـــی ناجێگیری دۆلار، خەڵکی تاران و مەزنشـــارەکانی ئێران ڕژانە شـــەقام، هاواری پەهلەوییـــان کرد و داواشـــیان لە ترامـــپ کرد کـــە هێرش بکاتە ســـەر ئێـــران! ئەم ڕاپەڕینـــە کە ناوی «ئینقلابی میللی»یان بـــە گوێیدا خوێند و وەک «سیاسەتی بادانەوە» (Backlash politics) تێبینـــی کرا، توانـــی فـــەزا و جوگرافیای ڕاپەڕین بـــە قازانجی باڵی پاشـــاخوازەکان بگۆڕێـــت. کەوایە لەم بڕگەیـــەوە کاتێ باس لە ئۆپۆزیســـیۆن دەکەین، دەبـــێ ئاماژە بە باڵۆکی پاشـــاخوازی و باڵۆکی کۆماریخوازەکان بکەیـــن. هۆکارەکەش ئەوەیە کـــە لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی بەفرانبـــاری ١۴٠۴ و بەهـــۆی بانگەوازەکـــەی پەهلـــەوی، نـــەک ڕێژەی بەشـــداربوانی ڕاپەڕینکە ڕوو لـــە زیادبوون دەکات، بەڵکوو ســـیمبول و دروشمەکانیش ئینتیمای گەرانـــەوە بۆ نۆســـتالۆژیایەکی بونیاتنەوەرانەیـــان پێـــوە دیار بـــوو. خاڵی جێی ســـەرنجی ئەم وتارە، لەم پرســـیارەدا چڕ دەبێتـــەوە کە بـــەدوای بزووتنەوەیەکی پڕۆگرێســـیڤی وەک «ژن، ژیـــان، ئازادی» کە تۆژەرانـــی ئێرانـــی تایبەتمەندییەکی پۆســـت-مۆدێرنیان پێدەدا و وەک ئینقلابی ئەنتەرسێکشـــێنالیی، پێناســـەیان دەکرد، بۆچی لە نەکاو ناســـیۆنالیزمێکی ڕیترۆتۆپیک جێگای دەگرێتەوە تاوەکـــوو کۆمەڵگە بەرەو ژیاندنەوەی ڕێژیمێکی سیاســـی بانگ بکات کە ئەندازیـــاری بەدامەزراوەیی کردنی بێدادی و نایەکســـانی بوو لە ئێران؟ بۆ تێگەیشتن لەم پارادۆکســـە سیاســـی و کولتوورییە، ناچارین پێداچوونەوەیـــەک لەمەڕ ڕۆڵـــی مێژوویی بلۆکـــی کۆماریخواز و هەروەها بەســـتێنی ســـایکۆ-کۆمەڵایەتیی ئێران بکەین.

مەرجە پێکهاتەییەکانی ئینقلاب

گەرچـــی کاتالیـــزۆرەکان وەک پاڵنـــەری ئینـــقلاب تێبینی کـــراون، بـــەڵام مەرجە پێکهاتەییەکان (Structural conditions) کە لـــەم وتـــارەدا دوو فاکتـــۆری «فەزا» و «جوگرافیـــای ڕاپەڕین» بە بنەمـــا گیراون، دەرکەوتەی چالاکییە عەینی و زەینییەکانی هێـــزی ئینقلاب لـــە لایـــەک و هەروەها ســـتراتیژیی بەرگرییانـــەی دژە-ئینقلابیش دەخاتە ڕوو (Skocpol, 1979)، هۆکارەکەش ئەوەیە کـــە مەرجە پێکهاتەییـــەکان وەک مەیـــدان وایە کە چارەنووســـی شکســـت و ســـەرکەوتنی ئینـــقلاب دیاریـــی دەکات. کەوایـــە ســـەرکەوتنی ئینـــقلاب کاتێ مســـۆگەر دەبێت کە فەزا وەک چۆنایەتی و جوگرافیاش وەک چەندایەتی، لەو ئاســـتەدا بێت کـــە حکوومەت تووشـــی ئیفلیجیی سیســـتەماتیک (Systemic Paralysis) بـــکات. لەم بەشـــەدا هەوڵ دەدەم شـــی بکەمـــەوە کە داگیرکردنی فـــەزا و پەرەدان بـــە جوگرافیای ڕاپەڕین تـــا چەند دەتوانن ڕێژیمە سیاســـییەکان تووشـــی شکەست بکەن و کۆنترۆڵکردنی فـــەزا و جوگرافیای ڕاپەڕینیش لـــە لایەن ڕێژیمـــەوە تاچەند دەتوانن هێـــزی ئینقلاب بێهیـــوا بکەن.

مەلمەلانێی فەزاکان

لـــە کۆتاییەکانی ســـەدەی بیســـتەمەوە چەمکی فـــەزا (Space) وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی هاتـــە نێو ڕوانگە ڕەخنەییەکانی مارکســـیزمی نـــوێ و دواتر، مـــەودای لە بۆچوونە ستروکتورالیســـتییەکانیش گرت کـــە فەزایـــان وەک بواریکـــی زەینی و

مێتافیزیکیی شـــرۆڤە دەکـــرد کە هێنری لوفێڤـــر (Henri Lefebvre) ئـــەم روانگە ستروکتورالیستییەی وەک «فیتیشیزەکردنی فەزا» نرخاندبوو (لوفـــور: ۱۳۹۵، ل. ۱۲۲-۱۲۳). لـــەم پارادایمەدا تیۆریـــی فەزا، لە تێگەیشـــتنێکی تاکرەهەند و ئینتزاعییەوە بـــەرەو بەســـتێنێکی دیالێکتیکـــی و فرەڕەهەنـــد دەگۆڕدرێت و لەئاکامدا پرســـی هـــەڵاوارد و نایەکســـانی لـــە کۆمەڵگە مۆدێرنەکانـــدا بەرچاوتـــر و هاوکێشـــەی پێکهاتەکانیـــش ڕاســـتەقینەتر خرانەڕوو. بانـــدۆری فەزا لەم پارادیمەدا بەهۆی ســـێ ڕەهەندی دیالێکتیکیـــی (Spatial trriad) لە کـــۆمـــەڵگەدا دەردەکەوێـــت: یەک لە ڕەهەندەکان ئەو بەســـتێنە پراکتیکییەیە کە ژین-ئەزموون و پێوەندیـــیە مرۆییـــەکـــانمان دەنوێنێتـــەوە (Spatial Practice). ژین-ئەزموون وەک بـــەرهـــەمـــی ســـیاســـەتـــە کۆمەڵایـــەتیـــیەکان نرخاوە کە بـــەهۆی نـــوانـــدنـــەوەکـــانـــی فـــەزا (Representations of Space) دەخـــرێـــتەڕوو کە ڕەهەنـــدێکی ئینـــتـــزاعیـــیە لەپێنـــاو هەژمۆنکردنی گوتـــاری بااڵدەســـت و مەنتقی بـــازاڕ. ملنەدان و هەڵوێســـتگرتن لەمەڕ مەرجەکانی فەزای ئینتزاعـــی، فەزاکانـــی خۆنواندنەوەی (Representational Spaces) لـــێ دەکەوێتەوە کە بەشـــێوەیەکی سیمبولیک نوێنەرایەتیی هەســـتی نەتەوەیی، ناسنامەی پێکهاتەیـــی، ژینگـــەی ڕاســـتەقینە، کۆ-بیرەوەریـــیـــە جیاوازەکان و بەگشـــتی ژین-ئەزموونی کەمینـــە پەراوێزخراوەکان و پێکهاتە بندەســـتەکان دەکات، تاوەکوو بەرگریی لە ســـنووورەکانی کەرامەت و ناسنامەی خۆیان بکەن. فـــەزای پراکتیکی یا بـــە واتایەکی دی، ژین-ئەزموونی ئێمـــە، لەژێر باندۆری شـــەڕێکی ئینتیزاعـــی و مەیدانیدایـــە لەنێـــوان نواندنەوەکانی فـــەزا و فەزاکانی خۆنواندنـــەوەدا. لایەکی ئەم شـــەڕە هەوڵ دەدات فەزای جیاوازبوون بەرهەم بهێنێتەوە، فرەچەشـــنبوونی کۆمەڵگا بسەلمێنێت و لە دژی چەوساندنەوە و بـــێـــدادی دەوێستێتەوە (Differential space)، لایەکـــەی دیکەش فەزایەکی ئینتیزاعی و فووتێکراوە (Abstract space) کـــە هەوڵ دەدات بااڵدەســـتبوونی خۆی بســـەلمێنێت و کۆنترۆڵـــی فەزاکانی دیکە بکات (لوفـــور ۱۳۹۵).

هەرچەنـــد ڕەهەنـــدی ئابـــووری و هاوپێوەندییەکانـــی کاپیتاڵیزم لەم بۆچوونەدا بەرچاوتـــرن، بـــەاڵم فـــەزا لـــە ڕوانگەی لووفێڤردا مەیدانێکی گشترگیرتر دەگرێتەوە و ڕێگا بۆ تێگەیشـــتنی ئێمە لەمەڕ پرۆسەی چەســـپاندنی دەســـەاڵت و ســـەلماندنی هەژمـــۆن خـــۆش دەکات. لـــووفێڤر لەم پێوەنـــدییەدا تـــێـــرمی «خو-نامۆبوونی» مارکس لە چوارچێوە ماتریالیســـتییەکەی دەپاڵێوێت و لـــە پێوەندییەکی کولتوری-ســـیمبولیکدا دەیگونجێنێـــت کە من لەم وتـــارەدا وەک «فـــەزای بێبەریکـــەر» شـــرۆڤەی دەکەم. کارکردی فـــەزای بێبەریکەر، ســـڕینەوەی ســـووژەیە لە پێوەندییە دیالیکتیکییەکانی فەزادا و بەپێـــی مەنتقێکـــی تەرخانکراو، هاوکێشـــە بنەڕەتییەکان وەهـــا فۆرمالیزە و جومگـــەبـــەنـــدیی (Articulation) دەکات تاوەکـــوو لە کۆمەڵگـــەدا وەک دیاردەیەکی پێکتەبا دەرکەون. بانـــدۆری وەها فەزایەکی فووتێکـــراو لەوەدایـــە کە ســـووژە بەهۆی نواندنەوەکانـــی فەزای ئینتیزاعیی، هەســـت بە نامۆبـــوون بـــکات و وەک پێکهاتەیەکی نەگونجاو، خۆی قایيل بە پەراوێزنشـــینی و ژیانـــی نێو گۆتۆکان بێـــت (ibid: 345). بۆ نمونـــە پلاندانان و نۆژەنکردنـــەوەی فەزای شـــارە مۆدێرنەکان وەها ئایدیالۆژیزە کراوە کـــە هـــەر پێکهاتەیەک لەگـــەڵ مەنتقی وەبەرنانـــی کاپیتالیســـتی ناتەبـــا بێت، بـــەرەو پەراوێز پاڵ دەنرێـــت (ibid: 279).

ڕەتاندنی جەستە جیاوازەکان و پێکهاتە ناتەباکان بەرەو جوگرافیای نەدیووون، نرخی «شار» وەها بەرز دەکاتەوە کە وەک ناوەندی بڕیاردان، هەڵچنینی سەرمایە و پاوانکردنی زانیاری ڕەچاو بکرێت. هەڵبەت ئەم ئامانجەش نایەتە دی ئەگەر چینی مامناوەندی و توێژی ئێلیت نەچنە نێو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ پێکهاتەی باڵادەستدا. کەوایە فەزای ئینتزاعی بەپێی مەنتقێکی وێژمانی و هاوپەیمانیەتی لەنێوان پێکهاتەی باندەست، ئێلیتی ڕانتخواز و چینی مامناوەندیدا جێبەجێ دەکرێت تاوەکوو دیاردە ناتەباکان وەها پۆلێنبەندیی بکەن کە سیاستی هەڵاواردن لە کۆمەڵگەدا مەشروع بنوێنێتەوە و هەروەها هەڵمەتی بێبەریکردن و سڕینەوەی پێکهاتە ناتەبا و جیاوازەکان لای خەڵک وەک پڕۆسێسێکی سروشتی و مەنتقی فام بکرێت (ibid: 449).

ئەگەر بۆچوونی لووفێڤر لەمەڕ فەزای بێبەریکەر، بەرهەمی مەنتقی کاپیتالیستی بێت، پۆستکۆلۆنیالییەکان فەزای بێبەریکەر و ڕەتاندنی پێکهاتە ناتەباکان بەرەو پەراوێز، وەک بەرهەمی کۆلۆنیالیزم دەسەلمێنن کە بەپێی وێژمانێکی ئۆریانتالیستییانە جێبەجێ دەکرێت. ئۆریانتالیزم دیسیپلینێکی سیستماتیکە لە خزمەت کۆلۆنیالیزمدا کە بەهۆی نواندنەوەی کولتوریی(هێزی نەرم)، سەرکوت (هێزی ڕەق) و زانستی سەبجەکتیڤانە (دەسەڵات)، نکۆڵی لە کەرامەتی عەینی و مەعریفەی بندەستان دەکات بەڵکوو لە ڕێگای ڕووخاندن و سووک کردنی سووژەی بندەست، ڕەوایی بە باڵادەستبوونی کولتوری، زمانی و سیاسیی خۆی بدات (سەعید، ۱۳۸۲). بۆ نموونە گایاتری سپیڤاک کپکردنی دەنگی بندەستان لە فەزای کۆلۆنیالیدا بەهۆی کۆلۆنی کردنی مەعریفە و کوشتنی زمانی پێکهاتە ئیتنیکییەکان دەسەلمێنێت (اسپیوک، ۱۳۹۷: ۴۵-۷۲) و فرانتس فانۆنیش فەزا وەک مەیدانی نواندنەوەی کولتور و مەعریفەی کلۆنیکەر شڕۆڤە دەکات کە وەک دایکێکی دڵسۆز باڵ بەسەر کۆرپە کلۆنیکراوەکانیدا دەگرێت و بە مشوورەوە پارێزگاریان لێ دەکات کە نەکا ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێنەوە بۆ غەریزە نامەدەنییەکانیان! بێگومان وەها نواندنەوەیەک بەهۆی هەڵاوردنی جوگرافیایی، کلۆنیکردنی سایکۆلۆژی و مەنتاڵیەتی بندەستان جێبەجێ دەکرێت تاوەکوو «ئێگۆ»ی کۆلۆنیکراو وەها دەستەمۆ بکات کە نامۆ بێت لەگەڵ فیزیۆلۆژییەکەی، بایۆلۆژییەکەی و تەنانەت لەگەڵ ناخی ناقاییلی تاکی کۆلۆنیکراودا (Fanon,2002:171-194).

بەگشتی، خاڵی هاوبەش لەم بۆچوونانەدا ئەوەیە کە فەزا هەر بۆشاییەکی فیزیکی یا بواریکی زەینی و مێتافیزیکیی نییە، بەڵکوو بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و هیچ گۆڕانێکی عەینی لە کۆمەڵگەدا نایەتە دی ئەگەر فەزاکان لە پێشدا نەگۆڕدرابن (لوفور ۱۳۹۵). لەبابەت سیاست و لەمەڕ دیسیپلینی سیمبولە کۆمەڵایەتییەکانیش، فەزا بە هەند گیراوە و بەتایبەت لە پێوەندیی بە دەنگی جیاوازدا، ژاک ڕانسیەر، داگیرکردنی فەزا لەلایەن «دەنگە کپکراوەکان» وەک کردەوەی سیاسی دەخەمڵێنێت (Ranciere, 2010: 48) و لە بۆچوونە ئاگۆنیستیکییەکەی شانتاڵ مۆوفیشدا، فەزا گشتییەکان وەک مەیدانی دوژمنایەتیی ڕەوا و خەباتێکی شەرافەتمەندانە لەنێوان بۆچوونی جیاواز و هێڵە هاودژەکاندا تێبینی کراوە و لەم پێوەندییەدا شەڕی فەزاکان وەک پێشمەرجی دێمۆکراسییەکی

ڕاستەقینە و زیندوو دەسەلمێنێت (Mouffe, 2013: 125). بە سەرنجدان بە بۆچوونەکانی ڕانسیەر و هەروەها مۆوف، بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەت و دیاردەی فرەحیزبی هەر پێوەندیی بە نۆرمێکی سیاسییەوە نییە بەڵکوو ئۆپۆزیسیۆن دەبێ دەسەڵاتی داگیرکردنی فەزا وەک ئیمکانێک بۆ نواندنەوەی بەرخۆدان و جیاوازبوونی هەبێت. کەوایە داگیرکردنی فەزا - جا لە ڕێگای بەرگریی ڕۆژانەوە بێت، یا لە ڕێگای دژە-وێژمانی و خەباتی ڕزگاریدەرەوە بێت- کردەوەیەکی سیاسییە و باندۆری ئۆپۆزیسیۆنیش لە فەزاکانی خۆنواندنەوەدا لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت. لە ململانێی فەزادا دەبێ ڕۆڵی ڕێکخستنی حیزبی دیار بێت، داوا سیاسی و سێنفییەکان مانیفیستێرە بکات، کۆنترۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکانی لە دەستدا بێت، وێژمانسازی بکات، ئاسۆی گۆڕان گەشتر بنوێنێتەوە و بەگشتیی، فەزای ئینتیزاعیی خۆی بەرهەم بێنێتەوە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە فەزای ئینتیزاعیی حکوومەت، تەنیا بە فەزایەکی ئینتیزاعی دیکە فام دەکرێت کە جیاوازبوونی خۆی سەلماندبێت (لوفور، ۱۳۹۵: ۳۷۴) و لە بەرەورووبوونێکی مەیدانی و ئاگۆنیستیک دایە (Mouffe, 2013) کە فەزا فووتێکراوەکەی حکوومەت دەپووکێتەوە.

بە مەبەستی پاشکۆمەندکردنی تیۆریی فەزا لەم وتارەدا، پێویستیمان بە نموونەهێنانەوە لەمەڕ مێژووی نواندنەوەکانی فەزا لە ئێرانەدا دەبێت. لەگەڵ کودیتای ڕەزا میرپەنج (ڕەزا شا)، نواندنەوەکانی فەزا بەهۆی ناسیۆنالیزمێک خرایە ڕوو کە بەتەما بوو ئێرانێکی مۆدێرن لەسەر بنەمای عەسەبیەت دابمەزرێنێت. نواندنەوەکان بەشێوەیەکی گشتی لە چوار فەزای ئینتیزاعیدا دەرکەوتن کە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانین: نواندنەوەی فەزای شیعە، فەزای فارسیزم (واتە زمانی-مێژوویی)، فەزای پیاوتەوەر و هەروەها فەزای مۆدێرنیتەیەکی بوناپارتیزمانە. نواندنەوەی ئەو فەزایانە لە ئێرانێکدا دەخرایە ڕوو کە فرەنەتەوەیی و فرەدینی بوو، هەروەها ژێرخانی ئابووریش لەو ئاستەدا نەبوو کە پڕۆژەی مۆدێرنەکردنی ئێران بەپێی مەنتقی هاوبەندییەکانی بەرهەمهێنان جێبەجێ بکرێت. لە ڕاستیدا دۆخی پارادۆکسیکاڵی گەشەسەندن لە ئێراندا، لەم سۆنگەیەوە دەست پێدەکات کە لە پێناو مۆدێرنەکردنی ولاّت؛ سیستەمی سیاسی تەما وەبەر نەریتێکی بوونابارتیستیانە دەبات و بەهۆی دیسیپلینی سەربازی و ستراتیژیای داگیرکارییەوە، سیستەمی پەتریکاڵ-فیۆداڵی ئێران هەڵدەوەشێنێ و سیستەمێکی سەنترالّ-بڕۆکراتیکی لەسەر دادەمەزرێنێت. خاڵی جیاواز لەمەڕ سیاسەتی ئووربانیزەکردنی ئێران لەوەدایە کە نواندنەوەکانی فەزا هەر بەهۆی مەنتقی بازاڕ نەدەچووە پێش بەڵکوو بەهۆی خۆ-سڕینەوەی کولتووریش جێبەجێ دەکرا. خۆ-نامۆبوون و قوتاربوون لە کولتور و نەریت، یەک لە دەرەنجامەکانی وەها فەزایەک بوو. بۆ نموونە بەریەککەوتنی نەریت و مۆدێرنیتە لەم فەزایەدا وەها ئەنتاگۆنیستییانە دەچووە پێش کە دیاردەیەکی پارادۆکسیکاڵیی لێکەوتەوە کە بە «کولتوری ناهاوشێوە» پێناسە کراوە. واتە کولتورێکی زەینی کە خەونی بە ڕۆژئاوایی کردنی ئێرانییەکانەوە دەبینی و کولتوورێکی عەینیش کە بە ڕیشاڵی دین و عیرفانەوە نووسابوو. لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە تۆژەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئاماژە بە باندۆری ئەم بەریەککەوتنە لەسەر ئینقلابی ئێران (۱۹۷۹) کراوە و نواندنەوەکانی فەزای

مۆدێرنیتەی بوناپارتیزمانە، وەک هۆکاری ڕووخانی حکوومەتی پەهلەوییەکان سەرنجی خراوەتە سەر. خوێندنەوەکانی فەزای دیفرێنسیەل لەهەمبەر نواندنەوەکانی فەزای ئینتیزاعی لە ساڵی ١٣٥٧دا کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی هێنا و سیستەمێکی سێنتراڵ-فێقهی لەسەر دامەزرا. لە شەڕی فەزاکاندا ئۆپۆزیسیۆنی مۆدێرن و سێکوولار نەیتوانی لە داگیرکردنی فەزا ئینتیزاعیەکاندا ڕۆڵی هەبێت و بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە، جووڵەی سیمبۆلیک و وێژمان و دروشمەکانی ڕاپەڕین بوون کە لەساڵی ١٣٥٦وە هەتا سەرکەوتنی ئینقلاب فەزای دیفرێنسیەڵی بەهێز کرد و ئەم ململانێ فەزاییە بەهۆی پەراوێزنشینە باوەڕمەندەکانەوە پەرەی دەستاند کە تەنانەت ڕێکخستنی حیزبیشیان لە پشتەوە نەبوو (Bayat 1997). خوێندنەوەکانی فەزا لە مزگەوت و حوسەینییەکانەوە باڵی بەسەر شەقامی گشتیدا گرت، وێژمانی فەزاکەش لەژێر باندۆری سیاسەتی بادانەوەدا بوو، سیمبولەکانیش عەسەبیەتی پیاوی فارسی شیعە بوون کە لە قاڵبی نەریتدا پێناسە کرایەوە. بەم چەشنە، فەزای نەریتی وەک ئەڵتەرناتیڤی فەزای فووتێکراوی پەهلەوی دەرکەوت کە ناوەندە لاکچێری، کازینۆ، سینەما و مەیخانەکان و هتد سیمبولەکانی بوون (خلیلی پور، افهمی ١۴٠٣). لەم قۆناغەدا فەزای شەقامەکانی شار و تەنانەت قوتابخانە و خوێندنگەکانیش، لەلایەن نارازییانەوە یەک بە دوای یەک داگیر کران و بە کردەوە بوون بە جوغرافیای ئەو دیاردەیەی کە ئاسفی بەیات بە «سیاسەتی شەقام» ناوی دەبات و دواجار فەزای نەریت-شیعەیی؛ فەزای لاکچێر-سێکولاری پووکاندەوە (Bayat 1997).

ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاتریکاڵ-فیۆداڵ کە ئاماژەی پێدرا، لە ڕاستیدا داگیرکردنی سەروەریی نەتەوەکانی نێو جوگرافیای ئێران بوو کە بە شێوەیەکی نیمچە فێدراڵی سەقامگیر ببوون. ئەم پرۆسەیە کەلێنێکی کۆمەڵناسییانەی لێ کەوتەوە کە هەنووکە بە کەلێنی ناوەندا\پەراوێز شڕۆڤە دەکرێت، بەڵام ئەم ناوەندا\پەراوێزە لە ئێراندا جووتڕەهەندییە. واتە ڕەهەندێکیان بەپێی وێژمانی کۆلۆنیاڵ-ئۆریانتالیستیانەوە جوگرافیای گەشەسەندوویی ناوەند لە هەمبەر ناوچە پەراوێزخراوەکاندا دیاریی کرد و ڕەهەندەکەی دیکەش بەپێی مەنتقی کاپیتاڵیستی؛ فەزای ناوەندا\پەراوێزی نێو شارەکانی جێبەجێ دەکرد. کەوایە لە نواندنەوەکانی فەزای شارە فارسنشینەکان، ناوەندێکی لاکچێر-سێکولار هەژموون دەکرێت کە خەڵکی بڕوادار و هەژاریش نامۆیە لێی (چینی بندەست) و لەئاستی جوگرافیای داگیرکاریشدا، فەزای شارە لاکچێر-مۆدێرنەکانی فارسنشین لە هەمبەر ناوچە پەراوێزخراوەکاندا (نەتەوە بندەستەکان) وەها دەنوێندرایەوە کە ئێرانییەکان وەها هەست بکەن کە پێکهاتە پەراوێزخراوەکان بەهۆی عەقڵیەتی خێڵەکیی لە شارستانییەت، وەدوا کەوتوون. پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکان لەم پرۆسەیەدا لەباری مرۆیی، ئابووری، زمانی و مەعریفییەوە زۆرترین خەساریان بەرکەوت. هۆکارەکەش لەوەدایە کە نواندنەوەی فەزای فارس-شیعیزم بە کاراکتێرێکی ئوریانتالیزمانەوە پەرەی بە فەزاکان داوە و ژاندارمە (امنیه) چاوەدێریی ئەو نواندنەوانەی دەکرد. دەستکەوتی وەها فەزایەک بۆ کەمینەکراوەکان، پرسی ئەمنیەتیکردنی زمان و ڕەواندنەوەی مەعریفەی پێکهاتە نەتەوەییەکان بوو کە بە سەدان ساڵ و بە شێوەی گێرانەوەیی، مان و ژیانیانی مسۆگەر دەکرد.

هەڵاوردنی جوگرافیای گەشەسەندنیش لەم فەزایەدا وەها جێبەجێ دەکرا بەڵکوو پارسەنگی سامانە گشتییەکان و دەرفەتە کولتورییەکان، بەڵای نەتەوەی باندەستکراودا بکەوێت و نەتەوەکانی دیکە لێی بێبەری بن. کارتێکەریی وەها فەزایەکی ئینتیزاعی لەسەر پێکهاتە پەراوێزخراوەکانەدا زۆر دراماتیک بوو، هەژاری، ئاستی کەمخوێندەواری، نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەنانەت لاوازبوونی سیستەمی تەندروستیی لەو ناوچانەدا، بووە هۆی کۆچی ناچاریی بەشێکی زۆر لە نەتەوە بندەستەکان و نیشتەجێبوونیان لە گەڕەکە هەژارنشین و پەراوێزەکانی مەزنشارەکانی ناوەند (EUAA 2025). لەم سۆنگەیەوە فەزای خوێنواندنەوەی نەتەوەیی و دینی لە ئێراندا، هەمیشە یەک لە فەزا واقعی و دیفرێنسیالەکانە کە لێبڕاوانە خەریکی بەرهەمهێنانەوەی سووژەی سیاسییە و ڕیالیستانەترین و بەرچاوترین ئالنگاریی لەبەردەم نواندنەوەکانی فەزای ئینتزاعیی فارس-شیعیزمی ئێرانیدا.

جوگرافیای ڕاپەڕین

بەدوای ئینقلابە سیاسی و کلاسیکەکانی سەدەکانی ڕابردوو، تێبینی کردن لەمەڕ ڕاپەڕین و گۆڕانی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگەدا دەچێتە نێو فازێکی دیکەوە. هەنووکە تیۆریی ئینقلاب بە خوێندنەوەیەکی لێکدراو و فرەڕەهەند سەرنجی پێدەدرێت کە ئاماژەیەکیشە بۆ کاراکتێرە ئاڵۆزەکانی سەردەمی پۆست مۆدێرن. ئەگەر ڕوانگەی کلاسیک لەمەڕ ئینقلاب پرسی ئابووری و بەتایبەت هاودژیی چینایەتی بە بنەما دەگرت و ڕووخاندنی دەوڵەت لە ئەجندایاندا بوو، ستروکتووراڵیستەکان و یەک لەوانە، تێدا سکۆچپۆڵ دەریخست کە ئینقلاب بە بەرنامە ناچێتە پێش، بەڵکوو بۆخۆی دێت و لە درگا دەدات، بەمەرجێک تەعامولێکی پێکهاتەیی لەنێوان قەیرانی نێوخۆیی، قەیرانی چاکسازی و قەیرانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت کە مەشروعییەتی دەوڵەت لەبار ببات. لەم سۆنگەیەوە شەڕی نێوان دەوڵەتان و شەڕی ناوخۆیی، وەک گرینگترین هۆکار بۆ هاتنی ئینقلاب دیاری کراوە (Skocpol, 1979). وچەی چوارەم و پێنجەمی تیۆریسیەنەکانی ئینقلابیش، وێڕای مەودا گرتن لە تایبەتمەندییە ماتریالیستییەکانی ئینقلاب، پرسی «کولتور-پێکهاتەیی» و هەروەها «سایکۆ-مەعریفی» بە بنەما دەگرن. وەلیام سیویڵ (٢٠٠٥) بۆ نموونە، ئینقلاب وەک جومگەبەندییەکی ڕووداوتەوەر (Eventful Temporality) دەبینێت. واتە هێندێک ڕووداوی دراماتیک دەتوانێ ببێتە هۆی پچڕانی مەعریفی لە کۆمەڵگەدا (Epistemological Break) و لە ئەنجامدا خەڵک پێداچوونەوە لە مانای پێکهاتەی دەوڵەت بکەن. هەر لەم سۆنگەیەوە سیدنی تارۆ (٢٠١١) ئینقلاب وەک دەرفەتێک دەخەملێنێت کە لە ئاکامی شێوازی ڕوانینی گەل لەمەڕ زوڵم و بێدادی دێتە ئاراوە و ئۆپۆزیسیۆن ئەو دەرفەتانە دەقۆزنەوە تاوەکوو وزەی شەقامی نارازی وەها ڕێک بخەن کە وەک هێزێکی سیاسی بۆ گۆڕانی بنچینەیی چالاک بێت و بەهۆی چوارچێوە زەینی و مەعریفییەکانی دژبەران (Fram-ing)، فەزاکە لە دەوڵەت داگیر بکەن. ڕوانگەی سایکۆ-سیاسییانەی تیمۆر کوران (١٩٩٥) پرسی «ترس» بە بنەما دەگرێت، واتە کاتێ خەڵک واز لە دوورووبی دەهێنن و تەرجیحاتە ساختەکان (Preference Falsifi-cation) لادەدەن کە بەهۆی ترس یا هەر

هۆکارێکی سیاسی ئینتیمای سیاسیی خۆیان پێ دەشارەوە.

ئەم بەشەی وتارەکە هەوڵ دەدات بە لێکدانی ئاستی مایکرۆ -پێکهاتەیی (Macro-struktural level) و ئاستی میکرۆ – عاملیەتی (Micro agential level)، تیشک بخاتە سەر ڕاپەڕینەکانی ئێران لە ساڵانی ۱۳۸۸، ۱۳۹۶، ۱۳۹۸، ۱۴۰۱ و ۱۴۰۴و ڕۆڵی جوگرافیا لەمەڕ ئاراستە و نێوەڕۆکی ڕاپەڕینەکان لەم قۆناغانەدا پۆلێنبەندی و شرۆڤە بکات. ئاستی میکرۆ-عامیلیەتی زیاتر تاکتیکییە و بەرخۆدانی ڕۆژانە بە بنەما دەگرێت کە لە زۆر نموونەدا ئایدیالۆژییەکی تایبەت نوێنەرایەتییان ناکات، هەڵبەت بەرخۆدانەکان زیاتر کولتوری و سیمبۆلیکن، بەڵام ئاستی مایکرۆ-پێکهاتەیی؛ ستراتێژیکە و لە دەرفەتێک دەگەڕێت کە دەسەڵات داگیر بکات (Scott, 1985). خاڵی جێی سەرنج لەنێوان ئەم ئاراستەیەدا، ڕۆڵی فەزا و جوگرافیای ڕاپەڕینەکانە. شوێنی فەزا لە ئاستی مایکرۆ-پێکهاتەییدا، لە دژی ئەو میکانیزمانە چالاک دەبێت کە ڕۆڵیان هەیە بۆ نواندنەوەی فەزای ئینتیزاعی و سروشتییە کە ئەجندای دژبەرانیش دەبێ داگیرکردنی وەها فەزایەک بێت و جوگرافیای ڕاپەڕینەکەش ناوەندا\پەراوێزی دەسەڵاتە کە بەناوی زەختی خوارەوە بۆ سەرێ (Bottom-up) ناسراوە (Skocpol, 1979). فەزا لە ئاستی میکرۆ-عامیلیەتیدا خۆنواندنەوەی «بەرخۆدانی ڕۆژانەیە» و جوگرافیای ڕاپەڕینەکەش ئەو مەڵبەندانە دەگرێتەوە کە کەمینە نەتەوەیی و پێکهاتە پەراوێزخراوەکانی لێ دەژین و لە ڕوانگەی پۆست کۆلۆنالییەکاندا وەک «ناوەندی بندەستی» (Subaltern-Centred) پێناسە دەکرێت (Scott, 1985).

ڕۆژژمێری ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئێران:

• ساڵی ۱۳۸۸

ئەم ڕاپەڕینە وەک یەکەم و دواییەن خۆپیشاندانی دەروونپارادایمی مەزندە دەکرێت کە نارازییان هەوڵیان دەدا ڕێژیم پابەند بە یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی بکەن. ڕێپێوانەکان لەبابەت دەرەنجامی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆککۆماری هاتە ئاراوە کە ڕێژیم بەهۆی دەستوەردان لە ڕێژەی دەنگەکان، ویستی باڵێکی سیاسی لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە کە دەنگی زۆرینەی نێو سندووقەکانی دەنگدانی لەگەڵدا نەبوو. گەرچی لە کۆتاییەکانی ئەم ڕاپەڕینەدا دروشمەکان ڕادیکاڵتر بوونەوە و ئاراستەکەی خوازیاری نەمانی ڕێژیم بوو، بەڵام لە سەرەتادا بە شێوەی ئینقلابە مەخمەرییەکان بە بێدەنگی ڕاگرتن دەستی پێکرد و بەشداربوونی چینی ملمناوەند لە ڕێپێوانەکاندا بەرچاو بوو. سیمبول و دروشمەکان ڕوانگەیەکی ڕێفۆرمیستییانەی پێوە دیار بوو کە باڵی ئیسلاحەڵەب نوێنەرایەتی دەکرد و بەخێراییەکی کەموێنە فەزاکانی نواندنەوەی ڕێژیمی تووشی ئالنگاری کرد. جوگرافیای ڕاپەڕینەکە مەزنشارەکانی ناوەند بوون. لەوانەیە دینامیزمی ڕاپەڕینەکە لە چوارچێوەی بۆچوونەکەی سیدنی تارۆدا (۲۰۱۱) شرۆڤە هەڵبگرێت، واتە گۆڕانی لێنزی خەڵک لەمەڕ پێکهاتەی سیاسی و بەتایبەت حکوومەت.

• ساڵی ۱۳۹۶

بەهۆی دۆخی نالەباری ئابووری و گرانییەوە سەرەی هەڵدا، سەرەتا لە شارە پەراوێز و چکۆلەکانەوە دەست پێدەکات و دواتر گەڕەکە هەژارنشینەکانی بەشێک لە مەزنشارەکانیشی گرتەوە. دروشمەکان ڕووی لە گرانی و لۆمەکردنی شێوازی بەڕێوەبەردنی وڵات بوو،

بەشـــداریکردنی چینی مامناوەند لەو ڕاپەڕینەدا زۆر کەم بوو، فۆرمی ڕێکخســـتنیش زۆر لەوە لاوازتـــر بوو کە بتوانـــێ فەزای شـــەقام داگیر بکات و لە ئەنجامدا ماشـــینی سەرکوت توانی بەخێرایی کۆنترۆڵی شـــەقامەکان بەدەستەوە بگرێت. ئەم ڕاپەڕینـــە ئاماژەیەکە بۆ تەعاموڵی پێکهاتەیی قەیرانەکان کە ســـکۆچپۆل وەک هۆکاری ئینقلاب شـــرۆڤەی کردووە.

• ساڵی ١٣٩٨

بەهـــۆی گرانبوونـــی نرخـــی بێنزیـــن، خەڵک ڕژانە ســـەر شـــەقام و جوگرافیای ڕاپەڕینەکـــەش پایتەخت و مەزنشـــارەکان بوون کە دواتر هێندێ شـــاری چکۆلەشی گرتـــەوە. هۆکارەکەش ئەوەبـــوو کە نرخی بێنزین جوگرافیای هەڵاواردن ناسایێت و گشت پێکهاتەکان لێـــی زەرەرمەنـــد دەبن. لەم ڕاپەڕینەشدا دروشـــمەکان بۆنی گۆرانێکی بنچینەیـــی پێوە دیـــار نەبـــوو و نارازیبان نەیانتوانی فەزا داگیر بکـــەن و حکوومەت بە شـــێوەیەکی درندانە ســـەرکوتی کرد. لەم بڕگەیەشـــدا تەعامولـــی پێکهاتەیی قەیران ڕۆڵی هەبوو.

• ساڵی ١۴٠١

شۆڕشـــی ژینا خاڵێکی وەرچەرخـــان بوو لە مێـــژووی ڕاپەڕینەکانی ئێراندا. دروشـــمی «ژن، ژیـــان، ئـــازادی» بەهـــۆی چەمکـــە ئیستەعارەییەکەیەوە، پۆتەنسیەڵێکی وەهای تێدا بەدی دەکـــرا کە بەخێراییەکی کەموێنە فەزا لە حکوومەت داگیر بکات و تەنانەت ســـنووورەکانی ئێرانیـــش ببەزێنێت. جوگرافیـــای ڕاپەڕینەکە «ناوەندی بندەســـتی» و فەزای ڕاپەڕینەکەش وەک شۆڕشێکی پۆســـتکۆلۆنیالیی دەهاتە ئەژمار. لـــەم بڕگە مێژوویییەدا بـــۆ یەکەمجار شـــەقام و بەتایبـــەت بەهۆی ڕێکخســـتنی مەدەنی و هەماهەنگیی حیزبە کوردستانییەکانەوە، بەشێک لە شـــارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنترۆڵی ڕێژیم دەرهات و دروشمەکانیش باســـیان لـــە گۆرانێکی بنچینەیـــی دەکرد کە جیهانـــی هێنایە ســـەرخەت. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی شۆڕشـــی ژینا لە کوردســـتان، وڵاتانـــی ئەوروپا و ئەمریـــکا زۆر بەهێز بوو و بەشێکی زۆر لە ناوەندە مەدەنی و سیاسییەکانی جیهان پشـــتیان دەگرت، بەڵام لە شارەکانی ئێـــران بەشـــدارییەکە لەو ئاســـتەدا نەبوو کە تۆڕەکۆمەڵایەتی و تەلەڤیزیۆنە فارسیزمانەکانی دەرەوەی وڵات دەیاننوانـــدەوە. لەســـەرەتاکانی شـــۆڕش، تاران و بەشـــێک لە مەزنشارەکانی ناوەند پشتگیرییان لە شۆڕشـــەکە کرد بەڵام دروشـــمەکانی تاران، لەگەڵ ئەو فریمینگەدا نامۆ بوو کە شۆڕشـــی ژینا دایهێنا. دروشمی «مرد، میهـــن، آبـــادی» (پیاو، نیشـــتمان، ئاوەدانی) کە وەک پاشـــگری ژن، ژیان، ئازادی دەهاتە ئەژمار، ســـەرەتا لە تـــاران و لەکاتی نارەزایەتیدەربرینـــی ســـەندیکای پارێزەران لە دژی ڕێژیـــم هاتە گۆ و دواتر پاشـــاخوازەکان لە شـــەقامەکانی ئەوروپادا کاوێژیـــان کردەوە و هەروەها پۆرنۆ-دروشمەکانی شەقامەکانی تاران؛ مەودایەکی مەعریفییان لەگەڵ دروشمەکانی «ناوەندی بندەســـتی» هەبوو. ئەم پارادۆکسە لەوانەیە پێوەندیی بە «ســـڕبوونی دووفاقیانەی مەدەنی»یـــەوە هەبێت کە لە بەشـــی کۆتایی وتارەکەدا شـــی دەکرێتەوە. هەڵبەت هاوسۆزی و پێشـــوازیی کۆڵەکتیڤەکانی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، هونەرمەندان و یاریزانانی وەرزشی، زۆر بەرچـــاو بوون و لە ماوەی شۆڕشـــی ژینادا زۆرترین بەرهەمی هونەریی شۆڕشـــگێڕانەیان داهێنا کـــە لە مێـــژووی ڕاپەڕینەکانی ئێراندا کەموێنەیە.

ئەم ڕاپەڕینە زیاتر لە ســـێ مانگی خایاند، ســـپای تیرۆریستیی پاســـدارانی ئینقلاب بۆ ســـەرکوتکردنی شۆڕشی ژینا ڕاســـپێردرا و بەهۆی مێلیتاریزەکردنی کوردســـتان، ڕاپەڕینە پرژوبڵاوەکانـــی خەڵک لە بەشـــەکانی دیکەی ئێران نیشـــتەوە. شۆڕشـــی ژینا بۆیە خاڵێکی

وەرچەرخـــان بـــوو چوونکە توانـــی زۆربەی تێزەکانی ئینقلاب لەخۆ بگرێت: شۆڕشـــەکە بـــە هـــۆی جومگەبەندییەکـــی ڕووداوتەوەر ســـەری هەڵدا کە مەعریفـــە و گێڕانەوەکانی پێش خۆی پووچەڵ کـــرد (Sewell, 2005)، داهێنەری ســـیمبول و ئیماژەکانی خۆی بوو (Scott, 1985)، فریمینگـــی خۆی ســـاز کرد و ڕوانگەی بەشـــێکی زۆر لـــە گەلانی ئێران لەمەڕ پۆلیســـتەم و هەڵاوردن گۆڕی (Tar-row, 2011) و هـــەر لـــەم سۆنگەیەشـــەوە بەشێکی زۆر لە پێکهاتە نەتەوەییەکان پەردەیان لەســـەر تەرجیحاتە ســـاختەکان لادا و پرسی نەتەوەیی خۆیان بە ڕۆژەڤ کـــردەوە (Kuran, 1995). هەڵبـــەت تەعاملی پێکهاتەیی قەیران (Skocpol, 1979) وەک ڕاپەڕینەکانی پێشوو، کاریگەریی هەبوو.

• ساڵی ١٣٩٦

بەهۆی دۆخی نالەباری ئابـــووری و گرانییەوە ســـەری هەڵدا، ســـەرەتا لە شـــارە پەراوێز و چکۆلەکانەوە دەســـت پێدەکات و دواتر گەڕەکە هەژارنشینەکانی بەشێک لە مەزنشارەکانیشی گرتـــەوە. دروشـــمەکان ڕووی لـــە گرانی و لۆمەکردنی شـــێوازی بەڕێوەبەردنی وڵات بوو، بەشـــداریکردنی چینی ماموناوند لەو ڕاپەڕینەدا زۆر کەم بوو، فۆرمی ڕێکخســـتنیش زۆر لەوە لاوازتر بـــوو کە بتوانێ فەزای شـــەقام داگیر بکات و لە ئەنجامدا ماشـــینی سەرکوت توانی بەخێرایی کۆنترۆڵی شـــەقامەکان بەدەستەوە بگرێت. ئەم ڕاپەڕینـــە ئاماژەیەکە بۆ تەعاملی پێکهاتەیی قەیرانەکان کە ســـکۆچپۆل وەک هۆکاری ئینقلاب شـــرۆڤەی کردووە.

• ساڵی ١٣٩٨

بەهـــۆی گرانبوونی نرخـــی بێنزین، خەڵک ڕژانە سەر شـــەقام و جوگرافیای ڕاپەڕینەکەش پایتەخت و مەزنشـــارەکان بوون کـــە دواتر هێندێ شاری چکۆلەشی گرتەوە. هۆکارەکەش ئەوەبـــوو کە نرخـــی بێنزیـــن جوگرافیای هەڵاوردن ناماســـێت و گشـــت پێکهاتەکان لێـــی زەرەرمەند دەبـــن. لەم ڕاپەڕینەشـــدا دروشـــمەکان بۆنی گۆڕانێکی بنچینەیی پێوە دیار نەبـــوو و نارازیبان نەیانتوانـــی فەزا داگیر بکـــەن و حکوومەت بە شـــێوەیەکی دڕندانە ســـەرکوتی کرد. لەم بڕگەیەشـــدا تەعاملی پێکهاتەیی قەیـــران ڕۆڵی هەبوو.

• ساڵی ١٤٠١

شۆڕشـــی ژینا خاڵێکی وەرچەرخـــان بوو لە مێـــژووی ڕاپەڕینەکانی ئێراندا. دروشـــمی «ژن، ژیـــان، ئـــازادی» بەهـــۆی چەمکـــە ئیســـتەعارەییەکەیەوە، پۆتەنسیەڵێکی وەهای تێـــدا بـــەدی دەکـــرا کـــە بەخێراییەکی کەموێنە فەزا لـــە حکوومەت داگیـــر بکات و تەنانەت ســـنووورەکانی ئێرانیـــش ببەزێنێت. جوگرافیـــای ڕاپەڕینەکە «ناوەندی بندەســـتی» و فـــەزای ڕاپەڕینەکـــەش وەک شۆڕشـــێکی پۆســـت‌کۆلۆنیالیی دەهاتـــە ئەژمـــار. لەم بڕگە مێژووییـــەدا بۆ یەکەمجار شـــەقام و بەتایبـــەت بەهۆی ڕێکخســـتنی مەدەنی و هەماهەنگیی حیزبە کوردســـتانییەکانەوە، بەشێک لە شـــارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنترۆڵی ڕێژیم دەرهات و دروشمەکانیش باســـیان لـــە گۆڕانێکی بنچینەیـــی دەکرد کە جیهانـــی هێنایە ســـەرخەت. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی شۆڕشـــی ژینا لە کوردستان، وڵاتانی ئەورووپـــا و ئەمریکا زۆر بەهێز بوو و بەشـــێکی زۆر لـــە ناوەنـــدە مەدەنی و سیاســـییەکانی جیهان پشـــتیان دەگرت، بەڵام لە شارەکانی ئێران بەشـــداریەکە لەو ئاســـتەدا نەبوو کە تۆڕەکۆمەڵایەتی و تەلەڤیزیۆنە فارسیزمانەکانی دەرەوەی وڵات دەیاننوانـــدەوە. لەســـەرەتاکانی شـــۆڕش، تاران و بەشـــێک لە مەزنشارەکانی ناوەند پشتگیرییان لە شۆڕشـــەکە کرد بەڵام دروشـــمەکانی تاران، لەگەڵ ئەو فریمینگەدا

نامۆ بوو که شۆڕشـــی ژینا دایهێنا. دروشمی «مرد، میهـــن، آبـــادی» (پیاو، نیشـــتمان، ئاوەدانی) که وەک پاشـــگری ژن، ژیان، ئازادی دەهاتە ئەژمار، ســـەرەتا لە تـــاران و لەکاتی نارەزایەتیدەربڕینـــی ســـەندیکای پارێزەران لە دژی ڕێژیـــم هاتە گۆ و دواتر پاشـــاخوازەکان لە شـــەقامەکانی ئەوروپادا کاوێژیان کردەوە و هەروەها پۆرنۆ-دروشمەکانی شەقامەکانی تاران؛ مەودایەکی مەعریفییان لەگەڵ دروشمەکانی «ناوەندی بندەســـتی» هەبوو. ئەم پارادۆکسە لەوانەیە پێوەندیی بە «ســـڕبوونی دووفاقیانەی مەدەنی»یـــەوە هەبێت کە لە بەشـــی کۆتایی وتارەکەدا شـــی دەکرێتەوە. هەڵبەت هاوسۆزی و پێشـــوازیی کۆڵەکتیڤەکانی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، هونەرمەندان و یاریزانانی وەرزشی، زۆر بەرچـــاو بوون و لە ماوەی شۆڕشـــی ژینادا زۆرترین بەرهەمی هونەریی شۆڕشـــگێڕانەیان داهێنا کـــە لە مێـــژووی ڕاپەڕینەکانی ئێراندا کەموێنەیە.

ئەم ڕاپەڕینە زیاتر لە ســـێ مانگی خایاند، ســـپای تیرۆریستیی پاســـدارانی ئینقلاب بۆ ســـەرکوتکردنی شۆڕشی ژینا ڕاســـپێردرا و بەهۆی مێلیتاریزەکردنی کوردســـتان، ڕاپەڕینە پرژووبڵاوەکانی خەڵک لە بەشـــەکانی دیکەی ئێران نیشـــتەوە. شۆڕشـــی ژینا بۆیە خاڵێکی وەرچەرخـــان بـــوو چوونکە توانـــی زۆربەی تێزەکانی ئینقلاب لەخۆ بگرێت: شۆڕشـــەکە بـــە هـــۆی جومگەبەندییەکـــی ڕووداوتەوەر ســـەری هەڵدا کە مەعریفـــە و گێڕانەوەکانی پێش خۆی پووچەڵ کـــرد (Sewell, 2005)، داهێنەری ســـیمبول و ئیماژەکانی خۆی بوو (Scott, 1985)، فریمینگی خۆی ســـاز کرد و ڕوانگەی بەشـــێکی زۆر لە گەلانی ئێران لەمەڕ پۆلیســـتەم و هەڵاواردن گـــۆڕی (Tarrow, 2011) و هەر لەم سۆنگەیەشـــەوە بەشێکی زۆر لـــە پێکهاتـــە نەتەوەییـــەکان پەردەیان لەسەر تەرجیحاتە ســـاختەکان لادا و پرسی نەتەوەیی خۆیان بە ڕۆژهۆ کـــردەوە (Kuran, 1995). هەڵبەت تەعاملی پێکهاتەیی قەیران (Skocpol, 1979) وەک ڕاپەڕینەکانی پێشوو، کاریگەریی هەبوو.

• ساڵی ۱۴۰۴

لـــە دریژەی ڕەوتە سینووســـییەکانی ڕاپەڕین لە ئێران، ڕاپەڕینی بەفرانبـــاری ۱۴۰۴ بەهۆی نرخی ناجێگیـــری دۆلار ســـەری هەڵدا کە جینایەتە خوێناوییەکەی ۱۸ و ۱۹ی بەفرانباری لێکەوتـــەوە. ڕاپەڕینکـــە ســـەرەتا بەهۆی نارەزایەتیدەربڕینـــی بازاڕی موبایلفرۆشـــەکان دەســـتی پێکرد و بەدوایـــدا خەڵک لە چەند شـــوێنی تاران و شـــارەکانی دیکە ڕژانە شەقام و بۆ یەکەم جار دروشـــمی «جاوید شـــاە» لە شـــەقامەکانی ئێراندا دەنگی دایـــەوە. بەدوای بانگەوازەکـــەی ڕەزا پەهلـــەوی، نەک ڕێژەی خۆپیشـــاندەران بەرز دەبێتەوە، بەڵکوو خەڵک توانییان فەزای گشـــتیی تاران و مەزنشارەکانی ناوەند داگیر بکـــەن. ئەم ڕاپەڕینە، ســـەرەتا ئۆپۆزیســـیۆنی کۆماریخوازی گۆشەگیر کرد و دواتر ڕێژیمی وەها تۆقاند، کە بەشـــێوەیەکی درندانـــە دەســـت بـــە ڕەشـــەکوژی بکات. جوگرافیای ڕاپەڕینەکە تاران و مەزنشـــارەکانی ئێـــران بوو، بـــەڵام بەشـــێوەیەکی مانادارانە، جوگرافیای «ناوەندی بندەســـتی» مەودای لێ گرتن. ئاستی پشتگیریی کۆڵەکتیڤەکان، بزاڤی خوێندکاری، هونەرمەنـــدان و ناوەندە مەدەنی و سیاســـییەکانی ئەوروپا لەو ڕادەیـــەدا نەبوو کە ناسیۆنالیســـتە ڕێتۆتیپیکەکان دڵگەرم بـــکات. لەوانەیە هۆکارەکـــەش پەیوەندیی بە زەقکردنەوەی نۆســـتالۆژیای بونیاتتەوەرانە (ReStorative Nostalgia) بێـــت کـــە «ســـڤێتلانا بۆیم» لە هەمبەر نۆســـتالۆژیای ڕەنگدانەوەییـــدا (Reflective Nostalgia) شرۆڤەی کردووە. نۆســـتالۆژیای بونیاتتەوەرانە لـــەم ڕاپەڕینەدا دەســـتی بـــاڵای هەبوو کە

دەکـــرێ ئاماژەیەکیش بێت بۆ «سیاســـەتی بادانـــەوە» (Backlash politics) کە «لەوین تێســـا» (۲۰۲۱)، لە پێوەندی بە داگیرکردنی وێژمانـــە فێمێنیســـتییەکان دەکاری دەکات (لەبەشـــی داگیرکردنی وێژماندا زیاتر شـــی دەکرێتەوە). نۆستالۆژیای ڕەنگدانەوەیی لەڕێگای نرخاندن و چاکسازیی لە خەسارەکانی ڕابردووەوە ڕوو لە داهاتـــوو دەکات، بەڵام نۆســـتالۆژیای بونیاتنەوەر لە ڕابـــردووەوە چەقییە و بەتەمای ژیاندنەوەی ڕێژیمی کولتوری-سیاسیی پێشووە (Boym, 2001). ســـیمبول و دروشمەکان لەم ڕاپەڕینـــەدا داوای گەڕاندنـــەوەی مۆدێلی ناسیۆنالیزمی ســـەدەکانی نۆزدە و بیستەمیان دەکـــرد کـــە دەرکەوتەکـــەی لەباربردنـــی فرەچەشنی و ســـڕینەوەی پێکهاتە جیاوازەکان بوو. بەگشـــتی لـــەم ڕاپەڕینـــەدا، بادانەوە بۆ «لۆقیاتـــان» یـــان دەســـەڵاتێکی ناوەندخواز (پاشـــایەتی) زۆر بەهێزتر بوو کە دەکرێ وەک پارادۆکســـی ڕەفتـــاری و مەعریفی ئینقلاب لە ئێرانـــدا تێبینیی بۆ بکرێت. بەشـــێک لە تیۆریسیەنی پاشـــاخوازەکان ڕاپەڕینی ساڵی ۱۳۹۶ وەک چەخماخەی سیاســـەتی بادانەوە تێبینی دەکەن و ئەم ڕاپەڕینەش وەک برگەی تەواوکـــەری وەها سیاســـەتێک دەنرخێنن. کەوایە بەستێنە تیۆریکەکانی وەها ڕاپەڕینێک تەعاملی پێکهاتەیـــی قەیرانەکانە و بەتایبەت بەدوای هێرشـــی ئیســـرائیل بۆ ئێران، ئەو قەیرانانـــە دەتوانـــن وەک پاڵنەرێکی جیددی ڕەچاو بکەیـــن. بەڵام خاڵێکـــی گرینگ لەم ڕاپەڕینەدا پرســـی تەرجیحاتە ساختەکان بوو کە بەشـــێکی بەرچـــاو لە ئێرانییـــەکان ئەو شەرمەیان شـــکاند و بە دەنگی بەرز ئینتیما سیاسییەکەی خۆیان (پاشـــاخوازی) دەربڕی. بەگشـــتی جوگرافیای ڕاپەڕین یـــا ئینقلاب، ئامـــاژە بە شـــوێنێکی تایبـــەت دەکات بۆ پـــەرەدان بە فـــەزای گۆڕان. ئـــەم چەمکە سیاســـییە پێمان دەڵێت کـــە ئینقلاب نەک هەر پڕۆسەیەکی سیاســـی بەڵکوو دیاردەیەکی فەزامەند (Spatialized) و شوێنمەندیشـــە (Place-based). ڕۆژژمێـــری ڕاپەڕینەکانـــی ئێران بیرمـــان دەهێنێتەوە کـــە بێجگە لە ســـاڵی ۱۴۰۱ و تا ڕادەیەکیش ۱۳۹۶ شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە جوگرافیای بندەســـتان سەری هەڵـــداوە. ڕاپەڕینی ۱۳۹۸ لەمـــەڕ گرانبوونی نرخی بێنزیـــن و هەروەهـــا ڕاپەڕینی ۱۴۰۴ بەهۆی ناجێگیربوونی نرخی دۆلار، جوگرافیای ڕاپەڕینەکانـــی پایتەخت و مەزنشـــارەکانی ئێران بوون. ئەم پارادۆکســـە کۆمەڵێ پرســـیار دەخاتـــەڕوو و یـــەک لە پرســـیارەکان کە پێوەندییەکی ڕاســـتەوخۆی بـــە ڕۆڵگێڕان و پێگەی ئۆپۆزیســـیۆنی کۆماریخـــوازەوە هەیە. ئۆپۆزیســـیۆنی کۆماریخواز بەهۆی ئەجندای سیاســـی و پراکتیکی مەیدانییەوە، دەبوایە لە جوگرافیای ناوەندا\پەراوێزی دەسەڵاتدا چالاک بـــن بەڵکوو لە ڕێـــگای زەختی خـــوارەوە بۆ ســـەرێ، پەرە بە فەزای دیفرێنســـیەڵ بدەن. بـــەڵام لە هیچکام لەو برگـــە مێژوویانەی کە ئاماژەیان پێدرا، نەک دروشـــم و ســـیمبولی کۆماریخـــوازەکان، تەنانەت جێـــگای بەتاڵی ڕێکخستنەکانیشـــیان دیار بوو. بـــۆ نموونە باڵەکانی «ئیسلاحتەڵەب» لە ســـاڵی ۱۳۸۸دا توانییان فـــەزا و شـــەقامەکان داگیر بکەن، کە بە بەراوردێک ســـێ ملیـــۆن لە خەڵکی پایتەخت لە خۆپیشـــاندانەکاندا بەشدار بوون و دروشـــمەکانیش لە پاوانی ئیسلاحتەڵەبەکاندا بـــوو. هەروەهـــا لـــە ڕاپەڕینـــی بەفرانباری ۱۴۰۴دا بەدوای ڕۆڵی ڕێکخســـتن و میدیای پاشـــاخوازەکان، ســـیمبول و دروشمەکانیان لە شـــەقامەکانی ئێراندا ڕەنگـــی دەدایەوە. لە کۆتایـــی وتارەکەدا هـــەوڵ دەدەم هۆکارەکانی ئەم دۆخـــە پارادۆکســـیکاڵە کـــە ئاماژەی پێدرا، پۆلبەندی و شـــرۆڤەیان بکـــەم، بەڵام ســـەرەتا هەڵســـەنگاندنێک بۆ کاتالیزۆرەکانی ئینقلاب و دۆخی «ناکارامەبوونی» ئۆپۆزیسیۆنی کۆماریخـــواز دەکـــەم. لەم بەشـــەدا ڕەچاوی دوو هـــۆکاری بنەمایی دەکرێـــت کە دەبنە

هـــۆی پرۆژەکتیڤبوونی ئۆپۆزیســـیۆن. یەکەم مەیدان وەک چەندایەتی جوگرافییە و دووهەم پوتەنسیەلەکانی گۆڕانە کە چۆنایەتیی فەزاکانی خۆنواندنەوەی ئۆپۆزیســـیۆن مسۆگەر دەکەن.

هۆکارە بنەڕەتییەکان

١ - مەیدان

پرســـی «مەیـــدان» یـــەک لـــە هـــۆکارە بنەڕەتییەکانە، واتە ئۆپۆزیســـیۆن پێی لەسەر خاکی خـــۆی بێـــت، کۆنترۆڵی بـــکات و توانـــای پاراســـتنی هەبێت. بـــۆ نموونە لەکاتـــی ڕووخاندنی ئەمارەتـــی ئیسلامی لە ســـاڵی ٢٠٠١، دەڤەری هـــەزارەکان لەژێر کۆنترۆڵـــی حیزبی «بزووتنـــەوەی نەتەوەیی ئیسلامیی ئەفغانســـتان» بـــە ڕێبەرایەتیی ژێنراڵ دۆســـتۆم بوو، «حیزبـــی ئیسلامی» بە ڕێبەرایەتیـــی گوڵبەدەیـــن حیکمەتیار ناوچەیەکی دیکەی ئەفغانســـتانی کۆنترۆڵ دەکـــرد و «حیزبی کۆمەڵـــەی ئیسلامیی ئەفغانســـتان» بە «ڕێبەرایەتیی بورهانولدین ڕەببانی» دەربەندی پەنجشـــیری بە دەستەوە بـــوو. لە عێـــراق، پێـــش هێرشـــکردنی هاوپەیمانان بۆســـەر بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣، بەشـــێکی زۆر لە خاکی باشووری کوردستان نـــەک هەر لـــە ژێـــر کۆنترۆڵـــی حیزبە کوردســـتانییەکاندا بوو بەڵکوو بەهۆی هێڵی دژەفڕین لەلایەن هێزەکانـــی هاوپەیمانەوە دەپارێزران، هەروەها ئۆپۆزیســـیۆنی شیعەش لە زلکاوەکانی باشـــووری عێراقـــدا مانۆڕیان دەدا کە دەوڵەتێکی بەهێزی وەک ئەوســـای ئێران پاڵپشـــتیان بوو. وەک دیارە، لە گشت نموونەکانـــدا مەیـــدان ڕۆڵێکی ســـەرەکی گێڕاوە لەمەڕ پرۆژەکتیڤبوونی ئۆپۆزیســـیۆن، هەڵبەت هێرشـــی هاوپەیمانان لەم سۆنگەوە گرنگە کە توانـــی پارســـەنگی هێز بەلای ئۆپۆزیســـۆنی مەیداندارەدا بخات. لە سۆنگەی ئێرانەوە دۆخەکە ئاوارتەترە، دەزگای سەرکوت، تەکنۆلۆژیای مێلیتاری و دۆخی ستراتیژیکی ئێران لە ناوچەکە، ئەو شانســـە بە دژبەرانی خۆی نـــادات کـــە کۆنترۆڵـــی مەیدانیان هەبێت. بەڵام ئەگەر ئۆپۆزیســـیۆن مەیدان بـــە مانای هێزی بالانس و کۆنترۆڵیشـــی لە دەســـتدا نەبێت، خۆ دەبوایـــە لانیکەم ڕۆڵی لـــە داگیرکردنی فەزاکانـــدا هەبێت تاوەکوو گێرانـــەوە و وێژمانی خۆی لە نەخشـــەی جوگرافیای ڕاپەڕینەکانـــدا بنوێنێتەوە. وەک پێشـــتر باس کرا، مەرجـــە پێکهاتەییەکان شانسی ســـەرکەوتن یا شکستی ئۆپۆزیسیۆن دەباتـــە ســـەر، هۆکارەکـــەش لەوەدایە کە فەزا وەک ئەتمۆســـفێرێکی گرینگ وایە کە مانا و ناســـنامەیەکی گشـــتی بە پێکهاتە ناڕازییـــەکان دەبەخشـــێت و جوگرافیاش ئیمکانمەندبوونـــی (Affordance) بەربڵاوی و بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەکان مســـۆگەر دەکات (Skocpol, 1979). لە بەشـــی شرۆڤەکردنی پوتەنســـیەڵەکانی گۆڕاندا هەوڵ دەدەم ئەم کەمایەســـییە ڕوونتر بکەمـــەوە کە بۆچی دژبەرانـــی کۆمـــاری ئیسلامیـــی ئێران، بەپێچەوانەی حیزبە کوردســـتانییەکان، لەم بوارەشـــدا ناکارامە و دەســـتبەتاڵن.

٢- پوتەنسیەڵی گۆڕان

سەبارەت بە پوتەنســـیەڵی گۆڕان ئێمە دەبێ ئەجێنتەکانی گـــۆڕان لای یەکتر دابنێین و بزانین تا چەند کارایـــان هەیە بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی یا بۆ بەدەســـتەوەگرتنی دەسەڵات لە دوای نەمانی کۆمـــاری ئیسلامیی ئێراندا. ئەجێنتەکان چین؟ یەکەم ئۆپۆزیســـیۆنە کە دەبـــێ وەها پرۆژەکتیڤ بێـــت کە لەڕێگای ڕێکخســـتنەکانیانەوە کۆنترۆڵـــی شـــەقام لەدەســـت ڕێژیـــم دەربێنێـــت و دووهەم؛ پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتیکـــە بۆ پرکردنەوەی فەزاکانی خۆنواندنەوە و دارشـــتنی وێژمان یا گێرانەوەیەکی گشتگیر لەهەمبەر گێرانەوەی «پیاوی فارســـی شـــیعە»دا کـــە بلۆکی پەهلەوی و کۆمـــاری ئیسلامی نوێنەرایەتی

دەکەن. داهێنانی ویژمـــان یا گێرانەوەیەکی گشـــتگیر، لە هەموو دۆخێکدا ســـەرکەوتوو نابێت ئەگەر نەتوانێت ئـــەو دیاردەیە بەرهەم بێنێت کە میشـــێل فۆکۆ بە ناوی «ڕێژیمی حەقیقـــەت» شـــرۆڤەی دەکـــرد. هەڵبەت نکۆڵـــی لەوە ناکرێت کـــە دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێـــران لە ســـەرەتای ئینقلابی ١٣٥٧، بـــەردەوام خەریکـــی بنیاتنانـــی ویژمـــان و دارشـــتنی گێرانەوەکانی خۆیان بوون و هەن. پرســـیار ئەوەیـــە کە دژبەرانی ڕێژیم تا چەنـــد توانیویانـــە گێرانەوەیەک بەرهـــەم بێنن تاوەکـــوو لـــە پێکهێنەرە بنچینەییەکانـــی (Constituents) «ئایدیای ئێران» دەربـــاز بێت کە بە ســـێ فاکتۆری «پیاوی فارسی شـــیعە» دەناسرێتەوە و وەک خۆیـــان دەڵێـــن؛ ئەنتگرالێکـــی نەتەوەیی دامەزرێنن کە گشـــت پێکهاتـــە نەتەوەیی، جێنـــدەری و دینییـــەکان لەخـــۆ بگرێت. ئـــەوەی تا ئێســـتا دیارە، بەشـــێکی بەرچاو لە دژبەرانی ڕێژیم لەهەمبەر پرســـی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا، بە واتـــای کاترین هیلز، خۆ لە کوێری (Voluntary Blindness) دەدەن و لە ویژمانی بەشـــەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنیشدا پرســـی نەتـــەوە پەراوێزخـــراوەکان وەها کلیشـــەیی و ئاماژەیی بـــاس دەکرێت کە مەودایەکی زۆری هەیـــە لەگەڵ نێوەرۆک و ئەجندای ئەو ســـەروەرییە سیاســـییەی کە نەتەوە پەراوێزخـــراوەکان خەباتی بۆ دەکەن. لەباری پێکهاتەییەوە دەنگـــی پیاوانە هەروا هەژموونـــە و ژنان زۆر بەدەگمـــەن دەبن بە ئەندام لـــە حیزبە ئێرانییەکانـــدا و هەروەها لەســـۆنگەی ئـــەو ســـێکۆلاریزمەی ئەوان پێناســـەیان کـــردووە و باوەڕیـــان پێیەتی، سروشـــتییە کە زۆر ڕووکەشـــییانە باس لە مافی پێکهاتە دینییەکان بکـــەن. هەڵبەت مەوداگرتنی ئۆپۆزیســـیۆن لـــە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی ئایدیـــای ئێران، نە مەنتقییە و نە مومکینیشـــە، کەوایە ناچارن ئەجیندای سیاســـەت و ویژمانەکانیان وەهـــا تەکووز و ڕێک بخەن کە لەچوارچێـــوەی «پەنجەرەی ئەڤێرتـــۆن»[1] لا نەدات، چونکـــوو مەنتقی ڕیاڵپۆلیتیک وا دەخوازێت ئۆپۆزیســـیۆن لەو ئاقـــارە کولتوورییـــەدا سیاســـەت بکات کە بـــەلای زۆرینەی خەڵکـــەوە بەهەند گیراوە. کێشەکە لە چیدایە؟

تویژەرانی پۆســـتکۆلۆنیال هۆکارەکە لە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی «ئایدیای ئێران»دا دەبینـــن. ئایدیای ئێران لەســـەر بنەمایەکی ئیتنۆ-شۆڤێنیستیانە دامەزراوە، ئامانجەکەشی سڕینەوە و یەکدەســـتکردنی ئەو پێکهاتانەن کـــە ناتەبـــان لەگـــەڵ مۆدێلـــی ئیتنۆ-زمانیی نەتەوەی باندەســـتکراو و ئەم ئامانجە کولتوورییەش بە سیاســـەتی کۆلۆنالیستیانە جێبەجێ کراوە. فاکتۆرەکانی پیاو، شـــیعە و فارس کە پێکهێنـــەرە بنچینەییەکانی وەها ئایدیایەکن، دەکرێت وەک عەســـەبیەتەکەی ئیبنـــی خەلـــدوون ڕەچـــاوی بکەیـــن، واتە شانســـی گەیشـــتن بە دەســـەڵات، بەســـراوەتەوە بـــە چـــالاک کردنـــی ئەو فاکتۆرانە لە برگە هەســـتیارە مێژوونییەکاندا. کەوایـــە ئـــەم فاکتۆرانە هـــەم دەرفەتن و هەم دەســـکەوتن بۆ ئەو کـــەس و لایەنە سیاســـییانەی کە بەتەمای دەســـەڵاتێکی ڕەهان لـــە ئێرانـــدا. بۆ نموونە لـــە دۆخە هەســـتیار و دەرفەتە ناوازەکاندا، کاتێ پرسی نەتەوە پەراوێزخراوەکان دێتـــە ڕۆژەڤەوە، بە شێوەی عەســـەبیەتەکەی ئیبنی خەلدوون، هێز بەبەر ئەم فاکتۆرانـــەدا دەکرێتەوە و مەیدان بۆ مانۆڕی باڵە سیاســـییە ئێرانگەرا، دینی-نەتەوەیـــی، تەنانەت چـــەپ و لیبەراڵەکان خۆش دەکات. هەڵوێســـتی ئۆپۆزیســـیۆن، ئاکادیمیســـیەن، ئیلیتی لیبراڵ و دیمۆکراتی ئێرانـــی، لەهەمبـــەر یەکپارچەیـــی ئێران، پرســـی فرەنەتەوەبوونی ئێـــران، خوێندن بە زمانی دایـــک و تەنانـــەت هەڵپەڕین و

شایی پێکهاته بندەستەکانیش لە نەورۆزدا، بەشێکن لەو نموونانە. ئەم عەسەبیەتە یەک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئایدیای ئێرانیشە و هۆکارەکەش ئەوەیە کە ناتوانێ ببێت بە عەسەبیەتێکی گشتگیر، چونکوو زۆرینەی حەشیمەتی نێو جوگرافیای ئێران شموولی وەها عەسەبیەتێک نابن. ئەم کەلێنە کولتوریە، زەحمەتە بە ڕوانگەیەکی کلیشەیی یا ئاماژەدانێکی تەعاروفی پڕ بکرێتەوە چونکوو زامە نەتەوەییەکان لە ئێراندا زۆر لەوە قوواڵترە کە گێڕانەوەیەکی ڕووکەشیانە هەتوانی بکات. ڕەنگە سیستەمە ڕەخنەسازییەکەی کانت لەمەڕ «هزری پەتی»، بەرچاوڕوونیەکی باشترمان پێببدا تاوەکوو لەم کەلێنە دیئانتۆلۆژیکە تێ بگەین: ئایدیای ئێران لای نەتەوەی بندەستکراو پێشمەرجێکی ئەخلاقییە (Noumenon)، بەڵام ئەم پێشمەرجە ئەخلاقییە لای نەتەوە پەراوێزخراوەکاندا جوگرافیای بندەستی و تاقیکردنەوەی چەوساندنەوەیە (Phenonenon).

ئایدیای ئێران بە شێوەیەکی مێژوویی هەم وەک پلاتفۆرمی سەرکوت کاری کردووە و هەم وەک ڕێژیمی حەقیقەت خزمەت بە وێناکردنی ئێرانێک دەکات کە تەنیا نەتەوەی بندەستکراو پێی وەفاداڕە و هەروەها لەسۆنگەی پێشمەرجە ئەخلاقییەکانیشیەوە، خێروبێری بۆ ئەوان پترە. ئەم پێشمەرجە ئەخلاقییە بە درێژایی مێژوو، چارەنووسی سیاسەتکردن لە ئێرانی دیاریی کردووە و هەر لایەنێک بەتەمای دەسەڵات بێت لە ئێران، جا چ ئۆپۆزیسیۆنی دێمۆکرات و لیبراڵ بن و چ پێکهاتەیەکی دینی و کۆنسێرڤاتیف بن، بەبێ وەها پێشمەرجێک و بەبێ وروژاندنی یەک لە عەسەبیەتەکانی پیاو، زمانی فارسی و شیعەخوازی، ئامانجە سیاسییەکانیان نایەتە دی. ئەم ڕوانگە ئانتۆلۆژییە لای نەتەوەی باندەستکراو وەها ئایدیالۆژیزە کراوە کە وەک مەیدانە مێگناتیسیەکەی نێو ڕۆمانی «تروپکەکانی وەنەوزدان»، نووسینی ئەلەکساندێر زینۆڤیڤ وایە و هیچ پێوەندییەکی بە قوتابخانەیەکی هزرییەوە نییە کە بەپێی پارادایم بگۆڕێت، بەڵکوو ئایدیای ئێران وزەیەکی کۆمەڵایەتی-کولتوریی پێک هێناوە. بە واتایەکی دیکە ڕەفتار، زمان و تەنانەت هزرینی یەکبەیەکی ئێرانییەکان، تین لە وەها وزەیەک وەردەگرن، جا با لیبراڵ بن، چەپ بن، پرۆگرێسیڤ بن، ژینگەپارێز بن، فێمێنیزم بن، دادپەروەر بن، چالاکی مافی مرۆڤ و بەگشتی ئەگەر دژی هەرچەشنە چەوساندنەوەیەک بن و هەر ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیان لەسەر مێژووی ئیستبداد هەبێت، گرنگ نییە چونکوو دواجار ئەوە مەیدانە مێگناتیسییەکەیە گشت لایەنەکان بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێتەوە، یار و نەیار بەیەک شاد دەکاتەوە و دەیانگەیەنێتە ئیئتلافێکی عەقڵانی لەمەڕ پلاتفۆرمی سەرکوت. کەوایە سەیر نابێ و نییە کە لە زۆر قۆناغ و برگەی مێژووییدا، پشتکردنی هاوپەیمان و دۆستەکانمان، سەرساممان بکات.

۲-۱ داگیرکردنی وێژمان

ڕێژیمی حەقیقەت کە فۆکۆ پێداگریی لەسەر دەکات، بەهۆی وێژمانەوە دێتە دی. واتە لەڕێگای کۆمەڵێک کردەوەی سیستماتیک و بەهۆی ئەو سووژانە دێتە ئاراوە کە لە گێڕانەوە و دیالۆگە تایبەتەکاندا قسەیان لەسەر دەکەین. هەڵبەت کاری وێژمان هەر ئەوە نییە سووژەیەکی مانایی نۆرمالیزە بکات، بەڵکوو ئامانجەکەی کۆنترۆڵ و ڕاگرتنی ئەو دیسپلینەیە کە وێژمانەکە چوارچێوەی بۆ دیاریی کردووە. بەم چەشنە سیلەی وێژمان

دەبێ ڕووی لە دەسەڵات بێت، دەسەڵات ئەو کورسییەیە کە وێژمان یارمەتیمان دەدات لەسەری دانیشین، بەڵام دەسەڵات هەرچەندە بەهێزیش بێت لەم چارەنووسە تراژیکە ڕزگاری نابێت کە: دەسەڵات لە کوێ بێت، دژبەرەکەشی لەوێندەرە (Foucault 2006). کاتێ قسە لەسەر وێژمان دەکەین، دەبێ ڕوون بکرێتەوە ئەو وێژمانە لە قازانجی کێدایە و هەڕەشە لە بەرژەوەندیی کێ دەکات؟ کەوایە وێژمانەکان نابێ شێوێنکەوتوانە بن، بەڵکوو وەک لنین لەبابەت بزاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاماژەی پێداوە، ئەگەر پلانی بۆ سەروەریی سیاسی نەبێت بە کردەوە لە مەیدانی دوژمنەکەیدا گەمە دەکات، کەوایە گرینگبوونی بزاڤێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە خۆی بۆ داگیرکردنی دەوڵەت ئامادە کردبێت (لنین ١٣٨۴). کاتێ خەڵک لە شەقامەکانی تاران و ئیسفەهان بە دەنگی بەرز ناوی پەهلەوی دەهێنن، لە ڕاستیدا هاوارێ کەسێک ناکەن، بەڵکە خەڵک پەهلەوی وەک «دامەزراوەی دەوڵەت» فام دەکەن کە دەتوانێ جێگرەوەی حکوومەت بێت، بەڵام وێژمانی کۆماریخوازەکان ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوە لەو دۆخەدا دەرباز بێت کە لنین بە شێوێنکەوتوویی (Khvostism) پێناسەی کردووە.

وێژمانەکانیش بەهۆی دژوازییە دەروونی و هاوەڵەکولتووری، ئابووری و جێندەریەکانیەوە ماوەیان بەسەر دەچێت، هۆکارەکەش ڕوونە: نەوەیەکی نوێ لەدایک دەبێت، داڵغەی نوێ دێتە کایەوە و لە ئەنجامدا خەبات بۆ تێپەڕین لە وێژمانی داپڵۆسێنەر دەبێت بە زەروورەت. سروشتییە هەرکام لەو هاوەژانەی ئاماژەم پێدان، هەوڵ بۆ بنیاتنانی ڕێژیمی حەقیقیی خۆیان بدەن، واتە یەکتر دەدۆزنەوە، پرسیار چی دەکەن و بەهۆی دیالۆگی ئازاد، ڕێگە بۆ داهێنانی وێژمانێکی سەردەمیانە خۆش دەکەن. وێژمانی دەسەڵات لە هەمبەر وێژمانە سەردەمیانەکاندا، چارێکی وای نییە مەگەر پشت بە پۆتەنسیەڵە واقەعیەکەی دەسەڵات ببەستێت کە لە پێناسەی ژێنووسیەکەی میشێل فۆکۆ ئاماژەی پێدراوە؛ واتە یا ڕووکاری سەرکوتکەرانە (Repressive)، یا دەبێ ڕووکاری داهێنەرانەی (productive) دەسەڵات بخاتە ڕوو (Lewin 2021). داگیرکردنی وێژمان (discourse capture) یەکێکە لە ڕووکارە داهێنەرەکانی دەسەڵاتی سیاسی، کە بە مەبەستی شێواندن و بەلاڕێدابردنی وێژمانە سەردەمیانەکان چالاک دەکرێت. بۆ نموونە ئیلیتی ڕاستەڕاژۆ، ڕێبەرانی پۆپۆلیست، ناوەندە دینی و بە گشتی ئەو پێکهاتانەی ئینتمای باوکسالاریان هەیە، کەمپەینێک بەناوی سیاستی بادانەوە (Backlash politics) ڕێ دەخەن بەڵکوو نۆرمی کۆن و نۆستالۆژییەکی بونیاتتەوەر بەچاوی خەڵکدا بدەنەوە کە بە بۆچوونی ئەوان، هۆکاری تەناهی و ئارامیی کۆمەڵگا بوون. پرۆژەی پاشاخوازەکان یەک لەو نموونانەیە کە لەڕێگای بووژاندنەوەی نۆستالۆژیای بونیاتتەوەر، خێروبێری سیستەمی پەهلەوی، بە چاوی خەڵکدا دەدەنەوە بەڵکوو پێش لە پەرەسەندنی بزاڤە پرۆگرێسیڤەکان بگرن. سیاستی بادانەوە، بە بۆچوونی «لەوین»، یەک لە میکانیزمە گرینگەکانی داگیرکردنی وێژمانە کە بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت:

- تێکدانی مانای چەمک و وشەکان وەها کە تێرمەکانی نێو وێژمانەکە وەک دژەباو دەرکەون (Resignifying).
- لابڕ لێدان لە نێوەڕۆک و پەیامە

سەرەکییەکانی ویژمانەکە و هەروەها بە لێدانی مۆرکی ئایدیالۆژیک، ویژمانە پڕۆگرێسیڤەکان وەک هەڕەشە یاکوو تەمای دەسەلاتخوازانە بناسێنن (Shifting).

- لەڕێگای زمانسازییەوە، بادانەوە وەک سیاسەتێکی مۆدێرن دەخەنە ڕوو (Mimicry/appropriation).
- دواجار؛ شێواندنی بنەما هزرییەکانی ویژمانە (Twisting/repurposing) بەڵکوو بزاڤە پڕۆگرێسیڤەکان تووشی وەهم و دووبەرەکی بکەن (Lewin 2021).

ئەگەر ئەم شیکارییە لە فێمێنیستەکان بە قەرز وەرگرین و لەگەڵ دۆخی سیاسەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەتایبەت فەزای سیاسی لە ئێرانی پێ هەڵسەنگێنین، چیمان بیر دێنێتەوە؟ ئەم میکانیزمە نەک بۆ ئێمە ئاشنایە بەڵکە لەگەڵیدا دەژین: پاشەکشەی بە هێزە سیاسییەکان کردووە، بزاڤەکانی شکست داوە، زیندانەکانی پێ پڕ کردووەتەوە و دەیان هەزار گیانی شیرین بەهۆی وەها سیاسەتێک قڕ کراون و کەسیش دەربەست نییە. لەبیرمانە ئێلیتی ڕانتخواز، باڵەکانی ئیسلاحەتەڵەب کە دەستیان بە میدیا فارسی زمانەکانی دەرەوە و نێوخۆی ئێران ڕادەگەیشت، چۆن سوار شەپۆلی ویژمانە پێشکەوتووەکان دەبوون. مانا و چەمکی ویژمانەکانیان لەبن بەرداشی هێرمنۆتیکدا وەها دەهاری و هێندەیان دووپات دەکردەوە کە لەگەڵ مانای ڕاستەقینە و پارادایمە عەینییەکەی خۆی نامۆ ببێت و دواجار دەیانخستە خزمەت ئامانجە ئایدیالۆژیکەکانی خۆیان بەڵکوو خەڵک وا تێ بگەن کە گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڕێوەیە. بەڵام ئەزموون بیرمان دەهێنێتەوە کە هەوڵەکانی ئێلیت بۆ ئەوە بوو حکوومەت چەکی سەرکوتکردنی پێ چەور بکات و بەناوی «مردمسالاری»، «مافی ڕادەربڕین»، «مافی ژن»، «داد»، «مافی مرۆڤ»، «ئازادی» و هتد، پرسی ژنان، بزاڤە دادخوازەکان، حورمەتی ئازادی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئەو بزووتنەوانەدا بچێتەوە کە داهێنەری ئەو دروشمانەن و خەونیان بە گۆڕانێکی بنچینەییەوە دەبینی. هەڵبەت لەم سۆنگەیەوە بلووکە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمیش دەستێکی باڵایان لە داگیرکردن و شێواندنی ویژمانە پێشکەوتووەکان هەبوو، بۆ نموونە ویژمانی ژن، ژیان، ئازدی لە ساڵی ۱۴۰۱دا.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە، تیۆریی داگیرکردنی ویژمان چۆن لەگەڵ فەزای سیاسیی ئێران تەتبیق دەکرێت کاتێ سەرنج بەو ئامارانە بدەین کە باس لە مەودای نێوان ویژمانی ڕێژیم و داخوازییەکانی شەقام دەدەن؟ لەڕاستیدا زەروور بوونی داگیرکردنی ویژمان لەو بڕگانەدا دەردەکەوێت کە ئامارەکان هەڕەشە لە مەشرووعیەتی ڕێژیمە سیاسییەکان دەکەن و ئەگەر ویژمان یا گێڕانەوەیەکی سەردەمیانە لە فەزادا هەژمۆن ببێت، ئەوە شانسی گواستنەوەی ژمارە پاسیڤەکانی ئامار بۆ جەستەی واقعی و کردەی مەیدانی دەباتە سەر. کەوایە سروشتییە ڕێژیم لەو بڕگانەدا مشوور لە مەشروعییەتە لاوازەکەی بخوات و بەهۆی سیاستی ڕانتینێر، ئەو بەشە لە ئێلیتی ڕانتخواز چالاک بکات کە بە ڕواڵەت ئۆبژەکتیڤ و بێلایەن ناسراون و لە سۆنگەی مێتۆدۆلۆژی ڕەخنەییەوە، کار لەسەر شێواندنی بنەما تیۆرییەکانی ویژمانە مۆدێرنەکان بکەن تاوەکوو وەهماوی دەرکەون و بەم

چەشـــنە لەکاتە هەســـتیارەکاندا و بەهۆی جەمسەرســـازییەوە، ببن بە سازی ناساز بۆ دووبەرەکی‌نانـــەوە. ڕێگەم بدەن وەک نموونە ئاماژە بە «داگیرکردنـــی ئیلیت» و هەروەها کارکـــردی «زمانـــی بنیاتنـــراو» بکەم کە دەتوانن تەواوکەری پڕۆســـەی داگیرکردنی وێژمان بن.

٢-١-١ داگیرکردنی ئیلیت

داگیرکردنـــی ئیلیـــت (Elite Capture) پڕۆژەیەکـــی کۆلۆنالیســـتییانەیە کـــە لەلایـــەن «ئولۆفێمـــی تایەو» فیلســـووفی ئەمریکی-ئەفریقایـــی، لەبابـــەت کۆمەڵگا پۆســـتکۆلۆنییەکاندا تیشـــکی خراوەتـــە ســـەر. پڕۆژەی داگیرکردنـــی وێژمان لەم گۆشـــەنیگایەوە بە هەمـــان ڕێچکەی لێوین بـــەڵام، لـــە ڕێـــگای داگیر کردنـــی ئەو ئیلیتانەوە جێبەجێ دەکرێـــت کە بۆخۆیان بەشـــێکن لە کێشـــەکە و لـــە ئەنجامدا ئەرکـــی شـــێواندنی وێژمان و ســـڕکردنی بزاڤـــەکان دەکەوێتە ئەســـتۆیان. بۆنموونە تێرمی مەعریفەناسی ســـۆنگە (Epistemology Standpoint) بـــە بنەمـــا دەگرن کە تیۆرییەکی فێمینیســـتییە لەمەڕ ئاپارتایدی زانســـت. واتە زانســـت بەپێـــی جێندێر و ســـۆنگەی کۆمەڵایەتیی ئیلیت بەرهەم دێت، کەوایـــە هیچ ئیلیتێک ناتوانێـــت بە ڕادەی ئیلیتی کەمینە و پێکهاتـــە پەراوێزخراوەکان لە ســـتروکتور و کارکردی بێدادی، تێ بگەن چونکوو چەوســـاندنەوە و هەڵاواردن بەشێکە لە ژیانی عەینـــی و ئەزموونکراوی ئەوان. هەر ئەم پێناسەیە بەســـتە بۆ دەسەڵات تاوەکوو ئیلیتی پێکهاتە پەراوێزخـــراوەکان هاوبەش بکەن لە پـــڕۆژەی داگیرکردنـــی وێژمانەکان و هەروەهـــا دامرکاندنەوەی بزاڤـــە مافخواز، ناســـنامەخواز و دادخوازەکانـــدا (Táíwò, 2022) بۆنموونە هەڵبژاردنی پزیشـــکیان بۆ ســـەرۆککۆماریی ئێـــران و هەروەها پڕۆژەی «جۆرج تاون» لە شۆڕشـــی ژینـــادا یەک لە بەڵگە ســـەلمێنەرەکانی وەهـــا پڕۆژەیەکن.

کێ ئـــەو مافە بە ئیلیتـــی داگیرکراو دەدات کە ببێت بە دەمڕاســـتی ژێردەســـتەکان؟ تایەمو باس لـــە نۆرمێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە لەتوێی زمانێکی بنیاتنراودا جومگەبەندی کراوە بە ناوی «سیاســـەتی ڕێـــز لێگرتن» (Deference Politics). کاریزمای سیاســـی، ئاکادێمیســـت، کارنـــاس و شـــڕۆڤەکارانی پرسی بندەســـتی، بەهۆی پێگەی زانستی، سیاسی و ئایینییەکانیانەوە لای خەڵک وەک سەرمایەی کۆمەڵایەتی ســـەیر دەکرێن. ئەم ئیمتیازە کۆمەڵایەتییانە ڕێگە بۆ دەســـەڵاتی باندەســـت خـــۆش دەکات تاوەکـــوو بەنێو ئیلیتی کەمینـــە پەراوێزخراوەکاندا بگەڕێت و کام ئیلیت ســـووکەماملەتر بێت، ئەو دەکات بە دەمڕاســـتی کەمینەکان. پاساوەکەشیان ئەوەیـــە کـــە ســـەرمایە کۆمەڵایەتییەکان باشـــتر دەتوانن نوێنەرایەتی ماف و داواکانی کەمینەکـــراوەکان و پەراوێزخراوەکان بکەن. وەها نۆرمێکی کۆمەڵایەتی کێشەســـازکەر نییە و لە ڕاســـتیدا ئیلیتەکان باشتر دەتوانن نوێنەرایەتییان بکەن، بەڵام کێشـــەکە لەوێڕا دەســـت پێدەکات کە دەســـەڵات درگای ژووڕەکە (privilege The Room) بەســـەر کام ئیلیتـــدا دەکاتەوە بۆ ئـــەوەی بڕیاری چارەنووســـاز دەربچێـــت. بەم چەشـــنە ژووڕەکە بەســـەر ئەو خەڵکـــەدا دادەخرێت کە نوێنەرایەتیـــی ڕاســـتەقینە و عەینیی بزاڤـــەکان دەکەن و دەمێنێتەوە دەســـەڵات و ئیلیتی ســـووکەماملە. بـــە بۆچوونی تایەمو لـــەو ژووڕە داخراوانەدایـــە کە سیاســـەتی ناسنامەخوازی چەواشـــە دەکەن، وێژمانەکان ســـووکوچرووک دەکـــەن، و بەگوێـــرەی قســـەکەی فرانتـــس فانون: «وشـــیاریی نەتەوەیی، کە دەبوایە ڕەنگدانەوەی گشـــت

ڕەهەندەکانی هیوا و ئامانجە ڕاستەقینەکانی گەل بێت، سووکوچرووکی دەکەن و وەک کەوایەکی شڕ دەیکەن بە بەری نەتەوەدا.» (Táíwò, 2022, p. 16-17).

لەم ساڵانەدا بۆ گشت لایەک دەرکەوت کە بەشێکی بەرچاو لە ئێلیت کە لە میدیا فەرمی و نافەرمییەکاندا بەناوی فێمێنیست، چەپ، لیبڕاڵ و تەنانەت ئەو ئێلیتە کوردانەی پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانیان دەخستە ڕۆژەڤەوە و بەڕواڵەت پرسیاریان لەسەر سیاستە فەرمییەکانی ڕێژیم ساز دەکرد، دەستێکی باڵایان لە بەرهەمهێنانەوەی وێژمانی دژە گۆڕاندا هەبوو. بۆیە سەیر نییە لە ماوەی ئەو ساڵانەیدا کە ڕێژیم تووشی قەیرانی مەشرووعیەت دەبوو، ئێلیتی ئێرانی بە دەنگ و ڕوخساری جیاوازەوە و بۆ ماوەیەکی کاتی، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبوون بە بڕەند و دەوای ماوەیەکی دیکە وەها بزر دەبوون کە خەڵک لەبیریشیان دەچووەوە ئەم ئاکادیمیسیەنانە ڕۆژانێک ببوون بە دەمڕاستیان، گۆمەکەیان کەمێ شەڵەقاند و هەنووکە کەس سۆراغیان نازانێت و دیار نییە چییان بەچی کرد.

۲-۱-۲ زمانی بنیاتننراو

لە سەرەتای حەفتاکانەدا هەوڵێکی چڕ بۆ داگیرکردنی وێژمان لە فەزای سیاسیی ئێراندا هاتە ئاراوە کە بە میکانیزمی «زمانی بنیاتننراو» (Constructed lan-guage) جێبەجێ دەکرا. لەم سۆنگەوە جومگەبەندییە زمانییەکان، بەڵگەنەویستانە خۆیان دەنواند چوونکە لە سۆنگەیەکی مەعریفەناسیانەوە دەهاتن. جومگەبەندییەکان هیچ پێوەندییەکیان بە وێژمانێکی دیاریکراو و هیچ سەردەم و پارادایمێکەوە نەبوو، بەڵکە تەنیا بەرهەمی لابراتۆری ئێلیتی ڕانتخواز و ئێلیتی داگیرکراو بوو کە بەناوی ڕێفۆرمیست، لیبڕالیست، فێمێنیست، دادخواز و... دەرخواردی پێکهاتە ناڕازییەکانی ئێران دەدرا. هەڵبەت وشەکان لەباری سێمەنتیکەوە مانای خۆیان هەیە بەڵام بەهۆی داڕشتنی جیاواز، بەپێی ئەو هەلومەرجەی وشەکانی تێدا نۆژەن دەکرایەوە و لەبەر لێکدانەوەی ناتەبا، چەمک و وشەکان وەک دالێکی دەم ئاو (Floating Signifier) دەردەکەوتن کە مەدلوولێکی ڕوون و جێگیریان نەبوو و هەموو کەس و لایەنێک دەیتوانی ئەو چەمکانە بۆلای خۆیان ڕاکێشن (Chandler, 2007, p. 35). بەم چەشنە دالە بێ مەدلوولەکان وەها ڕێژەیی دەردەکەوتن کە وەک زمانێکی نوێ و ڕاڤەیەکی هاوچەرخ فام بکرێت کە خەڵکی ئاسایی بۆ ماوەیەکی زۆر سەرسامی گیرایی وەها سەرخۆشییەکی وێژەیی بکات و دەلاقەی پرۆبلێماتیزەکردن و لێکدانەوە بەسەر ئەو جومگەبەندییە زمانیانە دابخەن. دیارە ئامانجی ئەم بەشە لە وتارەکە ئەوە نییە هەڵبوونی جومگەبەندییە زمانییەکانی ئەو قۆناغە لە مێژووی ئێران بسەلمێنێت کە لەلایەن کارناسانی زمانەوە زۆرجار سەلمێندراون، بەڵکە مەبەست لە نواندنەوەی ئەو شتەیە کە فۆکۆ بە «شەڕی حەقیقەتەکان» ناوی دەبات. واتە ڕەچەڵەکناسیی لەمەڕ بۆچوونێکی ئانتۆلۆژیک سەبارەت بە نێوەڕۆکی زمان کە وەک دیاردە مێژوویییەکان ڕووکردێکی نۆمینالیستانەیان هەیە و هیچ تایبەتمەندییەکی زاتگەرایانەیان تێدا بەدی ناکرێت (Foucault, 2006).

پێشبڕکێی زرەتێرم و چەمکسازییەکان لەم سەردەمەدا بە ڕادەیەک زۆر بوون کە کەس لە فریای شیکارییەکی ڕەخنەگرانە نەدەهات و دژبەرانی ڕێژیمیش هەر لە

فریای ئەوە دەکەوتن سەرەداوی یەک لەو زرەتێرمانە بگرن بەدەستەوە بەڵکوو لە کۆمەڵگای مەدەنی دانەبڕێن. ئەم چەمکسازییانە کە سەرچاوەکەی ناوەندە ئاکادیمییەکانی ئێران، واتە یەک لە گرینگترین ئاپاراتووسەکانی دەسەڵات بوو، بە پرۆژەیەکی ڕانتی دەچووە پێش بەڵکوو لەڕێگای زمانی بنیاتنراوەوە ئەو وێژمانە پرۆگرێسیڤانە داگیر بکەن کە شانسی هەژمۆنبوونیان بەرز بوو. لەم سەردەمەوە گۆڕانێکی بنچینەیی لە تێرم و چەمکەکاندا بەدی دەکرێت کە هەموومانی چەواشە کرد و تەنانەت دەستی ئەو حیزبانەشی لە پشتەوە بەست کە بیریان لە گێڕانەوەیەکی گشتگیر دەکردەوە. بەشێک لەو چەمکانە بۆ نموونە خەباتی مەدەنی (ڕێفۆرمیست) کە بە کۆنتراستێکی تۆخەوە لەهەمبەر خەباتی شۆڕشگێڕانەدا (کانفۆرمیست) دادەندرا، هەروەها چەمکی تاکباوەڕی (Individualism) کە بەپێچەوانەی ڕوانگە لیبرالیستییەکەی، بە خۆ-ویستنێکی بێتام پاراو و تەکووز کرابوون بەڵکوو ویستی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و کاری هەرەوەزی (Communitarianism) لەبار ببەن. ئامانجی وەها داهێنانێک لەڕاستیدا کەمنرخ کردنی چەمکی ئینقلاب و خەباتی ڕێکخراوەیی بوو کە بنەماییترین و دیالیکتیکیترین پاڵنەری سیاسین بۆ گۆڕانی بنچینەیی لە کۆمەڵگادا. لەم سەردەمەوە شەرمکردن لە ئینقلاب بە ڕادەیەک جێگیر ببوو کە حیزبە چەپە ئێرانییەکانیش نکۆڵییان لە کردەوەی شۆڕشگێرانە دەکرد و تەنانەت بە گژیشیدا دەچوونەوە! لەوە قەباحەتتر دوورەپەرێزی کردن لە حیزبایەتی بوو، وەها کە ئەندامبوون لە حیزبێکی سیاسی، نەک بە هەند نەدەگیرا بەڵکە ڕێکخستنی سیاسی وەک دیاردەیەکی نەریتی دەهاتە ئەژمار کە لە مۆدێرنیتە دوا کەوتووە! ئەم ڕەوەندە وەها کارتێکەر بوو لەسەر حیزبەکان کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆر بەزەحمەت دەتوانین حیزبە سیاسییەکان لە یانەیەکی ڕۆشنبیری، تەڤگەرێکی دژ بە تۆندوتیژی، دامەزراوەیەکی مافی مرۆڤ و تەنانەت ژینگەپارێزانیش جیا بکەینەوە.

دەفری زرەزمان و داهێنانی چەمکی شاعیرانە، هەروا تێرمی نوێی لێ دەرژێت و هەنووکە لە فازی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی و دیالۆگی ژیوارەکانەوە (گفتگوی تمدنها) بەرەو داهێنانی تێرمی «براندازیخواهی»، «تحول خواهی»، «گذارطلبی»، «استمرارخواهی»، «قومگرایی»، «ایرانگرایی» و هتد هەنگاوی ناوە. بەڵام، ئەو تێرم و چەمکەی کە بەتەما نین داهێنانی نوێی بۆ بکەن، دالێکی کۆلۆنیالیستییە کە لە سەردەمی پەهلەوییەوە تا بەئەمڕۆ لە چوارچێوەی چەمکێکدا کۆنسێرڤایت کراوە بەناوی «تەجزیەتەڵبی» و وادیارە هەتا ئێران بەم نەخشە سیاسییەوە بمێنێ و ڕوانگەی کۆلۆنیالیستی بەهێز بێت، ئەم دالە کۆلۆنیالیستییە قەت ناگۆڕێت. بەهەرحاڵ، پرۆژەی داگیرکردنی وێژمان و هەوڵی زمانسازی، کاری بۆ ئەوە نەدەکرد کە کۆمەڵگەی ئێران بەرەو گۆڕان دەرباز بکات، بەڵکوو پرۆژەکە بۆ ئەم مەبەستە کەوتە گەڕ کە ئێرانییەکان هیچ نەگۆڕن و شەڕەکە بخەنە نێو مەیدانی ئۆپۆزیسیۆنی بێ کردەوە و تەنانەت حیزبە کوردستانییەکانیش، وەها کە چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن تا ئاستی وێژمانی ئێلیتی ڕانتخواز دابەزێت و بیستەلمێنن کامەیان مەدەنی و کام لایەن نامەدەنییە، کامەیان مۆدێرن و کام لایەن کلاسیکە، کێ گرژە و کێ دژی تۆندوتیژییە و بەگشتی، مەشروعیەتی سیاسیی خۆیان بە تێرمۆساتێکی سانتیمێنتاڵیستانە دیاری دەکرد کە لەدەستی ئێلیتی ڕانتخوازدایە.

وەک دریـــدا دەیکـــوت: لە شـــەڕی نێوان «حەقیقەت» و «چەواشـــەکاری»دا، ئەو شتەی ســـەری تێداچوو؛ «مەنتـــق» بوو.

٣-٢ شێواندنی هیوا

ئەمانـــەی بـــاس کـــران ڕەهەنـــدی ئەگزیۆماتیکی زمان-ئامێـــری بوون لەپێناو داگیرکردنی وێژماندا، بـــەڵام گرینگ ئەوەیە چۆن ئـــەم پرۆژەیە پرۆجێکـــت دەکرێتەوە تاوەکـــوو هیوای گـــۆڕان داگیـــر بکەن؟ لەوانەیـــە وڵامـــی ئەم پرســـیارە پێوەندیی بە ڕســـکاندن و پێناســـەکردنەوەی چەمکی ئۆپۆزیســـیۆن هەبێت کە لە کۆتایی ساڵانی حەفتـــای هەتاوی و لەنێو فەزای سیاســـیی ئێراندا پەرەی ســـەند. واتە: «ئۆپۆزیســـیۆن پێکهاتەیەکـــی ڕێکخراوەییە کـــە لەبارێ ڕێکخســـتن و تەنانەت وێژمانیشدا، دەبێ لەو ئاســـتەدا بێت کە خەڵک وەک ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات بیســـەلمێنن!». ئەم پێناسەیە زۆر مەنتقـــی دیارە و وابزانـــم ڕەخنەیەکی ئەوتۆ لەمـــەڕ نێوەڕۆکی وەهـــا گوزارەیەکدا نایەتە گۆڕێ، بەڵام پرســـیاری ئەم وتارە پێوەندیی بـــە کاتمەندبوونی گوزارەکـــەوە هەیە، واتە بۆچی تێرمی ئۆپۆزیســـیۆن بەم پێناســـە مەنتقییەوە، لە ســـاڵانی حەفتای هەتاوییەوە گشـــتگیر دەبێت و هەروەها لەبەرچی وەها پێداگریی لەســـەر ڕەهەندی «ڕێکخستن» و «وێژمانســـازی» کراوە؟

ڕێگـــەم بدەن ســـەرەتا و زۆر بە کورتی، بۆچوونـــی «جاناتـــەن شـــۆتس» لەمـــەڕ ڕەچەڵەکناســـیی چەمکی ئۆپۆزیســـیۆن بە بنەمـــا بگرم و بزانین ســـەرەتا ئـــەم تێرمە چۆن هاتـــە نێـــو ئەدەبیاتی سیاســـی و ئێســـتا چـــۆن دەکار دەکرێـــت. ڕەگـــی ئۆپۆزیســـیۆنیش وەک زۆربـــەی تێرمـــە سیاســـییەکان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتین (Oppositionem). ئەم وشـــەیە ســـەرەتا لە زانســـتی ئەستێرەناســـیدا دەکار کراوە، کاتێ هەســـارەکان لەهەمبـــەر یەک قوت دەبوونەوە. لە ســـەدەی چواردەیەمی زایینیدا ئـــەم تێرمە دێتـــە نێو زانســـتی مەنتق و بەمانـــای هاوڕێبوونی دوو یـــا چەند ئایدیا لێک دراوەتـــەوە. لە کۆتاییەکانی ســـەدەی حەڤدەهەمدا، ئۆپۆزیســـیۆن وەک بوختان و تاوانێکـــی ئەمنیەتی ڕەچاو دەکـــرا لە دژی ئەو کەســـانەی پێملی بڕیارەکانی کلیســـا و حکوومـــەت نەدەبوون. یەکـــەم دەرکەوتەی سیاســـییانەی ئۆپۆزیسیۆن کە تایبەتمەندیی دامەزراوەیەکی سیاســـی هەبێـــت، لەگەڵ گەشـــەکردنی پارلێمانتاریزم و لە ســـەدەی هەژدەهەمدا بەناوی ئۆپۆزیســـیۆنی ئەمەگدار (Loyal Opposition) هاتـــە ڕۆژەڤـــەوە. واتە ئـــەو کۆتەڵانەی نێـــو پارلمانی بریتانیا کـــە دژ بە سیاســـەت و بەرنامەکانی حیزبی دەســـەڵاتدار بـــوون، بـــەڵام وەفاداربوونی خۆیان بۆ شـــا و یاســـای بنچینەیی بریتانیا دەســـەلماند. گۆڕان لـــە نێوەڕۆکی تێرمی سیاســـییانەی ئۆپۆزســـیۆن لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەهەمەوە دەســـت پێدەکات، واتە لەو ســـەردەمەدا کە ئۆپۆزیســـیۆن لە پارلمان دەتۆرێت و شـــەقام دەکاتە مەیدانی خەباتەکەی، بۆ نموونـــە بزاڤە کرێکارییەکان، بزاڤە ڕزگاریخـــوازەکان و بزاڤی خوێندکاران لـــە ١٩٦٨. بـــەم چەشـــنە چەمکـــی سیاسییانەی ئۆپۆزیســـیۆن لە «ئەمەگدار»ەوە بـــۆ «کۆنترۆڵکـــراو» و دواتـــر «بەرگریکار» گـــۆڕاوە و ئەم شـــیفتلێدانە، لە ڕاســـتیدا بەهۆی کزبوونی سیســـتەمی پارلمانتاریزم و بەرزبوونـــەوەی ڕێژەی حکوومەتە ئەوتۆریتار و پاتریمۆنالیســـتەکان لە جیهاندا هاتە ئاراوە. سروشتییە پێکهاتەی حکوومەتەکان، فۆرم و نێوەڕۆکی ئۆپۆزیسیۆنەکانیشیان دیاری بکەن، بۆ نموونە لـــە حکوومەتـــە پارلمانییەکان ئۆپۆزیســـیۆن ڕۆڵـــی چاودێـــری کردنی دەســـەڵاتیان هەیە، لە باری ڕووکردیشـــەوە

ڕێفۆرمیستن و وەک حکوومەتی سێیەم سەلماون کە لە دەرفەتێکی دیمۆکراتیکدا دەتوانن حکوومەت بە دەستەوە بگرن. بەشێک لە سیستەمە ئەوتۆکرات و کۆنسێرڤاتیڤەکان، مەجال بە بوونی ئۆپۆزیسیۆن دەدەن، بەڵام زۆر بە چڕی کۆنترۆڵیان دەکەن بەڵکوو نەچنە فازی ئینقلابییەوە (Controlled Opposition). بەڵام لە یاسای بنچینەیی حکوومەتە دیکتاتۆری و توتالیتێرەکاندا، پێشبینی بۆ هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نەکراوە. هەر بەم هۆیە دژبەرانی سیستەم بە نهێنی و لە هێندێ نموونەدا بە هۆی شەڕی پارتیزانییەوە ڕۆڵی ڕزگاریدەریان هەبوو. ئۆپۆزیسیۆنی بەرگریکار بە پێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەمەگدار و کۆنترۆڵکراو، پۆتەنسیەڵی ڕێکخستنیان هەبوو، بە هۆی سەمپاتیی بەشێک لە ڕای گشتی؛ لە خۆیان ڕادەبینی خەڵک بۆ ڕاپەڕین و مانگرتن ڕێک بخەن و وەک ئەڵتەرناتیڤی دەستەڵات دەهاتنە ئەژمار. بەدوای نەمانی بلۆکی سووسیالیستی لە ئەوروپا و لە سایەسەری دیمۆکراسیدا، بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی بەرگریکار، بە پارلمان شاد بوونەوە و هەنووکە ڕۆڵێکی گرینگیان لەمەڕ بووژاندنەوە و پتەوکردنی دیمۆکراسی هەیە (Schwartz, 2016).

پرۆسەی هێنان و ڕسکاندنی «ئۆپۆزیسیۆن»، دەیتوانی لە ئێرانیشدا وەها کرۆنیکاڵ بچێتە پێش کە جاناتان شووتس تۆڕێنەوەی بۆ کردووە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی مێژوویی و لەو ناوچانەی لەژێر سێریمەی دینی زەردەشتیدا بوون، «دین» دەبێت بە ئایدیالۆژیی دەوڵەت کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکانەوە (سااڵی ۳۳۰ پێش زایین) فۆرماسیۆنی حکومەتداریی لەو دەقەرەدا دیاریی کردووە. هەڵبەت نکۆڵی لەوە ناکرێت کە سیاسەت، بە بۆچوونی کارڵ ئیشمیت، مۆدێلێکی سێکۆلارکراوی دینە، بەڵام لێرەدا قسە لەسەر بەپیرۆزکردنی دەوڵەتە. ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە دەرەوەی تێکستی مەسیحیەتدا پاساویان بۆ پیرۆزکردنی دەوڵەت دەهێنایەوە، لە ڕۆژهەاڵتی ناڤین و تەنانەت پێش دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی مێدیا؛ پیرۆزکردنی دەوڵەت لە هەناوی تێکستی زەردشتیدا دوگمکراو بوو. کەوایە ئێلێمانەکانی ئیلاهیاتی سیاسی، لە سەرەتاوە لە دینی زەردەشتیدا بەهێز بووە و سنووردێکی بۆ جیاکردنەوەی «سیاسەت» لە «قەداسەت» لەبەرچاو نەگرتووە. بۆ نموونە چەمکی «ڕاستی»، «تیشک» و «فەرەی ئیزەدی» کە نموونەی ئاوێتەبوونی حەقیقەتی ئیلاهی، حەقیقەتی کۆسمۆلۆژی و حەقیقەتی ئەخلاقی بوون و لە تێرمێکی دینی بەناوی «ئەشە» (سیستەمی قودسی و ئەخلاقی) جومگەبەندی کراوە کە بە شێوەیەکی دیسکۆرسیڤانە مانا و نرخی پاکژبوونی دەوڵەتیان دەچەسپاند (Lincoln 2014)؛ بەڵام لە ڕۆژئاوا دەوڵەت لەسەر بنەما فەلسەفییەکانی «لۆگوس» (سیستەمی عەقڵانی و فەلسەفی)، «دیموس» و «ئێتوس» دامەزراوە کە لەباری مەعریفەناسیی سیاسییەوە زۆر جیاوازە. وابزانم جیاوازییەکە لەم فۆرمولە سادەیەدا باشتر ڕوون ببێتەوە: ڕاستە کلیسا لەهەمبەر ئەرکی پاراستن و پەرەدان بە جیهانی مەسیحیەت، مەشرووعیەتی بە پاشاکانی ڕۆژئاوا دەدا، بەڵام لە سەدەی ڕۆشەنگەری و پاش لاوازبوونی مەرجەعیەتی کلیسای ڕۆم، دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما فەلسەفییەکانی لۆگوس. بەڵام پاشاکانی فەلاتی ئێران، پارێزەری دین نەبوون بەڵکوو ئیماژی ئەهووڕا مەزدا بوون. کەوایە دەبوایە دەوڵەت لەگەڵ سیستەمی ئەخلاقی و سیستەمی ئیلاهیدا هەماهەنگ بێت بەڵکوو نەزمی کۆسمۆس نەشێوێت.

دوژمنەکانی پاشا لەم ســـۆنگەیەوە، دوژمنی سیستمی ئیلاهی، سیســـتمی کۆسمۆس و بنەمـــا پێکهێنەرەکانی ئـــەخلاق بە ئەژمار دەهاتن. کەواتە پاشـــا وەک بریکاری ئەهوورا مـــەزدا، دەبوایـــە جیهان (کوســـمۆس) لە درۆ (دژە-ئـــەخلاق) و ئاژاوە (دوژمنی شـــا) ڕزگار بـــکات (ibid). سیاســـەت لە فەلاتی ئێران و لـــە غیابی نەریتێکی فەلســـەفیدا، شانســـێکی ئەوتـــۆی نەبـــووە کـــە لە چارەنووســـی دین دەرباز بێت، بۆیە بەدوای هاتنی ئیسلامیشدا سیســـتەمی قودسی و ئەخلاقیـــی دەوڵەت نـــۆژەن دەکرێتەوە. بۆ نموونە سەفەوییەکان لەســـەر بنەمای وەها ئارکیتایپێک، ئایینزای شـــیعەیان بە فەرمی کرد؛ وەها کە پاشـــاکانی ســـەفەوی وەک سەردەمی هەخامەنشـــییەکان ژێدەری دین و دنیا بن. ئـــەم ئارکیتایپە هەتـــا قاجارەکان، پاشـــایەتیی پەهلەوی و دواجار لە بەستێنە واقەعییەکەی خـــۆی کە ئینقلابی ئیسلامیی ئێرانـــە؛ ڕەچاو کـــراوە. هەڵبـــەت هێندێ گۆڕانکاریی لـــە چەمکەکاندا هاتوونەتە گۆڕێ کـــە هەنووکە لە وێژمانی شـــیعەدا بە هەند دەگیرێـــن، بۆ نموونە پاشـــای دینی، دادی عەلی، وەلایـــەت و شـــەرعییەت کە وێکڕا پێوەندییـــان بە قودســـیەتی حوکمڕانییەوە هەیە (Tabaar 2018).

هەبوونی ئۆپۆزیســـیۆن لە سیستمێکدا کە شـــا و ڕێبەرەکانی دەمڕاست و بریکاری خوا بن لەســـەر عەرز، پاســـاوەهەڵگر نابێت. کەوایە دانان بە ئۆپۆزیســـیۆن لەوانەیە وەها لێـــک بدرێتەوە کـــە ڕێژیمەکانـــی ئێران، دژبەرەکانیـــان بەفەرمی ســـەلماندووە و لە ئەنجامدا سیســـتەمە سیاســـی، ئیلاهی و ئەخلاقییەکان و تەنانەت کۆســـمۆس تووشی بشـــێوی دەبێت. بەداخەوە لـــەم زەمینەیەدا لێکۆڵینەوەیەکـــی ئەوتۆ لەمـــەڕ کارکرد و نیۆەڕۆکی ئۆپۆزیســـیۆن لە میژووی سیاسیی ئێرانـــدا نادۆزینەوە کە ئەم وتارە پشـــتی پێ قاییم بکات، ئەوەی کـــە هەیە؛ لە نێوئاخنی بەشـــێک لە کتێبـــەکان لەمـــەڕ میژووی سیاســـیی ئێران و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی- ئەویش زۆر بە هەڵکـــەوت- دژبەرانی ڕێژیمە سیاســـییەکانی ئێران وەک ئۆپۆزیسیۆن ناو دەبـــەن یا دژبـــەران ئەم مافە بـــە خۆیان دەدەن کـــە وەک ئۆپۆزیســـیۆنی بەرگریکار خۆ بناســـێنن بەبێ ئەوەی بیســـەلمێنن کە ئـــەم عەبایـــە تـــا چەند بـــە بالایان براوە. لە قۆناغی مەشـــرووتە (١٢٩٠-١٢٩٩) کـــە میژوونووســـانی ئێرانـــی، وەک خاڵی وەرچەرخانی پارلمانتاریـــزم و مافپەروەریی پێناســـەی دەکەن، هیچ پێشـــبینییەک بۆ دیـــاردەی حیزبایەتی نەکراوە و لە یاســـای بنەڕەتیی مەشـــرووتیەتدا باس لەوە دەکرێت کە «کـــۆڕ و جڤاتەکان، ئەگـــەر نەبنە هۆی ئاژاوەی دنیا و دیـــن، ڕێگەپێدراون...» (اصل ٢١، قانون اساسی مشـــروطیت). وەک دیارە «ئاژاوە»، «دنیا» و «دین» وەک ســـیمبولەکانی ئەشـــە (سیستەمی قودســـی و ئەخلاقی) کە پێشتر ئاماژەم پێـــداوە، لەم بڕگەیەشـــدا پێداگریی لەســـەر دەکرێتەوە و لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە پێکهاتە سیاســـییەکان لـــە فۆرمی کۆڕ و جڤاتدا (مجمع-اجتمـــاع) ڕێگەپێدراو بوون نەک وەک ئۆپۆزیســـیۆن، بـــۆ نموونە «مجمع آدمیت»، «انجمن ملـــی»، «فرقەی اجتماعیون-عامیـــون» و «کمیتەی انقلابـــی». با ئەوەش بڵێین کە ئـــەم جڤاتە سیاســـییانە بە واتای پۆتەنسیەڵێکی سیاســـی تێبینی نەدەکران کە کارکردی حیزبی ئەمڕۆییان هەبێت و لەڕێگای ڕێکخستنەوە کار بۆ گۆڕانی سیستمی سیاسی بکەن، بەڵکە وەک پێکهاتەیەکی فراماسیۆنێری دەناســـران و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر حکوومەت و تەنانەت لە مەجلیسیشـــدا نەبوو.

دوای کودیتاکـــەی ڕەزا میرپەنج (١٣٠٤-١٣٢٠) و لـــە خولـــی دووهەمی مەجلیس،

کۆمەڵێ حیزبی بـــێ جەماوەر و بێ ڕێکخراوە وەک کارگ هەڵدەتۆقن: بـــۆ نموونە حیزبی دێمۆکراتی ئێران، حیزبی زەحمەتکێشـــانی ئێران، جیبهەی میللـــی و... هەڵبەت حیزبی تووده لـــە برگەیەکدا تاکە حیزبی ڕێگەپێدراو بوو کە پێگەی جەمـــاوەری و ڕێکخراوەیەکی تۆکمەی هەبوو، بـــەڵام زۆری نەخایاند ئەم حیزبـــەش قەدەغە کرا. بەگشـــتی هیچکام لـــەم حیزبانـــە وەک ئۆپۆزیســـیۆن دانیان پێدا نەهێنـــدراوە و حیزبە بـــێ جەماوەر و بێ ڕێکخراوەکان بەشـــێوەی فراکسیۆنێکی بێورتـــە لە قوڕبنەکانی مەجلیســـی میللی کزکۆڵەیـــان دەکـــرد و حکوومـــەت پێیان قەڵـــس نەبوو، بەڵام جیبهـــەی میللی وەک پێکهاتەیەکی نـــارازی و حیزبـــی تووەدش بەشـــێوەی ئۆپۆزیســـیۆنی بەرگریـــکار، بە هەڵوەشـــاوە ڕاگەیاندران و حکوومەت ناوی تێکدەر، ئیشـــتراکی و نۆکـــەری بێگانەیان لێنـــا و هەروەها بزاڤـــە نەتەوەییەکانیان بە هەرای خێڵە یاخییەکان (غائلـــە) ناو دەبرد. لـــە ســـەردەمی پەهلەویـــی دووهەمدا، بۆ یەکەمجار و بە شـــێوەیەکی فەرمی، تێرمی ئۆپۆزیســـیۆن دەکار کـــراوە لـــە بابەت کۆتەڵەکانـــی نێو مەجلیســـی ســـینا و مەجلیســـی مللـــی (آبراهامیان ۱۳۷۷)، کە دەکرا وەک ئۆپۆزیســـیۆنی کۆنترۆڵکراو ڕەچاو بکرێت، هەرچەند بـــەدوای ئینقلابی ســـپیدا ئـــەم بەزمـــەش نەمـــا و حیزبی ڕەســـتاخیز (۱۳۵۴) بوو بـــە تاقانە حیزبی بێ ئۆپۆزیســـیۆن و هێزە دژبەرەکانیشیان بە ناوی تیرۆریســـت، تەجزیەتەڵەب، ئانارشیست و هتـــد ناو دەبـــرد. لەم قۆناغـــەوە تا کۆتایی ســـاڵانی حەفتای هەتاوی (کۆتایی ساڵانی نەوەتـــی زایینـــی) و دەرکەوتنـــی بزاڤی ئیسلاحەتڵـــەب لـــە کۆمـــاری ئیسلامیی ئێراندا، ئیلیتی ڕێژیم لـــە هیچ کوێیەکدا بە فەرمی دانیان بە هێـــزە دژبەرەکانی خۆیان بەواتای ئۆپۆزیســـیۆن نەهێنـــاوە و تەنانەت حیزبە ئیسلاحەتڵەبەکانیش لە مەجلیســـی ئیسلامیدا بە فراکســـیۆن دەناســـران نەک ئۆپۆزیســـیۆن. تا کۆتایی حەفتـــاکان هێزە دژبەرەکانـــی کۆماری ئیسلامیـــی ئێرانیان بە نـــاوی دژی شـــۆڕش (ضد انـــقلاب)، موناڤیق، مەحارب، مەعاند و هتد پێناســـە دەکران و لەوە ســـەیرتر ئەوەیە کە لە هەردوو ڕێژیمەکاندا، حیزبە کوردســـتانییەکانیان بە تەجزیەتەڵەب ناوزەد کردووە. بەگشتی، خۆنەبان کردن و داننەنان بە دژبەرانی سیاســـی وەک ئۆپۆزیســـیۆن لە حکوومەتەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، دەتوانـــێ بەرنامەیەکی ســـتراتیژیک بێـــت بەڵکوو ڕای گشـــتی، چ لـــە ئاســـتی نێوخۆیی و چ لە ئاســـتی دەرەکیـــدا دڵنیا بکەنەوە کە ئـــەم هێزانە لە دەرەوەی گەردوونەی سیاســـەتن لە ئێراندا. هۆکارەکەش ئەوەیە دانان بە ئۆپۆزیســـیۆن لە کاناڵـــە فەرمییەکان، دەشـــێ وەها لێک بدرێتەوە کـــە حکوومەتەکان ئـــەم هێزانە وەک «حکوومەتی ســـێبەر» دەسەلمێنن.

ئەوەی باس کرا ڕەهەندی ستراتیژیکانەی کێشەی ڕسکاندنی ئۆپۆزیســـیۆن بوو لە ئێرانـــدا، بـــەڵام گرینگترین بەشـــی ئەم کێشـــەیە، ئاســـتی کردار و جێبەجێکردنی مەیدانییـــە کـــە یارمەتی بـــە تاکتیکی ســـەرکوتیش دەگەیەنێـــت. ئاســـتی ئۆپۆراســـیۆنال بۆیە گرنگە چوونکە ســـیلە لـــە ســـووژەبوونی دژبەرانیـــش دەگرێت، کار لەســـەر ڕازیکردنـــی (Contentment) ڕای گشـــتی دەکات و ئەگەر بە باشـــی نەڕواتە پێـــش، گرفت بـــۆ هاوئاوێتەبوونی ســـتراتیژیا و تاکتیک دەنێتـــەوە. بۆ نموونە بێ ڕکابەریکردنی حیزبی ڕەســـتاخیز وەک حیزبێکـــی تاقانە، بە دوای ئەو هێرشـــانەدا هات کە ساواک لە ســـاڵانی چل و پەنجای هەتاویدا کردیە ســـەر دژبەرانی شـــا، بەڵام تاکتیکی ســـەرکوت نەیتوانی سووژەبوون و

ئەیجێنتبوونی دژبەران لەبار بەرێت و لە ئەنجامدا تروسکەی هیوا هەرچەند بە کزیش، لە ئارادا هەبوو. کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای سەرکوتی دژبەرەکانی کە هەژماری کوژراوان، ئێعدام و زیندانییە سیاسییەکانیان بە دەیان هەزار کەس دەخەملێنن و ئەوانەش کە ماونەوە لە هەندەران بوون بە پەنابەر (واتە تاکتیک)، کەچی لە ئاستی ئۆپۆراسیۆنالدا توانیویەتی سوژەبوون و ئەیجێنتبوونی دژبەرانی خۆی بسڕێتەوە و ئەم کارە جێبەجێ نەدەبوو ئەگەر چەمکی ئۆپۆزیسیۆنی وەها سووک و ڕیسوا نەکردایە.

بە گشتی، تێرمی ئۆپۆزیسیۆن یەک لەو دیاردانەیە کە لە فەزای سیاسیی ئێراندا مشتومڕی زۆر لەسەر دەکرێت و بێ کێشە نییە. کە دەڵێین کێشە، مەبەست لە چەمکێکی وەهماوییە کە لە باری ماهیەتی و کارکردییەوە شیکاریی بۆ نەکراوە و ڕوون نییە ئەم تێرمە کەی و بە چ مەبەستێک هاتووەتە نێو شەقامی سیاسیی ئێران. وەک پێشتر ئاماژەم پێی دا، هەتا ساڵانی حەفتا ئێمە گوزارەیەک بە ناوی ئۆپۆزیسیۆن شک نابەین کە گشت دژبەرانی ڕژێم لە قاڵبی تێرمێک بدات و پێناسەیەکی سادەی بۆ بکات، لەکاتێکدا حیزبە ئێرانییەکان و تەنانەت کوردستانییەکانیش سەر بە بەیسی سیاسی و ئایدیالۆژیی جیاوازن. پرسیارەکە ئەوەیە: ساڵانی حەفتا چ گۆڕانکارییەک لە فەزای سیاسیی ئێراندا پێک هات؟ لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە پێوەندیی بە وێژمانسازیی بزووتنەوەی «دووی جۆزەردان»ەوە هەبێت کە لە سەرەتای حەفتاکاندا و بە مەبەستی دامەزراندنی «کۆمەڵگای مەدەنی»، باڵی بەسەر فەزای سیاسیی ئێراندا گرت. ئایدیالۆژیستەکانی بزووتنەوەی دووی جۆزەردان لەو سەردەمەدا، بە لێشاو چەمک و تێرمی لیبراڵیستییانەیان هێنایە ڕۆژەڤەوە کە تا ئەو کات بڤە بوون لە ئێراندا و لە ڕاگەیاندنەکاندا وەها لێک دەدرایەوە کە ئێران لەبەردەم پارادایمێکی ڕیڤۆرمیستیانەدایە کە بە تەمایە مااڵوایی لە پارادایمی ئینقلابی-جیهادی بکات. ئەم چەمکانە وەک دااڵێکی بەتاڵ (Empty Signifier) بە کۆمەڵگەدا باڵاو دەبوونەوە تاوەکوو ببن بەهەژمۆن. داڵە بەتاڵەکان بە بۆچوونی الکالو و مۆوف، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە بۆ جومگەبەندیی نێو وێژمانە هێژمۆنیکەکان و ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوە کە پێکهاتە ناڕازییەکان بەپێی لێکدانەوەی خۆیان لەو جومگەبەندییانە تێبگەن و لە دەوریان کۆ ببنەوە (La-clau and Mouffe, 1985, pp. 95-105). وەک نموونە گەلسالاری، شایستەسالاری، یاساسەروەری، مافی شارۆمەندی، ئازادی، خەباتی مەدەنی، دادی کۆمەاڵیەتی و... بەشێک بوون لەو چەمکانە کە نامۆ بوون لەگەڵ فەلسەفەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەگەرچی ئەم تێرمانە بەهۆی ئینتیزاعیبوون و ڕەهەندی نۆرماتیڤانەیان، لێکدانەوەی جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە و ناکۆکی و مشتومڕێکی زۆریان لەسەر ساز دەبێ (Gallie, 1956)، بەاڵم سەرەڕای ئااڵزبوون و واتای ناڕوونی (Ambiguous) تێرمە ئینتیزاعی و نۆرماتیڤەکان، لە هێندێ بڕگەی تایبەتدا ئەم چەمکانە دەتوانن ببن بە پوتەنسیەڵ، کۆمەڵگا بەسەر جەمسەری جیاواز دابەش بکەن و سیاسەت لەگەڵ شەقام ئاشت بکاتەوە کە بە هۆی زەبروزەنگی ڕژێم لە شەقامەکانی ئێران تارا بوو.

وەک لە بەشی زمانی بنیاتننراوادا ئاماژەی پێدرا، لە ساڵانی حەفتادا

کۆمەڵگای ئێران و تەنانەت کوردستانیش بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر تووشی هەجمەی زمانسازی و چەمکسازی دەبێتەوە کە ئامانجەکەی داگیرکردنی وێژمانە پرۆگرێسیڤەکان بوو. لەم قۆناغەوە، وەستای دیواری وێژمان نەک دژبەرانی ڕێژیم، بەڵکە باڵێکی ئێلیتپەروەری ڕێژیمە کە بە یارمەتیی ئێلیتی ڕانتخواز و ئێلیتی داگیرکەراو، مەیدانیان بە دژبەرانی ڕێژیم تەنگ کرد. کەوایە پاوانی زمانسازی و چەمکسازی لەم قۆناغەدا دوو دەسکەوتی هەبوو بۆ ڕێژیم: یەکەم؛ فریزکردنی دژبەرانی ڕێژیم و دووەم؛ بەهۆی نەزمی وشەکانەوە (Order-words) ڕەوەندی پێکهاتەیی باڵادەستبوونی خۆی بووژاندەوە (دۆلۆز و گاتاری ١٣٩١) و لە ئەنجامدا هاوبەندییە لەرزۆکەکەی دەسەڵاتیان پێ توندوتۆڵ کردەوە. کەوایە ئەگەر ڕێژیم لە سااڵنی شەستی هەتاویدا توانی دژبەرانی قڕ بکا، لە فازی دووهەمدا توانی عاملیەت و سووژەبوونی دژبەرەکانی سڕ بکات (واتە قۆناغی ئۆپۆراسیۆنال). لەم سەردەمەوە، دژبەرانی ڕێژیم کە دەبوایە هێزی بەرچاوی گۆڕان، داهێنەری وێژمانێکی هەژمۆنیک و نژیاروانانی ڕێکخستن بن لە ئێراندا، ئەو تروسکە کزەی هیوای گۆڕانیشیان نەما و لافاوی زمانسازی و چەمکسازی ئەوانی هەڵگرت و دانیە دەم تەنووڕەی کپکردن (Spiral of Slience)، کە «ئێلیزابێت نۆیمان» لە پێوەندیی بە میدیا ئاماژەی پێداوە، بەڵکوو هەتا بن گۆمی بێدەنگی هەڵیان لووشێت. بەم چەشنە هێنان و ڕسکاندنی تێرمی ئۆپۆزیسیۆن نەک بە ڕیتمە کرۆنیکاڵییەکەی شووتش کە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەمەگداڕەوە بۆ کۆنترۆڵکراو و دواتر بەرگریکار گۆڕا، بەڵکوو لە سەرەتای هاتنەئارای تێرمی ئۆپۆزیسیۆن لە فەزاکانی نواندنەوەی ئێراندا، ئەم تێرمە وەک «دژ» سەلمێندرا. لە فەلسەفەی سیاسیدا زەحمەتە کاراکتێری «دژ»بوونی پاسیڤ وەک مێتافۆڕی هیوا لەمەڕ گۆڕان ڕەچاو بکرێت و سروشتییە لەو فەزا هزرییەی ئێرانیشدا، دژبوونی پاسیڤ نەک بە هەند نەگیرا بەڵکە وەک قۆرت و گرێکوێرەی گۆڕان لێک دەدرایەوە، بەتایبەت کە حکوومەت لەم وێژمانەدا وەک حەقیقەتێکی ڕەها (Absolute Power) تەڵقین دەکرا و دژبەرانیش وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی شوێنکەوتوو، وێژمانسست و بێ ڕێکخراوە (Nominal Power) پێناسە کراوە کە بێجگە لە دژایەتیکردن توانای داگیرکردنی دەوڵەتیان نییە و سروشتییە نەک حیزب، بەڵکوو گشت کەسێکی نارازی، دەتوانێ بەم پێناسەیەوە ئۆپۆزیسیۆن بێت. کەواتە لە ئاستی ئۆپۆراسیۆنالدا ڕێژیم توانی هیوای گۆڕان لە چنگی ئۆپۆزیسیۆن دەربێنێت و بیخاتە پاوانی باڵی ئیسلاحتەڵەب و ئێلیتی ڕانتخواز تاوەکوو «هیوا» بگەڕێننەوە بۆ نێو سندووقە ئەفسانەییەکەی «پاندۆرا» و خەڵک لە سندووقی دەنگداندا لەدوای هیوای گۆڕان بگەڕێن.

٢-٤ کوشتنی کات

چاوەڕوانی وەک دوا چارەسەری

پرسی ڕەهانەبوونی کات و فەزا وەک دوو دیاردەی جیاواز، هەر لە تیۆریی نیسبیەتی عامی ئەنیشتەینەوە نەسەلمێندراوە، بەڵکوو لە سیاسەتیشدا «کات-فەزا»، گشتێکی دینامیک و هاوپێکهاتەییە کە لە دۆخە هەستیارەکاندا دەتوانێت مێژووی هێڵئاسای دەسەڵاتداران بەلای بارستە و وزە کۆمەڵایەتییەکاندا بچەمێنێتەوە. کات-فەزا لە سیاسەت و بەتایبەتی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا وەها ئاوێتە دەبن کە بەبێ تێگەیشتنێکی ڕێژەیی لەمەڕ ئەم دوو دیاردەیە، فامکردن و شڕۆڤەکردنی

چەمانەوە مێژوویی‌یەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان و هەروەها مەشرووعیەتی دەسەڵات، مومکین نابێت. هۆکارەکەش ئەوەیە کە پێوەندییەکی دیالیکتیکی لەنێوان کات و کردە مرۆییەکان، بەتایبەت لە سیاسەت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و بڕیار و هەنگاوە چارەنووسسازەکان لە فەزا و کاتێکی تایبەتدا دەردەکەون (Arendt 2003). شیکارییە دایکۆتۆموسەکانی «هانا ئارێنت» لەمەڕ دیاردە واقعی و لە هەمان کاتدا پارادۆکسیکاڵەکانی سیاسەت بۆ نموونە «کردەوە لە هەمبەر ڕەفتار»، «بیاقی گشتی لەهەمبەر بیاقی تایبەت»، «پرسی سیاسی لە هەمبەر پرسی کۆمەڵایەتی»، «کار لە هەمبەر زەحمەت»، «ئازادی لە هەمبەر ڕزگاری» و بەتایبەت هاوپێوەندیی «کات» و ئینقلاب، گۆڕانێکی قوواڵی لە تۆژینەوەی کۆمەڵناسی، سیاسەت و بەتایبەت پرسی ئەخلاقیدا پێک هێناوە. خاڵی جێی سەرنج لەمەڕ کات لەوەدایە کە بە پێوەری ڕابردوو-داهاتوو شڕۆڤە ناکرێت کە پێمان بڵێت چی بووین و بەرەو کوێ دەچین.

«لووسی تاتمەن» لە سۆنگەی ئارێنتەوە لێکدانەوەیەکی دایکۆتۆمیکی لەمەڕ کات کردووە و ئەم دیاردە فەلسەفییە بەسەر دوو ڕەهەندی «کاتی جیهانی» (Worldly Time) و «کاتی مێژوویی» (Historical Time) دابەش دەکات. کاتی جیهانی، فەزایەکی ئەتۆمیزەکراوە کە سیستمە تووتالیتارییەکان کۆنترۆڵی دەکەن بەڵکوو مرۆڤ بە دەوری بازنەی پێداویستییە سروشتی و بایۆلۆژییەکانی خۆیدا بخولێتەوە. لەم فەزا داخراوەدا مرۆڤ دەرفەتی گێڕانەوەسازی نییە، کات بەهۆی پڕۆپاگاندای تووتالیتاریزم وەها دوگماتیزە دەبێت کە چیدیکە سووژە بەرهەم ناهێنێتەوە و تاک سەرقاڵی نەریتەکانی ژیان و بەرهەمهێنانەوەی تەنیاییەکانی خۆی دەکات. کاتی مێژوویی، ڕەهەندی دیالێکتیکیانەی کات پێک دەهێنێت تاوەکوو فەزایەک بەڕووی خۆیدا بکاتەوە کە مانا بە کردە مرۆییەکان بدات، گێڕانەوەی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە و لە تەنیایی ڕزگاری بکات. مرۆڤ لەم ڕەهەندە مێژوویی‌یەی کاتدا بە دەوری خۆیدا ناخولێتەوە بەڵکوو لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە، فەزا بۆ سازدانی دیالۆگی ئازاد پێک دەهێنن و لە کردەوەیەکی ئازایانەدا بڕیاری گۆڕینی جیهان دەدەن (Tatman 2012). گۆڕان یا ئینقلاب لەم کەلێنەدا دێتە دی، واتە لەو بڕگەیەدا کە پچڕانێکی عەینی و زەینی لەنێوان نەریت و ئیلتیزامەکانی مۆدێرنیتە دێتە ئاراوە و مرۆڤ ناچار دەکات مانایەکی نوێ بەرهەم بێنێتەوە کە ئارێنت ئەم قۆناغەی وەک لەدایکبوونەوە (Natality) پێناسە کردووە. «نەیتالیتی» دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ و توانای دامەزراندنی ئۆنتۆلۆژیکی ئازادییە، کە بە بۆچوونی ئارێنت وەک گشت خەسڵەتە مرۆییەکان لەگەڵ تاکدا لەدایک دەبێت، بەڵام تووتالیتاریزم هەوڵ دەدات نەیتالیتی نەبێتە هۆی بەدیهێنانی جەوهەرەی ئازادی و دەسپێکێکی نوێ، تاوەکوو تاک لە بازنەی بایۆلۆژییەکی بێمانادا بە ئەتۆمیزەیی بمێنێتەوە (Arendt, 1996: 17-21). کەوایە کۆنترۆڵکردنی کات بەرلەوەی داڵغەی بیاقی گشتیی بێت، لە ئاستێکی بەرزتردا داڵغەی دەسەڵاتی سیاسییە و زۆر سروشتییە کە دەبێ داڵغەی ئۆپۆزیسیۆنیش بێت تاوەکوو ئەجندا سیاسییەکانی خۆی بەکاتی مێژوویی چالاک بکات.

شۆڕشی ژینا نموونەیەکی بەرچاوە بۆ نەیتالیتی. لەو بڕگەیەدا خەڵک، بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکان و ژنان، دیواری ئەتۆمیزەبوون و بەستەڵەکی بێدەنگییان شکاند. وەچەیەک لەدایک ببوو کە

پەرەی بـــە کات-فەزای مێژوویـــی دەدا و بەهۆی بارســـتە و وزە کۆمەڵایەتییەکانیان، خەریک بـــوون مێژوویـــەک بچەمێنەنەوە کـــە نزیک بە نیوســـەدە، هیـــوای گۆڕانی لە خەڵک شـــێواندبوو. لەم بڕگەیـــەدا کات و فـــەزا وەها ئاوێتـــەی یەکتـــر ببوونەوە کە فـــەزا فووتێکراوەکانی نواندنـــەوەی ڕێژیم بە جارێـــک پووکانەوە، ســـیمبول و گێڕانەوەی پەراوێزخراوەکان دەهـــات فەزاکانی نواندنەوە داگیر بـــکات و هیوای گۆڕان گەشـــتر لە جاران دەربخات. پـــازدەی مانگی خەزەڵوەری ١۴٠١ی هەتاوی، لەو ڕۆژانەدا کە شۆڕشـــی ژینا بانگەوازی لەدایکبوونی وەچەیەکی نوێی بە گوێی جیهانـــدا دەدا و ئـــازادی بەکاتی مێژوویی شـــاد دەبووەوە، لەنـــەکاو فایلێکی دەنگی لە ڕەعنا ڕەحیمپوور، پێشکەشـــکاری ئەوکاتی «بی بی ســـی»ی فارســـی، لەگەڵ پیرەدایکەکەیـــدا بلاو دەبێتەوە (فرارو ١۴٠١). ســـەرەتا فایلە دەنگییەکە لە سایتی تەسنیم ســـەر بە ســـوپای پاســـداران بلاو بووەوە، تەلەڤیزیۆنی ئێران ئینتێرناشنالیش بەدوایدا و بە چـــڕی ڕوومالّی کـــرد و دواتـــر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بوو بـــە ترەند. نێوەڕۆکی فایلـــە دەنگییەکە بە ڕوالّـــەت پێوەندیی بە ئالۆزییەکانی نێو ئێرانـــەوە هەبوو، بەڵام ئەو شـــتەی کە فایلـــە دەنگییەکـــەی کرد بە ترەند، گوزارەیەکی ئاشـــنا و هەســـتیار بوو کە لە بەشـــی زمانی بنیاتننـــراودا ئاماژەم پێدا، واتە دالێکی کۆلۆنیالیســـتییانە بەناوی هەڵوەشـــاندنەوەی ئێـــران. ڕوومالکردنی ئەو گرتـــە دەنگییـــە، ڕێگای بـــۆ ئاوێتەکردنی تاکتیـــک و فازی ئۆپۆراســـیۆنالّ خۆش کرد تاوەکوو ئـــەم نەیتالیتییـــە بگەڕێنێتەوە بۆ کاتـــی جیهانی. هەڵبەت پێشـــتر لە چەند کـــردەوەی گوماناویدا کانالّە فارســـییەکانی هەنـــدەران و یـــەک لەوان بی بی ســـی فارســـی، بە بلاوکردنەوەی وێنە و کورتەفیلمی خۆپیشـــاندانەکانی خەڵکـــی ڕۆژهەلاتـــی کوردستان، زوومکردن لەســـەر شەڕە ئالاّی نێـــو شـــەقامەکانی ئەوروپـــا و بەتایبەت شەکانەوەی ئالاّی کوردســـتان لە شارەکانی ڕۆژهەلاتـــی کوردســـتاندا، بەســـتێنیان بۆ پرۆژەی کوشـــتنی کات ســـاز کردبوو. ئەم کردەوەیـــە لە کاتێکدا بوو کە لە ســـەرەتای ڕۆژانـــی ڕاپەڕینی شـــەقام لـــە ڕۆژهەلاتی کوردســـتان، کانالّـــە فارســـییەکان نەک دروشـــمەکانیان سانســـۆڕ دەکرد بەڵکوو لێدوانی دایک و باوکی شەهیدەکانیشـــیان دەشێواند.

دوابـــەدوای ئـــەو ســـناریۆیە، حیزبە کوردســـتانییەکان کەوتنە داوێکی گوماناوی و وێڕای کۆمەڵگای مەدەنیی کوردســـتان، بە ڕاگەیاندنێک ڕۆژی ســـێی مانگی سەرماوەزی ١۴٠١یان وەک کەمپەینی مانگرتنی گشتی لە هەمـــوو ئێران دیـــاری کـــرد و داوایان لە گەلانی ئێـــران کرد کە بە داخســـتنی دووکان و نەچوونەوە بۆ ئیدارە و قوتابخانەکان، پشـــتی «چشـــم و چراغ ایران» بگرن. ڕۆژی سێی ســـەرماوەز هات، بەڵام کوردستان بە شـــێوەیەکی دراماتیک و بەتاقی تەنیا مانی گرت. ڕۆژانی دوای ســـێی مانگی سەرماوەز، ڕێژەی بەشـــدارکردنی بەڕپرســـانی حیزبە کوردســـتانییەکان لە کانالّە فارســـییەکانی دەرەوەی ئێراندا، ڕوو لـــە کزی دەکات و بە دوایدا قســـەکردن لەسەر پرســـی کورد کە لە سەرەتای شۆڕشـــی ژیناوە لەسەر لێواری گۆمی میدیاییدا دەبریســـکایەوە، کەم کەم دەدرێتـــە دەم تەنـــووەی بێدەنگی بەڵکوو گێژاوەکە هەتـــا بن گۆمی کپکردنی میدیایی هەڵی لووشـــێت. بەم چەشـــنە پەیامەکە بە ڕوونـــی گەیشـــت: ئامانجی ئـــەم ڕاپەڕینە هەڵوەشـــاندنەوەی ئێرانە. دوابـــەدوای ئەم سیگنالّە شوومە، ســـپای پاسدارانی ئینقلاب ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی خۆی لەمەڕ پاراســـتنی یەکپارچەیی ئێران، بـــە بیری ئێرانخوازەکاندا

هێنایەوە و بە دۆشکە و هەلیکۆپتەر تەقەیان لە منداڵانی جوانڕۆ شـــنۆ و پیرانشـــار کرد و بە دوایـــدا بنکەی حیزبەکانـــی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەر هێرشـــی درۆن و هاژەکەکانی ڕێژیم کەوتـــن. بڕگەی ســـێهەم لەڕێگای ســـەودای دیپلۆماتیـــک جێبەجـــێ کرا و زەختیـــان لە وڵاتی ئاڵبانیا کرد کە دەســـت بەســـەر کۆمپیۆتێرەکانی کەمپی «ئەشرەفی ٣»، ســـەر بـــە ڕێکخـــراوەی موجاهیدینی خەلقی ئێـــران بگـــرن تاوەکـــوو پرۆژەی هەککردنی تەلەڤیزیۆن و ســـایتەکانی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوە. دواجـــار وەزیری دەرەوەی ڕێژیـــم بە ملکزی دەچێتە خزمەت پاشـــای عەرەبســـتانی سعوودی بەشـــکوو دەرمالەی تەلەڤیزیۆنی ئیران ئینتێرناشـــنالْ ڕابگرێت و لەئەنجامـــدا کانالەکە کەوتە پاوانی لایەنگرانی سیســـتەمی پاشـــایەتی لە ئێران. هەڵبەت پرۆژەکەی زانکۆی جۆرج تاون (مەنشـــووری مەهســـای) بە هانای فازی ئۆپێراســـۆنالەوە هات و بە کۆکردنـــەوەی کۆمەڵێ ئەکتەری ســـینەمایی و یاریزانی فووتبـــاڵ لە دەوری مێزی سیاســـەت، پـــرۆژەی ئینـــقلاب بە ڕادەی پێویست ســـووکوچرووک کرا.

ئەم نموونەیە و نموونەکانی پێشووتریش، بەشـــێکن لەو بڕگە چارەنووســـسازانە کە ئاماژەیـــان بە لەدایکبوونـــی نەوەیەکی نوێ دەکـــرد، نەوەیـــەک کە «کاتـــی مێژوویی» بە دەرفەت زانـــی، دالْغە هاوبەشـــەکانیان لێک گرێـــدا، بڕیاریان دا و لـــە کاتی خۆیدا ڕاپەڕیـــن. لەباربردنـــی ئەم کاتـــە ناوازانە نایەتە دی، ئەگەر فەزای سیاســـی تووشـــی قێتۆکراســـی نەبێـــت و ئیئتلافێکی ناپیرۆز لەنێـــوان ئێلیتی بەکرێگیراو، ئۆپۆزیســـیۆنی ڕاڕایی، میدیای زەرد و دەزگای ســـەرکوت لە ئارادا نەبوایە. هەڵبەت وەها هاوئاراســـتەییەک زەحمەتە جێبەجێ بکرێـــت ئەگەر مەیدانە میگناتیســـییەکەی ئایدیای ئێران و پرۆژەی داگیرکردنی وێژمان، بەهۆی گەشـــاندنەوەی ژیلەمـــۆی عەســـەبییەتی پیاوی فارســـی شـــیعە، ئێرانییەکانی نەتۆقاندبایـــە. ترس و تۆقانـــدن لە ســـەردەمی تۆمـــاس هابز و مەکیاڤیلییـــەوە وەک میکانیزمی کۆنترۆڵ و ڕەواییبەخشـــین بە حکوومەتەکان ناسراوە، بـــەڵام ئاراســـتەی تۆقاندن لە ســـەردەمی مۆدێرندا و بـــەدوای کۆتاییهاتنی حکوومەتە ئایدیاڵۆژیک و کلاســـیکەکان، لـــە ئاقاری «تـــرس لە حکوومـــەت»ەوە بـــۆ «ترس لە دیـــاردە کۆمەڵایەتییەکان» گـــۆڕاوە و لەم پێوەندییەدا، میدیـــا گرینگترین ڕۆڵی هەیە کاتێک مەبەســـتدارانە زووم لەسەر هێندێ دیـــاردەی دژەباو و هەواڵـــی تۆقێنەر بکات. تۆقانـــدن لەم ســـۆنگەیەوە دەتوانێ ئیرادەی جەماوەری، بنکۆڵ بـــکات، بەتایبەت ئەگەر چەمکگەلـــی وەک «تەناهیـــی نەتەوەیی» و «یەکپارچەیی نیشـــتمانی» لـــە گۆڕێدا بێت (Svendsen, 2008: 203).

دەرەنجامی ئەم بەشە:

لەم بەشـــەدا کاتالیزۆرەکانی ئینقلاب شرۆڤە و جێی بەتاڵـــی ئۆپۆزیســـیۆنی کۆماریخواز لە نواندنەوەکانی فەزای دیفرێنسیەڵدا تاوتوێ کرا. هەر لەم سۆنگەیەشـــەوە نەخشەی جوگرافیای ڕاپەڕینەکان دەیســـەلمێنێت کە ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیـــوە لـــە جوگرافیای واقعیـــی خۆیدا دەرکەوێـــت. هەرچەند بەهۆی دۆخی مێلیتار-ســـتراتیژیکی ڕێژیم، زەحمەتە ئەو چاوەڕوانییە لە ئۆپۆزیســـیۆن بکرێت کـــە مەیدان وەک کۆنترۆڵ و بااڵنس لە دەســـتیدا بێت، بەڵام لەباری پوتەنســـیەڵیش شانســـێکی ئەوتۆی نییە بەڵکوو لانیکەم بەهۆی وێژمانســـازییەوە، گێرانـــەوەی خۆی لە فەزای سیاســـیی ئێراندا هەژمـــۆن بکات. یـــەک لـــە کاتالیزۆرەکانی گـــۆڕان لـــە کۆمەڵگـــەدا پرۆژەکتیڤبوونی ئۆپۆزیســـیۆنەکەیەتی کە وەک هیوا بۆ گۆڕان تێبینی دەکرێـــت، بەڵام ڕێژیـــم توانیویەتی

لەباری ئۆپۆراسیۆنالییەوە ئۆپۆزیسیۆنەکەی خۆی هەتا ئاستێکی دژێکی نۆمینەڵ دابەزێنێت و خۆی وەک دەسەڵاتی ڕەها بچەسپێنێت. کەوایە ئەم گوزارەیە لەجێی خۆیدایە کە دەڵێن: باشترین شانسی مانەوەی ڕێژیم ئۆپۆزیسیۆنەکەیەتی. هۆکارەکەش لەوەدایە کە فرەیی حیزب و ئایدیالۆژییە هاودژەکان، نەک وەک دەرفەتێکی دیمۆکراتیک، بەڵکە وەک قفڵێک لە درگای کردەی سیاسی دراوە و لایەنە سیاسییەکان فەزای سیاسیی ئێرانیان بەرەو «قێتۆکراسی» پاڵ پێوەناوە. لایەنەکان لەوەها دۆخێکدا، بە بۆچوونی فرانسیس فۆکۆیاما[٢]، دەتوانن زۆر بە باشی گێرانەوەکانی یەکتر قێتۆ بکەن، بەڵام بە هەر هەموویان ناتوانن بلۆکێکی مێژوویی دامەزرێنن.

دۆخی ئاوارتە

لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا پرسی بەشداریکردنی سیاسی و عاملیەتی تاک وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ کۆمەڵگەیەکی بەختیار دەنرخێندرێت؛ بەڵام کۆمەڵگەی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا تووشی دیاردەیەک بووەتەوە کە دەکرێ بە "هەڵپەساردنی عاملیەت" پێناسە بکرێت. لە کاتێکدا قەیرانەکانی ئابووری، ناکارامەیونی پێکهاتەیی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ڕێژیم لەوپەڕی لاوازیدایە، جۆرێک لە سەربوونی مەدەنی و خەمساردیی سیاسی بەسەر فەزای گشتیدا زاڵە کە لەگەڵ نموونە کلاسیکییەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا ناتەبان. ئەم دۆخە کە زۆرێک لە شرۆڤەکارانی ئێرانی بە «دارمانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی» و «لەناوچوونی پێوەندییە نێوان کەسییەکان» وەسفیان کردووە، ئاماژە بە گۆڕانێکی بنچینەیی لەمەڕ سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیی تاکی ئێرانی دەکەن. بۆ تێگەیشتن لەم «بێ-کردەوەییە» مانادارەدا، پێویستە لە ئاستی شرۆڤەیەکی سیاسی و ڕووکەشیانە دەرباز ببین و بە قووڵایی مەنتالیەتی تاکی ئێرانیدا ڕۆبچین تاوەکوو لەدوای ئەو پارامێترانە بگەڕێین کە دەتوانن وەڵامێک بن بۆ وەها «نەریتێکی تاکەکەسی». بەم پێشەکییە و بە پشتبەستن بە چەمکەکانی وەک «ئەتۆمیزەکردن»ی ئارێنت و «خەدەی ناچاریی» بۆردیۆ، هەوڵ دەدەم کارتێکەریی گەندەڵیی ئابووری و پێکهاتەیی، لەسەر لاوازبوونی عاملیەت لە کۆمەڵگای ئێراندا شرۆڤە بکەم کە بیچمی کۆمەڵگەی ئێرانیی، بەرەو پۆلێک پێکهاتەی لێکدابڕاو گۆڕیوە و لە ئەنجامدا پرسی «هەڵکردن» لەگەڵ دۆخی ئارایی، جێگای بە خەبات لەپێناو «گۆڕانی بنچینەیی» تەنگ کردووە. ئەم بەشە لە وتارەکە، سەرەتا بە پێداچوونەوەیەکی ئاماری لەمەڕ دۆخی ئابووری و وەبەرهێنانی سەرمایە لە ئێران دەست پێدەکات و دواتر شیکاریی لەمەڕ باندۆڕی سایکۆ-کۆمەڵایەتی ئەم دۆخە ئاوارتەیە لەسەر چارەنووسی سیاسیی ئێران دەکات.

٣-١ سەرمایەداریی سیاسی

مانگی مارسی ساڵی ٢٠٢٣، دامەزراوەی فۆربێز لیستی ژمارە ٣٧ی میلیاردێرەکانی جیهان ڕوومااڵ دەکات و شتێکی سەرنجڕاکێش لەو ئامارەدا، ڕێژەی میلیاردێرە ئێرانییەکانە کە لە باری هەژمارەوە لەچاو بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەاڵتی ناڤین بەرزترە (Forbes 2023). ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز و پێشتریش گۆڤاری بلوومبێرگ (Bloomberg) هەر لەو ساڵەدا و بە پشتبەستن بە ئاماژەکانی دامەزراوەی فۆربێز، ئاماژەیان بەوە داوە کە میلیاردێرە ئێرانییەکان لەڕێگای تۆڕە دیاسپۆراییەکانەوە و لە بوارەکانی تەکنۆلۆژیا، ملکداری و بازاڕەکانی دراو لە ئەورووپا، ئەمریکا و ئاسیای دوور، خەریکی وەبەرهێنانی سەرمایەن و باندۆریان لەبابەت سیاسەتە ئابووری و تەنانەت کولتوورییەکانی ئەو وڵاتانە، بە هەند گیراوە. لەو ئاماژە گرینگتر، ڕاپۆرتێکی بانکی سویسە لەمەڕ بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئێرانییە میلیۆنێرە دۆاڵرییەکان کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا هەژماریان دەگاتە ٢۴۶ هەزار کەس (ساڵی ١۴٠١ی هەتاوی). ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ

ساڵی ٢٠٢١ دا، ٧٣% بەرز بووەتەوە، واتە لە ماوەی یەک ساڵدا ١٤٢ هەزار میلۆنێری دۆلاری، وەک کارگی بەهاری لە ئێرانێکی قەیراناویدا هەڵتۆقیون (UBS 2023). سایتی «دیدبان» و هەروەها لە راپۆرتێکی کەیهان لایفیشدا، وێرای پشتراستکردنەوەی ئەم ئامارە، ئاماژەیان بەوە داوە کە ڕێژەی میلیۆنێرە ئێرانییەکان لەچاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرزترە و ئەم ئامارە ڕوو لە زیادبوونیشە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێژەی هەژاریی لەو ساڵەدا ٣٠%، مەزندە کراوە، واتە لە هەر سێ کەس، نزیک بە یەک کەسی ئێرانی، لەژێر هێڵی سفری هەژاریدا دەژین (Kayhan Life 2023).

٢٤٦ هەزار میلیۆنێر لە ئێرانێکی قەیراناویدا، هەژمارێکی خەیاڵییە چونکوو ئەم هەژمارانە هەر تاکەکەس نین، بەڵکوو هەر کام لەم میلیۆنێرە دۆلارییانە ئادرەسێکن و ئەم ئادرەسانەش تۆرێکی هاوکاری و کارگێڕیش لەخۆدەگرن. پرسیارەکە ئەوەیە، کۆماری ئیسلامی بە چ سیستەمێک کار دەکات کە توانیویەتی ئەو هەموو سەرمایەدارە بەرهەم بهێنێت؟ ڕێگەم بدەن بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەمەڕ پێوەندیی نێوان زیادبوونی میلیۆنێرەکان و سیاسەتی ئابووریی ڕێژیم، ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی خەزانەداریی ئەمریکا (٢٠٢٥) بە بنەما بگرم لەمەڕ بایکۆتکردنی بانکە سێبەرەکان (Shadow Banking). بانکی سێبەر لەم ڕاپۆرتانەدا وەک میکانیزمی لابرلێدانی ڕێژیم لەو بایکۆتانەی دامەزراون کە لەلایەن ئەمریکا و بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپا لەدژی ئێران سەپێندراون. بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەم بانکانە تاکە سیستەمی ئابوورییە کە ڕێژیم پشتی پێی قایمە و توانیویەتی پرۆژەکانی هاژەکسازی، سیاسەتی ناوەکی و هەروەها دابینکردنی مالیی بۆ پرۆکسییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا جێبەجێ بکات و لەوەش گرینگتر؛ گەڕاندنەوەی داهاتی فرۆشتنی نەوتی قاچاغە بۆ سپای قودسی ئێران کە لە ساڵدا بە سەدان میلیارد دۆلار مەزندە دەکرێت (U.S. Department 2025). ئەم ڕاپۆرتانە و بەشێکی بەرچاو لە توێژینەوەکان، ئەم ڕاستییە دەردەخەن کە ناکرێ پەرمەندن و بەرزبوونەوەی هەژماری میلیاردێر و میلیۆنێرەکانی ئێرانی لە دەرەوەی ئیرادە و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران شرۆڤە بکرێت. ڕاپۆرتێکی بەڵگەمەند و شیکارییانە لەم پێوەندییەدا و لەلایەن «دامەزراوەی ڕەسانە بۆ توێژینەوەی ئێران»، ئەم بۆچوونە پشتراست دەکاتەوە کە میلیۆنێرەکانی دەرەوە و نێوخۆی ئێران لەڕێگای ڕانتی حکوومەتی و بەهۆی ئەو دامەزراوە ئابووریانەوە پەرەیان سەندووە کە لە پاوانی تۆڕە مافیاییەکان و لە بەرژەوەندیی گرووپەکانی نزیک لە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامییە (Rasanah, 2023). لە توێژینەوەیەکی دیکەدا کە سەرچاوە ئابووری و مالییەکانی ئێران وەک بەڵا و نەهامەت (Resource Curse) بۆ گیانی خەڵک تێبینی دەکات، ئاماژە بەوە دراوە کە سەرچاوە سرووشتییەکانی وەک نەوت، گاز، دەریا، دارستان و کانزاکانی دیکە، لەبری ئەوەی خێروبێریان بۆ خەڵکی ئێران هەبێت، بەهۆی سیاسەتی ئیمتیازتەوەرانەی ڕێژیمەوە نایەکسانی و ڕکوودی ئابووریان بەرهەم هێناوەتەوە (Maddah, 2020). ئەم نموونانە پێمان دەڵێن کە پەرمسەندنی هەژماری ملیۆنێرە ئێرانییەکان، نەک بەرهەمی پێشبڕکێیەکی تەندروست و ئازاد نییە، بەڵکوو ئەم ڕێژەیە باس لە دەرکەوتنی پێکهاتەیەکی نوێ بەناوی «سەرمایەداریی سیاسی» دەکات کە لەئاکامی «هاوبەندییەکی کاولکارانە»دا پێگەیشتوون.

ئەگەرچی بەشێک لە ئێلیتی ڕانتخواز لە سیمپۆزیۆم، سێمینار و دیمانە میدیاییەکاندا هەوڵ دەدەن سیستەمی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئابووریی لیبراڵیزمی نوێ بشووبهێنن، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە توێژەرانی ئابووری، دووڵن کە وەها سیستەمێک بەو پێوەرە و تەنانەت بە مۆدێلەکانی وەک ئابووریی سووسیالیستی و لیبراڵیستیش هەڵسەنگێنن.

هۆکارەکانیش زۆرن، بۆ نموونە سیستمی ئابووریی ئێران لە ســـەرەتای ئینقلابەوە لەســـەر بنەمای ســـۆغرە و داگیرکـــردن دامـــەزراوە و هەروەها هاوبەشکردنی سەرمایەش لەڕێگای نزیکبوونەوە لە تڕۆپکی دەسەڵات مســـۆگەر دەبێت چونکوو سیاسەتی ئابووریی ڕێژیم بەپێی ئیلاهیاتی ئەنفال وەگەڕ خراوە و لە ئەنجامدا گشـــت ســـەرمایە، داهـــات و داروپـــەردووی وڵات لـــە تووڕەکەی خەلیفـــە دەکەن و هەر لەســـەر ئیزنی ئەویش هاوبـــەش دەکرێت. لەوانەش گرینگتر پرســـی کوردیناسیۆنی ویرانییە (Destructive Coordi-nation) کە هیچ سیســـتم و هیچ سیاسەتێک لە توانایدا نییە وەک کۆماری ئیسلامی، ئابووریی وڵاتەکەی و داهاتـــووی نەوەکانی بەو دەردە ببات، بە چەشـــنێک کە بڕووکراســـییەکەی و گشت پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ڕێژیم، لە دژی گەشەی پایەدار بـــن و کەرامەت و ویژدانی تـــاک و کۆمەڵ وێران بکـــەن (وەهابی، ۲۰۲۵). بـــە واتایەکی دیکە، پڕۆژەی میلیۆنێرســـازی لە ئێراندا دەکرێ بەرهەمی هاوپێوەندییەکی کاولکارانە بێت لەنێوان دەوڵەتی ڕانتینێر و ئێلیتی ڕانتخـــوازدا تاوەکوو لەڕێگای کاولکردنی ســـەرچاوە سڕووشـــتی و ئابوورییەکان و هەروەهـــا وێرانکردنی کەرامەتی هاووڵاتیانـــەوە، گیان وەبـــەر داوڵێکی بێ گیاندا بکەنەوە بە ناوی کۆمـــاری ئیسلامیی ئێران. لەم پێوەندییەدا پڕۆژەی میلیۆنێرسازی دەتوانێ وەک سیســـتمی خەلاتکردن تێبینی بکرێت بەڵکوو پەیوەســـتبوونی ئۆرگانیک و هاوپێوەندییەکانی دەســـەڵات لە ئێراندا سەقامگیر بکات.

۲-۳ مۆجیزەی ویرانی

لەوانەیە دژواریـــەکانـــی دەکارکردنی «مۆجیزەی وێرانـــی» لەم وتارەدا زۆر لەچـــاو بدات، بەتایبەت ئەگەر ڕەهەندی ئیجابییانەی مۆجیزە لە ئیلاهیاتی یەهوودی، مەسیحی و ئیسلامی بە بنەما بگرین کە پێوەندییان بە ســـەلماندنی حەقانیەتی خوا، پێغەمبەر و دینەکانیانەوە هەیە. مۆجیزەی ویرانی لەم وتارەشـــدا بە هەمـــان ڕەهەندی ئیجابییانە، بـــەڵام ســـووژەکەی لە حەقانیەتی خـــواوە بۆ کۆماری ئیسلامی گۆڕاوە کە دەیهەوێت لەڕێگای کاولکارییەوە بە ئێرانییەکان و جیهان بسەلمێنێت کە لەجێگای حەق ڕاوەســـتاوە. بەم چەشـــنە ڕووگەی بەرەکەت و بەزەیی خوا لە ئاســـمانەوە دەگوازێتەوە بۆ قیبلـــەی دەوڵەتێکی ڕانتینێر و زۆر سروشـــتییە کە ئەخلاقـــی ڕانتخوازانەش لەوەها سیستمێکدا پاساوهەڵگر بێت. مۆجیزەی وێرانی لەم ســـۆنگەیەوە تەنیا دەڕاوێکی ڕوونە کە کۆماری ئیسلامی بـــەڕووی خەڵکدا دەیکاتەوە و بەشـــێکی بەرچاو لە ئێرانییەکانیش ئاواتی بـــۆ دەخوازن و بـــۆ ئـــەوەی بەهرەمەند بن لەم مۆجیزەیە، پشـــت لە وێژدان و چاوپۆشـــی لە کەرامەتی شـــکاوی هاوڵاتییەکانیان دەکەن. ئەمەی بـــاس کـــرا ڕەهەنـــدی ڕانتینێریی مۆجیزەکەیە، بەڵام ئـــەم مۆجیزەیە ڕەهەندێکی مەسیانیزمانەشی هەیە و ڕێژیمی ناشایستەسالاری ئێران وەک دەوڵەتێک دەنوێنێتەوە کە لەســـەر بنەمای خێر و خـــەڵات دامـــەزراوە (Char-ity State). دەوڵەتێکـــی خێرتـــەوەر لەڕێگای دەزگا خێرخوازە حکوومی و ناحکوومییەکانەوە، دادی کۆمەڵایەتـــی تێبینـــی دەکات نەک بەپێی مافـــە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتیان کە حکوومەت بەرپرســـیار دەکات بۆ جێبەجێ کردنیـــان (Deans & Ware, 1986: P. 121–135). هەڵبەت ڕەهەندی مەسیانیزمی مۆجیزەی وێرانیی ڕووکارێکی کۆلۆنیالیستییانەش لەخـــۆ دەگرێـــت کـــە لەلایـــەن زۆرینەی پێکهاتە سیاســـی و مەدەنییەکانی ئێرانەوە وەک پاســـاوێک بۆ هەڵکردن لەگەڵ دەرەنجامەکانی کوردیناســـیۆنی وێرانی بە هەند گیراوە. بەپێی بەشێکی بەرچاو لە تۆژینەوە سیاســـی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەهـــا لێدوانی ڕێبەرانی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن؛ کۆماری ئیسلامی وەک دوایین دەرفەت تێبینی دەکرێ کە سیســـتەمی ســـێنتراڵ-بوروکراتی ئێرانی ڕاگیر کردووە و لەم پێوەندییەدا پرسی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان وەک هەڕەشـــەیەکی ڕەژد لە دژی

ئایدیای ئێران دەبینن. کەوایە دەوڵەتی خێرتەوەر لەم ســـۆنگەیەوە وەک دەرفەت و هەروەها وەک دەســـکەوت تێبینی دەکرێت. دسکەوتەکان ئەو ئیمتیازە مالّی و ماددییانـــەن کە وەک مۆجیزە و بە یەک شەو، تاکی دەستبەتاڵی ئێرانی، دەگەیەنێتە عەرشی سەرمایە و دەرفەتەکەش لەو زەبروزەنگە نامرۆییانەدا دەبینن کە لەبەر چاوی ڕای گشـــتی، بزاقە شوناســـخوازییەکان قـــڕ دەکات بەڵکوو جوغرافیای ناجێگیریی ئێران هەڵنەوەشێتەوە.

٣-٣ سڕبوونی مەدەنی و ژیانەوەی فاشیزم

مەبەســـت لە هـــۆکاری ئاوارتە لـــەم وتارەدا پرســـی کوردیناســـیۆنی وێرانییە، نەک هەر بە مانای وێرانکردنی ژێرخانـــە ئابووریەکان، بەڵکوو دەرکەوتـــە کۆمەڵایەتییەکەیەتی کە کەرامەت و ویژدانی ئێرانییەکانی وەهـــا ڕەزیل و وێران کردووە کە زۆر بە ئاســـایی لەگەڵ سیســـتەمی وێرانکەر هەڵدەکەن و تەنانەت خۆشیان دەبن بە بەشێک لە هۆکاری کاولکاری. پێوەندیی هۆکارییانە لەنێوان نایەکسانی و شـــکاندنی کەرامەتی مرۆڤ لای کەس شـــاراوە نییە، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە بەهۆی هەڵاواردنـــی دینی، جێندێری و ئیتنیکی-زمانییەوە، مەودا کۆمەڵایەتییەکان لاســـەنگتر و چەوســـاندنەوەش بەربڵاوتر دەبێت. لـــە وەها دۆخێکـــدا کەرامەت، کە پێوەندیی بە شـــیاندنی بەهرە مرۆییەکانەوە (Capabilities) هەیە، پێشـــێل دەکرێت (Sen 2001)، بۆنموونە مافی خوێندن، لەشســـاخی، سەرپەناو، خواردن و بەتایبەتی ئازادی، کە بنەمای وەدیهێنانی ئیرادەی «چـــۆن دەرکەوتن» و «چۆن ژیانـــە» (Functionings). لەبابەت وێرانکردنی ویژدانی کۆمەڵایەتیش (Social Conscience)، ئـــەم پێوەندییە هۆکارییە بیرمـــان دەهێنێتەوە کە پێکهاتەی نایەکسانســـاز و قەیرانـــە ئابووری و کۆمەڵایەتییـــەکان، چۆن مرۆڤ لـــە خۆی و هاوخەمیکردن لەگەڵ هاوچارەنووســـەکانی نامۆ دەکات و هەتا مەودای نایەکسانی زۆرتر بێت، بەو ڕادەیە متمانە، هاوسۆزی، پشتگیری و کۆدەنگی کەمتر دەبێتـــەوە، چەمکی ژیان دەشـــێوێت و کۆمەڵگا دەبێت بـــە مەیدانی ڕاکەڕاکە و پچڕاندن لە پێناو مانـــەوەدا (Wilkinson & Pickett, 2010). لە ئێراندا وەها نایەکسانییەک و پێوەندییە هۆکارییەکانـــی بەرچاون، هـــەڵاواردن بەهۆی دیـــن و مەزهەبی جیاواز، جێنـــدەر و هەروەها هەڵاواردنی ئەتنیکی-زمانی کە ســـێن ئامارتیا (٢٠٠١) ئاماژەی پێداون، لە کەس شـــاراوە نین و لەوەش گرنگتر؛ چاوپۆشی لەمەڕ ئەندیکاتۆرەکانی ویلیکســـۆن و پەکێت (٢٠١٠) لەبابەت ویژدانی کۆمەڵایەتیش ناکرێت. بەڵام بەشـــێکی بەرچاو لە توێژینـــەوە مەیدانییەکان لە ئێرانـــدا، ئاماژە بە پێوەندییەکی پێکهاتەیی و هەروەها عیللەت/ مەعلوولی، لەنێوان «قەیرانی ئابـــووری» و «دارمانی ئەخلاقی» دەکـــەن. لەم ســـۆنگەیەوە ئاماژە بە بەرزبوونەوەی نرخی هەڵاواردن و هەڵوێســـتی دژەکۆچبەری (بۆ نموونە ئەفغانســـتانییەکان)، هەروەهـــا ئاســـایی نواندنەوەی ڕەنـــج و ئازاری پێکهاتە نەتەوەییەکان کراوە، بۆ نموونە کۆڵبەریی لە کوردستان و «سووختبەریی» لە بەلووچستان. هەڵبەت ناکرێ ئـــەم قەیرانـــە مەدەنییە هەر بە دەرکەوتەیەکی ســـەلبیی کولتوری تێبینی بکەیـــن، بەڵکوو پاڵنەرێکی سایکۆلۆژییانەشـــە کە «ئێریک فـــرۆم[٣]» وەک «پـــەژارەی تەنیایی» (Anxiety of Isolation) پێناســـەی دەکات. واتە مـــرۆڤ بەهۆی بێهیوایی لەبـــەر بەهاکانی ئـــازادی هەڵدێت و خۆ لە باوەشـــی فاشـــیزم دەهاوێـــت. جەوهەرەی فاشـــیزم وەهایە خۆی لـــە بنەما پێکهاتییەکان ،کە هـــۆکاری هەژاری و چەوســـاندنەوەن، دەبوێرێـــت و جەماوەر هان دەدات لەدوای تاوانبـــار بگەڕێن تاوەکوو لەڕێگای «قوربانی ســـازکردن» (Scapegoating) لەوانی تر و هەڵمەتبردن بۆ ســـەریان (بۆنموونە پرسی تەجزیەتەڵەبی)؛ قەرەبووی کەرامەتی شـــکاوی نەتەوەیی خۆیان بکەنەوە (فراستخـــواە، ١٣٩۴). ئەوەی باس کرا ڕەهەندی ســـایکۆ-کۆمەڵایەتیی ســـڕبوونی مەدەنییە، بەڵام دەرکەوتەی سیاسیی

وەها سێندرۆمێکی کۆمەڵایەتی، ڕێخۆشکردن بۆ بەدەسەڵاتگەیشتنی پیاوێکی ئەوتۆریتارە تاوەکوو کەرامەتی شکاوی نەتەوەییان بۆ تیمار بکات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ دووڕگەی ئارامی پەهلەوی (بۆنموونە ڕاپەڕینی ۱۴۰۴).

وەک ئاماژەی پێدرا هاوبەندییەکی واقعی و بەرچاو لەنێوان سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی و کوردیناسیۆنی ویلایەتی بەدی دەکرێت کە داینەمۆکەی مۆجیزەی ڕانت و ڕەهەندەکانی مەسیانیزمانەی دەوڵەتی خێرتەوەرە. ئەم هاوبەندییە مۆدێلی دەوڵەتداری کۆماری ئیسلامی ئاوارتەتر دەکاتەوە و بەم چەشنە مەودا لە گشت مۆدێل و سیستەمە سیاسییەکانی دیکە دەگرێت کە لە شڕۆڤە و لێکدانەوە بەراوردکارییەکاندا دێنە بەر باس. بەپێی تێزی سکۆچپۆڵ لەمەڕ ئینقلاب، کۆمەڵگەی ئێران بەهۆی یەکانگیربوونی قەیرانی ئابووری، داخرانی سیاسی و ناکارامەبوونی دامەزراوەکانی ڕێژیم، دەبوایە بەستێنێک بێت بۆ چالاکبوونی بزاڤێکی دێموکراتیک، بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، کۆمەڵگە تووشی پارادۆکسی ڕەفتاری بووەتەوە. بەواتایەکی دیکە سەرەڕای کەڵەکەبوونی قەیرانەکان، نارازیبوونی جەماوەری و ڕاپەڕینە سینووسییەکانی ئەم ساڵانە کە بەهۆی ماشینی سەرکوت کۆنترۆڵ کران، بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی سڕبوونی مەدەنی یا ئەو دۆخە سایکۆلۆژیکە کردووە کە مارتین سەلیگمەن بە «فێرەداماویی» (Learned Helplessness) پێناسەی دەکات (Seligman, 1975). هەڵبەت ناکرێ خەمساردیی سیاسی (Political Apathy) لە ئێرانیدا تەنیا وەک کاردانەوەیەکی کاتی لەهەمبەر قەیرانە ئابووریییەکان سەیر بکەین؛ بەڵکوو ئەم دیاردەیە بەرهەمی پرۆسەیەکی ئاڵۆزتر کە ویرانبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و شپرزەیی سایکۆلۆژییانەی تاکی ئێرانیی لێکەوتووەتەوە. بەردەوامبوونی زەختە ئابووریییەکان و داخرانە سیاسییەکان لە ئێران بووەتە هۆی بەدامەزراوەیی کردنی جۆرێک لە «خدەی ناچاری» (Habitus of Necessity) و هاوواڵاتییان بە شێوەیەکی ئاگایانە خۆ لە گۆڕانی بنەڕەتی دەبوێرن و لە ڕووی ناچارییەوە، ستراتیژیای سازگاربوون هەڵدەبژێرن (Bourdieu, 1995).

لە وەها دۆخێکدا خەڵک ناچارن چاوەڕوانی و داخوازییەکانیان لە حکوومەت، بەپێی بەربەستە پێکهاتەییەکان بگونجێنن و لەنێوان «هەڵکردن» و «گۆڕانی سیاسی»دا، هەڵکردن لەگەڵ ژیانی سەخت و ڕووتیندا هەڵدەبژێرن کە لە ئاستی سیاسیدا وەک خەدەی ناچاریی (بوردیو)، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا وەک فێرەداماوی (سەلیگمەن) و لە ئاستی مەعریفەناسیدا وەک «تەنیایی سیاسی» (ئارێنت) شڕۆڤە هەڵدەگرێت. هەڵبەت وەها خۆگونجاندنێک بەمانای سەقامگیری نییە، بەڵکوو خەڵک خۆ لە جومگەبەندییەکی ڕووداوتەوەرانە (Sewell, 2005) مات دەکەن و دیسان لەدژی ڕێژیم ڕادەسێنەوە.

۳-۴ داتاکان چیمان پێدەڵێن:


شیکردنەوەی داتا مەیدانییەکان لەبابەت هەژاری، بە بەراورد لەگەڵ ڕاپۆرتی بانکی سویسی (UBS 2023)، باس لە هاتنەئارای جەمسەرگیرییەکی سەرسامهێنەر لەمەڕ سەرمایە (Wealth Polari-zation) لە ئێران دەکەن. لەکاتێکدا گەمارۆ ئابووریییەکان کۆمەڵگای ئێرانی فەشەل کردووە و زۆرینەی خەڵک لەنێو تەتەڵەی مانەومدا پەلەقاژە دەکەن، هەژماری ملیۆنێرە سیاسییەکان ڕووی لە هەڵکشان کردووە و ئەم نایەکسانییە لە هێندێ تۆێژینەومدا وەک هۆکاری سڕبوونی مەدەنی تێبینی کراوە. لە ڕاپۆرتێکی «موسسە رحمان» سەبارەت بە دارمانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بە پشتبەستن بە ئاماژەکانی «وەزارەتی ناوخۆ» لەمەڕ نرخی بەشداریکردنی سیاسی و

هەروەها ئاماری «بانکـــی مەرکەزی» لەمەڕ نرخی هەڵاوســـان کە لە ســـاڵی ١٣٨٨ هەتا ١۴٠۴ تۆمار کـــراون، ئاماژە بە ســـەلبیبوونی «زەریبی پیرســـۆنی» دەکـــەن لە پێوەندیـــی بە نرخی مەتمانەی کۆمەڵایەتی. نرخـــی متمانە ۴۶% بۆ ١۵% داکشـــاوە کە پێوەندیـــی بە نرخی هەڵکشانی هەڵاوســـانەوە هەیە کە لە سنووری ۴٨% تێپەڕیوە. لە دیاگرامەکانـــی ژمارە ١ و ٢دا دەرەنجامی توێژینـــەوەکان وێنا کراون:

دیاگرامی ژمارە ١

دیاگرامی ژمارە یـــەک [۴] باندۆری زەختی ئابووری لەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی نیشـــان دەدات.

لەم دیاگرامـــەدا ڕیزەکـــی هاوکۆڵەکەکان ســـەلبیانەیە [۵] ($r \approx -0.72$). واتـــە پێوەندییەکی ســـەلبی لەنێوان بەرزبوونەوەی «هەڵاوســـانی ئابووری» و دابەزینی «متمانەی کۆمەڵایەتی» بەدی دەکرێت کـــە دەتوانێ تیۆری خـــەدەی ناچاریی بۆردیۆ پشتڕاســـت بکاتەوە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی قەیرانی ئابـــووری، نرخی متمانەی سیاســـی دادەبەزێت و خەڵک تووشـــی خەمساردی دەبن. بەڵام بابەتێکی جێی ســـەرنج لـــەم دیاگرامەدا ئەوەیە کە هەڵکشـــان و داکشـــانی هەڵاوسان کار لە زەریبی پیرسۆنیی ئەندیکاتۆری متمانەی کۆمەڵایەتی نـــاکات بەڵکوو شـــیوی تووندی ئەندیکاتۆرەکـــە هەروا بە خێرایـــی لێژ دەبێتەوە.




دیاگرامی ژمارە ٢ [۶]

لەم دیاگرامەدا ســـێ ڤاریابڵی سەرەکی لەنێوان ساڵی ١٣٩٠ بۆ ســـاڵی ١۴٠۴ (٢٠١١-٢٠٢۵) لەپاڵ یەکتـــر نوێندراوەتەوە واتە:

- نرخـــی هەڵاوســـان وەک ڤاریابڵێک بۆ نواندنەوەی دۆخی ژیان و بژێویی ئێرانییەکان (ڕەنگی سوور)
- ئەندیکاتـــۆری ســـڕبوونی مەدەنیی باس لە بێهیوایی و پاســـیڤبوونی سیاسی دەکات (ڕەنگی شین).
- ئەندیکاتۆری پەرەســـەندنی ڕاســـیزم و هـــەڵاواردن (ڕەنگـــی نارنجی)

پەرەسەندنی هەڵاوردن لە ساڵی ١۴٠٠ی هەتاوییەوە، ئاماژە بە دڵەڕاوکێی مانەوە دەکات کە پێشتر مەسعوود فەرامەتخا(١٣٩۴) تێبینیی کردبوو. نرخی هەڵاوسانی ئابووری لە ساڵی ٢٠١٨ ڕوو لە هەڵکشان دەکات کە کاریگەریی سەلبی لەسەر دابەزینی ئەندیکاتۆری «ئەخلاقی مەدەنی» لە ساڵی ٢٠٢١دا هەیە و پێمان دەڵێت تاکی ئێرانی بەهۆی تورەبوون لە دۆخەکە هەست بە پەژارەی تەنیایی دەکات و لەدوای تواناییرێک دەگەڕێت (ئەفغانستانی یا پێکهاتە نەتەوەییەکان) بەڵکوو بە سەربڕشێتەوە و قەرەبووی کەرامەتی شکاوی نەتەوەیی بکات. بابەتێک کە لەم دیاگرامەشدا بەرچاوە، هاوتریبوونی ئەندیکاتۆری سڕبوونی مەدەنی و ئەندیکاتۆری بیری ڕاسیستیانەیە. لە نواندنەوەی هاوکۆڵەکەکاندا ئەم دوو ئەندیکاتۆرە بە شیوێکی تووندا هەڵدەکشێن و لە یەکتر دانابڕێن. ئەم هاوتەریبییە دەتوانێ ئاماژەیەک بێت بۆ پەرەسەندنی سێندرۆمی فاشیزم لە ئێراندا. کەوایە لە هەردوو دیاگرامەکاندا باندۆری نرخی هەڵاوسان بەرچاوە بەڵام جێگای بەتاڵی ڤاریابڵێکی دیکە دیارە کە دەکرێ پێوەندیی بە بنبەستی ئینقلابەوە هەبێت، واتە بەهۆی ڤێتۆکراسی هیوای گۆڕانی بنچینەیی لە ئێراندا زۆر دابەزیوە.



٣-۵ سڕبوونی دووفاقیانە

پەرەسەندنی سەرمایەداریی سیاسی و هەروەها چڕبوونەوەی سەرمایەی ڕانت (Rent-seeking Wealth) لە ناوەند، هەر کەلێنێکی چینایەتی لێ نەکەوتووەتەوە، بەڵکوو وەک میکانیزمی بەرهەمهێنانەوەی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییش (Internal Colonialism) تێبینی دەکرێت. ئابووریی سێبەر لەڕێگای تالانکردنی سەرچاوە سروشتی و مادییەکانی ئەو ناوچانەی بە پەراوێز ناسراون و هەروەها هەڵچنینی سەرمایە لە ناوەندی دەسەڵاتدا (واتە ناوچە فارسنشینەکان)، پڕۆژەی ئەویترسازی لەمەڕ ئابووریی نەتەوە بندەستەکانیشی خێراتر کردووە. نامۆبوونی سیاسیی (Political Alienation) نەتەوە بندەستەکان یەک لە دەرکەوتەکانی وەها پڕۆژەیەکە و لەم سۆنگەیەوە گۆڕانێکی نێومڕۆکیی

لەمەڕ سڕبوونی مەدەنی، لای نەتەوە بندەستەکاندا پێک هێناوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر سڕبوونی مەدەنی لە شارەکانی ناوەند شێوازێک لە سازگاربوونی ستراتیژیک (Strategic Con-servatism) بێت و دەرئەنجامەکەی لاوازکردنی چینی مامناوەندییە، لە ناوچە پەراوێزخراوەکاندا، لە تۆپی «بێدەنگبوونی بندەستی» (Subaltern Silence) دەردەکەوێت و چین و تۆپژەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکان یەکگرتووتر و کۆدەنگتر کاردووە کە لە هێندێ قۆناغی هەستیاردا، لە فۆرمی بەرخۆدانی ڕۆژانە نافەرمانیی مەدەنی و بزاڤێکی دژەکۆلۆنیالیدا دەردەکەوێت. کەوایە هاوبەندیی کاولکارانە توانیویەتی دووفاقییەکی خەمساردانەش (Duality of Apathy) بەرهەم بهێنێت کە شانسی گەیشتن بە سێنتێزێک لەمەڕ گۆڕانی بنچینەیی لە ئێراندا کەم دەکاتەوە. هۆکارەکەش لەوەدایە کە نەتەوەی باندەستکراو بەهۆی داڵغەی یەکپارچەیی خاک (Territorial In-tegrity Anxiety) و ترس لە هەرەسهێنانی سیستەمی سێنتراڵ-بڕۆکراتی ئێران، ئاگایانە یان لەڕووی نائاگاییەوە، بێدەنگی هەڵدەبژێرن و نەتەوە بندەستکراوەکانیش بەهۆی ئاگابوون لەمەڕ بەرهەمهێنانەوەی هەژمۆنیی ناوەند، گۆڕانکارییە سیاسییەکان وەک بەرهەمهێنانەوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و هیرارشی تێبینی دەکەن. ئەم دووفاقییە ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکی ڕەژدن لە بەردەم دامەزراندنی بلۆکێکی مێژوویی لە ئێراندا.

۳-۶ دەرەنجامی ئەم بەشە

سڕبوونی مەدەنی لە ئێران وەک گرکانێکی خەوتوو ڕەچاو دەکرێ کە لەوانەیە لە دەرفەتێکی ناوازەدا بتەقێتەوە. هەڵبەت دەرئەنجامەکانی وەها تەقینەوەیەک هەمیشە ئیجابی نابێت، هۆکارەکەش ئەوەیە کە سڕبوونی مەدەنی توانیویەتی سیستمی بەرگریی کۆمەڵگەی وەها لاواز بکات کە لەم ڕۆژانەدا نیشانەکانی خەدەی ناچاریمان لێ بینی. لە وەها دۆخێکدا خەڵک چاوپۆشیی لە عاملیەتی خۆی دەکات، لە ڕووی بێهیوابییەوە هەرچەشنە خوراقە و پڕۆپاگاندایەک دڵخۆشی دەکات و بۆ ئەوەی لە بنبەستی ئابووری و سیاسی ڕزگاری بێت؛ مل بە هەرچەشنە ڕیزبەندییەکی سیاسیش دەدەن. بنبەستی ئینقلاب لە ڕاستید ئاماژەیەکیشە بۆ «مەرگی سیاسەت» لە ئێراندا. واتە کاتێ سووژەبوونی مرۆڤ ڕوو لە کزی دەکات و کۆمەڵ وەک ئۆبژەیەکی ناجێگیر، چاوەڕێی سووپەر-پیاوێک دەکات کە لە فریای بێت. سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەوروپا، لەوەها بەستێنێکدا هاتە دی کە «ڤیلهێڵم ڕایش» شڕۆڤەی کردووە و دەڵێ: فاشیزم دیاردەیەکی سیاسی نییە کە خەڵک لە ڕووی ئاگاییەوە ڕووی تێ بکەن، بەڵکوو بەهۆی سەرکوتی دڕێژماوە و قەیرانی ئابووری؛ ئیرادەی مەدەنی و سیاسیی خەڵک وەها وێران دەکات کە تەما وەبەر وێرانکاری و گوێڕایەڵی ببەستن (ڕایش، ۱۳۷۲). کەوایە لە کۆمەڵگایەکدا کە کوردیناسیۆنی وێرانیی ئیدارەی بکات، سیاسەت وەها بنکۆڵ و وێران دەبێت کە شانسی دامەزراندنی دێمۆکراسی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ کە ڕەچاوی داد بکات و فرەچەشنی بسەلمێنێت، زۆر کەمترە لە شانسی دامەزراندنی نەزمێکی فاشیستی. ئەگەر چاوێک بە ئینقلابەکانی ئێران لە دووسەد ساڵی ڕابردووەدا بخشێنین، سیاسەتی بادانەوە گرنگترین دینامیزمی گۆڕان بووە و لە هیچ قۆناخێکی مێژوویی ئێران، سیاسەتی مۆدێرن، لەسەر بنەمای «لۆگۆس، دێموس و ئێتوس»، شانسی سەرکەوتنی نەبووە. دەستاودەست کردنی حکوومەتەکان لە ئێران نەک ئینقلاب، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی ئیستبداد بووە لە فۆرمێکی دینییەوە بۆ فۆرمێکی نیمچە سێکۆلار و هەروەها پێچەوانەکەشی. هۆکارەکەش پێوەندی بە فۆرماسیۆنی ئایدیای ئێرانە کە مەجال بە هەزمکردنی قەرزن و مۆدێلە سیاسییەکانی دیکە نادات. وەک ئاماژەی پێدرا، سڕبوونی دووفاقیانەی مەدەنیش لە ئێران کە بەرهەمی ئاوێتەبوونی «دارمانی ئابووری» و «بێهیوایی سیاسی»یە ئاماژە بە نەبوونی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دەکات لە نێوان ئێرانییەکان و پێکهاتە نەتەوەییەکان کە بەرەو پەراوێز ڕەتێندراون. لەم بەستێنە ئانتاگۆنیستییانەدا

«ترسی ناوەند» و «نافەرمانیی پەراوێز» گەیشتوونەتە هاوسەنگییەکی ســـەلبی؛ واتە لە ناوەند فاشیزم بەهێز و لە پەراوێزیش «ناسیۆنالیزمی رادیکاڵانە»ی چالاکتر کردووە. لە ئەگـــەری گۆڕان لە ڕوانگەی ناوەندخوازیدا، لەوانەیە هاوســـەنگییەک سەڵبییەکە بەرەو هاوســـەنگییەکی ئیجابییانـــە بگۆڕێت و ڕێخۆشکەر بێت بۆ گۆڕانی پێکهاتەیی لە ئێراندا، بەڵام یەک لە دەســـکەوتەکانی مۆجیزەی وێرانی لەوەدایـــە کە مەیلی ڤێتۆکراســـی لـــە قەزای سیاســـیی ئێراندا وەها بە دامەزراوەیی کردووە کە هاتنە دی وەها پارادایم شـــیفتێک زۆر زەحمەتە.

پەراوێزەکان:

١- ســـەنتەری ماکینـــاک لە وێبســـایتەکەی خۆیدا «پەنجەرەی ئەڤێرتۆن» بەم چەشـــنە پێناســـە کردووە: «پەنجـــەرەی ئەڤێرتـــۆن؛ ئاقار یـــا چوارچێوەیەکە بۆ ئەو سیاســـەتانە کە لە ســـەردەمێکی تایبەتـــدا و بە لای زۆرینـــەی جەماوەرەوە پەســـندکراو بێت. کەوایە سیاســـەتمەدار بە پێی ئەجندای ئایدیالۆژیک یا هێڵی فکریی خۆی و حیزبەکەی پلان و دروشـــمی سیاسی دادەڕێژێت، بەڵکە دروشـــم و ئەجندا سیاسییەکانیان بە ئاراســـتەی ئەو داوا گشـــتییانەدا تەکووز دەکەن کە بە شـــێوەیەکی بەرفراوان بە دڵی جەمـــاوەرە و کۆمەڵگا».شـــەرعیەتی پێ دەدات

2-Fukuyama, F. (2014). Political Order and Political Decay. FSG.

3- Fromm, E. (1941). Escape from freedom.

٤ - ئامـــارەکان لـــە ڕاپۆرتێکی دامـــەزراوە ڕەحمان (موســـســـە رحمان) وەرگیراوە و بە وردی و تێبینییەوە دراوە بە ژیری دەســـکرد تاوەکوو ئـــەو دیاگرامەم بۆ ئامادە بـــکات. ئەگەرچی ئامارەکان کوتومت پشـــت بەو توێژینەوە دەبەســـتێت کە دامـــەزراوەی ڕەحمان ئامادەی کردووە، بـــەڵام دیاگرامەکانی ژمارە ١ و ٢ ناتوانن ڕەوایـــی ئاکادیمکیان هەبێت و تەنیـــا بۆ نواندنەوەی ئامارەکان لەم وتـــارەدا دەکار کراوە.

5 - Order of cofficients

٦ - پێویســـتە ئامـــاژە بـــەوە بکرێت کـــە بەهۆی هەســـتیاربوونی تێرمی ڕاسیســـت، لە توێژینەوەکاندا ڕاســـتەوخۆ ڕاسیســـزم نەهاتووە و بەڵکـــوو لە ڕێگای چەمکەکانـــی دیکە کـــە دەتوانن ئاماژەیـــەک بن بۆ ڕوانینی ڕاسیســـتانە کەڵـــک وەرگیراوە.

ئامارەکانـــی دیاگرامی ژمـــارە ٢ بەهۆی کێبڕکێی «ایران ما» کـــە توێژینەوەیەکـــی مەیدانییە لەلایەن فەراســـەتخا ئامادە کراوە. ئامارەکان ئاماژە بەهۆی چەند توێژینەوەی مەیدانی لە گەڕەکەکانی مەزنشـــارەکانی ئێران ئاماژە بـــەوە دەدەن کە زیاتر لە ٥٠%ی خەڵک پەنابەرانی ئەفغانستانی وەک هۆکاری ئائەمنی و بێکاری دەزانن.

هەروەها ئامارەکانی ناوەنـــدی لێکۆڵینەوەی (World Values Survey + WVS) لەمـــەڕ ڕێژەی ڕەگەزپەرســـتی لە وڵاتانـــی جیهان بەم پرســـیارە ئاماده کـــراوە: «پێتخۆشـــە کێ دراوســـێت بێت؟» وڵامـــی ئێرانییەکان بۆ ئەم پرســـیارە ئـــەوە بووە کە حەزیان لە دراوســـێیەتی نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت ئەفغانستانییەکان نەبوو.

سەرچاوەکان
بە زمانی ئینگلیسی و زمانە سکاندیناوییەکان

1. Arendt, Hannah (2023). Om Revolisjon. Oversett: Qvale, Per. Første utgave. SolumBokvennen AS. ISBN: 9788279904663.
2. Arendt Hanna (1996). Vita Avtiva, Det virksømme liv. 1. utgave. Oversett av Janss Chritian. Pax forlag A/S, Oslo. ISBN: 82-530-1750-2.
3. Aristoteles (1993). Politiken. Övers. Karin Blomqvist. Partille: Åströms förlag.
4. Bayat, Asef (1997). Street politics: Poor people's movements in Iran. Columbia University Press.
5. Bourdieu, P. (1995). Distinksjonen: en sosiologisk tolkning av smakskritikken (A. Prieur, Overs.). Pax Forlag.
6. Castells, Manuel (1977). The Urban Question: A Marxist Approach. Translation by AIan Sheridan. London, Edward Arlond, pp.12 - 211. ISBN: 07131 57189.
7. Chomsky Noam (2004). Language and Politics. Oakland CA: AK Press. ISBH 1-902593-82-0.

21. Marx, Karel (2016). Det Kommunistiske Manifest, Oversett av Leif Høghaug, forlag Vidarforlag. ISBN: 9788230332733.

22. Mouffe, C. (2013). Agonistics: Thinking the World Politically. Verso.

23. Platon (2001). Staten. (E. A. Wyller, Overs.). Vidarforlaget. (Opprinnelig utgitt ca. 375 f.Kr.).

24. Rasanah Institute for Iranian Studies. (2023). The Rent-Seeking Economy and Social Justice System in Iran.

25. Rancière, J. (2010). Dissensus: On Politics and Aesthetics (S. Corcoran, Trans.). Continuum.

26. Schwartz Jonathan (2016). Political Opposition in Theory and Central European Practice. Routledge. SBN: 978-1138659568.

27. Skocpol, Theda. (1979). States and Social Revolutions: A Comperative Analysis of France, Russia and China. Cambridge University Press.

28. Scott, James. C. (1985). Weapons of the Weak: Everyday Forms of Peasant Resistance. Yale University Press.

29. Sen, Amartya (2001). Development as Freedom. Oxford University Press, pp. 13-34. ISBN: 9780192893307.

30. Seligman, M. E. P. (1975). Learned helplessness: On depression, development, and death. W. H. Freeman.

31. Svendsen, Fr. H. Lars (2008). Fryktens filosofi. Oslo: Universitetsforlaget.

32. Tatman Lucy (2012). Telling Time Together: Hannah Arendt and The Temporal Condition of Human Beings in the World.

33. Táíwò Olúfémi O. (2022), Elite Capture: How the Powerful Took Over Identity Politics (And Everything Else), Pulto Press. ISBN 9780745347851.

34. Tabaar, Mohammad Ayatollahi (2018). Religious Statecraft: The Politics of Islam in Iran. New York: Columbia University Press.

35. UBS Group company (2023). Global Wealth Report 2023. Leading perspectives to navigate the fature. Credit Suisse AG.

8. Chandler Daniel (2007), Semiotics: The Basics. second edition, London: Routledge, p 35.

9. Deans, Tom & Ware, Alan. (1986). Charity-State Relations: A Conceptual Analysis. Journal of Public Policy.Vol. 6, 2 (apr. – Jun).

10. EUAA. (2025). 3.5. Ethnic minorities. https://euaa.europa.eu/country-guidance-iran-2025/351-kurds-including-faili-kurds-and-yarsan-kurds

11. Fanon, Frantz (2002). Jordens Fordømte. Oversett av: Amlie Axel. 1. utg. Den norske bokklubben. ISBN: 9788252537512.

12. Foucault, M. (2006). Ttingens orden. En arkologisk undersøkelse av vitenskapene om mennesket. Norsk utgave, Spartacys forlag, Oslo. ISBN 82-430-0371-1.

13. Gerschewski, Johansens (2013), The three pillars of stability: legitimation, repression, and co-optation in autocratic regimes. https://doi.org/10.1080/13510347.2013.738860

14. Gallie, W. B. (1956). “Essentially Contested Concepts.” Proceedings of the Aristotelian Society, pp. 56, 167–198.

15. Kayhan Life, Iran’s Millionaires Multiply As 30% of Population Lives Below Poverty Line (2023)

16. Laclau, E., & Mouffe, C. (1985). Hegemony and socialist strategy: Towards a radical democratic politics. London: Verso, pp. 95-105.

17. Lincoln, Bruce (2014). Religion, Empire, and Torture: The Case of Achaemenian Persia, with a Postscript on Abu Ghraib. University of Chicago Press.ISBN: 9780226251875

18. Lewin Tessa (2021), Nothing is as it seems: «discourse captur» an backlash politics. https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/13552074.2021.1977047.

19. Maddah, Majid (2020). Rent-seeking and resource curse in Iran. Macroeconomics and Finance in Emerging Market Economies.

20. https://www.academia.edu/64638727/Telling_Time_Together_Hannah_Arendt_and_The_Temporal_Condition_of_Human_Beings_in_the_World?utm_source=chatgpt.com

36. U.S. Department of the Treasury (2025). Targets Additional Elements of Iran's Shadow Banking Network.

37. Wilkinson, Richard, & Pickett, Kate. (2010). The Spirit Level: Why Equality is Better for Everyone. Penguin Books Limited, pp. 49-66, ISBN: 0241954290, 9780241954294.

سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

۱- آبراهامیان، یرواند (۱۳۷۷)؛ "ایران بین دو انقلاب"، ترجمه: گل محمدی، احمد و فتاحی، محمد ابراهیم، نشرنی.

۲- ابن خلدون (۱۳۹۴). "مقدمه ابن خلدون". ترجمه محمد پروین گنابادی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

۳- استیون، فی و هایدون، ویلیام (۱۴۰۲). "تحلیلی در باب موقعیت فرهنگ هومی بابا". ترجمه د. هادی نوری نمکین. تهران:نشر پیله.

۴- اسپیوک، گایاتاری (۱۳۹۷). آیا فرودست می تواند سخن بگوید؟ ترجمه: ایوب کریمی. تهران انتشارات فلات.

۵- خلیلی‌پور، اکرم، و رضا افهمی. (۱۴۰۳) «واکاوی نقش فضای شهر تهران در رویدادهای اجتماعی معاصر (نمونه موردی انقلاب اسلامی)» لسان مبین، دوره ۲، شماره ۲، ص. ۲۳۷–۲۵۲.
https://ensani.ir/fa/article/601927

۶- دلوز، ژیل و گاتاری، فلیکس (۱۳۹۱)؛ «هزار فلات» (کاپیتالیسم و اسکیزوفرنی)؛ ترجمه زهره اکسیری و دیگران؛ تهران: رخداد نو.

۷- سعید، ادوارد (۱۳۸۲). شرق‌شناسی. ترجمه لطفعلی خنجی. تهران: نشر آگاه.

۸- فراستخواه، مقصود (۱۳۹۴). ما ایرانیان: زمینه‌کاوی تاریخی و اجتماعی خلقیات ایرانی. نشر نی.

۹- فرارو (۱۶ آبان ۱۴۰۱) فایلی دەنگی رەعنا رەحیم‌پوور، پێشکەشکاری پێشووی بی بی سی فارسی.

https://fararu.com/fa/news/584912/%D8%AC%D9%86%D8%AC%D8%A7%D9%84-%D9%81%D8%A7%DB%8C%D9%84-%D8%B5%D9%88%D8%AA%DB%8C-%D9%84%D9%88-%D8%B1%D9%81%D8%AA%D9%87-%D8%A7%D8%B2-%D8%AE%D8%A8%D8%B1%D9%86%DA%AF%D8%A7%D8%B1-%D8%A8%DB%8C-%D8%A8%DB%8C-%D8%B3%DB%8C-

۱۰- لوفور، هنری (۱۳۹۵). "تولید فضا". ترجمه محمود عبدالله زاده. چاپ دوم. تهران: انتشارات مرکز مطالعات و برنامه ریزی شهر تهران.

۱۱- وهابی، مهرداد (۲۰۲۵)، "هماهنگی ویرانگر، انفال و سرمایه‌داری سیاسی اسلامی، خوانشی نوین از ایران معاصر". برگردان به فارسی: هایریک، پیریم خان. چاپ نخست ۲۰۲۵، انتشارات علمی پژوهشی ایران آکادمیا.

کتێبناسیی بۆ خوێندنەوەی دیاردەی ئینقلاب

1. Foran, J. (2005). Taking Power: On the Origins of Third World Revolutions. Cambridge University Press.

2. Foran, J. (1993). Fragile Resistance: Social Transformation in Iran from 1500 to the Revolution. Westview Press.

3. Goldstone, J. A. (1991). Revolution and Rebellion in the Early Modern World. University of California Press.

4. Kuran, T. (1995). Private Truths, Public Lies: The Social Consequences of Preference Falsification. Harvard University Press.

5. Sewell, W. H., Jr. (2005). Logics of History: Social Theory and Social Transformation. University of Chicago Press.

6. Skocpol, T. (1979). States and Social Revolutions: A Comparative Analysis of France, Russia, and China. Cambridge University Press.

7. Tarrow, S. G. (2011). Power in Movement: Social Movements and Contentious Politics (3rd ed.). Cambridge University Press.

ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد:
ئایدیۆلۆژیا و سەرکوتی ئۆتۆنۆمیی کورد لە ئێران

فاتح سەعیدی
تویژەر لە زانکۆی تێگزاس، ئاستین

پێشەکی

لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکێک لە کایە باوەکانی سەردەمی منداڵیمان ئەوە بوو کە دەبووین بە چەند قۆڵ و بە تفەنگی دارین یان پلاستیکی شەڕمان دەکرد. هەندێک جار، خڕمبەردەکان دەبوون بە هاوەن و خومپارە، و داوێنی چیای داپۆشراو بە داربەڕووی دەوروبەری گەڕەکەکەمان دەگۆڕان بۆ سەنگەر و حەشارگە. قاپۆڕی فیشەکی پێکدادانەکانی پێشوو هێشتا لە بناری کێو و بەندەن دەدۆزرانەوە و ڕاستییەکی تاڵیان بە کایەکانمان دەبەخشی. لەم یاریيەدا، زۆربەمان دەمانویست «پێشمەرگە» بین؛ پێشمەرگە لە کاتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لە ساڵی ١٩٤٦دا چووەتە ناو فەرهەنگی سیاسیی کوردەوە (قاسملوو ٢٠٠٠، ل. ٥٦) و لەو کاتەوە هەر بە بیستنی ناوەکەی هەستی خەڵک لە کوردستان دەبزوێ. لای کورد، پێشمەرگە تەنیا سەربازێکی سادە نییە، بەڵکوو هێمای فیداکاری، ئازایەتی و کەرامەتی یەک نەتەوەن.

جا لەبەر ئەوەی شەڕەکە دەبوایە دوو لایەنی هەبێ، هەندێک لە منداڵەکان دەوری «پاسدار»یان دەگێڕا، کە ئاماژەیەک بوو بۆ ئەندامانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی. سوپای پاسداران کە لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە (١٩٠٢-١٩٨٩) لە مانگی گوڵانی ١٩٧٩دا دامەزرا و بە شێوەیەکی فەرمی وەک پارێزەر و پاسەوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەهاکانی وەسف دەکرا (قێری و ئەوانی تر ٢٠٠٩). لە کایەکەماندا، داوا لە پاسدارەکان دەکرا بە فارسی قسە بکەن و فارسییە سەقەتەکەی هاوڕێکانمان زۆرجار دەبووە مایەی پێکەنین. لەبەر ئەوەی هەموو شەڕێک پێویستی بە دوژمنێک هەبوو، ئێمە یاسای جێگۆڕکەی ڕۆڵەکانمان پەسەند کردبوو و هەر ناوبەناوێک دەستەیەکمان دەبوونە پێشمەرگە و پاسدار. بەڵام تەنانەت لە کایەکەشدا، گرووپێکی سێیەم هەبوو کە کەس نەیدەویست تیایدا بەشدار بێ. ئەم دەستەیە کوردە هاوکارەکانی پاسدارەکان بوون کە لای ئێمە بە «جاش» یان «پێشمەرگە موسڵمان» ناسرابوون و لەڕاستیدا ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد (سازمانی پیشمرگان مسلمان کورد) بوون (حەسەنیان ٢٠٢٤). لە کولتووری جەماوەریی کوردستاندا، جاش یەکێکە کە بە بیستنی ناوەکەی شەرم داتەدەگرێ، و ئاماژەیە بۆ ئەو چەکدارە کوردانەی کە هاوکاری هێزی دوژمنن و خیانەت لە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دەکەن. وشەکە لە بنەڕەتەوە لە «جاشەکەر»ەوە هاتووە. دەگووترێ لە کاتی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان، جەیشی (سوپای) عەرەبەکان هەندێک کوردی خائینی هاوکاری خۆیان دەخستە بەر خۆیان تا چاوساخیان بێ. پێشمەرگەی کوردی ژیر لەسەر کێشی جەیش، نازناوی جاشیان بۆ ئەم تاقمە ساز کرد. ئاخر دەگووترێ جاشەکەر تەنیا بێچووی دنیای ئاژەڵانە کە دەکەوێتە پێش دایکی خۆی. ئەمەش هێمایەکە بۆ ئەوە ئەم خائینانە ئەگەرچی کوردن بەڵام لە دایکی عەرەبی دوژمن بوون.

بەرەبەرە و لە مێژووی هاوچەرخدا، زاراوەی جاش لە زۆربەی کوردستان بۆ ئەو کوردانە بەکار هات کە بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان یارمەتی سوپای دوژمنیان داوە و دژی پێشمەرگە شەڕیان کردووە. لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئەگەر بە کەسێک بوترێ جاش، تەنیا مانای خیانەتی سیاسی بەخۆیەوە ناگرێ، بەڵکوو بە واتای سەرشۆڕییەکی ئەخلاقیی قووڵیش دێت. لە کایەکانی سەردەمی منداڵیماندا، هەر کەسێک ناچار کرابایە ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، سەری لە شەرمەزاریدا شۆڕ دەکرد و نارەزایەتی دەردەبڕی، و پێداگری دەکرد کە دەیهەوێ لەگەڵ پێشمەرگەکان کەوێ نەک لەگەڵ

هاوکاره ســـووک و ڕیســـواکانی خـــۆی لەناو ســـوپای پاسدارانداا.

بیرەوەریـــی ئـــەم کایـــە منداڵانەیـــە ڕەنگدانـــەوەی واقیعێکـــی کۆمەڵایەتـــی زۆر فراوانترە. لـــە یادەوەریی بەکۆمەڵـــی کورددا، «جـــاش» وەک بەهێزترین هێمـــای خیانەتی ناوخۆیی ماوەتەوە و قورســـاییەکی هاوشێوەی زاراوەی «کویســـلینگ» (Quisling) لە مێژووی ئەوروپادا هەڵدەگرێت. لـــە کاتێکدا کە دەکرێ جاش بە شـــێوەیەکی بەرفـــراوان بۆ هەر جۆرە هاوکاریـــی ئایدیۆلۆژیک یان سیاســـی بەکار بێـــت، بەڵام لە ســـاڵانی ســـەرەتای کۆماری ئیسلامیدا، بە دیارترین شـــێوە ئـــەم زاراوەیە بەســـتراوەتەوە بە ئەندامە کوردەکانی میلیشیای یاریدەدەری سوپای پاســـداران، واتە ڕێکخراوی پێشمەرگە موســـڵمانی کورد.

ســـەرەڕای ڕۆڵی ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کـــورد لـــە مێژووی سیاســـیی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتاندا، تا ئێســـتا کەمتر شرۆڤەی چۆنیەتی ســـازبوونی ئەم ڕێکخراوەیە، بنەمـــای ئایدیۆلۆژی، یـــان پەیوەندییەکەی بە ســـوپای پاســـدارانەوە کراوە. ئەم بۆشاییە لەبەر گرنگیـــی دووفاقیی ڕێکخراوەکە جێـــی تێڕامانە؛ چونکە لە لایەکـــەوە وەک میکانیزمێکی ناوخۆیی بۆ ســـەرکوتکردنی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێرانی دوای شۆڕشـــدا کاری کردووە، و لە لایەکی تریشەوە بەشـــێک لە پرۆســـەی کۆلۆنیالیستی «لەخۆدا تواندنەوە»ی (Co-optation) ئێرانییەکان بـــوو کـــە تیایـــدا ســـەرلەنوێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانی نـــاو کۆمەڵگەی کـــوردی داڕێژنـــەوە. لەخـــۆدا تواندنـــەوە، پرۆســـەیەکی سیاســـی یان ڕێکخراوەییە کە تیایـــدا داگیرکەر دێت و بەشـــێک لە هێزی بەرخۆدانـــی کورد ئاوێتەی خـــۆی دەکات. واتە بە مەبەستی ســـەرکوت و ســـڕینەوە، دان بە هەندێـــک تایبەتمەندی دژبـــەری خۆیدا دەنێ و لەخـــۆی دەگرێ تـــا بتوانێ دووبەرەکی ســـاز بکات. ڕێژیمـــی ئیسلامیی ئێـــران نەیدەگوت کورد نییـــە، بەڵکـــوو دەیگوت کـــوردی چاک و خـــراپ هەیـــە؛ کـــوردی موســـڵمان و کافر هەیـــە. ئەوانەی گوێڕاڵەی ئێمـــەن و داخوازی سیاســـییان نییـــە موســـڵمانەکانن و ئەوانەی داواکارییەکی سیاســـییان ســـەبارەت بە پرسی کورد هەیـــە، کافـــرە لادەرەکان لـــە ئایینی ئیسلامـــن. کەواتە ئێمـــە تەنیـــا ئەوانە لەخۆ دەگرین کە نـــەک تەنیا دان بـــە حکوومەتی ئێمەدا دەنێـــن، بەڵکوو لـــە جێبەجێ کردنی سەروەریی سیاســـیی ڕێژیمی ئێرانی ئیسلامیدا هـــاوکار و هاوڕێمانن.

تاکـــوو ئیســـتا لە نـــاو ئـــەو توێژینەوە بەرفراوانانـــەی لەســـەر مێژووی سیاســـی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخی کورد و کوردســـتان ئەنجـــام دراون، ئەم ڕێکخراوە یـــان بە تەواوی پشـــتگوێ خراوە (گانتەر ۲۰۲۰؛ بـــۆزەرسلان و ئەوانـــی تـــر ۲۰۲۱) یـــان تەنیا بـــە کورتی ئامـــاژەی پـــێ دراوە (ماکـــداوڵ ۲۰۰۱؛ وەلی ۲۰۱۶)، و هەندێـــک جـــار لەگـــەڵ زانیاریی نادروســـت، هەڵســـەنگاندن و شـــیکاریی ســـنووردارا تێکەڵ بووە. هـــەر بۆیە هەندێک جـــار کەموکوڕیی لەو وتارانـــەدا دەبینرێ کە باســـیان لەم ڕێکخراوە کردووە؛ هۆیەکەشـــی بۆ ئـــەوە دەگەڕێتـــەوە کە وتـــارەکان زۆرجار پشتیان بە گریمانەی نادروســـت و بنەمایەکی نائەزموونی بەســـتووە. توێژەرانی وەک مارتن ڤان برۆینســـێن (۱۹۸۶،ل. ۲۳) و دەیڤید مەکداوڵ (۲۰۰۱، ل. ۲۷۶) بـــاس لـــەوە دەکـــەن کە پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد بە پلەی یەکەم لە کورد شـــیعەکانی کرماشـــان پێکهاتبوون. لە ڕاســـتیدا، ئەگەرچی ســـەرەتا ڕێکخراوەکە لە کرماشـــان دروســـت بوو، بەڵام ئەندامەکانی کوردی ســـوننە بوون و هیچیان خەڵکی شاری کرماشـــان نەبوون. ئەم وێناکردنـــە هەڵەیە لە بەرهەمەکانی دواتریشـــدا دووبـــات بووەتەوە،

لەوانە لە کارەکانی حەسەنیان و ستانسفیلد (٢٠٢٢، ل. ١٦)، و تێزکور و ئەسەدزادە (٢٠١٩، ل. ٦٥٩)، کە بەمەش زانیاریە پشتڕاستەنەکراوەکە بۆ سەرچاوەکانی دواتر گواستراوەتەوە.

بە هەمان شێوە، عیزەتیار مێژووی بەکارهێنانی زاراوەی «جاش» بۆ سەردەمی دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگەڕێنێتەوە و تەنیا بە ئەندامانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کوردەوە دەیبەستێتەوە (عیزەتیار ٢٠١٦، ل. ١٥٧) و لە هەمان کاتیشدا ئەگەرجی توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر ئەحمەد موفتیزادە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باس لە دەنگۆ و پەیوەندییەکانی ئەو کەسایەتییە گرنگە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە ناکات. من دواتر ئەم باسە زیاتر شی دەکەمەوە، بەڵام مێژووی جاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەردەمی پاشایەتی دەگەڕێتەوە و بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٧٢دا، ڕۆژنامەی «کوردستان»، زمانحاڵی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، بڵاوی کردووەتەوە کە ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، ئەویش لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندن و پێدانی مووچەی مانگانەی ٢٤٠ تمەن، بەشێک لە زەحمەتکێشانی کوردستان و هەندێک کەسایەتیی دەرەبەگی نانیشتمانیی پرچەک کردووە (حدکا ١٩٧٢، ٤). ڕۆژنامەکە بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە میکانیزمی دانەبەرخۆی کردووە و ناوی «جاشگرتن»ی لێناوە، و ئەمەش نیشان دەدات جاشایەتی و ئەو کارەی پێی دەناسرا، پێش کۆماری ئیسلامی هەبووە.

کەموکوڕییەکی تر لە شیکارییەکەی عەباس وەلیدا دەردەکەوێ کە تەنیا سەرنجی خستووەتە سەر ئەو خێڵ و عەشیرەتانەی کە لە مەهاباد و پیرانشار (وەکوو عەشیرەتی مەنگور) بەشێکیان ببوون بە پێشمەرگە موسڵمان (وەلی ٢٠١٦، ل. ٢٩٧-٩٩). ئەگەرچی پێکهاتەی خێڵەکی لەو ناوچانە کاریگەریی لەسەر ئەم دیاردەیە هەبووە، بەڵام ئەم ڕوانگەیە ناتوانێ شێوازی سازبوون، پەرەسەندن و بەردەوامیی ڕێکخراوەکە شی بکاتەوە. چونکە لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێشمەرگە موسڵمانی کورد بەبێ پێکهاتەیەکی خێڵەکی گەشەی کردووە؛ و لە جیاتی پەیوەندیی عەشیرەیی، پشتیان بە ڕێکخستنی ئایدیۆلۆژی بەستووە کە دەوڕێکی یەکلاکەرەوەی لە پەرەسەندنی خێرایدا هەبووە. لە درێژەدا باس لەوە دەکەم کە ئەندامەکان سەرەتا لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئایدیۆلۆژییەوە ڕادەکێشران و دواتر بەرەبەرە لە ناو چینە هەژارەکانی کۆمەڵگەدا پەرەیان دەسەند. ئەم جەختکردنە لەسەر چوارچێوەیەکی خێڵەکی، لە شیکارییەکانی سینکایا (٢٠١٨، ل. ٨٤٩)، شەریفی (٢٠٢١، ل. ٤١٧)، و حەسەنیان (٢٠٢٤، ل. ٣٠٦)یشدا دەردەکەوێت و ئەمەش زیاتر وێنەیەکی ناتەواو لەسەر ڕێکخراوەکە جێگر دەکات.

لەڕێگەی ئاوردانەوە لەم کەلێنە مێژووییانە و شیکردنەوە ناڕوونانە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدا تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لەمەڕ ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، وەک میلیشیایەکی ئایدیۆلۆژیک لە ناو ستراتیژیی دژە-شۆڕشی ڕێژیمدا بەدەستەوە بدات و، وەک هێزێک پێناسەی بکات کە دەوری لە پارچەپارچەکردنی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبووە. هەر بۆیە، ئەم وتارە لە ڕێگەی پشکنین بۆ ئایدیۆلۆژیا، پێکهاتەی میلیشیایی، و ڕۆڵی سیاسیی ڕێکخراوەکە گرنگیی ئەوان لە سەرکوتکردنی داخوازیی بزووتنەوەی کورد بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی لە ئێرانی دوای شۆڕشدا نیشان دەدات.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ لە ڕوانگەیەکی شیکاری و دژەکۆلۆنیالیستییەوە سەیری ئەم بابەتە بکات و گرنگیی بە بنەمای ئایدیۆلۆژی، میکانیزمەکانی لەخۆدا تواندنەوە، و هاوکاریی نێوان ئەم میلیشیایە لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا دەدات. ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، کە بە فەرمی لە پاییزی ١٩٧٩و بە پشتیوانیی فەرماندەی سوپای پاسداران محەممەد بروجێردی (١٩٥٥-١٩٨٣) و ڕەزامەندیی ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزرا، لە گوتاری دەوڵەتدا وەک بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی جەماوەری لە کوردە ئیمانداڕەکان وێنا دەکرا کە بەرگریی لە شۆڕش دەکەن و دژی ئەو لایەنانە دەوەستنەوە کە وەک دژە-شۆڕش پێناسە دەکران. گێڕانەوە فەرمییەکان ڕێکخراوەکەیان وەک هێزێکی خۆبەخش وێنا دەکرد کە پاڵنەرەکەی باوەڕی ئایینی، دڵسۆزی بۆ خومەینی، و فیداکاریی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو (ئیسلامیک ڕیپابلیک ١٩٨٠). بەڵام لە ڕوانگەیەکی کوردییەوە، ئەم ڕێکخراوە بەشێک بوو لە توندوتیژییەکی کۆلۆنیاڵ و تیایدا ئەوان وەک میلیشیایەکی کوردی بۆ شکڕکردن دژ بە کوردانی ئازادیخواز تەیار کرابوون تا خواستی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی و ئۆتۆنۆمی، لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا سەرکوت بکرێت.

گرنگیی لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد تەنیا باسکردن لە چالاکییەکی سەربازی نییە، بەڵکوو لە شیکاریی ڕەخنەگرانەی چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیکییە کە ڕەوایی بە هەبوونەکەی داوە. ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی کورد لە لایەن خومەینییەوە لە گەلاوێژی ١٩٧٩ کە بە ڕاشکاوی پێشمەرگەی وەک «کافر» و «مونافیق» پۆلین کرد، بنەمایەکی تیۆلۆژیک بۆ جووڵاندنی پێشمەرگە موسڵمانی کورد دژی هاونیشتمانییەکانی خۆیان بەدی دەهێنا (خومەینی ٢٠١٤، ٩:٢٨٣). بەیاننامەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە هەمان پۆلینکارییانەیان دووپات دەکردەوە؛ بە بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئان، ئەرکەکەیان وەک تێکۆشانێکی پیرۆز و خودایی بۆ «پاکتاوکردن»ی کوردستان لە پۆخڵەیی وێنا دەکرد. لە ڕێگەی ئەم پڕۆسەیەوە، ڕێکخراوەکە بوو بە ئامرازێک بۆ پڕۆژە فراوانترەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ «ئیسلامیکردن» و «ئەمنییەتیکردنی» کوردستان، کە تیایدا شەرعییەت لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەسەندرایەوە و لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەی کوردی تووشی دووبەرەکی دەکرد.

پێگەی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا بە هەمان ئەندازە گرنگە. لە کاتێکدا گوتاری دەوڵەت ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەی وەک شەهید و پاڵەوانی ئیسلام پیرۆز دەکرد، کۆمەڵگەی کوردی وەک «جاش» و زۆر بە خراپە ناویان دەبردن و وەک کەسانی خیانەتکار، بە سووک و چروکی سەیری دەکردن. ئەم دوو وێنا دژوازە، لە تاران وەک پاڵەوان و لە کوردستان وەک خوێڕی و سەرشۆڕ، تیشک دەخاتە سەر مانای جیاواز بۆ دڵسۆزیی، هاوکاریی و بەرگریی لە ئێران و کوردستان. کەواتە، شوێندانەریی ئەم ڕێکخراوە مەیدانی شەڕی تێدەپەڕاند و دەگەیشتە ناو پێکهاتە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

ئەم وتارە، بە هەڵسەنگاندنی بەستێنی دەرکەوتنی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە ناو چوارچێوەیەکی فراوانتری گرژییەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا دەست پێ دەکات و ڕوانگەی کوردەکان سەبارەت بە قۆناغی شۆڕش دەخاتە بەر باس. پاشان لە ڕێگەی شیکردنەوەی فەتوای ئایەتوڵڵا خومەینی دژی کورد، بنەما

ئایینی و سیاسییەکانی توندوتیژیی دەوڵەت دەپشکنێت، و شوێنپێی سازبوونی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد هەڵدەگرێت. بەشەکانی دواتر شیکاریی بۆ بنەمای ئایدیۆلۆژی و پروپاگەندەی ڕێکخراوەکە دەکەن و دوای ئەمەش پێکهاتەی میلیشیایی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان لە کوردستان تاوتوێ دەکرێت. وتارەکە بە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکە لە سەرکوتکردنی داخوازیی بۆ ئۆتۆنۆمیی لە کوردستان و ئەو لێکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەردەوامانەی کە ئەم پرۆسەیە هەیبووە، کۆتایی دێت.

گرژیی نەتەوەیی و شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران: ڕوانگەی کورد و فەتوای خومەینی

شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران نەخشەی سیاسیی ئێرانی سەرلەنوێ دارشتەوە. ڕووخانی پاشایەتیی پەهلەوی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێکەوتەی قووڵی بۆ گروپە جیاوازە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو وڵاتەکە هەبوو. کوردەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕاپەڕین و شۆڕشی ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩دا گێڕا. لە کوردستان بە گەرمی پێشوازی لە ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی کرا؛ چونکە ئەمە وەک هەلێک دەبینرا بۆ ئەوەی بەرەوڕووی ئەو دەسەڵاتە ببنەوە کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە سەرکوت و پشتگوێخستنی داخوازییەکانی کورددا هەبوو. بێزاریی کورد لە بنەماڵەی شا، لە دوای سەرکوتی ڕاپەڕینی سمکۆ، کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی چەکداریی ١٣٤٦-٤٧ و هەروەها بەهۆی پشتێکردنی محەمەدرەزا شا لە کوردانی باشوور (دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥) زیاتر ببوو. ئەم هۆکارانە ئاگری ویستی گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی سیاسی ئێران لە کوردستان خۆش دەکرد. کاتێک لە کۆتاییەکانی ١٩٧٨شۆڕش تاوی سەند، حیزبەکانی کوردستان چەکی ناو سەربازگەکانیان کۆکردەوە و دەسەڵاتیان بەسەر بەشێک لە ڕۆژهەڵاتدا چەسپاند (ماکداول ٢٠٠١، ل. ٢٦٧). خەباتکارانی کورد ئەگەرچی لە سەرەتادا پێشوازییان لە گۆڕینی ڕێژیم لە تاران دەکرد، بەڵام ئامانجی سەرەکییان پشتیوانیکردن لە کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو دەیانویست خۆبەڕێوەبەرییەکی کوردی و دێموکراسییەکی سێکۆلار دەستەبەر بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ئەم ویستەی لە دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» پوخت کردبووەوە (شەمس ٢٠٢٢؛ ئەحمەدی ٢٠١٨).

ئەم داواکارییە، کەمتازۆر، لە لایەن ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی تریشەوە وەکوو کۆمەڵە (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) و خەبات (سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران) پشتیوانی لێ دەکرا، و دەکرێ بوترێ لایەنە جۆراوجۆرەکان داخوازییەکی هاوشێوەیان بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا هەبوو (حەسەنیان ٢٠٢١؛ کەعبی ٢٠٢٠). بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم داواکارییانەی ڕەت کردەوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو بزووتنەوەی سیاسیی کوردی وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی پێناسە دەکرد. لەم بارودۆخەدا، دامەزراندنی سوپای پاسداران پێشهاتەیەکی دامەزراوەیی گرنگ بوو، چونکە میکانیزمێکی نوێی سەرکوتکاری بۆ ڕێژیمەکە دەستەبەر دەکرد و خێرا ڕۆڵێکی سەرەکی و بەردوامی لە کپ کردنی ویستی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گێڕا.

ڕێژیمی نوێ کە دەیهەویست دەسەڵاتی شیعی – ئێرانی بە سەر کوردستاندا بچەسپێنێ، داواکارییەکانی کوردی بۆ ئۆتۆنۆمی وەک ئالنگارییەک بۆ سەر ڕێسا و نەزمی دوای شۆڕش وێنا دەکرد. تەنیا چەند مانگێک دوای گەڕانەوەی خومەینی، پێکدادانی

چەکداری لە نێوان هێزەکانی کورد و سوپای پاسدارانی تازەدامەزراو ڕوویدا (ماکداوڵ ٢٠٠١، ل. ٢٧٦-٧٧). ئەگەرچی حیزبەکانی کوردستان لە سەرەتادا ڕێگەی دانووستانیان گرتەبەر و پێشنیازیان بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا پێشکەش کرد، بەڵام ئەم داواکارییانە ڕەتکرانەوە و تەنیا هەندێک ئیمتیازی کارگێڕیی سنووردار پێشنیاز کران. دواتر زانرا کە مەبەستی ڕێژیم لە دانووستان تەنیا بۆ کڕینەوەی کات و تەیار کردنی هێزەکانی بۆ هێرشی سەر لە نوێ بۆ سەر کوردستان بووە. لە کۆتاییدا، خواستەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کە لەسەر بنەمای سێکۆلاریزم و دێموکراسی دارێژرابوون، بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ چوارچێوە تیۆکراسییەدا (حکومەتی ئایینی)، کە ڕێژیم لە تاران بانگەشەی بۆ دەکرد، نەدەگونجان.

ئەم گرژییانە لە ڕێگەی چوارچێوەی دەستووریی کۆماری ئیسلامییەوە بەدامەزراوەیی کران. ئەو دەستوورەی کە لە دێسامبری ١٩٧٩دا پەسەند کرا و پێکهاتەیەکی ئایینی چەسپاند کە بەشداریی سیاسیی کوردی پەراوێز دەخست. لە ژێر سایەی ئەم پاشخانە دامەزراوەییەدا بوو کە کاراکتەرە سیاسییەکانی کورد گەیشتنە ئەو بڕوایە کە دەستووری نوێ کە لەسەر بنەمای حکومەتێکی چەقگەرای ئایینی دارێژراوە، ڕێگەی بەدیهاتنی ئۆتۆنۆمی داخستووە. هەر بۆیە لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزبەکان بە شێوەیەکی نەریتی هەژموونی سیاسییان هەبوو (ناوچە سوننەکانی ڕۆژهەڵات) ڕیفراندۆمی دەستووری نوێی ئیسلامی کە لە ٢-٣ی دێسامبری ١٩٧٩ بەڕێوە چوو، لە لایەن خەڵکەوە بەتەواوی بایکۆت کرا؛ بە جۆرێک کە نزیکەی سەدا نەوەدی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، بەشداریان تێدا نەکرد (شالیان ١٩٨٠، ل. ٢٢٩-٣٠). لە بەرانبەردا، خومەینی سەرکۆنەی ئەو کەسانەی کرد کە بایکۆتیان کردبوو یان دەنگیان دژی دەستوور دابوو، و بەوە تۆمەتباری کردن کە هاوکاری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەن و بێڕێزیان بە شەهیدانی شۆڕشی ئیسلامی کردووە و وەک دەستوپەیوەندی شەیتان و ئیمپریالیزم ناوی بردن (ئەبرەهامیان ٢٠٠٨، ل. ١٦٨-٦٩).

لەم قۆناغەدا، هێزی پێشمەرگەی حدکا و کۆمەڵە کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکیان لە ڕۆژهەڵات بە دەستەوە بوو کە دەکرێ بە هێڵی مەهاباد تا سنە و پاوە پێناسەی بۆ بکەین و بۆ ماوەیەکی کاتی هێزەکانی ڕێژیمیان لەو ناوچانە وەدەرنا. لە ئاگۆستی ١٩٧٩ شەڕی پاوە دەستی پێکرد و ئەمەش وای کرد خومەینی کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و سوپا ساز بکات. لە ١٧ی ئاگۆستی ١٩٧٩، خومەینی وتارێکی گشتی پێشکەش کرد و تێیدا ئایەتێکی لە سووڕەتی «الفتح» هێنایەوە کە باس لە هەڵوێستی تۆندی پێغەمبەری ئیسلام بەرانبەر بە کافرەکان دەکات؛ ئەو داوای کرد هەمان هەڵوێستی لاسارانە بەرانبەر بەوانە بگیرێتە بەر کە لە کوردستاندا بە دوژمن ناوی دەبردن. ئەم فەتوای جیهاد هەر کەسێکی دەگرتەوە کە لە کوردستان داواکارییەکی سیاسی هەبوایە:

«"تۆندن بەرانبەر بە کافرەکان و لە نێوان خۆیاندا بەبەزەیین." [قورئان ٤٨:٢٩]

ئەم پیلانگێڕانە لە ڕیزی کافرەکانن. ئەم پیلانگێڕانەی ناو کوردستان و شوێنەکانی تریش لە ڕیزی کافرەکانن. دەبێ بە تۆندی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. پێویستە حکومەت بە تۆندی مامەڵەیان لەگەڵ بکات. پێویستە سوپا بە تۆندی مامەڵەیان لەگەڵ بکات. ئەگەر ئەوان وا نەکەن، ئێمە بە تۆندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین» (خومەینی ٢٠١٤،

.(٨٣-٩:٢٨٢

فەتـــوای خومەینـــی وەک ڕاگەیاندنێکی ســـیمبولیک نەمایەوە، بەڵکوو مۆڵەتی شەرعی و یاسایی بۆ ئۆپەراسیۆنی دەســـتبەجێی سوپای پاسداران ســـاز کرد (بڕوانە وێنەی ١). زۆر کەس لە ئێران وەک فەرمانێکـــی ئایینیی و مەرجەع مامەڵـــەی لەگەڵدا دەکـــرا و ئەمـــەش بووە هۆی شـــەپۆلێکی خێرای تەیارکردنی خەڵکی ئاســـایی کە ببنە ســـوپایی و خۆبەخشـــانە لە سەرتاســـەری ئێرانەوە بۆ شـــەڕی دژ بە کافران ڕەوانەی کوردســـتان بکرێن (بڕوانە وێنەی ٢). هاوکات لەگـــەڵ ئەوەی پاســـدارەکان ڕەوانەی کوردســـتان دەکـــران، خەڵکی ئاســـایی ئەو شـــارانەی ئێران وەک ئیسفەهان، نەجەف ئاباد و قوم کە بەپرانی یەکەکانی ســـپای کوردستانیان ســـاز دەکـــرد بە گیـــان و بە مـــاڵ یارمەتی ســـوپایان دەدا (بڕوانە وێنـــەی ٩). لە ئەنجامی ئەمەدا، ئەگەرچی پاســـدارە خۆبەخشەکان کە کەمترین ڕاهێنانیـــان پێکرابوو، و تەنانەت پێش لە تەواوکردنـــی خولەکانی مەشـــق، پەلەیان بوو بگەنە کوردســـتان. هەر ئەمـــە بووە هۆی ئـــەوەی فەرماندەکانی ســـوپا ناچـــار بن خێرا ڕێکیان بخـــەن، چونکە پاڵنـــەری ئایدیۆلۆژی گرنگتـــر بوو لە ڕاهێنان (عالەمـــزادە ٢٠٢٣، ل. ٦٠٠-٦٠٣).

فەتوایەکـــەی خومەینـــی بەخێرایـــی لە لایەن مەرجەعە ئایینییەکانی دیکەی شـــیعەوە پشـــتیوانی لێ کرا (ســـەعیدی و عوسمانزادە ٢٠٢٥ب، ل. ٤٠٣-٤). ئەوان هەموویان کۆدەنگ بوون لەســـەر ئەوەی کە ئەندامانی حیزبەکانی کوردســـتان لـــە دینی ئیـــسلام هەڵگـــەڕاون و هـــەر ئەمـــە ڕەوایـــی دەداتـــە هـــەر جۆرە تووندوتیژییەکـــی بێبەزەییانە. لەم بەســـتێنەدا، پێشـــمەرگەی حیزبەکانی کوردســـتان، چیتر وەک کاراکتـــەری سیاســـی مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکـــرا، بەڵکـــوو وەک دوژمنانـــی ئیسلام ســـەرلەنوێ پێناســـە دەکرانـــەوە؛ بەمـــەش ململانێیەکی سیاسی لەســـەر ئۆتۆنۆمی گۆڕدرا بۆ هەڵمەتێکـــی ســـەرکوتکاریی پیرۆزکراو بە دەقـــی ئایینی. ســـوپای پاســـداران هێرش بۆ کوردســـتانی وەک «چارەســـەری کۆتایی» بۆ پرســـی کورد لێکدەدایەوە (خومەینی ٢٠٠٤)؛ ئـــەم گۆڕانکارییە لە ســـنووری ئـــەوەی کورد تەنیا دژەشـــۆڕش بـــێ تێدەپـــەڕی و دەچووە ناو کایەی نەکرۆپۆڵەتیکی ئایینی (سیاســـەتی مەرگـــی ئایینی)، کە تیایـــدا ڕێژیم لە ڕێگەی لۆژیکـــی مەرگـــەوە دیـــاری دەکـــرد کێ و لە کوێـــی کوردســـتان مافی ژیانـــی هەیە. هەروەهـــا ڕێگەی بۆ ســـەرکوتکاریی بەرفراوان، لەســـێدارەدانی بەکۆمـــەڵ، و کۆمەڵکوژیـــی دانیشـــتووانی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش کرد (سەعیدی و عوســـمانزادە ٢٠٢٥).

لەخۆدا تواندنەوەی ئایدیۆلۆژی و تووندوتیژی

لەگـــەڵ چڕبوونەوەی شـــەڕی چەکـــداری لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، ڕێژیمـــی ئیسلامی بـــەڕەوڕووی تەنگژەیەکی ســـتراتیژی بووەوە کە تەنیا لـــە ڕێگەی تووندوتیـــژی و زۆرەملێی دەرەکییەوە چارەســـەر نەدەکرا. ئەو پاسدارانەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان نێردرابوون، زیاتر لە ناوەڕاســـتی ئێرانەوە و بەتایبەتی لە شـــارەکانی وەک ئیســـفەهان و قومـــەوە ڕێکخرابـــوون (جەعفـــەری ٢٠٢٢؛ عالەمـــزادە ٢٠٢٣، ل. ٦٠٦)؛ ئـــەم هێزانە نە شـــارەزای جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بوون و نـــە لە لایەن خەڵکی کـــوردەوە بە هیچ شـــێوەیەک قەبوڵ دەکران. پاسدارەکان بە شـــێوەیەکی بەرفراوان وەک هێزێکی داگیرکـــەر دەبینران، نەک وەک دەســـەڵاتێکی ڕەوا. ســـەرەڕای ناردنی هێزێکی نامۆ بە کوردســـتان، ڕێژیم ڕووبەڕووی بەرگری هێزەکانی پێشـــمەرگەی ســـەر بـــە حدکا و کۆمەڵە ببـــووەوە (ســـینکایا ٢٠١٦، ل. ٩٦)؛ پێشمەرگەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆمەڵایەتیی قووڵیان لە کوردســـتاندا هەبوو و بەشـــێوەیەکی

بەرفـــراوان لە لایـــەن خەڵکی کوردســـتانەوە باوەشـــیان بۆ کرابـــۆوە و هـــەر وەک دەگووترا تەنانـــەت شـــەهیدەکانیان لە دڵـــی میللەتدا دەژیان.

ئـــەم ناهاوســـەنگییەی نێوان خواســـتە ســـەرکوتکارییەکانی ڕێژیم و توانای سنووردارای ئەوان لە ســـەر زەویدا، ســـوپای بـــەرەو ئەو پیلانـــە برد کـــە کەڵک لە هێـــزی خۆجێیی کـــورد بـــۆ بەرەوپێشخســـتنی بەرنامەکانیان وەرگرێت. کێشـــەی ســـەرەکی ئەوان نەبوونی زانیاریی مەیدانی لە کوردســـتان و جوگرافیای شـــاخاوی ناوچەکە بوو کـــە کاریگەریی هێزی خۆیانی بەرتەســـک دەکردەوە (ڕیمک ۱۹۸۰). لەگـــەڵ ئەوەیدا زۆرینەی خەڵکی موســـڵمانی کوردســـتان بە کردەوە پەیڕەوی ئیسلام بوون، بەڵام تەنیا بـــۆ کەمینەیەکی بچـــووک واده و بەڵێنی ڕێژیم بۆ پەرەپێـــدان بە کۆمەڵگەیەکی یەکســـان بەپێـــی دادپەروەریـــی ئیسلامی ســـەرنجڕاکێش دەهاتە بەرچاو. بەڵام ئەم تاقمە بچووکە کاتێک باســـیان لە پێشـــمەرگەکان دەکرد وەکوو کافر یان مارکسیســـت باســـیان دەکردن. فەرماندەکانی ســـوپای پاســـداران لەو ســـەردەمەدا ئەم کەڵێنەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی هێزێک لەم موســـڵمانە کوردانە ســـاز بکەن کە دژ بە بیری کوردایەتی بـــوون و بەتایبەت هەتا سەر ئێســـقان دژ بە مارکســـیزم و سۆسیالیزم بوون (ئـــەو دوو بیرۆکەیەی کـــە حیزبەکانی کوردستان سەرەڕای ویســـتی کوردانەوە خۆیان پێوە گـــرێ دەدایەوە).

حەســـەن ڕەســـتگارپەنا (یەکێـــک لە فەرماندەکانـــی ســـوپای پاســـداران کـــە بۆ مـــاوەی دوو دەیە لـــە بەرزترین ئاســـتەکاندا لە کوردســـتان بەڕێـــرس بـــوو)، پێیوایە کە سوپای پاســـداران لەو ســـەردەمەدا پێویستی بـــە هەواڵگریی نێوخۆیی، کەســـانی شـــارەزا بە جوگرافیـــای ناوچەکە هەبـــوو و هەر بۆیە تەنیا نەیاندەتوانی پشـــت بە هێزی ســـوپایی خـــۆی ببەســـتێ (ڕەســـتگارپەنا ۲۰۱۹، ل. ۱۸۷-۸۸). ئـــەوەی ئـــەم ناکارامەییەی تۆختر کردبوو پێکهاتەی ســـوپای پاســـداران بۆخۆی بـــوو. زۆربەی ئەو کەســـانەی لە ســـەرەتادا وەک خۆبەخـــش هاتبوونە ناو ســـوپاوە، ئەو گەنجانـــە بوون کە ســـەرەڕای ئـــەوەی هیچ کات کوردســـتانیان نەدیتبـــوو، ئەزموونێکی سەربازیی ئەوتۆشـــیان نەبوو. ئەگەرچی دەبێ ئـــەوەش بگووتـــرێ دوای ئـــەوەی چەندین ســـاڵ لە کوردســـتان ئەزموونیان وەســـەر یـــەک نا و، لـــە ســـایە ســـەری ئەزموونی ســـەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەوە دواتر پلـــە باڵاکانـــی فەرماندەیی ســـوپای پاســـدارانیان بەدەســـت هێنا (فۆروزان ۲۰۱۶، ل. ۵۸-۵۹). پاڵنەری ســـەرەکی پاســـدارەکان بەرگریکردن لـــە بەهاکانی ئیـــسلام بوو و لە لایەن خومەینییەوە ڕاســـتەخۆ پشـــتگیرییان لێ دەکرا. فەرماندەکانی ســـوپای پاســـداران دەیانزانـــی کە فەتـــوای خومەینـــی دەتوانێ شـــەرعییەتی ئایینی بۆ پاســـدارە گەنجەکان ســـاز بکات، بـــەڵام بـــڕوای ئایدیۆلۆژیک بە تەنیا نەیدەتوانی بەســـەر واقیعە مەیدانییەکانی شـــەڕی گەریلاییـــدا زاڵ بێت.

لـــەم بارودۆخەدا بوو کە شـــێوازی زاڵبوون لە ڕێگەی تووندوتیژیی ئاســـۆییەوە ســـەرلەنوێ داڕێژرایـــەوە. لە جیاتی ئـــەوەی دەوڵەت تەنیا لە ڕێگـــەی زۆرەملێی دەرەکییـــەوە ڕووبەڕووی بەرگری ببێتەوە، ئاڕاســـتەی تووندوتیژییەکەی بەرەو ناوەوە وەرســـووڕاند. ئەوان بیریان کردەوە ئەگەر بتوانـــن لە نێوان کـــوردەکان هاوکار بۆ خۆیـــان پەیدا بکـــەن دەتوانن لەم شـــەڕەدا ســـەرکەوتوو بن. کێشـــەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردســـتان ویســـتێکی بەرزی بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی هەبوو و تەنانەت ســـوپای پاســـداران بە پارە نەیدەواتنـــی ئەندامێکی ئەوتۆ لە دەوری خۆی کۆ بکاتـــەوە. بۆیە بیریان لـــەوە کردەوە ڕەنگە لە ڕێگەی مەشـــروعیەتی ئایینی ئیسلام

لە کوردستان بتوانن کەسانێک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە ڕێگەی ئەم ستراتیژییەوە، فەرماندەکانی سوپای پاسداران دەیانهەویست چیتر سەرکوتکاری وەک دەستێوەردانێکی دەرەکی نەبینرێ، بەڵکوو وەک ململانێیەکی نێوخۆیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وێنا بکرێت.

بەبێ بەشداریی هێزێکی کوردی، سوپای پاسداران نەیدەتوانی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات شکست بدا. ئەوان تواناییان بۆ یەکەم جار هاوکێشەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساز بکەن: بەشێک لە هێزی مرۆیی کورد بە ناوی ئیسلامەوە بۆ دژایەتی پێشمەرگە ڕێک بخەن و وەک فۆرمێکی نوێ لە شەڕی برا دژ بە برا ئاگری دووبەرەکی بۆ خۆش بکەن. ئەم کارە، تێچووی سیاسیی تووندوتیژیی دەوڵەتی کەم دەکردەوە و لە هەمان کاتدا بەرەی بەرگریی لە کوردستانی لەت دەکرد و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی تێکدەشکاند.

لەو سۆنگەیەوە، ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد تەنیا وەک هێزێکی یاریدەدەری تاکتیکی بۆ سوپای پاسداران کاری نەدەکرد، بەڵکوو ئامرازێک بۆ سازکردنی دەسەڵاتی ئێرانی و زاڵبوون بوو. واتە ئەگەرچی هاریکاری سوپای پاسداران لەگەڵ هێزێکی کوردی، سوودێکی تاکتیکیی خێرای بەوان دەدا؛ وەکوو هێزی مرۆیی بۆ شەڕکردن، کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری، ڕێدۆزی لە ناوچە هەڵەموت و سەختەکاندا، و ناسینەوەی نەیارە سیاسییەکان (فۆروزان ۲۰۱۶، ل. ۱۰۹)، بەڵام بەرنامەی لەخۆدا تواندنەوە و کەڵکاژۆگرتنی ئەوان لە بەرژەوەندییەکی سەربازیی گەلێک زیاتر و دوورمەوداتر بوو. هەر بۆیە پیلانی سازکردنی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، کۆمەڵێک ئامانجی ئایدیۆلۆژیکی درێژخایەنی دەپێکا کە مەبەستیان سەرلەنوێ دارشتنەوەی کەسایەتیی سیاسیی کورد و لێسەندنەوەی ئەو ڕەواییە بوو کە پێشمەرگە بۆ بەرگریی لە کوردستان هەیبوو.

یەکەم، دەستبەسەرداگرتن و شێواندنی چەمکی پێشمەرگە ئامانجی سەرەکیی ئەم ستراتیژییە نوێیە بوو. ئەم چەمکە کە لە ناو ناسنامەی بەکۆمەڵی کورددا مێژوویەکی لێورێژ لە شانازی هەیە و بە ئازایەتی و گیانبەختکردنەوە بەستراوەتەوە، لە ڕێگەی هاوکاریکردنی داگیرکەرەوە، واتایەکی نوێی پێ بەخشرا. سوپای پاسداران بە گۆڕینی پێشمەرگە بۆ ناوێک کە پەیوەست بێ بە ناپاکی و ژێردەستەیی، هەوڵیدا سەرمایەی هێمایی بەرگریی چەکدارانەی کورد کەم بکاتەوە و لەناوی ببات. تەنانەت بۆ جلوبەرگ ئەندامانی ڕێکخراوەکە جلوبەرگی کوردییان لەبەر دەکرد و بەتایبەت لە سەرەتاکانەوە پێیان دەوترا کە جامانەی سوور ببەستن. چونکە لەو سەردەمەدا شۆڕشی ئەیلوول بە سەرکردایەتی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لە ناو دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک خۆشەویست و جێی شانازی بوو.

دووەم، زیادکردنی ئاوەڵناوی موسڵمان بارێکی ئایدیۆلۆژیکی زۆر بەهێزی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ئەمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دووفاقییەکی ئەخلاقیی دروست دەکرد کە تیایدا ئەو پێشمەرگە کوردانەی سەر بە حیزبەکانی کوردستان بوون، وەک دژە دین و کافر وێنا دەکران، لە کاتێکدا جاشەکان وەک نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلام نیشان دەدران. ئەم جێگۆڕکە گوتارییە بەردەوام لە ڕێگەی فەتواکانی خومەینی، بڵاوکراوەکانی سوپای پاسداران، وتارەکان و گێڕانەوەی میدیاییەوە تۆخ دەکرایەوە. تەنانەت هەندێک لە جاشەکانی وەک ڕەحیم ئەحمەدی و داریوش چاپاری کە لە سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە بوون پێیانوابوو

ئەوان پێشمەرگەی ڕاستەقینەن و ئەوان دەبێ کافرەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن.

سێیەم، ڕەهەندێکی تری ئەم ستراتیژییە کە کەمتر دیار بووە، پەیوەندی بە پەرەپێدان بە تووندوتیژی لە ناو خودی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. لە ڕوانگەی داڕێژەرانی پیلانی سوپای پاسدارانەوە، بەکارهێنانی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە شەڕی دژی هێزی پێشمەرگە، ئەو دەستکەوتەی مسۆگەر دەکرد کە لە هەر لایەک ئەگەر بکوژرێ هەر کورد لەناو دەچێ و ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە. واتە کوردی چاک هەر کوردی هاوکار نییە، لە ڕاستیدا کوردی چاک کوردی مردووە! ئەم لایەنە بۆیە گرنگە چونکە نە تەنیا تووندوتیژیی سوپای پاسدارانی دەشارەوە و پاساری ئێرانیش کەمتر دەکوژرا، بەڵکوو کۆمەڵگەی کوردستانی پارچە پارچە دەکرد و هەوڵ دەدرا ململانێی نێوان دەوڵەت و کوردستان بۆ شەڕێکی نێوخۆیی ناو مااڵی کوردی سەیر بکرێت. ئەو شەڕەی کە تیایدا هەم کورد دەکوژرا و هەم هێندە جێگۆڕکە بە هێماکانی پێشمەرگە و شەهید دەکرا و پێچەوانە بەکار دەهاتن، بەشکم سەرلێشێواوی بۆ دەزگای تێگەیشتنی خەڵکی کورد ساز بکەن و لانیکەم بەها نیشتمانیەکانیان لەلایان بێمانا بکەن. واتە ئەگەر هەمیشە لە باشووری کوردستان جاش جاش بوو و لە لای خەڵک وەک خوێڕی و بەکرێگیراو سەیر دەکران، سوپای پاسداران هەوڵی دەدا جاش چیتر جاش نەبێ، بەڵکوو جاش پێشمەرگە بێ. هەوڵێک کە ڕەنگە لە سەرەتا ساولیکانە بهاتبایە بەر چاو، بەاڵم بە تێپەڕینی ساڵەکان دەیتوانی لانیکەم لە لای کەمینەیەکی بچووکیش بێ مانایەکی جیاواز ساز بکات.

ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٣، بەر لەوەی ورده ورده لە گەڵ سوپای پاسداران تێکەڵ بکرێت، چەند هەزار کەس بوو. ئەگەرچی ئامارێکی گشتگیرمان لەبەر دەستدا نییە، بەاڵم ئاماره فەرمییەکانی سوپای پاسداران ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنیا لە پارێزگای کوردستان، ٩٩٨ پێشمەرگە موسڵمانی کوردی لە پێکدادان لەگەڵ حیزبەکاندا کوژراون (کەڵوەندی ٢٠١٥، ل. ٣٧١-٤٤٣)؛ ئەم ژمارەیە بە دڵنیاییەوە کەمتەرە لە کۆی گشتیی کوژراوەکان، بەتایبەت ئەگەر چالاکییە بەردەوامەکانی ڕێکخراوەکە لە پارێزگاکانی کرماشان و ورمێ (بە تایبەت ناوچەی موکریان) لەبەرچاو بگرین. پێش تێکەڵبوونی ڕێکخراوەکە لەگەڵ سوپای پاسداران لە ساڵی ١٩٨٣، ٤٧ ئۆپەراسیۆنی سەربەخۆیان ئەنجامداوە (ئیزەدی و ئەوانی تر ٢٠٠٨ب، ل. ٥٧-٥٩)، بەاڵم ژمارەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیان لەگەڵ سوپای پاسداران زۆر لەوە زیاتر بووە، بۆ وێنە: ١٦٠ ئۆپەراسیۆن لە سنە، ٥٥ لە مەریوان، و ٦٦ ئۆپەراسیۆن لە بانە (ڕەستگارپەنا و ئیسفەهانی ٢٠١٣).

لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە، هێزەکانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد لە چوارچێوەی گوردانە هێرشبەرەکانی وەک «جوندوڵڵا» و «ڕەسوڵوڵڵا»دا ڕێکدەخران و بەتایبەت بۆ ئەو مەئموریەتانە دەنێردران کە شەڕی دەستەویەخە و لە مەودایەکی زۆر نزیکدا ئەنجام دەدران. بە وتەی حەسەن ڕەستگارپەنا (٢٠١٩، ل. ١٨٧)، تیمە پێنج کەسییەکانی پێشمەرگە موسڵمان بەردەوام ڕەوانەی پێشەوەی هێرشەکان دەکران؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوان جگە لەوەی شارەزای ناوچەکە بوون، زیاتر لە پاسدارەکان توانای بەرگری جەستەییان هەبوو و هەر بۆیە کاتێک شەڕەکان چڕ دەبوونەوە، زیاتر پشتیان پێ دەبەستراً (بڕوانە وێنەی ٣). چونکە ڕێژیم پێویستی

به هێـــزی مرۆیی هەبوو، خولەکانی مەشـــقی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد بۆ پـــازدە رۆژ کـــەم کرابووەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو مەشـــقی ئاســـایی بۆ ئەندامی ئاسایی ســـوپای پاسداران لە شـــوێنەکانی تری ئێران چـــل و پێنج رۆژ بـــوو. ئەم دیاردەیـــە هـــەم بێبایەخیی گیانی جاشـــەکانی لای ئێرانییەکان نیشـــان دەدا و هەم ئەوەی ســـوپای ئێران بەپەلە دەیویســـت لە رێگـــەی تووندوتیژییـــەوە نەهێڵێ حیزبەکان خۆیان بۆ شـــەڕ ئامـــادە بکەن.

پێشـــمەرگە موســـڵمانەکان لە چەندین بەرەی شـــەڕی بە وتەی خۆیان دژەشـــۆڕش بەشـــدار بوون: ئەوان شانبەشـــانی ســـوپای پاســـداران و ئەرتەش لە جەولەی ســـەربازی، کەمیـــن دانان، چاوســـاخی بۆ پاســـدارەکان، هەڵمەتەکانـــی پاکتاوکـــردن (بڕوانـــە وێنەی ۴)،کۆکردنـــەوەی زانیاریـــی هەواڵگـــری و ناســـینەوەی نەیارە سیاســـییەکان بەشـــدار بوون. فەرماندەکانی ســـوپای پاســـداران خۆیان دان بـــەوەدا دەنێـــن کە بێ یارمەتـــی ئەوان نەیاندەتوانی لە کوردســـتان ســـەرکەون:

«ئەگەر پێشمەرگە موســـڵمانەکان نەبوایەن، ئێمـــە ســـەرنەدەکەوتین. کلیـــل و نهێنیی ســـەرکەوتنمان هێـــزە ناوخۆییـــەکان بوون. ئەوان ســـەرچاوەی زانیارییـــە هەواڵگرییەکانی ئێمە بـــوون و لە رێگەی ئەوانـــەوە ڕووبەڕووی جووڵەکانـــی دوژمـــن دەبووینـــەوە. بابەتـــی ســـەرنجڕاکێش ئەوەیـــە ئێمـــە بـــە قووڵی لەگەڵ هێـــزە ناوخۆییەکان تێکـــەڵ ببووین؛ هاوڕێـــی یەکتـــر بووین و لـــە یەکتـــری تێدەگەیشتین. لە ئۆپەراسیۆنەکانی پاکتاوکردن و ڕزگارکردن، جەولـــەکان، کەمینەکان، و جووڵە هەواڵگرییەکاندا، برا ناوخۆییەکانمان بە ڕاســـتی وەک پێشـــمەرگە کاریان دەکرد و ئامادە بوون گیانـــی خۆیان لـــە بەرانبەر دوژمنـــدا بکەنە قوربانـــی، تەنیـــا بۆ ئـــەوەی پارێـــزگاری لە هێزەکای ســـوپا بکەن.» (ئێـــزەدی و ئەوانی تر ۲۰۰۸، ل. ۴۶).

بنەمای ئایدیۆلۆژیک وشەرعییەتپێدان

بنەمـــای ئایدیۆلۆژیکی ڕێکخراوی پێشـــمەرگە موســـڵمانی کورد نـــە بەرێکەوت بـــوو و نە کاردانەوەیەکی ســـادە بەرانبەر بـــە بارودۆخی ململانێـــی ناوخۆیی لە کوردســـتان بوو. بەڵکوو لە رێگـــەی کایەیەکی گوتاریی چـــڕەوە بونیاد نرابـــوو کە تێیـــدا زمانی ئایینـــی و ئەخلاقی شۆڕشـــگێڕانە یەکیـــان دەگرت بـــۆ ئەوەی پرســـی کورد وەک خەباتێکی ئیسلامیی دژی بێدینـــی، گەندەڵی و پیلانگێڕیـــی نێودەوڵەتی پێناســـە بکەنەوە. ئەو ڕاگەیەندراوە فەرمییانەی کە لـــە لایـــەن ڕێکخراوەکـــەوە دەردەچوون، بەردەوام شـــەڕی چەکداریـــان وەک «جیهاد» وێنـــا دەکرد و حیزبەکانی کوردســـتانیان نەک وەک ڕکابەرێکی سیاســـی، بەڵکوو وەک «کافر»، «مونافیـــق» و دارەدەســـتی هێـــزە بیانییەکان دەناســـاند (ڕیمک ۱۹۸۰ب؛ کەڵەوندی ۲۰۱۵). ئەم زمانـــە تەنیا بـــۆ پاســـاودانی تووندوتیژی نەبوو؛ بەڵکوو دەیانهەویســـت سەرلەنوێ دۆخی کوردســـتانی پێ پۆلێن بکەنەوە و ئۆپۆزسیۆنی سیاســـیی وەک هەڕەشـــەیەکی ئەخلاقـــی و تیۆلۆژیـــک پێناســـە بکەن کە پێویســـتی بە «ڕیشـــەکێش کردن» هەبوو، نـــەک «دیالۆگ و دانوستان».

لـــەم چوارچێوەیـــەدا، ڕێکخراوەکە خۆی وەک هێزێکـــی ئایدیۆلۆژیکی بەگوڕ نیشـــان دەدا و لـــە بەیاننامـــەی دامەزراندنیـــدا وەک «ڕێکخراوێکی سیاسی-ســـەربازی-ئایدیۆلۆژیک» وەســـف کردبـــوو؛ ڕێکخراوێک کـــە ئەرکی پاکتاوکردنی کوردســـتان لە بێدینـــی (کوفر)، پاراســـتنی شۆڕشـــی ئیسلامی، و سەلماندنی ڕەوایـــی کۆمـــاری ئیسلامی پێ ســـپێردرابوو (ڕیمـــک ۱۹۸۰). بەکارهێنانـــەوەی بەردەوامی ئایەتەکانـــی قورئان ســـەبارەت بە شـــەڕی دژی کافـــرەکان و مونافیقـــەکان، بـــۆ پیرۆزکردنی تووندوتیژی و داخســـتنی ڕێگـــە لەبەردەم هەر جـــۆرە بیرۆکەیەکی سیاســـیی جیـــاوازدا بوو (بڕوانـــە وێنـــەی ۵). دانوســـتان، پێکهاتن، و

پلۆرالیزم بەردەوام وەک جۆرێک لە لاوازیی یان ناپاکی سەرکۆنە دەکران. بەتایبەتی ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر «وەفدی حوسنی نییەت» (دەستەی نیازپاکی) کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەستنیشان کرابوون، هەتا لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی کوردا گفتوگۆ بکەن و چارەسەرێک بدۆزنەوە (ئەحمەدی ١٩٨٠؛ ڕیمک١٩٨٠ج).

ڕێکخراوەکە و سوپای پاسداران لە ڕووی سیاسییەوە خوازیاری گۆڕایەڵیی ئیسلامی بۆ مرۆڤی کورد بوون و هەر بۆیە بزووتنەوەی کوردیان نەک تەنیا وەک دژە-ئیسلام، بەڵکو وەک هێزێکی «بێڕەوشت» وێنا دەکرد و ئەوانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە گەندەڵی و بێئەخلاقی بڵاو دەکەنەوە، فەزیحەتی سێکسییان هەیە، لە دەرەوەی بنەماڵە گەنجان بۆ پەیوەندیی ئازاد هان دەدەن و بوونەتە هۆی دارمانی کۆمەڵایەتی؛ هەر بۆیە لە بڵاکراوەکانی ڕێکخراوەکە و سوپادا بەردەوام دەنگۆی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە پێشمەرگەکان وێنەی وروژێنەر بڵاو دەکەنەوە، باوەڕیان بە بنەماڵە نییە، خۆیان بەشێوەی تێکەڵاو پێکەوە دەژین، کحول و مەشروب دەخۆنەوە و کرین و فرۆشتنەکەیان ئازاد کردووە و، هەر بۆیە تێکدەری نەریتە ئایینییەکانی کۆمەڵگەی کوردین و ڕەوشتی کۆمەڵگەیان بەلاڕێدا بردووە (سەفەوی ١٩٨٠؛ چاپاری ١٩٨٠). لە هەمان کاتدا، پرسی ئۆتۆنۆمیی کوردستانیان وەک پیلانگێڕییەکی ژیۆپۆلیتیکی پێناسە دەکرد و بەردەوام وەک هەوڵێک بۆ دروستکردنی «ئیسرائیلی دووەم» لە ناوچەکەدا باسیان لێ دەکرد و گوایە پرسی کورد لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزمی نێودەوڵەتییەوە ئاڕاستە دەکرێت (سەفەوی ١٩٨٠، ل. ١٠). ئەم جۆرە گێڕانەوانە، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردیان وەک پیلانگێڕییەکی جیهانیی دژ بە ئێرانی ئیسلامی نیشان دەدا، و ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکانیشیان وەک پێشەنگی بەرگریکار لە ئیسلام نیشان دەدا.

خومەینی بە تەواوی پشتی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی دەگرت و لە وتارێکی گشتیدا بەڕوونی ڕێوشوێنی فکریی بۆ ئەوان دارشتبوو:

«سوپاسی ئەم گەنجە پێشمەرگە [موسڵمانە کوردانە] دەکەم کە بەراستی سەلماندیان فیداکاری ئیسلامن و سوپای پێغەمبەری ئیسلامن. من خەمخۆری ئێوەم؛ خەمخۆریی موسڵمانێک بۆ موسڵمانێک، و باوکێک بۆ منداڵەکەی، و نزاتان بۆ دەکەم. لەو ساتەوە ئێوە دژی بەدکاران (موفسیدەکان) و دژی ئەوانەی ویستیان بزووتنەوەی ئیسلامی سەرکوت بکەن ڕاپەڕین، من بە هەموو هێزی خۆمەوە پشتیوانیتان لێ دەکەم و دوعاتان بۆ دەکەم... ئەوانەی لەم ماوەیەدا، چ لە کوردستان یان لە هەر شوێنێکی تر، دژی ئەم بزووتنەوەیە وەستانەوە، کەسانێک بوون کە هیچ تێگەیشتنێکیان لە ئیسلام نەبوو و نەیاندەویست حکومەتێکی ئیسلامی دابمەزرێت... ئێوە وەک سەربازانی سەرەتای ئیسلام وان» (خومەینی ٢٠١٤، ١٣:٢٢).

خومەینی وەک ڕێبەری سیاسیی ئیسلام بۆ ئێرانییەکان، باس لەوە دەکات کە پێشمەرگە موسڵمانی کورد «سوپای پێغەمبەری ئیسلامن» و بە شێوەیەکی سیمبولیک ئەم ڕێکخراوەیە دەخاتە ناو گێڕانەوەی فتوحاتی ئیسلامی و شەڕی دژەکافرانەوە. بە دیوێکی تردا ئەم باسە مانای ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە پێشمەرگە کوردەکان دژبەری ئیسلامن، نەک حکومتی ئێران و هەر بۆیە توندوتیژی دژی ئەوان سەرکوتێکی دەوڵەتی نییە، بەڵکوو لە دریژەی مێژووی پێغەمبەر و ئیسلامدایە و لەناوبردنی کافرە لادەرەکانە. هەر بۆیە ئەگەر پێشمەرگە موسڵمانێک لەم ڕێگەیەدا بکوژرێ شەهیدە و

وەک ســـەحابەی پێغمبەر دەچێتە بەهەشتەوە و پێشـــمەرگەی کوردیش چونکە کافرە لە ئاکامدا دەچێتە دۆزەخەوە. کەواتە لەم شـــێوازە نوێیەدا کـــە بۆ یەکەم جـــار لە مێـــژووی هاوچەرخی رۆژهەلاتی ناوەڕاســـت بەپێوەری ئایینی لەسەر کورد تاقـــی دەکرایـــەوە، هەموو کـــوردەکان خراپ نەبـــوون. کـــوردی موســـڵمان مافی ژیانی لە کوردســـتانی پێـــدەدرا و کوردی کافر دەخرایە دەرەوەی بازنەی یاســـاییەوە. کافرەکان دژی یاســـای ئیسلامی چەکیان بە دەســـتەوە گرتووە و بـــەو هۆیەوە کوشـــتنیان جێبەجێ کردنی حوکمـــی خودایە.

حوکمڕانی لە ڕێگەی بەسەربازیکردنی پرسی کورد

ڕژێمی نوێی ئیسلامی گەیشـــتە ئەو ئەنجامەی کـــە ناتوانێ لـــە ڕێگـــەی حوکمڕانییەکی ئاســـاییەوە کاروباری کوردســـتان بەڕێوە ببات. بۆیـــە ســـتراتیژییەکی دوو ڕەهەنـــدی ڕەچاو کـــرد: لە لایەکەوە بـــەرەو دانوســـتان لەگەڵ لایەنە کـــوردەکان هەنگاوی نـــا، و لە لایەکی تریشـــەوە هەوڵی کرینـــەوەی کاتـــی دا بۆ ئەوەی پاســـدارەکانی سوپا بۆ ســـەرکوت ئامادە ببن. دانوســـتان، لە ناو ئـــەم خوێندنەوەیەدا، تەنیـــا میکانیزمێک بۆ چارەســـەری ململانێ نەبـــوو، بەڵکـــوو تاکتیکێکی سیاســـی بوو بۆ ســـەرلەنوێ دارشـــتنەوەی گۆڕەپانەکـــە، بەر لەوەی لە ڕووی ســـەربازییەوە شەڕ و پێکدانان ســـاز ببێ؛ پیلانەکەش ئەمە بـــوو کە تێچووی ســـەرکوتکردنەکانی دواتر کـــەم بکرێتەوە و لە ڕێگەی دروســـتکردنی دووبەرەکی، هەژموونیی حیزبـــەکان لە کوردســـتان لاواز بکرێت.

ئەمە ڕێـــک شـــێوازێکە کـــە عیزەتوڵڵا ســـەحابی (۱۹۳۰-۲۰۱۱)، سیاســـەتمەداری ناســـراوی ئێرانـــی و ئەندامـــی ئەنجوومەنی شۆڕش، وەسفی «دەســـتەی نیازپاکی» (هیئت حســـن نیت) دەکات کە بۆ گفتوگۆ ســـەردانی کوردســـتانیان کردبوو. ســـەحابی پشتڕاستی دەکاتـــەوە کە ئـــەوان هـــەر لە ســـەرەتاوە لە ئەرکـــی ڕاســـتەقینەی ئەم دانوســـتانانە تێگەیشـــتبوون، و ئەو گفتوگۆیانـــەی لە پایز و زســـتانی ۱۹۷۹دا ئەنجـــام دران، تەنیا بۆ ئەوە بوون نیشـــان بدرێـــت دەوڵـــەت دەیهەوێت دیالـــۆگ بـــکات، و بەو شـــێوەیەش «خەڵکی کورد لە حیزبەکانی کوردســـتان جیا بکرێنەوە» (ســـەحابی ۲۰۰۳، ل. ۶۶).

هەروەها ســـەحابی باس لـــەوە دەکات کە دوای گەڕانـــەوەی لە یەکێک لە ســـەفەرەکانی بۆ کوردســـتان بە ناوی وفـــدی نیازپاکییەوە، ڕاســـتەوخۆ بە خومەینـــی ڕاگەیانـــدووە کە خەڵکی کوردســـتان لە شـــەپۆلی لەسێدارەدانە بەکۆمەڵەکانی ســـادقی خەڵخاڵـــی لە کۆتایی هاوینی ۱۹۷۹ ئێجگار نارازین. بۆیە دەگێڕێتەوە کـــە ئـــەو ئامۆژگاریـــی خومەینی کـــردووە کە پەیامێکـــی دڵنەوایی ئاڕاســـتەی خەڵکی کوردستان بکات. مەبەســـتی نهێنیش ئەوە بوو کـــە ئەمە ڕێگە بە دەوڵـــەت دەدات «وردە وردە ڕیزی خەڵک لـــە گروپە جوداخـــوازەکان جیا بکاتـــەوە»، تا بتوانێ هەم خۆی بۆ شـــەڕ دژیان چەکدار بکات و هەم دەســـەڵاتێکی سیاسی لە کوردســـتان دامەزرێنێت بۆ ئەوەی کاراتر شەڕی گروپە جوداخوازەکان بکات (ســـەحابی ۲۰۰۳، ل. ۶۶؛ ۲۰۱۳، ل. ۸۶-۸۷). لـــە ۱۷ی نۆڤامبری ۱۹۷۹دا، پەیامـــە ڕادیۆییـــە بەناوبانگەکـــەی خومەینـــی بۆ خەڵکی کوردســـتان بڵاوکرایەوە:

«داوا لـــە وفـــدە تایبەتەکـــە دەکـــەم بە «نیازپاکی»یەکـــی تەواوەوە لە دانوســـتانەکانیان بـــەردەوام بـــن؛ و بـــە کەســـایەتییە ئایینی، سیاســـی و نەتەوەییەکان و چیـــن و تۆیژەکانی تری خەڵکـــەوە پەیوەنـــدی بگـــرن، تاوەکو هێنانەدیی داواکارییەکانیـــان —کە داواکاریی ئێمەشـــن— بەو شـــێوەیەی خۆیان دەخوازن، با بەدی بێـــت... لە ئایینـــی ئیسلامی مەزندا هەمـــوو جـــۆرە جیاکارییـــەک ڕەتکراوەتەوە... لە ســـایەی پاراســـتنی ئیـــسلام و کۆماری ئیسلامیـــدا، مافـــی بەڕێوەبردنـــی کاروباری ناوخۆیی و خۆجێیی، و نەهێشـــتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی کولتووری، ئابووری و سیاســـی، مافـــی هەموو چیـــن و تۆیژەکانـــی نەتەوەیە،

لەوانەش برا کـــوردەکان؛ و حکومەتی کۆماری ئیسلامـــی پابەند و بەرپرســـیارە بـــەوەی لە زووتریـــن کاتدا داواکارییەکانیـــان دابین بکات» (خومەینـــی ۲۰۱۴، ۱۱:۵۵).

پەیامەکـــەی خومەینی لە لایەن بەشـــێک لە دانیشـــتووانی کوردســـتانەوە بـــە گەرمی پێشـــوازی لـــێ کـــرا. هەندێک کـــەس وا تێگەیشـــتن کە ئەمە بەڵێنێکی ڕاســـتگۆیانەیە بۆ چارەســـەرکردنی مەینەتییە مێژوویییەکانیان. ئەوان لە ستراتیژییە شـــاراوەکەی ڕێژیم بێئاگا بوون کـــە دانوســـتان و گوتاری ئاشـــتەوایی بـــۆ کاتکوشـــتن و ئامادەکاریی شـــەڕ بەکار دەهێنرا. ئەم دڵخۆشـــییە کاتییـــە، پەیامەکەی لە ڕووی سیاســـییەوە کاریگەر کرد: وێنەیەکی وای پێشـــان دەدا کـــە دەوڵـــەت دەیهەوێ بەشـــێوەیەکی بنەڕەتـــی کورد لە پرۆســـەی سیاســـیدا بەشـــدار بکات، لە کاتێکـــدا و لە ڕاســـتیدا دەرفەتی بۆ دەوڵەت دەڕەخســـاند تا خەڵک لە حیزبـــەکان جیا بکاتـــەوە. لۆژیکی پشـــتی ئەم ســـتراتیژییە لـــە گێڕانەوەکەی شێخ حوســـێن کرمانیدا بەڕوونی دەردەکەوێ. کرمانـــی وەک چاودێری وفـــدی نیازپاکی لە لایەن خومەینییـــەوە هەڵبژێردرابـــوو. کرمانی بەســـەرهاتی ڕووبەڕووبوونـــەوەی خۆی لەگەڵ ئەندامانـــی وفدەکـــە (هاشـــم ســـەباغیان و عیزەتـــوڵڵا ســـەحابی) دەگێڕێتـــەوە کە لێی پرســـیون: «ئێوە هـــەر بەڕاســـت دەتانهەوێ قســـەیان لەگەڵ بکەن، بەڵام ئایـــا بە فەرمی دانیـــان پێدا دەنێـــن؟ ئایا دان بـــە کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتدا دەنێـــن؟ ڕێک دەتانهەوێت چی بکـــەن؟». بە وتەی کرمانـــی، وەڵامەکەی ئەوان ڕاشـــکاو بووە: «ئێســـتا بارودۆخمان باش نییە؛ ئەو توانایەمان [بۆ ســـەرکوت] نییە. با بە قســـە ســـەرقاڵیان بکەین تا پەنا بۆ کردەوەی تووندڕەوانـــە نەبەن، هەتا ئەو کاتـــەی دەتوانین وردە وردە ســـنووورەکانمان بپارێزین، سوپاکەمان ڕێکبخەینەوە و ئەم خەڵکـــە هێمن بکەینەوە» (کرمانـــی ۲۰۰۵، ل. ۹).

لەنـــاو ئـــەم کەشـــوهەوایەی «دانوســـتانی بەئەنقەســـت» و «دواخســـتنی بەمەبەست»دا، ڕێژیم دەســـتی کرد بە وەرگێڕانی ســـتراتیژییە سیاســـییەکەی بۆ ڕێکارێکی ئەمنی. ئەگەرچی ســـوپای پاســـداران لە تاران بەتەواوی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە پشـــتیوانی لـــێ دەکرا و کەس نەبـــوو ڕەخنەیـــان لـــێ بگرێ و بـــە هەموو شـــێوەیەک دەســـتیان ئاوەڵا کردبوون، بەڵام ئەزموونێکی ســـەربازیی ئەوتۆیـــان لە مەیداندا نەبـــوو. هەر بۆیـــە ئەوان کوردســـتانیان وەک تاقیگەیەک بۆ فێربـــوون و ئەنجامدانی «جەنگی نارێک» (Irregular warfare) ســـەیر دەکرد (عاڵەمزادە ۲۰۲۳). هەڵبەت ســـوپای پاسداران کە نەیدەتوانـــی هێزی پیادەی پێویســـت بۆ شـــەڕی چەکداری لە کوردســـتان دابین بکات یـــان هێنـــدە کارامەیـــی نەبـــوو بزانێ چۆن دەبێ بـــەرەوڕووی هێزی پێشـــمەرگە خاوەن ئەزموونەکانی حیزبەکانی کوردســـتان ببێتەوە، بیری لەوە کردەوە کە دروســـتکردنی هێزێکی کوردیی ڕێکخـــراو و گرێدراو بـــە ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی ســـەر بە ڕێژیمی ئێرانـــەوە دەتوانێ ئەوان بـــە ئامانجەکەیان بگەیەنێـــت. لۆژیکی ستراتیژیکی پشـــتی ئەم بیرۆکەیە دوو لایەنی هەبـــوو: ڕێکخراوێکـــی وەهـــا دەیتوانی هێزی مرۆیی پێویست بۆ ســـەرکوتکردن دابین بکات و، لە هەمـــان کاتدا دەیتوانـــی بێمتمانەیی و درزی ناوخۆیی لە ناو کۆمەڵگەی کوردســـتاندا ســـاز بکات (ســـەباغیان ۲۰۰۳، ل. ۵۶). لەم سۆنگەیەوە، ســـەرکوتکردن لەگەڵ ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیـــدا هاوتەریـــب جێبەجـــێ دەکرا. ئامانجەکـــەش تەنیـــا تێکشـــکاندنی نەیارە چەکدارەکان نەبـــوو، بەڵکـــوو لاوازکردنی ئەو تەبایـــی و یەکگرتووییـــە کۆمەڵایەتییە بوو کە هێزی سیاســـیی بە مرۆڤی کـــوردی دەدا.

بەکارهێنانی ئیسلامی سوونە و پێکهێنانی پێشمەرگەموسڵمانی کورد

ســـوپای پاســـداران بـــە بژاردەیەکـــی زۆر ســـنووردارەوە هاتە ناو کوردســـتانەوە. حیزبە سیاســـییەکانی کورد خاوەن پشـــتیوانییەکی جەماوەریـــی بەرفـــراوان بوون، لـــە کاتێکدا

ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی-شیعەی ڕێژیمە نوێیەکە، سەرنجراکێشییەکی کەمی لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتووانەکەی سوونەن بوون هەبوو و زیاتر لە کوردەکانی باشووری کوردستان باوەشیان بۆ حیزبەکان کردبووەوە. بە وتەی سەباغیان هەندێک لە دەرەبەگ و خاوەن دەسەڵاتەکانی کورد کە بەرژەوەندیی ئابووریان هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێژیمی نوێ بوو، ئامادەیی سەرەتایی خۆیان بۆ شەڕ دژی پێشمەرگە دەربڕیبوو، بەڵام سوپای پاسداران نەیدەتوانی پشتیان پێ ببەستێت؛ هەم لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەنی شەرعییەتی جەماوەری نەبوون و هەم بەهۆی ئەوەی ڕێژیم بە تەواوی متمانەی پێیان نەبوو. لە بەرانبەر ئەم بنبەستەدا، فەرماندەکانی سوپای پاسداران ستراتیژییەکی جیاوازی ڕەچاو کرد: ئاڕاستەکەیان بەرەو کاراکتەرە سوونێنەکان برد کە ڕوانگەیەکی ئیسلامییان هەبوو و دەکرا دژی بزووتنەوە چەپەکانی کورد بیانجوڵێنن.

هەر لە سەرەتاوە و، بەتایبەت لە شارەکانی وەک سنە و مەریوانەدا، ژیانی سیاسی بەهۆی پەرەسەندنی گرژیی نێوان لایەنگرانی ڕێکخراوە چەپەکان (بەتایبەت کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریکی فەدایی خەلق) و هەندێک لایەنگری حکومەتی ئیسلامی (لە مانا بەرفراوانەکەیدا) تووشی کێشە ببوو. ئەم کەسانە کە خۆیان نزیکتر لە حکومەتە ئیسلامییە نوێیەکە دەبینی نەیاندەتوانی دەسەڵاتی ئەو حیزبانە قەبوڵ بکەن. لە ناو ئەم ژینگە دوو جەمسەرەییەدا، ئەحمەدی موفتیزادە (١٩٣٥-١٩٩٣) وەک کەسایەتییەکی سەرەکی موسڵمان دەرکەوت. موفتیزادە کە ڕێبەرێکی ئایینیی دیاری سوونەن بوو، هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەستێکی لە ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیدا هەبوو، لە لای خەڵکیش خۆشەویست و جێڕێز و متمانە بوو (عێزەتیار ٢٠١٦). موفتیزادە خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی کورد دەزانی و داکۆکیی لە جۆرێک لە «ئۆتۆنۆمیی ئیسلامی» دەکرد کە لەسەر بنەمای یەکسانیی تەواوی یاسایی دامەزرابێت (موفتیزادە ٢٠٢٠). بەڵام لەگەڵ زیادبوونی گرژییەکان، ئەو ڕەتی کردەوە بچێتە پاڵ حیزبەکانی کوردستان و لەگەڵیان هاودەنگ بێت. لە ئاکامدا موفتیزادە لەگەڵ نزیکەی سی کەس لە لایەنگرەکانی، سنەی بەرەو کرماشان جێهێشت و ئەم کشانەوەیەشی وەک کۆچ (هیجرەت) وەسف کرد (عێزەتیار ٢٠١٦، ل. ١٧۴)؛ بەمەش بە ئاگاییەوە ئاماژەی بە کۆچی پێغەمبەری ئیسلام لە مەککەوە بۆ مەدینە دەکرد.

ئەمە ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوە بۆ دواڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بە ڕەزامەندیی ڕاستەوخۆی خومەینی و بە پشتگیریی کەسایەتییە باڵاکانی شۆڕش، لەوانەش عەلی خامنەیی کە ئەو کات ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش بوو (بڕوانە وێنەی ۶ و ٧)، محەممەد بروجێردی ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی هێزێکی چەکدار لەناو ئەو موسڵمانە سوونە ناڕازییانە ڕێک بخات و تواناکانیان هەڵسەنگێنێت بۆ ئەوەی بەرەبەرە وەک یەکەیەکی سەربازی ڕێکیان بخات. هەر لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم، ئەگەرچی جاروبار باس لەوە کراوە کە ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد دەستکردی ئەحمەد موفتیزادەیە، بەڵام بەڵگەنامەکانی سوپای پاسداران بەڕوونی نیشانی دەدەن کە ڕێکخراوەکە لە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران دامەزراوە. ئەگەرچی موفتیزادە دژی پێکهێنانی ئەم هێزە بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دەوڵەت پێگە و شەرعییەتە ئەخلاقییەکەی ئەوەی وەک ئامرازێک بۆ ڕەوایی و پەرەپێدان بە پیلانەکە بەکار هێناوە.

لەو قۆناغەدا، ئەو موسڵمانە کوردەی تاک و تەرا لایەنگری ڕێژیم بوون و پێشتر لە کۆمیتەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە شارەکانی وەک مەریوان، سنە، سەقز، دێولان و کامیاران چالاک بوون، ڕایانگەیاند کە چیتر ناتوانن بەرگەی ئەو ژینگەیە بگرن کە ئەو لایەنەی ئەوان وەک

دژە-ئیسلام لە کوردستاندا وەسفیان دەکرد دروستیان کردووە و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ژیانیان لە مەترسیدایە. ئەوان گوزارشەوە بۆ کرماشان و لەوێ لەو هۆتێلانەدا نیشتەجێ کران کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە بۆیان تەرخان کرابوو، ژمارەشیان لە نێوان ١٥٠ بۆ ٣٠٠ کەس دەبوو و زۆربەیان خەڵکی دەوروبەری مەریوان و سنە بوون. بۆ ماوەی چەند مانگێک بەر لە یەکەم ئۆپەراسیۆنەکەیان لە کامێران لە ٣٠ی ژانوییەی ١٩٨٠، ئەم چەکدارانە لە کرماشان و لە کەمپی خزری زیندە (کە نزیکەی پازدە کیلۆمیتر لە دەرەوەی شارەکە هەڵکەوتبوو)، لە ژێر چاودێریی فەرماندەیەکی سوپای پاسداران بە ناوی عەلی ئەکبەر مەداح، مەشقی سەربازیی نهێنییان پێ کرا. لە پایزی ١٩٧٩دا، ڕێکخراوەکە بە فەرمی لە ژێر سەرپەرشتیی بڕووجێردی ڕاگەیەندرا و ڕەحیم ئەحمەدی وەک فەرماندەی ڕێکخراوەکە دەستنیشان کرا (کەڵوەندی ٢٠١٥، ل. ١٧٠-٢٠٠) (بڕوانە وێنەی ٨).

فەرماندەکانی سوپای پاسداران باسیان لەوە کردووە کە سەرەتا مشتومڕێکی زۆریان هەبووە کە ناوی ڕێکخراوەکە «پێشمەرگەی کوردی موسڵمان» بێت یان «پێشمەرگەی موسڵمانی کورد». دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسایەتیی کوردەکانی سەربەخۆیان، دەستەواژەی دووەم (پێشمەرگەی موسڵمانی کورد) پەسەند کراوە، چونکە کوردەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردووە «پێش لەوەی کورد بین، ئێمە موسڵمانین» (شوکری ٢٠١٠، ل. ٣٠٠؛ کەڵوەندی ٢٠١٥، ل. ٢٩٦). ئەم پێچەوانەکردنەوە زمانەوانییە ڕێکەوت نەبوو؛ بەڵکوو ناسنامەی ئایینیی ئەوانی خستە پێش ناسنامەی نەتەوەییەوە. هەر ئەمە وای کرد ڕێکخراوەکە لەگەڵ ئەولەویەتە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هاوئاهەنگ بێ و لە هەمان کاتدا بەشداریکردن لە تووندتیژییەکانی دەوڵەت چیتر وەک جاشایەتی لە لای ئەوان پێناسە نەدەکرا، بەڵکوو وایان بیر دەکردەوە کە چەک هەڵگرتن دەبێتە خزمەت بە ئایینی ئیسلام و بەشێکە لەو مێژووە پڕ لە شانازییەی کە موسڵمانەکان کافرەکانیان شکست داوە.

هاوکات لەگەڵ چەسپاندنی ڕێکخراوەیی و سەربازیی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، ڕێژیم بەشێوەیەکی ستراتێژیک بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕێکخراوەکە سەر بە ئەحمەدی موفتیزادەیە. ڕێژیم هەوڵی دەدا ئەم هێزە بە موفتیزادەوە گرێ بداتەوە و کەڵکی لە پێگەی هێمایی و شەرعییەتی ئەخلاقی ئەو لەناو خەڵکدا وەرگرێت. بەتایبەت موفتیزادە لە ناو پەیرەوانی ئەو ڕەوتەی کە بە «مەکتەب قورئان» دەناسران وەک کەسایەتییەکی مەرجەع سەیر دەکرا. سوپای پاسداران و بەرپرسانی ڕێکخراوەکە بە مەبەستی فریودانی سیاسی کەڵکاژۆیان لە ناوی باشی موفتیزادە وەردەگرت.

موفتیزادە بەڕاشکاوی هەر جۆرە پەیوەندی و گرێدانەوەی ڕێکخراوەی پێشمەرگە موسڵمانی کوردی بەخۆیەوە ڕەت کردەوە. لە نامەیەکدا کە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠دا ئاراستەی حوسێن عەلی مونتەزیری (١٩٢٢-٢٠٠٩)ی کردبوو، ناڕەزایەتی بەرانبەر بەوە دەربڕی کە بەرپرسانی دەوڵەت بەردەوام هەوڵیان داوە ڕێکخراوەکە بە ئەوەوە ببەستنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو بە تووندی دژی پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە بووە. بە بڕوای موفتیزادە، ئامانج لەم ستراتیژییە هاندانی گەنجان بووە بۆ بەشداریکردن، فراوانکردنی هەژموونی ڕێکخراوەکە لە ناو موسڵمانانی کوردستان، و شەرعییەتپێدان بە جێگیرکردنی ئەم هێزانە لە پاڵ هێزەکانی دەوڵەت لە شار و گوندەکانی کوردستاندا. موفتیزادە باسی لەوە کردووە کە چۆن ڕێکخراوەکە لە شارەکانی کوردستان، کەڵکاژۆی ناوی ئەویان کردووە و بەپێی سیناریۆیەکی داڕێژراو لەناو خەڵکدا دەنگۆی ئەوەیان ساز کردووە کە ڕێکخراوەی پێشمەرگە موسڵمانی کورد سەر بە ناوبراوە (موفتیزادە ١٩٨٠).

له گفتوگۆیەکی دواتردا لە ناو بازنەیەکی لایەنگرانیدا، موفتیزادە باس لەوە دەکات کە پێیزانیوە دەوڵەت دەیهەوێ هێزێکی چەکداری ژێر کۆنترۆڵی خۆی لە ناو کوردانەدا دابمەزرێنێت و هەر بەو مەبەستە گرووپێکی بچووکی لەو کەسانەی لە کرماشان کۆکردووەتەوە. هەر بۆیە ئەو هۆشداری پێ داون کە بەشداریکردن لە هێزێکی لەو شێوەیەدا، خیانەتە لە نەتەوەی کورد. هەروەها موفتیزادە ئەو بانگەشانەی ڕەت کردووەتەوە کە دەیانوت ئامانجی ڕێکخراوەکە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوردی هەیە، تەنانەت ئەو سازکردنی ئەم ڕێکخراوەیەی وەک هەوڵێکی بەئانقەست بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا پێناسە کردووە. هەروەها ڕوونی دەکاتەوە، کشانەوەی لە سنە ڕێک لەبەر ئەوە بووە کە زانیویەتی مانەوەی دەبێتە هۆی پەلکێشکرانی بۆ ناو شەڕی براکوژی لە نێوان موسڵمانەکان و مارکسیستەکاندا؛ شەڕێک کە پێی وابوو دەوڵەت دەیهەوێت ئەندازیارێی بکات و خۆشی لە دوورەوە بینەر بێت. لای موفتیزادە، پێکهێنانی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد تەنیا هەڵەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو ستراتیژییەکی هۆشیارانە بوو کە بۆ لەتکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئاراستەکردنی توندوتیژی بەرەو ناوخۆ دارێژرابوو.

جێی سەرنجەکە ئەحمەد موتەوەسەلیان (١٩٥٣-١٩٨٢)، یەکێک لە کەسایەتییە ناوارەکانی سوپای پاسداران، بە شێوازێک وەسفی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی کردووە کە لەگەڵ پێناسەکەی موفتیزادەدا تەواو یەکدەگرێتەوە. موتەوەسەلیان دەگێڕێتەوە کە ڕێکخراوەکە لە ساتێکدا دەرکەوت کە هێزە چەکدارەکانی سوپای پاسداران، بە هۆی بڕیاری وفدی نیازپاکییەوە، نەیاندەتوانی لە کوردستان بمێننەوە. واتە وفدەکە قەولی بە حیزبەکانی کوردستان دابوو کە بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان نەهێڵێ پاسدارەکان لە کوردستان بمێنن. دیارە ئەمە یەکێک لە خواستەکانی سیاسەتوانەکانی کورد بووە. لەم بارودۆخەدایە، فەرماندەکانی سوپا ڕێکخراوەی پێشمەرگە موسڵمانی کورد دەکەنە کەاوسووری بەر لەشکر و ئەوان بۆ شەڕی کامێران و سنە دەنێرن و بەرەبەرە خۆیان پشتیوانییان لێ دەکەن. واتە دەیانهەوێ نیشانی بدەن کە سازبوونی توندوتیژی و شەڕ هەر لە نێوان کوردەکاندایە و کێشەیەکی نێوخۆییە و پەیوەندی بە دەرەوە نییە. بۆیە کورده موسڵمانەکان (نەک سوپای پاسداران) بە ویستی خۆیان و گوایە بە کەمترین ئیمکاناتەوە خۆیان چەکدار کردووە و شەڕیان لەگەڵ ئەوانە کردووە کە گوایە دژە شۆڕش بوون (حوسێن ١٩٩٧، ل. ۴۶).

گێڕانەوەکەی موتەوەسەلیان زیاتر ئەوە دەردەخات کە چۆن ئەم سەرلەنوێ دارشتنەوەی دۆخەکە لە ڕووی سیاسییەوە بۆیان گرنگ بووە. هەر لەو ساتەوەختەدا کاتێک داریوش فرووهەر (یەکێک لە ئەندامەکانی وفدی نیازپاکی) نارەزایەتی دەربڕیوە کە بۆچی سپای پاسداران هێرشی کردووە و باسی لەوە کردووە ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد نایاسایی و هەر بۆیە مەحکومی کردوون، لە وەڵامدا پێی گوتراوە تۆ بۆچی خۆت سەخڵەت دەکەیەی! هەردوولای شەڕەکە چەکدارن و بە یەک ئەندازە نایاسایین و سوپای پاسداران دەستی تێدا نییە. کەواتە ڕێژیم بەئاگاییەوە ویستوویەتی شەڕێکی نێوخۆیی لەناو مالی کورد ساز بکات و بەپێچەوانەی ئەوەی جاروبار باسیان لە برایەتی پاسدار و پێشمەرگە موسڵمانی کورد کردووە، گیانی ئەوانیان نەک بۆ گرنگ نەبووە، بەڵکوو ئەوانیان بەسووکی سەیر کردووە و مردنەکەشیان هیچ بایەخێکی بۆیان نەبووە.

موفتیزادە ئەگەرچی پێیوابوو دەتوانێ لە ڕێگەی بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی ئیسلامییەوە شتێک بۆ کورد بەدەست بێنێ بەڵام

متمانەی بە بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامیی بووە هۆی ئەوەی هەم کێشە بۆ خەبات لە کوردستان ساز بکات و هەمیش زۆر بەخێرایی خۆی و لایەنگرانی پەراوێز بخرێن و خۆی دوای ئەشکەنجە و زیندانیبوون، گیانی لە دەست دا. موفتیزادە ئەگەرچی نیشتمانپەروەر بوو و فەزای ڕادیکاڵی سیاسیی ئەو سەردەمە بە کەڵکی هەڵسووکەوتی ئەو نەدەهات، بەڵام بۆخۆشی گیرۆدەی ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسی ببوو. هەر بۆیە ئەویش حیزبەکانی بە لادەر لە دینی ئیسلام لە قەڵەم دەدا کە فریویان خواردووە. هەر ئەمە ناڕاستەوخۆ دەکەوتە خزمەتی ڕێژیمەوە کە دەرفەتی ئاوای بەباشترین شێوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەگریسەکانی خۆی بەکار دەهێنا.

دەرەنجام

لەم وتارەدا ئەوە شی کراوەتەوە کە ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد بەڕێکەوت و لە ئەنجامی ئاڵوزییەکانی سەردەمی شۆڕش ساز نەبووە، بەڵکوو هێزێکی هاوکاری سوپای پاسداران بوو کە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی هێزی مرۆیی ئەوان بۆ سەرکوت لە کوردستان دروست کرا. هەروەها پرۆژەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیک بوو کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەو شێوەیە بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی جیا کردەوە و وەک هێزێکی سەرکوتکەر بۆ کپ کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری هێنا. سوپای پاسداران، وەک سەرەکیترین دامەزراوەی ڕێژیم بۆ پاراستنی بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی، تەنیا بە کوشتن و بێدەنگ کردن ڕازی نەدەبوو، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەوە دەیویست ململانەیەکی نێوخۆیی لە کوردستان ساز بکا کە هەتا ئەمڕۆ ئاسەوارەکانی ماونەتەوە.

ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد وەک دوژمنێکی ئاسایی سەیری ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکانی کوردستانی نەدەکرد، بەڵکوو ئەوانی بە کافر و منافق و سیخوڕی ئیسرائیل پێناسە دەکرد. ئەم پۆلێنکردنانە تەنیا بۆ ساووکایەتی کردن نەبوون، بەڵکوو بە زمانێکی ئایینی بارگاوی کرابوون. کاتێک پێشمەرگە کوردەکانی سەر بە حیزبەکانی دێموکرات و کۆمەڵە وەک دوژمنی خودا پیشان دەدران، ئیتر تووندوتیژیی دژی ئەوان حوکمی جیهادی هەبوو و تەنیا وەک سەرکوتی دژبەرانی سیاسی لێکنەدەدرایەوە. لە ناو ئەم ئایدیۆلۆژییەدا، ڕێکخراوەکە هەر جۆرە گفتوگۆ و سازشکردنی لەگەڵ پێشمەرگەکان وەک سازشکردن لەگەڵ ئەو کەسانە سەیر دەکرد کە بەکردەوە بێئەخلاق و پیسن، و هەر بۆیە ئامانجی سەرەکی خۆیان وەک پاکتاوکردنی کوردستان ناوزەد دەکرد. ئۆتۆنۆمیش نەک وەک داواکارییەک بۆ خۆبەڕێوەبەری، بەڵکو وەک پیلانگێڕییەکی ناوچەیی دژ بە حکومەتی ئیسلام و دەروازەیەک بۆ داڕووخانی بنەماکانی ئەخلاقی کۆمەڵگە سەیر دەکرا. دووپات کردنەوەی ئەم بانگەشانە، گرنگییەکەی لەوەدا نەبوو کە تا چەند لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەگونجێن، بەڵکوو ئەوان ئەرکی دارمانی وەرەی خەڵکی کوردیان پێ ئەسپێردرابوو. هەتاکوو ئیستاش خەڵکی کورد لە خۆی دەپرسێ بۆ دەبێ خەڵکانێک وەکوو جاش هاوکاریی دوژمنانی کوردستان بکەن ؟

پشتگیریی خومەینی بۆ ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، پاڵپشتێکی ئایدیۆلۆژیی بۆ ئەوان ساز کردبوو. خومەینی پێی گوتن ئێوە وەک پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچتان کرد و بە جیهاد لەگەڵ کافرەکان وەک سەحابەی پێغەمبەر وان. هەم لە دنیا بەپێی شەرعی ئیسلام ژیاون و هەمیش ئەگەر بکوژرێن لە ڕیزی شەهیدانی یارانی پێغەمبەردان. ئەم ستایشە لەسەر بنەمای ئیلاهیاتی سیاسیی ڕێژیمی

نوێوە، کاردانەوەی لەسەر ئەدەبیاتی سیاسیی ڕێکخراوەکە دانا و پێگەی جاشەکانی هێندە بەرز کردەوە کە شانیان لە شانی سەحابەی پێغەمبەری ئیسلام دەدا. لە بەرانبەردا پێشمەرگە کوردەکان وەک دوژمنانی ئیسلام وێنا دەکران کە کافرن، کەواتە ڕشتنی خوێنی ئەوان حەڵاڵ دەکرا.

لە ڕوانگەی دژەکۆلۆنیالیستییەوە، ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد ئەوە بوو کە ڕێگە بۆ حوکمڕانیی ڕێژیمی نوێی ئیسلامی لە کوردستان خۆش بکات. کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێگەی هەندێک دابەشکاری ئەوانەوە زیانێکی گەورەی بەر کەوت: موسڵمانبوون کەوتە پێش کوردبوون، یەکێتیی ئیسلامی پێش ئۆتۆنۆمیی، و گوێڕایەڵیی بۆ ئێرانییەکان پێش مافی چارەی خۆنووسین. هەوڵ بۆ گرێدانی ڕێکخراوەکە بە کەسایەتییەک وەک ئەحمەدی موفتیزادە، ستراتێژی ڕێژیم بوو کە دووبەرەکی



وێنەی ١:

ئایەتوڵڵا محەممەد سەدووقی (١٩٠٩-١٩٨٢) لە کاتی پێشکەشکردنی وتارێک بۆ کۆمەڵێک لە دانیشتووانی کورد لە ناو مزگەوتێکدا، لە کاتێکدا ئەندامانی سوپای پاسداران یاوەری دەکەن. لە پشت سەری ئەوەوە، پۆستەرێک هەڵواسراوە کە لۆگۆی سوپای پاسدارانی پێوەیە و ئایەتی ٢٩ی سورەتی (الفتح)ی بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی تێیدا نەخشێندراوە: «محەممەد پێغەمبەری خودایە و ئەوانەش کە لەگەڵیدان، بەرامبەر بێبڕواکان (کافران) توند و تیژن و لە نێوان خۆیاندا بەبەزەیین». ئەم ئایەتە پێشتر لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە لە فەتواکەیدا بۆ ڕاگەیاندنی جیهاد لە کوردستان بەکار هێنرابوو (ئیزەدی و ئەوانی تر ٢٠٠٨، ٢٤).



وێنەی ٢:

پاســـداره خۆبەخشـــەکانی گوردانی جوندوڵڵا له شـــاری ســـەقز لەگەڵ تەرمی پێشـــمەرگەیەکی شەهیدی کورد لە رێکخراوی کۆمەڵە، ســـاڵی ١٩٨٢. ســـەرچاوە: (کەریمـــی ٢٠٢٠، ل. ٢١٤).




وێنەی ٣:

گوردانی ســـارەڵڵای سەقز، سەر بە ســـوپای پاســـداران، لەگەڵ پێشمەرگە موســـڵمانەکان لە کاتی خۆتەیارکردن بۆ هێرش بۆ ســـەر هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان لە گوندی کەســـەنزان ســـەر بە ناوچەی سەرشیوی سەقز، ساڵی ١٩٨٣.



وێنەی ۴:

سـەردێڕی بەرگی گۆڤاری پەیامی ئینقیلاب (زمانحاڵی فەرمیی سـوپای پاسـداران)؛ ئیمام خومەینی: «هۆشداری دەدەم کە دەبێ چەپەڵەکان لە کوردسـتان پاکتاو بکرێن» (سـوپای پاسداران ۱۹۸۰).




وێنەی ۵:

پێشمەرگە موســـڵمانێکی کورد لە نێوان دوو ئەندامی سوپای پاسداران وەســـتاوە، لە دەستێکیدا تفەنگ و لە دەستەکەی تریدا قورئانێکی هەڵگرتووە (کەڵوەندی ۲۰۱۵، ل. ۴۹۳).



وێنەی ۶:

عەلـــی خامنەیی، نوێنـــەری خومەینی لە ئەنجومەنی باڵای بەرگـــری (دواتر بوو بە ڕێبەری کۆمـــاری ئیسلامی)، لە ناو ئەندامانی پێشمەرگە موســـڵمانی کورد لە گوندی دزڵیی مەریوان، ساڵی ۱۹۸۰. ســـەرچاوە: (خامنەیی ۲۰۰۹).



وێنەی ٧:

پۆستەری کۆنگرەی ڕێزلێنان لە کوژراوانی پێشمەرگە موسڵمانی کورد، ساڵی ٢٠١٥، کە وتەیەکی عەلی خامنەیی، ڕێبەری گەورەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر نووسراوە: «لە ناوچە کوردییەکاندا، گەلێک برای ئازا و دڵسۆز هەبوون... باشترینیان ئەو گەنجانە بوون کە لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە موسڵمانی کورددا کۆبوونەوە» (خامنەیی ٢٠١٥).



وێنەی ٨:

محەممەد بروجێردی (١٩٥٥–١٩٨٣)، لە لای ڕاستەوە دەبینرێ، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی سوپای پاسداران و هەروەها دامەزرێنەری ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد. ناوبراو لە کاتی پێکدادانی چەکداریدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کوژرا. ڕەحیم ئەحمەدی (١٩٤٩–٢٠٠٥)، لای ڕاستی وێنەکە، یەکەم فەرماندەی ڕێکخراوەکە لە سنە بووە.



وێنەی ٩:

زۆربەی ئەو پاسـدارانەی دوای ڕاگەیاندنی جیهاد دژی کورد خۆبەخشـانە دەهاتن سەر بە سوپای ئیسفەهان بوون. خەڵکی ئـەو ناوچەیەش نەک هـەر بە گیان بەڵکوو بە ماڵیش لەپێناو سـەرکوتی مافـە ڕەواکانی نەتەوەی کـوردیدا بوون. هەر وەک لە وێنەکەدا دەبینرێ شـۆفێر تاکسـییەکانی ئیسفەهان ئامبۆلانسـێکیان بە دیاری ناردووە بۆ سوپا لە کوردستان.

Bibliography

1. Abrahamian, Ervand. 1993. Khomeinism: Essays on the Islamic Republic. University of California Press.
2. Abrahamian, Ervand. 2008. A History of Modern Iran. Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/CBO9780511984402.
3. Ahmadi, Rahimi. 1980. 'Goftogu Ba Rahim Ahmadi Sarparast-e Sazman-e Pishmargan-e Mosalman-e Kurd'. Payam-e Enghelab, no. 9 (June): 32–33.
4. Ahmedi, Idris. 2018. 'The Stateless and Why Some Gain and Others Not: The Case of Iranian Kurdistan'. In Comparative Kurdish Politics in the Middle East, edited by Emel Elif Tugdar and Serhun Al. Springer International Publishing. https://doi.org/10.1007/978-3-319-53715-3_9.
5. Alemzadeh, Maryam. 2023. 'The Attraction of Direct Action: The Making of the Islamic Revolutionary Guards Corps in the Iranian Kurdish Conflict'. British Journal of Middle Eastern Studies 50 (3): 589–608. https://doi.org/10.1080/13530194.2021.1990013.
6. Algar, Hamid. 2012. 'FATWĀ". Encyclopaedia Iranica, January 24. https://iranicaonline.org.
7. Bozarslan, Hamit, Cengiz Gunes, and Veli Yadirgi, eds. 2021. The Cambridge History of the Kurds. Cambridge University Press.
8. Bruinessen, Martin van. 1986. 'The Kurds between Iran and Iraq'. Middle East Report, no. 141: 14–27. https://doi.org/10.2307/3011925.

30. Kermani, Hossein. 2005. 'Shia va Sunni Dast Dar Dast-e Yekdigar Baraye Hefz va Abadani-Ye Mihan [Shi'a and Sunni, Hand in Hand with One Another, for the Protection and Prosperity of the Homeland]'. Cheshm Andaz-e Iran, no. Special issue: 5–10.

31. Khamenei, Ali. 2009. 'The Leader of the Revolution and the Kurdish Muslim Peshmerga, 1980'. Khamenei.ir, Www.khamenei.ir, May 26. https://farsi.khamenei.ir/photo-album?id=7004.

32. Khamenei, Ali. 2015. 'Bayanat Dar Didar-e a'za-Ye Setad-e Kongere-Ye Geramidashte Shohada-Ye Pishmargan-e Mosalman-e Kurd [Remarks at a Meeting with Members of the Organizing Committee of the Congress Commemorating the Martyrs of the Muslim Kurdish Peshmerga]'. May 4. https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=29744.

33. Khomeini, Ruhollah. 2004. The Army from Imam Khomeini's Perspective. The institute for compilation and publication of Imam Khomeini's works.

34. Khomeini, Ruhollah. 2014. Sahifeh-Ye Imam. Vol. 22. The Institute for Compilation and Publication of Imam Khomeini's Works.

35. Khoshhali, Behzad. 2010. Sazman-e Pishmargan-e Mosalman va Kurdistan [The Organization of Muslim Peshmerga and Kurdistan]. https://bit.ly/4ajLE6D.

36. McDowall, David. 2001. A Modern History of the Kurds. I. B. Tauris.

37. MKPO. 1980a. 'Ettela'ieh Shomare-Ye 1 Pishmargan-e Mosalman-e Kurd [Announcement No. 1 of the Muslim Kurdish Peshmerga]'. Islamic Republican, February 1.

38. MKPO. 1980b. 'Ettela'ieh Shomare-Ye 4 Sazman-e Pishmargan-e Mosalman-e Kurd [Announcement No. 4 of the Muslim Kurdish Peshmerga Organization]'. Islamic Republican, February 7.

39. MKPO. 1980c. 'Qat'nameh-Ye Pishmargan-e Mosalman-e Kurd Dar Marasem-e Tashyi'-e Janazeh [Resolution of the Muslim Kurdish Peshmerga at the Funeral Ceremony]'. Islamic Republican, February 25.

40. Mofidi, Sabah. 2015. 'Religion and Politics in Eastern Kurdistan (With a Focus on Maktab Qur'an During Iranian Revolution, 1979)'. Journal of Politics and Law 8 (3): 36–50. https://doi.org/10.5539/jpl.v8n3p36.

41. Moftizadeh, Ahmad. 1980. 'Letter to Hussein-Ali Montazeri'. Amizan@, October 24. https://bit.ly/3ZXnNoF.

42. Moftizadeh, Ahmad. 2020. Darbare-Ye Kurdistsn [On Kurdistan]. Electrotnic Version.

43. Moftizadeh, Ahmad. ca. 1980s. Darbare-ye ertebat ba sazman-e pishmargan-e mosalman [About relations with the Organization of Muslim Peshmerga]. Vol. 169.

44. Negin Research Group. 2018. 'The IRGC's Theory of Counterinsurgency Operations in Kurdistan'. Iranian Negin Quarterly 16 (60): 97–108.

45. PDKI. 1972. 'Jash-girtin'. Kuristan, August.

46. Rastegarpanah, Hassan. 2019. Kurdistan in a Crisis of Security and Deprivation. Edited by Asghar Saleh Esfahani. IRGC Press.

47. Rastegarpanah, Hassan, and Sardar Isfahani. 2013. Jang Dar Kurdistan [War in Kurdistan]. Rahiyan-e Noor.

48. Sabbaghian, Hashem. 2003. 'Hey'at-e Vizhe-Ye Hall-e Masa'el-e Kurdistan [The Special Committee for Resolving the Kurdistan Issues]'. Cheshm Andaz-e Iran, no. Special issue: 50–57.

49. Saeidi, Fateh, and Davoud Osmanzadeh. 2025a. 'Colonial Sovereignty and Religious Necropolitics: The Sacred Victimization of Infidel Kurds in the Middle East'. Ethnicities 25 (5): 655–78. https://doi.org/10.1177/14687968241287204.

9. Cabi, Marouf. 2020. 'The Roots and the Consequences of the 1979 Iranian Revolution: A Kurdish Perspective'. Middle Eastern Studies 56 (3): 1–20. https://doi.org/10.1080/00263206.2020.1722651.

10. Cahapari, Darioush. 1980. 'Mosahabeh Ba Pasdaran va Pishmargan-e Mosalman-e Kord Dar Sangarha-Ye Jang-e Kurdistan [Interview with the Revolutionary Guards and the Muslim Kurdish Peshmerga in the Trenches of the Kurdistan War]'. Payam-e Enghelab, no. 8 (May): 12–13.

11. Chaliand, Gerard. 1980. 'Postsctipt: Iranian Kurds under Ayatollah Khomeini'. In A People Without A Country: The Kurds and Kurdistan, edited by Gerard Chaliand. Zed Press.

12. Elling, Rasmus Christian. 2013. Minorities in Iran. Palgrave Macmillan US. https://doi.org/10.1057/9781137047809.

13. Ezzatyar, Ali. 2016. The Last Mufti of Iranian Kurdistan. Palgrave Macmillan US. https://doi.org/10.1057/978-1-137-56324-8.

14. Forozan, Hesam. 2016. The Military in the Post-Revolutionary Iran: The Evolution and Roles of the Revolutionary Guards. Routledge. http://etheses.dur.ac.uk/9514/.

15. Ghassemlou, Abdul Rahman. 2000. Chil Sāl Khabāt La Pēnawī Āzādī [The Forty Years Struggle for the Sake of Freedom]. PDKI Publication.

16. Gunter, Michael. 2020. Routledge Handbook on the Kurds. Routledge.

17. Gunter, Michael M. 2004. Historical Dictionary of the Kurds. Scarecrow Press.

18. Hassaniyan, Alan, and Gareth Stansfield. 2022. 'The Kurdish Protest Movement and the Islamic Republic of Iran: The Securitisation of Kurdish Nationalism'. LSE Middle East Centre (London, UK) MEC Paper Series (62): 62. https://www.lse.ac.uk/middle-east-centre/publications/paper-series.

19. Hassaniyan, Allan. 2021. Kurdish Politics in Iran: Crossborder Interactions and Mobilisation since 1947. Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/9781009029971.

20. Hassaniyan, Allan. 2024. 'The Islamic Republic of Iran's Multipronged Approach to the Repression of Kurds'. Contemporary Review of the Middle East 11 (3): 292–315. https://doi.org/10.1177/23477989241258897.

21. Hossein, Behzad. 1997. Dar Entehay-e Ofoq. Bonyad Shahid va Omur-e Ithargaran.

22. IRGC. 1980. 'Cover'. Payam-e Enghelab, no. 8 (May): Cover.

23. IRIB NEWS. 2016. 'Parade of Kurdish Muslim Peshmerga forces in Mahabad'. fa, September 21. https://tinyurl.com/3n53y5wv.

24. Islamic Republican (Tehran). 1980. 'Communiqué No. 2 of the Muslim Kurdish Peshmerga'. February 1.

25. Izadi, Mostafa, Javad Esteki, and Masoud Yaran. 2008a. Moqābeleh Bā Zedd-e Enqelāb va Ashrār [Confrontation with Counter-Revolutionaries and Miscreants]. Imam Hossein University Publication.

26. Izadi, Mostafa, Javad Esteki, and Masoud Yaran. 2008b. Natāyej va Dastāvardhā[Results and Achievements]. Imam Hossein University Publication.

27. Jafari, Abdullah. 2022. 'Pishmargān-e musalmān-e kurd bā kofr mī-jangīdand [The Muslim Kurdish Peshmerga were fighting against unbelief]'. IRNA, خبرگزاری جمهوری اسلامی |صفحه اصلی | IRNA News Agency, May 12. https://bit.ly/45Rqcoj.

28. Kalvandi, Ali. 2015. Faryad-e Azadi [Cry of Freedom]. Fatehan.

29. Karimi, Farzam. 2020. The Ancient Land of Sacrifice and Martyrdom. Ketabcheh.

50. Saeidi, Fateh, and Davoud Osmanzadeh. 2025b. 'Religious Rhetoric and Genocidal Violence: The Massacre of Kurds in Rojhelat Under Khomeini's Fatwa'. In The Palgrave Handbook of Kurdish Genocides, edited by Kaziwa Salih. Springer Nature Switzerland. https://doi.org/10.1007/978-3-031-87612-7_17.

51. Safavi, Yahya Rahim. 1980. 'Mosahabeh Ba Mas'ul-e Amaliyyat-e Sepah Dar Sanandaj [Interview with the Head of Operations of the Revolutionary Guards in Sanandaj]'. Payam-e Enghelab, no. 8 (May): 10–11.

52. Sahabi, Ezzatollah. 2003. 'Rah-e Hal-e Kurdestan; Hosn-e Niyyat, Tose'e, Azadi va Edalat [The Solution to Kurdistan: Goodwill, Development, Freedom, and Justice]'. Cheshm Andaz-e Iran, no. Special issue: 59–72.

53. Sahabi, Ezzatollah. 2013. Nim Qarn Khatere va Tajrobeh [Half a Century of Memory and Experience]. Vol. 2. Khavaran.

54. Shams, Said. 2022. 'Cultural Racism and Ethnic Cleansing: The Islamic Republic of Iran and Minority Rights'. Review of Middle East Studies 56 (1): 73–87.

55. Shamsaddini, Said. 2007. 'Nationalism, Political Islam and the Kurdish Question in Iran in the Late Twentieth Century'. PhD Thesis, Royal Holloway, University of London.

56. Sharifi Dryaz, Masoud. 2021. 'Minority, State and Nation Kurdish Society in Iran in the Aftermath of the Revolution'. In The Cambridge History of the Kurds, edited by Hamit Bozarslan, Cengiz Gunes, and Veli Yadirgi. Cambridge University Press.

57. Shokri, Aboul-Qacem. 2010. Naser-e Enqelab: Zendegi-Ye Hemasi-Ye Sardar Shahid Kazemi]. The Foundation for Preserving the Works and Propagating the Values of the Holy Defense.

58. Sinkaya, Bayram. 2016. The Revolutionary Guards in Iranian Politics: Elites and Shifting Relations. Routledge.

59. Sinkaya, Bayram. 2018. 'The Kurdish Question in Iran and Its Effects on Iran-Turkey Relations'. British Journal of Middle Eastern Studies 45 (5): 840–59. https://doi.org/10.1080/13530194.2017.1361315.

60. Soleimani, Kamal, and Ahmad Mohammadpour. 2020. 'The Securitisation of Life: Eastern Kurdistan under the Rule of a Perso-Shi'i State'. Third World Quarterly 41 (4): 663–82. World. https://doi.org/10.1080/01436597.2019.1695199.

61. Spokesperson of the MKPO. 1980. 'The Demand of the Majority of the Kurdish People Is the Rule of Islam in the Region'. Payam-e Enghelab, September 27.

62. Tezcür, GüneŞ Murat, and Peyman Asadzade. 2019. 'Ethnic Nationalism versus Religious Loyalty: The Case of Kurds in Iran'. Nations and Nationalism 25 (2): 652–72. https://doi.org/10.1111/nana.12424.

63. Vali, Abbas. 2011. Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity. I.B. Tauris.

64. Vali, Abbas. 2016. 'Reflections on Kurdish Society and Politics in Rojhelat : An Overview'. In Kurdish Issues : Essays in Honor of Robert W. Olson, edited by Michael M. Gunter. Mazda Publishers.

65. Wehrey, Frederic, Jerrold D. Green, Brian Nichiporuk, et al. 2009. The Rise of the Pasdaran: Assessing the Domestic Roles of Iran's Islamic Revolutionary Guards Corps. RAND National Security Research Division. https://www.rand.org/pubs/monographs/MG821.html.

نەتەوەسازی و وێناکردنەوەی نیشتمان لە مووزیکی ڕەوەندی کوردیدا

پەرەنگ فەرازمەند

دوکتورای ئێتنۆموزیکۆلۆژی
یاریدەدەری زانستی لە بواری ئێتنۆموزیکۆلۆژی لە زانستگای مارتین لوتێری ئاڵمان

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆژییەوە بەدواداچوون دەکات بۆ پرۆسەی نەتەوەسازی و وێنەکردنەوەی کوردستانێکی گەورە لە ڕێگەی مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سوێددا. توێژینەوەکە جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن مووزیک، وەکوو فەزایەکی دەنگی و پێرفۆرمانسی، دەبێت بە مێدیۆمێکی سەرەکی بۆ بە یەک گەیاندنەوەی پارچە لەیەکدابڕاوەکانی کوردستان، بنیادنانی نەتەوەی کورد، و پێکهێنانی شوناسی کوردی لە بەستێنی دیاسپۆرایيدا. بە تایبەتی، گرنگی دەقی گۆرانی و جوواڵە و فیگۆڕی دەنگی لە کاری هونەرمەندانی بنیادنەری دیسکۆرسی مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سوید کە لە ڕێگەی هونەرەکانیانەوە وێنەی نیشتمانێکی خەیاڵی لە کوردستان دروست دەکەن، شی دەکرێتەوە. نەتەوەسازی و وێنەکردنەوەی نیشتمان لەم توێژینەوەیەدا لە چوار بواری سەرەکیی— دەنگ، شوێن، دەقی گۆرانی و میدیا—تاوتوێ دەکرێت. توێژینەوەکە پشت بە تیۆرییەکانی وەکوو«ئۆتۆپیا دەنگییەکان»ی جۆش کان (۲۰۰۵) وە «دونیاسازی»ی نیلسۆن گوودمەن (۱۹۷۸)، دەبەستێ. ئەم چوارچێوەی تیۆریکییە ڕێگە دەدات بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە سەرەکییە کە چۆن جووڵەی دەنگی و هێما مووزیکییەکان یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی دنیایەکی خەیاڵی کە لە چوارچێوەی ئەودا نەتەوەی کورد و کوردستانێکی گەورە لە کۆنتێکستێکی دیاسپۆرایی کوردیدا لە سوید بنیاد دەنرێن. هەروەها، چەمکە خەیاڵییەکان، وەک «نەتەوە خەیاڵکراوەکان»ی بێنێدیکت ئێندرسۆن (۱۹۹۱) و «خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان»ی ئارجوون ئاپادورای (۱۹۹۶)، ئامرازێکن بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە و پێکهاتنی شوناسی بەکۆمەڵ لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕەوەندی کوردی لە سوید، لە ڕێگەی مووزیکەکەیانەوە. لە ئەنجامدا، توێژینەوەکە نیشان دەدات کە بەدەر لە سنووری جوغرافیا، مووزیکی دیاسپۆرایی کوردی لە سوید جیهانێکی یۆتۆپیایی دروست دەکات کە لە ڕێگەی دەنگەوە نەتەوەی کورد پێکدەهێنرێت، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دووبارە خەیاڵ دەکرێت. لە ڕێگەی چالاکییە مووزیکییەکان کە هەست، یادەوەریی کۆمەڵایەتی، جوغرافیای خەیاڵی دەخەنە ڕوو و هونەرمەندان و گوێگران بەشدار دەبن لە دونیاسازییەکی دیاسپۆرایی کە هەستی پێوەندیی نەتەوەیی دروست دەکات، هەروەها واتای نیشتمان لە ژیانی دووربوون و ژیانی نێوانوڵاتیدا دووبارە ڕێک دەخات.

وشە سەرەکییەکان:

کورد، نەتەوەسازی، مووزیکی کوردی، دیاسپۆرا، وێنەکردنەوەی کوردستان، سوید.

پێشەکی

هەموو کۆمەڵگایەکی لە نیشتمان دابڕاو تووشی چەندین قەیرانی سەرەکیی وەکوو قەیرانی ناسنامە، بێ وڵاتی و بێ نەتەوەیی دەبێتەوە. وەکوو یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەکی ڕەوەندی، هیچ کۆمەڵەیەکی دیاسپۆرایی بە تەواوی خۆی بە ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە نازانێت کە لە ناویاندا گیرساوەتەوە و هەرگیز دان نانێت بەو خاکە وەکوو خاک و نیشمانی ڕاستەقینەی خۆی کە لێی نیشتەجێ بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییەش، کۆمەڵەیەکی ڕەوەندی لە کۆچبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە کە بە خواست و ویستی خۆیان وڵاتیان بەجێ هێشتووە بە هومێدی بنیادنانی ژیانێکی نوێ و هەتاهەتایی لە وڵاتێکی جگە لە زێدی خۆیان (بڕوانە: Butler، 2001). بەڵام کۆمەڵگەی دیاسپۆرایی هەمووکات خولیای گەڕانەوەی بۆ نیشتمانەکەی خۆی لە سەردایە و هەموو هەوڵەکانی لە بەرژەوەندیی زێدی دایکیدایە و تەنیا لە پێوەندیی لەگەڵ زێد و هاونیشتمانیانیدا شوناسی نەتەوەیی خۆی پێناسە دەکات (بڕوانە: Safran، 1991). بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانانە، کۆمەڵگەی ڕەوەندی بەردەوام بە شێوێن مێکانیزمگەلێکدا دەگەڕێ بۆ دووبارە واتابەخشینەوە بە شوناس و نەتەوەکەی و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەستی بێوڵاتی. لەنێوان بێشمار مێکانیزمی جۆراوجۆری وەکوو زمان، کولتوور، مێژوو، ڕێورەسم و نەریت، کار وچالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هتد. هونەر و لایەنە کولتووریەکان، بۆ نموونە مووزیک، وەکوو مێکانیزمێکی فرمرەهەندی و چەندلایەن، بە شێوەیەکی کاریگەرتر یارمەتیدەرن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەموکوڕیانەی کە لە کۆمەڵگایەکی ڕەوەندیدا هەستی پێدەکرێت (بڕوانە: فەرازمەند، ۲۰۱۹ و۲۰۲۱). لەو وەهما حاڵەتێکدا مووزیک، وەکوو فەزا و چوارچێوەیەکی مەفهوومی، یۆتۆپیایەکی دەنگی دروست دەکات کە بە بڕوای تۆژەری ئامریکایی لە بواری هونەر و سیاسەتی پێوەندیی کلتووریی جۆش کان (۲۰۰۵)، فەزایەکە کە لەڕێگەی مووزیکەوە دروست دەکرێت و ڕێگەیەک بە گوێگر دەدات بۆ خەیاڵکردنی داهاتوویەکی جیاواز. ئەم ئۆدیۆتۆپیا یان یۆتۆپیا دەنگییانە لە فەزای ژیانی ڕاستەقینەدا سەرهەڵدەدەن و دواتر لەلایەن گوێگران و ئەنجامدەرانەوە بۆ فەزا و شوێنەکانی تر دەگواسترێنەوە. کان دەنووسێت: «فەزا دەنگییەکان ئارمزوو و هۆکاری یۆتۆپیایی کاریگەر دەخەنە ڕوو، لەو شوێنانەدا کە چەند شوێنێک کە بە گشتی لەگەڵ یەک ناگونجێن، نەتەنها لە ناو فەزای پارچە مووزیکێکی تایبەتدا، بەڵکوو هەروەها لە دروستکردنی فەزایەکی کۆمەڵایەتی و نەخشەسازیی فەزاییکی جوغرافیشدا کە مووزیک ڕێگەی پێدەدات، پێکەوە دەهێنرێن و لە پەنای یەک دادەنرێن» (Kun 2005, 23). بەپێی باوەڕی کان، یۆتۆپیا دەنگییەکان، ئەو فەزایانەن کە مووزیک وەک چالاکییەکی کاریگەر لە ناویاندا کار دەکات، لەو شوێنانەدا کە گوێگران هەردوو فەزای ڕاستەقینە و خەیاڵی دەنگی داگیر دەکەن. ئۆدیۆتۆپیاکان لە ڕێگەی جوولە و فیگۆرە دەنگییەکانەوە دروست دەبن و ئامرازێک دابین دەکەن بۆ ئەو گوێگرانەی کە لەژێر دەستبەسەری یان لە ناو گرووپە کەمینەکاندان، تا بتوانن جیهانی دڵخوازی خۆیان لە ڕێگەی ڕەهەندێکی دەنگیی نوێ و دووبارە خەیاڵکراودا دیسان ڕێک بخەنەوە» (بڕوانە: Clifford-Na-

poleon 2015، 68). تیۆریی «دونیاسازی» نیلسۆن گوودمەن (١٩٧٨)، مووزیک وەک کارێکی هێمایی و چالاک دەبینێت کە جیهانی کۆمەڵایەتی و کلتووری دروست دەکات، نەک ئەوەیکە تەنها ڕاستییەکی ئامادە وەکاس بکات (Goodman 1978, 1–7). لەم ڕوانگەیەدا، دەنگی مووزیکی، پێشکەشکردن و گوێگرتن لە مووزیک ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستکردنی مانا، فەزا، و ئەزموون کردن و هەست پێکردن و مانابەخشین بە کات بەو مانایە کە مرۆڤ لە ڕێگەی مووزیکەوە ڕابردوو دەهێنێتە ئێستا و داهاتوو خەیاڵ دەکات. «ئەم پرۆسانە بە هەڵبژاردن، ڕێکخستن، و گۆڕینی واتاکان کار دەکەن و بەو شێوەیە وێنەیەکی دیاریکراو لە ڕاستییەک دروست دەکەن» (ibid., 14–17). لە ڕێگەی شێوازەکانی وەک گرنگیدان، سڕینەوە و گۆڕینی مانا، چالاکییە مووزیکییەکان دنیایەک دروست دەکەن کە لە ناویاندا «ناسنامە» و «هەست بە شوێن» دیار دەکرێت. چوارچێوەی فرەڕەهەندیی گوودمەن ڕێگە دەدات تا چەندین جیهانی مووزیکی پێکەوە ببینرێن، ئەوانەی کە لە ئەنجامی کۆچ، یادەوەری، و بارودۆخە سیاسییەکان دروست بوون، بەبێ ئەوەی یەک ڕەوایەت وەک تاکە ڕاستی پێشکەش بکرێت. بەپێی گوودمەن، مووزیک سیستمێکی هێماییە کە لە ڕێگەی هەڵبژاردن، ڕێکخستن، گۆڕانکاری و شێوەپێدانەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و جوغرافییەکان، جیهانەکان پێکدەهێنێت. چەمکی ئۆدیۆتۆپیای جۆش کان ئەم بیرۆکەیە فراوانتر دەکات و نیشان دەدات کە مووزیک فەزای دەنگی دروست دەکات کە لە ناویدا شوێن و بیرۆکە جیاوازەکانی وەک نیشتمان و هەندەران، یادەوەری و دووری، ئارەزووی سیاسی و ژیانی ڕۆژانە، لە پەنا یەک دادەنرێن.

پێشینەی توێژینەوە

توێژینەوەکان لەسەر مووزیکی کوردی لە دیاسپۆرای سوێددا، بە شێوەی سەرەکی لەلایەن ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە ئێتنۆگرافییەکان و توێژینەوە نێوان‌بواریەکانەوە پێکهاتوون؛ ئەو توێژینەوانەی کە چالاکییە مووزیکییەکان لە چوارچێوەی ژیانی بەکۆمەڵ، مێژووی کۆچ، و سیاستی پەیوەندیدانی ناسنامەدا دادەنێن. ئۆسکار پریپ (٢٠١٣،٢٠١١،٢٠٠٥) یەکێکە لەو توێژەرانەی کە قوڵترین و بەردەوامترین شیکردنەوەی ئەم بابەتەی پێشکەش کردووە؛ پریپ لێکۆڵینەوە لە ئەنجومەنە کولتووریی کوردییەکان لە سوێددا دەکات و ئەوان وەک شوێنە سەرەکییەکان دەبینێت کە لە ناویاندا مووزیک و هەڵپەڕکێ وەک چالاکیی کۆمەڵایەتی کار دەکەن و لە ڕێگەی ئەوانەوە ناسنامەی کۆمەڵایەتی، گۆڕانپەزێری ناسنامەی ئێتنیکی (eth-nic elasticity) و خۆگونجاندنی ئێتنیکی لەگەڵ کۆنتێکستە نوێیەکان و ئەزموونی نێوان‌کولتووری گفتوگۆ دەکرێن. لە جیاتی ئەوەی مووزیکی کوردی وەک نەریتێکی جێگیر ببینێت، پریپ گرنگی دەدات بە بەشداریکردن، پێرفۆرمانس و دروستبوونی دۆخی «کوردبوون» لە بارودۆخە دیاریکراوەکاندا. هەروەها، ئولریک فولگستن (٢٠٠٨، ٢٠١٠)، کە بە نزیکی لەگەڵ پریپ کاری کردووە، چالاکیی مووزیکیی کوردی لە ڕوانگەی یادەوەری و هەستەوە شی دەکاتەوە و نیشان دەدات کە چۆن ڕێپێرتوارە هاوبەشەکان و کردەوە مووزیکییە جەستەییەکان هەستەکان لەنێوان کوردانی دیاسپۆرای ستۆکهۆڵمدا ڕێکدەخەن و ڕێگە بە شێوەکانی پەیوەندیی نەتەوەیی نێونەوەیی دەدەن، بەبێ ئەوەی پێویست

بێت ڕاستەوخۆ پشت بە گوتاری سیاسی ببەستێت. لە چوارچێوەیەکی فراوانتری توێژینەوەی کۆچ و مووزیک لە سوید‌دا، ماریا وێستڤال (٢٠١٥، ٢٠١٧) چالاکییە مووزیکییە کوردییەکان لەگەڵ مووزیکی گرووپە کۆچبەرەکانی دیکە دادەنێت و جەخت دەخاتە سەر چالاکیی مووزیکیی بەشداربووانە، کۆنتێکستی دامەزراوەیی، و ڕۆڵی ئەنجومەنی کولتووری لە سوید‌دا لە دیاربوونی مووزیک و دروستکردنی بەرهەمی کولتووری. هەرچەندە لە ناو ئەم توێژینەوانەدا، کاری مینوو عەلینیا (٢٠٠٤، ٢٠١٣) ڕاستەوخۆ تیشک ناخاتە سەر مووزیک وەکوو خۆی، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی بنەمایەکی گرینگ دابین دەکەن بۆ تێگەیشتن لە مووزیکی کوردی لە سوید‌دا، چونکە شیکردنەوەی ئەو لە فەزا دیاسپۆراییەکان و دروستبوونی ناسنامەی کوردی، ئەو بارودۆخە سیاسی و هەستیانە ڕوون دەکات کە لە ناویاندا چالاکییە مووزیکییەکان واتا و گرنگی وەردەگرن. هەروەها، خالید خەیاتی (٢٠١٢، ٢٠٠٨)، سوید وەک گرێیەکی ناوەندی لە ژیانی نێواننەتەوەیی کوردی پێناسە دەکات؛ چوارچێوەیەک کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی دامەزراوە مووزیکییەکان، فێستیڤاڵەکان و بەرهەمهێنانی میدیایی لە نێوان کوردانی سویدا ئەوەندە گرینگییان هەیە.

لە تەنیشت ئەم توێژینەوانەی بە زمانی سویدی و ئینگلیسی نووسراون، توێژینەوە فارسییەکانی پەرەنگ فەرازمەند (٢٠١٩، ٢٠٢١) بە شێوەیەکی مووزیکناسانە و ڕاستەوخۆ تیشک دەخەنە سەر مووزیکی دیاسپۆرایی کوردی لە ناو کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سویدا. ئەم توێژینەوەیە شی دەکاتەوە کە چۆن مووزیک ڕۆڵ دەبینێت لە پاراستنی ناسنامە، خۆگونجاندنی کولتووری، و پرۆسەکانی گۆڕانی مووزیکی کوردی و پرۆسەی گلۆبالیزاسیۆنی ئەو کولتوورە مووزیکییە لە بارودۆخی دیاسپۆراییدا. هەروەها هەمان توێژەر لە ٢٠٢٦ توێژینەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە لەسەر پێوەندیی نێوان دەسەڵات و جێندەر لە مووزیکی نەریتی و ڕەوەندی کوردیدا لە سوید، کە بە وردی لێکدانەوەی کردووە لە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە سەر باوەڕە جێندەرییەکان لە پێشکەشکردنی مووزیکی کوردی لە ناو مووزیکی کوردانی سوید ڕووی داوە و هەروەها ئەوجووڵە فێمێنیستییەی کە لە ڕێگەی مووزیکەکەیانەوە سەری هەڵداوە.

بەگشتی، ئەم توێژینەوانە پێکەوە مووزیکی کوردی نەک هەر لە سوید وەک میراتێکی جێگیر نیشان دەدەن، بەڵکوو وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی، هەستی، ناسنامەیی و سیاسی تێدەگەیەنن کە لەلایەن کۆچ، ژیانی دامەزراوەیی، و گەرانەوەی سەروونەتەوەیی پێکهێنراوە.

لەم توێژینەوەیەدا، وەک لێکۆڵینەوەیەکی سەر بە بواری ئێتنۆموزیکۆلۆژی، کۆکردنەوەی داتاکان بە پشتبەستن بە چوارچێوەی ئێتنۆگرافی، ڕێگای کاری مەیدانی ، خوێندنەوەی سەرچاوە کتێبخانەییەکان و کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە دەنگی و ئارشیڤییەکان ئەنجام دراوە. شێوازی کۆکردنەوەی داتاکان بریتی بووە لە گفتوگۆی ڕێکخراو لەگەڵ مووزیسیەنانی کوردی نیشتەجێی سوید، هەروەها ئەنجامدانی چاودێریی بەشداربووانە لە ڕووداوە مووزیکییەکان کە پێوەندیدار بوون بە ئەم مووزیسیەنانە.

ڕەوەندی کوردی لە سوید و دیسکۆرسی مووزیکییەکەیان بەپێی ڕاپۆرتی میراندا برایتن (٧ی فێوریەی ٢٠٢٤)، پەیامنێر و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی گاردیەن لە ستۆکهۆڵم، ٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار کورد لە تورکیە، سووریە، عێراق و ئێرانەوە لە سوید نیشتەجێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پلەیەکی بەرچاو لە نایەکسانیی کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کورد لە سوید فرەچەشنییەکی بەرچاوی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کوردانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. ئەم فرەچەشنییە بووەتە هۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگەیەکی فرە کولتووری کورد لە ناوخۆی سوویددا. ئەم تاکانە لە پاشخانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆرەوە هاتوون و پێگەی پیشەیی جیاوازیان لەناو کۆمەڵگەی سوویددا هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەمەچەشن و نایەکسانەکانی ڕەوەندی کوردی، سوودێکی بەرچاو لە ژینگەیەکی سیاسیی لەبار وەردەگرن، بەمەش ئاسانکاری دەکەن بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی ڕێکخراو و تۆڕە ڕەوەندییەکانیان (بروانە: Khayati , 2008). لەناو جیهانی ڕۆژئاوادا، سوید، بەهۆی ئامادەبوونی تویژی ئێلیت لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مووزیکی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ، وەک ناوەندێکی ناوازە بۆ پەرەپێدانی چالاکییە ڕۆشنبیرییە بەرفراوانەکانی ڕەوەندی، لەناو کۆمەڵگەی کورددا کار دەکات. لە ئەنجامدا سوید وەک «ناوەندی ڕاکێشان»[1] بۆ ڕەوەندی کوردی بە هەژمار دێت (بروانە: Ahmadzadeh ,2003؛ Khayati 2012,)، چونکە سوید لە ئێستادا وەک تاکە نەتەوەی ڕۆژئاوایە کە تۆڕێکی ڕەوەندی کوردیی تێکەڵاوی بەرچاوی تێدا پەروەردە کراوە. لە ساڵی ١٩٨٤دا، یەکەم گرووپ لە کۆچبەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئەو کەسانەی کە لە ململانێ مەدەنی و چەکداریەکانی نێوان ڕژیمی ئیسلامیی تازە دامەزراوی ئێران و دانیشتوانی کوردستان بریندار ببوون، بۆ وەرگرتنی چاودێریی پزیشکی گواستراونەوە بۆ سوید. لە ناویاندا ئەندامانی پارتە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەبوون، کە لە خەباتێکی چەکداریدا دژ بە ڕژیمی ئیسلامی بۆ بەرگریکردن لە دانیشتوانی مەدەنیی کوردستان تێوەگلابوون. بەپێی وتەی ئەندامێکی پێشووی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات، کەماڵ گەرویسی (٢٠١٧) کە لەکاتی شەڕی داسەپاوی ناوخۆدا بریندار ببوو و بەشێک بووە لەو گرووپە ئاماژەپێکراوە، مەبەستی سەرەتایی ئەوان ئەوە بووە کە ئامادەبوونیان لە سوید بۆ ماوەیەکی کاتی بێت. دوای باشبوونی باری جەستەیی خۆیان، پلانیان دانابوو بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. بەڵام وەک گەرویسی (٢٠١٧) ئاماژەی پێکرد، دوای ماوەی چەند مانگێک، دەسەڵاتدارانی سوید مافی پەنابەرییان پێداون، بەمەش ڕێگری کراوە لە دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەڕانەوەیان بۆ کوردستان. سەرەڕای تامەزرۆییان بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان، بەڵام لەو کاتەوە لە سنووری سوویددا ماونەتەوە (گەرویسی ٢٠١٧، ئۆپلاند ویسپی). هەروەها ئەم پێشهاتە ئاسانکاریی بۆ کۆچی کوردانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتەوە کرد، کە ژیانیان لە ئێراندا لە مەترسیدا بوو، ناچاری کردن پەنا بۆ وڵاتێکی ئارام ببەن. ئەم ڕیزبەندیی ڕووداوانە بووە هۆی دەستپێکردنی کۆچی کوردان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ سوید بە درێژایی هەشتاکان و نەوەدەکان. لە

ئەنجامی ئەم کۆچە بەربڵاوەدا، سوید لە ئێستادا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی بەناو کۆچبەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی لەخۆ گرتووە. لە ناویاندا مووزیسیەنی ناودار و بەئەزموونی کورد، بەتایبەتی گۆرانیبێژە دیارەکانی وەک ناسر ڕەزازی، مەرزییە فەریقی، نەجمەدین غوڵامی، میکائیل جەهان، بنەماڵەی گەردی و ئەوانی دیکە ئامادە بوون کە لە چالاکیی سیاسیشدا بەشدار بوون و پێوەندییان بە پێشمەرگەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە و دامەزرێنەری «دیسکۆرسی مووزیکی دیاسپۆرایی کوردی» لە سوید بوون کە تەوەری سەرەکیی ئەم دیسکۆرسە پێوەندیی بە ناسیۆنالیزمی کوردی و کوردستان وگەیاندنی دەنگی گەلی کوردەوە هەبووە.

لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ساڵی ٢٠١٧ لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەوەندی کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سوید ئەنجام درا، بەشداربووان چەمکی وەک هەندەران، تاراوگە و بێ وڵاتییان بەکار دەهێنا بۆ خستنەڕووی ئەزموونی دابڕان لە زێدی خۆیان و پەرشوبڵاوییان لە دەرەوەی سنووری کوردستان. ئەم دەربڕینانە سەرەڕای تێکەڵبوونی ئەوان لەگەڵ کۆمەڵگای سویدی، هەستەکانی نیشتمانپەروەری لەخۆ دەگرن، هەستەکانی دابڕان لە نیشتمان، هەستی بە ڕاستەقینە سەر بە کۆمەڵگا و ناوچەی ئێستا نەبوون و ئاواتەخوازی گەڕانەوە بۆ کوردستان نیشان دەدەن. بەپێی تیۆریی ڕەوەندی ویلیام سەفران (١٩٩١)، ئەم مەیل و ڕەنگدانەوانە کە هێمای باوەڕی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەرین لەناو کۆمەڵگەی ڕەوەندی کوردیدا، بنیادنانی بناغەی «گوتاری ڕەوەندی کوردی» دیاری دەکەن، کە لە مووزیکەکەشیاندا دەنگدانەوەی هەبووە. کۆمەڵگەی ڕەوەندی کورد لەهەمبەر لە ئامێزگرتنی تەواوەتیی سوید وەک نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی، ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە. لە ئەنجامدا هەستکردن بە «بێوڵاتی» ئەزموون دەکەن، ئەمەش پێویستی بە پرۆسەی «دووبارە نیشتەجێبوونەوە»[٢] هەیە. ئەو گۆرانییانەی کە لەلایەن مووزیکڤانانی ڕەوەندەوە بەرهەم هێنراون، بە هەستێکی قوونڵی بێوڵاتی و بێدەوڵەتییەوە دەنگ دەدەنەوە، ئەم هەستانە لە ڕێگەی پێکهاتە و دەقە مووزیکییەکانیانەوە دەردەبڕدرێن. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٩٣ لە کاتی نیشتەجێبوونی لە سوید، ناسر ڕەزازی گۆرانیبێژی ناوداری کورد گۆرانییەکی بە ناوی «نەداری» پێشکەش کرد. گۆرانییەکە بە شێوەیەکی بەهێز ئازاری دابڕانی زۆرملێ و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ قەیرانی ناسنامە و بەگشتی، فەلسەفەی جەبریگەرایی ژیان دەخاتە ڕوو کە گۆرانیبێژ و کۆمەڵگەی کورد ئەزموونی دەکەن، کە ناچارن واز لە نیشتمانە خۆشەویستەکەیان بێنن و لە خاکێک جێگیر بن کە خاکی خۆیان نییە. بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئەو خەمە قوونڵەی کە پەیوەستە بە ئاوارەبوون و دەربەدەری و هەستکردن بە نامۆیی لە شوێنی ئێستایاندا لە ڕێگەی ئەم تێکستانەی خوارەوەدا دەخاتە ڕوو:

هیلاکی ڕەنجێکم کە ڕەنجی من نیە
دانیشتووی خاکێکم کە خاکی من نیە
ناسراوی ناوێکم کە ناوی من نیە
گریاوی ژانێکم کە ژانی من نیە
زادەی لەزەتێکم لەزەتی من نیە
بە مەرگێکیش دەمرم کە مەرگی من نیە

لێرەدا بەرەوڕووی سێ چەمکی «کۆچی

به زۆرەملێ»، «قبوولنەکردنی شـــوێنی ئێستا وەکوو نیشـــتمانی راســـتەقینە» و هەروەها «بێوڵاتـــی» لـــە تـــەوەری گۆرانییەکەدا دەبینەوە کـــە یەکێک لـــە تایبەتمەندییە ســـەرەکییەکانی کۆمەڵەی ڕەوەندی کوردی وەکاس دەکاتەوە.

هەروەها، ناســـر ڕەزازی لە ساڵی ٢٠١٠ لە چوارچێـــوەی ئەلبوومی «کرماشـــان»، گۆرانییەکـــی بە نـــاوی «تاســـەبارم» بڵاو کردەوە. گۆرانییەکە باس لە تاســـەکردنێکی قووڵ بـــۆ کوردســـتان دەکات کە تاکێکی کـــورد لە هەنـــدەران ئەزموونـــی دەکات، حەســـرەتێکی قووڵ بۆ ســـەردانکردنەوەی شـــاخەکانی کوردســـتان دەردەبڕێـــت و ماتەمینی بۆ چاوپێکەوتنی لەدەســـتچووی خۆشەویســـتەکەی لـــە نیشـــتمانەکەیدا دەگێڕێتـــەوە. گۆرانیبێـــژ ئـــازاری کۆچی زۆرەملـــێ دەخاتـــە ڕوو و هۆکارەکـــەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ســـەر خەباتـــی بێوچان بـــۆ نیشـــتمانەکەیان وەکوو تاکـــە تاوان. جگـــە لـــەوەش، گۆرانییەکـــە هیوایەکی یەکلاکـــەرەوە دەگەیەنێت بـــۆ گەڕانەوە بۆ کوردســـتان و کۆتایی گەشتە سەختەکەی کۆچبەری بەم شـــێوەیە:

هەڵوەدام و کەیلە دڵ بۆ دیتنی کوێستانەکەم
تاسەبارم، تاسەباری خاکی کوردستان ئەکەم
وا پەڕیوەی بێ پەڕوپۆی هەندەرانم داخەکەم
هەرچی دەڕوانم دەبینم دوورە دوور جێژوانەکەم
کۆچەرێکم هەڵگری سەر وا لە پێناوی وڵات
ئەو مەلەم ئاکامی کۆچم دەچمەوە هێلانەکەم

هەروەها، گۆرانیی «گوڵی ســـوور» کە لەلایەن نەجمەدین غوڵامییەوە لە ســـاڵی ١٩٩٥ وەک بەشـــێک لە ئەلبوومی «شەتاو» تۆمارکراوە. ئەم پێکهاتەیە بە جوانی شـــکۆمەندیی سرووشتی کوردســـتان وێنا دەکاتەوە، بـــە دەقێکی پڕ لە ســـۆز دەربڕینی خۆشەویســـتیی قووڵی کوردێک لـــە هەندەران بۆ نیشـــتمانەکەی دەردەبڕێـــت. ناوەڕۆکی دەقـــی گۆرانییەکە هەســـتێکی قووڵی تامەزرۆیـــی گەڕانەوە بۆ کوردســـتان و هەروەها نۆستالژیا دەگەیەنێت و ئەزموونی تاراوگەنشـــینێک لە بیری نیشتمان و دایران لە خۆشەویستەکانی نیشـــان دەدات. گوڵە سوورەکانی چیاکانی کوردستان هێمای کەسوکار و خۆشەویســـتە لەیەکدابڕاوەکانن. گۆرانییەکە بە شـــێوەیەکی کاریگەر قووڵایی هەســـتی بەســـۆزی ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە لە هەمان کاتیشـــدا تیشـــک دەخاتە سەر دیمەنە بەشکۆکانی شـــاخەکانی کوردستان وەک توخمێکی شـــوناس و ناســـنامە بۆ ئەم جوغرافییایە بەم شـــێوەیە:

لە دوورەو هاتم فێنکی دڵەکەم
ئەگەر نەتبینم کوێرە دیەکەم
لە دوورەو هاتم بە گوڵی سوورەوە
هەردم بڕیوە بەم سنوورەوە
گوڵە سوورەکەی چیای کوردستان!
پێشکەش تۆی ئەکەم ڕێ ودڵ و گیان
لە سایەی تۆدا گوڵە سوورەکەم
ئەگرمە باوەش کەسە دوورەکەم

هەروەهـــا، لـــە بەرهەمەکانـــی خانمـــە گۆرانیبێژ، مەرزیە فەریقیشـــدا کلیلوشەی «کوردســـتان» و هەروەها قەیرانی بێوڵاتی و ناسنامەیی و بەدەستهێنانەوەی ئەم شوناسە تەنیا لـــە پێناو ژیان لە کورســـتان، وەکوو چەمکێک بـــۆ دەربڕینـــی تایبەتمەندییە ڕەوەندییەکانی مووزیکـــی ڕەوەندی کوردی، ڕۆڵـــی ســـەرەکییان گێـــڕاوە. گۆرانیـــی «کوردســـتان» لە ٢٠٠٢، بەم شـــێوەیە ئەو گوتارە ڕەوەندییـــە دەردەبڕێت:

بێ تۆ بێ هەناسە و چرپەم
بێ تۆ بێ کەس و بێ دەرم
بێ تۆ بێ بەرگ و بێ بەرم

تۆ شادیمی تۆ شادیمی
تۆ فریشتەی ئازادیمی
تۆ هێلانەی خۆشبەختیمی
تۆ پەیامی سەرسەختیمی
ئەتپەرستم ئەتپەرستم
بە ئاواتی تۆوە مەستم
هەر دێمەوە بۆ ئامێزت
دەشنێمەوە بە شنەی هێزت
ئەیڵێمەوە بەستەی بەستان
قوربانت ئەبم کوردستان

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەمەچەشنی ڕەوەندی کورد، لەگەڵ ژینگەی سیاسیی سوید، کە هەندێک لە تویژەران دەڵێن لەبارە بۆ کولتوور و ناسنامەی کورد) بڕوانە:Khayati , 2008). بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک چالاکی و پڕۆسەی سەروونەتەوەیی فراوانتر لەنێوان کوردانی سوێددا بە بەراورد لەگەڵ کوردانی نیشتەجێی وڵاتانی دیکەی یەکیەتیی ئەوروپا، بکردرێت. لە کۆمەڵگەی کوردیی سوێددا، هەستێکی بەهێزی نیشتمانپەروەری لە چالاکییە جیاوازەکانی سەروونەتەوەییدا بەدی دەکرێت، لەوانەش چالاکییە مووزیکییەکانن. کەسایەتیی دیاری مووزیکی کوردی لە کوردستان و ڕەوەند، نەجمەدین غوڵامی (٢٠١٧)، ئەم ئیددعایەی لە بواری مووزیکی کوردیدا پشتڕاست کردەوە:

«حکوومەتی سوید سالانە فستیڤاڵ لە پارێزگا جۆراوجۆرەکاندا ساز دەکات، ئەم فستیڤاڵانە سەکۆیەک بۆ کوردانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەڕەخسێنن بۆ یەکگرتن و پتەوکردنی پێوەندییەکانیان، بەتایبەتی لەنێو مووزیکژەنەکاندا. فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید (Kurdiska Riksforbundet iSverige) وەک سەکۆیەکی گونجاو بۆ کارلێکردن و دامەزراندنی پێوەندیی لەنێوان کوردانی وڵاتانی جیاوازدا کار دەکات. سەرەتا ئەم فێدراسیۆنە بە پلەی یەکەم پاڵپشتی چالاکییە کولتووری و هونەرییەکان بوو کە لەو ماوەیەشدا ئەلبوومێکی سیدیم بە ناوی شەتاو لە ١٩٩٥ بەرهەم هێنا» (غوڵامی ٢٠١٧، ستۆکهۆڵم).

نەتەوەسازی

بیرۆکەی سەربەخۆیی و گەلێکی یەکگرتوو تەوەرێکی سەرەکیی دیکەی گۆرانییەکانی ڕەوەندی کوردی بووە لە سوید. لە میانی فستیڤاڵی نەورۆزی ساڵی ١٩٩٩ لە ستۆکهۆڵم، کە لە هەزاران کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان و وڵاتانی تر پێک هاتبوو، کە لە ناویاندا ئاڵای کوردستان و ئاڵای حیزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی سەرتاسەری کوردستان دەشەکاوە، ناسر ڕەزازی گۆرانییەکی کوردیی نەتەوەیی بە ناوی «باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات» پێشکەش کرد، کە یەکگرتوویی و هاوەنگیی کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورەی دەربڕی، ئەم گۆرانییە ڕەنگدانەوەی دیسکۆرسی مووزیکی ڕەوەندی کوردی بوو. بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورە نوێنەرایەتیی یەک خاک دەکەن، گۆرانیبێژ جەوهەری یەک نەتەوەبوونی کوردی سەرەڕای جیاوازیی زاراوەیی و ئایینی وروژاند. دەقی گۆرانییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازییە ئایینییەکان جێگەی سەرنجی سەرەکیی نەتەوەیی کورد نین؛ ئەوەی لە هەموو شتێک گرینگترە ناسنامەی کوردییە و هەموو کورد یەکگرتووە لە ئامانجە هاوبەشەکەیاندا کە خەبات لە

پێناو ئازادیی کوردستانە:
کرمانج و زازا و سۆران، فەیلی و کەلهوڕ و گۆران
کوردین و یەک میللەتین بێ جیاوازی و
بێ گۆڕان
باکوور، باشوور، ڕۆژهەلات، یەک وڵات و
یەک خەبات
شیعە و سوننی و ئێزدی هەموو هەر برای یەکین
عەلەوی و ئەهل حەق و بێ دین
بۆ کوردستان تێبکۆشین با ئاواتمان بێتە دی

مووزیکفانانی کورد لە ڕەوەندی سوید هەوڵیان داوە بۆ پاراستنی پێوەندییە کولتووری و نەتەوەییەکانیان. لەو پێناوەدا چالاکییە مووزیکییەکانی ڕەوەندی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان کوردانی سەرانسەری دنیا. ئەم چالاکییە ڕێکخراوانە، سەرەڕای مەودای جوغرافی، وەک بەڵگەیەک لەسەر یەکگرتنەوەی هەموو کوردانە. ئەوان، لە هەر بەشێکی کوردستانەوە، نەک هەر خەریکی کارلێکی ناوڕەوەندی دەبن بەڵکوو پێوەندیی لەگەڵ هاوکوردەکانیشدا دادەمەزرێنن. بناغەی ئەم کارلێککردنە بریتیە لە «ناسنامەی کوردی»، «مێژووی هاوبەش»، «نیشتمانێکی هاوبەش» و بە گشتی «کورایەتی»، کە مێکانیزمی سیاسی و کولتووریی هەمەچەشن، لەوانەش مووزیک و هەڵپەڕکێ، بەکاردەهێنن بۆ خستنەڕووی مێژوویەک و شوناسێکی هاوبەش. کۆمەڵگەی ڕەوەندی کورد کە لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەکۆمەڵ خۆیان وەک نەتەوەیەک دەناسێنن کە نیشتمانێک و میراتێکی مێژوویی هاوبەشیان هەیە. کورد بۆ زیاتر لە سەدەیەک ئاواتی ڕێکخستنەوەی کوردستانێکی یەکگرتووی هەبووە. لەناو ڕەوەندا، کارلێکەکانی نێوان کوردانی مووزیسیەنی ناوچە جیاوازەکان کە لە وڵات و چوارچێوەی جۆراوجۆردا دەژین، پەرەی بە تۆڕەکان و چەمکی «نەتەوەیەکی یەکگرتووی کورد» و «کوردستانێکی گەورەی خەیاڵی» لە مووزیکەکەیاندا داوە. لە توێژینەوە دیاسپۆراییەکاندا، چەمکی «خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان» ئەو بیرۆکە گرینگانە لەخۆ دەگرێت کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کۆچبەران هەیە. بەپێی ئانترۆپۆلۆژیستی هیندی-ئامریکایی، ئارجون ئاپادورای (۱۹۹۶)، زۆرجار خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان سنووری دەوڵەت تێدەپەڕێنن (بڕوانە: Appadurai ، 1996). بۆیە چەمکە خەیاڵییەکان، وەک «نەتەوە خەیاڵکراوەکان»ی بێنێدیکت ئێندرسۆن (۱۹۹۱) و «خەیاڵە کۆمەڵایەتییەکان»ی ئاپادورای (۱۹۹۶)، ئامرازێکن بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە و پێکهاتنی شوناسی بەکۆمەڵ لەناو مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سوید. ئەنجامی کارلێکی مووزیکی مووزیسیەنانی کوردی پارچە و ناوچە جۆراوجۆرەکان بووە بە هۆی سەرهەڵدانی ستایلێک لە مووزیکی کوردی کە پێک هاتووە لە توخمی مووزیکی هەموو کوردەکان لە سەرانسەری کوردستانی گەورە، لە دەنگ و سۆنۆریتەی ئامێراکانیانەوە بگرە هەتا ڕیتم و مەودای دەنگ و ئەدا و فۆرم و ژانر و ستایل. لە گۆرانییەکی بە زاراوەی سۆرانیدا گوێگر فیگۆرەدەنگییەکانی مووزیکی کرمانجی و مووزیکی ڕۆژهەلاتی و باشووری بە تێکڕایی گوێ لێدەبێ کە مووزیکێکی کوردی بەرهەم هێناوە کە شوناسی هەموو مووزیکە کوردییەکانی تێدا بەدی دەکرێ. لە فەزای دەنگی ئەو ستایلە هیبریدی و تێکەڵاوەدا دەنگی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و نیشتمانێکی بەیەکگەیشتوو یاد دێنرێتەوە، نەتەوە و نیشتمانێک کە لە ڕێگەی مووزیک و فیگۆرە دەنگییەکان وێنا کراون. بۆ نموونە ئەلبوومی ۱۹۹۰ی

ناسر ڕەزازی بە ناوی «چیمەن» یەکێک لە بەرهەمەکانی گۆرانییەکە بە ناوی «هەر تۆم دەوێ» ، بە زاراوەی سۆرانی، بە مووزیکی کرمانجی بە ئامێرەکانی ساز و نەی و بەندیر و هەروەها درامزی ڕۆژئاوایی پێشکەش دەکرێت. ئەو بەرهەمە پێکهێنانێکی دەنگییە کە نیشانەیەکە لە تێکەڵبوونی ڕێزمان وشێوازە کوردییەکان. فیگۆرە دەنگییەکان لەو بەرهەمەدا جیهانێکی دەنگییان بەرهەم هێناوە کە لە توخمە مووزیکییەکانی کوردی کورمانج و سۆران پێک هاتووە و ئۆدیۆتۆپیایەکن کە بەیەکگەیشتنەوەی کوردانی پارچەکانی باکوور و ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باشوور خەیاڵ دەکەنەوە.

وێناکردنەوەی نیشتمان

لە کاتی هەستکردن بە «بێوڵاتی»دا کوردی تاراوگەنشین پێویستیان بە مێکانیزمێکە بۆ مانابەخشینەوەی دووبارە بە وڵات و وێناکردنەوەی نیشتمان. لە زانستی دیاسپۆرادا چەمکی «دووبارە چەسپاندنەوە»[3] بریتییە لە شێوەیەک لە جێگیربوونەوەی دووبارە و پێکهێنانەوەی «نیشتمان» لە دەرەوەی سنووورەکانی وڵات. بۆ مووزیکڤانانی کوردی تاراوگەنشین کە لە زێدی خۆیان دابڕاون و لە خاکێکی بێگانەدا نیشتەجێن و بەردەوام تامەزرۆی گەڕانەوە بۆ کوردستانن، مووزیک وەک ڕێڕەوێک بۆ دروستکردنی «نیشتمانێکی خەیاڵی» دەور دەگێڕێت. مووزیک ڕۆڵێکی چارەنووسسازی گێڕاوە لە ڕەوەندی کوردیدا وەک ئامرازێکی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ «جێگیربوونی دووبارە»[4] یان پێکهێنانی «نیشتمانێکی خەیاڵی» لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە. کۆبوونەوە و بۆنە مووزیکییەکان و دابەشکردنی مووزیک لە ڕێگە جیاوازەکانی میدیاییەوە بە چڕی و بە پتەوی یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانی هاوبەش دەوروژێنن و پێوەندییەکی بەهێزتر و دەستراگەیشتن بە «نیشتمان» دەرەخسێنن. و لە هەمان حاڵیشدا، بەڕاورد لەگەڵ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە ڕەوەندا، مووزیکی کوردی بە سادەیی زیاتر، هەستی بوون لە ناو «نیشتمان» دەوروژێنێتەوە. ئەم وێنەکردنەوە مووزیکییەی «شوێن» یان «وڵات»، یارمەتیدەری تاراوگەنشینانە بۆ خەیاڵکردنەوەی کوردستان و گیرسانەوە لەو کوردستانە خەیاڵییەدا کە لە هەندەران لە ڕێگەی مووزیکەوە وێنا کراوەتەوە. جگە لە فیگۆرە دەنگییەکان، شوێنەکانی وەک شەواهەنگەکان و یاد و بۆنە نەتەوەییەکان، فەزایەکی مووزیکی بوون بە پلەی یەکەم بۆ کۆبوونەوەی کوردانی ناوچە جیاوازەکان لە فەزایەکی دەنگیی هاوبەشدا. شەواهەنگەکان وەک فەزایەکی کۆمەڵایەتی کار دەکەن کە کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی کولتووریی لە نێوان ئەندامانی ڕەوەندی کوردیدا ئاسانتر دەکەن. ئەم فەزا مووزیکییانە جۆرە نوێیەکانی نزیکایەتیی کۆمەڵایەتی لە نێوان کوردانی تاراوگەدا پەرەوردە دەکەن، کە بە «نزیکایەتیی ڕەوەندی»[5] ناو دەبرێن. ئەم جۆرە نزیکایەتییە بە پێناسە دیستۆپیاییە، لەبەر ئەوەی جۆرێک لە نزیکایەتیی هەستیار و ناوخۆییە کە لە نێوان ئەندامانی دیاسپۆرادا دروست دەبێت، نە لەسەر بنەمای هاونیشتەجێبوون یان هاوڕێیەتی، بەڵکوو لەسەر بیرەوەریی هاوبەش، دابڕان، و ژیانی نێوان نێوان. هەروەها، ئەم نزیکایەتییە تەنیا لە چوارچێوەی ئەم فەزا مووزیکییانەدا بوونیان هەیە و لەگەڵ پێوەندی و ناسینی ڕاستەقینە جیاوازن (بڕوانە: Boym 1998، 499-500).

ئەم ژینگانە لەبار بوون بـــۆ پێوەندیکردن، پێشکەشـــکردنی مووزیـــک و نمایشـــی هەڵپەڕکێـــی بەکۆمـــەڵ. گۆرانییەکان بە هەموو زاراوە و شێوەزارە کوردییەکان و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی هەڵپەڕکـــێ کوردییەکان لە یەک شـــوێن بـــە تێکڕایـــی نمایش دەکرێـــن. ئـــاڵای کوردســـتان، وێنەی ڕێبـــەری کۆمـــار و گۆرانیـــی نەتەوەیی بەیەکەوە وەبەرچاو دێن و دەبیســـترێن. لە ئەنجامـــدا، تاکەکان دەرفەتـــی زیاتریان بۆ دەڕەخسێت بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی پێوەنـــدی و تۆڕەکانی ڕەوەنـــد لەناو ئەم ڕێکخســـتنە دەنگییانەدا. کـــوردی ڕەوەند لـــە هەمـــوو بەشـــەکانی کوردســـتانی گەورەوە نوێنەرایەتیـــی کولتوور و زاراوە و شێوەزار و نەریت و سیاســـەت و ئایدیۆلۆژیای جۆراوجـــۆری خۆیان دەکـــەن و لەم فەزا دەنگییانـــەدا کۆ دەبنـــەوە. لە ڕاســـتیدا لە چوارچێوەیەکی وەهادا ئاڵای کوردســـتان پێگەیەکـــی خاوەنڕێـــز و بـــەرزی هەیە و هەمیشـــە وەک هێمـــای گرینگییەکـــی گەورە هەڵدەواســـرێت. ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان زۆرجار جلوبەرگـــی جۆراوجۆری کوردییان لەبەردایـــە. مووزیکژانەکان نەک هـــەر خەریکـــی گێڕانـــەوەی فولکلۆر و مووزیک و گۆرانییـــە نەریتییەکانن بەڵکو گۆرانیی شۆڕشـــگێڕانە و تەوەری سیاســـی و قارەمانانـــەش پێشـــکەش دەکـــەن، بەم شـــێوەیە کوردایەتی و نیشـــتمانپەروەری لەناو بینەرانـــدا زیاتر پـــەروەردە دەکەن. وێناســـازی لـــەم شـــوێنانەدا دیدگایەک بـــۆ نەتەوەیەکـــی یەکگرتووی کـــورد لە چوارچێـــوەی «کوردســـتانێکی گەورەی خەیاڵی»دا دەگەیەنێـــت، وەک هێمایەکی بەهێـــز کـــە ســـنووڕە جوغرافییـــەکان تێدەپەڕێنێـــت بـــۆ وێنەکردنـــەوەی ناســـنامەیەکی بەکۆمەڵ. ئەم ئەبستراکت و تێڕوانینە خەیاڵییانە لـــە لایەن مووزیکەوە لـــە فەزایەکی دەنگیدا لـــە ڕێگەی فیگۆرە دەنگییە جۆراوجۆرەکانەوە دروســـت دەبن، تەنها بـــۆ ماوەیەکی کاتی لـــەو قۆناغەدا بوونیـــان هەیە کە مووزیـــک و هەڵپەڕکێ ڕووەدەن، لەگەڵ لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی کورد. بۆیە شـــەواهەنگەکان و بۆنـــە نەتەوەییەکان وەک فـــەزای دەنگی، ئۆدیۆتۆپیـــاکان دادەمەزرێنـــن کە تێیدا کۆمەڵگـــەی کـــورد وەک کەمینەیەک لە ڕەوەنـــددا، بتوانێـــت نەتەوەیەکی خەیاڵی و نموونەیەکـــی بچووک لە کوردســـتانێکی گەورە بنیـــاد بنێت. ئەم فـــەزا دەنگییانە وەک ئامرازێکـــن بۆ یەکخســـتنی هەموو کوردانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردســـتانی گەورە و بەدیهێنانی خواستێکی لەمێژینەی کورد.مووزیکـــژەن و گۆێگرانـــی کورد لە شـــەواهەنگەکاندا لە ڕێگـــەی مووزیکەوە خەریکی پرۆســـەیەکی «دونیاســـازی»ن. ئەم کـــردەی دونیاســـازییە لـــە بنەڕەتدا بەکۆمەڵە، فـــەزای دونیاکەیان دروســـت دەکات، کـــە دواتـــر وەک پاشـــخانێک بۆ تێگەیشـــتن لـــە شوناســـی کوردیی خۆیان و هەســـتکردن بە ســـەربەخۆییان بـــە نیســـبەتی کۆمەڵـــگای خانەخوێ کاردەکات. ئـــەو جیهانـــەی لـــە ڕێگەی کـــردەوەی گشـــتییەوە ئاشـــکرا دەبێت، بە ئەنقەســـت دارێژراو نییـــە؛ بەڵکو لە ڕێگەی چالاکییەکی بە کۆمەڵەوە ســـەری هەڵداوە، وەک پاشـــخانێک کاردەکات کە چۆنیەتیی تێگەیشـــتنیان لـــە خۆیان لە قاڵب دەدات، ئەمـــەش وای لێدەکات زیاتر بێت لە تەنهـــا ئەزموونێکی تاکەکەســـی.

هەروەهـــا مووزیکژانانی تاراوگەنشـــین بـــۆ بەدیهێنانـــی وڵات، ناوبەناو وەشـــانە ڕەســـەنەکانی مێلۆدی فولکلـــۆری نەریتی کـــوردی و مێلۆدییە پێشکەشـــکراوەکانی هونەرمەنـــدە ناوخۆییەکانی کوردســـتان

لەگـــەڵ ئاوازەکانی خۆیان کـــە لە ژینگەی ئێستایاندا دروســـت کراون، تێکەڵ دەکەن. ئەم چالاکییـــە نەک هـــەر تامەزرۆیی ئەو تاکانە بەدی دێنێت کە ئـــارەزووی ژیان لە کوردســـتانیان هەیە بەڵکوو موزیکژەنەکان دەتوانـــن وێنـــاو وەبیرهێنانەوەیـــەک لە موزیکـــی زێدی خۆیان بـــۆ گوێگرەکانیان دروســـت بکەن. ســـمکۆ گەردی (٢٠١٧)، ئاوازدانـــەر و کەســـایەتییەکی چالاک لە بەرهەمهێنانی موزیکی کوردی لە ســـوید، لـــە بنەڕەتدا خەڵکی شـــاری پیرانشـــاری ناوچەی مۆکریانـــە. ئـــەم هونەرمەندە بە هۆی بنەماڵەکەی و ململانێ سیاســـییەکانی لەگـــەڵ ڕێژیمـــی ئیسلامیی ئێـــران، لە ساڵانی هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابردوودا ناچار بوو کۆچ بکات بۆ ســـوید و ئێســـتا لـــە ئۆرێبرۆ نیشـــتەجێیە. ئاوازدانەرێکە کە مێلۆدییە ئامێرییە فۆلکلۆرییە ڕەســـەنەکانی کوردی لەگـــەڵ ئاوازەکانـــی خۆی تێکەڵ دەکات. لـــە کاتی پرســـیارکردن لەســـەر چۆنیەتیی ئیلهامبەخشـــی بۆ هێنانەناوەوەی توخمەکانی موزیکی فولکلـــۆری کوردی، بەتایبەتی ئەوانەی لـــە ناوچەی موکریانەوە هێنراونەتە ناو هەوڵـــە داهێنەرەکانیدا، بەم شـــێوەیە هۆکاری وردتری خســـتەڕوو:

«مـــن لەناو دڵمـــدا ئاواتـــم زۆرە. بەڵام حەیـــف و هـــەزاران حەیـــف، من لە موکریـــان نیم، و دەســـتم نـــاگات بە موزیکـــژەن و کەســـایەتییە گەورەکانی موســـیقای موکریـــان، وەک باڵەبانژەن و بەیتبێژە بەناوبانگەکانی وەک عوســـمانە سوور، کە ســـەرچاوەی ئیلهامبەخشن بۆ من لە دروســـتکردنی بەرهەمەکانمدا. گەر لـــەوێ بوایەم دەمزانی چـــم دەکرد و چیها ئاوازی تایبەتـــم دادەنا. وەک هەر تاکێکی نیشـــتمانپەروەر، تامەزرۆی ئەوەم کە لە زێدی خـــۆم، کوردســـتان، بەتایبەتی لە موکریان بژیم. بەداخەوە، بەهۆی پرســـە سیاســـییەکان کە کاریگەرییان لەســـەر مـــن و خێزانەکـــەم هەیە، لە ئێســـتادا ناتوانم لەوێ بم [...] مـــن لە ئاوازەکانمدا ئەو دوورییە لەڕێگەی ئەو مۆســـیقایەی کە دروســـتی دەکەم، بـــە تێکەڵکردنی توخمەکانـــی ئـــەو مێلۆدییانـــەی کە ژەنیارەکانی ناوخۆییـــە کۆنەکان دەیژەنن، دەردەبـــڕم [...] بـــەو کارە، هەســـتی تاســـەو و وێنەکردنەوەی نۆستالژییەکانی نیشـــتمان دەکەم، چ بۆ خـــۆم و چ بۆ ئەو بیســـەرەی کە لـــە وڵاتەکەی دوورە» (گـــەردی ٢٠١٧، ئۆرێبرۆ).

ســـمکۆ گـــەردی پارچـــە مووزیکێکی بەرهەم هێنابوو لە تێکـــەڵاوی مێلۆدییەکی فولکلـــۆر بە ناوی «ســـۆیبە باڵابـــەرز» کە ژەنینێکی کۆنی ژەنیار و شـــایەرە کۆنەکانی ناوچـــەی موکریان بوو بە ئامێـــری دووزەلە لەگەڵ مێلۆدییەکی نوێـــی بەرهەمی خۆی بە ئامێـــرە مووزیکییـــە ئیلێکترۆنییەکان و دەنگی ســـەمپڵ. پارچە مووزیکەکەی بەرهەمی ســـمکۆ گەردی بـــە شـــێوەیەکی زیندوو ململانێییەکـــی دەروونیـــی پەیوەســـت بە تامەزرۆیـــی بۆ ناوچەی موکریان و حەقیقەتی ژیان لە تاراوگـــە دەردەخات. لە چوارچێوەی ڕەوەنـــدا، جیاوازیی نێوان دەنگە ســـەمپڵەکان و دەنگی ڕەســـەنی دووزەلەیـــەک نموونەی ئەم ململانێییە بـــوو. تێکەڵکردنـــی دەنگە ئیلێکترۆنییەکان لـــە مێلۆدییەکاندا ئاماژەیە بۆ هەندەران، لە کاتێکدا وەشـــانی ڕەســـەنی مێلۆدییە فولکلۆرییەکان نۆســـتالژیا و فەزای شـــایی و زەماوەندەکانی ناوچـــەی موکریان وێنا دەکاتەوە. گێڕانـــەوەی تەوەرەی فولکلۆر بە دەنگـــی دووزەلە، لـــە ڕووی دەروونییەوە بیســـەر دەگوازێتەوە بۆ ناوچـــەی موکریان، کەشـــوهەوای شـــایی و زەماوەندەکانی ئەو ناوچەیە، جوولەی جەســـتەی ئامێرژەنەکان و شـــایەرەکانی ناوچەکە و ئەو ئاوازانەی کە لە شـــایی و زەماوەندەکانی موکریاندا بیستراون.

ئەوەش هەمان بۆچوونەکەی گوودمەنمان وەبیر دێنێتەوە کە دەنگی مووزیکی، پێشکەشکردن و گوێگرتن لە مووزیک رۆڵی سەرەکی دەبینن لە دروستکردنی مانا، فەزا، و ئەزموون کردن و هەست پێکردن و مانابەخشین بە کات بەو مانایە کە مرۆڤ لە رێگەی مووزیکەوە ڕابردوو دەهێنێتە ئێستا و داهاتوو خەیاڵ دەکات و بەپێی ئۆدیۆتۆپیای جۆش کانیش ئەم مووزیکە هیبریدییە فەزایەکی دەنگی دروست کردووە کە لە ناویدا شوێن، واتا موکریان و بیرۆکە جیاوازەکانی وەک نیشتمان و هەندەران، یادەوەری و دووری، نۆستالژیا و ژیانی ڕاستەقینەی رۆژانە لە تاراوگە، پێکەوە هێنراون.

بەشداریکردنی مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە لە دەرەوەی سنووری کوردستان بە پلەی یەکەم لە رێگەی پێشکەشکردنی مووزیکی زیندوو و لە فستیڤاڵە جیاوازەکان و شەواهەنگەکاندا بەدەست هات. بەڵام دامەزراندنی و فراوانکردنی پیشەسازیی میدیایی کوردییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە لە نمایشکردن و بەرەوپێشبردنی کاریگەرانەی بنیادنانی نەتەوە لەسەر ئاستی جیهانی و تێکەڵکردنی کوردانی ناوخۆی کوردستانیش بەو نەتەوە خەیاڵییەی لە ڕەوەند بنیاد نراوە. میدیا مووزیکییەکانی وەکوو، لە ڕابردوودا، کاسێت و سی دی و VHS و پاشانیش سەتەلایت و کەناڵە کوردییەکان، قەوارەکانی شوێن و کاتیان کەم کردەوە و سنووری نێوان کوردان لە هەندەران و لە وڵات لە هەر چوار پارچەی کوردستانیان دارماند و هەمووی نەتەوەی کوردیان بە یەک گەیاندەوە و یارمەتیدەر بوون لە پرۆسەی نەتەوەسازیی خەیاڵی لە دەرەوە و ناوخۆی سنووری کوردستانی گەورە.

کۆبەندی تۆیژینەوەکە

ئەم تۆیژینەوەیە بە شێوەیەکی ڕوون و پشتڕاست نیشانی دا کە مووزیکی ڕەوەندی کوردی لە سویددا ڕۆڵێکی بنچینەیی لە پرۆسەی نەتەوەسازی و وێنەکردنەوەی کوردستانێکی گەورە لە کۆنتێکستی دیاسپۆرایيدا دەبینێت. بە وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکیی تۆیژینەوەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریدەخات کە مووزیک نەک تەنها ئامرازێک بۆ دەرخستنی بیرەوەری و هەستە نۆستالژیکەکانە، بەڵکوو کردەوەیەکی چالاکیی دونیاسازییە کە لە ڕێگەیەوە نەتەوە، نیشتمان و ناسنامەی کوردی دووبارە پێک هێنراونەوە.

داتاکان نیشان دەدەن کە لەڕێگەی دەنگ، دەقی گۆرانی، فۆرم و ستایلە مووزیکییە تێکەڵاوەکان و فەزا پێرفۆرمانسییەکان وەک شەواهەنگ و فستیڤاڵ، مووزیکی ڕەوەندی کوردی توانای ئەوەی هەیە کە پارچە جیاوازەکانی کوردستان لە فەزایەکی دەنگیی هاوبەشدا بەیەکەوە بهێنێت و وێنەیەکی نیشتمانێکی یەکگرتوو دروست بکات، بەبێ ئەوەی پێویست بێت ئەم نیشتمانە بوونی جوغرافیایی ڕاستەقینەی هەبێت. بەم شێوەیە، لە بەستێنی دیاسپۆرادا مووزیک وەک فەزایەکی بەدیل کاردەکات بۆ ئەو نیشتمانەی کە لە ئاستی سیاسی و جوغرافیاییدا بەردەست نییە.

هەروەها، تۆیژینەوەکە دەریدەخات کە شەواهەنگەکان و بۆنە مووزیکییەکان نەک تەنها شوێنی پێشکەشکردنی هەڵپەڕکێ و گۆرانین، بەڵکوو فەزایەکی گرنگن بۆ دروستکردنی جۆرێکی تایبەت لە نزیکایەتیی نێوان ئەندامانی دیاسپۆرا، ئەو نزیکایەتییەی

که لەســـەر بنەمای بیرەوەریـــی هاوبەش، دابـــڕان، و ژیانـــی نێوانێوانیـــدا بنیـــاد دەنرێـــت. ئەم نزیکایەتییـــە رێگە دەدات بە پەیوەنـــدی و یەکگرتن لە نێـــوان کوردانی ناوچە جیاوازەکان و بەهێزکردنی هەســـتی ســـەر بە نەتەوەبوون، ســـەرەڕای دووریی جوغرافی و جیاوازییـــە کلتوورییەکان.

لـــە کۆتاییدا، ئـــەم توێژینەوەیە وەڵامی پرســـیاری ســـەرەکیی توێژینەوەکـــە بەم شـــێوەیە دەداتەوە کە مووزیکـــی ڕەوەندی کوردی لە ســـوێددا تەنها نەتـــەوەی کورد و نیشـــتمان وەک بابەتێکی خەیاڵی و هێمایی نیشـــان نادات، بەڵکوو لە رێگەی چالاکییە مووزیکییەکانـــەوە ئەوان دووبارە دروســـت دەکات و دەیانخاتـــە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان. بەم مانایـــە، مووزیـــک بووەتـــە یەکێک لـــە گرنگتریـــن ئامرازەکانی نەتەوەســـازی لە دیاســـپۆرا و فەزایەک بـــۆ تێکەڵبوونی بیرەوەری، هەست، سیاســـت و خەیاڵ، کە لە ناویدا کوردســـتان وەک نیشـــتمانێکی بـــەردەوام خەیاڵکراو، گفتوگۆی لەســـەر دەکـــرێ و دووبارە بنیـــات دەنرێتەوە.

پەراوێزەکان:

1- A gravitational center
2- Re-embedding
3- Re-embedding
4- Re-location
5- Diasporic intimacy

سەرچاوەکان

١. فرازمنـــد، پرنـــگ و آقامحســـنی، کیـــوان . (١٤٠٠ [٢٠٢١]). موســـیقی دیاســـپورایی کُردهـــای ایرانی مقیم ســـوئد: کارکـــرد موســـیقی درجامعەی کُردهـــای ایرانی مقیـــم ســـوئد و بررســـی رونـــد دگـــر فرهنگپذیری موســـیقایی آنان. نامه هنرهای نمایشـــی و موســـیقی، 12(26), 95–111. doi: 10.30480/dam.2022.2968.1586

٢. فرازمند، پرنگ. (٢٠١٩). موســـیقی مهاجـــران کُرد ایرانی مقیم ســـوئد: روند فرهنگ پذیری کُردهـــای ایرانی مقیم ســـوئد و تأثیر موســـیقی آن‌هـــا بر موســـیقی کُردهای ســـاکن ایران. پایاننامەی کارشناســـی ارشـــد. دانشـــگاه هنر تهران.

3. Ahmadzadeh, Hashem. 2003. Nation and Novel: A study of Persian and Kurdish narrative discourse. Upsaliensis: Acta Universitatis Upsaliensis.

4. Alinia, Minoo. 2004. Spaces of Diasporas: Kurdish Identities, Experiences of Otherness and Politics of Belonging. Doctoral diss., Göteborg University.

5. Anderson, Benedict. 1991. Imagined Communities. London. New York: Verso.

6. Appadurai, Arjun. 1996. Modernity at Large: Cultural Dimensions of Globalization. Minneapolis: University of Minnesota Press.

7. Boym, Svetlana. 1998. “On Diasporic Intimacy: Ilya Kabakov’s Installations and Immigrant Homes.” Critical Inquiry 24 (2): 498–524. https://doi.org/10.1086/448882 (last access: Jan. 22, 2026).

8. Butler, Kim. 2001. “Defining diaspora, refining a discourse”. In: Diaspora: A Journal of. Transnational Studies, vol. 10, no.2: 189–219.

9. Clifford-Napoleone, R. Amber. 2015. Queerness in Heavy Metal Music. New York & London: Routledge.

10. Goodman, Nelson. 1978. Ways of Worldmaking. Indianapolis: Hackett Publishing Company.

11. Khayati, Khalid, and Magnus Dahlstedt. 2014. “Diaspora Formation among Kurds in Sweden: Transborder Citizenship and Politics of Belonging.” Nordic Journal of Migration Research 4, no. 2: 57–64. https://doi.org/10.2478/njmr-2014-0010

12. Khayati, Khalid. 2012. “Sweden as a

Gravitation Center for the Kurds—Diaspora Formation and Transnational Relations." In Perspectives on Kurdistan's Economy and Society in Transition, edited by Almas Heshmati, Alan Dilani, and Serwan M. J. Baban, 101–114. New York: Nova Science Publishers.

13. ----------. 2008. From Victim Diaspora to Transborder Citizenship?: Diaspora formation and transnational relations among Kurds in France and Sweden. Ph.D. Thesis. Linköping: Linköping University Electronic Press.

14. Kun, Josh. 2005. Audiotopia: Music, Race, and America. Berkeley: University of California Press.

15. Pripp, Oscar. 2019. "Music, Dance and Ethnic Elasticity in a Kurdish Cultural Association: The Complexity of Intercultural Experience." El Oído Pensante 7, no 1: 100–118.

16. ----------. 2018a. Musik, dans och kollektiv självförståelse i en kurdisk kulturförening. In Maria Westvall, Rolf Lidskog & Oscar Pripp (eds.), Migration – Musik – Mötesplatser. Föreningsliv och kulturproduktion i ett föränderligt samhälle. Lund: Studentlitteratur.

17. ----------. 2018b. Musikandets symboliska komplexitet och töjbarhet. In Migration – Musik – Mötesplatser: Föreningsliv och kulturproduktion i ett föränderligt samhälle, edited by Maria Westvall, Rolf Lidskog, and Oscar Pripp. Lund: Studentlitteratur: 45–62.

18. Safran, William. 1991. "Diasporas in Modern Societies: Myths of Homeland and Return". In: Diaspora, vol.1, no. 1: 83–99.

19. Volgsten, Ulrik, and Oscar Pripp. 2016. "Music, Memory, and Affect Attunement: Connecting Kurdish Diaspora in Stockholm." Culture Unbound: Journal of Current Cultural Research 8 (2): 144–164. doi:10.3384/cu.2000.1525.1608144.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ڕووخانی دامەزراوەییەوە بۆ دارمانی شەرعییەت

نووسەر: ئەژین بەهرامی

پوختە

ئەم وتارە دۆخی قەیراناویی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی دامەزراوەیی و ئیدارییەوە شی دەکاتەوە. بە پێچەوانەی شیکارییە باوەکان کە هۆکاری ناسەقامگیریی ڕێژیم دەگەڕێننەوە بۆ کەمبوونەوەی پشتیوانیی جەماوەری، لاوازبوونی ئایدیۆلۆژی یان شکستی سیاسیی کاتی. ئەم نووسینە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بنەمای قەیران لە دارمانی ژێرخان و توانای کارگێڕیی ڕێژیمدایە.

شیکاریی وتارەکە لەسەر بنەمای تیۆریی کلاسیکی کۆمەڵناسی و زانستە سیاسییەکان دامەزراوەهەروەها بە پشتبەستن بە تیۆریی دامەزراوەییی نوێ، وتارەکە نیشان دەدات کە شەرعیەتی دەوڵەت لە سەردەمی مۆدێرندا بە شێوەیەکی نزیک گرێ دراوە بە توانای حوکمڕانی لە ڕێگەی دامەزراوە سەربەخۆ، فەرمی و پیشەییەکانەوە، نە تەنیا بە ڕەزامەندیی سیاسی یان باوەڕی ئیدیۆلۆژیک.

وتارەکە هەڵ دەدات ئەو تێگەیشتنە پەڕە پێ بدات کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بە شێوەیەکی سیستماتیک ئۆتۆنۆمی بیرۆکراتیکی تێک داوە، لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سیاسی، دروستکردنی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی هاوتەریب و بڕیاردانی نافەرمی. ئەمەش سیستەمێکی حوکمڕانی پارچەپارچەی دروست کردووە کە بەڕپرسیارێتی تێیدا بڵاو بووەتەوە و دامەزراوە کارگێڕییەکان بە شێوەیەکی فەرمی بوونیان هەیە بەڵام توانای ڕاستەقینەی کارکردنیان نییە. لە ئەنجامدا، شەرعیەت نەک وەک هۆکار، بەڵکوو وەک دەرئەنجامی شکستی دامەزراوەیی دەردەکەوێت.

پێشەکی

کۆماری ئیسلامی زۆر جار وەک ڕێژیمێکی پاوانخواز وەسف دەکرێت کە لەنێو خۆیدا پشتیوانییەکی بەهێز و کۆدەنگییەکی جەماوەری نییە. بەم هۆیەش، بەردەوام ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی و لاوازبوونی پێگەی جەماوەری دەبێتەوە. ئەم وەسفە، هەرچەندە لە خۆیدا هەڵە نییە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە قەیرانی ئەمڕۆی ئێران بەس نییە. ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئێران دەگوزەرێ، تەنیا قەیرانی شەرعییەت، ئایدیۆلۆژیا یان بەشداریی سیاسی نییە. بەڵکوو نیشانەی تێکچوونێکی قوواڵترە کە پەیوەستە بە ڕووخانی توانای ئیداریی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی دامەزراوە یەکگرتوو و یاساییەکانەوە. واتە قەیرانەکە تەنها لە ئاستی سیاسی و ڕەفتاری ناڕەزایەتیدا نییە، بەڵکوو لە ژێرخانی کارگێڕی و شێوازی حوکمڕانیدایە.

ئەم وتارە ئەو گریمانەیە ڕەت دەکاتەوە کە قەیرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا دەرئەنجامی شکستە سیاسییەکانی ئەم دواییە یان کەمبوونەوەی پشتیوانیی گشتی بێت. بە پێچەوانەوە، ئەم نووسینە دەڵێت، دارمانی شەرعیەت دەرئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی ڕووخانی دامەزراوەیی دەسەڵاتێکە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ئۆتۆنۆمی بیرۆکراتی تێک داوە و بە کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژی و بەکارهێنانی هێزی سەرکوت، سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆی دروست کردووە. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم شێوازی حوکمڕانییە خودی بنەمای دەوڵەتی دارماندووە. بەم پێیە، کۆماری ئیسلامی چیتر نەک وەک دەوڵەتێکی حوکمڕان، بەڵکوو وەک نەزمێکی سیاسیی کاتی دەردەکەوێت کە شەرعیەتی خۆی لە بواری سیاسی و ئیداری لەدەست داوە و تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی سەرکوت توانیویەتی خۆی ڕابگرێت.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بەردەوام ڕووبەڕووی ناڕەزاییەتی، قەیرانی ئابووری و فشارە نێودەوڵەتییەکان بووەتەوە. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە بۆچی ناڕەزاییی زیاتر بووە؛ پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە:

چۆن دەوڵەتێک دەتوانێت لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام بمێنێتەوە، بەڵام لە ڕووی ئیداریەوە هەڵبوەشێتەوە؟

ئەوەی لەم نووسینەدا گرنگە ئەوەیە کە قەیران نەک تەنیا لە ئاستی سەرکوت و ناڕەزاییی جەماوەریدا دابنرێت، بەڵکوو لە ژێرخانی کارگێڕی دەوڵەتدا بدۆزرێتەوە. کاتێک دامەزراوەکان چیتر ناتوانن بڕیار بە شێوەیەکی یاسایی، یەکگرتوو و پێشبینیکراو جێبەجێ بکەن، دەسەڵاتی فەرمی بەردەوام دەبێت، بەڵام حوکمڕانی لەناوەوە دەشکێت.

بۆ ئەم مەبەستە، کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک وەک ڕێژیمێک کە تووشی شکستی کاتیی حوکمڕانی بووبێت، بەڵکوو وەک نەزمێکی سیاسیی شیکاری دەکرێت کە تێکچوونی دامەزراوەییی درێژخایەنی بە خۆیەوە بینیوە.

زانایانی کۆمەڵناسی لەسەر ئەوە کۆکن کە شەرعیەت تەنیا بە دەستتێوەردانی دەرەکیی یان خۆپیشاندانی ناڕووخێت. شەرعیەت کاتێک لەناو دەچێ کە دامەزراوە کارگێڕییەکان توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی میکانیزمی یەکگرتوو، یاسایی و پێشبینیکراو لەدەست دەدەن. بۆیە لێرەدا چەمکی شەرعیەت وەک باوەڕ، ڕەزامەندی یان ڕازیکردنی ئایدیۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. شەرعیەت لەم نووسینەدا شتێک نییە کە دەسەڵات تەنها بە ڕای گشتی بەدەستی بهێنێت

یان به رای گشتی لەدەستی بدات؛ بەڵکوو دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەییە کە بە کارکردنی ڕۆژانەی دەوڵەت بەرهەم دێت، و بە هەمان ڕێگا لە ناو دەچێت کاتێک ئەو کارکردنە لاواز بێت. بە واتایێکی تر، کاتێک سیستەمی کارگێڕی لە کارکردن دەوەستێت، دەسەڵاتی سیاسی بناغەی پراکتیکی خۆی لەدەست دەدات، هەرچەندە لە ڕووی فەرمییەوە هێشتا "دەسەڵات" بمێنێتەوە.

لەم ناوەرۆکەدا، لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی تیۆرییەوە جیاوازی نێوان دەسەڵاتی یاسایی، عەقڵانی و زاڵبوونی زۆرەملێ دەخرێتە ڕوو. وێبەر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی سیاسیی مۆدێرن لە بنەڕەتدا پشتی بە ئیدارەی بیرۆکراتیک دەبەستێت؛ واتە بە یاسا، لێهاتوویی پیشەیی و سەربەخۆیی دامەزراوەیی[1]. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم بنەمایانە ئەگەر لاواز بن، دەسەڵات لە شێوەی دامەزراوەیی و یاسایی دەچێتە دەرەوە و ناچار دەبێت زیاتر پشت بە فەرمانڕەواییی تاکەکەسی، هێزی تاکڕەوانە و دیکتاتۆرانە ببەستێت. لە لایەکی دیکەوە متمانە بە دامەزراوە و یاسا، لەدەست دەدات و دامەزراوەی ئیدیۆلۆژیک و هێزی سەرکوت دەبنە دەسەڵاتی جیگرەوە. بەم جۆرە، توانای کارگێڕی تەنیا ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردن نییە؛ بەڵکوو بناغەی شەرعیەتی سیاسییە لە دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا. هەربۆیەش دارمانی ئیداری تەنیا بە مانای "خراپیی حوکمڕانی" نایێت، بەڵکوو نیشانەیە لە ڕووخانی بنەمای دەسەڵات.

لە لایەکی دیکەوە، شەرعیەت وەک چەمکێکی فرەڕەهەند، لەژێر ڕۆشنایی تایپۆلۆژیای سوچمان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. تایپۆلۆژییەک کە جیاوازی دەکات لە نێوان شەرعیەتی پراگماتیک، ئەخلاقی و مەعریفی. لێرەدا ئەم دابەشکردنە بۆ ئەوە نییە کە شەرعیەت وەک چەمکێکی ئەبستراکت و دابڕاو لە ڕاستی بخوێنرێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی نیشان بدرێت شەرعیەت چۆن لە ئەدای کارگێڕی و کاردی دامەزراوەکاندا دارێژراوە و چۆنیش بە تێکچوونی لاواز دەبێت[2].

شەرعیەتی پراگماتیک، بە شێوەی سەرەکی لەسەر بنەمای سوودی هەستپێکراوی هاوڵاتیان بۆ چالاکییەکانی دەوڵەت دادەنرێت. بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە دەوڵەت دەبێت بتوانێت سەقامگیری ماددی، خزمەتگوزارییە گشتیەکان و هەماهەنگی ئابووری دابین بکات. کاتێک دەوڵەت شکست دەهێنێت لە کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان، دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان یان پاراستنی پێشبینیکردنی ئابووری، ئەم ڕەهەندەی شەرعیەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێک دەچێت؛ چونکە ئەوەی هاوڵاتیان وەک "دەوڵەت" دەیبینن، تۆڕێکی گەندەڵیی ناکارامەیە کە توانای بەڕێوەبردنی ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای نییە.

شەرعیەتی ئەخلاقی، پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنە نۆرماتیڤەکانی دادپەروەری، دێموکراسی و پابەندبوون بە یاساکانەوە هەیە. ئەم جۆرە شەرعیەتە کاتێک دەشێوێت کە حوکمڕانی ببێتە شتێکی ئارەزوومەندانە و گەندەڵیی سیاسی سەروەر بێت، یان یاسا بە شێوەی هەڵبژێردراو جێبەجێ بکرێت. لە چوارچێوەی ئێراندا، ئەم فۆرمەی شەرعیەت لەژێر کاریگەریی گەندەڵیی بەربڵاو و دامەزراوە ئەمنیەتی و سیاسیەکاندا بە شێوەیەکی

بەرچـــاو ڕووخاوە؛ بە جۆرێـــک کە زۆر جار بڕیارەکانـــی دەوڵەت لـــە پراکتیکدا وەک ئەوە هەســـت پێ دەکرێن کە ســـوود بە تۆڕە تایبەتییەکانی دەســـەڵات دەگەیەنن، نەک بەرژەوەندیی گشـــتی.

ڕەهەنـــدی ســـێیەم، شـــەرعیەتی مەعریفییە کـــە لەو کاتـــەدا بوونی هەیە کە دامەزراوەکان وەک ڕێکخەری "ئاســـایی" و خۆڕاگـــری ژیانی بەکۆمـــەڵ وەردەگیرێن؛ واتە بوونیان و کارکردنیان بە شـــێوەیەکی سروشـــتی "لەنێـــو مێشـــک و ڕەفتار"دا دادەنیشـــێت. بەڵام کاتێک دامـــەزراوەکان پشـــتگوێ دەخرێـــن، یان کاریـــان پێ ناکرێت، ئەم ڕەهەندەش هەڵدەوەشـــێتەوە.

ئەم ســـێ ڕەهەندە لە ڕووی شیکارییەوە جیاوازن، بـــەڵام لـــە ڕووی ئەزموونییەوە وابەســـتەی یەکتـــرن؛ بۆیـــە شکســـتی بەردەوامـــی کارگێـــڕی دەتوانێت لە یەک کاتدا هەموویـــان تێک بـــدات و دارمانی شـــەرعیەتی کەڵەکەبوو بەرهـــەم بهێنێت.

بۆ ئەوەی شـــەرعیەت ڕاســـتەوخۆ بە توانای حوکمڕانییەوە ببەســـتینەوە، لێرەدا سوود لە جیاوازیی شـــارپف وەردەگرێت لە نێوان شـــەرعیەتی هاتنەژوورەوە، شەرعیەتی پرۆســـەیی و شـــەرعیەتی بەرهەمهێنان[3]. لە سیســـتەمی تاکڕەودا، کە بەشـــداریی سیاســـی لە ڕووی پێکهاتەییەوە سنووردارە، شـــەرعیەت بە پلەی یەکەم پەیوەســـتە بە توانـــا و بەرهەم: توانا ئەوەیە کـــە ڕێکارەکان و یاســـاکان متمانەپێکراو بن، جیبەجێکردن پێشـــبینی بکرێت و پرۆســـەکان لە ڕووی یاســـایی و شـــەفافیەتەوە ڕێـــک بخرێن. بەرهەمیش بریتییە لە توانای سیســـتەم بۆ جێبەجێکردنی سیاســـەت بە شێوەی کارا و کاریگەرانە. بەم پێییە، کاتێک سیســـتەمی کارگێڕیـــی یەکگرتوویـــی، شـــەفافیەت و متمانە لـــە کارکردندا لەدەســـت دەدات، نـــەک تەنیـــا دەبێتە هۆی دروســـتبوونی نارەزاییەتیـــی گشـــتی بەڵکـــوو هەردوو جۆرە شەرعیەتەکە، شـــەرعیەتی پرۆسەیی (Throughput Legitimacy) و شەرعیەتی بەرهەمهێنـــان (Output Legitimacy) لە ناوەوە تێـــک دەچێت.

ئەم دۆخـــە و میکانیزمە پێکهاتەییەکانی پشـــت ئەم تێکچوونە لە ڕێگـــەی تیۆری دامەزراوەیـــی نوێـــوەوە ڕوون دەکرێنەوە، بەتایبەتـــی لـــە چەمکـــی جیابوونەوەی دامەزراوەیی (Institutional decoupling). مێیـــەر و ڕۆوان ئـــەم جیابوونەوەیە وەک بارودۆخێـــک وەســـف دەکەن کـــە تێیدا پێکهاتە ڕێکخراوەییـــە فەرمییەکان بەردەوام دەبن، لـــە کاتێکـــدا توانـــای حوکمڕانی پراکتیکییـــان لاواز دەبێـــت[4]. لـــە دۆخی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، ئەم شـــتە بەڕوونی دەری دەخـــات کـــە چـــۆن وەزارەتەکان، دادگاکان و دەزگاکانی ڕێکخســـتن دەکرێت هێشـــتا بە شـــێوەی فەرمی بەردەوام بن، بەڵام لـــە نـــاوەوە توانـــای هەماهەنگی، ڕێکخســـتن و جێبەجێکردنیـــان تێـــک چووبێـــت. لە لایەکی دیکـــەوە، دیماجیۆ و پاوڵ نیشـــان دەدەن کە چـــۆن ئەم جۆرە دامەزراوە "بۆشـــانە" زۆرجار بە شێوەیەکی ســـاختە دەپارێزرێن بۆ ئەوەی ڕوخســـاری هاوتایی و ڕێکخـــراوی لەگـــەڵ دەوڵەتدا لەدەســـت نەدرێـــت؛ هەر لەو کاتەیشـــدا کە ئەرکە جەوهەرییەکانیـــان لە پراکتیکدا لەدەست داوە[5].

بە تێپەڕبوونی کات، جیابوونەوەی دامەزراوەیی دەتوانێت ببێتە بنەمای ڕووخانـــی دامەزراوەیی (Institutional decay)، بە تایبەتی کاتێک پرۆسەکانی دەستبەســـەرداگرتنی دەوڵەت و قۆرخـــکاری چڕ دەبنـــەوە. هێلمان، جۆنز و

کاوفمان باس لەوە دەکەن کە سەپاندنی هێژمونی و قۆرخکاری لەلایەن دەوڵەتەوە زۆرجار لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە ئەکتەرە بەهێزەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک دامەزراوە و یاساکان بۆ سوودی تایبەت یان بۆ گروپ و کۆتلەییکی دیاریکراو بەکار دەهێنن، یان بە شێوەیەک دایدەڕێژنەوە کە تەنیا سود بەوان بگەیێنێت[۶]. لەم جۆرە چوارچێوەیەدا، عەقڵانیەتی بیرۆکراتی و بنەمادارای لە کار دەکەون، و جێی خۆیان دەدەن بە تەرخانکردن و بڕیاردارکردنی هەڵبژێردراو؛ ئەمەش جێبەجێکردنی بڕیارەکانی یاسا و لێپرسینەوە تێک دەدات. لێکۆڵینەوەکان لەسەر کوالێتیی حکوومەتیش نیشان دەدەن کە ئەم داینامیکییانە هەم ئەدای دامەزراوەیی لاواز دەکەن و هەم متمانەی گشتی دەشێوێن[۷].

ئەم پرۆسانە، لە کۆتاییدا، بەرەو خراپبوونی سیاسی دەچن. فوکویاما خراپبوونی سیاسی بە دارمانی گونجانی دامەزراوەیی، نۆرمەکانی پیشەیی و توانای حوکمڕانی لەناو نەزمێکی سیاسی پێناسە دەکات؛ بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە ڕووخانی دۆخی سیاسی (Political Decay) بە مانای دارمانی دەستبەجێی ڕێژیم نییە[۸]. بەڵکوو بارودۆخێکە کە تێیدا دەوڵەت بە شێوەی فەرمی بەردەوام دەبێت، بەڵام بەهۆی پشتبەستن بە هێز و زۆرەملێ، هەوڵی ڕاگرتنی حوکمڕانی نێوخۆیی دەدات، لە کاتێکدا یەکە ئیداری و کارگێرییەکان ناتوانن خۆیان بپارێزن. لەم جۆرە سیستەمانەدا، هێزی سەرکوت دەتوانێت کۆمەڵگا و خەڵک لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە ڕاگرێت، بەڵام ئەم هێزە ناتوانێت دامەزراوەکان بپارێزێت؛ بە پێچەوانەوە، زۆر جار دەبێتە بەهانەی چڕبوونی ڕووخانیان.

لە کۆتاییدا، مەبەستی بەکارهێنانی ئەم چوارچێوە تیۆرییە ئاماژەدان نییە بۆ تەنیا "ڕەخنەگرتن لە حوکمڕانی"، بەڵکوو بۆ شیکردنەوەی دۆخی ئیداری و شێوازی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان لە ئێرانە. لەم ڕێگایەوە هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا ئەم نووسینە هەوڵ دەدات پشتراست بە زانستی ئیداری و بەڕێوەبردن ئەو بەرچاوڕوونییە بدات کە نەمانی شەرعیەت بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی یان هۆکارە کورتخایەنە دەرەکی و ناوەکییەکان نییە؛ بەڵکوو دەرئەنجامی دارمانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانە. بەهۆی دارمانی ژێرخانی ئیداری، جیابوونەوەی دامەزراوەیی و قۆرخکاری ئیداری، دەوڵەت تووشی دارمانی نێوخۆیی هاتووە، لە دریژماوەدا. لەم بارودۆخەدا دەسەلاتی سیاسی لە ڕێگەی توانای زۆرەملێیەوە دەژی، لە کاتێکدا حوکمڕانی ئیداری هەڵوەشاوەتەوە. بەم مانایە، دارمانی شرعییەت خاڵی دەستپێکی قەیران نییە؛ بەڵکوو دەرئەنجامی ڕووخانی دامەزراوەکانە کە لە ماوەیەکی درێژدا، بەهۆی دارمانی ئیداری، جیابوونەوەی دامەزراوەیی و خراپبوونی سیاسییەوە بەرهەم دەهێنرێت.

ڕێژیم وەک ڕێکخراوێک کە تووشی دارمانی پێکهاتەیی هاتووە

بۆ ئەوەی قەیرانی شەرعیەت و دارمانی توانای حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستەماتیک تێ بگەین، پێویستە ڕێژیم نەک تەنیا وەک ئەکتەرێکی سیاسی، بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی گەورەی ئیداری و دامەزراوەیی شیکاری بکرێتەوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، بەڵکوو ئەوەش گرنگە بزانین چۆن دەسەلات بۆ بڕیار، جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا

دەکرێت بریتییە لەوەی ئایا پێکهاتەی ڕێژیم توانای دروستکردنی حوکمڕانی یەکگرتوو، یاسایی و پێشبینیکراوی هەیە یان نا؟

ئەگەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیەوە سەیری پێکهاتەی دەسەڵاتی ڕێژیم بکەین، دەبینین کە ڕێژیم هەر لە یەکەم ساڵەکاندا ڕێچکەیەکی دیاریکراوی هەڵبژارد: سنووردارکردنی ئۆتۆنۆمیی دامەزراوەیی و بەستنەوەی هەموو ناوەندەکان بە ناوەندێکی سیاسی-ئیدیۆلۆژیک. ئەمە تەنها هەڵوێستێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو لە دەستووردا بە شێوەیەکی یاسایی دامەزرێنرا. ماددەی نۆی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاماژە بەوە دەکات کە "ئازادی، سەربەخۆیی، یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکی وڵات لەیەکتر جیا ناکرێنەوە... و هیچ تاکێک، گرووپێک، یان دەسەڵاتێک مافی ئەوەی نییە پێشێلی سەربەخۆیی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و سەربازیی یان یەکپارچەیی خاکی ئێران بە بیانووی مومارەسەی ئازادی بکات." ئەم بڕگە دەستوورییە لە پراکتیکدا هەر دەستپێکێک بۆ دامەزراندنی ئیدارەی سەربەخۆی ناوچەیی وەک هەرەشەیەک بۆ یەکێتیی نیشتمانی و دەسەڵاتی ناوەندی پێناسە دەکات. بە واتایەکی تر، یاسا جێگای خۆی بە ناوەندێکی قەدەغەکردن دەگۆڕێت، نەک ناوەندێکی دابەشکردنی دەسەڵات.

ئەگەر ئەمە بە تیۆریی بیرۆکراسی وێبەر ببەستینەوە، دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بە دامەزراوەی سەربەخۆ، پیشەیی و پابەند بە یاسا هەیە. بەڵام لە ئێراندا، هەر لە سەرەتای ۱۹۷۹ەوە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک پاکتاوکردنی فەرمانبەرانی بەئەزموون و دابڕینی یادەوەری ڕێکخراوەیی ئەنجام درا. زۆرێک لە دادوەرەکان، فەرمانبەر و کارگێڕانی پێشوو لە سیستەمەکە دەردەکران و شوێنیان بە کەسانی پابەند بە ئیدیۆلۆژی و جێگەی متمانەی ڕێبەری بالا درا. ئەمە تەنیا گۆڕینی کەسایەتی نەبوو؛ بەڵکوو شکلدنی بنەمای عەقڵانییەتی بیرۆکراتی بوو. نموونەیەکی پراکتیکی دیاریکراو دامەزراندنی دادگاکانی ئینقلاب بوو لە ساڵی ۱۹۷۹. ئەم دادگایە لە دەرەوەی سیستەمی دادوەریی ئاسایی دروست کرا و بڕیارەکانی زۆرجار لەسەر بنەمای یاسای کۆدکراو نەبوون، بەڵکوو لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئیدیۆلۆژیک و سیاسی دەردەچوون. بەم شێوەیە، یەکەمین بناغەی پێکهاتەی "هاوتەریب" دروست بوو کە کەناڵی فەرمی تێپەڕاند.

لە هەمان کاتدا، دامەزراوەییکردنی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی لە دەستووردا (ماددەی ۱۵۰) وەک ناوەندێکی ئەمنی سەربازیی هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەت لە ناو پێکهاتەی ڕێژیمدا چەسپاند، کە لە دەرەوەی چوارچێوە یاسایی و بیرۆکراتییەوەکان کار دەکات[۹]. سپا نەک تەنها وەک هێزێکی سەربازی، بەڵکوو وەک ناوەندێکی ئیدیۆلۆژیک و پاراستنی "ئینقلاب" پێناسە کرا. ئەمە واتای ئەوە بوو کە لە تەنیشت ئەرتەشی فەرمی، هێزێکی هاوتەریب دروست بوو کە پابەندبوونی بە یاسا و پلەبەندیی بیرۆکراتی سنووردار بوو. ناوەندی (خاتمالانبیاء) ی سەر بە سپا، یەکێک لە گەورەترین گرێبەستەکانی ژێرخانی ئابووریی لە ئێراندا بەدەستەوەیە. وەک پرۆژەکانی نەوت، گاز، بەندەر و ڕێگا سەرەکییە بازرگانییەکان. هەندێک هەڵسەنگاندن نیشان دەدەن کە دامەزراوەکانی سەر بە سپا و بونیادەکان

کۆنترۆڵی نزیکەی چواریەکی ئابووری ئێران دەکەن، بەبێ بوونی چاودێریی یاسایی لە لایەن پەرلەمان یان ناوەندە یاساییەکانی تر.

هەروەها ناوەندە گەورەکانی وەک (بنیاد مستضعفان انقلاب اسلامی) کە بە دووەم گەورەترین دامەزراوەی ئابووری ئێران دادەنرێت، لە دەرەوەی سیستەمی باجی گشتی و چاودێری کار دەکەن و ڕاستەوخۆ لەژێر ئیرادەی ڕێبەری باڵا (خامنەیی)دایە. ئەمە سیستەمێکی حوکمڕانی پارچەپارچەی دروست کردووە کە تێیدا بەرپرسیارێتی قۆرخ کراوە و زنجیرەی ڕوونی بڕیار و جێبەجێکردن هەڵوەشاوەتەوە. لە ڕوانگەی تیۆریی دامەزراوەیی نوێوە، ئەم دۆخە نموونەیەکی ئاشکرا بۆ (Institutional decoupling) ە، کە پێداگری لەسەر بوونی پێکهاتە فەرمییەکان دەکات لە کاتێکدا کە توانای پراکتیکیان نییە.

دامەزراوە هاوتەریبەکان لە بنکە ئایینییەکان و ئۆرگانە ئەمنییەکانەوە بگرە تا گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمدا بە مەبەستی پاراستنی ڕێژیم نەک پاراستنی هاوواڵتیان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا چەسپێنرابوون، بە شێوەیەک کە کەناڵە بیرۆکراتییە فەرمییەکانیان تێپەڕاند. ئەم شێوازە سیستەمێکی حوکمڕانی پارچەپارچەی دروست کرد کە تێیدا بەرپرسیارێتی قۆرخکرابوو، لێپرسینەوە بوونی نەبوو، هیچ زنجیرەیەکی ڕوونی بڕیار و جێبەجێکردن لە جێی خۆی کاری نەدەکرد.

لەو ڕوانگەیەوە، ئەوەی لە زانستی بەڕێوەبردندا زۆر جار وەک دارمانی دواتر (Subsequent Erosion) باسی لێ دەکرێت، نابێت وەک دابەزینی دامەزراوەیی لە سیستەمێکی سەربەخۆ و کارا تێ بگەین. بە پێچەوانەوە، لە دۆخی کۆماری ئیسلامیدا دارمانی ئیداری بەردەوامی دیزاینێکی سەرەکی بووە. دامەزراوە کارگێڕییەکان هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدرا سەربەخۆیی، نۆرمەکانی پیشەیی یان یادەوەری ڕێکخراوەیی پەرە پێ بدەن؛ بەڵکوو لە ژێر چاودێریی ئایدیۆلۆژی مەزهەبی و هەڕەشەی سیاسیدا، کارکردنیان سنووردار کرا.

بە تێپەڕبوونی کات، ئەم جیابوونەوە دامەزراوەییە بوو بە بنەمای دارمانی قوواڵتری دامەزراوەکان. وەزارەتەکان، دادگاکان و دەزگاکانی ڕێکخستن لە ڕووی فەرمییەوە بەردەوام بوون، بەڵام لە ناوەوە بۆش بوون و زیاتر ڕواڵەتیان هەبوو. بڕیاردان لە ڕێکارەکان، لە جیاتی پشتبەستن بە یاسا نووسراوەکان، زیاتر لە ڕێگەی دەستتێوەردانی ئیختیاری، موزایەدەی نافەرمی و جێبەجێکردنی زۆرەملێ بەڕێوە چوو. سەرکوت، کە لە سەرەتادا وەک ئامێرێکی کاتی بەکارهاتووە، بە شێوەیەکی بنەمایی دامەزراوەیی کرا و گۆڕا بە بنەمای حوکمڕانی.

بەم پێیە، ناکرێت دۆخی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سادە وەک گواستنەوە لە ڕێژیمێکی ئیداریی چالاک بۆ ڕێژیمێکی ناکارامە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بە پێچەوانەوە، هەر لە سەرەتای خۆسەپاندنییەوە بناغەکانی کارکردنی دامەزراوەیی شل بوون. لە ماوەی چوار دەیەدا، ئەو شلبوونە سەرەتاییە بە دارمانێکی ئیداری گشتگیر گۆڕا؛ دارمانێک کە نەک دەرئەنجامی هەڵەیەکی کورتخایەن، بەڵکوو ئەنجامی ڕێکخستنەیەکی بنەڕەتی و درێژخایەنە.

ڕێژیم وەک ڕێکخراوێک هێشتا هەبوونی فەرمیی خۆی پاراستووە، بەڵام وەک سیستەمێکی ئیداری کارا چیتر کار ناکات. ئەم دۆخە بنەمای ئەو قەیرانەیە کە لە بەشەکانی دواتردا وەک قۆرخکاری، گەندەڵی، دارمانی ئابووری و شکستی ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیان دەردەکەوێت. ئەم دیاردەیە پشتڕاستی ئەو گریمانەیە دەکاتەوە کە لاوازبوونی کارگێڕی، بنەمای تێکچوونی شەرعیەت دروست دەکات.

قۆرخکاری، گەندەڵی و بەدەستەوەگرتنی حوکمڕانی

دارمانی دامەزراوەیی لە کۆماری ئیسلامیدا تەنها دەرئەنجامی لاوازبوونی کارگێڕی نییە؛ بە پێچەوانەوە، ئەم لاوازبوونە بە شێوەیەکی سیستماتیک بەهۆی قۆرخکاری و گەندەڵی دریژخایەن پەرە دەستێنێت. لەم دۆخەدا، گەندەڵی نابێت وەک دەرئەنجامی لادانی نۆرمەکان یان شکستی ئەخلاقی تاکەکان تێ بگەین، بەڵکوو وەک میکانیزمێکی حوکمڕانی کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەستەڵات، سەرچاوە و بڕیارەکان بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو دابەش دەکرێن.

لە سیستەمێکدا کە دامەزراوە فەرمییەکان جیابوونەوەیان بە خۆیانەوە بینیوە و زنجیرەی بەرپرسیارێتی شکێنراوە، ئەکتەرە بەهێزەکان دەتوانن بەئاسانی یاسا و ڕێساکان بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان بگۆڕن یان پشتگوێ بخەن. ئەم دیاردەیە، کە لە زانستی سیاسی و ئیداری وەک بەدەستەوەگرتنی دەوڵەت (state capture) ناسراوە، لە ئێراندا بە شێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێت.

بڕیارە ئابووری و کارگێڕییە گرنگەکان، لە جیاتی ئەوەی لە ڕێگەی پرۆسەی یاسایی و بێلایەنەکانەوە دەربکرێن، زۆرجار لە ژێر کاریگەری تۆڕە ئەمنییەکان، ناوەندە هاوتەریبەکان و گرووپە نزیکەکانی دەسەڵاتداراندا بڕیاردان لەسەریان دەدرێت. نموونەیێکی دیاری ئەم دیاردەیە لە ئێراندا، فرۆشتنی ئیمتیازی هێڵی پەیوەندیی نیشتمانی (TCI)ی لە ساڵی ۲۰۰۹ بە کۆمپانیای (اعتماد مبین) بوو. کە کۆمپانییێکی سەر بە سپای پاسدارانە[۱۰].

لەو فرۆشتنەدا، ۵۰٪+۱ پشکی کۆمپانیاکە بە نرخێکی زۆر گەورە لە بازاڕی بۆرس فرۆشرا بە کۆمپانیای ناوبراو. ئەم ڕووداوە تەنها "فرۆشتنی کۆمپانیا" نەبوو؛ بەڵکوو گواستنەوەی ژێرخانی ستراتیژی (پەیوەندی، داتاکۆنترۆڵ، و توانای چاودێری) بۆ تۆڕێکی نیمچە-دەوڵەتی/ ئەمنی بوو[۱۱]. بەم شێوەیە، بڕیارێک کە دەبوو بە پرۆسەی یاسایی و کێبرکێی بازاڕی بەڕێوە بچێت، لە ڕاستیدا بۆ "تۆڕی دەسەڵات" ڕێک خرا. ئەمەش وەک نموونەیەکی ڕوون دەسەلمێنێت کە چۆن قۆرخکاری دەتوانێت بە ناوی "ڕێفۆرم" و "بازارکردن" سامانی گشتی بۆ ناوەندی ئەمنی بگوازێتەوە و زنجیرەی لێپرسینەوە و شەفافیەت تێک بدات.

بزوێنەری ناوەندی دارمانی دامەزراوەیی لە ئێراندا قۆرخکردنی سەرچاوە ئابووری و کارگێڕییەکانە. بەشێکی بەرچاو لە ئابووری وڵات لە ژێر کۆنترۆڵی ئەکتەرە نیمچەدەوڵەتییەکاندایە کە نە تەنیا لە دەرەوەی چاودێریی شەفاف کاردەکەن، بەڵکوو بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە هەر جۆرە لێپرسینەوەی یاسایی و دارایی دوورخراونەتەوە. لەم دۆخەدا،

بـــازارە کێبرکێکارەکان شـــوێنیان داوە بە تۆڕە قۆرخکارییە سیاســـییە پارێزراوەکان و خزمەتگوزاری گشـــتی، لـــە جیاتی ئەوەی ئامێرێکـــی حوکمڕانی کارا بـــن، گۆڕاون بە ئامرازێـــک بۆ دووبارە دابەشـــکردنەوەی ســـەرچاوەکان لەنێـــوان دەســـتوپێوەندە دیاریکراوەکانی دەســـەڵات.[12]

نموونەیەکی تـــر کە بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ قۆرخـــکاری و گەندەڵی وەک میکانیزمـــی حوکمڕانی دەســـەڵمێنێت، "ســـتادی اجرایی فرمانی امـــام" (Setad/EIKO) ـە. بەپێی لێکۆڵینەوەی دەرێژخایەنی ڕۆیتێرز، ئەم ناوەندە لـــە ماوەیەکی کەمدا توانیویەتی بە پشتبەستن بە بڕیارنافەرمییەکانی دادگا و پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی مووڵک، کۆمەڵێک ســـامانی گەورە کۆ بکاتـــەوە و بە دەســـتەواژۆیێکی دارایـــی بگۆڕێـــت کە بەهاکـــەی "نزیکـــەی ٩٥ ملیـــار دۆلار" هەڵســـەنگێنراوە[13]. ئەوەی لێـــرەدا گرینگە ئەوەیە کـــە گەندەڵی تەنهـــا وەک "لادانی نـــۆرم" دەرناکـــەوێ؛ بەڵکوو بە شـــێوەی سیستەماتیک، یاســـا و دادگا دەبنە ئامێری گواستنەوەی ســـەرچاوە بۆ تۆڕی دەسەڵات. لەو چوارچێوەیەدا، دامـــەزراوە فەرمییەکان هەبوونیان پاراســـتووە، بـــەڵام ناوەڕۆکیان "بـــۆش" دەبێـــت. دەســـتەی دادوەری و ڕێکخســـتن بـــە کردارێکی بێلایـــەن کار ناکات؛ بەڵکـــوو بە ئامێـــری قۆرخکاری و پاراســـتنی هێژمونی پشتئەستورە.

لـــەو چوارچێوەیـــەدا، گەندەڵـــی دیاردەیێکی لاوەکی نییە؛ بـــە پێچەوانەوە، گەندەڵـــی میکانیزمێکـــی بنەڕەتیـــی حوکمڕانییـــە. وەک ئامرازێـــک کار دەکات بۆ تەرخانکردنی دەســـەڵات، پاداشـــتدانی دڵسۆزی و دووڕخســـتنی دژایەتی. کاتێک دامەزراوە ڕێکخـــەرەکان لاواز دەبن، ڕێژیم توانای جێبەجێکردنی یاســـا و ڕێســـاکان بە شـــێوەی بێلایەنانە لەدەســـت دەدات. ئـــەم شـــێوازەی حوکمڕانی ئابـــووری، لە ڕووی ئەزموونییەوە، سیســـتەمێکی نائاسایی و ناســـەقامگیری دروســـت کردووە کە تێیدا ســـنووورەکانی نێوان بـــازار، دەوڵەت و تۆڕە دەســـەڵاتدارەکان تێـــک دەچێت.[14]

ئەنجامی ئـــەم داینامیکییانە لە ماوەی دە ســـاڵی ڕابردوودا بە شـــێوەیەکی ڕوون دەرکەوتووە. ئێران تووشـــی هەڵاوســـانی بەردەوام لە ســـەرووی ٤٠ لە ســـەد بووە، دراوەکەی بە شـــێوەی بـــەردەوام دارماوە و قەیرانە بانکییـــەکان بوونەتـــە ڕووداوێکی دووبـــارە. هەروەهـــا دامـــەزراوە دارایـــە گەورەکان، کە دەبوو بنەمای ســـەقامگیریی دارایی بن، تووشـــی ئیـــفلاس و لاوازبوونی کاریگەرانە بـــوون. هەڵســـەنگاندنە دارایی نێودەوڵەتییـــەکان نیشـــان دەدەن کە ئەم قەیرانانە ئەنجامی شـــۆکە کورتخایەنەکان نییـــە؛ بەڵکـــوو دەرئەنجامـــی لاوازبوونی حوکمڕانـــی دراوی و دارایـــی لـــە ڕووی پێکهاتەییەوە یە.[15]

بۆ ئەوەی پەیوەندی نێـــوان قۆرخکاری/لاوازبوونی ڕێکخســـتن و دامەزراوە شەرعیەتی پراگماتیـــک بـــە شـــێوەیەکی پراکتیکی ببینرێـــت، قەیرانـــی دامـــەزراوە دارایـــە نارەســـمییەکان وەک نموونەیەکی (Caspian) زۆر ڕوونە. لە ســـاڵی ٢٠١٧دا، سەدان هاووڵاتـــی لـــە کاتێکدا کە ســـەرکەوتوو نەبـــوون لـــە وەرگرتنـــەوەی وەدیعـــە و پاشـــەکەوتەکانیان، لەپێش بانکی ناوەندی (مرکـــزی) لە تاران کۆبوونـــەوە و بەتوندی داوای "گەڕاندنـــەوەی پارە"یـــان کرد.[16]

ئەمە لـــە ئاســـتی تیۆرییـــەوە واتای ئەوەیـــە کـــە دەوڵـــەت لـــە یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی (پاراســـتنی ســـامان و متمانـــەی دارایی) شکســـتی هێنـــاوە. لە

کاتێکدا قەیرانە داراییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارە دەبنەوە ڕووداوێکی ئاوا ئاسایی نامێنێت. هاوواڵاتی دەوڵەت وەک حوکمڕانێکی ناکارامە و ڕووخاو دەبینێت و شەرعیەتی پراگماتیک تێکدەچێت.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم دۆخە دارمانی شەرعیەتی پراگماتیک دروست دەکات. کاتێک دەوڵەت نەتوانێت دراو سەقامگیر بکات، پاشەکەوتەکانی هاوواڵتیان بپارێزێت یان دامەزراوە داراییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرانە ڕێک بخات، ئەوە شەرعیەتی خۆی وەک حوکمڕانێکی کارا لەدەست دەدات. لەم بارودۆخەدا، سیاسەتی ئابووری چیتر وەک ئامێرێکی حوکمڕانی کار ناکات؛ بەڵکوو بووەتە بەڕێوەبردنی زنجیرەیەک لە قەیرانەکان. ئەم شێوازەش تێڕوانینی گشتی بۆ ناکارامەیی دامەزراوەیی بەهێز دەکات و بنەمای شەرعیەت لە ناوەوە تێک دەدات.

کەواتە قۆرخکاری و گەندەڵی لە کۆماری ئیسلامیدا نابێت وەک قەیرانێکی لاوەکی تێ بگەین، بەڵکوو وەک میکانیزمە بنەڕەتییەکان کە جیابوونەوەی دامەزراوەیی بەردەوام دەکەن و دارمانی حوکمڕانی قوواڵتر دەکەن دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

دارمانی کارگێڕی لە ژیانی ڕۆژانەدا

ئەنجامی قۆرخکاری و جیابوونەوەی دامەزراوەیی زیاتر لە هەموو شتێک لە ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیاندا دەردەکەوێت. کاتێک پێکهاتە کارگێڕییەکان نەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو، پێشبینیکراو و یاسایی کار بکەن، کارلێکی ڕۆژانەی نێوان دەوڵەت و هاوواڵتیان گۆڕینی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت. لەم دۆخەدا، هاوواڵتیان دەوڵەت چیتر وەک ناوەندێکی خزمەتگوزار و ڕێکخەر ناناسن، بەڵکوو وەک ئەکتەرێکی هەڵبژێردراو، دووڕەدەست و زۆرجار نائاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

یەکێک لە ڕوونترین شوێنەکانی ئەم دارمانە، سیستەمی دادوەرییە. کاتێک دادگاکان لە چاوی زۆربەی هاوواڵتیاندا نەک وەک پەناگەی دادپەروەری و بێلایەنی، بەڵکوو وەک ناوەندێکی سیاسی و سەرکوتکار دەبینرێن، بنەمای متمانەی یاسایی لە ناوەوە تێک دەچێت. بڕیارە دادوەرییەکان زۆر جار وەک ئەوە هەست پێ دەکرێن کە لەسەر بنەمای دەستوپێوەندی سیاسی، ئایدیۆلۆژیک یان ئەمنی دراون، نەک بەپێی یاسا و ڕێکارە دادپەروەرییەکان. ئەم دۆخە، نەک تەنیا شەرعیەتی ئەخلاقی دەشێوێنێت، بەڵکوو شەرعیەتی مەعریفییش لاواز دەکات؛ چونکە دادگا وەک دامەزراوەیەکی "ئاسایی" لە مێشکی کۆمەڵگادا نامێنێت.

لە بواری خزمەتگوزارییە گشتیەکانیشدا، دارمانی کارگێڕی بە شێوەیەکی بەرچاو دیارە. پرۆسەی وەرگرتنی مۆڵەت، تۆمارکردنی کار، گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان یان چارەسەری کێشە ژێرخانییەکان، زۆر جار بەپێی پەیوەندیی کەسی و تۆڕە نافەرمییەکان بەڕێوە دەچن، نەک بەپێی مافی یاسایی و ڕێکارە ڕوونەکان. ئەم شێوازەی کارکردن، پێشبینی و یەکسانی کارلێکی نێوان هاوواڵتیان و دەوڵەتدا تێک دەدات و بنەمای متمانەی دامەزراوەیی لاواز دەکات.

دارمانی کارگێڕی لە بواری ژێرخانییەکانیشدا دەردەکەوێت. دووبارەبوونەوەی پچڕانی کارەبا، کێشەی کەمیی ئاو لە ناوچەکانی وەک خوزستان و ئیسفەهان، و نەبوونی هیچ پلانی ستراتیژی دریژخایەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، هەموویان نیشانەی ئەوەن

که ئەم کێشانە نە دەرئەنجامی شۆکە کاتییەکانن، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی دارمانی دڕێژخایەنی توانای پلاندانان و جێبەجێکردنی دامەزراوەییەن. تەنانەت لە کاتێکدا کە زانیاریی تەکنیکی هەیە، دەوڵەت ناتوانێت بەهۆی لاوازبوونی هەماهەنگی و دەسەڵاتی دامەزراوەیی، وەڵامی کارا بداتەوە.

ئەم دۆخە لە توێژینەوە ئەزموونییەکانیشدا پشتڕاست کراوەتەوە. توێژینەوەیەک کە لە چوارچێوەی حوکمڕانی سامانە سروشتییەکان (Natural Resource Governance Framework – NRGF) کەڵک وەردەگرێت بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانی سامانە سروشتییەکان لە ئێران، نیشان دەدات کە تەنانەت دەزگا فەرمییەکانیش هەماهەنگی کاریگەر، توانای تەکنیکی و توانای جێبەجێکردنیان نییە. ئەم سنووردارییە دامەزراوەییە بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان، ڕەنگدانەوەی هەمان دایناميکی جیابوونەوەی دامەزراوەییە کە لە بواری ئابووری و دارایی دەبینرێت.[17]

ئەنجامی ئەم دۆخە لە ئاستی ئەزموونییەوە بریتییە لە گۆڕانی ڕەفتاری هاوواڵتیان. کاتێک دامەزراوەکان چیتر وەک ناوەندە بێلایەن و متمانەپێکراوەکان کار ناکەن، هاوواڵتیان پەنا دەبەنە بەر چارەسەرە نافەرمییەکان: پەیوەندیی کەسی، بەرتیل، دەستوپێوەندی سیاسی یان هێزی ئەمنی. بەم شێوەیە، ئەو شێوازەی کە دەوڵەت خۆی دروستی کردووە، لە ژیانی ڕۆژانەدا دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە و جیابوونەوەی دامەزراوەیی خۆی خۆی پەرەسەند دەکات.

لەو ڕوانگەیەوە، دارمانی کارگێڕی لە ژیانی ڕۆژانەدا تەنیا بە مانای ناکارامەیی خزمەتگوزاری نییە، بەڵکوو بریتییە لە تێکچوونی ئەو پەیوەندییە بنەڕەتییەی کە دەبێت نێوان دەوڵەت و هاوواڵتیان هەبێت. کاتێک ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای یاسا، یەکسانی و پێشبینیپذیری دامەزرابوو، شەرعیەت بە شێوەیەکی ئاسایی دروست دەبوو. بەڵام لە دۆخی ئێستادا، ئەم پەیوەندییە بەردەوام لە ناوەوە تێکدەچێت و شەرعیەت وەک دەرئەنجامی شکستی کارگێڕی هەڵدەوەشێتەوە.

دارمانی شەرعیەت وەک دەرئەنجامی شکستی کارگێڕی

بۆیە قەیرانی شەرعیەتی کۆماری ئیسلامی نابێت وەک ڕووداوێکی لەناکاو یان دەرئەنجامی نارەزاییەکی سیاسی کورتخایەن تێبگەین، بەڵکوو وەک ئەنجامی کەڵەکەبووی شکستی کارگێڕی و ئیداری. کاتێک دەوڵەتێک چیتر ناتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی پێشبینیکراو پێشکەش بکات، یاسا جێبەجێ بکات و حوکمڕانی بە شێوەیەکی ڕێکخراو و متمانەپێکراو بەڕێوە ببات، شەرعیەت لە چەندین ڕەهەندا لە یەک کاتدا تووشی لەناوچوون دەبێت.

وەک لە بەشەکانی پێشوو نیشان درا، کاتێک دامەزراوە کارگێڕییەکان نەتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو، یاسایی و پێشبینیکراو کار بکەن، دەوڵەت توانای خۆی بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لەدەست دەدات. ئەم شکستی کارگێڕییە، لە یەک کاتدا، سێ ڕەهەندی سەرەکی شەرعیەت لاواز دەکات: شەرعیەتی پراگماتیک، شەرعیەتی ئەخلاقی و شەرعیەتی مەعریفی.

ئەم پرۆسەیە بە هێواشی و بە شێوەیەکی کەڵەکەبوو پەرە دەستێنێت.

سەرەتا، شەرعیەتی پراگماتیک تێک دەچێت؛ چونکە حوکمڕانی شکست دەهێنێت لە دابینکردنی سەقامگیری مادددی و ڕێکخستنی ژیانی ئابووری. دواتر، نادادپەروەریی بەردەوام و جێبەجێکردنی هەڵبژێردراوی یاسا شەرعیەتی ئەخلاقی دەشێوێنێت. لە کۆتاییدا، لەگەڵ ئاساییبوونەوەی تێکچوونی کاری دامەزراوەکان، شەرعیەتی مەعریفی هەڵدەوەشێتەوە: دەوڵەت چیتر نە وەک ڕێکخەری سروشتی ژیانی بەکۆمەڵ دەبینرێت و نە وەک دابینکەری سەقامگیری و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان.[18]

لەم قۆناغەدا، دەسەڵاتی سیاسی بە ڕوونی هەست بەوە دەکات کە ئۆرگانەکانی دەوڵەت و دامەزراوە حکوومییەکان چیتر ناتوانن ئەرک و فەرمانەکان بە ڕێڕەوی ئاسایی وەکوو پێشوو جێبەجێ بکەن. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەماسییە، پەنا دەباتە بەر جێبەجێکردنی فەرمان بە زۆرەملێ، هەڕەشەکردن و بەرتیلدان بەو ئەکتەرانەی کە لە سایەی ئەو گەندەڵییەی سیستەم دروست بوون، بوونەتە هێزی هاوتەریب یان هێزی دەستڕۆیشتوو.[19] بەم شێوەیە، ڕێژیم لە ژیاندا دەمێنێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی توانا بێت شەرعیەتی خۆی نوێ بکاتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هێزی سەرکوتکردنی لەدەستدایە.

دامەزراوە دادوەری و کارگێڕییەکانیش هەر لە هەمان چوارچێوەدا کار دەکەن. دادگاکان، بە شێوەیەکی گشتی، زیاتر لە ناوەند و کەسایەتییە سیاسییەکانەوە هێلکەی بریار وەردەگرن. سیستەمی مامەڵە و خزمەتگوزارییە ئیداریەکانیش بۆ هاوڵاتیان، لە ڕێگەی میکانیزمە ئیختیاری و نافەرمییەکانەوە کاردەکات. دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری و خزمەتگوزارییە گشتیەکان، لە جیاتی ئەوەی لە ئیختیاری یاسا و دامەزراوە بێلایەنە گشتیەکاندا بێت، زۆر جار پەیوەست دەبێت بە دەستوپێوەندی تاکە دەسترۆیشتوە سیاسییەکان، کەسایەتییە نیزامییە پایەبەرزەکان، پیاوانی ئایینی و ئەو تۆڕانەی کە نزیکن لە سەرانی پارێزەری ڕێژیم.

ئەم دۆخە نوێنەرایەتیی تێکچوونی شەرعیەتی ئەخلاقی دەکات. کاتێک یاسا دەبێتە شتێکی ئارەزوومەندانە و جێبەجێکردنی یاسا تەنیا وەک نیشانەی دڵسۆزی یان قازانجی تاکەکەس سەیر دەکرێت، نەک وەک ئەرکێکی گشتی و پابەندییەکی نۆرماتیڤ، دامەزراوەکان دەسەڵاتی ئەخلاقی و نۆرماتیڤی خۆیان لەدەست دەدەن.[20]

ئەم سێ ڕەهەندە لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازن، بەڵام لە ڕووی ئەزموونییەوە لێک گرێ دراون. شکستی بەردەوامی کارگێڕی دەتوانێت لە یەک کاتدا هەموویان تێک بدات و قەیرانی شەرعیەتی کەڵەکەبوو بەرهەم بهێنێت. لەم مانایەدا، شەرعیەت نە شتێکی سەربەخۆیە و نە تەنیا دەرئەنجامی ڕای گشتی؛ بەڵکوو بەرهەمی پرۆسەیەکی ڕێکخراوەییە کە لە ڕێگەی کارکردنی دامەزراوەکانەوە دروست دەبێت یان دەڕوخێت.

جیاوازیی شارپف لە نێوان شەرعیەتی پرۆسەیی (Throughput) و شەرعیەتی بەرهەمهێنان (Output) ئەم پەیوەندییە بە شێوەیەکی ڕوونتر دەردەخات. کاتێک پرۆسەی بڕیاردان شەفافیەت، پێشبینیپەزیری و بێلایەنی لەدەست دەدات، شەرعیەتی پرۆسەیی تێک دەچێت؛ و کاتێک سیاسەتەکان ناتوانن

دەرئەنجامی کارا و سەقامگیر بهێنن، شەرعیەتی بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێتەوە. لە سیستەمێکی تاکڕەودا کە شەرعیەتی هاتنەژوورەوە (Input legitimacy) بە شێوەیەکی ساختە یان سنووردارە، ئەم دوو ڕەهەندە بوونەتە بنەمای سەرەکیی شەرعیەت؛ بۆیە تێکچوونیان کاریگەرییەکی گەورە هەیە.

لەم دۆخەدا، دەسەڵاتی سیاسی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەماسییەی کە لە توانای کارگێڕی دروست بووە، زیاتر پشت بە هێزی سەرکوت دەبەستێت. سەرکوت لێرەدا نەک وەک نیشانەی هێز، بەڵکوو وەک جێگرەوەی حوکمڕانی کارا دەردەکەوێت. هەروەها، ئەم شێوازە بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، خۆی بۆخۆی دارمانی شەرعیەت خێراتر دەکات؛ چونکە ترس ناتوانێت شوێنی متمانە، و زۆرەملێ ناتوانێت شوێنی یاسا بگرێت.

دارمانی شەرعیەت لەم نووسینەدا خاڵی دەستپێکی قەیران نییە، بەڵکوو خاڵی کۆتایی پرۆسەیەکی درێژخایەنی شکستی کارگێڕی و دامەزراوەییە. کۆماری ئیسلامی دەتوانێت لە کورتخایەندا لە ڕێگەی سەرکوتەوە کۆنترۆڵی سیاسی پاراستوو بێت، بەڵام ناتوانێت لە بنەڕەتدا شەرعیەتێکی نوێی دامەزراوەیی دروست بکات، بەبێ دووبارە بنیاتنانەوەی توانای حوکمڕانی.

کاتێک سەرکوت جێگەی حوکمڕانی دەگرێتەوە

کاتێک توانای کارگێڕی و دامەزراوەیی دەوڵەت لە جێبەجێکردنی بڕیار، دابینکردنی خزمەتگوزاری و پاراستنی توانای پێشبینی شکست دەهێنێت، دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەردەوامبوون ناچار دەبێت پەنا ببات بەر ئامرازێکی دیکە. لەم دۆخەدا، سەرکوت جێگای حوکمڕانی ئاسایی دەگرێتەوە. ئەم گواستنەوەیە نە تەنیا تاکتیکییە، بەڵکوو گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوازی دەسەڵاتداریکردنە: گواستنەوە لە حوکمڕانی لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە بۆ کۆنترۆڵ لە ڕێگەی هێز. ئەگەر ئەم دۆخە لە چوارچێوەی تیۆرییەوە بخوێنرێتەوە، ئەوا بە باشترین شێوە لەگەڵ چەمکی Political decay ـی فوکویاما یەک دەگرێتەوە. لە ڕوانگەی فوکویاما، خراپبوونی سیاسی کاتێک ڕوو دەدات کە دامەزراوەکان ناتوانن خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بگونجێنن یان لەژێر کاریگەریی قۆرخکاری و تۆڕە دەسەڵاتدارەکانەوە بۆش دەبن.

نموونەیەکی ڕوونی ئەم دایناميکە نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٩ یە، کاتێک بڕیاری لەناکاوی زیادکردنی نرخی بەنزین لە لایەن دەوڵەتەوە بەبێ پرۆسەی شەفاف، گفتوگۆی گشتی یان ئامادەکاری دامەزراوەیی ڕاگەیێندرا. ئەنجامی ئەم بڕیارە، کە لەژێر قەیرانی دارایی و هەڵاوسانی بەرزدا درا، شەپۆلێکی فراوانی نارەزایەتی بوو لە زیاتر لە ١٠٠ شار. بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕۆیتەرز، هێزە ئەمنییەکان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سەدان خەڵکیان کوشت، کە ژمارەی کوژراوان تا نزیکەی ١٥٠٠ کەس هەڵسەنگێنراوە.[٢١]

لە سیستەمە دێموکراتیکەکاندا، نارەزایەتییەکان وەک نیشانەی کێشەی حوکمڕانی وەردەگیران و لە ڕێگەی پێداچوونەوە، گفتوگۆ و چاکسازییەکانەوە مامەڵەی لەگەڵیان دەکرێت. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا، بەهۆی لاوازبوونی دامەزراوە کارگێڕییەکان و نەبوونی میکانیزمی چارەسەرکردنی یاسایی،

نارەزایەتی بـــووە مەترســـییەک بۆ بوونی ڕێژیم. بەم شـــێوەیە، وەڵامی سیســـتەم بۆ نارەزایەتـــی گۆڕاوە بۆ ســـەرکوتی فیزیکی، گرتـــن، تۆقاندن و کوشـــتن.

لە ڕوانگەی شـــارپفەوە، ئـــەم ڕووداوە نیشـــان دەدات کـــە کاتێک دامـــەزراوە کارگێرییەکان ناتوانن بڕیـــارە ئابووریەکان بە شـــێوەیەکی پێشـــبینیکراو و نۆرماتیڤ جێبەجـــێ بکەن، سیســـتەم پەنـــا دەباتە بـــەر زۆرەملێ بـــۆ وەســـتاندنی ئەنجامی سیاســـی. کەواتە، شـــەرعیەتی پراگماتیک (توانای بەڕێوەبردن) و شـــەرعیەتی ئەخلاقی (بێلایەنیـــی یاســـا) لە یـــەک کاتدا تێک دەچن، و ســـەرکوت دەبێتـــە جێگرەوەی حوکمڕانی.

ڕێژیـــم زۆر جـــار هـــەوڵ دەدات نارەزایەتییـــەکان بـــە هـــۆی هێرشـــە دەرەکییـــەکان، دەســـتوپێوەندی بیانی یان "دوژمـــن" بناســـێنێت. ئەم ســـتراتیژییە نەک تەنها بـــۆ هەڵگری بوونی سیاســـی بەکاردێـــت، بەڵکوو بۆ پشـــکنینی ناوخۆیی و ڕەواندنـــەوەی هێـــزی ســـەرکوت بۆ ناو کۆمەڵـــگا بـــەکار دەهێنـــێ. بـــەڵام ئەم ڕووبەڕووبونەوەیـــە هـــۆکارە بنەڕەتییەکانی نارەزایەتـــی دەرناخـــات؛ بـــە پێچەوانەوە، ناکارامەیی دامـــەزراوەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئاســـایی زیاتر ئاشـــکرا دەکات.

کاتێـــک ســـەرکوت وەک شـــێوازی ســـەرەکیی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان دادەنرێت، لەخۆیـــدا میکانیزمێکی داڕمان دروست دەکات. ســـەرکوت، هەرچەندە لە کورتخایەنـــدا دەتوانێـــت نارەزایەتییەکان بوەســـتێنێت، بەڵام لـــە هەمـــان کاتدا متمانـــەی دامەزراوەیی، شـــەرعیەتی نۆرماتیڤ و توانـــای کارگێریـــی زیاتر تێـــک دەدات. بەم شـــێوەیە، هێـــزی ســـەرکوت نابێتە ئامرازێکی چاکســـازی، بەڵکوو دەبێتە هۆی خێراتربوونـــی داڕمانـــی دامەزراوەیی.

لـــە ئـــەم داینامیکەدا، بااڵنســـی هێز بە شـــێوەیەکی هێواش، بەڵام بـــەردەوام، دەگۆڕدرێت. ناوەندە ئەمنییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لـــە دەرەوەی چاودێریی مەدەنی و یاســـایی کار دەکەن، ڕۆڵی ســـەرەکی لە بڕیاردان و جێبەجێکردن دەگرنە دەســـت. لـــە جیاتی ئەوەی دامـــەزراوە مەدەنییەکان بڕیار بدەن، ســـەرکوت و کۆنتـــرۆڵ دەبنە ئامرازەکانی حوکمڕانی. ئەم گواســـتنەوەیە بۆ ناوەندە ئەمنییـــەکان، پارچەپارچەبوونی دامەزراوەیی و جیابوونـــەوەی دامەزراوەیی زیاتر قـــووڵ دەبێتەوە.

ئەنجامی ئەم دۆخە لـــە ژیانی کۆمەڵگا بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ دەردەکەوێت. کۆمەڵگا، لە جیاتی ئەوەی وەک شەریکێکی سیاســـی مامەڵەی لەگـــەڵ بکرێت، وەک مەترســـییەک بـــۆ مانـــەوەی حوکمڕانی دەبینرێـــت. هاوواڵتیـــان لەژێـــر ترس و تۆقاندنەوەدا ناچـــار دەبن ڕەفتـــارەکان و داواکارییەکانـــی خۆیان بشـــارنەوە، نەک لە ڕێگەی یاســـا و دامەزراوەکانەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی بێدەنگی، کۆچکـــردن یان پەنابردنە بەر تـــۆڕە نافەرمییـــەکان. بەم شـــێوەیە، سەرکوت نەک تەنها شـــەرعیەت دروست ناکات، بەڵکوو پەیوەندیـــی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵـــگا لە بنەڕەتدا دەشـــکێنێت.

بەم پێشـــخانە دەکرێت بڵێین، سەرکوت لە کۆماری ئیسلامیدا نە نیشـــانەی هێزی سیاسییە و نە دەرئەنجامی بوونی حوکمڕانی بەهێز؛ بەڵکوو نیشانەی بێتوانایی سیستەم لـــە بەکارهێنانی ئامـــرازە ئاســـاییەکانی حوکمڕانییە. ئـــەوەی دەبینرێت بریتییە لە حوکمڕانـــی بە زۆرەملێ، نـــەک حوکمڕانی بـــە دامـــەزراوە. لـــەم دۆخـــەدا، ڕێژیم

دەتوانێت بە شـــێوەیێکی کاتـــی لە ژیاندا بمێنێتـــەوە، بەڵام ناتوانێت شـــەرعیەتێکی نوێ یان توانای کارگێڕی دروســـت بکات.

لـــە کۆتاییـــدا، کاتێـــک ســـەرکوت جێگرەوەی حوکمڕانی دەبێـــت، زنجیرەی دارمانـــی دامەزراوەییـــی داخـــراو دەبێت: شکستی کارگێڕی ← دارمانی شەرعیەت ← پەنا بـــردن بۆ ســـەرکوت ← خێراتربوونی دارمانـــی دامەزراوەیـــی. ئـــەم دایناميکە ڕێژەیێک دروســـت دەکات کە دەســـەڵات هەیە، بـــەڵام حوکمڕانـــی نییە.

پاوانخوازیی ئیداری

ئێران ئەمـــڕۆ دەتوانرێت وەک نموونەییەکی دیاریکراوی نەزمی سیاســـی وەسف بکرێت کە تێیـــدا پاوانخوازیـــی ئیداریی تێپەڕیوی بووە. لەم دۆخەدا، دەســـەڵاتی سیاسی و توانای زۆرەملـــێ بەردەوامن، بـــەڵام حوکمڕانی بیرۆکراتی ڕووخاوە. دامـــەزراوە فەرمییەکان هێشـــتا لە شـــوێنی خۆیـــان ماونەتەوە، بەڵام توانایـــان بـــۆ پێکهاتەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاســـایی تا ئاستێکی زۆر هەڵوەشـــاوەتەوە. ڕێژیم کۆنترۆڵی خۆی پاراســـتووە، بەڵام ناتوانێـــت ژیانی کۆمەڵگا بە شـــێوەیەکی یەکگرتوو، پێشـــبینیکراو و کارا بەڕێوە ببات.

ئەگـــەر ئەم دۆخـــە لە ڕوانگـــەی هانا ئارێنتەوە بخوێنرێتەوە، ئـــەوا دەتوانرێت بە جیاوازییەکەی نێوان (Power) و (Violence) تێ بگەیـــن. ئارێنت لە کتێبـــی On Violence ـــدا دەڵێت، هێز (Power) لە ڕێگەی پەیوەندی و ڕێککەوتنی سیاســـی دروســـت دەبێت، بەڵام زۆرەملێ (Violence) جێگرەوەی هێز نابێـــت؛ بەڵکـــوو نیشـــانەی ئەوەیە کـــە هێز تێک چـــووە. لەو سیســـتەمەی کە ســـەرکوت بە شـــێوازی ســـەرەکیی حوکمڕانـــی دەگۆڕدرێـــت، دەســـەڵات بە شـــێوەیەکی فەرمی بەردەوام دەبێت، بەڵام هێزی دامەزراوەیی و شـــەرعیەت لە ناوەوە دەڕووخێت.[۲۲]

پاوانخوازیـــی ئیداری لێـــرەدا بە مانای لاوازبوونـــی تاکتیکی یان شکســـتی کاتیی دامـــەزراوەکان نییـــە؛ بەڵکـــوو بریتییە لە دۆخێـــک کە تێیدا پێکهاتـــە فەرمییەکانی دەوڵـــەت هێشـــتا بوونیان هەیـــە، بەڵام توانـــای کارکردنیـــان بـــۆ جێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی حوکمڕانی لەدەســـت داوە. وەزارەتـــەکان، دادگاکان و دەزگاکانی ڕێکخســـتن لە ڕووی ناونیشانەوە بەردەوامن، بـــەڵام لـــە ڕووی بڕیـــار، هەماهەنگی و دەســـەڵاتی جێبەجێکردن پەراوێز خراون.

بـــە پێچەوانـــەی ڕژێمـــە توتالیتارییە کلاســـیکییەکان وەک نازییـــەکان یـــان یەکیەتیی ســـۆڤیەتی کە بیرۆکراســـییەکی ناوەنـــدی و یەکگرتـــوو دروســـت دەکەن بۆ جێبەجێکردنی سیاســـەت، لـــە ئێراندا پێکهاتەی حوکمڕانی لـــە پارچەپارچەبوونی دامەزراوەیی و زاڵبوونی ناوەندە هاوتەریبەکان پێکهاتـــووە. ئـــەم دۆخە لـــە چوارچێوەی ئارێنتـــدا دەتوانرێت وەک گواســـتنەوە لە "InStitutional Rule" بـــۆ "Movement Rule" بخوێنرێتـــەوە؛ یان بە مانـــای حوکمڕانی بە تۆڕی سیاســـی و ئەمنی، نەک دامەزراوەیی.[۲۳]

نموونەیەکـــی ڕوونی ئەم گواســـتنەوەیە زاڵبوونی ســـپای پاســـدارانە لـــە بواری ئابووری و ســـەربازی.

لـــە دوو دەیـــەی ڕابردوودا، ســـپا بە شێوەیەکی سیســـتەماتیک بەشێکی گرنگی پرۆژە ژێرخانییە گەورەکان، گرێبەستی وزە، بەندەرەکان و ئۆپەراســـیۆنە گومرگییەکانی کۆنتـــرۆڵ کردووە. ئەم گواســـتنەوەیە نەک

به پڕۆسەی شەفاف و کێبرکێی بازاڕ، بەڵکوو لە ڕێگەی تۆڕی ئەمنی و پاڵپشتی سیاسی ئەنجام دراوە. بەم شێوەیە، وەزارەتە مەدەنییەکان ناونیشانیان پاراستووە، بەڵام بڕیار لە دەرەوەی ئەوان دراوە.

لە ڕوانگەی ئارێنتدا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە سیستەم بەردەوامیی خۆی لە ڕێگەی بیرۆکراسییەکی کارا نەدۆزێتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی تۆڕی نزیک بە دەسەڵات و ڕێکخستنی هێزی زۆرەملێ پاراستووە. ئەمەش هەمان دۆخی "Rule by Decree"ـە، کە تێیدا یاسا بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو جێبەجێ دەکرێت، نەک بە شێوەیەکی یەکسان و نۆرماتیڤ.

لە لایەکی دیکەوە، ڕێژیم بۆ خۆڵکردنە چاوی دەرەوە، بە شێوەیەکی فەرمی هەڵبژاردن، دادگاکان، دەزگاکانی ڕێکخستن و چوارچێوە یاساییەکانی پاراستووە. بەڵام جێبەجێکردنی یاسا لە ئیختیاری ڕێبەر و ناوەندە ئەمنییەکان یان هاوتەریبەکان وەک سپا و ئیتلاعاتدایە.[۲۴]

زۆر جار ڕێسا ئابووریەکان لە ڕێگەی ڕێنماییی تایبەتەکانەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، مۆڵەتەکان بە تۆڕی پاڵپشتیی نافەرمی دەدرێن، و دەرئەنجامە دادوەرییەکان بەپێی ڕێکخستنی سیاسی جیاوازن، نەک بەپێی یاسای کۆدکراو. ئەم شێوازە هەماهەنگی بیرۆکراتی تێک دەدات و نیشانەی گواستنەوەی حوکمڕانییە لە دامەزراوەییەوە بۆ حوکمڕانی ئیختیاری؛ حوکمڕانییەک کە پابەندبوون تێیدا زیاتر بە نزیکی دەسەڵاتەوە پەیوەستە تا پابەندبوون بە ڕێکارە کارگێڕییەکان.[۲۵]

لە کۆتاییدا، سەرباری بەهێزکردنی توانای سەرکوت، پاوانخوازی ئیداری لە بێتوانایی ڕێژیم بۆ جێبەجێکردنی حوکمڕانی ئاسایی بەڕوونی دەردەکەوێت. هەڵاوسانی بەردەوام، دابەزینی دووبارەی بەهای دراو، کورتهێنانی دڕێژخایەنی بودجە و شکستی دووبارەبوونەوەی سیستەمی کارەبا، ئاو و خانەنشینی، هەموویان وێنەی ڕێژیمێک نیشان دەدەن کە دەتوانێت نارەزایەتییەکان سەرکوت بکات، بەڵام ناتوانێت سەقامگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەڕێوە ببات.[۲۶]

مانگرتن و نارەزایەتیی سەرتاسەری لەلایەن مامۆستایان، کارمەندانی تەندروستی، خانەنشینان و فەرمانبەرانی شارەوانییەکان، بوونەتە تایبەتمەندییەکی ڕێکوپێکی دیمەنی سیاسیی ئێران؛ ڕەنگدانەوەی شکستی سیستماتیکی لە پێدانی حەقدەست، ئیدارەی بیمەی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

کەواتە، پاوانخوازی ئیداری ئەنجامی ئەو زنجیرەیەیە کە لە دارمانی کارگێڕی دەست پێ دەکات، بە دارمانی شەرعیەت تێپەڕ دەبێت و لە کۆتاییدا بە سەرکوت و زاڵبوونی ناوەندە ئەمنییەکان کۆتایی دێت. ئەم دۆخە نیشان دەدات کە کۆماری ئیسلامی توانای مانەوەی سیاسی هەیە، بەڵام توانای بنیاتنانی نەزمێکی ئیداریی سەقامگیر و درێژخایەن نییە.لە ئەگەری سەرنەکەوتنی پڕۆسەی ڕووخانی ڕێژیم، ئایا ڕێژیم دەتوانێ شەرعیەتی خۆی بەدەست بێنێتەوە؟

ئەگەر وای دابنێین کۆماری ئیسلامی بتوانێت لە بەرانبەر شۆڕشە نێوخۆییەکاندا بەرگەت بگرێت و نەڕووخێت، یان هەتا لە ئەگەری هێرشی دەرەکی، بایکۆتی ئابووری و فشارە نێودەوڵەتییەکاندا بەردەوام بمێنێتەوە، هێشتا ئەو پرسیارە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە:

ئایا ئـــەم ڕێژیمـــە دەتوانـــێ دووبارە دەوڵەتێکی کارا، ســـەقامگیر و شـــەرعی لە ڕووی ئیداریـــیـــەوە بنیـــات بنێتەوە؟

لە ڕوانگەی شیکاریـیەکانی ئەم وتارەوە، وەڵامی ئەم پرســـیارە زیاتـــر مەنفییە. نەک تەنها بەهـــۆی نەبوونی ئیرادەی سیاســـی، بەڵکوو بەهۆی ســـنووردارییە بنەڕەتییەکان لە ناوخـــۆی لۆژیکـــی حوکمڕانییەکەدا. لە ماوەی نزیکـــەی پەنجا ســـاڵی حوکمڕانی کۆمـــاری ئیسلامیـــدا، یەکـــە ئیدارییە فەرمییـــەکان وردەوردە شـــوێنی خۆیان داوە بـــە پێکهاتەی دەســـەڵاتی نافەرمی، دامەزراوە هاوتەریبـــەکان و تۆڕەکانی ڕانت. ئـــەم گۆڕانکارییە نەک تەنیا دەســـەڵاتی تاکەکەســـییەکان لاواز کـــردووە، بەڵکوو شـــێوازی حوکمڕانـــی خۆشـــی گۆڕیوە.[٢٧] دەوڵەت وەک ناوەندێکـــی ڕێکخراو نادیارتر بووە و شـــوێنی خۆی داوە بە پێکهاتەیێکی پارچەپارچـــە و دارماو.

لـــە وەهـــا دۆخێکـــدا بووژانـــەوەی شـــەرعیەتی ئیداری تەنیا بە چاکســـازی تەکنیکی، گۆڕینـــی مێتۆد یان گەورەکردنی بیرۆکراســـی چارەســـەر ناکرێ. کێشەکە لە ئاســـتی ژێرخانەوەیە: ئـــەو پێکهاتەیەی کە دەبێـــت بڕیاردەر بێت، بەرپرســـیارەتی هەڵبگرێت و جێبەجێکـــردن بەردەوام بکات بۆخۆی تێک چووە. بۆیـــە هەموو هەوڵێک بۆ "چاکســـازی" لـــە ناو هەمـــان لۆژیکی حوکمڕانیدا زۆر جار تەنیا گۆڕینی شـــێوەیە نەک نـــاوەرۆک.

دەوڵەتـــی ئیـــداری تەنیا لـــەو کاتەدا دەتوانێـــت کارا بێـــت کـــە دامەزراوەکانی وەک ناوەنـــدە بێلایەن و پیشـــەییەکان، لە ڕاســـتای خزمەتکردنی گشـــتی و یاسادا کار بکـــەن. لـــە ئێراندا ئەم ســـیفەتانە بە شـــێوەیەکی سیســـتماتیک لاواز کراون. دادگاکان چیتر وەک ناوەندێکی دادپەروەری ســـەربەخۆ ناســـراو نین، بەڵکوو زۆر جار وەک ئامرازێکی سیاســـی و سەرکوتکار لە خزمەت پاراســـتنی نیزامـــدا کار دەکەن.

هەروەهـــا، سیســـتەمی مۆڵەتـــدان و ڕێکخســـتن، لـــە جیاتی ئـــەوەی وەک خزمەتگوزارییەکـــی گشـــتی کار بـــکات، کەوتووەتە ژێـــر قۆرخی تـــۆڕە نافەرمی و دەستوپێوەندە تایبەتمەندەکان، کە بەکارهێنانی دەســـەڵات و پەیوەندی بۆ قازانجی دارایی یـــان سیاســـی بەکاردەهێنن.[٢٨]

بەڕێوەبردنـــی ئابـــووری لـــە ئێراندا زیاتر لەســـەر بنەمـــای کاردانـــەوەی کاتی و هەڵســـەنگاندنی بەپەلەی دۆخەکانە، نەک پلاندانانی ســـتراتیژیی درێژخایـــەن. بڕیارە داراییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی و نافەرمی دەدرێـــن و زۆرجار هیـــچ ئامانجی ڕوون، پلانێکی سیســـتماتیک یان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی پشـــتەوەیان نییە.

بۆیـــە دەکرێ بڵێین ئەوەی پێویســـتە، بنیاتنانـــەوەی نۆرمـــە ڕێکخراوەییەکانـــە، دارشـــتنەوەی پێکهاتـــەی دامەزراوەیی و گەڕاندنـــەوەی ســـەروەری بڕیـــاردان بۆ یەکـــە ئیدارییـــەکان و بـــۆ دادگاکان ئەو ســـەروەرییەی کە ماوەیەکـــە لەناوچووە.

کاتێک ڕانت و دۆســـتایەتی شـــوێنی دێموکراســـی دەگرێتەوە، کاتێک حوکمڕانی یاســـایی جێگای حوکمڕانـــی تایبەتمەند دەگرێتـــەوە، و کاتێـــک بیرۆکراســـی پیشـــەیی بە لۆژیکی ئەمنـــی دەگۆڕدرێت، دینامیکییەکـــی خۆبەهێزکـــەر دروســـت دەبێت کـــە لاوازبوونـــی دامەزراوەیی خۆی دووبـــارە بەرهـــەم دەهێنێتەوە.

بۆیـــە هەوڵەکان بۆ ســـەقامگیری لەناو ئەم سیســـتەمەدا زۆرجـــار فۆرمی هێمادار

یان سەرکوتکەرانەیان هەیە. قەیرانە ئیدارییەکان نەک بە چاکسازیی پێکهاتەیی، بەڵکوو بە ڕێوشوێنی کاتی، فەرمانی بەپەلە یان زۆرەملێ وەڵام دەدرێنەوە. ئەم شێوازە ڕەنگە لە کورتخایەندا ڕێکوپێکی دروست بکات، بەڵام توانای ئیداریی دەوڵەت ناگەڕێنێتەوە؛ بە پێچەوانەوە، پشتبەستن بە چارەسەرە نافەرمییەکان لاوازبوونی ئەو دامەزراوانە خێراتر دەکات کە پێویستیان بە دووبارە بنیاتنانەوە هەیە.

بەدەستهێنانەوەی شەرعیەت لە بواری ئیداری و پیشەییەوە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم پێکهاتانە هەیە: ئابووری، ئەمنی، ئیداری و قەزایی. ئەمەش بە مانای دابەشکردنەوەی دەسەڵات، سەرچاوە و جیاوکەکان (ئیمتیازات) دوور لەو تۆڕانەیە کە ئێستا پشتەوانەی سەرەکیی ڕێژیمن—وەک ئەم شتێکەش، بۆ خودی ڕێژیم، مەترسییەکی بنەڕەتییە.

لەوانەیە ڕێژیم بتوانێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵ، چاودێری و سەرکوتکردنی خەڵکەوە بەردەوام بمێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتێک کە خاوەنی نەزمێکی ئیداریی بێلایەن، پیشەیی و شەرعی بێت. بەکورتی، دڕێژکردنەوەی سیاسی ئەگەر مومکینیش بێت، بەڵام ئاساییکردنەوەی ئیداری ڕوو نادات.

بەم پێیە، داهاتووی ئەم نیزامە نەک لە "دووبارەبوونەوە" بە مانای کلاسیکییەکەی، بەڵکوو لە قووڵبوونەوەی دۆخی دەسەڵات بەبێ ئیدارەدا دەبینرێت:

دەسەڵات بەبێ حوکمڕانی، کۆنترۆڵ بەبێ نەزم، و سەقامگیری بەبێ شەرعیەت. ئەم بارودۆخە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بەردەوام بێت، بەڵام ناتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ نەزمێکی دەوڵەتی بەردەوام، بەبێ پچڕانی بنەڕەتی لەگەڵ ئەو پێکهاتانەی کە دارمانەکەیان بەرهەمهێناوە.

دەرەنجام

ئەم وتارە قەیرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی دامەزراوەیی و ئیدارییەوە شی کردووەتەوە، نەک ناجێگیریی سیاسیی کاتی یان کەمبوونەوەی شەرعیەتی جەماوەری. کێشەکانی ڕێژیم پێکهاتەیی و دڕێژخایەنن و ڕەگیان لە دارمانی سیستماتیکی توانای ئیداری و دامەزراوەیی دەوڵەتدا هەیە؛ دارمانێک کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمەوە دەستی پێ کردووە و بە تێپەڕبوونی کات قووڵتر بووە.

دەوڵەت، بەهۆی سیاسیکردنی بیرۆکراسی، پارچەپارچەبوونی بڕیار و دروستکردنی پێکهاتەی دەسەڵاتی هاوتەریب، توانای حوکمڕانی لە ڕێگەی دامەزراوە بنەمادار، یاسایی و پێشبینیکراوەکانەوە لەدەست داوە. دامەزراوە فەرمییەکان هێشتا لە ڕووی ناونیشان و بوونەوە بەردەوامن، بەڵام لە ڕووی کردەوە سەربەخۆیی، هەماهەنگی و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان نییە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە دەوڵەت چیتر وەک سیستەمێکی ئیداریی یەکگرتوو کار ناکات، بەڵکوو وەک تۆڕێک لە ناوەندی دەسەڵاتی نافەرمی کار دەکات کە بەرپرسیارێتی و حوکمڕانی لەناویدا هەڵدەوەشێتەوە.

بەکورتی، ئەم هەڵسەنگاندنە بەو ئەنجامە دەگات کە قەیرانی شەرعیەتی ڕێژیم هۆکاری لاوازبوونی دامەزراوەیی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی ئەو لاوازبوونەیە. کاتێک دەوڵەت توانای پێشکەشکردنی

حوکمرانـــی بنەڕەتی، دڵنیایی یاســـایی و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی لەدەســـت دەدات، شـــەرعیەت لە هەمـــوو ڕەهەندەکاندا تێک دەچێت. بەم پێیە، زیادبوونی پشتبەســـتنی ڕژێم بە ســـەرکوت وەک نیشانەی هێز تێ ناچێـــت، بەڵکـــوو وەک جێگرەوەیەک بۆ توانای ئیداری و دامەزراوەیی لەدەســـتچوو دەردەکەوێت.

دەرئەنجامەکـــە ئەوەیە کـــە کۆماری ئیسلامـــی لە قەیرانێکی ڕاگـــوزەری کاتیدا نییـــە، بەڵکـــوو لـــە دۆخـــی دارمانـــی دامەزراوەییـــی پێشـــکەوتوودایە. هەرچەند ڕێژیم دەتوانێت لـــە کورتخایەندا لە ڕێگەی زۆرەملێیەوە کۆنترۆڵی سیاســـی بپارێزێت، بـــەڵام مەرجەکانی حوکمرانـــی دەوڵەتی دڕێژخایـــەن و بەردەوامـــی بوونی نییە. بەم مانایـــە، وتارەکـــە ئاماژە بە پرۆســـەیەک دەکات کـــە تێیـــدا دەســـەڵات بەبـــێ دەوڵەتێکی کارا بەردەوام دەبێت.

مانـــەوەی ڕژێـــم، کە بەســـتراوەتەوە بە ناوەنـــدە ئەمنییەکان و یەکـــە ئیدارییە قۆرخکـــراوەکان، ناتوانێـــت جارێکی دیکە خۆی لـــە بنەڕەتەوە ڕێک بخاتـــەوە. ڕەنگە کۆمـــاری ئیسلامـــی وەک دەســـەڵاتێکی زۆرەملـــێ بـــۆ ماوەیـــەک بتوانێت خۆی بســـەپێنێت، بـــەڵام ناتوانێـــت نەزمێکی ئیـــداری ســـەقامگیر بنیات بنێـــت، بەبێ هەڵوەشـــاندنەوەی ئەو تۆڕە لێکبەســـتراوە ئەمنییەتی و سیاســـییەی کە خۆی بناغەی ئەم دارمانـــە بوون.

پەراوێزەکان:

1. Weber, M. (1978). Economy and society: An outline of interpretive sociology (G. Roth & C. Wittich, Eds.; E. Fischoff et al., Trans.). University of California Press. (Original work published 1922).
2. Mark C. Suchman, “Managing Legitimacy: Strategic and Institutional Approaches,” Academy of Management Review 20, no. 3 (1995): 571–610.
3. Fritz W. Scharpf, Governing in Europe: Effective and Democratic? (Oxford: Oxford University Press, 1999).
4. John W. Meyer and Brian Rowan, “Institutionalized Organizations: Formal Structure as Myth and Ceremony,” American Journal of Sociology 83, no. 2 (1977): 340–363.
5. Paul J. DiMaggio and Walter W. Powell, “The Iron Cage Revisited: Institutional Isomorphism and Collective Rationality in Organizational Fields,” American Sociological Review 48, no. 2 (1983): 147–160.
6. Joel S. Hellman, Geraint Jones, and Daniel Kaufmann, “Seize the State, Seize the Day: State Capture, Corruption, and Influence in Transition,” World Bank Policy Research Working Paper no. 2444 (2000).
7. Bo Rothstein and Jan Teorell, “What Is Quality of Government? A Theory of Impartial Government Institutions,” Governance 21, no. 2 (2008): 165–190.
8. Francis Fukuyama, Political Order and Political Decay: From the Industrial Revolution to the Globalization of Democracy (New York: Farrar, Straus and Giroux, 2014).
9. Abrahamian, Ervand, The Coup: 1953, the CIA, and the Roots of Modern U.S.–Iranian Relations. New York: The New Press, 2013.
10. Kevan Harris, “The Rise of the Subcontractor State: Politics of Pseudo-Privatization in the Islamic Republic of Iran,” International Journal of Middle East Studies 45, nr. 1 (2013): 45–70
11. Revolutionary Guards buy 51% stake in Iran’s telecommunications company, The Guardian, October 7, 2009,
12. Ali Alfoneh, Iran Unveiled: How the Revolutionary Guards Are Transforming Iran from Theocracy into Military Dictatorship (Washington, DC: AEI Press, 2013), 87–112.

13. Steve Stecklow, Babak Dehghanpisheh, and Yeganeh Torbati, “Assets of the Ayatollah: The Economic Empire Behind Iran’s Supreme Leader,” Reuters Investigates, November 11, 2013

14. Joel S. Hellman, Geraint Jones, and Daniel Kaufmann, “Seize the State, Seize the Day: State Capture, Corruption, and Influence in Transition,” World Bank Policy Research Working Paper no. 2444 (2000).

15. International Monetary Fund, World Economic Outlook Database: Inflation (Iran), April 2025.

16. “Protesters Demand Their Deposits From Credit Institutions,” Radio Farda, May 30, 2017.

17. E. Tamassoki, J. Momeni Damaneh, and S. M. Tajbakhsh Fakhrabadi, “Analysis of Natural Resource Governance in Iran Based on the NRGF Framework,”Water Harvesting Research 8, no. 1 (2025): 141–162.

18. Rothstein, Bo, and Jan Teorell, “What Is Quality of Government? A Theory of Impartial Government Institutions.” Governance 21, no. 2 (2008): 165–190.

19. Gerschewski, Johannes, “The Three Pillars of Stability: Legitimation, Repression, and Co-optation in Autocratic Regimes.” Democratization 20, no. 1 (2013): 13–38.

20. Max Weber, Economy and Society: An Outline of Interpretive Sociology, ed. Guenther Roth and Claus Wittich. (Berkeley: University of California Press, 1978), 956–958.

21. Special Report: Iran’s Leader Ordered Crackdown on Unrest – ‘Do Whatever It Takes to End It,’” Reuters, December 23, 2019.

22. Hannah Arendt, On Violence (New York: Harcourt, Brace & World, 1970), 44–56.

23. Hannah Arendt, The Origins of Totalitarianism (New York: Harcourt, Brace & Company, 1951), chap. 10.

24. Ervand Abrahamian, Iran Between Two Revolutions (Princeton: Princeton University Press, 1982), chap. 9.

25. John W. Meyer and Brian Rowan, “Institutionalized Organizations,” American Journal of Sociology 83, no. 2 (1977): 340–363.

26. International Monetary Fund, Islamic Republic of Iran: Staff Report for the Article IV Consultation (Washington, DC: IMF, 2023).

هەوڵی ڕۆمانی خورشید ئەوەیە کە ڕەنجی ژنی کورد بهێنێتە ناو دەق؛ هەم بە واتای مێژوویی و هەم بە واتای نووسین وەک ئاکتێک. ئەم ڕۆمانە دوای کتێبی بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، واتە کتێبی کوردبوون، بڵاو بووەوە. ڕەنگە وەڵامێک یان دڕێژەی هەمان کتێب بێت. لە کاتێکدا پاڵەوانی کتێبی کوردبوون کاپیتان حەمەدە، پاڵەوانی ڕۆمانی مێژوویی خورشید، دایە خورشیدە. ئەگەر بە ڕوانگەی تێکهەڵکێشی یان یەکتربڕی ڕۆمانەکە هەڵبسەنگێنین، کارەکتەری خورشید ژنێکە کە لە هەموو لاوە کەوتووەتە بەر وەن‌بوون و بەریەک‌کەوتن و تێکتەنراویی ڕووبەرەکانی ژێردەستی. لێرەدا ژن/خورشید، بە بڕوای گرێنشاو[۵۸] لە چوارڕێیانێکدا وەستاوە کە هەموو فاکتەرەکانی ژێردەستی و لێدان لە: ڕەگەز، چین، ئابووری، ئێتنیک (نەتەوە) و سیاسەت تێکدەئاڵێن و خورشید دەکەوێتە بەر ئەو پێکهاتە و ڕووبەرانەوە بۆ ژیانێکی بێ‌دەنگ و چەند هێندە سەخت.

لە سێ کورتەچیرۆکی نازدار، سەیران و فاتمۆکێ‌دا، کاردانەوەی هەژاری لەسەر ژیانی سێ ژن دەبینین. زۆرجار هەژاری دەبێتە هۆی شەرمین‌بوون، شەرمکردن و شەرمەزاریی مرۆڤ؛ بەتایبەت ئەگەر ئەو مرۆڤە ژن بێت. ڕەنگە لای پیاوان کاریگەریی هەژاری زیاتر بە تووڕەیی خۆی نیشان بدات. هەژاری لەسەر پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و بنەماڵەش کاریگەری دادەنێت. لە پێکهاتەیەکی نایەکساندا، ئەوە ژنە کە زیاتر دەکەوێتە بەر ڕووبەرەکانی ژێردەستی و زەرەرمەندی سەرەکییە. جەستەی ژن وەک کەرەستە بۆ بەدەستهێنانی بژێویی ژیان، دەستدرێژی بۆ سەر جەستەی ژن، شەرم و خۆلەناوبردن؛ هەموو ئەمانە دەرئەنجامی پێکهاتەیەکن کە تێیدا پلەوپایە، چین، پێگە و پرسی نەتەوەیی ڕۆڵ دەگێڕن و فۆرم بە ژیانی ژن دەدەن.

لە ڕاستیدا دەقی ئەدەبی ڕاستەوخۆ ڕێگەچارە نیشان نادات، بەڵام دەتوانێت ڕاستییەکانی کۆمەڵگە نیشان بدات و هەستی مرۆڤەکان بۆ ئەنجامدانی کارێک بجووڵێنێت. خوێنەر لە ڕێگەی ئەم دەربڕینانەوە لە زاری کارەکتەرەکانەوە، تێگەیشتنێکی زیاتر لەسەر مرۆڤی پەراوێزخراو، هەژاری و کۆمەڵگەیەکی نایەکسان پەیدا دەکات. لێرەدا نووسەرەکان بە هێنانەئارای تێمی هەژاری، ویستوویانە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بێدەرەتانی و ناسەقامگیریی ژیانی هەژاران و ژان و ڕەنجی مرۆڤەکان بۆ زیندوومانەوە نیشان بدەن و ڕەخنە لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، یاسا، درزی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتداران بگرن. هاوکات، ئەوە نیشان بدەن کە چۆن مۆراڵ، ژیان، ئاوات و ناسنامەی مرۆڤ لەژێر کاریگەریی هەژاری و درزی چینایەتیدا شێوە دەگرێت.

هاوکات ئەو ڕۆمان و چیرۆکانە پێمان

دەڵێـــن کە چـــۆن لـــە پێکهاتەیەکی پیاوســـالاری، داگیرکاری و ژێردەستیی نەتەوەییـــدا، ئەوە جەســـتەی ژنە کە بە شـــەرمەوە بارگاوی دەکرێت و گرفتەکان لەسەر جەســـتە و رۆحی ژن بار دەکرێن. ژن هـــەوڵ دەدات بنەماڵە رابگرێت، بەڵام هـــەژاری و نەبوونی دەرەتـــان گرنگترین فاکتەرن بـــۆ شـــێوەپێدانی ژیانی و هەر جۆرە ئازادییـــەک لە ژن دەســـەنێتەوە و زۆربەی جـــار دەیکاتـــە ئۆبجێکتێکی سێکســـی کە لـــە دەرئەنجامـــی ترس و شـــەرمەوە، ژن دەســـت بۆ لەناوبردنی خـــۆی دەبـــات. بـــەڵام زۆرجاریش ژن، ســـەرەڕای ئـــەو پێکهاتـــە هەژارانەیە، لـــە هەمان پێکهاتـــەدا هـــەوڵ دەدات منداڵەکانـــی بەخێو بکات و شـــانازی بە خەباتێکـــەوە بکات کە خۆی بەشـــێکی ســـەرەکییە لەو خەباتەدا.

پەراوێزەکان

1. Charles Dickens.
2. Oliver Twist (1838).
3. Victor Hugo.
4. بینوایان(١٨٦٢) مـــن ئەم ڕۆمانـــەم لە تەمەنی ١٢ ســـاڵیدا بە زمانی فارســـی خوێندۆتەوە بەڵام ناوی وەرگێڕەکـــەم وەبیر نییە.
5. Knut Hamsun.
6. Hunger (1890).
7. Moa Martinson.
8. Mor gifter sig (1942).
9. Vilhelm Moberg.
10. Utvandrarna (1949).
11. Motif.
12. Theme.
13. Khaled Hosseini.
14. Flyga drake (2004) .
15. Realistic.
16. Industrialization.
17. Jean Valijean.
18. Cossette.
19. Javert.
20. John Steinbecks .The Grapes of Wrath (1939), Pulitzerprisze (1940).
21. Of Mice and Men)1937(.
22. Chinua Achebe.
23. Colonialist.
24. Arindati Roy.
25. De små tingens gud (1998).
26. Castle System.
27. Astrid Lindgrens (1907-2002).
28. Maria Gripe (1923 – 2007).
29. Henning Georg Mankell (1948 – 2015).
30. Bröderna lejonhjärta (1973).
31. Karl.
32. Skorpan.
33. Nangijala.
34. Tengil.
35. Katla.
36. Nangilima.
37. Hugo och Josefin (1962).
38. Joel.
39. Resan till världens ände (1998).
40. گەمارۆدانـــی کۆبانێ، هەوەڵ مانگی زســـتانی ٢٠٢٦ لەلایـــەن هێزەکانی جۆلانـــی و تورکیە.
41. ئاواتەخواز بووم لەســـەر ئەم باســـە زۆر بە وردی و چڕی کاربکـــەم بەڵام بەداخـــەوە ڕووداوەکانی بەفرانبـــاری ٢٠٢٦ و کوشـــتاری خەڵک وایکرد ئەم کارە ببێتە دیاری شـــوان.
42. https://www.facebook.com/share/p/1AsGhMfZp5/
43. https://www.facebook.com/share/185QNqJXt5/
44. https://www.facebook.com/share/17W4Z53yvG/
45. https://farrokh.info/1393/08/22/%d9%81%d8%a7%d8%aa%d9%85%db%86%

da%a9%db%8e-2/

46. دەباغی، وێنە و دەق (٢٠٢١).

47. نامەی شـــەراوە شـــەمامی بۆ نووســـەری ئەم وتارە دەربارەی دایە خورشـــید.

48. https://www.facebook.com/share/17ujdKrNNW/

49. https://www.facebook.com/share/189ty3g8An/

50. فەیسبووکی شاعیر حوسەین شەبەق 15.06.2023.

51. https://www.facebook.com/share/19As1K8Y5D/

52. خورشید (٢٠٢٣).

53. لەبنەڕەتڕا ناوەکـــە «فاتم»ە بەڵام لـــە کوردیدا بۆ ناز و خۆشەویســـتی پاشـــگری «ۆکـــێ» بە هێندێک نـــاو زیـــاد دەکـــرێ. نموونەیتریـــش هـــەن وەک زێڕنۆکێ، شـــیرنۆکێ.

54. https://farrokh.info/

55. https://farrokh.info/1393/08/22/%D9%81%D8%A7%D8%AA%D9%85%DB%86%DA%A9%DB%8E-2/

56. ڕەنگە پێویســـت بـــێ لێـــرەدا ئاماژە بـــە خاڵێک بکەیـــن کە ئـــەوەی شۆڕشـــی ژن ژیـــان ئازادی لە شۆڕشـــەکانی تر جیـــا دەکاتـــەوە داگیرکاری و کۆلۆنیالیســـمی نێوخۆییە.

57. دەباغی، وێنە و دەق. سوید (٢٠٢١)

58. Kimberlé Grenshaw (1959).

مانیفێستی ژنوشیاریی

فەریدە وەیسی

زۆر هەوڵیان دا ئێمە بسرنەوە و هەموو ڕێگایێکیشیان تاقی کردەوە، بەڵام سەرنەکەوتن و هەر ئەم هەوڵە بێ ئاکامەش بۆ سەرکوتی ئێمە ڕووخانی خۆیانی بەدوادا دێ. دەنگیان کپ کردین و ژنوشیاریی ئەو دەنگە کپ کراوەیە کە بەرز دەبێتەوە. چونکە بوونی ئەوان لە نەبوونی ئێمەدا پێناسەکراوە، ئەم دەنگە بەهێزترین هۆکارە بۆ لەناوبردنی پێناسەی ساختەی ئەوان. "یان ڕزگاریی بۆ هەمووانە، یان بۆ هیچکەس."

ژنی کورد ناتوانێ بەتەنیا فێمینیست بێت

ژنی کورد ناتوانێ بەتەنیا فێمینیست بێت چونکە ئەزموونی ژینکراوی ئەو هیچکات تەنیا لە یەک ستەم، واتە ستەمی ڕەگەزیی پێک نەهاتووە و لە چوار بەشی کوردستان بەردەوام بە دوو فاکتۆری نەگۆڕی شوناسی خۆی واتە ڕەگەز و نەتەوە چەوساوەتەوە. هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیەوە وەکوو ڕەگەزی ناتەواو چاوی لێکراوە، لە قوتابخانەکان زمانی دایکی لێ قەدەغەکراوە، لە سیستەمی یاساییدا شارومەندێکی مەرجدار بووە، لە چوارچێوە سیاسییەکاندا حاشا لە شوناسە کوردستانییەکەی کراوە و، ناچار بووە لەگەڵ جوگرافیا سیاسییانەی تێیدا دەژی، تەنانەت بۆ داواکردنی مافە ڕەگەزییەکانیشی سەرەتا بیسەلمێنێت کە ئێرانی، عێراقی، تورکیەیی یان سووریایی و هیچکات وەکوو ژنێکی کوردستانی کە دەبێ خاوەن مافی یەکسانی شارومەندی بێت بەفەرمی نەناسراوە. بۆیە فێمینیسمێک کە داوا لە ژنی کورد دەکات پرسی نەتەوە وەلانێت لەڕاستیدا داوای لێدەکات بەشێک لە شوناسی خۆی و ئەزموونی ژینکراوی خۆی بسڕێتەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە پرسی ڕەگەز بۆ ژنی کورد بەردەوام لەگەڵ پرسی نەتەوە لێکئالاو بووە و ئەزموونی ژینکراوی ژنی کورد یەکپارچەیە و ناکرێ ئەو دوو لایەنە لێک جیا بکرێنەوە و، ڕەگەز لە لایێک و زمان، فەرهەنگ و نەتەوەکەی لە لایێکی دیکەوە دابنرێت. بەم هۆکارە ژنی کورد ناتوانێ لە چوارچێوەی گوتارێکدا بەدوای ڕزگاری و ئازادیدا بگەڕێت کە چاوپۆشی لە بەشێک لەم ئەزموونانە دەکات و داوای لێدەکات لە هەمبەر ستەمێکی سیستەماتیک، مێژوویی و نەتەوەیی بێدەنگ بێت، چونکە ئەم جۆرە گوتارانە لەجیاتی ڕزگاریی شێوازێکی تر لە سڕینەوە بەرهەم دێننەوە. بۆیە بۆ ژنی کورد تەنیا خەبات بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزیی چارەسەر نییە، بەڵکوو لەپێشدا دەبێ قوناغی یەکەم واتە خەبات بۆ ڕزگاری تێپەڕ بکات. ڕزگار بوون لە هەموو هەڵاواردنە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان و ئەمەش بە واتای وەلانانی ئەو پێوەرانەیە کە فێمینیستە ناوەندخوازەکان بۆ یەکسانی دایانناوە.

ئەگەرچی پرسی ژن پرسێکی جیهانییە، بەڵام ژنی کورد نابێ ڕزگاریی خۆی بە ڕزگاریی ژنانی نەتەوەی داگیرکەرەوە گرێ بدەنەوە، بەڵکوو سەرەتا دەبێ ڕزگاریی خۆی و نەتەوەکەی بە یەکەوە گرێ بدات.

ڕەوتی فێمینیسم لە جیهان

سێ پرسیاری بنەڕەتی کە تێۆرییە فێمینیستییەکان لەسەریان داڕێژران ئەمانە بوون:

۱. سەبارەت بە ژنان چی دەزانین؟
۲. بۆچی دۆخی ژنان وەهایە؟
۳. بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە دەتوانین چی بکەین؟

وڵامی پرسیاری یەکەم زانست و بەرچاوڕوونییەکی ڕاستەقینەمان لە سەر ئەو دۆخەی کە ژنان تێیدان پێدەدا، چونکە زۆربەی زانست و شرۆڤەگەلێک کە لەسەر دۆخی ژنان هەمانە لە ڕوانگەی پیاوانەوە بووە، واتە سەرەڕای ئەوەی ژنان نیوەی لە کۆمەڵگەن، بەڵام پشکێکی وەهایان لەم شرۆڤە و زانستە بەرنەکەوتووە و تەنانەت دۆخ و کێشەی ژنانیش لە ڕوانگەی ئەو نیوەکەی تر واتە پیاوان شرۆڤە کراون.

پرسیاری دووەم جەخت لە سەر هۆکاری دۆخی نالەباری ژنان دەکات و هەروەها ئەو

پرسیارەمان دەخاتە بەردەست کە بۆچی ژنان نەیانتوانیوە لە بەرهەمهێنانی زانست و تەنانەت لەو بوارەشدا کە پەیوەندی راستەوخۆی بە خۆیان و دۆخی ژیانیانەوە هەیە، چالاکانە بەشداربن.

پرسیاری سێیەمیش باس لەوە دەکات کە چۆن دەتوانین دۆخی نالەباری ژنان بگۆڕین. ئەم پرسیارە و هەنگاونان بەرەو گۆڕان، لەپاش ڕووبەڕووبونەوەی دۆخی ژنان و هۆکارەکانی دێتە ئاراوە. واتە تا دیاردەی هەڵاواردنی ڕەگەزی و هۆکارەکانی بەباشی نەناسرێن و شرۆڤەی زانستی و بەپێزیان بۆ نەکرێت، نەتەنیا هەنگاوەهەڵێنان بۆ گۆڕینی بێسوودە بەڵکوو دەتوانێ خۆی ببێتە هۆکاری زیادبوونی کێشە و هەڵاواردنەکان.

لە سەرەتاوە بەردی بناغەی فێمینیسم وەکوو پرسێکی جیهانی وڵامدانەوە بەم سێ پرسیارە بوو. بۆیە هەر لە سەر ئەم بنەمایە کە پرسی ژن پرسێکی جیهانییە و دەبێ هەموو ژنان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزیی هاودەنگ و یەکگرتوو بن، بەرەبەرە فێمینیسمی سێکولار، فێمینیسمی لیبراڵ و فێمینیسمی رادیکاڵ هاتنە ئاراوە و هەر ئەمانەش بوونە هۆی خستنە بەر باسی پەیمانی خوشکایەتی لە نێو فێمینیستەکانی جیهان. بەڵام دواجار لە هەندێ وڵات وەکوو ئەمریکا، کەنادا، هیندوستان و ... ژنانی ڕەشپێست و هەروەها ژنانی نەتەوە بەکۆڵۆنیکراوەکان، دوای ئەوەی تێگەیشتن لە لایەن ژنانی نەتەوەی سەردەست و چینی سەردەستەوە زیاتر لە پیاوانی هاونەتەوە و هاوچینی خۆیان دەچەوسێنەوە، پرسیاری چوارەم وەک پرسیارێکی مەزن هاتە ئاراوە. ئەویش ئەوە بوو کە چی لەمەڕ جیاوازییەکانی نێوان ژنان دەزانین؟ ئایا کێشەی ژنانی نەتەوە و چینی ژێردەست و بەکۆڵۆنیکراو هەمان کێشەی ژنانی نەتەوە و چینی سەردەستە؟ هەر لێرەوە بوو کە دەیان ڕەهەندی جۆراوجۆری فێمینیستی سەری هەڵدا. فێمینیسمی ڕەش، فێمینیسمی هیندوستانی، فێمینیسمی عەرەبی، فێمینیسمی ژاپۆنی، فێمینیسمی کێبێکی و چەندین ڕەهەندی فێمینیسمی دیکە. چونکە بە گوێرەی تۆێژینەوە زانستی و کۆمەڵناسییەکان سەبارەت بە ژنانی نەتەوە بەکۆڵۆنیکراوەکان، کێشەی ژنان تەنانەت لەنێو خودی ژنانیشدا جیاوازە و پەیمانی خوشکایەتی تا ئەو کاتەی هەموو جیاوازییەکان لەخۆ نەگرێت و هەموو مافەکانی ژنانی نەتەوە بەکۆڵۆنیکراو و چینی ژێردەست نەپارێزێت، بێ مانایە. ئەگەرچی پرسی ژن پرسێکی جیهانییە بەڵام زۆرێک لە کێشەکان لۆکاڵ و هەرێمین کە بە پێ جوگرافیا و فەرهەنگ و بارودۆخی کۆمەڵگە کان جیاوازن و ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕێگەچارەکانیش بە گوێرەی ئەو فاکتەرانە دەبێ جیاواز بن.

لێرەدا باسی من زیاتر جەختکردن لەسەر جیاوازیی نێوان ژنانە. جیاوازیی ژنی کورد لە گەڵ ژنانی تر چییە؟ چونکە شوناس بە جیاوازییەکانیەوە پێناسە دەکرێت و ژنی کورد وەکوو مرۆڤێک کە هەڵگری شوناسی ڕەگەزی و نەتەوەیی و مرۆییە، بۆ گەیشتن بە متمانەبەخۆیی و سەربەخۆیی و بەرزەخۆیی پێویستە لە هەر یەک لەم ئاستانە فاکتەرە شوناسییەدا ماف و پێگەی سەلمێندراو و پارێزراوبێت، تا لە نێو ئەم جیهانە بەرینەدا کەرامەتیشی پارێزراو بێت. نەدیتن و لە بەرچاونەگرتنی ئەم جیاوازییانە بۆ ژنی کورد کە بە هۆی پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەی بەردەوام هەوڵی پارچە پارچەکردنی شوناسیشی دراوە، خزمەتکردن بەو سیستەمەیە کە حاشا لە بوونی دەکات.

ڕەوتی فێمینیسم لە کوردستان

١٠٧ ساڵ لەمەوپێش ئەنجومەنی ژنانی پێشڕەوی کورد لە باکووری کوردستان

دامەزرا. لە مانگی جۆزەردانی ١٩١٩ی زایینی ئەنجوم یاموڵکی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی ژنانی پێشڕەوی کورد لە ڕێورەسمی کرانەوەی ئەم ئەنجومەنە لە مەیدانی سوڵتان حەمیدی ئستانبوڵ ئەمانجەکانی ڕێکخراوەکەی بەم شێوە ڕاگەیاند:

١- پێویستە ئێمە ژنانی کورد بۆ گەیشتن بە بیرۆکە و تێفکرینێکی سەردەمییانە و هاوشان لە گەڵ ژنانی جیهان هەوڵ بدەین و بە خوڵقاندنی هەلی باشتر بۆ کار و چالاکیی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆمان لە گەڵ ئاڵ و گۆڕی دنیای نوێ بگونجێنین.

٢-ئێستا کە هەموو گەلان بەدوای مافی خۆیانەوەن، ئیتر ژیانی هاوبەش لە گەڵ نەتەوەکانیتر واتای نەماوە (ئاماژە بە لاوازبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی)، کە وا بوو ئێمەی کوردیش داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەین و پێویستە زمان و فەرهەنگ و ئازادییەکانی ئێمە وەک نەتەوەی کورد بەفەرمی بناسرێت. ئەم وتارە لەژێر ناوی "ئاماژەییک " لە ژمارەی ٢٠ی گۆڤاری ژین چاپ و بڵاو کرایەوە.

چالاکییەکانی ئەنجومەنی ژنانی پێشڕەوی کورد بەم شێوەیە بوون:

١. دامەزراندنی لقەکانی ئەنجومەن لە شار و گوندەکانی کوردستان بە مەبەستی چالاکیی بەهێزتر

٢. کردنەوەی ژووری خوێندن و کتێبخانە بۆ ژنان

٣. چاپی نووسراوە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکردنەوەیان لە شار و گوندەکانی کوردستان بە مەبەستی بردنەسەری ئاستی زانیاری ژنان لەسەر ماف و ئازادییەکانیان لەنێو بنەماڵەو کۆمەڵگە

٤. پاڵپشتی لە ئەو ژن و منداڵە کوردانەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا تووشی کارەسات بوون.

ئەنجومەنی ژنانی پێشڕەوی کورد لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دروست بوونی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤ی زایینی، لە لایەن ئەم دەستەلاتەوە هەڵوەشایەوە و هەموو ئەو بەڵگانەی کە نیشاندەری هەبوون و چالاکی ئەم ئەنجومەنە بوون کۆ کرایەوە و لە ژێر ناوی بەڵگەی نهێنی ئەرشیف کران. بۆ نزیکەی یەک سەدە خەڵک زانیارییەکیان سەبارەت بەم ئەنجومەنە و چالاکییەکانیان نەبوو. ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی ٢٥ ژمارە لە گۆڤاری ژین لەلایەن موحەممەد ئەمین بۆزئەرسەلانەوە دۆزرانەوە و یەکەم زانیاریی لەسەر ئەم ڕێکخراوەیە ئاشکرا کرا، بەڵام هەتا ساڵی ٢٠١٧ کە بڕێک لەم بەڵگە نهێنییانە لەلایەن دەوڵەتەوە نرایە بەردەستی زانکۆی بلگی ئەستەنبوڵ و توێژینەوەی لەسەر کرا، هیچ زانیارییەکی فەرمی لەسەری نەبوو. گرینگی ئەم ئەنجومەنە لەوەدایە کە نەک هەر یەکەم چالاکیی ڕێکخراوەیی ژنانی کوردە، بەڵکوو یەکەم چالاکیی ڕێکخراوەیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە کە بۆ چارەسەری پرسی ژنان بەرنامەیان دارشتبوو.

ئامانجم لە گێڕانەوەی مێژووی ئەم ڕێکخراوەیە ئەوەیە بڵێم کۆلۆنیالیزم کاتێ دەست بەسەر نەتەوەیێکدا دەگرێت، سەرەتا هەوڵی سڕینەوەی مێژووی ئەو نەتەوەیە دەدات، بۆیە هەر جۆرە بەڵگە و ڕێکخراو و چالاکییەک کە شوناسی مرۆڤە بە کۆلۆنیکراو ەکان بپارێزێت، لەنێوی دەبات، چ شوناسی نەتەوەیی بێت و چ شوناسی ڕەگەزی. ئەگەر

ئـــەم ڕێکخراوەیە هەلـــی کار و چالاکیی لێ نەستێندرایە و بەڵگەی چالاکییەکانیان وەکوو بەڵگەی نهێنی ئەرشـــیڤ نەکرایـــە، دەیتوانی ببێتە بناغە و هەوێنـــی پێکهێنانی گوتارێکی فێمینیســـتی بۆ ژنانی کوردستان و ویست و داخوازییەکانیان لە نێو ئەو گوتارەدا کۆبکرایتاوە. بەڵام بە چاوخشـــاندنێک بـــە فۆرمگەلێک لە فێمینیســـم کە دواجـــار و تا ئێســـتا لە کوردســـتان هاتوونەتە ئـــاراوە، دەبینین هەر هەموویان بێبەرین لە ناوەڕۆکی کوردســـتانی و زیاتر بە هەڵواســـینی خۆیان بە نوسخەیێکی لە پێش ئامادەکـــراوی ژنانی فـــارس و عەرەب و تـــورک دەڕۆنە پێشـــەوە. واتـــە ناوەڕۆکی فێمینیسم لە باشـــوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە فێمینیســـمی عەرەبـــی و لـــە باکوور و ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان بە فێمینیســـمی تورکیزەکـــراو و فارســـیزەکراو پڕکراونەتەوە کـــە لە هەر کام لەم ســـێ حاڵەتەشـــدا ئەم فێمینیسمانە تێکەڵاوی بیرێکی ناوەندخوازی کۆلۆنیالیستین و حاشـــاکردن لە کورد وەک نەتـــەوە، خاڵی هاوبەش و نهێنـــی هەموویانە. بۆ نموونە تاقمێک لە فێمینیســـتە کوردەکان دەبینین کـــە لایەنگری نەوال ســـەعداوین و قســـەکانی وەکوو وانەی متمانە پێکراو دووپات دەکەنـــەوە، ئەمەش لەکاتێکدایـــە کە نەوال ســـەعداوی یەکێک لـــەو ژنانە بـــوو کە لە ســـاڵی ١٩٨٢ لە قاهیرە بناغەی فێمینیزمی عەرەبی لـــە پێناو یەکیەتی دنیـــای عەرەب دارشـــت و ڕەنگدانەوەی ئـــەم بیرۆکەیەش لە هەڵوێســـتە دژوازەکانی ســـەعداوی لە ئاست پرســـی فەلەستین و کوردســـتان دەبینرێت. کاتێک لەسەر پرســـی فەلەستین پرسیاریان لـــێ دەکرد بە ڕوونی و بە ئاشـــکرا داکۆکی لە مافی فەلەســـتین وەک وڵاتێکی سەربەخۆی عەرەبـــی دەکرد، بـــەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە چەند ســـاڵ لەمەوپێش لە ســـێمینارێک لە ســـتۆکهۆڵم کە لە سەر پرســـی پەنابەری و کاریگەرییەکانی بەهـــاری عەرەبی ڕێکخرابوو، کاتێک لە مەڕ پرســـی کوردستان پرسیاریان لێکرد، خۆی لە وڵامدانـــەوە دزییەوە و گوتی "کـــوا جیابوونەوەی نەتەوەکان بـــاوی ماوە" و هەمیشـــەش داکۆکی لە ســـەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و ســـووریا (وەکـــوو دوو وڵاتی عەرەبـــی) دەکرد. لێـــرەدا بـــاس ئەوەیە کە ئەگەرچی نەوال ســـەعداوییەکان لە ڕوانگەی پۆســـت کۆلۆنیالیســـتییەوە بۆ پرســـی ژن دەڕوانن و ئەمەش ڕوانگەیێکی پێشـــکەوتوویە، بەڵام چونکـــە تەنیا لەبەرژەوەنـــدی خۆیاندا بـــەکاری دێنن واتە نایگشـــتێنن بـــۆ ژنانی نەتەوە بەکۆلۆنیکراو ەکانی دیکە و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیـــی وڵاتـــان ناپێکن، بۆ ژنـــی کورد ڕزگاریی دەســـتەبەر ناکات.

جۆرێکـــی تـــری فێمینیســـم کە لە کوردســـتان هاتووەتە ئاراوە فێمینیسمێکە کە لەژێر کاریگەری بیری مارکسیســـتی و جیهان وەتەنییە و لە ڕاســـتیدا گرینگییەک بە ماف، شـــوناس و خەباتی نەتەوەیی نـــادات و لە ژێر ناوی خەباتی جیهانیی ژنان و گشـــتگیر بوونی پرســـی ژن لە جیهاندا، جیاوازییە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکان پەراوێز و پشـــتگوێ دەخات. هەر ئەم جـــۆرە فێمینیســـتانەش بوون کە هەموو هەوڵێکیـــان دا خەباتـــی بێ وێنەی ژنان لـــە کۆبانـــێ و ڕۆژئاوای کوردســـتان لە ســـاڵی ٢٠١٤، کە تێکـــەڵاوی ڕۆحێکی نەتەوەیـــی بوو و بـــە بەشـــداری ژنانی هەر چوار پارچەی کوردســـتان پێکهات بەتەواوی بخەنە ژێر ئایدۆلۆژییەکـــی تایبەت و پووچەڵ لە ڕۆحی نەتەوەیی نیشـــانی بدەن. ئەگەرچی ئـــەم هەوڵە زیاتـــر لەلایەن مارکسیســـتە غەیرەکوردەکانەوە دەدرا، بەڵام بۆشاییەکیش کە لە گوتاری ژنولۆژیی عەبـــدوڵڵا ئۆجەلاندا هەیە و دەوری ســـتەمی نەتەوەیی لە ســـەرهەڵدانی ئازادیخوازانـــەی ژنانی کـــورد بەڕوونی باس نـــاکات، بووەتە هۆی ئـــەوەی کە یەکێک لە دوو ئاخێزگە ســـەرەکییەکەی سەرهەڵدان و خەباتی ژنانی کـــورد واتە ئاخێزگەی نەتەوەیی

نەبینرێت.

لە ئاکامـــدا کۆی لایەنگرانـــی ئەم جۆرە گوتارانە دەبنە کوردە فێمینیســـتێکی ناوشیار. واتە بە بـــێ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانی خۆی دەیهەوێ کێشـــەی ژنانی کورد بە شـــێواز و مودێلی ژنێکـــی فارس، عـــەرەب، تورک یان ژنێکی جیهـــان وەتەنەوە چارەســـەر بکات و ڕەهەندێکی جیـــاواز و تایبەت بە خۆی نەبێت.

ڕزگاریـــی ڕەگەزی و ڕزگاریـــی نەتەوەیی بۆ ژنی کـــورد گرێدراوی یەکتـــرن و پێکەوە دەکەونە ژێر چەمکـــی مافخوازییەوە و ژنێکی وشـــیار و مافخواز ناتوانێ لە ئاست کێشەکانی نەتەوەکەی بێ هەڵوێســـت بێـــت. نموونەی ئەم جۆرە هەڵوێســـتە نەتەوەییانە لە مێژووی فێمینیســـم و هەر لە لایەن فێمینیســـتە ڕۆژئاواییەکانەوە زۆرە، بەڵام کەمتر باسکراوە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە هەڵوێســـتی ئێمیلیەن پەنکرێســـتی ئینگلیزی و کریستییەنی کچی بکەیـــن کە کاتی خـــۆی لـــە بناغەدانەرانی فێمینیسم لە ئاســـتی جیهانیدا بوون و دەیان جـــار لەبەر خەباتی فێمینیســـتییان زیندانی کراون و زۆرترین تێچووشـــیان لـــەم بوارەوە داوە، بەڵام لە ســـاڵی ١٩١٤ لە شەڕی یەکەمی جیهانی، کاتێک ئینگلیز لەلایـــەن ئاڵمانەوە هەڕەشەی لەسەر بوو، ئێمیلیەن و کریستییەن بۆ مـــاوەی زیاتر لە چوار ســـاڵ بەشـــێکی ســـەرەکی لە خەباتـــی خۆیان بـــۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان کـــرد و تەنانەت ناوی گۆڤارە فێمینیستییەکەیان لە "یەکیەتی کۆمەڵایەتی- سیاســـی ژنانەوە" کردە "بەریتانیا" و، هەروەها لەو ماوەیەدا دروشـــمەکانیان لە دروشـــمی فێمینیســـتییەوە بۆ دروشمی نەتەوەیی گۆڕی. ئەمەش پیشـــاندەری گرینگی ســـەروەری و ســـەربەخۆیی نەتەوەییە بۆ ژنە فێمینیستێکی پێشەنگ و شۆڕشگێڕ.

لە ڕاســـتیدا زۆربەی هەرەزۆری نەتەوەکانی جیهـــان لەســـەر بنەمایێکـــی نەتەوەخوازانە و ناسیۆنالیســـتی بوونەتـــە خـــاوەن وڵات و دەسەڵات و ســـەربەخۆییان بەدەست هێناوە، بەڵام هەر ئەمانە لە ئاســـت نەتـــەوەی کورد سیمای ناسیۆنالیســـم ڕەش دەکەن و هەوڵیان ئەوەیە تا بەم شـــێوەیە کورد، کە بەدڵنیاییەوە یەکێک لە چەوســـاوەترین نەتەوەکانی جیهانە، لـــە بەدواداچوون بـــۆ مافـــە نەتەوەییەکانی پەشـــگەز بکەنەوە. ئەمەش قسەیێکی فۆکۆمان بیردەخاتـــەوە کە دەڵێت لە هـــەر قۆناغێک لە مێژوو دیـــاردە و ڕووداوەکان بەپێی قازانجی دەســـەڵاتداران پێناسە دەکرێن.

ژنوشیاریی

بەڕوونـــی ئاشـــکرایە کە ئێمـــەی ژنانی کـــورد وەکـــوو ئەندامانـــی نەتەوەیێکی ژێردەســـت و بەکۆلۆنیکـــراو پێویســـتە ڕەهەندی فێمینیســـتی خۆمـــان دیاری بکەین و ویســـت و داخوازییەکانی خۆمان لـــە چوارچێوەیێـــک کە ســـەرجەم مافە ڕەگـــەزی و نەتەوەیی و مرۆییەکانمان لەبەر بگرێت دیاری بکەین و بە شـــێوەی لۆکاڵ و خۆجێـــی هەنگاوی بـــۆ هەڵێنین.

هەر وەکوو پێناســـەی ناسیۆنالیســـمی شوناسخواز و سەربەخۆیی خوازی کوردستانی لە دەوری چەمک و دەستەواژەی "کوردایەتی" کۆبووەتـــەوە کـــە ئامانجـــی پاراســـتنی کەرامەتـــی مرۆڤی کوردە، بۆ فێمینیســـمی کوردستانیش پێشـــنیاری من دەستەواژەی "ژنوشـــیاری "یە. بەڕای من ژنوشیاریی دوو بەشی ســـەرەکی هەیە. یەکەم وشیار بوون ســـەبارەت بە پێگە و دۆخی خـــۆی وەکوو ڕەگەزی ژن لە کۆمەڵگەی ئینسانیدا، دووەم هەڵوێســـتی وشیارانە ســـەبارەت بە هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکان بە خۆیـــەوە، لە ژینگە و شوناســـەوە بگرە هەتا پرســـی نەتەوەیی و چینایەتی. هەنگاو هەڵێنـــان و چالاکی لەم دوو بەشـــەدا پێویســـتی بە ژنێک هەیە کە

هەڵگر یان پێکهێنـــەری ئەم تایبەتمەندی و فاکتەرانە بێت:

١. ژنوشـــیار وەکوو ژنێکـــی بەرپرس چاو لە دیاردە و کێشـــەکانی کۆمەڵگە دەکات، نەک وەکـــوو ژنێکی قوربانـــی. چۆن ئەم شـــێوازە روانینە ناچارمـــان دەکات بەدوای هۆکاری کێشـــەکاندا بگەڕێین و ئەرکمان دەخاتە ســـەر شـــان و دەبێتە بەشێک لە چارەســـەرییەکان و هەوڵێکی بەهێزیشە بۆ سڕینەوەی ئەو پێناســـەگەلە لەخۆماندا کە لەڵایـــەن پیـــاوان و ئەویدییەکانەوە پێمان دراوە و، لەئاکامیشـــدا لـــە بەرهەمهێنانی زانســـت و لۆژیک بەشـــدار دەبین بەڵام کاتێ وەکـــوو قوربانییەک هەڵســـوکەوت و چاو لـــە کێشـــەکانی کۆمەڵگـــە بکەین لەجیاتـــی هـــۆکار بـــەدوای تاوانبـــاردا دەگەڕیـــن و ئەمەش هـــەم دۆخی خۆمان وەکـــوو ژن ئاڵۆزتـــر دەکات و هەم دۆخی کۆمەڵگەکەمان.

٢. ژنوشـــیار زیاتـــر لـــەوەی کە کێشـــە تاکەکەســـییەکانی خۆی بگوازێتەوە و بیکاتە کێشـــەی کۆمەڵگە، کێشە گشـــتییەکان بەهی خۆی دەزانێـــت و هەوڵی دۆزینەوەی هۆکار و چارەســـەرکردنیان لەرێگای زانستی و بەرپرســـانەوە دەدات. ئەمـــەش رێگایێکە بۆ ئەوەی کە پرسە ســـەرەکییەکان بناسین و ئینجا کێشە تاکەکەسییەکان لەم بەستێنەدا شرۆڤە و چارەســـەر بکەین.

٣. وەک چـــۆن کەســـایەتییە گەورەکانی فێمینیزم وەکوو ئلیمپ دوگۆژی فەرەنســـی کە نووســـەری یەکەم مەنشووری مافی ژنان لە جیهانداییـــە لە پێش هەمـــوو هەوڵێک دژی یاســـا و دەسەڵاتێک وەســـتایەوە کە مافی ژنانی پێشـــل دەکرد، پێویســـتە ژنی کوردیش لەپێـــش هەموو شـــتێکدا دژی دەســـەڵاتێک بوەستێتەوە و ســـەرهەڵدان بکات کە بەشـــێوەی سیستەماتیک و یاسایی مافە رەگەزی، نەتەوەیی و ئینســـانییەکانی پێشـــل دەکات، نەک ئەوەی خەباتی خۆی بەرتەســـک بکاتـــەوە بۆ دژایەتـــی کردن لەگـــەڵ بنەماڵەکەی کـــە ئەوانیش بەش بە حاڵـــی خۆیان قوربانیـــی و بەرهەمی ئەو دەسەڵات و سیســـتەمە کۆلۆنیالیستییەن. کە وایە ژنوشـــیار هـــەوڵ دەدات زۆر ژیرانە پێناســـە و پۆڵێنبەندییەکی دروستی لە پرس و کێشـــەکان هەبێت و هەنگاو بـــە هەنگاو و بەلەبەرچاوگرتنی پێشترییەت (ئەولەوییەت) و پێویستی بۆ چارەســـەرکردنیان بڕوات.

٤. بەشـــێکی بەرچـــاو لە مافـــی ژنان لە رێـــگای یاســـاوە دەســـتەبەر دەکرێت، بۆ دانانی یاســـاش دەبـــێ ژنان بەشـــداری دەســـەڵات بن، کە وابوو ژنوشـــیار پێویستە ســـەرەڕای ئەوەی کە وەکوو کوردێک دەبێ لـــە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا بەشـــدار بێت، پێویســـتە وەکوو ژنێکیـــش دووڕەدیمەنی دەسەڵات لە کوردســـتان لەبەر چاو بگرێت و لە ئێســـتادا رۆڵی خۆی بگێڕێـــت تا دواجار گۆڕەپانی یاســـادانان و دەســـەڵات بۆ پیاوان چـــۆڵ نەبێـــت و ژنی کوردیش لـــە دانانی یاســـا و بەڕێوەبەریی وڵاتدا پشـــکی خۆی بەرکەوێت.

٥. ژنوشـــیار لە ڕوانگەی خـــۆی و لەزاری خۆیـــەوە پـــرس و کێشـــە رەگەزییەکانی دەگێڕێتەوە و بەدەســـتی خـــۆی ئەزموونی ژینکـــراوی تۆماردەکات، تا بەم شـــێوە هەم گێرانەوەکان لە کۆلۆنیالیـــزم وەربگیرێتەوە و رێگە نـــەدات لەلایەن ژنانـــی داگیرکەرەوە بکرێتە ئۆبژە (واتا رێگـــە نادات ببێتە ئۆبژەی ئۆبژەکان) و هەم مۆری کوردســـتانی لە سەر هەموو چالاکی و دروشـــمەکانی دادەنێت و بەم کارە فێمینیســـمی کوردستانیش دێنێتە نێو رەهەندەکانی فێمینیســـم لە جیهاندا و

جیاوازییەکانی ئەم قوناغەی ژنی کورد بە فەرمی دەناسێنرێت.

٦. ژنوشیار بە تێرامان و بیرکردنەوەیێکی قوڵ هەوڵ دەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە لە کۆتاییدا چ فۆرم یان فۆرمەگەلێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەتوانێ وڵامدەری ئامانج و پێداویستییەکانی مرۆڤ بێت و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دنیای ئەمڕۆدا بگونجێت. چۆن ئەگەر هەوڵ بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە نەدات، لە کۆتاییدا دیسان دەخرێتە پەراوێزەوە.

ژنوشیاریی بۆ شڕۆڤە و چارەسەری پرسی ژنی کورد کە پرسێکی پردژوار و ئینترسێکشنالە, ڕوانگەیێکی سێ ڕەهەندی هە یە :

• ڕەهەندی یەکەم دەرەکی و ڕوو بە فێمینیزمی ناوەندخواز و دیاریکردنی سنووورەکانیەتی لەگەڵ ئەو گوتارانەی کە بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی بەشێک لە شوناس و ئەزموونی ژینکراوی ژنی کورد واتە کوردبوونیان داوە.

• ڕەهەندی دووەم ڕووبە ناسیۆنالیزمی نەریتخواز کە لەژێر ناوی هەوڵدان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی هەوڵی هەڵپەساردن و دواخستنی ڕزگاریی ڕەگەزی دەدات.

• ڕەهەندی سێیەم نێوخۆیی و ڕوو بە کۆمەڵگەی کوردستان و دژ بە هەرجۆرە بیر و یاسای پیاوسالارانە کە تەنگی بە ژنانی کوردستان هەڵچنیوە.

ڕەهەندی یەکەم دەرەکی و ڕوو بە فێمینیسمی ناوەندخواز

فێمینیزمی ناوەندخواز ئەگەرچی لە تیۆریدا دژ بە دەوڵەت-نەتەوە بێت بەڵام لە کردەوەدا زیاتر لەوەی دژی دەوڵەت-نەتەوەی سەرکوتکەر و باوکسالاری زاڵ بێت، دژی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی نەتەوە ژێردەستەکانە.

خوشکەکانمان لە ڕۆژاوا سەلماندیان کە ژنانی کورد دەتوانن لە ئاستێکی بەرزدا ئازاد و بەهێز بن بەڵام هاوکات کۆڵۆنیالیزمی پیاوسالارانەی ئەحمەد شەرع بۆمانی دەرخست کە بەبێ کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ کە پاڵپشتی لە دەسکەوتەکانمان بکات، ئەو ئازادییە دەتوانێ چەندە لەرزۆک و پڕمەترسی بێت. بۆیە جەختکردن لە سەر کیانێکی سیاسی یان دەوڵەتێکی کوردستانی وەکوو ئامانجێکی ستراتێژیک پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. ڕەنگە ئەم ئامانجەش ژنوشیاریی لە هەمبەر ئەو گوتارە پۆست مۆدێرن و ئایدیۆلۆژیکانە دابنێت کە ڕوانگەیێکی ئینتێرناسیۆنالیان هەیە و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ژیوپۆلیتیکی ناوچەکە باسی پێکەوەژیان و خوشک و برایەتی گەلان دەکەن. بەڵام ژنوشیاریی جەخت لەوە دەکات کە بە بێ هەبوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ کە لەنێو ئاگردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرگریت لێبکات، تەنانەت پێشکەوتووترین پرۆژە فێمینیستی و ئێکۆلۆژیکەکانیش لە ئان و ساتێکدا دەتوانن بەدەستی هێزە شۆڤینیستەکان لەنێو بچن. واتە پڕۆژە ڕزگاریخوازەکان لە بۆشایی سیاسیدا دڕێژەیان نابێت و تەنانەت بە حاشاکردن لە خواستی خۆت وەکوو نەتەوەیێک بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسینیش ناتوانی متمانەی شۆڤینیزم بەدەست بێنیت، هەروەها گوتاری خوشک و برایەتی گەلان لە ڕۆژاوای کوردستان

دەریخست کە ئەم گوتارە مادامێ کە لە پێگەی لاوازی و بێدەسەڵاتیدا بێت بێئاکام دەبێت و ئەگەر دەسەڵاتی هاوسەنگت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نەبێت، تەنانەت ئەم گوتارە دەتوانێ ببێتە هۆی کارەسات و لەنێو چوونی نەتەوەی کورد. بۆیە لێرەدا پێکهێنانی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ ئامانجێکی ستراتێژیک و مەرجی مانەوەمانە.

پرسیارێک کە ڕەنگبێ لێرەدا بێتە ئاراوە ئەوەیە کە مادامێ کە دەوڵەت بەرهەمی باوکسالاریە و سەرکوتکەرە، چۆن دەتوانێ لە گوتارێکی فێمینیستیدا ئەوەندە ڕەنگ بداتەوە کە ئەو فێمینیستانە بەشێک لە خەباتی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن؟ لە وڵامدا پێویستە دوو بابەت ڕەچاو بکرێت:

• یەکەم، نەتەوەی کورد لە قوناغی داگیرکراویدایە. بۆ ئێمە دەوڵەت تەنیا بە مانای دەسەڵات نییە بەڵکوو زیاتر بەواتای "مافی بەرگریکردن لە ژیانی بەکۆمەڵ" مانە. ئێمە دەبێ لەم جیهانە سەرەتا مافی بەرگری لە ژیانی بەکۆمەڵی خۆمان بەفەرمی مسۆگەر بکەین تا بتوانین لە نێویدا خەبات بۆ یەکسانی و گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی تا کۆتا قوناغ دریژە پێبدەین.

• دووەم، دەوڵەتێک کە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە شوێنی ڕەنگدانەوەی ئامانجە فێمینیستییەکان بێت، بەرهەمهێنەرەوەی دەوڵەت-نەتەوەیێکی باوکسالار نییە بەڵکوو بەهۆی بەشداریی وشیارانەی ژنان بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە، بیرۆکەی فێمینیستی و ئامانجە یەکسانیخوازەکانی لەنێو تان و پۆیدا خۆی تەنیوەتەوە و بووەتە بەردی بناغەی پێکهاتنی ئەو دەوڵەتە. بۆیە هیچکات ڕێگە نادەین ئەو دامەزراوە وەکوو قەڵایێکی پیاوانەی لێبێت کە لە ئەگەرێکی وەهادا یەکەم کەسانێک کە دژی دەوەستێنەوە ئێمە ژنان دەبین.

ڕووخانی کۆلۆنیالیزم بەشێکی بەرچاو لە پرسە چینایەتییەکانیش چارەسەردەکات، چونکە بەشێکی زۆر لە ژێردەستەبوونی ئابووری بەهۆی ستەمی نەتەوەییەوەیە و لە حاڵەتی بەکۆلۆنیکراو یدا سەرچاوە سروشتی و ئینسانییەکانمان زیاتر لەوەی کە لەلایەن بورژواوە تاڵان بکرێن، لەلایەن کۆلونیالیزمەوە تاڵان دەکرێن.

لەم ڕەهەندە پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە پەیوەندی ژنوشیاریی لە گەڵ ژنانی نەتەوەی سەردەست پەیوەندیێکی ئانتاگونیک (دوژمنکارانە) نییە، بەڵکوو بەمەرجی هەوڵدانی ئەوان بۆ گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان دەتوانین هاوپەیمانانی داهاتووی یەکتر بین.

ڕەهەندی دووەم ڕوو بە ناسیۆنالیزمی نەریتخواز

ئێمە ئەگەرچی نەتەوەیێکی ژێردەست و ستەملێکراوین، بەڵام هاوکات ئەندامانی ئەم نەتەوە ستەملێکراوە دەتوانن لەنێو خۆیاندا ستەمگەر و زاڵم بن. بۆیە ژنوشیاریی ڕوو بە ناسیۆنالیستە نەریتخوازەکان ئەڵێ: ئێمە لە سەنگەری دژی داگیرکەر، لەپاڵ ئێوەوە ڕاوەستاوین بەڵام لە حیزب و لە کۆمەڵگەدا ئێمە خوشک، دایک، کچ و ژنانی گوێڕایەڵی ئێوە نین، بەڵکوو تاکێکی ئازاد و سەربەخۆین کە ڕێگە نادەین هیچ کەسێک و بە هیچ بیانوویێکەوە کەرامەتی ئینسانی و ئازادیمان پێشل بکات.

ژنانی کوردستان ناگەنە یەکسانی،

سەربەخۆیی و سەربەستی ئەگەر هەموو بواڕەکانی هەڵاواردن بەشێوەی هاوتەریب نەپێکن و خەباتیان لەم قوناغەدا خەباتێکی یەکپارچە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی و چینایەتی نەبێت و پەیوەندی پرسی ژن، پرسی نەتەوە و پرسی چینایەتی لە کوردستان لەچوارچێوەیێکی دیاریکراودا تیۆریزە نەکەنەوە. بۆیە ژنوشیاریی بە پێویستی دەزانێت وەکوو هەنگاوی یەکەم پێناسەی چەمکی ناسیۆنالیزم، کە ئامرازی گەیشتن بە کیانێکی سیاسی سەربەخۆیە لە پیاوسالار و نەریتخوازەکان وەربگیرێتەوە و لە ڕوانگەی خۆیەوە سەرلەنوێ پێناسەی بکاتەوە.

ناسیۆنالیزمی کوردستانی لە ڕوانگەی ژنوشیارییەوە

سەرجەم تیۆرییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە تایبەتمەندی ناسیۆنالیزمی نەتەوە ژێردەستەکان، مافخوازی، بەرگریکاری و فرەناوەندنبوونە بەڵام هاوکات بە هۆی مەترسی پاکتاوکردنی زمانی و فەرهەنگییان لەلایەن داگیرکەرانەوە بەردەوام هەوڵی پاراستنی نەریتەکانیان بە باش و خراپییەوە داوە. واتە بەهۆی ژێردەستەیی و نەبوونی دەسەڵات بۆ پاراستنی شوناس و فەرهەنگی خۆیان، لە زۆر شوێندا ڕێگەیان بە چاکسازی و ڕیفۆرمی نەریتەکان نەداوە چونکە یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرینگەکان بۆ مودێرن کردن و پێشخستنی فەرهەنگ، هەبوونی دەسەڵاتێکە کە لە بەستێنێکی ئارام و لەباردا پاڵپشتی بۆزاری فەرهەنگی بێت و بەشێوەی زانستی و ڕادیکاڵ نەریتە خراپەکان بخرێتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و وەلا بنرێن و نەریتە باشەکانیش بپارێزرێن. ئەمانەش هەمووی بەیارمەتی ویست و یاساوە دەکرێن، واتە هەم بتهەوێ ئەو کارە بکەیت و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی یاسادانانت هەبێت.

ناسیۆنالیزمی کوردستانی تا ئێستا هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانەی نەتەوە ژێردەستەکان بووە؛ واتە مافخواز، بەرگریکار، فرەناوەند و لە زۆر شوێنیش نەریتخواز. بەڵام ژنوشیاریی باس لەوە دەکات کە لە تەنیشت پاراستنی ئەو فاکتەری ئەرێنیی مافخوازی، بەرگریکاری و فرەناوەندبوون دەبێ لە هەمبەر مەترسیی فاکتەری چوارەم واتە نەریتخوازیی وشیار بن و هەوڵی ئەوە بدەین پێشڕەو بوون ببێتە جێگرەوەی. ئەمەش بە ئاگاداری لەسەر ئەوە دەکرێت کە نابێ چاوەڕێی دوا قوناغی پێکهێنانی دەوڵەت بین، بەڵکوو دەبێ هەر لە ئێستاوە بەشێوەی زانستی هەموو ئاست و لایەنەکانی نەریتخوازی بخرێنە بەر توێژینەوە و بە شێوەی کردەیی گۆڕانکارییان تێدا بکرێت.

بەگشتی لە ڕوانگەی ژنوشیاریەوە ناسیۆنالیزمی کوردستانی دەبێ هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانە بێت:

١-لە ناسیونالیزمی کوردستانیدا ژن دەبێ شارومەندێکی تەواو بێت بە هەموو مافە یاسایی و ئینسانییەکانییەوە، نەک هێمای پاکی وپارێزەری نەجابەتی نەتەوەیێک، واتە نابێ ژن وەکوو دایکی نیشتمان پێناسە بکرێت و بەم شێوەیە ئازادییەکانی سنووردار بکرێتەوە.

٢- دەبێ ناسیۆنالیزمی کوردستانی بەربەرەکانی دژی هەموو هەڵاواردنەکانی نێو کۆمەڵگە (ڕەگەزی، نەتەوەیی، چینایەتی، ئایینی) وەکوو بەشێکی دانەبڕاو لە دەسەڵاتی نەتەوەیی بزانێت و نەک ئازادیی نەتەوەیی بەمانای ئازادی پیاوان بێت، بەڵکوو هاوکات دەبێ هەم لە تیۆری و هەم بە کردەوە ئازادی ژنان لە چنگ

دەسەڵاتی پیاوسالارانە، مەرجی سەرەکی ڕزگاریی کوردستان بێت، واتە شوناسی ڕاستەقینەی نەتەوەیی لەم ناسیۆنالیزمەدا دەبێ لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری دامەزرابێت، نەک پاراستنی نەریتە پیاوسالارانەکان.

٣-ناسیونالیزمی کوردستانی بەدوای وەدەستهێنانی دەسەڵات و کیانێکی سەربەخۆی سیاسییەوەیە، بەڵام پێویستە ئەم کیان و دەسەڵاتەی بۆ پاراستنی کەرامەت و ئازادی نەتەوەکەی بە هەموو ڕەگەز، چین و پێکهاتەکانیەوە بەکار بێنێت. واتە لەم ڕوانگەیەوە ناسیۆنالیزم هەڵێکە بۆ ڕامالینی داگیرکەر لە کوردستان و خوڵقاندنی کەشێک بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی ژنانی کورد.

٤- ناسیۆنالیزمی کوردستانی لە ڕوانگەی ژنوشیاریەوە دەبێ هاوەنگ لەگەڵ هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان بێت و نەک خۆی لە بەرانبەر ئەواندا پێناسە نەکات، بەڵکوو هاوکات بە جەختکردن لەسەر پێناسەی کوردستانیبوونیەوە پاڵپشتی هەر بزووتنەوەیەک بێت کە پارێزەری کەرامەت و ئازادی مرۆڤە.

ژنوشیاریی لەم ڕەهەندەدا جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە نابێ ڕێگە بدرێت ئیرادەی سیاسی ژنانی کورد بۆ گۆڕان لە لایەن حیزب یان ئیدئۆلۆژییەکەوە بۆ هەندێ بەرژەوەندییان کانالیزە بکرێتەوە و بۆیە دژی هەر حیزب یان ڕێکخراوێک دەوەستێتەوە کە هێز و وەرەی ژنانی کورد دەخاتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە.

ڕەهەندی سێیەم نێوخۆیی و ڕوو بە کۆمەڵگەی کوردستان

پیاوسالاری سەرەکیترین هۆکاری هەڵاوردنی ڕەگەزییە چونکە وێژمانێکی داسەپێنراوە کە لە ڕوانگەی پیاوانەوە باسی جیهان دەکات و هەموو چوارچێوە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و یاساییەکانی کۆمەڵگە لەو وێژمانەوە سەر هەڵدەدات و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی بالادەست مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندی پیاوان. مافخوازی بۆ ژنان لەنێو ئەم وێژمانەدا سورپێکی بەتاڵە و ئاکامێکی نابێت. کەوایە خستنە ژێر پرسیاری گشت لایەنەکانی ئەم وێژمانە، بەشێوەی زانستی و سەرهەڵدان لە ئاست بنەما هەڵە و نارەواکانی یەکێک لە ئامانجەکانی ژنوشیاریە.

پیاوسالاریی کەدیاردەیێکی جیهانییە بەگشتی دوو جۆرە، پیاوسالاریی نادینی و پیاوسالاریی دینی.

پیاوسالاریی نادینی: ئەو پیاوسالارییەی کە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوپێش لە ژیربیژیی ئەرەستووەوە ژن وەک پیاوی ناتەواو پێناسە دەکرا، لە پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕوسۆدا ژن بۆ خزمەتکردن بە پیاوان پەروەردە دەکرا، لە فەلسەفەی نیچەدا کاتی ڕوێشتن بۆ لای ژنان قامچی دەدرا دەستی پیاوان و لە زانستی دەروونناسیی فرۆیددا، ژن وەکوو پیاوێکی خەسێنراو شڕۆڤە دەکرا. هەموو ئەم بیردۆزانە هەڵە بوون و بۆ سەدان ساڵ کاریگەریی نەرێنییان لەسەر متمانەبەخۆیی ژنان دانابوو، بەڵام چونکە لە سەر بنەمایێکی نادینی و بەپێی زانستی ئەو سەردەمانە داڕێژرابوون، بەستێنی ئەوە هەبوو کە دواتر بە هێزی ئیستدلال تێکبدرێن و بزووتنەوەی زانستی دژی ئەو جۆرە بیردۆزانە سەرهەڵدات. کەچی هەر ئەم بزووتنەوە زانستییانەش یەکێک لە هۆکارە گرینگەکان بوون کە لە ولاتە ڕۆژاواییەکان گۆڕانکارییان خولقاند و

یاسا پیاوســـالارانەکانیان هەڵوەشاندەوە.

پیاوســـالاریی دینی: پیاوســـالاری لە دینـــە ئاســـمانییەکاندا لە ســـەر ئیمان و تێگەیشتنێکی میتافیزیکی داڕێژراوە و بەشێک لە ئیمان و بـــاوەڕی باوەڕمەندان و لایەنگرانی ئەم دینانەیـــە و زۆربەی هەرەزۆری چوارچێوە کۆمەڵایەتی و سیاســـی و یاساییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەش هەر لەســـەر ئـــەو وێژمانە پیاوســـالارانە و بۆ سەردەست مانەوەی پیاوان داڕێـــژراون. واتە باوەڕ بە سەردەســـت بوونی پیاوە کە دەســـەڵات دەداتە پیاو و یاســـاش بۆ پاڵپشـــتی لە دەســـەڵاتداران بە ڕوالەتێکی شارســـتانییانەوە دادەڕێژرێـــت. لێرەیە کە ئیمان و یاســـا پێکەوە دەبنە هۆی کارەسات دژ بە ڕەگـــەزی ژن، هەر بـــەم هۆکارانەش لـــەو کۆمەڵگەیانـــە کە لەژێـــر هێژەموونی دینـــدان، مافخوازی بۆ ژنان پێویســـتی بە خەبات و تێکۆشـــانی دووقات هەیە تا ئیمان و یاســـا لێک جیابکرێنەوە و کۆمەڵگە لە بیر و بـــاوەڕە خوراڤییـــەکان دوور بگرێت و ئاوەز، هۆدان و ئەزموون بۆ چارەســـەری کێشـــەکان بەکار بێنێت.

ژنوشـــیاریی هەر لەســـەر ئەم بنەمایە بڕوای وایە لـــەم کۆمەڵگەیانەدا پێویســـتە ســـەرەتا یاســـاکان بێنە ژێر پرسیار و ئیمان وەکـــوو بابەتێکی تاکەکەســـی بمێنێتەوە، ئەوســـا دەکرێـــت یاســـا پیاوســـالارانە و دژەژنـــەکان وەکـــوو دیاردەیێکـــی واقیعی نـــەک باوەڕیـــی و بە هۆدانـــی ئەقڵانییەوە هەڵوەشینرێن و ســـەرلەنوێ داڕێژنەوە، واتە یاســـا لە ژێر کاریگەریی ئیمـــان بێتە دەر و بۆ پاراســـتنی مـــاف و کەرامەتـــی ژن و لە پێگەیێکـــی مرۆڤانەوە داڕێژرێنـــەوە. بۆ ئەم بابەتـــەش لەبەرچاوگرتنی فرەچەشـــنیی کۆمەڵگەی کوردســـتان و دارشـــتنی یاسا بەشـــێوەیێک کە پارێزەری ستەملێکراوترین کەس، چین، تاقم و پێکهاتەکانی کوردستان بێت پێویســـت و زەرورییە.

لـــەم قوناغە و بـــۆ گۆڕینـــی وێژمانی پیاوســـالارانە لە کۆمەڵگەی کوردســـتان، پێویســـتە ســـێ خاڵـــی گرینـــگ کە کاریگەرییـــان لە ســـەر گۆڕینـــی دۆخی ژنان و دروســـتکردنی وێژمانێکی ئینسانی و دوورکەوتنەوە لە وێژمانی پیاوســـالارانە هەیە بخرێنە بـــەر باس:

- ڕۆڵـــی ژن لـــە فۆلکلـــۆری کـــوردی و بەبنەماگرتنـــی بـــۆ گۆڕانکاری
- ڕۆڵـــی زمـــان و وێژە لە ســـەر گۆڕینی دۆخی ژنان لـــە کۆمەڵگەی کوردســـتان
- ڕۆڵـــی پیاوان لە ڕەوتی یەکســـانیخوازیی نێوان ژنـــان و پیاوان

١-گرینگـــی فۆلکلۆر لە ڕەوتـــی گۆڕانکاریی لـــە دۆخـــی ژنانـــدا، پێوەندی بە باســـی شوناســـەوە هەیە. واتە هەتاکوو کەســـێک ڕیشـــە و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی خۆی بە دروستی نەناســـێت، ناتوانێت هەنگاوێکی پتەو بۆ گۆڕینی دۆخی ئێســـتای هەڵگرێت. بەشـــێک لە فۆلکلـــۆر نوێنـــەری دۆخی ڕاســـتەقینەی کۆمەڵگەیە لە ڕابـــردوودا و بەشێکیتریشی نوێنەری خۆزگە و ئاواتەکانی خەڵکـــە بۆ گەیشـــتن بـــە کۆمەڵگەیەکی دڵخـــواز. کە وایـــە بۆ لێکۆڵینەوە لە ســـەر دۆخـــی ژنانی کورد پێویســـتە پلەوپێگەیان لەم دوو بەشـــەی فۆلکلـــۆر جیابکرێتەوە تا پێناســـەیێکی ڕاســـتەقینەمان لە ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردســـتان دەســـتکەوێت.

ژنان لە فۆلکلۆری کوردیدا کەســـایەتییە

سەرەکییەکانی زۆربەی ئەو ستران و چیرۆکانەن کە سەرهەڵدان لە یاسا بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە ستایش دەکەن. ئەو یاسایانەی کۆمەڵگەیان تووشی نەهامەتی کردووە. بەڵام ئەم سەرهەڵدانە تا چ رادەیێک لە کۆمەڵگەی ڕاستەقینەش ڕەنگدانەوەی هەبووە؟ ئەگەر ڕەنگدانەوەی لە ئاستێکی نزمدا بووە هۆکارەکانی چییە؟

وڵامی پرسیاری یەکەم دەبێتە هۆی ئەوەی تا پلە و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی دڵخواز و لە کۆمەڵگەی ڕاستەقینە لێک جیابکرێتەوە و ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە ببینین. وڵامی پرسیاری دووەمیش هۆکاری جیاوازی پلە و پێگەی ژن لەم دوو دویایەدا دەخاتە بەردەست. ژنوشیاریی هەوڵ دەدات لەڕێگەی بەڕۆژ کردن و بەهێزکردنی لایەنە باشەکانی فۆلکلۆر پەرە بەم بەشە بدات و بە خستنە بەر باس و ڕەخنەی زانستی لە لایەنە خراپەکانی کە بەرهەمهێنەرەوەی باوکسالاری و پیاوسالارییە بۆ سڕینەوەی ئەم بەشە تێبکۆشێت. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ چارەسەری پرسی ژن لە کوردستان.

٢-ڕۆڵی زمان: زمان کە سەرەکیترین فاکتەری شوناسە، ئامرازی تێگەیشتن لە جیهان و هاوکات ئامرازی گۆڕینی جیهانیشە. واتە ئێمە بەیارمەتی زمان مانا دەبەخشینە جیهان و چوارچێوە و گوتاری بۆ پێکدێنین. بەڵام ژنان لە پێکهێنانی ئەم چوارچێوە و گوتارە بۆ جیهان پشکێکی ئەوتۆیان بەر نەکەوتووە و ڕوانگە و تێگەیشتنیان زیاتر پیاوانەیە. کەوایە دەکرێت بەیارمەتی زمان ئەو چەمکانەی کە ساڵەهایە بۆ بەرزکردنەوەی دیاردە پیاوانەکان و دابەزاندنی دیاردە ژنانەکان بەکارهێنراون تێکبدرێن و سەرلەنوێ دروست بکرێنەوە.

ژنوشیار بۆ سڕینەوەی زمان لەو وشە و دەستەواژە ڕەگەزییانە، پێویستی بە سێ هەنگاوی سەرەکی هەیە: یەکەم دروستکردنی ڕوانگەیێکی ئینسانی و یەکسانیخواز لە خۆیدا بەرانبەر ژن و پیاو لەنێو کۆمەڵگەدا، کە وابوو نابێت بە گوێرەی بەها پیاوسالارانەکانی کۆمەڵگە چاو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە و ڕووداوەکان بکات. دووەم: ژنوشیار لە قسەکردن و ئاخافتندا خۆی بەدوور دەگرێت لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ڕەگەزی. سێیەم: ژنوشیار هەوڵ دەدات تا لە ڕێگای بەشداری لە دەسەڵاتدا و یاسادانان بەشێوەی سیستەماتیک و لەڕێگای بەرنامەدارشتنی زمانیی لە قوتابخانە و میدیاکان بۆ سڕینەوە و ڕڕستکردنەوەی زمان لە وشە ڕەگەزییەکان تێبکۆشێت. بەڵام هەنگاو هەڵێنان لەم بوارەدا پێویستی بە دەسەڵاتێکی نەتەوەییش هەیە.

٣- ڕۆڵی پیاوان: پرسی ژن پرسێکی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە و بەربڵاوتر لەوەیە کە بەرتەسک بکرێتەوە بە کێشەی ڕەگەزێک، بەڵکوو بەگشتی کێشەی کۆمەڵگە یە. بۆیە ڕۆڵی پیاو وەکوو نیوەیێک لەم کۆمەڵگەیەدا هەم لە پێکهاتن و زیادبوونی ئەم کێشە و هەڵاواردنە کاریگەرە و هەر وەها لە نەهێشتنی هەڵاواردنەکە.

هابرماس بڕوای وابوو پەیوەندییەکی دڵخوازانە و بە بێ سانسۆر بناغەییترین و گشتگیرترین دیاردەی کۆمەڵگەیە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بابەتێکی بەنێوی دیالۆگی نەتەوەیی هێنایە ئاراوە. دیالۆگی

نەتەوەیی واتە بەشداربوونی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە وتوێژێکی چوارچێوەدار بۆ گەیشتن بە ڕاستی و حەقیقەت لە کۆمەڵگەدا و، نابێ هیچ هێزێک جگە لە هێزی ئیستدلال چاودێریی ئەم وتوێژە و دیالۆگە بکات. لە دیالێکتیکی فێمینیستیشدا بۆ پێکهێنانی گوتارێکی ئینسانی و گەیشتن بە کۆمەڵگەیێکی یەکسان و ئازاد، جەخت لەسەر ئەم دیالۆگە دەکرێت و باس ئەوەیە کە پێویستە ئەم دیالۆگە لە بەستێنێکی ئاشتیخوازانە و لە پلە و پێگەیێکی یەکسانەوە لە نێوان ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگە دا بەڕێوەبچێت و، هەتا گەیشتن بە خاڵە هاوبەشەکان درێژەی هەبێت. چۆن لە دیالێکتیکی فێمینیستیدا، ڕاستییەکان لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ژنان و پیاوان بەدیدە کرێت.

سێ خاڵی گرینگ کە لە ژنوشیاریی ڕەچاوکراوە و پێویستە ئاماژەی پێبدەم ئەمانەن:

- لەم گوتارە هەم لە ناوەرۆکدا و هەم لە هەڵبژاردنی ناوەکەشیدا (ژنوشیاریی) هەوڵمداوە پێگەیێکی سوبژکتیڤ بدرێتە ژنی کورد.
- ئەگەرچی بە پێویستی دەزانم گوتاری فێمینیسمی کوردستانی بە شێوەی لۆکاڵ و خۆجێیی چاو لە پرسی ژنی کورد بکات، بەڵام بەرواڵەت وایە ئێمە دەبێ لە کۆتاییدا بۆ جیهانێکی ئازاد و یەکسان هەول بدەین و لەڕاستیدا ژنوشیاریی هەوڵ و هەنگاوێکی خۆجێییە بۆ بیرێکی جیهانی. واتا جیهانی بیر بکەوە و خۆجێیی هەنگاو هەڵێنە.
- ئەگەرچی پێناسە کردن و چارەسەری کێشەکان لە ڕوانگەی ژنانەوە بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی پێویستە، بەڵام ئەمە تەنیا قوناغێکە لە تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و، ئەوەی لە کۆتاییدا دەبێ ببێتە ڕێڕەو و پێوانە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک، خاڵە هاوبەشەکانی ژنان و پیاوان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە.

بۆچی ژنوشیاریی؟

کۆمەڵگە ی کوردستان لە کام قوناغی میژوویدایە؟ پێش مودێرن (نەریتی)، مودێرن یان پۆست مودێرن؟ چ جۆرە گوتارێکی فێمینیستی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان زاڵە؟ ئەیا ئەگەر ئێمە هێشتا لە کۆمەڵگەیێکی نەریتی یان مودێرندایین ڕەوایە گوتارێکی پۆست مودێرن لەسەر سووژەگەلێکی نەریتی یان مودێرن زاڵ بێت؟ ئایا ئەمە خۆی نابێتە هۆکار بۆ لەفەرمی خستنی پرس و کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە؟ بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بەڵێ وای لێدەکات، چونکە لە کاتێکدا کە پێویستە ئێمە لەم قوناغە بۆ وەدەستهێنانی مافە سەرەکییەکانمان تێبکۆشین پشتگوێیان بخەین و قوناغێک بڕۆینە پێشەوە و باسی هەندێ پرس و چارەسەری کێشەگەلێک بکەین کە هێشتا پرسی ئێمە و کۆمەڵگەی ئێمە نین، خۆی دەبێتە هۆی تێکچوون و سەرلێشێواوی تاکەکان، مانای چەمک و وشەکان دەگۆڕدرێت، جیاوازی دەگوازرێتەوە بۆ جۆراوجۆری و ژنی کوردیش بەبێ ئەوەی مافەکانی مسۆگەر بووبێت لەنێو ئەو هەموو جۆراوجۆرییەدا دەتوێتەوە و شوناس و ماف و داخوازییە سەرەکییەکانی نابینرێت. لێرەیە کە بەبێ ئەوەی گوتاری

فێمینیزمی کوردستانی بێتە ئاراوە، تاقمێک فێمینیستی ناشارەزا سەرهەڵدەدەن کە شوناسێکی پارچە پارچە و لێکدابڕاویان هەیە و بە دروستی نازانن چییان دەوێ و بۆ چی خەبات دەکەن و لە دەروونی خۆیاندا تووشی جۆرە دژوازییەکن کە لە ئاکامدا بە ئەگەری زۆرەوە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆشیان دەوەستنەوە.

بۆیە تاکی کورد بەرلەوەی خۆی وەکوو فێمینیست پێناسە بکات و لەو بوارەدا چالاکی بکات، پێویستە سەرەتا بە لەبەرچاوگرتنی هەموو جیاوازی و تایبەتمەندییە سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانییەوە، هەوڵ بۆ دارشتن و دروستکردنی چوارچێوە و ڕەهەندێک لە فێمینیسم بدات کە هەموو فاکتەرەکانی شوناسی و مافەکانی تێیدا پارێزراو بێت. ئەم چوارچێوە و ڕەهەندە فێمینیستییە کوردستانییە دەتوانێ ببێتە بناغەی تیۆرێک بۆ بزووتنەوەیێک کە لەسەر پێداگریی لە سەر هەموو ماف و ویست و ئامانجەکانی ژنی کورد ڕسکابێت. بە وتەیێکی تر ژنی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە لەنێو گوتارێکی فێمینیستیی تایبەت بەخۆی پرسە ڕەگەزی، نەتەوەیی، چینایەتی و ئینسانییەکانی شرۆڤە بکات.

ئەگەرچی ژنانی کوردستان لەچاو ژنانی زۆربەی نەتەوەکانیتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرترین بەشداریان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کردووە و کاریگەریی مەزنیان بووە و تێچووی زۆریشیان بۆی داوە، بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر هێشتا پلە و پێگەیێکی شیاو و دۆخێکی باشیان لە کۆمەڵگە دا نییە و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش نەبوونی گوتاری فێمینیستیی تایبەت بە خۆیانە.

بزووتنەوەگەلێک لە کوردستان کە ژنان تێیدا بەشدار بوونە یان نەتەوەیی بوون یان چینایەتی یان تێکەڵێک لەم دووانە کە لە هەر کام لەم حاڵەتانەشدا پیاوان ڕێکخەر و باڵادەست بوونە و ژنان ئەگەرچی بە وشیارییەوە و بە مەبەستی بەرگری لە هێرشی نەیاران بەشدار بوون، بەڵام هیچکات لە چوارچێوەیێکی دیاریکراودا کە بە پێی بەستێنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییان پارێزەری بەرژەوەندی و مافەکانیان بێت و لەلایەن ژنانەوە دارێژرابێت ڕێکنەکەوتوون و چالاکییان نەکردووە. هەر بەم هۆکارەش لەدوای تەواوبوونی شۆڕش و پێداگرییەکانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی یان بەرگری لە خاکی نیشتمان، ژیانی ژنانی کورد تەوفیرێکی وەهای نەکردووە و بەشداریان لە دەسەڵات و یاسادانان (چ لە هەرێمی کوردستان لە باشوور و چ لە نێو پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی) زیاتر سەمبۆلیک بووە نەک لە ئاستی پێویستدا. بۆیە نەتەنیا تێکۆشان بۆ مافی ڕەگەزی ژنان دەبێ بچێتە نێو چوارچێوەیێکی دیاریکراو و تایبەتی فێمینیستییەوە، بەڵکوو پێویستە هەوڵدان بۆ ئازادی و هەروەها بەشداری ژنان لە بزووتنەوە نەتەوەیی و چینایەتییەکانی کوردستانیش لە ڕوانگەی ژنانی کوردەوە و لە چوارچێوەی گوتاری فێمینیسمێکی کوردستانییەوە پێناسە بکرێن و بێنە ئاراوە.

ژنوشیاریی هەوڵێکە بۆ پێکهێنانی گوتارێکی فێمینیستی توکمە و تایبەت بە ژنانی کوردستان تا بتوانن لە چوارچێوە و ڕەهەندێکی دیاریکراودا بەشەکانی سوناسی خۆیان پێکەوە گرێ بدەن و پرس و چارەسەرییەکانیان جومگەبەندی بکەن.

لە گوتاری نەتەوەیی کوردستان دالی گەورە و ناوەندیی کوردە و لە گوتاری فێمینیستی دالی گەورە و ناوەندیی ژنە. لە هەر کام لەم گوتارانەدا ژنی کورد وەکوو خۆی نابینرێت و پەراوێز خراوە. ژنی کورد سەرنجی هەر کام لەم گوتارانە بدات بۆ پێداگری لە مافی خۆی تووشی کێشە و بەربەستی زمانی و مانایی دەبێت. ژنوشیاریی لە یەکەم هەنگاودا دەیهەوێ پێش بەو گریمایانە بگرێت کە لە گوتاری نەتەوەییدا دژی ژنە و لە گوتاری فێمینیستیدا دژی نەتەوە و، هەر یەکیان بەپێی دالە سەرەکییەکانیان ڕێگە بۆ نەدیتنی ئەویتر خۆش دەکەن.

بۆیە لە ژنوشیاریدا دالی گەورە و ناوەندیی "ژنی کوردە"، ژنی کورد وەکوو چەمکێکی یەکە، نەک دوو وشەیان چەمکی جیاجیا. لێرە "ژنی کورد" دالێکی نەگۆڕ و زاتی نییە بەڵکوو چەمکێکی کاتی و سیاسییە کە بە پێی بەستێنێک کە تێیدا ژیاوە و دەژی تا کۆتاییهێنان بەو هەلاواردنانەی کە بە هۆی جیاوازییە نەتەوەییەکانی تووشی بووە لە ناوەندی گوتاری ژنوشیاریدا دەمێنێتەوە. لەم گوتارە بە پێوەر گرتنی ژنی کورد و جیاوازییەکانی لەگەڵ ژنانی جیهان و بەتایبەت ژنانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەموو ڕوونکردنەوە و ڕێکار و دووردیمەنێک دادەڕێژرێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە شرۆڤە و تێگەیشتن لە گوتاری فێمینیستی بەتایبەت فێمینیسمی ناوەندخواز بەبێ لە بەرچاوگرتنی گریمایە و نیشانە و هێماگەلێک کە لەنێو نووسراوەکانیدا شاردراوەتەوە مەحاڵە. واتە پاشخانی نادیاری گوتار و بزووتنەوە فێمینیستییەکانی ولاتانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانە. بۆیە لەم ولاتانە هەموو گوتار و بزووتنەوەیێک دێتە ئاراوە، بە بێ باسکردن لە مافی نەتەوەیی، چۆن ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مافی نەتەوە لەپێشدا مسۆگەر بووە و پارێزراوە، بۆیە پێویست بەباسکردن ناکات.

قسەی کۆتایی

هیچ تیۆری و گوتارێکی فێمینیستی هەڵگری هەموو ڕاستییەکان نییە، بەڵکوو تەنیا بەشێک لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە بەشێک لە ژنانی جیهان دەخاتە ڕوو و بەرژەوەندی تاقم و گرووپێک لە ژنانی ئەم جیهانە دەپارێزێت. ژنوشیاریش دەنگی گرووپێک لە ژنانی ئەم جیهانەیە کە بەپێی تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و جوگرافیایی خۆیان پرسی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. لەنێو نەزمی گوتاری فێمینیسمدا ژنوشیاریش گوتارێکە کە هەوڵ دەدا فاکتەر و تایبەتمەندییەکانی خۆی لە پەیوەندی لە گەڵ دالی ژنی کورد جومگەبەندی بکات. هەتا ئەم جومگەبەندییەش توکمەتر و بەهێزتر بێت، وەڵامی زۆرێک لە پرس و کێشەکان باشتر لەنێویاندا دەدۆزرێتەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستە هەموو ژنان خۆیان بە خاوەنی بزانن و لە بەهێزکردنی ئەم گوتارەدا

بەشـــدار بن. چـــۆن هـــەر ئەزموونێکی ژینکـــراو ئەگەر لـــە پەیوەنـــدی لە گەڵ پرســـی گشـــتیی ژنـــی کـــورد تیۆریزە بکرێتـــەوە، دەتوانێ هەنگاوێـــک زیاتر لە ئامانجی ژنوشـــیاریی نزیکمـــان بکاتەوە، کە گەیشـــتن بـــە دنیایەکی یەکســـان و دادپەروەرانەیە. هەر هەنگاو و شـــرۆڤەیێک کە نزیکمان بکاتەوە لـــەو ئامانجە، جێگای ڕێـــز و پێزانینە. تاکی ژنوشـــیار ســـەرەتا هەموو تایبەتمەندییەکانی ژنوشـــیاریی لە خۆیـــدا پێکدێنێـــت واتە خـــۆی لەبیر و کردەوەدا دەبێتە ژنوشـــیار.

بەرەو ڕوانگەی کوانتۆمی لە سیاسەتدا

کاروان بەهرەمەند

هەر وەک دەزانین زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مۆدێرن، لە ڕووی مێتۆدۆلۆژییەوە لە ژێر کارتێکەریی فیزیکی کلاسیکدا پەرەی گرت. چوار ئەسڵی سەرەکیی نیۆتۆن لە فیزیکی کلاسیکدا کە دواتر بۆ ناو زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان شۆڕ بوونەوە، بریتی بوون لە: ١- وەلانانی هۆکاری مێتافیزیکی؛ ٢- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکاری یەکسان بۆ دیاردەگەلی یەکسان؛ ٣- گشتاندن؛ و ٤- بڕواهێنان بە دیتن.

زانستی سیاسیی کلاسیک لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەر وەک چۆن زانستی فیزیک دەتوانێت پێشبینی بکات کە مەسەلەن لە چ سااڵ و مانگ و ڕۆژ و کات و ساتێکی داهاتوودا ڕۆژ یان مانگ دەگیرێت، ئاواش دەکرێت لە زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، ڕەوتی ڕووداوەکان پێشبینی بکرێن. لە بەرانبەر ئەم ڕوانگەیەدا، "ویلهێڵم دیلتای" زانستەکانی لە ڕووی بابەتەوە لێک جیا کردەوە و بەسەر دوو جۆری "سروشتی" و "ڕۆحی"دا دابەشی کردن. "ریکێرت"یش لەسەر بنەمای مێتۆد، زانستی بەسەر دوو جۆری "سروشتی" و "کولتووری"دا دابەش کرد. گۆڕانکارییە ئااڵۆزەکانی جیهانی مرۆڤ و لەوەش ئااڵۆزتر، دنیای سیاسەت ئەم ڕاستییەی دەرخست کە دنیای سیاسەت جیاوازیی لەگەڵ جیهانی فیزیک هەیە. ئەمەش کۆمەڵێک بیردۆزی هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە زانستی سیاسی مێتۆدی جیاوازی خۆی پێویستە؛ چونکە بابەتی بەرتوێژینەوەی زانستی سیاسەت، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ زانستی فیزیک و بیرکاری هەیە؛ بەتایبەت پێشبینیکردن لە سیاسەتدا فرە دژوار و گەلێک جاریش ئەستەمە.

ئەم ڕوانگە نوێیە بوو بە هۆی ئەوەی ورده وردە، هێژمۆنیی فیزیکی نیوتنی و کلاسیک بەسەر زانستی سیاسیدا کەم بێتەوە و ڕوانگەی کوانتۆمی لە زانستی سیاسیدا سەرهەڵبدات. فیزیکی کوانتۆم پێی وانییە دیاردەکان لە هێڵێکی ئاراستەکراو و ڕاستدا دەڕۆنە پێشێ؛ بەڵکوو دیاردەکان زۆر بە ئااڵۆزی دەبینێت و پێی وایە کە تێکەڵپێکەڵن و لە تۆرێکی پێکەوەگرێدراودا و بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو لە جموجووڵدان؛ کەوابوو، پێشبینیکردنی ڕووداوەکان، ئەویش لە دنیای سیاسەتدا، زۆر دژوارە. لە سیاسەتی کوانتۆمیدا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سیمبولەکان، نۆرم و بەهاکان، گوتار و دیاردە زمانییەکان گرنگییەکی زیاتریان لە ئەحزابی سیاسی، ڕێکخراو و دامەزراوە سیاسییەکان پێ دەدرێت. سیاسەت لە ڕوانگەی کوانتۆمیدا، واتە پێکەوەبەستراوەیی دیاردەکان، شک کردن، چاوەڕواننەکردن، ئااڵوگۆڕی خێرا و ئااڵۆزبوونی دنیای سیاسەت. بیرۆکەی "پارادایمی" تۆماس کوهن و تیۆریی "گوتار"ی میشێل فۆکۆ و شک و گومانی پۆست مۆدێرنیستەکان، ڕۆڵی سەرەکییان لە وەچەرخان بەرەو سیاسەتی کوانتۆمیدا هەبوو.

ئەزموونی گۆڕانکاری لە هەموو دنیا و لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستیش، پیشانی دەدات کە ڕوانگەی تەواو نیوتنی و هێڵدار لە دنیای سیاسەتدا تووشی زەرەرمان دەکات. بۆ نموونە، بارودۆخی ئەفغانستان پێمان دەڵێت کە دەرەنجامی پرۆژەکانی سۆڤیەت و ئەمریکا نەبوو بە پێشکەوتن و دیموکراسی و ئاکامەکەی تاڵیبان و گەرانەوە بۆ دواوە بوو. یان شۆڕشی میسر، دەرەنجامەکەی بوو بە دەسەاڵتداریتیی نیزامیی عەبدولفەتاح سیسی. هەروەتر، لە سووریاش بینیمان کە حکوومەتە مەترسیدارەکەی بەشار ئەسەد، دەسەاڵتی کۆنەپەرستانەی ئەحمەد

شـــەرعیی بەدوادا هات؛ هەروەها لە ئێرانیش، دەنگی هەنگاوی فاشـــیزم و کۆنەپەرەستی لە دوای کۆنەپەرەســـتی دەکەوێتە بەر گوێ. کەوابوو، دەبـــێ وریا بیـــن و تێبگەین کە هەر گۆڕانێک بە واتای پێشـــڤەچوون نییە. مەبەســـت ئـــەوە نییە کە بەقەد میشـــێل فۆکۆ ڕەشـــبین بین کە پێـــی وابوو: "هیچ پێشـــکەوتنێک لە گۆڕێدا نییە و سەرانسەری مێژوو تێپەڕینە لە سیســـتمێکی ســـوڵتەی پشتبەستوو بە زانســـت بۆ سیستمێکی تر". بەڵام کێشـــەکەش بەم ســـاکارییە نییە کە لە ڕوانگەی کلاســـیکەکانەوە لێمان دەڕوانی.

لە هـــەر حاڵدا، لـــە ڕوانگەی سیاســـەتی کوانتۆمیـــدا، خێرایـــی و دیاردەگەلی ورد لەبەرچـــاو دەگیرێـــن. لـــەم ڕوانگەیەدا، سیســـتمەکان کـــراوەن و پەیوەندیـــی دوولایەنە و چەندلایەنـــەی دیاردەکان لە ناو سیســـتمەکاندا، وێڕای هەبوونی هۆکارگەلی موزاحیم و چاوەڕوانەکـــراو، قەیران و ئاڵۆزی ســـاز دەکەن و کاری پێشبینی دژوار دەکەن. لـــەم ڕوانگەیەدا، سیســـتمەکان ســـادە و ســـاکار نین، بەڵکوو پێچیاگن. لە زانســـتی سیاســـیدا، سیستمی ســـادە (Simple system)، لە ســـێ بەشـــی دەرگانە (Input)، چێکردن(Processing) و دەرچوو (Output) پێک دێت و تەنیـــا شـــتی چاوەڕوانەکراو، کاردانەوەی دەرچوویە کە بەرەوڕووی دەرگانە دەبێتەوە. بـــەڵام لە سیســـتمی پێچیاگ (Complex System) دا، جگـــە لـــە دەرگانە، چێکردن، دەرچوو و کاردانـــەوە(Feedback)، کۆمەڵێـــک هۆکارمان هەیە کـــە بەبێ نەزم و چاوەڕوانەکراو دەچنە ناو سیســـتمەکانەوە؛ بـــەم هـــۆکارە نەدیـــار و چاوەڕوانەکراوانە دەڵێـــن فیدفـــۆروارد(Feedforward)؛ ئەم فیدفۆروارداندە بەســـتێنێکی گرنگی ژینگەی کۆمەڵایەتـــی و کولتوورین کە سیاســـەتی کلاســـیک لەبەرچاویان ناگرێت. بۆ نموونە، دکتۆرینی بووشـــی کور، ئەم شـــتە ورد و ئاڵۆزانەیان لـــە ئەفغانســـتان نەدیت، بۆیە نەیانتوانـــی دیموکراســـی لـــەوێ بونیاد بنێن. یـــان ئێمەی کـــوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێـــوەی ڕوانگەی کلاســـیکدا، پێمان وابوو کە بـــە ڕووخانی کۆمـــاری ئیسلامی، ئێـــران دیموکراتیزە دەکرێـــت و ئێمەش دەتوانیـــن لە بەســـتێنی دیموکراســـیدا بەشـــێک لە مافەکانمان وەدەســـت بێنین. بـــەڵام بزووتنـــەوەی ژینا دەریخســـت کە مەســـەلەکە تەنیا کۆمـــاری ئیسلامی نییە، بەڵکوو کولتووری سیاســـیی نەتەوەی فارسە. لێرەدایـــە کـــە ڕوانگـــەی کوانتۆمی پێمان دەڵێت کێشـــەکان فرە ئاڵۆزتـــرن، هەم زۆر شـــتمان نەدیوە و هەمیش شـــتی نوێ و چاوەڕواننەکـــراو پەیدا دەبن.

ئێســـتا پاش ئـــەم پێشـــەکییە کورتە دێینەوە ســـەر بابەتی ســـەرەکیمان، واتە سیاســـەتی کورد لە ڕۆژهەڵات. پرسیارێک کە دێتە گۆڕێ ئەمەیە: ئاخۆ لە ســـەردەمی خێرایـــی و ئینتەرنێتـــدا کە ئـــەم هەمووە گۆڕانکارییـــەی لە پێکهاتـــەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و سیاســـیی کوردســـتان و دەوروبـــەر پێکهێنـــاوە، دەکرێـــت هەر بە ڕوانگـــەی کلاســـیک و لـــە چوارچێوەی سیستمە ســـادەکاندا سیاســـەت بکەین؟ بـــۆ وڵامدانەوەی ئەم پرســـیارە پێویســـتە بارودۆخی ئێســـتای ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بـــە کورتی لێک دەینـــەوە. کۆمەڵگەی کوردســـتان وەک هەموو جیهـــان لە ژێر تەوژمـــی شـــەپۆلی ئینتەرنێتدا تووشـــی گۆڕانکاری هاتـــووە. زۆربەی هـــەرە زۆری خەڵک خوێندەوارن؛ بەکارهێنـــەری مۆبایل و ئینتەرنێتـــن و لە تـــوێژە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکـــن؛ هیرارشـــیی دەســـەڵات لە ناو خێزان و کۆمەڵدا ڕووەو ئاســـۆیی ڕۆیشتووە؛ جگە لە دوو حیزبی ســـەرەتای شۆڕشـــی ١٣٥٧، کۆمەڵێـــک حیزبی تـــر پەیدا بوون

کـــه بەدەر لە قـــەواڕە و ئاســـتی چالاکیی فیزیکییان، لە ناو کۆمەڵگـــەی کوردەواری، خاوەن گوتار و ڕێکخســـتنی خۆیانن. جگە لەمانـــە، لە نـــاو ئێرانی تێکەڵپێکەڵیشـــدا، تـــورک، عەرەب، فـــارس و بەلـــووچ هەن. لە نـــاو ئەوانیشـــدا بەتایبەت فارســـەکان، ڕکابەرییەکـــی تونـــد لـــە ئارادایـــە. لە ناوچـــەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتیش، جگە لە دەوڵەتەکان، هێـــزە نادەوڵەتییەکانی وەک هەڕێمی کوردســـتان، ڕۆژئاوای کوردستان و گرووپەکانی ســـەر بە ئێران وەک ئەکتەرێکی چالاک خەریکی بەڕەوپێشـــبردنی سیاسەتی خۆیانـــن. لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، لە ســـاڵی ٢٠١٧ هەتا ئێســـتا بزووتنەوەکانی یارمەتیدانی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشـــان، بزووتنەوەی ژینـــا، بزووتنەوەی ژینگەپارێزی، بزووتنـــەوەی فێربوونـــی زمانـــی دایکی، بزووتنـــەوەی نـــەورۆزی مەشـــخەڵان و خاکیپۆشـــانمان هەبووە. جگە لەمانە، ئێستا دوو جووڵانەوەی مەترســـیداری فاشـــیزمی ئێرانـــی و تورکـــی ئازەربایجانی دەبینین کە پێشـــتر پێمان وانەبوو بەرۆکمان پێ بگرن. ئەمانە بە هیچ شـــێوەیەک لـــە چوارچێوەی سیســـتەمە ســـادەکاندا ناگونجێن. کەوابوو، پێویســـتە کورد ئـــەم گۆڕانکارییانە ببینێت. لـــەم بارودۆخەدا، پێشـــنیار دەکـــەم کورد ئەم خاڵانەی خوارەوە لە سیاســـەتدا ڕەچاو بکا ت :

١- بـــە وردی لە ڕۆڵی نیشـــانە (دال) و مەبەســـت (مدلـــول) بروانێت، لـــە ڕەوتی خەباتـــدا پتـــر لەبەرچاویـــان بگرێت و لە گوتاری سیاســـیی خۆیـــدا جومگەبەندییان بـــکات. کۆمەڵێک لەو نیشـــانە گرینگانەی هەوێنی گوتـــاری کوردانە پێـــک دێنن و ناهێڵن کورد لە گوتاری نەتەوەی بااڵدەســـت یان جیهانگردا بتوێتـــەوە، بریتین لە: نەتەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس، پێشـــمەرگە، مافی ژن، نـــەورۆزی کـــوردەواری، کۆماری کوردستان، شـــەهید، دووی ڕێبەندان، دەی خاکەلێوە، جلوبەرگی کـــوردی و... .

٢- لەمەڕ داهاتووبینی، سیاســـەتمەداری کورد دەبـــێ خۆی لەو ڕوانگـــە نیۆتۆنییەی کە پێـــی وایە لـــە دنیای سیاسەتیشـــدا دەکرێت وەک جیهانی فیزیـــک ڕووداوەکان پێشـــبینی بکرێن، خـــۆی دەربـــاز بکات. ڕاســـتە زانســـتەکانی بیـــرکاری و فیزیک یارمەتیی گەورەیان بە زانســـتی سیاســـەت داوە، بەاڵم دەرکەوتووە کـــە لە بنەڕەتدا ئەم دووانە لێک جیان. لە زانســـتی کۆمەاڵیەتی و سیاســـیدا، هۆکارگەلی وەک کولتوور و ئایین، مێـــژوو و هۆکارگەلی تـــازە و چاوەڕواننەکراو کاری پێشـــبینی کردن زۆر دژوار دەکەنەوە. بـــۆ نموونـــە شۆڕشـــی ١٣٥٧ و ڕەفتاری ئێستای ســـەڵتەنەتخوازەکان پیشانی دەدەن کـــە بە گۆڕینـــی ڕێژیمە سیاســـییەکان و گوزەرانـــی زەمان، حەتمەن پێشـــکەوتن و گـــۆڕان نایەتە دی؛ کەوابـــوو نابێت ڕوانگەی هێڵدارمان هەبێـــت. دەبـــێ بزانین دنیای سیاســـەت هێڵێکی بەردەوام و نەپچڕاو نییە. وەکوو گوریســـێکی ڕاخراو نییـــە کە هەر مەترێکی مەترێک لە پێش خۆی درێژتر و لەپێشتر بێت. نەخێـــر دنیای سیاســـەت لەتلەت و پەتپـــەت و پچڕپچڕە؛ لەوانەیە دوو ســـەری گوریســـی سیاســـەت بەبێ ئـــەوەی ئێمە بزانین لێـــک گـــرێ درابێت و دیســـان بمانگەڕێنێتەوە شـــوێنی یەکەم. ڕووداوەکانی ئێران، ئەفغانســـتان، میسر و ســـووریا لەم پەنجا ســـاڵەی دواییـــدا، دەرخـــەری ئەم ڕاستییەن. کەوابوو، سیاســـەتی کورد نابێت لەســـەر هێڵێکی ڕاســـت و ڕێـــک بێت؛ بەڵکوو دەبێ لەســـەر دابڕانـــەکان، پچڕاوەکان، بۆشـــاییەکان و ئەم کەلێنانە هەڵبەســـترێت کە لە کوردســـتان، ئێـــران و ناوچەکە دێنە گۆڕێ.

٣- گرینگیدان بە خەباتـــی ڕاگەیاندن:

لە ســـەردەمی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا، کوردی رۆژهـــەلات دەبێ بە شـــێوەیەکی ئەمرۆیی کار بکات. پێویســـتە کـــورد تەلەڤزیۆنێکی پرۆفێشـــنالی هەبێت کە بتوانێت نەســـڵی نوێ لـــە ڕووی سیاســـییەوە کۆمەڵایەتی بـــکات هەتا خاوەن ناســـنامەی خۆی بێت، نـــەک وەکـــوو پاشـــکۆی نەتەوەیەکی زاڵ خۆی پێناســـە بـــکات. جگە لەمـــە دەبێ بتوانێـــت لە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ژیرانە چالاک بێـــت و ناوەرۆکـــی کوردانە بەرهەم بێنێت و بتوانێـــت لە فەزایەکـــی بەریندا بڵاوی بکاتـــەوە بـــۆ ئەوەی پەردە لەســـەر ســـتەمی نەتەوایەتیی خـــۆی لابدات.

۴- گواســـتنەوەی ئەزموونـــی ناوەندی رۆژهەڵات لە ڕووی گوتاری و تەشکیلاتییەوە بۆ باکوور و باشووری رۆژهەڵات و سڕینەوەی ناوەندگەرایـــی لە خەباتـــدا و بڵاوکردنەوەی بۆ گشـــت گوند و شـــارەکان: جیاوازییەک کە سیاســـەتی کوانتۆمی لەگـــەڵ ڕوانگەی نیۆتۆنی و کلاســـیک هەیەتی، ســـڕینەوەی ناوەندێتـــی و لەبەرچاوگرتنی تەواوی پێکهاتە و بەشـــەکانی سیاســـەتە. بەم پێیە پێویستە ڕێکخراوی سیاســـیی کورد هـــەوڵ بدات گوتـــاری کوردایەتی بە تـــەواوی ناوچە، گوند و شـــارەکانی کوردســـتاندا بڵاو بکاتەوە، واتە دەبێ ئەزموونی موکریان بۆ بەشـــەکانی تری کوردســـتان بگوازرێتەوە و هی ئەوێش بێنێت بـــۆ موکریان. هەڵبەت لەم بـــوارە لەم چەند ســـاڵەی دواییدا کار زۆر کراوە. سەبارەت بە باکووری رۆژهەڵاتی کوردســـتان ئەگەرچی لـــە زووەوە ناوەندی بزووتنـــەوەی نەتەوەیی کورد بووە، بـــەڵام بە هـــەر هۆیەک بێت، گوتاری کوردایەتـــی تۆزێک کەمرەنگ دێتە بەرچاو. باشـــووری رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئێســـتا لە ڕووی هۆشـــیاریی نەتەوەییەوە لە گەشـــەیەکی بێوێنە دایە، بـــەڵام تەواو نییـــە و دەبێ پـــەرەی پـــێ بدرێت. جگە لە باشـــوور و باکووری رۆژهەڵات، پێویستە خەباتـــی کوردایەتی ببرێتە نـــاو کوردەکانی خۆراســـان و خەبات بە تەواوی گشـــتگیر بکرێت.

۵- خەباتـــی پێشـــمەرگە: کۆڵەکەی ســـەرەکیی خەباتـــی کـــورد هێـــزی پێشـــمەرگەیە. هێزی پێشـــمەرگە نەبێت، کـــورد هەرگیـــز دەســـەڵاتی سیاســـی بەدەســـتەوە نابێت، ئەگەریش وەدەســـتی بێنێت، لێی دەســـتێندرێتەوە. کێشەی کورد کێشـــەی خاکـــە، خاکیش بەبـــێ هێزی نیزامی نە ڕزگار دەکرێـــت و نە دەپارێزرێت. سیاســـەتمەداری کورد دەبـــێ بزانێت کە شـــەو و ڕۆژ، مانگ و ساڵ، خۆی موتەمەدین بنوێنێت، کراوات لە مـــل لەگەڵ داگیرکەر دانیشـــێت و لە ڕاگەیاندنەکانیانـــدا بە "بێ لەهجە" قســـەیان بۆ بـــکات، بایی تووڕێک قازانجـــی نییـــە؛ زۆر زۆر ڕەنگـــە بتوانێت خـــۆی وەک ئێرانییەکی دێرین و ڕیشـــەدار بۆیان بســـەلمێنێت. ئـــەوەی گرینگە دەبێ هێزی پێشـــمەرگەی کورد ئامـــادە بێت بۆ کاتی خـــۆی هەتا کوردســـتان ڕزگار بکات و پاشـــانیش بیپارێزێت. تەنانـــەت پێم وایە کە بـــەردی بناغەی دیپلۆماســـیی کورد لە پـــاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، لەســـەر خەندەقێک هەڵدەچنرێت کە پێشـــمەرگە هەڵیدەکـــەن؛ کەوابـــوو دەبـــێ ئەوەندەی پێمـــان دەکرێت ئەم بەشـــە لـــە خەبات بەهێـــز بکەین.

۶- دەبـــێ لـــە ڕوانگـــەی نیۆتۆنیـــی سیاســـەت بێینە دەرێ و پێمـــان وا نەبێت کە ڕێژیـــم ڕووخا ئەوە حەتمـــەن مافمان دەدرێتـــێ و دەپارێزرێـــت. نەخێر وا نییە، نە قـــەراڕە ئێران دیموکراتیـــزە بکرێت و نە ئەو دیموکراتییـــە لاوازەی قـــەراڕە جێگیر بێت، مافی کەمینە دەپارێزێت. ئـــەوەی دەتوانێت پارێزەری کـــورد بێت، هێـــزی جەماوەر و هێزی پێشـــمەرگە و دیپلۆماسیی هەڵقوڵاو

لەو دووانەیە. مەبەست کەمرەنگکردنەوەی بایەخی دیموکراسی نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئەستەمە لەسەر کولتووری سیاسیی نەتەوەی فارس، دیموکراسیی پایەدار ڕابنرێت. کەوابوو حیساب و کتابی بیرکارییانە و خوێندنەوەی پۆزیتەیڤیستی وڵامدەر نابێت؛ چونکە یاریکەرانی دنیای سیاسەت ژمارەکان نین کە وەک زانستی بیرکاری بە فۆرموڵ حیسابیان بکەین. کەوابوو ڕێگا چارە هێزە؛ هێزی سەربازی، هێزی ڕێکخستن، هێزی ئابووری و دوای ئەوانیش دیپلۆماسی، هەڵبەت دیپلۆماسیی پشتبەستوو بەم هێزانەی باسمان کرد. کورد دەبێ بە هەر جۆرێک بێت سیستەمی زاڵ بشێوێنێت و ئاڵۆزی ساز بکات. یاری کردن وەکوو ئەکتەرێکی ئاسایی و ڕام و ملکەچ لە چوارچێوەی سیستەمێکی ساەدا چی لێ وەدەست ناکەوێت. کورد دەبێ بە ڕوانگەیەکی کوانتۆمی ئاڵۆزی ساز بکات و دۆخەکە بشێوێنێت. وەک ئەوەی د. قاسملوو دەیکرد، نەک ئەوەی ئێستا دەیکەین کە من پێی دەڵێم "تیۆفیپڵۆماسی". بەشێک لە سیاسەتمەدارانی کورد شەو و ڕۆژ خەریکن لە تەلەڤزیۆنی فارسەکاندا، کۆت و شەڵوار لەبەر، کراوات لە مل، سوێندیان بۆ دەخۆن کە کورد "تجزیهطلب" نییە. داعش و تاڵیبان چەندە مافی تەلاق بە ژن ڕەوا دەبینن، داگیرکەری ئێرانیش هەر ئەوەندە مافی نەتەوەیی تۆ قەبووڵ دەکات، مەگەر بە زەبری هێز وەکوو ژەهر بە گەرووید ا بکەیت.

۷- سیاسەت و ئەخلاق: سەبارەت بە ئەم بابەتە، کورد بە گشتی و حیزبی دیموکرات بەتایبەتی، ئەخلاقی لەبەرچاو گرتووە و ئوسووڵەکانی شەڕ و ئاشتیی پاراستووە. لە کولتووری نەتەوەی فارسدا شتێک بە ناوی ئەخلاق لە سیاسەتدا نییە. هێزی سیاسیی فارس، بە ڕاست و چەپیانەوە، ماکیاڤێلییانە دەڕوانن سیاسەت و سیاسەت بۆ ئەوان گەیشتن بە ئامانجە بە هەر نرخێک بێت و هەمیشەش جێی ئامراز و ئامانجیان گۆڕیوە و گنجیشیان پێدا نەهاتۆتەوە. بەڵام کوردی ڕۆژهەڵات، ئامانجێکی پیرۆزی نەکردووەتە قوربانیی ئامرازێکی پیس؛ کەچی داگیرکەری ئێرانی بە دڵی خۆی کردوویەتی و دەشیکات. ئەم ڕێبازە نائەخلاقییەش لە ناخی فەرهەنگیاندایە. چۆنیەتیی شەهیدکرانی سمکۆی شکاک، پێشەوای مەزن و د. قاسملووی هەڵکەوتە، دەرخەری ئەم ڕاستییەن.

بە کورتی، سیاسەت لە فەرهەنگی فارسدا بەتەواوی لە ئەخلاق جیا کراوەتەوە و گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی ئامانجێتی؛ لە حاڵێکدا لە کولتووری کورد و بەتایبەت حیزبی دیموکراتدا، دەسەڵاتی سیاسی ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئامانجیش بەختەوەریی کۆمەڵگە و ژیانی خۆش و ئازاد بۆ تاکی کورده. ڕیشەی ئەم ڕوانگەیە بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە. لە حیکمەتی سیاسیی یۆنانی کۆن لە چوارچێوە هزری ئەفلاتوون و ئەرەستووداً، سیاسەت بە ئەخلاقی دەستەجەمعی و ئەخلاق بە سیاسەت لە ئاستی تاکەکەسیدا پێناسە دەکرا. سیاسەت واتای ڕێگا خۆش کردن بۆ گەیشتن بە بەختەوەری و خۆشبەختیی مرۆڤی دەدا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، بە عەمەل ئەم نەریتەی هێنایە ناو سیاسەتی کوردەوە. پێشەوا بە جۆری سیاسەتکردنی لە سەردەمی کۆماردا و چۆنیەتیی شەهیدبوونی، بەردی بناغەی ئەم نەریتە ئەخلاقییەی دانا. پاشانیش، د. قاسملوو لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام بوو، پەرەی پێ دا و چوارچێوەی هزریی بۆ دارشت. هەردووکیانیش لەم ڕێگەیەدا تێدا چوون. دەتوانین بێژین

که ئاخێزگەی سیاسەت-ئەخلاقی کوردی ڕۆژهەلاّت، له هزر و هەلّسوکەوتی پێشەوا و د. قاسملووه سەرچاوەی گرتووه. یەکێک لە جیاوازییەکانی کولتووری سیاسیی ڕۆژهەلاّتی کوردستان لەگەلّ پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕێک ئەم نەریتە پیرۆزەیە. هەر ئەم نەریتە پیرۆزە کارێکی کردووه که له نێوان جاش و باش سنوور دابنرێت و هەر کەس لار بڕوات گەل سزای بدات، نەک خەلاّتی بکات. کەچی له بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەم سنووره شێوێنراوه. سەبارەت به نەتەوەی فارسیش، دەکرێت بلّێین پەیوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت له کولتووری ئەواندا لە ئەندێشەی کەسانێکی وەک خاجه نیزامولملکی تووسی و موحەققی کەرەکی و کەسانی لەم چەشنە سەرچاوه دەگرێت. جیاوازییەکەش دیاره، ئەندێشەی ئەوان که کۆکەرەوەی کولتوور و ئەندێشەی سیاسیی ئێرانی پێش و پاش ئیسلامه، گەیشتن به دەسەلاّت و پاراستنی هێز و ئۆتۆریتەیه به هەر نرخێک بێت.

ئێستا کورد دەبێ چ بکات؟ ئاخۆ ئەویش دەبێ دەستبەرداری ئەخلاق بێت یان هەر وەک پێشوو لە چوارچێوەی ئەخلاقدا سیاسەتی خۆی بەرەو پێش ببات و وەک هەمیشە زەرەرمەند بێت؟ یەکەم ئەوەی که حیزبه سیاسییەکانی کورد دەبێ نیسبەت به یەکتر نەریتی ئەخلاقیی پێشوو هەروا دڕێژە پێ بدەن، بەلاّم لەگەلّ دوژمن پێم وا نییه ئەوه دروست بێت، بەلّکوو دەبێ بە زمانی خۆیان و وەک خۆیان هەلّسوکەوتیان لەگەلّ بکەین. بۆ نموونه سەبارەت به دیالۆگ، لەگەلّ ئەوەی هەمیشە ئەهلی گفتوگۆ بمێنینەوه و پابەندی ئوسوولی گفتوگۆ بین، نابێت هێلّی سووری خۆمان کە بەرژەوەندیی نەتەوەییمانه ببەزێنین. کاتێک دەتوانیت لەگەلّ لایەنێک دانیشیت که لایەنی بەرانبەر، وەکوو بوونەوەرێکی واقعی و حقووقی به ڕەسمیت بناسێت؛ واته وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن ماف دانت پێدا بنێت. دوای ئەوەی ئەومان به لایەنی بەرانبەر قەبوولّ کرد، زەمینەی دانیشتن پێک دێت، دەنا بێکەلّکه. فەلسەفەشی ناوێت، کابرا دان به بوونی حەقیقی و حقووقیتدا نەنێت، قەت هاوکاریی ڕاستەقینەت ناکات و قەتیشت مافت ناداتێ. ئەوەش بزانین دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەلّ داگیرکەر زەمینەی دیکەشی دەوێت، زەمینەکەش ئەوەیه هێلّی سوورمان هەبێت، زەمینەی خەباتی مەدەنی، تەشکیلاتی و پێشمەرگانەیه. ئەوانه دەتوانن هەلومەرجی گفتوگۆی ڕاستەقینه ساز کەن نەک وەلانانی هەموو مەرجێک. نابێ بشترسێین و بکەوینه بەر تەوژمی پرۆپاگەندە و هات و هاواری نەتەوەی بالاّدەست. له سەردەمی بزووتنەوەی ژینادا هەندێک لایەن و سیاسەتمەدار چونکه ئاشنای سیاسەتی وردبینانەی کوانتۆمی نەبوون، له چوارچێوەی سیاسەتی کلاسیکدا، لە ژێر باندۆڕی تەبلیغاتی نەتەوەی بالاّدەستدا، وایان زانی ڕەزا پەهلەوی تەنیا بژاردەی دوای کۆماری ئیسلامییه و حەقیقەتی موتلّەقه و دەبێ کورد قەبوولّی کات. هەر لەو کاتەدا بوو که کاک مستەفا هیجری بوێرانە و وردبینانه ڕایگەیاند ئێمه لەگەلّ ڕەزا پەهلەوی دانانیشین. ئێستا ڕوون بووەتەوه ئەم سیاسەتە چەندە دروست بووه، کەواته نابێت لاواز و ترسەنۆک بین و هەر ڕووداوێک هاته پێش دەست و پێی خۆمان ون کەین. جگه لەوه پێویستە وزەی

خۆمان خەرجی دانیشتن لەگەڵ کەسانێک نەکەین کە بەقەد ئەو حەشیمەتەی لە کاتی کۆڕۆنادا لە قەپانە کۆنەکەی بۆکان بۆ سەودا و مەعامەلە کۆ دەبوونەوە، لە ئێران لایەنگریان نییە.

٨- بوون بە ئەکتەرێکی بەهێزی نادەوڵەتی: لە پاش یازدەی سێپتەمبەرەوە، لەتەک ئەکتەرە دەوڵەتییەکان، ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و خەریکی چالاکین؛ ئەوەش نیشانەیەکی تری لە سیاسەتی سەردەمی کوانتۆمی. هەنووکە وەک پێشوو نەماوە کە تەنیا دەوڵەت و ڕێکخراوە ڕەسمییەکان بواری چالاکییان هەبێت. ئێستاکە ڕێکخراو و پێکهاتە نادەوڵەتی و خۆجێییەکانیش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە ڕەسمی دەناسرێن. هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم مۆدێلە کوانتۆمییەیە. ڕۆژئاوای کوردستانیش خەریکە خۆی دەخاتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی. ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە داهاتوودا دەتوانێت ئەم کارە بکات، بەڵام بە مەرجێک خۆی بۆ ئامادە بکات، بەڵام بەبێ چالاکیی پێشمەرگە و خەباتی مەدەنی ئەستەمە کە بکرێت بچینە ناو ئەم قۆناغە نوێیەوە.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئەمە بڵێین کە سیاسەتی کلاسیک، پێی وایە سیاسەت دیاردەیەکە کە لە یاسا و ڕێسای دیار و هەمیشەیی پەیڕەوی دەکات، بۆیە دەکرێت ڕەفتاری سیاسیی مرۆ وەک دیاردەگەلی فیزیکی پێشبینی بکرێن. لە بەرانبەردا، ڕوانگەی کوانتۆمی پێی وایە کە سیاسەتی سەردەم لەگەڵ دەیە و سەدەکانی ڕابردوو جیاوازیی هەیە و ئێستا لەگەڵ کۆمەڵێک دیاردەی وەک گۆڕانی لەناکاوی ڕای گشتی، دارمانی نەزمە جێگیرەکان، دووبارە سازبوونەوەی پێکهاتە کۆنەکان و زۆر شتی ورد بەڵام کاریگەر ڕووبەڕووین و دیاردەکان پتر لەوەی خەتتی بن، لەتلەت و ئاڵۆزن؛ کەوابوو پێشبینی زۆر دژوارە و ئەگەریش بکرێت ئیحتمالی و ناحەتمییە. لە ئاوا دۆخێکدا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز (بزووتنەوەی ژینا)، لە لایەن جوولانەوەیەکی هەتا سەر ئێستاقان کۆنەپەرەستانەوە (شاپەرستەکان) بە لارێدا دەبرێت. لە ئاوا دۆخێکدا، بەداخەوە ئەخلاق بە یەکجاری لە سیاسەت ون دەبێت و سەرت لێ دەشێوێت. بۆ نموونە لە ئێران خەڵک دەبینیت هاوکات ڕێفۆرمیست، خۆپارێز، ڕووخێنەر، ئازادیخواز، نیشتمانپەروەر، دژە نیشتمان و سەڵتەنەتخوازە. لە کوردستان کەس و هێزی سیاسیت وەگیر دەکەوێت هاوکات چەپ و ڕاستە، خۆی بە نەتەوەخواز دەزانێت بەڵام دژی دەوڵەتی کوردییە، ئەلف تا یای قسەکانی باسی یەکڕیزییە، کەچی بۆ چووکەترین قازانجی تاکەکەسی خۆ دەهاوێتە باوەشی گەورەترین دوژمنی کورد؛ خۆی پێ دووربینە بەڵام نووکی پێڵاوەکانی خۆی ناتوانێت ببینێت. پاش ئەم هەموو شکستەشی کە ئاکامی ڕوانگەی نیۆتۆنی و فکرە ماکیاڤیلیستییەکەیەتی، شەو و ڕۆژ بەردی یەکڕیزی لە سینگ دەدات و وەکوو تاقانە پیری خاوەن بەبیر و تەدبیر خۆی دەنوێنێت.

دواوتە: وا باشە هێزی سیاسیی نەتەوەیی، ڕوانگەی کلاسیک بۆ سیاسەت وەلانێت. بزانێت ئەگەر بەشێکی دنیای سیاسەت بە چاو دەبینرێت و دەکرێت بە ماشێن حیساب بکرێت، بەشێکی زۆری هەیە کە نە دەبینرێت و نە بە ماشێن‌حیساب لێک دەدرێتەوە؛ چونکە دنیای سیاسەت دنیای بیرکاری و فیزیک نییە. تێبگات چەندە ئەگەری پێشڤەچوونی سیاسی هەیە هەتا لە ژێر سێبەریدا

به مافەکانی بـــگات، ئەوەنـــدەش ئەگەری گەڕانەوە بـــۆ دواوە و دووبارە بەرهەمهاتنەوەی سیســـتم و بیری سیاســـیی کـــۆن هەیە. دان بـــەوەدا بنێـــت کـــە لە سیاســـەتی جیهان بە گشـــتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتـــی، ئەخلاق بە ســـاڵی ڕووناکی لە سیاســـەت دوورە. واز لە تیۆرپلۆماسی بێنێت و دیپلۆماســـیی پشـــتگەرم بە هێز و زانست بکات. شـــاکلیلی حەلی قەزیـــەی کورد نە لـــە تاران، بەڵکـــوو لە کوردســـتانە، بەردی بناغەی ئـــەم چارەیەش نـــە گفتوگۆی بێ ســـنوور و ڕەها، بەڵکوو هێـــزە، هێزە، هێز. بنەمـــای هێزیش بۆ کوردی بـــێ پارە و بێ پشـــتیوان "پشـــتیوانیی گەل، یەکگرتوویی ڕاســـتەقینە؛ خەباتی مەدەنیی ســـەربەخۆ و ڕادیکاڵ، خەباتی پێشـــەرگانە، ڕاگەیاندنی ئەمرۆیی، تەشـــکیلاتی چالاک و سەرکردەی ئـــازا و نەترس و ئەهلی ڕیســـکە".

شەڕی ساردی ئێران لەگەڵ ئوروپا یا میژووونووسین بە هونەری شێوەکاری

ئەنوەر سوڵتانی

ئەم دێرانە سەبارەت بە تابلۆیەکی مێژوویی سەردەمی رێنێسانس نووسراون کە وێنەکێشێکی ناسراوی ئیتالیایی بە ناوی "پاولۆ ڤێرۆنیز" [1] لە ساڵانی نێوان١٥٦٥ و ١٥٦٧دا کێشاویەتەوە و ئێستا لە "ناشنالّ گالێری"ی شاری لەندەن پارێزراوە. وێنەکە دوا ساتەکانی ئیمپراتۆریی هەخامەنیشی (ئەخمینی) لە ساڵی ٣٣٠ پێش زایین پیشاندەدات کاتێ کە بە گوێرەی هەواڵی مێژوونووسانی ئوروپایی، "داریووشی سێیەم" دوایین شای هەخامەنیشی، بە برینداری لە دەست ئەسکەندەری مەقدوونی هەڵدێت، حکوومەتی هەخامەنیشی کۆتایی پێدێ و کەسوکاری شای هەڵاتوو دەچنە بەردەم ئەسکەندەر بۆ ئەوەی تکای هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی فاتیحانی یۆنانی لەگەڵ بنەماڵەی خۆیان بکەن. شەڕی یۆنان و هەخامەنیشییەکان لە ڕاستیدا پێش ئەسکەندەر، لە ساڵی ۴۹۹ ی پێش زایینداً دەستیپێکردبوو. بەڵام ئەسکەندەر لە شەڕی ساڵی ٣٣٠ ی پێش زایینداً تەختی جەمشید (پێرسپۆلیس)ی گرت، ئاگری تێبەردا و کۆتایی بە دەسەڵاتی هەخامەنیشییەکان هێنا. پاشان خۆی و جێگرەوەکانی واتە'سلووکیان' نزیکەی ٢٥٠ ساڵ لە ئێران حکوومەتیان کرد .

هۆکاری نووسینی بابەتەکە بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی وێنەیەک لە پەیکەرێکی هەڵکەندراوی سەر بەردی 'نەقشی ڕۆستەم'ی نزیک 'تەختی جەمشید'ی ئێران بوو لە ناو مێدیای ئێرانی ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیدا؛ بە تایبەت دانرانی کۆپییەکی تازەی ئەو پەیکەرە لە گۆڕەپانێکی شاری تاران، کە تێایدا بە گوێرەی قسەی مێژوونووسان، والێریەن [2] ئیمپراتۆری ڕۆم لە بەر سمی ئەسپی شاپووری یەکەم، شای ئێرانی ساسانی، چۆکی داداوە و لێی دەپارێتەوە. گوایە ئەو پەیکەرە دوای شەڕی 'ئێدێسا'(ئەڕەها)ی ساڵی ٢٦٠ ی زایینی لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەکە لەسەر بەرد هەڵکەندراوە؛ لەو شەڕەدا، بە گوێرەی سەرچاوە ئێرانییەکان، سوپای ڕۆم تووشی شکستێکی گەورە هات و ئیمۆراتۆروالێریەن بە دیل گیرا و برایە بەردەم شای ئێران.

خەڵکانی زێدەڕۆ، دوای شکستی ئێران لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ماڵنگی حەوتی ٢٠٢٥ ی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا، لە پێناو زیندوو ڕاگرتنی ڕۆحیەتی شەڕ و بەربەرەکانیی خەڵک و سوپای ئێران، کەڵکیان لەو پەیکەرە کۆنە وەرگرت بۆ ئەوەی بە ڕۆژئاواییەکان بڵێن لەبیرتان نەچێ ئێمە هەر ئەو میللەتەین وا توانیمان ئەتکێکی ئەوتۆتان بەسەربێنین و ئێستاش دەتوانین ببینەوە هەمان هێزی شەڕکەر و تێکتان بشکێنین.

جیا لە لایەنی پووچ و بەتاڵی ئەو هەڕەشە و گوڕەشەیەی ئەمڕۆ، کە حکوومەتی ئێران تێیدا مامۆستایە، بە گوێرەی مێژوو، شەڕی نێوان ڕۆمییەکان وەک جێگرەوەی ئیمپراتۆریەتی یۆنان، لەگەڵ ئێرانی سەردەمی ئەشکانییان لە ساڵی ٥٣ ی پێش زایینداً دەستی پێکرد و ماوە بە ماوە بۆ ٧ سەدە و تا دواهەناسەی زنجیرەی ساسانی بە دەست عەرەب درێژەی کێشا. لەو ماوە دوورودرێژەدا جار وا هەبوو سوپای لایەنێک سەردەکەوت و بەشێک لە خاکی دژبەرەکەی بۆ خۆی دادەبڕی، جارێکی دیکە بە پێچەوانە، ئەویتریان سەرکەوتوو دەبوو و دەهاتە ناو خاکی ئەمیانەوە. تەنانەت لە دوو دەرفەتی جیاوازی شەشەم و حەوتەمی زایینیدا، سوپای ئیمپراتۆرانی ڕۆم 'مۆریس' و 'هێراکلیوس' تا ئەوپەڕی ئاورگەی شیز و گەنجینەی گەنزەک لە تەختی سولەیمانی ئێستای نزیک تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب) لە ڕۆژهەڵاتی سەقز و بۆکان هات و گەیشتە دەور وپشتی شاری مەراغەش. ئەنجامی ئەو شەڕە بێ واتایە، لاوازیی لەڕادەبەدەری هەردوو حکوومەتی ڕۆم و ئێران و سەرکەوتنی سوپای کەمدەرەتانی عەرەبی موسوڵمان بوو



پەیکەری 'نەقشی ڕۆستەم' مەرو دەشت، پارێزگای فارس

بەســـەر هەردوولایاندا و هەڵوەشانەوەی هەردوو ئیمپراتۆریەتـــە زلهێزەکانی ناوچـــە لە ماوەی کەمی نێوان ســـاڵانی ٦٢٨ و ٦٣٦ی زایینیدا. ئەوانەی گوترا، هەندێ ڕوونکردنەوەی مێژوویی بوون بۆ چوونـــە ناو بابەتی ســـەرەکیی وتە وێنەکەی سەدەی شـــازدەهەمی پاولۆ ڤێرۆنیز و پەیکەرەکەی نـــاو ئێران.

یەکەم، پەیکەری 'نەقشی ڕۆستەم' لە ئێران

شـــوێنی ئەو پەیکـــەرە بەردینـــە کەوتۆتە گوندێکـــی نزیک شـــاری مەرودەشـــت لە پارێزگای فـــارس، کە تەنیـــا ٦ کیلۆمەتر لە بەری باکـــووری 'تەختی جەمشـــید' و ٨٠ کیلۆمەتر لە 'پاســـارگاد'- دوو شـــوێنەواری ناســـراوی مێژوویی لە ئێرانی ئەمـــڕۆ دوورە. ناوچەکـــە چەنـــد شـــوێنەواری مێژوویی پەیوەندیدار بـــە ســـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عیلام و ئێرانی ســـەردەمی هەخامەنیشـــی تا ساســـانی لێیە کە پەیکەری جێگەی باســـی ئەم وتـــارەش یەک لەوانە. درێژایی شـــوێنی پەیکەرەکە ١١ مەتـــر و پانتاییەکەی ٥ مەترە. لەوێدا ســـوارەیەک دەبینرێ کـــە دەگوترێ شـــاپووری یەکەمی ئەشکانی بێت و کەسێک بە پێـــوە لەبەردەمیـــدا ڕاوەســـتاوە و یەکی دیکەش لەبەردەمیدا، چۆکـــی داداوە. دەگوترێ ئەودوو کەســـە هەردوکیـــان ئیمپراتۆرانی ڕۆم بن و ئـــەوی وا چۆکی داداوە والێریەن و ئەویتر، فیلیـــپ بێت کـــە ئێرانییەکان لە شـــەڕی ئێدیســـادا (٢٦٠ زایینی) شکاندیانن و بە دیلی و بۆ بێگاری پێکردن هێنایانن باشـــووری ئێران. ئەوە هەمان ئەو پەیکەرەیە کە بەشـــێکی زۆر لە ئێرانییەکانی ئەمڕۆ شـــانازیی پێوە دەکەن.

دووەم، وێنەی پاولۆ ڤێرۆنیزی لە ناشنالْ گالێری لەندەن

دوای زاڵبوونـــی عـــەرەب بە ســـەر ئێران و ڕۆمدا، ولاتانـــی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاســـت لە ژێر سێبەری قورســـی ئایدیۆلۆجیا و ئاییندا، لە نیعمەتی ئەو هونەرانـــە بێبەش مانەوە و هیچ هونەرمەندێکی ڕەسسام نەیتوانی چیتر وێنەی مرۆڤ یا حەیوانێک بکێشـــێتەوە! لە ئەنجامدا هونەری شـــێوەکاری و پەیکەرسازی تا کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەهەم لە ئێران و بەگشتی ناوچەکەدا پشـــتگوێ خرا و ئەمڕۆ

هونەرمەنـــدی هاوچەرخی ولاتانی ئیسلامیی ئـــەو بوارانە، دەبـــێ بتوانێ بـــە تاقی تەنیا ئەو دواکەوتوویی ۱۳۰۰ ســـاڵەیەی کاروانی هونـــەر قەرەبـــوو بکاتـــەوە واتـــە هەموو قۆناغەکان لە ســـەرەتاوە تا کۆتایـــی ببڕێت و پەیکەر بە شێوازێک بخوڵقێنێ کە هونەرمەندانی یۆنان و ناوچۆمان و میســـر چوارهەزارســـاڵ پێـــش ئـــەوان خوڵقاندبوویـــان؛ هەروەها هونەری شێوەکاریی ســـەدەکانی ناوەڕاستی ئوروپا، هونەری ســـەردەمی ڕێنسانســـی ئەو ولاتانە و هونەری هاوچـــەرخ و مۆدێرنی ڕۆژئاوا هەموویان بناســـێ لەبەر ئـــەوەی هیچ ڕێچکە و پێشـــینەیەکی مێژوویی لە ناوچەکـــەدا بوونی نەبووە کـــە ببێتە دەســـتمایەی کارەکانی و بتوانێ وەک هونەری شـــیعر، بەرەوپێشەوەی ببات. لە کاتێکدا ولاتانـــی ئوروپای ڕۆژئاوایی (ئیتالیا، فرانسە، بریتانیا و ...)، دوای سەدەکانی ناوەڕاســـت لـــە فـــەزای لیبراڵ و ئـــازادی کۆمەڵگاکەیانـــدا وەک فەلســـەفەی یۆنانیان وەرگرت، هونەری یۆنانیشـــیان کردە بنەمای کاری خۆیان و پەرەیان پێدا بەشـــێوەیەک کە هونەری ســـەردەمی ڕێنێسانس لە سەدەکانی ١٥ و ١٦ ی لێبەرهەمهات و درەنگتر گەیشتە هونەری کۆنســـێپتوالی ئەمڕۆ و بـــەردەوام بۆ پێشەوەتریش دەچێت.

تابلۆی ڤێرۆنیز لە ســـەدەی شازدەهەمی زایینداً لە شـــاری وێنیزی ئیتالیا کێشراوەتەوە و لە ناوەڕاستی ســـەدەی نۆزدەهەمدا بە ناشناڵ گالێریی لەندەن فرۆشـــراوە. تابلۆکە شانازکردنە بە ئەسکەندەی مەقدوونی وەک ئیمپراتۆرێکی یۆنان بەســـەر ئیمراتۆریەتی هەخامەنیشـــی ئێران و دامەزراندنـــی حکوومەتێکی یۆنانی لە شوێنی ئەو (ســـلووکییەکان)، کە ماوەی ٢٥٠ ســـاڵی ڕەبەق حاکمی ئێران بوو.



The Family of Darius before Alexander, Paolo Veronese, (1565–1570), Oil on Canvas, National Gallery, London

ناساندنێکی گشتیی هەردوو کارە هونەرییە ئێرانی و ئیتالییەکە

تابلۆکەی ڤێرۆنیز بە قەبارە گەلێـــک گەورەیە و تایبەتمەندییەکی کاری ئـــەو هونەرمەندەش کێشـــانەوەی تابلـــۆی وا قەبارە مـــەزن بووە. بەگوێـــرەی ڕاگەیاندنـــی ناشـــناڵ گالێری، هونەرمەندەکـــە لە نێوان ســـاڵانی ١٥٢٨ و

١٥٨٨ دا ژیـــاوە و ئـــەو کارە هونەرییەی لە ســـالانی ١٥٦٥ تا ٦٧ دا کێشاوەتەوە. درێژایی تابلۆکە ٤ مەتر و ٧٤٩ سانتیمەتر و پانتاییەکەی ٢ مەتر و٣٦٢ ســـانتیمەترە، بـــە ڕەنگی ڕۆن (زەیت) لەســـەر جاو کێشراوەتەوە. بنەماڵەیەک لە ئیتالیای ســـەدەی شـــازدەهەم داوایان لە هونەرمەندەکە کردووە تابلۆکەیان بۆبکێشێتەوە. گالێرییەکـــەی لەندەنیش لە ســـاڵی ١٨٥٧ کڕیویەتی و خســـتوویەتە بەرچاوی بینەران.

بە تەنیشـــت تابلۆکەوە کورتە زانیارییەک بـــە زمانی ئینگلیزی ســـەبارەت بـــە تابلۆ و هونەرمەندەکـــەی ڕاگەیەنـــراوە کـــە ئەوەی خـــوارەوە وەرگێـــڕاوە کوردییەکەیەتی:

"پاولۆقێرۆنیز

١٥٢٨-١٥٦٨

بنەماڵەی داریووش لەبەردەم ئەسکەندەر

١٥٦٥ - ١٥٦٧

ئەسکەندەری مەزن (٣٢٣ تا ٣٥٦ز) چاوی بە بنەماڵەی داریووشی ســـێیەم، ئیمپراتۆری تێکشـــکاوی ئێران (دەوروبەری ساڵانی ٣٨٠ تـــا ٣٣٠ی پێش زایین) دەکەوێت. 'سیســـی گامبیـــس'ی دایکـــی داریـــووش کە جلی مـــۆڕی لەبەردایە، بە هەڵە، ڕووی قســـەکانی لە 'هێپاســـتیۆن'ی هاوڕێی ئەسکەندەر دەکات، کە بە [کەســـایەتییە] سەرکەوتووەکەی دەزانێ. ئەســـکەندەر بە میهرەبانییەوە لێیدەبووڕێ.

نەقاشـــییەکە بە فەرمانـــی بنەماڵەی 'پیزانی' ی خەڵکی شـــاری قێنیز [ی ئیتالیا] کێشـــراوەتەوە. قێرۆنیز داستانەکەی ڕاگواستۆتە ســـەر زەمینەیەکی خەیاڵاویی پەیوەندیدار بە سەدەی شـــازدەهەمی [شاری] قێنیز. جووڵەی کەســـەکان لەبەردەم زەمینەی بیناسازیی لای پشتەوەی خۆیان، بە شـــێوەی ئەکتەری سەر شانۆ پیشاندراوە.

ڕەنگی ڕۆن (زەیت) لەســـەر کانوا، ساڵی ١٨٥٧ کڕدراوە."

ئەوەی خوارەوە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی تابلـــۆی پاولۆ فێرۆنیزە بە گوێرەی وێبســـایتی ناشنالْ گالێریی لەندەن:

Artist Name: **Paolo Veronese**
Artist Dates: **1528 - 1588**
Dated: **1565-7**
Medium: **Oil on Canvas**
Dimensions: **236.2 x 474.9 cm**
Credit Line: **Bought, 1857**
Object Number: **NG294**

ئەوەش ئەدرەسی وێبسایتی گالێرییەکە:
https://www.nationalgallery.org.uk/

ئەودێرانەی ســـەرەوە بـــۆ ڕوونکردنەوەی واقیعی دوو شـــێنەواری هونەری نووســـراون؛ ئامانج لە نووسینیان، جگە لە ناساندنی لایەنی هونەریی کارەکان، دەرخســـتنی ئەو ڕاستییەیە کە هەســـتی نەتەوە پەرســـتی وەک هەموو هەســـت و بۆچوونێکی دیکـــە، ئەگەر ببێتە کەرەسەی دەستی سیاســـەتی دەسەڵاتدارانی شەڕانخێو، دەتوانێ دوژمنایەتی و بەربەرەکانیی نێوان گـــەلان بەرهـــەم بێنێـــت و ببێتە هۆکارێـــک بـــۆ چەواشـــەکاریی مێژوویی و بەراوەژووکردنـــی واقیعی ڕابـــردوو لەخزمەت خواســـتە هەنووکەییەکانی دەســـەڵاتداران. ئەگەر شـــەڕی ئێران و یۆنان لە 'گوگمەل'ی نێـــوان هەولێر و مووســـڵ لە پایزی ســـاڵی ٣٣١ی پێـــش زاییـــن، گەیشـــتە ئەنجامی ســـەرکەوتوویی لایەنێکی ئوروپایی، ٥٨٩ ساڵ دواتر لە شـــەڕی ئیدێســـای نێـــوان ئێران و ڕۆمدا لایەنێکی دیکەی ئوروپایی تێکشـــکا و تەنانەت ئیمپراتۆر خۆی، بـــە دیل گیرا و برایە ئێران بۆ بێگاری پێکـــردن، هەرلەوێش کۆچی دوایی کرد! ئەوە دەرســـێکی گەورەی مێژووە بۆ ئەمڕۆی مرۆڤایەتی. شـــانازیکردنی نابەجێی لایەنێک بە هێزی ســـوپایی خۆی، دەگونجێ دوای گۆڕانی هەلومەرجی سیاســـی و نیزامی،

ببێته هۆی شکست و نشوستی دواڕۆژی هەمان ئەو لایەنە لەخۆباییە، لەبەر ئەوەی گونجاوە دواتر چەرخ بە باری پێچەوانەدا بگەڕێت و هەموو شانازییەکان ببنە قوربانیی شکستێکی گەورە. شەڕی ١٢ ڕۆژەی ساڵی ٢٠٢٥ ی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا ئەو ڕاستییەی بە باشی سەلماند و دیعایەی دوور لە عەقڵی مەلاکانی ئێرانی لە پێناو دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی شیعە لە ناوچەکە و هەرمشە لە جیهان بە هۆی بۆمبای ئەتۆمی و مووشەکەوە پووچەڵ کردەوە.

ئێستا چەندان سەدە بەسەر ئەو ڕووداوە مێژوویانەدا تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا؛

- ئیمپراتۆریەتی بەهێزی ڕۆم لە سەدەی چوارەمی زایینی دابەش بووە و دوو بەشی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتی (بیزانس) و لاوازیی ئەو زلهێزەی لێ بەرهەمهاتووە کە تا ئەمڕۆش کلیسای کاتۆلیک بە دەردیەوە دەنالێت و سەفەری ساڵی ٢٠٢١ی پاپا فرانسیسی ڤاتیکان بۆ هەولێر و 'ئوور'، هەروەها سەفەری مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٢٥ ی پاپا لێئۆ بۆ تورکیا و سەردانی کلیسای شاری ئیزنیک (نیقیە)، مەڵحەمێک بوون بۆ سەر ئەو برینە کۆنەی دووبەرەکی و پاشەکشەی مەسیحییەت لە ناوچەکە، وەک دەرئەنجامی ئەو دووبەرەکییە مێژووییە.

- لەشکری عەرەبی موسوڵمان لە سەدەی حەوتەمدا 'بیزانس'ی داگیر کردووە

- ئێرانی ساسانیش بە هەمان شێوەی بیزانس بەرگەی لەشکری عەرەبی نەگرتووە و بە هەڵاتنی یەزدگیردی سێیەم لەبەر سوپای عەرەب، ئیمپراتۆریەتی خۆی پێدۆڕاندوون

- پاشان تورکی عوسمانلی لە سەدەی پازدەهەمدا حوکمی عەرەبی لە عوسمانی بە مێژوو ئەسپاردووە، و حکوومەتی تورکی دامەزراندووە.

دیارە لەو ماوە دوورودرێژەدا سنووری ئەو وڵاتانە گەلێک شەڕ و پێکدادان و خوێنڕشتنی بەخۆیەوە بینیوە؛ گەلێک خاک داگیر کراوە؛ گەلێک ماڵ وێران بووە؛ گەلێک پاڵەوانی ئازا لە مەیدانی شەڕدا شەڵاڵی خوێن بوون و گەلێک شا و فەرمانڕەوای ترسنۆک ڕوو لە دۆست و پشت لە دۆژمن گۆڕەپانی شەڕیان بەجێهێشتووە. قارەمانانی ئازاش بوونەتە جێگەی شانازیی کۆمەڵانی خەڵک، تاقی زەفەریان بۆ هەڵبەستراوە، پەیکەری بەردینەیان بۆ دروست کراوە و ناویان چۆتە ناو کتێبی مێژووەوە. ئەوە شێوازێکی ئاسایی ڕەوتی مێژووە کە لە زۆر شوێنی جیهان بینراوە.

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە هەوڵێکی زۆر لەپێناو ئاشتی و برایەتی گەلان دەدرێت و لە ڕاستیشدا کۆمەڵێک کێشەی هاوبەشی مرۆڤایەتی وەک مەسەلەی پاراستنی سروشت و ژینگە و چارەسەری هەژاری ونەخۆشی و بێ ماڵ و حاڵیی بەشێکی زۆری مرۆڤی سەردەم، هەموو خەڵکی سەر گۆی زەوی بەیەکەوە دەبەستنەوە و چارەسەری گرفتەکانیش بە شێوەی تاک لایەنە و بە بێ هاوکاری و هاوپشتایەتی میللەتان لەکردن نایەت؛ ئەو شانازییە پڕوپووچ و بێ بنەمایانە ئەگەر بگەنە ڕادەیەک کە گرووپێک و گەلێک تەنیا خۆی ببینێت و سووکایەتی بە گەلانی دیکە بکات، وەک ئەوەی ترامپ لە ئەمریکا دەیکات، تەنیا دەتوانێ کاتی بێت و دەرس لە مێژووی پڕ لە گۆڕان و وەرچەرخان وەرناگرێت.

ئەو خاڵە سەرەکییە، گەلانی دراوسێی کورد و حکوومەتانی داگیرکەری خاکەکەشمان دەگرێتەوە و تەنانەت بۆ کورد خۆیشی ڕاستە! چەند ساڵێکە لە ڕێگەی میدیای مەجازییەوە دەبینین خەڵکانێ ناشارەزا بە شێوەیەکی بێ بنەما یا بە هۆکارێکی لاواز و خەیاڵاوی، نەژادی کورد دەبەنەوە سەر

ئیبراهیم پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل یا کاوەی ئاسنگەری ئەفسانەیی شانامە کە تەنانەت بوون و وجوودی جێگەی گومانی جیددییە، کەیخوسرەو و کەیقوبادی ئوستوورەیی، دەکەنە باپیرانی کورد، هۆنراوەیەکی سەدەی بیستەم وەک "هورموزگان رمان..."ی سەعیدخانی کوردستانی، دەگەڕێننەوە سەردەمی هێرشی عەرەب و شێرکۆ بێکەسی هەژار دەکەنە ئیمراتۆری شیعری جیهان...! لە کاتێکدا هیچکام لەو پەیوەندییە نەسەلماوانە گەورەیی بە کورد نابەخشن و مێژووەکەی دەوڵەمەند ناکەن.

دەوڵەمەندی و گەورەیی گەلان لە نیزامی نوێی جیهانیدا بەوەوە بەستراوە کە چییان پێییە، چی دەزانن و چ دیاردەیەک خەلاتی مێژووی مرۆڤایەتی دەکەن نەک دیعایەی بێ بنەما بە رابردوویەکی خەیاڵی و دوور لە باوەڕ. "نان ئەو نانەیە ئێستا لە خوانە" و تەواو! ئەوە حوکمی مێژووە بۆ کورد و ئێرانی و تورک و عەرەب و هەموو گەلانی جیهان.

لە کۆتاییدا، نووسەر بە ئەرکی خۆی دەزانێ سپاسی بەرپرسانی ناشنالّ گالێریی لەندەن بکات بۆ ئیجازەی میهرەبانانەی بڵاوکردنەوەی وێنەی شاکارێکی مێژوویی ناو کۆلێکسیۆنی خۆیان لەم وتارەدا.

پەراوێزەکان:

1- Paolo Veronese
2- Publius Licinius Valerianus

دەوڵەتی نێتوۆرکیی کوردستان:

پارادایمێکی نوێ بۆ سەروەریی دارایی و وەرگرتنەوەی داهاتوو لە سەردەمی دیجیتاڵیدا

ئاژوان نەکەرۆز

پوختە

کـورد کـە لە سیسـتەمی نێودەوڵەتیدا گەورەتریـن نەتـەوەی بێدەوڵەتە کە وەکوو مۆدێلە کلاسـیکیەکەی وێستفالیا، بەرەوڕووی چەقبەستوویی ژیۆپۆلەتیک بووەتەوە. لە کاتێکدا تیۆرییە سیاسییە مۆدێرنەکان لە ڕۆژئاوا بەرەو "پۆست ناسیۆنالیزم" هەنگاویان ناوە، کوردستان هێشتا لە خەباتدایە بۆ چەسپاندنی مافی سەرەتاییی خـۆی لەمەڕ "سـەروەریی سیاسـی". ئـەم توێژینەوەیە بە کەڵکوەرگرتن لـە تیۆریی "دەوڵەتی نێتـوۆرک" و لۆکاڵیزەکردنـی ڕەخنەگرانـە، گرینمانەی فـەزای دیجیتاڵی وەکوو "مەڵبەندێکی کاتـی" بە بنەما دەگرێت بۆ مومارەسـەی حاکمیەت و گەیشـتن بە سـەروەریی دارایی. بە پێچەوانەی بیرۆکەی سـەرەکیی ئەم تیۆرییە کە دەوڵەتی نێتوۆرک وەک "جێگرەوەیەک" بۆ دەوڵەت-نەتەوە دەناسێنێت، مۆدێلی پێشنیارکراو لەم وتارەدا، ئەم پێکهاتەیە وەکوو "بزوێنەر" و "پێشمەرجێکی ستراتیژیک" بۆ گەیشتن بە دەوڵەت-نەتەوە شی دەکاتەوە. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دەوڵەتی نێتوۆرکی کوردسـتان وەک جێگرەوەی دەوڵەتی فیزیکی ڕەچاو نـاکات و فەزای دیجیتاڵییـش وەک پەناگەیـەک بۆ دەربازبوون لە واقیع تێبینی ناکات، بەڵکـوو دەبێ وەک "بیاڤێکی کاتی" لەبەرچاو بگیرێت بۆ پراکتیزەکردنی سەروەریی سیاسی، گەیشتن بە دارایییەکی سەربەخۆ و هەروەها بنیاتنانی دیپلۆماسییەکی گشتی، تاوەکوو ببێت بە مۆدێلێک و لە کاتی گونجاودا "ڕاگواستە" بۆ دەسەڵاتی عەینی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

پێشەکی

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، دوای واژۆکردنی پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) و دیاریکردنی سنووری دەستکردەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، واقیعێکی دیموگرافی و مێژوویی پشتگوێ خرا؛ نەتەوەیەک کە زۆرینەی رەهای دانیشتوانی لەسەر خاکی خۆیان دەژیان، لە نێوان چوار پێکهاتەی سیاسی دابەش دەکرێ و بەم چەشنە لە دەوڵەت بێبەری کرا.[١] ئەم ڕووداوە دەستپێکی سەردەمی "بێدەوڵەتی" (Stateless-ness) بوو کە کورد نەک وەک هاووڵاتی خاوەن ماف، بەڵکوو وەک کەمایەتییەکی ئەمنی پێناسە دەکرا. بۆ ماوەی سەدەیەک ستراتیژیی مانەوەی کورد بریتی بوو لە "پەنابردنە بەر شاخ" و بەرەنگاریی فیزیکی بۆ پاراستنی "خاک".[١] نەبوونی دەوڵەت تەنیا بە مانای نەبوونی سنووریکی دیاریکراو نییە؛ بەڵکوو بووەتە هۆی نەبوونی ئامرازە گرنگەکانی سەروەری، بە تایبەت "دراوی نیشتمانی" و "خۆسەریی دامەزراوەیی". پرسیاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ململانێ سیاسییە نەریتییەکان بوونەتە هۆی پشتگوێخستنی ڕەهەندی "ئابووریی سیاسی". سەربەخۆیی سیاسی بەبێ سەربەخۆیی دارایی مومکین نابێت، بۆ نموونە ئابووریی کوردستان لە سەردەمی بێدەوڵەتیدا لەژێر باندۆری کۆلۆنیالیزمێکی دراویدایە وەها کە هەڵاوسان و ناسەقامگیریی ئابووری لە ناوەندی دەسەڵات، دەتوانێ دۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانیش ناجێگیر بکات.[٢]

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، «تەکنەلۆژیای دەفتەری ژمێریاریی دابەشکراو» (DLT) و بلۆکچەین ڕێگایان بۆ دامەزراندنی فۆرمێک لە "سەروەریی دارایی" و "سەروەریی دامەزراوەیی" لە فەزای دیجیتاڵیدا خۆش کردووە کە سەروەریی سیاسیی وەک پێشمەرج لەبەرچاو ناگرێت و دەکرێت ئەم فۆرمە سەرەتایەک بێت بۆ وەدیهاتنی سەروەریی سیاسی کوردستان. ئەم بابەتە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بداتەوە چۆن دەتوانرێت "سەروەریی دیجیتاڵی" (Digital Sovereignty) وەکوو سەکۆیەک بۆ بەدیهێنانی "سەروەریی سیاسیی" دەکار بکات؟ لەم بابەتەدا دەوڵەتی نێتووڕک وەک گریمانەیەک بە بنەما دەگرم بۆ دۆزینەوەی بازنە ونبووەکەی نێوان دۆخی ئێستا و دەوڵەتیی نەتەوەیی کوردلەداهاتوودا.

بنەما تیۆریەکان: دەوڵەتی نێتووڕک چییە؟

پێش ئەوەی ئەم مۆدێلە بۆ کوردستان لەبەرچاو بگرین، پێویستە ناوەڕۆکی تیۆریی "دەوڵەتی نێتووڕک" شی بکەینەوە. ئەم تیۆرییە وەڵامێکە بۆ ناکارامەبوونی دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکان لە سەردەمی ئینتەرنێتدا و ڕێگایەکی نوێ بۆ پێکهێنانی سەروەری پێشنیار دەکات. بالاجی سرینیڤاسان (Balaji Srinivasan) دەوڵەتی نێتووڕک بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "دەوڵەتێکی ئۆنلاین، کە زۆر لێک گرێدراوە لەگەڵ هاووڵاتییە پەرش و بڵاوەکانی، سەرمایەی کۆمەڵگە بۆ کرینی خاک و بەدەستهێنانی داننانی دیپلۆماتیک لە لایەن دەوڵەتانەوە، هەڵدەچنێت".[٣] ئەم مۆدێلە لەسەر چەند کۆڵەکەی بنەڕەتی دامەزراوە کە خۆی لە مۆدێلە کلاسیکییەکان جیا دەکاتەوە (وەک جیابوونەوە لە ڕێگای خەباتی چەکداریی‌ەوە).

١-٢. سەرەتا هەور، پاشان خاک (Cloud First, Land Last): بە پێچەوانەی حکومەتە نەریتییەکان کە سەرەتا بە خاکان دابین کردووە، دەوڵەتی نێتووڕک "کۆمەڵگەی ستارتاپ" (Startup Society) لە فەزای دیجیتاڵیدا دادەمەزرێنێت. ئەندامانی ئەم پێکهاتەیە نەک بەپێی شوێنی لەدایکبوون، بەڵکوو بە "داهێنانی

ئەخلاقی "Moral Innovation" یان ڕێککەوتن لەسەر بەها هاوبەشەکان کۆ دەبنەوە. کاتێک ئەم کۆمەڵگەیە لە فەزای هەوردا پێ دەگات و ژمارەی هاووڵاتیان و سامانەکانیان ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەوجار هەوڵ بۆ کڕین یا بەکرێگرتنی خاک لە جیهانی ڕاستەقینە دەدەن.[٥]

٢-٢. کۆمەڵە دورگەی نێتووەرکی (The Network Archipelago): چەمکی مەڵبەند لەم تیۆرییەدا گۆڕاوە. مەرج نییە دەوڵەتی نێتووەرک پارچە زەوییەکی پێکبەستراوە بێت (وەک لە نەخشەکانی ئێستای جیهاندا)، بەڵکوو دەتوانێت کۆمەڵێک لە هەزاران خاڵ بێت کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە (شووقە، شاروچکە، ناوچەی ئازاد) کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و بەپێی یەک یاسا بەڕێوە دەچن. سرینیقاسان ئەم پێکهاتەیە بە "دورگەیەکی تۆرکراو" ناو دەبات کە لە سنووری فیزیکییەکاندا بوونیان نییە بەڵکوو لە فەزای دیجیتاڵیدان.[٦]

٢-٣. دانپێدانانی دیپلۆماتیک (Diplomatic Recognition): ئامانجی کۆتایی ئەم پێڤاژۆیە بەدەستهێنانی شەرعیەتی نێودەوڵەتییە. دەوڵەتی نێتووەرک بە نیشاندانی هاووڵاتییە ڕێکخراوەکانی و دەسەڵاتە ئابوورییەکەی خۆی، دەچێتە ناو ڕێککەوتنێک لەگەڵ دەوڵەتانی مەوجوود (Legacy States) بۆ ئەوەی وەک قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بناسرێت.

بەم پێیە جەوهەری تیۆریی بالاجی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانە بۆ "دەرچوونی ئاشتیانە" لە سیستەمی شکستخواردوو و بنیاتنانی بەدیلێکی نوێ.

ئابووریی سیاسی:

کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزمی دراو
(Ending Monetary Colonialism)

سەربەخۆیی سیاسی بەبێ سەربەخۆیی ئابووری و دراوی، وەهمێکی یاساییە. شیکارییەکانی ئابووریی سیاسیی کوردستان دەری دەخات کە کوردستان ملکەچی دیاردەیەکە بە ناوی "کۆلۆنیالیزمی دراو". لەم میکانیزمەدا حکوومەتە ناوەندییەکان (تاران، ئەنقەرە، بەغدا، دیمەشق) ئامرازە دراوییەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەکاردەهێنن بۆ بەتاڵانبردنی سامانی ناوچە پەراوێزەکان. ئەم ڕەوتە لە ڕێگەی دوو کەناڵی سەرەکییەوە دەبێتە دی:

یەکەم: کاریگەریی کانتیلۆن (Cantillon Effect):

کاتێک بانکە ناوەندییەکان پارە بۆ دابینکردنی دارایی شەڕ یان کورتهێنانی بودجە چاپ دەکەن، بەهای دراوی نیشتمانییان کەم دەبێتەوە. بەپێی تیۆری کانتیلۆن، پارەی چاپکراوی نوێ سەرەتا دەگاتە ئەو کەسانەی کە لە حکوومەت نزیکن (بەڵێندەر و دامەزراوە سەربازییەکان) کە هێشتا نرخی شمەک لایان بەرز نەبووەتەوە. بەڵام کاتێک ئەم پارەیە دەگاتە ناوچە پەراوێزییەکان (بۆنموونە کوردستان)، هەڵاوسان هاتووەتە ناوەوە و توانای کڕینی خەڵک کەم دەبێتەوە. ئەم هەڵاوسانە سەپێنراوە کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی سامانەکان لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند دەبێت.[٧]

دووەم: سەرکووتی دارایی: (Financial Repression)

سیستەمی بانکیی ناوەند ئامرازێکی ئەمنییە بۆ کۆنترۆڵکردن؛ دەوڵەتەکان دەتوانن بە کرتەیەک هەژماری بانکیی چالاکانی کورد دابخەن یان بە هەر شێوەیەک دەمارەکانی

جوولّـەی ئابووریـی کـورد سـڕ بکـەن و لـە ئەنجامـدا هەژمـارە بانکییەکانیـان بلـۆک بکـەن و ئاسـتەنگ بـۆ خزمەتگوزارییەکانـی قـەرز بنێنـەوە. چارەسـەری پارادایمـی نـوێ بریتییـە لـە "جیابوونـەوەی دراو". نەتـەوەی کـورد بـە وەرگرتنـی سـتانداردی بیتکۆیـن و دراوی دیجیتـاڵ و هەروەهـا سـامانی دیجیتـاڵ کـە هەرمشـەی سانسـۆری لەسـەر نەبێـت، دەتوانێـت بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژوودا، "گەنجینـەی نیشـتمانی"ی خـۆی لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکوومەتـە داگیرکـەرەکان دابمەزرێنێـت.[٨]

سێیەم: مۆدێلی ئەزموونکراو لە وڵاتانی جیهاندا

بـۆ تێپەڕیـن لـە فـەزای ئەبسـتراکت، مۆدێلـی "دەوڵەتـی نێتوۆرکـی کوردسـتان" پشـت بـە سـێ ئەزموونـی سـەرکەوتوو و کۆنکرێتـی مێژوویـی هاوچـەرخ دەبەسـتێت کـە هەریەکەیـان ئیمکانـی پراکتیکـی ئـەم تیۆرییـە بەڵگەمەنـد دەکـەن:

• مۆدێلـی حوکمرانـی هـەور (ئەزموونـی ئیستۆنیا): پرۆژەی ئەلێکترۆنیی ئیستۆنیا دەری خسـت کـە دەتوانرێت حاکمیەتی نیشـتمانی لـە سـنوورەکانی جوگرافیـا ڕزگار بکرێـت. لـە ڕێـگای دەکارکردنـی پـرۆژەی ئێکـس ڕاود X-Road، ئیسـتۆنیا سـەرکەوتوو بـوو لـە بەدیجیتاڵکردنـی ٩٩%ی خزمەتگوزارییەکانی حکوومـەت و دڕێژکردنـەوەی سـنوورەکانی بـۆ فـەزای مەجـازی لـە ڕێگـەی پـرۆژەی "هـاوواڵتـیبـوونی ئەلێکترۆنـی" (e-Resi-dency). ئـەم ئەزموونـە دەیسـەلمێنێت کـە نەتەوەیـەک دەتوانێـت پەیکـەری ئیـداری و یاسـایی خـۆی بپارێزێـت و بەڕێوەی ببات بەبێ ئەوەی پشـت بـە بوونی فیزیکـیی هاووڵاتیان لـە یـەک شـوێن ببەسـتێت.

• مۆدێلـی سـەربەخۆیی دارایـی (پرۆتۆکۆڵـی بیتکۆیـن و ئەلسـالقادۆر): وەرگرتنـی بیتکۆیـن وەکوو پارەی یاسـایی لە ئەلسـالڤادۆر و زیادبوونی بەکارهێنانـی دراوە دیجیتاڵییـەکان لـە ناوچـە گەمارۆدراوەکاندا، دیاردەیەکی لێ کەوتووەتەوە بە ناوی "داماڵینی نیشتمانیکردنی پارە". ئەم مۆدێلە ئـەوە نیشـان دەدات کە نەتەوەیەکـی بێدەوڵەت دەتوانێت سامانی نیشتمانیی خۆی لە پرۆتۆکۆڵە بیرکاریـیـە بەرتەسـکنەکراوەکاندا هەڵبگرێـت و سـەربەخۆ بێت لە سیستەمی بانکی ناوەندی کە ئامرازی سـەرکووتکردنی ئابووریە.

• مۆدێلـی حوکمرانـی ناناوەنـدی (DAOs): ڕێکخراوە سـەربەخۆکانی وەک (MakerDAO) ئێسـتا ملیاردهـا دۆلار لـە سـەروەت و سـامان بەڕێـوە دەبـەن بەبـێ ئـەوەی پێویسـتییان بـە سـەرکردایەتیی ناوەنـدی یـان بڕۆکراسـیی تەقلیدی هەبێـت، تەنیا لە ڕێگەی "گرێبەسـتە زیرەکەکانەوە" بەڕێوە دەچن. ئەم مۆدێلە ئەگەری حوکمرانیـی دیموکراتیـک، ڕوون و دژە گەندەڵی لەسـەر ئاستێکی بەرفراوان بۆ نەتەوەی کورد وێنا دەکات و بەدیلێکی بەرجەستە بۆ پێکهاتە حزبییە هەرەمییەکان دەڕەخسـێنێت.

چوارەم: پارادۆکسی دەوڵەتی نێتوۆرک و ئابووریی سیاسی

ستراتیژی گەرانەوە بۆ سەر خاک

تیۆریـی " دەوڵەتـی نێتـوۆرک" کـە لەلایـەن بالاجـی سرینیڤاسـانەوە داڕێژراوە، سـەردەمێکی نوێـی حوکمرانـی دەخاتـە ڕوو کـە تێیـدا کۆمەڵگاکان سـەرەتا لە فـەزای هەوردا دروسـت دەبـن و دواتـر لـە جیهانـی فیزیکیـدا (خـاک) دەردەکـەون[٩]. بەڵام بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە لە چوارچێوەی ژئۆپۆلەتیکی کوردسـتاندا پێویستی بە تێگەیشـتن لـە کەلێنێکی قوواڵی بوونناسـانە هەیـە. لـە خوێندنـەوەی ڕۆژاوایـی و لیبراڵیـدا دەوڵەتـی نێتـووڕک وەڵامێکـە بـۆ "ماندووبوون لـە دەوڵـەت (State fatigue). ئامانجـی وەهـا

پرۆژەیەک "دەرچوون"ە لە پێکهاتە کۆنەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی وێستقالیایی و هەنگاونان بەرەو پێکهاتەیەکی سەیال و پۆست-نەتەوەیی. دروشمی نەنووسراوی ئەم بزووتنەوەیە "مالاوایی لە خاک و دەوڵەتی نەریتی"یە. بەڵام بۆ نەتەوەی کورد ئەم ڕێبازە "پارادۆکسێکی مێژوویی"ە. نەتەوەیەک کەهێشتائاسایشی بوونناسڵەو سووەد یاساییەکانی هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆی ئەزموون نەکردووە، ناتوانێت و ناکرێت لێی تێپەڕێت [۹].

لە وەڵامی ئەم چەقبەستوویییە مێژوویییەدا، ئەم وتارە هەوڵ دەدات بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و هەروەها بە قەرزگرتن و "لۆکاڵیزەکردنی"ی تیۆریی دەوڵەتی نێتوۆرک، مۆدێلێکی نوێ پێشنیار بکات. داهێنانە تیۆرییەکەی ئەم توێژینەوەیە، لە باری غایەتناسانەوە Teleological خۆی لە تیۆریی ڕەسەن جیا دەکاتەوە، واتە: بە پێچەوانەی تیۆریستەکان کە دەوڵەتی نێتوۆرک وەکوو مۆدێلێک بۆ "جێگرەوە" و تێپەڕاندنی دەوڵەت-نەتەوە دەبینن، مۆدێلی "دەوڵەتی نێتوۆرکی کوردستان" ئیستدلال دەکات کە، بۆ نەتەوەیەکی کۆلۆنیالیزەکراو، سەروەریی دیجیتاڵی ئامانجی کۆتایی نییە، بەڵکوو "گواستنەوەیەکی ستراتیژیکە" بۆ کەڵەکەکردنی دەسەڵات لە پێناو وەرگرتنەوەی سەروەریی سیاسی لەسەر خاکی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد. بۆیە لێرەدا ڕیزبەندییەکانی ئەم تیۆرییە پێچەوانە دەکەینەوە:

۱. ئامانجی کۆتایی: بە پێچەوانەی گلۆبالیستەکان کە خاک وەک بەربەست دەبینن، پێشنیار دەکرێت ئامانجی ئێمە "وەرگرتنەوەی خاک" و مومارەسەی سەروەریی سیاسی لەسەر خاک بێت.

۲. ئەرکی نێتوۆرک: دەوڵەتی نێتوۆرکی دیجیتاڵیی کوردستان نەک وەکوو "مەبەستی کۆتایی" بەڵکوو وەکوو "دەوڵەتی چاوەڕوان" (State-in-Waiting) پێشنیار دەکرێ. ئەم پێکهاتە دیجیتاڵییە وەکوو تاقیگەیەکی سیاسی کار دەکات کە تێیدا دەتوانرێت حوکمرانی و کەڵەکەکردنی سامان و بنیاتنانی دامەزراوەکان پراکتیزە بکات.

۳. دیالێکتیکی هەور و خاک: ستراتیژییەکە ئەوەیە کە لە "هەور"ەوە بڕۆین بۆ "خاک". نەرمەهێز و سەرمایەی ئابووری لە فەزای دیجیتاڵیدا کەڵەکە بکەین (کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانە) بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە لە ساتەوەختی مێژوویی گونجاودا لەسەر جوگرافیای ڕاستەقینەی کوردستان "دابەزێت".

۵- ئەنجام و کۆتایی

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بەو چوارچێوە تیۆرییەی کە باس کرا، نەخشەڕێگایەکی سێ قۆناغەی بۆ گواستنەوە لە "نەتەوەیەکی دیجیتاڵی" بۆ "دەوڵەتی سەروەر لەسەر خاک" پێشنیار دەکات. ئەم مۆدێلە پێڤاژۆی بنیاتنانی دەوڵەت پێچەوانە دەکاتەوە، واتە: لەبری ئەوەی لە سەرەتاوە هەوڵی گرتنی خاک و پاشان بنیاتنانی دامەزراوەکان بدەین، سەرەتا دامەزراوە و ئابووری لە فەزایەکی دیجیتاڵی و پارێزراودا بنیات دەنێین و دواتر دەست بەسەر خاکدا دەگرین.

قۆناغی یەکەم: داماڵینی خاکی تاکتیکی

لەم قۆناغەدا ئامانج ئەوەیە کە "نەبینراو" و "نەشکێن"، دامەزراوە گرنگەکانی کوردستان (ناسنامە، بەڵگەنامە، گەنجینە) دەگوازرێنەوە بۆ هەور، لەوێدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی سوپای دەوڵەتی ناوچەیی و پۆلیسیدا دەپارێزرێت [۱۰].

• ناسنامەی خۆسەروەری: دەرکردنی ناسنامەی دیجیتاڵی (DID) کە ڕێگە دەدات هاووڵاتیانی کورد وەک ئەندامی یەک قەوارەی سیاسی بناسرێنەوە، بەبێ گوێدان بە سنوورەکانی سایکس پیکۆ.

• ئابووریی سێبەر: پێکهێنانی بازارە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای دراوە کریپتۆکان کە لە دەرەوەی ڕاداری باج و ڕێکخستنی حکوومەتە ناوەندییەکان کار دەکەن.

قۆناغی دووەم: یەکگرتنی دامەزراوەیی

کاتێک ژمارەی هاووڵاتیانی دیجیتاڵی و ئەو سامانەی کە لە تۆڕەکەدا کۆ دەبێتەوە و دەگاتە "بارستەی گرینگ"، دەوڵەتی نێتوۆرک دەتوانێ پێکهاتەکانی حوکمڕانی خۆی بخاتە ڕوو.

• سندووقی سامانی سەروەری: ئاراستەکردنی سەرمایەی بەرفراوانی دیاسپۆرا بەرەو سەروەت و سامانی ستراتیژی.

• دیپلۆماسی دیجیتاڵی: دەوڵەتی نێتوۆرک وەکوو نوێنەری شەرعیی نەتەوەی کورد لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دانوستان دەکات. لەم سەردەمەدا، دەسەلاتی کۆمپانیایەکی نێونەتەوەیی هەندێک جار زیاترە لە دەسەلاتی دەوڵەتێکی بچووک[۱۱].

قۆناغی سێیەم: ستراتیژی خاک

ئەمە قۆناغی کۆتایی و ئامانجی کۆتایی مۆدێلی ڕەسەنی ئیمەیە: دابەزین بۆ سەر زەوی. لەم قۆناغەوە هێزە نەرم و داراییەکەڵەکەبووەکان دەگۆڕدرێت بۆ کارتی گوشاریی فیزیکی:

• کریپتی زەوی (Crowdfunded Territory): بەکارهێنانی گەنجینەی نیشتمانی بۆ کڕینی زەویی فراوان و ستراتیژییەکان، یان وەبەرهێنان لەسەر ژێرخانی ناوچە کوردستانییەکان بۆ دروستکردنی وابەستەیی ئابووریی کی یەکگرتوو.

• ناوچە ئابووریی تایبەتەکان (SEZs): دانوستاندن بۆ دروستکردنی ناوچەی بازرگانی ئازاد، کە بە شێوەیەکی کاریگەر بەپێی یاساکانی دەوڵەتی نێتوۆرک بەڕێوە دەچن، وەکوو پێشەکییەک بۆ دانپێدانانی تەواو[۱۲].

بەربەست و پێشنیارەکانی تۆێژینەوە

وەدیهێنانی ئەم پارادایمە نوێیە بەرەو ڕووی بەربەست و ڕەخنەی پێکهاتەیی جیددی دەبێتەوە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تێبینیی زێدەترەیە.

۱. دابەشبوونی دیجیتاڵی: بەربەستی یەکەم دابەشبوونی ناهاوسەنگی زانستی دیجیتاڵ و ژێرخانی ئینتەرنێتە لە جوگرافیای کوردستاندا. مەترسی دروستبوونی "حوکمڕانییەکی نوخبەگەرایانە" کە چینە نەریتی و گوندنشینەکان پشتگوێ بخات، دەتوانێت ببێتە هۆی پچڕانی کۆمەڵایەتی یان نەسەلماندنی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە. بۆیە مۆدێلی دەوڵەتی نێتوۆرک دەبێت سەرەتا چینە ناوەندییەکانی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت.

۲. ئاسایشی ژێرخان و ئیمکانی بەرپەرچدانەوەی سەخت: ڕەنگە حکومەتە دامەزراوەکان لە ڕێگای ئامارگەلێکی وەک پچراندنی بەئەنقەستی ئینتێرنێت تا هێرشی سایبری، هەوڵی بەرپەرچدانەوەی حوکمڕانی هەور بدەن. بۆیە بەردەوامبوونی ئەم مۆدێلە پێویستی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکانی دژەسانسۆر وەکوو ئینتەرنێتی ستارلینک و تۆڕەکانی دژەسانسۆرهەیە.

۳. شەرعیەتی یاسایی و گواستنەوە بۆ خاک: گواستنەوە لە سەروەریی مەجازییەوە بۆ

سەروەریی خاک (دابەزین لەسەر زەوی) قورستترین قۆناغە لە چوارچێوەی یاسای کلاسیکی نێودەوڵەتیدا، کە تا ئێستاش لەسەر بنەمای "دانپێدانانی دەوڵەتەکان" دامەزراوە. چارەسەری ئیجرایی بۆ ئەم ئالنگارییە هەر بە دانپێدانانی سیاسی ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی "پێویستیی ئابووری" و دروستکردنی شارەکانی چارتەر (Charter Cities) جێبەجێ دەکرێت کە بەهۆی سەرنجراکێشی دارایی و تەکنەلۆژییانەوە شەرعیەتی دیفاکتۆ بەدەست دەهێنن.

دەرەنجام: وەرگرتنەوەی داهاتوو

پارادایمی "دەوڵەتی نێتوۆرکی کوردستان" هەڵاتنی تەکنۆکراتانە لە ئەمری واقیع نییە؛ واقیعیترین ستراتیژییە بۆ نەتەوەیەک کە هەموو ڕێگا کلاسیکەکانی دیکەی تاقی کردووەتەوە و ڕووبەڕووی دەرگای ژێوپۆلەتیکی داخراو بووەتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان بەوە دا کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا چەمکی "سەروەری" هاوتای "کۆنترۆڵکردنی خاک" نییە. هەتا نەتەوەی کورد لە ڕووی دارایی‌ەوە سەربەخۆ نەبێت و لە "کۆلۆنیالیزمی دراوی" ڕزگاری نەبێت، ناگاتە سەقامگیری. تەکنەلۆژیای بلۆکچەین و مۆدێلی دەوڵەتی نێتوۆرک، دەتوانێت کوردستانی سەردەمی نوێ بێت. ئەگەر لە سەدەی ڕابردوودا شاخەکان پەناگەیەک بوون بۆ پاراستنی ژیان، ئەمڕۆ "هەور" پەناگەی پاراستنی "سامان" و "ناسنامە" و "پێکهاتە"یە. کەوایە ستراتیژی ئەم مۆدێلە ڕوونە لە هەوردا بنیات بنێین و لەسەر زەوی بژیین. دەوڵەتێکی نێتوۆرک بەو مەبەستە پێشنیار دەکرێت کە ئەگەر هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕێت، نەتەوەی کورد نەک وەکوو قوربانییەکی بێ پێکهاتە، بەڵکوو وەکوو "دەوڵەتێکی ئامادە" بە گەنجینەیەکی تەواو و دامەزراوەی کارامە، حوکمڕانی خاکی باوباپیرانی بکات.

سەرچاوەکان:

[1] David McDowall, A Modern History of the Kurds, 3rd ed. (London: I.B. Tauris, 2004), 137.

[2] Abbas Vali, Essays on the Origins of Kurdish Nationalism (Costa Mesa, CA: Mazda Publishers, 2003), 78.

[3] Saifedean Ammous, The Bitcoin Standard: The Decentralized Alternative to Central Banking (Hoboken, NJ: Wiley, 2018), 65.

[4] Balaji Srinivasan, The Network State: How to Start a New Country (CreateSpace Independent Publishing Platform, 2022), 9.

[5] Balaji Srinivasan, The Network State, 15.

[6] Vitalik Buterin, "What do I think about network States. " Vitalik.ca (blog), July 2022, https://vitalik.ca/general/2022/07/13/network-states.html.

[7] Richard Cantillon, Essay on the Nature of Trade in General, trans. Henry Higgs (London: Macmillan, 1931 [1755]), 73.

[8] Alex Gladstein, Check Your Financial Privilege: Inside the Global Bitcoin Struggle for Human Rights (Bitcoin Magazine, 2022), 112.

[9] Hamit Bozarslan, The Kurdish File: Politics of a Stateless Nation (London: Verso Books, 2004), 45.

[10] Saskia Sassen, Territory, Authority, Rights: From Medieval to Global Assemblages (Princeton: Princeton University Press, 2006), 342.

[11] Parag Khanna, Connectography: Mapping the Future of Global Civilization (New York: Random House, 2016), 18.

[12] Balaji Srinivasan, The Network State, 234.

ناڕەزایەتییەکانی ئێران و پێویستیی دەربازبوون لە زنجیرەی سەد ساڵەی دیکتاتۆری

داود عوسمانزادە

پێشەکی

شـــەپۆلی نارەزایەتییەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ لە ئێران، لە ســـاتەوەختێکی مێژوویی تایبەتدا ســـەری هەڵدا. ئەم شـــەپۆلە نوێیـــە لەگەڵ تێپەڕبوونی ســـەد ساڵ بەســـەر دامەزراندنی دەوڵەتـــی مۆدێرنـــی ئێران لە ســـاڵی ١٩٢٥ لەســـەر دەســـتی ڕەزا خان پەهلەوی هاوکات بـــوو. لە ماوەی ئـــەم ســـەدەیەدا، جوگرافیای سیاســـیی ئێران بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی دوو ڕژیمەوە بەڕێوە براوە: پاشـــایەتییەکی ڕەها (جگە لـــە ماوەیەکی کورت و ســـنووردار کرانەوەی سیاسی لە سەرەتای ســـەردەمی محەمەد ڕەزا شـــا) و دوای ساڵی ١٩٧٩ش، کۆماری ئیسلامی کە لەســـەر بنەمای دۆکتۆرینـــی «ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ» دارێژراوە. ســـەرەڕای جیاوازیی ئایدیۆلـــۆژی و دامەزراوەییەکانیـــان، هەردوو سیســـتەمەکە بە ناوەندگەراییەکی چەقبەستوو، توانـــای ســـەرکوتکاریی دەوڵـــەت و مەیلی بـــەردەوام بۆ مامەڵە لەگەڵ نارەزایەتییەکان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی ناســـراونەتەوە. ئەنجامەکە تەنیـــا زنجیرەیەک لە دوو دیکتاتـــۆری جیاواز نییە، بەڵکو نەریتێکـــی مێژوویی دڕێژخایەنە کە تێیدا دەســـەڵاتی سیاســـی چەندین جار لە ڕێگەی پەراوێزخستن، سەرکوت و قۆرخکردنی نوێنەرایەتییەوە، خۆی جێگیر کردووەتەوە. لێرەدا پرســـیار ئەوەیە: چۆن دەکرێ ئەم زنجیرە سەد ســـاڵەیەی دیکتاتۆری بپچڕێندرێت؟ ئایا تەنیا گۆڕینـــی ئەربابەکان بۆ ئەم مەبەســـتە تەواوە؟

لە ســـاڵانی ڕابردووداـ کۆماری ئیسلامی ڕووبـــەڕووی کۆمەڵێـــک قەیرانـــی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیـــی چـــڕ بووەتـــەوە. لـــە دوای «بزووتنەوەی سەوز»ی ســـاڵی ٢٠٠٩وە، ئێران زنجیرەیەکی یەک لـــە دوای یەکی ملمالنێی دژە ڕژیمـــی بەخۆوە بینیوە. ئـــەم زنجیرانە ڕەوتێکی ڕاســـت و هێڵی نەبـــوون، بەڵکوو بە شـــێوەیەکی کەڵەکەبوو درزی قوواڵیان لە شـــەرعییەتی دەوڵەت و توانای بەڕێوەبردنی وڵات لە ڕێگەی ڕەزامەندیی گشتییەوە نیشان داوە. نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ نوێترین و یەکێک لە ڕادیکاڵتریـــن دەرکەوتەکانی ئەم ڕەوتـــە مێژووییە دریژخایەنـــەی نارەزایەتین. لێرەدا سێ پرسیاری ســـەرەکی دێنە گۆڕێ: یەکـــەم، ئەم خولـــەی نارەزایەتییەکان چۆن دەســـتی پێکرد و پـــەرەی ســـەند؟ دووەم، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چین، بەتایبەتی فرەچەشـــنیی ناوخۆیی لە نێـــوان ناوچە و گروپە کۆمەڵایەتییـــە جیاوازەکاندا کامانەن؟ ســـێیەم، ئەکتەرە سیاســـییە دەرەکییەکان، بەتایبەتـــی هێـــزە پاشـــایەتیخوازەکان و میدیاکانـــی لایەنگـــری ڕەزا پەهلەوی، چۆن هەوڵیان داوە مانا و ئاراســـتەی نارەزایەتییەکان بـــۆ بەرژەوەندیـــی خۆیان لێـــک بدەنەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرســـیارانە پێویســـتی بە دوورکەوتنـــەوە لە «ئێســـتاگەرایی (Present-ism)» هەیـــە: لەبری مامەڵەکـــردن لەگەڵ نارەزایەتییەکانـــی ئێســـتا وەک ڕووداوێکی دابڕاو، ئەم شـــیکارییە دواییـــن زنجیرەکانی نارەزایەتییەکان لەناو پرۆسەیەکی مێژوویەکی درێژتری دەوڵەتســـازی، حوکمڕانیی ئۆتۆریتار و ملمالنێ لەســـەر نوێنەرایەتیی سیاســـی لە ئێراندا لێـــک دەداتەوە.

دەستپێک و فراوانبوونی نارەزایەتییەکان

لە ٢٨ی دێســـامبری ٢٠٢٥، بازاڕییەکانی تاران وەک کاردانەوە بەرانبەر بە هەڵاوســـانی ئابووریی خێرا، ناســـەقامگیریی نرخی دراو و بەرزبوونەوەی تێچووی ژیانی ڕۆژانە، دەســـتیان بە مانگرتن و نارەزایەتـــی کرد. ئەم هەنگاوانـــە بە خێرایی لە تاراَنەوە بۆ شـــار و ناوچەکانی دیکە تەشـــەنەیان کرد. لـــە ماوەیەکی کورتـــدا، نارەزایەتییەکان لە ڕووی دروشـــم و ئامانجەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هات: ئەوەی وەک جووڵانەوەیەک بەهۆی کێشە ئابوورییەکانەوە دەســـتی پێکرد، خێـــرا گۆڕا بۆ ملمالنێیەکی سیاسیی ڕاشـــکاو دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی.

هەرچەنـــدە تەنگەژەی ئابـــووری هۆکاری

سەرەکیی تەقینەوەکە بوو، بەڵام لە ڕووی شیکارییەوە ناکرێ تەنیا فاکتەری ئابووری وەک تاقە هۆکار دابنرێت. دوای نزیکەی دوو دەیە کە تێیدا سیاستی ڕیفۆرمخوازی بەردەوام بەڵێنی گۆڕانکاری و چاکسازیی لە ناو ڕژێمدا دەدا، بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێران گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ڕیفۆرمی ڕاستەقینە لە ڕووی پێکهاتەییەوە داخراوە. ئەم بێهیوایی پێشتر لە نارەزایەتییەکانی ٢٠١٧-٢٠١٨دا بەروونی دەرکەوتبوو، کاتێک دروشمی «ئوسوولگەرا، ئیسلاحتەڵەب، ئیتر تەواوە [اصلاح طلب، اصولگرا\ دیگە تمومە ماجرا]» ئاماژە بوو بۆ ڕەتکردنەوەی گشتگیریی ئەو پلۆرالیزمە کۆنترۆڵکراوەی ڕژێم. لەم چوارچێوەیەدا، کێشەی ئابووریی کان بوونە ئامرازێک کە لە ڕێگەیەوە نارەزایەتییە سیاسییە فراوانترەکان دەردەبڕدران.

لە دوایین خولی سەرهەڵدانەکەدا، چەندین پرۆسەی پێکهاتەیی یەکیان گرت بۆ دروستکردنی بەستێنی ئەم سەرهەڵدانە جەماوەرییە. لەوانە: گۆشەگیریی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرنامە ئەتۆمی و موشەکییەکانی ئێران، سزای بەرفراوان، و ئەو گوشارە داراییانەی بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی دەرەکی دروست ببوون. هەروەها دەستێوەردانی هەرێمی، گەندەڵیی سیستماتیک و فراوانبوونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی. لە ناوخۆشدا، سەرکوتی سیاسی هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی ڕێبەری ڕژێم و هاوپەیمانەکانی بۆ «پاکتاوکردنی» مەیدانی سیاسی لە ڕێگەی پەراوێزخستنی فراکسیۆنە ڕکابەرەکان چڕتر بووەتەوە. شکستە سەربازییەکان، گەرانەوەی دینامیکی «زۆرترین گوشار»ی ئەمریکا و دارمانی توانای دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی ئابووریدا، ئەم گوشارانەیان هێندەی دیکە قورس کردووە. لە بارودۆخێکی وەهادا، ڕایەڕین تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە بارودۆخی خەڵک لە ڕووی ئابوورییەوە خراپتر بووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە توانای ڕژێم بۆ گۆڕینی سەرکوتکاری بۆ حوکمڕانی لاواز بووە. واتە ڕژێم دەتوانێت سەرکوت بکات، بەڵام ناتوانێت سەقامگیری دروست بکات.

کاتێک ڕایەڕینەکە فراوانتر بووەوە، کۆماری ئیسلامی بە شێوازی هەمیشەیی خۆی وڵامی دایەوە: سەرکوتکاری پەرەی سەند. هێزە ئەمنییەکان بە پشتبەستن بە ئەزموونە میژوویییەکانیان لە کپکردنی نارەزایەتییە مەدەنییەکان، هێرشەکانیان لە چەندین شوێن چڕتر کردەوە سەرکوتکردن لە کرماشان، ئیلام و لورستان گەیشتە لووتکەی خوێناویی خۆی و ژمارەیەکی یەکجار زۆری خۆپیشاندەر کوژران و بریندار بوون و تەنانەت هێزە چەکدارەکان هێرشیان کردە سەر نەخۆشخانەکانیش. ئەم تووندوتیژی و سەرکوتە ژینگەی نارەزایەتییەکانی ڕادیکاڵتر کرد.

دە ڕۆژ دوای سەرهەڵدانی یەکەمی نارەزایەتییەکان، لە ٦ی ژانویەی ٢٠٢٦، «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» (کە لە حەوت حیزبی سیاسی پێکهاتووە) بانگەوازێکی بۆ مانگرتن و نارەزایەتیی هەماهەنگ بۆ ڕۆژی پێنجشەممە، ٨ی ژانوییە بڵاو کردەوە؛ هەم وەک پشتگیرییەک لە ڕایەڕینی سەرتاسەری و هەم وەک کاردانەوە بەرانبەر کوشتنی خۆپیشاندەران لە کرماشان، ئیلام و لورستان. ئەم بانگەوازییە لە لایەن شەبەنگێکی بەرفراوان لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە پشتگیری کرا، لەوانە: «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ»، «حیزبی چەپی ئێران»، «بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان»، ڕێکخراوە کولتووری و سیاسییەکانی تورکمان سەحرا، کۆمەڵە مەدەنییەکانی تورکمان، بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان، تورکمانە

دیموکراتەکانی ئێران، شەش رێکخراوی مافی ژنان و چەندین کەسایەتیی سیاسی. ئەنجامەکە جوولانەوەیەکی هەرەوەزیی گەورە بوو: لە زیاتر لە پەنجا شار و شارۆچکەی رۆژهەلاتی کوردستان و لە زۆریەک لە شارەکانی ئێران، خەلک مانیان گرت و دووکان و بازارەکانیان داخست.

چەند کاتژمێرێک دوای ئەوەی بانگەوازییەکەی ناوەندی دیالۆگ بلاو بووەوە و دەنگی دایەوە، رەزا پەهلەوی پەیامێکی بلاو کردەوە و داوای لە خەلک کرد کە رۆژانی پێنجشەممە و هەینی لە ماڵەکانیان و لە شەقامەکاندا دروشم بدەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی پێشوو کە تێیدا کۆمەڵگەی کوردی زۆربەی کات وەڵامی بانگەوازییەکانی حیزبەکان بۆ مانگرتن دەداتەوە، کاتی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی رەزا پەهلەوی لە ڕووی سیاسییەوە جێگەی تێڕامانە. رەزا پەهلەوی کە دەیزانی جارێکی دیکە کۆمەڵگای کوردستان بەپیل بانگەواز و داخوازیی حیزبەکانی خۆیەوە دەچێت، هەلەکەی قۆزتەوە و هەوڵی دا تا لەرێگەی بانگەوازێکی هاوتەریب و هاوکات دەست بەسەر مانگرتنی کوردستاندا بگرێت و وەک خۆیان دەڵێن موسادیرەی بکات؛ بەتایبەتیش کە لەم دووایانەدا ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندن تەواو پڕوپاگەندەیان بۆ پەهلەوی و پەهلەویچییەکان دەکرد. لەڕاستیدا ئەم حەولەی رەزا پەهلەوی بۆ ئەوە بوو میدیاکانی لایەنگری بتوانن چالاکییەکانی بەکۆمەڵەکانی کوردستان وەک بەشێک لە گێڕانەوەی «پەهلەوی-سەنتەر» نیشان بدەن.

نارەزایەتییەکان لە دوای ئەم زنجیرەی سەرەتاشەوە بەردەوام بوون. ئەکتەرە دەرەکییەکان، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێک دەوڵەتی ئەورووپی، پشتگیریی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران دەربڕی و هەندێک کەناڵی وەک بەشی فارسیی دەنگی ئەمەریکا بەرنامەکانیان بۆ پشتگیری لە خۆپیشاندەران فراوانتر کرد. لە هەمان کاتدا، کۆماری ئیسلامی سەرکوتەکانی چڕتر کردەوە، تۆڕەکانی ئینتێرنێتی بەتەواوی پچڕاند و ئەوەیش بووە هۆی پەکخستنی زانیاریی‌یەکان و ڕێگری لە گواستنەوەی وردی ژمارەی کوژراو، بریندار و دەستبەسەرکراوەکان کرد. لەم ژینگەیەدا، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەوڵیان دا توندوتیژییەکان بە دۆکیۆمێنت بکەن. بەپێی هەندێک زانیاریی پشتڕاستنەکراوە تا ئێستا دەیان هەزار کەس لە خۆپیشاندەران بەدەستی هێزەکانی ڕژیم کوژراو، بریندار بوون و دەستبەسەر کراون.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم سەرکوتە، کۆماری ئیسلامی ستراتیژییەکی گوتاریی چڕ کردووەتەوە کە مێژوویەکی درێژی لە شێوازی حوکمڕانییەکەیدا هەیە: پۆلێنکردنی سیستماتیکی نارەزایەتی وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی. ئەوەی سەرەتا وەک گێڕانەوەیەکی ناسراو بۆ وێناکردنی خۆپیشاندانەکان وەک «ئاژاوە» و خۆپیشاندەران وەک «ئاژاوەگێڕی دەستی دەرەکی» باسیان لێدەکرا، دواتر گۆڕا بۆ ئاستێکی مەترسیدارتر. عەلی لاریجانی، سەرۆکی ئەنجومەنی بالای ئاسایشی نیشتمانی، و بەرپرسە بالاکانی دیکەی ڕژیم نارەزایەتییەکە بەردەوامەکانیان وەک «شەڕی ناوخۆ» وەسف کردووە، ئەمەش گۆڕانکارییەکی جۆرییە لە شێوازی مامەڵەی ڕژیم لەگەڵ نارەزایەتییەکاندا. ئەم چوارچێوەسازییە ڕاپەڕینی جەماوەری وەک دوژمنایەتییەکی چەکدارانە وێنا دەکاتەوە. لۆژیکی سیاسیی ئەم هەنگاوە ڕوونە: کاتێک

خۆپیشاندەران چیتر وەک هاوواڵاتییەک کە داواکارییان هەیە نەبینرێن و وەک «دوژمن» پێناسە بکرێنەوە، توندوتیژی دژی ئەوان لەبری سەرکوتکردن، وەک «بەرگری لە خۆ» پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. گۆڕانکاری لە «تاوانبارکردن»ەوە بۆ «بەسەربازیکردن و میلیتاریزم» لەڕێگەی لۆژیکی شەڕی ناوخۆ شۆینی حوکمڕانی لە ڕێگەی سەرکوتکردن دەگرێتەوە.

فرەچەشنیی نارەزایەتییەکان

تایبەتمەندییەکی دیاری سیاسەتی نارەزایەتی (Contentious Politics) لە ئێراندا، فرەچەشنی و هەمەجۆریی(Heterogeneity)ە. خولەکانی نارەزایەتی (Cycles of Contention) لە ئێراندا بە دەگمەن دەبنە بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی خاوەن داواکاری، سەرکردایەتی، یان بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکچەشن. بە پێچەوانەوە، ئەم نارەزایەتییانە ڕەنگدانەوەی جیاوازیی چینایەتیی کۆمەڵگە، جیاوازیی نەتەوەیی و جێندەری، نایەکسانیی ناوچەیی و ناهاوسەنگیی توانای ڕێکخراوەیین. نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ نموونەیەکی بەرچاوی ئەم نەریتەن. بۆ نموونە، لە کاتی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، دروشم و داواکارییەکانی نارەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسی و مێژووی سەرکوتکردنی ناوچەکەدا بوون، لە کاتێکدا ڕاپەڕین لە بەلووچستان ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی جیاوازی پەراوێزخستن و توندوتیژیی دەوڵەت بوو. هەمان داینامیک لێرەشدا بەدی دەکرێت.

لە هەموو جوگرافیای سیاسیی ئێراندا، ڕووخاندنی ڕژیم و ئازادی وەک تەوەری سەرەکی لە گوتاری نارەزایەتییەکاندا ماونەتەوە. کەچی لە کوردستان، بەلووچستان و ناوچە نافارسەکانی دیکەدا، داواکاری بۆ مافە نەتەوەییەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس، پاشکۆ و لاوەکی نین؛ بەڵکوو بە شێوەیەکی پێکهاتەیی لە ناو داواکاری و ئەزموونە سیاسییە ناوخۆییەکاندا جێگیر کراون و بنەمای داخوازییەکان پێک دەهێنن. لە کوردستان، حیزبە سیاسییەکان هێشتا وەک ئەکتەری سەرەکیی ڕێکخەر دەور دەبینن و پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان پاراستووە. بە پێچەوانەوە، لە ناوچە فارس-نشینەکاندا هیچ حیزبێکی جەماوەریی هاوشێوە نییە کە خاوەن هەمان مێژووی ڕەگداکوتاو بێت؛ لەوێدا ڕاپەڕینەکان زیاتر لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە دەستپێشخەریی خۆڕسک، تۆڕە نافەرمییەکان و دەستێوەردانی کاتیی فراکسیۆنە سیاسییەکان (لەوانە ریفۆرمخوازەکان لە قۆناغەکانی پێشوودا) سەرهەڵدەدەن.

پشتگیری لە ڕەزا پەهلەوی لە هەندێک ناوچەی فارس-نشین و بەشێک لە لورستان دەرکەوتووە، بەتایبەتی لە ناو ئەو کۆمەڵانەی کە لە ڕیفۆرمخوازی بێهیوا بوون و خاوەن ژێرخانێکی ڕێکخراوەیی جێگرەوە نین کە بتوانێت بەرنامەیەکی سیاسی بخاتە ڕوو. بەڵام، ئەو قیدیۆیانەی لە ناوخۆی ئێرانەوە بەردەستن، ئەو بانگەشەیە پشتڕاست ناکەنەوە کە ئەم پشتگیرییە نوێنەرایەتیی زۆرینە بکات، تەنانەت لەو ناوچانەشدا. لە ناوچە نەتەوەییە نافارسەکاندا، داواکارییە نەتەوەییەکان هێشتا چوارچێوەی سەرەکیی گوتاری نارەزایەتییەکان پێک دەهێنن.

بەشداریی خەڵکیش لە ڕووی جوگرافییەوە لەم خولەی نارەزایەتییەکاندا، هەروەک خولەکانی پێشوو، جیاواز بووە. مێتڕۆپۆلەکانی وەک تاران، مەشهەد، ئیسفەهان و شیراز، جوواڵەی گەورەی

شـــەقامیان بەخۆوە بینی، هەروەها شـــارەکانی وەک قەزویـــن، هەمەدان و شـــارەکانی تریش بە دیاریکـــراوی هاتنە سەرشـــەقام. لە هەمان کاتدا، کرماشـــان، ئیلام و لورســـتان لە قۆناغە ســـەرەتاییەکاندا زۆر چالاک بوون و ڕووبەڕووی ســـەرکوتێکی توند بوونەوە. لە هەندێک ناوچەی نەتەوەیی نافـــارس، بەشـــداریی خەڵک لە ژێر کاریگەریی مەترسیی «قۆرخکردنی گێڕانەوەکان» (Narrative Appropriation) لـــە لایەن هێزە پاشـــایەتیخوازەکان و هەروەها چاوەڕوانییە مێژووییەکان بۆ ســـەرکوت، ناهاوســـەنگ بوو. هـــەم دەوڵەتی پەهلـــەوی و هـــەم کۆماری ئیسلامی، لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی ئەمنییەوە حوکمی ناوچـــە پەراوێزخراوەکانیـــان کردووە و زۆرجار سەرکوتێکی قورســـتریان لەچاو ناوەند بەکار هێناوە. لەم خولـــەدا حیزبە کوردییەکان زیاتر جەختیان لەســـەر مانگرتـــن و چالاکیی پشـــتگیری کردووە نەک بانگەوازی بەردەوام بۆ ڕژانە ســـەر شـــەقامی بە کۆمەڵ، کە ئەمەش دەکرێت وەک هەڵبژاردنێکی تاکتیکیی ژیرانە لە بارودۆخی ســـەرکوتی توند و ململانێ لەســـەر نوێنەرایەتی لێک بدرێتەوە.

قۆرخکاریی پاشایەتیخوازەکان بۆ نارەزایەتییەکان

ململانێ لەســـەر مانـــای نارەزایەتییەکان تەنیا ململانێیەکی شـــیکاری نییە؛ بەڵکو ململانێیە لەســـەر دەسەڵاتی سیاســـی و مەشروعییەت. لـــەم چوارچێوەیەدا، هێزە پاشـــایەتیخوازەکان و میدیاکانی لایەنگری ڕەزا پەهلـــەوی لە دەرەوەی ئێران، ســـەرچاوەیەکی زۆریـــان تەرخان کردووە بۆ بەرەوپێشبردنی چوارچێوەیەکی شیکاریی کە نارەزایەتییـــەکان وەک بزووتنەوەیەکی لایەنگری پاشـــایەتی نیشـــان بدەن. لە هەندێک حاڵەتدا، ئـــەم میدیایانە و لایەنگرانیـــان تۆمەتبار کراون بە دەســـتکاریکردنی قیدیۆی نارەزایەتییەکان، زیادکردنی دەنگ بۆ سەر قیدیۆکان، یان گۆڕینی دروشمە ڕاســـتییەکان بۆ دروشمێک کە لەگەڵ مەیلی پاشایەتیخوازەکاندا بگونجێت. داینامیکی گشـــتی بریتییە لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیشانە فرەچەشنەکانی نارەزایەتییەکە بۆ گێڕانەوەیەکی یەکگرتوو لە دەوری ســـەرکردایەتییەکی کەسی.

ئـــەم هەوڵـــە ڕاســـتەوخۆ لەگـــەڵ ئەو فرەچەشـــنییە (Plurality) دژیەکـــە کـــە لـــە نارەزایەتییەکانـــدا بە شـــێوەی مەیدانی دەبینـــدرا. بڵاوترین دروشـــمەکان لەم خولەی نارەزایەتییـــەدا، لە پاڵ «مـــەرگ بۆ خامنەیی» و «مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، داواکاری بـــووە بۆ «ئازادی». ئەم دروشـــمانە گوزارشـــت لـــە ڕەتکردنەوەی دەســـەڵاتی دیکتاتۆری دەکەن، نەک پشتگیری بۆ ســـەرکردەیەکی دیاریکراو یان شـــێوازێکی حوکمڕانیی جێگرەوە. لە خولەکانی نارەزایەتییەکاندا کە بە ســـەرکوت و نادیاری دەناسرێنەوە، زۆرجار «یەکگرتوویی نەرێنـــی» (دژی دیکتاتۆر) پێش «یەکگرتوویی ئەرێنی» (بۆ سیستمێکی دیاریکراو) دەکەوێت. لێکدانەوەی ئەم یەکگرتوویە نەرێنییە وەک بەڵگەیـــەک بـــۆ گەڕانـــەوەی بنەماڵەی پاشـــایەتی، جۆرێکە لە سەپاندنی گێڕانەوەیەکی پێشـــوەختە نەک ئەنجامگیرییەکی واقیعی.

دەســـەڵاتی ســـەپاندنی مانـــا بەســـەر ڕووداوەکاندا بە یەکســـانی دابـــەش نەکراوە. لە نێوان ئەکتەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێران، میدیا فارســـییەکانی لایەنگری پەهلەوی زۆرجار خاوەنی سەرچاوەی دارایی، دەنگدانەوە و ژێرخانی ڕێکخراوەیـــی گەورەتر لە ڕەوتەکانـــی ترن. ئەم ناهاوسەنگییە پێکهاتەییە گرنگە چونکە درزێک لە نێوان «دەنگ» و «بەرپرســـیارێتی» دروســـت دەکات: ئەوانەی زۆرتریـــن توانایان بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەیـــە ئەو کەســـانە نین کە باجی ڕاستەوخۆی سەرکوتەکان دەدەن. لە بارودۆخێکی وەهادا، قۆرخکردنی مانـــای نارەزایەتییەکان دێتە پێشـــەوە، تەنانەت ئەگەر ڕەگـــی کۆمەڵایەتی لایەنـــی قۆرخکار لە ناوخۆی ئێراندا ســـنووردار

یان ناهاوسەنگ بێت.

ئەمە پرسێکی سیاسی و ئەخلاقیی سەرەکی دەخاتە ڕوو: ئەگەر ڕەوتێکی سیاسی هەوڵ بدات پێش گەیشتن بە دەسەڵات، دەنگە جیاوازەکان بێدەنگ بکات و دیسپلینێکی گێرانەوە (Narrative Discipline) بسەپێنێت، لەسەر چ بنەمایەک دەتوانێت دوای گەیشتن بە دەسەڵات بانگەشەی مەشرووعییەتی دیموکراتیک بکات؟ شێوازەکانی نوێنەرایەتی کردن بێلایەنن؛ ئەوان نیشاندەری پێوەندییە دامەزراوەیی و سیاسییەکانی داهاتوون لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەوەی کێ دەتوانێت قسە بکات، ئازاری کێ دانی پێدادەندرێت، و کام داواکاری «واقیعی»یە یان کامەیان تێکدەرانەیە. ئەگەر فرەهەنگیی بزووتنەوەیەک وەک کێشەیەک ببینرێت کە دەبێت لەناو ببرێت نەک وەک بارودۆخێک کە دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوە ئاسۆی سیاسیی دەرئەنجامەکە ئەگەری زۆرە فۆرمە ئۆتۆریتارییەکان بەرهەم بهێنێتەوە، تەنانەت لە ژێر دروشمی دژە ئۆتۆریتاریشدا.

پچڕاندنی ئینتەرنێت ئەم کێشەیە قوواڵتر دەکاتەوە. کاتێک دەوڵەت پێوەندییەکان بۆ ڕێگری لە هەماهەنگی و بۆ شاردنەوەی سەرکوتەکان سنووردار دەکات، بابەتی نوێنەرایەتیی نارەزایەتییەکان گرنگییەکی سیاسیی زیاتر پەیدا دەکات. لەم بارودۆخەدا، قۆرخکاریی دەرەکی تەنیا وەسفکردنی هەڵەی واقیع نییە؛ بەڵکو دەکرێت ببێتە هۆی پارچەپارچەبوون و جەمسەرگیری لە ڕێگەی جێگرتنەوەی «ئیددیعای سەرکردایەتیی میدیا-سەنتەر» لەبری «بنیاتنانی هاوپەیمانیی بزووتنەوە-سەنتەر.»

شکاندنی بازنەی ئۆتۆریتاریزم و گۆڕینی لۆژیکی جێگۆڕکێی ئەربابەکان

لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، ئێران بەردەوام ئەزموونی چەسپاندنی دەسەڵاتی لە ڕێگەی ناوەندگەرایی و زۆرەملییەوە کردووە. ڕەزا شا دەوڵەتێکی ئۆتۆریتاری لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی نەتەوەیی «فارس-سەنتەر» بونیاد نا، کە توخمە شیعەییەکانی وەک پلەیەکی دووەم بۆ زیاد کردبوو. دوای شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۹، سیستمێکی دیموکراتیک و فرەخواز نەهاتە سەرکار، بەڵکوو پێکهاتەیەکی نوێی ئۆتۆریتاری لە دەوری سەروەریی «ئیتنیکی-مەزهەبی» و دەوڵەتێکی ئەمنیی ڕێکخرایەوە. شۆڕش شێوازێکی ڕژیمی لابرد، بەڵام لۆژیکی ئۆتۆریتاریی حوکمڕانیی هەڵنەوەشاندەوە.

لە سەرەتای شۆڕشدا، خومەینی لایەنە جیاوازەکانی کۆ کردەوە، لەوانە بەشێک لە هێزە چەپەکان، لە ڕێگەی ڕێتۆریکێکی دژە ڕۆژئاوایی و دژە ئیمپریالیزمی کە پڕۆسەی چەسپاندنی ئۆتۆریتاریزمی لێ دەشاردنەوە. هەندێک لایەن ڕژیمە نوێیەکەیان وەک سیستمێکی دژە ئیمپریالیست دەبینی، کە دواتر ئەم خوێندنەوەیە لە لایەن «فرێد هالیدەی»یەوە وەک «دژە ئیمپریالیزمی گەوجەکان» ڕەخنەی لێ گیرا؛ ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی چۆن گوتاری دژە ڕۆژئاوا دەکرێت وەک قەڵغانێک بۆ چەسپاندنی ئۆتۆریتاریزمی ناوخۆیی بەکار بهێنرێت. بایکۆتی ڕیفراندۆمی دەستوور لە لایەن کوردستانەوە، وەک ئاماژەیەکی سەرەتایی بۆ درککردن بەو پێکهاتەیە پەراوێزخەر و دژە دیموکراتییەی دەوڵەتە نوێیەکە نیشان دەدرێت، بەتایبەتی پشتگوێخستنی داواکارییەکانی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس. لەو کاتەوە، کوردستان وەک یەکێک لە جێگا هەرە بەردەوامەکانی بەرگری دژ بە کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە.

مەترسیی هەنووکەیی بریتییە لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوێکی کۆن لە ژێر بارودۆخێکی نوێدا: سەرهەڵدانی کەسایەتییەک کە بە پشتگیریی تۆڕە میدیاییە بەهێزەکان، هەوڵ دەدات بێهیوایی و نۆستالژیای خەڵک بقۆزێتەوە و خۆی وەک تاقە چارەسەر بۆ قەیرانە سیستماتیکەکان نیشان بدات. هەرچەندە ڕەزا پەهلەوی خاوەنی ئەو قووڵاییە ڕێکخراوەیی و دەسەڵاتە نییە کە خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا هەیبووە، بەڵام مەترسییە پێکهاتەییەکە هاوشێوەیە: دووبارە جێگیرکردنەوەی سەروەریی کەسی لە ڕێگەی گۆڕینی «ئەربابێک» بە «ئەربابێکی دیکە». ئەم داینامیکە بۆچوونەکەی «ژاک لاکان»مان بیر دەخاتەوە لە ساڵی ١٩۶٩دا لەگەڵ خوێندکارانی ڤینسێنس، کاتێک هۆشداری دا کە زۆرجار ئاواتە شۆڕشگێڕییەکان لە ناو پێکهاتەکانی دەسەڵاتی ئێستادا بە بەستراوەیی دەمێننەوە. وەک لاکان وتی: «ئەوەی ئێوە وەک شۆڕشگێڕ ئاواتی بۆ دەخوازن ئەربابێکی نوێیە، نیگەران مەبن چونکە دەیدۆزنەوە». ڕەخنەکەی لاکان ڕەتکردنەوەی خواستی شۆڕشگێڕی نەبوو، بەڵکوو دانپێدانان بوو بەوەی کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تا چەند بە قووڵی لە ژێر کاریگەریی گوتارە جێگیرەکانی دەسەڵاتدایە. لای لاکان، گۆڕانکاریی ڕاستەقینە تەنیا پێویستی بە گۆڕینی سەرکردەکان نییە، بەڵکو پێویستی بە تێکشکاندنی ئەو فۆرمە هێمایی و دامەزراوەییانە هەیە کە ستەمکاری بەرهەم دەهێننەوە. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوانین، ساتەوەختی ئێستا کەمتر مللانێیە لەسەر سەرکردایەتی و زیاتر بریتییە لە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی فۆرمی سیاسی: سیاسەتێک کە لە دەوری دەسەڵاتی باوکانە و میراتی هێمایی ڕێکخرابێت، کە تێیدا دیموکراتیزەکردنی دامەزراوەکان، نوێنەرایەتیی فرەخواز، مافە بەکۆمەڵەکان، حوکمڕانیی نامەرکەزی و مافی بڕیاردانی چارەنووس بە سیستماتیک سەرکوت دەکرێن.

بۆیە، شکاندنی بازنەی ئۆتۆریتاریزم لە ئێراندا پێویستی بە شتێکە لە سەرووی تەنیا گۆڕینی ڕژێمەوە. پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو لۆژیکە سیاسییە هەیە کە بەردەوام ساتە گۆڕانکارییەکان دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی نوێی ستەمکاری. ئەزموونی میژوویی دەیسەلمێنێت کە ناوەندگەرایی، تێکدانی بنەما دیموکراتیکەکان و سەرکوتکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەردەوام حوکمڕانیی ئۆتۆریتاری بەرهەم دەهێننەوە، تەنانەت ئەگەر لەژێر ناوی یەکپارچەیی و سەقامگیریشدا پاساوی بۆ بهێنرێتەوە. بەم مانایە، ئۆتۆریتاریزم تەنیا خەسڵەتێکی فەرمانڕەواکان نییە، بەڵکوو دەرئەنجامێکی دووبارەبووەوەی ئەو ڕێکخستنە سیاسییانەیە کە لەگەڵ «فرەیی» وەک هەڕەشە و لەگەڵ «جیاوازی» وەک پشێوی مامەڵە دەکەن.

ئەگەر خولی ئێستای نارەزایەتییەکان بیهەوێ ڕێگەیەک لە دەرەوەی ئەم ململانێ سەد ساڵەیەی نێوان «تاج و عەمامە» بکاتەوە، دەبێت پرۆژەیەکی سیاسی بەرهەم بهێنێت کە لە ڕووی پێکهاتەییەوە پابەند بێت بە پلۆرالیزمی دیموکراتیک (فرەیی دیموکراتیک)، نامەرکەزییەت و دانان بە فرەچەشنەیی نەتەوەیی لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا. بە پێچەوانەوە، مەترسییەکە تەنیا بەردەوامبوونی ئۆتۆریتاریزم نییە، بەڵکوو گەڕانەوەیەتی بە زمانێکی نوێ، کە تێیدا هەمان پلەبەندییە کۆنەکان لە ژێر دروشمی «ڕزگارکردنی نیشتمان»دا سەرلەنوێ بونیاد دەنرێنەوە.

لـــه کۆتاییـــدا، ڕوون و ئاشـــکرایه که دێموکراســـی له ئێران گـــەر بایەخێکی بۆ نافارســـەکان هەبێت بریتییه لـــه دەرفەتی ئامادەکاریی بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووس و سەروەریی سیاسیی نافارسەکان لەسەر خاکی خۆیاندا. بەڵام، هەروەک فیلســـووفی سیاسیی هاوچەرخ ئاندریاس ویمەر دەڵێ: دێموکراســـی هیچ موعجزەیەکی بۆ چارەســـەریی پرســـه ئیتنیکـــی و نەتەوەییەکان پـــێ نییه. بەڵکوو جۆری پێناســـەکردنی دێموکراســـی دیاری دەکات که چـــۆن مامەڵه لەگـــەڵ جیاوازیی نەتەوەیی بکرێت. به نیســـبەت نەتەوەی کورد چارەســـەریی بنەڕەتیی پرسی نەتەوەیی ڕوونه: دامەزراندنی دەوڵەتی ســـەربەخۆی کوردی که ئەویش تەنیا به قســـه ناکرێت و دەبێ هێزی دامەزراندنی وەها دەوڵەتێک وەدەســـت بخرێن. بەڵام بەنیســـبەت ئێرانییـــەکان، جێگۆڕکێی ئەربابەکان هیچ کێشـــەیەک چارەسەر ناکات. گەر ئێرانییـــەکان دەیانهەوێ ببنـــه خاوەن کیانێکـــی دیموکراتیک پێویســـته جارێک بۆ هەمیشـــه مالاوایی له لۆژیکـــی گۆڕینی ئەربابەکان بکـــەن؛ ئەمه تەنیا ڕێگای پچڕاندنی زنجیرەی سەد ســـاڵەی دیکتاتۆریی ئێرانییه.

سێکۆلاریزم و یەکێتیی نەتەوەیی

تەها ڕەحیمی

”

“

لە ســـەدەی حەڤدەیەمدا، کاتێک ئەوروپا پاش زەبروزەنگی ســـەدەکانی ناوەڕاست و دەسەڵاتی ئایین پشـــوویەکی دێتەوە بەر خۆ، سیستەمی سیاســـی، بەڕێوەبەری، کۆمەڵایەتـــی و هتد، گۆڕانیـــان بەســـەردا دێت و لـــە کۆتاییدا لە پەیمانی وێستفالی (١٦٤٨)، دان بە لەدایکبوونی چەمکێکی تازەدا دەنرێـــت کە نەزمی جیهانی لەســـەر بنیات دەنرێـــت، ئەویـــش «نەتەوە-دەوڵەت»ـــــە. لە ڕاستیدا سیســـتەمی باج و بەڕێوەبەریی پێکهاتەی سیاســـی، هەســـت بە یەکدەســـتکردنی زمانی، وێژمانـــی، ئابووری، ســـەربازی و تەنانەت ئایینیی حەشیمەتی ژێر دەســـەڵاتی خۆی دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش سیســـتەمی پەروەردەی وڵات وەک کارگەیەک دەســـت دەکات بـــە پەروەردەکردنی هاووڵاتی (Citizen) بۆ دەوڵەت؛ واتە لێرەدا ئەم شـــێوە تازەیە لـــە پێکهاتە و بەڕێوەبەریی سیاســـی، پێویســـتی بە تاکی تایبەت هەیـــە، چونکە ئایدیـــا و بنەماکەی ناتوانێت چیدی پشـــت بە نـــەوە کۆنەکەی پێـــش بەدیهاتنی خۆی ببەستێت، بەڵکوو تاک و کەسایەتیی هاوشانی ئیـــدە و دوورەدیمەنەکانـــی خـــۆی گەرەکە. یەکێک لەم پێـــوەرە تایبەتییانەی لە پەروەردەی تاک و کەســـایەتیی هاووڵاتیبوونیدا بۆ دەوڵەت-نەتەوە ڕۆڵـــی گێڕاوە بۆ یەکخســـتنی ڕۆحی هاووڵاتییانی دەوڵەتە جیاوازەکان، سیکۆلاریزمە.

تـــەلال ئەســـەد دەڵێت: ســـیکۆلاریزم، دۆکترایەنی سیاســـیی ئەورووپـــا و ئەمریکای مۆدێرنە کـــە پێی وایـــە دەبێـــت ئایین لە دامودەزگای دەسەڵات و بەڕێوەبەریی حکوومەت جیا بکرێتـــەوە. تەلال دەڵێت: ســـیکۆلاریزم تەنیا دژکردەوەیەکی ڕووناکبیری بۆ پێکهەڵکردنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ســـەقامگیر نییە، بەڵکوو دووبارە پێناســـەکردنەوەی تاکە و تێپەڕینـــە لـــەو جیاوازییانـــەی بە چین، ڕەگەز (Gender) و ئایینەوە بەســـتراونەتەوە. تـــەلال ئاماژە بەوە دەکات کە ســـیکۆلاریزم بە واتای سڕینەوەی ئایین لە کۆمەڵگەی دەوڵەت-نەتەوەکاندا نییە، بەڵکوو ڕێژەی دەسڕۆیشتوویی ئایین بەپێی کۆمەڵگە جیاوازەکان وەک ئەمریکا یان فەرەنســـا دەگۆڕێـــت. هەروەهـــا ئەگەر ســـیکۆلاریزم پتەوکردنی پێکهەڵکەریی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بێـــت، دواتر تێپەڕینە لە هەموو جیاوازییە تاکەکەســـی و گرووپییەکان لەپێناو یەکخســـتنی گشـــتی. یەکخستنی گشتی (هاووڵاتییان و هاووڵاتیبوون) پێویستی بە پێناســـەیەکی بێلایـــەن هەیـــە (Talal, 2003). لێرەوەیە سیکۆلاریزم یارمەتیمان دەدات پێناسەیەکی گشـــتیی بەرزتر لە بەستراوەیی ئایینـــی و گرووپی، گشـــتگیر بکرێـــت. ئەم پێناســـە بێلایەنە لە کۆمەڵگە فرەئایینییەکاندا زۆر گرنگـــە، چونکە لایەنگری لـــە هەر ئایین یان ئایینزایەک، دەتوانێت دووبەرەکی و کەلێنی کۆمـــەڵ و گرووپە جیاوازەکانـــی نێو کۆمەڵگە قوواڵ بکاتەوە.

هەروەها بوچـــارت ماریان و هاوکارانی پێیان وایە ســـیکۆلاریزم پرۆســـەیەکە تێیدا ئایین بەرەبەرە دەسڕۆیشـــتوویی خۆی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە دەســـت دەدات و دەچێتە نێو خانەیەکی بوونناســـی و مەعریفەتناســـیی تایبەتەوە. بە واتایەکی دیکە؛ ئایین لـــە بیاقی گشـــتییەوە دەگوازرێتەوە بۆ بیاقێکی ئەبستراکت و پشتی ئیرادەی سیاسی یان ئەو پانتاییەی نێـــوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی کـــە دەوڵەت لەو پانتاییـــەدا خەڵک وەک گشتێکی یەکدەســـت دەبینێت. بوچارت و هاوڕێکانـــی هەروەها پێیان وایە ســـیکۆلاریزم ڕێژەیەکی زانســـتی-مەعریفەتییە کە زەینی تاکەکان لەمـــەڕ بابەتـــە جۆراوجۆرەکانی ژیان هەڵدەشـــێلێتەوە. لێرەوە ئایین وەک بابەتێکی نوێی مێژوویی دووبـــارە هەڵدەچنرێتەوە و وەک بژاردەیەکی بڕوامەندیی تاکەکەســـی دەبینێت کە لە کاتـــی بێکاریدا یـــان هەندێک بۆنەی کۆمەڵایەتیـــدا زەق دەبێتـــەوە (Burchardt, Wohlrab-Sahr, & Middell, 2015).

بەم پێیـــە، ســـیکۆلاریزم هەڵکەندن یان لاوازکردنی بەستراوەیی ئایینییە بە پێناسەیەکی

گشـــتگیرتر، که تێیدا ڕۆحی گشتیی کۆمەڵگە بەرجەســـتەیە و تاک وێنای لە خـــۆی و ئەوانی وەک خۆی (Imagined Community) لەسەر ئایین بنیات نانێت، بەڵکوو ئەو ڕێژیمە زانستی-مەعریفەتییـــەی کە ســـیکۆلاریزم دایگرتووە، ســـنووورەکانی نەتەوەیی بۆ دیاری دەکات.

بۆ وێنە؛ هیندســـتان کە بـــە وڵاتی چەند نەتـــەوە و چەند ئایین ناســـراوە، ئەگەر دەوڵەت لەسەر گرنگیدانی زیاتر بە هەر کام لەو ئایینانەی لە وڵاتدا هەن کاروباری بەڕێوەبەری، سیاســـی و کۆمەڵایەتیی خۆی ڕێـــک بخات، دەبێتە هۆی ئـــەوەی هاووڵاتـــی لە دەوڵـــەت نامۆ ببێت و بەشـــێکی یەکجار زۆری هاووڵاتییان خۆیان لە وێژمانی سیاســـیی دەوڵەتدا نەبینینەوە. ئەمەش دواجـــار دوورکەوتنەوە و جیابوونـــەوەی بەدوادا دێت؛ چونکە لە بنەڕەتـــدا ئەم نامۆبیە، ڕوانگەی جیاواز و بەدوای ئەودا پێناســـی جیاواز دروست دەکات کە لای تاک «من و ئێمە» و «ئەو و ئێوە» دروست دەکات. بەڵام ئەگەر بەشداریی سیاسی و بەڕێوەبەری لەســـەر ئەو ڕێژیمە زانستییە بێت کە ســـیکۆلاریزم پەڕەی پـــێ دەدات، ئیدی دەوڵەت و حکوومەت یان تەنڵەت ئەو پێناســـە و وێژمانەی دەوڵەت هەڵیدەگرێـــت، تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە و دەبێت بە بەشـــێک لەو، کە لە بنەڕەتدا ئەوە ویســـتی کۆتایـــی دەوڵەتە بۆ ئـــەوەی تاک خۆی بە بەشـــێک لەو «کۆمەڵگە وێناکراو»ە بزانێت و ئـــەو کۆمەڵگە وێناکراوەش بە هی خۆی بزانێت. ســـیکۆلاریزم لێرەدا تەنیا بەشداریی سیاســـی یان لە فۆرمدانی تاک نییە بۆ دەوڵەت، بەڵکوو یەکســـانی و کەمکردنەوەی نادادپەروەریشـــی لـــێ دەکەوێتـــەوە؛ چونکە ئیـــدی ئایین یان هەر چەشـــنە جیاوازییەکی دیکـــە ســـەرەتای بەشـــداکردنی تاک نییە لە کاروبـــاری ژیانی سیاســـی و کۆمەڵایەتیدا، بەڵکـــوو ســـیکۆلاریزم هەنگاو بـــە هەنگاو بەستێنی شایستەسالاری دەرەخسێنێت. چونکە پەیوەندیی تاکەکان، کۆمەڵگە و دەوڵەت لەســـەر ناســـنامەیەکی هاوبەش ڕێک دەخرێت و ئەم ناسنامەیە وەک ڕێکخراو و ڕامەزراوەیەک جێگیر دەبێت کە گشـــت پێکهاتەکان لەخۆ دەگرێت و دەگوازرێتەوە بۆ ڕێژیمە زانستی-مەعریفەتییەکەی ســـیکۆلاریزم. بـــۆ وێنە لە کێشـــەی نێوان پاکســـتان و هیندستاندا لەسەر کشمیر، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی ناوچەکە موســـڵمانن و ئایینی فەرمیی پاکســـتانیش ئیسلامە، نابێت بەهۆی ئەوەی موســـڵمانی هیندستان خۆی لە وێژمانی پاکستانیدا بدۆزێتەوە.

دیارە نابێت لـــە بیرمان بچێت ئەم چەمکە وەک هەموو بابەتێکی سیاسیی دیکە، کاریگەریی پێگە، هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی و دۆخی سیاسیی لەســـەر دەبێت. بۆ وێنە ئەگەر ســـەرنج بدەین بە ڕووداوی سیاسیی کۆماڕەکانی پاش یەکێتیی سۆڤیەت ســـەبارەت بە پرسی پێناسەکردنەوەی نەتەوەیی، دەبینین هەندێکیـــان ئایین دەکەن بـــە ئایدیۆلۆژیای حکوومەت بـــۆ بەربەرەکانێ لەگـــەڵ ڕەقیب یان هاوشـــانی هەڵکەوتوویە جیۆپۆلیتیکییەکانیان؛ بۆ نموونـــە ئازەربایجان و ئەرمەنســـتان کە کێشەی ســـنووریان هەیە. ئەمە وەک ئاماژەیەک بـــۆ گوتارە ناوخۆییەکان دەبینرێت کـــە ئۆتۆریتەی ئایینـــی بە بنەما دەگرن، تاکوو لـــە هەژموونی گوتاری کۆمۆنیزم لەمەڕ دیاردەی نەتەوە و پرســـی جیۆپۆلیتیک تێپـــەڕن. ڕوانگەی کۆمۆنیـــزم لەمەڕ ئایین کە لە یەکێتیی ســـۆڤیەتدا بە ناوی ســـیکۆلاریزم پێناســـە دەکرا، لـــە ڕاســـتیدا دژایەتیکردن لەگـــەڵ ئایین بـــوو. کۆوالیۆســـکی پێی وایە دژایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ ئایین، بۆ بەهێزکردنی کۆمۆنیزم بـــوو تاوەکوو نەزم و سیســـتەمی بەر لە کۆمۆنیزم بسڕێتەوە؛ چونکە کۆمۆنیزم ئایینی وەک ئامـــرازی چینی بۆرژوا تێبینی دەکرد بـــۆ ســـەرکوت و گەمژاندنی چینـــی کرێـــکار (Kowalewski, 1980). ئەم دژایەتیکردنەی یەکێتیی سۆڤیەت نەک ئایینی لە کۆمەڵگەدا نەســـڕییەوە، بەڵکوو یەکەم ناوەند و گرووپە دژبەرەکانـــی دژە کۆمۆنیزم لە هەناوی کۆمەڵگەدا گووراند و وەک کۆوالیۆسکی دەڵێت: کۆمەڵگـــە و تاکەکانی هـــان دەدا لە هەناوی ئایینیدا بەدوای مافـــە زەوتکراوەکانیاندا بگەڕێن

(ibid).

یەکێک لە هەرە نموونە سەرکەوتووەکانی سیکۆلاریزم بۆ نەتەوە و نەتەوەسازی، نموونەی «لائیسیتە»ی فەرەنسایە. ئیان بیرچال دەڵێت کە پرۆژەی پەروەردەیی فێری (Ferry)، بە لابردنی پێکهاتەی ئایینی و جێگیرکردنی باری «ڕەوشتی و مەدەنی» لە پەروەردەدا، ناسنامەی فەرەنسیی بەهێز کرد و بوو بە هۆی ئەوەی نەوەیەکی نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێز پەروەردە بکرێت (Birchall, 2015). جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەت گەورەترین خزمەتی بە گەشەی فەرەنسا کرد. دیارە لائیسیتە وەک ئەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت ڕووی دا بە واتای دژایەتیی ئایین نەبوو، بەڵکوو ئایینی لە بیاقی گشتی و بەتایبەتیش سیاسەتەوە بۆ بابەتێکی تاکەکەسی گواستەوە؛ چونکە پێویست بوو چینی خوارەوەی کۆمەڵگە کاروباری حکوومەت ڕاپەڕێنێت و دژایەتیکردن لەگەڵ ئایین دەیتوانی قەڵشتی نێوان دەوڵەت و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە بەرینتر بکات. سیستەمی پەروەردەی کەنیسە پێش شۆڕشی فەرەنسا هەوڵی دەدا کەسایەتیی هاووڵاتی بەپێی تایبەتمەندی و ئەجێندای خۆی پەروەردە بکات، هەر بۆیە دەوڵەتیش پێویست بوو بەم جۆرە لە سیستەمی پەروەردە بڕوانێت. هەر لێرەوەش وێژمانی سیستەمی پەروەردە لە ژێر کاریگەریی لائیسیتەدا دەگۆڕدرێت بۆ وێژمانێکی نیشتمانپەروەرانە کە تێیدا ئەم ڕوانگەیە ڕەنگ دەداتەوە: «فەرەنسام بەقەد دایک و باوکم خۆش دەوێت، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بسەلمێنم، دەبم بە تاکێکی خاوەن ڕەوشت و کۆڵنەدەر تاوەکوو لە کاتی گەورەبوونم ببم بە هاووڵاتییەکی باش و سەربازێکی ئازای ئەم وڵاتە» (ibid).

بە گشتی دەبینین کە بە چ چەشنێک پەروەردەی ئایینی لە هەناوی وانەکانی سیستەمی پەروەردەدا دەر دەهاوێژرێت و ئەو توخمانەی پێ زیاد دەکرێت کە هەستی هاونیشتمانیبوون بەرز دەکەنەوە. دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت فەرەنسا مەکۆی پێکدادانی گرووپ و پێکهاتە ئایینییە جۆراوجۆرەکانە و هەروەتر ململانێی میر و پاشا و پاپ و پیاوانی ئایینی بووە. ئەگەر فەرەنسای نوێ وەک نەتەوە-دەوڵەت ئەم پرەنسیپەی ڕەچاو نەکردبا، لەوانەیە کەلێنە قوواڵەکانی نێو کۆمەڵگەی فرەزمان، زار و ئایینزای فەرەنسا بۆ وێک نەخرابایەوە. بە هەر حاڵ، ئاماڵجی ئەم وتارە زەقکردنەوەی ئەم بابەتەیە کە چۆناوچۆن سیکۆلاریزم دەتوانێت وێنایەکی گشتی بە کۆمەڵگە ببەخشێت، بەبێ ئەوەی جیاوازییەکانی ئەوان بسڕێتەوە یان دژایەتییان بکات.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، هەوڵ دەدەم بەکورتی ئاماژە بە چۆنایەتیی دۆخی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم. بە چاوخشاندنێک بە مێژووی کوردستاندا، بە ڕوونی دیارە کە بزاڤی مافخوازیی کورد بەر لە دامەزرانی حیزب، لەسەر شانی حوجرە و پیاوانی ئایینی بەڕێوە دەچوو؛ لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە (١٨٨٠-١٨٨١) بگرە هەتا شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٩٠٨-١٩١٤)، شێخ مەحمودی حەفید (١٩١٩-١٩٢٤)، شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) و سەید ڕەزای دەرسیم (١٩٣٧-١٩٣٨)، هەمووی لە لایەن پیاوانی ئایینی و تۆیژی ئیماندارەوە ڕێبەرایەتی و ڕێک خراوە. تەنانەت کۆماری کوردستان و ڕۆڵی هەرە بەرزی قازی محەممەد وەک کەسایەتییەکی ئایینی بەرز نرخاوە. بەم حاڵەشەوە قەت ئەم شۆڕشانە و پاش ئەوانیش، بزاڤەکانی کوردستان ڕەنگی ئایینییان بە خۆوە نەگرت و هەمیشە سیکۆلار مانەوە. لە لایەکی دیکەشەوە پێکهەڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەکان لە کوردستان، تۆڵیرانسی بەرزی کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدات و پێمان دەڵێت خودی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی سیکۆلارە. بزاڤی کوردستانی لە هەموو پارچەکان هەتا ئێستا سیاسەتێکی سیکۆلاریان ڕەچاو کردووە و بەدەگمەن دەبینین حیزبی

ئایینـــی لە کۆمەڵگـــەی کوردیـــدا ببێت بە هەژموون. دیـــارە نابێت لەبیرمان بچێت هاتنی شەپۆلەکانی ئیسلامی سیاســـی و ئیخوانی بۆ کوردســـتان کە نەیاران زۆریان هـــەوڵ دەدا لە کوردســـتاندا جێی بکەنەوە، جاروبار ڕووکردی بەشـــێک لە حیزبەکانـــی گۆڕیـــوە تاوەکوو هەستی ئایینی بۆ ڕاکێشـــانی هەست و سۆزی کۆمەڵگە بەکار بهێنن. لەم ســـاڵانەی دواییدا، حیزب و کەسایەتییە سیاســـییەکان بەبۆنەی جەژن و بۆنە ئایینـــی و ئایینزاییەکانەوە لە هەر چوار پارچەی کوردســـتان پێشبڕکێی پەیام و پیرۆزباییان کردووە، کە نیشـــان دەدات عەقڵی سیاســـیی کورد دەیەوێت بـــە زەقکردنەوەی جیاوازییە ئایینییـــەکان، لایەنگری زیاتر بۆ لای خۆی ڕاکێشـــێت. ئەم بابەتە دەتوانێت ئێمە لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی سیکۆلاریزم بێبەش بکات و کۆمەڵگە بەرەو چەندجەمســـەری ببات. هەڕکێی حیزبی چ لە پارچە ئازادکراوەکان و چ لە پارچە داگیرکراوەکان، دابەشینی هێز و وزەی کوردستانی لەم سۆنگەیەوە دابەشینی ناوخۆیی لەسەر ئاستی ئایینیشـــی لێ دەکەوێتەوە، کە دواجار پێناسی هاوبەش لاواز دەکات؛ یان باشتر بڵێین: ئەگەر پێناسی لاوەکی (ئایینی، ئایینزایی) بەهێزتر لە پێناسی نیشـــتمانی بۆ گەرمنتی و دەستخستنی بەرژەوەندیی گرووپ و تاکەکەس ڕۆڵ ببینێت، بە تێپەڕینی کات ناســـنامەی هاوبەش کاڵ دەکاتـــەوە و تەنانەت ئـــەم ڕەوتە دەتوانێت سەرەتایی ببەخشـــێت بە بەشداریی سیاسیی تاک لـــە بەرێوەبەریی ڕێکخراوە سیاســـی و دواجار حکوومیشدا.

ئێمە لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان جگە لە ســـێ پێکهاتەی ئایینی و ئایینزایی سەرەکیی ســـوننی، شـــیعە و یارســـان کە ئەمانیش خۆیان یەکدەســـت نین، بەهایی، مەسیحی، یەهوودی و ئاتێیستیشـــمان هەیە. ئەم هەموو جیاوازییە «لائیســـیتە»یەکی پێویســـتە هەتا پێناســـی هاوبەش ئەوەندە پتـــەو بکات، تاکوو لانیکەم لـــەم بوارەوە تووشـــی کەلێنی قورس نەبین. لە ڕاســـتیدا جێی بایەخە کە کوردبوون لەســـەر تەوەری هیـــچ ئایدیۆلۆژییەک بنیات نەنراوە؛ کوردبوون وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی-مێژوویی تێبینی دەکرێت کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، لە زاراوەیەکـــەوە بۆ زاراوەیەکی تـــر و تەنانەت لـــە ئایینێکەوە بـــۆ ئایینێکی تـــر، ڕوانگەی جیـــاواز لەخۆ دەگرێـــت، بەڵام جەوهەرێکی یەکســـان لە هەمووانـــدا بەدی دەکرێت و ئەویـــش کوردبوونە. هەر ئەمەش وای کـــردووە ئەم هەموو جیاوازییـــە پێکەوە لە ژێر ناوی «کوردبوون»دا خۆیان پێناســـە بکەن. بەڵام هەروەک لە سەرەوە باســـکرا، ئەم پێناسەیە لە ڕێگەی ســـیکۆلاریزمەوە توانراوە پرۆسپێکتیڤە لۆکاڵییەکان لە بن چەترێکی گشتگیرتردا، واتە «کۆمەڵگەی وێناکـــراو»دا ڕابگرێت و ئامانجەکانی دەوڵەت لەمەڕ پـــەروەردەی هاووڵاتی بهێنێتە دی. جگـــە لە بابەتـــی هەڤرکێـــی ڕەوت و کەسایەتییە سیاسییەکان (بەتایبەتیش بەڕپرسی یەکەمـــی حیزبەکان)، یەکێک لـــە خاڵە هەرە نەرێنییەکانی دووبەرەکی و لەتبوون، دامەزراندنی یەکێتیـــی زانایان بوو کە لەســـەر دەســـتی «حدکا» دامـــەزرا؛ لە کاتێکـــدا ئەم یەکێتییە نـــەک تەنیا هەمـــوو پێکهاتەی موســـڵمانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانی لەخۆ نەدەگرت و تەنیا تایبەت بـــوو بـــە بڕوادارانی ســـوننی، بوو بە بریسکەی مەترســـی لای کۆمەڵگەی یارسانی کوردســـتانیش. لە کاتێکدا یەکێک لە کۆڵەکە ســـەرەکییەکانی بزاڤ و بەدیاریکراوی حیزبی دیموکرات لە باشـــووری ڕۆژهەڵات، پێکهاتەی یارســـانە، ئەم هەنـــگاوە و ڕووداوەکانی دیکە لە باشـــوور و ڕۆژئاوا کە قەڵاچۆ و کۆچی بەکۆمەڵی کوردانی ئێـــزدی و کەمە ئایینییەکانی دیکەی لێ کەوتـــەوە، بوو بەهۆی ئەوەی یارســـانان لە بەدەنەی دیموکـــرات دابببڕێن، هەمیش ببێت بە بیانوویەک هەتا کەســـان و لایەنی جۆراوجۆر بتوانن تەڵقینی ئەم مەترســـییە لە ڕۆژهەڵات بۆ پێکهاتەی یارسان ئاســـانتر بکەنەوە.

بە ســـەرنجدان بە ڕۆڵی ســـیکۆلاریزم لە پرۆســـەی نەتەوەسازی، ناســـنامەی هاوبەش، وێژمـــان و یەکێتیـــی نەتەوەیـــی، هەروەها

ئەزموونی ئـــەو ولاتانەی فرەئایینن، هەســـت دەکەین کە کوردســـتانی فرەئاییـــن، زیاتر لە هەموو شـــتێک پێویســـتی بە جێگیرکردنی گوتاری سیکۆلاریســـتییە، تاکوو ناســـنامەی هاوبەشـــی کوردســـتانیبوون پتەوتـــر بکات. بەهۆی ئەوەی کە هێشـــتا بەشێکی گەورە لە کوردستان نەیتوانیوە سەروەریی سیاسیی خۆی دامەزرێنێت، نەیارانی کورد زۆر بە ئاسانی دەتوانن تێڕوانینی ئایینـــی و ڕوانگەی ئایینزا جیاوازەکان وەک کەرەستەیەکی سیاســـی بۆ لاوازکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردســـتان بەکار بهێنن و جیاوازییەکان (کە دەبێـــت نرخی پلۆرالیزمی سیاســـی-کۆمەڵایەتیی کورد بەرزتر بکاتەوە) وەک کێشـــەیەکی بنەمایی ڕەچـــاو بکەن بۆ دنـــەدان و دابڕانی پێکهاتە جیاوازەکان لە هزری کوردستانیبوون. سەرەڕای ئەمانەش سیکۆلاریزم دەبێتە هـــۆی قووڵبوونەوەی دیموکراســـی لە ژیانـــی کۆمەڵایەتی و سیاســـیی کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە ســـرینەوەی ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیک لە پرۆژەکانی بەرێوەبەری و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکاندا، دەتوانێت ئاسۆی ژیان گەشتر و پێوەندییە گشتییەکانی نەتەوەیی پتەوتر بکات. لەم ســـۆنگەیەوە پرســـی نەتەوەیی، کە نەتەوە وەک بەرهەمی هاتوچۆ پێناسە دەکات، هاوکات ســـنووری کولتوورییەکانیشی تۆختر دەکات.

سەرچاوەکان:

Birchall, I. (۲۰۱۵). The Wrong Kind of Secularism. Jacobin. https://jacobin.com/۲۰۱۵/۱۱/charlie-hebdo-france-secular-paris-attacks-lacite/

Kowalewski, D. (۱۹۸۰). Protest for Religious Rights in the USSR: Characteristics and Consequences. The Russian Review, ۳۹(۴), ۴۲۶–۴۴۱. https://doi.org/۱۰.۲۳۰۷/۱۲۸۸۱۰.

Burchardt, M, Wohlrab-Sahr, M, & Middell, M. (۲۰۱۵). Multiple secularities beyond the West: An introduction. In M. Wohlrab-Sahr & M. Burchardt (Eds.), Multiple secularities beyond the West (pp. ۱–۲۰). De Gruyter.

Talal, A. (۲۰۰۳). Formations of the Secular: Christianity, Islam, Modernity. Stanford University Press.

بنەماکانی تۆتالیتێری ئێرانی/شیعیزم

ڕۆژبین ڕۆژهەلاتی

دیـــارە تۆتالیتێـــرەکان زۆر خاڵی وێچوویـــان هەیە و لەزۆر جێگاشـــدا تایبەتمەندیی خۆیـــان هەیە. تۆتالیتێری ئیسلامیی ئێـــران، بەڕواڵەت لەســـەر دوو چەمکی کۆماری و ئیسلامـــی دامەزراوە. بەڵام ســـەبارەت بە کۆماریبوون هەر فرێ بەســـەر کۆمارییەوە نییە. ســـتراکچێری ئەو حکوومەتە، دەســـەڵاتی مافیا Mafia State یە یان دەســـەڵاتی خراپەکار و بەدخوو Criminal Stste ی ئۆلیگارشـــییە. چونکـــە ئاکارەکانی: دزی، گرتنی بارمتە، کاری مافیایی، تیرۆر، ئەشـــکەنجە و ڕەشـــەکوژییە.

هانا ئاریَنت لەکتێبی توتالیتاریزمدا بەخەستی باسی دوو تۆتالیتێر دەکات. واتا نازیسم لەئاڵمان و سیتالینیزم لەڕووسییە. دیارە هەردووکیان لەیەک زەمەنی مێژوویيدا دەسەڵاتداربوون. هانا ئاریَنت لەو بەرهەمەدا ئەو دوو حکوومەتە لەیەک جیا ناکاتەوە. گەرچی دوو فکر و ئایدۆلۆژیای جیاوازیان هەبووە بەڵام لەکرداری پراگماتیسمیدا وەک یەک بکووژ و دژە مرۆیی بوون. هانا ئاریَنت پێی وا بوو تۆتالیتێر لەسەر چەند بنمایەکی سەرەکی خول دەخوات:

١. چینەکانی کۆمەڵگا تێک دەدات و دەیانکاتە کۆمەڵگایەکی ڕەشۆکی شوێنکەوتووی تۆتالیتێر.

٢.هەروەها ڕۆڵی پرۆپاگەندا لەبەرانبەر دنیای دەرەوە و فریوی ناوخۆ.

٣. کەڵک وەرگرتن لە چەمکی ترس و تیرۆر.

٤. گۆشەگیرکردن و تەریکخستنی تاکی کۆمەڵگا. بەگشتی دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیست، ئاناتۆمیی کۆمەڵگا گیرۆدەی ڤایرۆس و میکرۆبی تۆتالیتێر دەکات. یانی کۆمەڵگا بەرەو تاکخوازی دەبات. لە تەوەری تاکخوازیدا چەمکی من منخوازی پەرە دەستێنێ و تانوپۆی پەیوەندایەتی و لێک نزیکبوونەوەی کۆمەڵانی کۆمەڵگا لێک هەڵدەوەشێ و کورد گوتەنی کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە.

بۆ ئەوەی باشتر توتالیتاریزمی ئایدۆلۆژیخوازی شیعیزم بناسرێت و بزانین لە١٣٥٧وە هەتا ئێستا ئەو چەند جیلە بەدەست چ حکوومەتێکی زاڵم و خوێنڕێژەوە نالاندوویانە و چ باندۆرێکی لەسەر ڕۆح و جەستەی جیلەکانی کۆمەڵگادا هەبووە و هەیەتی، شڕۆڤەی سێ خاڵی سەرەکی دەکرێت:

١. تیرۆریزم
٢. زمان
٣. ڕێبەر

تیرۆریزم

١. تیرۆریزمی تۆتالیتێری ئیسلامی. کەیس و فاکتی تیرۆریزم، یەکێ لە کۆڵەکە سەرەکی و ئەرکانی بەهێزی دەسەڵاتی ئاخوندیسمە. دەسەڵاتی فەندەمینتالیسمی ئێرانی/ئیسلامی، ئۆرگانیزاسیۆنی تیرۆری کردە پراکتیزی دەسەڵات و پلاتفۆرمی ڕەشی خۆی لەسەر دارشت.

"تیرۆریستەکان پسپۆڕن و شارەزای کۆنترۆڵی هەزر و زەینن." [١] ئەوە یەکەم ڕستەی بەشی تیرۆریزمی کتێبی ٢١وانە بۆ سەدەی ٢١ە. لەنووسینی یوڤاڵ نووح هیرارى. لەدرێژەدا هیرارى دەڵێ: "تیرۆریستەکان خەڵکانێکی کەم دەکوژن بەڵام زراوی ملوێنان و بگرە ملیاردێ خەڵک دەتۆقێنن." [٢] تیرۆر بریتییە لەو کردەوانەی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجگەلێکی سیاسی ئەنجام دەدرێت لەڕێگای کوشتن و تیرۆری کەسگەلێکی تایبەتی و بۆمبدانان و تەقاندنەوە و ...هتد ترس و خۆف دەخزێنە دەروونی کۆمەڵگاوە و ئەو کردەوە تووندئاژۆیانە لەلایەن گرووپگەلێکی بیرتەسک و دێگماتیسمی وەک داعش یان ئەلقاعیدەوە ئەنجام دەدرێن، کە بەرهەمی ئەزموونی فکری و ئایدیای ڕێژیمێکی تیرۆریزمپەروەر و بناژۆخواز و فەندەمینتالیزمی ئاخوندین. ئامانج لە تیرۆر بە گشتی بۆ تۆقاندن و سەرکوت بەڕێوەدەبرێ.

هێرشی ١١سێپتامبەری ٢٠٠١ بۆسەر دوو بورجی ئلبووریی نیۆیۆرک، حکوومەتی ئەمریکا و ئەروروپای تاساند. ئەو ڕووداوە نزیک بە ٣٠٠٠ کوژراوی لێ کەوتەوە. یان بەشێوەیەکی وردتبینانەتر ٢٩٩٦ کەسی تێدا کوژرا. ئەگەر بەراوردێکی ڕووداوی پێکدادانی ماشێن بکەین لەوڵاتی ئەمریکادا، هەر ساڵەی زیاتر لە

٣٥٠٠٠ کەس دەکوژرێن. بەڵام دەبینین کوژراوانی ماشێن و ڕووداوی جادە وشەقامەکان بەقەدرایی هێرشی ١١ سێپتامبەر کۆمەڵگای ئەمریکای نەتاساند و خەڵکی نەهەراساند. ئەرکی تیرۆریزم تۆقاندن و ترس خستنە نێودڵی جەماوەرە بۆ پەرتەوازەیی و ئاڵۆزی. تیرۆریزم بەکردەویەکی بچووک کۆمەڵگایەک دەتاسێنێت. تیرۆریزم ستراتیژیەکی نیزامییە کە فۆکووسی لەسەر چەمکی ترسە، نەک لەسەر زۆری و کەمیی کوژراوەکان. داعش پێش ئەوەی هێرش بکات و پانتایی عێراق و سووریا بگرێت، لەپێشدا قیدیۆی دەستڕێژی ڕەمەکی بۆ سەر چەند ماشێنێکی خەڵکی سڤیل نیشان دەدا کە ئەوان چۆناوچۆن خەڵکی دەکوژن و دەست لە ورد و درشت ناپارێزن. هەربۆیە لە یەکەم هێرشدا بۆ سەر شاری مووسڵ، یەک سەربازی عێراقی توانایی بەربەرەکانێی نەبوو و بە پێخاوسی ڕایانکرد. ڕێژیمی بەعسی لەناوچووی عێراق پێش ئەوەی هێرشی ئەنفال دەست پێ بکات، لەڕاگەیەنەگشتی و T.V-ـەکاندا بەردەوام فیلم و دیکۆمێنتاری ئەکشێن و کوشتوکوشتاری بڵاو دەکردەوە تاکوو پسیکۆلۆژیکانە ڕێگەخۆشکەری ئەو پرۆژە نگریسەی بێ.

تۆتالیتێری ئاخوندی بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو تاوانی دژەمرۆیی و جەنایەتی موقەددەس هان بدات، ئەو پاسدار و کەسانەی لەشەڕی کوردستاندا دەکوژران، زۆر ناجوامێرانە سەر و پێیانی دەبڕی و بە پرۆپاگەندەی دروێینی "کوردەکان سەری پاسداران دەبڕن" چەمکی کوردی سەربڕیان خستە ڕۆژەڤی ئەدەبییاتی جیهادیی ئێرانییەوە و کۆمەڵگای ڕەشۆکی و فیلسواری شیعیزمی ئێرانیش بەلێشاو دەهاتنە شەڕی جەهاد لەکوردستان. مستەفا چەمرانی ئاکادێمیست کاتێ دەبینێ خەڵکی کورد نوێژ دەکەن و بانگ دەدەن، گوتوویەتی، بۆ ئێوەش نوێژ دەکەن؟! ئەوە نیشانەی شۆڤێنیزمی سانتراڵخواز و ناسیۆنالفاشیزمی فارسیزمە. یان کاتێ سادقی خەڵخاڵی لەکوردستاندا دەستی کرد بە تیرۆری ناجوامێرانە و ئێعدامە چەند خولەکییەکانی بەڕێوە دەبرد، ترس و وەحشەتێکی خستە دڵی خەڵکەوە کە تەنانەت منداڵی ئەو سەردەمە دەمانگوت:

"بچم قاوکەم لەخاڵخاڵی بێت بتخوا هەر بەکاڵی."

دەسەڵاتی ئاخوندیزمی ئێرانی یەکەم هەنگاوی دوای ٢٢ڕێبەندانی ١٣٥٧ـی هەتاوی تیرۆر بوو. دادگای چەند خولەکیی بەڕێسانی پاڵەوی و دادگاییکردنی هەویدای سەرۆکوەزیرانی پێشوو و چۆنیەتیی کوشتنەکەی، نۆرمێکی تیرۆریزمی دەوڵەتی بوو. بەو کردەوانە و بەناوی ئێعدامی شۆڕشگێڕانە خۆی وا پێناسەکرد کە من، لەسەر تیرۆر و کوشتن و تۆقاندن کۆڵەکەکانی دەسەڵاتەکەم دادەمەزرێنم. ئەوە دەستمایەی حکوومەتی ترس و خۆف و فۆبیا بوو. چیها لاوی کوردستانی لە زیندانەکاندا گوللەباران کران و نەتەنیا تەرمەکانیان پێ نەدرانەوە بەڵکوو گۆڕەکانیشیان شوێنبزرکران و کەس پێیان نازانێ. ئەگەریش تەرمی پێرۆزیان دەدرایەوە بە بنەماڵەکانیان دەبوو قوتوویەک شیرینی و بڕە پارەیەک بەرنە ناوەندەکانی دەسەڵات. شیرینی بۆ ئەوەی بەپێی وتەی دەسەڵاتی ئیسلامی تاکێکی موفسیدولفیلئەرزی لەسەرئەم خاکە پاک کردووەتەوە. بڕە پارەکەش پووڵی ئەو گوللەیە و فیشەکانەبوون کە بە جەستەی کوژراوەکەیانەوە دەنا. ئەوە بێرێزیکردنە بەکۆی گشتیی مرۆڤایەتی. چونکە ئارێنێت لە توتالیتاریزمدا باسی شەڕی تڕۆوا و کوشتنی هێکتۆر بەدەستی ئاشیل دەکات و دەڵێ: "ئاشیل بۆ هێکتۆر(بەڕێزەوە) مەراسمی بەخاکسپاردنی بۆ بەڕێوە دەبات."[٣] چونکە وەک مرۆڤ لێی دەڕوانێ و کەرامەتی مرۆڤایەتی دەبێ بپارێزرێ. کەم نەبوون ئەو ئافرەت و کچەکورد و ئێرانیانەی پێش ئەوەی ئێعدام بکرێن پاسدارێکیان دەکردە پاڵی بۆ ئەوەی

لاقـــەی بـــکات و بیکاتـــە ژن. دوایەش بە شـــانازییەوە بەبنەماڵە داماوەکەیان دەکوت پێش ئەوەی کچەکەتان گوللـەباران بکرێت لەم برادەرە پاســـدارە مارەکراوە چونکە لەڕوانگە و فەلسەفەی ڕەش و نگریسی تۆتالیتێری شیعیزم و ئیسلامەوە ئەگەر ئافرەتێک بە کچی ئیعـــدام بکرێت لەو دنیـــا دەبەخشـــرێت و بە ئـــاوری جەهەنەدم ناســـووتێت! ڕاســـت هەر ئەو ڕوانگەیەیە کە داعش بۆ ئافرەتی کوردی هەبوو. داعشـــییەکان پێیان وا بـــوو ئەگەر بە دەســـتی ئافرەتێکی کورد بکوژرێن دەچنـــە جەهەنەدم.

ئەو کـــردەوە تیرۆریزمانەی دەســـەڵاتی ئاخوندیـــزم، بۆ تۆقاندن و ترس خســـتنە دڵی تـــاک بەتاکی ئـــەو کۆمەڵگایەوە بـــوو. تاکوو چەمکی تـــرس ببێتە دوژمنێکـــی دەروونی و ڕۆژ و شـــەو دۆڵپای ســـەر مێشکی بێت. کورد هەر لەســـەرەتاوە زۆری هاوار کرد، دەســـەڵاتی ئیسلامی/ئاخونـــدی بـــەرەو حکوومەتێکـــی ڕەهـــای تۆتالیتێر دەڕوات. باســـی بەندیخانە و چاڵەڕەشـــەکانی دەکـــرد کە ئەم دەســـەڵاتە چ بەڵایـــەک بەســـەر کورد و کـــچ و ئافرەتانی کوردا دێنێ بـــەڵام زۆرینەی کۆمەڵگای ئێرانی گاڵتەیان پـــێ دەهات و باوڕیـــان نەدەکرد. یان نەیاندەویســـت باوڕبکەن. هەتا لەساڵی ١٣۶٧ و دواتـــر لە دەیـــەی ٩٠هەتاوی بـــەوڵاوە بۆیان دەرکەوت کـــە کـــورد زۆر زوو حەقیقەتی ئەو ڕێژیمـــەی بۆ مەعلووم بووە، بـــەڵام ئێرانیەکان گوێیان کـــون نەبوو. چونکە بەداخەوە کۆمەڵگای ئێرانـــی ئایینتەوەرن و لایەنی هـــەرەزۆری بیر وهزریان لەســـەر ئەساسی شیعیزم بنیاد نراوە و هەر لەسەر ئەوکانتێکس و باندۆری شیعیزمەیە پلان دادەڕێـــژن. مەهـــدی خەلەجی خۆی لە قوتابخانەکانی شێعە و ئایینپەروەری فەیزییەی قوم دەرســـی خوێندووە و وەک ئەحمەد کەسرەوی هەموو تانوپۆ و کەلێنەکانی ئەو تێکســـت و دەقە شێعەییانە بەباشی دەناسێ و هەستی پێ کردووە. هەربۆیـــە لە تێکســـتێکی خۆیدا ســـەبارەت بە حکوومەتـــی دینی لەئێرانـــدا ڕای وایە کە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیســـتی ئایینتەوەر تەنیا بە تۆتالیتێری ئیســـیلامی ئێران دەســـتی پێ نەکردووە و تەنیا بەم دەســـەڵاتەی حکوومەتی دینی تاقی نەکراوەتە. خەلەجـــی ئەو ئەزموونە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێرانی کەونارا و دەڵێ: " لەئێرانی دێریـــن و کۆندا پادشـــا جیالەوەی شـــا بووە، موویێدیش بووە و چینی ڕۆحانی و پێشـــڕەوانی ئایینی لەسیلسیلەکانی پادشـــاییدا دەسەڵاتی ڕەهایان هەبووە و کارتێکەریی بەرچاویان لەسەر پادشا و دەســـەڵاتداراندا هەبووە. پادشا بەهۆی فەرری ئیزەدییـــەوە شـــەرعییەت و ڕەواییی خۆی پەرە پـــێ دەدا[۴]" لەدرێـــژەدا بەو ئاکامە دەگات کە دەســـەڵاتی پاڵـــەوی و ڕزا پالەوی گرێدراوی ئایین و دەســـەڵاتی شێعەیە: "... هەر لە پادشـــاییی جەمشـــیدەوە هەتا حکوومەتی مەشـــرووتەی محەممەدڕەزای پالەوی، ڕەواییی دەسەڵات بەستراوەتەوە بە ئایینەوە[۵]" خەلەجی بـــۆ ســـەلماندنی ڕای خۆی پەنـــا دەباتە بەر کتێبی قەدیمی " نامەی تێنسیر[۶]". لەوکتێبەدا ئاماژە کراوە کە دەســـەڵاتەکانی دێرین لەئێرانـدا شـــکۆمەندی و بەرقەراریەکەیان زۆرتر بەهۆی پشتیوانیی پێشـــڕەوانی ئایینییەوە بووە.

زۆرجار بۆئەوەی وێچوونی نێوان تۆتالیتێرەکان نیشان بدرێت پێویستە فاکتگەلێکی هاوتەریب بخرێتـــەڕوو هەتا دژەگەلییبوونی دەســـەڵاتی ئاخوندیزمـــان بـــۆ ڕوون بێتەوە. لەشـــەڕی دووهەمی جیهانیدا لەوڵاتی چێکۆســـلۆواکی، لەلایەن خەباتکارانی بەهەڵوێستەوە ئۆپراسیۆنی ئەنتڕۆپۆید Anthropoid ئەنجـــام دەدرێت. لەو عەمەلیاتەدا ڕاینهارت هایدریش کەدەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای هیتلێربووە لەوڵاتی چێکۆسلۆواکیا، بەدەســـتی لاوانـــی خەباتکاری ئـــەو وڵاتە دەکوژرێت. هایدریش دەســـتێکی باڵای هەبوو لە ژینۆسایدی جوولەکەکاندا و تەواو نازیستێکی ڕاسیزمتەوەربوو و بەکوشتنی هایدریش، دەزگای هیتلێری ســـەیر هەڵبەزییەوە. لـــە تۆڵەی ئەو سەرکردەیەدا، ئەرتەشـــی هیتلێر بۆ تۆقاندن و ترس خســـتنە دڵی کۆمەڵگاوە تەواوی پیاوانی

گوندی لیدیســـتەی کوشـــت و ئەو دێیەشی بەیەکجاری خاپـــوور کرد. هەروەهـــا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لەخەڵکی ســـقیلی ئەو وڵاتەی قەتڵوعام کرد. دەســـەڵاتی ئاخوندیش ڕاســـت ڕەفتاری هیتلێـــری ڕەچاو دەکرد. لە ســـاڵی ١٣٦٢ـــی هەتاوی لە نێوان مهاباد و نەغەدەدا پاســـدار محەممەد برووجێـــردی کە یەکێ لە بەرپرسانی بڵێندپایەی ســـپای پاسداران بوو لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا دەکوژرێـــت. پاســـدارانی دڵ پـــڕ لەقین بۆ تۆڵەکردنەوە - شـــەلم کوێرم کەس نابوێرم — ٥٩ لاوی بێتاوانی مەهابادی بەشێوەی ڕەمەکی دەگـــرن و دەیانبەنە تەورێـــز و لەوێ هەموویان گوللـــەباران دەکەن. ئەو کردەوە ڕەشەکوژییانە هـــەر لەدەســـەڵاتی ئاپارتاید/کۆلۆنیالیســـت دەوەشـــێنەوە. چونکـــە ئەگـــەر هاووڵاتییانی کوردستانی بە خۆیی بزانیبایە نەدەکەوتە گیانی خەڵکی ســـقیل. یان قەتڵوبڕی سەدان کەس لەگوندەکانی وەک: قارنێ و قەڵاتان و ســـەوزی و قەرەگۆل و..... کاولکردنی دەیان و سەدان گوندی دیکە بەبیانووی شـــەڕی پێشـــمەرگە. لەهەر ناوچەیەکی کوردســـتان کاتێ پێشـــمەرگە لە دژی جاش و پاســـدار عەمەلیاتیان دەکرد دواتر دەســـەڵاتی داگیرکەری تاران دەســـتی دەکرد بەتۆپ و خومپارەبارانی گونـــد و مەزرای خەڵکی و دەیدا بەســـەر شـــار وگوندەکاندا و ڕەشبگیرانە دەســـتی دەکرد بە گرتنی خەڵکی ســـقیل، کەکوشتن و ئەشـــکەنجە و زیندانی بەدواوەبوو. ئەوانـــە و هەزاران فاکتـــی دیکە نموونەیەک لە بەربەرییەت و وینداليزمی تۆتالیتێری ئیسلامییە. ئەو کردەوە قێزەونانە نیشـــانەی ترســـەنۆکی و لاوازی ئەو دەســـەڵاتەیە، بۆیـــە پەنادەباتە بەر تیرۆر و توقانـــدن. چونکە زمانـــی ئاخافتن و ئینســـانی بوونی لاوازە و بەتەواوەتی دژەمرۆییە. بە قەولی نـــووح هێراری تیرۆر نیشـــاندەری لاوازی و بێدەسەڵاتیی دوژمنی بێهێز و سستە[٧]. کوشـــتن و تیـــرۆر لەناخی ئەو دەســـەڵاتە نگریســـەدا گەرای داناوە و تەنیا بە ڕووخاندنی ئەو تۆتالیتێرە وینداليزمە دەرەوێتـــەوە و تەواو.

ئـــەو دەســـەڵاتە ئـــۆتـــۆریـــتـــاریـــانـــیـــزمە Authoritarianism، دژی هـــەر جـــۆرە چالاکییەکی ئـــازادی تاکەکانـــە و لە ڕێگای تیـــرۆر و ڕەشـــەکوژییەوە تـــرس و تۆقاندن دەئافرێنێت. دیارە تۆتالیتێری ئیسلامیی ئێرانی وەک لەناوخۆ خەریکی تیـــرۆری هاووڵاتییانی خۆیەتی، لـــەدەرەوەی وڵاتیش شـــوێن پێی نەیارانی خۆی هەڵدەگـــرێ و تیرۆریان دەکات. سیستەمی تیرۆریزمی دەسەڵاتی ئاخوندی دوو بەشـــە: تیرۆری ناوخۆیی و تیرۆر لـــەدەرەوەی وڵات. چونکـــە ئەو جـــۆرەی لـــەدەرەوە چالاکەو ئەندامانـــی خۆی لـــە پانتایی جیهانـــدا بڵاو کردووەتـــەوە دەبێ میتۆدێکی تـــەواو جیاواز کونترۆڵی ئەو بەرینایی دەســـەڵاتداریە بکات. چونکە تەنیا بە تیرۆری ســـادە، واتا کوشـــتن، داناکـــەوێ؛ بەڵکوو لـــە ڕێگای هەرەشـــە و تەماحوەبەرنـــان و هەڵخڵەتاندندا کار دەکات. ئەو دەسەڵاتە ئابســـلووتە، چونکە تەواو ئایدۆلۆژیستە و لەسەر چەمکی شـــیعیزم دامەزراوە، ئاندامانی چالاکی کارپێکەری تیرۆر، کەســـگەلێکی سادە نین بەڵکوو کاری تیرۆر و کوشـــتن بـــە ئەرک و وەزیفەی شـــەرعی و دینی خۆیـــان دەزانن و حازرن لـــەو ڕێگایەدا گیانـــی خۆیان بەخت بکەن و بەشـــانازییەوە شـــەهید بن. چونکە پەروەردەی ئایدۆلۆژیی ئایینی شـــیعیزمن. شک لـــەوەدا نییە زۆر بە باشـــی دەزانـــێ کێ و چ کەسانێک تیرۆر بکات. ئەوکەسانە دەستنیشان دەکات کە ترسەکەیان هەســـت پێ دەکات و دەزانێ ئەوانە دەتوانن زەربـــە لە پەیکەرەی ئەو دەسەڵاتە بدەن و لەســـەر کۆمەڵگا کاریگەریی ئەرێنییـــان هەبـــێ. وەک ڕێبەرانـــی حیزبی دێموکرات؛ عەبدولڕەحمانی قاســـملوو و سادق شەرەفکەندی؛ یان شـــاپووری بەختیار و... ئایا لە ئەوروپا کەســـانی دیکـــەش بوونیان نەبوو کە تیرۆریزمـــی ئێرانی یەخـــەی نەدەگرتن؟ بەڵێ هەبـــوون و زۆریش بـــوون و هەن، بەڵام دەســـەڵاتی ئاخوندی دەزانێ کێ بکوژێ و کێ

بهێڵێتەوە.

بـــۆ نموونە: لەتیرۆری میکۆنووس، ســـادق شـــەرەفکەندی، سکرتێری گشـــتیی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێـــران و هومایون ئەردەڵان(نوێنـــەری حیزبـــی دێموکرات لە ئاڵمان)، فەتـــاح عەبدولی(نوێنـــەری حیزبی دێموکـــرات لەئەوروپـــا) و هەروەهـــا نووری دێهکوردی(کارمەندی خاچی ســـوور و ئەندامی کۆنفیدراســـیۆنی خوێندکارانـــی ئێرانی) تیرۆر دەکرێن. خاڵی جێگای شـــک و گومان ئەوەیە کەســـێکی وەک پەرویز دەســـماڵچی لە نێوان دوکتور شـــەرەفکەندی و یەکێ لەو بەڕێزانەی دیکەدا دانیشـــتووە و کاتی دەستڕێژەکە، پەرویز دەســـماڵچی هـــەر بریندارێش نابـــێ! بەڵام نووری دێهکـــوردی، ئەگەرچی ئەندامی حیزبی دێموکراتیش نەبووە دەکوژرێ. هەتا ئێستاشـــی لەگەڵدابـــێ نە لە دادگای ئاڵمـــان و نە لە هیچ شـــوێنێکی دیکەدا شـــک و گومان لەسەر ئەو کابرایـــە نییە. نەتەوەیەکی تیرۆر چێشـــتووی وەک کورد دەتوانێ کۆدەکانی وەها تیرۆرێمێک بناسێ. ئایا بۆ کۆماری ئیسلامی تیرۆری پەرویز دەسماڵچی زۆر ســـەخت بوو؟ یان مانەوەی و نەکوشتنی باشـــتر بوو؟ ئەگەر دەسماڵچی سەر بەدەسەڵاتی ئیسلامییش نەبووبێ خۆ بەشێکە لەقەوارەی ئیتنیکی دەســـەڵاتی فارســـی و بێشـــک دەبێ فەرقێک دابنـــرێ لەنێوان ئەتنیکی سەردەســـت و بندەســـت. وەختایەک دەگوترێ تۆتالیتێری ئاخونـــدی هەژدیهایەکی هەزار ســـەرە، دەبێ لەو شوێنانەدا ببینییەوە و بیناســـی. هەر لە کەیسی میکۆنووسدا گەرچی دادگا شـــکی لە عەزیـــز غەفـــاری، خاوەنی ڕیســـتورانەکە بوو، بـــەڵام دوای ئازاد کرا و شـــک و گومانی لەســـەر نەما. دەبینین ئێســـتا عەزیز غەفاری لە ئێرانە و بە ئەندامی چالاکی ســـپای پاســـداران دەرچووە. عەزیز خاوەن ڕیستۆرانەکە بوو و هەواڵی هاتنی دوکتور شـــەرەفکەندی و هەڤاڵانی بە تیرۆریســـتەکان گەیاندبوو. عەزیز غەفاری، بە فێڵ لەساڵی ۱۳۵۷ـــــی هەتاوییەوە ئێرانی بەجێ هێشـــتبوو و بەڕواڵـــەت وەک کەســـایەتییەکی سیاســـیی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێـــران پەناهەندەی ئاڵمان ببوو. ئاخۆ چەند ســـەت یان چەند هەزار کەسی دیکەی وەک غەفـــاری لـــە دەرەوەی وڵات بەرواڵەت دژی تۆتالیتێـــری ئێرانی/ئیسلامین و هاوکاری ژێربەژێـــر و فیداییی ئەو دەســـەڵاتەن. ئەو ســـۆبژێکتیوەی ئەندامان و هەڵســـووراوانی تۆتالیتێر/کۆلۆنیالیزمی ئیسلامی پێکەوە گرێ دەدات و دەیانکاتە ڕێڕەوی ئەو دەســـەڵاتە، ئایدۆلۆژیی شـــیعیزمە کـــە دەبێتە هێزی تونداژۆ و خەســـتی فەندەمینتالیزمی دۆگم و پانتایی دەســـەڵاتی هیرارشـــی ئیسلامی ئێرانیـــدا، بەجەماوەری ناوخـــۆی حکوومەت و هەمـــوو پرۆکســـییەکانیەوە پێکەوەیـــان دەلکێنێـــت، بـــە قەولی میشـــێل فۆکۆ، دیســـپۆزیتیف Dispositif ی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیە بووەتە هۆی مانەوە و پشـــتگیریی پەیڕەوانی.

تیرۆریزمـــی دەوڵەتیی ئاخونـــدی جیا لە تیرۆری کەسایەتی و سیاسی، بەسەر چەندین قوناغی دیکەدا دابـــەش دەکرێ:

۱. تیرۆریزمی ڕاگەیاندن
۲. تیرۆریزمی ئابووری
۳. تیرۆریزمی کەسیەتی واتا شکاندنی شکۆی کەسایەتییەکان
۴. تیرۆریزمی کۆمەڵایەتی

۱. تیرۆریزمی ڕاگەیاندن

دەســـەڵاتێکی وەک تۆتالیتێـــری ئاخوندی ئێـــران بۆ پـــەرەدان بـــە نیازی خـــۆی، واتا هەناردەکردنی ئیسلامی سیاســـی، ڕادیکالیزمی شیعیزم، بەهایەکی زۆری بە ڕاگەیاندن و دنیای دیجیتاڵ و سۆشـــیاڵ میدیا داوە و لە تاکتیکی جۆراوجۆر و تایبەتی خـــۆی کەڵک وەردەگرێ. "تیرۆریزمـــی ڕاگەیاندن" یەکـــێ لەڕێگاکانی

ڕاگەیاندنـــی تۆتالیتێر بۆ پڕۆپاگەنـــدە و ژانڕی ڕیتۆریکە. کاری تیرۆریســـمی ڕاگەیاندن پاساو هێنانەوە بۆ کردارەکانی دەســـەڵاتە. تۆتالیتێر لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە کارتێکەری لەسەرجەماوەری گشـــتی دەکات. بڵاوکردنـــەوەی هەواڵی درۆ، دووبەرەکی نانەوە، پاشـــاگەردانی، شۆردنەوەی مێشکی شـــوێنکەوتووانی خۆی و... بۆ نموونە گۆبلێز لە ئاڵمانی هیتلێری و شـــەریعەتمەداری لە دەســـەڵاتی ئیسلامیی ئێران.

بەگشـــتی تۆتالیتێـــر و دیکتاتـــۆرەکان لەخۆڕازی و نارسیســـتن و پێیـــان وایە لە ڕێـــگای ئاخێوەری و ڕیتۆریکییـــەوە دەتوانن شـــوێنکەوتووانی خۆیان شاگەشکە و شەیدایانی خۆیـــان زۆر و زەوەنـــد بکـــەن. تیرۆریزمی ڕاگەیانـــدن باڵی بەهێزی تۆتالیتێری ئاخوندییە. لەو ڕێگایەوە پـــەرە بە ئایدۆلۆژیـــا دەدەات. بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاگەیاندنی سەرنجڕاکێش لـــە دووتۆی دەق و تێکســـتێکی ورووژێنەرەوە، هەســـتی جەماوەری ڕەشۆکی هەڵدەخەڵەتێنێ وپڕۆپاگەنـــدەتانە ئەندامان و شوێنکەوتووانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکـــی تیرۆریزمی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هـــان دەدات. بۆ نموونە: لەکاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی ئایەتە شـــەیتانییەکان لە نووسینی ســـەلمان ڕوشـــدی، بووە هۆی هەڵ و دەرفەت بـــۆ ئاپدەیتی ئایدۆلـــۆژی و بەگەورە و مەرجەع نیشاندانی خۆی. هەربۆیە لەڕۆژی ١۴ـی بەفرانباری ١٣۶٧ خومەینی فتوای کوشـــتنی سەلمان ڕوشدیی دەرکرد و ئەو فتوایە سەرنجی زۆرینـــەی میدیاکانی جیهانی بـــۆ لای خۆی ڕاکێشا و میدیای ئێرانی/ئیسلامی پڕۆپاگەندەیەکی بـــەربڵاوی بەڕێوەبرد. ئەو فتوایـــە هەر درێژەی هەبوو و ئاخرییەکەی ســـەلمان ڕوشدی لە ١٢ ئووتـــی ٢٠٢٢ لە کاتی وتارێـــژی لە نیۆیۆرک لـــە لایەن هادی مەتەری ٢۴ســـاڵەوە بە چەقۆ هێرشـــی کرایە ســـەر و بەتوندی بریندار بوو و لەوهێرشـــەدا چاوێکی کوێربوو.

٢. تیرۆریزمی ئایووری

لـــە چەمکی تیـــرۆری ئایووریدا تۆتالیتێر دەســـت دەکات بە دامەزراندنی ناوەندە ئایووریيە دەوڵەتییەکان و بنیادەکانی ســـەر بە دەسەڵاتی ناوەند. چونکە ناوندەکانی بڕیاردان و یاســـادانەری بەناو پەرلەمان، جیرەخۆر و نۆکەری دەسەڵاتن و بە قازانجی ناوەندە ئایووریيەکانی کەرتی گشتی/دەوڵەتی بڕیار دەدەن و پلان و پڕۆژەگەلی پلۆتارشییانە دادەڕێژن تاکوو ســـەرمایەی ســـەرمایەداران بخەنـــە ژێر ڕکێفی خۆیان. بە شـــێوەیەک کە سەرمایەدار دەخەنە خزمەت سیاسەتی ئایووریی دەوڵەتی؛ ئەویش ئایووریيـــەک کە بە قازانجی بەرژەوەندی و خواســـتی نیزامی سیاســـیی دەسەڵاتی تۆتالیتێرە. یان ئەوەی ناوەندگەلێکی مافیایی و کارتێلە زەبەلاحـــەکان چێ دەکەن بۆوەی ســـەرمایەی وڵات لە خزمەت گەشتی ســـەرمایەی دەوڵەتیدا بـــێ. تۆتالیتێر چونکە خۆی کانتێکـــس و باکگراونـــدی فێڵبازی و ڕێویسفەتی لەناخ و مانیفێســـتی بوونیدایە باوڕ و متمانەی بە هیچ لایـــەن و کەرتێکی تایبەتی نییە و لەوانەش گرینگتر، لە وەها دەســـەڵاتێکدا قەبارە و بوودجەی بەشی "میلیتاری Military" لایەنی هەرە بەرچـــاوی پەکەیجی حکوومەتی لەخۆ گرتـــووە. بۆ نموونە ناوەندی ســـازێنەر و ئەندازیاری خاتەمولئەنبیا سەر بەسپای پاسدارانە و یەکێ لەو ڕێکخـــراو و کارتێلە ئایووریانەیە کە بەشـــی هەرە زۆری ئایووریی وڵاتی ئێرانی لەژێر چۆک ناوە و هەمووشـــیان لە لایەن سەردارانی سپای پاســـدارانەوە ســـەرۆکایەتی دەکرێن. بۆ نموونە پڕۆژەی ســـازکردنی بەنـــداو لە ئێراندا بە گشـــتی لە ژێر دەســـەڵاتی ســـپادایە و چونکـــە لە ڕێگای زانســـتی ســـەردەمیانە و ئێکۆسیســـتمییەوە ئەندازیاریی مودێرنی لەسەر نەکراوە و بـــاری ژینگەپارێزیـــی لەپێش چاو نەگیراوە زۆرجـــار بەجێگای قازانـــج، زەرەری گشـــتیی لێ دەکەوێتـــەوە. وەختایەک هەموو شیرکەت و دەسەڵاتەکان لە لایەن ناوەندێکەوە بەڕێوە ببرێ و هیچ چاودێر و لێپرسینەوەیەکی

یاســـاییی لەســـەر نەبێ، دیارە ئەو کارتێلانە مافیای دەســـەڵاتیان لێ دەکەوێتەوە و گەندەڵ دەبن و دزی و هەڵووشـــین و تـــاڵان دەبێتە ئەرکی ســـەرەکییان. هەربۆیە دەبینین ڕەوتی ژیانی تۆتالیتێری ئاخوندی، تەواو وەک ئەشـــرافی و فیئۆدالیسمی سەدەکانی شـــازدە و حەڤدەی ئەوروپایە و هەڵاوســـان و مایەپووچیی ئابووریی لـــێ کەوتوەتـــەوە و زەرەرمەندبوونی کۆمەڵگا، بەرهەمی سیاســـەتی دژوێن و نابەرپرسایەتیی ئابووریی سەقەتیانە.

دەســـتبڕی و گیرفانبڕی و بردنەســـەرێی پیتاک و دارایییِ ســـەرانە و تیرۆری گیرفان و دارایی کۆمەڵگا دەبێتە ئەرکی ســـەرەکییان. ئابووریی پاتریمۆنالیستییانە و ئاپشناڵتەوەرانەیان نە بەشـــی ناوخۆ دەکات و نە بەشـــی خەرج و باجی پرۆکسییە تیرۆریستەکانیان دەکات. ڕاست یەکیەتیی ســـۆڤییەتی سۆسیالیستیمان بیر دەخاتەوە. بە ئابووریییەکی تاکەڕەهند و سەقەتی دەوڵەتی، یەکیەتیی ســـۆڤییەت، ســـەرەڕای شکستی ئابووریی ناوخۆ، دەبوو لایەنی ئابووریی وڵاتانی هاوپەیمانی کۆمۆنیزمی خۆشی تەیارکات. ئاکامەکـــەی مایەپووچبوون و شکســـتی ئەو ئابووریییە سوسیالیستییەبوو. دیارە لە دەسەڵاتی تۆتالیتێر/کۆلۆنیالیستی ئێرانیدا، ئابووریییەکی کە لە ژێر تەوژمی پلۆتۆکراســـیدا بێ و دەسەڵاتدارانی تۆتالیتێر بەپانەوە ئابووریییەکی کلیپتۆکراسییان ڕەچاو کردبێ و هەرکەســـە و مافیا و کارتێلێکی ئابووریی بنەماڵەیی ســـاختەیان ڕێک خستووە تاکوو گیرفانی خۆیان و بنەماڵەیانی لێ بئاخنن؛ چـــارەی کار، ڕووخاندنی ئەو دەســـەڵاتەیە و بنیادنانی دەسەڵاتێکی ئانتی سانترالیزمە تاکوو هەموو لایـــەک چاوەدێری ســـەرەکی بن لە دژی گەندەڵی و ناوەندخوازانی خاوەن دەسەڵات. ئابووریـــی دەوڵەتی و کەرتی گشـــتی کە لە ژێر سیاســـەتی دەزگا دەوڵەتییەکاندایە و کەرتی تایبەتی و بازاڕەکانـــی بەرەو مایەپووچی بردووە و ئاکامەکەی بووەتە هۆی ئـــەوەی زیاتر لە پەنجا بۆ شەســـت لەســـەدی کۆمەڵگا موچەخۆری حکوومەت بن و نەمر نەژی و بەنانەزگی ژیواری مەرگەژین بکەن. کارمەنـــدان و کرێکاران تەواو لەژێر هێڵـــی هەژاری و داماویـــدان. جیا لەوانە بەهۆی بێکاری و بێئەنوایی، لایەنێکی بەرچاوی کۆمەڵگا هەژار و چەوســـاوە و ئاتاجن و ژیانیان بووەتە گرێدراوی سوبســـیدی وەک (کالابرگ. یارانە. معیشتی و...) زۆر چەمکی سواڵکەرپەروەر، بووەتە هۆی ئـــەوەی ژیانێکی بـــەدوور لەهەر چەشنە خۆشـــبژێوی و ئاسایشـــێک ئاسۆی دوورەدیمەنـــی کۆمەڵگای ئێرانی بێ.

٣. تیرۆری کەسیەتی

تۆتالیتێر/کۆلۆنیالیزمی ئاخوندی بە کوشـــتن و شـــوێنبزرکردن قەناعـــەت نـــاکات و زۆرجار کەسیەتی و شکۆی کەسایەتییەکان دەشکێنێ و تڕۆ[٩] یان دەکات تاکوو ئاســـایش و دڵخۆشییان لـــێ زەوت بکـــرێ و لە کۆمەڵگادا ســـەریان هەڵنەیەت. هەر لە ســـەرەتای دەستپێکردنی دەســـەڵاتی ئاخوندییەوە ئـــەو کارە قێزەونە باو بووە لە ژێر گوشـــار و ئەشـــکەنجەی ڕۆحی و جەســـتەییدا، نەیاران و نارازییـــان و جیابیران دەهێننە بەر کامێرا و بـــە دانپێدانانی زۆرەملییان پێ دەکەن و شـــکۆ و کەسایەتییان خەوشـــدار دەکەن. تەنانەت بەوەشەوە ناوەستن لە زیندانەکاندا لاقەیـــان دەکەن تاکوو بەجارێ دابڕووخێن و شووشـــەی ورەیان بچڕژێ. زۆرجار بیستوومانە و دیتوومانە، بەتایبەت لەسەرووبەندی ڕاپەڕینـــی ژن. ژیان. ئازادیدا کـــەم نەبوون ئەو کەسانەی دوای ماوەیەک زیندانی و ئەشکەنجە، کاتێ ئـــازاد دەکـــران خۆیان دەکوشـــت. ئایا دەســـەڵات و پارێزەرانی تاریکی و کۆنەپەرەستی نەیاندەتوانی خۆیان لە زیندانەکاندا شـــەهیدیان بکەن؟ لاقەکـــردن و ئازادکردن و دوایە خۆکوژی بە مەبەســـتی تێکشـــکاندن و دارمانی ورەی کۆمەڵگایە و ترس خستنە دڵی جەماوەری نەیار ودژبەری ڕێژیمە تاکوو نەوێرن ســـەرهەڵبڕن و چەمکی هومێـــد لەدەروونیاندا دەژاکێنن.

زۆرکەسـمان تیرۆری پێشـمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لەباشـووری کوردستانمان لەدەیەی ٧٠ی هەتاوێـدا لە بیـرە. ڕۆژ نەبوو چەندین پێشـمەرگە تیـرۆر نەکرێن. کـەم نەبوون ئەو تیرۆریسـتانەی دەخزێنرانـە نێو ڕیزەکانی پێشـمەرگە و بەتایبەتی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران و زۆربەیـان دەگیران و دواتر سیاسـەتەکانی تۆتالیتێریان لەقـاو دەدا کە چییان بەسـەرهێناون بۆ ئـەوەی پێملی سیاسـەتی تیرۆریزمی ئاخوندی بـن. زۆرجار ئەو تیرۆریسـتانە باسـیان کـردووە کە لە پێـش چـاوی خۆیـان لەلایـەن جاش و چلکاوخۆرەعلی یاسینپەرەستەکانەوە و ئەحمەد قەرەچیەکانەوە(ناوچەی بـۆکان) و زۆر جاش و بەکرێگیراوی دیکە، دەستدرێژییان کردوەتە سەر خوشـک یان دایک یان خێزانیان. یان تەنانەت دەستدرێژیی سێکسـییل کردووەتە سەر خۆیان و فیلمیان لـێ هەڵگیراوە تاکـوو مەجبووریان بکەن کردەوەی تیرۆریسـتی ئەنجـام بدەن. چیها کەسـایەتیی ئەدەبی و هونەری هەبوون و هەن کە لە زیندان و لـە دەرەوەی بەندیخانەدا شکۆیان شـکاندن و دایانرماندن چونکە دەقێک یان بەرهەمێکی هونەرییان خوڵقاندووە و بەدڵی تۆتالیتێر نەبووە. لەوپێناوەدا فیلمی سـینەمایی دەست نوشتەها نمی سوزند.[١٠] (دەستنووسەکان ناسووتێن) نموونەیەکی هەرەبچووکی ڕئالییە بۆ تێگەیشـتن لە کردەوە نگریسەکانی ئاخوندیزم. هەڵبەستنی فاکتی سـاختە و پاشاگەردانی بۆ کەسایەتییە بەرچاو و سێلێبریەتییەکانی کۆمەڵگا تاکـوو لەپێش چاوی خەڵکی ڕەشـیان کەن، بـۆ ئەوەی کۆمەڵـگا باوڕییان پـێ نەکەن و باندۆڕێکی ئەوتۆیان لەسـەر جەماوەری کۆمەڵگا نەبێ.

٤. تیرۆری کۆمەلایەتی

هانا ئارێنـت لە کتێبی بەنرخـی تۆتالیتاریزم و تونەوتیژیدا دوو شـێوازی تیـرۆری دەزگای لابیرێنـت و پێچەڵاوپووچبوونی دەسـەڵاتی تۆتالیتێر دەستنیشـان دەکات:

یەکەم، ئەو کەسـانەی بەهـۆی زەخت و گوشـارەوە وەریان بـەرداوە و تەریککەوتوو و گۆشەگیرن، ئەگەری ئەوەیان لەسـەرە زۆر خێراتر ببنە ملکەچ و گوێڵەمسـتی تۆتالیتێر و خۆیان ببنـە ئەنجامـدەری پلانەکانی دەسـەڵات. هەرچەند ڕەنگە بەدڵ ئـەو کارە نەکەن، بەڵام تێوەدەگلێنرێن. ئەو چینـە لە[١١]کۆمەڵگا ترس و فۆبیای تۆتالیتێر لە دەروونیاندا چەکەرەی کردووە و بە تیرۆری ڕۆحی یان گوشـاری جەسـتەیی دەبنە داردەسـت و ئەندامی دەسەڵاتی پاوانخواز. چونکە تۆتالیتێر کۆمەڵگایەکی سـایکۆپات و دڵڕەقـی گەرەکە. بۆ ئـەوەی پەرەنگ پەرەنگ بـن و ئیدیۆمی یەکگرتوویی لە ناخی کۆمەڵگادا نامۆبێت و دەسـتەواژەی "جا بەمن چی!" جێ بکەوێ و ببێتە کوولەکـەی ڕۆحی کۆمەڵگای نەخۆش. لەوەهـا دۆخێکـدا کۆمەڵگایەکی هۆلیگانیـزم دەئافرێت و ئـاژاوە ڕەگ دادەکوتێ و شـەڕانگێزی و ویندالیـزم دەبێتە چەمکێکی باو. لەوبارەیەوە ئەرەسـتوو پێـی وایە پەرەدان بە شەڕاشـوێیی دەبێتە هۆی پێشـێلکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان. ئەرەستوو بۆ کۆمەڵگا، دەسـەڵاتداری"پولیسPoleis " یان دەوڵەت شار پێشـنیار دەکات. ئەو خانەدانانەی بەشێکن لە ئەنجومەنـە خەڵکییەکانی کۆمەڵـگا. واتا دەسـەڵاتێکی گشـتی کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا تێیدا بەشدارین و خۆیانی تێدا ببینەوە و بەدڵ هەوڵی بـۆ بدەن.

دووهەم، هانا ئارێنت لـەو پۆلێنبەندییەدا دەڵێ زۆرجـار تۆتالیتێر بەئەنقەسـت لات و ئاژاوەگێڕ و شـەڕانگێزی دەخاتە ناوشـار یان دەیانخزێنێتـە کەڵێنی چینێکـی تایبەتی کۆمەڵـگاوە، ئامانج لەو کارە شـێواندنی باری ڕەوانی و چاوترسـێنکردنی لایەنی مەبەستدارە و جارناجارێکیش ئەو ئاژاوەگێڕ و هۆلیگانیسـمانە

دەســـت بەســـەر دەکات تاکوو ئازایەتیی خۆی نیشـــان بدات. بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگا ئاگادار بکات کە هیچکەس ناتوانێ خـــۆی دوورەپەرێز ڕابگـــرێ چونکـــە لەوەها دەســـەڵاتگەلێکدا جێـــگای مرۆڤانی بەشـــەرەف و بەڕێز نابێتەوە. هەرلەوبارەیەوە ئەفلاتوون دەڵێ: "دەســـەڵاتێکی زاڵم(تۆتالیتێـــر) ئەگەر بە تەمـــای بەردەوامیی دەســـەڵاتەکەی بـــێ، دەبـــێ شـــارۆمەندە بەشـــەرەف و دلێر و جوامێرەکان هەڵاوێرێت."[12] پەرەپێدانـــی چەمکی تیرۆر و تـــرس لە دڵی جەماوەری کۆمەڵگادا بۆ ئەو مەبەســـتەیە تاک بـــە تاکی کۆمەڵـــگا لێیان حاڵی بـــێ لەژێر فەرمانـــی چ دەســـەڵاتێکدان و فەرمانبەرداری بێئەملاوئـــەولای تۆتالیتێر بن؛ نـــەوەکا فکر و بیرۆکەی ســـەرهەڵدان و ســـەربزێوی بچێتە مێشکی کۆمەڵگاوە. ئەمە دەستپێشخەرییەکی توتالیتاریزمە بۆ چاوترســـێنکردنی کۆمەڵگا.

بێکارکردن، لەسەر کار دەرکردن، کارپێنەدان لە ناوەنـــدە دەوڵەتییەکان، بێبەشـــکردن لە خزمەتگوزارییـــە ســـەرەتایی و بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەهـــا دانانی گوزینش بۆ دەستنیشـــانکردن و ئاپشـــنالکردنی لە فەرمانگـــە و ئۆرگانە دەوڵەتییـــەکان و کەرتی گشـــتی و تەنانەت کەرتی تایبەتیشـــە. کاری گوزینش بووەتە پێشـــە، ئەو کەســـانەی ئەو کارە دەکـــەن لێی تێنافکـــرن و هانا ئارێنێت گوتەنی پرسیاری ئەندێشەتەوەرانە بە مێشکیاندا نایەت. مەبەســـتم ئەوەیە ئەو جۆرە کەســـانە لە گشتایەتیی فەلســـەفە و بوونی تۆتالیتێردا دەتوێنەوە و تێکەڵاوی ئەو گەندەڵی و پیسکارییە دەبن. هەر وەک ئاشـــویتس و ئاشویتســـەکان بوونـــە مۆرە و ڕێکخەر و جێبەجێـــکاری پرۆژە و پێواژۆکان. (ئاشویســـتس کـــەس نییە بەڵکوو ناوی کۆمەڵە ئوردووگایەکـــە). ئەفلاتوون دەڵێ: "لەڕاستیدا ســـتەمکار حکوومەت ناکات، چونکە ژێردەســـت و سەردەســـت گرفتاری پرۆژەی کۆیلایەتین. ئەو کۆیلانـــەی کۆیلەکانی دیکە کاریان بۆ دەکەن."[13] ئەفلاتوون دەســـەڵاتداری زاڵـــم و خوێنمژ بـــە کۆیلە دەزانـــێ. چونکە گیرۆدەی تیـــۆری و ئایدۆلۆژییـــە. تۆتالیتێری ئاخوندی کۆیلەی دەســـتی تیۆری تونداژۆیی شـــیعیزمە و بووەتە بەندە و کۆیلـــەی تیۆری و ئایدۆلۆژیســـتی فەندەمێنتالیزم. ئەفلاتوون لە درێـــژەدا دەڵێ: "دەســـەڵاتداری زاڵم هەتا ئەو کاتە دەستڕۆیشـــتوو و ملهوڕە کە زمانلووسی و ماســـتاوچییەتی چەمکی باوی کۆمەڵگا بێ."[14] ئـــەو کلتووڕە بـــاوە دەســـتکردەی بەرهەمی سیاســـەتی گەندەڵی دیکتاتـــۆر و تۆتالیتێرە. ئاشکرایە لە دەسەڵاتی ئاخوندیزمدا دووڕوویی و زمانلووســـی چەمکێکی باوە.

زمان

زمانی تۆتالیتێر

زمانـــی تۆتالیتێر زبرە وەک بڕبـــەن. فێڵاوییە وەک ڕێوی. ئاگراوییە وەک شـــەیتان. بارگاوییە بە ژەهـــری مار. تاڵـــە وەک کەکرە.

لە ڕاســـتیدا زمـــان بناغـــە و بنچینەی ســـەرەکیی شوناســـی کلتووریی نەتەوایەتییە. تۆتالیتێر، وەک ســـتراکچێری دەسەڵاتەکەی لەگەڵ دەســـەڵاتی مرۆڤتەوەرانەدا تەواو جیاوازە، بێشک دەبێ زمانی ئاخافتن و بڕیاردانیشی تەواو جیـــاواز و تایبەتی بێ و خاوەن تاکتیک و پلانی خۆی بێ. زمانی تۆتالیتێری کۆڵۆنیالیستتەوەری ئاخوندی، لـــە وڵاتی داگیرکـــراوی کلۆنیدا بە دووشێوە کۆڵۆنیالیستبوونی خۆی نیشان دەدا و پارێزگاری لـــەو دوو چەمکە دەکات:

یەکەم بە شـــێوەی فیزیکـــی و لەڕێگای کلاسیک و بەهێزی ســـەربازی هەڵیکوتاوەتە ســـەر وڵات و داگیری کردووە و بـــەردەوام بە گرتن، ئەشکەنجە و شـــاربەدەرکردن و ئێعدام و سێدارە، ڕۆڵەکانی خەباتکاری نیشتمان سەرکوت

دەکات. هەروەها بە وێرانکردنی ژینگە، تێکدانی ڕێڕەوی ئاو و شێواندنی سەرچاوە ئاوییەکان، دزین و ڕفاندنی کانە ژێرزەوییەکان و سووتاندنی لێرەوار و دارستانە کەوناراکان، کۆلۆنیالیستبوونی خۆی دەسەلمێنێت.

دووهەم، لەڕێگای زمان و هێرشی بەرینی زمانەوانییەوە دادەکوتێتە سەر زمان و کلتووری کۆمەڵگای داگیرکراو. هێرشی فیزیکی بۆ داگیرکردنی پەیکەرەی خاک و جەستەی تاک بەتاکی کۆمەڵگای داگیرکراوە و لەکانگا و ناخی مرۆڤدا سەبارەت بە کۆلۆنیالیست، ڕق و قین و هێزی بەربەرەکانێ و بەرەنگاری دەخوڵقێنێ. بەڵام هێرشی زمانی بۆ زەبروەشاندن و کوشتنی زمانی کۆمەڵگای داگیرکراو و دەستەبەرکردنی ڕۆح و ڕەوانی تاکی کلۆنییە و بە هەنگاوی نەرم و هێدی، ناخی تاکی کلۆنی داگیر دەکات و ئەگەر کۆمەڵگای داگیرکراو وشیار نەکرێتەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات بۆخۆی دەبێتە ئامرازی بەرەوپێشچوونی سیاسەت و تاکتیکەکانی کۆلۆنیالیست لەدژی خۆی. چەمکی زمان ئامراز و کەرەسەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکوو ئۆتۆریتەی دەسەڵات و هێژمۆنی و توانستی کلتووری و زمانی دەسەڵاتی داگیرکەرە و بە داگیرکراوی ژێردەستە دەسەلمێنێ من لە تۆ و ئەویترەکان گەورەتر و بەرزترم. بە واتایەکی ڕوونتر دارمانی دەروونی و تێکشکانی چەمکی هیوابەخۆبوون و یان خۆبەکەمزانین لەبەرانبەر کلتوور و زمانی کۆلۆنیالیستدا، ڕێگەخۆشکردنە بەرەو کەندەڵانی ئاسمیلاسیۆن.

زمانی فارسی تەنیا زمانێکی فەرمی و ڕەسمیی ولات نییە، بەڵکوو ئامرازی تواندنەوە و تێکشکاندن و ئاسمیلەی زمانی ژێردەستە. هەروەها نەخۆشخستن و پەککەوتەکردنی زمان و کلتووری کۆمەڵگای داگیرکراوی بەدواوەیە. لەوەها حاڵەتێکدا زمان چۆن ئاسمیلە دەبێ؟ لە وڵامدا دەبێ بگوترێ، زمان پردی پەیوەندیی ڕابردوو لەگەڵ جیلی ئەمڕۆ و داهاتوویە. ئەگەر ئەو پەردە بڕووخێت تراویسیۆن و کلتوور و گشتایەتیی شوناسی نەتەوەیەک هەڵدەوەشێت و پاشخان و تێشووی کلتووری و زمانیی نامێنێ و نەتەنیا زمان بەڵکوو تەواوەتی نەتەوە ئاسمیلە دەبێ. بەڕواڵەت لە مادەی ١٥ی دەستووری ئێرانیدا هاتووە: "زمانی فارسی، زمانی دایکیی و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی هەموو خەڵکی ئێرانە و دەبێ ئیدارات و کتێبەدەرسییەکان بە زمانی فارسی بن." لەدرێژەدا ئاوا هاتووە: "لە پەنای زمانی فارسیدا، ئەدەبیاتی زمانە خۆجێییەکان بخوێنرێت و لە زمانە مەحەللی و قەومییەکان بۆ چاپەمەنی و ڕاگەیەنە لۆکاڵییەکان کەڵک وەربگیرێ." لەم یاسایەدا زمانی فارسی وەک کۆڵەکەی زمانیی ئەویترەکان دانراوە و زمانەکانی دیکەش بە پاشکۆ ناوزەد کراون. لە ئەسڵی ١٥دا وا نیشان دراوە گەلانی دیکەی ئێران بە قەوم دەناسرێن و وەک ئێتنیک و نەتەوە حیسابیان بۆ ناکرێ. دەی دیارە ئەگەر بە نەتەوە نەناسرێن، زمانەکەیان بە زاراوە ناو دەهێنرێ. خاڵی جێی ئاماژە ئەوەیە هەتا ئێستا لە شرۆڤەی ئەم ئەسڵەدا کوتراوە زمانەی نافارسییەکان دەتوانن لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەڵێ: ئەدەبیاتی زمانەکانی دیکە و هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بە زمان نەکردووە. واتا لە قوتابخانەکاندا دەتوانن سەبارەت بە ئەدەبییاتی زمانەکانی دیکە قسەوباس بکرێ. ئەینا هەر دوابەدوای ئەسڵی ١٥، ئاماژە کراوەتە سەر ئەسڵی ١٦ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەئەسڵی ١٦دا ئاماژە کراوەتە سەر زمانی عەرەبی وەک زمانی قورئان و جەختی لەسەر کراوە دەبێ لەقوتابخانەکاندا بخوێنرێت. هەربۆیە ئەسڵێکی جیا و سەربەخۆیان بۆ داناوە. ئەسڵی١٦: "چونکە زمانی قورئانی و زانست و مەعریفەی ئیسلامی عەرەبییە و ئەدەبیاتی فارسییش ئاوێتە و تێکاڵاوییەکی زۆری لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەیە، دەبێ زمانی عەرەبی دوای قۆناغی

سەرەتایی و هەتا کۆتایی دەورەی دواناوەندی لە هەموو پۆلەکانی قوتابخانەدا بخوێنرێت."

لە ڕاستیدا زمانی فارسی زمانێکی هاوبەش نییە، بەڵکوو زمانێکی داگیرکەری دەسەڵاتداری پۆست کۆلۆنیالیستییە کە بۆ تێکشکاندن و ڕووخاندنی قەوارەی زمانیی ئەویترەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێت. زمانی فارسی بە زمان ناو دەهێنرێ و زمانەکانی دیکەی وەک کوردی، بە بنزاراوە و پەیڤ و گوویش نیشان دەدرێ. ئەگەر ڕێز لە زمانی کۆمەڵگای داگیرکراو بگیرایێ نەدەهاتن ناوی گوند و کێو و شار و ناوچە جوگرافیاییەکانی کوردستان بگۆڕن و بشێوێنن. منداڵی کورد هەر کە چاوی کراوە، لە قوتابخانە زمانێکی بیانی دەخزێنرێتە مێشکییەوە و ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی هێژمۆنی کلتووری کۆلۆنیالیست. کۆلۆنیالیست بە زمانی داسەپاو، گەرەکیەتی شوناس و هۆوییەتی نوێ بۆ منداڵی کورد دیاری بکات. خوێندنگا و زانکۆکان تەنیا ناوەندێکی فێرکاری و زانستی نین؛ بەڵکوو سەرچاوەیەکن بۆ بەگەورەیی نیشاندانی زمانی دەسەڵاتداری کۆلۆنیالیست تاکوو بە ژێردەستانی بسەلمێنێ زمانی من زمانی دەسەڵاتە و تۆ توانایی دەوڵەتبوونت نییە. قوتابخانە و زانکۆ بڵێندگۆیەکەن بۆ چەواشەکاری و دەستوەردانی مێژوویی. مێژووی ماد لە چەند دێڕدا دەنووسرێ، سەرکردەکانی بە ئەژدیها و خوێنڕێژ ناودێر دەکرێن. لە پەناوە مێژووی مرۆڤایەتی لە کوورش و داریووشەوە دەست پێ دەکات. کوورش بە سەرکردەی بەخشندە و داهێنەر و سەرچاوەی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەناسێنرێت.

بە هۆی بوونی دەسەڵات و دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە، کۆلۆنیالیست چەمکی شەرم و تەریقبوونەوە دەخزێنێتە کانگای زەینی وڵاتی داگیرکراو. بۆیە ناڕاستەوخۆ پرۆپاگەندە بۆ ئەوە دەکەن نووسین و لێکۆڵینەوە و قسەکردن بە زمانی فارسی شانازییە و پرستیژێکی ئەوتۆی بەدواوەیە. ئەی بۆچی قسەکردن و نووسین بە زمانە ئینترناسیۆنالییەکانی وەک ئینگلیسی و فەرانسەیی و ـ بە قەدرایی زمانی فارسی مەزن و شانازی نییە؟

بەهۆی هەبوونی ناوەندەکانی هێز و دەسەڵاتداریەتییەوە و بەهۆی دەزگای ڕاگەیاندن و ماسمیدیا و وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنانی فەرمیی سانتراڵتەوەر، تاکی ژێردەست هەر سەرکوت و تێکشکاندنی ڕۆحی و زمانی دەبینێ. لە قوتابخانە و سەر میدیاکان نوکتە و شۆخی و گاڵتەپێکردن بەردەوام دووپاتە دەبێتەوە بۆئەوەی بە گوێی تاکی داگیرکراوی کۆلۆنیدا بخوێنن تۆ داگیرکراو و ژێردەستەی و ئیمان بەوقەزاوقەدەرە بێنە! بۆ ئەوەی شەرم لە زمان و کلتووری خۆی بکات و لەملاوئەولا پێی عەیب بێ بە زمانی خۆی بئاخفێ و زمانی داگیرکەر ببێتە هایکلاس. خاڵی جێگای ترس ئەوەیە، هەرکە تاکی کۆمەڵگای داگیرکراو بەرهەمی زمانەوانی و یان دەقێکی ئەدەبی و بەتایبەتی تێکستێکی مێژووییی نووسراو بە زمانی داگیرکەری لە لا شیرین و پەسند بوو، ئەوە زۆر جێگای ترس و دڵنیگەرانییە و نیشانەی کارتێکەریی زمانی زاڵە. چونکە لەوەها دۆخێکدا هێژمۆنی زمانی زاڵ خەریکە بەسەر زمانی داگیرکراودا ئۆتۆریتەی خۆی دادەسەپێنێ. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تاکتیک و سیاسەتانە بەرفراوانکردنی کارای میدیا و سوشیاڵمیدیا زۆر پێویستە. کارپێکردنی زمانی کوردی لە ناوەندە ئەدەبی و خوێندنگاکاندا دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

ڕێبەر

حکوومەتە تۆتالیتێرەکان پێکهاتەیەکی تایبەتین و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. بۆ نموونە نازیسم

لەسەر ئەساسی ناسیۆنال/ڕاسیزمی خەستی ژێرمەن دامەزرابوو. حکوومەتی مۆسۆلینی لە ئیتالیا، ناسیۆنالیزمی فاشیزمانەیە. ئەساسی کۆمۆنیزم ئایدۆلۆژیی کرێکاری و سۆسیالیزمی لەخۆ گرتبوو. تۆتالیتێری ویلایەتی فەقێی ئاخوندی، لەسەر بنەچەی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیی ڕادیکاڵی شیعیزم دارێژراوە. هەوەها بە قەولی هانا ئارێنێت، لە نیشانەکانی دیکەی حکوومەتە ڕەها و تۆتالیتێرەکان ئەوەیە پێشبینی ناکرێن، چونکە سیاسەتێکی ڕوون و پەکەیجێکی باو و گونجاویان نییە. هیچ هێما و نیشانەیەکی مرۆییان بۆ ڕەچاو ناکرێ. هەربۆیە بۆ پێکهاتە و پێشهاتەکان بەپێی ئایدۆلۆژیستبوونیان و بەهۆی ئانارشیست بوونی وەها دەستەڵاتگەلێک لە چوارچێوەی یاسای مرۆییدا ناگونجێن.

ئەگەر نەڵێین پێوەری سەرەکی، لانیکەم یەکێ لە خستەڵەتە ئەساسییەکانی توتالیتاریزم چەمکی لیدێر و ڕێبەرایەتییە. لەدەستەڵاتی توتالیتاری ئاخوندیزمدا ڕێبەر ڕەوایی خۆی لە کۆمەڵگا وەرناگرێ و خۆی بەنوێنەری خودا دەزانێ. واتا شەرعییەت و ڕەوایی خۆی لە لایەن خوداوە وەردەگرێ. لە ڕوانگەی ئیسلامەوە حاکمی سەرەکی و باڵادەست، تەنیا خودایە و ئیمام و حاکمی ئیسلامی جێنشینی خودایە. هەربۆیە ڕێبەر دەستەڵاتێکی ڕەها و "پۆستیاسایی"ی هەیە و هیچ یاسا و ڕێسایەک ناتوانێ بۆی ببڕیتە بەربەست. لە دەستەڵاتی ئاخوندیزمدا ڕاستە کە ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری بەڕواڵەت چاوەدێری دەستەڵاتی ڕێبەرایەتییە و دەبێ هەڵسوکەوتی ڕێبەریی ئیسلامی هەڵسەنگێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئەنجومەنە گوێ لە مستە، پشتیوانی سەرەکیی ڕێبەرایەتییە و بەرایبەخشینە بە بەردەوامیی خامەنەیی. چونکە ئەرکی ئەو ئەنجومەنە کۆیلایەتی و کلکایەتیی ئەرکانی ڕێبەریی تۆتالیتێری ئیسلامییە و هیچ چاوەدێرییەکی بەرپرسانەی لەخۆ نەگرتووە. تۆتالیتێر لە دەسەڵاتە توتالیتاریزمەکاندا خۆیان وەک ئۆستووڕە نیشان دەدەن، تاکوو ئەبەدی و دایمی بن و هیچ کەس و هیچ لایەنێک لە فکری وەلانان و لێپێچینەوەیاندا نەبێت.

بووچوونەکانی ئێرنێست کاسیرێر لەسەر گرینگایەتیی چەمکی ئوستووڕە سەرنجڕاکێشن. کاسیرێر لە کتێبی ئوستووڕەی دەوڵەتدا گوتوویەتی، ئوستووڕە لەسەر دیاردەیەکی سەرەتایی و ڕەمەکییانە نەهاتووتە ئاراوە، بەڵکوو چەشنە فۆرمێکی سەمبوولیکانەیە کە زەینییەت و مەنتالیتەی مرۆیی و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان ئۆرگانیزە دەکات. [15] کاسیرێر لەو بەرهەمەدا بەگژ ئوستووڕەی مودێرندا دێتەوە. چونکە پێی وایە بەهۆی تیۆریی ڕاسیزمتەوەری و قارەمانپەوەری و پۆپۆلیزمیەوە، ئوستووڕەی سیاسی دەئافرێنن و لەڕێگای پڕۆپاگەندەی نوێباو و تێکنۆلۆژیی مودێرنەوە بیرورای جەماوەر و کۆمەڵگا فریو دەدەن و پەرە بە دەسەڵاتی تۆتالیتێری خۆیان دەدەن. تۆتالیتێر لە هەموو ئامرازێکی بەردەستی کەڵکاژۆی خراپ وەردەگرێ و قازانجی دەسەڵاتی نگریسی خۆی تێدا دەبینێتەوە. ڕێبەری تۆتالیتێر هەڵە و تاوانێک ناکات و لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە دەبێ بە پیرۆز و خودای سەرعەرزی دابنرێ. خومەینی. خامەنەیی. هیتلێر و ستالین و... هەموو یەک ڕەوشت و قەوارەی وێچوویان هەیە و قارەمانی وڵاتەکەیانن و لە چەشنی ئەوان نموونەیەک نەبووە و نابێ و دەبێ بپەرسترێن و ئەرک و فەرمانیان بەبێ سێ ودوو جێبەجێ بکرێت. چونکە ڕێبەری تۆتالیتێر (کیشی شەخسییەتە) و هێژمۆنییەکی تایبەتی ئاسمانی و متافیزیایی هەیە.

لە۲۴ـــی مارسی ۱۹۳۳ـــی زایینیدا، لە ئاڵمانـــی نازیســـمدا یاســـایەک دەرچوو کە ئێختیـــار و توانایی دەســـەڵاتی ڕێبەر(هیتلێر) لە دەوڵەت بانتـــرە و لەوبەولاوە دەســـەڵاتی یاسادانان(قوە مقننە) سپاردرایە دەستی هیتلێر. یانی دەســـەڵاتی هیتلێر هیچ ســـنوورێکی بۆ دیار نەکـــرا و بووە حاکمی ڕەهـــا و تۆتالیتێر. وەختایەکی خومەینی بـــووە حاکمی کۆماری ئیسلامیـــی ئێران، ئیـــدی وتەکانـــی بوونە یاســـا. (کۆماری ئیسلامی نەوشـــەیەک زیاتر نەوشـــەیەک کەمتر). لە ئیسلامی شیعیزمدا ویلایەتی موتڵەقەی فەقێ، دەســـەڵاتی ڕەهای هەیە و دەتوانێ دەســـت لە هەمـــوو کاروباری وڵات وەربـــدات و خـــۆی تێهەڵقورتێنێ و ڕای خۆی دەربڕێ. چونکە دەســـەڵاتەکەی دەلالەتە لە شـــەرعییەتی ئیسلام. لەئەساسدا فەلسەفەی ئایینە ئاســـمانییەکانی وەک مەسیحییەت و مووسایی و لەســـەروو هەموانیشەوە ئیسلام، باوەڕمەندییەکـــی تاکڕەهەندانە و ڕەهایە. ئیسلام دەڵـــێ هەرکـــەس ئیسلامی قەبـــووڵ بێ موســـوڵمانە و لەو بەدەر کافرە. ئیسلام ئایینێکە لە نێوان ڕەش و ســـپیدایە و بـــەدەر لەوە هیچ ڕەنگێکی دیکـــە نابێ بوونی هەبـــێ. فرەیی و پلۆرالیـــزم، دوژمنی ســـەرەکیی ئیسلامن و لە ئێراندا حوکمی ڕەجم و ســـێدارەیان لە پشتە. بەپێی بووچوونی ئایینزای شـــیعە، پێغەمبەر و ئیمامەکان پاک و بەری لەتاوان(مەعســـووم)ن. بەپێی ئەو بۆچوونـــە (ولایەتی موتڵەقەی فەقێ) نەتەنیا پاک و بێگەردە بەڵکوو ڕادەبڕینەکانیشی یاســـا و پرەنسیپن، چونکە جێنشـــینی خوایە و حوکمی خۆی لە خـــوداوە وەرگرتووە و لادان لە بۆچوونەکانی تاوانە و حوکمی موفسیدولفیلئەرزی هەیە. دەســـتووری جەهـــادی خومەینی بۆ سەرکوردستان لەگەلاوێژی ۱۳۵۸ـی هەتاوی و دەیان و سەدان دەستوور و فەرمایشی بێبنەمای خامەنەیـــی دەکەونە قەوارەی ئەو دەســـەڵاتە ڕەهایە.

ویلایەتـــی فەقێ لەچوارچێوەی یاســـای ئیلاهیدا حکوومەت دەکات و بەدەر لە یاســـای بنەڕەتیی وڵاتە. ئایەتوڵڵا ئەحمـــەدی ئازەریی قومی جەخت لە دەســـەڵاتی ڕەهای ویلایەتی موتڵەقەی فەقـــێ دەکات و لە کتێبی ویلایەتی موتڵەقـــەی فەقێـــدا، ڕای خـــۆی دەربڕیوە و دەڵێ: "دەســـەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقێ بێســـنوورە و دەتوانێ دەســـتوەردان لە هەموو کاروبـــاری وڵاتدا بکات".[۱۶] واتا دەســـەڵاتێکی ڕەهـــا و تۆتالیتێـــری وەک خامەنەیـــی. لە دەســـەڵاتی ئیسلامیی شیعیزمدا دەسەڵاتێک و یاســـایەک نییە چاوەدێریی حاکمی ئیسلامی بکات. چونکە ئەو نوێنەری خودایە. ئێســـتا کە خودا لێـــرە نییە ڕێبەر خـــودی خودایە. بەڵام ئەوانە هەمووی وەهمێکی شـــێتانەیە و داوێنی خامەنەیی گرتووە و هەرکە بڵێســـەی خەبات پەرەی سەند، تیشـــکی زێڕینی خۆری ئازادی دنیای تاریکی تۆتالیتێر دەرزیئاژن دەکات و وەک بڵقی ســـەرئاو دەڕەوێنەوە.

پەراوێزەکان

۱- ۲۱درس برای قرن۲۱. یـــووال نوح هراری. ترجمە سودابە قیصری.صفحە ۱۹۸.

۲- هەرئـــەو ســـەرچاوەیە(۲۱ درس بـــرای قرن ۲۱) لاپـــەڕەی ۱۹۸ و ۱۹۹.

۳- توتالیتاریـــزم. هانا ئارێنێت. وەرگێڕانی: موحســـین سەلاســـی. لاپەڕەی ۲۹۳.

۴- کاناڵـــی تێلێگرامی تایبەتی مەهدی خەلەجی t.me/khalajich

۵- هەرئەوسەرچاوەی سەرەوە.واتامەهدی خەلەجی.

۶- "نامە تنسر" لەڕاســـتکردنەوە و گردوکۆکردنەوەی موجتەبا مینەوی. ئەم کتێبە لەسەردەمی هەردەشێری

پاپەکاندا نووسراوە و زمانی سەرەکیی ئەو بەرهەمە زمانی پاڵەیی بووە. واتا زمانی دەسەڵاتدارانی ئەمپراتۆری ساسانی. دەشزانین پاڵەیی کە فارسەکان پێی دەڵێن"پەهلەوی" و بۆ مەزن نیشاندانی بنەماڵەی رزاشا شۆرەت یان نازناوی بنەماڵەیی "پەهلەوی" بۆ هەڵدەبژێرن.

نامەی تەنسەر، هەمان "دووسەر"ی کوردییە کە موجتەبا مینەوی کردوویەتە تەنسەر. یان رەنگە لەومرگێڕانە عەرەبیەکەیدا تەنسەر دانرابێ. چونکە نوسخەی سەرەکیی ئەو بەرهەمە نەماوە هەتا ڕاستی و دروستیی ناوی بەرهەمەکەمان بۆ مەعلووم بێ.

کتێبی "نامەی تەنسەر بۆ گوشەسب" سەرەتا لەلایەن "عەبدوڵڵا ئیبنی موقەفەع"ـەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی. دواتر لەلایەن "ئیبنی ئەسفەندیار"ەوە کراوەتە فارسی و موجتەبا مینەویش گردوکۆی کردووەتەوە و هەڵەچنیی بۆ کردووە.

۷- کتێبی ۲۱درس برای قرن۲۱ لە نووسینی: یووال نوح هراری.

۸- .دیسپۆزیتیف: بریەتییە لەو ڕێکخراوە ئیداری و فیزیکیانەی کە کۆی گشتی ئۆتۆریتەی دەسەڵاتێک لەکۆمەڵگا و پاناتایی دەسەڵاتدا پێکەوە گرێ دەدەن.

۹ - تڕۆ. تڕۆکردن: ڕیسواکردن. بێحورمەتی پێ کردن. (هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار).

۱۰- فیلمی تراژیکی (دست نوشتەها نمیسوزند) لەدەرهێنانی: محەمەد ڕەسوولۆف. ساڵی پەخش: ۲۰۱۳ز.۱۳۹۲هـ

۱۱- کتێبی: نظریەهای جباریت. از افلاتون تا آرنت. نووسەر: دوکتور ڕاجێر بووشە. لاپەڕەکانی ۱۰۷ و ۱۰۹.

۱۲- نظریەهای جباریت: دکتر راجربوشە. لاپەڕەی ۶۹.

۱۳- نظریەهای جباریت: دراجر بوشە. مترجم: فریدون مجلسی.لاپەڕەی ۵۹.

۱۴- هەر ئەو سەرچاوەیە. نظریەهای جباریت.

۱۵- ئوستووەری دەوڵەت: ئێرنێست کاسرێر. وەرگێڕ بۆ زمانی فارسی: یەدوڵا موقن.

۱۶- .ولایت فقفیە از دیدگاه فقهای اسلامی: احمدآزری قمی(۱۳۰۳ـــ ۱۳۷۷هـ)

ژێدەر:

۱. توتالیتاریسم: هانا آرنت... مترجم: محسن ثلاثی. سازمان انتشارات جاویدان. چاپ دوم سال۱۳۶۶.

۲. نظریەهای جباریت ازافلاطون تا آرنت: دکتر راجر پوشە..... مترجم: فریدون مجلسی. انتشارات مروارید.چاپ سوم. ۱۳۹۵.

ISBN:978-964-8838-10-7.

۳. خشونت: هانا آرنت... مترجم: عزتاله فولادوند. انتشارات خوارزمی. چاپ دوم ۱۳۹۴.

ISBN:978-964-478-148-1

۴. قدرت بیقدرتان: واتسلاو هابیل: مترجم: احسان کیانیخواه. نشر نو. چاپ دوم۱۳۹۸.

ISBN: 987-600-490-097-3

۵. خۆڵەمێشی قەقنەس: بەختیار عەلی. ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند. ژوماەی سپاردن۱۶۸۶ساڵی ۲۰۲۳.

۶. ولایت فقیە از دیدگاه فقهای اسلامی: احمدآذری قمی. ناشر: دارالعلم قم.سال ۱۳۷۲. کد: ۲۲۳

۷. اسطوره و دولت: ارنست کاسرر..... مترجم: یدولا موقن. سال:۱۴۰۳. انتشارات هرمس.

ISBN: 987-968-664-113-6

۸. ۲۱کتاب: درس برای قرن۲۱: یووال نوح هراری... مترجم: سودابه قیصری. بنگاه ترجمه و نشر کتاب پارسه. سال ۱۳۹۷.

ISBN: 987-600-828-027-9

۹. کتاب: نامه تنسر به گشنسپ. نویسنده و مولف: مجتبی مینوی. انتشارات: دنیای کتاب. چاپ سوم.

ISBN: 978-964-346-2550

۱۰. آیشمن در اورشلیم: هانا آرنت. مترجم: زهرا شمس. انتشارات: نشر برج. چاپ پنجم سال ۱۳۹۹.

ISBN: 978-622-96477-3-8

شیکاریی جەریانی پاشایەتی و پێویستیی سەروەریی سیاسی بۆ کوردستان

هەڵگورد جەوانمەردی

بۆ شیکاری جەریانی پاشـــایەتی پێویستە ئاوردانەوەیەک بە نیســـبەتی سیســـتەمی دەســـەڵاتداری ئێرانـــی، لـــە مێـــژووی سیاســـیی سەدســـاڵەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێراندا بکەیـــن. چەمکـــی ناوەندگەرایی و پێکهاتـــەی یەکگرتووی دەســـەڵات، بەبێ بەرچاوگرتنی نەتەوەکانی تـــری ناو بازنەی ئێران، هەمیشـــە وەک هێڵێکی بـــەردەوام و هەمیشـــەیی و نەگۆڕ بووە. ڕەوتی ئێستای پاشـــایەتیخوازان، تەنیا خوازیاری گەڕانەوە بۆ مێژوویەکـــی پرشـــەنگداری ڕابردوو و ستایشـــکردنی هێماکانی ڕابـــردوو نییە، بەڵکـــوو مانیفێســـتێکە بۆ درێـــژەدان و بوژانەوەی پڕۆژەیەکی بنەڕەتی دەوڵەتســـازی ئێرانە کە ئەساســـی بوونی خۆی لەســـەر دوو بنەما دامەزراندووە: دەستبەســـەرداگرتن و چڕبوونـــەوەی دەســـەڵاتی ڕەهـــای سیاســـی و ئیـــداری لە یـــەک ناوەندا و نەهێشـــتن و پەراوێزخستنی سیستماتیکی شوناســـە نەتەوەییـــە نافارســـەکان لە جوغرافیـــای ئێـــران. ئـــەم پڕۆژەیـــە کە ڕەگوڕیشەی لە ناسیۆنالیســـم و عەقڵیەتی سیاســـیی هاوچەرخی ئێرانییەکاندایە، بۆ بە ئامانج گەیاندنی دروســـتکردنی "دەوڵەت-نەتەوە"یەکـــی یەکگرتوو و یەکســـان، بە شێوەیەکی سیســـتماتیک ئەو فرەچەشنییە ناســـنامەیی و زمانەوانی و سیاســـییەی کە لە جوغرافیـــای ئێران لە ژێر ســـەروەریی خۆیـــدا هەبووە، ســـەرکوت کرد.

هەروەهـــا کۆمـــاری ئیسلامیش هەر لە سەرەتای دەســـەڵاتداریەوە، سەرەڕای گوتاری شۆڕشـــگێڕانە و ئیسلامی و بەڵێنی ســـەرەتایی دادپـــەروەری و یەکســـانی، ئامـــادە نەبوو لەو پێکهاتـــە ناوەندگەرایی و پەراوێزخســـتنەوە گۆڕان بـــە دوای خۆیدا بێنێت و مافە نەتەوەیـــی و کولتوورییەکانی نەتەوەکانی نـــاو بازنەی ئێـــران بە فەرمی بناســـێت، بەڵکوو ســـەرەڕای ئـــەوەی ئەم پەراوێزخســـتنەوەی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییـــەوە وەک یـــەک لـــە پایەکانی گوتـــاری ڕێژیـــم، ئەم سیســـتەمە نەک هـــەر مۆدێلی پێشـــووی دەســـەڵاتداری ناوەندگەرای پێشووی پاراســـت، بەڵکوو بە ئەدەبیات و میکانیزمـــە ئاینییەکانی خۆی، بەهێزتـــری کرد.

لـــەم چوارچێوەیـــەدا شـــیکردنەوەی دیارەدە و گوتـــاری پاشـــایەتیی هاوچەرخ تەنیـــا کاتێک مانـــادار دەبێـــت کە ئێمە نـــەک وەک خواســـتێکی تەنیا سیاســـی، بەڵکوو وەک هێما و هەڵگـــری بەردەوامیی ئەو لۆژیکـــە هەژموونێکـــی ناوەندگەرایی لێـــی تێ بگەیـــن. هەر بۆ ئەم مەبەســـتە لەم نووســـراوەمدا دەمەوێت، شـــیکارێک بە نیســـبەتی ئەو لێکەوتـــە مالوێرانکەرانە بۆ ســـەر نەتـــەوەی کورد لـــە پەراوێزی ئەم پـــڕۆژە ناوەندگەرایانە بکـــەم. ئەزموونە تراژیکـــە مێژووییەکانـــی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان نموونەیەکـــی ڕوون و بەرچاو لە جێبەجێکردنی ئەو جۆرە سیاســـەتانەی ئێرانە، هـــەر لە ســـەرکوتی بزووتنەوەکانی کوردســـتانەوە بگرە تا ئینکاری ناسنامەی نەتەوەیـــی و کولتـــووری ئێمە بەشـــێکی گەورە لە سیاســـەتەکانی ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامـــی بووە.

ســـەرەڕای هەموو ئەم شتانە، کوردستان، وەک قوربانییەکی ئەم پێکهاتەیە، گۆڕەپانێکە کـــە تێیـــدا دەتوانیـــن هەمـــوو ڕەهەندە تاڵانکـــەر و داگیرکارییەکانی "کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی" تێدا ببینین و بەخۆیندنەوەیەکی زانستیانە و واقعبینانە شـــیکاری بۆ بکەین. هەر بۆیە شـــیکاریی ئـــەم بابەتە نەک وەک بابەتێکی ئێحساســـی، بەڵکوو شـــیکارێکی قوڵە و لەســـەر بنەمایەکی زانستی داڕێژراوە کە دەیەوێت لایەنـــە جیاوازەکانی پێکهاتەی دەسەڵات و ســـوڵتە لە ئێراندا بوروژێنێت.

بەردەوامیی کۆلۆنیالیسم لە گوتارەکانی دەسەلاّت

لەگەلّ سەرهەلّدانی دیاردەی دەولّەت-نەتەوە لە رۆژهەلاّتی ناوین و مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، دەکرێ بە مێژووی هەولّدان بۆ بنیاتنانی دەولّەتی نەتەوەیی ناوەندگەرایی و یەکسان هەژمار بکرێت، دیاردەی دەولّەت-نەتەوەی ناوەندگەرا لە سەردەمی پەهلەویدا بوو بە ئایدۆلۆژیایەکی فەرمی و لە کۆماری ئیسلامیدا، لەژێر فۆرم و بەرگێکی جیاوازەوە بەردەوام ئەو ناوەندگەراییەی بەرهەم هێنایەوە. لەم قۆناغانەدا، سروشت و بناخەی سەرەکیی ئەم پرۆژەیە، رەتکردنەوەی مافی سیاسی و ناسنامەی نەتەوەیی غەیرە فارسەکان، بەتایبەتی نەتەوەکانی کورد، ئازەری، بەلووچ، گیلەکی وعەرەب بووە. بەردەوامیی ئەم پرۆژەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کێشەکە، لە دەرەوەی سروشتی رێژیمەکانی پەهلەوی و ئیسلامی، لە لۆژیکی ناوخۆییی پێکهاتەی دەسەلاّتی ئێرانداییە؛ پێکهاتەیەک کە ناوەندگەرایی بە مەرجێک بۆ مانەوە و بەقای خۆی گرێ دەدات.

لە سەردەمی قاجاریەکاندا، هەرچەندە بە مانا مۆدێرنەکەی پێکهاتەیەکی حکومەتی ناوەندی نەبوو، بەلاّم میتۆدێکی حوکمرانی ناڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی لەگەلّ پێکهاتە خێلّەکی و ناوخۆییەکان زاڵ بوو، بەلاّم هەر لەو کاتەوە تۆوی ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرایی چێنرا. تێگەیشتنی پاشاکانی قاجار بۆ حکومەت، هەرچەندە فیۆدالّی و پارچەپارچە بوو، بەلاّم هەمیشە لەسەر بالاّدەستیی ناوەند و لاوازبوونی دەسەلاّتێکی سەربەخۆ لهناو نەتەوە جیاوازەکان لە ئێراندا بوو. نموونەی بەرچاوی ئەم بالاّدەستییە دەتوانین لە سەرکوتە خوێناوییەکانی کورد، وەک ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوللاّ شەمزینی ببینینەوە، لەو بەستێنەدا سەرکوت نە تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی نافەرمانی ناوخۆیی بوو، بەڵکوو سەرکوت بە مەبەستی ترس لە دامەزراندنی دەسەلاّتێکی ڕەها و سەربەخۆ لە نەتەوەکانی دیکە بوو. لەو سەردەمەدا بە ئەویترکردنی کورد زیاتر لە شێوەی خێلّە یاخییەکانی سەر سنوور و سونییە موتەعەسسیبەکان لە گوتاری حکومەتی قاجاردا خۆی دەرخست.

بەلاّم ئەم ناوەندگەراییە لە سەردەمی پەهلەویدا بوو کە پرۆژەی نەتەوەسازی بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئایدۆلۆژی دەولّەت-نەتەوەیی ناوەندگەرا کرا بە ئەجێندا و فەلسەفەی بوونی دەسەلاّت. ڕەزا شا و پاشان محەمەد ڕەزا شا، بە ئولگۆگرتن لە مۆدێلی ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیکی ڕۆژئاوایی (بەتایبەت مۆدێلی فەرەنسی و تورکی) ناسیۆنالیسمی ئێرانیان وەک ئایدۆلۆژیای دەولّەتی پێناسە کرد کە تیایدا پێناسەی شوناسی ئێرانی هاوتا کرابوو لەگەلّ شوناسی فارسی-ئاریایی و پێش ئیسلامی (لە سەربنەمای ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی و ساسانی). ئەم ناسیۆنالیزمە سروشتێکی فارسی تەوەر و شۆڤێنیستی بوو کە لەگەلّ هەر چەشنە فرەڕەنگییەک کێشەی هەبوو و بە مەترسی لە سەر بوونی خۆی دەیزانی زمانی فارسی وەک تاکە زمانی فەرمی و پێوەری "ئێرانیبوون" سەپێنرا. مێژوونووسی فەرمی مێژووی نەتەوە غەیرە فارسەکانی لەناوبرد یان لە بەشێکی پەراوێزی مێژووی نەتەوەیی ئێراندا کورتی کرد. ناوە ناوچە نەتەوەییە جیاوازەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییان بەسەردا هێنا و لە پرۆسەکەدا کوردستان بوو بە گۆڕەپانی

جێبەجێکردنی تەواوی پرۆژەکانی نەهێشتنەوەی ئیتنیکی لە سەردەمی پەهەلەوی.

جیا لەمانە سەرکوتکردنی سیستماتیکی بزووتنەوە نەتەوەیی، کولتووری و سیاسییەکانی کورد و هەروەها قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک، کۆچ و نیشتەجێکردنی زۆرەملێی هۆزە کوردەکان بە بیانووی عەشیرە بوونیان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نیشانەکانی ناسنامەی کوردستانی، هەموو ئەمانە بەشێک بوون لە هەوڵێکی گەورەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی بۆ ئاسمیلە کردن و بێ ناسنامەیی کورد لە "ملت یکپارچە ایران".

کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ کە هێمای و خواستی نەتەوەی کورد بوو بۆ سەروەریی سیاسی و ئیرادەی خۆی، بە درندانەترین شێوە سەرکوت کرا و ڕێگەی لەهەر جۆرە هەوڵێک بۆ تەعبیر کردنی کورد لە بوونی خۆی گرت. هەر لەم قۆناغەشدا گوتاری پاشایەتیی ئێستا، میراتگری ڕاستەوخۆی ئەم ناسیۆنالیزمە فارس-سەنتەرە و پێکهاتەی پێشووی خۆیەتی. ئێستاش ڕەوتی پاشایەتی، بە زیندووکردنەوەی نۆستالژیاکانی ئەو سەردەمە و هێنانە ئارای گوتاری پاشایەتی و سەلتەنەت لە ڕاستیدا هەوڵدەدات هەمان لۆژیکی سڕینەوە و پەراوێزخستن پەرە پێبدات.

کۆماری ئیسلامی بە دروشمی "سەربەخۆیی، ئازادی، کۆماری ئیسلامی" (استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی) و پشتبەستن بە گوتاری ئوممەتی ئیسلامی و برایەتی ئایینی، سەرەتا دەیویست بە فێڵ هیوا لە نێو نەتەوە چەوساوەکاندا بوروژێنێت، تەنانەت لە سەروبەندی شۆڕشدا ڕێبەرانی شۆڕش لەوانە ئایەتوللا خومەینی بەڵێنی ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەکان و ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا. بەڵام کاتێک دەسەڵات سەقامگیر کرا، ئەم بەڵێنانە هەر بە خێرایی لەبیرکران. پێکهاتەی نوێ نەک هەر مۆدێلی ناوەندگەرایی پێشووی پاراست، بەڵکوو لە شێوەی ئایین و شەریعەتی ئیسلام (ولایت مطلقە فقیە)، شرعیەتی بە ناوەندگەرایی فارس و ئایینی شیعە دا و لەم گوتارە "یەکیەتی ئیسلامی" بوو بە ئامرازێک بۆ دامرکاندنەوەی هەر چەشنە داواکارێکی ناسنامەیی. لەم چشەنەدا هەر داواکارییەکی بۆ مافە نەتەوەییەکان دەستبەجێ بە جودایی‌خوازی (تجزیە طلبی) و پشێوانیکردنی بیانییەکان بۆ لاواز کردنی یەکێتیی نیشتمانی ناوزەد دەکرا وەدەستبەجێ فەتوای لەسەر دەدرا.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانیشدا ئەم سەرکوتکردنە هەر لە سەرەتاوە توندوتیژییەکی بێ وێنەی لەگەڵدا بوو. لە سێدارەدانی چالاکان و شۆڕشگێرانی کورد و تیرۆرکردنی بە ئامانجی ڕۆشنبیران و ڕێبەرانی کوردەوە بگرە تا بە کافر نیشان دانی کوردەکان و بە شەیتانی کردنی ئەحزابی سیاسی کورد، نیشانی دا کە کۆماری ئیسلامی ئامادەیە هەر کارێک بکات بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی خۆی لەسەر بنەمای ناوەندگەرایی ئێرانی شیعیزیمی خۆی.

بەم شێوەیە دەتوانرێت هێڵێکی بەردەوام لە سەرەتای دەوڵەت نەتەوەی ئێراندا ببینین کە ڕێژیمەکانی ئێران تا ئێستا بە دوایدا چوون، پاراستنی ئێران وەک یەکەیەکی سیاسیی ناوەندی،

پێویستی به نەهێشتنی هەر ناوەندێکی دەسەڵات لە لایەن کوردەکان و هەر شوناسێکی بەکۆمەڵی تر وەک شوناسێکی سەربەخۆ. ڕەوتی ئێستای پاشاخوازان ئەم پێکهاتەی وەک میراتێکی شەرعیەتدان بۆ هاتنە سەر کاری خۆی دەبینێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە لووتکەی زێڕینی دەسەڵاتداری خۆی واتا سەردەمی پەهلەوی. هەروەها کۆماری ئیسلامیش سەرەڕای گۆڕانی گوتار لە ناسیۆنالیزمی باستانگەراوە بۆ ئیسلامی سیاسی، ئامادە نەبوو لەو پێکهاتەی ئێرانی یەکگرتووە تێپەڕێت.

کە واتە لە هەردوو گوتاردا، کوردستان وەک کێشەیەکی ئەمنییەتی و بریکارانی بێگانە وێنا کرا، نەک وەکوو نەتەوەیەک کە خاوەنی مافی سیاسی بێت. ئەم بەردەوامییە ڕەگ و ڕیشەی قوواڵی کۆڵۆنیالیزمی نێوی خۆیی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێراندا نیشان دەدات.

کۆڵۆنیالیسمی نێوخۆیی و پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێران

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دەسەڵاتی ئێرانی و قووڵاییی کارەساتی مێژوویی نەتەوەی کورد لە ئێراندا، دەبێ لە شیکاری کەمینەی نەتەوەیی تێپەڕین و لە چوارچێوەی چەمکی بەهێزی "کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆیی" کەڵک وەربگرین . ئەم تێوریە یەکەمجار لەلایەنی ئاکادمیسیەنی کورد سارۆ ئەردەڵان (فاتیح سەعیدی) لە گۆڤاری تیشکەوە لە ژێر ناوی کۆڵۆنیالیسمی وەخۆگر بەکار هێنرا، تا بتوانرێت پێوەندییەکان و میکانیسمەکانی بەرهەمهێنەرەوەی نابەرابەری ناوەند و پەراوێز لە ناو جوغرافیای ئێران لێکبداتەوە و سروشتی ڕاستەقینەی داگیرکاری ئێران بۆ سەر کوردستان نیشان بدات. لەم پەیوەندییەدا زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆڵۆنیالیزمی کلاسیک بەرهەم هاتوەتەوە، تەنیا بەو جیاوازییە بنەڕەتییەی کە کۆڵۆنیالیست و کۆڵۆنیالیزەکراو لە یەک خاکدا و لە ژێر دەسەڵاتێکی سیاسی یاساییدا دەژین، نەک ئەوەی لە شوێنێکی تردە هاتبێتن کوردستانیان کۆڵۆنیالیزە بکەن، بەڵکوو هەر لە نێو ئەو سیستەمە دەسەڵاتداریە کە تێیدا دەژین ئەم چەوساندنەوە و داگیرکارییە ڕووی داوە. ئەگەربمانەوێت بەکەڵکوەرگرتن لە کۆڵۆنیالیسمی نێوخۆیی دۆخی کۆڵۆنیالیستی ئێران بە سەر کوردستان شی کەینەوە. کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆیی سێ پایەی سەرەکی هەیە: ئیستسماری ئابووری، هەژموونی سیاسی و نکۆڵیکردنی کولتووری. ئەگەر بمانەوێت ئەم سێ شێوازی داگیرکارییە بۆ بنەمای تیۆریکی بابەتەکەمان بێنینە ئاراوە، دەبێت خوێندنەوەیکی وردی بۆبکەین.

لە ڕووی ئابوورییەوە، کوردستان وەک "پەراوێز"، بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵی دابینکردنی سەرچاوەی خاو (سەرچاوە سروشتییەکان، بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری)ی گێراوە بۆ ناوەند، بەبێ ئەوەی شایەتحاڵی گەشەسەندنی پیشەسازی و ژێرخانی هاوتا بێت لە خودی کوردستان. وەبەرهێنانەکانی حکومەت لە ناوەندا خولاسە کراوەتۆ و کوردستانی لە دۆخێکی وابەستەیی و گەشەنەکراوی دا هێشتوەتۆ. ئەم دۆخە لۆژیکی پەیوەندی کۆڵۆنی و ناوەندمان وەبیر دەهێنێتەوە: دەرهێنانی سامان و ژێرخانە سروشتییەکان لە پەراوێزەوە بۆ گەشەی ناوەند، کە کۆڵۆنیالیستە کلاسیکەکان ئەم شێوازەیان بەکار دەهێنا.

لـــه ڕووی سیاســـییەوە حوکمڕانی لە کوردســـتان هەمیشـــە لە ســـەرەوە و لە لایـــەن نوێنەرانـــی ناوەند (پارێـــزگاکان و پارێـــزگارەکان و فەرماندەی ســـەربازی و ئەمنـــی)ەوە پیـــادە کراوە، نـــەک ئەوەی ســـەرچاوە لـــە بڕیاردانی ســـەربەخۆی کوردســـتان بێـــت. تەنانـــەت کارگێڕانی ناوخۆییش ڕاســـتەوخۆ لەنێـــو ئەوانەی کە ملکەچی ناوەنـــدن هەڵدەبژێردرێن یان لە دەرەوەی کوردســـتان دەنێردرێت و تا ئێستا هیچ ئۆرگانێکی هەڵبژێـــردراو و خۆبڕیاردەری ڕاســـتەقینە نەبووە کە نوێنەرایەتی ئیرادەی سیاســـی خەڵکی کوردســـتان بکات. ئەم هەژموونە سیاسییە ڕاستەوخۆ لەگەڵ بوونی هەمیشەیی هێزی ســـەربازی و ئەمنییەتی دامـــەزراوەی ناونـــددا بـــوە، و دۆخێکی ڕەخســـاندووە کـــە تـــەواوەن خاکێکی داگیرکـــراو بێت.

ڕەنگـــە وێرانکەرتریـــن لایـــەن ئینکاری کولتووری بێت بە مەبەســـتی ســـڕینەوەی کورد لە ســـەر گـــۆی زەوی. زمانی کوردی کـــە ملوێنان قســـەکەری هەیـــە، بەڵام لە هیـــچ گۆڕەپانێکی فەرمیـــدا جێگەی نییە و لەهیـــچ دامەزراوەیەکـــی ئیداری و سیاســـی ڕێگـــەی پێنـــەدراوە و تەنانەت وەکوو زمانێکی لۆکاڵـــی و خێڵەکی ناوزەد دەکرێـــت. پـــەروەردەی زۆرەملێ بە زمانیی فارســـی نـــەک هـــەر منداڵی کـــورد لە خوێندنـــی زمانی دایکی بێبـــەش کردووە، بەڵکوو بە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ فێری ئەوەی دەکات کە زمـــان و کولتوورەکەیان نـــزم، نافەرمی و بـــێ نرخـــە. میدیاکانی ئێرانـــی یان مێـــژوو و کولتـــوری کورد پشـــتگوێ دەخـــەن یـــان لە باشـــترین حاڵەتـــدا وەک بوونەوەرێکـــی "فۆلکلۆر"ی نێوخـــۆ وێنایـــان دەکات کـــە خاڵی لە هیـــچ ڕەهەندێکـــی سیاســـی و مێژوویی بێت. ئەم پرۆســـەی نەرمە ژینۆســـایدێکی کولتوورییـــە کە لەگەڵ هـــەر جۆرێک ناونانی دووکان و شوێنە گشـــتییەکان تا وەکوو ناوی منداڵان و گەڕەک و ناوچەکانی کوردســـتان بە مەبەستی تواندنەوە وســـڕینەوەی ئێلیمنت و نیشـــانە کوردییەکانەوە، و لەگەڵ ئەویشـــدا بڵاکـــراوە، گۆڤـــار و مۆســـیقای کوردی لە کوردســـتان ســـنووردار کردووە. لێرەدا گرینگـــی بیرۆکەکانـــی فرانتـــس فانۆن دەردەکەوێـــت. فانۆن لە کتێبی "پێســـتی ڕەش و دەمامکی ســـپی" و "دۆزەخییەکانی زەوی"دا، کاریگەرییـــەکان و لایەکانـــی کۆلۆنیالســـم شـــی دەکاتەوە: لەژێر فشاری کولتووری بالادەســـتدا، تاکی کۆلۆنیالیزەکراو ورده ورده هەســـت بـــە کەمتەرخەمـــی دەکات، ناســـنامەی خۆی بە ناشـــیرین و ناســـەرنجڕاکێش دەبینێت و ڕەنگە دواجار خـــۆی لە کولتـــووری ڕەســـەنەکەی خۆی دوور بخاتـــەوە تـــا ئەوەی کە لـــە لایەنی بالادەســـتەوە وەربگیردرێت. ئـــەم نامۆبوونە (Alienation) لـــە کوردستانیشـــدا دیارە؛ منداڵێـــک کە لە ماڵ و نـــاو خێزاندا فێری زمانـــی دایکـــی دەبێت بەڵام بـــۆ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتـــی و خوێندنەوە پێش بکەوێت، ناچـــارە بیشـــارێتەوە و زاڵ بێت بەسەر زمانی بالادەســـتدا. ئەو تووندوتیژییە پێکهاتەییە کە فانۆن باســـی دەکات، تەنیا لە زیندان و ئەشـــکەنجەکردن دا نایبینین، بەڵکوو لە هەموو پۆلێکـــدا هەیە کە منداڵی کورد ناچار دەکات نکۆڵی لە ناســـنامەکەی بـــکات. بۆ ڕەوایەتیـــدان بـــەم هەژموونە، گوتـــاری ناوەندی ناســـنامەی کورد وەک "ئەویتر"ێکـــی مەترســـیدار و ناتەبا بەرهەم دەهێنێتەوە.

بە کەڵکوەرگرتن لـــە ڕوانگەی ئێدوارد ســـەعید لـــە ڕۆژهەڵاتناســـیدا دەتوانین بڵێیـــن گوتـــاری بالادەســـتیی ئێـــران "کوردۆلۆژی"یەکی (Kurdology) ســـاختەی دروســـت کردوە، لـــەم گوتـــارەدا کورد

وەک "خێڵە سەرەتایی و سەربڕەکان" پێناسە کردووە کە لەلایەن ئێرانییەکانەوە پێویستیان بە شارستانیەت و کولتوورەوە هەیە، یان وەک "جودایخواز" کە لە ژێر کاریگەریی زلهێزە بیانییەکان وەکوو هەڕەشەیەک بۆ یەکیەتی نەتەوەیی ئێرانیان هەیە، نیشان دەدرێت. ئەم وێناکردنە هەر خەباتێکی کورد بۆ مافەکانی نەک وەک داخوازییەکی سیاسی ڕەوا، بەڵکوو وەک نەخۆشییەکی ئەمنی یان لادانێکی نەتەوەیی نیشان دەدات. لە ئاکامدا سەرکوت نەک هەر ڕەوایی پێ دەدرێت، بەڵکوو وەک ئەرکێک بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاک و یەکیەتی نەتەوەیی سەیر دەکرێت. ئەمە ڕێک هەمان ئەو لۆژیکەیە کە لە سەردەمی پەهلەویدا لەگەڵ ئەدەبیاتێکی ڕادیکاڵی ناسیۆنالیسمی و لە کۆماری ئیسلامیدا بە ئەدەبیاتی ئەمنیەتی- ئایینی دووبارە بووەوە. کوردستان، لەم لۆژیکەدا، هەرگیز وەک نەتەوەیێک کە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە، ناناسرێتەوە، بەڵکوو وەک ناوچەیەکی جوگرافیای کێشەدار کە دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت و چاودێری بکرێت و دواجاریش، ناسنامەکەی لە چوارچێوی ئێراندا بخوێندرێتەوە، هەڵسوکەوتی لەگەڵدەکرێت. هە بەم هۆکارانە تیۆری کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بە جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئیستیسماری ئابووری، هەژموونیی سیاسی و نکۆڵیکردنی کولتووری، ئامرازێکی شیکاری گونجاوە بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی بێبەشی ئابووری و دامەزراوەیی کولتووریی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێراندا.

هەژموونی کولتووری و ڕەخنەی ئارێنت

سوڵتە و باڵادەستیی ناوەند بەسەر پەراوێزدا تەنیا بە سەرکوتی ڕاستەوخۆ و توندوتیژی جەستەیی و هێزی ڕەق بەردەوام نابێت، لە ڕاستیدا بەکارهێنانی بەردەوامیی هێز تێچووی زۆری دەوێت و لە ئاکامیشدا ناپایەدار دەبێت. ئەوەی سەقامگیری و هەمیشەیی بەم باڵادەستییە دەبەخشێت، توانای ناوەندە بۆ بەرهەمهێنانی ڕەزامەندی و با ئاسایی کردنی پێوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵات. لێرەدایە کە چەمکی "هەژموون"ی ئانتینێۆ گرامشی ڕێڕەوی شیکارییەکەمان ڕوونتر دەکاتەوە و بەرچاوڕوونیمان پێ دەدات. لە ڕوانگەی گرامشییەوە، هەژموون بە واتای سوڵتەی کولتووری و ئایدیۆلۆژیی چین یان گرووپێکی دەسەڵاتدارە، بە جۆرێک کە بیەوێت بەها و باوەڕ و جیهانبینییەکەی وەک شتێکی گشتگیر و سروشتی و ئاسایی لە کۆمەڵگادا قبوڵ بکرێت. دەوڵەت بە پشتبەستن بە هێزی نەرم و لە دڵی کۆمەڵگای مەدەنی (پەروەردە، دامەزراوە ئایینیەکان، میدیا، خێزان) ئەم هەژموونە دروست دەکات و بەرهەمی دەهێنێتەوە. سەبارەت بە پەیوەندی ناوەند و پەراوێز لە ئێراندا، دەوڵەتی ناوەندی تا ڕادەیێک سەرکەوتوو بووە لە دروست کردنی هەژموونێکی کولتووری فارس تەوەر کە هەژموونی خۆی نەک وەکوو سوڵتە، بەڵکوو وەک یەکیەتیی خاکی ئێران دەیخاتە ڕوو و دەیناسێنێت. میکانیزمەکانی ئەم هەژموونە زۆرن و لێرە چەند نموونەیان ناو دەبەم، پێش هەموو شتێک سیستەمی پەروەردەیە، لە پۆلەکانی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا زانکۆ، گێڕانەوەیەکی یەکپارچە و یەکلایەنەی میژووی ئێران دەخەنە ڕوو کە تێیدا ڕۆڵ و شارستانیەتی نەتەوە غەیرە فارسەکان یان لەناو دەچن یان پەراوێز دەخرێن. میژووی کورد جگە

له کۆمەڵێک ڕاپەڕینی یاخیگەرانە کە سەرکوت کراون، و هیچ جێگایەکی لەم گێڕانەوەیەدا نییە. زمانی فارسی وەک تاکە زمانی ئەدەبی زانستی و نەتەوەیی دەناسێنرێت و زمانەکانی دیکەش، لە باشترین حاڵەتدا، وەک زاراوەی نێوخۆیی دادەنرێت و توانای پێشخستنی زانست و ئەدەبیان نییە. منداڵی کورد، بەلووچ، یان ئازەری لە یەکەم ڕۆژەکانی خوێندن فێردەبێت کە بۆ سەرکەوتن دەبێت زمان و ناسنامەیەکی نەتەوەیی (فارسی) بگرێتەبەر و شوناسی ناوخۆیی خۆی لە شوێنە نافەرمییەکاندا قەتیس بکات. ئەم پرۆسەیە جۆرێکە لە توندوتیژی هێمایین کە بە شێوەیەکی نادیار بەڵام بە قوڵی کاردەکات.

دووەم: میدیای نەتەوەیی (صدا و سیما) لە خزمەتی بەهێزکردنی گوتاری باڵادەستدایە، لەم میدیایانەدا تاران و شارەکانی سەر بە نەتەوەی ناوەند وەک ناوەندی شارستانییەت و پێشکەوتن و مۆدێرنیتە وێنا دەکرێن، لە کاتێکدا ناوچە پەراوێزییەکان زۆرجار لە شێوەی دیمەنە سروشتییە پاک و خاوێنەکان، هەژاری، یان لە هەواڵی ئەمنییەتیەوە بگرە تا تێکهەڵچوونی سنووری و دەستگیرکردنی جودایيخوازان نیشان دەدرێن. کەسایەتییە مێژوویی و ئەدەبییەکانی نەتەوەی غەیرە فارس بە دەگمەن ڕێزیان لێدەگیرێت، مەگەر خزمەت بە گێڕانەوەی نەتەوەیی ئێران (وەک شاعیرانی ئازەری و کورد کە لە خزمەتی کولتوور و ئەدەبی نەتەوەیی ئێراندا بوون) بکەن.

سێیەم: بەرهەمە ڕۆشنبیرییە فەرمییەکان (ئەدەب، سینەما، شانۆ) بە گشتی لە ڕوانگە و ئەزموونی ناوەندەوە قسە دەکەن. تەنانەت کاتێک باس لە پەراوێزیش دەکەن، زۆرجار ڕوانینێکی نامۆ یان ئۆریەنتالیستیان هەیە کە هیچ ڕەهەندێکی سیاسی بۆ دانیشتوانی ئەو خاکەی تێدا نابینننەوە و دەرئەنجامی ئەم هەژموونە کولتووریيە، دروستکردنی ڕەزامەندییەکی ساختە دەبێت. ڕەنگە زۆرێک لە هاوواڵاتیانی نەتەوەی غەیرە فارس، لە ژێر کاریگەریی ئەم سیستمە ئایدیۆلۆژییەدا، هەژموونی کولتووری- زمانەوانیی ناوەند قبوڵ بکەن، شەرم لە ناسنامەی خۆیان بکەن، یان تەنانەت بەشداری لە سەرکوتکردنی هاووڵاتیان و هاونیشتمانیان خۆیان بکەن کە لە پێناو ناسنامەکەیاندا خەبات دەکەن. ئەمەش ڕێک سەرکەوتنی هەژموونە کە کاتێک زاڵ دەبێت، زاڵبوون نەک وەک پەیوەندییەکی دەسەڵات، بەڵکوو وەک چارەنووسی بێ ئەملا و ئەولای خۆی قبوڵ دەکات.

بەڵام شیکارییەکەی هانا ئارێنت لە ڕوانگەیەکی دیکەوە قووڵاییی کارەساتەکە دەردەخات. ئارێنت باس لە مافی بەشداربوون لە ماف دەکات، بۆ ئەوەی بنەڕەتیترین مافی مرۆڤ مافی ئەندامێتی لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیدایە؛ کۆمەڵگەیەک کە تاک نەک وەک مرۆڤێکی ئەبستراکت و ئینتزاعی ببینێت کە هیچ داخوازیێکی نییە و لە دۆخی سروشتیدا دەمێنێتەوە، بەڵکوو بە ناسنامەیەکی تایبەت و ئەو مافانەی کە لەگەڵیدا دێن، دەناسێت. کاتێک کەسێک لەم ئەندامێتییە بێبەش دەکرێت وەک حاڵەتی پەنابەران، کەسانی بێوڵات، یان ئەو گرووپانەی کە ناسنامەی بەکۆمەڵیان ڕەت کراوەتەوە لێ دێت و لە ڕاستیدا لە مافی هەبوونی ماف بێبەش دەکرێت و دەخرێتە دەرەوەی مێژووەوە، کەسێکی لەم

جـــۆرە، لە کاتێکـــدا ڕەنگە لـــە هەندێک مافـــی مەدەنی بەهرەمەند بێـــت، بەڵام ئەو پێگـــە سیاســـییەی نییە کە ئـــەو مافانە گەرەنتی بـــکات و بیانپارێزێـــت، هەر بۆیە لە بۆشـــاییەکی سیاســـیدا ماوەتەوە کە هەر مافێک بە ئاســـانی لێی بســـەنرێتەوە. ئـــەم چەمکە کلیلی تێگەیشـــتن لە دۆخی نەتەوەی کورد لە ئێراندایە. کێشـــەی کورد تەنیـــا ئەوە نییـــە کە لـــە هەندێک مافی کولتووری یان ئابـــووری بێبەش دەکرێت، یـــان تەنانەت بەشـــداری ســـەندووقی دەنگدانەکانە، بەڵام نوێنەرە ڕاســـتەقینەکانی لە پارلەمـــان نابینین. کێشـــەی بنەڕەتیتر ئەوەیـــە کـــە ناســـنامەی ئـــەوان وەک نەتەوەیـــەک کـــە مافـــی دیاریکردنـــی چارەنووســـی سیاســـی خۆیـــان هەیە، لە بنەڕەتـــدا دانـــی پێدا نانرێت. لـــە گوتاری باڵادەســـتدا، کورد کەمینەیەکی ئیتنیکییە، نەک نەتـــەوە. ئـــەم جیاوازییـــە تەنیا لە لایەنێکـــی وشـــەیەوە قەتیـــس نامێنێت، بەڵکوو لایەنێکـــی ئۆنتۆلۆژیکی هەیە. ڕەنگە لە چوارچێوەی نەتەوەی باڵادەســـتدا مافی کولتووری ســـنووردارى هەبێت، بەڵام ئەوە نەتەوەیـــە مافی دیاریکردنـــی چارەنووس و دەوڵەتدارییـــی خۆی هەیە. تـــا ئەو کاتەی دەوڵەتـــی ناوەندی بوونی ببێـــت کورد لە ناســـنامەی نەتەوەیی خۆی بێبەش دەبێت و لـــە بنەڕەتـــدا مافی هەبوونـــی مافی لێ زەوت دەکرێـــت. تەنانەت ئەگـــەر ڕۆژێک مافێکی بەرفراوانتر (وەک پەروەردەی زمانی دایکی لـــە قوتابخانەکاندا) بـــە کوردەکان بدرێـــت، تـــا ئەو کاتـــەی کـــە پێکهاتە سیاســـییەکە ناوەندگەریانەیە و نکۆڵی لە ناســـنامەی نەتەوەیی دەکرێـــت، ئەو مافانە پایەدارنیـــن و لـــەرزۆک و بەخشـــراون و لـــە ململانێی ســـەندنەوە دەمێننەوە. بەم پێیە لـــە ڕوانگەی هانا ئارێنتـــەوە، خەباتی کـــورد بـــە پلـــەی یەکـــەم خەباتێکە بۆ دانپێدانـــان؛ خەباتێک بۆ بەدەســـتهێنانی پێگەیەکی سیاســـی کە کـــوردەکان بتوانن مافیـــان هەبێت. ئەمەش لـــە داواکارییەک بۆ چاکســـازیی ئیـــداری یـــان کولتووری تێ دەپەڕێـــت؛ شـــەڕێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ ڕزگاربـــوون لەو بێ مافـــی ڕەهایەیە کە لە نکۆڵی کـــردی ناســـنامەی نەتەوەیی تێ دەپەڕێت.

پێویستی دامەزراوەی سیاسی و دەوڵەت

بە تێگەیشـــتن لـــە قووڵایی کێشـــەکە و دەرباز بـــوون لە دۆخی کۆڵۆنیالیســـتی و هەروەها کەڵـــک وەرگرتن لـــە ڕوانگەی تیۆرییـــە هەژموونییەکان و فەلســـەفەی سیاســـیی ئارێنتەوە، دەتوانین بە شـــوێن چارەســـەرەێک بـــۆ دۆزینـــەوەی ڕزگاری بگەڕێیـــن. لە نێـــو هەندێک ڕەوتـــی فکری و سیاســـی لـــە کوردســـتاندا، پلانگەلێکی وەک ڕێفۆرم لە ئێران یان ناسیۆنالیســـمی مەدەنـــی و کۆنفدرالیســـمی دیموکراتیک بـــۆ چارەســـەری پرســـی نەتەوەییـــی کورد پێشـــنیار کـــراوە، ئەم پێشـــنیارانە، هەرچەندە بـــە ڕواڵەت لە دۆخی ئێســـتا پێشـــکەوتووترن، بەڵام ناتوانێت ئۆتۆنۆمیی سیاســـی لە خۆ بگرێت و ناتەواو و تەنانەت چەواشەکاری دۆخی کۆڵۆنیالیستی و سوڵتە لـــە ئێراندان. لە ڕاســـتیدا ئـــەم مۆدێلانە دەتوانن بەســـادەیی فۆرمێکـــی ئاڵۆزتر بن لە بەردەوامبوونـــی پێکهاتەی کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆیـــی. چونکـــوو نە هێز و نـــە توانای ئەوەیان هەیـــە لە بەرانبـــەری هەژموونی باڵادەســـت خۆڕاگر بن و نە دەتوانن تەعبیر لە مرۆڤێک بکـــەن کە خـــاوەن ئیرادەی خۆیەتی، بەبێ بوونی دامەزراوەی سیاســـی و کۆمەڵایەتیی بوونی مرۆڤـــی کورد دەچێت دۆخێکی سروشـــتیەوە.

لەم ســـۆنگەوە هەر چەشـــنە گوتارێک کـــە نەتوانێت خۆی لەگەڵ کوردســـتانەوە پێناسە بکات و نیســـبەتی خۆی بەرووندی لەگەڵیـــدا دیـــاری بـــکات، دەچێتە ناو خوێندنەوەیەکـــی ئیسلامچیەتییـــەوە. بە پشتبەســـتن بە ئارگومێنتـــی هانا ئارێنت ســـەبارەت بە مافی هەبوونـــی ماف، تاکە رێگـــەی دەربازبـــوون لەم ئابلۆقـــە بوونە، پێکهێنانـــی دەوڵەتێکی ســـەربەخۆیە بۆ کوردســـتان. ســـەربەخۆ لێرەدا دەتوانێت مەرج نییە ئۆتۆنۆمیی سیاســـی تەواو لێرەدا بە مانای ســـەربەخۆیی تەواو و پێکهێنانی دەوڵەتـــی ســـەربەخۆ بێـــت (هەرچەندە دەوڵەت باشـــترین مۆدێلە و وەک مافێکی سروشـــتی بێ ئـــەملا و ئـــەولای کورد دەبێت قەبووڵ بکەیـــن)، بەڵکوو بە مانای هەبوونی قەوارەیەکی سیاســـی خۆبەڕێوەبەر کـــە ســـەروەری ڕاســـتەقینەی هەبێت بەســـەر خاکی خۆیدا. ئـــەم دامەزراوەیە پێویســـتە دەســـەڵاتی تەواوی هەبێت لە بواری یاســـادانان و جێبەجێکردنی کاری دادەوەری و کۆنترۆڵی ســـامانە سروشـــتیی و ئابووریـیەکانـــی ناوچەکانـــی ژێردەسڵات خۆی بێـــت و هێـــزە ئەمنییەکانی خۆی بەڕێـــوەی ببات و لە کاروبـــاری دەرەوەی پەیوەندیـــدار بـــە هەرێم خـــۆی بڕیاردەر بێت. پێکهاتەیێکی فراوانی لەم چەشـــنە دەلاقەیێکە بۆ گەیشـــتن بـــەو فەزایێک کـــە ئارێنت بە فەزای گشـــتی (عمومی) ناوەزەدی دەکات. فەزای گشـــتی شوێنێکە کـــە مرۆڤـــەکان کۆدەبنـــەوە، نەک وەک ســـوژە یان ئۆبژەیێکی پاســـیف، بەڵکوو وەک هاوواڵاتییەکی چالاک کە دەســـەڵاتی کردار و قســـەکردنیان هەیـــە، بۆ بڕیاردان لەســـەر کاروباری هاوبەشیان.

لە پێکهاتە ناوەندییەکەی ئێستادا فەزای وا بۆ کورد نییـــە، و چاوەڕوانی دابینکردنی فەزاییێکی گشـــتی بـــۆ کـــورد نزیکە لە مەحـــاڵ. ئۆتۆنۆمیی سیاســـی مەرجێکی پێویســـتە بۆ دروســـتکردنی ئـــەم فەزا گشـــتییە. دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕێگـــە بە نەتەوەی کـــورد دەدات کە مافی هەبوونـــی مافی خۆی بـــەدی بهێنێت. بۆ یەکەمجـــار ناســـنامەی نەتەوەیی کورد نـــەک وەک هەڕەشـــەیەک، بەڵکوو وەک بنەمایـــەک بـــۆ پێکهێنانـــی قەوارەیەکی سیاســـی شـــەرعی دەناســـرێت. هەر لەو پێگە سیاســـییە بەهێزەوەیە کە دەتوانرێت مافە کولتـــووری و زمانەوانـــی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیـــان دەســـتەبەر بکرێت و فراوانتر بکرێت، نـــەک وەک ئیمتیازێک کە ناوەند پێی بەخشـــیوە، بەڵکوو وەک مافێکی سروشـــتی کە لە ئەندامێتـــی لەم کۆمەڵگە سیاسییە سەربەخۆیەدا ســـەرهەڵدەدات.

ئاکام

ئەم نووســـینە لە هەوڵی ئـــەوەدا بوو کە لە ڕێگەی شـــیکاری مێژوویی و تیۆریکەوە، سروشـــتی دەسەڵاتی سیاســـی لە قۆناغە جیـــاوازەکان لـــە ئێران نیشـــان بدات و لێکەوتە کارەســـاتبارەکانی لەسەر نەتەوەی کـــورد، وەک قوربانیـــی ســـەرەکی ئەم پرۆژەیە شـــی بکاتەوە. هەرەهـــا تا کاتێک ئۆپۆزیســـیۆنی ناوەنـــد هەڵگری چەمکی یەکیەتیی ئێران بێت ناتوانرێت پرۆســـەی دیپلۆماســـی شـــکڵ بگیردرێت، چونکوو ناواخنـــی گوتارەکەیـــان دووبارەکردنەوە و بەرهەمهێنانـــی هەمان گوتـــاری زاڵە کە پێشـــترەکانیان بە کردەوە بـــە ئەنجامیان گەیاندبوو. هـــەر لەم ســـۆنگەیەوە کە ئەو چەشـــنە گوتارانە لە ئێراندا بوونیان هەیە نـــە ناسیۆنالیســـمی مەدەنی لـــە ئێراندا شـــکڵ دەگرێت و نـــە کۆنفدراڵیســـمی

دیموکراتیـــک دەتوانێت وەکـــوو کوردێک تەعبیر لە کوردبوونـــت بکاتەوە و پارێزگاری لە ناســـنامەی نەتەوەیی و کولتووری کورد بکات.

توهم گذار ایران به دمکراسی و سرنوشت ملت های محصور در یک جغرافیای ساختگی

دانا کهنه‌پوشی

در سپیده‌دم شکل گیری نظم نوین سیاست جهانی و تزلزل پایه‌های حاکمیت سیاسی پیشین و ترویج سکولاریسم، در غرب شاهد تجلی دولت-ملت ها هستیم. در روند متداول آن، دولت های نوین برآیند عواملی همچون رقابت سخت قدرت و جنگهای بزرگ، رواج پول، ظهور سرمایه‌داری، اندیشه‌ی سکولاریسم و ... بودند. دولت متمرکز متعاقبا ملت و حاکمیت ملی را برساخته و ترویج داد. دموکراسی نیز بعنوان مکانیسم حل منازعات قدرت و در هیئت یک رژیم حقوقی در نتیجه‌ی فرآیندهای توسعه سیاسی و برخورد منافع اقشار و طبقات جامعه سر برآورد، تا انسجام و تمرکز دولت و حاکمیت رژیم سیاسی را تامین و تضمین نماید. بطوری که بعدها دولت-ملت ها با دموکراسی همچون لازم و ملزوم به چشم آمدند و تا حدی تقدم و تاخری بر آنها متصور نبود. نکته‌ی طنز ماجرا این است که تثبیت هردوی آنها با سرکوب خونین و تحمیل انضباط متمرکز و زدودن گوناگونی‌های درون جوامع به بار نشستند. اما در ادامه، رشد علمی و شکوفایی اقتصادی و بالا رفتن سطح رفاه جوامع دموکراتیک این شکل از نظام سیاسی را به مدلی جذاب و ایده‌آل برای جوامع عقب مانده نیز تبدیل کرد.

در اینجا به اختصار عوامل ساختاری مؤثر بر عدم موفقیت دولت-ملت سازی مدرن در ایران و سپس عوامل مؤثر بر عدم شکل گیری دموکراسی در ایران را مورد مداقه قرار می دهیم.

پروژه‌ی دولت- ملت سازی در ایران

در گام نخست لازم است واحد جغرافیایی و سیاسی ایران را به لحاظ تاریخی کالبد شکافی کنیم. چنین موجودیت سیاسی‌ای محصول چندی از عوامل تاریخی و واقعیت‌های اجتماعی و سیاسی است. مهمترین این عوامل عبارتند از:

الف.توهم پیوند دولت ایرانی با میراث پیوسته‌ی امپراتوری‌های باستانی

با وجود اینکه منظومه‌ی ایران-شهری‌ها و ایران-گرایان خوش دارند تا ایران امروز را وارث امپراتوری‌های پیوسته‌ی باستانی بدانند، اما مسئله پیچیده‌تر از این روایت‌های ایدئولوژیک است. اگر به جهت رعایت اختصار این نوشتار نقطه‌ی عطف بررسی را دوران قاجار که آخرین سلسله‌ی قبل از شروع فرآیند دولت-ملت سازی مدرن در ایران است را در نظر بگیریم، متوجه تناقضات این اندیشه می‌شویم. به عبارت ساده‌تر سلسله‌ی قاجار هرگز یک امپراتوری نبود. در اقامه‌ی این دعوی، تیتروار می‌توانیم بگو یيم ؛

- سلسله‌ی قاجار اصولا مرزهای به معنای امروز را نداشت و منطقه‌ی نفوذ آن هم با همه‌ی کیفیت متغیری که داشت مدام در حال انقباض و کوچک شدن بود. لذا نه تنها توسعه‌طلب نبود بلکه مدام درحال عقب نشینی‌های سرزمینی و جغرافیایی بود.

- در دوران قاجار قدرت‌های محلی و امارت نشین‌ها که اتفاقا دارای هویتی تاریخی و زبانی مجزا از تهران بودند اگرچه قدرت برابر با دربار قاجار را نیز دارا نبوده باشند، حداقل بطور مداوم به اقتدار شاهان قاجار اعتراف نمی‌کردند.

- سلسله‌ی قاجار دارای یک روایت مشترک و پذیرفته شده‌ی همگانی نبود و به هیچ وجه قادر به متحد کردن اضداد نبود.

- ارتش قاجار نه تنها توان کشورگشایی و یا حفظ مرزهای مورد ادعا را نداشت بلکه کارکرد آن صرفا حفظ برتری دربار در مقابل مدعیان پادشاهی و کنترل ناقص، متزلزل و گزینشی نقاط مختلف یک جغرافیای سیاسی سیال بود.

- باج و خراج در سلسله‌ی قاجار یک فرآیند ناپیوسته، غیرکارآمد و تابع صرف موازنه‌ی قدرت در میان امارت‌های منسوب به ممالک محروصه و میزان حمایت قدرت‌های منطقه‌ای و جهانی از دربار در مقابل این امارت‌ها بود.

- و...

لذا با یقین می‌توان گفت که سلسله‌ی قاجار بیش از اینکه یک امپراتوری وارث امپراتوری سابق باشد، پدیده‌ای منحصر به فرد بود که تداوم و بقایش را مدیون موقعیت ژئوپولیتیک خود، سیاست استعماری و منافع قدرت‌های جهانی، و ضعف درونی گوناگونی‌های اقمار آن بود.

روشن شدن این مسئله در دو جهت به بحث ما مربوط می شود:

نخست، اینکه ضعف ذاتی دولت ناکارآمد ایرانی را آشکار می کند. بدین معنا که، این تصور غلط را به چالش می‌کشد

که عـــدم موفقیـــت دولت ایرانـــی را به عوامـــل ثانویه و جزئی‌تر ربـــط می‌دهد. رد توهم پیونـــد دولت ایرانی بـــا امپراتوری‌های پیوسته‌ی باســـتانی، انکار آشـــکار مرزهای ادعا شـــده‌ی ایـــران برای اعمـــال حاکمیت سیاســـی خود اســـت. این چیزی است که در مطالعـــات جدیدتـــر در ذیـــل مباحث شـــکاف‌ها و جنبش‌های ملـــی در ایران به آن پرداخته می‌شـــود. در آن سرکوب ناموفق ملت‌هـــا در داخل جغرافیـــای دولت مصنوع ایران، بعنـــوان عامل اساســـی عدم موفقیت در اجرای رســـالت تشـــکیل یـــک دولت-ملت واحد و منســـجم برجســـته می‌شود. در اکثریت مطلق موارد تشـــکیل دولت-ملت‌ها، تثبیـــت حاکمیت ملی با ســـرکوب و حذف گوناگونی‌ها و تحمیل انضباط ســـفت و سخت همراه بوده اســـت.

اما در مورد ایران، منادیان ناسیونالیســـم ایرانی/فارسی و مؤسسان و هواخواهان دولت-ملت ناکارآمـــد ایرانی اگرچه با ســـرکوب خونین توانســـته‌اند راه را بـــر احقاق حق تعیین سرنوشـــت گروه‌های ملی ببندند، اما به گواه شـــواهد عینی و میدانی نتوانسته‌اند آنهـــا را ادغام و کامل از بیـــن ببرند. ازقضا چنیـــن امری ســـوای مباحـــث حقوقی و مســـئله عدم مشـــروعیت مداوم حاکمیت سیاســـی در این ایـــران، مهـــر تاییدی بر ناکارآمـــدی دولت-ملت ایرانی نیز هســـت. کوتاه ســـخن اینکـــه، از زمان رضا شـــاه پهلـــوی تا به امروز، یـــک دوره بیش از صد ســـاله دولت-ملت فارس/ایرانی فرصت این را داشـــت تا بـــا ادغام، ســـرکوب و حذف ملت‌های این ســـرزمین حاکمیـــت خود را مشـــروعیت ببخشـــد. اما در عمل ناموفق بـــود. عدم توفیـــق در چنین امـــری، این پرســـش بنیادین را مجـــددا مطرح می‌کند که چگونـــه وارث امپراتوری‌های باســـتانی (البتـــه خیالـــی) نتوانســـته گوناگونی‌ها را مطیع و فرمانبردار ســـازد.

دوم، اینکـــه تلاش‌هـــای عامدانه یک روایـــت ایدئولوژیک را باز مـــی نمایاند که در صدد اســـت تـــا علل ذاتی شکســـت پـــروژه دولت-ملت ســـازی ایرانـــی را در راســـتای حفظ منافع یک گـــروه اتنیکی (فارس) فرافکنی نمایـــد. در این ایدئولوژی آنچه تقدیس می شـــود حفـــظ تصورات و قالب‌هایی اســـت که خصلتـــی روانی پیدا کرده‌اند، و شـــاید لزوما کـــم هزینه‌ترین راه بـــرای خود اتنیک فـــارس- ایرانی هم نبا شد .

در مجمـــوع، در این مبحث اســـتدلال وجود شـــکاف‌های ملی در ایران در مقابل فرضیـــه تداوم میراث یک تمدن باســـتانی قـــرار می‌گیرد. در روی دیگر ســـکه، توهم پیوند دولـــت ایرانی با میراث پیوســـته‌ی امپراتوری‌هـــای باســـتانی در هیئت یک ایدئولوژی و یک فرافکنـــی خود کام‌بخش بـــه عامل اســـتمرار روند ناقـــص پروژه‌ی دولت-ملـــت ســـازی ایرانی تبدیل شـــده ا ست .

ب. تحلیل طبقاتی دولت-ملت ایرانی

اگر تحلیل طبقاتی را در مورد شـــکاف‌های ملـــی و پیچیدگی‌های ماهـــوی جغرافیای ســـاختگی ایران بکار گیریم بـــه یافته‌های جالب توجه‌ی پی خواهیـــم برد. همانگونه که اشـــاره شـــد، دولت-ملت ایرانی/فارسی هرآنچـــه در توان داشـــت را بـــکار گرفت تا پـــروژه‌ی دولت- ملت ســـازی را حول فرهنگ، زبـــان و البته منافع سیاســـی و

اقتصادی گروه اتنیکی فارس به نتیجه برساند. در این راستا، سیاست‌های آسیمیلاسیون و سرکوب ملت‌های محصور در ایران بر کیفیت فرآیند شکل‌گیری طبقات اجتماعی در سراسر محدوده‌ی جغرافیایی آن و ازجمله بر خود مردمان فارس نیز تأثیر گذاشت. نظام طبقاتی در ایران از بدو پروژه‌ی دولت-ملت سازی آن تا به امروز تحت تأثیر دو عامل اساسی قرار داشته است. از یک طرف استبداد شرقی از نوع انحصار تجاری و پس از وقفه‌ای کوتاه استبداد مبتنی بر درآمد نفت، راه را بر شکل‌گیری و استقلال طبقات اجتماعی بست و در عوض طبقات و اقشاری وابسته به دولت را جایگزین رعایای نظام پیشین کرد. از سوی دیگر، ناسیونالیسم و در اصل فاشیزم فارسی/ایرانی که منادی دولت-ملت ایرانی بود، قدرت مطلقه‌ی دولت را در ازای استیلای فرهنگ و زبان و منافع فارس بر ملت‌های دیگر محصور در ایران توجیه، و آن را عادی سازی نموده است. در نتیجه در یک روند طبیعی، دولت به طور مداوم افسارگسیخته‌تر و در مقابل طبقات اجتماعی دائما ضعیف‌تر و وابسته‌تر شده‌اند. متعاقبا نیز، رفتار سیاسی چنین طبقاتی نه بر مبنای منافع ملموس و عینی آنها، بلکه صرفا در حد واکنشی بیولوژیک به شرایط متغیر اقتصادی و معیشتی شکل گرفته است. به همین جهت، تغییرات سیاسی در ایران و حتی انقلابها و تغییر رژیم‌ها صرفا به چرخش ساده‌ی نخبگان سیاسی و الیگارشی‌ها (البته در بین خودی‌های فارس و تا حدی آذری/ترک‌ها) و جایگزینی مداوم روایت‌های ملی و مذهبی محدود بوده ا ست.

در اینجا نیز کلیت فرآیند ضعف و وابستگی طبقات، منافع انحصارطلبانه طبقات وابسته به دولت، و همچنین کارکرد کام بخشی ملی دولت-ملت ناکارآمد ایرانی، منجر به بازتولید توجیهات ایدئولوژیک در نزد اقشار و طبقات پایین جامعه برای توضیح و توجیه انسداد سیاسی در ایران شده ا ست.

پ. همسویی منافع قدرت‌های جهانی و نخبگان سیاسی دولت-ملت ایرانی.

در تمامی دوره صد ساله‌ی دولت-ملت ایرانی نخبگان قدرت در ایران، با درکی که از وضعیت ایران و منافع خودشان داشته‌اند، و البته به لطف هدیه‌ای خدادادی که نظم نوین جهانی مبتنی بر حاکمیت ملی بر بستر بوروکراسی دولتی به آنها ارزانی داشت، بطور نسبی در هر مقطعی توانسته‌اند منافع‌شان را با منافع ابر قدرت‌ها، یا در جریان موازنه‌ی قدرت در سطح ابرقدرت‌ها هماهنگ کنند. آنچه این روند را مختل نموده، خصلت انحصار طلبانه و فسادآور قدرت است که مدام نخبگان را دچار توهم قدرت و شرایط سقوطشان را فراهم کرده است. این همان روند چرخش ساده نخبگان و الیگارشی‌ها، و متعاقبا جایگزینی مداوم روایت‌های ایدئولوژیک است.

دموکراسی در ایران

اگرچه تمامی دولت-ملت‌ها به دموکراسی نیانجامیدند اما روند عکس آن نیز صادق است. بدین صورت که همه دموکراسی‌ها

برای نهادینه شـــدن و استقرار خود نیازمند دولت‌هـــای ملی کارآمد هســـتند. به زبان منطقی می‌تـــوان گفت کـــه دولت-ملت شـــرط لازم اما ناکافـــی برای اســـتقرار دموکراسی است.

اگر بـــه مورد ایران برگردیم، مشـــاهده می‌کنیـــم که دولت-ملـــت ایرانی به لحاظ عدم موفقیت آن در ادغام، همگون‌ســـازی و مطیع کـــردن تنوعات جامعه، و از ســـوی دیگر اصـــرار بر آزمـــودن آزمـــوده بطور مداوم با بحران مشـــروعیت و اقتدار سیاسی روبروســـت. به بیـــان دیگـــر، دولت-ملت ایرانی نه قادر اســـت تنوعـــات مخصوصا ملی را حذف و ادغام کند، و نه از سیاســـت انکار و استمرار ســـرکوب دست می‌کشد.در طـــرف مقابل، ملت‌های محصـــور در ایران بـــه جهت تاریخی، فرهنگـــی و در مجموع به واســـطه‌ی خاطـــره‌ی جمعـــی (از نوع آنچه در نظریه‌ی بندیکت اندرســـون آمده اســـت) خود را ملتی جداگانـــه از ایران می دانند. اینـــان علیرغم هزینه‌هـــای گزافی که بـــر آنها تحمیل شـــده اســـت، هرگز بـــه اقتدار پـــروژه‌ی دولت-ملت فارســـی/ ایرانی اعتراف نکرده‌انـــد. در تأیید این امر، می‌تـــوان بـــه فرصت‌های تاریخی اشـــاره کـــرد که در آن خلأ قدرت در گوشـــه‌های جغرافیای موســـوم به ایران بوجـــود آمده و ملت‌های محصـــور در ایـــن جغرافیا برای اســـتقلال و حاکمیـــت ملی خـــود گام برداشـــته‌اند. شـــاید نیاز به استدلال نباشد که چنیـــن وضعیتی اصولا بـــا حداقل‌های اســـتقرار دموکراســـی منافات جوهری و ماهوی دارد. اما ســـوای داوری‌های اخلاقی، همان گونه که پیشـــتر نیز اشـــاره شد، در صورتی کـــه دولت-ملت ایرانـــی موفق به حذف و ادغام تنوعات ملـــی در جغرافیای ایران می‌شـــد، امکان اســـتقرار دموکراسی حداقل به لحـــاظ تئوری فراهـــم می‌بود. امـــا در فضای جنـــگ و جـــدال مداوم ملت‌هـــا برای اثبات موجودیت خودشـــان و بخصوص با پیشـــینه‌ی ســـتم ملی که در ایـــن جغرافیا بـــر ملت‌ها تحمیل شـــده، هرگونه ادعـــای گذار به دموکراســـی جز یک مـــزاح خوشـــباورانه نخواهد بود.

به لحـــاظ تحلیل طبقاتـــی، با وجود شـــکاف‌های عمیـــق ملی شـــکل‌گیری طبقـــات اجتماعی مســـتقل اصولا نقض غرض اســـت. در حکومت‌هـــای توتالیتر و جوامع فاقد تحرک اجتماعی وســـیع، حل شـــکاف‌های ملـــی لازمه‌ی شـــکل‌گیری هرگونه طبقه‌ی اجتماعی مســـتقل اســـت. با وجود سیاســـت آسیمیلاسیون و بخصوص در شـــرایطی کـــه فرآیند آن بـــه نتیجه نرسیده اســـت و افقی برای موفقیت آن نیز متصور نیست، اصولا شـــکل‌گیری طبقات مســـتقل غیرممکن می‌نمایاند. کما اینکه، در همیـــن خصوص و تحت شـــرایطی که پیشـــتر ترسیم شـــد، اســـتبداد شرقی و اســـتبداد مبتنـــی بر نفت از یک ســـو، و توجیهات ایدئولوژیک از ســـوی دیگر ابزار و مشـــروعیت لازم برای انحصار شریان‌های حیاتی اقتصاد جامعه در دســـت یک دولت مقتـــدر را فراهـــم می‌کنند. ایـــن دولت مقتدر در هیئت کارگذار پـــروژه‌ی دولت-ملـــت ایرانی ظاهر، و حمایت روشـــنفکران اتنیک مســـلط فارس و همراهی توده‌های ایران‌گـــرا (کـــه در مـــواردی همگنانی از ملت‌هـــای دیگر هم با آن همنوا هســـتند) را با خـــود دارد. در نتیجـــه، در جامعه‌ای که به لحاظ ســـاختاری موانعی اساســـی

بر سر راه شکل‌گیری طبقات مستقل اجتماعی وجود دارند، سخن راندن از دموکراسی در بهترین حالت در حد یک ایده‌آل اخلاقی باقی می ماند.

نقش قدرتهای خارجی در استمرار و یا بر سرکار آمدن یک دولت استبدادی، آخرین مانع ساختاری شکل‌گیری دولت-ملت کارآمد و متعاقبا دموکراسی در جغرافیای ساختگی ایران است. در این خصوص تاریخ صد سال گذشته‌ی ایران گواه این مدعا است که حمایت خارجی چه در سر کار آمدن حکومت‌های جدید و چه در استمرار آن نقش تعیین کننده دارند. اگر این عامل را به دو عامل پیشتر اضافه کنیم، معادله‌ی سیاسی ایران به لحاظ موردی پیچیده‌تر نیز می‌شود. اما در سطح کلان می‌توان به یک جمع‌بندی کلی دست یافت که تحلیلی ساده‌تری را در دسترس قرار می‌دهد. این تحلیل به لحاظ تئوریک محصول دیالکتیک سه آنتی‌تز اشاره شده است. بدین معنا که، دولت-ملت ناکارآمد ایرانی که هیچگونه خاستگاه طبقاتی مستقلی ندارد، از عامل خارجی و موازنه‌ی قدرت در سطح جهانی به نفع استمرار و بقای خود استفاده می‌کند. بدیهی است که در چنین شرایطی دموکراسی در حد خیال و آرزو نیز متجلی نیست.

چشم‌انداز آینده‌ی دموکراسی و سرنوشت ملت‌ها

با توجه به آنچه در بالا اشاره شد، دولت-ملت ایرانی یک پروژه‌ی شکست خورده است که نه تنها قابل دموکراتیزه شدن نیست، بلکه اصولا به لحاظ ضعف‌های ذاتی آن قادر نیست کارکردهای معمولی یک رژیم سیاسی غیر دموکراتیک و حتی استبدادی را به درستی ایفا کند. موجودیت سیاسی دولت-ملت ایرانی از این جهت به بن بست رسیده است، که علاوه بر شکاف‌های ملی و سایر شکاف‌های اجتماعی، در نتیجه‌ی دسترسی و آشنایی مردمان جغرافیای آن به سبک زندگی و امکانات ارتباطی جهانی اصولا قابل بازگشت به قبل نیست. لذا به جهت شکاف‌ها و ضعف‌های اساسی نامبرده، هیچ رژیمی در آینده قادر نخواهد بود برای مدت زیادی کاکردهای ساده‌ی یک دولت کارآمد را ایفا کند. حتی در صورت روی کار آمدن یک حکومت متمرکز استبدادی در آینده، در کمترین دوره‌ی زمانی با مسائل و بحران‌هایی پیچیده‌تر از بحران‌های کنونی جمهوری اسلامی مواجه خواهد شد و سقوط خواهد کرد.

در ایران امروز، اگرچه بخصوص در سطح جامعه‌ی فارسی و مرکز گرا نیروی اجتماعی سیاسی و منسجم آنچنانی حضور ندارد، اما در سطح گفتمان سیاسی طیف‌های گوناگون هواخواه دولت متمرکز و اقتدارگرا، به روایت‌های به ظاهر متفاوت متوسل می‌شوند تا از سر استیصال یا مانع سقوط جمهوری اسلامی شوند، یا روند گذار به رژیم بعدی را در کنترل دولت-ملت ایرانی نگه دارند. در چنین شرایطی ملت‌های محصور در ایران، علیرغم اینکه شرایط سیاسی در فردای پس از جمهوری اسلامی چگونه

خواهـــد بود، چـــاره‌ای ندارند جـــز اینکه ماهیت مســـئله‌ی خـــود را درک کنند. و این همان واقعیت اســـت کـــه دولت-ملت ایرانی پروژه‌ای شکســـت خورده و بر اصل انکار و امحای آنها بنا شـــده اســـت. هیچ نشـــانه‌ای نیـــز دال بر بازبینی در مشـــی بازمانده‌هـــای آنهـــا دیده نمی‌شـــود. لذا بایسته و طبیعی اســـت که در فردای پس از جمهوری اسلامی شـــکاف‌های ملی سر باز کـــرده، و نیروهای اجتماعـــی خود را شـــکل دهند. مکانیسم حل شـــکاف‌های ملی در جغرافیای ســـاختگی ایران لازمه‌ی تأمین حداقل‌های شـــرایط زیســـت انسانی اســـت. سوای ممکنات سیاســـی در فردای ایـــن جغرافیا، که مســـلما تحـــت تأثیر عوامل بســـیار داخلی و خارجـــی خواهد بـــود، ملت‌هـــای محصـــور و محبوس در ایـــران ناگزیـــر از ایجاد حـــس تفاهم و همکاری با یکدیگرند تا طلســـم اســـتبداد صد ســـاله‌ی دولت-ملت ایرانی/فارســـی را بشکنند .

بەرەو گەشەپێدانی دیهات و شار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی تێکۆشانی ئابووریی مەدەنی، وەک ستراتیژییەکی نوێ

کوورش شەهابی

ماستەر لە بواری گەشەپێدان و پلاندارێژی بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەلایەتی
لە بەشی دیهات لە زانکۆی گویلف لە کەنەدا

پوختە

«جوولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بە هەموو لایەن و بەشدارانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو توانایەی هەیە بیرۆکەی گەشەپێدانی خۆڕاگر (توسعە پایدار) و هەستی نیشتمانپەروەریی خەڵکی کوردستان لێک گرێ بدات و بزووتنەوەی ئابووریی مەدەنی بکات بە ستراتیژی بۆ هەر ئێستا و لە داهاتوودا، هەروەها بزووتنەوەی بەرفراوانی ئابووریی مەدەنی ڕێک بخات لە پێناو بووژانەوەی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گۆڕانکاریی باش پێک بهێنێت لە ژیانی کۆمەلایەتیی خەڵکانی دێهات و شار؛ ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسیی نەبێت، بەڵام دەسەڵاتی کۆمەلایەتیی هەیە».

بەڕێز دکتۆر عەباسی وەلی، پرۆفیسۆری کۆمەڵناسیی سیاسی، لە دوو وتووێژدا لە ساڵەکانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢٣دا دەڵێت: «ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێویستە خۆیان نۆژەن کەنەوە» هەروەها دەشڵێت: «نۆژەنکردنەوە بە مانای گەنجکردنەوەی ڕێبەرایەتییەکان نییە، بەڵکوو پێویستە ستراتیژیی خۆیان بگۆڕن بۆ ستراتیژییەکی باشتر و هەژموون پێک بهێنن لە ڕێگەی دامەزراندنی بنیادەکانەوە...» هیوادارم هەڵبژاردنی ستراتیژیی گەشەپێدان و تێکۆشانی ئابووریی مەدەنی بە بەشداریی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان لە قۆناغی ئێستادا، ولامێک بێت لە ڕیزی ولامەکانی تر بۆ ئەم پرسیارە دژوارە. بەشێکی ئەم وتارە، کورتەی دوو وتارە کە ساڵی ٢٠١١ی زایینی نووسراوە و بەشێکی تری بە تازەیی دارژاوەتەوە.

کورتە

ئەم وتـــارە دەیهەوێت ئەوە بســـەلمێنێت کە هەلومـــەرج ئامادەیە بـــۆ جوولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کـــورد لە رۆژهەلاتی کوردســـتان، کە بیرۆکەی گەشـــەپێدان و پێگەیاندنی ئابووری لە رێگەی تێکۆشـــانی ئابووریی مەدەنی بکات بە ســـتراتیژییەکی تازە لە پێنـــاو بووژانەوەی دێهات و شـــار لە کوردســـتانی رۆژهـــەلات، پێش ئەوەی دەسەلاتی سیاســـی دەست بخات.

جوولانـــەوەی کـــورد لە کوردســـتانی رۆژهەلات پێویستە گەشـــەپێدانی ئابووری بکات بە ســـتراتیژی و بزووتنەوەی ئابووریی مەدەنیی بەرفراوان رێک بخات بۆ ئێســـتا و بۆ داهاتوو؛ ئەگەرچی دەســـەلاتی سیاسیی نەبێت، بـــەلام دەســـەلاتی کۆمەلایەتیی هەیە و کۆمەلانی خەلکی کوردســـتانی لە پشتە. پێویستە هەســـتی نیشتمانپەروەریی خەلکی کوردســـتان و بیرۆکەی گەشەسەندنی خۆراگـــر (توســـعە پایـــدار) لێـــک گرێ بدرێـــت و ببێتـــە رێکارێکـــی نـــوێ لە پێنـــاو پێگەیاندنـــی ئابووری لـــە ناوخۆی ولاتدا. گۆرانکاریی ئابـــووری لە کۆمەلگەدا بێگومـــان دەســـتکەوتی گەورەی سیاســـی و کۆمەلایەتـــی دەخولقێنێـــت. هەمـــوو بەشـــدارانی جوولانـــەوەی ئازادیخوازانەی کوردســـتان بە گشـــتی، بە تاک و بە کۆ، ئەندامـــان و کادیرانی رێکخراوە سیاســـی و مەدەنییەکان، رۆشـــنبیران و تێکۆشـــەرانی ســـەربەخۆ و ئایینی و هونەرمەنـــدان و... لـــە توانایانـــدا هەیە بانگەشـــە بـــۆ ئەم ســـتراتیژییە بکەن و خەلـــک رێک بخەن، ئومێدیان وەبـــەر نێن و هانیـــان بدەن بۆ بەشـــداری لە بزووتنـــەوەی ئابووریدا و ئەم بزووتنەوەیە مســـۆگەر بکەن. تێکۆشەرانی سیاســـی، حیزبی و مەدەنی و رۆشـــنبیران بە گشـــتی پێویســـتە بیرکردنەوە لە کار و بژێوی (مەعیشـــەت) خەلک وەک ستراتیژی ببینن و تێبکۆشـــن بە داهێنان و تێکۆشانی گونجاوی ئابووریی مەدەنـــی، گۆرانکاری لە ژیانـــی کۆمەلایەتیـــی خەلکدا پێک بهێنن بۆ ئێســـتا و داهاتوویەکـــی دوور و نزیک. لەم وتـــارەدا چەند نموونەیەک لە تێکۆشـــانی ئابووریـــی مەدەنی پێشـــکەش کراوە.

ئـــەم وتارە بە پێشـــەکی دەســـت پێ دەکات؛ لـــە بەشـــی دووەمـــدا، بیرۆکەی گەشـــەکردنی ئابـــووری و کۆمەلایەتی و مەبەســـت لە گەشەســـەندن چییە، شی دەکرێتەوە و ســـێ بۆچوون و ڕوانگە لەسەر گەشەپێدان پێشـــکەش دەکرێت. لە بەشی ســـێیەمدا، چەنـــد نموونە و شـــێواز لە تێکۆشـــانی ئابووریی مەدەنی لەسەر بناغەی گەشەســـەندنی خۆراگر دێتـــە بەرباس کە بریتین لـــە: بنبڕکردنـــی نەخوێندەواریی کوردی؛ رێکخســـتنی بزووتنەوەی ئابووریی مەدەنی بە چاندنی نەمامێک بۆ شـــەهیدان؛ پێکهێنانـــی کار و بژێوی و گەشـــەپێدانی گونـــد و لادێ؛ قازانجەکانی سیســـتەمی ئابووریی هەرەوەزی (تعاونـــی) و ئەزموونی ســـەرکەوتووانەی بزووتنـــەوەی نەتەوەیی «باســـک» لە ولاتی ئیســـپانیا؛ دامەزراندنی سیســـتەمی بانکیی هاوبـــەش و خۆماڵی و بچووک و ئەزموونی ولاتـــی «بەنگلادیش»؛ ئاماژەیان پـــێ دەکرێت. بۆ هـــەرکام لەم بابەتانە نموونەی ســـەرکەوتووانەی جیهانی و ڕوانگەی یونســـکۆ و بەشـــی ئاوەدانکردنەوە لە رێکخـــراوی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان دێتـــە بەرباس. هەروەها، چەند وشـــەیەک پێشکەشی فیمێنیستەکانی کورد و کادیر و تێکۆشـــەرانی رێکخراوە سیاسییەکان کراوە.

ئەم بابەتە سێ بەشە:

١) پێشەکی.

٢) لـــە بەشـــی دووەمـــدا، بیرۆکـــەی گەشـــەکردنی ئابـــووری و کۆمەلایەتـــی، ئاوەدانکردنەوە، پێگەیاندن، یان پەرەســـەندن (Development) زۆر بـــە کورتـــی شـــی کراوەتەوە و ســـێ بۆچوون و ڕوانگە لەسەر

گەشەپێدان پێشکەش دەکرێت.

٣) لە بەشی سێیەمدا، چەند نموونە و شێواز لە تێکۆشانی ئابووریی مەدەنی پێشکەش دەکرێت.

١) پێشەکی

ئەم وتارە دەیەهەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەو توانایەی هەیە تێکۆشانی ئابووریی مەدەنی دەست پێ بکات و گەشەسەندنی خۆڕاگر (توسعە پایدار) و تێکۆشانی نەتەوەیی تێکهەلکێش بکات و بیکات بە ستراتیژییەکی نوێ بۆ هەر ئێستا و بۆ داهاتوو، پێش ئەوەی دەسەلاتی سیاسی دەست بخات.

ئەو توانایە لە دوو سەرچاوە هەلدەقوڵێت؛ یەکەم: بریتییە لە پێکهاتنی گۆڕانکاری سیاسی و ستراتیژی لە بیروبۆچوون و ڕوانگەی تێکۆشەران و ڕۆشنبیرانی سیاسی و مەدەنی بەرامبەر بە بژێو (مەعیشەت)ی هاووڵاتییان و گەشەپێدانی ئابووری لە ناوچە کوردییەکان لە کاتی ئێستادا، بەر لەوەی هەر چەشنە ئۆتۆنۆمییەک دەست بخەن. واتە کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنبیرانی سیاسی و مەدەنی، بیرکردنەوە لە بژێوی خەڵک وەک ستراتیژی ببینن و ساخ ببنەوە لەسەر ئەم ڕوانگەیە و پاشان بانگەشە بکەن و خەڵک ڕێک بخەن بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەی بەرفراوانی ئابووریی مەدەنی. واتە ئەو بەرنامە و گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە مەبەستیانە لە داهاتوودا دایبەزێنن -لە کاتێکدا دەسەلاتیان هاتە دەست- هەر لە ئێستاوە دەستی پێ بکەن.

دووەم: هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر بەهێزە و پێویستە ئەو زەرفیەت، توانا و کارامەییە بەکار بێت لە پێناو گۆڕانکاریی ئابووری، گەشەسەندن و کێشەکانی بژێو لە کوردستاندا. زۆربەی خەڵکی کوردستان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و ڕۆشنبیرانی کوردپەروەریان خۆش دەوێت و ڕێزیان لێ دەگرن؛ بۆیە پێویستە لەم متمانەیە کەڵک وەربگیرێت و توانای خەڵک وەگەڕ بخرێت لە پێناو گۆڕانکاریی بنەڕەتییانەی ئابووری و گەشەسەندن لە ناوخۆی وڵاتدا لە قۆناغی ئێستادا.

٢) بەشی دووەم

مەبەست لە گەشەپێدان و پێگەیاندنی کۆمەڵگە چییە و زانستی ئاوەدانکردنەوە باس لە چی دەکات؟

لەو بەشەدا، سێ ڕوانگە لەسەر گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکرێت.

لە زمانی کوردیدا: گەشەسەندن، ئاوەدانکردنەوە، پێگەیاندن و پەرەسەندن، دەتوانرێت بە یەک مانا بەکار بهێنرێن. لە زمانی ئینگلیزیدا لە بواری گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا زۆرتر یەک وشە بەکار دێت: Development, Socioeconomic Development).

گەشەپێدان، ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، زانستێکی فرەلایەنی ئەکادیمییە و لە گشت زانستەکان وەک: بەرنامە و پلاندارێژی، ئابووری، فەلسەفە، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، جوگرافیا،

سیاسەت و ئەندازیاری، پەروەردە، زمانەوانی و زانستی خۆرسکی خۆمالّی... بەهرە وەردەگرێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا پێک بهێنێت. گەشەسەندن هەروەها بابەتێکە ڕووی لە ئێستا و داهاتوویە و لە ئاسۆیەکی دوور و مەزن دەڕوانێت، کە بتوانێت پەیوەندیی نێوان مرۆڤ، تێکۆشانی ئابووری و سروشت لە قەوارەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا شی بکاتەوە.

ڕەوتی گەشەسەندن هەروەها پێویستی بە ئەزموونی زۆر هەیە، کە بە درێژایی دەیان و سەدان ساڵ لە کۆمەڵگە و جڤاتدا لەسەریەک کەڵەکە و بنچینە بکرێت و ببێتە سەرمایەی زانستی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات. هەروەها ئەم بواره لە زانست، لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی خۆمالّی وەک: فەرهەنگ، ئایین، نەریت، میژوو و سیاسەت کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی ڕێگەچارە بدۆزێتەوە بۆ کێشەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سروشت، لە پێناو ئەوەدا کە ژیان لە کۆمەڵگەدا بەرەو پێش و باشبوون و خۆشگوزەرانی ببات. گەشەسەندن وەک زانستەکانی تر تیۆرییەکانی خۆی هەیە؛ تیۆرییەکان باس لەوە دەکەن بۆچی وڵاتێک یان ناوچەیەک گەشەی کردووە و بۆچی وڵاتێکی تر گەشەی نەکردووە، هۆکارەکان چین و چ ڕوانگە و چەمک و شێوازێک گونجاوترە ببێتە پلاتفۆرم بۆ گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەیەک یان لە وڵاتێکدا. هەروەها ریشەکانی گەشەسەندن و گەشەنەکردن وردبینانە و بە خەستوخوڵی لێک دەداتەوە.

بەشێکی تری زانستی گەشەکردنی کۆمەڵگە، پێکهاتووە لە شێواز و میتۆدەکانی پلاندارێژی، بەرنامەسازی و چۆنیەتیی دامەزراندنی بەرنامە و پرۆژەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بچووک و گەورە لە گوندێک، ناوچەیەک یان لە وڵاتێکدا. لە ڕاستیدا مانا کردنەوەی ئاوەدانکردنەوە، گەشەپێدان و پێگەیاندن کێشەی زۆری لەسەرە و مانا کردنەوەی ئاسان نییە. بیرمەندانی ئەم بوارە هەرکام سەر بە قوتابخانەیەکی زانستین و بە شێوازی جیاواز گەشەکردن مانا دەکەن و لێکی دەدەنەوە، لە تیۆریی جیاواز کەڵک وەردەگرن بۆ لێکدانەوە و تاوتوێکردنی بیرۆکە، کۆنسێپت و مەفهوومی گەشەکردن. لەم بەشەدا، زۆر بە کورتی، سێ ڕوانگە سەبارەت بە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەکانی سەریان پێشکەش دەکرێت، تا خوێنەر خۆی بڕیار بدات ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی چۆن مانا کاتەوە.

بۆچوونی یەکەم: ئەوانەی جەخت دەکەنە سەر دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان وەک پێناسە و پێوانە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەیەک، خۆیان لق و پۆیان لێ دەبێتەوە. بەلای هەندێکەوە، دابەزینی هەژاری، بێکاری و نایەکسانی، پێوەری سەرەکییە بۆ بەراوردکردنی ڕادەی گەشەسەندنی کۆمەڵگە (Seers, Dudley 1973) [1]. بەشێکی تر دەڵێن پێکهاتنی گۆڕانکاریی بنەڕەتییانە لە سیستەمی ئابووری، کۆمەڵایەتی و قەوارەی سیاسی لە کۆمەڵگەدا نیشانەی گەشەسەندنە؛ واتە پرۆسەی دیموکراتیک لە بڕیاردان، یارمەتیدەری سەرەکییە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگە بە ئاواتەکانی گەشەسەندن (Baran, Paul A 1973) [2]. بەشێک لە ڕووناکبیرانی تر پێیان وایە گەلاڵەکردنی بیرۆکەی گەشەسەندن لە کۆمەڵگەدا، بە خوێندەواری،

پەروەردە، ڕێکخستن، نەزم و ئینزیبات دەست پێ دەکات (Schumacher 1973)[٣].

ئەم ڕوانگەیە، بەکۆمەڵایەتیکردنی ئابووری ڕەچاو دەکات و دەستکەوتی کۆمەڵایەتی بەلاوە گرنگە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا. ئەم گرووپە لە کاتی پلاندارێژی و بەرنامەدارشتن بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکەیاندا، دابەشکردنەوەی سەروەت و سامان بە یەکسانی، بە ئامانجی سەرەکیی ئاوەدانکردنەوە دەزانن. لەم بۆچوونەدا، کۆمەڵگە دەوری سەرەکی دەگێڕێت و تاکەکەسی لە ئاوات و ئارەزووی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەدا قاڵ دەبێت و ئامانجەکانی کۆمەڵگە بە سەر جموجۆڵی ئابووریی کەرتی تایبەتدا فەرز دەکرێت. فەلسەفەی ئەم بۆچوونە؛ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، بەرزبوونەوەی ڕادەی دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ یەکتر و دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی ئیمکانیات و داهات لە وڵاتەکەدا، بە پێوەری سەرەکی دەزانێت بۆ گەشەکردن. لەم بۆچوونەدا ستراتیژی و بڕیارە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی پرۆژەکانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە لە سەرەوەڕا ڕێک دەخرێن و بەرەو پێش دەچن؛ بڕیارەکان سەنتراڵ و تۆکمەن و بەشێکی بچووکی ناوەندی بڕیارەکان دەردەکەن. لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسییەوە، ئەم پۆلە لەسەر ئەو باوەڕەن کە لە ڕەوتی بەرهەمهێنانی ئابووریدا، هێزی کار، بایەخ و بەهای هەموو کالایەک دیاری دەکات نەک هەڵکشان و داکشانی بازاڕ و خستنەڕوو (عەرزە) و خواست (تەقازا)؛ ڕیشەکەشی لە بیرۆکەی چەپدایە. ئەوانە وڵات وەک گۆڕەپانێک دەبینن لە پێناو بەرهەمهێنانی گشتی بۆ هەموو کۆڕ و کۆمەڵێک لە کۆمەڵگەی خۆیاندا. ئەم بۆچوونە جەخت دەکاتە سەر پلاندارێژی بۆ ئابووری و پشتبەستن بە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی (Boothroyd Peter, H. Craig Davis 1993)[٤].

بەڵام، بەشێک لە بیرمەندانی بواری گەشەکردن، ئەم ڕوانگەیە پەسند ناکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن و دەڵێن: لەو سیستەمەدا بەکۆمەڵ بەرهەمهێنان و دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و جۆاتی دەستکرد لە پێناو بەرزبوونەوەی ئابووریی بەرنامەڕێژکراودا، بنکەکانی کەرتی تایبەت لە بڕیاردان و کێبەرکێ و بەڕێوەبردنی ئابووری بێبەش دەکات. واتە کەرتی تایبەت بچووک و لاواز دەمێنێتەوە و لە کێبەرکێی ئابووری دوور دەخرێتەوە و دەوری سەرەکی ناگێڕێت، تواناکانی داهێنانی ئابووری لە ڕەوتی گەشەسەندندا لەبەرچاو ناگیرێن و ئازادیی بڕیاردانی ئابووری بەرتەسک دەکرێتەوە. هەروەها دەشڵێن ڕەنگە ئەم شێوازە گەشەسەندنە جۆرێک دادپەروەری بخوڵقێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا فەقیری و بێدەرامەتیی گشتی پێک دەهێنێت، چونکە سەرمایە گەشە ناکات و بە بەردەوامی زیاد ناکات و بەرهەم نایەتەوە و گەشەکردنی سەرمایە پەرە ناستێنێت. ئەم سیستەمە دەوڵەت و حوکمڕانیی گەورە پێک دەهێنێت و گەندەڵیی ئابووری پەرە دەستێنێت. هەروەها بەپێی لەوە دەکەن کە کۆنترۆڵی ئابووری بە دەست گرووپێکی بچووک، دیکتاتۆریی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە (ibid)[٥].

بۆچوونی دووەم: ڕوانگەی گەشەکردنی ئابووری بریتییە لەو چەمکەی کە بەرزبوونەوەی پێوەرەکانی ئابووری بە گەشەپێدان لەقەڵەم دەدات. ئەم بۆچوونە، هەڵکشانی پێوەرەکانی پەرەسەندنی سەرمایە و قازانج بەلایەوە مەبەستە و وەک پێوانەی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەسەندن لە کۆمەڵگەدا بەکاری دەهێنێت. ئەم ڕوانگەیە

ڕیشەی لە بیرۆکەی ئادەم سمیت و لیبرالیزمەوە سەرچاوە دەگرێت. ئادەم سمیت دەڵێت سامان و سەرمایەی خۆمالّی لە پرۆسەی کێبەرکێدا کۆمەڵگە گەشە پێ دەدات. واتە مرۆڤەکان بۆ بەدەستهێنانی قازانجی شەخسی و تاکەکەسیی خۆیان تێکۆشانی ئابووری دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا تێکۆشان لە پێناو پەرەسەندنی ئابووریی شەخسی، قازانجی گشتی دەخوڵقێنێت و کۆمەڵگە بەرەو پێش دەبات. هەروەها بیرۆکەی لیبرالیزمی سیاسی، گۆڕەپانێکی بێسنوور بۆ جموجۆڵی سەرمایە و کەرتی تایبەت لە گۆڕەپانی ئابووریدا دەڕەخسێنێت. ئەمە بەو مانایەیە کە پرۆسەی گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوە پێویستە بەتەواوی ڕادەستی تاکەکەس و کەرتی تایبەت بکرێت و خاوەندارێتی بە پیرۆز دەزانێت. ئەمە ڕوانگەیەکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری و لەسەر زۆر قازانجکردن بناغە نراوە (Douglas, David J. A. 1994)[٦].

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو بڕوایەن؛ ئەگەر کەشوهەوایەکی ڕێکوپێکی ئابووری و کاسبی لە ئارادابێت، وڵاتەکە خاوەن سەرچاوەی سروشتی بێت، کاری هەرزان لەبەر دەستدا بێت، دەسەڵات دەست لە کاروباری ئابووری وەرنەدات و ئابووری بەتەواوی ڕادەستی کەرتی تایبەت بکرێت؛ قازانج بە بەردەوامی کەڵەکە دەکرێت و ڕادەی سامان و پێوەرەکانی ئابووری بەرز دەبێتەوە و کۆمەڵگە بەرەو گەشەکردن دەچێت (Boothroyd, Peter, and H. Craig Davis 1993)[٧].

لەو مۆدێلەدا نوخبە و تەکنۆکراتەکان بڕیار دەدەن و ئابووری سەروبەر دەکەن و دەیگێڕن. هەروەها ئەم تیۆرییە جەخت دەکاتە سەر کێبەرکێی ئابووری لە نێوان مرۆڤەکاندا وەک هاندەری سەرەکی و پێشخەر بۆ گەشەسەندنی ئابووری. لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسییەوە، ئەم چەمکە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە داواکاری و خواستی بازار، بەها و ئەرزشی کاڵای بەرهەمهاتوو دیاری دەکات نەک هێزی کار. ئەم بۆچوونە لە ناوەڕۆکدا بازاڕی ئازاد، یان هەمان سەرمایەداریی کلاسیکە و لە کردەوە و شێوازی پلاندارشتندا، پرۆسەی مۆدێرنایزەیشن (مۆدێرنکردنی ڕواڵەت) ڕەچاو دەکات و پڕۆژەی یەکجار مەزن دادەبەزێنێت، لە ئەنجامیشدا نیۆلیبرالیزمی لێ دەکەوێتەوە، بەپێی ئەزموونی بەشێک لە وڵاتانی گەشەسەندوی جیهان (Ross, David P., and J. Peter Usher 1986)[٨].

نەیارانی بیرۆکەی سەرمایەداریی کلاسیک و مۆدێرنکردنی بە ڕواڵەت دەڵێن: بەدواچوون بەم تیۆرییەدا بە بەردەوامی نایەکسانیی چینایەتی قوواڵتر دەکات و فەقیری و بێدەرەتانی لە کۆمەڵگەدا پەرە پێ دەدات. ئەم ڕوانگە ئابووریە قازانجەکانی کاتی دەفڕۆشێت بە داهاتوویەکی نادیار و ڕەنگە پڕ بێت لە نەهامەتیی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بۆ وڵاتەکە. گەلێک وڵاتی جیهان بەم ڕەوتەدا ڕۆیشتوون و نەیانتوانیوە کێشەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سروشت چارەسەر بکەن. ئەم بۆچوونە لە کورتخایەندا سەرچاوەی گەشەسەندن و داهاتە، بەڵام درێژخایەن نییە، وەک گروتین وایە. هەروەها دەڵێن ئەم تیۆرییە ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە هەموو بەشدارانی کێبەرکێی ئابووری لە هەمان بارودۆخدا نین؛ بەشێک خاوەن سەرمایەی گەورەن و توانای ئابووریان بەهێزە و بەشێک خاوەنی سەرمایە نین، کەواتە ناتوانن لەم کێبەرکێیە نابەرانبەرەدا سەرکەوتوو بن. ئەو

مۆدێلە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گشت کۆمەڵگەیەک دەبێت و پێویستە بە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا تێپەڕێت و پاشان بەرەو گەشەکردن بفرێت و مۆدێرن بکرێت (Rostow, W. W. 1960)[٩].

لە کاتێکدا، تەنانەت ناوچەکانی ناو یەک وڵاتیشدا مێژووی گەشەسەندنیان جیاوازە و گێچەڵ و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان وەک یەک نییە، هەر بۆیەش گونجاو نییە یەک مۆدێلی گەشەکردن لە گشت وڵاتێکدا سەرکەوتوو بێت. واتە فۆرمۆڵێکی دیاریکراو لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بە یەک شێوە و بە یەک جۆر؛ چونکە مێژووی گەشەسەندن و ستراکتۆر و قەوارەی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا تایبەتمەندە و ڕێگەچارە دۆزینەوە بۆ کێشەکانیش فەرق دەکات.

نەیارانی بەسەرمایەداریکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە، هەروەها لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ڕەخنە لەم مۆدێلە دەگرن و دەڵێن: کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگەی ئینسانیدا وەک پێکهاتەکانی فیزیک و بیرکاری نییە کە پێشتر فاکتەرەکان مانا کرابنەوە و وڵامی دیاریکراوی بیرکاری هەبێت بۆ هاوکێشەکان لە گشت ناوچەکانی جیهاندا. کەواتە نابێت بە چاوی بیرکاری و ئەندازیاری گۆڕانکاری و کێشەی کۆمەڵایەتی هەڵبسەنگێنین، دەنا تووشی خەتای مەعریفەیی دەبین لە ڕەوتی گەشەکردندا (Douglas, David J. A. 1994)[١٠].

پێویستە بگوترێت کە هەر چوار بەشی کوردستان، قەوارە و چوارچێوەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییان فەرق دەکات و لەسەر قەوارە و ستراکتۆری جیاواز هەڵقوڵاون، هەرکام لە قۆناغێکی تایبەت و تایبەتمەندی سیستەمی بازاڕی ئازاددا خەریکە پەرە دەستێنن. هەر بۆیەش ڕەنگە هەڵبژاردنی شێوازێکی گەشەسەندن لە بەشێکدا ئاکامی باش بخوڵقێنێت، بەڵام لە بەشێکی تردا گیروگرفت دروست بکات. گەشەنەکردوویی لە کوردستاندا گەلێک هۆکاری هەیە. لە ڕاستیدا ئەگەر قووڵ بڕوانین، بابەتی گەشەکردن و گەشەنەکردن لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویییدا لە ناخەوە لێک گرێ دراون (Frank, André Gunder 1973)[١١].

پێناسەکردنی هۆکارەکانی گەشەنەکردن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات یارمەتیمان دەدات بیر لە ڕێگەچارەی بیرمەندانە و بەکردەوە بکەینەوە، بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی گەشەکردن لە شار و دێهاتی کوردستاندا. پێویستە بە شوێن ڕێگەیەکدا بین کە وەک جلوبەرگ پڕ بە پێستی کۆمەڵگەی خۆمان بێت و ئەو زەرفیەتانە بەهێز بکەین کە لەبەر دەستدانە، ئەو کەرەستانە بەکار بهێنین کە بە بەردەوامی نۆژەن دەبنەوە و خۆڕاگرن لە پێناو ئاوەدانکردنەوەدا.

بۆچوونی سێیەم: گەشەپێدانی خۆڕاگر (Sustainable Development)

بەشی ئاوەدانکردنەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەشەپێدانی خۆڕاگر یان پێگەیاندن بە بەردەوامی، ئاوا مانا دەکاتەوە: "گەشەسەندنی خۆڕاگر، بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بەرەی ئێستا مسۆگەر دەکات، بێ خستنە مەترسیی تواناکانی بەرەی داهاتوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان...". گەشەسەندنی خۆڕاگر حاسڵی ئەزموونی

بەشـــێکی زۆر لە بیرمەندانی ئـــەم بواره و رێکخراوەکانـــی ئاوەدانکردنەوەیە لە جیهاندا، هەروەها بەشی گەشەســـەندنی رێکخراوی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان تێدەکۆشـــێت عەقڵانییـــەت و فەلســـەفەی ئاوەدانکردنی پایـــەدار بکاتـــە ســـەرتۆپی بیروبۆچوون و شـــێواز و میتۆدۆلۆژی لە بواری گەشەکردنی ئابـــووری و کۆمەڵایەتیدا.

هەندێـــک زانای ئـــەم بـــواره دەڵێن: گەشەســـەندنی خۆڕاگـــر نـــە بوارێکـــی ئەکادیمییـــە و نە پڕوپاگەنـــدەی بازاڕیانە، بەڵکـــوو چوارچێوەیەکـــە بۆ بڕیـــاردان لە پێناو پاراســـتنی سروشـــت، دامەزراندنی دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتـــی و پێگەیاندنی ئابـــووری؛ هەروەها دەڵێن گەشەســـەندنی خۆڕاگـــر، ڕەنگدانـــەوەی ئەزموونـــە بێکۆتاییەکانی هەمـــوو خەڵکانی جیهانە لە پێناو ئاوەدانکردنەوەدا (Dernbach, John C., and Federico Cheever 2016) [١٢].

کۆڵەکەی فەلســـەفەی گەشـــەکردنی پایەدار لەســـەر چەندین بناغەی سەرەکی دامەزراوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، هەڵکشـــانی ئابووری بۆ گشـــت کۆمەڵگەیەک پێویستە، بەڵام پاراســـتنی سروشـــت، ئیکۆسیستەم و سەرچاوە سروشـــتییەکان مەرجی سەرەکییە بـــۆ گەشـــەکردن. واتە پێویســـتە لەگەڵ ژینگـــە بژین، نـــەک ژینگە بـــە چۆکدا بێنیـــن و تاڵانـــی بکەیـــن لـــە پێناو ســـەرکەوتنی ئابـــووری بە چەشـــنێک هیچ بـــۆ داهاتـــووان نەهێڵینـــەوە. ئەم بۆچوونە داوای دابەشکردنی "بەئینساف"ی سەروەت و سامان و دەستکەوتە ئابوورییەکان دەکات، لـــە پێنـــاو ژیانێکی باشـــتر بۆ هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە. واتە پێویســـتە گەشەســـەندن لە خزمەت کەمکردنەوەی نابەرابـــەری و ریشەکێشـــکردنی هەژاری لە کۆمەڵگـــەدا بێت و دەرفەتـــی ئابووری بـــۆ گشـــت لایەنێک و چیـــن و توێژێک بڕەخســـێت. گەشـــەپێدانی خۆڕاگـــر، یەکگرتوویـــی کۆمەڵایەتی بـــەلاوە گرنگە و قازانـــج و ســـوودی بەکۆمـــەڵ دەخاتە سەرووی سوودی تاکەکەســـییەوە. هەروەها ناوچەییبوون و بەڕێوەبردنی بەشـــدارانەی خەڵک بۆ ڕێکخســـتنی توانـــا و زەرفیەتی ئابـــووری، دامەزراندنـــی پرۆســـەی دیموکراتیک بۆ بڕیاردان و خۆبەســـتنەوە بـــە پلاندارێژیـــی ماوەدرێـــژی ئابووری، بەشـــێک لە پرەنســـیپەکانی گەشەکردنی خۆڕاگـــرن (Haughton, Graham 1999) [١٣].

شـــێواز و میتـــۆدی بەڕێوەبردنـــی گەشەســـەندنی خۆڕاگر، لەسەر سیستەمی بەشـــداریپێکردنی هەمەلایەنەی خەڵک لە کاتـــی پلاندارێژی بۆ پـــرۆژەکان دامەزراوە. کەڵـــک وەرگرتن لـــە زانســـتی ئابووری، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و زانستی ڕەسەنی خۆمالّـــی، دەبێتە بناغە بۆ مســـۆگەربوونی ئاوەدانکردنەوە لە کورتخایـــەن و درێژخایەندا بۆ بـــەرەی ئێســـتا و نەوەکانـــی داهاتووی وڵات. سیستەمی بەشـــداریپێکردن، هەموو ئـــەو خەڵکانە دەگرێتەوە کـــە بەهرەمەند دەبن و بەشدارن لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەدا. واتـــە بە لێکۆڵینـــەوە و پـــرس و ڕاوێژی هەمـــوو لایەنێک، بیـــر لـــە دامەزراندنی ســـتراتیژی و پرۆژەکان دەکرێت و پاشـــان گەڵاڵـــە دەکرێن. ئەو خەڵکانەی ســـوود لە گەشـــەکردن وەردەگرن، خۆیان بە کۆدەنگی لەســـەر چۆنیەتیی ڕەوتـــی ئاوەدانکردنەوە بڕیـــار دەدەن. میتۆدی بەشـــداریپێکردن، ڕەوشـــتێکی گەشـــەکردنە لە پێناو خەڵکدا و بـــە پـــرس و ڕا و هاوەدەنگیی خەڵک ســـاز دەدرێـــت و بینا دەکرێـــت (Desai, Van-dana 2002) [١٤]. لایەنگرانـــی ئەم ڕوانگەیە دەڵێن: گەشـــەپێدانی پایەدار پێویستە وەک گۆڕانکارییەکـــی پێشـــڕەوانەی بەپێزوپیت، چالاکانە و بەردەوام لە کۆمەڵگەدا هەمیشـــە

لە ئارادا بێت، بە چەشنێک کە ویست و پێداویستییە مادی و دەروونییەکانی مرۆڤ بە دریژایی کات، لە بێشکەوە تا پیری دامرکێنێت و ژیانێکی بەردەوام باشتر و بەختەوەرانە لە کۆمەڵگەدا دابین بکات (Boothroyd, Peter, and H. Craig Da-vis 1993).[۱۵]

لە لایەکی تروە، هەندێک لە بیرمەندان رەخنەی جدییان لەسەر گەشەسەندنی خۆڕاگر هەیە و دەڵێن: گەشەسەندنی پایەدار لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا هەڵقوڵاوە و لەم سیستەمەدا دابەشکردنی دادپەروەرانە بەدەست نایەت؛ ئەدەبیاتی سەر بە گەشەکردنی خۆڕاگر ئاماژە بەو میکانیزمانە ناکات کە چۆن سەرمایە و سەروەت و سامان لە سیستەمی بازاڕی ئازاددا پێک دێت و ئەو بابەتە دەشارنەوە.

هەروەها دەڵێن: گەشەپێدانی خۆڕاگر چوارچێوەکەی ڕوون نییە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، هەر بنکەیەکی ئاوەدانکردنەوە و هەر وڵات و لایەنێک بە ئارەزوو و بۆچوونی خۆیان لێکی دەدەنەوە. زۆر پڕۆگرام و پڕۆژە هەن لە جیهاندا کە لە ژێر ناوی گەشەسەندنی پایەداردا بەڕێوە دەچن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە هەمان ڕەوتی سەرمایەداریدا دەڕۆن. واتە بیرۆکەی گەشەسەندنی پایەدار لە قسەدا ڕێکوپێک و جوانە، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردندا لە فەلسەفەی خۆی لادەدات، چونکە هیچ سنووڕێکی ڕوون بۆ بیرۆکەکە دانەنراوە. پۆلێک ڕەخنەگری تر دەڵێن کار لە کار ترازاوە و زۆر درەنگە، بیرۆکەی گەشەسەندنی خۆڕاگر ئیتر لە توانایدا نییە ژیان لەسەر گۆی زەوی بپارێزێت؛ هەروەها ئاماژە دەکەن کە ناوی پەرەسەندنی خۆڕاگر سواوەتەوە و بێ لەزەت بووە. هەندێک ڕەخنەگری تر تەنانەت دەڵێن گەشەسەندنی خۆڕاگر بیرۆکەیەکی نوێی ئیستیعماریيە و وڵاتە دەسەڵاتدارەکانی جیهان دەیسەپێننە سەر وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا. هەروەها ئاماژە دەکەن کە بەشی ئاوەدانکردنەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیە، لە کاتی دارشتنی پرۆژەکاندا زۆرتر بەرەو لای سیستەمی سەرمایەداری با دەداتەوە (Crist, Eileen 2016).[۱۶]

ئەگەر لە ڕاستی بگەڕێین، گەشەکردنی پایەدار بەستراوەتەوە بەوەی چۆن و بە دەستی چ گرووپێک ڕێبەرایەتی و بەڕێوە دەبرێت و تا چ ڕادەیەک ناوەڕۆکی فەلسەفەکە دەپارێزرێت. فەلسەفەی گەشەسەندنی خۆڕاگر زۆر ڕەسەن، واقیعی و ئاسۆڕوونە و دەکرێت ببێتە ڕێنوێن بۆ گەشەسەندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام بە مەرجێک بە تێبینی و بە لەبەرچاوگرتنی ڕەخنەکانی ئەم مۆدێلە بینا بکرێت و بە ڕەوشتێکی دیموکرات سەرپەرشتی بکرێت. ئەگەر ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێن، ئەم شێوە ئاوەدانکردنەوەیە پڕ بە پێستی کۆمەڵگەی خۆیەتی و گەشەسەندنێکە کە لەناو ناچێت و بە بەردەوامی پەرە دەستێنێت، ئەگەر ڕێگەی بۆ خۆش بکرێت.

گەشەسەندنی خۆڕاگر، پێش ئەوەی ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی یان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئیمەی بناسێنن، بناغەی نەریتی کوردەواری بووە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی. گەشەسەندن لە خۆیدا پرۆسە و ڕەوتێکی مێژوویی بێوچان و بەردەوامە؛ لە کۆنەوە کورد لەو ناوچەیەدا ژیاوە و دەژیت، ئەوەش لە خۆیدا نیشانی دەدات کە کۆمەڵگەی

کوردی توانیویەتی هـــەم خۆی بژێنێت و هەم ژینگە و ژیانـــی خۆی بپارێزێـــت، واتە لە کۆنەوە ئابووریەکەی خۆڕاگـــری بنیاد ناوە. بەڵام کـــوردی مۆدێرن، تەنیـــا لە ماوەی نزیکەی ســـەد ســـاڵدا خەریکە سروشت، نیشـــتمان، ژینگـــە و مالّی خـــۆی وێران دەکات. هـــەوڵ دەدەم بـــە نموونەیەکـــی خۆماڵی، فەلسەفەی گەشـــەپێدانی خۆڕاگر لـــە کۆمەڵگەی کوردەواریدا شـــی بکەمەوە:

ئێمە کە لە شـــاخ بوویـــن، بۆ ماوەیەک ناوچەکـــە گەمـــارۆ درابوو و خـــواردن زۆر کـــەم بوو، هـــەر بۆیەش لەنـــاو جەنگەڵدا بە شـــوێن خواردندا دەگەڕایـــن. هاوڕێیان جارێک، مێشـــهەنگوینێکیان لـــە کونێکدا دۆزییـــەوە لەناو دارێکی مەزندا. مشـــارمان برد و بـــە شـــەو ئـــەو دارە گەورەیەمان بڕی. پێم وایـــە تەمەنی دارەکـــە حەفتا-هەشـــتا ســـاڵ زیاتر بوو، زۆر مێشـــیش پێوەی دایـــن. بە یەک شـــەو دوو تەنەکە هەنگوینمان دەســـت کـــەوت و بۆ ماوەی هەفتەیەک بەیانیان خواردمان. مێشـــەکەش هێلانەکەی وێران بوو و قـــڕ بوو، پاییزێکی درەنگان بـــوو. ماوەیەکی بەســـەردا چوو، رۆژێـــک پیاوێکی بەڕێـــزی لادێییم بینی، خۆی و منداڵەکەی بـــەرەو مەقەڕ دەهاتن. پاش سڵاو و چاکوچۆنی، گوتی بە شـــوێن مێشـــهەنگویندا دەگەڕێت لەناو جەنگەڵدا. لەگەڵی ڕۆیشتم، تووشـــی مێشێک هاتین؛ مشـــارێکی بچووکـــی پـــێ بـــوو، زۆر بە وریایی قەڵشـــتێکی خســـتە نـــاو دارەکە، پاشـــان بە دووکەڵی جگەرە مێشـــەکانی قانـــگ دا بۆ لای ســـەرەوە، بـــێ ئەوەی یەک مێش بکوژرێـــت، نیوەی هەنگوینەکەی هەڵگرت و بەشـــەکەی تری بۆ مێشـــەکە هێشـــتەوە تا قڕ نەبێت (ئەرموش ۱۹۸۳). بـــە زیندووڕاگرتنـــی مێشـــەکە، داهاتی هەنگوینی ســـاڵێکی تری خۆی مســـۆگەر کرد. منداڵەکەشـــی فێری زانستی ڕەسەنی خۆماڵـــی کرد تا لە داهاتـــوودا وەک باوکی بێت. ژینگـــە و مالّوحاڵی خۆشـــی وێران نەکرد بۆ دەســـتکەوتێکی کـــەم و کاتی.

ئـــەم چیرۆکە باس لە فەلســـەفەیەک دەکات لە نێـــوان ژیان، مرۆڤ، سروشـــت و ئابـــووری. ئەمە بەشـــێکە لە فەلســـەفەی گەشەســـەندنی خۆڕاگر. ئەم فەلســـەفەیە ڕەســـەن و خۆماڵییە و لـــە هیچ کەس بە قـــەرز وەرنەگیراوە. ئەو فەلســـەفەیە وەک ژیلەمۆی داربـــەڕوو وایە و بـــە بەردەوامی دەگەشـــێتەوە، بۆیـــە پێویســـتە ببێتـــە مەشـــخەڵ بۆ ڕووناکایی ڕێگەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە لە کوردســـتاندا، چونکە ئێمە تا گەشـــەپێدان مانا نەکەینەوە، ناشتوانین هەنـــگاوی تۆکمەی بـــۆ هەڵگرین.

لە ڕاســـتیدا لـــە وڵاتی ئێمـــەدا قەت ئاوەدانکردنەوە نەبووە و نەیانهێشـــتووە ئێمە فەلســـەفەی ئاوەدانکردنەوەی خۆمان ڕەچاو بکەیـــن، واتە تیۆری و میتۆدی بـــۆ دابڕێژین و بـــەکاری بهێنین لە پێناو گەشـــەپێدان لە کۆمەڵگەی خۆماندا. بەخۆشییەوە لە قۆناغی ئێســـتادا، ئێمە دوو نموونەی ئاوەدانکردنەوە لـــە باشـــوور و ڕۆژئاوامـــان لەبەرچاوە کە دەتوانیـــن لێکۆڵینەوەیان لەســـەر بکەین و وانەیان لێ وەربگرین؛ هەر بۆیە پێویســـتە بیـــر بکەینـــەوە و بزانین ئێمـــە لە کوێ وەســـتاوین، بۆ کـــوێ دەمانەوێت بچین و چۆن دەمانەوێت بچیـــن (Project DPro Guide 2020) [۱۷].

گەشـــەکردن، ئاوەدانکردنەوە، پێگەیاندن و پەرەســـەندن بە هەمـــوو چەمکەکانیانەوە، باس لـــە دابینکردنـــی ژیانی باشـــتری کۆمەڵایەتـــی و ئابووری بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکـــەن و هەروەها بەڵێنـــی دابینکردنی ژیانێکـــی شـــادمان و خۆش بـــە خەڵک دەدەن، بـــەڵام "خۆشـــی" زۆر مانای لێ

دەبێتەوە. لێـــزان و بیرمەندانـــی ئەم بواره تێکۆشـــاون هەرکام لە ڕوانگـــەی خۆیانەوە لەســـەر فەلسەفەی گەشەســـەندن و ژیانی خـــۆش و شـــادمان، گوتار (دیســـکۆرس) بخوڵقێنـــن و شـــی بکەنـــەوە. بابەتـــی ئاوەدانکردنـــەوە و دابینکردنی شـــادمانی لە ژیانـــی کۆمەڵگەدا، لە خۆیـــدا تاوتوێکردنی بـــەردەوام، بەرفـــراوان و مشـــتومڕێکی فەلســـەفیی هەمەلایەنەیـــە لـــە بواری گەشـــەکردندا کە لەم وتـــارەدا ناگونجێت. بەڵام هـــەوڵ دەدەم بە هێنانـــەوەی دوو نموونەی کـــوردەواری، وڵامی فەلســـەفیی بەشـــێک لە زانایانی بواری گەشـــەکردن ســـەبارەت بە پێکهێنانـــی ژیانی خۆش و شـــادمان لە کۆمەڵگەدا پێشکەشی خوێنەر بکەم تـــا خۆی بڕیـــار بدات.

لە دێهاتـــدا، لـــە دەرگای هەر ماڵێکت دابـــا، بەخێرهاتـــن دەکـــرای. هەروەهـــا پەنجا ســـاڵ لەمەوبـــەر، لە بەشـــێک لە شارۆچکەکانی باشـــوور و ڕۆژهەڵاتدا، هۆتێل و مۆتێـــل و موســـافیرخانەی لـــێ نەبوو، بـــەڵام هیـــچ میـــوان و ڕێبوارێـــک بێ خـــواردن و جێگـــە و ڕێگـــە نەدەمانەوە و پارەشی لێ نەدەڕوێشـــت. ئێستا لە گشت شـــارۆچکەیەکدا هۆتێلی گـــەورە و گران و لوکس هەیە؛ ئایا ئەو کات خۆشـــتر بوو بۆ میوان و ڕێبوار و خانەخوێ، یان ئێســـتا؟ ئەو بۆچوونە نۆســـتالژی و گەڕانەوە بۆ دواوە نییە. زانایانی ئەم بواره ئەو پرســـیارەمان ئاراستە دەکەن کـــە یەکگرتووییـــی کۆمەڵایەتی، خەمخـــۆری و دابەشـــکردنەوەی داهات لە لایـــەک، و دواکەوتووییـــی، پێشـــکەوتن و گەشـــەکردن لـــە لایەکی تـــرەوە چییە و چۆنی مانـــا دەکەیتەوە؟

نموونەی دووەم؛ بەڕێز ماموســـتا هەژار لە یەکێک لـــە نووســـینەکانیدا باس لەوە دەکات کـــە کەســـێک بە گوڕســـتانێکی گوندێکـــدا تێدەپەڕێت، کە لەســـەر هەموو کێلەکان "ســـێ ســـاڵ" و "چوار ســـاڵ" نووسراوە. کاتێک پرســـیار دەکات، خەڵکی گوندەکە دەڵێن: ئێمە ئـــەو ژمارەی تەمەنە لەســـەر کێلەکانمان دەنووســـین کە تێیدا شـــادمان و خـــۆش بووین، جا ســـێ بێت یـــان چوار. پرســـیار ئەوەیە: ئـــەو چەمکە گەشـــەکردنەی ئێمـــە بـــۆ نەتەوەکەمانی هەڵدەبژێرین، ئاخۆ ژمارەی ســـەر کێلەکان زیـــاد دەکات یـــان کەم؟ ئەمە پرســـیار و ڕامانێکی فەلســـەفییە بۆ بیرکردنەوە لەسەر مانا و ناوەڕۆکی ئاوەدانکردنەوە، گەشـــەپێدان و ژیانی شادمان.

لە ڕاســـتیدا، ڕەنگە هیچکام لەو ســـێ ڕوانگەیەی پێشتر باســـیان کرا، بە تەنیایی گەشەســـەندن مانـــا نەکەنـــەوە؛ چونکە لە نێـــوان گەشەســـەندنی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونـــەوەی ئابووریـــدا، پەیوەندییەکی قوواڵی فەلســـەفی لە ئارادایە کـــە ئەم دوو بابەتە لێک گرێ دەدات. واتە گەشـــەکردن پێویســـتە بەڵانس و هاوســـەنگییەک پێک بهێنێت لـــە نێوان بەرزبوونـــەوەی ئابووری و گەشەســـەندنی کۆمەڵایەتیـــدا، کە ڕێگە خـــۆش بـــکات و هەلومـــەرج و دەرفەت بخوڵقێنێـــت بـــۆ ئەندامانـــی کۆمەڵگە، تا توانـــای ئەوەیان هەبێت بە شـــوێن ئاوات و هیوایەتەکانی ژیانیاندا بـــڕۆن. لە کۆتاییدا، بیرۆکـــەی گەشـــەکردن و ئاوەدانکردنەوە بە گشـــتی، بە قووڵـــی و بـــە بەرفراوانی، باســـی ژیان و بژێوی (مەعیشەت) دەکات (Douglas David J.A 1994) [۱۸].

(نووسەر بۆ قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخـــوازی گەلی کورد، فەلســـەفەی گەشەســـەندنی خۆڕاگر بە گونجاو دەزانێت، بەڵام بۆ داهاتـــوو پێویســـتە بگوترێت: تا کاتێـــک ئێمـــە پێداچوونـــەوە نەکەین بە ڕوانگەی فەلســـەفیی خۆمـــان بەرامبەر بە

پەیوەندیی نێوان خاوەندارێتی (مولکیەت) و مرۆڤ، ڕەنگە ئاواتەکانی پێگەیاندن و گەشەسەندنی کۆمەڵگە لە بازنەیەکی بەرتەسکی مێژوویی دا تێپەڕ نەکات و قەتیس بمێنێتەوە).

۳) لە بەشی سێیەمی ئەم وتارەدا، چەند تێکۆشانێکی ئابووریی مەدەنی پێشکەش دەکرێت.

تێکۆشانی مەدەنی فۆرمۆڵێکی تایبەتمەندی نییە و فۆرمۆڵەکە خۆت دایدەڕێژیت بەپێی ئەو توانا و زەرفیەتانەی لەبەر دەستدان. بە وێنەی ئاو کە چۆن دزە دەکاتە هەموو کەلێن و قوژبنێک، تێکۆشانی مەدەنی هەوڵ دەدات وەک زنە وابێت و هەموو دەرفەتێکی گونجاو بقۆزێتەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە بۆ خۆی دیاریی کردوون. لەم بەشەدا، لەسەر بناغەی گەشەسەندنی خۆڕاگر، چەندین ڕێکار و چالاکیی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک دەستپێک، بۆ ئەمڕۆ و بەیانییەکی دوور و نزیک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا پێشکەش دەکرێت. ئەو بەشە تێدەکۆشێت چوارچێوەیەک بۆ جووڵانەوەی ئابووریی مەدەنیی خۆڕسک و پلاندارێژیی "لە خوارەوە ڕێکخراو" (Grassroots Movement) پێشنیار بکات. هەروەها پەنجە ڕادەکێشێت بۆ بزووتنەوە ئابوورییەکان لە وڵاتانی تری جیهاندا کە تاقی کراونەتەوە و سەرکەوتوو بوون. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: من لە خۆمەوە ئەم ڕێکارانەم نەخوڵقاندووە و وەهم و خەیاڵاوی نین، بەڵکوو بنچینەی زانستی و ئەزموونییان هەیە و پێشتر تاقی کراونەتەوە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ستایەشیان دەکات.

فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر گەشەی سەندووە و بە هەزاران کتێب، وتار و گۆڤار لە زۆر بواری ڕۆشنبیریدا بە بەردەوامی بەرهەم هاتوون. بنکەی ڕۆشنبیری و زمانەوانی لە هەژمار دەرچوون، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئێمە نازانین لە سەتا چەندی خەڵک دەتوانن لەو گەنجینە دەوڵەمەندە بەهرە وەربگرن؛ بەو هۆیەی ناتوانن کوردی بخوێننەوە. ڕۆشنبیرانی بواری زمان و زمانناسی، زانستییانە و بە خەستوخوڵی ئەو بابەتەیان شی کردووەتەوە. ئەم وتارە بابەتی فێربوونی زمانی کوردی لە ڕوانگەی گەشەپێدانی خۆڕاگرەوە، بە شێوازی بەشداریپێکردن و "لە خوارەوە ڕێکخراو" پێشکەش دەکات، نەک زمانەوانی؛ چونکە زمانناسی بواری نووسەر نییە.

چەند ڕێکارێک ڕەنگە بتوانن یارمەتیدەر بن کە فێربوونی زمانی کوردی پەرە بسێنێت. یەکەم: ئەوەیە چاوەڕێ بین حکومەتی ئێران خوێندەواری بە زمانی کوردی ڕەسمی بکات؛ تێکۆشانی مەدەنی بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە، بەڵام ئەنجامەکەی نادیارە. دووەم: چاوەڕێی گۆڕانکاریی سیاسی بین و ئەو کات قۆڵ هەڵماڵین بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی پەروەردەی تۆکمە و دیموکراتیک لە گشت کوردستاندا، واتە ئەو ئەرکە بسپێرین بە داهاتوو.

ڕێگەی سێیەم: ئەوەیە پشت بە کۆمەڵگە ببەستین و توانا و هەستی نیشتمانپەروەریی خەڵک بەکار بهێنین، بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی نەتەوەیی بەرپا بکرێت بۆ فێربوونی زمانی کوردی.

گەورەترین هەنگاو ئەوەیە ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و ڕۆشنبیرانی بواری زمان و ئەدەب بە گشتی، بە تاک و بە کۆ، داوا لە خەڵک بکەن و هانیان بدەن و ئەو دروشمە هەڵگرن: "هەر کەس کوردی دەزانێت، با فێری کەسێکی تری بکات"، وەک ئەرکێکی نیشتمانی و بزووتنەوەیەکی زمانیی مەدەنی. دیارە زۆر کەس ئەوە دەکەن، بەڵام ڕێکخراو نییە؛ ئێوە دەتوانن ڕێکخراوی بکەن. هەزاران ڕۆشنبیر، خوێندەوار، مامۆستای خانەنشین و مامۆستا ئایینییەکانی لادێ و گوندەکان، سەرمایەی کۆمەڵایەتین و لە توانایاندایە ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنن، بەتایبەت لە گوندەکاندا. دیارە ئێستا زۆر مەدرەسە و قوتابخانە لە لایەن خەڵکانی هۆگر بە زمانی کوردی دامەزراون، بەڵام ڕێژەیان کەمە و زۆرتر لە شارەکاندان، نەک لە لادێ. هەروەها زۆر بنەماڵە هەن دەستیان ناڕوات بۆ ئەوەی بەشدار بن لە پۆلی (کلاس) کوردییدا؛ با فێربوونی زمانی کوردی نەبێتە پارە و تەنیا بەشێک و تۆڕێکی تایبەت لە کۆمەڵگە بەهرەی لێ وەرنەگرێت.

یونسکۆ، سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە میتۆدەکانی پلاندارێژیی خۆڕاگر بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری شێلگیرانە پشتیوانی دەکات و هانی دەدات. ئەو شێواز و میتۆدانەی بریتین لە: "بزووتنەوەی لە خوارەوە ڕێکخراو و خۆڕسک بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری" (Grassroots Movements)، "بەشداریی هەمەلایەنەی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ ڕیشەکێشکردنی نەخوێندەواری"، "یەکتر فێرکردن بە خوێندەواری" (Peer learning)، "فێربوون و فێرکردنی نووسین و خوێندن وەک بزووتنەوەیەکی بەرگری" (Unesco 2015)*[19].

لە قۆناغی ئێستادا دەکرێت لەم میتۆد و شێوازانەی کە یونسکۆ تا ئێستا کاری لەسەر کردوون، کەڵک وەربگیرێت بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواریی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەمە پۆپۆلیزم نییە. ئەم شێواز و میتۆدۆلۆژیانەی باسیان لێ کرا، لە زۆر ناوچە و وڵاتی جیهاندا تاقی کراونەتەوە و بەڕێوە چوون و سەرکەوتوو بوون و ئەنجامی مەزنیان خوڵقاندووە.** لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین (زاپاتیستەکان لە مەکسیک، کوبا و بەرازیل)، لە ڤێتنام لە ژێر بۆمباراندا، لە کینیا، جووڵانەوەی نەتەوەیی تامیل، نەتەوەی باسک و... تەنانەت لە وڵاتانی ئەورووپایی و ئەمریکای باکووردا، خەڵک بە دڵخواز و خۆبەخش یەکتریان فێری خوێندەواری کردووە (Naya Bakar) [20]. با دوور نەڕۆین؛ ڕۆژاوا (کوردستانی سووریا) ئەم ڕەوشتەی بەکار هێناوە بۆ فێربوون و گەشەپێدانی زمانی کوردی (Muhammes 2020) [21].

ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە، جگە لە فێربوونی کوردی، قازانجی کۆمەڵایەتیشی هەیە؛ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات و پەیوەندیی نێوان خەڵک بەپێزتر و پرماناتر دەکات، بڕوا بەخۆبوون و متمانەی گشتی پەرە پێ دەدات و ئینزیبات دەخوڵقێنێت. پسپۆرانی پەروەردە، زمانناسان و شارەزایانی بواری زمان، بەخۆشییەوە لە ئاراداون و بە بەردەوامی خزمەتی گەورەیان بە زمانی کوردی کردووە؛ ئەوان باشتر و زانستییانە دەتوانن ئەم بابەتە شی بکەنەوە و پاڵپشت بن بۆ ئەم بۆچوونە. پێویستە ئەوان بەشدار بن بۆ دارشتنی گفتوگۆ، بەرنامە و پلانێکی زمانەوانی بۆ بزووتنەوەی فێربوونی زمانی

کوردی؛ هەرچەندە دەسەڵاتی سیاسییان نەبێت، بەڵام دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییان بەهێزە.

نەمامچاندن بە ناوی شەهیدان و ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئابووریی مەدەنی

نەمامێک بچێنین هەموو ساڵێک بۆ شەهیدان؛ لە قازییەوە تا کاک فوئاد و تا شەهیدی هەموو ڕێکخراوەکان، بۆ ژینا و شەهیدانی ژینگە و بێناوەکان، بۆ "ژیان" لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، لە پێناو گەشەپێدانی کار و بژێوی، ئابووری و پیشەسازیی دار و تەختە بۆ بوژانەوەی دێهات و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ ئێستا و داهاتوو.

لەم بەشەدا بە کورتی باسی لێکگرێدانی یادی شەهیدان و گەشەسەندنی ئابووری دەکرێت. بیرمەندانی بواری گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە بە گشتی، لەسەر ئەو بڕوایەن کە پێکهاتە نیشتمانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و نەریتی و ئایینییەکان، لە توانایاندا هەیە ببنە پاڵپشت و هاندەرێکی بەهێز لە پێناو گەشەسەندن و پێگەیاندنی ئابووریی کۆمەڵگەدا.

هەموو بەشدارانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێویستە داوا لە خەڵک بکەن گشت ساڵێک بۆ ڕێزلێنان لە هەموو شەهیدانی شار و گوندەکان و تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی، نەمامێک بچێنن و ئەوە بکرێتە نەریت و پێناسە بۆ بیری نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. (دەتوانن ڕاستەوخۆ بە دەستی خۆیان بیکەن یان کەسێک دابمەزرێنن ئەوە بکات بۆ پێکهێنانی ئیشوکار). ئەم بزووتنەوەیە لە لایەن بنکەکانی ژینگەپارێزەوە لە ناوخۆی وڵاتدا دەستی پێ کردووە، پێویستە بە گەرمی پشتیوانیی لێ بکرێت بۆ گەشەپێدانی ئابووری لە ناوچە کوردییەکاندا، بەتایبەت لە بەشی دێهاتدا. چەسپاندنی ئەم چالاکییە نیشتمانییە پێویستی بە کۆدەنگی و بەرنامەسازدان هەیە و ئێوە توانای ئەوەتان هەیە ئەو کۆدەنگییە بخوڵقێنن و خۆتان نەمامێک بچێنن و بیکەنە ڕچە بۆ ساڵانی داهاتوو و ڕەوتێکی هەمیشە بەردەوام.

چاندنی نەمام بە ناوی شەهیدان، چوار قازانجی سەرەکیی لێ دەبێتەوە:

قازانجی یەکەم:

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، نەمامچاندن ئابووری، کار و بژێوی (مەعیشەت) پێک دەهێنێت بۆ ناو شار و بەتایبەت لادێ و گوندەکان. لە ڕاستیدا ناوچەکانی ئێمە پیشەسازیی لێ نییە و بۆ بەپیشەسازیکردنیان دەیان ساڵ دەخایەنێت، ڕەنگە سەرکەوتووش نەبێت و کێشەی تر بخوڵقێنێت؛ بۆیە پێویستە چاو بگێڕین بۆ کەرەستە، سەرچاوە و توانای ئابووریی خۆڕسک و خۆماڵی، تا بتوانین وڵات بە چەشنێکی بەردەوام ئاوەدان بکەینەوە. ئەو نەمامانەی دەچێنرێن، گەشە دەکەن، بەر دەگرن و لە کاتی خۆیدا دەبڕدرێنەوە و جارێکی دیکە دەچێنرێنەوە؛ بەمەش سەرچاوەی ئابووری دەخوڵقێنن و دەبنە سامانی گشتی. ئابووریی نەمام زۆر دەوڵەمەند، بەربڵاو و چڕوپڕە. ئەگەر ئەم هەنگاوە سەر بگرێت، دەبێتە سەرچاوەی مادی و بژێوی بۆ هەزاران بنەماڵەی کورد لە بواری کشتوکاڵ و لە لادێدا.

هەزاران نەمامگە (نەهالستان) دادەمەزرێن بۆ دابینکردنی نەمامی شەهیدان و دەرفەتی کار و کاسبیی بچووک و گەورە بۆ خەڵکی شار و لادێی کوردستان دەرەخسێت و بە دڵنیاییەوە ئابووریی کوردستان دەبوژێنێتەوە. لە داهاتووشدا دەبێتە سەرچاوەی پیشەسازیی دار و تەختە، بیناسازی و گەلێک کەرەستەی پێویست بۆ ناوخۆ و تەنانەت هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی هاوسێش، ئەگەر ئەمە ببێتە ڕەوتێکی بەردەوامی سااڵنە. لە زۆر وڵاتی جیهاندا، پیشەی دار و تەختە بەشێکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەتەوەییە و زۆر مرۆڤ کاری تێدەکەن.

ئێستاکە سااڵنە بە ملیۆنەها دۆلار نەمام هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و ئابووریەکی گەورە بەرێوە دەچێت. بەڵام بەرنامەدارێژی و پلاندانان بۆ چاندنی نەمام بە شێوازو و میتۆدی "لە خوارەوە ڕێکخراو" و بە بەشداریی ڕاستەوخۆ و خۆڕسکی خەڵک و بنکە ژینگەپارێزەکان، زۆر پایەدارتر، هەرزانتر و بەپێزتر و داهاتوویەکی باشتری دەبێت. شێوازی بەشداریپێکردنی خەڵک لە پڕۆژەکانی گەشەسەندنداا، بە مانای بێسەروبەری و هەڕەمەکیبوونی هەنگاوەکان نییە. میتۆد و شێوازی بەشداریپێکردن، شێوازێکی زانستییانە و پەسندکراوی جیهانییە لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا و بناغەی پلاندارێژییە بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەکردنی پایەدار. ڕێکخراوە مەدەنی و ژینگەپارێزەکان نیشانیان داوە دەتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە، ئەگەر لایەنەکانی جوواڵنەوەی کورد لە ئێراندا لە ڕێگەی میدیاکانیانەوە بانگەشەی بۆ بکەن و پشتیوانیی لێ بکەن .

قازانجی دووەم:

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لەناو خەڵکدا بەهێز دەکات. چاندنی نەمامێک لە لایەن بنەماڵەیەکی کوردەوە بۆ پیرۆزڕاگرتنی یادی قوربانی و شەهیدی بنەماڵەکەیان، حیزب و ڕێکخراوەکەیان، هاوسەنگەرەکەیان و ئەوانەی لە ڕێگەی ئازادیدا بە چەشنێک لە چەشنەکان فیداکارییان کردووە (ئەوانەی دەست و قاچیان پەڕیوە، نابینا بوون یان بێ چێژوەرگرتن لە ئازادی سەریان ناوەتەوە؛ جا تێکۆشەر بن یان ڕۆشنبیر، شاعیر، هونەرمەند، کچ و کوڕێکی گومناوی لادێ یان خێرخوازێکی دڵفراوان...)، دەبێتە نەریتێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئێستا و نەوەکانی داهاتوو. ئەمە بیری نەتەوەیی کورد لە ڕوانگەی فەلسەفە و ئەخلاقەوە بەرز و دەوڵەمەند دەکات.

"مامۆستا پەشێو چەپکەگوڵێک دادەنێت لەسەر گۆڕی سەربازی ونی وڵاتەکەی"، ئێوە نەمامێکی بۆ بچێنن. هەموو سااڵێک بە چاندنی نەمامێک، خەڵک بریندکانی یەکتر ساڕێژ دەکەن و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکەن. حەیف نییە بە چاندنی نەمامێک ڕوحی هێمن، هەژار و بیرمەندانی تر شاد نەکەین، یان هەموو ئەوانەی خۆشتان دەوێن؟ ئەم نەمامانە دەبنە ئەرشیڤێکی زیندوو لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا. دەیان ساڵ پاش ئەوەی هەموومان ڕۆیشتین، کچ و کوڕ دەست لە دەستی یەک بۆ دڵداری، بەناو کۆاڵنباخ و جەنگەڵێکدا پیاسە دەکەن کە بە ناوی دایک و باوک و باپیرانیانەوە نەمام کراوە. هیچ نەتەوەیەکی

تر تا ئێستا ئەمەی نەکردووە.

قازانجی سێیەم:

نەمامچاندن هەروەها یارمەتیی سروشت دەدات، ژینگە دەبوژێنێتەوە و زانستەکانی بواری سروشت پەرە پێ دەدات. قازانج و دەستکەوتەکانی چاندنی نەمام بۆ شەهیدان، لە ڕوانگەی سروشتپارێزییەوە بێئەندازەیە. ئەم هەنگاوە هەروەها دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی جەنگەڵداری، سروشت، ئاو و لێرەوار لە داهاتوودا و گەلێک پسپۆڕ و لێزان لە بواری ئابووریی سروشتدا پێدەگەیەنێت. تاقیگە و بنکەی لێکۆڵینەوەی زانستی و پسپۆڕانە لە بواری دێهات و کشتوکاڵدا پەرە دەستێنن. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە ئاسان نییە و پرۆژەیەکی گەورەیە؛ پێویستی بە ڕێبەرایەتی و هاریکاریی هەمەلایەنەی کۆڕ و کۆمەڵ، بنکە ژینگەپارێزەکان، ڕێکخراوە سیاسییەکان و بەتایبەت پسپۆڕانی ژینگە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەیە. ئێستا کە ئەم بزووتنەوەیە دەستی پێ کردووە، حەق وایە پشتیوانیی لێ بکرێت و ئێوە لە تواناتاندا هەیە بانگەشەی بۆ بکەن.

با بڕوانینە نموونەیەکی سەرکەوتووی جیهانی لە بواری نەمامچاندندا:

دەڵێن: "کورِ هەبێت، تاریکە شەو زۆرە". خاتوونێکی خوێندەوار و لێهاتوو بە ناوی دکتۆر وانگاری ماتای (Wan-gari Maathai)، خەڵکی وڵاتی کینیا، ژینگەپارێز و تێکۆشەرێکی سیاسی و پارێزەری مافی مرۆڤ و ژنان بوو. بنکەی ئەو خانمە بە چاندنی نەمامێک، جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و جیهانیی پێک هێنا و بوو بە هۆکاری چاندنی ملیۆنان نەمام و پێکهێنانی هەزاران دەرفەتی کار و گەشەسەندنی ئابووری لە کینیادا. ئەو خاتوونە توانی خەباتی سیاسی، ئابووری و سروشت تێکهەڵکێش بکات و بابەتێکی نوێ بخوڵقێنێت. زۆر زوو ئەم چالاکییە ژینگەپارێزی و ئابوورییە تەشەنەی کرد بۆ وڵاتانی تری ئەفریقا؛ بەهۆی ئەم جووڵانەوەیەوە نزیکەی ٥٠ ملیۆن دار و درەخت تەنیا لە وڵاتی کینیادا چێنران و بە ملیۆنان دار لە وڵاتانی تری ئەفریقاش. لە ساڵی ٢٠٠٤دا خەڵاتی نۆبڵ پێشکەشی ئەم خاتوونە کرا و بوو بە هێما بۆ پاراستنی ژینگە و گەشەسەندنی ئابووریی خۆڕاگر لە ئەفریقا و جیهاندا (بەشی ژینگەپارێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UNEP) [٢٢]. پاشان، بەشی ژینگەپارێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێزلێنان لە جووڵانەوەی دار و درەخت، پرۆگرامێکی دەست پێ کرد کە ئامانجەکەی چاندنی ملیارێک دار بوو و سەرکەوتووانە گەیشتە ئامانج. بەدوای ئەوەشدا بەرنامەی "ترلیۆنێک دار بچێنین تا ساڵی ٢٠٣٠" دەستی پێ کرد و ئێستاش بەردەوامە (Trillion Trees)[٢٣].

فێمێنیستی کورد دەڵێ: "ژن کۆڵەکەی ماڵە" و ژنان کۆڵەکەی شۆڕشی کوردایەتی بوون. ژنی کوردی ڕۆژهەڵات لە قۆناغی ئێستادا چۆن دەیهەوێت ماڵ و حاڵی خۆی ئاوەدان بکاتەوە و چ دەورێک بگێڕێت لە پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووریی داهاتووی کوردستاندا؟ ئایا لە خۆی ڕادەبینێت و ئامادەیە بانگەشە بکات لەناو ژنانی کوردی لادێ بۆ چاندنی نەمامێک بۆ ژینا، بۆ "ژیان" لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا و ئابووریی ژنان ڕێک بخات؟ ئەم وتارە دڵنیایە کە ژنانی کورد لە توانایاندا هەیە بزووتنەوەی ئابووریی

مەدەنیی نەمامچاندن لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕێبەرایەتی و سەرپەرشتی بکەن، بەو چەشنەی لە کینیادا دەستی پێ کرد.

قازانجی چوارەم:

بزووتنەوەی دار و درەخت، دەرفەتی یارمەتیوەرگرتنی مادی و تەکنیکی لە ڕێکخراوە جیهانییەکان دەخوڵقێنێت. یارمەتییەکانی پڕۆگرامی "هەزار ملیار نەمام بچێنین" لە بەشی ژینگەپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتین لە: یارمەتیی مادی، یارمەتیی پلاندارێژی، هاوکاری بۆ بنەماسازی و بەتواناکردن و پەرەپێدانی کارامەیی بۆ ئەو ئەنجومەن و بنکە و کۆڕ و کۆمەڵانەی پەیوەندی بەو پڕۆژەیەوە دەکەن؛ هەروەها فێرکردن و ڕاهێنانی پسپۆڕ و کەسی لێهاتوو لەم بوارەدا کە بتوانن لە ناوچە و وڵاتی خۆیاندا چاودێریی پڕۆژەی نەمامچاندن بکەن (UNEP) [۲۴].

بۆیە ڕۆشنبیرانی سیاسی، حیزبی و مەدەنیی دەرەوەی وڵات دەتوانن ببنە لابی و پردێک لە نێوان کۆمەڵە ژینگەپارێزەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکوومییەکاندا، بۆ داواکردنی یارمەتی و بەهێزکردنی بنەما و کارامەیی زانستی بۆ خزمەتکردن بە بزووتنەوەی نەمامچاندن. ئاوێتەکردنی بیری ئازادیخوازی لەگەڵ پاراستنی جەنگەڵەکان و سروشت، بۆ بیری نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵات، ڕێز و لابییەکی کاریگەر و کردەیی دەخوڵقێنێت و ڕەنگە لە داهاتوودا دەرفەتی زێڕین کە ئێستا هەر بیرمان بۆی ناچێت، پێک بهێنێت .

مخابن و بە داخێکی زۆرەوە، سروشت بە گشتی (ژینگە، لێرەوار، لەوەڕگە، خاک، دارستان و جەنگەڵەکان و سەرچاوەی ئاو) لە ناوچەکانی کوردستاندا لە مەترسیدایە. ئەگەر ئەو ڕەوتە درێژەی هەبێت، بەشێک لە گوندەکان دەبێ کۆچ بکەن. ئەو خاکەی سوێندی پێ دەخۆن خەریکە لەناو دەچێت و بەرهەمی بۆ کشتوکاڵ کەم بووەتەوە؛ مەڕداری و لێرەوارەکان لاواز بوون، ئاو نەماوە، کەو قاسپەی نایەت، پیرەهەڵۆ کۆچی کردووە، ورچ و گورگ و ڕێوی کەوڵ کراون و ئیکۆسیستەم تێکچووە.

گازندەکردن لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی چارەسەر نییە؛ بۆ خۆت دەبێ ڕێگەچارەی بۆ بدۆزیتەوە. ئەرکی هەموو کەس و لایەنێکە مافڵ و حاڵی خۆی بپارێزێت و ڕێگری لە کاولبوونی بکات؛ هیچ پاساو و بیانوویەکی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، حیزبی و کۆمەڵایەتی ڕەوا نییە. پڕۆژەی چاندنی نەمامێک بۆ شەهیدان هەنگاوێکی مەزن، لەبەر دەست، هەرزان، کاریگەر و پایەدارە و ئاسۆی ڕوونە؛ لە دەیان وڵاتی لە حاڵی گەشەدا تاقی کراوەتەوە و سەرکەوتوو بووە.

بەتایبەت پێویستە لێزان، پسپۆڕان و بنکەکانی ژینگەپارێز ڕێنماییمان بکەن، فێرمان بکەن چی بکەین و چۆن بکەین، و چۆن ئەو بزووتنەوەیە دەشێ پەرە بسێنێت و سەرپەرشتی بکرێت. ئایا هەموو ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی تاراوگە و ناوخۆ بە کۆدەنگی، لە توانایاندا هەیە وەک ئەو خاتوونە ئەفریقییە بزووتنەوەی دار و درەخت بنیاد بنێن و بەڕێوەی بەرن؟ ئەوە پرسیارێکە

لە بەردەمی هەموواندا.

دامەزراندنی بانکی خۆمالّیی نیشتمانی وەک بزووتنەوەیەکی مەدەنی

لەم بەشەدا ئاماژەیەکی کورت دەکرێت بۆ دامەزراندنی دوو سیستەمی بانکی: «بانکی هاوبەش» و «بانکی داراییی بچووک» وەک تێکۆشانێکی ئابووریی مەدەنی.

بانکی هاوبەش: لە سیستەمی ئابووریدا، بانک دەوری سەرەکی دەگێڕێت. سیستەمی نیۆلیبراڵیی بانکی لە ئێراندا تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و تاڵانیان دەکات، ئەمەش بووەتە لەمپەرێکی جیدی بۆ گەشەنەکردنی ناوچە کوردییەکان لە ئێراندا. ڕێگەچارەی باش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژیرانە لە تەک ئەم هەلومەرجەدا و بۆ داهاتوو، تێکۆشانی مەدەنیی ئابووریی لە ڕێگەی دامەزراندنی «بانکی هاوبەش» (Credit Union)، یان بانکی نیشتمانی، خۆمالّی، لادێ، یان بە هەر ناوێکی تر. ئەم جۆرە بانکە لەسەر بناغەی بەشداریی خەڵک پێک دێت و هەموو ئەندامێک خاوەن دەنگە و دەتوانێت دەنگ بدات لە گشت بوارەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری بانکەکەدا. بانکی هاوبەش، شێوازی مۆدێرنی بانکداری ڕەچاو دەکات لە سیستەمی بەڕێوەبردندا، بەڵام لە پرۆسەی دابەشکردنی قازانجدا سیستەمی هاوبەش بەکار دەهێنێت. بەخۆشییەوە ئێوە لە تواناتاندا هەیە خەڵک هان بدەن، هاندەر و ڕازیبان بکەن بۆ تێکۆشانی ئابووریی نەتەوەیی لە ڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی بانکیی یەکگرتوو، یان بانکی بچووک بۆ شار و گوندەکانی کوردستان، یان بانکێکی سەرانسەری کە بنکەی لە هەموو شارێکدا هەبێت (Credit Union) [٢٥].

دامەزراندنی بانکی یەکگرتوو و هاوبەش، ئەگەر بە سەرمایەی سەرەتاییی تەنانەت بچووکیش دەست پێ بکات، سەر دەگرێت. لە ئێراندا سیستەمی هەرەوەزی (تعاونی) بەشێکە لە سیستەمی گشتیی بانکی (تعاونی اعتباری) و دامەزراندنی دژایەتیی لەگەڵ یاساکانی بانکداری لە ئێراندا نییە. ئێستا لە ئێراندا جگە لە پێنج بانکی دەوڵەتی، گشت بانکەکانی تر تایبەتن (خسووسی) و دەبان بانکی گەورە و بچووکی کەرتی تایبەت لە شارەکانی کوردستاندا کراونەتەوە و خەریکن خەڵک دەرەتێننەوە. هەروەها بانکەکان دیاری دەکەن چ جۆرە پرۆژەیەکی ئابووری بەڕێوە بچێت لە گوند و شارە کوردییەکاندا و کێ بتوانێت وام (قەرز) وەربگرێت و بە چ نرخێکی سوود؛ خەڵک لەم بوارەدا بێدەسەڵات ماوەتەوە.

هەر ئەوەندەی خەڵک ئەو بانکە بە هەی خۆیان بزانن و تەنانەت تەنیا حیسابێکی بچووکی تێدا بکەنەوە، ئەم بانکە خۆمالّییە بەهێز دەبێت و پەرە دەستێنێت. ئەو بانکە دەرفەتی ئابووری دەخولقێنێت بۆ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و هەنگاوێکی فرە بەربلاو و گەورەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووری لە ئێستا و بەتایبەت لە داهاتوودا. واتە با بتوانین لە پاش خۆمان پاشەکەوتێک بۆ منداڵەکانمان بەجێ بهێڵین. یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم هەنگاوە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی داهاتووی کوردەواریدا، خەڵک کۆنترۆڵی بانک و سەرمایە دەکات، نەک بەپێچەوانەوە. بانکی هەرەوەزی (تعاونی) میژوویەکی درێژی هەیە و لە هەموو وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکای باکووردا

پێگەی خـــۆی کردووەتەوە و ســـەرکەوتوو بووە.

بانکی داراییـــی بچووک: یـــان بانکی قـــەرزی بچـــووک (Microfinance)، سیســـتەمێکی تری بانکییە بۆ یارمەتیدان بە پرۆســـەی گەشەکردن و پرۆژەی بچووک، لە رێگـــەی دانی قەرز بە ســـوودێکی کەم، بەتایبـــەت بـــە خەڵکی گونـــد و لادێ و شـــارۆچکەکان. بەڵام جیاوازیـــی هەیە لە تەک بانکی هاوبەشـــدا. لە بانکی هاوبەشدا ئەو کەســـانەی حیســـابیان لە بانکەکەدا هەیـــە، خۆیـــان خاوەنی بانکـــن؛ بەڵام بانکی قـــەرزی بچـــووک، خاوەنێکی یان چەنـــد خاوەنێکی دیاریکـــراوی هەیە، یان بنکەیەکـــی دارایـــی خاوەندارێتیی دەکات. ئەم مۆدێلەی بانکیـــش دەتوانێت دەورێکی بـــاش بگێڕێت، بەتایبەت بـــۆ چین و تویژە هەژارکراوەکانـــی گونـــدەکان. بیرمەندانی بواری گەشەســـەندن، بانکـــی هاوبەش بە باشتر دەزانن.

با پەنجە ڕاکێشـــین بـــۆ نموونەیەکی ســـەرکەوتووانە لـــە بـــواری بانکی داراییـــی بچووکدا:

دکتۆر محەمـــەد یوونس (نەک یاســـین)، خەڵکـــی بەنگلادیش، لە ســـاڵی ١٩٧٦دا بـــە پـــارەی گیرفانـــی خـــۆی بانکێکی بچووکـــی بـــۆ قەرزدانـــی بچـــووک لە گوندێکدا کـــردەوە (Microfinance)، بە مەبەســـتی کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کار و کاسبیی بچووک. ئەو بانکە زۆر زوو گەشـــەی سەند و پەل و پۆی هاویشـــت بـــۆ وڵاتانی تر؛ لە ماوەی کەمتر لە بیســـت ســـاڵدا، زیاتر لە چەند ملیـــۆن کەس پارەیان لـــێ بە قەرز وەرگرتبـــوو بـــۆ دامەزراندنی کاســـبی لە بواری کشتوکاڵ، ماســـیگری، پیشەسازیی بچـــووک و بنکـــە جۆربەجۆرەکانی ئابووری لـــە گوندەکانـــدا. دامەزراندنی ئـــەم بانکە بوو بـــە هاندەرێکی گەورە بـــۆ دامەزراندنی ئەم چەشـــنە بانکە لە دەیـــان وڵاتی تری جیهانـــدا و توانـــی کاریگەریـــی گەورەی هەبێـــت لەســـەر ژیانی ڕۆژانـــەی زۆرەها خەڵک لـــە جیهاندا.

بەو بۆنەیەوە، ڕێکخـــراوی ئاوەدانکردنەوە لە نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان بـــە گەرمی سوپاســـی لێ کرد بۆ ئـــەوەی: «بیرۆکە و خەیاڵێکـــی مرۆڤانەی وەرچەرخانـــدە ســـەر بزووتنەوەیـــەک کـــە ســـوودی گەیاندە ژیانـــی ملیۆنان مـــرۆڤ لە جیهانـــدا». لە ســـاڵی ٢٠٠٦دا خەڵاتـــی ئاشـــتیی نۆبڵ پێشکەشـــی کرا، هەروەهـــا دەیان خەڵاتی تری لە قاموسی خۆیدا تۆمـــار کردووە. لێکۆڵینەوە لەم کـــرداوە ئابووریە بێگومان وانـــە و ئەزموونـــی بەنـــرخ پێشکەشـــی ڕێکخراوە سیاســـی و مەدەنییە دڵسۆزەکان بۆ گەشەســـەندنی کۆمەڵگـــەی کوردەواری دەکات. هـــەر بۆیـــە، لە قۆناغی ئێســـتادا زۆرەها کەســـی خەمخۆر، لێهاتوو و شارەزا لە بواری زانســـتی بانـــک و بانکداریدا لە ئاراداان و لـــە خۆیانی ڕادەبینن کە شـــان بدەنـــە بەر ئەم تێکۆشـــانە نیشـــتمانی و ئابووریە مەدەنییە، لـــە ڕێگەی دامەزراندنی بانکـــی داراییـــی بچـــووک یـــان بانکی هاوبـــەش. بانگەشـــەی ئێوە لەســـەر ئەم بابەتە، ئەم بزووتنەوەیە مســـۆگەر دەکات و حەق نییە خـــۆی لێ بپارێـــزن (Yunus Muhammad 1976) [٢٦].

دەستپێکردنی بزووتنەوەی ئابووریی هەرەوەزی (تعاونی)

ئابووریی نیۆلیبـــرااڵ و گەندەڵی بە ئاشـــکرا و

بـــه دزی له ئێرانـــدا، هـــەژاری، بێکاری و بێدەرەتانـــی بۆ خەڵـــک ڕۆژبـــەڕۆژ زیاتر دەکات. یەکێـــک لەو ڕێگەیانـــەی دەتوانێت خەســـار و زیانی نیۆلیبڕاڵی کەم و شـــل بکاتـــەوە، ڕەنگە سیســـتەمی هـــەرەوەزی (تعاونـــی) بێـــت. بیرۆکـــەی هاریکاری، هـــەرەوەزی و هاوبەشـــی، کاتێـــک ڕوون دەبێتـــەوە کـــە وەک فەلســـەفەی ژیان هەڵیســـەنگێنین. فەلســـەفەی هەرەوەزی لەســـەر ئەو بناغەیە دانراوە کە کێشەکانی ژیان بـــە کۆدەنگی و هەنگاوی گشـــتی جێبەجێ بکرێن. ڕیشـــەی هاریـــکاری و یارمەتیدانی یەکتر لە مێژووی کۆنـــی مرۆڤایەتیدا هەر هەبـــووە، هەروەهـــا لە زۆربـــەی نەریت و ئایینەکانـــی جیهاندا ئـــەو بیرۆکەیە بەرچاو دەکەوێـــت و دیاردەیەکی تـــازەییە.

سیســـتەمی هەرەوەزیـــی مۆدێـــرن، ڕەنگدانـــەوەی فەلســـەفەی قوواڵـــی پێکەوەژیـــان و کارکردنـــی هاوبەشـــی کۆمەڵانـــی خەڵکـــە بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی ڕۆژانـــەدا. بیرۆکەی هەرەوەزیـــی مۆدێرن، ڕیشـــەی لە مرۆڤپـــەروەری، خەمخۆری، چاودێریکـــردن و پاراســـتنی مافی یەکتر و بیرۆکەی هاوبەشـــبوون و سێکولاریزم دایە. کۆڵەکەی بیرۆکـــەی هـــەرەوەزی، وەلانان و سڕینەوەی چەوساندنەوەی مرۆڤە بە دەستی مرۆڤێکی تر. واتە هـــەرەوەزی وەک ئامراز و کەرەســـتەیەکی زۆر بەهێز بـــۆ لەناوبردنی چەوســـاندنەوە و بەرەوپێشـــبردنی ئابووری و ئاوەدانکردنـــی پایەدار لەقەڵـــەم دەدرێت لـــە ڕوانگەی هەمـــوو بیرمەندانی ئابووری و گەشەســـەندنا (Lambert 1959)[۲۷].

هـــەرەوەزی (تعاونـــی) ئـــاوا مانـــا کراوەتـــەوە: «هـــەرەوەزی ڕێکخراوێکـــی ســـەربەخۆیە و لەو کەســـانە پێک دێت کە بە مەیل و خواســـتی خۆیان، بۆ بەدیهێنانی ویســـت و ئاواتە ئابـــووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە هاوبەشەکانیان، لەناو بنکەیەکی دیموکراتیکـــدا بـــە خاوەندارێتیی هاوبەش لێک کۆ دەبنـــەوە». هـــەرەوەزی بە وتەی ڕێکخراوی جیهانیـــی هەرەوەزی (International Co-operative Alliance) لەسەر حەوت بناغەی سەرەکی و پرەنسیپ دامەزراوە: «بەشداریی ئازادانە و سەربەخۆی ئەندامەکان، کۆنتـــرۆڵ و بڕیاردانی دیموکراتیک لە لایەن ئەندامانەوە، بەشـــداری و چالاکیی ئەندامان لە کاروبـــاری ئابووریدا، ســـەربەخۆبوون و پاراستنی سەربەخۆیی لە بڕیاردانا، یەکگرتوویی ئەندامـــان، پەرەپێدانـــی پـــەروەردە و زانســـت و هەروەهـــا خۆتەرخانکـــردن بۆ بەرەوپێشـــبردنی کۆمەڵگە» (ICA 2011)[۲۸]. ڕۆشـــنبیرێکی پایەبەرزی ئـــەم بواره دەڵێـــت: «لـــەم کاتـــە گرنگـــەدا و لەم جیهانە شـــێواوەدا، هەرەوەزییەکان پێویستە هـــەوڵ بدەن تـــا ببنە مۆڵگـــە و دوورگەی عەقڵانییەت و هۆشـــیاری بـــۆ حەوانەوە و ئاسایشی مرۆڤەکان» (Laidlaw 1980)[۲۹]. مێژووی هەرەوەزی کۆنە و دەســـتکەوتەکانی سەرنجڕاکێش و ســـەرکەوتووانەن، تەنانەت لـــە وڵاتـــە گەشەســـەندووەکانی ئەورووپا، ئەمریـــکای باکـــوور و کەنـــەدادا (Craig 1993)[۳۰].

خەڵکـــی کورد لـــە ئێرانـــدا، بە زۆر هۆکارەوە بە گومانەوە ســـەیری سیستەمی هـــەرەوەزی (تعاونـــی) دەکـــەن، چونکە ئەو سیســـتەمە لـــە کۆمـــاری ئیسلامیدا ســـەرکەوتوو نەبووە و فەشـــەلی هێناوە. هەروەهـــا هەندێک کەس هـــەرەوەزی بە بنکەیەکی ئابووریـــی کۆن و لەکەڵککەوتوو دەبینـــن، چونکە هیـــچ لێکۆڵینەوەیەکی زانســـتی و بـــەربڵاوی تازە لـــەم بوارەدا ئەنجام نـــەدراوە و ســـەرکەوتنەکانی ئەم سیســـتەمە لە وڵاتانی جیهانـــدا تاووتوێ

نەکـــراوە. لە ســـاڵانی نەوەدەکانـــدا زیاتر لـــە حەوتســـەد ملیـــۆن و لە ســـاڵانی دواتـــردا زیاتر لـــە ملیارێک مـــرۆڤ لە چوارگۆشـــەی جیهانـــدا بەشـــدارن لە سیســـتەمی هەرەوەزیـــدا و کاری تێـــدا دەکـــەن و ژیانیـــان بەڕێوە دەبـــەن. ئەو سیســـتەمە لە ناوەڕۆکدا پێشکەوتنخواز و شـــێوازی بەڕێوەبەرییەکەی دیموکراتیکە (ICA) [٣١].

ئەزموونـەکانی ناسیۆنـالیزمی «بـاسـک» لە ئیسپـانـیـا لە کاتی ژێردەسـتەییدا و بزووتنەوەی ئابووریی مەدەنیی هەرەوەزی

(مێـــژووی بیـــری نەتەوەیـــی باســـک و بزووتنەوەی هەرەوەزی، ڕەنگە ســـەدان وتار و کتێبی لەســـەر نووســـرابێت و لەم وتارەدا ناگونجێت؛ ئەم بەشـــە تەنیـــا ئاماژەیەکی بچووکە لەســـەر ئـــەم بابەتە)

زۆر بـــە کورتی، نەتەوەی «باســـک» لە ئیســـپانیادا لە کاتی ژێردەستەییدا تەنانەت مافی ئـــەوەی نەبوو بە زمانی خـــۆی بدوێت و لە گشت مافێکی ســـەرەتاییی نەتەوەیی و فەرهەنگی بێبەری کرابـــوون؛ بزووتنەوەی دەســـتپێکردنی سیســـتەمی ئابووریـــی هەرەوەزی لەم بارودۆخە سیاســـییەدا هاتە ئـــاراوە. بزووتنەوەی هـــەرەوەزی لە وڵاتی باســـکدا بە هیمەتـــی قەشـــەیەک کە خولیـــای دادپەروەریی لە مێشـــکدا بوو، لە شـــاروچکەیەک بە نـــاوی مۆندراگۆن (Mondragon) بناغەی نرا و دەســـتی پێ کرد. ئـــەم بزووتنەوەیە لە ســـەرەتادا ڕەنگ و بۆنی ئایینی مەســـیحییەتی پێـــوە بوو بۆ ئەوەی خۆی لـــە ژێر زەبـــری دیکتاتۆری ڕژگار بکات، بەڵام لـــە بناغەوە ڕەنگدانەوەی بیر و ســـۆزی نەتەوەیی پێـــوە دیار بوو.

لـــە ڕاســـتیدا، ڕۆحـــی هـــاوکاری و خەمخـــۆری و یارمەتیدانـــی یەکتـــر زۆر بەرچـــاوە لە نەریـــت و فەرهەنگی خەڵکی باســـکدا و هەر ئـــەوەش کاریگەریی هەبوو بـــۆ پەرەســـەندنی سیســـتەمی ئابووریی هـــەرەوەزی لـــەم ناوچەیەدا. بەشـــێک لە هێزە سیاسییەکانی بەشـــدار لە جووڵانەوەی ڕزگاریخـــوازی باســـکدا، لە پرۆســـەیەکی تایبەتـــدا پشـــتیوانییان لـــە بزووتنەوەی هـــەرەوەزی کـــرد و پـــەرەی پـــێ درا؛ هەرەوەزیـــی مۆندراگۆن بوو بە شـــێوازێک لە تێکهەڵکێشـــکردن و گرێدانی هەست و سۆزی نیشتمانپەروەریی باسک و تێکۆشانی ئابووریـــی مەدەنی. هەروەها سیســـتەمی هـــەرەوەزی لـــە پێنـــاو دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتیـــدا، بـــوو بـــە پێناســـەیەکی فەرهەنگی بـــۆ جووڵانـــەوەی نەتەوەیی گەلـــی باســـک. بیرۆکەی هـــەرەوەزی و ناســـیۆنالیزمی باســـک شانبەشانی یەکتر بـــەرەو پێـــش دەڕۆیشـــتن لـــە کاتی ژێردەســـتەییدا. ناســـیۆنالیزمی باسک لە ئیسپانیادا، بە تێکهەڵکێشکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەســـەر بناغەی سیســـتەمی هەرەوەزی، ئەزموونێکی گەورەی خوڵقانـــدووە لە گۆڕەپانی گەشـــەکردن و پێگەیاندنـــی ئابـــووری لـــە کۆمەڵگەی باســـکدا و تەنانەت پەرەی ســـتاند بۆ زۆر لە وڵاتانی تـــری جیهانیش (Molina and Miguez 2008) [٣٢].

بزووتنـــەوەی هەرەوەزیـــی (تعاونـــی) باســـک، گۆڕانکاریـــی زۆر بەهێـــزی لە ژیانـــی خەڵکی ئـــەو وڵاتەدا پێـــک هێنا، کە تا ئێســـتاش نموونەیەکـــی ناوازەیە بۆ بەرەوپێشـــبردنی جووڵانەوەی نیشـــتمانی لـــە پێنـــاو دابینکردنـــی دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. سیستەمی هەرەوەزی پەل و پۆی هاویشت و گەشـــایەوە، بوو بە بزوێنەرێـــک (ماتۆرێک) بۆ گەشەســـەندنی ئابـــووری، دابەزاندنی ئاســـتی هـــەژاری،

بەرزکردنەوەی دەرامەت و ڕەنگینکردنی سفرەی کۆمەڵانی خەڵکی باسک و پێکهێنانی بژێوی و کاسبی لەو وڵات و ناوچەیەدا. هەروەها، بەتایبەت یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، هەستی نیشتمانپەروەری و بڕواهێنان بە ڕەوشتی دیموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و ئابووری لە کۆمەڵگەی باسکدا، دەستکەوتێکی مەزنی ئەم جووڵانەوەیە بوو. سەدان هەرەوەزی لە بواڕەکانی: کشتوکاڵ، بیناسازی، بانکداری، ئەندازیاری، خزمەتگوزارییە گشتییەکان، پیشەسازی، پەروەردە، هاتووچۆ و خواردەمەنی و... گشتیان لە کاتێکدا پێک هاتن کە ناسیۆنالیزمی باسک لە ژێر چەپۆکی بێبەزەییی دیکتاتۆریدا خەباتی سیاسیی دەکرد. هەرەوەزیی مۆندراگۆن (Mondragon) وەک قەوارەیەکی سەرتاسەری، سەرپەرشتیی نزیکەی سەدان هەرەوەزیی تری گرتووەتە ئەستۆ و یەکێک لە سەرکەوتووترین و ناوازەترین پێکهاتە ئابووریەکانی جیهانی خوڵقاندووە و لە زانکۆکانی جیهاندا وەک وانە دەوترێتەوە. گەرانی ساڵانەی دارایی هەرەوەزیی مۆندراگۆن ١١،٠٠٠ ملیۆن یۆرۆیە و هەزاران کەس کاری تێدا دەکەن (Esta Elis, Colin-Jones, Zugasti 2018) [٣٣].

زۆر سەیرە ڕۆشنبیرانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی دامەزراندنی ئابووریی هەرەوەزی بەشێکە لە بەرنامەی داهاتووی ڕێکخراوەکانیان، هیچ ئاوڕێکیان لەم بابەتە گرنگە نەداوە. پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییانە لەسەر ناوەڕۆک و بیرۆکەی هەرەوەزیی مۆدێرن و بزووتنەوەی نیشتمانپەروەریی نەتەوەی باسک، دەسپێکێکە بۆ دیاریکردنی شێوازی گەشەسەندنی ئابووری بۆ هەر ئێستا و داهاتووی کوردستان.

کۆڵبەری و هەرەوەزی (تعاونی)

لە سی ساڵی ڕابردوودا کۆڵبەری بووەتە ڕێگەیەکی دژوار بۆ بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزی لە کوردستاندا. ڕێژەی کۆڵبەران بەپێی هەلومەرجی بازرگانی لە سنووری‌کاندا دەگۆڕێت و داهاتووی کۆڵبەری پێشبینی ناکرێت. زۆر وتار، لێکۆڵینەوە و بابەتی ئابووری، هونەری، سیاسی و کۆمەڵایەتی، کۆڵبەرییان شی کردووەتەوە و دووپاتکردنەوەیان لەم وتارەدا پێویست ناکات. هەر کاتێک کۆڵبەرێک دەکوژرێت، بۆ ماوەیەک زۆر ڕاگەیاندن و نووسراوەی سیاسی بۆ خەمخۆری بلاو دەبێتەوە و پاشان کز و بێدەنگ دەبێت، تا کۆڵبەرێکی تر دەکوژرێت؛ ئەو ڕەوتە لە مێژە بەردەوامە. ئەگەر تا ئێستا تەنانەت تاقە یەک هەرەوەزیی زۆر بچووکیش لە کۆڵبەران پێک هاتبا، کۆڵبەران دەبوون بە بەشێک لە بنەماڵەی جیهانیی هەرەوەزییەکان و بە ملیۆنان بنکەی هەرەوەزی و ملیارێک مرۆڤ لە گشت جیهاندا، پشتیوانیی یەکگرتووی خوشکانە و برایانە و دڵسۆزانەیان لە کۆڵبەران دەکرد، بە شێوەیەکی یاساییش پشتیوانیی سیاسی، مەدەنی، لۆجیستی و ئابووریان لە کۆڵبەران دەکرد. دامەزراندنی هەرەوەزی دژایەتیی لەگەڵ یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا نییە و هەل و دەرفەتێکی ئابووریی مەدەنییە.

لە کۆتاییدا

تێکۆشەران و ڕۆشنبیرانی ڕێکخراو سیاسییەکان چاوەڕوانی گەرانەوەن و لە قۆناغی چاوەڕوانیدان؛ هیوادارین ئەوە

زوو ڕوو بـــدات. بەڵام، لـــە جیاتی ئەوەی تەنیـــا چاوەڕوانی گۆڕانکاریی سیاســـی بن کە نازانرێت چۆن ڕوو دەدات و پێشـــبینی ناکرێـــت، پێویســـتە خۆیـــان گۆڕانکاریی ئابووریـــی مەدەنی بخوڵقێنن لـــە قۆناغی ئێســـتادا. حاســـڵی ئـــەو گەڕانەوەیە هەر چەشـــنە ئۆتۆنۆمییـــەک بێـــت، هەندێک پرسیاری گەورە ســـەبارەت بە بەڕێوەبردنی بژێوی و دابینکردنی ســـەرچاوەی دەرامەت بـــۆ ژیانـــی ئابووریی ڕۆژانـــەی خەڵک لە بەرامبەریاندا هەیە، کە پێویســـتە ولامیان بۆی هەبێـــت بەر لـــە گەڕانەوە.

ئەندامانـــی حیزب و ڕێکخـــراوەکان بە گشـــتی، بە درێژاییی خەباتی شـــاخ زۆر زەحمەت و کوێرەوەرییان دیوە و چێشـــتووە؛ تێکۆشـــان و ژیانـــی پڕ لە مەترســـییان هەبـــووە، ئازیـــز و هاوڕێیان لێ کـــوژراوە، ئەزموونـــی ئۆردوگانشـــینی و چاوەڕوانییان کێشـــاوە، بۆمباران کراون و زۆریان بەسەر هاتـــووە... ژیانی پێشـــمەرگایەتی ژیانێکی ســـەختە و بەداخـــەوە ژیانێکـــی دژوار و ناخۆشـــییان تێپەڕاندووە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە خزم و کەس و شـــار و دیـــاری خۆیان دوور کەوتوونەتەوە.

لـــە هەمـــان کاتیشـــدا بەهـــۆی دوورییەوە، لـــە ژیانی ڕۆژانـــەی خەڵک، کۆمەڵگـــە، گونـــد و شـــارە کوردییەکان دابـــڕاون و لەگـــەڵ کێشـــە، گرفـــت و بێدەرەتانیـــی ڕۆژانەی خەڵـــک بۆ بژێوی بێگانـــەن. کڕێی خانـــوو و کڕێی دوکانیان لەســـەر زیاد نەکـــراوە، بە بانـــک قەرزار نەبـــوون، بێـــکار و بێکاســـبی نەکراون و نازانن بێبـــازاڕی و قەیرانی ئابووری چۆنە؛ خاوەنـــکار بۆڵەبۆڵی بەســـەردا نەکردوون، دەستفرۆشـــی و کرێکاریی باخ و مەزرایان لەبیر چووەتەوە؛ نازانـــن گرانی، هەژاری و دەســـتکورتیی بەردەوام لە بنەماڵەدا چی دەخوڵقێنێـــت؛ بـــە گیرفانـــی کارمەند و خانەنشـــین نەژیاون؛ ناچار نەبوون بەرتیل بدەن و لەبیریان چووەتـــەوە هەڵاتهەڵات بۆ دەستخســـتنی پـــاروو نانێکـــی ڕەوا چۆنە لە ئابووریی ئێســـتای کوردســـتاندا. ئەگـــەر وڵامێکی پوختە نەبێـــت بۆ دەیان پرســـیاری تری بژێوی و ژیانـــی ئابووریی کۆمەڵانـــی خەڵـــک، تووشـــی کۆمەڵێک کێشـــەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبن کە بە درێژاییی چەندەها ســـاڵە لەســـەریەک کەڵەکـــە کراون.

کە تـــاو دەپەڕێـــت، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردســـتان دەســـت پێ دەکەن زبڵ و زاڵ دەگەڕێن بۆ ئەوەی پلاســـتیکێکی کۆن بدۆزنەوە و خۆیانـــی پێ بەخێو بکەن، بە گەرما و ســـەرما کۆڵ دەبـــەن و دەیان جـــۆرە کاری تر دەکەن کە شـــیاوی مرۆڤ نییە. ئاوڕدانەوەی زانســـتییانە لە هەژاری و کێشـــەی بژێوی لە قۆناغی ئێســـتادا زۆر گرنگە. پێویســـتە عەقڵییەتـــی حیزبایەتی خۆی ڕێک بخـــات و بگونجێنێت لە پێناو ئامانجێکی گەورەتردا، واتە گەشـــەپێدان و پێگەیاندنی ئابووریی شار و دێهاتی کوردستان بۆ ئێســـتا و لە داهاتوودا. خەڵک هیوادارن کـــە گەڕانەوەی ئێوە کێشـــەکانی بژێویان چارەســـەر بکات؛ ئایـــا ئامادەییتان هەیە بـــۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە؟ مێـــژوو ئەرکی گەشـــەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی خســـتووەتە ســـەر شـــانی ئێوەی بەڕێز؛ بڕیارەکانـــی ئێســـتای ئێـــوە داهاتووی کوردســـتان پێک دەهێنێت.

ئەم نووسراوەیە تێکۆشـــاوە هەنگاوێک پێشـــکەش بکات لـــە پێنـــاو گۆڕانکاریی ســـتراتیژی بۆ جوواڵانەوەی ئازادیخوازانەی کـــورد لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتاندا. ئەم نووســـراوە هەروەها هەوڵی دا بسەلمێنێت کـــە جوواڵانەوەی کـــورد لە ئێرانـــدا ئەو

توانایەی هەیە بیرۆکەی گەشەسەندن و تێکۆشانی ئابووریی مەدەنی و بیری نەتەوەیی تێکهەڵکێش بکات و بیکات بە ستراتیژییەکی تازە بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی شار و دێهات لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ ئێستا و لە داهاتوودا، پێش ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەست بخات. هیوادارم بەم وتارەدا بچنەوە، هەڵە و کەموکوڕییەکانی چاک بکەنەوە و داهێنانی تازەی مەدەنیی ئابووری بخولقێنن لە پێناو پێگەیاندنی دێهات و شار لە کوردستاندا.

پێزانین

زۆر سوپاسی بەڕێز دکتۆر جەعفەر شێخوڵئیسلامی دەکەم بۆ کات و تێبینییە بەسوودەکانی، پڕبەدڵ لێی مەمنوونم.

سوپاسی بەڕێز کاک ناسر ئیبراهیمی دەکەم بۆ کات، خوێندنەوە و تێبینییەکانی لەسەر وتارەکە و بە گەرمی دەستخۆشیی لێ دەکەم.

هەروەها دەستی کاک ڕەزا محەمەدئەمینی خۆش بێت بۆ خوێندنەوەی وتارەکە و تێبینییەکانی.

وێڕای سوپاس لەم بەڕێزانە، نووسەر خۆی بەرپرسە لە هەموو چەشنە هەڵە و بۆچوون و خەتایەک لە ئامادەکردنی ئەم نووسراوەیەدا.

سەرچاوەکان

1. Seers, Dudley. “The Meaning of Development.” In The Political Economy of Development and Underdevelopment, edited by Charles K. Wilber, 6–15. New York: Random House, 1973.

2. Baran, Paul A. “On the Political Economy of Backwardness.” In The Political Economy of Development and Underdevelopment, edited by Charles K. Wilber, 82–93. New York: Random House, 1973.

3. Schumacher, E. F. Small Is Beautiful: Economics as If People Mattered. New York, Hagerstown, San Francisco, and London: Harper & Row, 1973.

4.Boothroyd, Peter, and H. Craig Davis. “Community Economic Development: Three Approaches.” Journal of Education and Research 12 (1993): 230–40.

5. Ibid.

6. Douglas, David J. A. “Community Economic Development in Canada: Issues, Definition and Directions.” In Community Economic Development in Canada, 1st ed., edited by David J. A. Douglas, 234–56. Toronto and Montreal: McGraw-Hill Ryerson, 1994.

7.Boothroyd, Peter, and H. Craig Davis. “Community Economic Development: Three Approaches.” Journal of Education and Research 12 (1993): 230–40.

8. Ross, David P., and J. Peter Usher. From the Roots Up: Economic Development as If Community Mattered. New York: Bootstrap Press, 1986.

9.Rostow, W. W. The Stages of Economic Growth: A Non-Communist Manifesto. Cambridge: Cambridge University Press, 1960.

10.Douglas, David J. A. “Community Economic Development in Canada: Issues, Definition and Directions.” In Community Economic Development in Canada, 1st ed., edited by David J. A. Douglas, 234–56. Toronto and Montreal: McGraw-Hill Ryerson, 1994.

11.Frank, André Gunder. “Development of Underdevelopment.” In The Political Economy of Development and Underdevelopment, edited by Charles K. Wilber, 94–104. New York: Random House, 1973.

across Africa." UNEP News and Stories. https://www.unep.org/news-and-stories/story/wangari-maathais-legacy-feted-across-africa.

23.Trillion Trees. https://trilliontrees.org/.

24. United Nations Development Programme (UNEP). About Us. https://www.unep.org/.

25.Credit Union. https://en.wikipedia.org/wiki/Credit_union.

26."Muhammad Yunus." Wikipedia. https://en.wikipedia.org/wiki/Muhammad_Yunus.

27.Lambert, Paul. Studies in the Social Philosophy of Co-operation. Manchester: Co-operative Union, 1959.

28. International Co-operative Alliance (ICA). "Co-operative Principles." 2011. http://www.ica.coop/coop/principles.html.

29.Laidlaw, Alexander F. "Co-operatives in the Year 2000." Paper presented at the 27th Congress of the International Co-operative Alliance, Moscow, 1980.

30.Craig, John G. The Nature of Co-operation. Montreal, New York, and London: Black Rose Books, 1993.

31.International Co-operative Alliance (ICA). "Co-operative Principles." 2011. http://www.ica.coop/coop/principles.html.

32.Molina, Fernando, and Miguez, Antonio. 2008. The origins of Mondragon: Catholic Co-Operativism and Social Movement in Basque Valley (1941-59). Social History 33, no. (3): 284-298.

https://doi.org/10.80/03071020802268314. https://ijcl.eu/index.php/ijcl/article/view/47

33.Esta Ellis,Justin, Colin-Jones، Alastair, Zugasti,Ibon. Mondragon-An Economic Mutuality Case Study-Mondragon Responsible Business Forum: The Economics of Mutuality 18-19 May 2018. University of Oxford. http://www.mars.com economic-mutulity-foundation.

*UNESCO Institute for Lifelong Learning.

12. Dernbach, John C., and Federico Cheever. "Sustainable Development and Its Discontents." Transnational Environmental Law. Cambridge University Press, 2016. https://www.cambridge.org/core/journals/transnational-environmental-law/article/sustainable-development-and-its-discontents/39134.

13. Haughton, Graham. Community Economic Development. United Kingdom: The Stationery Office and Albert Gait Publications, 1999.

14.Desai, Vandana. "Community Participation in Development." In The Companion to Development Studies, edited by Vandana Desai and Robert B. Potter, 117–21. London: Oxford University Press, 2002.

15.Boothroyd, Peter, and H. Craig Davis. "Community Economic Development: Three Approaches." Journal of Education and Research 12 (1993): 230–40.

16.Crist, Eileen. "The Reaches of Freedom: A Response to 'An Ecomodernist Manifesto.'" Environmental Humanities 7 (2016): 245–54.

17.Project DPro Guide: Project Management for Development Professionals. 2nd ed., March 2020.

18.Douglas, David J. A. "Community Economic Development in Canada: Issues, Definition and Directions." In Community Economic Development in Canada, 1st ed., edited by David J. A. Douglas. Toronto and Montreal: McGraw-Hill Ryerson, 1994.

19.UNESCO Institute for Lifelong Learning. Learning Families: Intergenerational Approaches to Literacy Teaching and Learning—Selected Case Studies. Hamburg: UNESCO Institute for Lifelong Learning, 2015. http://unesco.org/uil/litbase.

20. Naya, Bakar. "Peer Learning Groups." DDI World Blog. https://www.ddiworld.com/blog/peer-learning-groups.

21.Suliman, Muhammes. The Language Policy and the Language in Syria: The Kurdish Language as a Pattern. Istanbul: Kultur University, 2022.

22. United Nations Environment Programme (UNEP). "Wangari Maathai's Legacy Feted

8. Haughton, Graham. Community Economic Development. United Kingdom: The Stationery Office and Albert Gait Publications, 1999.

9. Laidlaw, Alexander F. "Co-operatives in the Year 2000." Paper presented at the 27th Congress of the International Co-operative Alliance, Moscow, 1980.

10. Lambert, Paul. Studies in the Social Philosophy of Co-operation. Manchester: Co-operative Union, 1959.

11. Ross, David P., and J. Peter Usher. From the Roots Up: Economic Development as If Community Mattered. New York: Bootstrap Press, 1986.

12. Rostow, W. W. The Stages of Economic Growth: A Non-Communist Manifesto. Cambridge: Cambridge University Press, 1960.

13. Schumacher, E. F. Small Is Beautiful: Economics as If People Mattered. New York, Hagerstown, San Francisco, and London: Harper & Row, 1973.

14. Seers, Dudley. "The Meaning of Development." In The Political Economy of Development and Underdevelopment, edited by Charles K. Wilber, 6–15. New York: Random House, 1973.

15. Suliman, Muhammes. The Language Policy and the Language in Syria: The Kurdish Language as a Pattern. Istanbul: Kultur University, 2022.

16. Credit Union. https://en.wikipedia.org/wiki/Credit_union.

17. Dernbach, John C., and Federico Cheever. "Sustainable Development and Its Discontents." Transnational Environmental Law. Cambridge University Press, 2016. https://www.cambridge.org/core/journals/transnational-environmental-law/article/sustainable-development-and-its-discontents/39134.

18. Dernbach, John C., and Federico Cheever. "LitBase." http://www.unesco.org/uil/litbase.

*UNESCO Institute for Lifelong Learning. Published in 2015 by UNESCO Institute for Lifelong Learning, Feldbrunnenstraße 58, 20148 Hamburg, Germany. © UIL, 2015.

**UNESCO Institute for Lifelong Learning. Learning Families: Intergenerational Approaches to Literacy Teaching and Learning—Selected Case Studies. Hamburg: UNESCO Institute for Lifelong Learning, 2015. http://unesco.org/uil/litbase.

Bibliography

1. Baran, Paul A. "On the Political Economy of Backwardness." In The Political Economy of Development and Underdevelopment, edited by Charles K. Wilber, 82–93. New York: Random House, 197

2. Boothroyd, Peter, and H. Craig Davis. "Community Economic Development: Three Approaches." Journal of Education and Research 12 (1993): 230–40.

3. Craig, John G. The Nature of Co-operation. Montreal, New York, and London: Black Rose Books, 1993.

4. Crist, Eileen. "The Reaches of Freedom: A Response to 'An Ecomodernist Manifesto.'" Environmental Humanities 7 (2016): 245–54.

5. Desai, Vandana. "Community Participation in Development." In The Companion to Development Studies, edited by Vandana Desai and Robert B. Potter, 117–21. London: Oxford University Press, 2002.

6. Douglas, David J. A. "Community Economic Development in Canada: Issues, Definition and Directions." In Community Economic Development in Canada, 1st ed., edited by David J. A. Douglas, 234–56. Toronto and Montreal: McGraw-Hill Ryerson, 1994.

7. Frank, André Gunder. "Development of Underdevelopment." In The Political Economy of Development and Underdevelopment, edited by Charles K. Wilber, 94–104. New York: Random House, 1973.

er. “Sustainable Development and Its Discontents.” Transnational Environmental Law. Cambridge University Press, 2016. https://www.cambridge.org/core/journals/transnational-environmental-law/article/sustainable-development-and-its-discontents/39134.

19. International Co-operative Alliance (ICA). “Co-operative Principles.” 2011. http://www.ica.coop/coop/principles.html.

20. Molina, Fernando, and Miguez, Antonio. The origins of Mondragon: Catholic Co-Operativism and Social Movement in Basque Valley (1941-59). Social History 33, no. (3) 2008 : 284-298. https://doi.org/10.80/03071020802268314. https://ijcl.eu/index.php/ijcl/article/view/47

21. Mondragon. Esta Ellis,Justin, Colin-Jones, Alastair, Zugasti,Ibon. Mondragon-An Economic Mutuality case Study-Mondragon Responsible Business Forum: The Economics of Mutuality 18-19 May 2018. .University of Oxford. http://www.mars.com economic-mutuality-foundation.

22. Muhammad Yunus. Wikipedia. https://en.wikipedia.org/wiki/Muhammad_Yunus.

23. Naya, Bakar. “Peer Learning Groups.” DDI World Blog. https://www.ddiworld.com/blog/peer-learning-groups.

24. Project DPro Guide: Project Management for Development Professionals. 2nd ed., March 2020.

25. Trillion Trees. https://trilliontrees.org/.

26. UNESCO Institute for Lifelong Learning. Learning Families: Intergenerational Approaches to Literacy Teaching and Learning—Selected Case Studies. Hamburg: UNESCO Institute for Lifelong Learning, 2015. http://unesco.org/uil/litbase.

27. UNESCO Institute for Lifelong Learning. Published in 2015 by UNESCO Institute for Lifelong Learning, Feldbrunnen-straße 58, 20148 Hamburg, Germany. © UIL, 2015.

28. United Nations Development Programme (UNDP). About Us. https://www.undp.org/.

29. United Nations Environment Programme (UNEP). “Wangari Maathai’s Legacy Feted across Africa.” UNEP News and Stories. https://www.unep.org/news-and-stories/story/wangari-maathais-legacy-feted-across-africa.

“ ڕوانگە ”

ئەرکی ڕووناکبیر:
گەمەیەکی سیاسی یان تراویلکەی ڕۆشنگەری!

مەسعوود بابایی

داوای ئەرک لە کەسێک بە ناوی ڕووناکبیر لە جیهانی سێییەم و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەڵبژاردنی پەتی سێیدارەی دەسەڵاتە و فەرامۆشیی کۆمەڵگەیە!

ئەگەر لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا ئەرکێک بۆ ڕووناکبیر پێناسە بکەین، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکدا ئەرکەکەی دەستنیشان دەکەین کە هێشتا بە گرێبەستی جڤاکی لەنێوان خۆی و دەسەڵاتدا نەگەیشتووە. لە جێیەکدا کە هێشتا بنەماکانی ڕەواییی سیاسی لە دەرەوەی ڕای خەڵکدایە و یەزدانناسییەکی سیاسی سەرچاوەی فەرمانڕەواییە، ئەرکی ڕووناکبیر نەک هەر ئەرک، بەڵکو "گەمەی مەرگ"ە. ئەگەر لە لایەن دەسەڵاتەوە بەر بەزەیی بکەوێت، لە پێواری "جڤاکی مەدەنی"دا "تووتی بابا و ئاوی ئاموون"ە!

ئـەرک

"مرۆڤـــی ئـــازاد"، لـــە ئەنجامـــی ڕامان و بیرکردنـــەوە و بینینـــی دۆخـــی ژیـــاری و کولتـــووری و ڕۆحیی مرۆڤ، لـــە بارودۆخی هەنووکەیـــی خـــۆی و دەوروبـــەر تێدەگات. "تێگەیشتن" بەرپرســـایەتییە و بەرپرسایەتی لـــە "هەڵوێســـت"دا ڕەنـــگ دەداتـــەوە. هەڵوێســـتەنواندن ئەرکـــی ســـەرەکیی ڕووناکبیرە؛ ئەم هەڵوێســـتە کاتێک لەبەرانبەر دۆخێکـــی جڤاکـــی، سیاســـی و کولتووریدا بەربەســـتی بۆ دروســـت دەکرێت، ئیدی لە "هەڵوێستنواندن"ەوە دەبێتە "هەڵوێستگرتن". هەڵوێســـتگرتن، دەستنیشـــانی پێگەیـــە و دەستنیشـــانکردنی ســـنووری کۆمەڵگەیە کە دەســـەڵات نابێت داگیری بـــکات. لەبەرانبەر هەر هەڵوێستێکی سیاســـی کە لە بڕیارێکی سیاســـیدا خۆی دەنوێنێت، هەڵوێستگرتنێک هەیە کە ئەرکی ڕووناکبیر تێیدا بەرجەســـتە دەبێتەوە. ئەم بەرجەســـتەبوونەوەیە بەرەنجامی دەرەوەســـتبوونێکە کـــە لـــە پەیامنامـــەی ڕووناکبیریدا کـــە هەمان "ڕۆشـــنگەری"یە پێناســـە کراوە.

پاشەکشـــێ لە هەڵوێســـت، پاشەکشێیە لـــە ئەرک و ئـــەم پاشەکشـــێیە دەبێتە مایەی سەندنەوەی پێناســـەی ڕووناکبیرە لەو کەسەی کە ئەم ئەرکەی خســـتووەتە ئەســـتۆی خۆی. هەر پاشەکێشـــێیەک لە مـــاف و پێگەدا دەبێتە هۆی پێشـــڕەویی ڕووبەری دەســـەڵات بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا کە بەگوێرەی "گرێبەســـتی کۆمەڵایەتیی ڕۆســـۆ" نابێت ئـــەو ڕووبەرە داگیر بکرێت. لێرەوە مەترســـیی ئەرکـــی ڕووناکبیری دەردەکەوێت؛ ڕووناکبیر ئەگەر نوێنەری "ویژدانی زیندوو"ی جڤاک بێت، دامراندنـــی ئەم ویژدانە، لەڕاستیدا کوشتنی ڕۆحی سەربزێوی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە پێگەی هۆشـــیاریی بـــە ڕووناکبیر بەخشـــیوە. ئەرکـــی ڕووناکبیری لـــە خۆیدا بەخشـــینی چەند تایبەتمەندییەکە بە ڕووناکبیر، واتە پێناســـەی ئەرکەکـــە، تایبەتمەندییەکانی کەسێتیی ڕۆشـــنگەرانەی ڕووناکبیر دەستنیشان دەکات کە هەندێکیـــان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ - سەربەخۆیی هزری
٢ - دلێریی ڕەوشتی
٣ - هەستیاری بەرانبەر بە دەسەڵات
٤ - دەروەستبوون بە ڕاستی نەک بەرژەوەندی
٥ - ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا
٦ - گرێدانی ڕا و کەتواری (واقع) جڤاکی
٧ - بەرمنگاربوونەوەی گەندەڵی
٨ - بەرپرسایەتیی زمانی

بەگوێـــرەی ئەم خاڵانەی ســـەرەوە ڕووناکبیر "پەنددادەری(واعـــظ) ڕەوشـــت" نییـــە، هەروەها "پســـپۆڕی دەســـەڵات" یان "ڕاســـپێردراوی دەســـەڵات"یش نییە. جێگرەوەی دەســـەڵاتی سیاســـییش نییە. ڕووناکبیر کەســـێکە کە - لە ڕوانگەی فۆکۆوە - لەنێوان دەســـەڵات و هەقیقەتدا مەودا دادەنێت، لـــە ڕوانگەی ئیدوار ســـەعیدەوە ڕووناکبیر نەک "پســـپۆڕێکی ئۆقرەگـــر" بەڵکو چالاکێکی بـــێ ئۆقرەی ڕەخنەگری دەســـەڵاتە.

بەگوێرەی تایبەتمەندییەکان تایبەتمەندی کاری ڕووناکبیری دەتوانین دەستنیشان بکەین:
گوتنی ڕاستییەکان بە دەســـەڵات نەک دژایەتیی دەســـەڵات (بەو مەرجەی دەسەڵات گوێ بگرێت، مەبەســـت گوێگرتنە نەک ئەوەی هەموو داواکانی ڕووناکبیر جێبەجـــێ بـــکات)، خۆبەدوورگرتن و مانەوە لە پەراوێزی دامـــەزراوەکان، دژایەتی لەتەک پسپۆڕیگەراییی سنووردار، هەڵوێستنواندنی ڕەوشتی و هەڵوێستگرتنی سیاسی، لەقاودانی گێژەنەوە زاڵەکان، خۆڕاگری لەبەرانبـــەر توانەوە و ڕاکێشـــران بەرەو دەســـەڵات، زمانی ڕوون و پـــاراوی دوور لە زمانی ئاکادیمیک.

ئـــەم ئـــەرک و تایبەتمەندییانـــە لانیکەم لە کۆمەڵگـــەی کـــراوەی مەدەنـــی و لانـــی زۆر لە کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا دەستنیشـــان دەکرێن و لەلایەن سیاســـەت و دەســـەڵاتەوە لە چوارچێوەی کایە و گەمەی جڤاکی و سیاسیدا بەفەرمیی پەسند دەکرێن.

بـــەڵام بەداخـــەوە ســـپاردنی ئەرکێک بە کەســـێک لە لایەن کۆمەڵگەوە بێ ئەوەی خودی جڤاک بەرپرســـایەتییەکی ڕەوشـــتی لەبەرانبەر ســـپاردنەکەی وەربگرێت، تایبەتمەندییەکی زەقی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتە! پاشەکشێی بەکۆمـــەڵ و بوێری تـــاک دوو بەرەنجامی هەن: ســـەری ژێـــر دار و ملی ســـەر دارا قســـەی ڕۆشـــنگەرانەی بێ ئەرک، تووشی ئەم ساویرەمان دەکات کـــە گوایـــە ئێمە خەریکیـــن کارێک دەکەین؛ بەدحاڵیبوون یان خۆخەڵەتاندن وا دەکات کە کـــردەی زمانی، جێی کردەی ڕاســـتەقینەی سیاسی بگرێتەوە. ئەو شـــتەی کە بە "دواندەریی سیاسی" (ڕیتۆریکی سیاســـی) ناوی دەرکردووە، وەک "ئاگـــری بێ شـــەوقی دزان"ە! بەو واتایەی کە بژێرویژیبەک (ئافۆریـــزم) دەتوانێت دۆخێکی داڵەنگاوی (ڕیدەکتیڤ) کردەی سیاســـی بەرهەم بهێنێت کە زیاتـــر هەڵکفینی هەڵمی مەنجەڵێکە کە دەســـەڵات دەتوانێت لە ڕێگەیەوە کاردانەوەی جڤاک پێشـــبینی بکات.

هەر داوایەک بۆ ڕیفۆرمێک ســـەرەتا دەبێ لە کەشـــێکی ئازادیی دەربڕیندا بڕەخســـێت. واتە ئێمە ئەو کاتـــە داوای گۆڕانکاری دەکەین کە پێش هەموو شـــتێک لانیکەمـــی ئازادیی دەربڕیـــن دابین کرابێت تا بتوانین "نەخشـــە ڕێگە"ی خۆمـــان بخەینە ڕوو. لـــە بارودۆخی داپڵۆســـین و چەوسانەوە و ســـتەمکاریدا کە تۆرەمـــی هـــەر دەنگەهەڵبڕیـــن و نارەزایەتی و ڕەخنەیـــەک لەبـــار دەبرێت، باســـکردن لە "نەخشـــە ڕێگە" کارێکی نەکردەیە! ئەزموونی مێژوویی ســـەلماندوویەتی کـــە ڕووناکبیرانی پێداگر، شۆڕشـــگێڕانی داهاتـــوون. بەو واتایەی ئەوانـــەی جۆرێک لـــە پێداگری و سەرســـەختی و چاونەترســـی لـــە ناخیانـــدا شـــک دەبەن، بەئاســـانی واز لە یۆتۆپیاکەیـــان ناهێنن. ئەم کەســـانە دەیانهەوێـــت لە جیهانێکـــدا بژین کـــە مەرجەکانی ژیانـــی دڵخـــوازی ئەوانی تێـــدا دابین کرابێـــت. دابەشـــبوونی جیهان بەســـەر ســـێ بـــەرەی "ڕاســـت و چەپ و نێوەڕاست" بەرەنجامی بەریککەوتن و گفتوگۆی ئەو کەســـانەیە کە واز لـــە مەرجەکانی ژیانی دڵخوازی خۆیان ناهێنن کـــە بە زاراوەی "ژیانی سیاســـی" ناوی لێنراوە. ئەمە کـــە ڕووناکبیران دەتوانن شۆڕشـــگێڕانی داهاتـــووی وڵاتێک بن لێرەوە ســـەرچاوە دەگرێت. هیچ سیســـتمێکی سیاســـی تاهەتایە ناتوانێت "تێزی زاڵی سیاسەت" بێـــت و بەناچـــار لەبەرانبـــەر جیهانســـازیی بیروهۆشـــی بیرمەندانە یان ڕووناکبیرانە دەبێ هەڵوێســـت بگرێت. ئەگەر هەڵوێستەکەی ئەوە بێت کە دۆخی هەنووکەیی بگۆڕێت، شـــێوەی ئاشـــتییانەی گۆڕانکاریی سیاسی دەگرێتەبەر و ئەگەر بیهەوێت دۆخـــی هەنووکەیی بپارێزێت لەگەڵ بیـــری نوێدا دەکەوێتـــە ململانێ. کات بە قازانجی سیســـتمێکی سیاسی کە بیهەوێت دۆخـــی هەنووکەیـــی بـــە هەمـــوو نرخێک بپارێزێت، نییە. دۆخی بەرەوپێشـــچوونی کات، دۆخـــی بوونبەیەتییـــە (صیـــرورة) و هەموو شـــتێک دەگۆڕدرێت؛ یان بەرەو گەشـــە یان بەرەو پووکانـــەوە. لە سیاسەتیشـــدا دۆخێکی "بوونبەیەتیی سیاســـی" هەیە کـــە بەرەنجامی گۆڕانکارییەکـــی دیالکتیکییە لە بیروهۆشـــی مرۆڤانـــدا ڕوودەدات و گەڵێ جار دەســـەڵاتی سیاســـی هەســـتی پێنـــاکات. جۆرێـــک لە بنکۆڵکردنی سیاســـی کە لەنـــەکاو بۆ دۆخی پێشـــبینینەکراوی "شـــۆڕش" وەردەگۆڕدرێت. هەموو "تۆتالیتاریزم"ێک مەرجەکانی ڕەواییدان

به شۆڕشـــێک لـــە هەناویـــدا دەپەروەرێنێت. لەبـــەر ئـــەوەی بەرەنـــگاری بوونبەیەتییەکی سیاســـی دەبێتەوە لەنێوچوونی خۆی مسۆگەر دەکات. تەمەنی دریژی دیکتاتۆرییەکان هەندێ جـــار خەڵـــک دەخەڵەتێنێت یـــان بێهیوایان دەکات کە گوایە ئەم دەســـەڵاتە هەمیشـــەییە. پێشـــبینیی ڕووخانـــی دیکتاتۆری ئاســـان نییـــە بەڵام بیروهۆشـــی ڕووناک کـــە ڕەوتی "بوونبەیەتیی سیاســـی" دەبینێت لە ڕووخانی ئـــەم جـــۆرە ڕێژیمانـــە دڵنیایە. بـــۆ نموونە دەرگایەکـــی ئاســـنین، بە ڕێـــکاری جیاوازی وەک بۆیاخکـــردن تەمەنـــی درێـــژ دەبێتەوە بـــەڵام هیچ ئاســـنێک ناتوانێـــت تاهەتایە لە هێـــزی کەشـــوهەوای دارزێنەر خـــۆی ڕزگار بـــکات، چونکە ئەگـــەر دەرگای ئاســـنەکەش دانەرزێـــت ڕۆژێک لـــە ڕۆژان خاوەنی دەرگاکە وازی لێدەهێنێـــت، واتە بـــۆ دەرگایەکی نوێتر لێی دەگەڕێـــت تا بڕزێت! خاڵـــی یەکەم، واتە هێزی دارزێنـــەری کەشـــوهەوا "بوونبەیەتیی سروشـــتی"یە و خاڵی دووەم. واتـــە وازهێنانی مرۆڤێک لە دەرگایەکی کۆن بە لەدەســـتدانی هۆگـــری پێی، کـــە نیشـــانەی وازهێنانی لە جیهانێکـــی کۆنە، بوونبەیەتییەکی سیاســـییە! پێوەندیی خەڵـــک و دەســـەڵاتیش هەر بەم چەشـــنەیە: ئەگەر بیروهۆشـــی کۆمەڵگەیەک لە دەســـەڵاتێکی سیاســـی تێپەڕێت، نیشانەی ئەوەیـــە لـــە داهاتوویەکی نەچەنـــدان دووردا سیستمی سیاســـی دەکەوێت!

دۆخ و کردە

ئەرکـــی ڕووناکبیر تەنیـــا نواندنـــی کردەی ڕووناکبیری - سیاســـی نییە؛ لەڕاســـتیدا هیچ کردەیەکـــی ڕووناکبیـــری نییە کە سیاســـی نەبێت. بەم گوێرەیە لەبەرانبەر دەســـەڵاتدا هەر کردەیەکـــی ڕووناکبیر دەکـــرێ بە گەمەیەکی سیاســـی لێک بدرێتـــەوە کە لـــە ژینگەی جڤاکیـــدا ڕوودەدات. گەمەیەک لـــە دەرەوەی ئۆرگانیزاســـیۆنی دیاری سیســـتمی سیاسی؛ گەمەیەک کـــە هەموو هەوڵەکانی دەســـەڵات بۆ پاراســـتنی دۆخی هەنووکەیی سیاســـەت دەخاتە ژێر پرســـیارەوە. دەسەڵاتی ستەمکاری بەگوێرەی ڕێڕەوچەی دەســـەڵاتداریی خۆی ئەم گەمەیە بە "کاری تێکدەرانە" لێـــک دەداتەوە و ئەگەر لە گۆشەنیگای ســـتراتیژیی "پاراستنی دۆخـــی هەنووکەیـــی"ەوە لێـــی بڕوانین، ئەم لێکدانەوەیـــەی دەســـەڵات ڕاســـت و ڕەوایە؛ هەرچەند لە بـــاری چەمکـــی دادپەروەرییەوە دزێو و تاوانبارانەیە. کـــە وابوو ئەرکی ڕووناکبیر لە "کۆمەڵگەی مەدەنـــی"دا گوتنە و لە دۆخی ستەمکاریی سیاســـیدا "کردە"یە. بنبەست یان هەڵوەشـــانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنـــی بەناچار ڕووناکبیـــر دەکات بە "شۆڕشـــگێڕ"! بەگوێرەی سروشـــتی کاری ڕووناکبیر "ڕۆشـــنگەری" چ گوتن بێـــت و چ "کردە" ڕاســـتەوخۆ گەمەیە لەنێـــو گەمـــەدا. بااڵدەســـتیی (ئوتۆریتـــی) بیروهۆشـــێکی نێـــو کۆمەڵگەی سیاســـییە لەبەرانبەر بااڵدەســـتیی ئۆرگانیزاسیۆنی زاڵ. ئەم بەریەککەوتنـــە لـــە قۆناخێکدا دەبـــێ یان بە "ململانێی توند" یـــان بە"گفتوگۆی بنیاتنەر" بگات. ئەگـــەر هیچـــکام لەمانـــە ڕوونەدات، گەندەڵیـــی سیاســـیی بـــۆ نێـــو کۆمەڵگەی سیاســـی شـــۆڕ دەبێتەوە و ئێمـــە بە دۆخی لەبەریەکهەڵوەشانی جڤاکی (Social Collapse) دەگەیـــن. زیندانـــەکان پڕدەبن لـــە گیراوانی سیاســـی، لەڕاســـتیدا لەبەر ئـــەوەی هەموو شتێک دەبێت بە سیاســـی، هەموو بەندکراوان دەبن بە بەندکراوی سیاســـی! کۆمەڵگە هەموو شـــتێک بە سیاســـی لێک دەداتەوە، کە وابوو تاوانبارانیـــش دەتوانـــن بە نـــاوی بەندکراوی سیاســـی شـــەرەفمەندیی "زیندانیی سیاسی" بخەنە ژێر پرســـیارەوە. ئامانجی دەســـەڵاتی

سیاسی لەم بارودۆخەدا ئەوەیە کە مانای "کردەی سیاسی" وەها چەواشە بکات تا بتوانێت بە "تاوانی سیاسی" لەقەڵەمی بدات و دواجاریش هەوڵ دەدات ئەوەندە ئاسانی بکاتەوە تا شتێک بە ناوی "تاوانی سیاسی" نەمێنێت! ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی بتوانێت لەم بارەوە هەستیاریی کۆمەڵگە بکوژێت، بەدڵنیاییەوە کاری ڕووناکبیری وەک "ئەرک" مانای خۆی لەدەست دەدات.

ململانێ وبەرەنگاری

ململانێی دەسەڵات وڕووناکبیر هەمیشەیی و هیچکات کۆتایی نایەت! بە بڕوای من سروشتی بوونبەیەتیی سیاسی ئاشتیهەڵنەگربوونی ئەم دوو چەمکە دەسەلمێنێت. گفتوگۆی نێوان "ڕووناکبیران" و "دەسەڵات" بۆ ئەوەیە کە سروشتی ململانێیەکە لە پەڕانپەڕی جڤاکی (Social Environment)دا بە کاروکارلێک بکات و دەسەڵات بتوانێت لە پێڤاژۆی بوونبەیەتیی سیاسیدا ئاگاداری گۆڕانکارییە جڤاکییەکان بێت. بەڵام تەنیا دەسەڵاتێکی کراوە، مەدەنی و لە دوایین وێستگەدا دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک دەتوانێت بچێتە ژێر باری کاروکارلێک و گۆڕانکارییە جڤاکییەکان، چونکە ئەمە بە واتای "دەستاودەستی" دەسەڵاتە. واتە سیاسەتکاران بەوە ڕازی ببن کە گەمەی نێو بازنەگۆڕکێ قبووڵ بکەن. بەوەی کە خۆیان لەگەڵ سووڕی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا بگونجێنن و بەناچار دەبێ مل بە ڕەوایی سالاریی خەڵک ڕابکێشن. هیچ تۆتالیتاریزمێک ناتوانێت ئەم کارە بکات. ئەم کارە پێویستیی بە وازهێنان لەو یەزداناسییە سیاسییە یان ئەو شیرازە ئوستووریی و ئایدیۆلۆژیکە هەیە کە ڕەوایی سیاسیی پێبەخشیون. بەم گوێرەیە، ئەرکی ڕووناکبیر کارێکی سیاسیی مەترسیدارە کە دەسەڵاتی سیاسی وەک "گەمەی سیاسی" لێی دەڕوانێت و دەسەڵاتی ستەمکار چەشنی "تاوانی سیاسی" پێناسەی دەکات.

جارجارانی "شۆڕش" لە لایەن ڕووناکبیرەوە تەنیا ئەو کاتە "ڕەوایی" پەیدا دەکات کە "کۆمەڵگەی مەدەنی" بەتەواوەتی هەڵوەشابێتەوە و چی دیکە "گوتن" وەک تایبەتمەندیی سەرەکیی "ڕۆشنگەری" قەدەخە کرابێت. ئەمە کە کۆمەڵگە چ کاتێک بە خاڵی تەقینەوە دەگات، پێشبینینەکراوە؛ بەڵام ئەگەر هەموو سنووورەکانی "گوتن" بەڕووی ڕووناکبیردا دابخرێت "ئەرکی ڕووناکبیر" ئەوەیە کە داوای هەڵوەشانەوەی ڕێژیمی سیاسیی زاڵ بکات، ئەگەر ئەم کارە نەکات دەتوانین بە خیانەت بە ئەرکی خۆی لەقەڵەمی بدەین! لەم پێناوەدا هاندانی کۆمەڵگەی سیاسی بۆ گۆڕانکاریی سیاسی ئەرکێکی ڕەوشتییە. "کۆمەڵگەی سیاسی" هەموو ئەو هێزانە دەگرێتەوە کە دەتوانن لە گۆڕانکاریی سیاسیدا کاریگەرییان هەبێت؛ واتە دامەزراوەکانی خوارەوە و بیرۆکەی ڕووناکبیران نەخشەڕێگەی گۆڕانکاری دادەڕێژن و دەبن بە جێگرەوەی سیستەمی سیاسی. ئەمە کە ئەم گۆڕانکارییە چۆن دەبێت و جێگرەوەی سیستەمی سیاسی چ جۆرە خەباتێک هەڵدەبژێرێت، پێوەندیی بە سروشتی ململانێی هێزەکانەوە هەیە. هەندێ جار وا دێتەبەرچاو کە بەرەنگاری کارێکی ناچارییە و ئەو خاڵی تەنگەتاوی و تەقینەوەیە کەی و چۆنە، هیچکات پێشبینی ناکرێت. تەیارکردنی ڕای کۆمەڵایەتی لە "ڕا"وە بۆ کردە تەنیا ئەرکی ڕووناکبیر

نییە، بەڵکــو ئەرکی ئەو هێزە سیاســییانەی جڤاکی سیاســییە کە ڕووناکبیــر بە "بیرۆکە" بۆ نواندنــی کردەی سیاســی، هۆشــیاری کردوونەتەوە.

لەبەریەکهەڵوەشانی جڤاکی (Social Collapse)

لەبەریەکهەڵوەشانی جڤاکی (یان لەبەریەکهەڵوەشانی ژیارەکی) بــە دارمانی کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی مرۆیی دەگوترێــت بە هــۆی لەنێوچوونی ناســنامەی کولتــووری و تێکتەنراویی جڤاکــی – ئابووری، داماویی خزمەتگوزارییە جڤاکییەکان و گەشــەی توندوتیژی.

وەسفی لەبەریەکهەڵوەشــانی جڤاکی، لە خودی زاراوەکە ترســێنیەرترە؛ ســەرەتاکان بەم چەشــنە دەســت پێدەکەن: وێرانبوونی ئابووری و پاشــان دارایی، لەکارکەوتنی ئۆرگانە جڤاکییەکان و پاشــان بنبەســتی سیاسەت، تێکچوونی پێوەندییە سیاسییەکان و دوابەدوای ئەوە پێوەندییە جڤاکییەکان. لەبەریەکهەڵوەشان ســەرەتا لە دۆخی ناســەقامگیری ئابووریــیەوە دەگات بــە دارایــی، ئنجا ئۆرگانــی جڤاکی پەکــی دەکەوێت و پەل بۆ ئۆرگانی سیاســی دەهاوێــت؛ ڕەوتێکــی پێچەوانەتــر ئەمجارە لــە تێکچوونــی پێوەندییە سیاســییەکانەوە دەســت پێدەکات و بەریەککەوتنــەکان بەرەو کۆمەڵگە شــۆڕ دەبنــەوە. دەمارگیریی جڤاکی تەشــەنە دەکات و دوابــەدوای ئەمە گفتوگۆ پەکی دەکەوێــت. بە هــۆی لاوازبوونی دەزگا و ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگەی مەدەنــی دەزگای هاوتەریب و ســێبەر لە هەموو لایەکەوە وەک قارچــک هەڵدەتۆقێــن و تونددوتیژیی زمانی و کردەیی چاوی بینین و گوێی بیســتن ناهێڵێت. نەخوێندەواریی گشــتیی فــراوان دەبێتەوە و ئامانجی قسەوباســەکان بەزاندنــی یەکدییە، گەندەڵیــی سیاســی و ئابووری ئاســتەکانی پێوەندیــی نێــوان تاکەکانیــش دەگرێتەوە و "هەڵپەرســتی" جێی بەرژەوەندیی گشــتی دەگرێتەوە. لەم بارودۆخە ترســناکەدا ترس لە کۆمەڵگە جێی ترس لە دەســەڵات دەگرێتەوە بــەو واتایەی کە "ڕووناکبیــر و دوابەدوای ئەوە چالاکانــی فەرهەنگی کە ســەر بــە چینی نێوەڕاســتن هێزی جڤاکیی خۆیان لەدەســت دەدەن. چین و توێژەکانی خــواروو کە لە باری ئابــووری و جڤاکی و کولتوورییــەوە هەژارترن، دەبن بە دەمڕاســتی کۆمەڵگە و دەمارگیری و توندوتیژیی نەریتی و ئایینی وردە وردە تەشــەنە بــە ترس لە کۆمەڵگــە دەدەن. لــەم دۆخەدا "ڕووناکبیــر" ئەرک و دەوری خۆی لەدەســت دەدات. ئایا لێرەوە ڕووناکبیــر ئەو مافەی هەیە کە ببێــت بە شۆڕشــگێڕ یــان جێگرەوەی ڕێبەرانی سیاســی؟! ئەم پرســیارە بەگوێرەی پێناســەکردنی ئەرکی ڕووناکبیــر ولاّمەکەی نەخێرە، بــەڵام بەگوێرەی سروشــتی گۆڕانی کۆمەڵایەتــی و ئابووری و سیاســی ولاّمەکەی بەڵێیە. مرۆڤانی سەرســەخت یان باوەڕمەند لە هیچ قۆناخێکدا پاشەکشــێ لە یۆتۆپیایان ناکەن و ئەرکی ڕەوشــتیی ڕووناکبیر، پاش بێهیوابوون لە گۆڕانی ڕیفۆرمیســتی دەلوێ بەرەو کردەی سیاســیی شۆڕشــگێڕانە هانی بدات. ئەمە لە مێژوودا ڕووی داوە و دەکرێ لە داهاتووشــدا لە هەمــوو کۆمەڵگەیەکی هەڵوەشــاوەدا پاتەوپات ببێتــەوە. بەکورتی ئەرکی ڕووناکبیر دەکرێ وەک ئەرکی ڕۆشــنگەرانە و ڕەخنەگرانە بمێنێتەوە و لە بارودۆخی بنبەســتدا بەرەو گەمەی سیاسی وەربگۆڕێــت و ڕووناکبیــر ئەرکــی ڕێبەری سیاســی بگرێتە ئەستۆ.

تراویلکەی ڕۆشــنگەری، لــە کۆمەڵگەی هەڵوەشــاوەدا بــۆ ماوەیەک بــە خەیاڵانی

یۆتۆپیایی یان بە بیری نەرمونیانی عیرفانییەوە بەردەوام دەبێت. ئەم تراویلکەیە بەرەنجامی خوێندنەوەی ساویلکانە یان ئایدیۆلۆژیکە کە بە دۆخێکی قوربانیدانی عیرفانییانە بیروهۆشی چالاکانی فەرهەنگی و جڤاکی دادەپۆشێت. ترس لە گۆڕانی پێشبینینەکراو، رۆحی وەپاریز(موحافیزکار) بەرەو لاڕێیەکان دەبات تا بەشکم رێگەیەک بدۆزێتەوە تا کۆمەڵگە و دەسەڵات لە رێگەی ڕیفۆرمەوە بهێنێتەوە سەر رێچکەی دروست. ئەم تراویلکەیە لە چاکسازیدا کاتێکی زۆری مێژوویی کۆمەڵگەی هەڵوەشاوە بۆ بنیاتنانەوە بەفیڕۆ دەدات و لە چرکەساتێکی مێژووییدا رۆحی ڕادیکاڵ هێڵێکی ڕاست و چەوت بەسەر ڕەوتی شیرین شەل و سەمەنگوڵی ڕیفۆرمدا دەهێنێت؛ ئەم تراویلکەیە ئەو کاتە دەڕەوێتەوە کە "بێهیوایی" بگاتە لووتکە. وەک ئەوەیە هەموومان هەموو شتێک لەدەست بدەین. لە کۆمەڵگەی هەڵوەشاوەدا پێویستە هەموومان هەموو شتێک لەدەست بدەین تا لە کردەیەکی شۆڕشگێڕانەدا ببینەوە بە خاوەنی هەموو شتێک. مەبەست ئەوەیە تا ئەو کاتەی چینە خاوەن بەرژەوەندییەکان بتوانن سەرمایەی خۆیان بپارێزن کۆمەڵگەی هەڵوەشاوە ناتوانێت خۆی بنیات بنێت و ڕیفۆرمیش هیچی لێ ناوەشێتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ پەنا بۆ مەترسیدارترین کردەی سیاسی دەبەن کە ڕەنگە ڕەوشتی ڕووناکبیرییش بباتە ژێر پرسیار؛ بەو واتایەی کە دۆخی جڤاکیی شێواو ببێتە پاساو بۆ بەکارهێنانی کردەیەکی نارەوشتی؛ ئەویش بریتییە لەوەی کە پەنا ڕووخاندن و داماڵینی چینە خاوەن بەرژەوەندییەکان ببرێت تا ئەوانیش هەموو شتێکی خۆیان لەدەست بدەن و "شۆڕش" کۆتایی بە تراویلکەی ڕۆشنگەری بهێنێت. لەم دۆخەدا ئەرکی ڕووناکبیر هەڵدەپەسێردرێت و تا دامەزراندنی شیرازەیەکی نوێی جڤاکی و بنیاتنەوەی کۆمەڵگە ئەم ئەرکە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە. بەگوێرەی بنەماکان، "ڕیفۆرم" باشترە لە "شۆڕش"؛ بەڵام ئەگەر بە کۆمەڵگەی هەڵوەشاوە بگەین نە ئەرکی ڕۆشنگەرانەی ڕووناکبیر و نە ڕیفۆرم بە ئامانج ناگەن؛ تەنیا لەم دۆخەدایە کە بەشێوەیەکی سروشتی ئەرکی ڕووناکبیر کۆتایی دێت و بەدەم لەم دۆخە، هەر پاشەکشێیەکی ڕووناکبیر لە ئەرکی خۆی تەنیا ناوی "خیانەت" هەڵدەگرێت!


“وتوویژ”



“

وتوویژ لەگەڵ ڕەزا کەعبی

”



تەوەری یەکەم:
دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و ئێران

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەکە بۆ ئێران، زۆر گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتەوە. لە ئاستی کۆمەڵگەکانی کوردستان و ئێران بۆ یەکەم جار بوو لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ژنان بەشداریی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر شەقام کرد. ئەم بزووتنەوەیە بە ڕادیکاڵترین و بەرینترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دادەنرێت. بزووتنەوەی ژینا توانیی نەزمی سیاسیی ئێرانی تووشی ئاڵنگاری بکات و ئێستا ڕژێمی توانای گەراندنەوەی نەزمی پێشووی نییە. جیا لە کاریگەرییە سیاسییەکان، بزووتنەوەی ژینا کاریگەریی قووڵی کولتووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە. لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکانیش پێویستیان بە گۆڕانکاریی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەیە. حیزبەکەی ئێوە چۆن هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بگونجێنێت؟ ئەو گۆڕانکارییانە چین کە ڕێکخراوەکەی ئێوە دوای بزووتنەوەی ژینا لە خۆیدا پێکی هێناوە؟



سەرەکیترین بابەت لە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی ژینا و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵە، ئەوە بوو کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەنگدانەوەی زیاتر لە چوار دەیە خەباتی کۆمەڵەی لە شەقامی کوردستان و لە گوتاری شۆڕشی ژینا بیست و ئەو پەیامەی وەرگرت و بۆ پێداچوونەوە و نوێگەری لە بەرنامەی

سیاسیی خۆیدا سوودی لێ وەرگرت. شۆڕشی ژینا دەنگی کوردستان بۆ ڕزگاری، دادپەروەری، یەکسانی و ئازادی بوو؛ کۆنگرەی ئێمە هەوڵی دا لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو خواستە سەرەکییانە بە وردی و لە ئاستێکی بەرزتردا لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی سیاسیدا کە پەسەندی کرد، بگونجێنێت. لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا تاقیگەیەک بوو بۆ تیۆرییەکانی کۆمەڵە، کە هاوکات لەگەڵ سەلماندنی ڕەوایی خەباتی چەند دەیەی کۆمەڵە، پێویستیی پێداچوونەوە و نوێگەریی لە تیۆری و کردەوەدا دەرخست.

هاوکات پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، حیزبایەتی لە کوردستان، قەوارەی حیزبایەتی، دەور و ڕۆڵی لە کۆمەڵگە و چاوەڕوانیی کۆمەڵگە لە حیزب و حیزبایەتی، گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە و شۆڕشی ژینا ئەم چاوەڕوانییانەی بردووەتە ئاستێکی بەرزتر. شۆڕشی ژینا هەم ڕۆڵی گرنگی حیزبەکانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەرخست و هەم لایەنە لاوازەکانیی حیزبەکانی لە ڕێبەریکردنی بزووتنەوەکە؛ لە پەیوەندیی حیزب و کۆمەڵگە، لە گوتاری سیاسیی حیزبەکان، لە دیموکراسیی ناوخۆیی حیزبەکان و ڕادەی بەشداریی ئەندامانی حیزب لە بڕیارەکان و ڕێبازی سیاسیی حیزبدا و لە چۆنیەتیی بینینی مەیلە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە و بە ڕەسمی ناسینیان و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن بەرامبەریان نیشان دا.

شۆڕشی ژینا زیاتر لە جاران ئەوەی کردە باسی ڕۆژ و گرنگیی سیاسی لە کوردستان کە چۆن حیزبەکان خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان، چوونەسەرەوەی ئاستی خوێندەواری و وشیاریی کۆمەڵگە، لەگەڵ خەباتی مەدەنی و سیاسی (کە شۆڕشی ژینا بالاترین ئاستی ئەم خەباتەی نواند) دەگونجێنن؟ شۆڕشی ژینا نیشانی دا کە ئاستی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیی حیزبەکان، بەتایبەت لە ئاستی بڕیار و بەڕێوەبەرایەتیدا، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە مەزنانەی کە بەسەر پێگە و کاریگەریی ژنان لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە، یەک ناگرێتەوە. حیزبەکان پێویستە لە بابەتی ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاری حیزبیدا، بە شێوەی سیستماتیک و پلان بۆ دارێژراو گۆڕانی جیدییان تێدا بکرێت.

کۆمەڵە گوتاری شۆڕشی ژینای بە گوتاری خۆی زانیوە و هەر لە ساڵی ١٣٥٧ەوە بەم گوتارە هاتە ناو خەباتی سیاسی و جەماوەری؛ بە شۆڕشی ژینا بۆی دەرکەوت کە کاتی ئەوەیە بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆتر لەگەڵ کۆمەڵگە، بەشداریی بەرینتری ژنان لە ژیانی سیاسیی حیزب و گۆڕینی نۆرم و کولتووری حیزب و کاریگەریی ڕاستەوخۆتری حیزب لە کۆمەڵگەی کوردستان، دەبێت ئاڵوگۆڕی جیدی لە خۆیدا پێک بێنێت.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پاش شۆڕشی ژینا، کۆنگرەی ١۴ـیەمینی خۆی بەست. ئەم کۆنگرەیە ناوی نرا «کۆنگرەی ژن، ژیان، ئازادی» و ئەمەش نیشانەی خوێندنەوە، تێگەیشتن و وەرگرتنی پەیامی ئەو گۆڕانکارییە کولتووری و سیاسییە قوواڵەیە کە شۆڕشی ژینا بەدوای خۆیدا هێناویەتی. ئەم شۆڕشە، پەیامەکانی و کاریگەرییەکانی لە کوردستان، ئێران و جیهان، باڵی بەسەر کۆنگرەکەدا کێشابوو و

دەتوانم بڵێم زۆرترین باسی تێدا کرا سەبارەت بە شۆڕشی ژینا و ئەوەی ئێمە چۆن دەتوانین لە گوتار، پەیامەکان و لە چاوەڕوانییەکانی شۆڕشی ژینا بۆ پتەوتر کردنی جێگە و پێگەی کۆمەڵە لە کۆمەڵگەدا سوود وەرگرین؟ چۆن دەور و ڕۆڵی ژنان لە کۆنگرە، لە ڕێبەری، لە پێکهاتەی حیزبی و لە بڕیارەکاندا جێ بکەوێت و بەهێزتر بکرێت و ببێتە نۆرمی حیزبی؟ لێرەدا من پێم وایە ئێمە پێویستمان بە کاری زۆرتر و ئاڵۆگۆڕی جیدیتر هەیە. ناتوانین چاوەڕوانیی ئەوە بکەین کە لە یەک کۆنگرە و بە چەند بڕیارێکی حیزبی ئەو کەموکوڕییانە چارەسەر بکرێن، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو پێوەرانەی شۆڕشی ژینا بۆ هەڵسەنگاندنی حیزبەکان لەسەر چاوەڕوانییەکانی لە حیزب و حیزبایەتی داینێوە، لەسەر سەری حیزب و داهاتووەکەی ڕاوەستاوە؛ ئەو حیزبە بە زیندوویی و بە کاریگەریی جەماوەری دەمێنێتەوە کە لە باڵاترین ئاستی خۆیدا لە هەموو بوارەکاندا ئەم گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە لە خۆیدا پێک بێنێت.

تەشەنە لە بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کە ئەو وڵاتە، بەپێچەوانەی پێشوو، هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی-ئابووری لەگەڵ وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی و «گەڕاندنەوەی گەورەیی و دەسەڵات بۆ وڵاتەکەی خۆی» دەدات، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی پێکهێنانی گۆڕانکاریی سیاسی و کولتووری لەو وڵاتانەدا بکات. واتە مەرجەکانی وەک مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتیزەکردنی وڵاتان چیی دیکە تەنانەت وەک ڕیتۆریکیش بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی-ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا پێویست نین. ئەم گۆڕانکارییە لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا چ واتایەکی بۆ ناوچەکە و بزووتنەوەی کوردستان هەیە؟ ئەگەری هەیە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ ئەو نەزمە نوێیەدا بگونجێنێت؟ لە وەها ئەگەرێکدا چارەنووسی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ چییان لێ بەسەردێت؟



من ئەوە بە گۆڕانکارییەکی زۆر بنەڕەتی لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا نازانم. ڕاستە لە گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکاندا زۆرجار باس لە مافی مرۆڤ کراوە، بەتایبەت لە سەردەمی شەڕی ساردا کە بەردەکی جیهانی ئیدعای خەڵکیبوون، ئازادی و سۆسیالیزمی دەکرد؛ بەدەستەوەگرتنی دروشمی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە وەکوو ئامرازێک بەکار دەهات بۆ ئەوەی جوواڵەی سەربازی یان هێرش بۆ سەر دەوڵەتان (کە لە هەر حاڵێکدا دامەزراوەیەکی سیاسیی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و هێرشکردنە سەری پێویستی بە تەوجیهی بەڵگە و هۆکاری پاساوهەڵگر هەبوو) و گۆڕینی ئەو ڕژێمانەی لە بەرەی خۆیاندا نەبوون، ڕەوا و یاسایی بنوێنن. «بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی نوێی ئەمریکا» تەنیا ڕوونتر و واقعیتر مەبەست و ستراتیژیی نەتەوەیی خۆیانی خستە ڕوو و بێپەردە نیشانیان دا.

ئەگەری ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ ئەم نەزمە بەناو نوێیەدا بگونجێنێت، بە هۆکاری ڕوون زۆر دوور دەبینم یان هەر نایبینم. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای دروشمی شۆڕشی ئیسلامی و

هەناردەکردنی ئەو شۆڕشە، هەڵخراندنی جەماوەری شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ باجگرتن لە وڵاتان، دژایەتی و بە قسەی خۆیان لەناوبردنی ئیسرائیل، خۆی پێناسە کردووە. ئەم حکوومەتە لەسەر هەناردەکردنی تیرۆریزم بۆ هەموو جیهان، کاری تیرۆریستی و تەقینەوە لە وڵاتانێک کە هەزاران کیلۆمەتر دوورە لێیان، خەسارکردنی هەزاران ملیار دۆلار بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و بەرنامەی هاژەکیی دوورهاوێژ دامەزراوە. هەموو شانازیی حکوومەتی دیکتاتۆریی ئیسلامیی ئێران بوونی هێزی قودسی سوپای پاسداران و دەستوپێوەندییەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە زۆرجار خامنەیی بە چاوی دونیایدا دەدایەوە کە لە پێنج پایتەختی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حوکم دەکات.

حکوومەتی تاران سەودای گەیشتن بە دەریای ناوەڕاستیان لەسەردا بووە. ٤٧ ساڵ خەسارکردنی هەزاران ملیار دۆلار بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و تیرۆریزم و بەرنامەی شەڕەنگێزانەی ئەتۆمی و هاژەکی، لە ئاکامدا وێرانیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و هەژاری و بێکاری، کۆماری ئیسلامیی خستووەتە دۆخێکەوە کە ڕێگەی پاشەکشەی بۆ نەماوەتەوە. بۆ ڕاستنی خۆی لە هەموو ئەم ساڵانەدا، خەریکی سەرکوتی نەتەوە مافخوراوەکان، کرێکاران، ژنان و هەموو ئازادییەکان بووە. لە ڕاستیدا ئەو دروشمانە و بەرنامە ئەتۆمی و تیرۆریستی و هاژەکییەکەیان تەنیا هیوایان بووە بۆ مانەوە، کە ئەگەر دەستی لێ هەڵگرن بە کردەوە فەوتاون و ئەگەر لێی بەردەوام بن دیسان ئەگەری تێداچوونیان لە ئارادایە. من پێم وایە کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەی شەڕ و تیرۆریزم و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی هاژەکی و ئەتۆمی و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و سەرکوتی هەر ڕۆژە و زیندانیش، ناتوانێت بمێنێتەوە و تەمەنی لە کۆتاییدایە.

چارەنووسی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیارە. کوردستان هەر لە سەرەتاوە نەک هەر ڕووی خۆشی بە حکوومەتی ئیسلامی نیشان نەدا، بەڵکوو بوو بە پێگەیەکی زۆر گرنگ لە دژی ئەو تەوژمە ئیسلامییە ئێرانی و ناوچەییە و کوردستان ڕێک بە پێچەوانەی «شۆڕشی ئیسلامی» هەڵوێستی گرت. ئەگەر بە ڕابردوودا دەچینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان لە دژوارترین ساڵەکاندا و بە کەمترین ئامادەیی و ئیمکانات و بەبێ بوونی دۆست و پشتیوانیی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ڕاوەستاوە و بە ڕاستی مێژوویەکی پڕ شانازی و بەنرخی بۆ خۆی تۆمار کردووە. ڕژێم هەر زۆر زوو پاش بەدەسەڵات گەیشتنی، هێرشی هێنا بۆ سرینەوەی نەتەوەی کورد و بۆ کپکردنی دەنگی ڕەوای دژی دزینی شۆڕشی جەماوەری و کردنی بە شۆڕشی ئیسلامی؛ لەشکر لەشکر هێزی ڕەوانەی کوردستان کرد، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین ڕێک بەپێچەوانەی خواست و لەشکرکێشیی ڕژێمە. پانتایی چالاکیی بزووتنەوەی کوردستان زۆر بەرینترە؛ بزووتنەوە مەدەنییەکان لە ئاستێکی بەرز و پڕ ئەزموونداں؛ بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، ناسنامەخوازیی نەتەوەی کورد، ئاستی چاوەڕوانییەکانی و داخوازییەکانی لە مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بێوێنەیە.

هەر بۆیە بزووتنەوەی کوردستان چاوەڕوانیی دەرەکیی نەبووە؛ هێزە

کۆمەڵایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستان ئەو هێزە بزوێنەرەن کە شۆڕشی کوردستان بەرەوپێش دەبەن. بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی و ناوەندە سیاسییە ڕێکخراوەکانی کورد، کەمتەرخەمن لە ئاست گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا. یەکێک لەو خاڵە لاوازانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ئەوەیە کە لەم ٤٧ ساڵەدا، بەپێی قورسایی بزووتنەوەکە، گەورەیی خەباتەکە و ڕادەی خۆڕاگری و تێکۆشانی بزووتنەوەکە، کەمتر لە دەرەوەی وڵات لە ناوەندە جیهانییەکان و لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا ناسراوە و جێگەی خۆی کردووەتەوە.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕووداوە ناوچەیی و لۆکاڵییەکان نەیانتوانیوە و ناتوانن خۆیان لە ژێر کاریگەریی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە جیهانییەکاندا دەربازبکەن. شۆڕشەگەورەکان کاتێک سەرکەوتوون یان ڕوویان داوە کە هەلومەرجی جیهانییان بۆ ڕەخسابێت. کۆماری کوردستان کاتێک سەری هەڵدا کە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لە ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانی، ئەو هەلەی بۆ ڕەخساند (دیارە بە پشتبەستن بە هێزی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەی خۆی)؛ شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور کاتێک پەرەی سەند کە گۆڕانکارییەکانی عێراق دەرفەتیان بۆ ڕەخساند؛ ڕۆژئاوای کوردستان دوا نموونەیەتی؛ بەبێ بەهاری عەرەبی و لاوازبوونی دەسەڵاتی دیمەشق و دواتر ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبەر، زەحمەت بوو ڕۆژئاوا بتوانێت خۆی ڕابگرێت. مافی ڕوونی بزووتنەوەی کوردستان، مافی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کە بۆ بەهێزکردنی لە هەموو بوارەکاندا هەوڵ بدات بۆ ناسینی ژیرانەی گۆڕانکارییەکان و شڕۆڤەی ڕۆژانەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان. بەستنی هاوپەیمانی و ڕاکێشانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد، ئەرکێکە کە حیزبەکان بەتایبەت دەبێت بیکەنە بەشێکی سەرەکی لە کاری خۆیان. لە ئەمڕۆی جیهاندا بەتایبەت بزووتنەوەی کوردستان، پێویستیی حاشاهەڵنەگری بە پەیوەندیی زۆر زۆر بەرین و گەورە هەیە لەگەڵ دونیای دەرەوە. هاوکات زۆر گرنگە بزانین بزووتنەوەیەکی ڕزگاریبەخش هەرگیز نابێت ئەوەندە قورساییی خۆی بخاتە سەر یارمەتی و پشتیوانیی دەرەکی، کە کاتێک ئەوان لە پشتیوانی کشانەوە، بزووتنەوەکە بکەوێتە سەر چۆک.

شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل گورزێکی گەورەی سەربازی، سیاسی و ئابووریی لە ڕژێمی ئێران دا. تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکانی ئێران، چڕتربوونەوەی گوشارەکانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، خستنە ناو لیستی تیرۆری سوپای پاسداران لە ژمارەیەک وڵاتی وەک ئوستراليا، قووڵتربوونەوەی قەیرانە ئابووری-سیاسییەکانی ئێران، قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژێم و تۆخبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو باڵەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران؛ هەموو نیشانەکانی قۆناغێکی سیاسیی نوێ لە ناوچەکە و ئێراندا. ئێوە چۆن ماملەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە سیاسییە دەکەن؟ پرسیارێک هەیە ئاخۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ سیاستێکی نوێیان بۆ ئەم قۆناغە تازەیە هەیە، یان هێشتا چاوەڕوانی گۆڕانکاریی زیاتربن بۆ ئەوەی سیاستێکی نوێ بگرنە بەر؟



لەم باسەدا، ئەوەی بۆ حیزبێکی کوردستانی گرنگە، خوێندنەوەی دەرفەت لەناو جەرگەی قەیراندایە. ئەو زەبرە سەربازی و سیاسییەی لە حکوومەت کەوتووە، دەتوانێت لە دریژەی خۆیدا ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توانای سەرکوت. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، لە داهاتوودا ئەگەری هەوڵی حکوومەت بۆ کۆنترۆڵی ناوەند، دەتوانێت تا ڕادەیەک بۆشایی هێزی سەرکوت لە کوردستانی بەدواوە بێت. لە دۆخی ئەمڕۆدا کە مەودای نێوان «دەسەلات» و «کۆمەڵگە» گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی، سیاسەتی ئەمڕۆ نابێت چاوەڕوانی بێت و وەکوو بینەرێک تەنها سەیری ڕووداوەکان بکەین، بەڵکوو دەبێت تۆکمەتر و زیاتر لە جاران و بەوپەڕی توانەاوە، ئامادەکاری بۆ ڕێکخستنی نارەزایەتییە مەدەنییەکان و گۆڕینی فاکتەری قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژێم بۆ بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی جەماوەریی بەرین بکەین.

لەم ڕێگەیەدا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان جیا لە هەوڵەکانی ناوخۆی وەکوو حیزب، بانگەوازی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانی کردووە و هەوڵی داوە ئەو لێک نزیکبوونەوەیە بگاتە ئاکام، بۆ ئەوەی ئالتەرناتیڤێکی بەهێز بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو بین. هاوکات ئامادەین هاوکاریی ئەو هێزانەی دەرەوەی کوردستان بکەین کە دیموکراسیخواز و ئازادیخوازن و نەتەوەی کورد و مافەکانی بە ڕەسمی دەناسن. ئەوەی یەکێتیی ئەورووپا و ئوستراليا سوپای تیرۆریستیی پاسدارانیان خستووەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، دەتوانێت دەرگایەکی نوێ بەڕووی بزووتنەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستان و حیزبەکانیدا بکاتەوە، کە بە دریژایی تەمەنی ئەو هێزە دژی ڕاوەستاون.

پرسیاری سەرەکی بەڵام هێشتا ئەوەیە: ئایا حیزبەکانی کوردستان چاوەڕوان دەبن یان دەستپێشخەر؟ میژوو دەری خستووە کە «چاوەڕوانیی پەتی» کوشندەیە. ئێمە نابێت تەنها چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکانی تاران بین، بەڵکوو پێویستە بە یەکگرتوویی خۆمان و لە ڕێگەی بەهێزکردنی ناوەندە مەدەنییەکان، ڕێکخراوەکانی کرێکاران، ژنان و لاوان لە ناوخۆی ڕۆژهەلاتی وڵات، خۆمان وەکوو ڕاستییەکی سیاسی و ئالتەرناتیڤێکی پێشکەوتوو و ئازادیخواز بسەلمێنین، کە دەتوانێت پشتگیریی جیهانیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. ئەم قۆناغە، قۆناغی تێپەڕینە لە «دۆخی چاوەڕوانی» بۆ «دۆخی ئامادەکاریی تەواو». ڕژێمێک کە لە دەرەوە زەبری گەورەی لێ دەدرێت و لە ناوەوە مەشرووعییەتی نەماوە، دەکرێت لە ڕێگەی هێزی یەکگرتووی جەماوەرەوە ڕاماڵدرێت.

بزووتنەوەی ژینا بووە هۆی ئەوەی ڕیزبەندییە سیاسییەکان لەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەک تۆختر لە جاران، بەڵکوو گرژتریش ببێتەوە. حیزبەکەی ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕیزبەندییانەدا دەکات و خۆی لە کام بەردا دەبینێتەوە؟ ئەو بەرەیە تا چەند لەگەڵ پرسی کورد لە ئێران و دروشم و داخوازییە سیاسییەکانی ئێوە یەک دەگرێتەوە؟



ڕاستە، شۆڕشی ژینا جۆرێکی نوێ لە ڕیزبەندی و سنووربەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هێنایە

گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان و ئێران. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەبارەت بە ڕیزبەندیی سیاسی لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، سیاستی ڕوون و ڕاگەیەندراوی هەیە. پەرنسیپی ئێمە ئەمەیە: «ئێمە ناچینە هیچ ئیئتلافێک مادام مافی نەتەوایەتیی کورد بە ڕەسمی نەناسرابێت و دان بە چارەسەری ستەمی نەتەوایەتیی سەر کوردستان بە ڕوونی و بەپێی ویستی خەڵکی کوردستاندا نەنرێت.» بزووتنەوەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دەبێت بە ڕوونی هەڵوێست و سیاستی خۆیان ڕابگەیەنن و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنن. بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانی نابێت چاوەڕوانی ئەوە بن کە لە «ئێرانەوە»، لە «ناوەندەوە» بڕیاریان بۆ دەرچێت و «بەشیان» بدرێت.

کوردستان دەتوانێت لە ڕیزبەندیی سیاسی و چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕەکان لە ئێراندا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە، قایم و کاریگەر و بەرچاو ببینێت، کە بە هاوپەیمانی دەکرێت و قورسایی کورد بە هاوپەیمانی دەپارێزرێت؛ ئەگینا هەر حیزبێک شوێن هاوپەیمانیی «سەراسەریی» خۆی دەکەوێت و بەم جۆرە نیشانی دەدەین کە هیچ دەرسێک لە مێژوو وەرناگرین. هاوپەیمانییەکی بەهێز و یەکگرتوو دەتوانێت پشتیوانیی نەتەوەکانی دیکە و کۆمەڵگەی مەدەنی، کرێکاران و ژنان بەدەست بێنێت و ببێتە گەورەترین و بەهێزترین ڕیزبەندی و ئیئتلافی سیاسی، کە لە ناوندەوە ڕێگە نەدات کارەساتەکانی ڕابردوو (لە قۆناغەکانی دامەزراندنی ڕژێمی پاشایەتی و پاشان هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی) دووپات بکرێتەوە.


حیزبی ئێمە هەڵوێست و ستراتیژیی زۆر ڕوونی سەبارەت بە هەر جۆرە هاوکاری و هاوپەیمانییەک هەیە. ئێمە زۆر ڕاشکاوانە ڕامانگەیاندووە تەنها لە بەرەیەکدا دەبین کە ناوەندگەرا نەبێت و بێئەملاوئەولا مافی نەتەوەکان و بەدیاریکراوی نەتەوەی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی، بە ڕەسمی بناسێت. لایەنگران و خوازیارانی سیستەمی تاکەکەسی و نادیموکراتیک، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن هاوکار و هاوپەیمانی ئێمە بن. پابەندبوون بە سێکیولاریزم و دیموکراسی دوو مەرجی دیکەن کە دیاری دەکەن ئێمە لە کام بەرە و لەگەڵ کام ڕەوتی سیاسی دەتوانین هاوپەیمان ببین.

دوای شۆڕشی ژینا، ئۆپۆزیسیۆن بوو بە دوو جەمسەری سەرەکی: بەرەی نەتەوەیی-ناوەندگەرای تووندڕەو؛ کە زۆرینەیان لە دەوری دروشمی «یەکپارچەیی سەرزەمینی» کۆبوونەتەوە، بە زەبری پارە و بە پشتبەستن بە چەند کەناڵی ڕاگەیاندن زەق کراونەتەوە و زیاتر لە هێزی ڕاستەقینەیان خۆیان دەردەخەن و مافی نەتەوەکان بە مەترسی بۆ سەر «ئێرانی مەزن» دەبینن. دووەم، بەرەی دیموکراسیخواز و پێشکەوتوو؛ کە پێیان وایە دیموکراسی لە ئێران بەبێ چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی تر نایەتە دی. دیارە بەداخەوە ئەم بەرەیە نایەکگرتوو و لاوازە.

بە کورتی سیاستەتی ڕوونی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەوەیە کە: «مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردستان هێڵی سوورە». ئێمە ئامادەی گفتوگۆ و هاوکاری لەگەڵ هەر هێزێکین، بەو مەرجەی دان بە «کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و یەکەیەکی نەتەوەیی» و «مافە نەتەوەییەکان»یدا بنێت.

ئەوەی ئەمڕۆ تا ڕادەیەک جێگەی مەترسییە بۆ کۆمەڵگە و بزووتنەوەی کوردستان، سەرهەڵدانەوەی گوتارێکی شۆڤێنیستییە لەناو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، کە دەیانەوێت شۆڕشی ژینا لە مانا ڕاستەقینەکەی (کە «ژن، ژیان، ئازادی» بوو و لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد) خاڵی بکەنەوە. کۆمەڵە لێرەدا بەرگریکاری ناسنامە و ناوەرۆکی شۆڕشەکەیە و کار بۆ ئەوە دەکات کە مافی کورد لە ژێر ناوی «دروشمە گشتییەکان»دا ون نەبێت. ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەم قۆناغەدا بەتەمایە و کاری بۆ دەکات، دەرخستنی کوردستان و بەرەیەک لە نێو حیزبە سیاسییەکانی، وەکوو جەمسەرێکی هاوپەیمانیی نوێیە کە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆکردنەوەی هەموو لایەنە دیموکرات و ئازادیخوازەکانی دژی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی کوردستاندا ببینێت.

ڕێگا: *گۆڕانکارییەکی بەرچاوی دیکە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا، خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان و پرۆسە سیاسییە نوێیەکانی نێوان ئەم ڕێکخراوەیە و دەوڵەتی تورکیا بووە. لەبەر ئەوەی پرسی کوردستان پرسێکی لێک گرێدراوە و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەر پارچەیەک لە کوردستان کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکە دادەنێن، پێتانوایە کە ئەم قۆناغە نوێیە سیاسییەی باکووری کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت؟*



لە ڕوانگەی ئێمەوە وەکوو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پرسی کورد لە هەموو کوردستان، سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی هەر بەشێک، لە ڕاستیدا یەک مەسەلەیە؛ بۆیە چارەنووسی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی گرنگە و کاریگەریی دۆخی پرسی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان لەسەر بەشەکانی دیکە دەبینین و هەوڵ دەدەین یارمەتیدەر و هاوکاری خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بین بۆ گەیشتن بە مافەکانیان. هاوکات خەڵکی دانیشتووی هەر بەشێک بە خاوەن ماف و سەروەریی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان دەزانین و ڕێز لە ئیرادەیان دەگرین.

کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی هەر بەشێکی کوردستان لەسەر بەشەکانی دیکە حاشاهەڵنەگرە. باکووری وڵات وەکوو گەورەترین بەشی وڵات، خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژی خەباتە و پارتی کرێکارانی کوردستان ئەکتەری سەرەکیی ئەو مەیدانە بووە؛ بۆیە هەر ئاڵوگۆڕێک کاریگەریی لەسەر هەموو بەشەکان دەبێت. ئەوەی لێرە گرنگە سەرنجی بدرێتێ، ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە سەرەتایەکە و هێشتا ئاکامەکەی دەرنەکەوتووە. هەنگاوەکانی داهاتووی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا چارەنووسی ئەم پرۆسەیە دیاری دەکەن. ئەو کات کاریگەرییەکانی ئەو پرۆسەیە لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش زیاتر دەردەکەوێت. ئەوەی ئەمڕۆ دەوترێت و ئەو لێکدانەوەیەی ئێستا دەکرێت، بەپێی ئەو سەرەتایەیە و بەپێی دۆخی ئەمڕۆ و داهاتوویەکی ناڕوونە کە ئەو پرۆسەیە هەیەتی. دەزانین کە دەوڵەتی تورکیا پێشتریش هەوڵی لەم جۆرەی

لەبـــار بردووە و ئامادە نەبـــووە دان بە مافی کورد وەکـــوو نەتەوەیەکـــدا بنێت.

بەو ســـەرەتایەوە، ئەوەندەی دەگەڕێتەوە ســـەر ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، لە چەند ئاســـتێکدا دەتوانین باس لە کاریگەرییەکان بکەین. یەکەمیان: کاریگەریـــی ئەو بڕیارە لەســـەر پژاکـــە، کـــە وەکـــوو حیزبێک کە ســـەرچاوە هزرییەکەی بیـــری بەڕێز ئۆجەلان و پەکەکەـــیە، بە دڵنیاییەوە ئەو بڕیارە کاریگەریی ڕاســـتەوخۆی لەسەریان دەبێت و لـــەو ڕێگەیـــەوە کاریگەرییەکە دەگوازرێتـــەوە بـــۆ ڕۆژهەڵاتـــی وڵات و خەباتەکەشـــی. دووەم: کاریگەری لەســـەر حکوومەتـــی ئێرانـــە. کۆمـــاری ئیسلامی وەکوو یەکێک لە داگیرکارانی کوردســـتان، هـــەر ئاڵۆگۆڕێک لە کوردســـتان بەلایەوە گرنگـــە و ئەگـــەر بێـــت و ڕەوتـــی ئەو پرۆســـەیە بەرەو چارەســـەری مەسەلەی کـــورد لە باکـــووری وڵات بـــڕوات، ئەمە دەبێتە گوشـــارێکی زیاتر لەسەر حکوومەتی ئێـــران و وەرەی خەباتکارانە و هیوای ڕزگاری لـــە ڕۆژهەڵاتـــی وڵات بەهێزتـــر دەبێت. هاوکات بە دڵنیاییـــەوە کۆماری ئیسلامی پیلانگێـــڕی دەکات بـــۆ ئـــەوەی بە هەر شـــێوەیەک بۆی دەکرێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێـــت و ئەمـــەش ئاســـەواری خۆی لەســـەر خەباتی ڕۆژهـــەڵات دەبێت.

تەوەری دووەم:
پلان و بەرنامەکانی ئێستا

سااڵنێکی زۆرە کۆمەڵگەی کوردستان چاوەڕوانیی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی هاوبەشی سیاســـی لە نێوان هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانە. لـــە ناوەڕاســـتی بزووتنـــەوەی ژینادا ناوەنـــدی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کردەوە لـــە کار کەوت. پێیتان وایە بـــە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییـــە ئایدیۆلۆژیـــک و سیاســـییەکان، ئیمکانی پێکهێنانی بەرەیـــەک یان ناوەندێکی کاری سیاســـیی هاوبەش لە نێـــوان ئەم هێزە سیاســـییە جیاوازانەی کوردستاندا هەیە؟ چەند مانگێکە بـــاس لە ناوەندی دیالـــۆگ دەکرێت. وێدەچێت تا ئێســـتا ئەم ناوەندە هێشـــتا هەر لە سەروبەندی ساخبوونەوەدابێت و بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتبێت. گەورەترین بەربەستەکان بـــۆ پێکهێنانی بەرەیـــەک یـــان ناوەندێکی کاری هاوبـــەش لـــە نێوان هێزە سیاســـییە کوردییەکانـــی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا چین؟ بـــە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانـــی ڕابردووی کاری هاوبـــەش لە نێـــوان ئـــەم هێزانەدا، چ میکانیزمگەلێـــک دەتوانن پێش بە لاوازییەکانی ئەزموونەکانی ڕابـــردووی کاری هاوبەش بگرن؟



لە ڕوانگەی ئێمـــەوە هەندێک ڕێگـــر هەن کـــە ئامـــاژە بە ســـەرەکیترینەکانیان دەکەم: دروســـتبوونی جۆرێـــک لە جەمســـەربەندی و پۆلاریزاســـیۆن لە ناو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کاریگەریـــی نەرێنیی لەســـەر پرســـی یەکگرتوویی هەبووە. جەمســـەرەکان و لە ئاســـتێکی خوارووتردا لایەنـــەکان، نەک هەر لەبـــەر جیاوازیی ڕوانیـــن، بەڵکوو لە ئیدعایان بۆ باڵادەســـتی لـــە هەژموونیی شـــەقامی ڕۆژهەڵاتدا تووشـــی جۆرێک لە ململانێ و ئاستێک لە بیرکردنەوە لە ڕادەی پێویســـتبوونی هـــاوکاری دەکەنەوە، کە لە قازانجی یەکگرتوویـــی و هاوکاری نابێت. لە ڕاستیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتەکە پێویســـتی بە هەموو هێزی خۆی و هەموو چالاکان و خەباتکارانـــی هەیە؛ تەنانەت لە حاڵەتێکـــدا کە لایەن یان جەمســـەرێک

بزانێت له کوردستان بااڵدەستە، نابێت خۆی لە هاوکاری و یەکگرتوویی کە ویستی نەتەوەی کورد و پێویستیی خەباتی کوردستانە، بپارێزێت. هاوکات هەندێک پەیوەندیی هەرێمی هەن کە کاریگەریی نەباشیان لەسەر هاوکاری و یەکگرتوویی هەبووە، کە ئەمیش دیسان دەچێتە خانەی جەمسەربەندییەکانەوە.

لە بەشی دەرفەتەکاندا و ئایا هێشتا دەکرێت یەکگرتوویەک ساز بکرێت، پێم وایە هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێویستییەکە لەبەر دۆخی رۆژهەاڵتی کوردستان و ئێران لە ئاستێکی بەرزتردا هەیە، دەرفەتەکەش لە دەست نەچووە و هەیە. لە الیەک بزووتنەوەی کوردستان و خەڵک و شەقامی کوردستان ئەوە دەخوازێت و لە سااڵنی رابردوودا بینیومانە کە شەقام چۆن لە کاتی هاوکاری و هاوەنگیی حیزبەکاندا یەکگرتوو بە پیری بانگەوازەکانیانەوە چووە؛ مانگرتنە میژوویییەکانی رۆژهەاڵت کە دوا نموونەی ١٨ی بەفرانباری ئەمسااڵ بوو کە نزیکەی هەموو رۆژهەاڵتی کوردستانی گرتەوە.

بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە ئاستێک لە داخوازیی گشتی هەیە کە حیزبەکان دەبێت لەسەر ئەو داخوازییانە هاوکاری و یەکگرتوویی خۆیان دابمەزرێنن: نەمانی کۆماری ئیسالمی، سەروەریی نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەاڵیەتییەکان، چارەسەری ستەمی ڕەگەزی و هتد، لەو خاااڵنەن کە نزیکەی هەموو حیزبەکانی رۆژهەاڵت لەسەریان ساغن. ئەمانە دەتوانن ببنە هەوێنی ئەو یەکگرتوویە. ملمالنێ حیزبییەکان دواتر و لە سندوقەکانی دەنگدانەدا دەتوانن وەاڵمی خۆیان وەرگرنەوە.

بۆ بەرگرتن بە دووپاتبوونەوەی بەشە ناسەرکەوتووەکانی ئەزموونەکانی ڕابردوو، دەکرێت چەند ڕێکارێک بگرینە بەر. وەکوو پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کارکردن لەسەر ئەوەی پێی دەوترێت Mini-mum Consensus Model، واتە کۆدەنگی لەسەر الینیکەمێک کە خواستی گشتیی خەڵکی کوردستانە. بە دامەزراوەییکردنی بڕیار و ڕێککەوتن، بابەتێکی گرنگی دیکەیە کە دەتوانێت گەرەنتیی پابەندبوونی هەمووان بە بڕیارە گشتییەکانی ناوەند یان بەرەیەکی کوردستانی بێت؛ تا کاتێک کە پەیوەندییەکان لە ئاستی تاکەکەسی و بابەتی کەسیدا بمێنێتەوە، ڕیسکی سەرنەکەوتن زیاترە. هاوکات لەبەر ئەوەی چارەنووسی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بابەتێکی گشتییە، ئاگاداربوونی ڕای گشتی لە ڕێککەوتنەکان و باسەکان زۆر گرنگە؛ ئەگەر هەموو باسەکان بە ڕوونی ڕوو بە کۆمەڵگەی کوردستان بکرێن و هەڵوێستی هەموو حیزبەکان لەسەر بابەتەکان بە ئاگاداریی ڕای گشتی بگات، تاکەڕەوی و بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی حیزبی، کۆنترۆڵکراو دەبێت و الیەن و حیزبەکان لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا بەرپرسانەتر هەڵسوکەوت دەکەن و دەبێت بەرپرسیارێتیی هەڵوێستەکانیان بگرنە ئەستۆ.

بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەاڵتی کوردستان لە الیەنی جیاواز پێک دێت، بۆ نموونە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان، ڕووناکبیر و ئەکادیمیسیانە بێالیەنەکان و هتد. ئاخۆ پەیوەندییەکی دوواڵیەنە و بنیادنەر لە نێوان ئەم پێکهاتە جیاوازانەی بزووتنەوەی کوردستاندا هەیە؟ یان

هـــەر لایەنێک وەک دوورگەیەکـــی لێک دابڕاو خەریکـــی کاری خۆیەتی؟



پەیوەندیـــی حیزبـــەکان و کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی، پەیوەندییەکی ئاڵۆزە. سالانێکی زۆرە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە ئاســـتێکی بەرزدا چالاکیی ڕێکخـــراوە مەدەنییەکانی تێدا بـــەدی دەکرێت و ئەمـــە زیندووبوون و پێشکەوتووبوونی ڕۆژهەڵاتی وڵات دەردەخات؛ ئەم بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵگەی کوردســـتانییان ڕێکخراوتـــر، مۆدێرنتـــر، سیاســـیتر و لێکئاڵاوتر کـــردووە.

ئەوەی پێویســـتە حیزبەکانی کوردستان لەبەرچـــاوی بگـــرن، ئەوەیـــە کـــە ئەم بزووتنەوانە نابێت بکرێنە تریبۆنی پروپاگەندەی حیزبی و ســـەربەخۆییان لێ بستێندرێتەوە. لـــە ڕاســـتیدا ئەگـــەر ئـــەو بزووتنەوانە بەحیزبـــی بکرێن، لە ئەرکـــی خۆیان بەتاڵ دەکرێنەوە و کاریگەریی خۆیان لە دەســـت دەدەن و دەبنـــە بەشـــێک لـــە حیزب؛ لە حاڵێکدا ئۆرگانەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەیی لەو بابەتە، بە ســـەربەخۆبوونیانە کـــە دەتوانن ببنـــە ئامرازێکـــی گرنگ بۆ پاراســـتنی ئازادییەکان و مافەکانی خەڵک و ڕێگە لە ســـەرەڕۆیی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی بگرن.


هەرچەند ئەو ڕاســـتییە ناتوانین لەبیر بکەین کـــە بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردســـتان لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاســـیی گشتیدان. لە مێژووی کاری جەماوەریدا، کۆمەڵە جێگەیەکی دیار و بەرچاوی هەیە و دەوری حاشـــاڵێنەکراوی لـــە بەهێزکردنی ڕێکخـــراوە جەماوەری و مەدەنییەکان و بنەمـــای فیکریی بوونی ئەو جۆرە ڕێکخراوانەدا هەبوو کـــە لە بنەڕەتدا لە بیری چەپـــەوە هەڵقـــوڵاون. ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی و پەیوەندیـــی خەباتکارانـــە و مافخوازانەیـــان، دەوڕێکی گرنگیان لە پێشـــکەوتن و ســـەرکەوتنی بزووتنەوەی گشـــتیدا هەیە.

ڕووناکبیران و ئەکادیمیســـیانەکان لە ناوخـــۆ و دەرەوەی وڵات چالاکییان زۆرە و بەرهەمی باشـــیان بووە کـــە بزووتنەوەی کوردســـتان ســـوودی لێ بینیـــوە، بەڵام کاریگەرییـــان لەســـەر بڕیاری سیاســـی لاواز بوو. لـــە ڕاســـتیدا پەیوەندیی نێوان ڕۆشـــنبیران و سیاســـەت، پاراســـتنی هاوســـەنگیی نێوان دەســـەڵات و ڕاستییە. لێـــرەدا حیزبـــەکان دەبێـــت ڕێـــز لە سەربەخۆیی زانســـت، لێکۆڵینەوە و کاری ڕووناکبیـــران بگـــرن؛ کارەکانیـــان بکەنە بنەما بۆ دارشـــتنی سیاســـەت و شێوەی کاری حیزبـــی و هەوڵ بـــدەن یارمەتیدەر و پشـــتیوانیان بن بەبێ ئـــەوەی بیانەوێت وەکوو کەســـی حیزبـــی و بـــۆ تەئیدی خۆیان بەکاریـــان بێنن.

خاڵێکـــی گرنگـــی دیکە کـــە ئەرکی حیزبە سیاســـییەکانە ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەکادیمیسیەنە ســـەربەخۆکان وەکوو دژایەتی و دوژمنایەتـــی نەبینن، بەڵکوو گوێبیســـتی بـــن و هـــەوڵ بۆ ئـــەوە بـــدەن بیکەنە بنەمایەک بۆ چاکســـازی لە سیاســـەت و لـــە کاری حیزبیی خۆیانـــدا. بەداخەوە زۆر جـــار ڕووناکبیـــران تەنیا کاتێـــک بانگ دەکرێـــن کـــە حیزبێک پێویســـتی بە شـــەرعییەت یان وتارێکی «جوان» هەبێت بۆ کۆنفرانســـەکانی. لە لایەکـــی دیکەوە، ئەکادیمیســـیەنەکان و ڕۆشنبیران پێویستە زانســـتییانە و بەبێ هەستکردن بە قورسایی

ئایدیۆلۆژیک کار بکەن؛ ئاکامی لێکۆڵینەوە و کارە زانستییەکانیان بەبێ ئەوەی بیرورای تاکەکەسیی خۆیانی تێکەڵ بکەن، ڕابگەیەنن؛ بەرهەم و کەسایەتییەکەیان لە خزمەت بزووتنەوە و بەرژەوەندییە گشتییەکەدا بێت نەک کەسایەتی یان لایەنێکی دیاریکراو؛ گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە کە وەکوو ڕەخنەگرێکی دڵسۆز لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی حیزبی سیاسی بڕوانن.

ئاسۆ *پرسی ستەم و نایەکسانیی جێندەری پرسێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لە کوردستان ژنان هەم لە لایەن پێکهاتە یاسایی، سیاسی و ئابوورییەکانی ڕژێمی ئێرانەوە دەچەوسێنەوە و هەم کولتووری کۆمەڵگەی کوردستان کولتوورێکی پیاوسالارە. ژنانی کوردستان هەوڵ و خەباتێکی زۆریان بۆ سەرپێنەوەی ئەو ستەمە و گەیشتن بە یەکسانیی جێندەری داوە. حیزبەکەی ئێوە چ بەرنامەیەکی واقیعی و کردارەکی بۆ ستەم و نایەکسانیی جێندەری هەیە و چۆن ڕووبەڕووی ئەو پرسە بووەتەوە؟*



لە ڕوانگەی ئێمەوە «ئینسان» بناغەی ڕوانینە؛ واتە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ڕەگەزی بایۆلۆژی و مەیلی ڕەگەزی، هەموو تاکەکان خاوەن مافی یەکسانن. کۆمەڵە ستەمی سەر ژنان و کەمینە ڕەگەزییەکان وەک دەرهاویشتەی سێ هۆکار دەبینێت: یەکەمیان سیستەمی باوک/پیاوسالارە کە ژێرخانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەو ستەمەیە؛ دووەمیان سیستەمی سەرمایەداریی کە قازانجپەرەستانە ئەو ستەمە درێژ دەکاتەوە و بەرهەمی دێنێتەوە؛ سێیەم ئایینە، کە وەکوو ئامرازێک بۆ ڕەواییدان بە ستەمی ڕەگەزی لە لایەن دەسەڵاتەوە بەکار دەبرێت.

ستەمی ڕەگەزی سەرەڕای ئەوەی دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام لە هەر شوێنێک، لەوانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەپێی دۆخی وڵاتەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئاستەکەشی جیاوازە؛ بۆیە ئێمە پێمان وایە دەبێت دۆخی وڵاتی خۆمان بناسین و چارەسەری گونجاو لەگەڵ ئەو دۆخە تایبەتەدا بدۆزینەوە. بۆ نموونە: یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی کوردستان کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر قووڵتربوونی ستەمەکان هەیە، داگیرکراوبوونی کوردستانە.

کۆمەڵە بە شێوەی مێژوویی، کاری فیکری و کردەیی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ نایەکسانیی ڕەگەزی کاری کردووە و مافی ژن و ناوی کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوی یەک بوون. ڕێگەخۆشکردن بۆ ژنانی خەباتکاری کوردستان بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەدا بەشدار بن، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو کە خەباتی ژنان و پلە و پێگەیانی لە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان بۆ هەمیشە گۆڕی. ئەمڕۆش خەبات بۆ نەمانی ستەمی ڕەگەزی، ئەجێندایەکی سەرەکیی کاری کۆمەڵەیە و پێمان وایە کوردستان تا کاتێک یەکسانیی تێدا دەستەبەر نەبێت، بە تەواوەتی ڕزگار نەبووە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، دوا کۆنگرەی خۆی واتە کۆنگرەی ١٤ی بە «کۆنگرەی ژن، ژیان، ئازادی» نالو لێ ناوە و ئەمە قووڵبوونەی بیری یەکسانیخوازانە لە ناو کۆمەڵدا دەردەخات، کە ئەو دروشمە وەکوو سیمبولێک کە بە تونەی گرێدراوی ئازادیی ژنانە بۆ ناوی کۆنگرەی خۆی هەڵدەبژێرێت.

بۆ قۆناغی دوای رزگاریی کوردستان، کۆمەڵە پلان و بەرنامەی دیاری هەیە کە لە بەرنامەی سیاسیی ئێمەدا هاتووە. ئەم پلانە لە ئاستی پەروەردە و یاسا و هەروەها بۆ رێگرتن لە بیری دواکەوتوو بۆ لەمپەردانان لە رێگەی ژناندا دارێژراوە. هاوکات پێمان وایە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان پلانێکی تۆکمەی دریژخایەنی هەبێت بۆ یارمەتیدانی ئەو ژنانەی کە لە سایەی سیستەمی پیاوسالاریدا خەسار و ئازاریان چەشتووە و هەروەها بۆ رێخۆشکردن بۆ گەیشتن بە یەکسانی. بە کورتی، کۆمەڵە پرسی ژن لە پرسە نەتەوەیی و چینایەتییەکان جیا ناکاتەوە و پێی وایە ئەم ستەمانە «لێکدراو»ن (Intersectional). هاوکات ئێمە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» وەک بەڵگەیەکی زیندوو دەبینین کە دەری دەخات کۆمەڵگەی کوردستان ئامادەیی بۆ ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە هەیە.

تێشک *لەم سالانەی رابردوودا ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو لە گەشە بووە و چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان هەوڵیان داوە داخوازییە جیاوازەکانی خۆیان – بۆ نموونە پرسە جێندەرییەکان، پرسی ژینگە و پرسی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی – لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا جومگەبەندی بکەن. چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم دۆخە هەیە و بۆچوونی رێکخراوەکەی ئێوە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی چییە؟*



لە سالانی رابردوودا تا هاتووە رۆشنبیریی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەشەی کردووە. واتە خەڵک زیاتر وشیار بوونەتەوە و مانای مافخوازی قووڵتر چووەتە نێو کۆمەڵگاوە. ئەمرۆ زۆرن ئەو کوردانەی بڕوایان بە داگیرکراوبوونی کوردستانە و بە مافی خۆیان دەزانن سەروەریی سیاسییان بەسەر وڵاتی خۆیاندا هەبێت. سالانێکی دوورودرێژ، داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان دا. لە رۆژهەڵاتدا بە شێوەی دیار هەوڵ بۆ جێگیرکردنی ئەو ڕوانینە کە دانیشتووانی ئێران یەک نەتەوەن، هەم لە لایەن دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم حکوومەتی ئیسلامییەوە کاری زۆری بۆ کرا. سازکردنی نەتەوەیەکی ساختە لەسەر بنەمای زمانی فارسی و مەزهەبی شیعە، ئامانجی تواندنەوەی نەتەوەکان و دابەزاندنیان بوو بۆ ئاستی قەوم و بەشێک لە «نەتەوەی مەزن»ی ئێران؛ سەرکوت و هێرش بۆ سەر هەر تاک و لایەنێک کە ئەو ناسنامە ساختەیە قبوڵ ناکات، مێژووی زیاتر لە سەد سالی ڕابردووی دەسەڵات لە ئێرانە.

ئەمرۆکە کوردستان هەم لەباری جوگرافییەوە خەریکە دەچێتە سەر سنووری ڕاستەقینەکانی خۆی و ئەو بەشانەی سالانێک هەوڵی دابڕانیان

لـــه کوردســـتان دراو، بوونەتە ســـەنگەری ئاوەدانیی شۆڕشـــی کوردستان؛ هەم لەباری ڕۆشـــنبیرییەوە مانای ناسیۆنالیســـتبوون ڕوونتـــر و ناوەڕۆکەکەی پێشـــکەوتووانە و ئینســـانییە. مافخوازیی ئەمـــڕۆی نەتەوەی کورد، نـــەک دژایەتـــی و ڕق بەرامبەر بە نەتەوە و خەڵکی دیکـــە، بەڵکوو دژایەتیی داگیرکـــەران و دەســـەڵاتدارانێکە کە مافی سروشـــتیی چـــارەی خۆنووســـینیان لە کوردســـتان زەوت کردووە.

ناســـیۆنالیزم لـــە بنەڕەتـــدا هەڵگری مەیلێکی گشـــتخوازە و لەســـەر بنەمای جۆرێـــک خۆبەزلزانینـــی نەتەوەیی بنیات نـــراوە و فۆرمێک لە گەرانـــەوە بۆ دواوەی تێدایە. ناســـیۆنالیزم دەتوانێت بیرۆکەیەک بێت کـــە هـــەوڵ دەدات لەنـــاو قووڵایی مێژوودا بەدوای ســـەلماندنی جیاوازبوون و تایبەت بوونـــی خۆیدا بگەڕێـــت و بیکاتە بیانوویـــەک بۆ ســـەپاندنی باڵادەســـتیی خۆی بەســـەر «ئەوانی دیکـــە»دا. نموونەی ئەو ڕوانینـــە لە هەڵگرانی بیـــری «ئێرانی یەکپارچـــە»دا دەبینین، کـــە ئەمڕۆ بووەتە گرفتێـــک لەســـەر ڕێگەی پێشـــکەوتن و ئازادی و دیموکراســـی. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم ڕوانینە لەســـەر بنەمای دابەشـــکردنی مرۆڤ بە «ئێمە»ی باڵادەســـت و «ئەوان»ی ژێردەســـت دامەزراوە و پەنا بۆ ڕابردوویەکی ئەفسانەیی و شکۆمەندییەکی وەهمی دەبات بۆ ئـــەوەی خەڵک کۆ بکاتـــەوە. ئەمەش ڕێگرە لەوەی مـــرۆڤ بە شـــێوەیەکی مۆدێرن و عەقڵانی بیر بکاتەوە، چونکە ســـۆز دەخاتە پێش عەقـــڵ. ئێریک هابســـبام لە کتێبی (The Age of Extremes, 1994) ســـەبارەت بـــە ســـەرهەڵدانی نازیزم و فاشـــیزم لە ئەڵمانیا، باســـی ئـــەوە دەکات کە یەکێک لە فاکتەرە ســـەرەکییەکانی ســـەرهەڵدانی نازیزم، گـــەڕان لە قووڵایـــی مێژوویەکی ونبوودا بـــوو بۆ ئەوەی شـــتێک بدۆزنەوە کە بۆ ناســـاندنی خۆیـــان وەک نەتەوەی هەڵگەوتووی مێژوو، پشـــتی پێ ببەستن.

بەڵام ناســـیۆنالیزمی نـــاو بزووتنەوەی کورد لـــە فۆرمی ناســـیۆنالیزمی نەتەوەی بندەســـت و ڕزگاریخـــوازە و ڕووی لـــە پێشـــکەوتنە. بۆ نەتەوەیەک کە خاکەکەی داگیر کـــراوە، ناســـیۆنالیزم «دواکەوتوویی» نییـــە، بەڵکـــوو تاکـــە کەرەســـتەی «بەرگری»یە. کەواتـــە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئـــەو دوو ناســـیۆنالیزمەدا هەیە و مـــن هـــەوڵ و خەباتی گەلی کـــورد بۆ بەدەستهێنانی ســـەروەری بەسەر خاک و وڵاتـــی و بڕیاردان لە چارەنووســـی خۆی، بـــە ڕەوتێکی مافخـــواز و یەکســـانیخواز پێناســـە دەکەم، کە چـــەپ وەکوو بنەمای فیکـــری و ڕوانینی ئێمە بـــە ئەرکی خۆی دەزانێـــت کاری بۆ بکات. ئێمـــە خوازیاری یەکســـانی و بەرابەری و سڕینەوەی هەموو جۆرە ســـتەمێکین، کەواتە یەکسانیی نێوان نەتەوەکانیش ئەرکی ئێمەیە. بەم شـــێوەیە مـــن بنەمـــای هەوڵدانی نەتـــەوەی کورد بۆ ســـەروەری بەســـەر چارەنووسی خۆیدا، لە چوارچێـــوەی مافخوازیـــی نەتەوەیەکی داگیرکـــراودا پێناســـە دەکـــەم کە هەوڵ دەدات بە شـــێوەی یەکســـان و هاوشان لەگـــەڵ نەتەوەکانی دیکـــە ببینرێت، واتە نـــە کەمتر و نـــە زیاتر.

بـــۆ کۆمەڵـــەی زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان، وەکوو لە بەرنامەی سیاسیی پەســـەندکراوی کۆنگـــرەی ١۴ (کۆنگرەی ژن، ژیان، ئـــازادی)دا هاتـــووە: «بناغەی

خەباتی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو ڕوانینە دامەزراوە کە دەسەڵات بەسەر خاکی کوردستاندا مافی خەڵکی کوردستانە و هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد خۆی بەسەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بکات، نایاسایی و نارەوایە. لە ڕوانگەی ئێمەوە داگیرکراوبوونی کوردستان ڕێگری سەرەکیی سەروەری، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەختەوەریی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانە».

کەواتە داگیرکراوبوونی کوردستان کاریگەریی لەسەر هەموو پرسەکان هەیە و هاوکات کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە شۆڕشی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەرکی خۆی بە هەوڵ بۆ ڕزگاری و بەختەوەریی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان دەزانێت، ئەو بەختەوەرییە لە چوارچێوەی چارەسەریی پرسە سەرەکییەکانی دیکەدا دەبینێت. ئێمە خەڵکی کوردستان بە شیاوی ژیان لە کوردستانێکی سەربەست، دادپەروەرانە و یەکسان و ئازاد دەزانین. ڕزگاربوونی کوردستان لە داگیرکاری، چەترێکی بەرینە کە لە ژێریدا هەوڵ بۆ دابینکردنی ژیانی شیاو بۆ خەڵکی چەوساوە، یەکسانیی ڕەگەزی و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان، ژینگەیەکی پارێزراو کە بە شێوەیەکی دروست بۆ بەختەوەریی خەڵکی کوردستان سوودی لێ وەردەگیرێت و چارەسەرکردنی دەیان پرسی دیکە، دەتوانێت خەڵکی وڵاتی ئێمە بگەیەنێتە ڕزگاری و بەختەوەرییەک کە شیاوین.

شۆڕش *داواکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ فۆرمی خودموختاری، فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێک دێت. بەشێک لەم حیزبانە خۆیان بە ڕێکخراوەی ناسیۆنالیستی دەزانن، لە کاتێکدا حیزب هەیە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات. ئەم ناکۆکییانە لە گوتار و ئایدیۆلۆژیایاندا چ کاریگەرییەکیان لەسەر کاری مەیدانی و یەکگرتوویی نێوان ڕێکخراوەکان دەبێت؟*



جیاوازی لە ڕوانین و بەرنامەی سیاسی بۆ داهاتووی کوردستاندا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە نەتەوەی کورد بۆی هەیە چارەنووسی سیاسیی خۆی لە وڵاتی خۆیدا دیاری بکات. هاوکات بیرمان بێت کە کۆمەڵگە و حیزبەکانی و ڕێگەچارەکانیش، بابەتگەلێکی نەگۆڕ و چەقبەستوو نین و دایمە لە گۆڕان و نوێبوونەوەدان. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان پێشنیار دەکەین، یان پێمان وایە کورد بەو ڕێگەیە بە ڕزگاری دەگات، ئاکامی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ئەمڕۆمانە لە بابەتەکە؛ لەوانەیە لە داهاتوودا لە ئاکامی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو ڕێگەیە ناکارا بێت و وەڵامدەرەوەی دۆخەکە نەبێت، بەڵام ئەوەی نەگۆڕە، خاوەنمافبوونی خەڵکە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیان و وڵاتەکەیان بدەن. بۆیە ناکۆکی لە ڕوانینی سیاسیدا و بوونی چارەسەری جیاواز، تا ئەو کاتەی ئێمە بە مافی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری پابەند

بین، نابێت ببێته ڕێگرمان. کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و مەیل و ویستی جیاوازی تێدایە و ئەمە دەبێت وەکوو خاڵی بەهێز ببینین نەک خاڵی لاواز؛ ئەوەی گرنگە ئەوەیە قبووڵ کەین کە کوردستان بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری، پێویستی بە هێزی هەموو تێکۆشەرانی خۆی هەیە و هیچ گارانتییەک بۆ پلانێکی ئەمڕۆ دارێژراو لە داهاتووی پاش ڕزگاریدا نییە، بەڵکوو دەنگی خەڵک و بڕیاری جەماوەرە کە ئەو یەکلایی دەکاتەوە کە چ چارەسەرێک بۆ وڵاتەکەیان بە شیاو دەزانن. دیارە دیسان ئەو بڕیارەش بڕیارێکی کۆتایی نییە و دەتوانێت گۆڕانی بەسەردا بێت، وەک چۆن لە باشووری کوردستان خەڵک سەرەتا ژیان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیان پێ باش بوو، بەڵام دواتر لە ڕیفراندۆمێکدا زۆرینەیەکی مەزنیان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا.

تەوەری سێیەم:
ئاسۆی گۆڕانکارییەکان و ئاڵنگارییەکان

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دینامیزمی سیاسیی ناوچەکە و کوردستان زۆر خێراتر بووە. ڕووداوەکان زوو ڕوو دەدەن و زۆر کات پێشبینی نەکراون. ئەو لایەنانەی پلانی تۆکمەتر، لۆبیی بەهێزتر و میدیای چالاکتر و هێزی زۆرتریان هەیە، باشتر دەتوانن لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییشدا کەڵک لە گۆڕانکارییەکان وەربگرن و قازانج و ویستەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد بە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان میدیا، لۆبی و پلانێکی لاوازیان بۆ بەرەوپێشچوونی گۆڕانکارییەکان هەیە. لە بەرانبەردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارى کاری ڕێکخراوەیی، هێزی جووڵاندنی شەقام و مەشرووعییەتی مێژوویی لە ئێرانییەکان بەهێزترن. بەڵام ئەو بەهێزییە تەنیا بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ئاستی ئێران و ناوچەکەدا ڕەنگە زۆر کاریگەریی لەسەر قۆستنەوەی دەرفەتەکان نەبێت. بۆیە زۆر کات دەبینرێت وڵاتانی ڕۆژئاواییش بۆ پرسەکانی ئێران و کوردستان لایەنە ئێرانییەکان بە بەردەنگ وەردەگرن. چارەتان بۆ چارەسەریی ئەم گرفتانە چییە؟ ئاخۆ هیچ هەنگاوێکتان بۆ پڕکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی کوردستان بە مەبەستی بەشداریی زیاتر و کاریگەرتر لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە؟



پێویستە سەرەتا دان بەوەدا بنێین کە بەڵێ، ئێمە سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئێستا لە ناوچەکەدا (کە خێراییەکی زیاتریان بە خۆوە بینیوە) تا ڕادەیەک وەدواکەوتوویین و دەبوو زۆر پێش ئەم ڕووداوانە خۆمان لە دەوری بەرەیان پلاتفۆرمێک ڕێک بخستایە بۆ ئەوەی وەک یەکە، زمان و سیاسەتێکی یەکگرتوو بەرەو گۆڕانکارییەکان هەنگاومان هەڵبگرتایە.

هەر لایەنە و خاوەن جۆرێک هێزی میدیاییە و هاوکات لە جێی خۆیەوە بە ناوی حیزبی خۆیەوە هەندێک هەنگاوی دیپلۆماسیش هەڵدەگرێت، بەڵام ڕاستیی پەیوەندیی دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانیدا ئەوەیە کە کۆمەڵگەی

جیهانی لەگـــەڵ حیزبێک کـــە نوێنەری بەشـــێک لە کۆمەڵگـــەی کوردســـتانە، ناچێتە ســـەر مێزی دیالـــۆگ و گفتوگۆ، بەڵکوو دیپلۆماســـیی جیهانی لە باشترین حاڵەتـــی خۆیـــدا، لانیکەم بـــۆ ئێمە کە خاوەنی کیانێکی دانپێدانراو نین، تەنیا دەتوانێت وەک کـــورد و داواکارییەکانی، لەگەڵمان بێتە ســـەر مێزی دیالۆگ و گوێمان بۆ بگرێت. واتە ئەگەرچی ئێمـــە خاوەنی دەوڵەت نین کە بتوانین لە ئاســـتی جیهانیـــدا وەکوو نوێنەری ئەو یەکە سیاســـییە دەربکەوین، بـــەڵام ئەگـــەر ئێمە لـــە نێـــو خۆماندا پلاتفۆرمێکی یەکگرتووی کوردســـتانیمان هەبوایە، دەکـــرا وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕۆڵمان لـــە گۆڕانکارییەکانـــدا زیاتر بوایە و بەم شێوەیەش کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵمان هەڵســـوکەوتی دەکرد.

پێچەوانەی ئەمـــە وەک لە ماوەی چەند ســـاڵی ڕابردوودا ئەزموون کـــرا، ئەوە بوو کە دەبـــوو بۆ ئـــەوەی ڕەوابوونێک بۆ کورد بەدەســـت بهێنین بچینە ئاڵقەی سیاسەتی ئێرانی و لـــە هاوئاهەنگی لەگـــەڵ ئەواندا داواکارییەکانی خۆمان بـــەرز بکەینەوە، کە ئەویش هـــەر حیزبە و لەگـــەڵ بەرەیەکدا خـــۆی دەبینێتـــەوە؛ کە بەداخـــەوە لەم بەشـــەدا ئەو لایەنە ئێرانییانـــەی دەرفەتی زۆرتریان بۆ دیپلۆماســـی هەیـــە، بە هیچ جۆرێـــک نایانەوێت دان بـــە مافە ڕەواکانی نەتـــەوەی کورددا بنێـــن و تەنانەت وەکوو نەتـــەوە نکۆڵیمـــان لێ دەکـــەن؛ کەواتە دەنگی کـــورد و خەباتەکەی لە ڕاســـتیدا لە نێو تەمومـــژی سیاســـەتی «ئێرانی»دا بە تەواوەتـــی ون دەبێت یـــان دادەبەزێت بۆ ئاســـتی هەندێک داواکاریـــی کولتووری و زمانەوانـــی و بە قســـەی ئـــەوان قەومی.

لێرەشـــدا کۆمەڵگەی جیهانـــی بە پلەی یەکـــەم ڕووی وتەکانی لـــەو بەرەیە دەبێت کە لـــە بـــواری مێژوویییەوە ناســـراوتر و دەنگـــی بەرزترە و وەک ئاماژەی پێ کرا، میدیـــای بەهێزتری هەیە.

نەتەوەیەکـــی خەباتکار کە یەکگرتووانە و لە ســـەرەتاوە پرۆســـەی بەناو ڕیفراندۆمی کۆمـــاری ئیسلامیی بایکۆت کـــرد و دژی هێرشـــی ڕژێمـــی کۆمـــاری ئیسلامی بۆ ســـەر کوردســـتان لـــە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا ڕاوەســـتا، هەزاران حەماســـەی بەرگریـــی پێشـــمەرگانە و خۆڕاگریـــی چالاکانـــی سیاســـیی نـــاو زیندانەکانی خولقاندووە، دەیان خۆپیشاندان و مانگرتنی ســـەرکەوتووانەی ملیۆنیی ئەزموون کردووە، خاوەنی شۆڕشـــی ژینایە کـــە یەکێک لە گەورەتریـــن بزووتنەوەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بـــووە، خاوەنـــی وشـــیاریی کۆمەڵایەتی بەرز و کولتووری ژینگەپارێزییە کە لـــە خۆیدا پرســـێکی جیهانییە؛ دەبوو ئێستا لەسەر دەســـتی حیزبەکانی، خاوەن بەهێزترین پلاتفۆرمی کوردســـتانی ببوایە و لە ئاستی خەباتی شـــکۆمەند و لەمێژینەی گەورەتریـــن نەتـــەوەی بێدەوڵەتی جیهاندا خـــۆی دەربخســـتایە. ئـــەوەی حیزبـــە کوردســـتانییەکان پێویســـتە بیزانـــن و گرنگیی تایبەتـــی لـــە بەهێزبوونی کورد وەکوو ئەکتەرێکی سیاســـی لـــە گۆڕەپانی جیهانیـــدا هەیە، ئەوەیە کـــە ئێمە دەبێت «هێـــزی شـــەقام» بگۆڕین بـــۆ «پێگەی سیاســـی»، واتـــە بـــە پشتبەســـتن بەو یەکگرتوویییەی لە شـــەقامی کوردســـتاندا دەبینرێـــت، ســـوود وەرگرین بـــۆ ئەوەی لـــە کۆمەڵگەی جیهانیـــدا پێگەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بەهێـــز بکەین. بە

پشتبەستن بە شـــەقام دەبێت دەربڕینەین کە هیـــچ گۆڕانکارییەک لـــە ئێراندا بەبێ ڕەچاوکردنی مافـ و ئیـــرادەی بزووتنەوەی کوردستان ســـەرناگرێت.

بـــەم پێیـــە، بوونـــی میدیایەکـــی بەهێز کـــە بتوانێت ســـەرنجی جیهانی بۆ لای پرســـی کـــورد ڕابکێشـــێت، یان نوێنەرایەتییەکـــی هاوبەش کـــە بتوانێت لـــە دەرەوە لۆبی و دۆســـت بـــۆ کورد دروســـت بـــکات و بەرژەوەندییەکانـــی بپارێزێـــت، تەنانـــەت بۆ بەشـــداری لە هەر هاوپەیمانییـــەک لەگەڵ ئێرانییەکان، لە ڕاســـتیدا لە ڕێڕەوی سەرپێخســـتنی پلاتفۆرمێکی کوردســـتانییەوە مســـۆگەر دەبێت. دیارە لـــەم پەیوەندییەدا ئێمەش وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پلانێکمـــان بۆ ئـــەم بابەتە پێشـــکەش کردووە، وەک ئـــەوەی لایەنەکانی دیکەش خـــاوەن جۆرێـــک پلانن بۆ ئەم پرســـە، بـــەڵام هەندێک بەربەســـت هـــەن کە هەم لایەنی ســـتراتیژی و جیـــاوازی لە ڕێبازدا هەیـــە، هەمیش جۆرێک هەوڵدانی تاکلایەنە بە مەبەستی خۆدەرخستن وەک تەنهـــا نوێنەری هەموو کـــورد دەبینرێت، کە ڕاســـتییەکەی تا ئەمڕۆ هـــەر جارە و دەرئەنجامی پێچەوانـــەی لێ کەوتووەتەوە.

کەواتـــە تاکـــە ڕێگـــەی دەرکەوتنی کورد وەک ئەکتەرێکی بەهێـــز و کاریگەر لـــە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا، گەیشـــتنە بـــە پلاتفۆرمێکی کوردســـتانی کە یەکەم زمانی حاڵـــی بزووتنەوەی کوردســـتان و خواســـتەکانی نەتەوەی کورد بێت و هەموو لایەنێک خۆی تێـــدا ببینێتەوە و دواتریش پرســـی کورد بکاتە گرنگتریـــن ئەجێندای هەر بەشـــداریەکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لە ئاســـتی جیهانیـــدا. خاڵێکـــی گرنگی دیکە کـــە دەتوانێـــت یارمەتیدەرمان بێت، بوونـــی کۆمەڵگەیەکـــی مەدەنیی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و ڕێکخراوەکانی کرێکاران، ژنان، ژینگەپارێـــزان، منداڵان و هتد. ئـــەم ڕێکخراوانە خـــاوەن ئەزموون و چالاکییەکی بەهێز و ناســـراون؛ بەستنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردســـتان بە بزووتنـــەوە جیهانییەکانەوە و بەشـــداریبان لە کۆڕوکۆمەڵێ نێونەتەوەییـــدا، دەتوانێت دەوری بەرچاوی هەبێت بۆ بەدەســـتهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی.

تێشک

بزووتنـــەوەی کـــوردی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە کوێی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێراندا ڕاوەســـتاوە؟ ئاخۆ ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لـــە قۆناغی گۆڕانـــی ڕژێمدا بەشـــدار دەبێت، یـــان چـــاوەڕوان دەکرێـــت پـــاش ڕووخانی ڕژێمیش بەشـــێکی لە دەســـەڵاتدا بەشـــدار بێت؟ هاتنەســـەرکاری ڕژێمێک لـــە ئێران کە لەگەڵ ئاراســـتەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانـــی ڕۆژئاواییـــدا بێت، بەڵام لـــە ناوخۆدا ئامادە نەبێت دان بە هیـــچ مافێکی بەکۆمەڵی نەتـــەوەی کـــوردا بنێـــت، ڕەنگـــە دۆخی بزووتنەوەی کورد لەوەی هەیە ئەســـتەمتریش بکات. پێتانوایـــە ئەگەری ســـەرکەوتنی وەها ســـیناریۆیەک هەیە؟ گەر وەها ســـیناریۆیەک ڕوو بـــدات پلانتان چـــی دەبێت؟



پێـــش هەمـــوو شـــتێک پێویســـتە ئـــەوە بـــە بیری خۆمان بهێنینـــەوە کە ڕژێمە پانئێرانیســـت و ناوەندخوازەکان بە دریژایی مێـــژوو، هەمـــوو پلانێکیان بۆ ئـــەوە بووە

که هەر جۆرە جیاوازییەک ڕەت بکەنەوە؛ واتە سەرەتای دەسپێکی «ئێرانی مۆدێرن» بە هەوڵدان بۆ داسەپاندنی یەک نەتەوە و یەک ئالا و سرینەوەی هەر جۆرە دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز دەستی پێ کرد، بۆیە هەموو شۆڕشەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بیانووی هەوڵدان بۆ دابەشکردنی ئێران، بێجیاوازی کەوتوونەتە بەر پەلامارى ڕژێمە ناوەندخوازەکان.

بۆ سااڵنێکی دوورودرێژ پرسی کورد بە گشتی لە ئاستی جیهانیدا وەک بابەتی ئاوارە و لێقەوماوان چاوی لێ دەکرا کە دەبێت لەو چوارچێوەیەدا مافەکانیان بپارێزرێت، بەاڵم ئەمڕۆ بە خەبات و تێکۆشانێکی بەردەوام و چڕوپڕەوە، بە خۆشییەوە بزووتنەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەاڵتی کوردستان بەتایبەتی، لە قۆناغی وشیارییەکی مێژوویی و کۆمەاڵیەتیی گشتگیردایە کە چیدی پرسی کورد نەک ناتوانرێت پەراوێز بخرێت و بچووک بکرێتەوە، بەڵکوو ئێرانی داهاتوو بەبێ چارەسەرێکی سیاسیی دیموکراتیک بۆ پرسی کورد و بەبێ داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەم نەتەوەیە، ناتوانێت سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت. بۆیە ڕۆڵی بزووتنەوەی کورد کە بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا پانتاییەکی گەورەی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی بەردەمدا زۆر کاریگەر و چارەنووسسازە.

لە ئێران هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسی هەیە و نابێت ڕۆڵیان لەبەرچاو نەگیرێت، بەاڵم ئەزموونە مێژوویییەکە پێمان دەڵێت کە هەرچەند دوای شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران، هەنگاوگەڵێک هەڵگیرا بۆ پرسی دیموکراتیزەکردن، بەاڵم ئەوەی لە کۆتاییدا هاتووەتە بەرهەم، دوو سیستەم و دەسەاڵتی دژەدیموکراسی و پاوانخواز بوون کە لە دوو ئەزموونی شکستخواردووی پاشایەتی و دەسەاڵتی ئایینیدا خۆیان دەرخست. ئێستاش وێڕای ئەوەی کە ڕژێمی ئێران لەسەر لێواری کۆتایی تەمەنی ڕاوەستاوە، ئاڵتەرناتیڤێکی بەهێزی دیموکراتیک کە بتوانێت داهاتوویەکی ڕوون بخاتە بەردەم جەماوەر و نەتەوەکان، لە ئاستی جوگرافیای سیاسیی ئێراندا بەدی ناکرێت، و ئەمە ئاراستەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ هەندێک بەربەست و گرفتی جیدی ڕووبەڕوو دەکاتەوە.

ئێمە وەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەر لە سەرەتای بەدەسەاڵتگەیشتنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە، لە خەباتێکی بەردەوام و نەپساوەدا دژی ئەو ڕژێمە بووین و ئەو سەردەمە بە تەنیا کەوتینەوە؛ ئێستا هەرچەند زۆر درەنگە بەاڵم ناوەڕۆکی ڕژێم هەم بۆ خەڵکی ناوخۆ و هەمیش هێزە دەرەکییە جیهانییەکانیش بە ڕوونی دەرکەوتووە، بۆیە بێگومان ئێمە وەک کورد دڕێژە بەو خەباتە دەدەین و پێشوازیش دەکەین لەو هێزانەی بەشداری لەم خەباتەدا دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێم؛ بەاڵم ئەوەی ئایا ئێمە تەنیا تا قۆناغی ڕووخان بەشداری دەکەین یان لە دڕێژەی پڕۆسەکە و دارشتنی سیستەمی نوێشدا بەشدار دەبین، پەیوەندی بە ئاڵتەرناتیڤەکان و چۆنیەتیی ڕوانین و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مافی نەتەوەیی کورددا دەبێت.

سەرەتا ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە قازانجی نەتەوەی کوردە، کە خەسارلێکەوتووی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتە داگیرکەر و پاوانخوازە بووە؛ بەڵام ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەتەنهایی مافی نەتەوایەتیی کورد و داخوازییەکانی دیکەی ئیمە مسۆگەر ناکات. ئیمە وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پشتبەستن بە ڕێباز و بەرنامەی سیاسیمان لە بارودۆخی تێپەڕبوون لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دەستبەکاربوونی سیستەمی نوێ، داوای مافێکی پەسەندکراوی نێو جارنامەی نێونەتەوەیی بۆ گەلی کورد دەکەین، کە تێیدا جەماوەری خەڵکی کوردستان بە ئیرادەی ئازادانەی خۆیانەوە لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیکدا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن کە چ فۆرم و سیستەمێکی سیاسی لە ئاستی ئێران و کوردستاندا بە شیاو دەزانن و ئامادەن بەشداریی تێدا بکەن؛ ئێمە ئەمە بە بنەمایەکی گرنگی دیموکراسی دەزانین. ئەگەر خەڵکی کورد بڕیاریان دا کیانێکی سەربەخۆ پێک بهێنن، داوامان ئەوەیە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان ئەم مافە بۆ خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسن و پشتیوانیی بکەن وەک یاسایەک کە خۆیان پەسەندیان کردووە، ڕەچاوی بکەن و هەموو هەوڵێک بۆ ئەو ئامانجە دەدەین. ئەگەریش بڕیاری خەڵکی کورد ئەوە بوو کە بیەوێت لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی ئێراندا بمێنێتەوە، بێگومان ئەو مانەوەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە دەبێت فۆرمی دەسەڵاتداری و ڕوانین بۆ کۆی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یاساوە گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا بێت و کۆتایی بە ناوەندگەرایی و پاوانخوازی بهێنرێت.

بەڵام هاوکات بۆ هەموو هێزەکانی کوردستان پێویستە و ئەرکێکی مێژوویە کە ئەگەر لە دارشتنەوەی یاسای نوێدا بەشدار بوون، پێداگری لەسەر مافی چارەنووسی خەڵکی کورد بکەنەوە و وەک بڕگەیەکی یاسایی کە لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، ببەنە نێو یاسای گشتی. ئەگەر بێت و کورد سەرەتا لەو دۆخە ئاڵۆزەدا نەتوانێت پێداگری لەسەر ئەو خاڵە گرنگانە بکاتەوە کە پەیوەندیی بە داهاتووی ئەم نەتەوەیەوە هەیە و ڕێگە بدات ئێرانی داهاتوو لەسەر سڕینەوە و پشتگوێخستنی مافی نەتەوەکان بنیات بنرێت، ئەوا ڕێگە بۆ بەردەوامیی بێمافی و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد خۆش دەکات و درەنگ یان زوو، سەرلەنوێ بەرەوڕووی هەمان مێژووی هێرشی دەسەڵاتی ناوەندخواز و پاوانخوازەکان دەبێتەوە. ئەگەر بێت و سیستەمێکی دۆستی وڵاتانی دەرەوە بێتە سەر دەسەڵات و هاوکات بیەوێت پرسی کورد بە تەواوی وەلا بنێت، ئەوە دوورەدیمەنێکە کە دڵنیام بە دڵی هیچ تێکۆشەرێکی ئازادیخواز نییە؛ واتە ناچاربوون بە قبوڵکردنی دەسەڵاتی نوێ و ڕەنجبەخەساربوونی شۆڕشی کورد. بەڵام سیناریۆی وەها دەبێت هەمیشە بۆ کورد بابەتێکی بیرلێکراوە بێت کە ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گەشە، وشیاری و پانتاییەک کە شۆڕشی کوردستان بەدەستی هێناوە، بۆ دەسەڵاتی داهاتووش ئاسان نییە فاکتۆری کورد لەبەرچاو نەگرێت. لێرەدا ئەڵبەتە بەشێکی هەرە گرنگیشی پەیوەندیی بە فاکتۆری ناوخۆیی کورد و ئامادەیی و خۆڕێکخستنی لە پلاتفۆرمێکی کوردستانیدایە کە تێیدا

هەموو خواستەکانی فۆرمولەکراو بێت. ئەگەر کورد یەکگرتووانە خاوەن پلانێکی تۆکمە بێت، بە دڵنیاییەوە ئامادەیی بۆ هەر سیناریۆیەک هەیە و ڕێگە نادرێت خەباتی خەڵکی کورد بێ دەستکەوت تێپەڕێت.

دۆخی دابەشکاریی کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، ئاستی جیاوازی پەیوەندی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا دروست کردووە. ئەم هەلومەرجە چ کاریگەرییەکی لەسەر جۆر و ئاستی پەیوەندییەکانی حیزبەکەی ئێوە لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا هەیە؟ چۆن ئەو پەیوەندییانە بۆ ڕای گشتی شی دەکەنەوە و پاساوی دەدەنەوە؟



مێژوو دەری خستووە کە دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەگەر دۆستایەتیی حیزبێکی کوردستانییان کردبێت، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بووە و هیچکات نەیانویستووە دۆستی خەباتی نەتەوەی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستاندا بن و بە کردەوەش هەر ئەوەیان کردووە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە و بە پشتبەستن بە پرەنسیپەکانی خۆی لە هەموو مێژوویدا (مێژووی هاوبەشی کۆمەڵە و مێژووی خۆشمان وەکوو حیزب)، بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان جووڵاوەتەوە و هیچکات هیچکام لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانمان بە دۆستی خۆمان نەزانیوە و هیچ پلانێکیشمان بۆ دۆستایەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا نەبووە و نییە .

لە سەردەمێکی دیاریکراودا، لە کاتی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان حکوومەتەکانی ئێران و عێراقدا، ئێمە وەک هێزەکانی ڕۆژهەڵات، پەیوەندییەکی دیپلۆماتیکمان لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی عێراقدا هەبووە و ئەمەشمان بە مەبەستی بەرژەوەندیی شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها یارمەتیدانی شۆڕش لە باشووری کوردستاندا بەکارهێناوە؛ هیچکات نەبووینەتە هاوکاری دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان بە مەبەستی زیان گەیاندن بە شۆڕش لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا. ئەمە شانازییەکی گەورەیە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە وێڕای ئەوەی لە ژێر گوشاردا بوون، هیچکات دژی بەرژەوەندیی بەشێکی دیکەی کوردستان نەجووڵاونەتەوە.



وتوویژ لەگەڵ
بابەشێخ حوسێنی



تێشک

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەکە بۆ ئێران، زۆر گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتەوە. لە ئاستی کۆمەڵگاکانی کوردستان و ئێران بۆ یەکەم جار بوو لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ژنان بەشداریی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر شەقام کرد. ئەم بزووتنەوەیە بە ڕادیکاڵترین و بەرینترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دادەنرێت. بزووتنەوەی ژینا توانی نەزمی سیاسیی ئێرانی تووشی ئاڵنگاری بکات و ئێستا ڕژێم توانای گەڕاندنەوەی نەزمی پێشووی نییە. جیا لە کاریگەرییە سیاسییەکان، بزووتنەوەی ژینا کاریگەریی قوواڵی کولتووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە.

لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکانیش پێویستیان بە گۆڕانکاریی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەیە. حیزبەکەی ئێوە چۆن هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بگونجێنێت؟ ئەو گۆڕانکارییانە چین کە ڕێکخراوەکەی ئێوە دوای بزووتنەوەی ژینا لە خۆیدا پێکی هێناوە؟



سڵاو و ڕێز بۆ خوێنەرانی بەڕێزی تیشک و بەڕێوەبەرانی تیشک.

لە ڕاستیدا سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هەر لە ساڵەکانی سەرەتای پێکهاتنییەوە هەوڵی داوە تەنیا لە چوارچێوەیەکی چەقبەستوودا

نەبێت، تـــا بتوانێت گۆڕانکاریـــی ئەرێنی لە خۆیـــدا بگونجێنێت. ســـازمانی خەبات لە مـــاوەی حـــەوت کۆنگـــرەدا چەندین ئاڵوگۆڕی فکری و بەرنامەی کاری پەســـند کـــردووە، کـــە هەمووی لـــە چوارچێوەی ئامانج و ویســـتەکانی چیـــن و تۆژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بـــووە و پەرەدان بە دیموکراسی و فرەچەشنی و فرەڕەهەندی و گرنگیی زیاتـــر بە خەباتـــی جەماوەری و لە بنەڕەتدا ڕێبەرایەتیکردن و پێشـــڕەویی جەمـــاوەر بووە.

لـــە دوای شۆڕشـــی ژینا ســـازمانی خەبـــات زیاتر لـــە ڕابـــردوو پێداگریی کردووە لەســـەر هەوڵەکانـــی بۆ یەکڕیزی لـــە نێـــوان لایەنـــە سیاســـییەکانی کوردســـتانی ئێـــران و ئەندامـــان و پێشـــمەرگەکانی ســـازمانی خەبـــات ڕاســـپێردران لەو چوارچێوەیـــەدا چیی لـــە توانایاندایە ئەنجامی بـــدەن، هەروەها تێکەڵ بە هیچ گرژی و قســـە و باســـی نەشـــیاو لە دنیای مەجازیدا نەبن و لەبەر قازانجی نیشـــتمانی و نەتەوەیی، خۆیان لە قســـە و لێدوانی زبر و ناپێویست بپارێزن. ســـازمانی خەبات باوەڕی بە دروشـــمی بێ نـــاوەڕۆک نییـــە و زیاتر پشـــت بە کردەوەکانی لە چوارچێـــوەی خزمەت بە کورد و کوردســـتان دەبەســـتێت.

لە بەڵگەنامەی ئاسایشـــی نەتەوەیی نوێی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکادا هاتووە کە ئەو وڵاتە، بە پێچەوانەی پێشـــوو، هەوڵـــی دامەزراندنی پەیوەندیی سیاســـی - ئابـــووری لەگـــەڵ وڵاتانی جیهان لەســـەر بنەمـــای بەرژەوەندییەکانـــی و «گەڕاندنەوەی گەورەیـــی و دەســـەڵات بـــۆ وڵاتەکـــەی خـــۆی» دەدات، بەبـــێ ئـــەوەی چاوەڕوانیی پێکهێنانی گۆڕانکاریی سیاســـی و کولتووری لەو وڵاتانـــەدا بکات. واتـــە مەرجەکانی وەک مافەکانی مـــرۆڤ و دیموکراتیزەکردنی وڵاتان چیی دیکـــە تەنانـــەت وەک ڕیتۆریکیش بۆ دامەزراندنـــی پەیوەندیی سیاســـی - ئابووری لەگـــەڵ ئەمریـــکادا پێویســـت نیـــن. ئەم گۆڕانکارییە لە ســـتراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریـــکادا چ واتایەکی بۆ ناوچەکە و بزووتنەوەی کوردســـتان هەیە؟ ئەگـــەری هەیە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێـــران هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ ئـــەو نەزمە نوێیـــەدا بگونجێنێت؟ لە وەها ئەگەرێکـــدا چارەنووســـی بزووتنەوەی کوردســـتان و بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخـــۆ چییان لێ بەســـەردێت؟



لە چەندین ســـاڵ حکوومەتی دۆنالـــد ترامپ لـــە ئەمریکادا، شـــاهیدی جۆرێکـــی نـــوێ لـــە سیاســـەت و حوکمڕانی لـــەو وڵاتە بووێـــن؛ ئەویش نەک تەنیـــا وەک ڕابردوو تەنیا لـــە چوارچێوەی قازانجـــی ئەمریکادا بووە، بەڵکوو لە ئێســـتادا لەســـەر بنەمای قازانجی ئابووری و پاراســـتنی گەورەهێزیی ئەمریکایە لـــە جیهاندا.

ئەو سیاســـەتە نوێیەی کە حکوومەتی ئەمریـــکا پەیڕەوی دەکات زیاتـــر بایەخ بە قازانجی ئابـــووری دەدات و پەیوەندییەکانی لەســـەر ئابووری بنیاد دەنێت. سیاســـەتی دۆنالـــد ترامپ بـــە جۆرێکە شـــارەزایانی سیاســـی ناتوانن بۆ کورتماوە و درێژخایەن

خوێندنەوەی دروستی بۆ بکەن. سیاسەتی حکوومەتی ترامپ لە ئەمریکا، هەم داکۆکی لە مافی مرۆڤی تێدایە و هەمیش گوێ نەدان بە مافی مرۆڤ، هەم پارێزگاری لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکای تێدایە و هەمیش کەمتەرخەمی لە ئاست چارەنووسی هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکای تێدا بەدی دەکرێت.

دیارە لە ئەگەری ڕێککەوتنی ڕژێمی ئێران و ئەمریکا بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئێراندا گۆڕانکاری ئەوتۆیان بەسەردا نایەت مەگەر ئەو کاتەی سیستەمی حوکمڕانی لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی بگۆڕدرێت.

سەرەڕای ئەو ڕاستیانەی باسم کردن، بە بۆچوونی من گەلی کورد لە سیاسەت و بەرنامەی حکوومەتی ترامپدا بایەخی دەبێت و دەکرێت هومێدوار بێت.

سەبارەت بە سیاسەتی ڕژێمی ئێران و ئەگەری خۆگونجاندنی لەگەڵ سیاسەتی نوێی ئەمریکا، بە بۆچوونی من ئەمریکا ئامادەیە لەگەڵ ڕژێمی ئێران ڕێک بکەوێت، بەڵام ئەوە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئێرانن ئامادە نین داواکانی ئەمریکا بۆ دەستپێکردن و ئاسایی کردنی پەیوەندییەکان قبووڵ بکەن.

شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل گورزێکی گەورەی سەربازی، سیاسی، و ئابووریی لە ڕژێمی ئێران دا. تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکانی ئێران، چڕتربوونەوەی گوشارەکانی وڵاتانی یەکیەتیی ئەوروپا، خستنە ناو لیستی تیرۆری سوپای پاسداران لە ژمارەیەک وڵاتی وەک ئوستڕالیا، قووڵتربوونەوەی قەیرانە ئابووری - سیاسییەکانی ئێران، قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژێم و تۆخبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو باڵەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران هەموو نیشانەکانی قۆناغێکی سیاسیی نوێ لە ناوچەکە و ئێرانین. ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە سیاسییە دەکەن؟ پرسیارێک هەیە ئاخۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ سیاسەتێکی نوێتان بۆ ئەم قۆناغە تازەیە هەیە یان هێشتا چاوەڕوانی گۆڕانکاریی زیاترن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی نوێ بگرنە بە ر؟



مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەو قۆناغە نوێیە، یەککەوتن و یەکگرتووییی بە کردەوە لە نێوان سازمان و حیزبە کوردستانییەکانی ئێراندایە و دەبێت کاری لە پێشینە و سەرەکییان بێت. یەکخستنی هێز و توانای سیاسی و پێشمەرگەیی و بەرنامەڕێژی بۆ ئیدارەکردنی کوردستان لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێم و پەیوەندی لەگەڵ سازمان و لایەنە سەرانسەرییەکانی ئێران کە باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە و پابەندن بە مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و مافی مرۆڤ و مافی چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، تۆکمە بکرێت، بۆ ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئاخوندی ڕێگە بگیرێت لە پشێوی و لە هەمان کاتدا بتوانرێت هەلومەرج لەبار بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتیک.

بزووتنەوەی ژینا بووە هۆی ئەوەی ڕیزبەندییە سیاسییەکان لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نەک تۆختر لە جاران، بەڵکوو گرژتریش ببێتەوە. حیزبەکەی ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕیزبەندییانەدا دەکات و خۆی لە کام بەردا دەبینێتەوە؟ ئەو بەردە تا چەند لەگەڵ پرسی کورد لە ئێران و دروشم و داخوازییە سیاسییەکانی ئێوە یەک دەگرێتەوە؟



سازمانی خەبات لەگەڵ ئەو هێز و لایەنە سەرانسەرییانە پەیوەندیی هەیە و پەیوەندیی دەبێت کە باوەڕیان بە مافەکانی گەلی کورد و ئازادی و دیموکراسی هەیە. سازمانی خەبات لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و شۆڕای میللیی مقاومەتی ئێران دۆست و هاوپەیمانە و پێی وایە شۆڕای میللیی مقاومەتی ئێران ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز و گونجاوە، بەتایبەت کە باوەڕی بە مافی خودموختاری بۆ نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانە و باوەڕی بە دەسەڵاتێکی دیموکراتیک بۆ ئێران هەیە.

گۆڕانکارییەکی بەرچاوی دیکە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان و پڕۆسەی سیاسیی نوێیەکانی نێوان ئەم ڕێکخراوەیە و دەوڵەتی تورکیا بووە. لەبەر ئەوەی پرسی کوردستان پرسێکی لێک گرێدراوە و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەر پارچەیەک لە کوردستان کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکە دادەنێن، پێتانوایە کە ئەم قۆناغە نوێیە سیاسییەی باکووری کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت؟



بێگومان هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک لە چالاکی و خەباتی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان کاریگەریی لەسەر پارچەکانی کوردستان هەیە، بەڵام کاریگەرییەکان تا ئەو ڕادەیە قورس و گەورە نابێت کە جوواڵنەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوەستێنێت.

سااڵنێکی زۆرە کۆمەڵگەی کوردستان چاوەڕوانیی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی هاوبەشی سیاسی لە نێوان هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ناوەڕاستی بزووتنەوەی ژیناداوە ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کردەوە لە کار کەوت. پێتان وایە بەرچاوگرتنی جیاوازییە ئایدیۆلۆژیک و سیاسییەکان ئیمکانی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی کاری سیاسیی هاوبەش لە نێوان ئەم هێزە سیاسییە جیاوازانەی کوردستاندا هەیە؟ چەند مانگێکە باس لە ناوەندی دیالۆگ دەکرێت. وێدەچێت تا ئێستا ئەم ناوەندە هێشتا هەر لە سەروبەندی ساخبوونەوەدابێت و بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتبێت. گەورەترین بەربەستەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی کاری هاوبەش لە نێوان

هێزە سیاسییە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا چین؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش لە نێوان ئەم هێزانەدا، چ میکانیزمگەلێک دەتوانن پێش بە لاوازییەکانی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش بگرن؟



ناوەندی هاوکاری بەهۆی گرنگی نەدانی لایەنەکان بە بیروبۆچوونی یەکتر و هەوڵدان بۆ سەپاندنی ویست و بەرنامەکانی خۆیان لە ناوەندی هاوکاریدا، بەداخەوە نەیتوانی درێژە بە کارەکانی بدات. لە ئێستادا هەلومەرج لە ڕابردوو باشتر و ئەگەری پێکهاتنی ناوەندێکی هاوبەش و تەنانەت هاوپەیمانیی کوردستانی لەبارتر. لە ڕاستیدا ڕووداوە سیاسی و ئاڵوگۆڕەکان لە سیاستی جیهانی بەرانبەر بە ڕژێمی ئاخوندی و بەرچاوتر بوونی کێشەی گەلی کورد، بەسەر لایەنەکانی کوردستانیدا سەپاندووە کە دەبێت یەکگرتوو بن و چاوپۆشی بکەن لە بەشێک لە بەرنامە و سیاستی خۆیان.

ناوەندی دیالۆگ کاری باشی کردووە و لایەنە سیاسییەکان، باس و دیالۆگی ئەرێنییان لەبارەی پرسە جیاجیاکان کردووە و نزیکی هەیە لە ڕاوبۆچوونەکانی نێوانیان. هومێدوارم هەموو لایەنەکانی بەشدار لە ناوەندی دیالۆگ بڕیار بدەن بۆ ئەوەی ئەو ناوەندە بچێتە قۆناغێکی دیکە لە کاری هاوبەشی تۆکمە. دیارە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە ئاسان نییە حەوت لایەنی سیاسی بە بیروبۆچوون و سیاسەت و بەرنامەی لێک جیاواز بتوانن کاری هاوبەش ئەنجام بدەن. بەڵام سەرەڕای کەند و کۆسپەکان و بوونی چەند ناکۆکییەک، ناوەندی دیالۆگ کاری باشی کردووە.

جیاوازیی بیروباوەڕ، جیاوازی لە شێوەی سیاسەت و شێوەی کارکردن و هەروەها هەندێک جار سەپاندنی ویستی لایەنەکان لە کاری هاوبەشدا ڕێگری سەرەکین بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانی و ناوەندی کاری هاوبەش. هەر بۆیە ئەگەر ئەزموونەکانی ڕابردوو بخەینە بەرچاو و ڕێگە لە دووبارەبوونەوەیان بگرین، دەتوانین کاری هاوبەشی تۆکمە پێکەوە بکەین.

بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەنی جیاواز پێک دێت، بۆ نموونە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیر و ئاکادیمیسیانە بێلایەنەکان و هتد. ئاخۆ پەیوەندییەکی دوولایەنە و بنیادنەر لە نێوان ئەم پێکهاتە جیاوازانەی بزووتنەوەی کوردستاندا هەیە؟ یان هەر لایەنێک وەک دورگەیەکی لێک دابڕاو خەریکی کاری خۆ یە تی؟



بەخۆشییەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا نزیکیی بەرچاو لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی جووڵانەوەی مافخوازانەی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرچاو دەکەوێت و هومێد دەکرێت لێک نزیکبوونەوەی زیاتر لە نێوان سازمان و حیزبە سیاسییەکان و

ئاکادیمیسیانەکان و ڕێکخراو و ناوەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی هەبێت.

تێشک *پرسی ستەم و نایەکسانیی جێندەری پرسێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لە کوردستان ژنان هەم لە لایەن پێکهاتە یاسایی، سیاسی و ئابووریییەکانی ڕژێمی ئێرانەوە دەچەوسێنەوە و هەم کولتووری کۆمەڵگەی کوردستان کولتوورێکی پیاوسالارە. ژنانی کوردستان هەوڵ و خەباتێکی زۆریان بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە و گەیشتن بە یەکسانیی جێندەری داوە. حیزبەکەی ئێوە چ بەرنامەیەکی واقیعی و کردارەکی بۆ ستەم و نایەکسانیی جێندەری هەیە و چۆن ڕووبەڕووی ئەو پرسە بووەتەوە؟*



بە باوەڕی سازمانی خەبات کاتێک دەتوانین بڵێین کوردستان و ئێرانی ئازاد، کە مافە بنەڕەتییەکان بۆ ئافرەتان دابین بکرێت و لە قانوونی ئەساسی و بنەڕەتی وڵاتدا بە شێوەیەکی ڕیشەیی و نەگۆڕ خاڵی تۆکمە لە مەڕ جێگە و پێگەی شیاو بۆ ئافرەتان پەسەند بکرێت. هەروەها لە چوارچێوەی بەڕێوەبەری و ئیدارەی ئۆرگان و ناوەندەکانی دەسەڵات ئافرەتان نەخش و پێگەی دیار و سەرەکییان هەبێت و هەوڵ بدرێت ئەو گشتە ستەم و نارەواییەی لە بەرانبەریاندا کراوە قەرەبوو بکرێتەوە.

دیارە سازمانی خەبات لە پەیڕەو و پڕۆگرامیدا بە وردی باسی ستەم لە ئافرەتانی کوردستان و هەروەها دابین کردنی ماف و ئازادییەکانیانی کردووە و بە جێددی کار بۆ ئەوە کراوە کە ئافرەتان نەخشی سەرەکییان لە ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبەریی سازمانی خەباتدا هەبێت. لە کۆنگرەکانی سێ، چوار، پێنج، شەش و حەوتەمی سازماندا ئافرەتان لە ڕێبەرایەتیی سازمانی خەباتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراون.

تێشک *لەم ساڵانەی ڕابردوودا ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو لە گەشە بووە و چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان هەوڵیان داوە داخوازییە جیاوازەکانی خۆیان – بۆ نموونە پرسە جێندەرییەکان، پرسی ژینگە و پرسی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی - لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا جومگەبەندی بکەن. چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم دۆخە هەیە و بۆچوونی ڕێکخراوەکەی ئێوە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی چییە؟*



بە بۆچوونی من، پرسی ژینگە، پرس و کێشەی ڕەگەزی، پرسی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزم لێک جودان، چونکە ئەو پرس و کێشانە لەناو نەتەوەکانی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری و خاوەن دەسەڵاتی نیشتمانی و نەتەوەییدا بوونی هەیە و هەستم نەکردووە لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیشدا لە یەک ئاست و هاوتای یەک حیساب

کرابن. دیارە هاونیشتمانیان لە کوردستان و بەتایبەت چینی لاوان گرنگیی زۆر بەو پرسانە دەدەن، بەڵام هاوتەرزای پرسی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی نایبینن.

دیارە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێستادا لەناو کۆڕی هاونیشتمانیان، زانستگە، خوێندنگە و بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا گرنگیی زۆری هەیە و هەستی نەتەوەیی لە پلەی سەرەوەی پیرۆزییەکانە کە هۆیەکەی بەرزبوونەوەی ئەو هەستە، لە ستەمگەری و جیاوازی دان لە لایەن دەسەڵات و هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانە بەرچاوتەنگەکان لە نەتەوەکانی خۆسەپێنەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

سازمانی خەبات باوەڕی وایە پەرە بە بیری ناسیۆنالیستی پیرۆز و دوور لە بەرچاوتەنگی بدەین و جیلی نوێ بە بایەخ و پیرۆزیی بیری نەتەوەییخوازی پێشکەوتوو بار بهێنرێن.

تێشک *داواکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ فۆرمی خودموختاری، فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێک دێت. بەشێک لەم حیزبانە خۆیان بە ڕێکخراوەی ناسیۆنالیستی دەزانن، لە کاتێکدا حیزب هەیە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات. ئەم ناکۆکییانە لە گوتار و ئایدیۆلۆژیاياندا چ کاریگەرییەکیان لەسەر کاری مەیدانی و یەکگرتوویی نێوان ڕێکخراوەکان دەبێت؟*



ئامانجی سەرەکیی تێکۆشان و چالاکیی سازمان و حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان دابین کردنی مافەکانی خەڵکی کورد و ئازادیی کوردستانە، پێم وانییە هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دژی ناسیۆنالیزمی کوردی بن.

سەبارەت بە بوونی فرەیی ئایدیۆلۆژی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەوە سروشتییە و تەنیا کاتێک ناسروشتییە کە هەوڵ بدرێت دژایەتیی بیروباوەڕی یەکتر بکرێت و نەتوانرێت لەسەر پرسە گشتییەکان و ئامانجە تێکڕاییەکان، هاوکاری و یەکدەنگی هەبێت.

دیارە هەندێک کات بوونی بیرە جیاوازەکان دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگی کە لە ناوەندی دیالۆگ بە شێوەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێت.

تێشک *لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دینامیزمی سیاسیی ناوچەکە و کوردستان زۆر خێراتر بووە. ڕووداوەکان زوو ڕوو دەدەن، و زۆر کات پێشبینی نەکراون. ئەو لایەنانەی پلانی تۆکمەتر، لابیی بەهێزتر و میدیای چالاکتر و هێزی زۆرتریان هەیە باشتر دەتوانن لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییشدا کەڵک لە گۆڕانکارییەکان وەربگرن و قازانج و ویستەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد بە لایەنە سیاسیی ئێرانییەکان میدیا، لابی و پلانێکی لاوازیان بۆ بەرەوپێشچوونی گۆڕانکارییەکان*

هەیە. لە بەرانبەردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری کاری ڕێکخراوەیی، هێزی جووڵاندنی شەقام و مەشرووعییەتی مێژوویی لە ئێرانییەکان بەهێزترن. بەڵام ئەو بەهێزییە تەنیا بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ئاستی ئێران و ناوچەکەدا ڕەنگە زۆر کاریگەریی لەسەر قۆستنەوەی دەرفەتەکان نەبێت. بۆیە زۆر کات دەبینرێت وڵاتانی ڕۆژئاواییش بۆ پرسەکانی ئێران و کوردستان لایەنە ئێرانییەکان بە بەردەنگ وەردەگرن. چارەتان بۆ چارەسەریی ئەم گرفتانە چییە؟ ئاخۆ هیچ هەنگاوێکتان بۆ پرکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی کوردستان بە مەبەستی بەشداریی زیاتر و کاریگەرتر لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە؟



کەمتر ئاکتیڤ بوونی سازمان و حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناوەندە جیهانییەکان، بۆ چەند هۆیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە کە هۆی یەکەم: نەبوونی گرووپێکی یەکدەست کە لە ناوەندە جیهانییەکان و حکوومەتەکانی ئەوروپایی و ئەمریکادا نوێنەرایەتیی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد و لایەنە سیاسییەکان بکات. هۆی دووهەم: نەبوونی ئیمکاناتی دارایی و تەدارەکاتی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە جیهانییەکان و دروستکردنی لابی و پشتیوان لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان. هۆی سێیەم: کەڵکوەرنەگرتن لە شارەزایانی سیاسیی سەربەخۆ و خوێندکاران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا.

بە بۆچوونی من ئەگەر ئەو سێ هۆ سەرەکییەی ئاماژەم پێ کردووە جێبەجێ بکرێن، دەتوانین هەنگاوی گەورە و کاریگەر لە بەرەوپێش بردنی دەنگی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ناوەندە جیهانییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە دیپلۆماسییەکان بنێین.

تەشەنە: *بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کوێی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران ڕاوەستاوە؟ ئاخۆ ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە قۆناغی گۆڕانی ڕژێمدا بەشدار دەبێت یان چاوەڕوان دەکرێت پاش ڕووخانی ڕژێمیش بەشێکی لە دەسەڵاتدا بەشدار بێت؟ هاتنەسەرکاری ڕژێمێک لە ئێران کە لەگەڵ ئاراستەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بێت بەڵام لە ناوخۆدا ئامادە نەبێت دان بە هیچ مافێکی بەکۆمەڵی نەتەوەی کوردا بنێت ڕەنگە دۆخی بزووتنەوەی کورد لەوەی هەیە ئەستەمتریش بکات. پێتانوایە ئەگەری سەرکەوتنی وەها سیناریۆیەک هەیە؟ گەر وەها سیناریۆیەک ڕوو بدات پلانتان چی دە بێت؟*



جێگەی خۆیەتی بزووتنەوەی کوردستان هەروەک چۆن خاوەن پێگەیە و کاریگەرە لە شۆڕشی سەرانسەری لە دژی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، پێویستە لە دوای ڕووخانی ئەو ڕژێمەش دەوری لە بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنی ئێران و جومگەکانی دەسەڵاتدا هەبێت و کارایی و

لێهاتوویی نوخبەی کورد بۆ بردنەســـەری پێگەی کـــورد و دابین کردنـــی مافەکانی کورد بـــەکار بهێنن.

دۆخی دابەشـــکاریی کوردســـتان و بزووتنەوەی کوردســـتان لـــە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا ئاســـتی جیـــاوازی پەیوەندی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاســـییەکانی کوردستان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردســـتاندا دروست کـــردووە. ئەم هەلومەرجـــە چ کاریگەرییەکی لەســـەر جـــۆر و ئاســـتی پەیوەندییەکانی حیزبەکەی ئێوە لەگـــەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردســـتان هەیە؟ چۆن ئـــەو پەیوەندییانە بۆ ڕای گشـــتی شـــی دەکەنەوە و پاســـاوی دەدەنەوە؟



ســـازمانی خەبـــات لـــە هەر جـــۆرە پەیوەندییەکـــی کاتیی کـــە لـــە ڕابـــردوودا لەگەڵ حکوومەتی ئـــەو وڵاتانەی کوردســـتانیان بەســـەردا دابەش کراوە بووبێـــت، بە هیچ شـــێوەیەک ڕێگەی نەداوە ئەو حکوومەت یـــان حکوومەتانـــە، کەڵکـــی نابەجێ لەو پەیوەندییـــە وەربگرن و ســـازمانی خەبات ســـەربەخۆیی و چالاکیی خۆی پاراستووە.

لە ئێســـتادا ســـازمانی خەبات لەگەڵ هیـــچ حکوومەتێـــک کـــە بەشـــێک لە کوردســـتانی بەســـەردا دابەش کراوە هیچ پەیوەندییەکـــی نییە.



“

وتوویژ لەگەڵ ئەمیر کەریمی

”



تەوەری یەکەم:
دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاّت و ئێران

بیشک *سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە رۆژهەلاّتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەکە بۆ ئێران، زۆر گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێ کەوتەوە. لە ئاستی کۆمەڵگاکانی کوردستان و ئێران، بۆ یەکەم جار بوو لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، ژنان بەشداریی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر شەقام کرد. ئەم بزووتنەوەیە بە رادیکاڵترین و بەرینترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧) لە رۆژهەلاّتی کوردستان و ئێران دادەنرێت. بزووتنەوەی ژینا توانی نەزمی سیاسیی ئێرانی تووشی ئاڵنگاری بکات و ئێستا رژێم توانای گەڕاندنەوەی نەزمی پێشووی نییە. جیا لە کاریگەرییە سیاسییەکان، بزووتنەوەی ژینا کاریگەریی قوواڵی کولتووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە. لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکان پێویستییان بە گۆڕانکاریی سیاسی و رێکخراوەیی هەیە. حیزبەکەی ئێوە چۆن هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بگونجێنێت؟ ئەو گۆڕانکارییانە چیین کە رێکخراوەکەی ئێوە دوای بزووتنەوەی ژینا لە خۆیدا پێکی هێناوە؟*



دوو ڕوانگەی سەرەکی سەبارەت بە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» هەیە؛ یەکەم: ڕوانگەیەک کە ئەم شۆڕشە لە چوارچێوەی ڕاپەڕینێکی کاتی پێناسە دەکات و هەر دەیخاتە

نێـــو کاتاگۆریـــی هەمـــوو ئـــەو ڕاپەڕینە سیاســـییانەی ڕوویان داوە یان ڕوو دەدەن. ڕوانگـــەی دووهەم ئەوەیە کە ئەم شۆڕشـــە وەکوو شـــۆڕش بـــە واتای ڕاســـتەقینەی خۆی پێناســـە دەکات. ئەم شۆڕشـــە تەنیا بـــە ڕاپەڕینێکـــی کاتی کە لـــە ئەنجامی تووڕەیی گـــەل و بە تەنیـــا ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتێکی سیاســـی بێت نابینێت، بەڵکوو ئەو شۆڕشـــە وەکـــوو ئەنجامی خواســـتی ئازادیی کۆمەڵگە کە لـــە قووڵاییی مێژووی کۆمەڵگەکـــە دەرکەوتـــووە، دەبینێت. ئێمە پێناســـەی دووهەم بۆ شۆڕشـــی «ژن، ژیان، ئازادی» پەســـەند دەکەین؛ هـــەر بۆیەش وەکوو ڕووداو تەماشـــای ناکەیـــن و هەر بە ناوی دروشـــمەکەی خۆیەوە ناوی دەبەین.

لە ڕوانگـــەی ئێمەوە شۆڕشـــی «ژن، ژیان، ئازادی» بردنە ژێر پرســـیاری هەموو پێکهاتە (ســـاختار)ەکانی دەسەڵاتە، چ لە ناو کۆمەڵگـــە و چ لە نـــاو دەوڵەتدا. ژنان کە بە هەزاران ســـاڵە لە ژێر دەســـەڵاتی پیاوســـالاریدان، گەنجان کە پیرســـالاری وزەکانیـــان لە ناو دەبات، تـــاک کە لە ژێر گرانیی نەریتەکان ناتوانێ ســـەرهەڵبڕێت، ئایینەکان کە شمشـــێری ئایینی ڕەسمی لەســـەر ســـەریانە، پەراوێزخـــراوەکان کە ناوەنـــد نایانبینێت و نەتەوە بندەســـتەکان کـــە لە ژێـــر گوشـــاری دەوڵەت-نەتەوەدا دەتوێنـــەوە، هێـــزە ســـەرەکییەکانی ئەو شۆڕشـــەن. ڕووی ئەو شۆڕشـــە بەشێکیش لە تێکۆشـــانی سیاســـیی کورد و پێکهاتە و هەروەهـــا زەینییەتەکەیەتـــی. زیاتـــر لە ســـەدەیەک تێکۆشـــانی نەتەوەیی پڕ لە قوربانـــی و فیداکاریمان هەبـــووە کە ئەم تێکۆشـــانە لە ١٩٤٦ەوە، پێکهاتەی حیزبی بەڕێـــوەی بردووە.

حیزبـــی کـــوردی هـــەم لە بـــواری پێکهاتـــەوە و هەم لە بـــواری ڕێبازەوە، زۆر لە بن کاریگەریی کۆمەڵگە و سیســـتەمی هیرارشـــیی کۆمەڵایەتـــی و بـــە تایبەتی ڕوانگەکانـــی چینـــی ســـەرەوەی کورددا بـــووە. لەگەڵ ئەوەیدا کـــە حیزبی کوردی ڕۆڵیـــان هەبـــووە لە هێنانی بەشـــێک لە دیـــاردە مۆدێرنـــەکان لە نـــاو کۆمەڵگەی کورد، بەڵام دیســـانیش بنکەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگـــەدا وەکـــوو پیاوســـالاری، پیرسالاری و هیرارشی خۆیان پاراستووە و دووپات بوونەتەوە هیچ حیزبێکی کـــوردی و ئێمەش لـــە نـــاودا ناتوانین نکۆڵی لەمـــە بکەین و خۆمانـــی لێ بێبەری بکەین. ڕاســـتە ئێمە یەکێک لە نوێتریـــن حیزبەکانی گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتیـــن و پارادایمـــی کۆمەڵگـــەی دیموکراتیکمان لە جیاتـــی گەڕان بە دوای دەسەڵاتدا پەســـەند کردووە، بەڵام ئێمەش هەر لەو کۆمەڵگەیەدا هەڵقوڵاوین و منداڵی هەمـــان ســـەردەمین و بێگومـــان لە ژێر کاریگەریی هەموو ئـــەو دیاردانەداین، بەڵام دەزانیـــن و لە هەوڵـــی تێپەڕکردنیاندایین. خۆلەبەرچاوکردنـــەوە، خۆئانالیزکـــردن و ڕەخنـــە لـــە خۆ گرتـــن ســـەرەکیترین کارەکتـــەری پارتیمانە.

هەروەهـــا بەو هۆیەی کە فەلســـەفەی ســـەرەکیی پارتیمان «ژن، ژیان، ئازادی»یە، ئێمـــە ویســـت و داخوازیـــی کۆمەڵگە و گۆڕانکاریـــی ڕووبەخۆشـــمان دەبینیـــن. لـــە کۆنگـــرەی حەوتەمی پارتیمـــان ئەو پرســـیارەمان لە خۆمان کـــرد کە چەندە

به پێی فەلسەفەکەمان بوویـن؟ ئایا زەینییەت، کرداری سیاسی و ساختاری حیزبیمان، وەڵامدەرەوەی ئەو فەلسەفەیە یان نا؟ لەو پێناوەدا لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە، لەوە تێگەیشتین کە کەمۆکوڕی بەرچاومان هەیە و بە تەواوی نەمانتوانیوە هێڵی بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی تێپەڕ بکەین. هەر بۆیەش لە بواری کەمترکردنی ناوەندگەرایی لە بڕیاردا و پەیوەستبوون بە هێڵی ئازادیی ژن و بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکان و سیستەمی هاوسەرۆکایەتی و نەرمکردنی سیستەمی هیرارشیی پارتی و بە بنەماگرتنی ئیرادە و بەشداریی گەنجان، کۆمەڵێک بڕیارمان وەرگرتووە و هەنگاوی کرداریشمان ناوە. هەروەها لە پەیوەندیی نێوان پارتی و گەل، بابەتگەلێکی وەکوو وەلانانی ئەو ڕوانگەیەی کە کۆمەڵگە وەکوو جەماوەرێکی ئۆبژە دەبینێت و خۆی دەکات بە دیاریکەری هەموو شتێک، لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆکاری پتەوبوونی سەرچاوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا، زۆر گفتوگۆی لەسەر کراوە. دەتوانین بڵێین کە دیاردەکانی دەسەڵاتخوازی، پیاوسالاری، پیرسالاری و پاوانخوازییمان کردووە بە ئامانج و ڕەوتێکی تێکۆشانی بەهێزمان لە دژیان دەست پێ کردووە. بێگومان ڕێپێوان لەسەر ڕێگای فەلسەفەی «ژن، ژیان، ئازادی» زۆر دریژخایەنە و شۆڕشێکی بەردەوامی کەسایەتی و هزری پێویستە؛ ئێمە ئێستا خۆمان لەسەر ئەو ڕەوتە دە بینین.

تریشک لە بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کە ئەو وڵاتە، بە پێچەوانەی پێشوو، هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی-ئابووری لەگەڵ وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی و «گەراندنەوەی گەورەیی و دەسەڵات بۆ وڵاتەکەی خۆی» دەدات، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی پێکهێنانی گۆڕانکاریی سیاسی و کولتووری لەو وڵاتانەدا بکات. واتە مەرجەکانی وەک مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتیزەکردنی وڵاتان چیی دیکە تەنانەت وەک ڕیتۆریکیش بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی-ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا پێویست نین. ئەم گۆڕانکارییە لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا چ واتایەکی بۆ ناوچەکە و بزووتنەوەی کوردستان هەیە؟ ئەگەری هەیە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ ئەو نەزمە نوێیەدا بگونجێنێت؟ لە وەها ئەگەرێکدا چارەنووسی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ چییان لێ بەسەر دێت؟



لە سەدەکانی ١٨ و ١٩دا ئەمریکا بە پشتیوانی بزووتنەوە لیبراڵەکان دەبینرا. پشتیوانیی ئەمریکا لە شۆڕشەکانی وەک شۆڕشی فەرەنسا و تەنانەت شۆڕشی مەشرووتییەت لە ئێراندا سەرنجراکێشە. لە سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم، بابەتی مافی چارەنووسی گەلان لە نەخشەی ویلسۆندا گرنگە. لە شەڕی جیهانیی دووەم بەدواوە کە ئەمریکا بوو بە سوپەردەسەڵاتی

جیهـــان، بابەتـــی مافە لیبرالییـــەکان لە سیاســـەتی ناوخـــۆی ئەمریـــکادا زیندوو مایـــەوە و لـــە سیاســـەتی دەرەوەدا، هەر وەک ئێـــوە ئاماژەتان پێ کـــردووە، زۆرتر وەکـــوو ڕیتۆریکێک مایەوە. بـــە تایبەتی گەلی کـــورد و تێکۆشـــانی ڕزگاریی ئەو، بە دەیان جـــار شـــایەدی قوربانیکردنی ئـــازادی و دیموکراســـی و مافـــی مرۆڤ لـــە پێنـــاو بەرژەوەندییەکان لـــە لایەن ئەمریکاوە بووە. ئەو شـــتەی کە ئێســـتا ئەمریـــکا دەیـــکات تەنیا ئاشـــکراکردنی نییەتـــە سیاســـییەکانی نییـــە، هاوکات لابردنـــی ڕیتۆریک نییە، بەڵکـــوو ئەمریکا خەریکە نەزمەکە دەگۆڕێـــت. بەو واتایەی کە هەموو ئـــەو داموودەزگا و سیســـتەمە نێودەوڵەتییانەی کـــە چەندە کەمیش بێت، پابەندی بە وتـــاری مـــاف و ئازادییەکان لاواز دەکات. هەروەهـــا هەمـــوو پێـــوەر و یاســـاکان لە پێناو بەرژەوەندییەکانیدا بێواتا دەکات؛ بێگومـــان ئەوە بـــۆ دۆزی گەلی کورد مەترســـیدارە. لە ڕۆژئاوای کوردستان بینیمان کە چـــۆن هاوپەیمانـــی لەگەڵ ئەلقاعیدە تەرجیـــح دەدرێت بە هاوپەیمانی لەگەڵ هێـــزی کـــوردی، یـــان ئەوەی کە چۆن سیاســـەت بـــە پایتەختەکانەوە قەتیـــس دەکرێت.

لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشـــدا ئەوەی تـــا ئێســـتاش ڕوونـــە، ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئامانجـــی ئەمریکا نییە؛ ئەوەش نیشـــان دەدات کـــە بژاردەیەکی تریـــش دەتوانێـــت پێکهاتـــن لەگەڵ ئەو ڕژێمە بێت. بێدەنگیـــی ئەمریکا لە بەرامبەر کوشـــتاری گەل لـــە لایەن ڕژێمـــەوە لە بەفرانباری ئەمســـاڵ، نیشانی دا کە دەتوانن چاوپۆشـــی لەو کردارانە بکەن. پێویســـتە ئەوە بزانین کە ســـەرنجی دانوســـتانەکانی ئێران و ئەمریکا نە لەســـەر ئـــازادی و ماف و دیموکراســـییە. ئەوەی ئەمریـــکا دەیەوێت بیـــکات ئەوەیە کـــە ئێرانێکـــی بە پێی سیســـتەمی جیهانی ســـاز بـــکات و ئەو بەرنامەیـــە بە ڕێـــگای گۆڕانکاریی ڕواڵەتی لە ناوەنـــدەوە ئەنجـــام بـــدات. ئەمریکا نایەوێت پێکهاتەی دەســـەڵات بە گشـــتی هەڵوەشێنێت و ســـەقامگیریی (ئیستقرار) ناوەندی لـــە ئێـــران تێک بـــدات. هەر بۆیەش ئەگەری پشـــتیوانیکردن لە دۆزی گەلان هەتا ڕادەی ســـازکردنی ستاتۆیەکی تایبـــەت بۆ ئەوان زۆر نییـــە. بۆیەش ئێمە باس لە هێڵی ســـێیەم دەکەین و باوەڕمان وایە کە زۆر وریایانە لەگەڵ دەســـتێوەردانی هێزە جیهانییەکان لە ئێراندا هەڵســـوکەوت بکەیـــن. ئەوە بـــە واتـــای دژایەتیکردنی ئەمریـــکا و هێزە جیهانییـــەکان نییە بەو شـــێوازەی کە کۆمۆنیســـتەکان دەیکەن، بەڵکـــوو بـــەو واتایەیە کە لـــە ئەگەری دەستێوەردانی ئەوانیشـــدا، پێویستە زۆرتر سەرنجمان لەســـەر بەرژەوەندیی گەلەکەمان و بەرنامەکانـــی خۆمان بۆ مســـۆگەرکردنی ئـــەو بەرژەوەندییانە بێت. کورد پێویســـتە بە بـــاوەڕی ئێمە، بـــە دوای بەهێزکردنی ڕۆڵ و کاریگەریـــی خۆی لە سەرتاســـەری ئێران هاوکات لەگـــەڵ کارکردن و خەبات بۆ ســـتاتۆی مافە تایبەتەکانی خۆی بێت. ئەو گرنگییـــەی کە هێزە جیهانییـــەکان بە ناوەند دەیـــدەن، ئەوەمان بـــۆ دەردەخات کـــە بێکاریگەربـــوون لە گشـــتیی ئێران و

خۆپەراوێزخستن دەتوانێت بۆ کورد مەترسیدار بێت.

شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل گورزێکی گەورەی سەربازی، سیاسی، و ئابووریی لە ڕژێمی ئێران دا. تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکانی ئێران، چڕتربوونەوەی گوشارەکانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، خستنە ناو لیستی تیرۆری سوپای پاسداران لە ژمارەیەک وڵاتی وەک ئوستڕالیا، قووڵتربوونەوەی قەیرانە ئابووری-سیاسییەکانی ئێران، قەیرانی مەشرووعییەتی ڕژێم و تۆخبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو باڵەکانی دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران هەموو نیشانەکانی قۆناغێکی سیاسیی نوێ لە ناوچەکە و ئێرانییەن. ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە سیاسییە دەکەن؟ پرسیارێک هەیە ئاخۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ سیاسەتێکی نوێتان بۆ ئەم قۆناغە تازەیە هەیە یان هێشتا چاوەڕوانی گۆڕانکاریی زیاترن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی نوێ بگرنە بەر؟



گۆڕانکاریی زۆر خێرا و قووڵ لە ئارادان. قەیرانە ناوخۆییەکانی ئێران لە ئاستێکدان کە ئەو دەسەڵاتە ناتوانێت هیچ چارەسەرییەکیان بۆ ببینێتەوە و کوشتاری گەلی نارازی لە لایەن ڕژێمەوە، گەل و دەسەڵاتی لە دوو بەرەی دوژمنی یەکتر داناوە. ئیتر ئەو ڕژێمە نە تەنیا بۆ گەلانی پەراوێزخراو، بەڵکوو تەنانەت بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی لە ناوەندیشەوە دەسەڵاتێکی سەداسەد نارەوا و داگیرکەرە. تەنیا میکانیزمی مانەوە یان بەقای ئەم دەسەڵاتە، سەرکوت و توندوتیژییە. تیرۆریستناوکردنی سوپای پاسداران لە لایەن کۆنسەی یەکێتیی ئەورووپاوە ئەو میکانیزمە سەرکوتکارییە بەرتەسک دەکاتەوە، بەڵام هەوڵدانی ئەمریکا بۆ پێکهاتن لەگەڵ ئەم ڕژێمە یان بەشێک لەو ڕژێمە، دەبێتە هۆکاری مانەوەی هێزی سەرکوتکار. ئەو هێزە دەتوانێت لە هەر قاڵب و ناوێکدا لە دژی گەلی کورد بەکار بێت. ئەوە بابەتێکە کە هێزە کوردییەکان لە دارشتنی سیاسەتدا پێویستە زۆر لە بەرچاوی بگرن. هەبوونی هێز و میکانیزمی پاراستن بۆ گەلەکەمان پێویستە، بەڵام ناشبێت وابزانین کە هەموو شتێک دەتوانین لە ڕێگای چەکەوە چارەسەر بکەین. چ ڕژێم بڕووخێت بە دەستێوەردانێکی سەربازی و چ تێکەڵاو بە سیستەمی جیهانی بکرێت، چەند بژاردەمان لە پێشە کە پێویستە بە خێرایی کاریان بۆ بکەین: یەکەم؛ هێزێکی پاراستنی نیشتمانی بۆ گەلەکەمان پێویستە. دووەم؛ هاوهەڵوێستیی هێزە کوردییەکان بە دیپلۆماسییەکی نەتەوەیی پێویستە. سێیەم؛ نابێت چاوەڕوانی گۆڕانکاری بین و بە هاوفکریی هەموو هێزە کوردییەکان، پرۆژەیەکی هاوبەشی دیموکراتیک لەگەڵ لایەنە دیموکراتییەکانی ئێرانی بۆ ئێرانی داهاتوو دابڕێژین. لەوێدا ئێمە ناتوانین لەسەر ناوی هەموو حیزبە کوردییەکان قسە بکەین، بەڵام ئێمە لەسەر ئەم

بابەتانە تێکۆشین و لەو باوەڕەشداین کە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردیش بیریان لەم بابەتانە کردووەتەوە و کاری بۆ دەکەن. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە هەنگاوەکانمان خێراتر بکەین.

بزووتنەوەی ژینا بووە هۆی ئەوەی ڕیزبەندییە سیاسییەکان لە ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نەک تۆختر لە جاران، بەڵکوو گرژتریش ببێتەوە. حیزبەکەی ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕیزبەندییانەدا دەکات و خۆی لە کام بەردا دەبینێتەوە؟ ئەو بەرەیە تا چەند لەگەڵ پرسی کورد لە ئێران و دروشم و داخوازییە سیاسییەکانی ئێوە یەک دەگرێتەوە؟



شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» هێزی ڕاستەقینەی گەلان و کۆمەڵگەکان و ناسنامەکانی لە ئێراندا نیشان دا. ئەوەش وێڕای ئەوەی هیوا و وزەیەکی بە ئازادیخوازان بەخشی، ترسێکی گەورەشی لە ناو ئەو لایەنانەدا ساز کرد کە هەموو پڕۆژەکانیان لە چوارچێوەی دەسەڵاتخوازی و پیاوسالاری و بچووککردنەوەی ئیرادەی گەلاندا دارشتووە. هەر بۆیەش دژایەتییەکی قوڵیان لەگەڵ ئەم شۆڕشە و دروشمەکانی دەست پێ کرد. ئێمە ڕیزبەندییەکان لەسەر بنەمای ئەو زاویەیەی سەبارەت بە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» هەیانە پێناسە دەکەین؛ بەرەی دژبەری ئەم شۆڕشە کە پێکهاتوون لە نەتەوەپەرستە تووندڕەوەکان یان فاشیستەکان و ڕاستگەرە ناوەندپارێزەکان، زۆرتر لە یەک نزیک دەبنەوە و بە ساپۆرتی ماددی و میدیایی دەیانەوێت خۆیان وەکوو ئالتەرناتیف داسەپێنن. بەرەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە بواری فکری و سیاسییەوە پانتاییەکی گەورەی هەیە و ڕەنگ و ناسنامەی جیاوازی لە خۆ گرتووە و ئێمە خۆمان لەو بەرەیەدا دەبینین. بە داخەوە ئەم بەرەیە بە تەواوی خۆی پێناسە نەکردووە و چوارچێوەیەکی خەباتی هاوبەشی سیاسیی بۆ خۆی دیار نەکردووە. ئێمە وای دەبینین کە نزیکایەتیی ئایدیۆلۆژیک و پێناسەکردنی ئەم بەرەیە تەنیا لە چەپ و سۆسیالیزمدا، ئەم بەرەیە بەرتەسک دەکاتەوە و تواناکارییەکانی لاواز دەکات. هەموو لایەن و گرووپەکانی کۆمەڵگە کە گۆڕانخوازن، وەکوو ژینگەپارێزان، کرێکاران و... هتد، و هەروەها هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی دژ بە دیکتاتۆرییەت و ناوەندگەرایی و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی گەلانن، لە ناو ئەو بەرەیەدا دەتوانن جێ بگرن. هەر بۆیەش چەپەکان، کۆماریخوازەکان، لیبراڵەکان و دیموکراتەکان دەتوانن لە ناو ئەم بەرەیەدا جێ بگرن. ئەو بەرەیە نابێت خۆی لەو باسە ئایدیۆلۆژیک و تیۆرییانەی کە تەنیا لەتبوونی لێ دەکەوێتەوە قەتیس بکات؛ بە پێچەوانەوە دەبێت تەرکیزی لەسەر ناناوەندی، پلۆرالیزم و بەشداریی گەلان و ناسنامەکان و ئازادیی تاک و کۆمەڵگە بێت. هەر بۆیەش لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خاڵانە، ئەوە دەردەکەوێت کە ناکرێت تەنیا هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی

ئێران وەکوو بەرهەڵســـتکار و ئۆپۆزســـیۆن بناوێنرێن؛ بەشـــێکی زۆریـــان لە ناوخۆی ئێرانن و زۆریـــش کاریگەرن.

گۆڕانکارییەکـــی بەرچاوی دیکە لەم چەند ماڵگەی ڕابردوودا، خۆهەڵوەشـــاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردســـتان و پرۆســـە سیاســـییە نوێیەکانی نێوان ئـــەم ڕێکخراوەیە و دەوڵەتـــی تورکیا بووە. لەبەر ئەوەی پرســـی کوردســـتان پرســـێکی لێکگرێـــدراوە و گۆڕانکارییە سیاســـییەکانی هەر پارچەیەک لە کوردســـتان کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکـــە دادەنێـــن، پێتانوایە کە ئـــەم قۆناغە نوێیە سیاســـییەی باکووری کوردســـتان چ کاریگەرییەکی لەســـەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دادەنێت؟



بزووتنـــەوەی ئازادیخوازیـــی باکووری کوردســـتان و ڕێبەر ئۆجەلان، هـــەر لە نەوەدەکانەوە کار بـــۆ گۆڕانکاری ســـتراتیژی دەکەن بۆ چارەسەری پرســـی کورد. بەو گۆڕانکارییە جیهانییانـــەی کە لـــە بواری سیاســـی، نیزامـــی و تەکنۆلۆژیکـــەوە هاتووەتە ئاراوە، ئیتـــر بەردەوامیی ســـتراتیژیی شـــەڕی ڕزگاریـــی نەتەوەیی کلاســـیک ناومکین دەکات. ئیتر پێویســـت بـــە ڕەچاوکردنی ســـتراتیژییەکی نوێیە بۆ دۆزی گەلی کورد کە لـــەم خاڵانـــە پێکهاتووە:

١- کێشـــەی کورد بەرهەمی سیستەمێکی جیهانییـــە و هەر بۆیـــەش گۆڕانکاری لەو سیســـتەمەدا پێویســـتە و جارێکی تر لە ئاســـتی نێودەوڵەتیدا بێتە ڕۆژەڤەوە و هێزی کوردیش بە لەبەرچاوگرتنـــی گۆڕانکارییە جیهانییەکان، خـــاوەن بەرنامە بێت.

٢- ڕوانگـــەی ئەمنی بۆ مەســـەلەی کورد لابـــرێت و ئەو پرســـە وەک دۆزێکی سیاسی هەڵســـوکەوتی لەگەڵ بکرێت و لە بازنەی تووندوتیژی و ســـەرکوت و تیرۆریزمەوە بۆ تێکۆشانێکی سیاسی و یاسایی بگوازرێتەوە.

٣- ئـــەو قۆناغەی کە ئێنـــکار لە هەبوونی گەلی کـــورد دەکرا و هیـــچ دەرفەتێک بۆ ڕۆڵبینین و بەشـــداری بە گەل و ناسنامەی کورد لە سیســـتەمی سیاســـیدا نەدەدرا، تا ڕادەیەکـــی زۆر کۆتایی پێ هاتـــووە. هەر بۆیەش بزووتنـــەوەی کـــوردی لە جیاتی لەدەرەوەمانەوە و سەرشـــاخبوون و لە بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەدا، پێویستە خاوەن ڕۆڵی کارا بێت لـــە ناوخۆی سیســـتەمدا. هەربۆیەش هەبوونـــی سیســـتەمێکی دیموکراتیک کە ناوەندگەرایی و یەکڕەنگیی دەوڵەت-نەتەوەی تێپەڕ کردووە، مەرجێکی پێویســـتە.

٤- ســـەرەڕای ئەوەی کە کـــورد لەگەڵ دەوڵەتی جیاواز جیاوازدا تووشـــی کێشەیە، بـــەڵام یەکێتیـــی نەتەوەیـــی و هەبوونی دامـــودەزگای نەتەوەیـــی بۆ دارشـــتنی ئیرادەیەکـــی هاوبـــەش و نەتەوەیـــی بۆ چارەســـەری ئـــەم پرســـە و ڕۆڵبینینی نەتەوەکەمـــان لـــە هەمـــوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت پێویستە.

٥- وەلاوەنانی ســـتراتیژیی شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی کلاســـیک نایەتە واتای نەبوونی میکانیزمی هێز و پاراســـتن بۆ گەلەکەمان؛ لە هەر شـــەرت و مەرجێکـــدا گەلەکەمان مافـــی پاراســـتنی ڕەوای هەیـــە و لـــەو

بوارەشـــەوە پێویســـتە خاوەن ڕێکخستن بێت .

٦- پێویســـتە هەموو چیـــن و توێژەکانی نـــاو کۆمەڵگەی کوردســـتان بەشـــداری میکانیزمەکانی بڕیارگرتـــن بن، هەربۆیەش ڕێوەبەریـــی مەدەنیـــی کۆمەڵگەکانـــی کوردســـتان پێویســـتە پێک بێن و وەکوو ئیرادەی ســـەرەکیی بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیـــک ڕۆڵ ببینن.

٧- پێویســـتە ســـەرەڕای هەبوونی هێزی خۆپاراســـتن لـــە بەرامبەر هـــەر جۆرە فاشـــیزم و توندڕەوییەک، خاوەن پڕۆژەیەک بۆ ژیانی هاوبـــەش و دیموکراتیک لەگەڵ گەلانی دراوســـێ بین.

ئەوانە ئـــەو خاڵانەن کە ســـتراتیژیی ئاشـــتی و کۆمەڵگـــەی دیموکراتیـــک لـــە خـــۆوە دەگرێـــت. بێگومـــان بـــە لەبەرچاوگرتنـــی جیاوازییەکانـــی هەموو بەشەکانی کوردســـتان دەیانبینین، چونکە کێشـــەکەمان دەرکەوتـــەی سیســـتەمی جیهانیی سەدەی بیســـتەم و دەرئەنجامی ســـازکردنی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتە؛ هەر بۆیەش چارەســـەرییەکان لـــە ڕوانگەی ســـتراتیژیکەوە لـــە یەکتر دوور نیـــن. ئەوەش دەزانیـــن کە دەوڵەتی تورکیـــا وەکوو یەکـــەم دەوڵەت-نەتەوە کە سیاســـەتی نکۆڵیی لەســـەر گەلەکەمان پەیڕەو کـــردووە و لە هەموو بەشـــەکانی کوردســـتان دژایەتیی هەبوونی مافی گەلی کـــوردی کـــردووە، خـــاوەن گرنگییەکی تایبەتـــە، ئەویـــش لـــە ئەگەرێکـــدا کە چارەســـەری لە باکوور و لەگەڵ ئەم دەوڵەتە پێـــش بکەوێت. هەرچەنـــدە هیچ یەک لە دەوڵەتەکانـــی ناوچەکە لە ســـەرکوتکردنی گەلەکەمانـــدا دڕێغییان نەکـــردووە، بەڵام گرێکوێرەی ســـەرەکیی مەســـەلەی کورد لەگـــەڵ دەوڵەتی تورکیایە. هـــەر بۆیەش چارەسەری لەم بەشـــەدا کاریگەریی لەسەر هەموو بەشـــەکانی تر دەبێـــت. هەر وەها ڕێبەر ئاپۆ بۆ مەســـەلەی چارەسەریی کورد تەنیا تەرکیزی لەســـەر تورکیا نییە و هەوڵ دەدات لە ئاڵۆزییەکانی ئێســـتای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، گەلەکەمان لە هەر شوێنێک بێت لە مەترســـیی هێرشـــی پاکتاوکەرانە بپارێزێت.

تەوەری دووەم:
پلان و بەرنامەکانی ئێستا

ســـاڵانێکی زۆرە کۆمەڵگـــەی کوردســـتان چاوەڕوانیی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی هاوبەشـــی سیاســـی لە نێوان هێـــزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانە. لە ناوەڕاســـتی بزووتنەوەی ژینـــادا ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاســـییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بە کردەوە لـــە کار کەوت. پێتان وایە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ئایدیۆلۆژیک و سیاســـییەکان ئیمکانی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکـــی کاری سیاســـیی هاوبەش لە نێوان ئـــەم هێزە سیاســـییە جیاوازانەی کوردســـتاندا هەیـــە؟ چەنـــد مانگێکە باس لە ناوەنـــدی دیالۆگ دەکرێـــت. وێدەچێت تا ئێســـتا ئـــەم ناوەندە هێشـــتا هـــەر لە ســـەروبەندی ســـاخبوونەوەدابێت و بـــە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشـــتبێت. گەورەترین بەربەســـتەکان بـــۆ پێکهێنانـــی بەرەیەک

یان ناوەندێکی کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا چین؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش لە نێوان ئەم هێزانەدا، چ میکانیزمگەلێک دەتوانن پێش بە لاوازییەکانی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش بگرن؟



ناوەندی دیالۆگ یان ژووری دیالۆگ هەوڵدانێکی جیدی و پێویستە بۆ یەکگرتنی هێزە سیاسییە کوردەکان، هەڵبەتە ئێمە ئێستاش لە هەنگاوی لە یەک نزیکبوونەوە و تێگەیشتندایین. بەڵام دڵنیایین کە دەتوانین هەنگاوی گەورەتر بنێینەوە؛ ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەزموونی ئەحزابی سیاسیی کوردی ئەو پۆختەبوونەی بەرهەم هێناوە کە بە ڕۆژهڤی لاوەکی لە یەک تێکەڵ نەچن و نەترازێن. هەروەها ئێمە لە سەردەمێکی زۆر هەستیاردا دەژین کە چارەنووسی گەلەکەمان بە هەڵوێستی ئێمەوە بەستراوەتەوە و لەو باوەڕەداین کە کەم و زۆر پارتە کوردییەکان ئەو هەستیارییە دەزانن. گەلی کورد زۆر ڕژدانە هەم یەکێتیی نەتەوەیی گشتی و هەم یەکێتیی پارتە ڕۆژهەڵاتییەکانی دەوێت و ئێمەش پێویستە ئەو داخوازییەی گەل پێک بهێنین. چەند بابەتێک هەیە کە هێشتاش کێشەسازن و پێویستە تێپەڕیان بکەین:

یەکەم؛ پێویستە دەست لە دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازی هەڵگرین. ئەوەی کە حیزب خۆی بە هەمەکارە و باوکی کۆمەڵگە دابنێت، ڕوانگەیەکی مەحکووم بە شکستە. ئەرکمان ئەوەیە کە سەرلەنوێ پێگەی حیزب لە کۆمەڵگەی کورددا پێناسە بکەینەوە؛ حیزب بەرنامە و پرۆژەکانی خۆی پێشکەش دەکات و ئەوە کۆمەڵگەیە کە بڕیاری پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی دەدات. حیزب پێویستە ڕێز لە هێز و زانستی کۆمەڵگە بگرێت، نەک ئەوەی کە کۆمەڵگە وەکوو ماددەیەک ببینێت کە چۆنی پێ خۆش بێت فۆرمی پێ دەدات. لە کۆمەڵگەدا بیروبۆچوون و پرۆژەی جیاواز دەتوانن بە فۆرمی پارتی و ڕێکخراوەی سیاسی و مەدەنیی جیاواز خۆیان ڕێک بخەن. ئەوەی کە هەر حیزبێک بیەوێت یەکەتازی مەیدان بێت، تەنیا و تەنیا جەمسەرگەرایی لە ناو کۆمەڵگەدا پێش دەخات.

دووەم؛ شێوازی کێبڕکێ لە ناو حیزبەکاندا پێویستە ناوەرۆکێکی شارستانییانە و هاوچەرخ بە خۆوە بگرێت. بە هۆی ڕوانگەی پاوانخوازی و باوکسالاریی حیزبەکان لە سەردەمی سیاسەتی کلاسیکدا، کێبڕکێکان لەسەر بنەمای سڕینەوەی یەکتر بووە. کوردستان بۆ حیزبەکان مەیدانی داسەپاندنی ئۆتۆریتە و هەژموون بووە، هەر بۆیەش حیزبی کوردی بە دروشمی "یا من یان هیچ کەسی دی" جوولاونەتەوە. لە ئەنجامدا بە جاران ڕووبەڕووی پێکدادانی حیزبەکان و شەڕی خۆکوژی بووینەتەوە. ڕوانگەی ئانتاگۆنیستی وای کردووە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بەردەوام خوێنی لەبەر بڕوات و کەشوهەوایەکی بێمتمانەیی لە نێوان هێزە کوردەکاندا ساز ببێت و لەسەر باوەڕ و وڕەی گەلیش کاریگەریی دەبێت.

سێیەم: پێویستە فەرهەنگی دیالۆگ و گوێڕاگرتن و تلۆرانس و ڕێزگرتن لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا پەرە پێ بدەین. ئێمە نایەنە لای یەکتر کە واز لە جیاوازیی فکری و سیاسیی خۆمان بهێنین و ببینە تابیعی فکری سیاسیی حیزب و ڕێکخراوەیەکی دیاریکراو. ئێمە دێینە لای یەکتر بۆ ئەوەی سەرەڕای جیاوازییەکانمان، خاڵە هاوبەشەکان ببینینەوە و لەگەڵ یەکتر هاوکاری و هاوپەیمانی بکەین. دەبێت واز لە کولتووری بەیعەت بهێنین، کەس بڕیار نییە تەسلیمی کەس ببێت. پێویستە بگەین بە پلەیەک کە لە چوارچێوەی پەیمانێکی دیموکراتیکدا لەگەڵ یەکدی کار بکەین. بۆ ئەوە پێویستمان بە ئەتمۆسفەرێکی دیموکراتیک هەیە کە لەو ئەتمۆسفەرەدا، بێ ئەوەی کە ڕوو لە توندوتیژی بکەین، لەگەڵ یەکدی بتوانین ناکۆکییەکانمان بهێنینە زمان و شەڕی فکرە جیاوازەکان بکەین. ئێمە وەک پەژاک هەموو هەوڵمان بۆ سازدانی ئەم ئەتمۆسفەرەیە، چونکە ئەو کەشوهەوایە بەستێنی فەرهەنگ و کردار و سیاسەتێکی نوێیە کە پێویستمانە.

خاڵی **چوارەم** ئەوەیە کە جەستەی پارتییەکان، ئەندامان و لایەنگران لە تونڕەوی، شەڕانگێزی و پۆپۆلیزم بپارێزن. بە داخەوە ئێستاش لە پەروەردەی حیزبی لە کوردستاندا، زیاتر لە مرۆڤی سیاسی و پێشەنگ و زانا، مرۆڤی تونڕەو بە ئەدەبیات و زمانێکی زبر و ڕوانگەیەکی زۆر بەرتەسک و دۆگماتیک بەرهەم دێت. لە یەک نزیکبوونەوەی پارتییەکان ناتوانێت تەنیا لە ئاستی سەرکردایەتیدا بمێنێتەوە؛ ئەگەر ئەو لەیەکنزیکبوونەوەیە فەرهەنگێکی تلۆرانس و قەبوڵی جیاوازییەکان لە ئاستی جەستەی پارتی و لایەنگرانیدا پێک نەهێنێت، نەبوونی توندوتیژی لە داهاتوودا گەرەنتی ناکات و باوەڕیش بە گەل نادات. ئێستا ئەوەی کە ئەرکمانە ئەوەیە کە بزانین لەسەر دووڕێیانێکی مێژوویین وەستاوین؛ یا ئەوەتا زۆر بە تەدبیر و لەخۆبردووانە دۆزی گەلەکەمان بە ئەنجام دەگەیەنین، یان ئەوەی کە بە دۆگماتیزم و خۆویستی و پێداگری لەسەر هەڵەکانی ڕابردوومان، زەبر لە سەد ساڵ ڕەنج و تێکۆشانی گەلەکەمان بۆ ئازادی دەدەین. ئەوەی زۆر بە قوولایی دەبێت درکی پێ بکەین ئەوەیە کە پێکەوە بەهێزین و لە نەرمایینواندن بە یەکتر هیچ شتێک لەدەست نادەین. بە لەیەکنزیکبوونەوەمان پشتیوانیی گەلەکەمان لەگەڵمان دەبێت؛ گەلەکەمان ئەوەی بە کردەوە لە وەلامدانەوەی بانگەوازییە هاوبەشەکاندا نیشان داوە. بێگومان یەکگرتن پێویستی بە هەندێک ڕێباز و میکانیزمیش هەیە. پێویستە متمانەی هێزە سیاسییەکان بە یەکتری بە پەیمانێکی نووسراو و بەهێز پشتئەستوور بکرێت. هەروەها پێویستە یەکگرتن تەنیا بە پارتەکانەوە سنووردار نەمێنێت و هێزە کۆمەڵایەتییەکان هاوتەریب لەگەڵ ئەحزاب ببنە بەشێک لەو یەکێتییە. هەبوونی هێز و لایەن و کەسایەتی لە پڕۆسەی یەکگرتن و هەروەها

دواتر لە قۆناغی دارشتنی سیستەمی سیاسیدا، دەبێتە هۆی گەرەنتیبوونی پرۆسەکە و شەفافییەتی ئەو لە بەرامبەر گەلدا. پێویستە لە ئەنجامی یەکگرتنی پارتەکان، داموددەزگای نیشتمانی وەکوو دەزگای دیپلۆماسی، سەربازی و ڕێوەبەریی سڤیلی نیشتمانی ساز ببێت.

بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەنی جیاواز پێک دێت، بۆ نموونە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیر و ئاکادیمیسیانە بێلایەنەکان و هتد. ئاخۆ پەیوەندییەکی دوولایەنە و بنیادنەر لە نێوان ئەم پێکهاتە جیاوازانەی بزووتنەوەی کوردستاندا هەیە؟ یان هەر لایەنێک وەک دورگەیەکی لێک دابڕاو خەریکی کاری خۆیەتی؟



کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە داموددەزگا ئاکتیڤ لە بواری جیاوازەکان و ئاکادیمیسیەنەکان و هەروەها داینامیزمێکی بەرچاوی ژنان و گەنجان، نە تەنیا لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێوێنەیە. ئەو پۆتانسیەلانە ئەگەر فۆرمی ئیرادەیەکی سەربەخۆی ڕێکخراو بە خۆوە بگرن، گەورەترین هێزیان لێ بەرهەم دێت کە دەتوانن هەم تێکۆشانی سیاسیی حیزبی کوردی بەهێز بکەن و هەم ئەحزاب هان بدەن تاکوو لەسەر جادەی تێکۆشانی دیموکراتیک لا نەدەن.

ئەگەر بە ڕوانگەیەکی واقیعیانە چاو لەو بەشە لە کۆمەڵگەی کورد بکەین، دەبینین کە بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و تەنانەت کەسایەتییەکانیش بەسەر حیزبەکاندا دابەش بوونە. هەر بۆیەش پەیوەندیی ئەم کەسایەتی و گرووپانە لەگەڵ ئەحزاب، چوارچێوەیەکی ڕەخنەگرانە بە خۆیەوە ناگرێت. ئەوە باشە کە حیزبەکە پرۆژەیان بۆ بواره جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت، بەڵام ئەوەی کە مەیدانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببێت بە شوێنی کێبڕکێی حیزبایەتی، لە درێژخایەندا ڕێگە لە پێشکەوتنی فکری ڕەخنەگرانە و کەشوهەوایەکی عەقڵانی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگرێت. ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردی پڕە لە کەسایەتی و ئاکادیمیسیەنی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، بەڵام هەتاکوو ئێستاش ناتوانین باس لە هەبوونی ڕەوتی جیاوازی فکری و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا بکەین کە ئەتموسفەرێکی باس و گفتوگۆی زانستیانە و فکری و فەلسەفی ساز بکات. سەرەڕای نیەتپاکی ئەم کەسایەتییانە، تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە لە قاڵبی تاکی ئامۆژگار بۆ حیزبەکان دەرکەون. زۆر جار ڕیالیتە و مەیدانی واقیعی سیاسی لەگەڵ تیۆرییەکان یەک ناگرێتەوە و هەم هەوڵدانی حیزبی سیاسی بۆ گوێڕاگرتن لە جیهانی ئاکادیمی لاوازە، و هەم جیهانی ئاکادیمیی کوردیش هەوڵدانێکی زۆری بۆ

لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی لە واقیعییەتی مەیدانی لاواز دەمێنێتەوە. ئەو لێکدابڕانە پێویستە چارەسەر بکەین.

داخوازییەکان لە ئاکادیمیسیەنەکان ئەوەیە کە نابێت ئەوان بکەونە ژێر کاریگەریی هاتوهاواری میدیایی. کاری لێکۆڵینەوە و ئاکادیمیک لەسەر واقیعی سیاسی-کۆمەڵایەتی، دەتوانێت بەرنامە و پڕۆژەی زۆر بەهێزی بۆ چارەسەری لێ دەرکەوێت. هەروەها ئەگەر تێکۆشانێکی فکری و تیۆریی بەهێز لەسەر بنەمای واقیعی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئێمە بکرێت، دەتوانێت ئەتموسفەرێکی باش لە ئاستی فەلسەفەی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سیاسی بەرهەم بهێنێت، کە نەهێڵێت مەیدانی سیاستی کردەی تووشی دۆگماتیزم و چەقبەستوویی بێت و هەمیشە ئاڵتەرناتیڤی بۆ چارەسەری لەبەردەست بێت.

ئازادی: *پرسی ستەم و نایەکسانیی جێندەری پرسێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لە کوردستان ژنان هەم لە لایەن پێکهاتە یاسایی، سیاسی و ئابووریییەکانی ڕژێمی ئێرانەوە دەچەوسێنەوە و هەم کولتووری کۆمەڵگەی کوردستان کولتوورێکی پیاوسالارە. ژنانی کوردستان هەوڵ و خەباتێکی زۆریان بۆ سەرینەوەی ئەو ستەمە و گەیشتن بە یەکسانیی جێندەری داوە. حیزبەکەی ئێوە چ بەرنامەیەکی واقیعی و کردارەکی بۆ ستەم و نایەکسانیی جێندەری هەیە و چۆن ڕووبەڕووی ئەو پرسە بووەتەوە؟*



لە ڕوانگەی ئێمەوە پرسی ئازادیی ژن یەکێک لە سەرەکیترین پرسەکانی کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. ئێمە بنەمای هەموو ستەم و نادادپەروەرییەک لە ژێردەستەبوونی ژندا دەبینین. بە کۆیلەکردنی ژن، کۆمەڵگە بە کۆیلە کراوە و ژن یەکەمین و قوڵترین کۆلۆنییە؛ بۆیە تێکۆشان بۆ ئازادیی ژن، ئازادییەکانی تریش لەگەڵ خۆی مسۆگەر دەکات. بێگومان یەکسانیی ژن و پیاو لە یاسادا گرنگە، بەڵام ئەمە ناتوانێت ئەم بڕینە قوڵەی کە ژێردەستەی ژن لە مێژوودا سازی کردووە، ساڕێژ بکاتەوە. لە ژێردەستەکردنی ژندا هیرارشی، کاست، چین و ناوەندەکانی دەسەڵات و دەوڵەت ساز بووە. کۆمەڵگە بە تەواوی سروشتی بوونی خۆی لەدەست داوە و ڕوانگەی پیاوسالارانە، مرۆڤێکی داگیرکەری سەبارەت بە مرۆڤە لاوازەکان و کۆمەڵگەکانی تر و سروشت ساز کردووە. باوەڕی بە ئازادیی ژن لە لای ئێمە، واتای شەڕ لە دژی هەموو جۆرەکانی دەسەڵاتخوازی و داگیرکەرییە؛ بۆیەش بنەمای شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە و ڕادیکاڵە. بێگومان ڕزگاربوون لە کاریگەرییەکانی پیاوسالاری تێکۆشانێکی زەینی، فەلسەفی و هەروەها سایکۆلۆژیک و مەعنەوی دەخوازێت. ئێمە لەو باوەڕەداین کە تێگەیشتن لە ڕاستیی ژن لە مێژوودا، ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی و مێژوویی تازە لە بەرامبەر مرۆڤ دەکاتەوە. هەر بۆیەش

هەم لە بـــواری پەروەردەیـــی و فکری و هـــەم لە بواری سیســـتەم و ســـاختاری پارتـــی و هەم لـــە بواری کەســـایەتیدا، گرنگییەکـــی یەکجار زۆرمان بـــەو بابەتە داوە و پێـــی دەدەین. بۆ ئێمـــە ژن تەنیا ســـەدی ٥٠ی کۆمەڵگـــە و دیاردەیەکی ژمارەیـــی نییە، بەڵکوو قووڵترین بەشـــی مێـــژوو و فەرهەنگە کە نەبینـــراوە. بۆیە ئێمـــە لـــە هەمـــوو بوارەکانـــی ژیاندا جیاوازیـــی پۆزەتیـــف بۆ ژنـــان قائیلین. سیستەمی هاوســـەرۆکایەتیمان لە هەموو بەشـــەکانی بڕیاردانـــی پارتیـــدا هەیە و مەرجـــی بەشـــداریبوونی هەرچـــی کەم پەنجا لەســـەدی ژنان پێـــک دەهێنین. ژنان لە دەرەوەی بەشـــداری لـــە بابەتە گشتییەکاندا، خۆســـەری و تایبەتمەندیی خۆیـــان هەیـــە و لـــە چوارچێـــوەی کۆمەڵگـــەی ژنانی ئـــازادی رۆژهەڵات بە شێوازی ســـەربەخۆ خۆیان رێک دەخەن. ژنان بەشـــی تایبەتی خۆیان لە بەشـــی نیزامـــی بە ناوی «پاراســـتنی ژنان» هەیە و فەرماندەییش وەئەســـتۆی خۆیانە.

ئێمە بـــە باوەڕییـــەوە کار بـــۆ ئەوە دەکەیـــن کە هەمـــوو بەربەســـتەکان لە بەرامبەر ئازادیـــی ژن لە کۆمەڵگەدا لابچن و لە تێکۆشـــانی ئازادیی ژندا، مرۆڤی ئازاد و کۆمەڵگەی سروشـــتی لە جیاتی (لە دژی) هەموو داگیرکەرییـــەکان دەرکەوێت. «ژن، ژیان، ئازادی» کە فەلســـەفەی شۆڕشـــی ئێمەیـــە، بە پێشـــەنگایەتیی ژنـــی ئازاد کۆمەڵگەیەکی بەهێز و ئازاد ســـاز دەکەین.

ئاسۆ *لەم ســـاڵانەی ڕابردوودا ناسیۆنالیزمی کـــوردی لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان ڕوو لە گەشـــە بووە و چیـــن و تونێـــژە جیاوازەکانی کوردستان هەوڵیان داوە داخوازییە جیاوازەکانی خۆیان – بـــۆ نموونە پرســـە جێندەرییەکان، پرســـی ژینگە و پرسی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی – لەگەڵ ناســـیۆنالیزمی کوردیدا جومگەبەندی بکـــەن. چ خوێندنەوەیەکتـــان بۆ ئـــەم دۆخە هەیـــە و بۆچوونی ڕێکخراوەکەی ئێوە لەســـەر ناســـیۆنالیزمی کوردی چییە؟*



ئەوەی کـــە ئێمـــە پەیڕەوی دەکەیـــن و باوەڕمـــان پێـــی هەیـــە، وڵاتپارێـــزی یـــان نیشـــتمانپەروەرییەکی قووڵ و سروشتییە کە هەمیشـــە لـــە ناخی مرۆڤـــی کورددا زیندوو بووە و دەبێت. پرســـی نەتەوایەتیمان ســـەرەکیترین پرســـمانە و لـــە ڕوانگەی نەتەوەیـــی دیموکراتیکەوە تێکۆشـــانی بۆ دەکەین. کاتێـــک کە پرســـی نەتەوەیی لەگەڵ پرســـی ژن و ژینگە، پرسی یەکسانی و پرسی ئازادی تاکوو ناســـنامەکان یەکانگیر دەبێت، نیشـــتمانپەروەریی ڕاستەقینە یان ڕوانگەی نەتەوەیـــی دیموکراتیک بەرهەم دێت. ئەگەر ســـەرنجتان دابێت شۆڕشـــی «ژن، ژیان، ئـــازادی»ش ئـــەم ناوەڕۆکەی هەبـــووە. چـــۆن دەتوانین هەتـــا دوایی نەتەوەیـــی بیـــن، بـــەڵام بەرهەمهێنەری باوکســـالاری، چینایەتی و دەسەڵاتخوازی نەبیـــن؟ مرۆڤەکان بـــەرەو نەفـــرەت و پۆپۆلیزم ئاراســـتە نەکەین. چۆن دەتوانین

نەتەوەیی بین و ئەوە تەنیا لە قسە و هاتوهاوارى میدیاییدا نەمێنێتەوە و ئەو ڕۆحە نەتەوایەتییە، ئاوێتە بێت بە فیداکاری لە گیان و مالّدا؟ چۆن دەبێت نەتەوەیی بین و نەتەوەییبوونمان عەشقی ژینگەی نیشتمانمانی لێ بکەوێتەوە؟ چۆن دەتوانین نەتەوەیی بین و لە ئەنجامی تێکۆشانی نەتەوەییماندا کۆمەڵگەیەکی ئازاد ساز ببێت کە ژنەکان نە لە ژێرباری نەریتەکان و نە لە ژێرباری پیاوسالاریی مۆدێرندا نەچەوسێنێتەوە؟ ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو ڕۆحە نەتەوەیی دیموکراتیکەیە کە ڕۆژبەڕۆژ لە ناو کۆمەڵگەی کورددا پەرە دەستێنێت و بەهێز دەبێت.

تیشک *داواکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ فۆرمی خودموختاری، فیدرالیزم و کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک پێک دێت. بەشێک لەم حیزبانە خۆیان بە ڕێکخراوەی ناسیۆنالیستی دەزانن، لە کاتێکدا حیزب هەیە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات. ئەم ناکۆکییانە لە گوتار و ئایدیۆلۆژیایاندا چ کاریگەرییەکیان لەسەر کاری مەیدانی و یەکگرتوویی نێوان ڕێکخراوەکان دەبێت؟*



ئێمە لەو باوەڕەداین ئەوەی کە دەبێتە هۆکاری ناکۆکیی سەرەکیی نێوان حیزبە کوردییەکان نە بابەتی ئایدیۆلۆژیکە و نە ئەو فۆرمەی کە بۆ ڕێوەبردنی کوردستان پێشنیاری دەکەن. کێشەی سەرەکی کێبڕکێی ناتەندروستە، کەموکوڕی لە دیموکراسییەت و تا ڕادەیەکیش دڵنزمنەبوونی سەرکردایەتیی پارتەکانە. ئەگەر ئەوانە چارەسەر بن، فۆرمەکانی ڕێوەبردن دەتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پێکهاتنیشی لەسەر ساز بێت. ئێمە ئامادەی ئەو گفتوگۆیانەین و هەر ستاتۆیەکی کە ئیرادە و خۆڕێوەبردنی نەتەوەکەمان تێدا مسۆگەر بێت کاری بۆ دەکەین. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ئیرادەیەکی کۆمەڵایەتی و دیموکراسییەکی ڕادیکاڵ لە ناو کۆمەڵگەی کورددا هەبێت و خەڵک بتوانن ئیرادەی خۆیان لە هەموو بڕیارەکاندا ببینن. هەروەها هەموو ناسنامە و زاراوە و ئایینە جیاوازەکانی ناوخۆی کوردستان مافی خۆدەربڕین و خۆڕێوەبردنیان هەبێت و ژنان و گەنجان وەکوو داینامیزمی سەرەکیی کۆمەڵگە بە بنەما بگیرێن. کوردستانێکی ئازاد بە کوردێکی ئازاد و کۆمەڵگەیەکی ئازاد مسۆگەر دەبێت و دەپارێزرێت.

تەوەری دووەم:
ئاسۆی گۆڕانکارییەکان و ئاڵنگارییەکان

تیشک *لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا داینامیزمی سیاسیی ناوچەکە و کوردستان زۆر خێراتر بووە. ڕووداوەکان زوو ڕوو دەدەن، و زۆر کات پێشبینینەکراون. ئەو لایەنانەی پلانی*

تۆکمەتر، لابیی بەهێزتر و میدیای چالاکتر و هێزی زۆرتریان هەیە، باشتر دەتوانن لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییشدا کەڵک لە گۆڕانکارییەکان وەربگرن و قازانج و ویستەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد بە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان، میدیا، لابی و پلانێکی لاوازیان بۆ بەرەوپێشچوونی گۆڕانکارییەکان هەیە. لە بەرانبەردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری کاری ڕێکخراوەیی، هێزی جووڵاندنی شەقام و مەشرووعییەتی مێژوویی، لە ئێرانییەکان بەهێزترن، بەڵام ئەو بەهێزییە تەنیا بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ئاستی ئێران و ناوچەکەدا ڕەنگە زۆر کاریگەریی لەسەر قۆستنەوەی دەرفەتەکان نەبێت. بۆیە زۆر کات دەبینرێت وڵاتانی ڕۆژئاواییش بۆ پرسەکانی ئێران و کوردستان، لایەنە ئێرانییەکان بە بەردەنگ وەردەگرن. چارەتان بۆ چارەسەریی ئەم گرفتانە چییە؟ ئاخۆ هیچ هەنگاوێکتان بۆ پڕکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی کوردستان بە مەبەستی بەشداریی زیاتر و کاریگەرتر لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە؟



بەڵێ، ئێمە ئەو تێبینییەی ئێوە بە ڕاست دەبینین؛ پارتە کوردییەکان ڕیشەیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردا هەیە، بەڵام نەیانتوانیوە هێزی خۆیان لە سەرتاسەری ئێران نیشان بدەن. پێویستە دەست لەو ڕوانگەیە هەڵگرین کە کوردستانیبوون بەو واتایە دێت کە خۆمان تەنیا بە جوگرافیای کوردستانەوە سنووردار بهێڵینەوە. ئەمڕۆکە هەموو هێزەکان هەوڵ دەدەن سنووورەکانی خۆیان تێپەڕ بکەن. داهاتووی سیاسیی هەموو گەلان لە گشتیی وڵاتەکەدا دیار دەبێت؛ ئەوەی کە تۆ چەندە خاوەن هێز و ڕێکخستن بیت، بەو ڕادەیە تایبەتمەندی و ستاتۆی تایبەتیی خۆت لە ناو گشتیدا دەپارێزیت. ئێمەی کورد ئەگەر دەمانەوێت لەسەر چارەنووسی خۆمان بڕیار بدەین، پێویستە زۆر بەخۆباوەڕانە ئەو مافە بە خۆمان بدەین کە ئێران و شێوازی ڕێوەبەری لە ئێراندا سەرلەنوێ پێناسە بکەینەوە. کورد خاوەن هێزە و ئەگەر بەخۆباوەڕ بێت، دەتوانرێت پرۆژەی دیموکراتیکی خۆی لە ئێراندا پێک بهێنێت و بەو شێوازە هەموو مافەکانی خۆی مسۆگەر بکات. خۆپەراوێزخستن و دوورخستنەوە لە ناوەند و بێکاریگەربوون لە گشتیدا، وامان لێ دەکات کە هێزە ناوەندگەراکان لەسەر چارەنووسی ئێمە بڕیار بدەن. نابێت مۆڵەتی ئەم کارە بدەین. ئێمە ئایدیایەکمان هەیە بە ناوی «کۆماری دیموکراتیکی ئێران» کە ئەم ئایدیایە بە پێشەنگایەتیی هێزی گەلی کورد پێک دێت. دەبێت ئەوە بزانین کە هێزە ناوەندگەراکان و نەتەوەپەرستەکان لە دژی هەر جۆرە مافێکی نەتەوەیی کوردن. ئەوەش دەزانین کە هێزە نێودەوڵەتییەکان مەودایەکی زۆرتر لە پێش ئەوان

دەکەنـــەوە. لێـــرەدا زۆر گرنگـــە کە هەم هێزی سیاســـی و هەم هێزی کۆمەڵگەی کـــوردی لـــە داڕشـــتنی بەرنامەیەک بۆ بەکاریگەرکردنـــی کـــورد لـــە داهاتووی ئێراندا هاوەنگ بـــن. کۆمەڵگەی کوردی سیاســـیترین کۆمەڵگەی ئێرانە و ئەحزابی کوردی خـــاوەن ئەزموونن. بە داڕشـــتنی بەرنامەیەکی هاوبـــەش و یەککردنی هێزی سیاســـی، ماددی و میدیاییمان دەتوانین ئاڵتەرناتیڤی ســـەرەکی بـــۆ ئێرانی داهاتوو پێشـــکەش بکەین. هێـــزی یەکگرتووی کـــورد بـــە خیتابێکـــی دیموکراتیـــک دەبێتـــە جێـــگای متمانـــە بـــۆ هەموو دیموکراســـیخوازەکانی ئێران؛ لەو بوارەوە کار دەکەیـــن و هەوڵدانمـــان هەیە.



بزووتنـــەوەی کـــوردی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە کوێی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران وەســـتاوە؟ ئاخۆ ئـــەم بزووتنەوەیە تەنیا لە قۆناغی گۆڕانی ڕژێمدا بەشـــدار دەبێت یان چـــاوەڕوان دەکرێت پـــاش ڕووخانی ڕژێمیش بەشـــێکی لـــە دەســـەڵاتدا بەشـــدار بێت؟ هاتنەســـەرکاری ڕژێمێک لە ئێران کە لەگەڵ ئاراستەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بێت بەڵام لـــە ناوخۆدا ئامادە نەبێت دان بـــە هیـــچ مافێکی بەکۆمەڵـــی نەتەوەی کوردا بنێت ڕەنگە دۆخـــی بزووتنەوەی کورد لەوەی هەیە ئەســـتەمتریش بـــکات. پێتانوایە ئەگەری ســـەرکەوتنی وەها سیناریۆیەک هەیە؟ گەر وەها ســـیناریۆیەک ڕوو بدات پلانتان چی دەبێت؟

بزووتنەوەی کـــوردی هەرگیز نابێت ئامانجـــی کۆتایی خۆی لە گۆڕانـــی ڕژێمـــدا قەتیس بکاتـــەوە، بەڵکـــوو پێویســـتە ڕوومان لە داهاتـــوو بێت و بۆ سیســـتەمی داهاتووی ئێران خـــاوەن بەرنامە بیـــن. بزووتنەوەی کـــوردی ئەگـــەر لـــە ئێســـتاوە ڕۆڵی ئەکتەرێکـــی دیاریکـــەر و خـــاوەن پرۆژە نەبینێـــت، لـــە داهاتـــوودا دەبێـــت بە داخوازیگەر (مطالبەگر) و کەســـانێک بڕیار لەســـەر چارەنووســـی دەدەن کە هەموو هەوڵیان بێهێزکردنـــی نەتەوەکەمانە. ئەوەی کە ئایـــا ئەگەری هاتنەســـەرکاری هێزی ناوەندگـــەرا و دووپاتبوونـــەوەی دیکتاتۆری هەیـــە، دەتوانم بڵێـــم بەداخـــەوە هەیە. ڕووداوەکانـــی ســـووریا ئەوەی نیشـــان دا کـــە بۆ هێزە جیهانییەکان دیموکراســـی و مافـــەکان هیچ گرنگییەکیـــان نییە، ئەوان ســـەقامگیرییان (ئیســـتقرار) دەوێت. ئەو ســـەقامگیرییە دەتوانێت زۆر نادیموکراتیک بێت. لەگەڵ ئەوەشـــدا نابێـــت کاریگەریی دەوڵەتـــە دژە کوردەکانـــی وەک تورکیاش لەســـەر داهاتووی سیاسیی ئێران پشتگوێ بخەین. هەر لە ئێســـتاوە پێویستە هەم زۆر ژیرانە و هەم بوێرانە ئیرادەی کوردســـتانیی خۆمان هەم بۆ پرســـی نەتەوەییمان و هەم بۆ گشـــتیی ئێران بهێنینە ئـــاراوە. نابێت وەک هێزی چاوەڕوان هەڵسوکەوت بکەین، بەڵکـــوو دەبێـــت فۆرمووڵەی چارەســـەری کێشـــەکان، ئێمـــە پێشکەشـــی بکەین. ئەوەی کە ئێســـتا ئێمـــە دەیکەین ئەمەیە، بەڵام لـــەو باوەڕەداین کـــە یەکدەنگی و هاوفکری لـــەو بوارەوە پێویســـتە. لەگەڵ

ئەوەشـــدا پێویســـتە ئامادەی هەر جۆرە ئەگەرێـــک بین و هـــەم وەکـــوو هێز بۆ پاراســـتنی گەلەکەمان ئامـــادە بین و هەم فەرهەنگی خۆپاراســـتن لە ناو کۆمەڵگەی کوردیـــدا بەرەو پێشـــەوە ببەین.

تیشک *دۆخی دابەشـــکاریی کوردســـتان و بزووتنەوەی کوردســـتان لە ڕەوتـــی مێژوویی خۆیدا، ئاســـتی جیاوازی پەیوەنـــدی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاســـییەکانی کوردستان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردســـتاندا دروســـت کردووە. ئـــەم هەلومەرجـــە چ کاریگەرییەکی لەســـەر جـــۆر و ئاســـتی پەیوەندییەکانـــی حیزبەکـــەی ئێوە لەگەڵ وڵاتانـــی داگیرکەری کوردســـتان هەیە؟ چۆن ئـــەو پەیوەندییانە بۆ ڕای گشتی شـــی دەکەنەوە و پاساوی دەدەنەوە؟*



ڕاســـتیی جیۆپۆلیتیکـــی کوردســـتان و لەتبوونـــی وڵاتەکەمـــان وای کـــردووە کە هێزی هەر بەشـــێک لە کوردســـتان ناچـــارە تا ڕادەیـــەک دانوســـتانی لەگەڵ دەوڵەتانی سەردەســـت لەســـەر بەشەکانی دیکـــەی کوردســـتان هەبێـــت. بێگومان ئەو دانوســـتانانە پێویســـتە بە پێی پێوەرە نەتەوەیـــی و ئەخلاقییە سیاســـییەکان بن و لـــە دژی بزووتنـــەوە و گەلی بەشـــەکانی دیکـــەی کوردســـتان نەبن. بـــە داخەوە پێشـــتر هاوکاریـــی هێـــزی پارچەکانی تر لەگـــەڵ دەوڵەتـــی ئێـــران، دەرفەتی گـــەورەی لە دەســـت گەلـــی ڕۆژهەلاتی کوردســـتان دەرهێناوە. بـــۆ کۆتایی‌هێنان بەو ڕەوتـــە، پێویســـتە دەزگا و مەرجەعی نەتەوەیی ســـاز بکەین کـــە تێیدا هێزی بەشـــەکانی کوردســـتان ئاگاداری لەسەر بەرنامە سیاســـییەکانیان بـــدەن و لەوێدا بابەتەکان مشـــتومڕ بکرێت. پێویســـتە بە هەموو توانامانەوە ڕێگـــری لەوە بکەین کە دەوڵەتەکان هێزی کـــوردی لە دژی یەکتر بەکار بهێنـــن و لەو بـــوارەوە مێژوویەکی نـــوێ لە سیاســـەتی نەتەوەییـــی کورددا دەســـت پێ بکەین.



”

وتوویژ لەگەڵ
حوسێن یەزدانپەنا

“



تەوەری یەکەم:

دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلآت و ئێران

سەرهەلدانی بزووتنەوەی ژینا لە رۆژهەلآتی کوردستان و بلاوبوونەوەی بزووتنەوەکە بۆ ئێران، زۆر گۆرانکاری سیاسی و کۆمەلایەتیی لێ کەوتەوە. لە ئاستی کۆمەلگاکانی کوردستان و ئێران بۆ یەکەم جار بوو لە بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتیدا ژنان بەشداریی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەیان لەسەر شەقام کرد. ئەم بزووتنەوەیە بە رادیکاڵترین و بەرینترین بزووتنەوەی کۆمەلایەتیی پاش شۆرشی ١٩٧٩ (١٣٥٧) لە رۆژهەلآتی کوردستان و ئێران دادەنرێت. بزووتنەوەی ژینا توانی نەزمی سیاسیی ئێرانی تووشی ئاڵنگاری بکات و ئێستا رژێم توانای گەرانەوەی نەزمی پێشووی نییە. جیا لە کاریگەرییە سیاسییەکان، بزووتنەوەی ژینا کاریگەریی قوواڵی کولتووری و کۆمەلایەتیشی هەبووە. لەگەڵ گۆرانە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان، حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکانیش پێویستیان بە گۆرانکاریی سیاسی و رێکخراوەیی هەیە. حیزبەکەی ئێوە چۆن هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ ئەم گۆرانە سیاسی و کۆمەلایەتییانە بگونجێنێت؟ ئەو گۆرانکارییانە چین کە رێکخراوەکەی ئێوە دوای بزووتنەوەی ژینا لە خۆیدا پێکی هێناوە؟



لە چوارچێوەی ڕوانگەکانی منداا، پرسیارەکە هەندێک کێشەی تێدایە، بۆیە پێویستە

لە پێشدا لە کێشەکانی پرسیارەکە بدوێم. لەوانەیە هەر لە باسی کێشەکاندا، ولاّمی پرسیارەکەشیان تێدا بێت.

سەرەتا با لە چەمکی "بزووتنەوەی ژینا"وە دەست پێ بکەم. پێم وایە ئەم چەمکە دروست نییە، چونکە "بزووتنەوە" پڕۆسەیەکی مێژوویی کە هەڵگری ناسنامەیەکە و بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و بەردەوامی و پێکەوەبەستراوەیی مێژوویی و گوتار و مانا بەرهەم دەهێنێت. بزووتنەوە لەسەر وەیەکخستنی هێز و توانا ڕاوەستاوە، حاڵەتی دریژخایەنی هەیە؛ نە حاڵەتی ڕاستانی هەیە، نە حاڵەتی تەقینەوە. وەک چۆن دەڵێن: "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان" یان بزافی دژی ئاپارتاید.

بزووتنەوە بەستێنی فرەڕەهەند و فرەچەشنە، بۆیە ئەوەی ڕووی دا، نە بە "بزووتنەوە" پێناسە دەکرێت و نە بە "شۆڕشگێڕانە". بزافی شۆڕشگێڕانە ڕووی لە ڕووخاندن یان ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆییە. لە حاڵێکدا، کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی خۆیی نییە و داگیرکەرە.

خۆ ئەگەر مەبەست لە "شۆڕشگێڕانە" ئاماژەیە بە دەور و ڕۆڵی ژن لەو ڕووداوەدا، ئەوە ئەگەر بۆ تاران شۆڕش و شۆڕشگێڕیی کۆمەڵایەتی بووبێت، لە کوردستان وا نەبووە؛ چونکە ژن لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان دەوری هەبووە. بابەتی لەچکە و داپۆشینی زۆرەملێیش کە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو داسەپاوی داگیرکەرییە.

ئەوەی ڕووی دا، "ڕاپەڕین" بوو. ڕاپەڕین ئەو ڕووداوە کتوپڕەیە کە لە ناو بەستێنی بزووتنەوەیەکدا ڕووەدا. ڕاپەڕینی ژینا ڕاپەڕین دژ بە داگیرکەر بوو. ئاڵقەیەکی دیکە لە ڕاپەڕینە مێژوویییەکانی کوردستان دژ بە داگیرکەر بوو.

کێشەی سێیەمی ناو پرسیارەکە کە لە ڕاستیدا، کێشەیەکی بوونناسانەیە، ئەوەیە کە بە ڕادیکاڵترین و بەرینترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، دادەنرێت. دروست ئەوەیە بگوترێت بە یەکێک لە بەهێزترین ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێت، نەوەک ئەو پێناسە و پێگە ڕەهایەی پێ بدرێت. لە ماوەی ٤ دەیەی پێشوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ڕاپەڕین و جوواڵە و هەنگاوی گەورە هەبووە کە بەرین و بەربڵاو بوون؛ لەوانە سەردەمی شەڕی سێ مانگە کە بە پانتایی زۆربەی خاکی کوردستان، جوواڵە و ڕاپەڕینی گەورە هەبوو.

لێرەدا ئەگەرچی بەڕێزتان باسی ئەوەتان نەکردووە بەڵام بە باشی دەزانم هەر لە دریژەی ئەم خوێندنەوە دژەباوەدا، ئاماژە بە دەوری ژن لە ڕاپەڕینی ژینادا بکەم. خوێندنەوەی باو وایە کە بەم ڕاپەڕینە ژن بووە خاوەن دەور و پێگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی؛ بەڵام من وای نابینم. ڕاپەڕین خۆی لە ڕەهەندێکییەوە بەرهەمی دەور و پێگەی ژن بوو لە کۆمەڵگا و لە بزاڤی سیاسیی کوردستاندا.

ئێستا با بڕۆینە سەر ولاّمی پرسیارەکە، واتە چۆنییەتیی خۆگونجاندنی PAK و گۆڕانکارییەکانی ئێمە پاش ڕاپەڕینی ژینا. ئەم باسە لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگا یان بە جۆرێکی

دیکە لە نێوان ئاکتۆر و ستراکچێردا لێک دەدرێتەوە. ڕاپەڕینی ژینا لەناو بۆشاییەکی مێژوویی‌دا بەڕپا نەبوو، بەڵکوو لەناو بەستێنی ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی خەبات و بەرەنگاری و دیسکۆرسەکانی پێشتر و زاکیرەی بەکۆمەڵدا پێک هات.

لە کوردستان ئەم بەستێنە بە ڕادەیەکی زۆر لە لایەن پارت و ئەکتیویستی کوردەوە دروست کرابوو کە لە ماوەی سااڵنی دوور و درێژدا چەمکگەلی وەک بەرەنگاری، ماف و ئازادی و سەربەخۆیی‌ان بەرهەم هێنابووەوە. وەک پارتی ئازادیی کوردستان، ئێمە خۆمان لە ٣٥ ساڵی پێشوودا ئاکتۆرێک بووین کە وەک هەوێنێک لە گیرساندنی هەندێک توێی دیسکۆرسی ڕاپەڕینی ژینادا دەورمان گێڕاوە؛ لەوانە پرسی کوردستان، ناسنامەی کوردستانی لە جێگەی ئێرانی، بە داگیرکەر و کۆلۆنیال دانانی دەوڵەتی ئێران، چەمکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و خاک، جیاوازی دانان لە نێوان بزووتنەوەی ئێرانی و بزاڤی کوردستانی و لە کۆتاییدا پێداگری لەسەر سەروەریی نەتەوەیی و دەوڵەت.

ڕەچەڵەکناسیی ئەم چەمکانە دەچنەوە سەر ئەدەبیاتی سیاسی و گوتاریی پارتی ئازادیی کوردستان. ڕۆحی ئەم پرس و چەمکانە لە هەندێک دروشمەکانی ڕاپەڕینی ژینادا، ڕەنگیان دابووەوە، ئەگەرچی هەوڵێک هەیە بۆ لەبیرکرانی ئەوە، بەاڵم لەبیرناکرێت کە یەکەم دروشمی ڕاپەڕین کە لە ئایچییەوە درا بریتی بوو لە: "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی". دواتریش ئەو دروشمانەی کە ئاماژەیان بە پەیوەندیی نێوان دۆخی ئارایی و نەبوونی دەوڵەت دەکرد.

بێجگە لەوانەش ئەو بایەخ و پێگەیەی پارتی ئازادیی کوردستان بۆ دەوری ژن وەک سووژەی سیاسی قایل بووە و لانیکەم ١٠ ساڵ پێش ڕاپەڕین بەستێنسازیی بۆ کردبوو کە ژن دەوری سەرکردەیی و فەرماندەیی لە ڕیزەکانیدا بگێڕێت، جووت بوو لەگەڵ ئەم دەورەی کە ژنانی کوردستان لە ڕاپەڕینی ژینادا گێڕایان. لایەنەکانی ئەو هاوکێشەیە پەیوەندییەکی دیالەکتیکییان پێکەوە هەبوو؛ بەو واتایەی کە هەر ئەو جۆرەی بڕێک لە وێنەکانی ڕاپەڕین لەسەر ئەو بنەما دیسکۆرسی و مێژووییە فۆرمی گرتبوو، ڕاپەڕینیش کاریگەریی خۆی لە پێداچوونەوە و وەرددانەوە و ڕێکخستنەوەی چەمک و دیسکۆرسی PAK دانا.

لەم پێداچوونەوەیەدا، ئێمە لەسەر کوردستانییەت، سەروەریی نەتەوەیی و پێویستیی دەوڵەت و دامەزراوەی دەوڵەت بۆ ئاسایشی ناسنامەیی و ئاسایشی مرۆیی سوورتر بووین. ئەو تێگەیشتن و پێگەیەی وەک سووژەی سیاسی بۆ ژن قایل بووین، قایمترمان کرد. هاوکات "ناسیۆنالیزمی نوێی کوردستانی"مان لە کڵ دەرهێنا کە تێیدا ناسیۆنالیزمی کوردستانی، ئیتر هەر ئایدۆلۆژیا یان دیسکۆرسێک بەرانبەر ئەویتر یان بەرانبەر داگیرکەر و ئەمری ڕزگاری لە ژێر سەروەریی بێگانە نییە، بەڵکوو بە ڕووکاری ناوخۆییدا سازکراوەتەوە و بێجگە لە ڕەهەند و توخمی ڕزگاریخوازی، توخمگەلی: دیموکراتیک، دادگەر، سەوز و مەعناخولقێنی، ڕەگەزەکانی ئەو ناسیۆنالیزمەن کە ڕاپەڕینی ژینا کاریگەریی لەسەر خەملین و فۆرمولەکردنیان هەبوو.

بـــە وتەیەکی دیکە ڕاپەڕینـــی ژینا ئەمو کاریگەرییە گوتارییەی لەســـەر PAK هەبوو کە بێجگـــە لە بینینی داگیرکەر و پرســـی ســـەروەریی نەتەوەیی، بە هەناوی پرسگەلی خۆیدا شـــۆڕ ببێتەوە. ئەگەر ناســـیۆنالیزم و ســـەروەریی کوردستانی بە ڕووکاری دەرەوە و ناوەوە "دیموکراتیـــک" نەبێت قەیرانخوڵقێن دەبێت؛ یان ئەگەر توخمـــی "دادگەری"ی تێـــدا نەبێت، بەخێرایی ئەو شـــەرعییەتەی لە "ڕزگاری" بەدەســـتی هێناوە، تووشـــی قەیـــران دەبێت؛ یان ئەگـــەر مەعناخوڵقێن نەبێت تەنیـــا دەبێتە دژکردەوە و ئاســـۆی لێڵ دەبێت و لە ســـووژەگیی ڕەواییەتسازی دەکەوێت.

تێشک لە بەڵگەنامەی ئاسایشـــی نەتەوەیی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە کـــە ئەو وڵاتە، بە پێچەوانەی پێشـــوو، هەوڵی دامەزراندنـــی پەیوەندیی سیاســـی - ئابووری لەگـــەڵ وڵاتانی جیهـــان لەســـەر بنەمای بەرژەوەندییەکانـــی و «گەڕاندنەوەی گەورەیی و دەســـەڵات بۆ وڵاتەکەی خۆی» دەدات، بەبێ ئـــەوەی چاوەڕوانیی پێکهێنانـــی گۆڕانکاریی سیاســـی و کولتـــووری لەو وڵاتانـــەدا بکات. واتە مەرجەکانـــی وەک مافەکانـــی مرۆڤ و دیموکراتیزەکردنـــی وڵاتان چیی دیکە تەنانەت وەک ڕێتۆریکیش بـــۆ دامەزراندنی پەیوەندیی سیاســـی - ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا پێویست نین. ئەم گۆڕانکارییە لە ســـتراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریـــکادا چ واتایەکی بۆ ناوچەکە و بزووتنەوەی کوردســـتان هەیە؟ ئەگەری هەیە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیـــی ئێران هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ ئەو نەزمـــە نوێیەدا بگونجێنێت؟ لە وەهـــا ئەگەرێکدا چارەنووســـی بزووتنەوەی کوردســـتان و بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ چییان لێ بەســـەردێت؟



من لێرە لەســـەر ئـــەم قۆناغە هەندێـــک بابەتـــی کورتـــم نووسیوە. "نیۆڕیالیزم" جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە، ئیتر جیهانە لیبرالییەکەی پاش کۆتایی شەڕی ســـارد و ڕمانی یەکێتیی ســـۆڤیەت کۆتایی هاتووە. دەکرێت بڵێین لـــە ٢٠١٠ بەملاوە، هێماکانـــی گەڕانەوەی نیۆڕیالیـــزم دەرکەوتـــن. لـــە جیهانـــی نیۆڕیالیزمـــدا دۆخـــی ئانارشـــی زاڵە و دەوڵەتەکان هـــەرکام لای خۆیانەوە، خۆیان لە ئاســـت هەڕەشـــەکان بەهێـــز دەکەن. هەروەها زلهێزەکان باری بەرپرســـیارێتیی نێودەوڵەتی لەســـەر شـــانی خۆیان دادەگرن و تەئکیدیان لەســـەر پاراســـتنی ئاسایش و بەرژەوەنـــدی و مانەوەی خۆیـــان دەبێت. لەم دۆخە ئانارشـــییەدا، سەنتەر و ناوەندێک نییـــە کە لە کاتـــی قەیرانـــدا دەوڵەتێک پەنای بۆ ببات، بۆیـــە خۆبەهێزکردن تاکە بـــژاردەی دەوڵەتانە.

لەم دۆخـــەدا هەندێک دەوڵەت بۆ مانەوە خۆی بەهێـــز دەکات و هەندێک بۆ هێرش و گەورەبوونەوە. گومان و نادڵنیایی باڵی بەســـەر سیستەمی نێودەوڵەتیدا کێشاوە. بەڵگەنامەی ئاسایشـــی نەتەوەیی(NSS)ی نوێی ئەمریکا، لەم جیهانـــەدا و بۆ ئەم جیهانـــە دارێژراوە. ئـــەم بەڵگەنامەیـــە ناوەنـــدی ســـەرنج و تەئکیدەکـــەی لەســـەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ســـەروەریی نەتەوەیـــی ویلایەتە یەکگرتـــووەکان و کەمکردنـــەوەی ڕۆڵـــی دامـــەزراوە بانەتەوەییـــەکان و خۆبواردن لە هەڵگرتنی بەرپرســـیارێتییە جیهانییەکان و

هەوڵـــدان بـــۆ دابەشـــکردنی ڕۆڵ لەگەڵ هاوپەیمانەکانییەتی.

بەم پێیـــە ئەمریکا ئیتـــر خەمی هەرە لەپێشـــی بەرژەوەندی و ئاسایش و پێگەی جیهانیی خۆیەتی و لەســـەر ئەوانە شـــەڕ و ململانـــێ و پەیوەندییەکانی بـــە جیهانی دەرەوە ڕێک دەخات نەک لەســـەر نۆرمەکان و بابەتەکانی دیموکراســـی و مافی مرۆڤ.

بەڵگەنامەی نوێی ئاسایشـــی نەتەوەیی ئەمریکا، لەمـــەڕ ناوچەکە، ئیتـــر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بەپێچەوانەی پێشـــوو، ناوەندی ســـەرنج و قورســـایی نییە، بەڵام ئـــەوە بەو مانایە نییـــە کە بۆی گرنـــگ نەبێت و لێی خافـــڵ بێت؛ بـــەڵام لەجیاتی سیاســـەتی نەتەوەســـازی و دیموکراتیزەکـــردن و بوونی لەشـــکریی درێژخایەن، ڕوو لـــە کۆنترۆڵی قەیـــران و هەڕەشـــەکان دەکات بـــۆ ئەوەی نـــەوەک هەڕەشـــە و قەیرانـــەکان زیان بە بەرژەوەندییەکانی بگەیەنێت. لەم چوارچێوەیەدا، ٣ پرس ســـەرەکین کـــە بریتین لە:

١- ئاسایشی وزە و گواســـتنەوەی بە مانای فراوانەکەی.

٢- ئاسایشی ئیسرائیل.

٣- ڕێگری لە هەڕەشـــە بە جیهانیبووەکان وەک: تیـــرۆر، ناســـەقامگیری، کۆچ، چەکی ناوکـــی، بەبێ ئـــەوەی بڕواتە نـــاو جەنگی درێژخایەن.

ئەوەنـــدەی بـــۆ کۆمـــاری ئیسلامی دەگەڕێتـــەوە، بێگومـــان ئێـــران هەمـــوو هەوڵێک دەدات لە پشـــتی پـــەردەوە هەموو داشـــکاندنێک بۆ ئەمریکا بکات بەو مەرجەی بمێنێتەوە و نەڕووخێـــت. بەڵام من پێم وایە ئەو دەرفەتـــە بۆ کۆماری ئیسلامـــی نەماوە و تێپەڕیوە. ئەگـــەر بەر لـــە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بوایە، دەرفەتی هەبوو؛ ئێســـتا دەرفەتی بەسەر چووە. وای تێدەگەم کۆماری ئیسلامی یان دەبێت تەســـلیم بێت، یـــان لە ئاکامی هاوتەریبیی ویستی نەتەوەکان و بەرژەوەندیی ئەمریکا و هەروەها ئیســـرائیل کە فاکتەرێکی گرنگـــە، دەڕووخێت، یان بـــۆ ماوەیەک لە تاران دەپەستێورێت.

ئەوەندەی بۆ ئەمریـــکاش دەگەڕێتەوە، ئەو ســـەردەمە کۆتایی هاتـــووە کە ئەمریکا لە هەبوونی کۆماری ئیسلامی بۆ دۆشـــینی جیهانـــی دەوڵەمەندی عەرەب ســـوودمەند بووە. ئەمریکا ســـوودی ئێستای لە لاچوونی بەربەســـتەکانی ڕێی بازاڕێکی ٩٠ میلیۆنیدا دەبینێت؛ گەورەترین بەربەســـتیش کۆماری ئیسلامییە.

بەڵام ئەوەندەی بۆ کـــورد دەگەڕێتەوە، بابەتەکـــە جۆرێکـــی دیکەیە. کێشـــەی ســـەرەکی و بنەڕەتیـــی کـــورد لەگـــەڵ دەوڵەت-نەتەوەی فارســـە و کێشەی لەگەڵ حکومەت و ڕژێمەکان لەوێوە ســـەرچاوەی گرتـــووە. هەرچەنـــدە ئێســـتا ئەمریـــکا سیاسەتێکی سەربەخۆی دیاریکراوی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان نییـــە، بەڵام ڕەنگە بە ڕوانگەی "ئامرازیی"یـــەوە بۆی بنواڕێت. بـــەڵام ئایا لە حاڵەتـــی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامـــی و هاتنەســـەرکاری حکومەتێکی پرۆڕۆژاوا، ئەگەر ئـــەو حکومەتە لەمەڕ کورد هەمان ڕێچکەی ١٠٠ ســـاڵەی بگرێتەبەر، داخۆ ئەمریکا هەڵوێســـتی چـــۆن دەبێت و لە نێوان کورد و تارانـــدا بەپێی بەڵگەنامەی ئاسایشـــی نەتەوەیی دەبێت چ هەڵوێستێکی هەبێـــت و چۆن ڕەفتـــار بکات؟

من پێم وایە چ بۆ ئەمڕۆ و چ بۆ ئەو دۆخە گرینمانەییە، خاڵی گەوهەری ئەوەیە کە کورد دەبێت ببێتە هێزێک و ببێتە ئاکتۆرێکی گرنگی سەرزەوی؛ ئاکتۆرێک کە بڕیاری چۆن مامەڵە لەگەڵ بایەخ و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئێران دەکات. خاڵی جوولە بۆ ئەو ئاستە لە وەلانانی دەمارگرژی و سێکتاریزمی حیزبی بە قازانجی بزاڤێکی گەورە، دەست پێ دەکات.

ئازادی *شەڕی دوازدە رۆژەی ئێران و ئیسرائیل گورزێکی گەورەی سەربازی، سیاسی، و ئابووریی لە رژێمی ئێران دا. تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکانی ئێران، چڕتربوونەوەی گوشارەکانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، خستنە ناو لیستی تیرۆری سوپای پاسداران لە ژمارەیەک وڵاتی وەک ئوستڕالیا، قوولتربوونەوەی قەیرانە ئابووری - سیاسییەکانی ئێران، قەیرانی مەشرووعییەتی رژێم و تۆخبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو باڵەکانی دەسەڵاتی رژێمی ئێران هەموو نیشانەکانی قۆناغێکی سیاسیی نوێ لە ناوچەکە و ئێرانین. ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە سیاسییە دەکەن؟ پرسیارێک هەیە ئاخۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هیچ سیاسەتێکی نوێتان بۆ ئەم قۆناغە تازەیە هەیە یان هێشتا چاوەڕوانیی گۆڕانکاریی زیاترن بۆ ئەوەی سیاسەتێکی نوێ بگرنە بەر؟*



مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئەم دۆخە زۆر ڕوون و ڕاشکاوە و لە دەزگای فیکری و سیاسیی پارتی ئازادیی کوردستاندا، ئامادەیی بۆ دۆخی وا هەبووە. لە مانیفێستی ئازادیی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمی PAKدا، باس لەوە کراوە کە کۆماری ئیسلامی و ڕژێمەکانی لەو جۆرە، بەهۆی ئەوەوە ڕێگەی ئاڵوگۆڕیان لە ناوەوە بەستووە؛ زۆرجار گۆڕانکارییەکان لە دەرەوە بە هێز بەسەریاندا دەسەپێنرێت. لەسەر بنەمای ئەم خوێندنەوەیە، پارتی ئازادیی کوردستان پشتیوانیی لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ڕاگەیاند. دەزانین کە ئەو هەڵوێستە لەناو کوردستان تا ڕادەیەک نامۆ و هەڵگری ڕیسکی سیاسی و ئاسایشی بوو، بەڵام PAK حیزبێکە لە کاتی پێویستدا ڕیسک دەکات.

من لەسەر ئەو باوەڕەم کە کورد دەبێت وەک ئاکتۆرێکی خاوەن ڕۆڵ لە هاوکێشە نوێیەکان لەو بوارانەدا کە ئاماژەتان پێ داوە، دەربکەوێت. سیاسەت و هەڵوێستی ئێمە هەمووی لە پێناوی بەئاکتۆر دەرکەوتنی کوردستانە، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمریکا و ئیسرائیل هیچ پرۆژەیەکی سیاسییان بۆ کورد پێ نەبێت، کورد ببێتە ئاکتۆرێکی پێویست و کەتواریکی جێگیر (پایدار) بخوڵقێنێت.

ئەوەندەی بۆ سیاسەتی کۆیی یان یەکگرتووانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە، هیچ سیاسەت و هەڵوێستێکی هاوبەش گەڵاڵە نەکراوە، بەڵام پرۆسەی دیالۆگ بۆ گەیشتن بە هاوپەیمانییەک لە ئارادایە کە هەرچەند بە خاوی دەڕوات، بەڵام بابەتێکی زۆر گرنگە. بە بۆچوونی من ئەگەر بتوانین بگەینە

ئاکام و هاوپەیمانییەک چێ ببێت، بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان قۆناغێکی گرنگ و مێژوویی دەبڕێت.

بزووتنەوەی ژینا بووە هۆی ئەوەی ڕیزبەندییە سیاسییەکان لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نەک تۆختر لە جاران، بەڵکوو گرژتریش ببێتەوە. حیزبەکەی ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕیزبەندییانەدا دەکات و خۆی لە کام بەردا دەبینێتەوە؟ ئەو بەرەیە تا چەند لەگەڵ پرسی کورد لە ئێران و دروشم و داخوازییە سیاسییەکانی ئێوە یەک دەگرێتەوە؟



پێوەری پارتی ئازادیی کوردستان بۆ چۆن دیتن و پەیوەندی و هاوکاریی ستراتیژیک لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، چۆن ڕوانینیانە بۆ پرسی کوردستان. سیاسەتی هەر بەرێک (چاکتر بگوترێت بەر تا بەرە)، لەگەڵ گۆڕینی هاوکێشەی سەروەری لە کوردستان بێت، ئێمە پێمان باشە پەیوەندی و هاوکاریمان لە نێواندا پێک بێت؛ بەڵام نەک بە تەرزێک کە "لە بەرەیەکدا" بین. ئێمە ئەو ناوەندییەتە بۆ هیچ بەشێکی ئۆپۆزسیۆن قایل نابین کە "لە بەرەیەدا" بین.

لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەگوترێت ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، بریتییە لە ڕێکخراوەکان و گرووپەکانی فارس کە خەمی سەرەکییان مانەوەی فارسەنتەری و مانەوەی سەروەریی فارس بەسەر ئێراندایە. ئەوانیش یەکدەست نین؛ بەرەی پاشایەتیخوازەکان هەر لەسەر ڕێچکەی دەوڵەتی ڕەزاخانی و نەدیتنی نەتەوەکانن. هەرچی بۆ موجاهیدین دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەو ڕێکخراوەیە بڕێک زیاتر لە پرسی کوردستان نزیک ببێتەوە و پڕۆژەکەی خۆی بە داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردستاندا دەوڵەمەند و تەواو بکات، هەم ئاسۆیەکی باش لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد لەسەر خۆی دەکاتەوە، هەم ڕێگا بۆ پەیوەندی و هاوکاریی دۆستانەی لایەنە کوردستانییەکان لەگەڵ خۆی خۆش دەکات. دوو پێکهاتەی دیکە کە پارت و لایەنەکانی نەتەوەکانیان لە خۆ گرتووە، واتە بەرەی نەتەوەکان بۆ مافی چارەنووس و کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالْ، ئەگەر پێکەوە هاوکاری بکەن و ئالیانسێک پێکبهێنن، دەتوانن قورساییەکی سیاسی و بەرەیەکی بەهێزی سیاسی پێکبهێنن.

گۆڕانکارییەکی بەرچاوی دیکە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان و پرۆسە سیاسییە نوێیەکانی نێوان ئەم ڕێکخراوەیە و دەوڵەتی تورکیا بووە. لەبەر ئەوەی پرسی کوردستان پرسێکی لێک گرێدراوە و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەر پارچەیەک لە کوردستان کاریگەریی لەسەر پارچەکانی دیکە دادەنێن، پێتانوایە کە ئەم قۆناغە نوێیە سیاسییەی باکووری کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دادەنێت؟

هیچ پڕۆسەیەکی سیاسی بە ئاقاری چارەسەرییەکی ڕەوا بۆ کورد لە باکووری کوردستان لە نێوان ئەم ڕێکخراوەیە و دەوڵەتی تورکیادا نابینم. ئەوەی هەیە،

پلانێکی تورکیایە کە خۆیان ناویان ناوە بنەبڕکردنی تیرۆر. ستراتیژ و پلانی تورکیا تێپەڕکردنی ئەم قۆناغەی خۆیانە لە تەکان و شەکانە سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوتاری شەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازیی چۆنایەتیی هەیە لەگەڵ گوتاری زاڵ بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی باکووری کوردستاندا، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم ئەو نموونەیە بۆ ئەوێ بگوازرێتەوە. هیوادارم تورکیا نەتوانێت هیچ ڕادە لە وزە و پۆتانسیێلی بزاڤی سیاسیی باکووری کوردستان بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاربهێنێت.

تەوەری دووەم:
پلان و بەرنامەکانی ئێستا

ساڵانێکی زۆرە کۆمەڵگەی کوردستان چاوەڕوانیی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی هاوبەشی سیاسی لە نێوان هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ناوەڕاستی بزووتنەوەی ژینادا ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کردەوە لە کار کەوت. پێتان وایە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ئایدیۆلۆژیک و سیاسییەکان ئیمکانی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی کاری سیاسیی هاوبەش لە نێوان ئەم هێزە سیاسییە جیاوازانەی کوردستاندا هەیە؟ چەند مانگێکە باس لە ناوەندی دیالۆگ دەکرێت. وێدەچێت تا ئێستا ئەم ناوەندە هێشتا هەر لە سەروبەندی ساخبوونەوەدابێت و بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتبێت. گەورەترین بەربەستەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چین؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش لە نێوان ئەم هێزانەدا، چ میکانیزمگەلێک دەتوانن پێش بە لاوازییەکانی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش بگرن؟



گەورەترین بەربەست بۆ پێکهێنانی بەرە یان ناوەند، ئەو ستراکچێرە فیکری و کولتووری و سایکۆلۆژییەی حیزبەکان بووە. ئایدیۆلۆژیا تەنیا بەشێک لەو ستراکچێرەیە؛ بەشێکی دیکە بنەمای مەعریفییان هەیە، وەک لاساییکردنەوەی چۆنییەتیی کاری سیاسیی ئەوانەی وا خاوەن دەوڵەتن. ئەوانەش ستراتیژ و سیاسەتی جیاواز بەرهەم دێنن. لە تەنیشت ئەوانەدا سایکۆلۆژی دەوڕێکی گرنگی هەیە. سایکۆلۆژیی مرۆڤی کورد، مل بەیەک نەدان و لەگەڵ یەک نەحەوانەوەیە؛ جا ئەوە کە دەگاتە ئیلیتەکان، تەشەنا دەکات و بە زەقی دەردەکەوێت. کۆی ئەمانە وای کردووە ئێستاش ناوەندی دیالۆگ بە زەحمەت بەرەو پێش بڕوات. من پێم وایە بەر لە بایەخی میکانیزم، زەین و گۆڕانی زەینی و دەستکاریی ئەو ستراکچێرە فیکری-سایکۆلۆژییە گرنگە؛ ئەوە چارەسەر بکرێت، ڕێگا بۆ میکانیزم دەکرێتەوە. لە ئێستادا بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکانی دیالۆگ بۆ هاوپەیمانی، پێویستە متمانە لە نێوان لایەنەکاندا بەهێز ببێت. هەروەها پێویستە هەرکام لە لایەنەکان، خۆیان بە براوە بزانن و هەست بە شکۆ و سەربەرزی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئەو بەستێنە نەکرێتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێ، بەڵکوو بکرێتە بواڕێک بۆ هاوگری.

بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەنی جیاواز پێک دێت، بۆ نموونە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیر و ئاکادیمیسیانە بێلایەنەکان و هتد. ئاخۆ پەیوەندییەکی دووڵایەنە و بنیادنەر لە نێوان ئەم پێکهاتە جیاوازانەی بزووتنەوەی کوردستاندا هەیە؟ یان هەر لایەنێک وەک دوورگەیەکی لێک دابڕاو خەریکی کاری خۆیەتی؟



ئەوانە هەموو دەمار و جۆگەلەکانی سەر زەوییەکن کە هەرکام رێگایەک دەبڕن، بۆیە شەپۆل نادەن. ئەگەر هەموو برژێنە ڕووباری نیشتمان/کوردستان و نەتەوە، کوردستان بەهێز دەبێت و دەتوانێت هێزی خۆی بەکاربهێنێت. بۆ ئەو دۆخە دڵخوازە، پێویستە لە بەستێنی سیاسیدا، سەنتەر و ناوەندییەت دروست ببێت. کە کاکڵێکی ساخ دروست بوو، بەرەبەرە گۆشت دەگرێت و دەبێتە گردوکردنەوە و کۆکردنەوەی کوردستانێک کە ۱۰۰ ساڵە، ئەتۆمیزە دەکرێت.

پرسی ستەم و نایەکسانیی جێندەری پرسێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لە کوردستان ژنان هەم لە لایەن پێکهاتە یاسایی، سیاسی و ئابووریەکانی رژێمی ئێرانەوە دەچەوسێنەوە و هەم کولتووری کۆمەڵگەی کوردستان کولتوورێکی پیاوسالارە. ژنانی کوردستان هەوڵ و خەباتێکی زۆریان بۆ سرینەوەی ئەو ستەمە و گەیشتن بە یەکسانیی جێندەری داوە. حیزبەکەی ئێوە چ بەرنامەیەکی واقیعی و کردارەکی بۆ ستەم و نایەکسانیی جێندەری هەیە و چۆن ڕووبەڕووی ئەو پرسە بووەتەوە؟



من لە کوردستان پیاوسالاری بەو ڕادەیە تونەد و ڕەق نابینم کوردستان ئەو خاک و کۆمەڵگایەیە کە ۱۰۰ ساڵ لەمەوبەر سەرکردەی ژنی لێ هەڵکەوتووە و بووەتە سیمبول بۆ کۆی کۆمەڵگا. کوردستان کاپاسیتی کۆمەڵایەتییەکەی بۆ یەکسانیی ڕەگەزی زۆرە، بەڵام ئەوەی تەنگی بە ژن و یەکسانی هەڵچنیوە، سەروەریی داگیرکەرانەیە. لە حاڵی حازردا، بەهۆی دۆخی داگیرکراویی کوردستان، بوار و بەستێن بۆ کاریگەری دانانی پارتی ئازادیی کوردستان لەسەر ئەو پرسە بەرتەسکە. ئەوەی ئێستا دەستمان تێیدا ئاواڵەیە، دوو بواری گوتاری و رێکخراوەییە. لە بواری گوتارییەوە، هەڵگری گوتاری یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە هەموو ئاست و بوارەکانی ژیاندا. لە بواری رێکخراوەییدا، بەستێنێکی لەبارمان هەیە بۆ پێگەیشتن و دەورگێڕانی ژن لە پێگەی سەرکردەیی و فەرماندەییدا.

لەم ساڵانەی ڕابردوودا ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو لە گەشە بووە و چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان هەوڵیان داوە داخوازییە جیاوازەکانی خۆیان – بۆ نموونە پرسە جێندەرییەکان، پرسی ژینگە و پرسی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی - لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا جومگەبەندی بکەن. چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم دۆخە هەیە و بۆچوونی رێکخراوەکەی ئێوە لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی چییە؟



ناسیۆنالیزم ڕۆحی نەتەوەیە. نەتەوەی بێ ناسیۆنالیزم، خەسیو و پەککەوتە و بێ خەونی گەورە دەبێت. ناسیۆنالیزم بۆ پاراستنی کۆمەڵگا دەوری چیمەنتۆی هەیە. پارتی ئازادیی کوردستان پرۆژەی بووژاندنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕووی ڕەچەڵەکناسیی ناسنامەییەوە، خۆ بە ناسیۆنالیست پێناسە کردن، بۆ PAK دەگەڕێتەوە. بەڵام هاوکات ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستی بە نوێکردنەوە بووە. من چەمکی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردستانیم هێناوەتە گۆڕێ؛ ناسیۆنالیزمێک لەسەر بنەمای ٥ ڕەگەزی سەرەکی: ڕزگاریخوازی، دیموکراتیک، دادگەر، سەوز و مەعناخولقێن. ئەم ناسیۆنالیزمە هاوکات ئەلتەرناتیڤێکی بەهێزە بۆ دەرچوونی مرۆڤی کورد لە حەساری دووانەی ڕاست و چەپ.

داواکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێ فۆرمی خودموختاری، فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پێک دێت. بەشێک لەم حیزبانە خۆیان بە ڕێکخراوەی ناسیۆنالیستی دەزانن، لە کاتێکدا حیزب هەیە بە هەموو جۆرێک دژایەتیی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات. ئەم ناکۆکییانە لە گوتار و ئایدیۆلۆژیایاندا چ کاریگەرییەکیان لەسەر کاری مەیدانی و یەکگرتوویی نێوان ڕێکخراوەکان دەبێت؟



سەرەتا بەلامەوە جێی پرسیارە کە چلۆن سەربەخۆییخوازیتان لە ڕیزی "داواکاریی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" وەلانەوە، لە کاتێکدا پارتی ئازادیی کوردستان بناغەکەی لەسەر سەربەخۆییخوازی دارژاوە و سەربەخۆیی ناسێنەیەکی سەرەکیی PAK و هێڵێکی جیاکەرەوە و ناسنامەییی پارتی ئازادیی کوردستانە. من پێم وایە بۆ کورد هیچ فۆرمێکی سیاسی بێجگە لە سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون، نە دیموکراتیک دەبێت، نە ئاسایشی ناسنامەیی بەدی دێنێت و نە ئاسایشی مرۆیی و نە یەکسانی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. بێگومان جیاوازی و مەودای بەو ڕادەیە لە نێوان دوو ئایدیۆلۆژیا یان دوو گوتاری جیاواز و دژ بەیەک، لە کاری مەیدانی و هاوبەشدا گیروگرفت پێک دێنێت. هەر بۆیەش هاوپەیمانی و کاری بەرەیی لە نێوان پارت و لایەنی بەو جۆرە، ئاسان نییە و زۆریش زەحمەتە. بەو حاڵەشەوە، ئەگەر هاوپەیمانی و بەرە زەحمەتە بەڵام ڕێککەوتن لەسەر میساقێکی نیشتمانی کە چەند خاڵی بنەڕەتی بگرێتە خۆ، لەکردن دێت. لە کۆتاییدا، شەپۆلەکانی کۆمەڵگا جێگۆڕکێ بە باوەڕ و ستراتیژ و گوتارەکان دەکات.

تەوەریسێیەم:
ئاسۆی گۆڕانکارییەکان و ئاڵنگارییەکان

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دینامیزمی سیاسیی ناوچەکە و کوردستان زۆر خێراتر بووە. ڕووداوەکان زوو ڕوو دەدەن، و زۆر کات پێشبینی نەکراون. ئەو لایەنانەی پلانی تۆکمەتر، لابیی بەهێزتر و میدیای چالاکتر و هێزی زۆرتریان هەیە باشتر

دەتوانن لە ئاستێ نێودەوڵەتی و ناوخۆییشدا کەڵک لە گۆڕانکارییەکان وەربگرن و قازانج و ویستەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد بە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان میدیا، لابی و پلانێکی لاوازیان بۆ بەرەوپێشچوونی گۆڕانکارییەکان هەیە. لە بەرانبەردا، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری کاری ڕێکخراوەیی، هێزی جووڵاندنی شەقام و مەشرووعییەتی مێژوویی لە ئێرانییەکان بەهێزترن. بەڵام ئەو بەهێزییە تەنیا بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ئاستی ئێران و ناوچەکەدا ڕەنگە زۆر کاریگەریی لەسەر قۆستنەوەی دەرفەتەکان نەبێت. بۆیە زۆر کات دەبینرێت وڵاتانی ڕۆژئاواییش بۆ پرسەکانی ئێران و کوردستان لایەنە ئێرانییەکان بە بەردەنگ وەردەگرن. چارەتان بۆ چارەسەریی ئەم گرفتانە چییە؟ ئاخۆ هیچ هەنگاوێکتان بۆ پرکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی کوردستان بە مەبەستی بەشداریی زیاتر و کاریگەرتر لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە؟



کێشەیەکی بنەڕەتیی پێکهاتەیی لەم بابەتەدا هەیە کە بریتییە لە هەمان تەوقی بندەستیی کورد و خاوەنسەروەری بوونی ئێرانییەکان (فارسەکان). ئەم سەروەرییە نەتەوەییە هەم بۆ فارسی خاوەنحوکم بەرەکەتە و هەم بۆ فارسی ئۆپۆزسیۆن. جیهان مامەڵەی پرۆژەیی و جێگیر لەتەک لایەنەگەلی خاوەنسەروەری و دەوڵەت دەکات. هەر بۆیەش کوردبوون "موسیبەت"ە و کورد‌ایەتی، دژوار. لێرەدایە کە عەقڵ و هەڵسوکەوتی ئاکتۆر (لێرەدا کورد) دەتوانێت، کار لەو ستراکچێرە ڕەقە بکات و هاوکێشەکە بگۆڕێت. پردی سەرەکیی پەرینەوە لەم دۆخە و پرکردنەوەی بۆشایی نەبوونی سەروەری و موسیبەتی کوردبوون، بە "هێز" و "بەکارهێنانی هێز" پردەکرێتەوە. خاڵی دەستپێکی بەهێزبوون و بەکارهێنانی، لە گردکردنەوە و وەسەریەکخستنەوە دەست پێ دەکات کە یەکەم هەنگاوی ئەویش دامەزراندنی هاوپەیمانی یان بەرەیەکی کوردستانییە. ئێوە بڕوانن کە چۆن هەر تەنیا ژووریکی دیالۆگ، لای دۆست و دوژمن چ دەنگێکی داوەتەوە. گەورەترین لاوازیی بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوونی ئەو هێزەیە. بە دامەزرانی هاوپەیمانی یان بەرە، ئەو خاڵە لاوازانە، بەرەبەرە پردەبنەوە و دەگۆڕدرێن بۆ خاڵی بە هێز.



بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کوێی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران ڕاوەستاوە؟ ئاخۆ ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە قۆناغی گۆڕانی ڕژێمدا بەشدار دەبێت یان چاوەڕوان دەکرێت پاش ڕووخانی ڕژێمیش بەشێکی لە دەسەڵاتدا بەشدار بێت؟ هاتنەسەرکاری ڕژێمێک لە ئێران کە لەگەڵ ئاراستەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بێت بەڵام لە ناوخۆدا ئامادە نەبێت دان بە هیچ مافێکی بەکۆمەڵی نەتەوەی کوردا بنێت ڕەنگە دۆخی بزووتنەوەی کورد لەوەی هەیە ئەستەمتریش بکات. پێتانوایە ئەگەری سەرکەوتنی وەها سیناریۆیەک هەیە؟ گەر وەها سیناریۆیەک ڕوو بدات پلانتان چی دەبێت؟

بزووتنەوەی کورد، کەتواڕێکی قایمپەزاتە و دەبێت بە مێتۆدی فینۆمینۆلۆژی ببینرێت؛ واتە

هەبوونی بزاڤی کوردستان بەستراو بە بوونی بزاڤ یان گۆڕانکارییەکی دیکە لە ئێران نییە، بەڵام بوون یان نەبوونی بزاڤ یان هەر گۆڕانکارییەک لە ئێران و بگرە لە دەوروبەریشی بە چاک یان خراپ کاری تێدەکات. مەبەستم لەم سەرنجە ئەوەیە نابێت "ناوەندییەت" بە کەس بدەین و "پەراوێز" بۆ خۆمان قایل ببین. خۆمان ئەسڵی "ناوەند"ین، بۆیە ئێمە نابێت خۆ لە پەراوێزی هیچ ناوەندێکدا ببینین.

وەک لە وەڵامەکانی پێشوودا ئاماژەم پێ داوە، لەبەر ئەوەی کێشەی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتە، ڕووخان یان جێگۆڕکێی حکوومەت ناتوانێت لە بنەڕەتدا پرسی کوردستان چارەسەر بکات. جێگۆڕکێی نێوان پەهلەوی یەکەم و دووەم و دواتریش نێوان ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، هەروەها ئەزموونی کورد لە عێراقی پاش سەدام و سووریای پاش ئەسەد، ئەوە دەسەلمێنن. ئەگەری وەها سیناریۆیەک و سەپاندنی ئەگەرێکی واقیعییە، بەڵام ڕەها نییە و سەرکەوتووش نابێت و سەقامگیریی لێ ناکەوێتەوە. ڕووبەڕووبوونەوە و لەباربردنی وەها سیناریۆیەک، نابێت بکەوێتە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دەبێت هەر لە ئەمڕۆوە ئەو هەڕەشەیە ببینرێت، بناسرێت و کۆنترۆڵ بکرێت. پلانی ئێمە ئەوەیە خۆمان گرد و کۆ بکەین، هاوپەیمانییەکی کوردستانی دابمەزرێنین و کوردستان بکەینە ئاکتۆرێکی پێویست.


حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا دروست کردووە. ئەم هەلومەرجە چ کاریگەرییەکی لەسەر جۆر و ئاستی پەیوەندییەکانی حیزبەکەی ئێوە لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەیە؟ چۆن ئەو پەیوەندییانە بۆ ڕای گشتی شی دەکەنەوە و پاساوی دەدەنەوە؟



دابەشکرانی کوردستان بۆ کورد و کوردستان کارەساتێکی گەورە بوو؛ کوردی بە خاک و بزاڤ و ناسیۆنالیزمەکەیەوە دابەشی و پارچەپارچە کرد. هاوکات تووشی بەرتەسکی و داخراویی جیۆپۆلیتیکی کرد و دەروازەی جیهانی دەرەوەی بەسەردا داخست. بۆیە بزاڤی هەر پارچەیەک تەنیا دەرگای داگیرکەری پارچەکانی دیکەی لەسەر کراوە بوو. هەڵبەت ئێستا پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشووری کوردستان و پێکهێنانی هەرێمی کوردستان و هەروەها دۆخی سووریا و ڕۆژاوای کوردستان، ئەو نیزامە درزی تێبووە.

لە هەر حاڵدا، ئێمە دژی هەبوونی پەیوەندییەک بە مەرجی پاراستنی سەربەخۆیی بڕیارەوە نین، بەڵام لەگەڵ تێکەڵی و پەیوەندیی نهێنی و ناهاوسەنگی هیچ پارتێکی کوردستانی و بوون بە بەشێک لە ئەجێندا‌کانی هیچکام لەو دەوڵەتانەش نین.

دۆخی دابەشکاریی کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا ئاستی جیاوازی پەیوەندی لە نێوان



وەرگێڕان

پەراوێزخستن و چەوساندنەوەی چەند توێژی: مێکانیزمەکانی لەناوبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی–ئابووریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*

نەریمان محەممەدی

وەرگێڕان: کەمال حەسەنپوور

کورتە

دوای دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن لە ئێران و زاڵبوونی گوتاری فارسی-شیعی لە چوارچێوەی پێکهاتە سیاسی-ئابووریی‌کەیدا، کورد وردە وردە پەراوێز خرا و دابەزێندرا بۆ "پەراوێز". دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو پەراوێزخستنە چڕتر کرایەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەو بارودۆخ، مێکانیزم و پرۆسانە دەکات کە یارمەتیدەری داڕشتن و خراپتر کردنی دۆخی پەراوێزخراویی ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوو لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام) بووە. سەرەتا، ئاستی گەشەسەندنی ڕۆژهەڵات هەڵدەسەنگێندرێت، پاشان شیکارییەک بۆ ستراتێژییەکانی کەڵک لێوەرگیراو لە لایەن حکوومەتی ناوەندیی ئێرانەوە، لە مێژووی نوێدا، بۆ قوواڵتر کردنەوەی دۆخی پەراوێزخراوی و لەناوبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ڕۆژهەڵات دەکرێت. لە کۆتاییدا، مێکانیزمەکانی ڕێخۆشکەری خراپتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ڕۆژهەڵات دێتە ژێر لێکۆڵینەوە. تیۆریی ناوەند-پەراوێز و چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی وەک چاوێلکەی تیۆری کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بەڵگەنامەکانی گەشەپێدان و زانیاریی ئابووریی-کۆمەڵایەتی کە لە لایەن ڕێکخراوە حکوومییەکانی ئێرانەوە بڵاو کراونەتەوە، پێیاندا دەچنەوە. شیۆازێکی گوڵبژێر کردنی ئامانجدار لە کاتی هەڵبژاردنی بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بەو تۆژینەوەیە کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەو بەڵگەنامە هەڵبژێردراوانە و لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکانی ناویان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووریی نێوان ناوچە کوردییەکان (ڕۆژهەڵات) و بەشەکانی دیکەی ئێران پیشان دەدەن. ئاکامی تۆژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە گوتاری سیاسی-ئابووریی حاکم بە سەر ئێراندا، بە ڕەچاو کردنی سیاسەتی وەکو دەرهێنانی سامانەکان، گواستنەوەی سەرمایەی زیادە بۆ ناوەند؛ دامەزراندنی پیشەسازیی چەوسێنەر، نەبوونی وەبەرهێنانی ئابووریی و، ڕێژەی بەرزی بێکاری بە شێوەی بەردەوام، بووەتە هۆی هاتنە ئارای پەرگالێکی کۆلۆنیالیستی و بەشمەینەتیی ئابووریی-کۆمەڵایەتی لە ناوچە کوردییەکان (ڕۆژهەڵات).

وشە سەرەکییەکان

پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز، کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، ژیانی ئابووریی-کۆمەڵایەتی

پێشەکی

کوردستان ناوچەیەکی جوغرافیاییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەشێک لە تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە دەگرێتەوە. هەروەها ناوچەگەلێکی دیکە بە ڕێژەی بەرچاوی دانیشتووانی کورد لە پارێزگای خۆراسان، ڕۆژهەڵاتی دەریای کاسپیەن و ناوەڕاستی ئەنادۆڵ هەن. بەهۆی تێکەڵاویی ئەتنیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماری وردی دانیشتووانی کورد لەبەردەستدا نییە. گریمانە دەکرێت ٢٠٪ی کۆی دانیشتووانی هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیە لە کورد پێک هاتبێت، لەکاتێکدا لە ئێران و سووریە نزیکەی ١٠٪ ی دانیشتووان کوردن. وێدەچێت کۆی ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ناوچەکەدا بگاتە نزیکەی ٣٥ ملیۆن کەس (گورسەس، ٢٠١٤، ل. ٢٥٣). بە گوێرەی خەملاندنێکی دیکە لە نێوان ١٢

بـــۆ ١٥ ملیۆن کورد لە تورکیـــە دەژین (کە دەکاتـــە ٪٢٣-٪١٨ی کۆی دانیشـــتووان)، نزیکـــەی ٦،٥ ملیـــۆن لە ئێـــران (٪١١)، نزیکـــەی ٤،٥-٤ ملیۆن لە عێـــراق (٪٢٠-٪١٧) و، نزیکـــەی یەک ملیۆن لە ســـووریە (٪٩) (گونتـــەر، ٢٠١٠، ل. ٣). بێجگە لەوە، کۆمەڵگـــەی مەزنـــی ڕەوەندی کـــورد لە ئەمریـــکا، ئوروپـــا، لوبنـــان و کۆمارەکانی پێشـــووی یەکیەتیـــی ســـۆڤیەت هەن کە ڕێژەی دانیشـــتووانیان بـــە نزیکەی ٢ ملیۆن کەس مەزەنـــدە دەکرێت (گونتـــەر ٢٠١٩، ل.٢؛ گونتـــەر ٢٠١٠، ل. ٣).

بەدرێژاییی ســـەدەی ڕابـــردوو، کورد بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ســـەربەخۆ هەوڵی داوە و، ئەو پرســـە بووەتە هۆی گرژیی سیاســـی و ســـەربازی لەنێوان ئـــەوان و حکوومەتەکانی ئێـــران، تورکیە، عێـــراق و ســـووریەدا. ئەو گرژییانـــە لـــە دوای جەنگی جیهانییـــی یەکەم و پەســـەندکرانی "پەیماننامەی ســـێڤەر" کە مافـــی هەبوونـــی دەوڵەتی ســـەربەخۆی لە کورد زەوت کرد، پەرەی ئەســـتاند (باجەلان ٢٠٢٠). ئەگەرچی زۆربەی گرژییە سیاســـی و ســـەربازییەکانی نێوان کورد و حکوومەتەکان لە تورکیە و عێراق ڕوویـــان داوە، بەڵام مرۆڤ شایەتی گرژی و ململانێی سیاســـی و سەربازی لە ئێرانیشـــدا بـــووە. لە مانگی ئاگۆســـتی ســـاڵی ١٩٤١، ســـپای هاوپەیمانان هاتنە ناو ئێرانەوە. بریتانیاییەکان بەشـــی باشـــووری ووڵاتەکەیـــان داگیر کرد، هـــاوکات هێزەکانی ســـۆڤیەت بەشـــی باکووریان داگیر کرد. ڕەزا شـــا (١٩٤١-١٩٢٥) کە گومانـــی لێ دەکرا هاوســـۆزیی بۆ ئاڵمـــان هەبێـــت، لەلایەن بریتانیاییەکانەوە ناچار کرا واز لە دەســـەڵات بێنێت. لە ناوچە داگیرکراوەکان ســـپای ئێران دارمـــا. کورد بە کەڵکوەرگرتـــن لە بارودۆخی ناوخۆیـــی و ناودەوڵەتی، بـــۆ خۆبەڕێوەبەری تێ دەکۆشـــا (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٨٩). لە ٢٢ی جانیـــوەری ســـاڵی ١٩٤٦دا، کورد لە شـــاری مەهاباد بە ســـەرکردایەتیی قازی محەممـــەد حکوومەتێکـــی خۆبەڕێوەبەری دامەزرانـــد. حکوومەتـــی ناوەندیـــی ئێران لە ١٥ی دێســـەمبەر کۆماری کوردســـتانی ڕووخاند (مەکـــداوەڵ ٢٠٢١، ل. ٢٤٥).

دوای ڕووخانـــی کۆمـــاری کوردســـتان ناوبەناو پێکدادان لەنێوان هێزە ســـەربازییەکانی کورد و حکوومەتی ناوەندیی ئێران ڕووی داوە. لەگەڵ دامەزراندنـــی کۆماری ئیسلامیی ئێران لـــە ١٩٧٩، گرژی و پێکدادانـــەکان جارێکی دیکە پەرەی ئەســـتاندەوە. کوردان خوازیاری دانپێدانانی سیاســـی بە خودموختاری بوون، بـــەڵام کۆمـــاری ئیسلامـــی دژایەتیی ئەو داخوازییەی کـــرد. دوای ماوەیەک ململانێی خوێنـــاوی[1]، حکوومەتی ناوەنـــدی کۆنترۆڵی کوردســـتانی گرتەوە دەســـت (ئیبراهیمی ٢٠١٨، ل. ١). حکومەتـــی ناوەنـــدی نەتەنیا ســـەرکوتی سیاســـی بە ســـەر کوردستاندا ســـەپاند، بەڵکو کەڵکـــی لە ســـتراتێژیی ئابووریـــی و کولتووریش بۆ دروســـتکردنی وێرانشـــاریی ئابووریـــی و بەهێزکردنـــی هێژەمۆنییەکەی لـــە ناوچەکـــەدا وەرگرت (سولەیمانی & محەممەدپوور٢٠٢٠ئـ). پێشتر کوردســـتان لە ڕووی ئابوورییـــەوە لە لایەن حکوومەتـــی ئێرانەوە دەچەوســـایەوە، بەڵام دوای شۆڕشـــی ئیسلامـــی ئـــەو دۆخە بە شـــێوەی سیســـتەماتیکتر بەڕێوە دەچێت.

پرۆســـەی چەوســـاندنەوەی ئابووری لە ڕۆژهـــەڵات[2] پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆی بە دامەزراندنـــی دەوڵەت-نەتـــەوەی مودێرنەوە هەیە. دوای دامەزراندنـــی دەوڵەت-نەتەوەی مودێرن لە ئێران لە ســـەرەتاکانی ســـەدەی

بیســـتەمدا، ئەقڵانییەتـــی ســـەرمایەداریی ناوەندگـــەرا بوو بە پێکهاتـــەی زاڵی ئابووری لە ئێـــران. پەیوەندییەکانـــی بەرهەمهێنانی ســـەرمایەداری لـــە ئێـــران بەشـــێوەیەک داڕێژراون و گەشـــەیان کـــردووە کە دەوڵەتی ناوەندگـــەرا ئەتنیکی فـــارس و بڕوامەندانی ئایینـــزای شـــیعەی کردووەتـــە ناوچەقی ســـەرنجی خۆی، بەو شـــێوەیە پەیوەندییە ســـەرمایەدارییەکانی وەها پـــەرە پێداوە کە بە قازانجـــی ئەوان بێت (ئینتیســـار ۱۹۹۲، ل. ۶؛ قاســـملوو ۱۹۸۰، ل. ۱۱). هـــاوکات لەگـــەڵ دامەزراندنـــی دەوڵەت-نەتـــەوەی مۆدێرن لـــە ئێـــران، پێکهاتـــەی ئابووری پێـــش ســـەرمایەداری لە ڕۆژهـــەڵات وەکو زۆرێک لـــە ناوچەکانی دیکەی ئێـــران، وردە وردە کاڵ بـــووەوە و لەناو چـــوو. هەرچەندە یەکێک لـــە تایبەتمەندییەکانـــی پێکهاتەی ئابووریی پێش ســـەرمایەداری نایەکسانی بوو، بـــەڵام ئامانجە بنەڕەتییەکەی ڕێکخســـتنی پەیوەندییـــە ئابووریـــی، کۆمەڵایەتـــی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگـــەی کوردی بوو. ئەو پێکهاتەیە هاوســـەنگییەکی ناســـکی لەنێوان کەرتـــە کولتووری، ئابووریـــی، کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دەپاراست. بـــەڵام لەگـــەڵ لەناوچوونـــی پێکهاتـــەی ئابووریی پێش ســـەرمایەداری، ئـــەو پەرگالە کۆمەڵایەتییەش لەناو چـــوو (کوهی-کەمالی ۲۰۰۳، ل. ۱۱).

پێش ســـەدەی نۆزدەهـــەم کۆمەڵگەی کـــوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکـــی بووە. ئەو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاســـی و خاکی هەبـــوو کە لەســـەر بنەمـــای خزمایەتی و ڕەچەڵـــەک دامەزرابـــوو، بـــە پێکهاتەیەکی ناوخۆیـــی تایبەت بە خۆی (ڤان بروینســـن ۱۹۹۲، ل. ۵۱). ئابووریی خێڵەکی پشـــتی بە بەخێوکردنی مەڕومـــاڵات و کۆچی نەریتیی وەرزانـــە بەســـتبوو (کوهی-کەمالی ۲۰۰۳، ل ۴۴). ئاڵوگۆڕەکانـــی ســـەدەی بیســـتەم، لەناویاندا چوونە ســـەری ڕێژەی دانیشتووان و سیاسەتەکانی دەوڵەت، پێکهاتە ئابوورییەکەیان گـــۆڕی. سیاســـەتی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانە لە لایەن ڕەزا شـــا، هـــۆزە کوردەکانی ناچـــار کرد لـــە گوندەکاندا نیشـــتەجێ بن. ئـــەو گۆڕانکارییە لـــە ژیانـــی کۆچەرییەوە بۆ ژیانی وەرزێـــڕی، گۆڕانکاریـــی بەرچاوی بـــەدوای خۆیدا هێنـــا. کشـــتوکاڵ بوو بە بناخەی ســـەرەکیی ئابووریی، ئـــەو کارە لە پێش هەموو شـــتێکدا بۆ بژێـــوی ڕۆژانە بوو نـــەوەک بۆ بازرگانـــی. خاوەندارییەتیی زەوی بڕیـــاردەری هیرارشـــیی ئابووریـــی بوو، کە لەوێدا خـــاوەن زەوییەکان لـــە تڕۆپک بوون و جووتیـــاران لەژێر چاودێریـــی ئەواندا کاریان دەکـــرد (ڤان بروینســـن ۱۹۹۲، ل. ۱۶). ئەو گۆڕانکارییانە خۆبژێویـــی ئابووریی کۆمەڵگەی کوردییان لاواز کرد و شـــێوازەکانی ئابوورییە نەریتییەکەیـــان تێـــک دا (کوهی-کەمالی ۲۰۰۳، ل. ۶۲). پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی ئێـــران لە کۆتاییەکانـــی حکوومەتی قاجاردا ســـەریان هەڵدا (ئینتیســـار ۲۰۰۹) و دوای دۆزینەوەی نـــەوت لە ســـاڵی ۱۹۰۸ زیادتر گەشـــەی کرد. گەشەی ســـەرمایەداری لە ئێران نایەکســـانیی ئابووریی خراپتر کرد، بە شـــێوەیەک کە ڕۆژهەڵات تا ئاســـتێکی زۆر کۆمەڵگەیەکی کشـــتوکاڵی مایەوە (قاسملوو ۱۹۸۰، ل. ۱۱۳-۱۱۱). ئـــەو ئەقڵانییەتـــە سەرمایەدارییە ڕیشـــە داکوتاوە لە ناسنامەی فارسی-شـــیعیدا لـــە ســـەردەمی قاجارەوە (۱۹۲۵-۱۷۸۹) بەردەوام هەبووە (ئینتیســـار ۱۹۹۲، ۲۰۰۹؛ حەسەنیان & سۆهرابی ۲۰۲۲؛ ســـولەیمانی & محەممەدپـــوور ۲۰۲۰ئ). مەبەستی چاکســـازیی زەوی لە ساڵی ۱۹۶۳

دابەشـــکردنی زەوی بوو، بـــەڵام بووە هۆی تێکچوونی کۆمەڵایەتـــی و ئابووریی (بلەیک ٢٠٠٩، ل. ١٥٥؛ شـــەیبانی ١٩٧٣، ل. ١٨٣).

شۆڕشی ســـاڵی ١٩٧٩ سیاسەتی ئابووریی نوێـــی لەگەڵ خۆیـــدا هێنا کـــە جەختی لەســـەر بە نیشـــتمانیکردن دەکـــردەوە، بەڵام دەرەنجامـــی نەڕێنی لـــێ کەوتنەوە، وەکو بێـــکاری، لەکیس چوونی ســـامانەکان، چەوســـاندنەوەی هێـــزی کار و وێرانکردنی ژینگە. بەر لە شـــۆڕش، هاندەری ســـەرەکیی چەوســـاندنەوەی ئابووریی ناسیۆنالیزمی فارس بوو؛ بەڵام لـــە دوای ســـاڵی ١٩٧٩ گۆتاری شـــیعەش بـــوو بە یەکێـــک لـــە پایەکانی سیســـتەمی نـــوێ. ئـــەو گۆڕانکارییە بووە هـــۆی پەراوێزخرانی کورد، هـــەم لە ڕوانگەی ئایینـــی و هەم لـــە ڕوانگەی سیاســـییەوە. ناکۆکییـــە ســـەربازییەکانی نێـــوان کورد و کۆماری تـــازە دامـــەزراوی ئیسلامی دۆخی پەراوێزخراویی ئەوانی خراپتـــر کرد. گۆتاری فارسی-شـــیعی (ئایینی-ناسیۆنالیستی) وەک چوارچێـــوەی بنەڕەتی بۆ چەوســـاندنەوەی ئابووریی کورد لە ســـەردەمی دوای شۆڕشدا دەوری گێڕاوە (ســـوڵەیمانی & محەممەدپوور ٢٠٢٠ئـــ).

دوای شۆڕشـــی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩، پرۆســـەی چەوســـاندنەوەی ئابووریـــی لە ڕۆژهـــەڵات لە پێـــش هەموو شـــتێکدا بە دەرهێنان و گواســـتنەوەی سامانە سروشتییە زۆر و زەبەندەکانـــی (وەک نـــەوت، گاز، ئاو و کانزاکان) بۆ ناوچەکانی ناوەند بە مەبەســـتی کار لەســـەرکردن و گەشـــەپێدان، چڕتـــر بووەتەوە. لـــە ئاکامدا دانیشـــتووانی کورد لە ڕوانگـــەی پێکهاتەیی پەراوکـــراو مانەوە و لە سووەد ئابووریەکانی سامانەکانی ناوچەکەیان بێبـــەش کران (حەســـەنیان & ســـۆهرابی ٢٩٢٢). دەوڵەتـــی ئێران سیاســـەتگەلێکی وەهـــای بەدامەزراوەیـــی کـــردووە کـــە ئەولەوییەتـــی بە گەشـــەی پیشەســـازی و ژێرخانی ئابووریی لە ناوەنـــدی ئێران دەدات، لە کاتێکـــدا بە شـــێوەی سیســـتەماتیک وەبەرهێنانی هاوشـــێوە لە ناوچە کوردییەکان پاشـــگوێ دەخات. ئەو پەراوێزخرانە ئابووریە بەئانقەســـتە بەســـتراوەیی ڕۆژهەڵاتـــی بە تارانەوە چەســـپاندووە، بەو شـــێوەیە پێگەی ڕۆژهـــەڵات وەک ناوچەیەکی ژێردەســـتەی ئابووریـــی لـــە چوارچێوەی وڵاتـــدا بەهێزتر دەکات (ئینتیســـار ١٩٩٢). لە ساڵی ١٩٧٩ تـــا ٢٠٢٤ ئێران حەوت پلانی گەشـــەپێدانی ئابووریی لەگـــەڵ سیاســـەتی جۆراوجۆری نیشـــتمانی و ناوخۆیی جێبەجـــێ کردوون. بەڵام ئەو دەستپێشـــخەرییانە بەشـــێوەیەکی سیســـتەماتیک کوردی ڕۆژهەڵاتیان پەراوێز کـــردووە و ئاکامەکـــەی بووەتە ســـەرکوتی تووندی ئابووریـــی. پێـــوەری ئابووریی وەک ڕێژەی هەژاری، ئاســـتی بێـــکاری و ڕەوتی وەبەرهێنان بەشـــێوەیەکی مەترســـیدار نزم ماونـــەوە، ئەوەش وای کـــردووە ڕۆژهەڵات لە ڕووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی کارەســـتانباردا بێت (ڕێکخـــراوی پلان و بودجـــەی ئێران ٢٠٢٠؛ ناوەنـــدی ئاماری ئێـــران ٢٠٢١ج، ٢٠٢١د؛ ڕێکخـــراوی تەکنەلۆژیـــی زانیاریی ئێران ٢٠٢٣).

ئەو بارودۆخانە ڕەنگدانەوەی ســـەپاندنی پەیوەندییەکانـــی ناوەند-پەراوێز لە ئێرانە، کە ئاکامەکەی ئافراندنی نایەکســـانی لە چەندین ئاســـتدایە. فرانک و گیڵـــس (١٩٩٦، ل. ٣)، کەڵەکەبوونـــی ســـەرمایە بـــە کاریگەرترین هێـــز و فاکتەری میژوویی بۆ دروســـتکردنی نایەکســـانی دەزانن. کەڵەکەبوونی ســـەرمایە هەمیشـــە لە ڕوانگـــەی شـــوێن و کەرتەوە

نایەکسان و لە ڕووی کاتییەوە ناڕێک بووە (فرانک ۱۹۷۹، ل. ۲۸۲). نایەکسانی و لاسەنگی لە کەڵەکەبوونی سەرمایەدا بووەتە هۆی گەشەسەندنی ناڕێک و دروستبوونی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز. ئاکامی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز، بووەتە هۆی دەوڵەمەندبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەکانی ناوەند، لە کاتێکدا کۆمەڵگە پەراوێزییەکان تووشی هەژاری و دواکەوتوویی بوون. فرانک (۲۰۱۳) جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز بوونە هۆی تاڵانکرانی سەرمایەی زیادەی کۆمەڵگەکانی پەراوێز. کۆمەڵگەکانی ناوەند بۆ ماوەیەکی کاتی وەبەرهێنان لە کۆمەڵگەکانی پەراوێزدا دەکەن و قازانجەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ ناوەند. ئامانجی ئەو وەبەرهێنانانە بە تاڵانبردنی کەرەستە خاوەکانی کۆمەڵگەکانی پەراوێزە. بە گوێرەی فرانک (۲۰۱۳)، دەرەنجامی ئەو پرۆسەی تاڵانکردنە لە کۆتاییدا گەشەنەکردنی کۆمەڵگەکانی پەراوێزی لێ دەکەوێتەوە.

پەیوەندییە نایەکسانەکانی ناوەند-پەراوێز لەمێژە بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی کوردی ئێرانیان دیاری کردووە. ئینتیسار (۲۰۰۹) سەرچاوەی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز لە ڕۆژهەڵات بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێنێتەوە و ئەوان بە هەوڵەکانی حکوومەتی قاجار بۆ دامەزراندنی "چەمکی هاووڵاتیبوونی لەسەر بنەمای خاک، وڵات تەوەر و فارسکراو" گرێ دەدات. ئەو هەوڵانە، لەگەڵ مۆدێرنیزەکردنی ئێران بووە هۆی چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەنددا. تا سەدەی نۆزدەهەم ناوچە کوردییەکان خۆبەڕێوەبەریی ڕێژەییان هەبوو، بەڵام بەهۆی هەوڵە چڕەکانی قاجارەوە وردە وردە ئەو خۆبەڕێوەبەرییە نەما و ئەوان بوونە "پەراوێز"ی ئێران. سیاستە ناسیۆنالیستییە ناوەندگەراکانی ڕەزا شا ئەو دۆخەی خراپتر کرد. لە ئاکامی ئەو هەنگاوانەدا نایەکسانییەکی توندی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێراندا دروست بوو کە هێشتا بەردەوامە.

لە ڕوانگەی بەشێک لە زانایانی کوردەوە (حەسەنیان & سۆهرابی ۲۰۲۲؛ محەممەدپوور & سوڵەیمانی ۲۰۲۱؛ سوڵەیمانی & محەممەدپوور ۲۰۲۳)، پەیوەندیی ناوەند-پەراوێز لە ڕۆژهەڵات کۆلۆنیالیستییە و بووەتە هۆی وێرانیی ڕۆژهەڵات بە شێوازی جۆراجۆر. سوڵەیمانی و محەممەدپوور (۲۰۲۱، ل. ۲) لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەئەمنییەتیکردن فاکتەرێکە کە بازنە کۆلۆنیالیستییە جۆراجۆرەکانی ئەقڵییەتی "ناوەند" لە کوردستاندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە (سوڵەیمانی & محەممەدپوور، ۲۰۲۳). سەرکوتی کوردان تەنیا ڕەهەندی ئابووریی نییە، بەڵکو فرەڕەهەندە. ناوەند لە یەک کاتدا کەڵک لە ئامراز و تەکنیکی جۆراوجۆر بۆ سەرکوتکردنی کورد و لەناوبردنی فرەچەشنیی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کولتووری وەردەگرێت. دەوڵەت بە سەرکوتکردنی دەنگە نافارسەکان و نەهێشتنی فرەچەشنی، هەوڵ دەدات شوناسێکی تاقانەی ئێرانی دروست بکات. بۆ گەیشتن بە زاڵبوونی تەواوەوە، کەڵک لە هێزی سەربازی، پشتگیری لە لایەن نوخبەی فارسەوە و، سیاستەتی پەروەردەیی و ئایینی وەردەگیرێت (حەسەنیان & سۆهرابی ۲۰۲۲، ل. ۳۳۷؛ محەممەدپوور & سوڵەیمانی ۲۰۲۱، ل. ۱۸).

ئینتیسار(۱۹۹۲) باس لەوە دەکات کە پەیوەندییە ناهاوسەنگەکانی نێوان ناوەند و پەراوێز، کە بووەتە هۆی سەرکوتی کوردان، هاوکات پەرەگرتنی هەستی هۆشیاریی ئەتنیکی و بزووتنەوەگەلێکی بەرپەرچدەرەوەی لێ کەوتووەتەوە. ئەو دۆخە هەلومەرجێکی هاوشێوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دروست کردووە (ئینتیسار ۲۰۰۹، ل. ۶). دۆخی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی پەیوەندییەکی جیاواز لەنێوان ئەم ناوچانەدا دەخاتە ڕوو، گەلێک دوور لە پەیوەندیی گەرموگوڕی ناوەند-پەراوێز، کە دەبێتە یەکگرتنی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتی. ناوەند بە شێوەیەکە کە لە بواری سیاسییەوە بەسەر پەراوێزدا زاڵە و ئەوی لە ڕوانگەی ماددییەوە دەچەوسێنێتەوە (هەچەر ۱۹۷۷، ل. ۴۹-۴۷). پەیوەندییە لاسەنگ و نایەکسانەکانی سیاسی، ئابووریی و کولتووری لە ڕۆژهەڵات بە ئافراندنی کۆمەڵگەی خاوەن سەروەری لە بەرانبەر بێسەروەریدا، بەئەمنییەتیکردنی توند و گەشەنەسەندووی دریژەیان پێ دەدرێت (سولەیمانی & محەممەدپوور ۲۰۲۰ب، ل. ۲). سولەیمانی و محەممەدپوور (۲۰۲۳) پێیان وایە سیاسەتە کۆلۆنیالیستییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئێران دۆخێکی ڕیزپەڕی ئافراندووە و دیمەنی ڕۆژانەی تووندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئاسایی کردووە. حکوومەتی ئێران سروشتێکی کۆلۆنیالیستی هەیە کە لە ڕۆژهەڵاتدا ئاپارتایدی ئابووریی لەسەر بنەمای جیاوازیی ئەتنیکی-ئایینی بەرهەم هێناوە (سولەیمانی & محەممەدپوور ۲۰۲۰ب، ل. ۱۷).

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەڵک لە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە وەردەگیرێت کە جەخت لە سەر دەسەڵات، زانیاری و ئایدۆلۆژی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی-ئابووریییەکان دەکرێت (پۆزبوم ۲۰۰۴)، بەدواداچوون بۆ پەیوەندییە ئابووریییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئێران دەکرێت و، تیشک دەخرێتە سەر مێژووی هەڵسوکەوتی نێوان ناوەند-پەراوێز. سەرچاوەی زانیارییەکان بریتین لە بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئێران، ڕاپۆرتە ئامارییەکان و بەڵگەنامە سیاسییەکان (۲۰۲۳-۱۹۸۹). تۆژینەوەکە کەڵک لە شێوازی دیداکتیک-ئێنداکتیڤ وەردەگرێت، لە گریمانە تیۆرییەکەی نایەکسانیی ناوچەیی: پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز کە لە ئێران زاڵن، ورد دەبێتەوە. ئەو پەیوەندییانە بوونەتە هۆی چەوساندنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات. لەگەڵ تێپەڕینی کات ڕۆژهەڵات بووەتە "پەراوێز"، کە ئەوەش سیستەمی ئابووریی-کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی وێران کردووە. بۆیە، ئەو وتارە لە پرۆسە و مێکانیزمەکانی یارمەتیدەری وێرانکردنی سیستەمی ئابووریی-کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە و، جەخت لەسەر ئەو پێکهاتە و هێزانە دەکات کە بوونە هۆی بەردەوامبوونی ئەو دۆخە لە ڕۆژهەڵات. ئامانجی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئەو پرسیارە ناوەندییە بخاتە ڕوو کە کام پرۆسە و میکانیزم یارمەتیدەری لەناوچوونی ژیانی ئابووریی-کۆمەڵایەتی بوون لە ڕۆژهەڵات.

ئابووریی سیاسیی کوردستان: پێداچوونەوەیەکی مێژوویی

پێش سەدەی نۆزدە کۆمەڵگەی کوردی سروشتێکی خێڵەکی هەبوو. هۆزی کورد یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی سیاسی و هەروەها بەگشتی خاکییە (و بەو هۆیەش ئابووریی) کە لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک و

خزمایەتـــی، ڕاســـتەقینە یـــان گریمانەیی، دامـــەزراوە و پێکهاتەیەکی ناوخۆیی تایبەت بە خۆی هەیـــە (ڤان برۆینســـن ١٩٩٢، ل. ٥١). ئابووریـــی خێڵەکـــی لەســـەر بنەمای بەخێوکردنی مەڕومالاّت بە شـــێوەی نەریتی بوو، کـــە لایەنێکی ژینەکیی ئـــەو ئابووریە کۆچـــی وەرزانە بـــوو (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٤). کەشـــاوەرز (٢٠٢٠) چینەکانـــی کۆمەڵگەیەکـــی خێڵەکـــی بـــە گوێـــرەی هەبوونـــی ڕێـــژەی مەڕومـــالاّت لێک جیا کردووەتـــەوە. ناوبراو چینەکانـــی بە گەورە ئاژەڵـــدار، ئاژەڵداری ماموناوەنـــد و ئاژەڵداری بچـــووک ناو دەبـــات. گەورە ئاژەڵـــدارەکان ئـــەو ئەندامانەی هۆز دەگرێتـــەوە کە خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئاژەڵن. ئامانجی ســـەرەکیی ئابووریی ئەو چینـــە، بەخێوکردنی مەڕومالاّت بـــە مەبەســـتی بازرگانییـــە. ئاژەڵـــدارە ماموناوەندەکان دوو ئامانجی ســـەرەکییان لە چالاکییـــە ئابووریەکانیاندا هەیـــە: یەکەم، بازرگانیکـــردن و زیادکردنی ســـامانەکانیان؛ دووهـــەم، دابینکردنی بەشـــێک لە خۆراکی خێزانەکانیان. لە لایەکـــەوە چالاکییەکانیان، ئەوان لەگـــەڵ گەورەئاژەڵـــدارەکان و بازاڕ و بازرگانەکانی دراوســـێ دەکاتـــە هاوپەیمان؛ لە لایەکـــی دیکەوە، چونکە دەبێ بەشـــێک لـــە وزەکەیان بـــۆ دابینکردنی خـــۆراک بۆ بنەماڵەیـــان تەرخـــان بکـــەن، بەرژەوەندیی هاوبەشـــیان لەگەڵ ئاژەڵداری بچووکەکانیش هەیـــە. ئاژەڵداری بچووکـــەکان زۆر جار تەنیا تواناییـــی وەدیهێنانی ئامانجێکیـــان هەیە: دابینکردنـــی بژیوی ژیان بـــۆ بنەماڵەکانیان (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٨-٤٧). ئاڵوگۆڕی ئابووریـــی وای کرد هەمـــوو هۆزێک بتوانێت خاوەنی هـــەوار یان کۆێســـتان (لەوەڕگەی هاوینـــە) و گەرمێن (لەوەڕگەی زســـتانە) ی خۆی بێت. لەســـەر ڕێگـــەی هەوارگە و لەگەڵ دراوســـێیەکانیان، هـــۆزەکان مافی فرۆشـــتنی بەرهەمەکانیـــان و لەبەرانبەردا بەدەســـتهێنانی کەلوپەلی پێویستیان هەبوو. ئاڵوگـــۆڕ بە دراو بە شـــێوەی بـــەربڵاو لەناو کوردانـــدا بـــاو بـــوو و، زۆر جار ســـامانی دەوڵەمەندترین ســـەرۆک هـــۆزەکان تەنیا ژمارەی ڕانەمـــەڕەکانیانی نەدەگرتەوە، بەڵکو ڕێـــژەی زێڕ و زێـــوی ئەوانیشـــی دەگرتەوە (قاســـملوو ١٩٦٥، ل. ١٠٨).

لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمدا، ئـــەو پێکهاتـــە ئابووریە بەهـــۆی گۆڕانی دیمۆگرافـــی و سیاســـەتەکانی حکوومەتی ناوەندییەوە گۆڕانکاریی بنەڕەتی بە ســـەردا هات. لەو ســـەردەمەدا ژمارەی دانیشتووانی کوردســـتان زیادی کـــرد و ئـــەو پێکهاتە ئابووریەی کە هەبوو، پێویســـتییەکانی دابین نەدەکـــرد. سیاســـەتەکانی حکوومەت لەو قۆناغـــەدا ئەو گۆڕانکارییانەیـــان خێراتر کرد. دوای بەدەســـتەوەگرتنی دەسەڵات لە ١٩٢٥، ڕەزا شـــا سیاســـەتی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانەی خســـتە بـــواری جێبەجێکردنەوە. بـــە لەبەرچاوگرتنـــی سروشـــتی کۆچەریی کۆمەڵگەی کوردی، ئەو سیاســـەتە کاریگەریی درێژخایەنـــی لەســـەر پێکهاتـــەی ئابووریی کوردستان هەبوو. پرۆســـەی نیشتەجێکردنی زۆرەملـــی و پرۆســـەی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانە، بـــەو مانایە بوو کە ســـەرجەم هۆزە کوردەکان لـــە کۆتاییدا جێگیر بـــوون و بۆ هەمیشە بوونە گوندنشـــین (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٤).

ئەگەرچـــی ئامانجـــی حکوومـــەت لە جێگیرکردنی کوردان لەناوبردنی ڕێکخســـتنی هۆزەکان بـــوو (لامبتـــۆن ١٩٥٣، ل. ٢٨٥)، بەڵام بـــە مانای نەمانی تـــەواوی پەیوەندییە

خێڵەکییەکانی نێوان بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەبوو (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٩). پێکهاتەی ئابووریی کۆچەری ئاکامی پرۆسەی سروشتیی خۆگونجاندنی کورد لەگەڵ ژینگەکەیدا بوو. تایبەتمەندیی چیاییبوونی کوردستان هاندەری ژیانی کۆچەری بوو و بووە هۆی گەشەکردنی وەک شێوازێک لە ڕێکخستنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بە دیاردەی بەرچاوی یەکسانیخوازی، وەک خاوەندارێتیی بەربڵاوی مەڕومااڵت. گواستنەوە لە کۆچەرییەوە بۆ ژیانی جێگیری جووتیاری، لەو ناوچەیە کە زۆربەی شاخاوییە، گۆڕانکاریی زۆری لە کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردیدا لەگەڵ خۆی هێنا (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ١٦٣).

سیاسەتی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانە، وردە وردە وای کرد کشتوکاڵ ببێتە بەشی سەرەکیی پێکهاتەی ئابووریی کوردستان. ئەو ئاڵوگۆڕانە خۆبژێویی ئابووریی کۆمەڵگەی کوردی، کە لە پێکهاتەی ئابووریی شوانکاریدا هەبوو، لاواز کرد. لە ڕابردوودا ناوچە کوردییەکان پشتیان بە بەخێوکردنی مەڕومااڵت، وەک چاالکیی سەرەکیی ئابووریی بەستبوو و، کەمێک کشتوکاڵ و کاری دەستیی بۆ دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان تەواوکەری ئەو چاالکییانە بوون. بەرهەمی زیادەی ئاژەڵداری لەگەڵ گوند و شارۆچکەکانی دراوسێدا بازرگانی پێوە دەکرا، بەو داهاتە خۆراک و کەرەستەی خاوی جلوبەرگ و فەرشیان پێ دابین دەکرد. بەاڵم جێگیرکردنی هۆزەکان و سیاسەتەکانی حکومەت بە ئامانجی لێک هەڵوەشانی هۆزەکان، خۆبژێویی ئابووریان تێکدا. هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ناوچە خێڵەکییەکان بۆ ناوچەی کشتوکاڵی، سنووردارکردنی کۆچ و جێبەجێکردنی شێوازی کشتوکاڵیی کە پلانی خراپیان بۆ دارێژرابوو، بووە هۆی دابەزینی ئاژەڵداریی نەریتی و لەکیسچوونی خۆبژێوی. خۆبژێویی ئابووریی لە ڕوانگەی سیاسییەوە گرینگە، ئەو خۆبژێوییە کۆمەڵگە دەپارێزێت و دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر کاروباری ئابووریی‌یەوە. قەدەغەکردنی کۆچ و ڕێگریکردن لە چاالکییەکانی گۆڕینەوەی کاڵا، جووڵەی فیزیکی و خۆبەڕێوەبەریی هۆزەکان سنووردار دەکات (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٦٢).

پەیوەندیی سەرمایەداری لە ئێران لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجار دەستی پێ کرد و لە دوای دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٠٨ بەرفراوانتر بوو و ئێرانی زیادتر ئاوێتەی ئابووریی جیهانی کرد. سەرەڕای زاڵبوونی پەیوەندییە ئابووریی سەرمایەدارییەکان لە ئێراندا، پەرگالی ئابووریی لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کشتوکاڵی مایەوە، ئەوەش وای کردووە کە نیشانەکانی پیشەسازیبوون بە زەحمەت دەستنیشان بکرێن. قاسملوو (١٩٨٠) دەیگوت سەرەڕای گەشەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەنێوان دوو شەڕی جیهانی لە ئێران، کوردستان وەک ناوچەیەکی کشتوکاڵی مایەوە. زۆربەی دانیشتووانی چاالک خەریکی کار لە کەرتی کشتوکاڵدان، کە تا ئێستاش گرینگترین سەرچاوەی داهاتە. لە کوردستانی ئێراندا بێجگە لە پیشەسازیی نەوت لە کرماشان، بە

کردەوە پیشەسازیی دەرهێنانی سامانی ژێر زەوی نەبوو.

جگە لەوەش بیناسازی تا ڕادەیەکی زۆر هۆی ژمارەکانی ژێر کەرتەکانی پیشەسازی و بیناسازین. کەمتر لە ٪۵ی هێزی کار لە پیشەسازیی مۆدێرندا کار دەکەن (قاسملوو ١٩٨٠، ل. ١١١). ئەو کێشەیە لە کاتێکدا ڕووی دا کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ناوچەکانی دیکەی ئێران لایەنە جۆراجۆرەکانی گەشەسەندنی سەرمایەداریان ئەزموون دەکرد. دوای ئەو پێشهاتانە، پێکهاتەی ئابووریی کوردستان کە پێشتر خۆبژێو بوو، وردە وردە تێکەڵی ئابووریی ئێران بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لاسەنگیی ئابووریی لەنێوان کوردستان و ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران بووە هۆی دابەزینی کوردستان بۆ "پەراوێزی" وڵات (قاسملوو ١٩٨٠، ل. ١١٣).

چاکسازیی زەوی سیاسەتێکی دیکەی حکوومەت بوو کە پێکهاتەی ئابووریی کشتوکاڵیی لە کوردستاندا گۆڕی. ئەو چاکسازییە کە حکوومەتی پەهلەوی لە ١٩۶٣ دەستی پێ کرد، زەویی کشتوکاڵی پارچەپارچە کرد. ئامانجی سەرەکیی ئەو سیاسەتە دابەشکردنی زەویی خاوەن زەوییە گەورەکان بەسەر وردە جووتیاراندا بوو. دوای جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، خاوەن زەوییە گەورەکان دەیانتوانی تەنیا خاوەنی یەک گوند بن. ئەوان دەبوو باقیی زەوییەکانیان بە دەوڵەت بفرۆشن، کە ئەویش زەوییەکانی بە نرخێکی فرەنزم بە جووتیارانی بێ زەوی دەفرۆشتەوە. هەروەها کاتێک جووتیاران کۆمپانیای هەرەوەزیی کشتوکاڵییان دامەزراندبا، دەوڵەت قەرزی بە سوودی کەم پێ دەدان (بلەیک ٢٠٠٩، ل. ١۵۵). پێش جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، خاوەن زەوییە گەورەکانی گوندەکانی کوردستان خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بوون و ڕێکخەری پەیوەندییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان بوون. دوای جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی زەوی، ئەو دەسەڵاتە لەکیس چوو و ڕادەستی حکوومەتی ناوەندی کرا، کە ڕەواییەکی ئەوتۆی لەنێو خەڵکی کوردستاندا نەبوو. لە ڕوانگەی ئابووریی‌ەوە، چاکسازییەکانی زەوی سەروکاریان لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئابووریی کەرتی کشتوکاڵدا هەبوو. پێش جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، پشکی کەرتی کشتوکاڵ لە داهاتی خەڵک ٪۶۵ بوو، کە دوای جێبەجێکردنی چاکسازییە کشتوکاڵییەکان بۆ ٪۴۴ دابەزی (شەیبانی ١٩٧٣، ل. ١٨٣). لە کۆتاییدا سیاسەتی چاکسازیی زەوی لە کوردستان بووە هۆی پەرەئەستاندنی هەژاری و کۆچی گوندنشینان بۆ شارەکان. یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی ئەو سیاسەتە، ڕوانگەی ئەمنییەتی و سەربازیی حکوومەتی ناوەندی بەرانبەر بە کوردستان بوو. دەسەڵاتی پەهلەوی کوردستانی وەک هەرێمێکی سەیر دەکرد و بەرنامە ئابووریی‌ەکانی پەیوەندیدار بە چاکسازیی زەوی بەو ئاراستەیەدا ڕێک دەخست و جێبەجێی دەکرد. لە کۆتاییدا ئاکامی ئەو سیاسەتە تێکچوونی زیادتری پەرگالی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان بوو (ڕەحمانی فەلاح و ئەوانی دیکە ٢٠٢٣، ل. ١٢٠).

لەگەڵ شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، سیاسەتە ئابووریيەکان بەرەو بەنیشتمانیکردنی سامانە تایبەتەکان گۆڕا. پلانە ئابووریيەکانیش بەرەو ئەو ئاراستەیە داڕێژراون و جێبەجێ کراون. ڕوانگەی ئەمنییەتی و سەربازیی حکوومەتی ناوەندی، لەژێر کاریگەریی ململانێ سەربازییەکانی نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندیدا، بڕیاردەری سەرجەم بەرنامە ئابووریيەکانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە کوردستان بووە. داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و بەرنامە ئابووریيانە چەندین ئاسەواری نەرێنی بۆ کۆمەڵگەی کوردی هەبووە. لە ناویاندا چوونە سەری ڕێژەی بێکاری، لەدەستدانی سەرچاوەی سەرمایە، سەرهەڵدانی شێوازی چەوساندنەوەی هێزی کار وەک کۆڵبەری[٣]، لەناوچوونی ژینگە.

کەلێنی گەشەپێدان و وێرانکاریی ئابووریی لە ڕۆژهەلات

ئاستی گشتیی گەشەسەندن لە ئێران لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە ئاستێکی دڵخوازدا نەبووە. بەڵام پێوەرەکانی گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی ئاشکرای دەکەن کە ئاستی گەشەسەندنی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە ناوچەکانی دیکەی وڵات (بڕوانە خشتەی ١). لە ساڵی ٢٠٢١دا ڕێژەی بەهای زیادەی ئابووریی پارێزگای کوردستان بە بەراورد لەگەڵ کۆی بەهای زیادەی ئابووریی ئێران تەنیا ١،٣٪ بووە. ئەو جیاوازییە لە کەرتی پیشەسازیدا تەنانەت بەرچاوترە، کە پشکی پارێزگای کوردستان تەنیا ٠،٤٪ لە کۆی بەهای زیادەی پیشەسازیی ئێران بووە. لە ساڵی ٢٠٢١ ، داهاتی ماموناوەندیی سەرانەی پارێزگاکانی کوردستان ٣٧٣٥ دۆلاری ئەمریکایی بووە، کە گەلێک لە ڕێژەی داهاتی ٨٠٠٠ دۆلار بۆ تاران، ٨٣٤٠ دۆلار بۆ یەزد و ٥٧٦٩ دۆلار بۆ ئیسفەهان کەمتر بووە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢٢).

ڕێژەی بێکاری لە ڕۆژهەلات (ڕێژەی ماموناوەندیی چوار پارێزگای کوردستان) لە ساڵی ٢٠٢٢ گەلێک لە هیی ئێران زیادتر بووە، کە لە یەکیان ١٢،٤٪ و لە ئەوەی دیکەیان ٩٪ بووە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢١ب). لە زۆرێک لە پارێزگاکان وەک تاک، لە ناوچەکانی وەکو کرماشان (١٥،٧٪) و پارێزگای کوردستان (١٤،٤٪)، ڕێژەی بێکاری زۆر زیادترە. بە پێچەوانەوە، ڕێژەی ئیسفەهان ١٠،٦٪، سێمنان ٨٪ و تاران ٩،٧٨٪ بووە. هەروەها ڕێژەی خوێندەواری لە ناوچە کوردییەکان لە ڕێژەی ماموناوەندیی تێکڕای ئێران کەمترە. ڕێژەی خوێندەواری لە پارێزگای کوردستان نزیکەی ٨١٪ە، لە کاتێکدا لە تاران، یەزد و سێمنان ڕێژەکەی نزیکەی ٩٣٪ و ٩١٪ە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢٢).

پێوەرەکانی گەشەی مرۆیی لە ڕۆژهەلات ڕەنگدانەوەی دۆخێکی نالەبارن (جەمینی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢١). لە ساڵی ٢٠٢٠، ئاستی ماموناوەندیی گەشەی مرۆیی لە پارێزگا کوردییەکان ٠،٧٣٤ بووە. ئەو ئاستە لە یەزد ٠،٨١١ لە تاران ٠،٨٢٧ و لە ئیسفەهان و سێمنان پێوەرەکە ٠،٧٩٧ بووە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢١). لێکۆڵینەوەی زیادتر لە پلەی پیشەسازیی ناوچەی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی

دیکە کە سەرچاوەی سەرمایەیان گەلێک کەمترە، دۆخی نالەباری گەشەنەکردنی ئابووریی لە ناوچە کوردستانییەکان ئاشکرا دەکات. پلەی گەشەکردنی پیشەسازی لە پارێزگای کوردستان ٢٧، لە کرماشان ٢٥، لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢٦ و لە ئیلام ١٩یە. بەپێچەوانەوە، یەزد خاوەنی پلەی یەکەم، سێمنان پلەی دووهەم، مەرکەزی چوارەم، ئیسفەهان پلەی شەشەم و تاران پلەی دوازدەهەمە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

پشکی ڕۆژهەلات لە بەرهەمی ناوخۆیی گشتیی ئێرانیش هەمان دۆخ ئاشکرا دەکات. پارێزگای کوردستان ٠،٩٪، ئیلام ١،٢٪، ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢٪ و کرماشان ١،٥٪ی بەرهەمی ناوخۆیی ئێران پێک دەهێنن. بەپێچەوانە، پشکی تاران ٢٢٪ و پشکی ئیسفەهان ٥،٨٪ بووە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠). لێکۆڵینەوە لە ڕیزبەندیی گەشەسەندنی ئابووریی لە ناوچە کوردییەکان ئەو پرسە زۆرتر پشتڕاست دەکاتەوە. پلەی گەشەسەندنی ئابووریی ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢٨، پارێزگای کوردستان پلەی ٢٧، تاران پلەی یەکەم، یەزد پلەی دووهەم، سێمنان پلەی سێیەهم و، ئیسفەهان پلەی چوارەمیان هەیە. لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی هەژاری لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٤ و لە پارێزگای کوردستان هەشتە، لە کاتێکدا یەزد کەمترین ڕێژەی هەژاریی هەیە کە ٣١ە، لە دوای ئەویش تاران بە ٣٠، سێمنان بە ٢٩، ئیسفەهان بە ٢٧ لە پلەکانی دواتردان (ناوەندی ئاماری ئێران ٢٠٢١ج، ٢٠٢١د).

ئەو دۆخە بە هەمان شێوە لە بەشی گەشەکردنی دیجیتاڵیشدا زاڵە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران، دابڕانێکی دیجیتاڵی لە نێوان پارێزگا کوردییەکان و پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئێراندا هەیە. لە ساڵی ٢٠٢٢دا تێکڕای پێوەرەکانی گەشەکردنی تەکنەلۆژییەکانی زانیاری و پەیوەندی (ICT) لە ناوچەکانی کوردستان (ڕۆژهەلات) ٦،٥٤ بووە. بە بەراورد، پێوەری تاران ٨،٠٤ و هیی یەزد ٧،٩١ بووە (ڕێکخراوی تەکنەلۆژیای زانیاریی ئێران، ٢٠٢٣). نایەکسانیی ئابووریی-کۆمەلایەتی لە کەرتی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیاکانی زانیاری و پەیوەندیشدا بەرهەم هێناوەتەوە (خشتەی ١). ئامارە فەرمییەکانی ئێران دابەزینی بەرچاوی پێوەرەکانی گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەلایەتیی کوردستان ئاشکرا دەکەن. ڕێژەی گەشەی مامناوەندیی بەهای زیادە لە کەرتی پیشەسازی لە پارێزگای کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ تا ٢٠١٧ لەژێر سفر و ڕێژەکەی ٥،٩٪- بووە. کەرتەکانی گواستنەوە و پەیوەندی ڕێژەی ٢،٣٪ گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، لەکاتێکدا شوێنە پەروەردەییەکان ڕێژەی گەشەسەندنیان ١،٦٪ بووە. کەرتی کانگاکان بە ڕێژەی ٣،٩٪- دابەزیوە و، کەرتەکانی دابینکردنی کارەبا و ئاو و گازی سروشتی ڕێکۆردی دابەزینی بەرچاوی بە ڕێژەی ٢١،٩٪ تۆمار کردووە. کەرتی بیناسازی بە ڕێژەی ١٤،٢٪- دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، لە کاتێکدا کەرتەکانی کشتوکاڵ و ماسیگرتن ڕێژەی گەشەی ئەرێنی ٩،٨٪ نیشان داوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

خشتەی ١: پیشاندەرەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی ڕۆژهەلات و پارێزگاکانی ناوەندی ئێران

پارێزگا	ئازەربایجانی ڕۆژاوا	ئیلام	کوردستان	کرماشان	ئیسفەهان	تاران	سێمنان	مەرکەزی	یەزد
داهاتی سەرانە	٣،٠١٠	٣،٤٩١	٢،٩٩٧	٤،٠١٤	٥،٧٦٩	٨،٠٠٣	٥،٩٠١	٦،١٢٣	٨،٣٤٠
تەمەنی چاوەڕوانکراو	٧١	٧٠،٦	٦٩،٧	٧٢،٩	٧٣،٩	٧٤،٢	٧٢،٧	٧٢،٢	٧٢،١
ڕێژەی بێکاری	١١،٢	٨،٣	١٤،٤	١٥،٧	١٠،٦	٩،٧	٨	١٨،٨	١٣،٢
ڕێژەی خوێندەواری	٨٢	٨٤،٩	٨١،٥	٨٤،٥	٨٩،٩	٩٢،٩	٩١،٥	٨٧	٩٠،٩
پێوەری گەشەی مرۆیی	٠،٧١٨	٠،٧٣٤	٠،٧٨٠٩	٠،٧٥٣	٠،٧٩٧	٠،٨٢٧	٠،٧٩٧	٠،٧٨١	٠،٨١١
ئاستی گەشەی پیشەسازی	٢٦	١٩	٢٧	٢٥	٦	١٢	٢	٤	١
ڕێژەی سەدی کۆی بەرهەمی گشتی	٢	١،٢	٠،٩	١،٥	٥،٨	٢٢،١	٠،٩	١،٩	١،٨
ئاستی گەشەی ئابووری	٢٨	١٤	٢٧	٢٠	٤	١	٣	١٥	٢
ئاستی هەژاری	٤	١٨	٨	١٢	٢٧	٣٠	٢٩	٢٥	٣١
بەرهەمهێنانی پیشەسازی	٢٠،٠٠٠	٦٧٠	١٣،٦٠٠	١٣،٢٠٠	٧٠،٠٠٠	٤٠،٠٠٠	١٢٨،٠٠٠	٧٧،٢٠٠	٨٠،٠٠٠
ڕێژەی سەدی بایەخی زیادکراو	٢	١،٣٦	٠،٩٠	١،٥٩	٥،٥٥	٢٠،٩٥	٠،٨٢	٢،٠١	١،٨٤
بایەخی زیادکراوی پیشەسازی	١،٥٤	٠،٦٢	٠،٤٨	١،٤٧	٨،١٩	١٩،٠٢	١،٠٧	٣،٤٩	٢،٤٤
پێوەری گەشەی ICT	٦،٢٥	٦،٨١	٦،٥٧	٦،٥٣	٧،٢٧	٨،٠٤	٧،٨٩	٧،٢٦	٧،٩١
شوێنەکانی پیشەسازی	١،٥٥١	٢٦٤	٧١٦	٤٠٣	٧،٠١٠	٦،٠٥٦	١،٣٥٩	٢،١٥٣	١،٥٩٩

ICT= تەکنەلۆژیاکانی زانیاری و پەیوەندی

سەرچاوە: ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران (٢٠٠٥، ٢٠١١، ٢٠١٧، ٢٠٢٠)، ناوەندی ئاماری ئێران (٢٠٢١ ئ، ٢٠٢١ ب، ٢٠٢١ ج، ٢٠٢١ د، ٢٠٢٢)، ڕێکخراوی تەکنەلۆژیای زانیاری ئێران.

ستراتیژییەکانی وێرانکەریی ژیانی ئابووریی کورد

وەک لە بەشی پێشووەوە باس کرا، ڕۆژهەڵات وردەورده لە ڕوانگەی ئابووریی-کۆمەڵایەتییەوە خاپوور کرا. ئەو دۆخە لەناکاو سەری هەڵنەدا، بەڵکو ئاکامی زاڵبوونی گوتاری فارسی-شیعی لە ڕۆژهەڵات بوو. حکوومەتی ناوەندیی ئێران کەڵکی لە ستراتیژیی جۆراجۆر بۆ چەوساندنەوەی ناوچەکە و جێبەجێکردنی وێرانکارییە ئابووریەکانی وەرگرت. گرینگترین ستراتیژییەکان بریتی بوون لە تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکان (تاڵانکردنی سەرمایە)، شکستهێنان لە وەبەرهێنان و کەڵەکەکردنی سەرمایە و بەرەودان بە پیشەسازییە چەوسێنەرەکان.

تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکان

یەکێک لە ستراتیژییە هەرەگرینگەکان کە حکوومەتی ناوەندیی ئێران بۆ چەوساندنەوەی ڕۆژهەڵات کەڵکی لێ وەردەگرێت، تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکانە (تاڵانی سەرمایە). ئەگەرچی ئەو ستراتیژییە لە دوای پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران دەستی پێ کردووە، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق لە ساڵی ١٩٨٩ چڕتر بووەتەوە. تاڵانی سەرمایە بە مانای چەوساندنەوەی سامانەکانی سەرمایەی وڵاتێک یان ناوچەیەک لە لایەن وڵاتێک یان ناوچەیەکی دیکەوەیە. فرانک (٢٠١٣) ئاماژەی کردووە کە وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژاوا بە ئامرازی سیاسی، ئابووریی و سەربازی سەرچاوەی سەرمایەی وڵاتانی پەراوێز تاڵان دەکەن. تاڵانی سەرمایە بە شێوازی جۆراوجۆر ڕوو دەدات، گرینگترینیان دزینی کەرەستەی خاو و سەرچاوەکان لە کۆمەڵگەکانی پەراوێز و وەبەرهێنانی چەوسێنەر لەو کۆمەڵگەیانەدایە. بە بۆچوونی فرانک (١٩٧٩)، دەرهێنانی سیستەماتیکی سەرچاوەکانی سەرمایە لە "پەراوێز"ەوە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی لاسەنگیی سامان، بەو شێوەیە سەرچاوەی سەرمایەی "پەراوێز" کەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا بەردەوام سەرمایە لە "ناوەند" کۆ دەبێتەوە. وەبەرهێنان لە "پەراوێز" تەنیا وەک مێکانیزمی ئەوپەڕی چەوساندنەوەی سەرچاوەکان و ڕێخۆشکردن بۆ گواستنەوەی کەرەستەی خاو (وەک کانزاکان، نەوت، ئاو و گاز) بۆ "ناوەند"، بێ وەبەرهێنانی بەرچاو لە "پەراوێز" کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ڕۆژهەڵات یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێران لە ڕوانگەی سەرچاوەی سەرمایەیە. لەوێ سامانە سروشتییەکانی وەک ئاو، ڕووبار، چیا، کانگا، لێرەوار، لەوەڕگە، ڕووەکی جۆراوجۆر، نەوت و گاز زۆروزەبەندن. ئەو سەرچاوانە هەلومەرجی لەباریان بۆ گەشەسەندن لە کوردستاندا ڕەخساندووە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو سامانەی کوردستان، گەشە ئابووریەکەی ناخەهژێنە.

سەرچاوەکانی ئاو

ڕۆژهەڵات کەشوهەوایەکی هەمەچەشنی هەیە کە سوودێکی بەرچاوی ئابووریی بۆ گەشەسەندنی دابین دەکات. سەبارەت بە سەرچاوە ئاوییەکانییەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاســـتیش فرە گرینگە. بە لەبەرچاوگرتنی کەمئـــاوی و ویشکەســـاڵیی هەنووکەیی، کە بەشـــێکی بەرچـــاوی ئێـــران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی گرتووەتەوە، ئـــەو تایبەتمەندییە گرینگییەکـــی تاقانـــەی پـــێ بەخشـــیوە. هەڵسەنگاندنی بەردەوامی ســـامانە ئاوییەکان (C/RW) لـــە ئێران بارودۆخی هەســـتیاری زۆربەی ناوچە ڕووبارییەکان ئاشـــکرا دەکات. بەگوێـــرەی ئەو پێوەرە، کاتێـــک پێوەرەکە بۆ نێـــوان ۰،۴ و ۰،۷ دادەبەزێت، ســـەقامگیریی ســـەرچاوە ئاوییـــەکان دەگاتـــە دۆخـــی مەترســـیدار. لـــە ڕوانگـــەی بەردەواماییەوە، زۆرێک لـــە ناوچـــە ڕووبارییەکانـــی ئێران لـــە دۆخێکی مەترســـیداردان. بـــۆ نموونە پێوەری تێگری ئـــاوی ژێرزەویی نەجەفابادی ئیســـفەهان، گەیشـــتووەتە ۰،۸. بـــەڵام لە زۆربـــەی تێگرەکانی ئاوی کوردســـتان ئەو پێوەرە لەژێر ۰،۴ ـــــە. بـــۆ نموونە تێگری ئـــاوی ژێرزەویـــی زاب ۰،۱۱ و ســـیروان ۰،۱۹یە، ئـــەوەش بە مانـــای دۆخی لەباری ئەو ســـامانە ئاوییانەیە (ڕێکخـــراوی پلان و بودجەی ئێـــران، ۲۰۲۰).

هەروەها ڕێـــژەی بارانبارینی ســـاڵانەش ئەو پرســـە پێشـــان دەدات. لە ئێـــران ڕێژەی بارانبارینـــی ســـاڵانە (۲۰۲۲) ۱۶۰ ملم بووە، لـــە کاتێکدا لە کوردســـتان گەیشـــتووەتە ۲۸۴ ملـــم. پارێزگاکانی ناوەڕاســـتی ئێران کەمترین بـــاران بارینیان ئەزمـــوون کردووە (ڕێکخراوی کەشناســـیی ئێـــران، ۲۰۲۳). لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی ئاوی ســـەرزەوی لە کوردستان ئاشـــکرای دەکات کە یەدەگی ئاوی ڕۆژهەڵات لەگەڵ هیی ئێـــران بەراورد ناکرێـــت. لە زۆربەی ناوچەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بە کوردستانیشـــەوە هاوسەنگیی ئـــاو نەرێنییە. لـــە ســـاڵی ۲۰۱۹ پارێزگای کوردستان ۳۴ ملیۆن میتر سێجا کورتهێنانی ئـــاوی هەبووە. لە هەمان کاتـــدا، کورتهێنانی پارێـــزگای تـــاران ۱۵۰ ملیـــۆن، پارێزگای یەزد ۲۳۰ ملیۆن و پارێـــزگای کرمان ۹۰۲ ملیۆن میتر ســـێجا بووە (ڕێکخـــراوی پلان و بودجەی ئێـــران، ۲۰۲۰). بەگشـــتی دۆخی ســـەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵات جیاوازییەکی بەرچـــاوی لەگەڵ ئێران هەیە و لە ئێســـتادا هیـــچ قەیرانێکی بەربڵاو لەو بـــوارەدا لەئارادا نییە. بەڵام ئەگەری زۆرە سیاســـەتی نالەباری ســـەرچاوەکانی ئـــاو ببێتە هـــۆی قەیرانی کەمئاوی لـــە کوردســـتان، وەک لە دۆخی هەنووکەدا پشتڕاســـت کراوەتەوە.

حکوومەتـــی ناوەندیی ئێـــران وەبەرهێنانی بەرچاوی لـــە کەرتی ســـەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتدا کردووە. لـــە بەرانبەردا وەبەرهێنان لە کەرتە ئابووریەکانـــی دیکەدا بە کەمترین شـــێوە ماوەتەوە و لە ســـفر نزیک دەبێتەوە. پاڵنەری سەرەکیی پشـــت ئەم وەبەرهێنانانە دامەزراندنی ژێرخانی گواســـتنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان بۆ "ناوەند" و تاڵانکردنی ســـەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتـــە. ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران ڕایگەیانـــدووە کە زۆربەی ئەو وەبەرهێنانانە ئاراستەی دروستکردنی بەنداوی ئـــاو بە مەبەســـتی هەڵگرتن و گواســـتنەوە کـــراوە (ڕێکخـــراوی پلان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰). حکوومەتی ناوەندی سیاســـەتەکانی ئاوی وەک پرۆژەی گواســـتنەوەی ئاوی نێوان

حەوزەکان، بەنـــداوە زەبەلاحەکان، پڕۆژەکانی گواســـتنەوەی ئاوی ســـوێری شـــیرینکراو، گۆڕینی ئاراســـتەی ڕووبـــارەکان و پڕۆژەکانی بەکارهێنانـــەوەی ئاو بە هەمان مەبەســـت جێبەجێ کـــردووە. ئامانجـــی کۆتاییی ئەو سیاســـەتانە کەڵکوەرگرتـــن لە ســـەرچاوە ئاوییەکانـــی ڕۆژهەڵات بووە بـــۆ پەرەپێدانی ناوچەکانـــی ناوەڕاســـتی ئێران کـــە ماوەی چەند ســـاڵێکە ڕووبەڕووی قەیرانی کەمئاویی تونـــد بوونەتـــەوە. بـــەڵام ئەو سیاســـەتانە زیانێکی بەرچاویان بە ســـەرچاوە ئاوییەکانی کوردســـتان گەیاندووە و وردە وردە بوونە هۆی خاپوورکردنی ژینگە (حەســـەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢، لاپەڕەکانی ٣٣٧-٣٣٢).

کانگاکان

کانـــگاکان ســـەرچاوەی ژینەکیـــی دیکەی سامانی کوردســـتانن. کانگاکان (بەردەقسڵ، بەردی ئاســـایی، ئاســـن، مەڕمـــەڕی ڕوون، بەردی پۆزۆلان، ئاســـنزفێن، زێـــڕ، گرانیت، دووانەی ئۆکســـیدی ســـیلیکۆن، مەنگەنێز، خـــوێ، بەردەپـــێ، تیتانیـــۆم و گـــەچ) ســـەرچاوەیەکی دیکـــەی فـــرە گرینگـــی سەرمایە لە کوردســـتان پێک دەهێنن. تەنیا لە پارێـــزگای کوردســـتان ٣٤٠ کانگا هەیە کە توانـــای دەرهێنانـــی ٥٨٩ ملیۆن تۆنیان هەیە، کە لە ئێســـتادا تەنیـــا ١٨ ملیۆن تۆن دەردەهێندرێت. پارێزگای کرماشـــان یەدەگی کانگاکانی یەک ملیـــارد و ٧٠٠ ملیۆن تۆن، پارێزگای ئیلام یەدەگەکـــەی نزیکەی یەک ملیارد تـــۆن و پارێـــزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا نزیکەی یـــەک ملیـــارد و ٢٠٠ ملیۆن تۆن یەدەگی هەیە (ڕێکخـــراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

ســـەرەڕای ئەو هەموو ســـەرچاوە کانزاییەی پارێزگای کوردســـتان، ڕێژەی بەهای زیادەی کانگاکانـــی تەنیـــا ١،٤٪ی کـــۆی بەهای زیادەی کانگاکانی ئێرانـــە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێـــران، ٢٠٢٠). زۆربەی کانگاکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن حکوومەتـــی ناوەندییەوە دەردەهێندرێن. ئەو کەرەســـتە خاوانەی لەم کانگایانە دەرهێنـــراون، لەبریـــی ئەوەی لە کەرتە ئابووریـــە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتدا وەبەرهێنانیـــان بۆ بکرێـــت، دەگوازرێنەوە بۆ شـــارەکانی ناوەڕاســـتی ئێران. لەبەر هۆکاری ئەمنییەتی، ئامـــاری فەرمی لەو بـــوارەدا لە ئێران بڵاو ناکرێتەوە. بـــەڵام هێندێک ئاماری نافەرمی ئەو پرســـە پشتڕاســـت دەکاتەوە. بۆ نموونـــە پارێزگاری پارێزگای کوردســـتان لە ســـاڵی ٢٠٢٢دا ڕایگەیاند کـــە تەنیا ٣٪ی قازانجـــی وەبەرهێنان لە کەرتـــی کانگاکان لـــەو پارێزگایـــە وەبەرهێنراوەتـــەوە، لـــە کاتێکـــدا ٩٧٪ی ئەو داهاتـــە پارێزگاکەیان بەجێ هێشـــتووە (ئاژانســـی هەواڵی مێهر، ٢٠٢٢). نموونەیەکـــی ئاشـــکرای ئەو دۆخە لـــە کانگاکانی زێڕی شـــاری تیـــکاب کە دەکەوێتە پارێـــزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، بەدی دەکرێـــت. تیـــکاب ٣٨٪ی بەرهەمی زێڕ لە ئێرانـــدا پێـــک دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا وەک یەکێـــک لە هەژارترین شـــارەکانی ئەو وڵاتـــە ماوەتەوە. بە وتـــەی نوێنەری خەڵکی تیکاب لە پارلەمانی ئێـــران، زیادتر لە ٩٠٪ی قازانجەکانی کانگاکانی زێڕ، ئەو شـــارە بەجێ دەهێڵێت و دەنێردرێتە ناوچەکانی ناوەڕاســـتی ئێران (کانزاکانـــی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت، ٢٠٢٣).

نەوت و گاز

ڕۆژهەڵات خاوەنی سەرچاوەی بەرچاوی نەوت و گازە. نزیکەی ٤٪ی نەوتی ئێران و ١١٪ی یەدەگی گازی ئێران لە پاڕێزگای ئیلامە. کێڵگەی نەفت شەهر لە کرماشان نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن بەرمیل یەدەگی نەوتی تێدایە. جگە لەوەش چەند کێڵگەیەکی دیکەی نەوت و گاز لە ڕۆژهەڵات دۆزراونەتەوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠). تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان، وەک نەوت و گاز، بە شێوازێکی وەکو تاڵانکردنی کانگاکان بەڕێوە دەچێت. ئەو سەرچاوانە بە شێوەی باو و بە خاوی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەهێنرێن و دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران. سەرەڕای هەبوونی ئەو جۆرە سەرچاوانە، فرۆشتنیان بە شێوەی خاو سوودی ئابووریی بۆ کوردستان نەبووە. بۆ نموونە ئیلام یەکێکە لە سەرچاوە هەرەبەرچاوەکانی نەوت و گازی ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە هاووڵاتیانی ئەو پاڕێزگایە دەستیان بە گازی سروشتی ڕاناگات و لە سوودەکانی بێبەشن. نموونەیەکی دیکە قیری سروشتیی کرماشانە. وەک باس کرا، زیادتر لە ٨٠٪ی قیری سروشتیی ئێران لە کرماشان دەردەهێنرێت. بەڵام نزیکەی هەموو ئەو بەرهەمە بەشێوەی خاو کرماشانی جێ هێشتووە و بە مەبەستی وەبەرهێنانی زیادتر لە پیشەسازییە جۆراوجۆرە کاندا، بۆ ناوچە کانی ناوە ندی ئێران دە گوازرێتەوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

شکست لە وەبەرهێنان و کەڵەکەبوونی سەرمایە

وەک باس کرا، سەرچاوەکانی سەرمایەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ هیچ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران کە ناوچەگەلێکی پێشکەوتووترن، بەراورد ناکرێن. ئەوەش پرسیارێک دەوروژێنێت کە بۆچی ڕۆژهەڵات سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی سەرمایەی بەرچاوە، بەڵام گەشەنەکردنی دووقاتی ئابووریی بەرۆکی بەرنادات؟ پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایە و تاڵانکردنی کوردستان دەتوانێت بەرچاوڕوونییەک بێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە. ئێمە دەتوانین لە چوارچێوەی تیۆریی فرانک بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ڕۆژهەڵات و لە هەمان کاتدا پەیوەندییە ئابووریی و سیاسییە تایبەتەکانی لەگەڵ ئێران کەڵک وەربگرین. ئێران ڕۆڵی "ناوەند" دەگێڕێت، لە کاتێکدا ڕۆژهەڵات "پەراوێز"ە. ئەو دینامیکەی ناوەند-پەراوێز ئەقڵانییەتی سیاسی-ئابووریە کە ئێران لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات سەپاندوویەتی (ئینتیسار ١٩٩٢؛ حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢). لەو چوارچێوەیەدا، ئێمە لەجیاتی ئابووریی سەرمایەداریی جیهانیی کارامە، بەرهەمهێنانەوەی ئەقڵانییەتی ناوەند-پەراوێز لە ئاستی هەرێمیدا دەبینین، کە لەگەڵ پێکهاتەیەکی فارس-شیعە تێکەڵ کراوە. سەرەڕای زۆروزەبەندبوونی سەرچاوەی سەرمایە و توانای گەشەپێدانی زۆر، ئەو پەیوەندییانە بوونە هۆی بەردەوامیی گەشەنەکردنی کوردستان.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی یارمەتیدەر بۆ دروستبوون و بەدەوامبوونی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز لە ڕۆژهەڵات،

پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە. کەڵەکەبوونی سەرمایە بە دوو شێوازی سەرەکی ڕوو دەدات: کەڵەکەبوون لە ڕێگەی فراوانبوونەوە و کەڵەکەبوون لە ڕێگەی دەستدرێژییەوە. کەڵەکەبوون لە ڕێگەی فراوانبوونەوە کاتێک ڕوو دەدات کە بەرە جیاوازەکانی سەرمایەداری بەبێ وەلانانی کەرتەکانی دیکە گەشە بکەن. بەپێچەوانە، کەڵەکەبوون لە ڕێگەی دەستدرێژییەوە کاتێک ڕوو دەدات کە گەشەی ئابووریی بە وەلانانی کەرتەکانی دیکەی سەرمایە، بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری، یان کەرتەکانی دەوڵەت مسۆگەر بکرێت. ئەو پرۆسەیە لەوانەیە زەوتکردن، وەدەستخستنی ملک و بەرهەم لەژێر بەهای ئەوان، یان دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە هاوبەشەکان لەخۆ بگرێت (پاتنایک، ۲۰۰۵). لە ڕوانگەی ئاندرێ گاندر فرانکەوە، کەڵەکەبوون لە ڕێگەی دەستدرێژیکردن بەتایبەت لە ئابووریی پەراوێزخراوەکاندا، کە بەرفراوانبوونی سەرمایەداری بە دەرهێنانی سەرچاوە هەرێمییەکان و تواندنەوەی کەرتە ناسەرمایەداریی‌یەکانەوە بەستراوەتەوە، شتێکی باوە. لە کۆتاییدا، ئەوە دینامیکی ناوەند-پەراوێز بەهێز دەکات، سامان لە ئابووریی بالادەستەکاندا چڕ دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا نایەکسانی و بێدەسەلاتی لەنێوان گرووپە پەراوێزخراوەکاندا توندتر دەکات. وەک لە بەشی پێشوودا باس کرا، توێژینەوە کوردییە جۆراوجۆرەکان (ئینتیسار ۱۹۹۲؛ حەسەنیان & سۆهرابی ۲۰۲۲؛ محەممەدپوور & سوولەیمانی ۲۰۲۳) جەختیان لەسەر تالانکردنی سیستماتیکی سەرچاوەکانی سەرمایە لە ڕۆژهەلات لەلایەن ئێرانەوە کردووە. ئەو پرۆسەیە هۆی گەشەی ئابووریی "ناوەند"ی ئێران و لە هەمان کاتدا گەشەنەکردنی ڕۆژهەلات بووە. کەڵەکەبوونی سەرمایە لە ڕێگەی چەوساندنەوەی سامانەکانەوە ئابووریی ناوەوەی ئێرانی بەهێز کردووە. بە پێچەوانە، کەمبوونەوەی سەرچاوەی سەرمایە لە ڕۆژهەلات بووەتە هۆی دابەزینی ئابووریی-کۆمەلایەتی و تێکچوونی بژێوی هەرێمی.

کەڵەکەبوونی سەرمایە دیاردەیەکە کە بووەتە هۆی دروستبوونی دۆخێکی نالەباری ئابووریی لە کوردستان، کە بەشێوەیەکی کاریگەر ئەوی کردووەتە "ئابووریی پەراوێز" لە ئێران. بەپێچەوانەی ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران، ڕۆژهەلات کەڵەکەبوونی سەرمایەی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. بەپێی ئاماژە فەرمییەکانی ساڵی ۲۰۱۹، پشکی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٪۲،۱۲، لە پارێزگای ئیلام ٪۰،۷۴، لە پارێزگای کوردستان ٪۱،۰۱و پشکی کەڵەکەبوون لە پارێزگای کرماشان ٪۱،۸۲ بووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەر لەو ساڵەدا پشکی پارێزگای ئیسفەهان ٪۷ و پارێزگای تاران بەرزترین پشکی هەبووە کە گەیشتووەتە ٪۲۷،۲ی کۆی کەڵەکەبوونەکە. لە پارێزگای کوردستان کەڵەکەبوونی سەرمایە لەو کەرتانەدا ڕووی داوە کە کەمتر پەیوەندییان بە گەشەسەندنی ئابووریی‌یەوە هەیە. بەتایبەتی ٪۵۹ی کۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پارێزگای کوردستان هیی کەرتی بیناسازی بووە، لە کاتێکدا ٪۳۳ پەیوەندی بە کەرتی

مەکینەکارییەوە هەبووە. لە بەرانبەردا کەرتی پیشەسازی تەنیا ٪۵ی کەڵەکەبوونی سەرمایەی بەخۆیەوە بینیوە. کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی کانگادا بۆ باسکردن نابێت. هەمان دۆخ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواش حاکمە، کە ٪۶۰ی کەڵەکەبوونی سەرمایە بۆ کەرتی بیناسازی دەگەڕێتەوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰).

بەڵام لە کەرتی پیشەسازیی ئەو پارێزگایە، کەڵەکەبوونی سەرمایە دەگاتە ٪۳۵ کە تا ڕادەیەک لە بەشەکانی دیکەی ئێران باشترە. لێرەش کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی کانگادا نزیکەی سفرە. لە پارێزگای ئیلام ٪۶۶ی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی بیناسازیدا چڕ بووەتەوە. بەداخەوە کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی پیشەسازی و کانزاکانیی ئەو پارێزگایەدا نەڕێنی بووە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران ۲۰۲۰؛ ناوەندی ئاماری ئێران ۲۰۲۱ج). وەبەرهێنان لە پیشەسازیی، کانگا، گواستنەوە و بازرگانی و کەرتەکانی دیکەدا بناغەی کەڵەکەبوونی سەرمایە پێک دەهێنێت. نایەکسانیی وەبەرهێنان دەکرێت بە سەرنجدان بە ژمارەی کارخانەی پیشەسازیی بچووک و گەورە لە هەر پارێزگایەکدا، وەک پێوەری بڕی وەبەرهێنان هەڵسەنگێندرێت. ژمارەی کارخانەی پیشەسازیی بچووک و گەورە لە ناوچە کوردستانییەکان (کە لە چوار پارێزگا پێک هاتووە) ۴۷۴۷۰ دانەیە؛ لە ئیسفەهان ۷۰ هەزار، لە یەزد ۸۰ هەزار و لە سێمنان ۱۲۸ هەزار دانەیە (ناوەندی ئاماری ئێران ۲۰۲۱د). بێجگە لەوەش ژمارەی بینا پیشەسازییەکانی لە ناوچە کوردییەکان (چوار پارێزگا) ۲۹۳۴ بینایە، لە کاتێکدا لە پارێزگای ئیسفەهان ۷۰۱۰ بینا و پارێزگای تاران ۶۰۵۶ بینای هەن (ناوەندی ئاماری ئێران ۲۰۲۲).

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ساڵی ۲۰۱۹، وەبەرهێنانی نیشتمانی لە پارێزگای کوردستان بڕی ۱۸۰ ملیۆن دۆلار بووە. لە پارێزگای کرماشان ۲۳۰ ملیۆن دۆلار، لە پارێزگای ئیلام ۹۶ ملیۆن دۆلار و لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواش ۲۹۰ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە. لەبەرانبەردا، لە پارێزگای تاران ۳ ملیار دۆلار، لە پارێزگای فارس ۵۱۰ ملیۆن دۆلار و لە پارێزگای ئیسفەهان ۴۶۰ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان تێدا کراوە. زۆربەی ئەو وەبەرهێنانانە بۆ کەرتی بیناسازی (٪۴۶)، پاشان مەکینە (٪۲۵) و کشتوکاڵ (٪۲۰) تەرخان کراوە. بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران، زۆربەی ئەو وەبەرهێنانانە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئاو تەرخان کراون، لەپێش هەموو شتێکدا بۆ دروستکردنی بەندەاو بۆ گلدانەوەی ئاو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان (ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰).

لە بەرانبەردا، وەبەرهێنان لە کانگاکاندا کە بەشێکی بەرچاو لە ئابووریی کوردستان پێک دەهێنن، نزیکەی سفر بووە. وەبەرهێنان لە کەرتی کانگا لە پارێزگای کوردستان تەنیا ٪۰،۰۰۸ی کۆی وەبەرهێنانەکان بووە. بە هەمان شێوە کەمترین وەبەرهێنان لە کەرتی گواستنەوەدا کراوە (٪۰،۰۰۴). لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کۆی گشتیی وەبەرهێنانەکە ۳۷۷

ملیۆن دۆلار بووە. لەو بڕە پارەیە ٪٦١ی پەیوەندی بە کەرتی بیناسازییەوە هەبووە، لەکاتێکدا ٪٣٧ی بۆ کەرتی پیشەسازی تەرخان کراوە. کەرتە ئابووریەکانی دیکە کەمتر لە ٪١ی وەربەرهێنانیان بەر کەوتووە. دۆخەکە لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان هاوشێوەیە، کە زۆربەی وەبەرهێنانەکان لە کەرتی پیشەسازیدا لەسەر مەکینەکان کراوە، لە کاتێکدا وەبەرهێنان لە کەرتەکانی وەک قوماش، بەرهەمە کانزاییەکان و مادەدە شیمیاییەکان لەژێر ٪١ بووە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

پێشخستنی پیشەسازیی چەوسێنەر

پێشخستنی پیشەسازییە چەوسێنەرەکان سیاسەتێکی دیکەیە کە حکوومەتی ناوەندی لە مێژووی مۆدێرن بۆ تالانکردنی سەرمایەی کوردستان ڕەچاوی کردووە. پیشەسازییە چەوسێنەرەکان بەو کەرتە ئابووریە بەرفراوانانەی وەک پترۆشیمی، کانگا، نەوت و گاز دەگوترێ کە لەناو کۆمەڵگە ڕەسەن و پەراوێزەکاندا لەپێش هەموو شتێکدا بۆ چەوساندنەوەی ئابووریی دامەزراون. ئەو پیشەسازییانە زۆرجار نیگەرانییەکانی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی-کولتووری، ئابووریی و سیاسیی ئەم کۆمەڵگەیانە پشتگوێ دەخەن (فرانکێما & بوێلێن ٢٠١٣، ل. ٢). پیشەسازییە چەوسێنەرەکان ئەو پیشەسازییانەن کە بۆ گەشەپێدان و گەشەی ئابووریی هەرێمێک دانەمەزراون. مەبەست لە دامەزراندنی ئەوان دروستکردنی زنجیرەیەکی پیشەسازییە بۆ تالانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایە، گۆڕینی کەرەستەی خاو بۆ کەرەستەی پیشەسازی، گواستنەوەیان بۆ ناوەند و ئاراستەکردنی قازانج و بەهای زیادە بۆ ئەوێیە. بەگشتی ئەو پیشەسازییانە ڕێخۆشکەری چەوساندنەوەی ناوچەکانی پەراوێزن. بە شێوەی باو ، ئەو پیشەسازییانە لەلایەن "ناوەندەوە" لە ناوچەکانی پەراوێز بۆ دەرهێنانی کەرەستەی خاو و گواستنەوەیان بۆ "ناوەند" یان دروستکردنی ژێرخانی پێویست بۆ گۆڕینی کەرەستەی خاو بۆ شێوازێکە کە گواستنەوەی مومکین بێت. ئەو شێوە کارە لە ڕۆژهەڵاتیشدا دیارە. وەک باس کرا، زۆرێک لەو کەرەستە خاوانەی لە کانگاکانی کوردستان دەردەهێندرێن بۆ دەرەوەی کوردستان دەگوازرێنەوە. بەڵام ئەو گواستنەوەیە دەتوانێت تێچووی ئابووریی بۆ دەوڵەت دروست بکات و ڕەنگە هێندێک جار ئەوە بەپێچەوانەی ئەقڵانییەتی زاڵبوون بێت. بۆیە، لە دوو دەیەی ڕابردوودا گۆڕانی سیاسەت بەرەو پەرەپێدانی پیشەسازییەکانی پەیوەندیدار بە کانگاکانی ناو ڕۆژهەڵات ڕووی داوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠١١، ٢٠١٧).

دەوری پیشەسازییە چەوسێنەرەکان، گۆڕینی کانزا خاوەکان بۆ کەرەستەی ئەوتۆن کە بکرێ لە کارخانە پیشەسازییەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت. ئەو پرۆسەی گواستنەوەیە ساکارترە و کاتێک کەرەستەکە دەنێردرێت بۆ ناوەند، بە تێچووی کەمتر جێبەجێ دەکرێت. ئەو هەڵسوکەوتە تەنیا پیشەسازییەکانی کانگاکان ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ سامانەکانی نەوت و گاز بەتایبەتی لە ئیلام و کرماشان و هەروەها پیشەسازی خۆراکیشدا ڕەچاو دەکرێت. بێجگە لەوەش، قازانجی سەرمایە و زیادەی ئەو پیشەسازییە چەوسێنەرانە بە دەگمەن

لـــه رۆژهەلات وەبەرهێنانی بـــۆ دەکرێنەوە و زۆربەی هـــەرەزۆری دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە. لە کاتێکدا کەڵەکەبوونی ســـەرمایە لە پیشەســـازییە چەوسێنەرەکاندا دەتوانێت لە چوارچێوەی دیکەدا یارمەتیدەری گەشەپێدان بێـــت، بەهـــۆی گواســـتنەوەی زیـــادە و قازانجەکەیانـــەوە بۆ ناوەنـــد، کەڵەکەبوونی ســـەرمایە لە کوردســـتاندا ڕوو نادات. فرانک (١٩٧٩) ئاماژەی پێ کردووە کە کەڵەکەبوونی ســـەرمایە هێـــزی پاڵنەری گەشەســـەندنی ئابووریيە. بەڵام ئەقڵانییەتـــی ناوەندی ئێران ڕێگـــری لـــە کەڵەکەبوونـــی ســـەرمایە لە ڕۆژهـــەڵات دەکات و دەســـتکەوتەکانی ئەو جۆرە پیشەســـازییانە دەنێردرێـــت بۆ ناوەند. قازانـــج و ســـەرمایەی زیـــادەی دەرهێنراو لە ڕۆژهـــەڵات بەشـــێوەیەکی ئاســـایی لە ناوچەکانی ناوەڕاســـتی ئێـــران، وەک تاران، ئیسفەهان، مەرکەزی و یەزد وەبەرهێنانی پێ دەکرێت. لەگەڵ تێپەڕینی کات، ســـەرچاوەی ســـەرمایەی ڕۆژهەڵات وردەوردە کەم بووەتەوە و ئابوورییەکی خاپووركراوی لـــێ کەوتووەتەوە.


بەرهەمهێنانی پەرگالی بەستراوەبوونی پێکهاتەیی لە کوردستان

دروســـتکردن و بەرهەمهێنانەوەی وێرانشاری ئابووریـــی لە ڕۆژهـــەڵات زیانـــی ئابووریی تاکەکانی کـــوردی وێران کـــردووە و بووەتە هۆی ســـەرهەڵدانی شـــێوازی جۆراجۆری چەوســـاندنەوە و ســـەرکوتی ئابووریـــی (ســـولەیمانی & محەممەدپـــوور، ٢٠٢٠ب). ئەو کاولکارییە ئابوورییـــە لە جێبەجێکردنی ئەقڵانییەتـــی کۆڵۆنیالیســـتیی ئێـــران لە ڕۆژهەڵات و تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایەی کوردســـتان بۆ ســـەپاندنی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز ســـەرچاوە دەگرێت. بەدرێژاییی ئـــەو پرۆســـەیە تاکی کورد بەرگـــەی جۆرە جیاوازەکانی ســـەرکوتی ئابووریـــی گرتووە. ڕیشەی ســـەرەکیی ئەو ســـەرکوتە ئابوورییە ئەو ســـەرکوتە مێژوویی و سیاســـییەیە کە لە ئاســـتی وڵاتـــی ئێراندا بەڕێـــوە دەچێت. ئەو کێشـــەیە زیادتـــر دیاردەیەکی دەرەکییە تـــا ناوخۆیـــی. فرانـــک (٢٠١٤) دەڵێت کە گەشەنەســـەندنی وڵاتانـــی پەراوێز و خراپیی بارودۆخی ئابووریی کێشـــەی ناوخۆیی نین، بەڵکو لـــە لایـــەن هێـــزە دەرەکییەکانەوە بەســـەر ئەو کۆمەڵگەیانەدا دەســـەپێندرێت. ئـــەوەش بـــەو مانایەیە کە گەشەســـەندنی ئابووریی پرســـێکی ناوخۆییە نەک دەرەکی. بۆیە گەشەســـەندنی ئابووریی کۆمەڵگەیەکی پەراوێزخراو تەنیا بە گەشـــەپێدانی ئابووریی، سیاسی و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی مســـۆگەر دەکرێت. لە ئاکامـــدا، هۆی دۆخی ئابووریـــی گەشەنەســـەندوو لـــە ڕۆژهەڵات، پەیوەندییـــە ئابوورییەکانـــی لەگـــەڵ ئێرانە (ئینتیسار ١٩٩٢، حەســـەنیان & و سۆهرابی ٢٠٢٢). ئاکامی ئەو پەیوەندییە چەوسێنەرانە، گۆڕینی ڕۆژهەڵات بـــۆ خاکێکی کۆڵۆنیکراو و ئابوورییەکی خاپوورکـــراوە (بڕوانە وێنەی ١).

ئـــەو دۆخە بووەتە هۆی چەوســـاندنەوەی ئابووریـــی تاکی کورد و لە ئاکامـــدا نامۆبوونی لە شوناســـی خـــۆی و واتای ژیـــان. لەگەڵ بوونی ڕۆژهـــەڵات بە "پەراوێـــزی" ئابووریی ئێـــران، وردە وردە پێکهاتـــە کوردییەکانـــی دیکەش لەنـــاو دەچن. ئەو پرۆســـەیە دەبێتە هـــۆی ســـەرهەڵدانی پێکهاتـــەی ئەوتۆ کە بـــە ناوەند بەســـتراونەوە. ئەو بەســـتراوەییە پێکهاتەییـــە ڕەگـــی لە توخمی شوناســـی ئەوتۆدان کە لەگەڵ بەشـــە ســـەرەکییەکانی شوناســـی کوردســـتاندا بەریەک دەکەون. بە تێپەڕبوونی کات، هەڵوەشـــاندنەوەی پێکهاتە

وێنەی ١

ئەو مێکانیزم و پرۆسانەی بوونە هۆی گەشەنەکردنی ڕۆژهەلات



ئابووریی، سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی کوردستان و پڕکردنەوەی جێگەیان بە پێکهاتەی دەرەکی و نامۆ، دەتوانێت شوناس و کولتوور و سیاستی کوردستان بشێوێنێت. ئامانجی ئەو گۆڕینی پێکهاتەییەی ڕۆژهەلات لە لایەن "ناوەند" (دەوڵەتی ئێران) تەنیا چەوساندنەوەی ئابووریی نییە. بەڵکو ئامانجی کۆتایی هەڵوەشاندنەوەی پەرگالی پێکهاتەیی ڕۆژهەلات و دامەزراندنی پەرگالێکی نوێی بەستراوە بە "ناوەندە" کە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت و بەڕێوە بچێت.

تالانکردنی سامانەکانی سەرمایە، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی پێکهاتەی چەوسێنەر لە کوردستان، کە لە پیشەسازییەکانی گۆڕینی چەوسێنەرەوە دەردەکەوێت. ئامانجی کۆتایی ئەقڵانییەتی هێژەموونیخوازی ئێران لە چەوساندنەوەی ئابووریی ڕۆژهەلات تەنیا بە تالانکردنی سەرچاوە سەرمایەییەکانی کۆتایی نایەت. ئەگەرچی ڕەنگبێ ئەوە ئامانجی کۆتایی بێت، بەڵام دەرەنجامەکانی ئەو کردەوە کۆڵۆنیالیستییە لە چەوساندنەوەی ئابووریی بەوڵاوە دەچێت. هاوکات لەگەڵ ئەو پێکهاتە ئابووریانە، پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی دروست دەبێت کە وابەستەی سیستەمی چەوسێنەری "ناوەند" بێت. ئەقڵانییەتی بەستنەوەی کۆڵۆنیالیستی هێندە بەرفراوان بووە کە هێندێک توێژی کۆمەڵگەی کوردی کردووە بە ئامرازی جێبەجێکردنی سیاستە چەوسێنەرەکانی "ناوەند" لە کوردستاندا. دروستکردنی تاقمی سیاسی، کولتووری و کۆمەلایەتیی "ناوەند"خواز لە ڕۆژهەلات، نوێنەرایەتیی

ڕەهەندەکانی ئەو سیاسەتانە دەکات. لێرەدا ئامانجی سەرەکی، هەڵوەشاندنەوەی شوناس و بوونی کوردە، بە تاڵانی ئابووری و سەرمایەوەک ئامرازێکی ستراتیژیک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. لەناوبردنی پەرگالی پێکهاتەییی کۆمەڵگەی کوردی، گرینگترین فاکتەری بنبڕکردنی ناسنامەی کورددییە. سیاسەتەکانی گەشەپێدان لە ئێران، بەتایبەتی بەرنامەکانی گەشەپێدانی پێنج ساڵە، بەو ئامانجە داڕێژراون. ئەو بەرنامە و سیاسەتانەی گەشەپێدان، دەرهێنان و گواستنەوەی سەرچاوەکانی سەرمایەی کوردستان (وەک کانگاکان، سامانە ژێرزەوییەکان و سەرچاوەکانی ئاو) بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران، لە هەمان کاتدا بە پشتگوێخستنی بەئانقەستی گەشەپێدانی پیشەسازی، گەشەپێدانی کشتوکاڵی، پەرەپێدانی گواستنەوە و بوارەکانی دیکە، ئەولەوییەتی پێ دەدرێت (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٠٥، ٢٠١١، ٢٠١٧).

سەرهەڵدانی بورژوازییەکی وابەستەی کوردیش لەم ڕوانگەیەوە جێگای مشتومڕە. فرانک (٢٠١٣) ئاماژەی کردووە کە بورژوازیی نەتەوەیی لە وڵاتانی پەراوێزدا بەگشتی دەبێتە ئامرازێک بۆ کاراترکردنی ئەقڵانییەتی چەوسێنەری "ناوەند". بە بۆچوونی فرانک بورژوازیی نەتەوەیی توانایی پێویست بۆ گەشەپێدانی نییە. ئەو پێی وایە بورژوازیی نەتەوەیی پشت بە پەیوەندییە چەوسێنەر-سەرمایەدارییەکان دەبەستێت و سەربەخۆ نییە. ئەگەرچی لە کوردستان ناتوانین بەوردی ناوی چینێک بە ناوی بورژوازیی نەتەوەیی بهێنین، بەڵام بەشێک لە سەرمایەدارە کوردەکان هەمان ڕۆڵیان لە پەیوەندییە ئابووری-سیاسییەکانی نێوان ئێران و کوردستاندا هەبووە (عەلی & کەریمی، ٢٠٢٣). بەشێک لە سەرمایەدارە کوردەکان کە بە چەوساندنەوەی سامانەکانی سەرمایەی کوردستان سەرمایەیان کەڵەکە کردووە، سەرمایەکەیان بردووەتە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران وەبەرهێنانیان پێ کردووە. بێجگە لەوەش هێندێک سەرمایەدار لە خزمەت ئەقڵانییەتی "ناوەند"دا بوون و بوونەتە ڕێخۆشکەری دەرهێنان، گۆڕین و تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایەی کوردستان. ڕۆڵی ئەم تاقمە لە دۆخی خراپی ئابووریی کوردستان و پێکهاتنی خاپووربوونی ئابووریدا بەرچاو بووە. ئەو تاقمە سەر بە ناوەندە و بە ئاشکرا ملکەچی بەرژەوەندییە ئابووریی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەقڵانییەتی هێژەمۆنیخوازی ناوەند لە ڕۆژهەڵاتە.

دەرەنجام

گەشەکردنی مودێرنیتە و سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئێران، کە هۆی سەرەکییەکەی دۆزینەوەی نەوت بوو، بووە هۆی گەشەی ئابووریی و گەشەکردنی زیادتر لە "ناوەند". بێجگە لەوە، ناوچەکانی وەک کوردستان کە لەگەڵ گوتاری ئەتنیکی-ئایینیی حکوومەتی ناوەندیدا نەدەگونجان، نەیانتوانی سوود لەو سامانانە وەربگرن. بێجگە لەوەش، سەرەڕای سەرچاوەی سەرمایەی زۆروزەبەند، ڕۆژهەڵات بۆ دۆزینەوەی بواری گەشەکردن تووشی چەرمەسەری بووە. حکوومەتی ناوەندیی ئێران بە ڕەچاو کردنی سیاستی جۆراوجۆری وەک پێشخستنی پیشەسازیی چەوسێنەر، تاڵانکردنی کانگاکان، تاڵانی سەرمایە و بێکاری نەک هەر ڕێگری پرۆسەی گەشەسەندنی کوردستان بووە، بەڵکو ئەوی تووشی دۆخێکی وێرانشاری

کـــردووە. ســـەرەڕای هەبوونی ســـەرچاوەی ســـەرمایەی لەبار، ڕۆژهەڵات خاوەنی بەرزترین ڕێژەی بێـــکاری لە ئێرانە. پڕۆســـەی تاڵانی ســـەرمایە و ئەو میکانیزمانەی هاتنە بەرباس، تاکـــی کوردیان لـــە تێوەگلان لـــە دەرفەتە ئابووریـیەکان بێبـــەش کردووە. بـــۆ نموونە، ئەگەرچـــی پارێـــزگای کوردســـتان خاوەنی نزیکـــەی ٨،٥٪ی ســـەرچاوە کانزاییـیەکانی ئێرانـــە، بـــەڵام پشـــکی دامەزرانـــدن لە چوارچێوەی ئەو پیشەســـازییەدا لە پارێزگای کوردســـتان لە ٠،٥٪ کەمترە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێـــران، ٢٠٢٠).

وەک بـــاس کـــرا، گوتـــاری فارســـی-شـــیعی، وەک گوتاری زاڵ کـــە پێکهاتەی خاوەن دەســـەڵاتی سیاســـی-ئابووریی ئێرانە، بەشـــێوەیەکی سیســـتەماتیک ســـامان و ســـەرمایەی بەرەو "ئاوەند" ئاراســـتە کردووە و لە هەمان کاتـــدا ناوچـــە پەراوێزەکانی وەک ڕۆژهەڵاتـــی پەراوێز خســـتووە و ڕێگریی لە توانایـیەکانیـــان بۆ کەڵەکەکردنی ســـەرمایە کـــردووە. ئـــەو دووانەیـیـــە، دژوازیـیەکی بنەڕەتـــی لەناو سیســـتەمی دەســـەڵات و وەبەرهێنانی ولاتدا پیشـــان دەدات، کە دریژە بە بەرهەمهێنانەوەی نایەکســـانیی پێکهاتەیی دەدات. ئـــەو ڕەوتە تەنیا ئابـــووری ناگرێتەوە، بەڵکو گوتـــار و کولتووریـــش لەخۆ دەگرێت. ئەو پەیوەندیـیـــە ناهاوســـەنگانە دەرەنجامی پرۆســـەیەکی مێژوویی جێگیرکـــراون. لەناو پێکهاتەیەکی لەو شـــێوەیەدا، گەشەنەکردنی ناوچەکانـــی پەراوێز شـــتێکی بەهەڵکەوت نیـیە، بەڵکو ئاکامی بەئانقەســـتی سیستەمێکە کە بـــە ئەقڵانییەتـــی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی بەڕێـــوە دەچێـــت. کۆڵۆنیالیزمـــی ناوخۆیی بـــە مانـــای چەوســـاندنەوەی سیاســـی، ئابووریـــی و کولتووریی هێندێـــک ناوچەی دیاریکراو لەلایـــەن ناوەندێکی بااڵدەســـتە، هاوشـــێوەی ئەو میکانیزمانەی کە دەسەڵاتە کۆڵۆنیالیســـتییەکانی دەرەکی، ســـامانەکانی ولاتـــە کۆڵۆنیکراوەکانیان تـــاڵان دەکرد. ئەو بـــە تاڵانبردنـــە دەرهێنانی ســـامانە مرۆیی، سروشـــتی و ئابوورییەکانـــی ڕۆژهـــەڵات و ئاراســـتەکردن و دابەشـــکردنەوەیان بۆ ناوەند دەگرێتەوە.

بێجگە لەوەش، ســـەرکوتی سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی میکانیزمگەلێکن بـــۆ دریژەدان بەو پەرگالە نایەکســـانە. بەردەوامیی زاڵبوونی گوتاری ناوەند بە ڕێکخســـتنی زمان، کولتوور، پەروەردە و میدیـــاوە دەپارێزرێت، لە کاتێکدا دەنگە ژێردەســـتەکانی ناوچەکانی پەراوێزخراو کپ دەکرێـــن. نەبوونی وەبەرهێنان، تێکچوونی ژێرخانی ئابووریی و سەپاندنی پیشەسازییەکانی دەرهێنـــان واتـــە ئـــەو پیشەســـازییانەی قازانجەکانیان لە ناوچەکەوە دەبردرێنە دەرەوە، ئەو ناهاوســـەنگییە زیادتر دەکەن. لە ئەنجامدا ئابووریی ناوەند بەهێز دەبێـــت، بەڵام پەراوێز زۆرتر لە دۆخی گەشەنەســـەندوویی بەردەوامی خۆیدا ڕۆدەچێت.

ئەقڵانییەتی ناوەند-پەراوێزی زاڵ بە ســـەر ڕۆژهەڵاتد جیـــاوازە لـــە ڕوانگەکانی فرانک (٢٠١٣) و ئەمیـــن (١٩٧٤). فرانـــک جەخت لەســـەر سروشـــتی ئابووریی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێـــز دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا وێدەچێـــت کـــە ئـــەو پەیوەندییانـــە لە ڕۆژهەڵاتدا تەنیا بـــە پەیوەندییە ئابووریـیەکان کۆتایـــی نەیەت. ئەقڵانییەتـــی ناوەند-پەراوێز لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتدا سروشـــتێکی سیاسی-ئایدیۆلۆژیکی (ئینتیســـار ٢٠٠٩)، کولتووری-زمانـــی (محەممـــەدی & کیانپـــوور ٢٠٢٣ ؛ محەممەدپـــوور ئەوانـــی دیکـــە ٢٠١٧) و،

ژینگەیی (حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢) دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کە ئابووریشن. پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز نەک تەنیا زەرەر بە پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی دەگەیەنن، بەڵکو بوونە هۆی لەناوبردنی تاکی کورد لە چەند توێی جیاوازدا. زۆرێک لە پیشەسازییە چەوسێنەرەکانی باو لە کوردستان، وەک پیشەسازیی گۆڕینی کەرەستەی خاو، پێیان باشترە هێزی کار لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە هاوردە بکەن. ئەو پیشەسازییانە کرێکاری ئەوتۆ دەخوازن کە هاوتەریبی ئامانجە چەوسێنەرەکانیان بن و، گرینمانە دەکرێت کە کرێکارە ناکوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە توانایی زۆرتریان هەبێت. سیاسەتی "بەرهەمهێنانی بێکاریی" ستراتیژییەکی دیکەیە کە "ناوەند" بۆ لەناوبردنی هاوکاتی تاکی کورد و پێکهاتەی ئابووریی کوردستان کەڵکی لێ وەردەگرێت. بێکاری تەنیا پرسێکی ئابووریی نییە، بەڵکو بەشێکی زنجیرەی بەرهەمهێنانی وێرانکەرە. ئەو سیاسەتە دۆخی ئابووریی نالەبار بۆ کورد دروست دەکات و ئەوان بۆ چەساندنەوە لە لایەن ناوەندەوە ئامادە دەکات. کرێکارانی کورد هان دەدرێن بۆ شارە مەزنەکانی وەک تاران کۆچ بکەن، لە ئاکامدا ئەو ناوچانە گەشە دەکەن، لە کاتێکدا رۆژهەڵات بە گەشەنەکردوویی دەمێنێتەوە. ئەو سیاسەتە لە خزمەت چەوساندنەوەی هێزی کاری کوردستان و دوورخستنەوەیان لە کوردستانە، کە دەبێتە هۆی پێشگرتن بەو ئاسەوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە کە دەبنە بەربەست بۆ پرۆسەی کۆڵۆنیکردن و خاپوورکردنی کوردستان.

وێدەچێ ئامانجی کۆتاییی ئەقڵانییەتی دەسەڵاتداریی "ناوەند" بە سەر کوردستاندا لە دەوری هەمان پرسدا بخولێتەوە. ئەو کوردانەی وێدەچێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیای کۆڵۆنیالیزمی حکوومەتی ناوەندیدا نەگونجێن، یان بە سیاسەتی "بەرهەمهێنانی بێکاری" لە بژیوی خۆیان لە رۆژهەڵات بێبەش دەکرێن یان وەک کۆچبەری ئابووری دەنێردرێنە ناوچەکانی ناوەندی ئێران. ئامانجی ئەو سیاسەتە ئەوەیە لە رێگەی تاکتیکی ئابوورییەوە "بابەتە ئابوورییە ناتەباکان لەگەڵ ناوەند ئاسایی بکاتەوە". هاوکات ژینگەی ئابووریی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان وێران بووە. بۆیە "ناوەند" نەتەنیا کۆنترۆڵی جوواڵانەوەی جەماوەریی کورد دەکات، بەڵکو دەستدرێژی دەکاتە سەر دۆخی ژیانی ئەوانیش. لە راستیدا "دۆخ" بووەتە ئامرازێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و هەوڵدان بۆ "مەرگی شوناسی کورد". لەو کاتەدا "دۆخی کۆڵۆنیکراو" پەرگالی پێکهاتەیی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵوەشاندووە.

ئەو کێشەیە لە جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوەدا دەردەکەوێت. بە تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایە، دامەزراندنی پیشەسازیی چەوسێنەر، بەرهەمهێنانی بێکاری و دەرکردنی هێزی کار لە کوردستان، تاکی کورد بایەخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی لێ دەسەندرێنەوە و تەنیا دەکرێنە "جەستەی زیندوو". ئەو پرسە کە لە رۆهەڵات وەک دۆخی نایاسایی لەئارادایە (محەممەدپوور، ٢٠٢٤)، بە ئەقڵانییەتی "ناوەند" و سیاسەتە کۆڵۆنیالیستی و چەوسێنەرەکانی جێبەجێ کراوە. ئەو وێرانکارییە بە تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایە، دامەزراندنی پیشەسازیی چەوسێنەر، بەرەودان بە بێکاری و ئاوارەکردنی زۆرەملێی

کرێکاران له کوردستان ڕووی داوە. بەدرێژاییی ئەم ڕۆژسەیە، دانیشتووانی کورد بایەخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان لەدەست داوە و تەنیا بوونەتە "جەستەی زیندوو".

پەراوێزەکان:

لە ئاگۆستی ۱۹۷۹، دوای شەڕ و پێکدادانی قورس لەگەڵ سوپای پاسداران، کوردان پاوەیان گرتەوە کە شارێکی نزیک سنووری عێراقە. ئەو ڕووداوە بووە هۆی دەستپێکی سوڕێکی درێژمەودای شەڕ، کێشە و دانوستان لەنێوان کوردان و هێزەکانی دەوڵەتی، کە چەند ساڵی خایاند. دوای شەڕی پاوە، ئایەتوڵڵا خومەینی حوکمی جیهادی دژی کوردان دەرکرد. فەرمانێکی وروژاندن لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە کە لەسەر ڕادیۆ بڵاو کرایەوە و بووە هۆی وروژاندنی بیروڕای گشتی دژی کوردستان. وەک کاردانەوە، هێزێکی بەرینی سەربازی، لە ناویاندا ئەرتەش، سوپای پاسداران و حیزبوڵڵای (حیزبی خودا) چەکدار، کەڵکی لێ وەرگیرا و هێرشی سەربازیی لە تەواوی شارە کوردەکان بەڕێوە چوو کە لەواندا کەڵک لە هێلیکۆپتەر، فڕۆکەی جێت، تانگ و تۆپخانە وەرگیرا. هێزەکانی کوردی بەو چەکانەی دەستیان بەسەردا گرتبوون، خۆڕاگرییان کرد. سەرکوتە درندانەکە بووە هۆی خوێنڕێژیی بەربڵاو لە شارەکانی وەکو مهاباد، سنە، نەغەدە، پاوە، مەریوان، قوروە و سەقز. دادگای شۆڕش، بە ڕێبەریی خەلخاڵی، ئیعدامی بەکۆمەڵی خێرایان بەڕێوە بردن کە زۆر جار لەو ئیعدام کردنانەدا لەجیاتی جەنگاوەران، خەڵکی ئاساییان لە دادگایی چەند خولەکیدا سزا دەدا (کوهی-کەمالی، ۲۰۰۳، ل. ۱۸۴).

۲- "ڕۆژهەلات" بە کوردی بە مانای "ڕۆژهەلاتی کوردستان" ـە. لە ویژەی سیاسیی کوردیدا، "ڕۆژهەلات" ئاماژە بە ڕۆژهەلاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران دەکات. نووسەرانی لێکۆڵینەوەی کوردی کەڵک لە هەر سێ دەستەواژەکان وەردەگرن. لەو توێژینەوەیەدا، دەستەواژەی "ڕۆژهەلات" کەڵکی لێ وەرگیراوە.

۳- کۆڵبەری ئاماژە بەو کارەیە کە تاکەکان، لاو و بەساڵداچوو دەیکەن و لەویدا کاڵاکان بە کۆڵی ئەوان لەنێوان سنووری ئێران، عێراق و تورکیە دەگوازرێتەوە؛ ئەو کرێکارانە بە کۆڵبەر ناسراون (بۆزجالی ۲۰۱۹؛ سولەیمانی & محەممەدپوور ۲۰۲۰ ئ). بەگوێرەی ئاماری تۆمار کراو لە لایەن ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی هەنگاو، لە ۲۰۲۴، لانی کەم ۳۳۹ کۆڵبەری کورد کوژران یان بریندار بوون. لەو ۳۳۹ کۆڵبەرانە، لانی کەم ۲۸۴ کەسیان (کە دەکاتە ٪۸۴ی سەرجەم قوربانییان) کوژران یان بریندار بوونیان ئاکامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سەر سنووری ئێران بووە. ئەوە ۳۹ دۆخی کوژران و ۲۴۸ بریندار دەگرێتەوە (ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی هەنگاو، ۲۰۲۵).

* https://journals.sagepub.com/doi/abs/۱۰.۱۱۷۷/۲۳۴۷۷۹۸۹۲۵۱۳۵۲۵۹۷

سەرچاوەکان:

1. Ali, Dilshad Sabri, & Kerimi, Eyyub. (2023). The political economy of class formation and class structure in the southern Kurdistan: 1991-2021. Journal of University of Raparin, 10(4), 797–811.
2. Amin, Samir. (1974). Accumulation and development: A theoretical model. Review of African Political Economy, 1(1), 9–26.
3. Bajalan, Djene Rhys. (2020). The First World War, the end of the Ottoman Empire, and the question of Kurdish statehood: A 'missed opportunity'? Ethnopo-

litics, 18(1), 13–28.

4. Blake, Kristen. (2009). The US-Soviet confrontation in Iran, 1945-1962: A case in the annals of the Cold War. University Press of America.

5. Bozcali, Fırat. (2019). Money for life: Border killings, compensation claims, and life-money conversions in Turkey Kurdish Borderland. In B. Bargu (Ed.), Turkey's necropolitical laboratory. Democracy, violence and resistance. Edinburgh University Press.

6. Ebrahimi, Muhammad Sharif. (2018). The securitisation of Kurdish national identity by the Iranian state with specific focus on the 1979 to 1989 period [PhD thesis, University of Kurdistan].

7. Entessar, Nader. (1992). Kurdish ethnonationalism. Lynne Rienner Publishers.

8. Entessar, Nader. (2009). Kurdish politics in the Middle East. Lexington Books.

9. Frank, Andre Gunder, & Gills, Barry. (1996). The world system: Five hundred years or five thousand? Routledge.

10. Frank, Andre Gunder. (1979). Unequal accumulation: Intermediate, semi-peripheral, and sub-imperialist economies. Review (Fernand Braudel Center), 2(3), 281–350.

11. Frank, Andre Gunder. (2013). The development of underdevelopment. In S. K. Sanderson (Ed.), Sociological worlds: Comparative and historical readings on society (pp. 135–141). Routledge.

12. Frankema, Ewout, & Buelens, Frans. (2013). Colonial exploitation and economic development. Routledge.

13. Ghassemlou, Abdul Rahman. (1965). Kurdistan and the Kurds. The Czechoslovak Academy of Sciences.

14. Ghassemlou, Abdul Rahman. (1980). Kurdistan in Iran. In G. Chaliand (Ed.), People without a country: The Kurds and Kurdistan (pp. 107–135). Zed Press.

15. Gunes, Cengiz. (2019). The Kurds in a New Middle East: The changing geopolitics of a regional conflict. Palgrave Mac-

millan.

16. Gunter, Michael. (2010). Historical dictionary of the Kurds. Scarecrow Press.

17. Gurses, Mehmet. (2014). From war to democracy: Transborder Kurdish conflict and democratization. In D. Romano & M. Gurses (Eds.), Conflict, democratization and

18. the Kurds in the Middle East: Turkey, Iran, Iraq and Syria (pp. 249–265). Palgrave Macmillan.

19. Hassaniyan, Allan, & Sohrabi, Mansour. (2022). Colonial management of Iranian Kurdistan; with emphasis on water resources. Journal of World-Systems Research, 28(2), 320–343.

20. Hechter, Michael. (1977). Internal colonialism: The Celtic fringe in British national development. University of California Press.

21. Hengaw Organization for Human Rights. (2025, February 12). Hengaw's statistical report: 339 Kurdish Kolbars killed or injured in Iran Borders in 2024. https://hengaw.net/en/reports-and-statistics-1/2025/01/article-3

22. Iran Meteorological Organization. (2020). Annual rainfall report of Iranian provinces. Ministry of Roads and Urban Development [in Persian].

23. Iran Plan and Budget Organization. (2005). Iran's third quinquennial development program. Presidency Islamic Republic of Iran [in Persian].

24. Iran Plan and Budget Organization. (2011). Iran's fifth quinquennial development program. Presidency Islamic Republic of Iran [in Persian].

25. Iran Plan and Budget Organization. (2017). Iran's sixth quinquennial development program. Presidency Islamic Republic of Iran [in Persian].

26. Iran Plan and Budget Organization. (2020). Iran's provincial development plan. Presidential Administration of Iran [in Persian].

27. Iran Statistics Center. (2021a). Cost and income of Iranian households. Plan and

Budget Organization [in Persian].

28. Iran Statistics Center. (2021b). The unemployment rate of people aged 15 years and older. Plan and Budget Organization [in Persian].

29. Iran Statistics Center. (2021c). Statistical yearbook of Iranian provinces. Plan and Budget Organization [in Persian].

30. Iran Statistics Center. (2021d). The economic, social and cultural status of Iran's provinces. Plan and Budget Organization [in Persian].

31. Iran Statistics Center. (2022). The situation of Iran's industrial estates. Plan and Budget Organization [in Persian].

تەرکیـــزی ئـــەم توێژینەوەیە لەســـەر شەریف باجوەرە؛ کەســـایەتییەکی پێشەنگ لـــە ژینگەپارێزیـــی کوردیـــدا و بنیاتنەری ئەنجومەنـــی "ســـەوزی چیـــا"ی زێدەکەی واتـــە مەریوان لـــە رۆژهەڵاتی کوردســـتان. کۆچـــی دوایی ناوبـــراو لە هاوینی ســـاڵی ٢٠١٨ی زایینی لەگەڵ ئومێد کۆنەپۆشـــی و دوو چالاکـــی ژینگەی دیکـــە –کە خەریکی کۆژاندنـــەوەی ئاگر بـــوون- لەلایەن زۆرێک لە کـــورد بە گومانێکـــی قوڵەوە ســـەیر دەکرێ و کۆمەڵێـــک دەڵێـــن ئوپەراســـیۆنی نهێنیی کۆمـــاری ئیسلامی بـــووە. ژیانـــی باجوەر، لەگەڵ بازنەیەکـــی بـــەربڵاوی ئەدەبیات و رێورەســـمی رێزلێنان کە پاش کۆچی دواییی ناوبـــراو هاتنە ئاراوە، بنەمـــای ئەزموونیی ئەم توێژینەوەیە پێک دێنن. ئەم ســـەرچاوەگەلە پێشـــان دەدەن کە ناســـیۆنالیزمی رۆژانە لەم بەستێنەدا چۆن بەشـــێوەیەکی قوڵ لەگەڵ بەرخۆدانـــی ژینگەپارێزانـــە گـــرێ دراوە و لەرێگەی کۆکردنـــەوەی بەردەوامی خەڵکەوە دێتـــە دی. جێگەوپێگەی ســـەمبۆلێکی باجـــوەر وەک "شـــەهیدێکی" ژینگـــە، دەورێکی ســـەرەکی لـــەم بەردەوامبوونەدا دەگێـــرێ و رۆچنەیەکـــی رەخنەگرانە بۆ تاوتوێکـــردن و کۆڵینـــەوەی ئـــەم بابەتە دەکاتـــەوە کـــە چالاکبوون چـــۆن لەم بەســـتێنانەدا کە دەوڵـــەت و حکوومەتیان نییە، ناســـێنەی نەتەوەیـــی پێک دێنێ؟ رێبازی سیاســـیی ناوبراو لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتنی ژینگە و ناســـیۆنالیزمی کوردی ئاشـــکرا دەکات و ڕوونـــی دەکاتەوە کە "ناســـیۆنالیزمی ژینگەیی کـــورد" تەنیا لەســـەر پاراســـتنی ژینگە نییـــە، بەڵکوو گـــرێ دراوە بـــە بـــەرخـــۆدانـــێکی بەربـــڵاوتر بـــۆ دیاریکردنی چارەنـــووس و بەرخۆدان بەرانبەر بە دەســـەڵاتی کۆلۆنیالیســـتییانە.

چەمکـــی "ئیکۆناســـیۆنالیزم"، وەک لە توێژینەوەی داوســـۆندا (١٩٩٦) شرۆڤە کراوە، چالاکیـــی ژینگەیـــی لەگەڵ پاراســـتن و بەهێزکردنی ناســـێنەی نەتەوەیی گرێ دەدات؛ ئەمەش لـــە رێگەی کۆکردنـــەوەی کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانـــەوە و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ژینگـــە کە کاریگـــەری دەخەنە ســـەر دیمەنە سروشـــتییەکانیان. ئەم چەمکە لەسەر ئـــەو گریمانەیە دانراوە کە کەڵکەڵە و کێشـــە ژینگەییـــەکان پەیوەندیـــی چڕوپڕیان لەگەڵ دەســـەڵاتی نەتەوەیی، کەلەپووری کولتووری و ئاسایشـــی کۆمەڵگە هەیە و ڕوونـــی دەکاتەوە کە پاراســـتنی ژینگـــە بـــۆ بەردەوامبوون و مانـــەوەی ناســـێنەی نەتەوەیی پێویســـت و یەکلاکەرەوەیە (داوســـۆن، ١٩٩٦).

لـــە حاڵێکـــدا کـــە ئیکۆناســـیۆنالیزم تایبەتمەندیی هاوبەشـــی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی ناســـیۆنالیزم هەیە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندیـــی جیاوازی هەیـــە کە بەهۆی بەســـتێنە ناوچەییەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە. ئامانجـــی ســـەرەکیی ئـــەم توێژینەوەیە پێشـــاندانی ئەوەیە کە چلۆن لە بەســـتێنی کـــوردی رۆژهەڵاتـــدا، ئیکۆناســـیۆنالیزم لەگەڵ پاراســـتنی ژینگە و ناســـیۆنالیزمی رۆژانـــەی کۆمەڵگەی بێدەوڵـــەت لە هەموو بەشـــەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەماهەنگیی هەیە و یـــەک دەگرنەوە.

وەک ئامـــاژەی پێ کرا، بـــۆ تۆژینەوەی ئێکۆناســـیۆنالیزمی ڕۆژهەلاتی کوردســـتان، ئـــەم تۆژینەوەیـــە لەگـــەڵ گێڕانەوەکانی خەڵک و ڕاســـتییەکانی ژیانـــی چالاکانی ژینگەی کـــورد دەکەوێتە مشـــتومڕ و پاش تەرکیزکـــردن لەســـەر شـــەریف باجوەر، بەرەنـــگاری ئـــەو گێڕانەوەگەلـــە دەبێتەوە کـــە تەرکیزیان لەســـەر دەوڵەتـــە و هەوڵ بۆ هاوشـــێوەکردن لە ئەدەبیاتی ئێســـتای ئەو بابەتـــە زاڵـــە دەکەن. پـــاش هێنانی دەســـتەواژە خۆمالّییەکان، هێمـــا و نەریتە کولتوورییـــەکان، ئـــەم تۆژینەوەیـــە ئەو



١. وێنە: شەریف باجوەر لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگردا (ئەنجومەنی سەوزی چیا)
٢. پۆستەر: لەسەر ڕێبازی تۆ دەچین، پتەوتر و بەهێزتر لە ڕابردوو (ئەنجومەنی سەوزی چیا)

چوارچێـــوە مەعریفەناســـانەگەلە کە زیاتر بەرخۆدانـــی ژینگەیـــی و ناسیۆنالیســـتیی کوردی پەراوێز دەخەن یان بە ناسیاســـییان دەناســـێنن، بەشـــێوەی ڕەخنەگرانە تاوتوێ دەکات. لەگـــەڵ ئەمـــەش، پەیوەنـــدی و کارلێکی بەردەوامی نێوان پاراســـتنی ژینگە و ناســـێنەی نەتەوەیی زەق دەکاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە کـــە چلۆن نەتـــەوەی بێدەوڵەتی کورد، لـــە کەڵکەڵە و گرفتـــە ژینگەییەکان وەک بەشـــێک لە بزووتنـــەوەی بەرخۆدانی بەربڵاوتر، کەڵـــک وەردەگرێ.

ئەدەبیاتـــی بەردەســـت ســـەربارەت بـــە نادادپەروەریـــی ژینگەیـــی، ئامرازێکی گرنگـــی بـــۆ شـــیکردنەوەی چلۆنایەتیی خەســـارە پێکهاتەییـــەکان لەســـەر کۆمەڵگـــە پەراوێزخـــراوەکان، بەتایبـــەت کۆمەڵگـــە کەمداهاتـــەکان و "کۆمەڵگـــە ڕەنگینپێســـتەکان" لـــە ڕۆژئـــاوا، ســـاز کردووە. تۆژینـــەوەکان دەریان خســـتووە کە دانانـــی نایەکســـانیی دەزگا و دامەزراوە پیشەســـازییەکان و شـــوێنی دانانـــی زبڵە مەترســـیدارەکان، ئـــەم کۆمەڵگەگەلە زیاتر

تووشـــی مەترســـیی ژینگەیـــی دەکاتەوە (کۆل؛ بـــوولارد، ۲۰۰۵؛ فاســـتەر، ۲۰۰۱؛ پولیـــدۆ، ۲۰۰۰ و بولکیلـــی، ۲۰۰۶). ئەم تۆڕینەوەگەلە هەروەها پەرژاونەتە ســـەر ئەو بەربەستە سیســـتەماتیکانەی بەردەستبوونی ســـەرچاوە پێویســـتەکان بۆ تەندروستی و ئاســـایش ســـنووردار دەکەنەوە و هەربۆیە کەلێن و جیاوازییە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان قوولْتـــر و بەربلاوتـــر دەکەنـــەوە (پولیدۆ، ۲۰۱۶). ســـەرەڕای ئەمـــەش، بابەتەکانـــی ســـەر دادپەروەیـــی ژینگەیـــی بـــەرەو باشـــووری جیهانیش (گلۆبال ساوث) پەلیان کێشـــاوە و پێشـــان دەدەن کە چلۆن ڕوانگە ناوچەییـــەکان لە چوارچێوەی دیسکۆرســـی بەربلاوتـــری دادپەروەریـــی ژینگەییدا پێک دێن (شلۆســـبێرگ، ۲۰۰۷).

لەحاڵێکـــدا کـــە ئـــەم تۆڕینەوەیـــە دەپەرژێتە ســـەر تاوتوێکردنی ڕەگەزپەرەستی لـــە سیاســـەتە دەوڵەتییەکانـــی ژینگە و کاریگەرییـــە نالەبارەکانیان لەســـەر کۆمەڵگە پەراوێزخـــراوەکان لـــە ئاســـتی جیهانیدا، بەشـــێکی زۆری تۆڕینەوە بەردەســـتەکان لەســـەر دادپەروەریی ژینگەیی گێرانەوەکانی خۆیـــان بەشـــێوەی گشـــتی دەردەبڕن و بەرخۆدانە ناوچەییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ بزووتنـــەوە نەتەوەیی و ناســـێنە-تەوەرەکان پشـــتگوێ دەخـــەن. لەســـەر ڕۆژهەلاتی کوردســـتان، تۆڕینەوەکانـــی دادپەروەریی ژینگەیی زیاتـــر ئاڕ لەســـەر تایبەتمەندییە تایبەتەکانـــی هۆشـــیاریی ژینگەیـــی کورد نادەنەوە و بزووتنـــەوە بەکۆمەڵەکانی کورد لە چوارچێوەی بەربلاوتـــری "چالاکیی ژینگەیی ئێرانی" دێننـــە هەژمـــار. بەرهەمەکانی ئەم دواییانـــە وەک بەرهەمەکانـــی خەنیکـــی، خەنیکـــی و ئەلغەفـــری (۲۰۲۲، ۲۰۲۴) و خەنیکی و هاوکارانـــی (۲۰۲۳)، نموونەیەک لە کەلێنە مەعریفەناســـانە و شێوازناســـانە گرنگـــەکان دەخەنە ڕوو.

ئـــەم تۆڕینەوەگەلـــە ئاوڕ لـــە بابەتی ئینتەرسێکشـــیۆنالیتی [پێکەوەگرێـــدراوی ناســـێنەکان] نادەنەوە، لەگەڵ گێرانەوەکانی دەوڵەت-نەتەوە بەرەنگاربوونەوەی ڕەخنەگرانە ناکـــەن و بەشـــێوەی ناڕەخنەگرانـــە ئـــەو مێژوونووســـییانە بەرهەم دێننەوە کە لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشـــتییان لێ دەکرێ. سەرەڕای بەردەســـتبوونی تۆڕینـــەوەی ڕەخنەگرانەی وەک (ئەســـغەرزادە، ۲۰۰۷؛ مەحەمەدپـــوور و ســـولەیمانی، ۲۰۲۴؛ ســـولەیمانی، ۲۰۱۶، ۲۰۲۴؛ ســـولەیمانی و مەحەمەدپوور، ۲۰۱۹؛ سولەیمانی و عوســـمانزادە، ۲۰۲۲؛ وەزیری، ۱۹۹۳). ئەم تۆڕینەوەگەلانەی [کە پێشـــتر ئاماژەیـــان پـــێ کـــرا] هێشـــتا چەمکی "ناســـێنەی تاقانـــەی ئێرانی" بە شـــێوازی ئێرانشـــاری و فارســـیگەرایانە دەهێڵنـــەوە. بۆ نموونـــە خەنیکی و ئەلغەفـــری (۲۰۲۲، ۲۰۲۴:۱) دەڵێـــن: "لە کۆمەڵگـــەی ئێرانی ســـەردەمی جووتیاریدا و لەو شـــوێنەدا کە کشـــتوکاڵی ئاوی بـــەردەوام ســـەرچاوەی ســـەرەکیی داهات بـــووە، ئـــاو فاکتەرێکی هەســـتیاری وەبەرهێنانـــە کە بـــەردەوام بە دەوری تـــەوەری بابەتـــی دادپەروەریدا دەســـووڕێتەوە." ئەم چوارچێوەیە، پێکهاتەی مۆدێرنـــی ئێـــران وەک درێـــژەی بێوچان لـــە حکوومەتەکانی پێش ئیـــسلام و پاش ئیـــسلام دەخاتە ڕوو.

لەحاڵێکـــدا کـــە ئـــەم تۆڕینەوەگەلە زیاتـــر ئـــەو گێرانەوەگەلـــە پشتڕاســـت دەکەنـــەوە کـــە دەوڵـــەت پاڵپشـــتییان لـــێ دەکات، مێژوونووســـیی لایەنگرانەی ئێرانییەکانـــی وەک یێرۆنـــد ئابراهامیان،

وێنەیەکی رێکوپێکتر لە دیمەنی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران ئاراستە دەکەن. ناوبراو لەسەر حکوومەتی قاجار لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەنووسێت: "ئاپۆرە لە کۆمەڵگە چکۆلەکاندا بەرانبەر لەگەڵ پێکهاتەکان، زنجیرەکانی پلەوپایە، زمان و زاراوە تایبەتەکانی خۆی دەژیا و زۆرینەی ئەو خەڵکانە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئابووریی بێئاتاجیی (خۆدابینکەری) خۆیان هەبوو" (ئابراهامیان، ۲۰۰۸:۲۱).

لە بەرانبەر ئەو بەرهەمگەلەی ئاماژەیان پێ درا، تۆڕینەوەی ڕەنجبەر (۲۰۱۳) بەهایەکی بەنرخ بە ئینتەرسێکشۆنالیتی دەدات و لە شێوازناسییە فێمێنیستییەکان کەڵک وەردەگرێ. بەم حاڵەشەوە، تۆڕینەوەی ناوبراو لە قەیرانە ژینگە و سیاسییەکانی دەڤەری گۆلی ورمێ بەتەواوی ڕۆڵی کورد وەک ئەکتەری ناوەندی پشتگوێ دەخا، کە ئەمەش ڕەنگە گێڕانەوەکانی ناوبراو بباتەوە سەر ئاراستەی گێڕانەوەکانی دەوڵەت، واتە ئەو گێڕانەوەگەلەی بەشێوەی مێژوویی ڕوانگەی کوردیان پەراوێز خستووە. بە شێوەی بەربڵاوتر، تۆڕەرانی وەک ڕەنجبەر، زیاتر چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران بۆ نەتەوە نافارسەکان وەک "کەمینەی ئەتنیکی" قبووڵ دەکەن (۲۰۱۵:۲۰۲۳-۲۰۱۷)، دەستەواژەیەک کە پێویستی بە ڕەخنەگریی ورد هەیە.

تۆڕینەوەی من ئەم جۆرە مۆرکگەلە وەک پرسێکی سیاسی سەیر دەکات کە گێڕانەوەکانی کەمینەسازی و بندەستکردن بەهێز دەکەنەوە (سەبارەت بە کەمینەکردن، بڕوانە ئانفێنگ، ۲۰۰۹؛ مەحەمەدپوور و سولەیمانی، ۲۰۲۱؛ پارک، ۲۰۲۱؛ وینگرۆڤ-هاوگلاند و مەکلیۆد، ۲۰۲۱). بۆ نموونە، ئاماژە بە خەڵکی تورک و تورک‌زمان لە جوگرافیای ئێراندا وەک "ئازەرییەکانی ئێران" پێشاندەری ئەو گریمانە مەعریفەناسانەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەر هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ ئاسیمیلەکردنی جۆراوجۆرێتییە کولتووری و زمانییەکان. تورکەکانی خاوەنی هۆشیاریی سیاسیی زیاتر، ناسێنەی خۆیان وەک تورک دەناسێنن و گرێدرانی خۆیان بە زمانی نەتورکی ئازەری کە تا ڕادەیەکی زۆر لەناو چووە، ڕەت دەکەنەوە؛ ئەم تێکەڵکردنە مێژوونییە لەلایەن ڕۆشنبیرە ئاریگەرا و ئاسیمیلەکەرەکانی وەک کەسرەوی [بەئەنقەست] کراوە (۱۹۹۴).

ئەگەرچی بەرهەمی لێکۆڵینەوەی ڕەنجبەر زۆر گرنگە، سنووردارییەکی دەستەواژەیی و چەمکگەلی ناوبراو دەبێ وەکوو هەڵگری مەترسیی شاردنەوەی بکەری و خۆپێناسەکاری ئەم گرووپانە چاویان لێ بکرێت. ئەمەش بەنۆبەی خۆی دەتوانێ گێڕانەوەی دەستەڵات بەرهەم بێنێتەوە و ئەو گێڕانەوەگەلە بسرێتەوە کە لەسەر نایەکسانیی جۆراوجۆریی کولتووری و زمانی لەگەڵ دەوڵەتی زاڵ لە کێشە و خەباتدان. بە پەرژانە سەر ئەم ئاڵۆزییانە، تۆڕینەوەکانی داهاتوو دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتنێکی گشتگیرتر و وردبینانەتر لە بەرخۆدانە ژینگەیی و سیاسییەکان لەو جوگرافیایەدا. بەپێچەوانەی ئەو تتوێژینەوەگەلەی لەگەڵ گێڕانەوەی دەوڵەتییانە یان ئاناکرۆنیک (دەروە-

مێژوویی) گونجاون، کە شرۆڤەی نامێژوویی لە ڕابردوو ئاراستە دەکەن، ئەم تۆڕینەوەیە بەردەواميیە مێژوویی و کۆمەڵایەتی-سیاسییە پشتگوێخراوەکانی بەستێنی نەفارسی وەکوو کوردستان زەق دەکاتەوە و جەختی لەسەر پەیوەندیی نێوان دادپەروەریی ژینگەیی و ناسیۆنالیزمی کوردە. ئەگەرچی تۆڕینەوەی زۆر و بەرچاو سیاستە ژینگەییەکانی کوردییان تاوتوێ کردووە –کە زۆرینەیان تەرکیزیان لەسەر ناوچەگەلێکی تایبەت لە کوردستان یان پارتە سیاسییە دیارەکانە (ئەکلوند؛ بیلگەن، ۲۰۲۰؛ لانگ؛ ۲۰۱۸؛ هۆمێس و هاوکارانی، ۲۰۱۶؛ ڕیزی؛ هانت، ۲۰۲۱؛ مۆلینگا، ۲۰۲۴)- ئەم تۆڕینەوە ئاراستەی ڕوانگەی خۆی بەرەو ژینگەخوازیی ڕۆژانەی کوردی و گێڕانەوە بەربڵاوەکان کە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر ئەو گێڕانەوەگەلە خۆی پێناسە دەکات، دەگۆڕێت.

ڕێڕەوی ژیانی تاکەکەسیی منیش – کە لە گوندێکی کوردییەوە کە هیچ گەورەسااڵێک لەو سەردەمەدا قوتابخانەی مامناوەندییشی تەواو نەکردبوو تا وەرگرتنی پلەی دکتۆرا لە زانکۆیەکی ئای.قی لیگ[1] - ئاراستەی ئەم تۆڕینەوەیە دیاری دەکات، تۆڕینەوەیەک کە دەگەڕێتەوە بۆخۆتێگەیشتنی سیاسی و بەخۆداچوونەوە لە خۆی بەکۆمەڵی [خۆم]. یەک لە جەمسەرە زەقەکانی ژیانی سیاسیی کورد، ڕەتکرانەوەی چوارچێوەی یاسایی کۆماری ئیسلامییە لە لایەن کوردەوە وەکوو هەڵوێستێکی بەکۆمەڵ. سەرەڕای نەخوێندەواریی بەربڵاو لە سەردەمی منداڵیی منـدا و زاڵ و بەردەوامبوونی هەلومەرجی ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، کۆمەڵگەی کوردی دیمەنی جیاواز و ئەڵتەرناتیڤی لە ژیانی سیاسی ئاراستە دەکرد. ئەم بابەتە تەواو پێچەوانەی گرووپە مارکسیست-لێنینیستە فارسەکانی وەک حیزبی تووده بوو کە پاڵپشتییان لە یاساگەلێک دەکرد کە لە ناوەڕۆکیدا بەردبارانکردنی ژنانی وەک مژارێکی یاسایی پەسند دەکرد (ماددەی ۶۱ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران). لەبەرانبەردا، زۆرێک لە زانا ئایینییە مسوڵمانەکانی کورد نەیاری یاسای لەم چەشنە بوون و لەگەڵ بزووتنەوە چەپ و سێکوالارەکانی [کورد] کەوتن، کە خۆی بڕوای سیاسیی دووجەمسەریی ڕژد لەنێوان ئاییـن و سێکوالاریزم [لە کوردستاندا] سست دەکات. لەم بوارەدا، تۆڕینەوەی ئێکۆژینگەیی و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلێنبەندیی جێی مشتومڕ وەک "ئەتنیک"، "کەمینە" و "ئایین" هەیە کە واتاکانیان لە درێژەی گۆڕەپانە سیاسییەکاندا دەگۆڕدرێ و دووبارە پێناسە دەکرێنەوە. هەربۆیە سیاستە ژینگەییە کوردییەکان، دەکەونە بازنەیەکی بەربڵاوتر لە وەسفکردنی ئەزموونی و پێویستیان بە مشتومڕی ڕەخنەگرانە لەگەڵ بابەتی وەک پەراوێزنشینی، دەسەڵاتی جێی مشتومڕ و گێڕانەوە بگۆڕەکان هەیە.

بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەوەی کە ئەم دایناميکانە چۆن لە دیسکۆرسی ڕۆژانەی ژینگەیی و سیاسیدا دێنە ئاراوە، ئەم تۆڕینەوەیە لە شێوازناسییەکی ئیتنۆگرافی فرەلایەنە کەڵک وەردەگرێ.

ئـــەم توێژینەوەیـــە پشـــتی بەســـتووە بە وتووێژی قـــوڵ و شـــیکردنەوەی بەربڵاوی بەرهەمە کولتوورییـــەکان –وەک ڕاگەیاندراو، شـــیعر و هۆنراوەکان، دروشـــمەکان و میدیا گرافیکییـــەکان- تـــا ڕوونی بکاتـــەوە کە چلـــۆن ئێکۆناســـیۆنالیزمی کـــوردی نەک تەنیا وەک کاردانـــەوە بەرانبەر بە لەناوبردنی ژینگە، بەڵکوو وەک شـــێوازێک لە پاراستنی کولتووری و ئامرازی سیاســـی سەرهەڵدەدا و دەردەکەوێـــت. بە بەکارهێنانی ئاســـۆیەکی ئیتنۆگرافی ، ئـــەم توێژینەوەیە ئەزموونەکانی چـــالاکان، بەتایبـــەت باجـــوەری هەرمان، دەخاتـــە نێـــو چوارچێـــوەی کاریگەرییە ئێکۆلۆژیک-کۆلۆنیالیستییەکانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی لەســـەر دیمـــەن و کۆمەڵگەکانی کوردســـتان. وێـــڕای ئـــەو وتووێژانەی لە ڕێگـــەی واتس ئـــەپ، زووم و ســـکایپەوە جێبەجێ کـــراون، توێژینـــەوە کۆمەڵێکی فرەجۆر لە دەقـــە ئیتنۆگرافیک ٨٠- ڤیدیۆ، ٥٠ ڕاگەیێنـــدراوی گشـــتی، ٥٠ هۆنراوە و کۆمەڵێکی زۆر دروشـــم- کە لـــە ڕێکخراوە کوردییـــەکان و پلاتفۆرمـــە دیجیتاڵـــەکان وەک تێلێگرام و یووتیووب کـــۆ کراونەتەوە، تاوتوێ دەکات (ســـەیری خشـــتەی ژمارە ٢ بکـــەن). بە لەبەرچاوگرتنـــی چوارچێوەی دۆرۆتی ســـمیت (٢٠٠٦)، ئەم داتاگەلە وەک خەزێنەیەک لـــە ئەزموونی ژیان و بیرەوەریی بەکۆمـــەڵ ســـەیر دەکرێن کـــە کۆمەڵێک ڕوانگە لەســـەر ڕەهەندە ســـەمبولیکەکانی بەرخۆدانی کـــوردی دەخەنە ڕوو.

وتووێژەکان ٢٠ بەشـــداربووی نەناسێنراو (وەکـــو بەشـــداربووانی ژمـــارەی ١ تا ٢٠) دەگرنـــەوە کـــە زۆرینەیـــان گێڕانەوەکانی خۆیـــان لـــە لەناوبردنـــی ژینگەیـــان بە بەردەوامبوونـــی نەتەوەییەوە گـــرێ دەدەن. خاڵی ســـەرنجڕاکێش ئەوەیە کە زۆرێک لەم بەشـــداربووانە لە دەســـتەواژە خۆمالّییەکان، ســـەمبولەکان و ئامـــاژە و گەڕاندنـــەوە کولتووریـــەکان کەڵکیـــان وەردەگرت بەبێ ئـــەوەی ئاماژە بـــە چەمکـــی ئاکادمیکی "ئێکۆناســـیۆنالیزم" بکەن. ئەگەرچی لەگەڵ ئەو دەســـتەواژەیە ئاشـــنا نەبـــوون، بەڵام ڕوانگە ئێکۆناسیۆنالیســـتییەکانیان لە ڕێگەی ئەکـــت و گێڕانـــەوە ڕۆژانەکانـــەوە دەردەبڕی و هـــەر ئەمـــەش یارمەتیـــدەری پێکهاتنی چوارچێـــوەی هزریی توێژینەوەکە لەســـەر پەیوەندیی نێوان ناســـیۆنالیزم و ژینگەناسی بـــوو. کۆچی دوایی باجوەر کـــە دەگەڕێتەوە بۆ شـــەش ســـاڵ پێش جێبەجێکردنی ئەم توێژینـــەوە، بە ڕیزێکی ئوستووڕەناســـییەوە ئاماـــاژەی پێ دەکـــرا. بۆیە بـــۆ دابەزاندنی ئەگەری بەلاڕێداچـــوون، توێژینەوە پرۆتۆکۆلە تونـدەکانـــی تاقیکردنـــەوەی دروســـتبوونی زانیارییەکانی بەکارهێنـــاوە؛ بەتایبەت تەنیا ئـــەو گێڕانەوەگەلە کەڵکیان لـــێ وەرگیراوە کـــە لانیکـــەم بەشـــداربوویەکی دیکەش پشتڕاســـتی کردوونەتەوە. ئەم ڕوانگە فرەئاست و تونـــدە لە بـــاری شێوازناســـییەوە، ڕێگەی تێگەیشـــتنی وردبینانەتر لـــە چلۆنایەتیی دەربڕین، بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی هەســـتە ئێکۆناسیۆنالیســـتییەکان لـــە چوارچێوەی چالاکیی هاوچەرخـــی کوردی خۆش دەکات.

بەشـــی یەکەمـــی [لێکۆڵینەوەکـــە] دەپەرژێتە ســـەر چەمکی ناســـیۆنالیزمی ڕۆژانـــە لە ڕۆژهـــەلات و گرێدرانی لەگەڵ بەرخۆدانـــە ژینگەییـــەکان –داینامیکێک کە کەمتـــر توێژینەوەی لەســـەر کراوە و لە بەســـتێنی بێدەوڵەتی و نادیموکراتیکی [زاڵ بەسەر] کوردســـتاندا دەخولقێ، ئەو جێگەیـــەی زیاتـــر گریمانـــە ئاوایە کە

هەستە ناسیۆنالیستییەکان بەشێوازێک دەردەکەون کە بیلیگ (١٩٩٥) وەک "ناسیۆنالیزمی تۆخ" ئاماژەی پێ دەدات. بەشی دووەم چاوخشاندنێکە لەسەر سیاسەتە ژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، بە تەرکیز لەسەر ئەو بابەتەی کۆمەڵگەی کوردستان چۆن ئەم سیاسەتگەلە وەک تێکدەر و ڕووخێنەری ژینگە و وەک کۆلۆنیالیزمی سیاسی سەیر دەکات. بەشی سێیەم دەچێتە سەر ژیاننامەی سیاسیی باجەور و ئەو بابەتە تاوتوێ دەکات کە چلۆن خەبات و چالاکیی ژینگەیی ناوبراو، ئاسۆیەکی ئاشکرای کوردیی لە ئێکۆناسیۆنالیزم خستووەتە ڕوو. هەوڵەکانی ناوبراو چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە دێننە ئاراوە کە چۆن کەڵکەڵە ژینگەییەکان بە مانەوەی کولتووری و بەرخۆدانی سیاسییەوە گرێ دەدرێن.

ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە و ئێکۆناسیۆنالیزم لە کوردستان

ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی گشتگیرە کە جیهانی نوێی گۆڕیوە بۆ کۆمەڵەیەک لە دەوڵەت-نەتەوەکان، هۆگرایەتی بەرانبەر بە نەتەوەی پەرە پێ داوە و ناسێنە وەک "پێکهاتەیەکی سروشتی" ئاراستە دەکات (بیلیگ، ١٩٩٥:١٦). بەڵام بەم حاڵەشەوە، تا چەند دەیەی پێش ئێستا تۆژینەوە ئاکادمیکەکان زیاتر تەرکیزیان لەسەر ناسیۆنالیزم لە بەستێنەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا هەبووە و دەرکەوتنە ئاساییەکانی ئەم دیاردەیەیان لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا و نەتەوە بێدەوڵەتەکانی وەک کورد پشتگوێ خستووە. کاری سەرەکیی مایکێل بیلیگ ئەم کەلێنە دێنێتە بەر باس و گشتگیربوونی ناسیۆنالیزمی ڕۆژانەی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا ئاشکرا کردووە. ئەم ڕوانگەیە گۆڕانکارییەکی ڕەخنەگرانەی گرنگی هان داوە؛ گۆڕانکارییەک کە لە دەستەواژە و چوارچێوەکان لەسەر تەوەری دەوڵەت دوور کەوتووەتەوە و گریمانە حەشاردراوەکانی نێو دەستەواژەی وەک "نەتەوە" و "کۆمەڵگە"ی داوەتە بەر پرسیار- ئەو دەستەواژەگەلەی زۆر لەمێژە بوونەتە هۆی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی شێوازناسانە و دەروونگەرا (بیلیگ، ١٩٩٥؛ چرنیلۆ، ٢٠٠٦؛ محەمەدپوور و سلێمانی، ٢٠١٩؛ سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠٢٠؛ سلێمانی و شوجاعی، ٢٠٢٥).

بیلیگ ڕوونی دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم وەک لێنزێکی پارادایمی دەجوولێتەوە کە لەو ڕێگەیەوە لە ناسێنە تێدەگەین و ناسێنە دەگێڕینەوە و، هۆشیارییەکی تایبەتی لەخۆیدا حەشار داوە کە خەیاڵی جیهانێکی دەرەوەی بازنەی دەوڵەت-نەتەوەکان تێیدا تووش و ئەستەمە (بیلیگ، ١٩٩٥؛ سلێمانی، ٢٠١٦a, ٢٠١٦ b). دیسکۆرسی ناسیۆنالیستییانەی کردەوەکان، لەخۆتێگەیشتنەکان و ئاکارەکانی ڕۆژانەی ئێمە -زۆرینەیان بەشێوەی ناهۆشیارانە- لە ڕێگەی ئامادەبوونی ورد بەڵام گشتگیری خۆیەوە پێک دەهێنێ. ناسیۆنالیزم وەک هێزێکی نهێنی، هەم جیهانی دێتە بەر چاو و هەمیش دەگەڕێتەوە بۆ بەستێنە تایبەتە خۆماڵییەکان. ڕوانگەی بیلیگ لەسەر

ناسیۆنالیزم وەک پارادایمێک لەگەڵ ڕوانگەی گیڵنێر (١٩٨٣) کە ناسیۆنالیزم گرێ دەدات بە گۆڕانکارییە تەکنۆلۆجیک و پیشەسازییەکانەوە، یەک ناگرنەوە و دژی یەکن. بەشێوەی لێکچوو، ئێتیان بالیبار و والرشتاین (١٩٩١:٩٤) دەری دەخەن کە چۆن ناسیۆنالیزم، تاکەکان ناچار دەکات تا سنووری دەرەکییەکانی [نەتەوە] دەرونی بکەنەوە، لەحاڵێکدا گیدێنز (١٩٨٥:١٢٠) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم چۆن هەوڵەکان لە چوارچێوەی زەوینیی نەگۆڕدا سنووردار دەکاتەوە. هەربۆیە، ئەگەرچی دەوڵەت-نەتەوە، پێکهاتەیەکی تا ڕادەیەک مێژوویی و نوێیە، بەاڵم وەک شێوازی نۆڕمی ڕێکخستنی سیاسی بووە بە شتێکی سروشتی (ئەندێرسۆن، ١٩٩١؛ گیدێنز، ١٩٨٧:١٦٦).

لەبەرانبەر توێژینەوەکانی ڕابردووda کە زیاتر تەرکیزیان خستووەتە سەر دەوری تاقمی ئێلیت، توێژینەوە نوێکان لەسەر ناسیۆنالیزم جەختیان لەسەر دەرکەوتنی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزم لە کردەوە گشتییەکاندایە (ئێدێنسۆر، ٢٠٢٠:٨٤-٩٩). توێژینەوەی ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە هەوڵی تێگەیشتنی باشتر لە ئامرازە باوەکانی ناسێنەی نەتەوەیی دەدات و هەروەها تاوتوێکردنی ئەوەی چۆن تاکەکان خۆیان لە "غەیر" جودا دەکەنەوە و پرسە جێ مشتومڕەکان کە لەسەر گەڕاندنەوەیان بۆ تاک کاریگەرە، چۆن دەردەبڕدرێن. توێژینەوەی ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە یارمەتیمان دەدات تا تێگەیشتن و ڕوانگەیەک لەسەر شێوازی دەربڕینی ناسیۆنالیزم لە ژیانی ڕۆژانە و چلۆنایەتیی سازکردنی گێڕانەوەکان لەسەر نەتەوە بەدەست بێنین. بەاڵم بەم حاڵەشەوە، هەندێ لە توێژەران دژی ئەوەن کە ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە وەک ئاسایی و بابەتێکی کۆن سەیر بکرێت (مەریمان و جۆنز، ٢٠٠٩:١٦٦). هەر بەم بۆنەیەوە، ئەم توێژینەوەیە لەم بوارەدا جەخت لەسەر تێگەیشتنی دیاردە لە ڕوانگەی فرەڕەهەندییەوە دەکات-بینینی ئەوەی چۆن پۆلێنبەندییە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان جێبەجێ دەکرێن، چلۆن هۆشیاریی بەکۆمەڵ دەردەبڕدرێت، هەروەها دەرخستنی دەستەواژە تایبەتەکان کە بۆ دەربڕینی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ و پلانە هزرییە پەیوەندیدارەکانی ئەم پرۆسەگەلە (بروبەکر و هاوکارانی، ٢٠٠٦:٩). ئەم ڕەهەند و لایەنانە لە دیسکۆرس و کردەوەی گشتیدا دیار و ئاشکران. یەک لە ڕێگەکانی تاوتوێکردنی ئەم شێوازە لە ناسیۆنالیزم، شیکردنەوەی وتە و بیرۆڕای تاکەکانە لەسەر نەتەوەکەیان، چونکە ئەم کارە ڕوونی دەکاتەوە کە چلۆن نەتەوەیەک تێگەیشتن و فامی بۆ دەکرێت (میلێر-ئیدریس، ٢٠٠٨:٥٤٠؛ فاکس، ٥٣٩).

کۆمەڵێک لە توێژەران وەک سکای لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەکرێ لە ڕێگەی ئەزموونی ژیانی نەتەوەبوونەوە لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە تێبگەین، بەتایبەت ئەو جۆرەی کە ئەم ئەزموونە لەالیەن دووانەی خۆ-غەیرەوە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانداdا پێکهاتەبەندی دەکرێت (سکای، ٢٠١١a:٣٣). لە بەستێنی کوردیدا، ئەم

دووانەیە لە ڕەتکردنەوەی بەربڵاوی سنووری سەپێنراوەکاندا ئاشکرایە –ئەو سنوورانەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانیان بۆ سەروەریی خۆیان بە کێشەهەلنەگریان دەناسێنن، بەڵام زۆربەی کورد وەک دەستکردی سەپێنراو سەیریان دەکەن. ئەم هەستە بەشێوازێکی تۆخ و زەق لەلایەن شاعیری ناوداری کورد، هێمن موکریانییەوە دەبڕدراوە، ئەوکاتەی دەڵێت:

تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور

ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور

(دیوانی هێمن، ۲۰۱۴، ۱۵۹).

هۆنراوەکەی هێمن ڕوونی دەکاتەوە کە چەمکی "سنوور" بۆ کوردێک لەگەڵ فارسێکی ئێرانی واتای جیاوازی هەیە. بۆ کەسایەتیی وەک هێمن، ئەم دابەشکردنانە وەک دەستکردی سەپێنراو دێنە بەر چاو کە دەوری جیاکەرەوە دەگێڕن نەک یەکڕیزیهێنەر. ئەم دیاردەیە پێشاندەری ڕەهەندێک لە بەرخۆدانی کورد و تێگەیشتنی لە فەزا [پانتایی نیشتمانی] دەخاتە ڕوو؛ ئەو جوگرافیایەی بە سنووری دەرەکییەکانەوە پارچەپارچە کراوە، ئەو سنوورانەی لەگەڵ هەستی جەوهەریی ناسێنە و نەتەوەبوونی کورد یەک ناگرنەوە. شیکردنەوەی چەمکەکانی فەزا و نیشتمان و هەروەها ئەو شێوازانەی ئاماژەیان بۆ دەکرێ، دەتوانێ تێگەیشتنی ئێمە لە ئەزموون و گێڕانەوەکانی ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە قوولتر بکاتەوە. لە ئەدەبیاتی ئێکۆناسیۆنالیستیی کورددا، وەک بەستێنە ناسیۆنالیستییەکانی دیکەی، پەیوەندیی نێوان فەزای سروشتی و چەمکی نیشتمان لە تێگەیشتنە نوێکان لەسەر ناسێنە زەق و بەرچاوە. ئەم هێماگەلە پێکهێنەری بیرۆکەی "جیهانسازی"ی نەتەوە (سپیڤاک، ۱۵۰-۱۱۴:۱۹۹۹) و هەروەها بەرهەمێنانەوەی دووانەکانی نێوان خۆی کۆ و ئەویترن (بڕوانە خشتەی ۲).

ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە ڕێی کەڵکوەرگرتن لە هێما میژوویی و کولتووری-نەتەوەییەکانەوە دەناسرێتەوە. ئەم هێماگەلە پرۆسەی بەکۆمەڵی دەروونیسازی و پاراستنی یادەوەریی کۆمەڵ دەردەخەن و جەخت لەسەر پەیوەندیی پێکەوەژیانی نێوان بەڵێنە ڕۆژانەکان بەرانبەر بە ناسێنەی نەتەوەیی و هۆشیاریی میژوویی دەکەنەوە. بیرهێنانەوە و کەڵکوەرگرتن لەم هێماگەلە، چەمکی Habitus[۲] ی پییێر بۆردیۆمان بیر دەخاتەوە، کە لە بنەڕەتدا گێڕانەوەیەکی میژوویی لەخۆگیراو و دەروونیکراوە کە بەشێوەی سروشتی دووهەم دەردەکەوێتەوە؛ میژووییبوونی وەک ئیستایەکی زیندوو دەردەکەوێت کە ڕابردوو فۆرم و شکڵی پێ بەخشیوە (بۆردیۆ، ۱۹۹۰:۵۶). گرنگە کە بیرمان نەچێت کە نە ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە و نە ئێکۆناسیۆنالیزم، تایبەتی نەتەوەکانی خاوەن دەسەڵات نین (مالۆی، ۲۰۰۹). نەتەوە بێدەسەڵاتەکان (یان کۆلۆنیالیزەکراوەکان)، وەک کورد، یادەوەریی میژوویی خۆیان لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە سیستەمە سیمبۆلیکە ڕۆژانەکانەوە دەردەبڕن و "ڕابردوو" لە ئیستای خۆیاندا دووبارە ساز دەکەنەوە تا لە ژیانی ڕۆژانەدا، خۆیان وەک نەتەوەیەک جیا لە ئەویترەکەیان

بناسێنن. بەڵام بەم حاڵەشەوە، ئەم لایەنە لە کێبڕێی بەناوبانگی مایکێل بیلیگدا ئاوڕی لەسەر نەدراوەتەوە. بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگە بێبەش و ژیردەستەکاندا –ئەو دیاردەیەی بیلیگ پێی دەڵێت "ناسیۆنالیزمی تۆخ"- لە ڕاستیدا لێکچوونی بەرچاوی لەگەڵ ناسیۆنالیزم لە نەتەوە دەسەڵاتدارەکاندا هەیە. ناسیۆنالیزمی کورد وەک بابەتی ئەم وتارە، نموونەیەکی سەرەکی و گرنگە بۆ ئەو باسە.

پڕایی "ڕابردوو" و دووبارە چالاککردنەوەی لە هەستە ناسیۆنالیستییەکاندا، لە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەی ڕوون و هەڵگری واتاکاندا دەردەکەوێ کە پێی دەڵێن Deixis (بیلیگ، ۱۹۹۵). ئەم دەستەواژەگەلە لە یادەوەریی کۆی نەتەوە مۆدێرنەکاندا کوالیتییەکی وەک ناوە تایبەتەکانیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە. بۆ نموونە، کاتێک ئەمریکییەک لە وشەی "وڵات" کەڵک وەردەگرێ، واتایەکی ڕوونی هەیە و هەمووی ئەمریکییەکان ئەو وشەیە بە واتای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێدەگەن. هەر بەم پێیەش، ئەوکاتەی کورد لە وشەی نیشتمان کەڵک وەردەگرن، مەبەستیان تەنیا و تەنیا کوردستانە. هەربۆیە، وشە ناسیۆنالیستییەکان وەک شێوازێک لە پەیوەندی دەجوولێنەوە و کۆمەڵگەیەکی زمانیی جیاواز پێک دێنن. لەڕێگەی پابەندبوون بە هەندێ لە نۆرمە زمانییەکانەوە، ئەم کۆمەڵگەیە خۆی لە "ئەویتر" جودا و جیاواز دەکاتەوە و بەڵێنی بەرانبەر بە وڵاتی خەیاڵکراوی (imagined) خۆی پشتڕاست دەکاتەوە. کوردی ناسیۆنالیست قەت وشەکانی نیشتمان یان وڵات بۆ ئاماژەدان بە عێراق، ئێران، سووریا یان تورکیا بەکار ناهێنێ (بڕوانە خشتەی ژمارە ۱). ئەم وشە کوردییانە تەنیا تایبەتی کۆمەڵگەی بێژەییی ناسیۆنالیستیی کوردن و یارمەتیدەری دانانی سنووورەکانی وڵاتە خەیاڵکراوەکەی ئەو بەشەن.

وێڕای ئەمەش، توێژینەوە نوێترەکان دەریانخستووە کە لەنێوان ناسیۆنالیزم و ژینگەگەراییدا پێگەیشتنێکی بەرچاو دەبینرێ (ئاروێنچیک، ۲۰۲۴؛ کۆنفێرسی و فریس، ۲۰۲۱؛ داوسۆن، ۲۰۰۰؛ ئیکێرسلی، ۲۰۱۶؛ فۆرموسا، ۲۰۰۹؛ فاولێر و جۆنز، ۲۰۰۶؛ کرنالیجێن، ۲۰۲۳؛ پۆسۆکۆ و واتسۆن، ۲۰۲۲؛ شەمیس، ۲۰۲۳). داوسۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چوارچێوەیەکی جیهانی خەریکی سەرهەڵدان و پێکهاتنە کە تیایدا ناسیۆنالیستەکان پرسە پەیوەندیدارەکان بە ناسێنە لەگەڵ کەڵکەڵە و کێشە ژینگەییەکان تێکەڵ دەکەن (داوسۆن، ۲۰۰۰:۵۱). بەڵام بەم حاڵەشەوە، تا حەفتاکانی زایینی ئاسایی بوو کە ئەگەری پەیوەندیی نێوان بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان و بزووتنەوە ژینگەییەکان نەبینرێ و پشتگوێ بخرێ (فالک، ۱۹۷۲؛ سپرێتناک و کاپرا، ۱۹۷۱).

ناسیۆنالیزمی ڕۆژانەی کوردی، بەرخۆدانە بەردەوامەکان لەگەڵ ئاماژەی بەردەوام بە هێما نەتەوەییەکانی کوردی تێکەڵ دەکات (حەسەنییان، ۹۴۲ و ۲۰۲۱:۹۳۵). هەروەک جۆنز و مریمەن سەبارەت بە داینامیکە گرێدراوەکانی "ناسیۆنالیزمی تۆخ" و "ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە" بەڵگەمان بۆ دەخەنە ڕوو (جۆنز و مریمەن، ۲۰۰۹:۱۶۵)، ئەم شێوازەی ناسیۆنالیزم بە شێوەی جیانەکراوە لەگەڵ بەرهەمهێنانەوە بەردەوامی نەتەوەدا گرێ دراوە؛ پرۆسەیەک کە لە

"ڕاگەیێنـــراوی ١٧ ڕێکخـــراوەی ناحکومیی کوردیـــدا" ڕەنگدانەوەی هەبـــووە. بۆ نموونە لە ڕاگەیێنـــراوی ڕێکخـــراوە مەدەنییەکانی کوردســـتاندا هاتووە: "ئەو کەسانەی داکۆکی لە تاریکی و شـــەومزمنگ دەکەن و هەرمشـــە و مەترســـین بۆ ژینگـــەی نیشـــتمانی ئێمە، هەمـــوو هەوڵەکانی خۆیـــان دەخەنە گەڕ بۆ بەربەســـت و لەمپەردانان بەرانبەر ئەو مرۆڤە گیانبەخشـــانەی ئامـــادەی خزمەتکردن بە نەتـــەوەی ئێمەن (ڕێکخـــراوە مەدەنییەکانی کوردســـتان) . هـــەر بەم بۆنەیـــەوە بوو کە کۆچـــی دواییـــی باجـــوەر، شـــەپۆلێک لە

خشتەی ژمارە ١:

ئەو وشەگەلەی لە دەربڕینەکان، ڕاگەیێندراوەکانی یەکڕیزی و هۆنراوەکاندا زۆرترین دووپاتبوونەوەیان هەبووە (لە ڕێوڕەسمەکانی یادەوەریی باجوەردا).

زۆرترین دووپاتبوونەوە	ژمارەی دووپاتبوونەوەکانی وشە
کـــورد	٣٩
کـــوردستان	٦٣
نیشتمان/ گەل(خەڵک)/ میللەت/ نەتەوە/خەڵک	٩٦
خاک	١٧
ڕۆڵە	١٣
وڵات	٢٣

ناســـیۆنالیزمی ڕۆژانەی کوردیی هێنایە ئاراوە و وەفـــاداری و یەکریزیی قـــووڵ و کۆنی لەنێو هەزاران کەســـدا بووژاندەوە. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئـــەوەی دەربڕینی ناســـێنە لەڕێگەی هێما مێژوویی و نەتەوەییەکانەوە لە شـــێوازی جۆراوجۆردا؛ وەک نووســـراوە، دروشـــمەکان، و وتاربێژییـــەکان، لە شـــارە جۆراوجۆرەکانی کوردســـتان- ڕەوتێکی هەڵچـــوو بەخۆیەوە ببینـــێ. ئـــەم دەربڕینگەلـــە بـــە ئامانجی جیابوونـــەوە و جیـــاوازی لـــە داگیرکەران هاتوونەتە ئاراوە (بڕوانە خشـــتەگەلی ١ و ٢).

خشتەی ژمارە ٢:

پێوەرەکانی ناسیۆنالیزم و ئێکۆناسیۆنالیزم

بیرۆکە سەرەکییەکان	چەمکە سەرەکییەکان	دروشمە بەکارهێنراوەکان لە رێوڕەسمی ناشتن	دروشمەکانی سەر بەنێر و پلاکاردەکان
ناسیۆنالیزم	نواندنەوەی دووبارەی خۆ جیاوازبوون لە کەسانی دیکە نەتەوە وەک دیاردەیەکی تەواو ڕوون	کوردستان گڕی گرتووە و ڕۆڵەکانی ئێمە لەو ئاگرەدا دەسووتێن. ئەوانەی هۆگری نیشتمانیانن وەرنە ڕیزی ئێمەوە. کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە.	نیشتمان قەت فیداکاریی ئێوەی بیر ناچێ؛ من ئاگرم، کڵپەی ئاگر. شەهیدێک بە بەرزیی بالای کوردستان، من شەریفم بەئاسانی پشتی ئومێدم ناچەمێ. ئێمە وەک گرەکان دەژین، دەسووتێین، وەک ئاگرێکی هەڵگیرساو هەڵدەستینەوە، دەسووتێین بەڵام قەت چۆک نادەین؛ وەک قەقنەس و ئاگر. هەرمان و پیرۆزن هەر چوار شەهیدی ئێمە.

بیرۆکە سەرەکییەکان	چەمکە سەرەکییەکان	دروشمە بەکارهێنراوەکان لە ڕێوڕەسمی ناشتن	دروشمەکانی سەر بەنێر و پلاکاردەکان
ناسیۆنالیزم	هەڵسوکەوت و بەرەنگاربوونەوەی غەیر	هێزەکانی سوپای پاسداران تاوانبارن، هۆکاری جەنایەتن. هێزەکانی سوپای پاسداران بەبێ سڵکردن حوکمی لەسێدارەدان جێبەجێ دەکەن. شەقامەکان گرژان گرتووە، تێکەڵاو بە خوێنی دڵەکانی ئێمە. شارەدار، دەست لەکار بکێشەوە، دەست لەکار بکێشەوە. پۆلیس هەڕەشەیە بۆ ژیانی ئێمە.	
	بەڵێن و پەیمان بە نەتەوە و قوربانیدان	هەتا کوردێک بمێنێ، مافی کوردان شوێنگری دەبێ.	ئێوە گیانی خۆتانتان پێشکەش کرد و ئاگرەکەتان کردەوە، یادەوەریی ئێمەش گڕی گرتووە.
	بەرخۆدان	دوژمن هەڵە دەکات؛ هەزاران شەریف زیندوون. شەهیدان نامرن. برابەشەرەفەکەمان، ڕێگەت درێژەی هەیە لە ئامادەبوونی تۆدا مەرگ دەکوژێتەوە، چونکە ڕۆحی بەگۆڕت زایەڵەی دروشمەکان دێنێتەوە و کەسانی دیکە بۆ ئەو ڕێگەیە بانگهێشت دەکات.	تۆ بەهێزی، مردن لە ئاستتدا بێدەنگە. پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتائەژین. ڕێگەی شەهیدان بێوچان درێژەی هەیە.
	هۆشیاریی میژوویی	هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ	ئەگەر دەتهێنایە سەر زار، لە قوواڵایی ئەم هاوارە تێدەگەیشتی، چونکە چیرۆکە حەشار دراوەکانی نێو هەموو برینێک ئاشکرا دەکات.

بیرۆکە سەرەکییەکان	چەمکە سەرەکییەکان	دروشمەکانی کارهێنراو لە ڕێوڕەسمی ناشتن	دروشمەکانی سەر بەنێر و پلاکاردەکان
نێکۆناسیۆنالیزم	ژینگە و دادپەروەریی کۆمەلایەتی	هەڵوەشێنەوەی چینی دەوڵەمەند (سەردەست) و چەوساندنەوەی چینی هەژار (بندەست)	شەهیدی سەوز، تۆ شەهیدی ژیانی ئەی شەهیدان، ڕێگەتان پڕ لە میهر و مرۆڤایەتی. سلاوتان لێ بێ، ئەی شەهیدانی مرۆڤایەتی و ژیان. ئێمەی بەڕووەکانی کورد، ئاگر و مەرگ تێکدەشکێنین و بۆ جارێکی شین دەبینەوە.

تۆڕینەوەکانی ئەم دواییانە لە بواری ناسیۆنالیزمدا، جەخت لەسەر گرێدانی چالاکییەکانی بواری ژینگە لەگەڵ پێکهاتنی ناسێنە دەکەنەوە (واتسۆن، ۲۰۲۲؛ فریس، ۲۰۲۱؛ کرنلیجێن، ۲۰۲۳؛ پۆسۆکۆ و ئارنچیک، ۲۰۲۴، کۆنقێرسی و پولیدۆ، ۱۹۹۶؛ شەمیس، ۲۰۲۳). پشتگوێخستنی ئەم پەیوەندییە، دەبێتە بەربەست بۆ تێگەیشتنی گشتگیر لە هۆشیاریی ژینگەیی کە بە شێوەیەکی قوواڵ جێگەی خۆی لە جیهانبینیی گێرانەوەکانی خاکتەوەردا کردووەتەوە. ئەم گێرانەوەگەلە زۆر گرنگن، چونکە ڕوانگە خۆمالییەکان دەخەنە ڕوو، چەمکە تایبەتەکانی نیشتمان دەپارێزن و هێمانە سروشتییەکانی وەک شاخەکان، دار و درەخت، ڕووبارەکان و ئاوەکانی نیشتمان پیرۆز دەکەن و بەهـا و نرخیان پێ دەبەخشن. ئەم گێرانەوەگەلە هەروەها چیرۆکە ئەفسانەییەکانی نیشتمان لە ڕێگەی شیعر، مۆسیقا و ئەدەبیاتەوە تێکەڵ دەکەن و دەبن بە هێمای ئاماژەبەخۆکردنی بە کۆمەڵ. ئەم تێکەڵاوییەی خەڵک و ژینگە، گێرانەوەی نیشتمان بەهێز دەکات و ناسێنەیەکی نوستالژیک و جێگیر دێنێتە ئاراوە (کاپلان، ۱۹۹۹؛ هۆیسون، ۲۰۱۰؛ هێرب و نەش، ۱۹۶۷). تۆڕینەوەکانی ئەم دواییانە ئەم گریمانەیە کە گوایە چالاکییەکانی بواری ژینگە هەڵگری هەستە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان نین، دەخەنە بەر پرسیار و نموونەگەلێکی زەق لە ئێکۆناسیۆنالیزم لەم بزووتنەوەگەلەدا دەخەنە ڕوو. بەتایبەت داوسۆن جەخت لەسەر سەرهەڵدانی چوارچێوەیەک دەکاتەوە کە پرسە ناسێنەییە جیهانییەکان لەگەڵ ژینگە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانەوە پێکەوە گرێ دەدات (داوسۆن، ۲۰۰۰:۵۱).

دەربڕینی ئەم پەیوەندگەلە لەگەڵ ناسێنە، دڵبەستەیی بە نیشتمان و هۆشیاریی ژینگەیی لەو دروشمانەی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی شەریف باجوەر لە ساڵی ۲۰۱۸دا دراون، ڕوون و ئاشکرا دەردەکەون. ئەو هەستە بەسۆزەی خەڵکی ئیلام وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە کۆچی دوایی شەریف باجوەر نواندیان،

تێکەڵاوبوونی جێگیری پاراستنی نیشتمان و سۆزی نەتەوەیی پێشان دەدات: "لەگەڵ دار بە زمانی ئاگر مەدوێ، چونکە پێش ئەو، دڵم دەسووتێنێ. من لە شاخەکانەوە هاتووم؛ دارەکان بە زمانی دایکیم بانگم دەکەن و من لێیان تێدەگەم ." بۆ جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم پەیوەندە، هاتووە: "تەنیا لە ئامێزی بڵێسەکاندایە کە من چیدی ئۆقرە ناگرم. ئەورۆ لە ئاگردا سووتاوم، بەڵام سبەی بە شکۆوە دەگەمەوە بەرزاییەکانی چیا و نیشتمانی باب و باپیرانم." ئەم تێکەڵاوییەی ناسێنەی خۆنواندنەوەی کوردی، چەمکی شەهیدبوون لە داکۆکیکردن لە کوردستان و نیشتمان لەگەڵ دارستانەکانیدا، بەشێوەی سروشتی لە زمانی خەڵکی مەریوانەوە دەردەبڕێ. هەربۆیە ناوی شەریف باجوەر بووەتە هێمای جودانەکراوەی ژینگەی کوردستان کە بەشێوەیەکی قوڵ ڕیشەی لە دڵ و مێژووی خەڵکەکەیدا داکوتاوە: "پارێزەری نیشتمان، لەڕێگەی کوردستاندا شەهید بوو." ئەم یەکگرتنەوەیە لەنێوان پرسە ناسێنەی نەتەوەیی و ژینگەییەکاندا، بووەتە هەوێنی سازبوونی بەستێنی ئێکۆناسیۆنالیزم؛ تێکەڵێک لە کەڵکەڵکە ژینگەییەکان لەگەڵ بەرخۆدانی نەتەوەیی و هەوڵ بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (داوسۆن، ۱۹۹۶، ۲۰۰۰:۳۰). دروشمەکان و قسەی تاک و تاقمە جۆراوجۆرەکان (بڕوانە خشتەکانی ژمارە ۱ و ۲) کە شەهیدانی ژینگەی کورد پیرۆز دەکەن، گرێدران و پەیوەندیی نەپچڕاوی ئەم فاکتەرگەلە دەردەخەن.

لە میانەی ڕێوڕەسمی ناشتنی باجوەر و ڕێوڕەسمەکانی بیرهێنانەوەی دواتردا، کورد جەخت لەسەر پەیوەندیی قوڵی نێوان سروشت، دارستانەکانی کوردستان و نیشتمانی خۆیان دەکەنەوە. ئەم ڕێوڕەسمگەلە کە ژینگەیان گۆڕیوە بۆ گۆڕەپانێکی نوێی شەڕ، لایەنە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێز دەکەن و "شەڕی سەوز" و "شەهیدانی" ئەو شەڕە زەق دەکەنەوە. بۆ ماوەی نزیک بە سەدەیەک وشەی شەهید بۆ ڕێزلێنانی پارێزەرانی کوردستان بەکارهێنراوە، هەستێک کە لە ڕێوڕەسمی بیرهێنانەوەی باجوەر لە مەریوان ڕەنگدانەوەی هەبووە و تیایدا ئێکۆناسیۆنالیستە گیانبەختکردووەکان، وەک هێماکانی نەمری وەسف دەکرێن. باجوەر وەک سەرۆکێکی فیداکار کە داکۆکی لە نیشتمانی خۆی دەکات نەخش کراوە و ئەرکی بەکۆمەڵ بۆ بەرخۆدان بەرانبەر بەوانەی خەسار و زەبر لە ژینگەیان دەدەن، پێشان دەدات. بەکارهێنانی بەردەوامی وشەی دوژمن لە شیعرەکان، ڕاگەیێندراوەکان و دروشمەکاندا، هۆشیارییەکی مێژوویی تایبەت دێنێتەوە یاد کە پێکهێنەری خەبات بۆ ژینگەیە و Habitusی کوردی بەربلاو و بەرفراوان دەکات: مێژوویەکی زیندوو و بەشداریی چالاک کە ئێستا پێک دێنێ. هێمای وەسفێکی پیێر بۆردیۆیی کە خۆڕاگریی بەردەوام و لە بن نەهاتوویی کورد پێشان دەدات: "کەس نەڵێ کورد مردووە؛ کورد زیندووە."

گەشەی ئێکۆناسیۆنالیزم لە کوردستان، ئێستا لەگەڵ هەستە ئایینییەکانیش پێکگەیشتنیان هەیە. ڕاگەیێنراوی زانایانی ئایینیی مەریوان جەختی لەسەر ئەم لێک نزیکبوونەوە و پێکگەیشتنەیە: "چوار ڕۆڵەی کورد، چوار چالاکی بواری مەدەنی و عاشقی نەتەوە و خاک، دڵسۆزی گەل و ئاو و لێرەوار پەیوەست بوون بە کاروانی نەمرانەوە..." ڕاگەیێنراوی ئەم کۆمەڵە، هێما نەتەوەیی و ژینگەییەکانی کورد دەنێتە بەرانبەر هێماکانی "ئەویتری" ئایینییان و تێکەڵاوی چالاکیی بەهێز و گەڕان بەدوای

دادپەروەری لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی ئایینی دەخاتە ڕوو: "ئەوا ئەمڕۆش نەوەکانی نەمروود، ئاگریان بەردایە جەستەی و کسپە و کزەی جەرگی برژاوی ڕۆڵەکانی گەیشتە ئاسمان و چوار جگەرگۆشەی، بوونە مۆم و لە بن داربەڕووەکاندا هێور هێور توانەوە و بوونە فرمێسک و تنۆک تنۆک لە چاوی دایکی نیشتمان هاتنەوە خوارەوە."

زانا ئایینییەکان بە ئاماژەدان بە باجوەر وەک "ئیبراهیمی کوردستان"، دەچنەوە سەر شۆڕشی حەزرەتی ئیبراهیم، ئەو کاتەی ناوبراو ئامادەبوو تا وەک نەیارێتی لەگەڵ دەسەڵاتی باوی بتپەرستی، خۆی بخاتە نێو ئاگرەوە . ئەم ئەکتە سەمبولیکە، هەڕەشەیەکی ئانتۆلۆژیک (هەبوون)ی بەربڵاوتر بۆ نەتەوەی کورد زەق دەکاتەوە، هەڕەشەیەک کە زۆرێک لە کورد وەک دڕێژەی مۆدێرنی هەڕەشە و دەستدرێژییە مێژوویییەکانی دەبینن کە ئامانجیان بێبەشکردنی کوردستان لە داهاتووی خۆیەتی (گورسەس، ۲۰۱۲). ئەم شێوازەی بینینی کوردستان و دوژمنانی بەڕوونی لە وتووێژێکی نێوان باجوەر و فەرماندەیەکی سوپای ئێراندا دەردەکەوێ:

فەرماندەی سوپا: "ئێوە وەک خەڵکی پێنجوێنن."

باجوەر: "ئێمە هەموومان کوردین و ئاساییە لێکچوونمان هەبێ. لێرە تا کەرکووک، هەمووی کوردستانە."

فەرماندەی سوپا: "تۆ چوار پارچەی کوردستانت دەوێ، بەڵام تەنانەت دڵۆپێک ئاویشت پێ نادەم."

باجوەر: "لێرە تا عەفرین ئاگرێک هەڵگیرسێ، من دەیکوژێنمەوە."

(بەشداربووانی ژمارەی ۱، ۵ و ۷)

سیاسەتی ئێکۆتیرۆریستیی ئێران

ئاسۆی ژینگەیی کوردستان لەدرێژەی چل ساڵی ڕابردوودا کەوتووەتە ناوەندی ستراتیژییە سڕێنەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران (قادری، ۲۰۱۵). ئەم ستراتیژیگەلە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جێبەجێ کراون و ئامانجیان کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان، لەژێر دەسەڵاتی چەکداری و ئەمنیدا بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەیەکی کورتدا، پاش شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۹، بە ڕاگەیاندنی "جیهاد" لەدژی کورد بۆ جارێکی دیکە کۆنترۆڵی کوردستانی کەوتەوە دەست. ئەم دەوڵەتە بە فەرمی ئەو شەڕەی خۆی وەک "فەتح"ی کوردستان ڕاگەیاند (سلێمانی و محەمەدپوور، ۲۰۲۰). لەو کاتەوە تا ئێستا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە و ترساندنی نەتەوەی زاڵ لەسەر ئەو باوەڕەی کە ناسێنەی کوردی دەتوانێ هەڕەشەیەکی جەوهەری لە دژی دەسەڵاتی ڕەها و هەژموونی ئەتنیکی زاڵ بێ، ئەوەی کردووەتە بیانوویەک بۆ بڕینی دارستانەکان، ساووتاندنیان، چاندنی مینی نوێ لە ناوچە بەناو سنوورییەکان و جێبەجێکردنی مانۆڕی بەربڵاو بەمەبەستی لەناوبردنی سیستەماتیکی ژینگەی کوردستان.

لەحاڵێکدا کە دەوڵەتی ئێران کوردستان وەک هەڕەشەیەک بۆ ئەمنییەتی نەتەوەیی خۆی وێنا دەکات، کورد بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، زیاتر وەک پڕۆژەی "کۆلۆنیالیزەکردنی ژینگەیی" دەبینن (کرۆ و شریێر، ۱۹۹۵). تێگەیشتن و بۆچوونی دەوڵەتی ئێران ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئەو دەوڵەتەیە لە ئەمنییەتی نەتەوەیی؛ تێگەیشتنێک کە کوردستان وەک مەڵبەندێک دەبینێ کە ڕێگەی چوونەژوورەوە و داگیرکردنی داخراوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەفرایەتیی کەڵک لێ

وەرگرتنی هەیە، نیشتمانێکی ڕام نەکراو و بێگانە کە "بە شارستانی ناکرێت،" پێناسەی دەکات. هەربۆیە، لەم دۆخە "نامۆیە"ی خۆیدا، کوردستان پێویستە خێرا لە سەرچاوە و سامانە سروشتییەکانی بێبەش بکرێت. کەڵکوەرگرتن لەم سەرچاوەگەلە، گۆڕینی ڕێگەی ئاوەکان، لەناوبردنی دارستانەکان و لەناوبردنی گیا و بوونەوەری کوردستان (حەسەنییان، ۲۰۲۱) وەک لانیکەمی شوێنهات و دەرەنجامەکانی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینرێن. زۆرینەی کورد وای تێدەگەن و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەم چوارچێوەیەدا دەبینن.

لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئێرانەوە، هەڕەشەکان دژ بە سروشتی دەرەوەی کوردستان، هەڕەشەی دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی هەژمار دەکرێن. بۆ نموونە، ئاژانسی هەواڵی کۆماری ئیسلامیی (ئیرنا) لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت وچانێکی دە ساڵە دراوەتە دارستانەکانی گیلەک و مازەن تا ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران بپارێزرێ. بەڕپرسان ڕایانگەیاند: "ئێمە دەبێ لەسەر دووبارە چاندنەوەی دارستان بۆ پاراستنی ئەمنییەتی نەتەوەیی بەردەوام بین" و جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە "بەوپەڕی هێز و تواناوە جێبەجێی دەکەین." لەحاڵێکدا کە لەو ناوچەگەلەدا بەرنامە و پلانەکانی دووبارە چاندنەوە و بووژاندنەوەی دارستان بەردەوامن، دارستانەکانی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی جیاوازن. بەهۆی بارانی کەمەوە دارستانەکانی زاگرۆس خەریکن لەناو دەچن، زۆرترینی دارەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لە بەڕوو و بادام و گەشەی دووبارەی داربەڕوویەک، ئەگەر مەحاڵ نەبێت لانیکەم ۵۰ ساڵ کاتی پێویستە. بەپێچەوانەوە، وەزارەتی ئیتلاعات چالاکەکانی بواری ژینگە لە کوردستاندا وەک چالاکی سیاسی پێناسە دەکات. ئەم وەزارەتخانەیە بانگەشەی ئەو دەکات کە ئەم چالاکانە لەگەڵ پارتە چەکدارەکانی نەیاری حکوومەت پەیوەندییان هەیە و چالاکییەکانیان بۆ پاراستنی ژینگە وەک بەشێک لەم پەیوەندیگەلە وێنا دەکات. کۆماری ئیسلامی بە ئەمنیکردنی ناوچەکە، تۆپباران و دانانی بنکە چەکدارییەکان بە بیانووی ئەمنییەت لەسەر لەناوبردنی ستراتیژیکی ژینگەی کوردستان بەردەوامە. ئەم تاوانگەلە تونەد دەبنەوە و دەوڵەتی ئێران بانگەشە دەکات کە هەوڵەکان بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان لەڕاستیدا هەوڵی سیخوڕین لە بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئیسرائیل.

ویڕای هەوڵە ڕاستەوخۆکان بۆ لەناوبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان، دەوڵەتی ئێران لە ستراتیژییە ناڕاستەوخۆکانیش بۆ لەناوبردنیان کەڵکی وەرگرتووە. بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک پلان و بەرنامەی بەڕواڵەت یاسایی وەک "یاسای بەنەتەوەییکردنی دارستانەکان" پەسەندکراوی ساڵی ۱۹۶۲ و "یاسای بەنەتەوەییکردنی ئاوەکان" پەسەندکراوی ۱۹۶۸ هەتاوی، ئێران ئاوەکانی کوردستانی بردووە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئەم ناوچەیە. ئەم هەوڵانە بەشێکن لە ستراتیژیکی بەربڵاوتری "گەشەبڕی (دیدێقێلۆپمێنت)" (ڕۆی، ۱۹۸۷) کە ئامانجیان بەرگریکردنە لە دەرفەتە ئابووری و سیاسییەکانی داهاتوو کە دەیانتوانی ببنە هەوێنی سازبوونی ئەو بەستێنەی کورد بۆ خۆی ببێتە خاوەنی چارەنووسی خۆی. سەرەڕای ئەمەش، وەها سیاسەتگەلێک بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆڕانکارییەکانی ئاپۆرە و ئاوارەبوونی جووتیارانی کوردستان لەڕێگەی دەستوەردان لە ئابووری و سەرچاوە سروشتییەکانیش بەکاردەهێنرێ.

نموونەیەکی هەرەدیاری ئەم سیاسەتانە دروستکردنی بەنداوە گەورەکانە. ئەگەرچی

ناوچەکە پێویستییەکی ئێجگار زۆری بە ئاو هەیە، ئاوی ئەم بەنداوگەلە دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان. بۆ نموونە، لە هەر چرکەیەکدا پێنج مەتری سێجا، ئاو لە بەنداوی بۆکانەوە لە کوردستانەوە دەگوازرێتەوە بۆ پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەلات تا پێداویستییەکانی ئاوی خواردنی شاری تەورێز دابین بکات. سەرەڕای ئەمەش، هەوڵی دیکە لەئارادایە تا پێنج مەتری سێجای دیکە، لە بەنداوی نەورۆزلوو، لەسەر ڕووبارەکانی کوردستان بگوازرێتەوە بۆ هێزگە گەرماییەکان و شاروچکە پیشەسازییەکانی سەر ئەو ڕێگەیە. هەروەها تۆڕەکانی دابینکردن و ئاودێران بۆ خۆڵە سوێرەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەلات دیزاین کراون تا بەم ئاوە، ئاوی ئەو زەویییە نەزۆکانە بدێردرێ لە کاتێکدا کە جووتیارانی کوردستان لە هەندێ وەرزی ساڵدا لەگەڵ نەبوونی ئاو ڕووبەڕوون. خاڵی گرنگ لێرەدایە ئەو ئاوەی دەگوازرێتەوە بۆ ئازەربایجانی ڕۆژهەلات، نەک تەنیا ئاوی جووتیاران و دانیشتوانی کوردستانە بەڵکوو وەک بەشێک لە ئاوی گۆلی ورمێیش دێتە هەژمار.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، چێکردنی بەربڵاوی بەنداوەکان لە کوردستان شوێنهاتی ژینگەیی قەرەبوونەکراوی لێ کەوتووەتەوە. ئەم ڕەوتەی چێکردنی بەنداوەکان بووەتە هۆی گۆڕان و لەناوچوونی ئەو ئێکۆسیستەمگەلەی ژیانی کۆمەڵگە خۆجێییەکان، گژ و گیا و بوونەوەرانی ناوچە ژێرئاوکەوتووەکان دەخاتە ژێر کاریگەری. زۆرێک لەم پرۆژەگەلە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی ژینگەیی جێبەجێ کراون و هەموو قۆناغەکانی -لە ڕاوێژکاری و دیزاینەوە تا چێکران و جێبەجێکردن- زیاتر دراوەتە کۆمپانیا پەیوەندیدارەکان بە دەزگای خاتەمولئەنبیا (کە بەشێکە لە سوپای پاسداران). بەپێی ڕاپۆرتی "سەلامەت-نیووز"، بەرێوەبەری نووسینگەی فێرکاری و بەشداریی خەڵکی ڕێکخراوەی پاراستنی ژینگە ڕایگەیاندووە ١٩٧ بەنداو بەبێ شیکردنەوەی کاریگەرییەکانیان لەسەر ژینگە ساز کراون.

پرۆژەی بەنداوی داریان لە ناوچەی هەورامان، نموونەیەک لە پاڵپشتیی دەوڵەتی ئێران لە ڕێبازی "توندوتێژیی ژینگەیی" دەستەواژەیەک کە بیکن (٢٠١٩) بۆ وەسفکردنی لەناوبردنی سیستەماتیکی ژینگە لە پرۆژە کلۆنیالیستی و ئەمپریالیستییەکان بەکاری دەهێنێ. ئەگەرچی شرۆڤەی بیکن بەرفراوانتر، ئەم چەمکە بەتایبەت لە کوردستاندا کەڵکی هەیە، ئەو کوردستانەی کە پرۆژەی لەم چەشنە دارستانە بەربڵاوەکان، دەیان گوندی کۆن و کەونارا و کۆمەڵێک شوێنەواری هەزاران ساڵەی سەردەمی چاخی بەردینی کۆنیان بردووەتە ژێر ئاو. هەروەها دەوڵەتی ئێران سەرمایەگوزارییەکی زۆری بۆ لەناوبردنی کانی بڵ، یەک لە کانیاوە سەرەکییە سروشتییەکانی ناوچەکە ئەنجام داوە. سەرەڕای دژایەتیی بەربڵاو -بریتی لە کەمپەینێک بە ٣٠٠٠ ئەندامەوە، کۆکردنەوەی ٧٠٠٠٠ واژۆ، مانگرتن لە خواردنی بەکۆمەڵی چالاکانی ژینگە و دەستبەسەرکردنی چەند کەس لە بەشداربووانی نێو کەمپەینەکە- ئەم پرۆژەیە ئێستاش بێوچان بەردەوامە.

دەرکردنی مۆڵەت بۆ دەرکێشانی بوغورد لە داربەڕووەکانی ناوچەی هەورامان نموونەیەکی دیکە لە پرۆژە ڕووخێنەرەکانی ژینگەیە. لەدرێژەدا بەشێک لە ڕاپۆرتێکی تۆمارکراوی موختار خەندانی، دامەزرێنەر و وتەبێژی ئەنجومەنی ژینگەپارێزی "ژیوای" لە پاوە ئاماژەی پێ دەدرێت. خەندانی و دوو چالاکی ژینگەپارێزی دیکە لە ڕێکەوتی

٧ی تەمووزی ٢٠٢٠، لەکاتی کۆژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان لە ناوچەکانی بۆزین و مەرەخێڵ بەشێوازێکی هەژێنەر و تراژیک گیانی خۆیانیان بەخت کرد. موختار خەندانی و هاوڕێیەکانی، پێش کۆچی دوایی، کۆمەڵێک نیگەرانییان لەسەر دەرکردنی مۆڵەت بۆ دەرکێشانی بوغورد لە هەورامان و ڕۆڵی شاراوەی گرووپە مافیاییەکانی لایەنگری هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ لەناوبردنی ژینگەی کوردستان، دەربڕیبوو. دەنگێکی تۆمارکراو کە ١٢ کاتژمێر پێش ڕووداوەکە تۆمار کراوە، پێشان دەدات کە ئەم مۆڵەتانە بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی نایاسایی لەم چەشنە کەڵکاوەژۆیان لێ دەکرێ. بەپێی ئەو دەنگە تۆمارکراوە:

"تۆڕێکی مافیایی ئەم مۆڵەتانەی بە نرخێکی نزمەوە –نزیکەی ٥ ملیۆن تمەن- وەرگرتووە و بە نرخی بەرزەوە، تا ٥٠ ملیۆن تمەن دەیانفرۆشێ. دواکڕیار کە بە شێوەی ئاسایی دەبێتە تاکی بەرپرسی دەرکێشان، ناچار دەبێت تا زۆرترین کەڵکی ڕێپێدراو وەرگرێ -کە زۆر جار بەهای دەبێتە ژیانی دارەکە- و هەوڵی دەرکێشانی شیلە و تەنانەت بڕینەوەی دارەکە بدات تا زۆرترین قازانجی دەست کەوێت. ئەم ڕەوتە بازرگانییە، توانج و جوانیی دارەکان کەم دەکاتەوە و هاوسەنگیی سروشتییان لەناو دەبات."

ڕەخساندنی هەلی لەبار بۆ پەرەسەندنی تۆڕی مافیایی لەم چەشنە لە کوردستان، دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییە دژەژینگەییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەم دزەکردنەی "مافیا نۆرمالیزەکراوەکان" لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کورداندا، کە درێژەی ستراتیژیی بەربلاوتری کۆماری ئیسلامی بۆ "داگیرکردنی دڵ و مێشکەکانە"، وەک محەممەد بروجێردی، فەرماندەی سوپای پاسداران و بەگێرانەوەی سەلاحی خەدیو وێنای کردبوو، هێشتا تەواو نەبووە. چونکە ڕوانگەی هێزی نەرم تا ڕادەیەکی زۆر ناسەرکەوتوو بووە، دەوڵەتی ئێران ئێستا بەکارهێنانی زەبر و زۆر بەپێویست دەزانێت. کەڵکوەرگرتن لە هێندێک کورد–کە بەهۆی پێداویستی یان ناهۆشیاری و نەزانینەوە ئەبنە ئامرازگەلێک بۆ جێبەجێکردنی سیاستی توندوتیژی دژی ژینگەی کۆماری ئیسلامی- بووەتە کاریگەرترین و هەرزانترین شێواز بۆ لەناوبردنی ژینگەی کوردستان.

ئەم ڕوانگەیە پاڵپشتی لە پلانە ڕووخێنەرەکانی دەوڵەتی ئێران دەکات، ئەو پلانانەی کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کەلەپووری کولتووریی کوردستان هەیە. چالاکانی بواری ژینگە، کە کەوتوونەتە تەنگەژەی نێوان پاراستنی ژینگە و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران، زۆر جار بەشێوەی نەخوازراو بەشداریی خەباتگەلێک دەکەن کە هەرەشە و مەترسی دەخاتە سەر ژیانیان. وتووێژەکانی من ڕاپۆرتی هۆشداردەر دەخەنە ڕوو لەسەر چالاکییەکانی سوپای پاسداران بۆ لەناوبردنی دارستانەکانی کوردستان و کێشە داهاتووەکانی چالاکانی بواری ژینگە کە نەیاری ستراتیژە ڕووخێنەرەکانی ئێرانن. یەکێک لە بەشداربووان (بەشداربووی ژمارە ٤، پشتڕاستکراو لەلایەن بەشداربووی ژمارە ٢) جەختی لەسەر دزەکردنی بەربلاوی سوپا کردەوە و گوتی: "لەحاڵێکدا کە لە وردەکارییەکانی دابەشکردنی زەوی ئاگادار نیم، بەڵام زۆر دیار و ناسراوە کە ئەو کەسانەی کارتی پەیوەندی لەگەڵ سوپایان هەیە دەتوانن سێ هێندە زەوی بە داگیرکردن و لەناوبردنی دارستانەکانەوە بەدەست بێنن." نموونەی وەها هەڵسوکەوتێک لە شارەکانی مەریوان و گوندەکانی دەوروبەری

وەک ڕەشـــەدێ، گوێزەکوێـــرە و لەنجـــاوە ڕاگەیێنـــراوە، لەم شـــوێنانەدا کەســـانێک کە پێدەچـــێ پەیوەندییان لەگەڵ ســـوپای پاســـداران هەبێ، لە مامەڵەکردنی زەوییەکاندا کەڵـــکاوەژۆی خەڵکی دیکـــە دەکەن.

دەوڵەتـــی ئێـــران لەڕێگەی یاســـا دژە ژینگەییەکانـــەوە، ســـتراتیژیی ڕووخێنەری خۆی لە کوردســـتان بەشـــێوەی ناڕاستەوخۆ جێبەجـــێ دەکات. بـــۆ نموونـــە، هاوپێچی ماددەی ۲ی یاســـای بودجـــەی ۲۰۰۰، کە لەلایەن کۆمیسیۆنی ئاشـــتییەوە زیاد کراوە، تەرخانکردنی "زەوییە گشتی و وەقفکراوەکان" بەو کەسانەی کە دەســـتدرێژییان کردووەتە ســـەر ئەو زەوییانە بە ڕێپێـــدراو دەزانێ. ئەم ماددەیە بەکردەوە داگیرکردن و گواســـتنەوەی نایاساییی زەوییە گشتییەکان ئاسان دەکات و ڕێگە بۆ وەزارەتی کشـــتوکاڵ خۆش دەکات کە ئەم زەوییانە بە نرخی داشـــکاو و لەڕێگەی پلانی فرۆشی ۲۰ ســـاڵەوە بفرۆشـــێت. سەرەڕای ئەمە، ماددەی ۶، مافـــی خاوەنداریێتی دەداتە ئـــەو جووتیارانـــەی زەوییە گشـــتییەکان دەکێڵـــن؛ لەحاڵێکدا کە یاســـا بەشـــێوەی فەرمـــی ئەم مافگەلـــە تا ســـاڵی ۲۰۰۷ بە فەرمی دەناســـێت، ئەو جووتیارانەی لەنێوان ســـاڵەکانی ۱۹۸۶ تا ۲۰۰۹ ئەو زەویگەلەیان کێڵاوە، مۆڵەتی ۹۹ ســـاڵەیان وەرگرتووە و بۆیە بەتایبەتیکردن و گۆڕینی زەوییە گشـــتییەکان بۆ خاوەنداریێتیی تایبـــەت جێگیر دەکات.

ئەم یاساگەلە ڕێگە بۆ دزان و داگیرکەرانی زەوی خۆش دەکەن تا ناوچە سروشـــتییەکان داگیـــر بکـــەن و هانـــدەری لەناوبردنـــی دارســـتانەکانە. لە وەها دۆخێکدا، دارســـتانە بەربڵاوەکان و جێبەجێکردنی ســـتراتیژەکانی ســـڕینەوە و ئەمنییەتی لە کوردســـتان، وەها یاســـاگەلێک ئامرازە یاســـایی و کردەوەییەکان بـــۆ لەناوبردنـــی دارســـتان و لەوەڕگەکان ســـاز دەکـــەن و هـــاوکات دزەکردنی مافیا حکوومەتییـــەکان بەهێز دەکـــەن و ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی ئەم مافیایە گەشـــە پێ دەدەن. شـــەعبان ئەســـەدی، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی پاراســـتنی ژینگە و لەوەڕگەکان، ئـــەم پلانـــەی وەک پلانێکی کارەســـاتبار وێنـــا کـــردووە و دەڵێت: "بە پەســـندکرانی ئەم پلانە، ئەنجومەن (مەجلیســـی شـــووڕای ئیسلامیـــی ئێـــران) بـــە کـــردەوە ڕێگەی گواســـتنەوەی ٨ ملیـــۆن دۆنم لـــە زەوییە داگیرکراوەکان بـــۆ داگیرکارانی کردووەتەوە". ڕێکخراوی جیهـــادی کشـــتوکاڵ، یەکێک لە گرنگترین "ڕێکخراوەکانی پەرەســـەندنی" حکوومی لە کوردســـتان، بە سازکردنی تۆڕی دزین و داگیرکردنـــی زەوی و نۆڕمالێزەکردنی ئـــەم ڕەوتە، پشـــتگیریی ئەم ســـتراتیژییە ڕووخێنەرەی کردووە و سیستەمێکی بەربڵاوی لە چالاکییە پەیوەندیدارەکان و بەکرێدانی زەوی هێناوەتـــە ئاراوە تا داهاتەکانـــی بەکارهێنانی زەوی زیـــاد بکات.

بە وتەی ســـەرۆکی ڕێکخراوی دارســـتان و لەوەڕگەکانی ئێران، ئەو یاســـایەی پێشـــتر ئاماژە و شرۆڤەمان کرد، "خەڵات و دیارییە بۆ داگیرکەرانی ناوچە سروشتییەکان کە ڕێگەی داگیرکردنی سەرچاوە سروشـــتییەکانیان بۆ خـــۆش دەکات." ئەم سیاســـەتە دەرکەکانی چالاکیی ڕێکخراو و بنکـــە ناچەکداریەکانی دەوڵەتـــی ئێـــران بـــۆ خێراکردنـــی ڕەوتی لەناوبردنی ژینگە و سەرکوتکردنی چالاکەکانی کورد بـــواری ژینگەی کردووەتـــەوە. هەربۆیە لەئەنجامـــدا، دەزگا ئەمنییەکانی ئێران ڕەوتی ســـەرکوتکردنی چالاکانیان لە کوردســـتان بـــە کۆمەڵێک هـــەوڵ و هەنـــگاوەوە توند کردووەتـــەوە، بەتایبەت دەستبەســـەرکردنی بـــەردەوام، دەستبەســـەرداگرتن و تەنانەت کۆچی دواییـــی گوماناوی.

ناسیۆنالیزم، کوردایەتی و شەریف باجوەر

ئەم بەشە بریتییە لە شیکردنەوەی بۆچوونەکان لەسەر چالاکییەکانی باجوەر، کۆچی دوایی ناوبراو و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک، بزووتنەوە سیاسی و ناسیۆنالیستییەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان. شیکردنەوەکان تەرکیز دەخەنە سەر گێرانەوە سەرەکییەکان لەو کۆمەلگەیەی باجوەر و هاوڕێکانی تێیدا ژیاون. هەروەها ئامانج پێشاندانی پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزمی باجوەر و ژینگەیە و ئەم باوەڕە دەخاتە ژێر پرسیار کە چالاکییەکانی بواری ژینگە بەشێوەی جەوهەری لەگەڵ بیرۆکە ناسیۆنالیستییەکان ناکۆکن و یەک ناگرنەوە. ئەم باوەڕە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە ناسیۆنالیزم بەدووی گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەییە، لەحاڵێکدا کە ژینگەگەرایی و لە ناخی خۆیدا هۆشیاریی ئیکۆلۆجیک، ئامانجی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە پەیوەندیی مرۆڤ و سروشتە (دابسۆن، ۲۶-۱۰:۲۰۰۰). هەندێک بەڵگە دێننەوە کە ژینگەگەرایی ناتوانێ پلانێک بۆ کۆمەلگەیەکی ئیدەئال بخاتە ڕوو و ناتوانێ جێی ناسیۆنالیزم بگرێتەوە (مالۆی، ۲۰۰۹:۵).

تەبایی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و ژینگە، زۆرجار وەک دیاردەیەکی دوور و نەگونجاو هەژمار دەکرێ. ناسێنەی کوردی کە لە چوارچێوەی پەیوەندییە نایەکسانە ئەتنیکی و نەتەوەییەکانی سەردەست-بندەست فۆرمی گرتووە، لە لایەن دژبەرانییەوە بە بەردەوامی وەک دواکەوتوو، لەژێر کاریگەریی دەستێوەردانی دەرەکی و یان تێکەڵێک لە هەر دوو هۆکاری ئاماژەپێکراو وێنا دەکرێت (سلێمانی و شوجاعی، ۲۰۲۵). هەربۆیە دەبرین و دەرکەوتەکانی ناسێنەی کوردی زۆر جار بەئەنقەست وەک ناوچەیی و عەشیرەیی، سەرەتایی و لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی بەرواڵەت گشتگیری دەوڵەتیدا، پێناسە دەکرێن. لە ئێران دیسکۆرسی ناسیۆنالیستییە زاڵ -بە لایەنی چەپ، ڕاست یان ئیسلامییەکانەوە- هەوڵ دەدا ناسیۆنالیزمی کوردی ناتەبا و ناکۆک لەگەڵ مۆدێرنیتە بخاتە ڕوو. لەم چوارچێوەیەدا، جەوهەری پێشکەوتنخوازانەی ژینگەپارێزیی کورد، وەک شتێکی جیاواز لە سیاسەت و ناسێنەی کوردی تێدەگەن. ئەم بۆچوونە سەبارەت بە کورد، دەیەوێ وا بگەیەنێ کە گوایە کەڵکەڵە ناسێنەییەکان بەزۆری دەکەونە دەرەوەی بزووتنەوە ژینگەپارێزیی کوردی (گۆرلەی، ۲۰۱۸).

ڕاپۆرتێکی سەرەتایی بەشی فارسیی بی.بی.سی لەسەر کۆچی دواییی باجوەر و هاوڕێکانی، نموونەیەکی بەرچاو لەو هەوڵە فارسیگەرایانەیە بۆ مەودا سازکردن و دوورکردنەوەی ناوبراو (وەکو ژینگەپارێز) لە سیاسەتی ناسێنەخوازیی کورد. ئەم ڕاپۆرتە ئاماژە دەکات بە پێگەی بەرز و بەڕێزی باجوەر لە کۆمەڵگەی کوردستاندا و ناوبراو وەک کەسایەتییەکی بەڕێز و جیاواز لە "مانۆرە سیاسییە لۆکاڵ و ناوچەییەکان و خەباتی چەکدارانە" پێناسە دەکات کە زۆر جار ئەو دووە وەک هاوڕێ و دریژەی ئارمان و ئامانجەکانی کورد دەستنیشان دەکرێن. لە بەرانبەر ئەوەدا، بی.بی.سی باجوەر وەک "چالاکێکی مافە مەدەنییەکان و پابەند بە دژایەتی لەگەڵ تووندوتیژی، ئاشتیخواز و تەبایی لەگەڵ ژینگە" پێناسە دەکات. ئەم وێناکردنە بە ئامانجی کاڵ و بەرتەسککردنەوەی گرنگیی سیاسیی و بەربڵاوی خەباتی کوردی، جەخت لەسەر بەڵێن و پابەندبوونی باجوەر بە چالاکیی

ناتوندوتیژانـــه و ژینگەیی دێنێتە ئاراوە و وەک نموونەیەکی دەگمـــەن لەبەرانبەر گێڕانەوەی ئاســـایی (ســـەبارەت بـــە کـــورد)، باجوەر پێناســـە دەکات. هەربۆیە، ڕاپۆرتەکە هەوڵی داوە هەوڵەکانـــی باجوەر لـــە ئامانجە بەربڵاوە سیاســـییەکانی خەڵکی کورد جودا بکاتەوە کە بی.بی.سی وەک تووندوتیژانە و ناهێمن وەسفیان دەکات.



"هەتاو ڕێتە و نێرگز چاوتە ئای لالۆ گیان لالۆ"

(وێڕای سپاس بۆ چیا)

وەک پێشـــتر ئاماژەمـــان پـــێ دا، تۆێژینەوەکانـــی ئەم دواییانە بەشـــێوەیەکی هەڵچـــوو، جەخـــت لەســـەر پەیوەندیـــی لێکدانەبڕاوی ناســـیۆنالیزم و ژینگە دەکەنەوە، بەتایبـــەت لـــەو بەرخۆدانانەی کـــە خاک و ناســـێنە دەبنـــە تـــەوەر و ناوەند. ســـکای (۲۰۱۱b) دەڵێـــت ناســـیۆنالیزمی ڕۆژانە لە ڕوانگەی ئەزموونەکانی ژیانەوە تێگەیشـــتنی بـــۆ دەکرێ، کە ڕەهەنـــد و لایەنە کولتووری، سیاســـی و جوگرافیاییەکانی نیشتمان تێیدا دەورێکی ســـەرەکی و گرنـــگ دەگێڕن. کە بێتە ســـەر ئێکۆناســـیۆنالیزمی کوردیش، سروشـــت و ژینگە تا ڕادەیەکـــی زۆر لەگەڵ ناســـێنە و مێژووی نەتەوەیی گـــرێ دراون. وشـــەی وەک "سروشـــت"، "شـــاخەکان"، "دارەکان" و "ڕووبارەکان" بەشـــێوەی بەردوام لە ئەدەبیات و دیسکۆرســـی کوردیـــدا دەردەکەون. ئـــەم وشـــەگەلە پرۆســـەی چێکردنەوەی "جیهان-ســـازی" نەتەوەیی (ســـپیڤاک، ۱۹۹۹) دەنوێننەوە و پارادۆکسی دوانەی "خۆ" و "ئەویتر" بەهێزتر دەکـــەن کە شـــێوازی ئامادەبوونی نەتەوە لە ئاقاری پێبەندبـــوون و هۆگرایەتیی نەتەوەیی دەستنیشـــان دەکات. داوســـۆنیش (۲۰۰۰) هـــەر لـــەم پەیوەندییـــەدا دەڵێت ژینگەگەرایـــی زۆر جار وەک بەســـتێنێک بۆ دەربڕینی ئامانجە ناسیۆنالیســـتییەکان بەکار

دەهێنـــرێ، بەتایبەت ئەوکاتـــەی کە زەوی و سروشت بەشـــێوەیەکی پێکەوەگرێدراو لەگەڵ ناســـێنەی نەتەوەیەک دەبینرێـــن. ئەم خاڵە لـــە ڕاگەیێنراوەکانی ڕێکخـــراوە ناحکوومییە کوردییەکاندا بەڕوونـــی دەکەوێتە بەرچاو کە جەخت لەسەر پاراســـتنی ژینگەی نیشتمان وەک کردەوەیـــەک بۆ خزمەتـــی نەتەوەیی دەکەنەوە.

چالاکییەکانـــی باجـــوەر نموونەیەکن لـــە تێکەڵاوبوونی ناســـیۆنالیزمی کوردی و هۆشـــیاریی ژینگەیی. پەیمـــان و بەڵێنی ناوبراو لەســـەر پاراســـتنی ڕووبـــارەکان، دارســـتانەکان و شـــاخەکانی کوردستان، تا ڕادەیەکـــی زۆر لەگەڵ ئامانـــج و خولیا ناسیۆنالیســـتییەکانی گرێ درابوو کە تەنیا بازنەی ژینگەی نەدەگرتەوە و تا پاراســـتنی نیشـــتمانی کوردیـــش پەلی هاویشـــتبوو. ئەم شـــێوازە لە ئێکۆناســـیۆنالیزم، لەگەڵ ڕەوتێکـــی بەربڵاوتر کە داوســـۆن (٢٠٠٠) دەستنیشـــانی کـــردووە، لەســـەر یـــەک ئاراســـتەن و پێشـــان دەدات کە کەڵکەڵە ژینگەییـــەکان زۆر جـــار، بەتایبـــەت لە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکاندا، وەک بەستێنێک بـــۆ خولیـــا و ئامانجە ناسیۆنالیســـتییەکان دەجووڵێنـــەوە. تێۆرێنەوەکانی داوســـۆن لە وڵاتانی بالتیک پێشـــان دەدەن ژینگەگەرایی دەتوانـــێ پێکەوەژیانی هەبـــێ و هەمیش ناســـێنەی نەتەوەیی بەهێز بکات، بەتایبەت لە بەســـتێنە تۆتالیتەرەکاندا (داوسۆن، ٢٠٠٠). ئەکت و کـــردەوەی لە چەشـــنی باجوەر، پێشـــان دەدات چالاکییەکانی بواری ژینگە دەتوانـــن ئامرازێکی بەهێز بن بـــۆ دەربڕین و بەردەوامبوونـــی هۆگرایەتیـــی نەتەوەیی، دیاردەیـــەک کە پـــاش تێۆرێنەوەکانی ئەم دواییانە لەسەر ئێکۆناســـیۆنالیزم پشتڕاست کراوەتەوە (ئارۆنچیک، ٢٠٢٤؛ کۆنفێرســـی و فریـــس، ٢٠٢١، کرنالێجین، ٢٠٢٣).

مێژووی مودێرنی کوردســـتان تیشـــک دەخاتە ســـەر بیرۆکەی ناسیۆنالیســـتیی ئەو کەســـایەتییانەی جەختیان کردووەتەوە لەسەر گرنگبوونـــی دیاریکردنی مافـــی دیاریکردنی چارەنووســـی کولتـــووری و سیاســـی کورد لـــە چوارچێوەیەکدا کە ڕێز بـــۆ پەیوەندییە هاوبەشـــەکانن کـــورد لەگەڵ نەتـــەوەکان و گرووپـــە ئەتنیکی-نەتەوەییـــەکان دیکـــە دادەنێت. بۆ نموونە، کەســـایەتییەکانی وەک شـــێخ عوبەیدوڵڵا (کۆچـــی دوایی ١٨٨٣ی زایینی) و مەلا ســـەعید کـــوردی (کە وەک "ســـەعید نوورسی"ش دەناســـرێ، ١٨٧٧- ١٩٦٠) بـــۆ بنیاتنانـــی دەوڵەتـــی کوردی ســـەربەخۆلە هـــەردوو دەســـەلاتی قاجار و عوســـمانی چالاکییان دەکـــرد و نموونەی جۆرێک لە ناســـیۆنالیزمی کـــوردی بوون کە داواکاریـــی مافی دیاریکردنـــی چارەنووس و دەستنیشانکردنی جیاوازیی کولتووریی هەبوو بەبێ ئەوەی کێشـــەی لەگـــەڵ بەرژەوەندی یان بوونی ســـەربەخۆیی نەتەوەکانی دراوسێ هەبێـــت (ســـلێمانی، ٢٠١٦a, ٢٠١٦b). لە ســـاڵی ١٨٨٠، شـــێخ عوبەیدوڵڵا ڕایگەیاند: "هەموو ئەو شـــتەی بە ئێـــوەم ڕاگەیاندووە، لـــە خۆشەویســـتیی منـــەوە بـــۆ فارس وەرگیـــراوە" (جەلیـــل، ٥٠-٤٩:٢٠٠٧). ئەمە پێشـــان دەدات کە هەندێک لـــە بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی کورد، لەدرێژەی مێژوودا، لـــەدووی دیاریکردنـــی چارەنووســـی خۆ و دەستنیشـــانکردنی کولتووریـــدا بوونە بەبێ

ئـــەوەی نەیـــاری بەرژەوەندی یـــان بوونی نەتەوەکانی دراوســـێیان بن.

هەربۆیـــە، باجـــوەر نموونەیـــەک بوو لە جۆرێک "ناســـیۆنالیزمی هاوسۆز" کە بە ڕێزی قوواڵەوە بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئـــازادی و یەکڕیزیی جیهانی -بەتایبەت بەرانبـــەر نەتەوەی کورد- دەناســـرێ. چالاکییەکانی ناوبراو پشـــتیان بە تێگەیشـــتنی نێوان "خـــۆ" و "ئەویتر" و "دەرەکی یـــان بێگانە" دەبەســـت، هەروەک "جوولیا کریســـتۆڤا"ی فەیلەسووف شرۆڤەی دەکات (کریســـتۆڤا، ۱۹۹۱:۹۶) و جەخـــت دەکاتەوە کە لە چوارچێوەی ناســـیۆنالیزمدا، جیاوازیی نێوان "ئەویتـــر" -ئەو بنکەگەلەی دژی بەرژەوەندییەکانـــی نەتەوە دەجوواڵێنەوە- و "دەرەکی" بـــە واتای بێگانەکانـــی دەرەوەی بازنـــەی نەتەوەیـــی، زۆر گرنـــگ و جێی ئاوڕدانەوەیە. باجوەر هاوســـۆزی و یەکڕیزیی لەگـــەڵ ناکـــوردەکان بـــۆ خەبـــات دژی نادادپـــەروەری دەردەبڕی، بەاڵم بەئاشـــکرا لەنێوان "نەتەوە دەرەکییـــەکان" و "ئەویتر"، کە لە بۆچوونـــی ئەودا نوێنـــەری دەوڵەتی ســـەرکوتکەری وەک کۆمـــاری ئیسلامیی ئێران بوون، جیاوازیی دادەنـــا. ئەم جیاوازییە زۆرجار پشـــتگوێ دەخـــرێ و نابینرێ، بەاڵم بۆ تێگەیشـــتنی ڕوانگەی ئێکۆناسیۆلیستیی باجوەر کە بەدووی یەکڕیزیـــی نێوان نەتەوە ســـتەملێکراوەکانەوە بوو، زۆر پێویستە بەبێ ئەوەی دەوڵەتـــی ئێران یـــان دەوڵەتەکانی دیکە لە چەمکـــی "دەرەکیبوونـــدا" وەکوو یەک ببینرێن.

لە باوەڕی شـــەریفدا، "ئەویتر" نوێنەری ئەو کەســـانە بوو کە بەرپرســـی تووندوتیژیی سیســـتەماتیک، پێشـــێلکردنی مافەکانی تاک و کۆ و هەوڵ بـــۆ وێناکردنی خەبـــات وەک تاوان بوو. بەشـــداربووانی ژمـــارە ۵ و ۱۷ جەختیان کردووەتەوە کـــە "باجـــوەر، دەوڵەتی ئێرانی وەک "ئەویتر"ی ســـەرەکیی دەستنیشـــان دەکـــرد"، و زۆر جار دەیگـــوت: "هەموومان دەزانین ئاشـــۆی ڕاســـتەقینە لە کوردستان کێیـــە." لـــە بـــاوەڕ و ڕوانگەی شـــەریفدا، دەوڵەتی ئێران "ئەویتـــر"ی کوردی لەڕێگەی زاڵبوونـــی کولتـــووری، زمانی و سیاســـی، هەروەهـــا کەڵکوەرگرتـــن لە ســـەرچاوە سروشـــتییەکان، ڕووخاندنـــی ژینگـــە و کۆڵۆنیالیزەکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی وێنا دەکرد و ئـــەم هەوڵانەش بـــە زۆر و زەبرەوە جێبەجـــێ دەکران (بڕوانە بەیکـــۆن، ۲۰۱۹). چەمکســـازیی ناوبراو لە "ئەویتر" دەگەڕایەوە بۆ ڕووبـــەڕوو بوونـــەوە لەگـــەڵ ئەوانە کە گێڕانـــەوە هەژموونیکەکانیان دەســـەپاند تا زاڵبوونـــی خۆیان بپارێزن، بۆ ئـــەوەی ئەوانی دیکە خۆیـــان پەراوێـــز بخـــەن و خۆیان بهاوێنە ناوەندی دەســـەاڵت و دیســـکۆرس. وەک بەشـــداربووی ژمارە ۴ دەڵێت: "باجوەر لەڕێگـــەی چالاکییەکانی بـــواری ژینگەی خۆیەوە، هەوڵـــی دەدا هەمـــوو الیەنەکانی ئەو نیشـــتمانەی پێی دەڵێین کوردســـتان، بپارێـــزێ و کۆتایی بە پەراوێزخســـتنی بێنێ و بیگەڕێنێتەوە ئـــەو پێگەیەی شـــیاویەتی" (هەروەهـــا بەشـــداربووی ژمارە ۱۰).

بۆچـــوون و ڕوانگەی شـــەریف بەرانبەر بە پرســـی کـــورد، لـــە کـــردەوەدا خۆی دەردەخســـت و بۆ هەوڵ و کردەوە بەها و پلەیەکی بەرزتری لـــە دروشـــم و وتە دادەنـــا. ئەم ڕوانگەیە لـــە وتەکانیدا بـــەردەوام دەبینرێت:

"کاتێک نوقمی ئاگرین، سەرکوتکرانی تەواو لەلایەن دوڵەتەوە ناومکین دەبێ و لەباتیدا، ئاسانکاری بۆ چالاکییە مەدەنییەکان لە کوردستان دەکات" (بەشداربووانی ژمارە ٨ و ١١). داهێنانە مەدەنییەکانی ناوبراو، وەک "هەنییەکانی میهرەبانی" لە مەریوان، ئەم ستراتیژییە بە جوانی پێشان دەدات. بەشداربووی ژمارە ٧ ئەم داهێنانە وەک هەوڵێکی ئامانجدار بۆ بەهێزکردنی خۆهۆشیاریی بەکۆ و کۆکردنەوەی هێز لە کاتی پێویستدا وێنا دەکات." (بەشداربووی ژمارە ١٠یش پشتڕاستی کردووەتەوە).

ئامانجی شەریف ئەوە بوو کە تێفکرینێکی بەکۆ لە کۆمەڵگەدا چێ بکات کە بتوانێ پاڵپشتی لە هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان کورد و ناکوردەکان بکات. ئەم هەوڵە ژیرانەیە دەکرێ وەک وەڵامێکی تاکتیکی بە گوشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەوروبەری خەباتی کورد، هەروەها وەک دانپێدانانێک بە ئەمنیناسیی ئانتۆلۆژیک (هەبوونناسانە)ی کوردستان تێگەیشتنی بۆ بکرێ (بڕوانە ڕوومێلیلی، ٢٠١٥)، بەتایبەت لەنێوان فەزای سیاسیی ئاڵۆزی سەردەم و پاش سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکان.

پراگماتیزم و کردەوەتەوەریی شەریف دەچێتە نێو چالاکییەکانی بواری ژینگەی ناوبراو، ئەو چالاکییانەی ناوبراو، بۆ پێکهێنانی گۆڕانکارییەکی بەربڵاوتر لە شێوازە سیاسییە نەریتییەکان. بەشداربووی ژمارە ١۴ جەخت لەسەر ئەو بەڵێنە دەکاتەوە و دەڵێت ژینگەپارێزیی باجوەر تەرکیزی دەخستە سەر پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بەتایبەت ئاو، خاک و گژ و گیا و بوونەوەرەکانی کوردستان (هەروەها لە وتوێژ لەگەڵ بەشداربووی ژمارە ٧ ئاماژەی پێ دراوە). سەرەڕای ئەمە، بەشداربووانی ژمارە ١٠ و ١٧ دیتوویانە کە "ژینگەپارێزیی شەریف بەشێوەیەکی قوڵ لەگەڵ ناسێنەی کوردیی ناوبراو پەیوەندیی هەبووە"، کە پێشان دەدات هەوڵەکانی ناوبراو بەشێکی لێکدانەبڕاو لە ئامانجە ناسیۆنالیستییەکانی بووە. باجەوەر زۆر جار بەبۆنەی ڕوانگەی کردەوەتەوەری لە بواری ژینگەدا دەناسرێ. بەشداربووانی ژمارە ١٣ و ٢٠ ئاماژە بەوە دەدەن کە: "ناوبراو پاراستنی ژینگەی وەک بەرپرسایەتیی خۆی دەبینی و کەسێکی چالاک و بڕوادار و بەئەمەگ بەرانبەر کردەوە بوو". سەرەڕای ئەمە، بەشداربووی ژمارە ١٨ گوتی باجوەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو: "هەموو شتێک لە زەویدا، وەک گژ و گیاکان، بوونەوەرەکان، شاخ و ڕەوەزەکان پێویستیان بە پاراستن هەیە، چونکە بۆ خۆیان هیچ پاڵپشتێکیان نییە" (هەروەها بەشداربووی ژمارەی ٢ ئەمەی پشتڕاست کردووەتەوە).

گێڕانەوەی بەشداربووانی توێژینەوەی ئێمە تێکڕا پێشاندەری ئەوەن کە داهێنانەکانی ناوبراو لەسەر ژینگە، لە ئامانج و خولیا ناسیۆنالیستییەکانی جودا نەبوونەتەوە بۆ بەڵکوو بەشێوەیەکی قوڵ گەڕاونەتەوە بۆ بەڵێنی ناوبراو بەرانبەر سەروەریی خاک و ناسێنەی کولتووری کوردستان. چالاکییەکانی بواری ژینگە و داهێنانە مەدەنییەکانی ئەو، پێشاندەری ستراتیژێکی جێگیرە بۆ پاراستنی

سەرچاوە سروشتییەکان و بەرەوپێشبردنی ناسیۆنەی کوردی. لەڕێگەی "هەڵبژاردنە میهرەبانییەکان" و هەوڵدانە بەکردەوەییەکانی دیکەی، باجوەر نموونەیەک لە ناسیۆنالیزمی هاوسۆزی هێنایە ئاراوە کە لە سنوورە نەریتییەکانی سیاسەتەوە تێدەپەڕێ و بە شێوەی ڕاستەوخۆ پاراستنی ژینگە لەگەڵ پلان و بەرنامەی ناسیۆنالیستی گرێ دەدات. وتوێژەکان پێشاندەری ئەوەن کە باجوەر تێگەیشتنێکی قوواڵی لە کاریگەرییە مێژوویەکانی سیاسەتە توندوتیژانەکانی ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوەی کولتووری و زمانی) و لەمپەرە جیدییەکانی بەردەم سەربەخۆیی کورد هەبووە. ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە "توندوتیژی دژی کورد لەمپەری بەدیهاتنی سەرەتاییترین مافەکانیانە" (بەشداربووانی ژمارە ۵ و ۱۷). باجوەر لەحاڵێکدا بەوپەڕی هێزەوە داکۆکی و پاڵپشتیی لە خەباتی کورد دەکرد، هەروەها داکۆکیی لە یەکڕیزیی بەهێزتر لەگەڵ گرووپە ستەملێکراوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران دەکرد. ئاسۆی ستراتیژیی ناوبراو دوو فاکتەری سەرەکیی دەگرتەوە: "یەکەم، بەرخۆدان و خەبات بەرانبەر کۆماری ئیسلامی و لەئەنجامدا ڕووخاندنی؛ دووەم، پێکهێنانی پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانی دیکەی وەک بەلووچەکان، تورکەکان، لوڕەکان و عەرەبەکان (بەشداربووانی ژمارە، ۱، ۱۱، ۱۹ و ۲۰).

باجوەر تا ڕادەیەکی زۆر ئاگاداری کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەوڵەتی ئێران لەسەر داهاتووی کورد بوو و لە توانای دەوڵەتی ئێران بۆ دووبەرەکی نانەوەی نێوان کورد و ناکوردەکان بەجوانی تێدەگەیشت. ناوبراو بینیبووی دەوڵەتی ئێرانی لە تاکتیکە جۆراجۆرەکانی ئایدلۆجیک، ئایینی و ئابووری بۆ بەردەوامکردنی کەلێن و جیاوازییەکانی نێوان نەتەوە بندەستەکان کەڵک وەردەگرێ. هەروەک لە وتوێژی ژمارە ۵دا جەختی لەسەر کراوەتەوە، ناوبراو "ژیرانە تێگەیشتبوو کە توندوتیژیی دژی کوردان سەرەکیترین بەربەستی بەدیهاتنی مافە بنچینەییەکانی نەتەوەی کوردە" (ئەم خاڵە لە وتوێژی ژمارەی ۱۷یشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە). سەرەڕای ئەمەش، باجوەر ئەو خاڵەی پشتڕاست کردبووەوە کە یەک لە تاکتیکەکانی دەوڵەتی ئێران، ڕاکێشانی وەفای لایەنی بەتوانای کورد و ناکوردە، بەمەبەستی هاندانی کێشە و ناکۆکییە ئەتنیکییەکان و لەهەمانکاتدا، خۆی وەک هێزێکی ئەرێنی بۆ جێگیربوون و هێمنایەتی لە ئێران پێناسە دەکات.

لە فەزای ئەمنیکراوی کوردستاندا (سلێمانی و محەمەدپوور، ۲۰۲۰) باجوەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنیا ڕێگەی خولقاندنی فەزای سیاسی بۆ کورد و پاراستنی ژینگە، بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاگرەکان و هەڕەشە و مەترسییەکانی بواری ژینگەیە. هەر ئەم باوەڕەش ناوبراوی هان دا بۆ پێنج ساڵی ڕەبەق، زۆر جار بە تەنیا، بۆ کۆژاندنەوەی ئاگرەکان بچێت و تا دواییین ڕۆژی ژیانی ئەو گۆڕەپانەی بەجێ نەهێشت. باجوەر زۆر جار دەیگوت: "کاتێک کە لەگەڵ ئاگرەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە، ڕێگەی چالاکیی

مەدەنـــی لە کوردســـتان خـــۆش دەبێت و ســـەرکوتکردنی تەواومان لەلایـــەن دەوڵەتی ئێرانـــەوە ناومکیـــن دەبـــێ" (وتوویژەکانی ژمارە ٨ و ١٠).

پەیوەندیی هەســـتیارانە و تێگەیشـــتنی چەمکیی شـــەریف لـــە چیـــای زاگرۆس، پێکگەیشتنی ناســـیۆنالیزم و ژینگەگەرایی و هەروەهـــا پەیوەندییە قوواڵـــە مێژوویییەکانی ئەوی لەگەڵ ئـــەو ئاســـۆیە زەق دەکاتەوە. ناوبراو جەختی لەســـەر ئـــەوە دەکردەوە کە: "ئاخێزگـــەی کوردان، چیاکانی زاگرۆســـە... ناسێنەیان لەگەڵ ناســـێنەی زاگرۆس گرێ دراوە" (وتوویژی ژمـــارە ٢ و هەروەها ژمارە ٦). ئـــەم بۆچوونە، پێشـــاندەری ئەرکێکی هاوبەشـــی خەڵکی زاگرۆســـە بۆ پاراستنی نیشتمانیان. شـــەریف لە ســـەرەتادا وەک پێشـــمەرگە و هێـــزی شـــاراوەی حیزبی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران (حدکا) لـــە خەباتی ناسیۆنالیســـتیدا چـــالاک بوو. بەاڵم پـــاش کۆژرانی یەک لـــە هاوڕێیانی و کۆچی یەکـــی دیکەیـــان، تەرکیزی خۆی خســـتە ســـەر چاالکییە مەدەنییـــەکان و چاالکییەکانی بواری ژینگـــە، بەاڵم بەردەوام لەسەر بڕوا ناسیۆنالیســـتییەکانی پێداگر بوو. بەتایبـــەت، ڕێکەوتی زەماوەنەکەیشـــی لە شـــازدەی ئاب -کە هاوکاتـــە لەگەڵ ڕۆژی بنیاتنانـــی حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران- هێمـــای پەیوەندیـــی بەردەوامیەتی لەگەڵ ئامانجـــی نەتەوەیـــی (وتوویژەکانی ژمارە ٢ و ٦).

باجوەر، ڕێز و خۆشەویستییەکی ئێجگار قوواڵـــی بـــۆ د. عەبدوڵڕەحمانی قاســـملوو، ســـەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران (حدکا) هەبوو؛ کەســـێک کە ســـاڵی ١٩٨٩ لەلایـــەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و لەســـەر میزی دانوســـتان لە ڤیەنا تیرۆر کرا. ناوبراو، قاســـملووی وەک مامۆســـتا و ڕێنمایەک دەبینی و کاریگەریی قاســـملوو لە ڕێبـــازی چـــەپ و داکۆکیـــی باجوەر لە مافـــی دیاریکردنی مافـــی دیاریکردنی چارەنووســـی کورددا بەئاشـــکرا دەبینرێ؛ مافێک کە باجوەر وەک مافێکی ســـەرەکی بۆ هەموو نەتـــەوە ژێردەســـتەکانی ئێران ئامـــاژەی پـــێ دەدا (وتوویژەکانی ژمـــارە ٢ و ژمـــارە ٦). ئەگەرچی بیـــر و بۆچوونەکانی باجـــوەر لەگەڵ سیاســـەتەکانی ئێســـتای حـــدکا کۆمەڵێـــک جیاوازیـــی هەبـــوو، بەاڵم لـــە زۆر بابەتـــدا لەگـــەڵ بۆچوونە مارکسیستی-لێنینیســـتییە سەرەتاییەکانی قاســـملوو یەک دەگرنەوە. قاســـملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ســـەرکوتکردن و دابەشکردنی کوردســـتان نموونەی زیندووی بەردەوامیی کۆلۆنیالیزمی کالســـیکە کە لە ســـەردەمی ئێستاشـــدا (لـــە کوردســـتان) بەردەوامە؛ دۆخێکـــی دەگمەنـــە کـــە پێکهاتـــەی کۆلۆنیالیســـتیی نەریتی لەوێدا هەر وەکوو خۆی ماوە (بڕوانە قاســـملوو، ١٩٩٦ (١٩٦٥): ٣١٨-٣٣٤). باوەڕی تەواو و بەهێزی باجوەر بە مافی دیاریکردنـــی چارەنووس و حاکمییەتی کوردســـتان دەگەڕێتەوە بۆ ئـــەم کەلەپوورە فکرییـــە. ئەم بابەتە لە پرســـەنامەیەکدا کە بۆ وەســـفی ئەو هۆنراوەتـــە و ڕۆڵی زەقی ناوبراو لە ناســـیۆنالیزمی کوردیدا پێشـــان دەدات. لـــەو هۆنراوەیەدا هاتـــووە: "تۆ بە هێزێکی پیـــرۆزەوە...".

بۆ پاراســـتنی دایکان بەرانبـــەر بە بێهیوایی فرمێسکەکان،

بـــۆ تێکەڵاوکردنـــی هاوڕێیەتییەکان لەگەڵ ڕووناکیـــی هەتاهەتایی،

بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شادی،

ســـرووەی دەگمەنـــی نەتەوە و نووســـینی حەقیقـــەت لە فرینـــی بێ کات و ســـاتی مێژ و و.

نزیـــک بە حەوت ســـاڵ پـــاش کۆچی دواییی باجـــوەر، پرســـیارێکی گرنگ دێتە ئـــاراوە. ســـەرەڕای کاریگەریـــی گرنگـــی ئـــەو لەســـەر ناســـیۆنالیزمی کـــوردی – بەشـــێوەی بەرچاوتـــر کاریگەریـــی باجوەر لەســـەر ئێکۆناســـیۆنالیزم- ئایا کەموکوڕیی ئاشـــکرا لـــە میراتـــی ناوبـــراودا بوونـــی هەیـــە؟ یەکێـــک لـــە پـــرس و کەڵکەڵە ســـەرەکییەکان، کاریگەریی ناوبراوە لەســـەر پەرەپێدانی ڕێبەرایەتیی ژنـــان لە بزووتنەوە ژینگەییەکانی کوردســـتان. ئەگەرچی گومان لەوەدا نییە کـــە هاوســـەرەکەی واتە دادە نازدار، یـــەک لە بەوەفاترین پشـــتیوانەکانی باجوەر بـــوو –کـــە بەڵێـــن و پەیمانێکی هەرمانـــی لەســـەر ئامانجەکانی ئـــەو بوو، بەشـــداریی لـــە داهێنانـــە جۆراوجۆرەکانی ئـــەودا دەکـــرد و ئامادەبوونێکـــی بەرچاو و چڕوپڕی لـــە چالاکییەکانی ئـــەودا هەبوو- بـــەڵام تێکەڵکردنـــی بـــەربڵاوی ژنان لە ڕۆڵـــی ڕێبەریدا ســـنووردار مایـــەوە. ئەم ســـنووردارەبوونە بەتایبەت ئەوکاتە ئاشـــکرا دەبێت کـــە لەگەڵ ڕۆڵـــی زەق و بەرچاوی ژنـــان لە شۆڕشـــی ژینـــا بە دروشـــمی بەهێـــزی "ژن، ژیـــان، ئازادی" لە ســـاڵی ٢٠٢٣دا، بـــەراورد بکـــرێ. ئەگەرچـــی ڕێبەرایەتـــی و بینرانـــی ژنان لە شۆڕشـــی ژیناوا، تـــا ڕادەیـــەک دەگەڕێتەوە ســـەر هەوڵە سەرەتاییەکانی کەسایەتییەکانی وەک باجوەر، بەڵام جیاوازیی بەشـــداریی ژنان لە ســـەردەمی ئەودا بەئاشـــکرا دیارە.

بـــۆ نموونـــە لە زێـــدی باجـــوەر واتە شـــاری مەریـــوان، ئەوکاتـــەی هێزەکانی ئیرشـــادی کۆمـــاری ئیسلامیـــی ئێران، بەئاشـــکرا ســـووکایەتییان بە ژنان دەکرد، پیاوانی کـــورد بە لەبەرکردنـــی جلوبەرگی ژنانە و بەنیشـــانەی یەکڕیـــزی لەگەڵ ژنان، کاردانەوەیـــان هەبـــوو؛ کاردانەوەیـــەک کە یاســـا ڕەگەزییە ســـەپێنراوەکانی دەوڵەتی ئێرانی دەخســـتە ژێر پرســـیار و پێشاندەری ســـســـتبوون و هەڵوەشـــانەوەی بەربڵاوتری پێکهاتـــە نەریتییەکانـــی کوردســـتانیش بـــوو. بـــەڵام بـــەم حاڵەشـــەوە لەچـــاو گۆڕانکارییەکانی دواتردا، بەشـــداریی ژنان لە چالاکییەکانـــی بواری ژینگە لە ســـەردەمی باجوەردا بەشـــێوەیەکی بەرچـــاو کەمتر بوو. ئەم ناکۆکییـــە دەبێتە بەســـتێنی تێفکرین و تێڕامانـــی بەربڵاوتـــر لەســـەر داینامیکە ڕەگەزییـــەکان لـــە بزووتنەوەکانـــی بواری ژینگەی کـــورد و ڕۆڵی ڕوو لە هەڵکشـــانی ژنان لە دەستنیشـــانکردنی ئـــەو ڕێچکەیە. گرنـــگ ئەوەیـــە کە ئـــەم ســـنووڕە تەنیا بە مانـــای نەبوونی دادپەروەریـــی ڕەگەزی لـــە بەرنامەی باجـــوەردا نییـــە، بەڵکوو بە ئەگەرێکـــی زۆرەوە دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەوەی پرســـە ڕەگەزییـــەکان نەدەکەوتنـــە ڕیزی کەمایەتییەکانـــی بزووتنـــەوەی ناوبراوەوە یان ســـنووڕە پێکهاتەیـــی، کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکان، وەها دۆخێکیان ئەســـتەم کـــردووە. ئـــەم کێشـــەیە نـــەک تەنیا بۆ چالاکانـــی بـــواری ژینگە، بەڵکـــوو بۆ هەر چـــالاک یـــان تاقمێکی سیاســـیی دیکە، بەدەر لە ڕێژەی توانا و خۆشەویســـتبوونیان، ســـنوور و لەمپەری جیددی دەهێنایە ئاراوە.



باجوەر، بە کراسێکی پرتەقاڵییەوە، لەگەڵ هاوسەرەکەی و هاوڕێکانی، خۆپێشاندانی نارەزایەتی لەسەر کوشتنی سەگێ

(وێڕای سپاس بۆ ئەنجومەنی سەوزی چیا)

یەکێ دیکە لەو بوارانەی پێویستی بە تێرامان هەیە، خەبات لە دژی ستراتیژیی دەوڵەتی ئێران لەسەر دووبەرەکێنانەوە و ئاژاوەگێڕییە ئەتنیکی-ئایینییە بەردەوامەکانە؛ بەتایبەت لەنێوان کورد و تورکدا. سەرەتا، دەوڵەتی ئێران لە جیاوازییە ئایینییەکان بۆ هەڵکردنی ئەم ئاگرە کەڵکی وەردەگرت، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەهۆی سیاسەتە دژەکوردییەکانی تورکیا، پەلوپۆی نوێی لێ کەوتووەتەوە. باجوەر بەجوانی لە مەترسیی هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ هاندان و هەڵگیرساندنی ناکۆکیی نێوان کورد و تورکی نێو ئەو جوگرفیایە ئاگادار بوو، ستراتیژیی "مێش کێشەیان دەناو کەوێ، پیاو دەتوانێ تێر بخەوێ" کە ئامانجی سستکردنی یەکڕیزیی نێوان ئەتنیکەکان بوو. بەم حاڵەشەوە، نە باجوەر و نە چالاکانی دیکەی بواری ژینگەی کورد یان تورک لە سەردەمی ئەودا، نەیانتوانی چارەسەرێکی ڕوون و کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە بخەنە ڕوو. ئەمەش نابێ تەنیا وەک قسوورێکی تاکەکەسی یان ڕێکخراوەیی ببینرێت؛ بەڵکوو دەرەنجامی سنوورە پێکهاتەیی، ئایینی و ژیۆپۆلەتیکییە قوواڵەکانە -هەم لە ئاستی ئێران و هەمیش لە ئاستی ناوچەکەدا- واتە ئەو شوێنەی ئاگری کێشە و ناکۆکیی نێوان کورد و تورک لەلایەن دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیاوە بەردەوام فووی لێ کراوە.

لەئەنجامدا، پێویستە سنووردارکردنی دەستەواژە سیاسی و ئامرازەکانی شیکاریی بەردەستی باجوەر و چالاکانی دیکەی کوردی پێش ساڵی ٢٠١٨ لە بەرچاو بگیرێ. لەم ساڵانەی دواییدا، ژینگەگەراییی کوردی زیاتر بەرەو دیسکۆرسی دژەکۆلۆنیالیستی چووە تا هەلومەرجی کۆلۆنیالیستیی زاڵ لەسەر ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بخاته ڕوو. ئەم وشـــەگەله که تـــازه بوونه باو، ئامرازی شـــیکردنەوەی بەهێزتریان خستووەته بەردەســـت چالاکان تا پێکگەیشـــتنەکانی ڕووخاندنی ژینگـــه، پەراوێزخرانـــی ئەتنیکی و توندوتیژیـــی کۆلۆنیالیســـتی کـــه لەلایەن دەوڵەتـــی ئێرانـــەوە پاڵپشـــتی دەکرێـــن، تاوتـــوێ بکەن. بـــەڵام بەم حاڵەشـــەوە، له ســـەردەمی باجـــوەردا وەهـــا ئامرازگەلێکی چەمکی یـــان بەردەســـت نەبـــوون و یان هێشـــتا نەگەیشـــتبوونه ئەو پێگه پێویست و بەرچـــاوەی ئاوڕیان لێ بدرێتـــەوە. هەربۆیه ئەگەرچی ژینگەگەراییی ناوبـــراو دەگەڕایەوە بۆ بیری ناسیۆنالیســـتی، زۆر جـــار لەلایەن ئێلیتـــی وڵاتـــی دەســـەڵاتدار -بەتایبەت فارســـەکان- تەنیا وەک نیگەرانییەکی تەواو ژینگەیـــی دەبینرا، نەک وەک خســـتنەڕووی پرۆژەیەکی دژەکۆلۆنیالیستی و ڕزگاریبەخش.

دەرەنجام:

ئەم توێژینەوەیه کۆمەڵێک ڕوانگەی لەســـەر گۆڕانی ناســـیۆنالیزم و خەباتـــی کوردی له چوارچێوەیەکـــی بەربڵاوتر لـــه گۆڕانکارییه کۆمەڵایەتـــی و ژینگەییەکاندا خســـته ڕوو. ئامانجـــی توێژینەوەکه تاوتوێکردنی گێڕانەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەســـەر ژیان و هەوڵەکانی باجـــوەر بوو که له ڕێگەی دروشـــمەکانیانەوە گواستراببووەوە. ئەم دروشـــمانه لایەنگەلێکی گرنـــگ دەخەنه ڕوو و بوونەتـــه هۆی گۆڕانی جەوهـــەری لـــه ناســـیۆنالیزمی کوردیدا، بەجۆرێـــک که ئـــەو ڕەوتەیـــان گۆڕیوه بۆ دیسکۆرســـێکی گشـــتگیر و کاریگـــەر که "خـــۆ"ی کۆی پێـــک هێناوه و بەشـــێوەی سروشـــتی لەگـــەڵ هۆشـــیاریی ژینگەییی کوردی گرێ دراوه. ئـــەم جیاوازییه، "خۆ"ی کـــوردی له "ئەویتـــر" و لـــه "بێگانه" جودا کردووەتەوە.

ئـــەم بزووتنەوەیـــه، نەک تەنیـــا زمانی سیاســـی، ئەدەبیات و ڕوانگەکان بەرانبەر به سروشـــتی له کوردســـتان گۆڕیوه، بەڵکوو به شـــێوەی بناغەیی، خەباتی کوردی تووشـــی گـــۆڕان کـــردووه. وەک بزووتنەوەکانی بواری ژینگـــه لـــه سەرتاســـەری جیهانـــدا، ئەم بزووتنەوەیه بەشـــێوەیەکی لێزانانه پاراستنی ژینگه، جەختکردنەوه لەســـەر ناسێنه و هەوڵ بۆ دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتیی پێکەوه تێکەڵ کردووه. لەم ڕێگەیەشـــەوه، چالاککردنەوەی ژینگەی دووباره پێناســـه کـــردووه و گۆڕەپان و ئاســـۆیەکی نوێی بۆ بەهێزکردنـــی خەباتی بەردەوامـــی نەتەوەی کـــورد هێناوەته گۆڕێ. چالاکانـــی کورد بـــه شـــرۆڤەی هەوڵەکانی بـــواری ژینگـــه وەک مەتەرێزەکانی خەبات و بەرخۆدان، تێگەیشـــتنی خۆیان له خەبات و فیـــداکاری دەربڕیوه و هەوڵەکانی خۆیان وەک "شـــەهیدبوون" له ڕێبـــازی داکۆکیکردن له ژینگەی کوردســـتان پیرۆز کردووه و ڕێزیان لێ ناون.

کۆمەڵگه له شـــاری مەریـــوان و هەموو ناوچەکانـــی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، وەک خەباتگێڕێکـــی بوێر و ســـەرۆکێک ڕێزیان له باجوەر ناوه. ئەوان بەو پۆســـتەرانەی ڕستەی "ســـەرۆک، سەیری ئاســـۆی دوور بکه؛ هیوا دەبینـــی" لەســـەر نووســـرابوو، ڕێزیان بۆ باجـــوەر داناوه. ئـــەم دەربڕینه پێشـــاندەری بڕوایان بوو که فیداکارییەکانی شۆڕشـــگێڕانی کۆمەڵگەیـــان گرنگه و خەبـــات و بەرخۆدانی

هاوچەرخی کوردان دەخاتە ڕوو، بەجۆرێک کە بیرۆکە ژینگەیی و ناسیۆنالیستییەکان هاوکات پێکەوە گرێ دراون. هەربۆیە، ئەوان ڕۆحی نەبەزی بەرخۆدانی خۆیان بە دروشمی "ڕێگەت بە هێزی زیاترەوە درێژەی هەیە" پشتڕاست کردەوە. لەڕێگەی ئەم دروشمگەلەوە، کۆمەڵگە جەختی لەسەر گێرانەوەی بەردەوامی نیشتمانی خۆی کردەوە، ئەو نیشتمانەی هەوڵێکی بێوچان و بەردەوام بۆ پاراستنی درێژەی هەیە. ئەو هاوارەیان کە "گرووپەکانی لەسێدارەدان (هێزەکانی سەر بە دەوڵەت) هەموو جەنایەتکارن" بەشێوەیەکی بوێرانە ڕۆڵ و دەوری ڕووخێنەری هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کردووە و ئەم سیستەمە چەکداریی بە تاوانبار داناوە لە بەردەوامکردنی ستراتیژیی وێرانکردنی کوردستان و کۆچی دواییی ئەو چالاکانەدا.

خۆپێشاندەران لە مەریوان، کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە کۆ ببوونەوە، کۆچی دواییی چالاکانیان وەک وێنایەک لە Habitusی کوردی هەژمار دەکرد کە ڕەنگدانەوەی میراتی مێژوویی ئێجگار گرێدراو لەگەڵ هەلومەرج و ڕاستەقینەی ئێستایان بوو. ئەم Habitusە لەڕێگەی گێرانەوە و دروشمەکانی وەک "دروێنە لە بەرانبەر ئاگردا" و "زەبری بەهێزی بەڕوو لەسەر تەور" خۆی دەردەخست و ڕەنگدانەوەی یادەوەریی بەکۆی کۆمەڵگە بوو. ئەوان لەڕێگەی هێما سەمبولیکەکانی وەک "هەڵۆی بەرزەفڕ" کە هێمای ئەو کەسانەی بوو کە لە دڵی نەتەوەدا دەبووژانەوە و چرۆیان دەکرد و "دالّە کەرخۆر"یش هێمای ئەوانەی بوو کە لەژێر زەبری حکوومەتدا بەچۆکدا دێن، خۆیان لە "ئەویتر" جودا دەکردەوە. دووپاتکردنەوەی دروشمی "دیسانیش، دیسانیش، دیسانیش" وەک کاردانەوە بەرانبەر بە بەردەوامیی مەرگی چالاکان، تێگەیشتنێکی قوڵ لە پەیوەندیی ئەم نەمانە و سەرکوتکردنی سیستەماتیکی دەوڵەتی لە کوردستان ئاشکرا دەکات. سەرەڕای هەبوونی کوشتوبڕەکان، ژێردەستبوون و وێرانکردنی ژینگە، ئەوان جێژنی خۆڕاگری و بەردەوامبوونی خۆیان لەسەر نیشتمان و زێدی باب و باپیرانیان بەڕێوە دەبرد.

چالاکە گیانبەختکردووەکانی بواری ژینگە بە "داربەڕووە کوردییە نەبەزەکان کە لە ئاگر و مەرگەوە شین بوونەوە"، دەشوبهێنران و کۆمەڵێک هێمای هەرمانیان دەخولقاند کە بە قوولی جێگەی خۆیانیان لە خەباتی مێژوویی کردووەتەوە. ئەم وێناکردنە ڕەنگدانەوەی ئەم بیرۆکەیە بوو کە تەور بە شێوەی نەخوازراو بەڕووی بڕدراو دەکاتە هێمایەکی نەمری. ولاّمی کورد بۆ لەدەستچوونی ئەم چالاکانەی بواری ژینگە، بەرخۆدانێکی قوڵ لە جۆری ئێکۆناسیۆنالیزم لە دریژەی خۆپێشاندانەکان و ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان دەخاتە ڕوو. منداڵان سروودی "شاخی بەفرین و بەرزە، بۆ ڕابردوومان ڕەمزە"یان دەخوێندەوە و ئاماژەیان دەدایە شاخەکان وەک هێما هەمیشەییەکانی خۆڕاگری و بەردوامبوون لە خەباتی مێژوویی کورددا. ئاماژەی شاعیرانە بە تەپۆڵکە و شاخەکانی کوردستان، ئەو شوێنانەی کە چالاکانی گیانبەختکردوویان

بیر دەخســـتنەوە، ڕۆح و پەیمانـــی ئەوان بۆ پاراســـتنی ژینگەی نیشـــتمانی وێنا دەکرد. ئەمەش تێکەڵاوبوونی ناسیۆنالیســـتیی ئەوان لەگـــەڵ هەوڵەکانیان بۆ پاراســـتنی ژینگەی زەق دەکـــردەوە، فیداکارییـــەک کـــە بـــە ڕەزامەندیـــی تەواوەوە بۆ پاراســـتنی ژینگە و سروشتی کوردســـتان ئەنجامیان دا و ئامادە بوون لـــەو ڕێبازەدا گیانی خۆیان ببەخشـــن.

* ئەم وتارە پێشـــتر لە ژۆرنالی Environment and Planning E: Nature and Space بڵاوکراوەتـــەوە و لەلایـــەن نووســـەر دارشـــتنەوەیەکی نوێی بۆ کراوە.

پەراوێزەکان:

١. وەرگێـــر: ئای.ڤی لیگ دەســـتەواژەیەکی ئەمریکییە کە ئامـــاژە دەداتـــە هەشـــت زانکۆی تایبـــەت و زۆر باوەڕپێکـــراو لـــە ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکا و ناوبانگـــی نێودەوڵەتییـــان هەیە و ئاســـتێکی بەرزی فێرکاری، توێژینەوە و ... ئاراســـتە دەکەن. ئەم هەشـــت زانکۆیە بریتین لە زانکۆکانی بـــراون، کۆلۆمبیا، کۆرنێل، دارتموس، هاروارد، پێنســـیلڤانیا، پرینســـتۆن و ییل.

٢. Habitus . واتـــە کۆمەڵێـــک خـــوو و خـــدە، هەڵوێســـت و خواســـتە ناوەکییەکان کە لـــە ڕێگای ئەزموونـــی ژیان، فێـــرکاری و پێگـــەی کۆمەڵایەتییەوە پێک دێن و هەڵســـوکەوت و هەڵبژاردنەکانی تاک بەبێ ئاگاداریـــی ڕاســـتەوخۆی خۆی دەبەنە پێشـــەوە.

References

1. Abrahamian E (2008) A History of Modern Iran. New York, NY: Cambridge University Press. Crossref.

2. Anderson B (1991) Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. New York: Verso.

3. Anfeng S (2009) Minoritization as a global measure in the age of global postcoloniality: An interview with Homi K. Bhabha. ARIEL: A Review of International English Literature 40(1): 161–180.

4. Aronczyk M (2024) Branding the nation in the era of climate crisis: Eco-nationalism and the promotion of green national sovereignty. Nations and Nationalism 30(1): 25–38. Crossref. Web of Science.

5. Asgharzadeh A (2007) Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist Racism, andDemocratic Struggles. Springer. Crossref.

6. Bacon JM (2019) Settler colonialism as eco-social structure and the production of colonial ecological violence. Environmental Sociology 5(1): 59–69. Crossref. Web of Science.

7. Bilgen A (2020) Turkey's Southeastern Anatolia Project (GAP): A qualitative review of the literature. British Journal of Middle Eastern Studies. Crossref. Web of Science.

8. Billig M (1995) Banal Nationalism. London: Sage Publications.

9. Bourdieu P (1990) The Logic of Practice. Polity Press. Crossref.

10. Brubaker R, Feischmidt M, Fox J, et al. (2006) Nationalist Politics and Everyday Ethnicity in a Transylvanian Town. Princeton, NJ: Princeton University Press. Crossref.

11. Bullard R (2005) The Quest for Environmental Justice: Human Rights and the Politics of Pollution. San Francisco: Sierra Club Books.

12. Celîl C (2007) Kürt halk tarihinden 13 ilginç yaprak/Thirteen interesting pages from Kurdish people's history (H. Kaya, Trans.). Istanbul: Evrensel Basım Yayın.

13. Chernilo D (2006) Social theory's meth-

23. Etienne B, Wallerstein IM (1991) Race, Nation, Class: Ambiguous Identities. London and New York: Verso.

24. Fadaee S (2011) Environmental movements in Iran: Application of the new social movement theory in the non-European context. Social Change 41(1): 79–96. Crossref.

25. Falk R (1972) This Endangered Planet: Prospects and Proposals for Human Survival. New York: Random House.

26. Formosa M (2009) Renewing Universities of the Third Age: Challenges and Visions for the Future.

27. Fowler C, Jones R (2006) Can environmentalism and nationalism be reconciled? The plaid cymru/green party alliance, 1991–95. Regional & Federal Studies 16(3): 315–331. Crossref.

28. Fox E, Miller-Idriss C (2008) Everyday nationhood. Ethnicities 8(4): 536–563. Crossref. Web of Science.

29. Gellner E (1983) Nations and Nationalism. Oxford: Basil Blackwell.

30. Ghassemlou A (1965) Kurdistan and the KURDS. Prague: Collet's.

31. Giddens A (1985) The Nation-state and Violence. Cambridge: Polity Press.

32. Giddens A (1987) Social Theory and Modern Sociology. Cambridge: Polity Press.

33. Gourlay W (2018) Kurdayetî: Pan-Kurdish solidarity and cross-border links in times of war and trauma. Middle East Critique 27(1): 25–42. Crossref.

34. Gurses M (2012) Environmental consequences of civil war: Evidence from the Kurdish conflict in Turkey. Civil Wars 14(2): 254–271. Crossref.

35. Hassaniyan A (2021) The environmentalism of the subalterns: A case study of environmental nationalism: Myth and reality. European Journal of Social Theory 9(1): 5–22. Crossref.

14. Cole L, Foster S (2001) From the Ground Up: Environmental Racism and the Rise of the Environmental Justice Movement. New York: New York University Press.

15. Conversi D, Friis Hau M (2021) Green nationalism. Climate action and environmentalism in left nationalist parties. Environmental Politics 30(7): 1089–1110. Crossref. Web of Science.

16. Crowe DM, Shryer J (1995) Eco-colonialism. Wildlife Society Bulletin 23(1): 26–30.

17. Dawson JI (1996) Eco-nationalism: Anti-nuclear Activism and National Identity in Russia, Lithuania, and Ukraine. Durham: Duke University Press. Crossref.

18. Dawson JI (2000) The two faces of environmental justice: Lessons from the eco-nationalist phenomenon. Environmental Politics 9(2): 22–60. Crossref.

19. Dobson A (2000) Political theory and the environment: The grey and the green (and the in-between). In: O'Sullivan N (ed) Political Theory in Transition. London, UK: Routledge, pp.211–231.

20. Eckersley R (2016) Environmentalism and patriotism: An unholy alliance? In: Primoratz I (ed) Patriotism. London: Routledge, pp.183–200.

21. Edensor T (2020) National Identity, Popular Culture and Everyday Life, 2nd ed. London: Routledge. Crossref.

22. Eklund L, Lange K (2018) Crisis and agricultural change in the Kurdistan Region of Iraq, 1980s–2010s: An interdisciplinary approach. In: Bahn R, Woertz E and Zurayk R (eds) Crisis and Conflict in Agriculture. CABI, 118–130. Crossref.

46. Kristeva J (1991) Strangers to Ourselves (Trans LS Roudiez). New York, NY: Columbia University Press.

47. Malloy TH (2009) Minority environmentalism and eco-nationalism in the baltics: Green citizenship in the making? Journal of Baltic Studies 40(3): 375–395. Crossref.

48. Matin K (2020) Deciphering the modern Janus: Societal multiplicity and nation–formation. Globalizations 17(3): 436–451. Crossref. Web of Science.

49. Mohammadpour A, Soleimani K (2019) Interrogating the tribal: The aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East. The British Journal of Sociology 70(5): 1799–1824. Crossref. PubMed. Web of Science.

50. Mohammadpour A, Soleimani K (2021) 'Minoritisation' of the other: The Iranian ethno-theocratic state's assimilatory strategies. Postcolonial Studies 24(1): 40–62. Crossref. Web of Science.

51. Mohammadpour A, Soleimani K (2024) The racial policies of de-development in the Middle East: A comparative study of Palestine and Rojhelat (Eastern Kurdistan). Current Anthropology 65(6): 965– 989. Crossref. Web of Science.

52. Mukryani H (2014) Sercem berhemekani Mamosta Hêmin [Collections of Mamosta Hemen. Vol. I]. Hewlêr: Çabxaney Hewlêr.

53. Nash R (1967) Wilderness and the American Mind. New Haven, CT: Yale University Press.

54. Park SS (2021) Minoritization: Why this is an issue. Situations: Cultural Studies in the Asian Context 14(2): 23–45.

55. Posocco L. and Watson I (2022) Nationalism and environmentalism: The case of Vauban. Nations and Nationalism 28(4): 1193–1211. Crossref.

56. Pulido L (1996) Environmentalism and vironmental activism in Eastern Kurdistan/ Rojhelat. Local Environment 26(8): 930–947. Crossref. Web of Science.

36. Herb GH, Kaplan DH (1999) Nested identities: Nationalism, Territory, and Scale. Washington, DC: Rowman & Littlefield.

37. Hommes L, Boelens R, Maat H (2016) Contested hydrosocial territories and disputed water governance: Struggles and competing claims over the Ilisu Dam development in southeastern Turkey. Geoforum; Journal of Physical, Human, and Regional Geosciences 71: 9–20. Crossref. Web of Science.

38. Hunt S (2021) Ecological Solidarity in the Kurdish Freedom Movement. Lanham: Lexington Books.

39. Huysseune M (2010) Landscapes as a symbol of nationhood: The Alps in the rhetoric of the Lega Nord. Nations and Nationalism 16(2): 354–373. Crossref. Web of Science.

40. Jones R, Merriman P (2009) Hot, banal and everyday nationalism: Bilingual road signs in Wales. Political Geography 28(3): 164–173. Crossref. Web of Science.

41. Kasravi A (1944) Mā va hamsāyegān [Our neighbors and us]. Parchameh-ye Haftagi 6(5): 1–5.

42. Kernalegenn T (2023) Greens and the nation: Is small beautiful? Nations and Nationalism 29(2): 432–448. Crossref.

43. Khaneiki ML, Al-Ghafri AS (2022) The circle of water justice in the history of Iran. Water Security 16: 100122. Crossref. Web of Science.

44. Khaneiki ML, Al-Ghafri AS (2024) Hydropolitical borders and division of space in the sasanian domain. Journal of Borderlands Studies 39(2): 307–327. Crossref. Web of Science.

45. Khaneiki ML, Al-Ghafri AS, Seyfi S, et al. (2023) The illusion of water justice at the expense of tourism. Current Issues in Tourism 1–5. Crossref. Web of Science.

in an Uncertain World. Basingstoke: Palgrave Macmillan.

67. Skey M (2011b) 'We knew who we were': Ecstatic nationalism and social solidarity. In: National Belonging and Everyday Life: The Significance of Nationhood in an Uncertain World. London: Palgrave Macmillan UK, pp.95–120.

68. Smith DE (2006) Incorporating texts into ethnographic practice. In: Smith DE (ed) Institutional Ethnography as Practice. Rowman & Littlefield, pp.65–89.

69. Soleimani K (2016a) Islam and Competing Nationalisms in the Middle East, 1876–1926. New York: Palgrave Macmillan.

70. Soleimani K (2016b) The Kurds and "crafting of the national selves". In: Gunter M (ed) Kurdish Issues: Essays in Honor of Robert W. Olson. Costa Mesa, CA: Mazda Publishers, pp.236–257.

71. Soleimani K (2016c) Islamic revivalism and Kurdish nationalism in Sheikh Ubeydullah's poetic oeuvre. Kurdish Studies Archive 4(1): 3–23. Crossref.

72. Soleimani K (2024) The immemorial Iranian nation? School-colonialism, nationalism, and modern Islamic thought. Contemporary Islam 18(1): 69–86. Crossref.

73. Soleimani K, Mohammadpour A (2019) Can non-Persians speak? The sovereign's narration of "Iranian identity". Ethnicities 19(5): 925–947. Crossref. Web of Science.

74. Soleimani K, Mohammadpour A (2020) The securitisation of life: Eastern Kurdistan under the rule of a Perso-Shi'i state. Third World Quarterly 41(4): 663–682. Crossref. Web of Science.

75. Soleimani K, Osmanzadeh D (2022) Textualising the ethno-religious sovereign: History, ethnicity, and nationalism in the Perso-Islamic textbooks. Nations and Nationalism 28(3): 1022–1039. Crossref. Web of Science.

Economic Justice: Two Chicano Struggles in the Southwest. Tucson: University of Arizona Press. Crossref.

57. Pulido L (2000) Rethinking environmental racism: White privilege and urban development in Southern California. Annals of the Association of American Geographers 90(1): 12–40. Crossref. Web of Science.

58. Pulido L (2016) Geographies of race and ethnicity II: Environmental racism, racial capitalism and statesanctioned violence. Progress in Human Geography 41(4): 524–533. Crossref. Web of Science.

59. Qaderi I (2015) Ātesh-e jangalhā-ye Zagros zīr khākestar-e so'ālāt [The mysterious wildfires in the forests of Zagros]. Monthly Chya 1(1): 1–8.

60. Ranjbar AM (2023) The greening of human rights in Iran: Lake orumiyeh, human rights, and environmental justice. Environment and Planning E: Nature and Space 6(2): 1214–1228. Crossref. Web of Science.

61. Rizzi A, Mollinga PP (2024) Blooming activism in a drying land: Water justice movements along river Tigris in Iraq. Political Geography 113: 103159. Crossref. Web of Science.

62. Roy S (1987) The Gaza Strip: A case of economic de-development. Journal of Palestine Studies 17(1): 56–88. Crossref. Web of Science.

63. Rumelili B (2015) Conflict Resolution and Ontological Security: Peace Anxieties. New York: Routledge.

64. Schlosberg D (2007) Defining Environmental Justice: Theories, Movements, and Nature. Oxford: Oxford University Press. Crossref.

65. Shamis A (2023) Reclaiming A.D. Gordon's deep eco-nationalism. Nations and Nationalism 29(1): 85–100. Crossref. Web of Science.

66. Skey M (2011a) National Belonging and Everyday Life: The Significance of Nationhood

76. Soleimani K, Shojai B (2025) Kurdish Paradox of Statelessness: Öcalan's Confederalism and Turkeyification Strategies. Cham, Switzerland: Springer Nature. Crossref.

77. Spivak GC (1999) A critique of Postcolonial Reason: Toward a History of the Vanishing Present. Harvard University Press. Crossref.

78. Spretnak C, Capra F (1971) Green Politics: The Global Promise. New York: E.P. Dutton.

79. Vaziri M (1993) Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity. New York: Paragon House.

80. Walker G, Bulkeley H (2006) Geographies of environmental justice. Geoforum; Journal of Physical, Human, and Regional Geosciences 37(5): 655–659. Crossref. Web of Science.

81. Wingrove-Haugland E, McLeod J (2021) Not "Minority" but "Minoritized". Teaching Ethics 21(1): 1–11. Crossref.

یادداشتەکان:

١- بـــۆ زانیاریـــی زیاتـــر لەســـەر "هیـــوا بووتیمار" بروانـــە ئـــەو ڕاپۆرتـــە فارســـییەی دۆیچـــە ولـــە: https://archive.fo/wip/uYegl

2- https://archive.fo/wip/iNyfP.

٣- ئەم بەرهەمگەلە تەنانەت لەســـەر ئیسلام و مێژووی ئیـــسلام، گریمانەی ئێجگار گومانـــاوی دەخەنە ڕوو، بۆ نموونە خەنیکـــی و ئەلغەفـــری (2022، 2024) دەڵێن: "لە ســـەدەی حەوتی زایینیـــدا، ئیسلام هاتووەتـــە ئێران و بەڵێنـــی دامەزراندنـــی کۆمەڵگایەکی یەکســـان و بێ چینایەتـــی داوە" (ل. 5). ئەم وتەیـــە لەباری مێژوویی و چەمکییەوە جێی پرســـیارە. چەمکـــی "کۆمەڵگای بێ چینایەتی" بیرۆکەیەکی مۆدێرنە کـــە لەژێر کاریگەریی گەشـــەکردنی بیرۆکەی مارکسیســـتیدا هاتووەتە ئاراوە و لەگـــەڵ ڕاســـتییە کۆمەڵایەتی-ئابووریـــیەکانی کۆمەڵگا ئیسلامیی ســـەرەتاییەکان یەک ناگرێتەوە. ســـەرەڕای ئەمەش کۆیلایەتی لە شـــەرعی ئیسلامیدا ڕێنێـــدراو بووە و ڕاشـــکاوانە لـــە قورئاندا ئیزنی بـــۆ دراوە (بـــۆ نموونە ســـوورەتی نســـا، 4:24؛ مەعاریـــج 70:30)، لە هەمووی کۆمەڵـــگا ئیسلامییەکاندا تـــا ئەو کاتەی لە ســـەدەی نۆزدەیەمـــدا و بەتایبەت بە هەوڵ و تێکۆشـــانی لۆرد کرامەر لە میســـر، کۆیلایەتی وەک تاوان ناسێندرا، وەک دیاردەیەکی یاســـایی مابووەوە.

٤- بـــۆ بینینی نموونە بـــۆ ڕەتکردنەوەی ئازەریســـازی لەلایەن چالاکانـــی تورکەوە بڕوانە ئەم ســـەرچاوانە: https://archive.fo/pls63 یـــان https://www.aparat.com/v/i73j58s

٥- ئاماژەیـــە بـــۆ ئـــەو ڕاگەیێنـــدراوەی لەلایـــەن ئەنجومەنـــی کوردییـــەوە واژۆ کـــراوە.

6 - https://t.me/chya_ngo/367.

7 - https://t.me/chya_ngo/3768.

٨- ئاماژەیەکـــە بە دوو واتا: هەم ئاماژەیە بۆ شـــاخەکان لە زمانی کوردیـــدا و هەمیش ئاماژیـــە بۆ ئەنجومەنی ژینگەپارێزی ســـەوزی چیا کە بنیاتنـــەری باجوەر بووە.

9 - https://t.me/chya_ngo/3768.

10 - https://t.me/chya_ngo/3776.

11 - https://www.youtube.com/watch?v=vJoa91ozlXk&ab_channel.

12 - https://t.me/chya_ngo/3684.

13 - https://t.me/chya_ngo/3684.

14 - https://t.me/chya_ngo/3684.

15 - https://archive.vn/YdjVe.

16 - https://archive.fo/wip/tQ5GW.

17 - https://archive.vn/uQyk5.

18 - https://www.radiozamaneh.com/455850/.

19 - https://archive.fo/wip/ts4di.

20 - https://archive.fo/u872l.

21 - https://t.me/chya_ngo/3728.

22 - Qanun, 2005, no: 645.

23 - https://archive.fo/wip/J44OD.

24 - https://t.me/sharname1/2230.

25 - https://archive.fo/dQI6Q.

26 - https://archive.fo/dQI6Q.

27 - https://archive.vn/FPD28.

28 - https://t.me/chya_ngo/3812.

29- https://t.me/chya_ngo/3842.

30- https://t.me/chya_ngo/3812.

31- https://t.me/chya_ngo/5175.

32 - https://t.me/chya_ngo/5178.

ستراتیژییەک دژ بە بزووتنەوەی کورد: کۆمەڵکوژیی ١٩٨٠کان و ئیعدامی بەکۆمەڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*

ئالان حەسەنیان و گەریت ستەنسفیلد
وەرگێڕان: دانا کۆنەپۆشی

پوختە

بەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، چەندین هەرێم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردەوەی بەربڵاوی توندوتیژانە و ژمارەیەکی بەرچاوی گیانلەدەستدانی خەڵکی مەدەنییان بەخۆوە بینی. ئەرتەشی ئێران، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و موجاهیدین، کە تاقمێکی میلیشیای ئازەریی لایەنگری ڕێژیم بوون، یەکیان گرت و تاوانی زۆریان ئەنجام دا. بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای شۆڕشدا بەهێزتر بووبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا، ڕێژیمی ئیسلامی بە ئامانجی هاڕینی بزووتنەوەی کورد و بۆ یەکدەستکردنی دەسەڵاتەکەی لە کوردستاندا، کردەوە توندوتیژ و توندئاژۆیانەکانی وەک کۆمەڵکوژی و جۆرەکانی تری کوشتنی بەکۆمەڵی لە کوردستاندا ڕێکخست و پاڵپشتیی کردن. ئەم پەرەدانە بە دەسەڵات، کە بە کۆمەڵکوژیی گوندەکان دەناسرایەوە، کاریگەرییەکی بەربڵاوی لەسەر ناوچە گوندییەکانی کوردستان هەبوو. ئەم بەشە، شیکارییەکی گشتگیر لەو ڕێوشوێنە زۆرەملێیانە دەخاتە بەردەست کە کۆماری ئیسلامی لە پێناو سەرکوتی هێرشبەرانەی جەماوەری کورد و بزووتنەوە بەرگرییەکەیدا و لە دەیەکانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێراندا بەکاری بردوون. بۆ ئەم مەبەستە، وێنەی جۆراوجۆری کۆمەڵکوژی[١] و ئیعدامی بەکۆمەڵ[٢] دەخرێنە ڕوو و پاساوی پشت ئەم تاوانانەی ڕێژیمی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەخرێنە بەرباس.

پێشەکی

دوای شۆڕشـــی ١٩٧٩ی ئێران و بیچمگرتنی کۆماری ئیسلامیـــی ئێـــران، ناوچەگەلێکی تایبـــەت لـــە ڕۆژهەلاتـــی کوردســـتان[١] دڵڕەقییەکـــی لەڕادەبـــەدەر و قەبارەیەکی زۆر لە کوژرانـــی بەکۆمەڵی خەڵکـــی مەدەنییان بەخۆوە بینـــی. هاوپەیمانییەکـــی پێکهاتوو لە ئەرتەشـــی ئێران، ســـوپای تازەدامەزراوی پاســـدارانی کۆمـــاری ئیسلامـــی و هێزێکی میلیشـــیای ئازەریی ســـەر بە ڕێژیم بەناوی «موجاهیدیـــن»[٢] ئەم تاوانانەیـــان خوڵقاند. لە پاشـــهاتی پڕ هەراوهوریای شۆڕشـــدا، کاتێک کـــە بزووتنەوەی نەتەوەیی کـــورد لە ئێراندا خەریک بـــوو تەوژم وەربگرێـــت و هاوکاتیش ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتـــی ئاڵۆز دەبوویەوە، ڕێژیم بـــە ئامانجـــی جۆراوجۆر کـــردەوەی تووندوتیژیی زبری لە ڕۆژهەلاتی کوردســـتاندا ڕێکخســـت و پشـــتیوانیی لێ کـــردن. ئەو ڕێوشـــوێنانەی گرتنییـــە بـــەر بریتی بوون لـــە: ســـرینەوەی ئێتنیکی، خســـتنەگەڕی دژایەتییەکی ئێتنیکیی کۆنترۆڵکراو و سنووردار لەنێـــوان کـــورد و ئـــازەری لـــەو ناوچانەدا کە دانیشـــتوانیان لـــە بـــاری ئێتنیکییەوە فرەچەشـــن بوون (بـــۆ وێنە لـــە پارێزگای بەناو ئازەربایجانی ڕۆژئـــاوا)، کاولکردنی ناوچە گوندییەکان کـــە مەتەریزی پێشـــمەرگە و بزووتنەوەی کورد بوون و ســـواندنی بەرەبەرەی متمانە و پشـــتگیریی کورد بۆ حیزبە سیاسییە کوردییـــەکان لە ڕێگای هەڵمەتـــی تیرۆرەوە.

مێـــژووی خەڵکی کورد بە ســـەربوردەی تاڵ و کارەساتباری وەک ژینۆســـاید، کۆمەڵکوژی و ڕاگواســـتنی زۆرەملێ دەناســـرێتەوە، کە لە بەشـــە جیاجیاکانی کوردستانی گەورەدا ڕوویان داوە[٣]. بـــۆ وێنـــە، مێژووی ئـــەم دواییانەی ڕۆژهەلاتـــی کوردســـتان بـــە زنجیرەیەک پێشـــهات و ڕووداوی دڵتەزێن دەناســـرێتەوە، کە پێشـــێلکردنی بەربڵاوی مافی مرۆڤ، وەک خاپوورکردنی گوند و شـــارەکان، کۆمەڵکوژی، ڕاگواســـتنی زۆرەملێ و ئیعدامی بەکۆمەڵ لە لایەن جووخەکانی ئیعدامـــەوە لەخۆ دەگرێت. کوردانـــی ڕۆژهەلاتی کوردســـتان لە دەیەی ١٩٨٠دا ئـــازار دران و هەوڵ درا ملکەچ بکرێن. کۆمـــاری ئیسلامیـــی ئێران بە مەبەســـتی ســـرینەوەی بزووتنـــەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێـــراندا، کـــە لەپاش ڕووخانـــی ڕێژیمی پەهلەوییـــەوە چالاکانە ســـەری هەڵدابووەوە، ســـتراتیژیی ئیعدام و کۆمەڵکوژیـــی بەربڵاو و ڕێکخراوی گرتە بەر. شۆڕشـــی ١٩٧٩ی ئێران (کە لەمەودوا بە شـــۆڕش نـــاوی دەهێنرێت) کۆتاییی بـــە ڕێژیمی پەهلـــەوی هێنا، بەڵام سیســـتەمی چەوســـاندنەوەی ڕانەگـــرت. بۆ وێنە، وەزارەتـــی هەواڵگریی کۆماری ئیسلامیی ئێران (ســـاواما) جێگای «ســـاواک»، ڕێکخراوە هەواڵگرییـــە ناوزڕاوەکـــەی پەهلەویی گرتەوە. دوای شۆڕش، ســـوپای پاســـدارانی کۆماری ئیسلامـــی زۆرێک لـــە ئەشـــکەنجەدەرانی ســـاواکی پێشـــووی گەڕاندەوە، کە بوو بەهۆی ســـەرهەڵدانەوەی قۆناغێکـــی تـــری تیرۆر و توندوتیژی.[٤]

شـــیکاریی قۆناغێکـــی دە ســـاڵە کە بە ئیعـــدام و کۆمەڵکوژییە بەرفراوانەکانی خەڵکی ئاســـایی و چالاکانی سیاســـی دەناسرێتەوە، پیشـــانی دەدات کە ئەم کـــردەوە توندوتیژانە تەنیا ئاکامی پشـــێوییەکانی دوای شـــۆڕش نەبوون، بەڵکـــو زیاتـــر هەڵمەتێکی تیرۆری سیســـتماتیک و بەرنامە بۆ دارێـــژراو بوون. ئامانجـــی ئـــەم هەڵمەتە ســـەرکوتکردن و ملکەچپێکردنـــی خەڵکی کورد و ســـزادانی

بەکۆمەڵـــی ئەوان بـــوو بەهۆی خواســـتی ئۆتۆنۆمـــی و دژایەتییـــان لەگـــەڵ کۆماری ئیسلامی. کۆمەڵکوژییەکان بەزۆری کردەوەی دەوڵـــەت بوون، بۆ ئەم مەبەســـتەش کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاســـەتی دروســـتکردنی نەیارێکـــی خەیاڵیـــی گرتە بەر، بـــۆ ئەوەی کـــورد وەک «کافر» و مەترســـی بۆ ســـەر دەوڵەت وێنـــا بکات.

ئامانجـــی ئـــەم کارە، مســـۆگەرکردنی پاڵپشـــتیی ئەرتەش، ســـوپای پاســـدارانی کۆمـــاری ئیسلامی و میلیشـــیا ناوچەییەکان و جووڵاندنـــی دانیشـــتووانی گشـــتی بوو بۆ هێرشـــی داڕێـــژراو بۆ ســـەر کوردســـتان. ئایەتوڵا ڕۆحـــوڵا خومەینـــی، دامەزرێنەری کۆمـــاری ئیسلامیی ئێـــران و ڕێبەری باڵای وڵات، بـــە دەرکردنـــی فەرمانێکی ئیسلامی (فەتوای جیهاد) لە ١٩ی ئاگۆســـتی ١٩٧٩دا، دوژمنایەتیـــی خۆی بەرانبەر بە کوردســـتان دەرخســـت. ئـــەم بڕیـــارە بوو بـــە هۆی مۆڵدانـــی زیاتر لە ١٠٠ هـــەزار چەکدار، کە زۆربەیان لـــە ناوەندی ئێرانـــەوە هاتبوون، بۆ هێرشکردنە سەر کوردســـتان. بەگوێرەی ســـێمێڵین[٣] (Semelin (2003, p. 196 «گومان لـــەوەدا نییە کە لـــە دۆخی قەیرانی جددیدا، گوتاری ئیدیۆلۆژیکیی بانگەشەبۆکراو لە لایەن دەســـەڵاتی زاڵەوە (یـــان لە لایەن ئەو تاقمانەوە کە بەدوای بەدەســـتهێنانی ئەم دەســـەڵاتەوەن) خوێندنەوەیەک بۆ دۆخەکە دەخاتە ڕوو، هەڕەشـــەکان دیـــاری دەکات و بانگەواز بـــۆ جووڵانەوەیەکی[٤] بەکۆمەڵ دەکات بە مەبەســـتی لەناوبردنیان».

هێرشـــی ڕێژیمی ئیسلامی بـــوو بە هۆی تێکچوونی تەواوەتیـــی تەناهیی خەڵکی کورد لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا. لـــە لایەکی تریشـــەوە، گوتاری خومەینی کە بریتی بوو لە «ئەوی تـــر دەبێت لەناو بچێـــت»، لە ڕێگەی جارِدانی مەترســـییەکەوە کە خـــۆی وێنای دەکرد، گرِوتینی دەســـەند. ســـەرەڕای ئەمانە، وەک ســـێمیڵن ئاماژەی پـــێ داوە (2003, p. 197): «ئەم مەترســـییە چ خەیاڵی (هاوشێوەی وێنەی مەترســـیی جوولەکەکان بۆ نازییەکان) یان ڕاســـتی (وەک بەرەی نیشتمانیی ڕواندای تووتســـییەکان) بووبێت، لەناوبردنی ئەوی تر دەبێت تـــرس بخاتـــە دڵـــەوە، چونکە ئەم هەستکردن بە مەترســـییەیە کە ڕەوایی دەدات بە تێدابردنی». دارِشـــتنی چەمکی کۆمەڵکوژیی سێمیڵن بە باشـــی بۆ ئەو ڕێگایە دەگونجێت کە تێیدا خومەینی و بژارەدە دەســـەڵاتدارەکانی ئێران بە قایمی پشـــتیان بەســـت بەو گوتار و گێرِانەوەگەلەی کە کوردی وەک مەترســـییەک بۆ ســـەر دامـــەزراوەی نوێ دەناســـاند و بوو بە هـــۆکاری جێبەجێکردنی «کوشـــتوبڕێکی ناشارســـتانییانە»[٥] لە کوردســـتاندا. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێـــران لـــە پێنـــاو گەمارۆدانی بزووتنەوەکـــە و دابەزاندنـــی وەڕی[٦] خەڵکی کـــوردەدا، کە ئـــەوکات تاقە پاڵپشـــتی ئەم بزووتنەوەیـــە بوون و ئێســـتایش هەن، زۆر بە ڕژدی پشـــتی بەســـت بە تۆقاندن و ســـزای بەکۆمەڵ. ڕێژیمی ئیسلامی ئەم ســـتراتێژییەی بە بـــەربلاوی جێبەجێ کرد.

شێوازناسی و بەکارهێنانی چەمکیانەی «کۆمەڵکوژی»

ئـــەم تۆێژینەوەیـــە لەســـەر کۆکراوەیەکی بەربلاوی ســـەرچاوە سەرەتایی و لاوەکییەکان (دواتـــرەکان) داڕێـــژراوە کـــە پەیوەندییان

بـــه پێشـــێلکردنی مافی مرۆڤـــەوە هەیە لە کوردســـتان‌دا، لەلایەن ڕێژیمـــی ئیسلامیی ئێرانـــەوە. پێشـــێلکارییە ســـەرەکییەکان، کۆمەڵکـــوژی و لەناوبردنـــی بەکۆمەڵ لەخۆ دەگـــرن کـــە بـــەزۆری لە ســـاڵی ١٩٧٩ تـــا ناوەڕاســـتەکانی دەیـــەی ١٩٨٠ ڕوویان داوە. داتـــاکان[٥] یـــان دراوە ســـەرەتاییەکان پێکهاتـــوون لـــە چەندین جـــۆری زانیاری کـــە دەگەڕێنەوە بۆ ســـەرچاوەگەلێکی وەک بەڵگەنامەکان، وێنەکان، بـــڕاوەی ڕۆژنامەکان، شـــایەتیدانەکان و خۆڕاپانامـــەکان. ئـــەم ســـەرچاوانە وردەکاریی گرنـــگ دەخەنە ڕوو کە کـــردەوەی درندانە (هۆڤانـــە) و بێڕێزیی ئاشـــکرای ڕێژیم بەرانبەر بە مافەکانی مرۆڤ دەردەخەن کە لە کۆتاییشـــدا بـــوو بە هۆی بێبەزەییەتییەکـــی بەربڵاو لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان‌دا. ئەم بەشە، ئەو ســـتراتێژییانە بە بەرفراوانـــی لێک دەداتـــەوە کە ڕێژیمی ئێران بە ئامانجی چەوســـاندنەوەی زۆرەملێ و ســـەرکوتی بزووتنەوەی بەرگریـــی کورد لە دەیەکانـــی دوای شـــۆڕش لە کوردســـتان‌دا گرتبوونییـــە بەر. لێرەدا بە هێنانە بەرباســـی نموونـــە جۆراوجۆرەکانـــی کۆمەڵکـــوژی و ئیعدامـــی بەکۆمەڵ ئەم ئامانجـــە دەپێکین. گێرانەوە و لێدوانـــی ڕزگاربووان (بەجێماوان)، شایەتحاڵەکان و ئەندامانی بنەماڵەی قوربانییانی کـــردەوە درندانەکانـــی ڕێژیمـــی ئیسلامی لە ئێـــران‌دا، بـــۆ دەرخســـتنی وردەکاریی کۆمەڵکوژییـــەکان، ئیعدامـــە بەکۆمەڵەکان و پێشـــێلکارییەکانی تـــری مافـــی مرۆڤ و هەڵمەتە ســـەپێنراوەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بایەخێکـــی زۆریان هەبـــوو. ناوەندی نەمـــران (ناوەندی نەمران بـــۆ کۆمەڵکوژی و ئیعدام لە کوردســـتان) کە لەمەودوا بە «نەمران» ناوی دەهێنرێت و ڕێکخراوێکی قازانجنەویســـتە (کاری بێبەرانبەر) و لـــە نەرویج هەڵکەوتووە، زانیاریـــی پرپایەخ و ورد بۆ ئـــەم توێژینەوەیە دەخاتە ڕوو. نەمران ســـەرنجی خســـتووەتە ســـەر بەبەڵگەکردنـــی ئیعدامـــەکان و پێشـــێلکارییەکانی تـــری مافی مـــرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان‌دا و ڕوانگەی پرپایەخ بۆ ئـــەم پێشـــهاتانە دەخاتـــە ڕوو. چەمکی کۆمەڵکـــوژی بە چەندین شـــێواز پێناســـە کـــراوە. بۆ وێنە، ئیســـرائیل چارنی [٧] هەموو کۆمەڵکوژییـــەک بە ژینۆســـاید دادەنێت. بە بۆچوونی ســـێمیلن، کۆمەڵکوژی قوڵترین و ناخەهەژێنترین دەرکەوتەی پرۆســـەی گشتیی کاولکارییـــە و هەڵمەتێکە کـــە زۆربەی کات بە شـــێوەی بەکۆمـــەڵ بەڕێـــوە دەچێت و ئەوانـــە بە ئامانـــج دەگرێت کە زیاتـــر لاواز و خەســـارهەڵگرن و هەڵیاندەتەکێنێت. هەروەها ســـێمیلن زیاتر دەڵێـــت (p. 436,2002) کـــە بـــۆ ئـــەوەی ڕوونتـــر بیـــن، دەبێت بـــە شـــێوەیەکی بەربڵاوتـــر بگەڕێینەوە بۆ پرۆســـەیەکی ڕێکخراوی هەڵتەکاندنی خەڵکی ئاســـایی کە هەم خەڵکەکە و هـــەم هەموو کەلوپەلەکانیـــان دەکاتـــە ئامانج. [...

ئەم پرۆســـەی تۆندوتیژییـــە، بەبێ ئەوەی ئاناڕشـــییانە بێـــت، بـــە دڕی تاقمێکـــی دیاریکراو ئاراســـتە کـــراوە، بەڕێـــوە براوە و پێک هاتـــووە. وەک هەڵمەتێکـــی بەکۆمەڵ دەردەکەوێـــت و زۆرجار لەلایـــەن دەوڵەتەوە (و دەســـتوپێوەندەکانیەوە) کە خواســـتی ڕێکخســـتنی وەهـــا تۆندوتیژییەکیان هەیە، هـــان دەدرێت.]

حافز[٨] باســـی ئەوە دەکات کە کۆمەڵکوژی

لە دۆخێکدا ئەگـــەری ڕووداننـــی زیاترە کە ســـێ دۆخـــی ســـەرکوتکردن هـــاوکات ســـەرهەڵبدەن: ١) ســـەرکوتی دەوڵـــەت ببێتە هـــۆکاری ســـەرهەڵدانی ژینگەیەکی سیاســـی کە دابەشـــبوون و توندوتیژی تێیدا تایبەتمەندیی ســـەرەکین؛ ٢) سەرهەڵداوان بۆ پاراســـتنی خۆیـــان لە ســـەرکوتکردن، ڕێکخـــراوی تایبـــەت بە خۆیان دروســـت دەکـــەن؛ ٣) یاخیبـــووان بـــۆ هەڵخراندنی کـــردەوە بەکۆمەڵـــە توندوتیـــژەکان کـــە ئامانجیـــان لابردنی هێزە ســـەرکوتکەرەکانە، چوارچێوە دژەسیســـتەمەکان پەرە پێ دەدەن. حافز[٩] ئـــەوە زەق دەکاتەوە کە ســـەرکوتی دەوڵەتی، بەتایبەتی ســـەرکوتی بێهەڵاواردن دژی پاڵپشـــتیکارانی بزووتنەوەکە، ژینگەیەکی گشـــتگیری توندوتیـــژی و نایەکســـانی بەهێـــز دەکات کە هەســـتێکی هاوبەشـــی بەقوربانیبـــوون و ڕەوابـــوون دەدات بـــە ســـەرهەڵداوان. ئەمەش بە نۆرەی خۆی، پاساو دەبێـــت بۆ کـــردەوە لەڕادەبەدەرەکانی تیرۆر و تۆقاندن و لە کۆتاییشـــدا یارمەتیی سەرهەڵدانی ژینۆســـاید دەدات. بـــە کەڵکوەرگرتـــن لە شـــرۆڤەکەی حافـــز (2004, p. 38) لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ ئـــەو هەڵومەرجانەی کـــە پەیوەندییان بە کۆمەڵکوژییـــەوە هەیە، دەتوانین باســـی ئەوە بکەین کە کوشـــتنی بەکۆمەڵ و کۆمەڵکوژییـــەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لـــە دوای ســـاڵی ١٩٧٩دا، بە جۆرێـــک بـــە دووپێـــوەری و توندوتیژیی ئەوپەڕگیر دەناســـرێنەوە کـــە هۆکارەکەی ســـەرکوتی دەوڵەتە. هەروەهـــا، بزووتنەوەی کورد بەرەنـــگاری ئایدۆلۆجیـــا و ئۆتۆریتەی کۆمـــاری تازەدامـــەزراوی ئیسلامیی ئێران بووەوە و وەڵامی ســـەرکوتی دەوڵەتی دایەوە. کەڵکوەرگرتنـــی بێهەڵاواردنـــی دەوڵەت لە توندوتیـــژی دژی خەڵکی کورد، کەشـــێکی دڵەڕاوکێـــی دەگواســـتەوە کە بـــوو بە هۆی مردنی هەزاران کەســـی مەدەنـــی لە ناوچە و پارێزگا جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان‌دا. ئەگەریـــش ســـڕینەوە نەبووبێت، دیســـان ویستی قوول بۆ «دەســـتەمۆکردن» لە هەموو پرۆســـەکەدا بەرچـــاوە کـــە ئاکامەکەی بوو بە کوشـــتنی کورد، بەبـــێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کـــە خەڵکـــی مەدەنی بـــوون یان بەســـترابوونەوە بە بزووتنـــەوەی کوردییەوە. کۆمەڵکوژییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان‌دا، بەکاربردنـــی سیاســـییانەی زەبروزەنگ [١٠] بوو لەلایـــەن کۆماری ئیسلامیـــی ئێرانەوە و دەســـەڵاتدارەکان هەڵومەرجێکیان خوڵقاند کە تێیدا دەســـت بـــۆ ئەم تاوانانـــە ببرێت. پڕوپاگەنـــدە ڕۆڵێکـــی ســـەرەکیی هەبوو بۆ جێبەجێکـــردن و داتاشـــینی پاســـاوی ئاوەزمەندانـــە بۆ ئـــەم کـــردەوە تونـدوتیژانە. ئامانجـــی سیاســـی، ســـەربازی و ئابووریی دیاریکراو، هانـــدەری ئەو کـــردەوە بەربڵاوە توندوتیـــژ و کاولکارییانـــە بوون کە بەســـەر دانیشتووانی ئاســـایی، ماڵوحاڵ و کەڵوپەلیاندا ســـەپێنران. لە وەها بەســـتێنێکدا، چەمکی لەناوبردنی خەڵکی مەدەنـــی[٧] لەبارترە، لەبەر ئەوەی لایەنـــی جۆراوجۆر لەخـــۆ دەگرێت؛ وەک تێدابردنی تاکە پرشـــوبڵاوەکان، ڕێکخراوە دامـــەزراوەکان و تەنانەت هەموو کۆمەڵگەکان[٨]. هەمـــوو کات بەدوای ئەم جۆرانە لە ســـزادانی بەکۆمەڵ و خاپووردنانـــەدا، پەیوەندییەکی ناهاوتـــا لـــە نێـــوان تاوانبـــار و قوربانیدا دەردەکەوێـــت. ئەم کاولکارییـــە یەکلایەنەیە

که حکوومـــەت و دامـــەزراوە دەوڵەتییەکان بەڕێوەی دەبەن، ئـــەو تاک و تاقمانە بە ئامانج دەگرێـــت کـــە ناتوانن بەرگری لـــە خۆیان بکـــەن. لێـــرەدا ئامانج ئەوەیە کـــە خەڵکی مەدەنی بمرن و بەشـــێک لـــە کۆمەڵگەیەک هەڵتەکێنرێـــت، تاوەکوو ئـــەوەی لێی بەجێ مـــاوە بەتەواوەتـــی دەســـتەمۆ ببێـــت. بە واتایەکی تر، ئەمە ســـتراتێژیی «هەڵتەکاندن لە پێناو دەســـتەمۆکردن»دایە.[١١]

بە بـــاوەڕی باتچـــەر[٩] (p. 256, 2013)، دەمێکـــە ڕافایل لێمکیـــن[١٠] وەک داڕێژەری چەمکـــی ژینۆســـاید و بەرگریـــکاری ســـەرەکیی ڕێککەوتننامەی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتـــووەکان بـــۆ ڕێگریکـــردن لـــە تاوانی ژینۆســـاید و ســـزادانی ئـــەو تاوانە ناوی دەهێنرێـــت. بۆیـــە، تێکەڵکردنی ڕاڤە تیۆرییەکـــەی لێمکین لەســـەر نەتەوەکان، بـــۆ وێنە [بابەتی] ژینۆســـاید، لەم بەشـــەدا بایەخێکـــی تایبەتیی دەبێـــت. لێمکین لە تۆژینەوەکەیدا لەســـەر ژینۆســـاید، لە پاڵ هۆکارەکانـــی تـــردا، بایەخـــی فەرهەنگیی خەڵک لـــە خۆناســـاندنیاندا و هەروەها ئەو جێگە فیزیکییەی کە تێیدا نیشـــتەجێبوون و پەیوەندییـــان لەگەڵیدا هەیـــە زەق دەکاتەوە. بـــۆ وێنـــە: «پێداگرییەکەی لەســـەر جێگە فیزیکییەکەی قوربانییەکان و ئەو شـــێوازانەی کە لـــە ڕێگەیانـــەوە ژینۆســـاید بـــە هۆی تێکدانـــی جێگەکەوە بەرەوپێـــش دەچێت، گرێدراوییەکـــی گرنـــگ لـــە نێـــوان بواره جۆراوجۆرەکانی تەکنیکە ژینۆســـایدییەکانی ئەودا دروست دەکات، ئەمەش تایبەتمەندییەکی هاوبەشـــە کە لـــە ڕێگەیـــەوە دەکرێت لە هاوپەیوەندییەکانیـــان تێبگەیت»[١٢] . لێمکین پێی وا بوو کە پەیوەســـتبوونی نێوان خەڵک و ژینگە فیزیکییەکەیـــان لـــە پێکهێنانی شوناســـی نەتەوەیـــی و فەرهەنگییانـــدا زۆر گرنـــگ بـــووە؛ کەواتـــە، بەئامانجگرتـــن و تێکدانی ئەم پەیوەســـتبوونە یەکێک لـــە بەهێزترین شـــێوازەکانی جێبەجێکردنی ژینۆســـایدە. لـــەم ڕوانگەیـــەوە دەســـتدرێژی، یەکێک لـــە دوو مەرجـــی کاولکاریی ڕاســـتەقینەی کۆمەڵگـــە یـــان دابڕاندنـــی ئەندامەکانی لە جێگـــە فیزیکییەکەیـــان لەخـــۆ دەگرێت کـــە لـــە ڕێگـــەی دوورخســـتنەوە یـــان ڕاگواســـتنی زۆرەملـــێ جێبەجـــێ دەبێت. بۆیە، تێگەیشـــتنی لێمکین لە ژینۆســـاید لە بنبڕکردنـــی فیزیکیی تاقم یـــان کۆمەڵێک، وەک لە وێنەی ســـڕینەوەی ئێتنیکیدا هەیە، بەربڵاوتـــرە؛ بەڵکـــوو کردەوەگەلی تری وەک دەســـتدرێژی بۆ ســـەر جێگـــەی فیزیکیی نیشـــتەجێبوونیش لەخۆ دەگرێت. لێرەدا بە وێناکردنی ڕوانگەی لێمکین لەسەر ژینۆساید، دەکرێـــت بڵێین کـــە هەوڵـــی بکەرەکانی [ژینۆســـاید] بـــۆ تێکدانـــی گرێدراوییـــە شـــوێنییەکانی کۆمەڵگەیـــەک لـــە ڕێگەی جێگۆڕکێپێکردنیانـــەوە، کردەوەیەکی ڕوونی ژینۆســـایدە[١٣]. ســـەرەڕای ئەوەش، دەکرێت باســـی ئەوە بکەین کە بـــە لەبەرچاوگرتنی ڕوانگـــەی بەربڵاوتـــری لێمکین لەســـەر درندەییـــەکان، ڕەفتـــاری ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ کورد لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان‌دا کە لەناوبردنی بەکۆمەڵ، کوشـــتنی بەلێشاوی گوندییـــەکان، دوورخســـتنەوەی زۆرەملێ و ڕاگواســـتن لەخۆ دەگرێت، نـــەک تەنیا وەک کۆمەڵکـــوژی، بەڵکـــو وەک ژینۆســـایدیش هەژمـــار دەکرێت.

ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک تاقیگەیەکی تۆندوتیژیی دەوڵەتی

دەستدرێژییە سەربازییە بەرفراوانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی پاش شۆڕشدا، کوردستانی کرد بە ناوچەی شەڕ و ئامانجی سەرەکیی درندەییەکانی ڕێژیم. سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گیانیان لەدەست دا، ترس لە تۆندوتیژیی ئەرتەش، سوپای پاسداران و میلیشیا پاڵپشتەکانی ڕێژیم، بوو بە هۆکاری جێگۆڕکێی (ئاوارەبوونی) ژمارەیەکی زۆری کورد. هۆکاری سەرەکیی ئەم کردەوە تۆندوتیژانە ئەو ڕاستییە بوو کە کوردستان وەک مەتەرێزی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوت و تێگەیشتنی کورد بۆ گۆڕانکاری، گیرانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و ناسەرەکی[۱۴] بوو کە ڕاستەوخۆ گرفتی بۆ ئۆتۆریتە و بنەماکانی ئایدۆلۆجییەکانی ڕێژیم دروست دەکرد. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە مانگەکان و ساڵانی دوای شۆڕشدا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی تری ئێراندا چەندین کوشتوبڕی بەڕێوە برد. نوێنەرایەتییەک لە فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ (FIDH)[۱۱]، بە سەرۆکایەتیی کریستیان ڕۆستۆکر[۱۲] (داکۆکیکارێکی فەرەنسی و جێگری سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەکە) لە ۹ی ئاگۆست تا ۸ی سێپتەمبەری ۱۹۸۳، لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ئەنجام دا. ئامانجی ئەوان کۆکردنەوەی زانیاری و نووسینی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بوو لەسەر دۆخی ئەوکاتی مافی مرۆڤ و نموونەکانی پێشێلکاری لەناو وڵاتدا. بەهۆی ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕەتی کردەوە قیزا بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بدات، شاندی فیدراسیۆنەکە لە ڕێگەی تێپەڕین بەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی کوردبوون و بە یارمەتیوەرگرتن لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، چوونە ناو ئێران. سەرەڕای مەترسییەکانی سەر ڕێگا و هەڵومەرجە داخراوەکە، لێژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، لە سەرەتادا سەرنجی خستە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی مەهاباد و دەوروبەری. شاندەکە لەگەڵ نیشتەجێبووانداو وتوێژی کرد و نموونەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤی بەڵگەدار کرد کە لە کۆتاییدا بوو بە ڕاپۆرتێکی بەرفراوان لەسەر دۆخی هەرێمەکە.

پرۆسەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، پێویستی بە کۆکردنەوەی شایەتیدانی ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکان و هەروەها کەسوکاری ئەو قوربانییانە بوو کە لەناو برابوون. ڕاپۆرتی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ (p. 16 ,1983) باس لەوە دەکات کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە نێوان دێسامبری ۱۹۸۲ تا سێپتامبری ۱۹۸۳، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیاتر لە ۱۸۰۰ کەسی مەدەنیی لەناو بردووە و چالاکانی سیاسیی خستووەتە بەندیخانەوە. سەرەڕای ئەوەش، سەرچاوە نافەرمییەکان ئاماژە بە ژمارەیەک دەکەن کە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە لە زانیارییەکانی ناو ڕاپۆرتەکەی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ. ئەم

ڕاپۆرتە[١٥] بواری ڕەخساند بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی ڕەفتاری خراپ و زبری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردا و بەتایبەتی بوو بە هۆی ئەوەی ئەو پرسیارە بکرێت کە چۆن دەکرێت ئەم ژمارە زۆرە لە پیاو، کوڕ و کچی تەمەن نێوان ١٤ بۆ ١٨ ساڵ بەو ساناییە لەناو ببرێن و: «جیا لە تیرۆریزمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دژی کەمینەیەک، چەمکێکی تر هەیە بۆ پێناسەکردنی ئەم دۆخە؟ یان ئایا کۆماری ئیسلامیی شیعە شەڕێکی پیرۆزی لە دژی ئەم پێکهاتە سوننەیە دەست پێ کردووە؟ بەگشتی، وا دەردەکەوێت کە کوردبوون لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هۆکارێکی بەسە بۆ بەڕێوەبردنی تووندوتیژییەکی زۆری وەها.»

ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی نێونەتەوەییی مافی مرۆڤ دەری دەخات کە لە مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری، ٤٥٠ کەس، لەوانە پیاو، ژن، لاو، کچ و کوڕی تازەلاو، سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپێنراوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەسەڵاتداران تەرمەکانیان نەداوەتەوە بە بنەماڵەکانیان، بەڵکو لە بری ئەوە، تەرمەکانیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا و لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاردووەتەوە و لە هەندێک نموونەشدا لە شارەکانی وەک تەورێز سووتاندوویانن.

ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی نێونەتەوەییی مافی مرۆڤ (pp. 19–20 ,1983) باس لەوە دەکات کە بەهۆی زۆربوونی بەندکراوەکان لە کوردستان‌دا، [دەسەڵاتداران] بە ناچار مزگەوت، خوێندگە و باڵەخانەی شوێنە گشتییەکانی تریان بە هاوبەشی و لە یەک کاتدا کردووەتە ناوەندی بڕیاردانی سەربازی و بەندیخانە. سزای مردن بە خێرایی، لە ماوەی نێوان دوو بۆ بیست خولەکدا و بە پێداچوونەوەیەکی کورتی حاکمی شەرع[١٦] دەردەکرا. قوربانییەکان بە سەختی بە گوللە پێکرابوون و ئازاری تووندی جەستەیی درابوون، بە جۆرێک کە بۆ بنەماڵەکانیان نەدەناسرانەوە. هەروەها بەر لەوەی ئیعدام بکرێن، خوێنی قوربانییەکانیان لێ وەردەگیرا بۆ ئەوەی بدرێت بە ئەندامە بریندارەکانی سوپای پاسداران[١٧] یەکێکی تر لە ڕەهەندە ئاڵۆزکەر و بێبەزەییانەکانی ئەم ئیعدامانە، تۆقاندنی سیستماتیک و گوشاری دەروونی بوو لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ دابەزاندنی وەی بنەماڵەی قوربانییان و هەروەها کۆمەڵگەی کوردی. کەواتە، بۆ تێگەیشتن لە ئاستی دڕندەیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، گرنگە شیکارییەکەی سێمیلێن لەبەرچاو بگرین کە بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە ئامانجی کۆمەڵکوژی زیاترە لە کردەوەیەکی سادەی سڕینەوەی ئێتنیکی یان ئازاری جەستەیی، بەڵکو مەبەستێکی دەروونیش وەدی دەهێنێت[١٨].

هێرشکردنە سەر پاوە؛ هەڵکشانی لەناکاوی ئیعدامگەلی بەکۆمەڵ

لە کوردستان لە ساڵانی پاش شۆڕشدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی کرد بە سزادانێکی بەکۆمەڵی لەڕادەبەدەر و بێهەڵاواردن و هەروەها وەک ئەوەی لە پرسی کوردا کردی، مافەکانی مرۆڤی نەیارەکانی تریشی پێشێل کرد. زۆر

هۆکار پاڵنەری ئەمە بوون، لەوانە ترسی رێژیم لە داخوازیی ئۆتۆنۆمی لەلایەن خەڵکی کوردەوە و ترس لەو بزووتنەوەیەی کە کورد لە پێناو پرسەکەیدا هەیبوو، هەروەها تێرۆانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کوردستان وەک تاقیگەیەک بۆ جێبەجێکردنی تیرۆر و ستراتێژییە توندوتیژەکانی تری خۆی. کەواتە، ئەم هەڵومەرجانە ساڵانی دوای شۆڕش لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەن بە سەردەمێکی جێی بایەخی تایبەت. لەم قۆناغەدا، ژیان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە سزادانی بەکۆمەڵ دەناسرێتەوە کە دەرکردن و جێگۆڕکێی (ئاوارەبوونی) زۆرەملێی ناوخۆیی، لەناوبردنی بەربڵاو و زۆر نموونەی کۆمەڵکوژی لەخۆ دەگرێت. لە بەشەکانی دواتردا هەوڵ دەدرێت کە نموونەی هەرکام لەوانەی ئاماژەیان پێ کرا بخرێنە ڕوو، بۆ ئەوەی دۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی پاش شۆڕشدا وێنا بکرێت. ئەم نموونانە ئەو گۆڕاوانە[۱۳] کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و دانیشتووانی کوردستان لە ئێرانی دەیەی ۱۹۸۰ و دەیەکانی دواتردا، ڕوون دەکەنەوە.

پاش هێرشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پاوە و داگیرکردنی، رێژیم دەستی دایە درندەییەکی بێوێنە لەم شارە بچووکەدا[۱۹]. فەرمانی جیهادی خومەینی کوێرانە گوللەی باراند بەسەر پاوەدا و بوو بە هۆکاری کوشتنی بەربڵاوی خەڵکی مەدەنی. ئەم کردەوە درندانانە بە بەرپرسیارێتیی کەسانی وەک مستەفا چەمران و شێخ محەممەد سادقی گیوی (ناسراو بە خەڵخاڵی، یان قەسابی کوردستان) بەڕێوە چوون. لە ۳۱ی مارسی ۱۹۷۹، بزووتنەوەی کورد ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بایکۆت کرد، ئەمەش ناردنی خەڵخاڵیی بۆ کوردستان خێراتر کرد، بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە و دەسەڵاتێکی زبر بەسەریاندا بسەپێنێت.[۲۰]

بەگوێرەی گێڕانەوەکانی گەلاوێژ حەیدەری[۲۱] کە هاوژینەکەی (حەبیب چراغی) و چەند کەسێکی تر لە ئەندامانی بنەماڵەکەی، یان لە گوللەباران‌کردنی شارەکەدا یان بە سزای لەناوبردنی سەپێنراو لەلایەن خەڵخاڵییەوە کوژران: «سروشتی چڕ و بەربڵاوی ژینۆسایدەکەی پاوە بەرچاو و زەق بوو. ڕێژیم بە شێوەیەکی سیستماتیک هەموو پیاوانی قەڵاچۆ کرد کە بوو بە هۆی ئەوەی بۆ بەشداری‌کردن لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی قوربانییانی ئەو درندەییەدا، پیاو دەست نەدەکەوت». حەیدەری (۲۰۰۹) نەترسانە بەرانبەر بە بێڕەحمییەکەی خەڵخاڵی وەستایەوە: «هۆکاری کوشتنی هاوژینەکەم لە خەڵخاڵی پرسی. ئاوا وەڵامی دایەوە کە: "ئەگەر کەسی پرسیارلێکراو سووچی نەبووبێت، دەبێت بە شەهید و دەچێتە بەهەشت، بەڵام ئەگەر گوناهباریش بووبێت، ئەوا پێشتر سزای خۆی وەرگرتووە"». سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و ئەرتەش کە پاڵنەرێکی بەهێزیان هەبوو بۆ توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە، ڕاسپاردەی کۆمەڵکوژییان لە پاوەدا جێبەجێ کرد. هاوواڵتییانی شارەکە لە قەبارەی کوشتوبڕ و ئەو بێبەزەییەی

کـــه لەلایـــەن ئەرتـــەش و چەکدارەکانەوە دەنوێنـــرا، تۆقیبوون.

فەتوای جیهاد کـــه لەلایەن خومەینییەوە ڕاگەیەنـــرا و فەرمانـــی ســـەرکوتکردن و کوشـــتنی بێســـنوور بوو، پاســـاوی بۆ ئەم کردەوە بێبەزەییانەیە دەهێنایەوە. ســـەرەڕای بۆردومانکردنـــی شـــارەکە و ئـــەم کردەوە تووندوتیـــژە لەڕادەبەدەرانەی ئەرتەش و ســـوپای پاســـدارانی کۆماری ئیسلامـــی، خەڵخاڵی لە ماوەی ســـێ ڕۆژدا ســـزای ئیعدامی ٢٨ کەسی جێبەجێ کـــرد. [٢٢] (August 1987 22-19).

ئیعدامە بەکۆمەڵەکان و بێڕێزیکردن بە گۆڕەکان

سەرەڕای هێرشە ســـەربازییەکان و گەمارۆی سەر شـــار و گوندەکانی کوردستان، ڕێژیمی ئیسلامیـــی ئێـــران کاتێک لـــە ناوچەیەکی ئەم هەرێمەدا دەســـەڵاتی خۆی دەســـەپاند، دەستبەســـەرکردنی بـــەردەوام و خۆســـەرانە و لەناوبردنـــی بـــەربڵاوی وەک دوو شـــێوازی ســـزادانی بەکۆمەڵ جێبەجـــێ دەکرد. وەک لە زۆرێـــک لە حاڵەتەکانـــدا دەرکەوت، هیچ هەرێـــم یـــان پارێزگایەک لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان‌دا لە درێندەیی ڕێژیـــم پارێزراو نەبـــوو. گێرانەوەی دایک و بـــاوک، ئەندامانی بنەماڵـــە و کـــەسوکاری تـــری قوربانییانی کۆمەڵکوژییـــەکان و لەناوبردنە بەکۆمەڵەکان، بۆ تێگەیشـــتن و دەستخســـتنی ڕوانگەیەک ســـەبارەت بەم ڕووداوانە و پێشهاتەکانی تریش کە ئاکامی درێندەیی ڕێژیم لە کوردســـتان‌دا بـــوون، زۆر بەکەڵکن. ئـــەم گێرانەوانە دەری دەخەن کـــە ڕێژیم بە بەردەوامـــی بەندکراوە کوردەکانـــی لەو بەندیخانانـــەدا ڕادەگرت کە (بەزۆری) لـــە هەرێم و پارێـــزگا دوورەکانی دەرەوەی کوردســـتان‌دا بـــوون. ئەو دۆخەی ئـــەوان ئەزموونیان کرد، بە ئەشـــکەنجەی زۆر و برســـێتیی تاقەتپڕووکێندا دەناســـرێتەوە. لە ڕووی مێژوویـــیـــەوە، ڕێژیم لە کوردســـتان‌دا تێـــوەگلاوە لـــە کردەوەگەلێکـــی وەک: ســـووکایەتیکردن، هەراســـانکردن، نەدانەوەی تەرمی کەســـە ئیعدامکـــراوەکان و داواکاریی بـــەردەوام لە بنەماڵەکان بۆ دانـــەوەی پارەی تێچـــووی ئـــەو گوللانەی کە بۆ کوشـــتنی ئازیزانیـــان بەکار هێنـــراون. دایکی هـ. و.-ی تەمەن ١٨ ســـاڵ و ئـــ س.-ی تەمەن ٢٠ ســـاڵ کە خەڵکـــی مەهابادن، باســـی لەوە کرد کـــە کوڕەکانـــی دەستبەســـەر کراون، ئەشـــکەنجە دراون و دواتر لە دەیەی ١٩٨٠دا لـــە ناوەنـــدی بەندیخانەی ورمـــێ‌دا ئیعدام کراون. لە ســـاڵی ١٩٨٠دا، تووندوتیژییەکانی سوپای پاســـدارانی کۆماری ئیسلامی گیانی مێـــرد و کوڕە گەورەکەی ئەم دایکەشـــی لێ ســـەندن. ئەم دایکە[٢٣] گێرانەوەیەکی کەسیی خۆی و بەشـــێک لـــە گفتوگۆکانی لەگەڵ کوڕە دەستبەســـەرکراوەکانیدا و هەڵومەرجی پێـــش ئیعدامکردنیـــان دەخاتە ڕوو.

«مـــن دوو جـــار لـــە مەهاباد و ســـێ جاریـــش لـــە بەندیخانەی ورمـــێ بینیمن. جێگای برینم بەســـەر دەســـت، مەچەک و باڵیـــەوە بینی کـــە لەوەدەچوو بـــە جگەرە ســـووتێندرابێت. هەردووکیان ڕوخساریکی زۆر ماندوویان بوو و ڕەنگیان بـــە ڕووەوە نەمابوو. ئەوان وەها بەســـەرهاتی خۆیـــان گێرایەوە کە ١٦ ڕۆژ لە ژووری تاکەکەســـیدا ڕاگیراون کە تێیـــدا چاویان بەســـترابووە و نەیانتوانیوە ڕابکشـــێن. لە ماوەی دەستبەسەرییەکەیان

لـــه ورمێدا ئێمـــه خواردنمان بـــۆ دەناردن بەڵام هیچکات بە دەســـتیان نەدەگەیشـــت. ئـــەوان دوای ئـــەوەی دوو پاســـدار کوژران [لەشـــەڕ لەگەل شـــەڕڤانە کـــوردەکان‌دا] کوڕەکانی منیـــان ئیعدام کـــرد. دوای ئەوە ئێمە بـــەردەوام هەوڵمان دەدا کە تەرمەکانیان لـــە بەندیخانەی تەورێـــز وەربگرینەوە، بەڵام ئـــەوان زۆر بـــە پێداگرییـــەوە داخوازەکەی ئێمەیـــان ڕەد دەکردەوە .»

ئەم گێڕانەوانـــە دەری دەخەن کە ڕێژیم لە مـــاوەی دەیەی ۱۹۸۰دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە کەســـانی نێـــوان ۱۶ بۆ ۲۰ ســـاڵی لەناو بردووە. ڕێژیم لە ڕێگـــەی ڕاگەیاندنەکانیەوە، ئـــەو دانپێدانانـــەی بڵاو دەکـــردەوە کە بە زۆر و لەژێر ئەشـــکەنجەدا لێـــی وەردەگرتن. ئامانجەکانیشـــی بریتی بوون لە بڵاوکردنەوەی تـــرس و دڵەڕاوکـــێ، پاســـاوهێنانەوە بـــۆ لەناوبردنەکان و بچووککردنەوەی پرســـی کورد و خواستی ئۆتۆنۆمییەکەی. تۆژینەوەکانی پێشووتر دەریان خســـتووە کە ڕێبەرەکانی ســـوپای پاســـداران، تاکتیکە توندوتیژەکانـــی خۆیان لە ئەزموونی کوردســـتانەوە دەســـت خستووە و تێیدا شـــارەزا بوون؛ لە دواییشـــدا، ئەم هەڕێمە بوو بـــە «تاقیگەیەک بـــۆ توانـــا دڕندانەکانی ڕێژیم بۆ تێکشـــکاندنی هەر جـــۆرە بەرگری و ناڕەزاییـــەک بەرانبەر بە سیاســـەتەکانی[۲۴]». لە نموونەیەکی تـــردا، دایکـــی ج. س.، ژنێک لە شـــاری مەهاباد، پێداگریـــی کرد کە کوڕەکـــەی وەک باربـــەر کاری دەکرد و لە پرسە سیاســـییەکاندا بەشـــداریی نەکردبوو. لەگەڵ ئەوەشـــدا، تاوانی چالاکیی سیاســـی هۆی دەستبەســـەرکردنەکەی بوو لە شوباتی ۱۹۸۴دا کە ســـزای ئیعدامکردنـــی بەدوادا هـــات. کوڕەکەی لـــە تەمەنی ۱۷ ســـاڵیدا ئیعدام کـــرا. دایکـــی ج. س. دەگێڕێتەوە[۲۵]:

مـــن دوای ۱۴ ڕۆژ لە بەندکرانی کوڕەکەم، ڕێـــگام پێـــدرا لـــە ناوەنـــدی بەندیخانەی مەهاباد چاوم پێبکەوێت کە بەســـەریەکەوە بـــۆ ۴۰ ڕۆژ لەوێـــدا ڕاگیـــرا. ئـــەوان دواتر ج.س-یان گواســـتەوە بۆ بەندیخانەی ورمێ. شـــینبوونەوە بـــە ڕیز بەســـەر دەســـت و دەموچاویەوە دیاربوون. ســـەرەڕای ئەوەی لە ڕێگای سیســـتەمی بەندیخانەوە خواردنمان بۆ دەنارد، بەڵام ئاماژەکانی برســـییەتیی لێ دیار بوو و ڕەنگپەڕیـــو و لاواز بووبوو. ناچارکرابوو دانبنێت بـــە ئەوەدا کە دوو جـــار لە حیزبی دیموکراتی کوردســـتان ڕاهێنانی وەرگرتووە و لە چەند پێســـپێردراودا بەشـــداریی کردووە .بەرپرســـەکان ئەویـــان ئیعدام کـــرد، بەڵام ســـەرەڕای هەوڵـــی زۆرمان بـــۆ وەرگرتنی تەرمەکـــەی، ئەوان وەڵامیـــان نەدایەوە.

جگـــە لـــەوەش، گێڕانـــەوەی بنەماڵەی ئـــەو کەســـانەی کـــە کەسوکارەکەیـــان قوربانیی دڕندەییەکانـــی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بـــوون، دەری دەخات کـــە لە دەیەی ۱۹۸۰دا، ڕێژیم ژمارەیەکـــی زۆری تازەلاوی ئیعـــدام کـــردووە. ژنێکی کـــوردی تر کە بە دایکی ک. س. ناســـراوە[۲۶]، ئاماژەی بەوە کرد کـــە کوڕەکەی، لـــە کاتـــی کوژرانیدا قوتابییەکی تەمەن ۱۵ ســـاڵە بـــووە. ئەو بۆ مـــاوەی ۴۰ ڕۆژ لە مەهاباد دەستبەســـەر کرا و دواتـــر گوازرایـــەوە بۆ بەندیخانـــەی ورمێ. لە قســـەکانیدا ئـــەم دایکە کـــوردە دەڵێت: «لەوێـــدا، چاوم پێـــی کەوت و لە پشـــت شووشـــەوە و بـــە تەلەفۆن قســـەم لەگەڵ

کرد. ئەو بە ڕاکێشانی ئوتوو[14] بەسەر شان، ڕان و دەستیدا ئەشکەنجە درابوو. بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ لە ژووریٚکی تاکەکەسیی دابڕاو و بچووکدا ڕاگیرابوو کە جێگەی پاڵکەوتنی تێدا نەبوو. لە هەموو ئەو ماوەیەدا چاوی بەستراوبوو و هیچ خواردنێکی پێ نەدرابوو. دوای ئیعدامکردنیشی، تەرمەکەیان پێ نەدایەوە».

لە کوردستان‌دا، ئامارزای سەرەکیی لەناوبردنەکان دەستەکانی گوللەباران‌کردن[15] بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەی وردی کوژراوەکانی ئەم ئیعدامانە لەبەر دەستی ڕای گشتیدا نییە. لەناوبردنی یازدە کورد (کە زیندانیی بریندارییشیان تێدا بوو) لە فڕۆکەخانەی سنە لە ٢٧ی ئاگۆستی ١٩٧٩، یەکێکە لە نموونەکانی ئیعدامی بەکۆمەڵ کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەڵگەدار کرا و سەرنجی نێونەتەوەییی خرایە سەر. هەفتەیەک دوای ئیعدامە بەکۆمەڵەی ئاماژەپێکراوەکە، ٤٧ کوردی تر کە ژن و پیاویان تێدا بوو، لە ٢ی سێپتامبری ١٩٧٩دا لە سنە بران بۆ گوللەباران‌کردن. هەروەها، زۆر کەسی تر لە سەقز هەمان چارەنووسیان هەبوو. قوربانییەکانی سەقز دوو خوشکیان تێدا بوو بە ناوەکانی شەهلا و نەسرین کەعبی کە هەردووکیان پەرستار و خەڵکی مەدەنی بوون و بەبێ دادگاییکردن ئیعدام کران[27]. بەگشتی، خەڵکی ناکورد (لە دەرەوەی کوردستان) ئاگاداری ئەم ئیعدامانە و وردەکارییەکانیان نەبوون. لە ماوەیەکی دیاریکراوی هاوینی ١٩٨٣دا، ٦ ڕووداوی ئیعدامی بەرفراوانی بەندکراوە سیاسییە کوردەکان ڕوویان دا. لەم ڕووداوانەدا، دەستەکانی گوللەباران‌کردن گیانیان لە ١٦٤ کەس سەند. لە نێوان ئەم ڕووداوانەدا، ڕای گشتی بەخێرایی بە ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ٣ی ژووەنی ١٩٨٣ لەناو بەندیخانەی تەورێزدا ئاگادار بووەوە[28]. لە ١٢ی ژووەنی ١٩٨٣دا، ٨٨ کەس لە مەهابادا کوژران. دیسانیش لەناوبردنی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد لە شاری تەورێزدا، سەرنجی ڕای گشتیی ڕاکێشا. تا ڕادەیەک، ئاماژە بە ئیعدامی ٢٦ کەسەکەی تری ورمێ نەکرا. شوێنی شاردنەوەی تەرمی ئەم لاوانە هێشتا بە تەواوی دەستنیشان نەکراوە. حەمیدرەزا جەلایی‌پوور، قایمەقامی مەهاباد، بڕیاری ئیعدامی ٥٩ لاوەکەی مەهابادی دەرکرد[29]. جەلایی‌پوور لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند کە ٥٩ کەس سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپێنراوە کە ٣٨ کەسیان قوتابیی قۆناغی دواناوەندی بوون[30]. لە دوای ئیعدامەکان، وێستگەی تەلەفزیۆنی ناوچەیی ڕێژیم لە مەهاباد، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و زەق‌کردنەوەی قبووڵنەکردنی تەواوەتیی هەر جۆرە بەرەنگاربوونەوەیەکی کورد لەلایەن ڕێژیمەوە، هەواڵی ئیعدامە بەکۆمەڵەکانی بڵاو کردەوە. هەروەها، نامیلکەیەکیان بڵاو کردەوە کە ناوی قوربانییەکانی لەخۆ دەگرت و پێڕستەکەیان لەبەردەم نووسینگەی قایمەقامییەتیشدا هەڵواسی[31]. ڕەحیم بایەزیدی، خەڵکی مەهاباد و بەندکراوی پێشووی ڕێژیمی ئیسلامی، وێنایەکی وردی ئەو دۆخە زۆر سەرکوتکەرانەیە دەخاتە ڕوو کە لە دەیەی ١٩٨٠ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا زاڵ بووبوو. ئەو بە

دیاری‌کراوی دەستبەسەرکردنەکەی ساڵی ١٩٨٣ و لەدواییشدا ئیعدامکردنی براکەی (عەبدولقادر بایەزیدی)[٣٢] زەق دەکاتەوە:

«لە بەهاری کوردستان‌دا، خەڵکی کورد لە جیاتیی گوڵ و چرۆ، بە گوللەتۆپ، گوللە و ترسی ڕێژیمێکی بکوژ و درندە پێشوازییان لێ کرا. کوندەبوو، شەمشەمەکوێرە و مشەخۆرەکانی حکوومەت، بەردەوام بۆ ئاسک و مامزی کوردی دەگەڕان (ئاماژە بۆ کوڕ و کچانی کورد). گەڕیدەکانی ساروڵڵا (گشت ئارالله) سەرقاڵی دەستبەسەرکردنی لاوانی کورد بوون. ئەو گەڕیدانە مەهابادیان بە هەوری ڕەشی ترس و تیرۆر داپۆشی، لاوان و تازەلاوانیان دەستبەسەر و دەگواستەوە بۆ کوشتنگە و چاڵەڕەشەکانیان. ئەم ڕۆژانە، بەندیخانەکانی ئێران پڕ بووبوون لە بەندکراوی کورد کە بۆ ئیعدام نێردرابوون و لە وێستگەی تەلەفزیۆنی ناوچەیی بۆ بڵاوکردنەوەی دانپێدانانە زۆرەملێکان کەڵک وەردەگیرا.[٣٣]

سوپای پاسداران هەڵمەتێکی شەوانەی بەڕێوە برد کە بوو بە هۆی دەستبەسەرکردن، بەندکردن و ئیعدامکردنی عەبدولقادر بایەزیدی. لە دەیەی ١٩٨٠دا، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران زۆربەی کات ئازار و ئەشکەنجەی دەروونیی بەندکراوانی دەدا. ئەمەش گواستنەوەی لە ناکاو و پێشوەختە ڕانەگەیەنراوی بەندکراوەکانی لە بەندێکەوە بۆ بەندێکی تر لەخۆ دەگرت. دوای ئەوەی عەبدولقادر لە مەهاباد دەستبەسەر کرا، گوازرایەوە بۆ ورمێ.

پاسەوانێکی کوردی بەندیخانەی ورمێ بنەماڵەکەیانی ئاگادار کردەوە کە جارێکی تریش عەبدولقادریان گواستووەتەوە بۆ بەندیخانەیەکی تر لە تەورێز، بۆ ئەوەی سزای ئیعدامەکەی جێبەجێ بکەن. عەبدولقادر دەرفەتی پێ درا بەر لە جێبەجێکردنی سزاکەی بەتەنیا چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێت. لەو چاوپێکەوتنەدا نامەیەکی دا بە دایکی کە لەگەڵ هاورێ بەندکراوەکانیدا نووسیبوویان، ئەم نامەیە ڕوونی دەکردەوە کە ئەو دانپێدانانەی لەژێر ئەشکەنجەدا وەرگیراون، ڕاست نین. بەڵگەکە بایەخێکی تایبەتیی هەبوو، چونکە لە خودی بەندیخانەکەوە هاتبوو. بنەماڵەکەی عەبدولقادر، لە پاڵ کەس‌وکاری بەندکراوەکانی تری مەهاباد، لە دەرەوەی باڵەخانەی بەندیخانەکە کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی لە دۆخی کوڕ و کچەکانیان ئاگادار ببنەوە. پاسەوانێکی بەندیخانەکە کە خەڵکی سنە بوو و جلی سەربازیی لەبەردا بوو، لە خەڵکەکە نزیک بووەوە و پێی ڕاگەیاندن کە دەیەوێت لەگەڵ کەسێک لەو خەڵکەدا قسە بکات. دایک و براکەی عەبدولقادر لەگەڵیدا ڕۆیشتنە گۆشەیەکی بێدەنگەوە. پاسەوانەکە پشتڕاستی کردەوە کە ئەو ئاگاداره ٣٣ کەسیان بۆ شوێنی جێبەجێکردنی سزای ئیعدام گواستووەتەوە؛ «یەکێکیان پیاوێکی لاو بوو کە بەدەم ڕێگاوە [سرودی] ئەی ڕەقیبی دەگوتەوە». بەپێی ئاماژەکان، پێ دەچێت ئەو کەسە نەجات ماملێ بووبێت. هەروەها، ئەو پێی گوتن کە «بەندکراوێکی تر کە نەشتەرگەریی دڵی بۆ کراوە، بە سەختی ئەشکەنجە دراوە و نەیدەتوانی بە ڕێگادا بڕوات». ئەوە «عەبدولقادر بایەزیدی بوو کە بۆ شوێنی جێبەجێکردنی سزاکە دەچوو و خەڵک دەستیان گرتبوو[٣٤]». پاسەوانەکە دوای ئەوەی باسی ئەو ئەشکەنجە زۆرانەی بۆ بنەماڵەکەی عەبدولقادر کرد کە لە

بەندیخانەکە بە چاوی خـــۆی بینینی، گوتی کـــە ئیتر نایەوێت لەوە زیاتر ئەو ئەشـــکەنجە درێندانەیە ببینێـــت و ڕایگەیاند: «ئیتر بەرگەی ئەم ئـــازارە ناگرم، ئەمە دواجـــار دەبێت من دەبینـــن، چونکـــە دەچمە ڕیـــزی حیزبی دیموکراتی کوردســـتانەوە[۳۵]». هاوشـــێوەی نموونەکانی پێشـــووی ئیعدامەکان، بەرپرسان لە ڕێگەی نەدانـــەوەی تەرمی قوربانییەکانەوە، بنەماڵەکانیان ئـــازار دەدا و دەیانتۆقاندن. ڕێژیم ڕێگەی بـــە بنەماڵەکان نەدەدا ڕێوڕەســـمی ناشـــتن و پرســـە بەڕێوە ببەن. بـــۆ نموونە، زۆرینـــەی ٥٩ لاوەکـــەی مەهابـــاد لـــە گۆڕســـتانی وادی ڕەحمەت لە تەوریز نێژران، بەڵام هیچ زانیارییەکی ورد لەســـەر شـــوێنی دیاریکراوی ناشـــتنەکەیان بە کـــەس نەدرا. هەروەهـــا، هەڵمەتـــی ئیعدامکردنی چەندین کچی هەرزەکار لەلایـــەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، وەک مەعســـوومە سەرهەنگی، مریەم فارووقی، نەسرین پاکنیا و سەفییە محەممەدی لە ٢٢ی ئاگۆســـتی ١٩٨٣دا لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ، بەڵگەی کوشتنی کوڕان و کچانی تازەلاوی کوردســـتانن لەلایەن ڕێژیمەوە.[۳۶]

چەندیـــن هـــۆکار بـــۆ نەگەڕاندنەوەی تەرمـــەکان بۆ بنەماڵەکانیـــان هەبوون؛ وەک تێکچوونـــی دۆخی تەرمەکان کە ئاســـەواری گوللـــە و شـــێواندنیان پێـــوە دیـــار بوو، وەرگرتنی خوێـــن لە قوربانییـــەکان بەر لە ئیعدامکردنیان بۆ ئـــەوەی خوێنەکەیان بدەن بە پاســـدارە بریندارەکان، هەروەها ترساندن و ئازاردانـــی دەروونیی بنەماڵـــەی قوربانییەکان و خەڵکـــی کـــورد. تاکتیکە ســـەرکوتکارانە و شـــێوازە بەکارهێنـــراوەکان بوونـــە هۆی کردەوەگەلێک کە پێشـــتر وێنەیـــان نەبووە؛ وەک دەرهێنانـــی خوێنـــی بەندکـــراوەکان پێـــش ئیعدامکردنیـــان و دانی ئـــەو خوێنە بە چەکدارە بریندارەکانی ســـوپای پاسداران کە لە شـــەقامەکانی کوردســـتاندا خەریکی شـــەڕ بوون[۳۷]. خوێنـــی ژمارەیەکی زۆری بەندکـــراوەکان وەرگیراوە. لـــە ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٨١دا، داواکاری گشتیی شۆڕشی ئیسلامی لە تاران، بەڵگەیەکی پشتڕاســـت کردەوە کە ئاماژەی بـــەوە دەکرد کـــە بەتاڵکردنەوەی خوێـــن، بەگوێـــرەی ڕێنماییەکانـــی ئیمام خومەینـــی (وەک مەرجەعـــی تەقلید)، دژی یاســـاکانی ئیسلام نییە. لە بڕیارەکەدا هاتووە:

«بەپێی داواکاریی پاســـدارانی شـــۆڕش (پاســـداران انـــقلاب) و بەهۆی ئـــەوەی ئەو پاســـدارانەی شـــۆڕش کە چ لە شەقامەکان و چ لە گۆڕەپانەکانی شـــەڕدا برینـــدار دەبن و ڕەوانەی نەخۆشـــخانە دەکرێن، پێویستییەکی زۆریـــان بـــە خوێن هەیـــە کەمووننـــی خوێن و دابینـنەکردنـــی، دەتوانێـــت ببێتـــە هـــۆی گیان‌لەدەستدانی هاوسەنگەرە پاسدارەکانمان. بۆ چارەســـەرکردنی ئەم گرفتە، بە ڕێزەوە داوا دەکەیـــن جێبەجێکردنی بڕیـــاری ئیعدامی ئەو کەســـانەی ســـزای مردنیان بەســـەردا ســـەپێنراوە خێراتـــر بکەن. پێویســـتە تیمە پزیشـــکییە متمانەپێکـــراوەکان خوێنی ئەم تاوانبارانـــە دەربهێنن و بینێـــرن بۆ نزیکترین ناوەندی تەندروستی و بانکی خوێن. پاسدارانی شـــۆڕش بۆ پاراســـتنی ژیانـــی ئەندامەکانی، پێویســـتیی بـــەم خوێنە هەیـــە. دەمانەوێت ئـــەوەش ڕوون بکەینەوە کـــە لەلایەن ئیمام خومەینـــی، ڕێبـــەری بـــاڵا و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامییەوە ڕێنماییمـــان وەرگرتووە کـــە دەرهێنانی خوێـــن لەگەڵ یاســـاکانی ئیـــسلامدا هیـــچ دژایەتییەکی نییە.

واژۆکراو لەلایـــەن: نووســـینگەی داواکاری گشـــتیی شۆڕشـــی ئیسلامی[۳۸]».

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام شـــۆڕشی ناشتنی چالاکوانە سیاســـییە کوژراوەکانی تێک دەدا و بێڕێزیـــی پێ دەکردن. ئـــەم ڕووداوانە لە زۆر شـــوێندا ڕوویان داوە، لەوانە لە گۆڕســـتانی قوروە (شـــارێکی بچووکی پارێزگای کوردستان)، گۆڕستانی وادی ڕەحمەت لە تەورێز و گۆڕستانی خاوەران لـــە تـــاران[۳۹]. ڕێژیـــم هەروەها بەو جۆرەش هەوڵی خاپوورکردنی ئەم گۆڕســـتانانەی داوە کـــە کردوونی بە شـــوێنی فرێدانی زبڵ، یـــان بە بڕێکـــی زۆر کۆنکرێت دایپۆشـــیون بۆ ئـــەوەی ڕووە فیزیکییەکەیـــان بگۆڕێت و بەم شـــێوەیەش هەر جـــۆرە یادەوەرییەکی کۆچکـــردووەکان و هەروەها بەڵگـــەی تاوان و درندەییەکانـــی لەناو ببـــات[۴۰]. ڕێژیمی ئێران ســـتراتیژییەکی بێڕەحمانەی بۆ ســـڕینەوەی بەڵگەکانی درندەییـــە زۆرەکانی ڕابردووی خۆی جێبەجـــێ کرد و لـــە چەندیـــن نموونەی ئیعدامی بەکۆمەڵـــی بەندکراوەکاندا، ڕێگریی لە بەدواداچوون بۆ ڕاســـتییەکان و بەرقەرارکردنی دادپـــەروەری کـــرد. ئەمـــەش شـــێواندنی بەئەنقەســـتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و شـــوێنی شـــاردنەوەی تەرمی قوربانییانـــی ئیعدامەکان لەخۆ دەگرێـــت. وەک لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردنـــی نێونەتەوەییدا باس کـــراوە: «گۆڕە بەکۆمەڵەکان شوێنی تاوانن کە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکان، دڵنیابوون لە پاراســـتنی بەڵگەکان و ناســـینەوەی وردی تەرمەکان، پێویســـتییان بە شـــارەزاییی پزیشـــکیی داوەری هەیە. بە بێڕێزیکـــردن بە گـــۆڕەکان، دەســـەڵاتداران ئەو بەڵگـــە ســـەرەکییانە لەنـــاو دەبەن کە ڕەنگـــە ڕۆژگارێک بۆ ڕوونکردنـــەوەی ژمارە و ناســـنامەی ئەو کەســـانەی بە سەرپەرشتیی دەوڵەت کوژراون، ســـوودیان لێ ببینرێت[۴۱]».

ڕێژیم بەردەوام شـــۆڕشی شـــاردنەوەی تەرمی ئـــەو کەســـانە دەگۆڕێت کە لەلایەن ســـوپای پاســـدارانەوە لەناو براون. چەندین نموونە بۆ ئەمە هەن. ڕێکخراوەکانی مافـــی مرۆڤی وەک نەمران، دادپەروەری بۆ ئێـــران و لێبوردنی نێونەتەوەیی، شێواندنی بەئەنقەســـتی گۆڕستانێکیان بەڵگەدار کردووە کە ڕووفاتی لانیکەم ۲۰ کەســـی چەپی کـــوردی لەخۆ گرتووە. ئەم کەســـانە لە هاوینی ۱۹۸۸دا ئیعدام کـــران. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چەندین جار ئەم گۆڕســـتانەی تێک داوە، بەڵام بنەماڵەکان بە بەردەوامی کێلەکانیان دروســـت کردووەتـــەوە. هەرچۆنێـــک بێت، لـــە هاوینی ۲۰۱۷دا، حکوومەت بە خواســـتێکی پێداگرانە بۆ سڕینەوەی بەتەواوەتیی هەموو جۆرە بەڵگەیەکی ئیعدامکردنـــی چالاکوانـــە سیاســـییەکان، بە بەکارهێنانی بولدۆزەر گۆڕســـتانەکەی تێک دا و گۆڕی بۆ زەویی کشـــتوکاڵی. وێنـــەی ژمارە یەک تابلۆیەک پیشـــان دەدات کە ئەم دەقەی لەســـەر نووســـراوە: «بە بڕیاری دادگا ئەم مولکە خاپوور کـــرا. خاوەن یـــان خاوەنەکانی دەتوانن بۆ بەدواداچوونی زیاتر، ســـەردانی نووســـینگەی جیهادی کشتوکاڵیی شـــارۆچکەکە بکەن[۴۲]». کـــردەوە تاوانکارییەکانـــی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێـــران دەری دەخەن کە «ڕێژیـــم تەنانەت لە شوێنی شـــاردنەوەی تەرمی نەیارانیشی دەترسێت و ئەمـــەش لەگەڵ هیـــچ کام لەو بانگەشـــە ئەخلاقی، مرۆیی و دینییانـــەدا یەک ناگرێتەوە کە خۆی بانگەشـــەیان بۆ دەکات[۴۳]». بەگشتی، ئەم کـــردەوە نامرۆڤانەیەی ڕێژیمـــی ئێران، ئەو وتـــە بەناوبانگەی والتێر بێنیامیـــن[۱۶] - مان بیر دەهێنێتەوە کـــە دەڵێت: «ئەگەر دوژمن ســـەر بکەوێت، تەنانەت مردووەکانیش پارێزراو نابن[۴۴]».

دوورخستنەوە وەک سزایەکی بەکۆمەڵ

ڕێژیم لـــە دەیەی ١٩٨٠دا زۆرێـــک لە بنەماڵە کوردەکانـــی بە ناچـــاری دوور خســـتەوە، یان بۆ شـــار و پارێـــزگا دوورەکانی ئێـــران وەک ڕەفسەنجان، ســـمنان، دانووجان، فوولادشەهر و یەزد جێگۆڕکێـــی (ئاوارەبوونی) ناوخۆییان پێ کردن. ئەم شـــوێنانە مەودایەکی ١٠٠٠ بۆ ١٢٠٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانەوە دوور بوون. ئەو بنەماڵانـــەی کە منداڵەکانیان بەشـــداریی بزووتنـــەوەی کوردییان کردبوو یـــان بە هۆی چالاکیی سیاســـییەوە دەستبەســـەر کرابوون، بە هـــۆی ڕێبازەکەیانەوە تووشـــی ســـزادانی بەکۆمـــەڵ دەبوونـــەوە. تەنانـــەت بچووکترین تۆمەتـــی ئەندامبوون یان هەبوونـــی پەیوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکـــرات و کۆمەڵە، بەس بوو بـــۆ پاســـاوهێنانەوە بۆ جێگۆڕکـــێ پێکردنی بنەماڵە کوردەکان و ناچارکردنیان بۆ جێهێشتنی ماڵەکانیان و دوورخستنەوەیان. لە ساڵی ١٩٨٣دا، دەســـەڵاتداران لە نێـــوان ١٣٠٠ بـــۆ ١٥٠٠ بنەماڵەی کوردیان ناچـــار کرد ماڵەکانیان بەجێ بهێڵـــن و دوور بخرێنەوە. دەبێت ئامـــاژە بەوە بکەیـــن کە ئـــەم ژمارەیە تەنیا لـــە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمێکی دیاریکـــراودا بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کە تێیـــدا شـــاندی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی فیدراســـیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ (FIDH) لێکۆڵینەوەی لەســـەر کردبوو. ئـــەم دوورخســـتنەوانە بەبێ هیچ چەشـــنە ڕێوشـــوێنێکی یاســـایی و ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە بەڕێوە دەبران و بڕیارەکانیش لەلایەن سوپای پاســـداران و نووسینگە هەواڵگرییەکەی، واتـــە ئیتلاعاتی ســـوپاوە (اطلاعات ســـپاه) دەردەکران. ئەو بنەماڵە و کەســـانەی کە بڕیاری

وێنەی ژمارە ١:
تێکدان و سڕینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە قوروە.[٤٥]



دوورخستنەوەیان بۆ دەردەچوو، بۆ ماوەیەکی زۆر ئاستەنگ و نەهامەتیی زۆریان دەچەشت. فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ[۴۶] زانیاریی زیاتر لەسەر دوورخستنەوە زۆرەملێکان دەخاتە ڕوو. ئەم فیدراسیۆنە زانیاری دەدات کە نۆ بنەماڵە لە مانگی مارسی ۱۹۸۳دا ناچار کراون لە سەقزەوە بۆ فوولادشەهر دوور بخرێنەوە. هەروەها لە ۱۴ی ژووەنی ۱۹۸۳دا، دەسەڵاتداران ۴۳ بنەماڵەیان بە زۆر بۆ ڕەفسەنجان، دانووجان، یەزد و سمنان دوور خستووەتەوە.

ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی ئێران پێی وایە، دوورخستنەوەی زۆرەملێی بنەماڵە کوردەکان لە ساڵی ۱۹۸۳دا کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە چوو، نیشاندەری مامەڵەی خراپی بەردەوامی دەوڵەتی ئێرانە لەگەڵ کەمینە نەتەوەییەکاندا. هەروەها، ئەو ڕێکخراوە ڕوونی کردەوە کە لە ئێراندا، سزادانی بەکۆمەڵ (هاوشێوەی دوورخستنەوەکانی ساڵی ۱۹۸۳)، لە قۆناغێکی ناسەقامگیریی سیاسیدا ڕوویان داوە کە تێیدا ڕێژیم لەلایەن حیزبە نەیارەکانیەوە[۴۷] هەستی بە هەڕەشەیەک دەکرد.

گوندەکانی کوردستان: چەقی کۆمەڵکوژییەکان

لە پاش شۆڕشی ۱۹۷۹وە و بەدوای بەرزبوونەوەی ناکۆکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سوپا و ئەرتەش هەردووکیان بەبێ جیاوازی، بەردەوام دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردە ئامانج و لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشیان کردە سەر شار و گوندەکان. لە گەرمەی ئەم قۆناغە پڕ لە پشێویەدا، هەندێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین دیمەنی شەڕ و درندەیی ئێتنیکی-مەزهەبیان ئەزموون کرد[۴۸]. حکوومەت شارەکانی وەک ورمێ و نەغەدەی (کە بە پێکهاتە ئێتنیکییە هەمەچەشنەکەیان دەناسرێنەوە و بەزۆری لە کورد و ئازەری پێک هاتوون) وەک ناوەندی پیلانگێڕی و جێبەجێکردنی سیاسەتی «پەرت بکە و زاڵ بە» بەکار هێنا. ئایەتوڵڵا غوڵامڕەزا حەسەنی کە بە «مەلا حەسەنی»ش ناسراوە، پیاوێکی ئایینیی تووندڕەوی شیعە و نوێنەری خومەینی بوو لە ورمێ؛ ئەو سەرکردایەتیی گرووپە میلیشیا ئازەرییەکانی وەک «موجاهیدین»ی دەکرد کە لە کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورد لە پارێزگای [بەناو] ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا هاوکار و شانبەشانی ئەرتەش و سوپای پاسداران بوون. لەم ماوەیەدا، محەممەدوەلی قەرەنی، ئەفسەری باڵای ئەرتەش، هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی بەرانبەر بە خەڵکی کورد نواند و سەرپەرشتیی ژمارەیەکی زۆری ڕووداوەکانی کۆمەڵکوژیی لە کوردستاندا دەکرد[۴۹]. بەشداریی ئەرتەش لە درندەییەکانی ناو شارەکانی سنە، نەغەدە، پاوە، قارنێ و قەڵاتانەدا، بە ڕوونی ڕۆڵی تێکدەرانەی ئەم ئەرتەشەی لە کوردستاندا ڕوون دەکاتەوە کە بانگەشەی نەتەوەییبوونی بۆ خۆی دەکرد[۵۰]. ئەم دامەزراوە سەربازییە کە پێشتر سەر بە دیکتاتۆریی پەهلەوی بوو و چالاکانە بەرەنگاری شۆڕش ببووەوە، بە خێرایی بوو بە هێزێکی تۆکمە کە لە کوردستاندا پشتی حکوومەتە تازەپێکهاتووەکەی خومەینیی گرت[۵۱]. دوای شۆڕش، شەڕی نێوان ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە کوردەکان و ئەرتەش و سوپای پاسداران، بوو بە هۆی کاولبوونی ژمارەیەکی زۆری گوندەکان. ڕێژیم

ئامانجی بوو ترس بڵاو بکاتـــەوە و بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە دانیشـــتووانێکی تێکەڵ لە کورد و ئازەرییان هەبوو، یان ئـــەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کە لە کۆمەڵگـــەی ئازەرییەکانەوە نزیک بوون، ســـتراتیژییەکانی وەک پەرەپێدانی تایفەگەریی (ســـێکتاریزم) بەهێز کـــرد. مەلا حەســـەنی هاوکاریی جێگیربوونی زۆرێک لەو میلیشـــیایانەی کرد کە بەتایبەتی دانیشتووانی مەدەنییـــان لە کوردســـتان دەکـــردە ئامانج. ڕێژیمـــی ئیسلامیی ئێران بۆ زاڵبوون بەســـەر ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان‌دا، بە بەردەوامی سوودی لـــە تێکەڵەیەک لە شـــێوازە ســـتراتیژییەکان وەردەگرت کـــە ئامانج لێیان دروســـتکردنی پشێوی، پێکدادان و ناسەقامگیری بوو. ئەرتەش و سوپای پاســـداران هەردووکیان لەو ناوچانەدا کە ژمارەیەکی بەرچاوی کـــورد و ئازەرییان تێدا بوو، بە شێوەیەکی ستراتیژی ســـوودیان لە تاکتیکە تایفەگەرییەکان وەرگرت. بەشـــداربوونی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناو حکوومەت لـــەم کارانەدا، لە ڕێگەی دۆخی ئاڵۆزی نەغەدە و ورمێ و هەروەها کۆمەڵکوژیی گوندەکانـــی قارنێ و قەڵاتانەوە (کە لە بەشـــی دواتردا بە وردتر باســـیان دەکرێت) کە ڕێـــک لە دوای شۆڕشـــدا ڕوویـــان دا، بە ڕوونی دەســـەلمێنرێت. یەکێک لە نموونەکانی پێکدادانـــی ئێتنیکـــی[۵۲] لـــە ۲۰ی ئاوریلی ۱۹۷۹ و لـــە کاتـــی کۆبوونەوەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان لە نەغـــەدەدا ڕووی دا، کاتێک ئەو حیزبە لـــەم ڕۆژەدا گردبوونەوەیەکی سیاســـیی ڕێک خســـتبوو. بەڵام، پێکدادانە تووندوتیـــژەکان ئەم ڕووداوەیـــان بەلاڕێدا برد و ژمارەیەکـــی زۆر قوربانیی لێ کەوتـــەوە و بوو بە هـــۆی ئاوارەبوونی کورد لـــەم ناوچانە. ئەم ڕووداوە ناکۆکـــی و لێکترازانـــی قووڵی لە نێوان پێکهاتەی کورد و ئازەرییەکان‌دا دروســـت کرد.

ســـەرکردایەتیی بزووتنـــەوەی کـــورد بانگەشـــەی ئەوەی دەکرد کە ئەرتەشـــی ئێران دەســـتی هەبووە لـــە کـــردەوە هاندەرانەکان و پشـــتگیریکردنی هەندێک لایەنی ئـــازەری‌دا، بۆ ئەوەی هێـــرش بکەنە ســـەر کوردەکانی نەغـــەدە و دەوروبەری. دکتـــۆر عەبدولڕەحمان قاســـملوو[۵۳]، ڕێبـــەری حیزبـــی دیموکرات، پشتڕاســـتی کردەوە کە:

«لە دوای ڕووداوەکانـــی نەغەدە، ئازەرییەکان بە پشـــتیوانیی ئەرتەش و ســـوپای پاسداران، ڕەتیـــان کـــردەوە گفتوگۆی ئاشـــتی لەگەڵ کورددا بکـــەن. ئـــەوان داوای چەکدانانی کورد دەکەن و ئەرتەشـــیش بەتەمایە لـــە نەغەدەدا بمێنێتەوە ســـەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییە و ڕابردووش لە نەغـــەدەدا، ڕوونـــە کە هەندێک دامەزراوە بەئەنقەســـت ڕێوشـــوێنی هاندەرانە دەگرنە بـــەر بۆ ئەوەی پێکدادان لـــە نێوان ئێمە و حکوومەتدا دروســـت بکەن. ئێمە لێرەین [لە تاران] بۆ ئەوەی دەســـەلاتداران ئـــاگادار بکەینەوە و هەموو تێگەیشتنە هەڵەکان ڕوون بکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئەوەی ئێمە تێبینیی دەکەین ئەوەیە کە وا دیارە حکوومەت ئەم بابەتانەی کوردســـتان پشـــتگوێ دەخات یان بەئەنقەســـت نادیدەیان دەگرێت.»

ســـەرکردایەتیی کورد بانگەشـــەی ئەوەی دەکـــرد کـــە مـــەلا حەســـەنی و ئەرتەش بـــە چەکدارکردنـــی گرووپـــە جیاوازەکانی ئازەری، پێشـــوەختە پیلانێکیان داڕشـــتبوو بۆ ئەوەی ئـــەو ڕووداوانـــە لە نەغـــەدەدا بنێنەوە. قاســـملوو[۵۴]، لە کاتی ســـەردانەکەیدا بۆ تاران، ئەرتەشـــی تاوانبار کرد بەوەی کە بەشـــداریی

هێرشـــکردنه ســـەر کوردەکانی نـــاو نەغەدە و ناوچەکانـــی دەوروبـــەری کـــردووە. ئەرتەش و سوپای پاســـداران دەستپێشخەریی هێرشکردنه ســـەر گونـــدەکان بوون کـــه بوو بـــه هۆی ئاوارەبوونـــی دانیشـــتووانەکەی و له هەندێک نموونەشدا، گوندەکانیان ســـووتاند. باجسەندن، دەستبەسەرکردن و کوشتنی هەڕەمەکی، ترسی لەنـــاو خەڵکدا بڵاو کردبـــووەوە، ئەمەش وای لێ دەکردن که شـــارەکان بەجێ بهێڵن و له گونده بچووکەکاندا بەدوای پەناگەیەکی ئارامدا بگەڕێن. بەگوێرەی گێڕانەوەکانی کاسبکارێکی مەهابادی به نـــاوی «ج. ڕ»[۵۵]؛ " «له یـــەک کاتدا، ۱۵۰۰ بۆ ۲۰۰۰ چەکداری ســـوپای پاســـداران ڕژانه نـــاو ئەو گونـــدەی ئێمه پەنامان بـــۆ بردبوو [و هەموو شـــتێکیان وێران کرد]. دوای چۆڵکردنی گوندەکه، هەندێک له گوندنشـــینەکان گەڕانەوه بۆ ئەوەی ســـەرلەنوێ ئاوەدانیـــی بکەنەوه، بەڵام دیســـان کەوتنه بەر هێرش و ئازاری ســـوپای پاســـداران. له هەر ڕووداوێکدا، هەر گوللەبارانێکی کوێرانەی هێلیکۆپتەر دەبوو بـــه هۆی کوژرانی ۲۰ بـــۆ ۲۵ کەس».

ئاســـتی توندوتیژیـــی کۆمەڵکوژییـــه دەوڵەتییەکان و پێشێلکارییەکانی تری مافەکانی مرۆڤ لـــه کوردســـتان‌دا، تەنانەت لـــه نێوان کاربەدەســـتانی حکوومەتیشـــدا ترسی دروست کـــرد. ئایەتوڵڵا حوســـەینعەلی مونتەزری (که ســـەردەمانێک وەک جێگری خومەینی دیاری کرابـــوو)، بـــه هەماهەنگی لەگـــەڵ خومەینی دەســـەڵاتیان بەخشـــییه مەهدی بەهادوران که کاربەدەســـتێکی ئێرانی بوو، بـــۆ ئەوەی له بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان و بەتایبەتی پارێزگای [بەناو] ئازەربایجانـــی ڕۆژئاوا بکۆڵێتەوه. مونتەزری به ڕاشـــکاوی بەهادورانی ڕاسپارد که ڕاپۆرتێک لەســـەر ئەو کۆمەڵکوژییانه بنووسێت که کوردەکان لەم دواییانەدا ڕاپۆرتیان لەســـەری دابـــوو به دەســـەڵاتداران له تـــاران. بەهادوران ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد که به شـــێوەیەکی بەرچاو سەرنجی خستبووه سەر پێکدادانەکانی نەغەدە و ناوچەکانی دەوروبەری. ڕاپۆرتەکه به ڕوونی باســـی لەوه کرد کـــه ئاماژەی بەهێز هـــەن بۆ بوونی پیلانێکی شـــاراوه له کوردســـتان‌دا. ڕاپۆرتەکه دەری خست که کەسانی وەک مستەفا چەمران (وەزیری بەرگری)، ژنراڵ قاســـمعەلی زەهیرنژاد (فەرماندەی فیرقەی ۶۴ی ورمێ)، ســـەرهەنگ [عەلی] شەهبازیان و کەسایەتییه سەربازییەکان و فەرماندەکانی ژاندارمری، به شێوەیەکی بەربڵاو دەرەبەگه خاوەن زەوییەکانیان (که پێشـــتر وەک ســـیخورِی ڕێژیمی پەهلەوی لـــه هەرێمەکەدا کاریان دەکرد) چـــەکدار و تەیار کردووە. ئامانج لـــەم چەکدارکردنه، ســـەرکوتکردنی خەڵکی کورد بوو که پێشـــتریش ئـــازاری زۆریان لەژێر دەســـتی ئەم چینی دەرەبەگەدا چەشتبوو. ئەم کەس و بەرپرســـانه دوژمنایەتیی نێوان کورد و تورکی ئازەرییان قووڵتر دەکردەوه[۵۶]. بەگشـــتی، دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکـــەی بەهادوران، که ڕەخنەی له ئەرتەش و ســـوپای پاسداران گرتبوو، خومەینی پشـــتیوانیی خۆی له بەهـــادوران و تێبینییەکانی کشـــاندەوه. ڕۆژنامەی کەیهان[۵۷] له ۵ی ئاقریلـــی ۱۹۸۰دا ڕاپۆرتەکەی بەهادورانی بڵاو کـــردەوه و بـــەرەو ئەو ئاراســـتەیەی برد که: «شـــەڕی ورمێ [و نەغـــەدە] بەریەککەوتنی لایەنگران و نەیارانی شـــۆڕش بـــوون. بەداخەوه، ئەرتەش و ژاندارمری به ئاشـــکرا پشـــتیوانی له هێزە نەیارەکانی شـــۆڕش دەکەن».

لـــه ســـاڵی ۱۹۸۰ەوه تـــا ۱۹۸۳، ژیانی گوندنشـــینی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین

نموونەی جۆراوجۆری کۆمەڵکوژیی گوندەکانی بەخۆیەوە بینیی کە هۆکارە سەرەکییەکەی ئەرتەش و سوپای پاسداران بوون. من زۆر نموونەم دەستنیشان کردووە کە تێیاندا گوندەکانی نەغەدە و مەهاباد زۆرترین قوربانییان هەبووە. لە ٤ی نۆڤامبری ١٩٨٠دا، ئەرتەش و سوپای پاسداران بە بیانووی کۆکردنەوەی چەک، هەڵیان کوتایە سەر گوندی ئیندرقاش کە تەنیا ٥ کیلۆمەتر لە مەهابادەوە دوور بوو. هێزە سەربازییەکان داوایان لە خەڵک کردبوو چەکەکانیان ڕادەست بکەن. خەڵکەکە چەند ڕۆژێک بەر لە کۆمەڵکوژییەکە، بە خواستی خۆیان چەکەکانیان ڕادەستی سوپای پاسداران کردبوو و بەڵگەی سەلماندنی ئەم کارەشیان وەرگرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، میلیشیاکانی مەلا حەسەنی، شانبەشانی ئەفسەرە بااڵکانی سوپای پاسداران و ئەرتەش، هێرشێکی بەئەنقەستیان کردە سەر خەڵکی مەدەنی. ئەم هێرشە بوو بە هۆی کۆمەڵکوژییەکی دڕندانەی ٣٥ کەسی مەدەنیی کورد لەناو مزگەوتی گوندی ئیندرقاشدا. بۆ بااڵوکردنەوەی ترسی زیاتر، هێرشبەران کەڵوپەلی دانیشتووانی گوندەکەیان تااڵن کرد و ئاگریان لە ماڵەکان بەردا.[٥٨]

قارنێ: نموونەیەکی بەرچاوی کۆمەڵکوژییەک

لەم بەشەدا بە وردی باس لەو کۆمەڵکوژییانە دەکرێت کە لە سااڵنی دوای شۆڕشی ١٩٧٩دا لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان ئەنجام دراون. لە پاڵ هەموو ڕووداوەکانی تردا، تیشک دەخرێتە سەر قارنێ کە گوندێکی ڕۆژهەاڵتی کوردستانە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ کران. لێکدانەوەی دووبارەبوونەوە و ئەو زیانە قورسانەی بەر خەڵکی مەدەنیی دانیشتووی ئەم گوندانە کەوتن، دەرفەتمان پێ دەدات پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە کۆمەڵکوژییەکان لە کوردستاندا لە چوارچێوەی ئەوەدا ڕوویان داوە کە میشێل واڵزر[٥٩][١٧] بە «شەڕی دژی خەڵکی مەدەنی» پێناسەی دەکات. بە بەراوردکردنی لەگەڵ پێناسەکانی تری کۆمەڵکوژی کە تۆێژەرانی وەک سێملین (٢٠٠٣) و حافز (٢٠٠٤) خستوویانەتە ڕوو، پێناسەکەی واڵزر[٦٠] بۆ ئەم چەمکە زۆر ڕاستەوخۆتر و گشتگیرترە. ئەو باس لەوە دەکات کە ئەگەر «کەسێک لە ڕووی تووڕەیی و هەڵچوونەوە، یان تەنانەت بە ڕێکەوت و بە هەڵە، ژن یان منداڵێک بکوژێت، دەتوانین دەرەنجامەکەی بە ڕوونی بە کۆمەڵکوژی یان زنجیرەیەک کۆمەڵکوژی دابنێین». لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ تێگەیشتن لە ئاستی توندوتیژیی تاوانبارەکان و هەڵومەرجەکانی پەیوەست بەم کۆمەڵکوژییانەوە، شایەتیدانی شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکان، ڕزگاربووان، قوربانییان و بنەماڵەکانیان بایەخێکی تایبەتی هەیە و وەک سەرچاوەی سەرەکیی زانیاریی بۆ لێکدانەوەی ڕەوتی کۆمەڵکوژیی گوندەکان لە ڕۆژهەاڵتی کوردستان هەژمار دەکرێن.

لە ٢ی سێپتامبری ١٩٧٩دا، ١٩٧٩دا، کۆمەڵکوژییەک بە ڕەزامەندیی دەوڵەت لە گوندی قارنێی نزیک نەغەدە ڕووی دا. کۆمەڵکوژیی قارنێ لە گەرمەی ئەو پشێویيانەدا ڕووی دا کە لە ئاکامی پێکدادانی نێوان کورد و دەوڵەت دروست ببوون، ئەویش لە سەردەمێکدا کە بە سەردەمی شۆڕشی ئێران ناسراوە. بەگشتی، هەموو شایەتیدانەکان، ئاماژەکان و گێڕانەوەکان، شانبەشانی لێکۆڵینەوەکانی دەوڵەت (وەک ڕاپۆرتەکەی بەهادوران)، ئەوە دەسەلمێنن

کـــه دانیشـــتووانی قارنێ خەڵکـــی مەدەنی بوون و چەکـــدار نەبوون[٦١]. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ســـەربازی لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ســـوپای پاسداراندا ڕووی دا کە بوو بـــە هۆی کوژرانی ١٥ چەکداری ســـوپای پاســـداران. ئەمە بە ڕووداوی دووئاو (لە فارســـیدا «دوآب») ناســـراوە کە چەند ڕۆژێک پێشـــتر ڕووی دابـــوو. هەندێک کـــەس پێیان وایە ئـــەم ڕووداوە پاڵنـــەری کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ بووە. کاربەدەســـتانی ئێرانیی وەک هاشم ســـەباغیان[٦٢] بانگەشـــەی ئـــەوە دەکەن کە: «کۆمەڵکوژیـــی قارنـــێ کاردانەوەیـــەک بوو بۆ ڕووداوەکـــەی دووئاو کە تێیدا پێشـــمەرگە ١٥ چەکـداری ســـوپای پاسدارانیان کوشت». لە دوای ئەوە، ڕێژیم و دامەزراوە سەربازییەکانی (ئەرتەش و سوپای پاســـداران) ڕووداوەکەیان وەک بیانوویەک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تۆڵەســـەندنەوەکەیان بەکار هێنا کە بەئەنقەســـت هاووڵاتییە بێتاوانەکانی کـــردە ئامانج. بەگشـــتی، بە ســـەرنجدان لەو ڕێوشـــوێنانەی کـــە لـــە کۆمەڵکوژییەکانی دواتریشـــدا گیرانە بـــەر، دەتوانیـــن بڵێین کە تەنانەت ئەگەر ڕووداوەکـــەی دووئاویش نەبوایە، کۆمەڵکوژییەکەی قارنـــێ هەر ڕووی دەدا؛ چونکە دیکتاتۆریی ئیسلامیی تازەدامـــەزراو لە ئێران‌دا، لەپێش هەموو شـــتێکەوە بـــۆ کۆنترۆڵکردن و چەســـپاندنی دەســـەڵاتی خـــۆی، پەنای بۆ بڵاوکردنـــەوەی تـــرس، ســـزادانی بەکۆمەڵ و تووندوتیژیی لەڕادەبـــەدەر بردبوو.

لە ٢ی سێپتامبری ١٩٧٩دا، ئەرتەش، سوپای پاســـداران و موجاهیدینەکانی مەلا حەســـەنی بـــە هاوکاریی یەکتر، هێرشـــیان کردە ســـەر گوندی دووئـــاو. ئەم هێرشـــە وەڵامێک بوو بۆ کوژرانی ١٥ چەکـدارەکەی ســـوپای پاســـداران. هێرشـــبەرەکان لە دوو قۆڵەوە لە گوندەکە نزیک بوونەوە: نەغەدە و جەڵدیـــان. پەلامارەکە بوو بە هۆی کوژرانـــی دوو برا بە ناوەکانـــی عەبدوڵڵا خاڵنە و مینـــە خاڵنە کە تەمەنیـــان ٦٥ و ٧٠ ســـاڵ بوو. لە ڕێگەیاندا بەرەو قارنـــێ، تاوانباران بە دڕندەیی ســـێ شـــوانی لاویان کوشت کە لە نزیک گوندەکـــەدا مەڕومااڵتەکەیان دەلەوەڕاند. تانکەکان گەمـــارۆی گوندەکەیان دا و بۆردومانیان کرد. نزیکەی ســـەد چەکـدار بـــە زۆر هەڵیان کوتایە ســـەر گوندەکە. کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ بەو جۆرە دەســـتی پێ کرد کە هێرشـــبەران بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تـــر دەگەڕان و دڕندانە هەر کەســـێک بهاتایەتە سەر ڕێگەیان دەیانکوشـــت. لە کاتی گەیشتنی هێرشـــبەرەکاندا، زۆربەی گوندنشـــینان کە لە وەرزی دروێنـــە و ڕنینەوەی بەروبـــووم‌دا بوون، لە کێڵگەکانیانـــدا کاریان دەکرد. هێرشـــبەران لە ڕێگـــەی بڵندگۆی[١٨] مزگەوتـــی گوندەکەوە، بانگی دانیشـــتووانەکەیان کرد کە بگەڕێنەوە بۆ ناو گوند. یەکەمین کەســـەکان کـــە بەرکەوتن، حاجی ڕەحمان شـــەریفی‌ئازەر (کـــە زۆرجار بە مام ڕەحمان ئاماژەی پێ کـــراوە) و بنەماڵەکەی بوون. ئاگریان لە ماڵەکەیان بـــەردا و بە دڕندەیی پێنج کەس لە شـــەش ئەندامـــی بنەماڵەکەیان کوشت. مامۆســـتای ئایینیی گوندەکە، مامۆستا مەحمـــوود مەســـتوورزادە، هێرشـــبەرانی بە موســـڵمان دەزانی. چەندین جار بە هانابردن بۆ پیرۆزییە ئایینییەکان، هەوڵـــی دا ڕازیبان بکات دەست لە کوشـــتار هەڵبگرن و قورئانێکی وەک هێمای ئاشتی خســـتە بەردەمیان. ئەو داوای لێ کردن ڕێزی دەقە پیرۆزەکـــە بگرن، بەزەییان بە خەڵکدا بێت و دەســـت لە کوشـــتن هەڵبگرن، چونکـــە ئەو کەســـانە گوندنشـــینی بێتاوانن.

مامۆستاکه به ڕاشکاوی پێی گوتن که گوندنشینان چەکیان پێ نەبووە و بەشداریی ڕووداوەکەی دووئاویان نەکردووە[٦٣]. لەگەڵ ئەوەشدا، هێرشبەران بە خێرایی سەریان بڕی و سەرە براوەکەیان لەگەڵ خۆیان برد، لە کاتێکدا ئەو قورئانەی بۆ وەستاندنی کوشتارەکە هانای بۆ بردبوو، هێشتا لە دەستیدا بوو. هێرشبەران، بەوپەڕی درندەییەوە و لە ماوەی سێ کاتژمێردا، هەر کەسێک بهاتایەتە سەر ڕێگەیان، بەبێ گوێدانە ڕەگەز و تەمەن، دەیانکوشت. زۆربەی ٤٠-٥٠ ماڵەکەی قارنێ، لە کەسێکەوە تا شەش کەس لە ئەندامانی بنەماڵە و خزمیان لەدەست دا. قوربانییەکان لە ڕەگەز و تەمەنی جیاواز پێکهاتبوون کە منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵیشیان تێدا بوو.[٦٤]

تۆماری دەنگیی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەرتەش لەگەڵ موجاهیدینداا، ئەو بەڵگەیە دەخاتەڕوو کە کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ بە بڕیاری قایمەمقامی شاری نەغەدە ئەنجام دراوە. ئەم کۆمەڵکوژییە درندانەیە، بوو بە هۆی کوژرانی بێپەزەییانەی ٥٠ بۆ ٦٠ کەسی مەدەنیی بێتاوان. بۆ چەواشەکردنی خەڵک و دروستکردنی ئەو سیناریۆیەی کە قوربانییەکان گوایە لە پێکدادانێکی بچووکدا گیانیان لەدەست داوە، تەرمەکان لە گوندەکەدا کۆ کرانەوە و گوازرانەوە بۆ چاڵ و دۆڵەکانی نزیک گوندەکە. دواتر تاوانباران گوندەکەیان تاڵان کرد و ماڵەکانیان سووتاند. لە ڕووداوێکی تردا، سەرپەلی یەکەم بیگلەری، بەرپرس بوو لە کوشتنی پێنج کەسی مەدەنیی خەڵکی گوندی کۆپەلکۆ کە لە دوای ڕووداوەکەی قارنێوە ڕووی دا. هەروەها، ئەو بە شێوەیەکی چالاکانە هانی دژایەتیکردنی کوردی دەدا لەو ناوچەیەدا کە لە ڕووی ئێتنیکییەوە ناوچەیەکی هەمەچەشنە. سەرەڕای ناسینەوەی کەسانی بەرپرس لەم کردەوە تاوانکارییانە، بەڵام پاڵپشتیی کاربەدەستان و بەرپرسە سەربازییەکانی حکوومەت، وەک ژنراڵ زەهیرنژاد، ڕێگەی نەدا دەستبەسەر بکرێن و ڕێوشوێنی قانوونییان بەرانبەر بگیرێتەبەر. ئەمەش بوو بە هۆی دڵگرانی و نائومێدیی قوربانییان و بنەماڵەکانیان. سوڵتان خوسرەوی و عومەر کەریمی[٦٥] کە دانیشتووی قارنێ بوون، گێڕانەوەکەیان لە دوای کۆمەڵکوژییە گوندەکە بەم جۆرەیە:

«بۆ چەندین ڕۆژ، بێوچان و بە وردی لە دەوروبەردا بەدوای تەرمی قوربانییەکاندا دەگەڕاین. بۆ ئەوەی وا پیشان بدرێت کە قوربانییەکان لە شەڕدا گیانیان لەدەست داوە، تەرمەکان لە گوندەکەوە گوازرابوونەوە و لە چاڵ و دۆڵەکانی دەوروبەردا فڕێ درابوون. دەموچاوەکان نەدەناسرانەوە. تەنیا دەمانتوانی ناسنامەی قوربانییەکان دیاری بکەین. کاتێک دەست یان ئەندامەکانی تری جەستەیانمان بەرز دەکردەوە، لێک دەبوونەوە. گوندنشینە بەجێماوەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ترسدا دەژیان و ترسێکی بەردەوام باڵی بەسەریاندا کێشابوو.»

ژنێکی کورد[٦٦] کە بە شێوەیەکی کارەساتبار کچە تەمەن ١٥ و ١٨ ساڵەکانی لەم تاوانە درندانەیەدا لەدەست دابوو، دەری بڕی کە هیچ شتێک ناتوانێت ئەم ئاستە لە ترس وێنا بکات: «چاو و گوێمان هیچ کاتێک ئەوەندە درندەیی و ڕقیان نەدیبوو؛ تەنیا ئەو کەسانەی کە خۆیان شاردەوە یان لە گوند نەبوون، لە کۆمەڵکوژییەکە ڕزگاریان بوو». سەید ئەحمەد

یەکێکی تره لە ڕزگاربووانـــی ئەم کۆمەڵکوژییە. کاتێک هێرشەکەی قارنێ ڕووی دا، ئەو بە ڕێکەوت لە نەغـــەدە بوو کە لە ئەنجامدا بە شـــێوەیەکی کارەســـاتبار نۆ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەدەست دا. بەگوێرەی گێڕانەوەکەی، هێرشبەران بە مەبەســـتی کوشـــتن تەقەیان لە زۆرێک لە خەڵکەکە کرد، بە چەقۆ ســـەری هەندێکیان لە جەستە جیا کردەوە و بەتایبەتیش منداڵەکانیان کردە ئامانج: «لە ســـەرەتای کۆمەڵکوژییەکەدا لە نەغەدە بووم. کاتێک ئێوارە گەیشـــتمەوە قارنێ، دیمەنێکی تۆقێنەر بە ڕووەـــدا کرایەوە». لەگەڵ ئەوەشـــدا، عومەر کەریمی[۶۷] دانیشتوویەکی تری قارنێ، دۆخی دەوروبەری مەهابـــاد و نەغەدە بە جۆرێک وەســـف دەکات کە بـــە ڕادەیەکی زۆر دڵڕەقـــی و توندوتیژیی تێدا بووە.

«وەک کەســـێکی خەڵکی ناوچەکە، دەتوانم شـــایەتیی ئەوە بدەم کە لـــە چەندین گونددا کۆمەڵکوژی ڕووی داوە. بۆ نموونە، لە سەروکانی، هێرشـــبەران ژمارەیەک لـــە خەڵکەکەیان لەناو مزگەوتدا کـــۆ کردەوە و لەوێدا لـــە یەک کاتدا هەژدە کەســـیان کوشـــت. لە چەقەڵ مستەفا، بە دڕندەیی چل و هەشـــت کەسیان کوشت و تەرمەکانیان فڕێ دایە نـــاو ڕووبارەکەوە کە دواتر دۆزرانـــەوە. لە وێڵان چەرخ و کارێزە شـــکاکان، ئەرتەش و ســـوپای پاســـداران بەرپرس بوون لە کۆمەڵکوژکردنی ژمارەیەکـــی زۆر لە خەڵکەکە. لە محەممەدشـــا، بەتایبەتی دڕندەیی سوپای پاســـداران زۆر بێوێنە بوو؛ ئـــەوان بە هەڵدڕینی ســـکی دایکێکی دووگیان و دەرهێنانی کۆرپەلە لەدایکنەبووەکـــەی، تاوانێکی تۆقێنەریان ئەنجام دا. لـــە کانی مام ســـەیدە، کێڵگـــە و زەویيە کشتوکاڵییەکانیان سووتاند. ئەم کۆمەڵکوژییانە، ڕزگاربووانی بەبێ هیچ دڵنەوایی و هاوســـۆزییەک ئـــاواره کـــرد. بەداخـــەوە، کەس بـــاس لەم کۆمەڵکوژییانـــە ناکات و ئەو تۆمـــار و زانیارییە کەمەش کـــە هەمانە خەریکە لەنـــاو دەچن.»

ڕاگەیاندنـــەکان ســـێ ڕۆژ دوای ڕوودانـــی کۆمەڵکوژییەکە، هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە. هەروەها، وەک پێشـــتر ئاماژەی پێ کرا، تەنیا پاش ئەوەی سەرکردایەتیی کورد نیگەرانیی خۆی دەربڕی، وای کرد ئایەتوڵڵا مونتەزری بەهادوران ڕابســـپێرێت بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەســـەر دۆخی کوردستان. ڕاپۆرتەکەی بەهادورانیش لەسەر کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ، هاوشـــێوەی گێڕانەوەی شـــایەتحاڵەکان و شـــایەتیدانەکانی تـــر، ئاماژەی بـــەوە کرد کە گواســـتنەوەی تەرمەکان بـــۆ دەرەوەی گوندەکە بەئەنقەســـت بووە و ئامانج لێی ئەوە بووە وا پیشان بدرێت کە کوژرانیان بە هـــۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ســـەربازییەوە بووە. هەروەها، ڕاپۆرتەکە تاڵان‌کردنی کەل‌وپەلی گوندنشینان و سووتاندنی ماڵەکانیانی بەڵگەدار کردبـــوو. بەتایبەتیش، قۆســـتنەوەی جیاوازییە ئێتنیکـــی و دینییەکانـــی لەلایەن هێزە چەکدارەکان و کاربەدەســـتە ناوخۆییەکانی حکوومەتـــەوە لـــەم ناوچەیـــەدا زەق کردبووەوە کە ببوونە هۆی هەڵگیرســـاندنی پێکـــدادان و دوژمنایەتی. ســـەعید تاهیری[۶۸]، شایەتحاڵێکی تـــری کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ، بـــە دڵپرییەوە باســـی لەوە دەکرد کە هێرشـــبەران بێبەزەییانە منداڵەکانیان لەناو گوندەکـــە و لەناو کێڵگەکانی دەوروبەردا دەکـــوژت: «ئەم ڕووداوە تۆقێنەرە گیانی ئیسماعیل تاهیریی باوکم و مامێکمی سەند. لەو کاتەدا من تەمەنم ۷ ســـاڵ بـــوو. ئەوندەی لە بیرمە، ترس و دڵەڕاوکێیەکی قوواڵم بۆ دروســـت بوو. گوندنشـــینە بەجێماوەکانیش، ترسی زۆری خۆیان ســـەبارەت بە تەقەکردنی بەردەوام و چڕی چەکەکانی سوپای پاســـداران دەربڕی».

کۆمەڵکوژییەکە، قارنێی کرد بە گوندێکی خەڵتانی خوێن. کاتێک تەرمەکەی حاجی ڕەحمان شەریفیئازەر دۆزرایەوە، دیار بوو چنگی لە گژوگیا گیر کردبوو. چەندین چەکداری سەر بە موجاهیدین پێشتر لە قارنێ کاریان کردبوو و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لەلایەن قوربانییەکانەوە بناسرێنەوە، بەڵام دیسانیش ئەمە گوندنشینەکانی لە درندەیی تاوانباران نەپاراست. ئەگەرچی ئەوان پارابوونەوە کە لێیان خۆش ببن، بەڵام لە کۆتاییدا هەوڵەکانیان بێئاکام مایەوە؛ چونکە ئەم دۆخە بەرهەمی تێڕوانینی دوژمنکارانەی ڕێژیم بوو بەرانبەر بە کورد کە لەو سۆنگەیەشەوە خومەینی و هاوکارەکانی بە فەرمی مۆرکی[۱۹] کافربوونیان دا لە کورد و فەتوای جیهادیان لە دژیان ڕاگەیاند[۶۹].

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، درندەییەکانی قارنێ تاکە نموونەی کۆمەڵکوژی لە دژی دانیشتووانی مەدەنیی کوردستان نەبوو. ڕووداوەکانی کۆمەڵکوژی دووبارە بوونەوە و گیانی چەندین سەد کەسیان سەند. بۆ نموونە، ڕووداوەکانی ئیندرقاش و قەڵاتان ۵۰ قوربانییان لێ کەوتەوە؛ لە ڕووداوی دیلان چەرخدا ۴۰ کەس کوژران؛ و لە ڕووداوی خەلیفەلیانی ژێ ۲۱ کەس کوژران. ڕۆژنامەی ئیتلاعات (لە ۷ی دێسامبری ۱۹۷۹) ڕاپۆرتی کۆمەڵکوژیی ۱۶ کۆڕ و پیاوی گوندی قەڵانانبێ[۷۰] لە تەمەن ۱۱ بۆ ۷۵ ساڵیدا بڵاو کردەوە. تاوانباران بەر لەوەی قوربانییەکانیان فڕێ بدەنە دەرەوەی گوندەکە، تەرمەکانیان پارچەپارچە کردبوو و شێواندبوویان، بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن کە کوژرانی خەڵکەکە بە هۆی پێکدادانێکی ناوخۆییەوە بووە[۷۱].

لە قەڵاتان، لە کاتی کۆمەڵکوژیی گوندەکەدا کە لە ۶ی ئاڤریلی ۱۹۸۰دا ڕووی دا، هێزەکانی ڕێژیم بە شێوەیەکی بەربڵاو گوللەیان بەسەر گوندنشینەکاندا باراند کە بوو بە هۆی کوژرانی بیست کەس[۷۲]. لەنێو جۆرەکانی تری تووندوتیژیدا، شایەنی باسە کە لە ماوەی کۆمەڵکوژییەکەی قەڵاتاندا، ئامانجی تاوانباران ئەوە بوو زۆرترین ژمارەی پیاوانی کورد بکوژن. کامەرانیپوور نموونەی زیاتری ئەو کۆمەڵکوژییانە دەخاتە ڕوو کە لەم ماوەیەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام دراون. ئەمەش کۆمەڵکوژیی پایزئاوا لە ۹ی نۆڤامبری ۱۹۸۱ەخۆ دەگرێت کە بوو بە هۆی کوژرانی ۱۲ کەسی مەدەنی. کۆمەڵکوژییەکی تر لە ۱۴ی سێپتامبری ۱۹۸۱ لە سارۆقامیش ڕووی دا، کە تێیدا ۱۸ کرێکاری کورەخانە گیانیان لەدەست دا. لە ۲۶ی ژانوییەی ۱۹۸۱دا، گوندنشینی بێدەرەتان بە درندەیی لە قەرەگۆڵ کوژران، کە گوندێکی تری ناوچەی مەهابادە[۷۳]. ژنێکی کورد لە گوندی گورگەل لە نزیک مەهاباد بە ناوی «ن. ز.»، باسی ئەوە دەکات کە سوپای پاسداران هێرشیان کردە سەر گوندەکەی و کۆمەڵکوژییەکی بێبەزەییانەی دانیشتووانە مەدەنییەکەیان ئەنجام دا. بەگوێرەی گێڕانەوەکانی «ن. ز.»[۷۴]، نزیکەی هەزار چەکداری سوپای پاسداران هێرشیان کردە سەر گوندەکە و لە سێ قۆڵەوە لێیان نزیک بوونەوە: «سپای پاسداران گەیشتن و کۆمەڵکوژییەکی مەدەنییەکانیان بەڕێوەبرد، حەوت کەس لە خزمەکانی منیان کوشت، لەوانە خەزوورم، کوڕەکەم، سێ برام و دوو پسامم». لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕووداوانەی ئاماژەیان پێ کرا، تەنیا بەشێکی بچووکی ئەو قەبارە گەورەیەی کۆمەڵکوژی و کردەوە تووندوتیژییانە بوون کە

دەوڵەتی ئێران، ئەرتەش و میلیشیا گرێدراوەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامیان دان؛ سیاسەتێک کە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە دەستی پێ کرد و تەنانەت دوای جێگیربوون و چەسپینی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیش، بەردەوام بوون لەسەری.

دەرەنجام

لەم بەشەدا چەندین نموونەی جۆراوجۆری کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی بەکۆمەڵ خرانە ڕوو کە لە ماوەیەکی کورتی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و بەدوای گۆڕانی ڕێژیمی ئێراندا، لە ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دابوو. هەرچەندە ئەم تۆژینەوەیە باس لە هەندێک نموونەی تووندوتیژی و تۆقاندن دەکات، بەڵام هەموو نموونەکانی کۆمەڵکوژی و کوشتنی بەکۆمەڵ لە کوردستاندا لەخۆ ناگرێت. بۆیە، بۆ تێگەیشتنی تەواو لەو کردەوە قێزەونانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوویان دا، پێویستە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زیاتر بکرێت کە پانتاییەکی جوگرافیی بەرفراوانتر و ماوەیەکی زەمەنیی زیاتر لەوەی لەم بەشەدا ئاماژەی پێ کراوە، لەخۆ بگرێت. وەک باس کرا، بەشی سەرەکیی ئەم درندەییانە لەلایەن دامەزراوە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دەستپێشخەرییان بۆ کراوە یان پشتگیری کراون. دەوڵەت بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی، کۆمەڵکوژی و ئیعدامی بەکۆمەڵی ئەنجام دا، سزای بەکۆمەڵی سەپاند و ترس و تۆقاندنی لەناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو کردەوە. ئەمەش وەڵامێک بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی کورد و ملنەدانی بۆ سیستەمە نوێیەکەی دوای شۆڕش لە ئێراندا. ئامانجەکانیشی ناچارکردنی خەڵک بوو بۆ ئەوەی پشتگیریی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و بزووتنەوەی کورد نەکەن. ڕاگەیاندنی فەتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کورد، ئەو ڕاستییەی دەرخست کە بڕیاری ڕێژیم بۆ تووندوتیژی و درندەیی نواندن لە کوردستاندا، بوو بە ئەرکی تایبەتیی هێزە سەربازییە بەناو نەتەوەییەکان، کە بە ئەرتەش و سوپای پاسدارانی (تازەدامەزراو) دەناسران. لەو کاتەوە، ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بوون، لە ڕێکخستنی کۆمەڵکوژیی هاوواڵاتییانی کوردستان و لەناوبردنە بەکۆمەڵە بەربڵاوەکان لە سەرتاسەری کوردستاندا، ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا. خومەینی فەتوای دەرکرد و داوای جیهادی کرد کە بڕیارێکی ڕاشکاوانە بوو بۆ قەڵاچۆکردنی خەڵکی مەدەنی، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی ستراتیژیی پتەوکردنی کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. پەیامەکە داوای لە ئەرتەش، سوپای پاسداران و میلیشیا گرێدراوەکانی تری ڕێژیم کرد کە دەستکراوە بن لە بەکارهێنانی تووندوتیژی بۆ بەهێزکردنی هەژموونی ڕێژیم لە کوردستاندا. بەگشتی، ئەو کۆمەڵکوژی و ئیعدامەی بەکۆمەڵانەی لەم ماوەیەدا ڕوویان دا، لە ئێستادا بەشێکی لەبیرنەکراوی یادەوەریی بەکۆمەڵی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە، ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە دارشتنی پەیوەندیی نێوان خەڵکی کورد و دەوڵەت لە ئێراندا و کاریگەرییان لەسەر هەر چەشنە پەرەسەندنێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتی-سیاسیی ئێستا لەم بەشەی کوردستاندا دەبێت.

سپاس و پێزانین: **سوپاس و پێزانینی قوڵی خۆمان ئاراستەی ناوەندی نەمران، مستەفا قادرزادە و یوونس بلووری دەکەین، لەپای ئەو هاوکارییە بێوێنەیەیان بۆ دەستخستنی بەڵگە و زانیارییە گرنگەکانی پەیوەست بە

تویژینەوەکەمـــــان. هەروەها، سپاســـــی ئەو دوو بەڕێـــــزە دەکەین کە پێداچوونەوەیـــــان بۆ دەقی ســـــەرەتاییی ئەم بەشـــــە کـــــرد و تێبینی و پێشـــــنیارەکانیان خستە ڕوو.

❊ https://link.springer.com/chapter/۱۰.۱۰۰۷/۹۷۸-۳-۰۳۱-۸۷۶۱۲-۷_۸

پەراوێزەکان:

1. Massacre
2. Mass execution
3. Semelin
4. Mobilization
5. Data
6. Hafez
7. Civilian destruction
8. Communities
9. Butcher
10. Rafał Lemkin
11. Fédération Internationale des Droits de l'Homme
12. Christian Rostocker
13. Variables
14. Iron.
15. Firing squads
16. Walter Benjamin.
17. Michael Walzer
18. Loudspeaker
19. Label

سەرچاوەکان:

[1] In this chapter, the terms 'Rojhelat', 'Eastern Kurdistan', and 'EK' will be used interchangeably to denote the part of Kurdistan under the Iranian state's colonial control.

[2] This is not a reference to the Mojahedine khalqh. The label Mojadehin was initially applied to the Pasdaran, today's Sepah-e Pasdaran-e Enqelab (Islamic Revolutionary Guard Couros/IRGC) and smaller milia groups collaborating with them.

[3] Kirmanj and Rafaat, 'The Kurdish Genocide in Iraq'; Sadiq, Origins of the Kurdish Genocide.

[4] Mousavi, Sāwāk az ta'sīs tā inḥilāl.

[5] Hafez, 'From Marginalization to Massacres, A Political Process Explanation of GIA Violence in Algeria'.

[6] Todman, 'Isolating Dissent, Punishing the Masses: Siege Warfare as Counter-Insurgency, An Exploration of Impact: Hunger, Cartoons & Philosophy'.

[7] cited in Sémelin, 'From Massacre to the Genocidal Process', 434.

[8] Hafez, 'From Marginalization to Massacres, A Political Process Explanation of GIA Violence in Algeria', 37–38.

[9] Hafez, 38.

[10] Nahoum-Grappe cited in Semelin, 'Toward a Vocabulary of Massacre and Genocide', 206.

[11] Sémelin, 'From Massacre to the Genocidal Process', 436.

[12] Butcher, 'A "Synchronized Attack": On RaphaelLemkin's Holistic Conception Ofgenocide', 256.

[13] Butcher, 258–59.

[14] Chowdhury, 'Space, Identity, Territory'.

[15] IFDH, 'Report of the International Federation of Human Rights: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan , (9 April – 8 September 1983)', 17–18.

[16] IFDH, 3; UPI, 'Khomeini Orders Blood Draining of Prisoners'.

[17] IFDH, 'Report of the International Federation of Human Rights: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan , (9 April – 8 September 1983)', 16.

[18] Sémelin, 'From Massacre to the Genocidal Process', 436.

[19] The battle started in Pawe (Battle of Pawe) in August 1979 and was led by Mostafa Chamran as the Minister of Defence. Pawe, a small Kurdish city located in the province of Kermashan, despite its size, has played a sym-

of the hard-working teacher Abdul Qadir Bayzidi'..

[33] R. Bayazidi cided in Bayazidi.

[34] Bayazidi

[35] Bayazidi

[36] Nemiran, 'The Unforgettable Masoumeh Sarhangi'.

[37] UPI, 'Khomeini Orders Blood Draining of Prisoners'.

[38] Nemiran, '40th anniversary of the execution (by firing squad) of 59 Kurdish heroes.'.

[39] Shahrabi, 'The Iranian government' odd methods to erase the traces of its crime committed in Summer 1988'.

[40] Miller, 'Iran's Regime Destroys Political Prisoners' Graves To Erase Its Crimes'.

[41] Amnesty, 'Iran: Desecrating Mass Grave Site Would Destroy Crucial Forensic Evidence'.

[42] Destruction of Mass Graves of Kurdish Opposition Members [by] the Islamic Republic of Iran in the City of Qorwe.

[43] Destruction of Mass Graves of Kurdish Opposition Members [by] the Islamic Republic of Iran in the City of Qorwe.

[44] National WWW 2 Museum, '"Even the Dead Won't Be Safe": Walter Benjamin's Final Journey'.

[45] in The story of the wiping out/cleansing of a family by the Islamic Republic of Iran.

[46] IFDH, 'Report of the International Federation of Human Rights: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan , (9 April – 8 September 1983)', 20–21.

[47] Iran Rights, 'The 1983 Collective Punishment of Kurds: The Forgotten Stories'.

[48] CIA, 'The Military Situation in Kurdistan'.

[49] Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government'.

[50] Gowhari, Rojhelat in 10 Years, 1978-1988

[51] Hassaniyan, Kurdish Politics in Iran see

bolic and strategic role throughout the military clashes between the Kurdish movement and the Islamic regime Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 85..

[20] Hassaniyan, Kurdish Politics in Iran see chapter 6.

[21] The story of the wiping out/cleansing of a family by the Islamic Republic of Iran.

[22] Nemiran, 'Massacre of the Kurdish people by Khalkhali, after Khomeini's fatwa (Part 1-Paveh)'.

[23] cited in IFDH, 'Report of the International Federation of Human Rights: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan , (9 April – 8 September 1983)', 13.

[24] Hassaniyan, Kurdish Politics in Iran, 206.

[25] cited in IFDH, 'Report of the International Federation of Human Rights: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan , (9 April – 8 September 1983)', 13.

[26] cited in IFDH, 15.

[27] Hassaniyan, 'Non-Violent Resistance in Iranian Kurdistan After 1979'.

Hafez

[28] Nemiran, '40th anniversary of the execution (by firing squad) of 59 Kurdish heroes.'.

[29] Hamidreza Jalaipour aged 21 at his time as of Governor of Mahabad. He is currently a Sociologist and works at Tehran University.

[30] Yousefi, 'Execution of 59 Youths of Mahabad; Re-visiting a shocking historical narrative'.

[31] Nemiran, '40th anniversary of the execution (by firing squad) of 59 Kurdish heroes.'.

[32] Abdul Qadir Bayazidi was a teacher who educated Kurdish children in the villages of Bokan (Akhtatar) and Mahabad. In the early spring of 1983, the clerical regime's agents raided his house in the middle of the night and arrested him in front of his wife and young children. For several months, his family had no information about Abdul Qadir and his brother Rahim" Bayazidi, 'Remembrance

and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 1023.

[63] Bordbar, The massacre in Qarna; interview with an eyewitness.

[64] Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 274.

[65] cited in Bordbar, The massacre in Qarna; interview with an eyewitness.

[66] cited in Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 275–76.

[67] cited in Bordbar, The massacre in Qarna; interview with an eyewitness.

[68] cited in 'Perspective, First half: background and consequences of Qarna's massacre in Kurdistan'.

[69] Soleimani and Mohammadpour, 'The Securitisation of Life'.

[70] Itelaat cited in Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 286.

[71] Dwaroj, 'Qarna's massacre, and unhealed wound on the body of history'.

[72] Kayhan 5 April 1980 cited in Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 293.

[73] Kamranipur, 'The Kurdish people's massacre by the Iranian regime/ 33rd anniversary of the massacre of the people of Inderaash, a village of Mahabad'.

[74] IFDH, 'Report of the International Federation of Human Rights: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan, (9 April – 8 September 1983)', 20.

chapter 6.

[52] Suleiman Kashani, a Kurd from Naqhedeh, vehemently denies the idea that the Naqhedeh incident was an ethnic conflict between Azeris and Kurds. He asserts that perceiving this event as a fight between the Azeri Turks and Kurds is erroneous; "It is erroneous to perceive this occurrence as a conflict between the Turks [Azeris] and Kurds. For example, had the majority of Turks formulated a strategic plan to participate in military combat against the Kurds, they would have had the capability to eliminate hundreds of Kurds. Nevertheless, it is crucial to acknowledge that most Turks refrained from engaging in this conflict, but many of them offered assistance to the Kurds caught within Azeri communities. They facilitated the relocation of several Kurdish families to Kurdish neighbourhoods, ensuring their safety" Kashani cited in Yousefi, 'Execution of 59 Youths of Mahabad; Revisiting a shocking historical narrative'.

[53] cited in Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 292–93.

[54] in Khoshhali, 293

[55] cited in IFDH, 'Report of the International Federation of Human Rights: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan , (9 April – 8 September 1983)', 19.

[56] Bahadoran cited in Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events and incidents related to conflict and clashed between Kurdistan and the Iranian government', 249.

[57] cited in Khoshhali, 85.

[58] Kamranipur, 'The Kurdish people's massacre by the Iranian regime/ 33rd anniversary of the massacre of the people of Inderaash, a village of Mahabad'.

[59] see chapter 10 Walzer, Just and Unjust Wars.

[60] Walzer, 133.

[61] Bordbar, The massacre in Qarna; interview with an eyewitness.

[62] cited in Khoshhali, 'Kurdistan in the days of crisis. The collection includes the events

3 (2019): 98–110. https://doi.org/10.29333/ejecs/266.

12-IFDH (International Federation for Human Rights). 'Report: Research on human rights violations in Iranian Kurdistan (9 April – 8 September 1983)'. Paris, 1983. https://nemiran.com/roj/archives/9099.

13-Iran Rights. 'The 1983 Collective Punishment of Kurds: The Forgotten Stories', 2023. https://www.iranrights.org/newsletter/issue/132.

14-Kamranipur, Haybat. 'The Kurdish people's massacre by the Iranian regime: 33rd anniversary of the massacre of Inderaash village'. Kurdistan Media, 2013.

15-Khoshhali, Behzad. Kurdistan in the days of crisis: Events and incidents related to conflict between Kurdistan and the Iranian government, 2009. behzadkhoshhali.com.

16-Kirmanj, Sherko, and Aram Rafaat. 'The Kurdish Genocide in Iraq: The Security-Anfal and the Identity-Anfal'. National Identities 23, no. 2 (2021): 163–83. https://doi.org/10.1080/14608944.2020.1746250.

17-Miller, Jazeh. 'Iran's Regime Destroys Political Prisoners' Graves To Erase Its Crimes'. Iran News Update, 2023.

18-Mousavi, Morteza. SAVAK from Establishment to Dissolution. 3rd Edition. Los Angeles: Ketab Corporation, 2023.

19-National WWII Museum. '"Even the Dead Won't Be Safe": Walter Benjamin's Final Journey', 2020.

20-Nemiran. 'Destruction of Mass Graves of Kurdish Opposition Members in the City of Qorwe', 2020. https://nemiran.com/roj/en/archives/3552.

21-Nemiran. '40th anniversary of the execution of 59 Kurdish heroes', June 2023. https://nemiran.com/roj/archives/7234.

22-Nemiran. 'Massacre of the Kurdish people by Khalkhali, after Khomeini's fatwa (Part 1- Paveh)', 2020. https://nemiran.com/roj/en/archives/3530.

23-Nemiran. 'The Unforgettable Masoumeh

Bibliography

1-Amnesty International. 'Iran: Desecrating Mass Grave Site Would Destroy Crucial Forensic Evidence', 2017.

2-Bayazidi, Khabat. 'Remembrance of the hard-working teacher Abdul Qadir Bayzidi', 2021. https://nemiran.com/roj/en/archives/3565.

3-Bordbar, Behdad. 'The massacre in Qarna; interview with an eyewitness'. Roj Press, 2010. https://rojpress.wordpress.com/2010/09/18/gharna-genicide/.

4-Butcher, Thomas M. 'A "Synchronized Attack": On Raphael Lemkin's Holistic Conception of Genocide'. Journal of Genocide Research 15, no. 3 (2013): 253–71. https://doi.org/10.1080/14623528.2013.821221.

5-Chowdhury, Debdatta. 'Space, Identity, Territory: Marichjhapi Massacre, 1979'. The International Journal of Human Rights 15, no. 5 (June 2011): 664–82. https://doi.org/10.1080/13642987.2011.569333.

6-CIA (Central Intelligence Agency). 'The Military Situation in Kurdistan'. CIA's Historical Review Office Collections, 1979.

7-Dwaroj. 'Qarna's massacre, and unhealed wound on the body of history', 2020. https://dwaroj.net/.

8-Gowhari, Hamid. Rojhelat in 10 Years, 1978-1988. Hawler: Rojhelat Publication, 2011.

9-Hafez, Mohammed M. 'From Marginalization to Massacres: A Political Process Explanation of GIA Violence in Algeria'. In Islamic Activism: A Social Movement Theory Approach, edited by Quintan Wiktorowicz, 37–60. Bloomington: Indiana University Press, 2004.

10-Hassaniyan, Allan. Kurdish Politics in Iran: Crossborder Interactions and Mobilisation since 1947. Cambridge: Cambridge University Press, 2021.

11-Hassaniyan, Allan. 'Non-Violent Resistance in Iranian Kurdistan After 1979'. Journal of Ethnic and Cultural Studies 6, no.

Sarhangi', 2021. https://nemiran.com/roj/en/archives/3597.

24-Nemiran / SOAS. 'The story of the wiping out/cleansing of a family by the Islamic Republic of Iran'. SOAS University of London, 2009. https://nemiran.com/roj/archives/1756.

25-Sadiq, Ibrahim. Origins of the Kurdish Genocide: Nation Building and Genocide as a Civilizing and De-Civilizing Process. Rowman & Littlefield, 2023.

26-Sémelin, Jacques. 'From Massacre to the Genocidal Process'. International Social Science Journal 54, no. 174 (2002): 433–42. https://doi.org/10.1111/1468-2451.00397.

27-Semelin, Jacques. 'Toward a Vocabulary of Massacre and Genocide'. Journal of Genocide Research 5, no. 2 (2003): 193–210.

28-Shahrabi, Shima. 'The Iranian government's odd methods to erase the traces of its crime committed in Summer 1988'. Iran Wire, 2018.

29-Soleimani, Kamal, and Ahmad Mohammadpour. 'The Securitisation of Life: Eastern Kurdistan under the Rule of a Perso-Shi'i State'. Third World Quarterly 41, no. 4 (2020): 663–82.

30-Todman, Will. 'Isolating Dissent, Punishing the Masses: Siege Warfare as Counter-Insurgency'. An Exploration of Impact: Hunger, Cartoons & Philosophy 9, no. 1 (2017): 1–32.

31-UPI Archives. 'Khomeini Orders Blood Draining of Prisoners', 1983. https://www.upi.com/Archives/1983/10/02/Khomeini-orders-blood-draining-of-prisoners/9058433915200/.

32-Walzer, Michael. Just and Unjust Wars: A Moral Argument with Historical Illustrations. 4th ed. New York: Basic Books, 2006.

33-Yousefi, Hawre. 'Execution of 59 Youths of Mahabad; Re-visiting a shocking historical narrative'. Iran Wire, 2020. https://iranwire.com/fa/features/42562/.

34-YouTube. 'Perspective: Background and consequences of Qarna's massacre in Kurdistan'. Iran International, 2019. https://www.youtube.com/watch?v=xflNqfBoMEQ.

سیاسەتە زمانییەکانی پەهلەویی یەکەم لە کوردستان و دەرەنجامەکانیان

(بە پێداگری لەسەر خوێندنگەکان)*

نووسەران: حسێن ڕەسوولی، ڕەزا دێهقانی، عەلیرەزا کەریمی
وەرگێڕ: فەرهاد ئەکبەری

پوختە

ڕۆناکبیرانی سەردەمی پەهلەوی، یەکێتیی نیشتمانییان بە بەستێنی یەکپارچەیی سیاسیی وڵات و ڕێبازێک بۆ لاوازکردنی ململانێیە ئەتنیکی و کێشە خۆجێییەکان دادەنا. پێشیان وابوو کە ئەمە لە ڕێگەی نەهێشتنی سەرجەم جیاوازیگەلی هەیی (موجود) لە مۆدێلی ژیان، پۆشەمەنی، زمان و... دێتە دی. لە درێژەی ئەم ڕەوتەشدا، ئۆگری و مەیلی ئەتنیکە جیاکان بۆ لای زمانی فارسی و ڕۆڵە دیرۆکییەکەی لە یەکێتیی نیشتمانیدا بوار بۆ پەرەسەندنی وەک بنەمای سیاسەتی یەکدەستکردن خۆش دەکا. بۆ ئەمەش، دەوڵەت هەوڵی دەدا لەڕێی پەرەپێدانی دامەزراوەگەلی پەروەردەیی، دامەزراندنی مامۆستایانی ناخۆجێیی و بەربەندکردنی خوێندن و نووسین بە زمانە خۆجێییەکان، ڕێ بۆ ڕمێنی تاکە زمانێک بۆ چێکردنی یەکێتیی نیشتمانی خۆش بکا. لێ پەنابردنە بەر ڕێبازگەلی داسەپێنەر، دەستوەردانی دامەزراوەگەلی وەک ئەرتەش، بەربەندکردنی خوێندن بە کوردی و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی، وای کرد کە کورد تەنانەت زمانی فارسیشی لەبەرچاو بکەوێ و لەپێناوی پاراستنی ناسنامەی ئەتنیکیی خۆیدا دەست بە خەبات بکا. تەوەری سەرەکیی ئەم تۆژینەوەیە، تاوتوێکردنی مەبەست، ڕەوت و دەرەنجامی سیاسەتگەلی زمانیی دەوڵەتی پەهلەویی یەکەم لە کوردستاندا بە پشتبەستن بەبەڵگەنامەکانە.

کلیلەوشەکان: ڕەزاشا، یەکدەستکردنی چاندی، کوردستان، زمانی فارسی، خوێندنگە نوێکان.

پێشەکی

باوکردنی زمانی فارسی، وەک یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی ئایدیای چێکردنی دەوڵەتێکی یەکدەست، لەو سیاسەتانە بوو کە لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا لەسەر دەستی ڕۆناکبیر و سەرانی ڕژێمەکەوە گیرایە بەر و لە سەرپاکی ئەم سەردەمەدا شێلگیرانە لەسەری چوون. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئایدیایەش، کۆمەڵێک سیاسەت و ڕێ و ڕێباز گیرانە بەر کە لە ئەنجامی ڕەچاونەکردنی زۆربەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووریەکان و... لە دەڤەرە جیاجیاکاندا، لەوانە لە کوردستاندا، زوڵم و زۆر و پێشێلکارییەکی زۆر کرا. دواجار، سەرباری دانی تێچوویەکی زەوەند، نەک هەر ئامانجەکانی خۆی نەپێکا، بەڵکوو جاروبار دەرەنجامی خراپەشی لێ کەوتەوە. بۆ تۆژینەوە لە وردەکاریی ئەم بابەتە، پرسیارە سەرەکییەکەی ئەم وتارە ئاوا کراوە: باوکردنی زمانی فارسی لە کوردستاندا، بۆ چ مەبەستێک و لە چ ڕێ و ڕێبازێکەوە ئەنجام دراۆ؟ دەرەنجامەکانی چ بوون؟ هەروەها هەوڵمان داوە وەڵامی ئەم پرسیارە لاوەکییانەی خوارەوەش بدەینەوە: ئەو هەوڵانەی کە بۆ باوکردنی زمانی فارسی لە کوردستاندا دران، چەندە کاریگەریی ڕوانگەی ڕۆناکبیرانی سەردەمی پەهلەویی یەکەم (ڕەزاشا)یان پێوە دیار بوو؟ ئەو جیاوازی و لێکچوونانە چ بوون کە لە شێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ڕەزاشا لەگەڵ زمانە ئێرانییە نافارسییەکانی وەک کوردی و زمانە نائێرانییەکانی وەک تورکی و عەرەبیدا بەدی دەکران؟ گرینمانەی سەرەکیی تۆژینەوەکەش ئەوەیە کە پەنابردنەبەر میتۆدگەلی داسەپێنراو و زۆرەملێ بۆ باوکردنی زمانی فارسی و هەوڵدان بۆ بەرتەنگکردنی زمانی کوردی، نەک هەر یەکێتیی نیشتمانیی بەهێز نەکرد، بەڵکوو لەبری پێکسازان، لێکترازانی لێ کەوتەوە.

هەرچەندە زۆربەی خەڵکی ستانەکانی کوردستان، کرماشان، ئیلام و ئازەربایجانی ڕۆژاوا (ورمێ) کوردن، لەم تۆژینەوەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی پێویستیی بەرتەسککردنەوەی سنووری جوگرافیایی، وشەی کوردستان تەنێ بۆ شارە کوردییەکانی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژاوا کە لە دەمی دەسەڵاتداریتیی ڕەزاشادا سەر بە شارۆکەکانی شاری سابڵاخ (مهاباد) و شارەکانی ئێستای ستانی کوردستان وێڕای هێندێک شاری سەر بە ستانی کرماشان، وەک پاوە، جوانڕۆ و ڕوانسەر کە لە دابەشکاریی جوگرافیاییی ئەو دەمدا بەشێک بوون لە شارۆکەکانی سەر بە شاری سنە، دەکار کراوە.

لەمەڕ تەمەنی تۆژینەوە لەم بوارەدا دەبێ بێژین، سەرباری ئەوە کە لەم سالانەدا لە زۆر تۆژینەوەی بەنرخدا مەبەست و دەرەنجامەکانی سیاسەتی فەرهەنگی و ئەتنیکیی ڕەزاشا تاوتوێ کراون، لێ تاکوو ئێستا لە تۆژینەوەیەکی سەربەخۆدا سیاسەتە زمانییەکانی ناوبراو لێک نەدراونەتەوە. کتێبگەلی وەک "له سیاسەتەوە تا فەرهەنگ" (از سیاست تا فرهنگ)، نووسینی "حسام الدین آشنا"(۱)، "تبارشناسی هویت جدید ایرانی"(۲) و "دولت فرهنگ در ایران"، نووسینی "محمد علی اکبری" (۳) و "دولت مدرن و یکپارچگی ملی در ایران"، نووسینی "داریوش قنبری"(۴) زۆر بە

کورتی ئاماژەیان بـــە ڕۆڵ و گرنگایەتیی زمانی فارســـی لە پـــڕۆژەی چێکردنی ناســـنامە لە ســـەردەمی ڕەزاشـــادا کردووە. "نفیسە واعظ" لە کتێبی "سیاســـت عشـــایری دولت پهلوی اول" (۵) سیاســـەتی زمانیی پەهلەوی و بەرتەکی ئەتنیکە جیاوازەکانیان پشـــتگوێ خســـتووە. هەروەها کتێبی "مدیریـــت منازعات قومی در ایران"، نووســـینی "رضا صالحی امیری"، (۶) "تحولات قومی در ایران" نووســـینی "مجتبی مقصودی"(۷) و "قومیـــت و قوم گرایی در ایران"، نووســـینی "حمید احمدی" (۸)، ســـەرەڕای ئـــەوە هەوڵیان داوە هۆکارەکانـــی دەرکەوتنی پرســـە ئەتنیکییـــەکان لێک بدەنـــەوە، لێ بەکەمی پەرژاونەتە ســـەر ڕۆڵی سیاسەتگەلی فەرهەنگی و بەتایبەت سیاســـەتە زمانییەکانی ڕەزاشا لە ســـەرهەڵدانی پرســـی کوردستان پاش ڕووخانی دەســـەڵاتی ڕەزاشا.

بە کورتـــی دەبـــێ بێژین زۆربـــەی ئەو ســـەرچاوانەی ئاماژەمان پێ کردن، بەگشـــتی سیاسەتە فەرهەنگییەکانی سەردەمی ڕەزاشایان تاوتوێ کردوون و تا ئێســـتاش تۆژینەوەیەکی ســـەربەخۆی تایبەت لەســـەر سیاسەتگەلی زمانـــی، مەبەســـت و دەرەنجامەکانیـــان لە کوردســـتان و دەڤەرەکانـــی تری ســـەر بە ئەتنیکە جیاوازەکان نەکراوە. بە لەبەرچاوگرتنی کەلێنی زانســـتیی پشتبەستوو بە بەڵگەنامەکان لە بـــواری دیرۆکی شـــوێن گەلێـــک وەکی کوردســـتان، بەتایبەت لەو دەم و دەورانەی کە ئێمە باســـی دەکەین، هیوادارین ئەم تۆژینەوەیە بتوانێ بەشـــێک لەم کەلێنە پـــڕ بکاتەوە و بوار بۆ تۆژینـــەوەی تـــری لەم چەشـــنە خۆش بکا و دەســـتباری یاســـادانەران و بەڕێوەبەرانی سیاســـەتە چاندییەکان لەمەڕ ناوچەگەلی وەک کوردســـتان بدا. لەم تۆژینەوەیەدا پشـــت بە میتۆدی گێڕانەوەیی-شـــیکاری و بەڵگەنامەیی بـــۆ کۆکردنـــەوەی زانیاریـــی کتێبخانەیی و ئەرشیفخانەیی بەستراوە. سەرچاوەی سەرەکیی بابەتەکەش پاشـــماوەی بەڵگەنامەکانی ئەو دەم لە ناوەندی بەڵگەنامە نیشـــتمانییەکانی تارانە کـــە ڕۆڵێکی بەرچاویـــان لـــە ڕوونکردنەوەی دیرۆکـــی خۆجێیـــی و ناوچەییدا هەیە.

۱. ناسیۆنالیزم، زمانی فارسی و یەکدەستکردنی فەرهەنگی لەسەردەمی ڕەزاشادا

وەچـــەی یەکەمـــی ڕۆناکبیرانـــی ئێرانی بە پێکگرتـــن (بەراوردکردن)ی ڕەوشـــی ئێران و ئەوروپا، سەرچاوەکەی ســـەرپاکی چارەڕەشی و دواکەوتنەکانیان بۆ ســـەرەڕۆییی داوودەزگەی دەســـەڵاتدار و بـــێ یاســـایی دەگێڕایەوە و هـــەر بۆیـــە داوای دامەزراندنی سیســـتێمی مەشـــرووتەیان دەکـــرد. بەڵام کە شۆڕشـــی مەشـــرووتە لـــە ئێراندا کـــرا، نـــەک هەر ئامانجەکانی ڕۆناکبیران نەهاتنـــە دی، بەڵکوو ناکۆکیی ناوەکیـــی نێوان مەشـــرووتەخوازان، لاوازبوونی دەسەڵاتی شـــا، دەستوەردانی هێزە دەرەکییەکان و هەروەها دەســـپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانـــی و داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە شـــەڕ و ئاژاوەیەکی وای نایـــەوە کە لەوێنـــەی نەبوو.

ڕۆناکبیـــران ئاگـــەداری ئەوە بـــوون کە زۆربـــەی ڕاپەڕیـــن و بزاڤەکانی دوا ســـاڵانی دەسەڵاتی قاجار، لە ناوچە ئەتنیکییەکانی وەک ئازەربایجان، کوردســـتان و خووزستاندا قەوماون. جیاوازییـــە ئەتنیکی، زمانـــی و مەزهەبییەکان

لە ئێراندا بە مەترسی و هەڕەشە لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالستیدا دادەنران. کەوابوو، ئەم ڕۆناکبیرانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەرەڕۆ کەوتنە خۆ تاکوو سەرەتا لەڕێی ئەرتەشێکی بەهێزەوە ئەو ڕاپەڕینانە سەرکوت بکا و پاشان بە بڕەودان بە ناسیۆنالیزم بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و یەکپارچەیی نیشتمانی تێ بکۆشێ. یەکدەستکردنی جلوبەرگ و کڵاو، بڕەودان بە زمانی فارسی وەک زمانی نیشتمانی، کردنەوەی خوێندنگەی دەوڵەتی و بەرتەسکردنەوەی بەکارهێنانی زمانگەلی نەتەوەیی و نافارسی هێندێک لەو ڕێ و ڕێبازانەی یەکدەستکردنن کە دەوڵەتی ڕەزاشا بۆ نەهێشتنی جیاوازی و ناکۆکییە نەتەوەیی و زمانییەکان گرتنیە بەر.

بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی زمان لە پاراستنی یەکڕیزیی نێوان جڤاتەکاندا، دەکرێ وەک خولگەی بنەڕەتی و گرنگترین هەوێنی پێکهێنەری میللەتان و دیاریکەری ناسنامەی مرۆڤ دای بنێین. بۆیە زمان دەورێکی سەرەکیی لە سەرهەڵدانی بزاڤە ناسیۆنالیستییەکاندا هەبووە و هۆکاری سەرەکیش بووە لە دەرکەوتنی وشیاریی ناسیۆنالیستی لەنێو میللەتانی نوێی ئەوروپای مۆدێرندا (۱). لە ناسیۆنالیزمی دڵخوازی ڕۆناکبیرانی سەردەمی قاجاردا، زمانی فارسی گرنگایەتی و جێگەیەکی بەرزی پێ دراوە. "آخوندزادە" چاککردن، گۆڕین و لابردنی وشە عەرەبییەکانی لە زمانی فارسیدا وەک ئارمانجی خۆی ڕاگەیاند (۲). دوای وی "میرزا آقاخان کرمانی" و "جلال الدین میرزای قاجار"یش لەم پێناوەدا هەوڵیان دا. ڕۆناکبیران و کاربەدەستانی دەورەی ڕەزاشاش هەستیان بە گرنگیی زمانی فارسی لە پتەوکردنی یەکێتییە نیشتمانییە دڵخوازەکەیان کردبوو، بۆیە بڕەودان بە زمانی فارسییان کردە تەوەری سەرەکیی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنە فەرهەنگییەکەیان. لە ڕوانگەی ڕۆناکبیرانی سەر بە "بازنەی بێرلین" (۳) کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سیاستە فەرهەنگییەکانی دەورەی ڕەزاشادا هەبوو، زمانی فارسی زۆر پڕبایەخ بوو. زۆربەیان وای بۆ دەچوون کە یەکێتیی نیشتمانی تەنێ لە چوارچێوەی دوو فاکتۆری سەرەکیی فەرهەنگ و زماندا دابین دەبێ و بەدەر لە دوو بواری ئایین و زمان، دەبێ لە سەرجەم بوارگەلی تردا لاسایی ڕۆژاوا بکەینەوە (۴). گۆڤاری "کاوە" یەکێک لە ڕێگەکانی ڕزگاریی نیشتمانیی بە پاراستنی زمانی فارسی دەزانی (۵) و لە سەرپاکی ماوەی دەرچوونیدا قەت لە خەبات بۆ چەسپاندنی زمان و ئەدەبی فارسی کەمتەرخەمیی نەکرد (۶). "محمود افشار" پەرەپێدان و بەگشتی کردنی زمانی فارسیی بە ئامرازی ڕسکانی یەکێتیی نیشتمانی لە ئێران و هەروەها نەهێشتنی ناکۆکیگەلی ناوچەیی لە بواری جلوبەرگ و زمانەوە دەزانی و پێی وابوو کە "کورد، لور، قەشقایی و... نابێ لێک جیاواز بن و هەر کامیان جلکێک لەبەر بکا و بە زمانێک بدوێ" (۱)، کەوابوو دەبێ هەموومان یەکدڵ و یەکدەنگ خوازیار بین و لەپێناوی بڵاوکردنەوەی زمانی فارسی لە سەرلەبەری ئێراندا خەبات بکەین تاکوو بەکاوەخۆ جێی زمانە بیانییەکان [مەبەستی زمانی نەتەوەکانی تر] بگرێتەوە (۲). کەسرەوی بۆ سەرگرتنی یەکپارچەیی سیاسی، جوگرافیایی و ئاسیمیلاسیۆنی کۆمەڵایەتی، چەسپاندنی یەک زمان و ئایینی هاوبەشی بە

پێویســـت دەزانی. هێندەش پێیان لێ هەڵبڕی کە گۆڤاری "پیمان" دروشـــمی خۆی کرد بە: یەک ئاڵا، یەک ئایین، یەک زمان. مەبەســـتی کەســـرەوی ئەوە بوو کە زمانـــە جۆرەجۆرەکان لە "تورکـــی، عەرەبی، ئەرمەنی، ئاســـووری و نیمچـــە زمانەکانی ســـتانەکان وەک گیلەکی، کوردی، لوڕی، شووشـــتەری و هاوشێوەکانیان" بســـڕدرێنەوە و ســـەرجەم خەڵکی ئێران تەنێ بـــە زمانێک بدوێن کە زمانی فارســـی بێ (۳). "عیســـی صدیق"، یەکێک لە کەسایەتیگەلی کاریگەر لەســـەر سیاســـەتە فەرهەنگییەکانی ئـــەو دەم، پێی وابوو کـــە چ فاکتۆرێکی دیکە هێندەی زمـــان ناتوانێ یەکێتی لەناو نەژادگەلی جیـــاوازدا پێکبێنێ و ئـــەو، یەکێتیی زمانی بە هەوێنـــی یەکێتیی هزر و یەکێتیی هەســـت دەزانی (۴). "ســـەعید نفیسی"یش میللەتی وەک کۆمەڵە خەڵکێک پێناســـە دەکـــرد کە زمان، ئـــەخلاق، دابونەریت، بیروباوەڕ، پۆشـــەمەنی، ژیانـــی کۆمەڵایەتی، هیـــوا و ئـــاوات و...یان یەکدەســـت بێت (۵).

۲. کردنەوەی خوێندنگەی نوێ لە کوردستان و پەرەسەندنی زمانی فارسی

کردنـــەوە و پەرەســـەندنی خوێندنگەی نوێ یەکێک لـــە گرنگترین ئامرازگەلـــی دەوڵەتی ڕەزاشـــا لەپێنـــاوی چێکردنی میللەتـــدا بوو و سیاســـەتی گشـــتیی پـــەروەردەی نوێش بەفارسیکردنی نەتەوە نافارسەکان بوو (۶). بۆیە، هەر لە دەســـپێکەوە بودجەیەکی زیاتر لەلایەن سیاســـەتدارێژانی فەرهەنگییەوە بۆ کردنەوەی خوێندنگـــە لەناو نەتەوە نافارســـەکاندا تەرخان کـــرا؛ بۆ میناک، هـــەر ئەوەی کە بەرپرســـی کاتیـــی وەزارەتی پـــەروەردە، بۆ بـــەرەودان بە کاروباری پـــەروەردە لە " ئەیالەت و ویلایەتەکان بەتایبـــەت لە ناوچە سەرســـنووریيەکانی وەک ئازەربایجان، خووزســـتان و کوردســـتان " دا، داوای زیادکردنـــی بوودجەی ســـاڵی خوێندنی ۱۳۰۴ کۆچـــی هەتاوی بـــە ڕێژەیەکی بەرچاو دەکـــرد. وەزارەتـــی ناوخۆ لـــە نامەیەکدا بۆ وەزارەتـــی پـــەروەردە لـــە ســـاڵی ۱۳۰۷دا، ئاماژەی بە پێویســـتیی کردنەوەی خوێندنگە لە کوردســـتان و بەتایبەت لە ناوچەی هەورامانداا کردووە (۲). نووســـینگەی تایبەتی پاشـــایەتی هەر ئەو ســـاڵە لـــە نامەیەکـــدا، فەرمانی بە وەزارەتـــی پـــەروەردە و ئەوقاف کـــردووە کە دوو خوێندنگە لە ســـابڵاخ (مهابـــاد) بکەنەوە و دەبێ "دەســـبەجێ ئەم فەرمانە بە بەرپرســـی پـــەروەردەی ئازەربایجان ڕابگەیەنـــدرێ" (۳). فەرماندەی "تیپی سەربەخۆی خووزستان"یش لە نامەیەکدا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نووســـینگەی پاشـــایەتی، داوای پەرەپێدانی پـــەروەردەی لە خووزســـتاندا کـــردووە تاکوو "زمانی فارســـی بەخێرایی لەو ناوچەیـــەدا بڵاو ببێتەوە و ئیدی زمـــان و جلوبەرگ و دابونەریتیـــان بەجارێک یەکدەســـت ببێ و لەو دۆخـــی چەقینە ڕزگار ببین و بە دامەزراندنی خوێندنگەی پێویســـت دەبێ لە بنەڕەتەوە منـــداڵان و لاوانی ناوچەکە فێری فارســـی بکرێن" (۴). لەسۆنگەی بایەخی ئەم بابەتە و پێویســـتیی کارکردنـــی خێرا لەم پێناوەدا، نووســـینگەی تایبەتی پاشـــایەتییش لە نامەیەکـــی نهێنیدا لە ڕێکەوتـــی ۲۱/ ۱۲/ ۱۳۱۳دا فەرمانی ڕەزاشـــا بە هەر دوو وەزارەتی مەزنی پـــەروەردە و ئەوقـــاف ڕادەگەیەنێ:

"بە پێـــی فەرمانی شـــایەنی گوێڕایەڵیی پیرۆز، ڕادەگەیەندرێ کـــە زیادکردنی ژمارەی

خوێندنگەکان لە خووزستان و کوردستان واتە سەرپاکی کوردستان لە ئەرکە پێویست و لەزگینەکانە. و ئەمەش نەک هەر لە ڕوانگەی پەرەدان بە پەروەردەوە پێویستە، بەڵکوو لەبەری بەرژەوەندیی وڵاتیشەوە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێ. بەتایبەت بڕیارێان دا ڕابگەیەندرێ لانیکەم هەر ئەو ڕێ و ڕێبازەی لە دەشتی گورگان جێبەجێ کراوە، لە خووزستان و کوردستانیش دەبێ جێبەجێ بکرێ." (۵)

وەزارەتی پەروەردەش لە وەڵامدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ساڵی ۱۳۱۳ و ۱۳۱۴دا بۆ پەرەدان بە پەروەردە و کردنەوەی خوێندنگە لە خووزستان و کوردستان سەروو ۳۲۰ هەزار تمەن بودجەی زیاتر تەرخان کراوە (۱). هەر وەک لەو بەڵگەنامانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، دەستوەردان، هەوڵدان و پێداگریی نووسینگەی تایبەتی پاشایەتی و ڕەزاشا بۆ خۆی، وەزارەتی ناوخۆ، ئەرتەش و پلەداران لەسەر کردنەوەی خوێندنگە لە کوردستاندا نەک هەر تەنیا سەلمێنەری گرنگایەتیی ئەم بابەتەیە، بەڵکوو سەلمێنەری دەستوەردانی سازی و دامەزراوە سەربازییەکانیشە لە دەرکردنی بڕیارە فەرهەنگییەکانی ئەودەمدا و ئەو بۆچوونەمان لا بەهێز دەکا کە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە پتر ڕاپەڕاندنی بڕیاری دامەزراوەگەلی تر بووە.

بە سەرنجدان بەوەی کە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی پەرەدان بە پەروەردە لە شوێنگەلێک وەک کوردستان، پتر بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەدان بە زمانی فارسی بووە، لەم قۆناغەدا زۆرتر بایەخ بە کردنەوە و زیادکردنی خوێندنگە سەرەتاییەکان دەدرا تاکوو خوێندنگەی ناوەندی. لە سەرپاکی دەمی دەسەلاتی ڕەزاشادا تەنێ ژمارەیەکی کەم خوێندنگەی ناوەندی لە کوردستاندا کراونەتەوە، کەچی لە دەمی ڕووخانی دەسەلاتەکەیدا، لە سەرجەم شارەگوند و زۆربەی گوندەکاندا خوێندنگەی سەرەتایی کرابوونەوە (۲). پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە دەمی ڕووخانی دەسەلاتی ڕەزاشادا، سەرباری پەروەردەی سەرەتایی، بایەخێکی تایبەتیش بە فێرکردنی بەتەمەنەکان و خوێندن و نووسین و پەرەدان بە پەروەردەی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکیش درابوو (۳).

ڕێ و ڕێبازێکی تر کە دەوڵەتی ڕەزاشا بۆ بڕەودان بە ناسیۆنالیزم و زمانی فارسی گرتبوویە بەر، ناردنی بەلاشی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بۆ خوێندنەوەخانە (قرائت خانه) کانی ناوچەگەلی وەکی کوردستان بوو. بەپێی بەڵگەنامەکان، دەوڵەت لە هەوڵی ئەوەدا بوو تاکوو گۆڤار و ڕۆژنامە فارسییەکان بە بەلاش بنێرێ بۆ خوێندنەوەخانەکانی کوردستان. لە نامەیەکی بەرپرسی خوێندنەوەخانەی مهابادا بۆ وەزارەتی فەرهەنگ سکاڵای ئەوە کراوە کە "لە سەرەتای خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۱۸ەوە ڕۆژنامەی "اطلاعات" و گۆڤارەکانی تر نەگەیشتووەتە خوێندنەوەخانەکەیان" و داوای ئەوە کراوە کە "وەک جاران فەرمانگەی گشتیی تۆمار (نگارش)، بە نارەدنی چاپەمەنیی بەکەڵک، خوێندنەوەخانەی پەهلەوی لە مهاباد بڕازێنێتەوە و دەوڵەمەندتری بکەن". وەزارەتی فەرهەنگیش، بە ناردنی چەند نامە بۆ ڕۆژنامەکانی "ایران" و "اطلاعات" هەموو چەشنە یارمەتییەکی خوێندنەوەخانەی پەهلەوی لە مهابادی بە پێویست زانیوە و نووسیویەتی:

"بەتایبەت ڕەوشەکەی وا دەخوازێ کە هەموو کەسێک و بەتایبەت بەرپرسانی چاپەمەنیی وڵات کە خوازیاری بەرەودان بە زمانی فارسی و پتەوکردنی بنەماکانی ناسیۆنالیزمن یارمەتیی ئەم خوێندنەوەخانەیە بدەن. کەوابوو وەزارەتی فەرهەنگ چاوەڕێی فەرمانی ئێوەیە تاکوو وەک جاران ڕۆژنامە بنێردرێ بۆ ئەو بنکەیە." (١)

ئەم بەڵگەنامەیە بەڕوونی دەری دەخا کە سەرەکیترین مەبەست لە شاندنی گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ کوردستان بەرەودان بە زمانی فارسی و بەهێز و سەقامگیرکردنی بەها فەرهەنگییە دڵخوازەکانی دەسەڵاتەکەی ڕەزاشا بووە و بوار نەدراوە کە چ کردارێک ببێتە کۆسپ لەبەردەم پێشڤەچوونی ئەم سیاسەتەدا.

٣. بەربەندکردنی پەروەردە بە زمانی کوردی لە خوێندنگەکانی کوردستاندا

دەوڵەتی ڕەزاشا بۆ بەرەودان بە زمانی فارسی لە کوردستاندا، تەنیا بە کردنەوە و پەرەدان بە خوێندنگەی نوێوە نەوەستا، بەڵکوو کۆمەڵێک کۆسپی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لەم خوێندنگەیانەدا نایەوە و هەوڵی دا هێندەی دەکرێ ماموستای ناشارەزا لە زمانی کوردی لە دەرەوەی کوردستانەوە بێنی. سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی [ستانی] کوردستان، لە ١٥/ ٦/ ١٣٠٧دا فەرماننامەیەکی بۆ خوێندنگەکان ناردووە و تێیدا نووسیویەتی: "ئەرکی سەرشانی سەرجەم کارمەندانی خوێندنگەکانە ئاگەدار و وریای ئەوە بن کە تێکڕای ماموستا و خوێندکاران هەر تەنیا دەبێ بە زمانی فارسی قسە بکەن" (٢). هەروەها کاربەدەستانی کوردستان لە نامەیەکیاندا بۆ وەزارەتی مەزنی ناوخۆ لە ١٢/ ٧/ ١٣١٠دا وێڕای ئاماژە بەوەی لە کوردستاندا تەنێ لە خوێندنگە و بەڕێوەبەرایەتییە دەوڵەتییەکاندا بە فارسی قسە دەکرێ، دەنووسێ: "بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سەرپاکی خەڵک ناچار بن بە فارسی قسە بکەن، کردنەوەی خوێندنگەی جۆرەجۆر لە گوند، شارەگوند و شارەکاندا و هەروەها ناردنی ماموستای تەواو ناشارەزا لە زمانی کوردی پێویستە تاکوو وا پەروەردە بکرێن کە ئیدی بەجارێک لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا نامۆ بن" (١). ئەم بەڵگەنامەیە بەجوانی دەیسەلمێنێ کە مەبەستی سەرەکیی دەوڵەتی پەهلەوی لە کردنەوەی خوێندنگەی جیاجیا لە کوردستاندا نەک هەر بەرەودان بە زمانی فارسی، بەڵکوو لەناوبردنی زمانی کوردییش بووە. هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و ئەوقافی کوردستان لە ٢٥/ ١٠/ ١٣١٢دا لە نامەیەکی ڕاستەوخۆ و نهێنیدا بۆ وەزارەتی پەروەردە، وێڕای ئاماژە بەوەی خەڵکی کوردستان زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە و کەم کەس بەتایبەت لە "گوند و شارەگوندەکان"دا بەباشی لە فارسی تێ دەگەن، داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکا "بە هیچ کلۆجێک ماموستا و فەراشی کورد لە خوێندنگەکاندا دانەمەزرێن و ئەوانەش کە دامەزراون بۆ شوێنەکانی تری دەرەوەی کوردستان وەگوێزرێن". هەروەها داوای زیادکردنی مووچەی ماموستایانی ناکوردی لە کوردستان کردووە "تاکوو بلوێ ماموستاگەلی تا ئەندازەیەک شیاوی بەتەمەن لە یەزد، ئیسفەهان، فارس و تارانەوە بگوازرێنەوە بۆ کوردستان. لە کۆتاییدا هیوا دەخوازێ ئەگەر ئەم داواکارییانەی سەرەوە لەبەرچاو بگیرێن،

لەوە دڵنیـــا دەبین کە پەروەردە لـــە ماوەی دە ساڵدا بتوانێ هەستی ئێرانپەرستی لەناو خەڵکی کوردســـتاندا بەهێز بـــکا و هەروەهـــا زمانی ســـەرلەبەری خەڵکیش بکرێ بە فارسی" (٢).

یەکێک لـــە کاربەدەســـتانی دەوڵەت کە لە ســـاڵی ١٣١٣ی هەتاویدا بـــۆ تاوتوێکردنی ڕەوشـــی سیاســـی و فەرهەنگی ســـەردانی ســـابلاخی کردبوو، لـــە نامەیەکـــی نهێنیدا بۆ ســـەرۆکی نووسینگەی پاشـــایەتی، وێڕای ئامـــاژە بە گرنگایەتیی سیاســـی-جوگرافیاییی شـــارەکە دەنووســـێ: "بەجێیە کە کۆمەڵێک هەنـــگاوی گرنگ لـــەم ناوچەیـــەدا بنێین وا بکرێ کـــە خەڵکەکەی بە هـــەر نرخێک بووە لە ناســـیۆنالیزمی ئێرانیدا بتوێنرێنەوە تاکوو لە داهاتوویەکی شیمانەکراودا مەترسییەکی سیاسی و ئابووری لەســـەر وڵاتەکەمان چـــێ نەبێ." بۆ ئەم مەبەســـتەش داوا لە وەزارەتـــی پەروەردە دەکا کـــە ژمارەی خوێندنگە ســـەرەتاییەکان زیـــاد بکا "بـــە مەرجێک مامۆســـتاکان هەر لە دەســـپێکەوە، فارســـیزمان بن. من فەرمانم دەرکرد تاکوو مامۆســـتا کـــوردەکان لابەرن و ئەم فەرمانەش بۆ یەکدەســـتکردنی خوێندنگە سەرەتاییەکان زیاد بکرێ". هەروەها پێشنیاری ئـــەوەش دەکا کـــە وەزارەتخانەکانـــی تریش هەم لـــەم ناوچەیـــەدا و هەم لـــە ناوچەکانی تری ئازەربایجانیشـــدا، کارمەندی کوردزمان و تورکزمان دانەمەزرێنـــن، چونکە ئەم کارمەندانە بە سروشـــتی هەر بە زمانەکەی خۆیان لەگەڵ خەڵکدا قســـە دەکەن و ئیدی ئەمەش وا دەکا زمانی فارســـی وەک پێویســـتییەکی گشتی لەنیو خەڵکدا پـــەرە نەســـێنێ (١). هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و ئەوقافی کوردســـتان لە ســـاڵی ١٣١٧ی هەتاویدا وێڕای ڕاپۆرتەکانی جێژنی هەزارساڵەی فێردۆســـی لە سنە، ئاماژە بەوە دەکا کە "لە لایەن نوێنـــەری پەروەردەوە، دوو ئەندامـــی [بەڕێوەبەرایەتی]ی پـــەروەردە، زنجیرە کۆنفرانســـێکیان لەم بوارانەی خوارەوە ســـاز کرد: یەکێتی و ســـەربەخۆییی زمان و پێویســـتیی ســـڕینەوەی زمانە لاوەکییەکانی ئێـــران لەوانە کوردی، لوڕی، تورکـــی و..." (٢). ئەم بەڵگەنامەیـــە و زۆر بەڵگەی تریش بەڕوونی ئەوە دەســـەلمێنن کە یەکێـــک لە گرنگترین ئەرکەکانـــی بەڕێوەبەرایەتیـــی پـــەروەردەی کوردســـتان خەبات بۆ یەکدەســـتکردنی زمان بووە. کردنـــەوەی خوێندنگـــەی جۆرەجۆر لە شـــوێنە جیاکانی کوردســـتان، دانەمەزراندنی مامۆســـتایانی کوردزمان، ناردنی مامۆستایانی کـــورد بۆ ناوچەکانـــی دەرەوەی کوردســـتان، زیادکردنـــی مووچەی مامۆســـتایانی ناکورد بۆ هاندان و دڵخۆشـــکردنیان بە مانەوە و وانەوتنەوە لە کوردســـتان و گرتنی جێژنـــی جۆرەجۆر و وتاردانی بەمەبەســـت بەشـــێک لـــە ڕێ و ڕێبازەکانی دەســـەڵاتی ڕەزاشـــا بۆ وەدیهێنانی ئـــەم ئامانجە بوو.

دەســـەڵاتی ڕەزاشـــا بـــۆ ســـەلماندنی ئێرانیبوونـــی کورد چـــی لە دەســـت هاتبا دەیکـــرد. تەنانەت لـــە ســـاڵی ١٣١٦دا "لەو ســـۆنگەیەوە کە لەمەڕ نەژاد و ناشنالیتیی کورد کە ئێرانیی ڕەســـەنن، هەندێک قسە و قسەڵۆک کرابوون"، لـــە ئەنجومەنی وەزیرانـــدا بڕیار درا "بۆ ڕێگرتن لـــە ئاڵۆزکردنی بیـــرورای خەڵک و ڕەگاژۆکردنی ئێرانپەرستی لە ناخیاندا" سەرباری دامەزراوەگەلـــی نوێی فەرهەنگـــی، کتێب و نامیلکە و تێزیش لەم پێوەندییـــەدا کە "کورد لە توخمە ڕەســـەنەکەی ئێرانی کۆنە و بەشێکی

دانەبڕاوی ئەم وڵاتەیە"، بنووسرێن و بڵاو بکرێنەوە. لەم بوارەدا بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، بڕی ٥٠ هەزار قەران لە بودجەی دەوڵەت بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی سێ بەرگ کتێب لەسەر مێژوو، نەژاد و ناشنالیتیی کورد لەلایەن بەڕێزان مەردوخی کوردستانی، ڕەشید یاسەمی و پرۆفیسۆر مینۆرسکییەوە تەرخان کرا (٣). بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بە کردار و وەک ئەوەی کە لەم بەڵگەنامانەوە دەردەکەوێ، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان مامەڵەی دەسەڵاتدارانی پەهلەوی لەگەڵ زمانی کوردیدا وەک یەکێک لە زمانگەلی ئێرانی و هەروەها زمانگەلی نائێرانیی وەک تورکی و عەرەبیدا بەدی نەدەکرا. دەوڵەت لە ڕوانگەیەکی داشکێنەرانەوە ئەوەی پێی کرا بۆ لاوازکردنی ئەم زمانانە کردی. هەروەها لە کاتێکدا کە لەبەر ڕۆشنایییی ئەم بەڵگەنامانە کورد "وەک نەتەوەیەکی ڕەسەنی ئێرانی کۆن و بەشێکی دانەبڕاوی ئەم وڵاتە" سەیر کراون، لە بەڵگەنامەیەکی تردا کە پێشان ئاماژەمان پێ کرد، نەک هەر کورد بە بەشێک لە "توخمی ڕەسەنی ئێرانی" دانەنراون، بەڵکوو وەک باسمان کرد یەکێک لە کاربەدەستان لە نامەکەیدا داوای هەڵگرتنی هەنگاوی جیدیی وەزارەتی پەروەردە "بە هەر نرخێک" بۆ تواندنەوەی خەڵکی کوردستان لە بۆتەی ئێرانیەرستیدا دەکا. لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە "علی اصغر شمیم"، لە کتێبێکدا کە لە ساڵی ١٣١٢دا لەسەر دیرۆک و جوگرافیا نووسیویەتی، وێڕای پێداگری لەسەر ئێرانیبوونی نەژادی کورد، ڕەخنەی لە سیاسەتی ڕژێمی تورکیا "بۆ گۆڕینی دابونەریت، ئەخلاق و زمانی کوردی" و "تواندنەوە و سڕینەوە"ی کورد لەناو نەتەوەی تورکدا گرتووە و هۆکاری ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران و ڕاپەڕینەکانی کورد لە باکووری کوردستان (لە دەقەکەدا هاتووە باشوور کە ڕەنگە هەڵبێت یان مەبەستی جوگرافیایەکی تر بێ) دژی تورکیا بە دەرەنجامی ئەو دەستوەردانە دەزانێ "کە ئەو وڵاتە بۆ گۆڕینی خوو و خدە و دابونەریت و زمانی کوردی دەیکرد، بەتایبەت کە تورکیا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کورد ناچار بکا مل بۆ دابونەریت، خوو و زمانی تورکی ڕابکێشێ کە بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیدا یەکی نەدەگرتەوە" (١). ئەم میناکانەی سەرەوە جۆرە پێکدژییەک لە سیاسەتە دیار و نادیارەکانی دەوڵەتی ڕەزاشا لەهەمبەر کوردا دەسەلمێنن. لە کاتێکدا کە لە زۆربەی بەڵگەنامە و کتێبەکانی ئەودەمدا پێ لەسەر نەژادی ئێرانیی کورد داگیرابوو و ڕەخنە لە هەوڵی بە نائاریایی ناساندنی کورد و هەروەها سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ گۆڕینی زمان و تواندنەوەی کورد گیرابوو، بەڵام دەوڵەتی ڕەزاشا بەکردەیی هەروەک زۆربەی وڵاتانی تر بەگوێرەی شەرتومەرجی سەردەم و لەپێناوی بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیدا سڵی لە چ هەوڵێک بۆ بەرەودان و سەقامگیرکردنی یەک زمان و سڕینەوەی زمان و زارەکانی دیکەی ئێرانی و نائێرانی نەدەکردەوە.

هەرچەند هەوڵی ڕۆناکبیران و دەوڵەتی پەهلەوی لەپێناوی خورتکردن و بەرەودان بە زمانی فارسی لەناو نەتەوەکانی ئێراندا کە بۆ

پتەوکردنی یەکڕیزیی نیشتمانی و پووچەڵکردنەوەی هەوڵی پانتۆرک و پانعەرەبەکان کە ئەوانیش بە هەڵکەوت پێ لەسەر زمان دادەگرن و چاویان بڕیبووە بەشێک لە خاکی ئێران لە ئازەربایجان و خووزستانداا، بە کارێکی شیاو و قبووڵکراو دەزانرا، لێ پێداگری لەسەر ڕێ و ڕێبازە داسەپێنراو، زۆرەملێ و سزادەرانە لەبری گرتنەبەری ڕێ و ڕێبازی هاندەرانە لەپێناوی بڕەودان بە زمانی فارسی کە لەمێژ بوو لە ئێران و تەنانەت دەرەوەی ئێرانیشدا وەک زمانی نووسین کاری پێ دەکرا. لە لایەکەوە هەوڵە ڕێکخراوەکانی دەوڵەت بۆ تواندنەوەی زمان و زاری نەتەوە نافارسەکان، وایان کرد کە ئەم چەشنە هەوڵانە نەک هەر دەرەنجامێکی باشیان لێ نەکەوێتەوە، بەڵکوو ئەنجامی خراپیشیان لێ بکەوێتەوە. لەڕاستیدا، دەوڵەتی مۆدێرن بۆ چێکردنی کەڵەناسنامەیەکی سیاسی-فەرهەنگی کۆمەڵێک سیاسەتی توندئاژۆیانە و توندوتیژی گرتە بەر و هەروەها بە پێداگریی توند لەسەر هێندێک فاکتەر، دواجار کەڵێنی نێوان نەتەوەکانی ئێرانی بەرینتر کردەوە (١).

سەرباری ئەوەی دەوڵەتگەلی پێش دەسەڵاتی پەهلەوی پلانێکی ئەوتۆیان بۆ بڕەودان بە زمانی فارسی لەناو نەتەوەکانی تری ئێراندا نەبوو، کەچی لەمێژە نەک هەر ئەم نەتەوانە، بەڵکوو، بەشێکی بەرچاو لە خوێندەوارانی نیمچەکیشوەری هیند و ئاسیای بچووکیش بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی پەروەردە دەکران (٢). لەناو ئەمانەشدا، هێندێک لە زانایان، ئەدیبان، شاعیرانی کوردیش هەر لە سەرەتاوە بەشێک لە بەرهەمەکانی خۆیان بە فارسی نووسی و پاش دابەشبوونی کوردستان بەسەر سەفەوی و ئیمپراتۆریای عوسمانیدا و پاشان وڵاتانی عەرەبیشدا، پێوەندییەکی مێژوویی، ئەدەبی، عیرفانی و تەنانەت کۆمەڵایەتیی پتەو لە نێوان کورد و تورک و عەرەبدا چێ نەبوو (٣) و شاعیران و هونەرمەندانی کورد لە میزۆپۆتامیادا بایەخیان بە نووسین بە فارسی دەدا (۴). تەرخانکردنی بەشێک لە دیوانی شاعیرانێکی هەرەبەرزی وەک "نالی"، "مەحوی"، "حاجی قادری کۆیی" و زۆر شاعیری دیکە بە شێعری فارسی، بۆ خۆی سەلمێنەری هۆگری و بایەخدانی بژاردەکانی کورد بە زمانی فارسی لە کوردستانی بندەستی عوسمانییە (١). هەروەها زۆربەی دیرۆکنووسانی کوردیش بەرهەمەکانی خۆیان لەمەڕ کوردستان، میرنشینەکان و ئێڵ و عەشیرەکانی کوردستان بە فارسی نووسیوە، بۆ مینا‌ک دەکرێ ئاماژە بە "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی لە سەردەمی سەفەوی، "زبدەالتواریخ"، "تاریخ امرای اردلان"، "لب التواریخ"، "حدیقه ناصری" و "تحفه ناصری" لە سەردەمی قاجاردا بکەین. هەر لە سەردەمی قاجاردا مەستووڕەی ئەردەڵان، شاعیر و دیرۆکنووسی کورد، بە نووسینی کتێبی "تاریخ اردلان" لە ساڵی ١٢٠٢ی کۆچیدا بوو بە یەکەم دیرۆکنووسی ژن لەو سەردەمەدا. هەروەها بەشێک لەو کتێبانەی کە لە حوجرەکانی کوردستاندا دەخوێندران فارسی بوون و سەرپاکی دەرچووانی ئەم حوجرانە بەتەواوی زاڵ بوون بەسەر زمانی فارسیدا.

۴. دەرەنجامەکانی سیاسەتە زمانییەکانی ڕەزاشا لە کوردستاندا

تۆژینەوە لە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان پاش ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزاشا زۆر جوان دەردەخا کە سیاسەتە زمانییەکانی وی نەک هەر نەبوونە مایەی گەشەکردنی پتری زمانی فارسی و چەکەرەکردنی تۆوی ئێرانپەرستی لە ناخی کورددا، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئەو بڕە سۆز و هۆگرییە کۆنەش کە بۆ زمانی فارسییان هەبوو، لە کزیی دا و وای کرد کە پێداگرییەکی پتر لەسەر نووسین بە زمانی خۆیان بکەن. لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان لە شارەکانی مهابادا، بۆکان و شنۆدا خوێندن بە زمانی کوردی بوو بە ڕەسمی و ئیدی بە زمانی فارسی نەدەخوێندرا و تەنانەت بە بڕیاری قازی محەمەدیش لەبری وشە فارسی و عەرەبییە باوەکان لە زمانی کوردیدا، هاوتای کوردی دانرا، بەتایبەت دەستەواژە سەربازییەکان کران بە کوردی (۲). سەیرەکەش لەوەدا بوو کە ئەم ئەرکە بەدەستی ئەو لاوانە ڕاپەڕێنرا کە زۆربەیان دەرچووی خوێندنگە دەوڵەتییەکان بوون. ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە لە جڤاکە فرەزمانییەکاندا هەرکات دەوڵەت بە پەنابردنە بەر ڕێ و ڕێبازە جۆرەجۆرە و زەبروزەنگ، زمانی نەتەوەکەی خۆی زاڵ بکا، نەتەوە هەڕەشەلەسەرەکانیش زمانەکانیان دەکەن بە ئامرازی بەرەنگاری لەهەمبەر زمانی سەردەست و داکۆکی لە ناسنامەی خۆیان.

قەدەخەکردنی زمانی کوردی و سووربوون و پێداگری لەسەر خوێندن بە زمانی فارسی، تەنانەت لە دەسپێکی قۆناغی سەرەتاییەوە، ڕق و بێزاریی خوێندکارانی لە خوێندن و خۆدزینەوەیان لە خوێندنگە فەرمییەکانی لێ کەوتەوە. "هێمن"، یەکێک لە شاعیران و ڕۆناکبیرانی کورد کە دەور و نۆرێکی گرنگی لە گۆڕانکارییەکانی پاش ڕووخانی ڕەزاشادا هەبوو، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەم بارەیەوە دەنووسێ:

"من لە ژیانمدا ڕۆژی ڕەش و تاڵم زۆر دیون، بەڵام ڕۆژی ڕەشتر و تاڵترم لەو ڕۆژە نەدیوە کە چوومە مەدرەسە. مامۆستاکەم کە خۆی کورد بوو و دوایەش تێگەیشتم فارسی باش نازانێ، بە فارسی تێی ڕاخورپم هیچی تێ نەگەیشتم. هاوەدەرسەکانم کە هەموویان لە من باوخۆشتر بوون پێم پێکەنین، زۆر بە خۆمدا شکامەوە. ماوەیەک بە شەو لەبن لێفەدا لە ترسی مەدرەسە دەگریام و بەیانی بە قرخەمەڕەسی دەچوومەوە." (۱)

هەروەها هێندێک لە مامۆستایانی بەئەزموونیش لەبەر ناچارکردنیان بە ئاخافتن بە فارسی وازیان لە مامۆستایەتی هێنا. یەکێک لەوانە مەلا حوسێن شەکیبا بوو کە پاش ئەوەی ناچار کرا لەگەڵ براکەی خۆیدا کە تازە ببووە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کوردستان بە فارسی بدوێ، وازی لە مامۆستایەتی هێنا (۲).

کاریگەرییەکی تری سیاسەتە زمانییەکانی دەوڵەتی ڕەزاشا، لایەنگریی هێندێک ڕۆناکبیر و خوێندەواری کورد لە یەکێتیی سۆڤێت بوو. هەڵدانە خواری چەند پەرە ئاگەدارینامە بە زمانی کوردی، لەلایەن فرۆکەکانی یەکێتیی سۆڤێتەوە لە ساڵی ۱۳۲۰ی هەتاویدا، بووە

پارادۆکســـە گەورەکە ئەوەیە کە ســـەعید ئەم دۆگماتیزمە "ڕۆژهەڵاتییە" بـــە ئامرازگەلێکی تـــەواو "ڕۆژئاوایی" ئەنجـــام دەدات. ئەو نەفرەت لە ناوەندگەرایی ڕۆژئاوایـــی دەکات لە کاتێکدا پۆشـــاکی ئەوێ لە بەر دەکات، لە باشـــترین زانکۆکانـــی ئەوێدا وانە دەڵێتەوە و فەلســـەفەی بیرمەندەکانی ئەوان (فۆکۆ، دێریدا، گرامشـــی) بـــەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بیســـەلمێنێت کە ڕۆژئاوا لە هیـــچ تێ ناگات! ئـــەم دۆگماتیزمە کتێبی "ڕۆژهەڵاتناســـی"ی کـــردە دەقێکی "وێرانکـــەر" بـــۆ بنیادنان؛ چونکـــە پردەکانی لەگـــەڵ ئـــەوی تـــردا ڕووخاند، بـــێ ئەوەی ڕێگەیەک بۆ "خود" دروســـت بـــکات. فێری کردیـــن چۆن ڕقمان لـــە "ئاوێنـــە" (ڕۆژئاوا) بێتەوە، چونکە ناشـــیرینیی دەموچاومان پێشان دەدات و بـــە شـــێوەیەکی دۆگمایی قەناعەتی پێ هێناین کە ناشـــیرینییەکە لە ئاوێنەکەدایە نەک لە دەموچـــاوی خۆماندا.

پوختە:

ئەو شـــتەی پێویســـتە خوێنـــەر تێی بگات ئەوەیـــە کـــە "دۆگماتیزمـــی ســـەعیدی" مەترســـیدارترە بـــۆ ئێمـــە لـــە خـــودی "ڕۆژهەڵاتناســـی". ڕۆژهەڵاتناســـی ڕەنگە لە وەســـفکردنی ئێمەدا هەڵـــەی کردبێت، بەڵام دۆگماتیزمی ســـەعید ڕێگـــری لێ کردین کە بە ڕاســـتگۆیی هەوڵی "پێناســـە و ناساندنی خۆمـــان" بدەین. ئەو ئێمەی لە قەفەســـێکی "پیرۆزی ســـاختە" و "قوربانی هەمیشەیی"دا زیندانـــی کرد. ئازادیی ڕاســـتەقینە پێش هەر شتێک بە شـــکاندنی ئەم قەفەسە سەعیدییە دەســـت پێ دەکات.

(بەشێ سێیەم)

"رۆژهەلاتی ونبوو" – ئایا ئێمە "داهێنانێکی"زمانەوانین، یان ڕاستییەکی‌مێژوویی؟

ئێدوارد ســـەعید لە کتێبی "رۆژهەلاتناسی"دا گریمانەیەک دەخاتـــە ڕوو کە لە ڕووکەشـــدا "شۆڕشـــگێڕانە" و زیرەکانە دەر دەکەوێت، بەڵام لە جەوهـــەردا نوێنەرایەتیی لوتکەی "نهیلیزمی مەعریفـــی" (Epistemic Nihilism) دەکات؛ ئەویـــش ئەوەیـــە کـــە "رۆژهەلات" وەک قەوارەیـــەک هەبوونێکی ڕاســـتەقینەی نییـــە، بەڵکوو تەنها "وێناکردنـــەوە و نواندنەوە" (Representations) و وێنـــەی هزرێکن کە رۆژهەلاتناسان بۆ پاســـاودانی ئیمپریالیزم دروســـتیان کردووە. لێرەدا، دەبێت ســـەعید و شوێنکەوتووانی بە پرســـیاری ڕاستییە تاڵەکە تووشی شـــۆک بکەین: ئەگەر رۆژهەلات تەنها "خەیاڵێکی" رۆژئاوایی بێـــت، ئەی رۆژهەلاتی ڕاســـتەقینە لە کوێیـــە؟ ئایا ئـــەم رۆژهەلاتە "هـــەر نەبوو" پێـــش ئـــەوەی رۆژهەلاتناس مایکرۆســـکۆپی بخاتە سەر؟

نکۆڵیکردن لە واقیع لە ڕێگەی سیحری زمانەوە

ئێدوارد ســـەعید لێهاتوویـــەکـــی زۆری نواند لە بەکارهێنانـــی "یاریکردن بە وشـــەکان" بۆ ئـــەوەی قەناعەتمان پێ بهێنێـــت کە واقیعە نالەبارەکەمان ڕاســـتی نییە، بەڵکوو "دەقێکە" کە ئەوی تر نووســـیویەتی. ئەمـــە هەوڵێکی بێهوودەیـــە کە رۆشـــنبیر بـــۆ هەڵهاتن لە واقیعی ناشـــرین پەنا دەباتە بـــەر جوانییەکانی زمان. کاتێـــک رۆژهەلاتناســـان رۆژهەلاتیان بەوە وەســـف کرد کە "لـــە دەقگرتووییدا نغرۆ بووە"، ئـــەوان ڕۆمانی خەیاڵییان نەدەنووســـی، بەڵکوو وەســـپی واقیعێکی بابەتییـــان دەکرد بۆ ئەو بەربەســـتانەی ســـتیی شارستانی لە رۆژهەلات. بانگەشـــەی ســـەعید کـــە گوایە رۆژهـــەلات "داهێنـــراوە"، گەورەترین کردەی چەواشـــەکاریی فیکرییە؛ چونکە بە ســـادەیی هەوڵ دەدات "تەرمەکە" (واقیعە داڕماوەکەمان) بشـــارێتەوە لـــە ڕێگـــەی تۆمەتبارکردنـــی "وێنەگرەکە"وە، واتـــا (رۆژهەلاتناس) بەوەی کە ئەو ســـیمای قوربانییەکەی دروست کردووە. ئەو ڕاســـتییەی کە ســـەعید لێی ڕا دەکات ئەوەیە کە رۆژهەلاتناس "دواکەوتوویـــی" دانەهێناوە، بەڵکوو "بینیویەتی"، هەروەها ئەو "ستەمکاریی رۆژهەلاتی" دانەهێناوە، بەڵکوو "میکانیزمەکانی شـــی کردووەتەوە".

ئایا رۆژهەلات "بۆشایی" بوو، پێش رۆژهەلاتناسی؟

گوتاری ســـەعید، جا بە مەبەســـت بێت، یان بەبێ مەبەست، وای نیشان دەدات کە رۆژهەلات وەک ئـــەوەی خاوەنی پێناســـەیەک نەبووبێت بۆ خۆی، یـــان وەک ئەوەی مێـــژوو تەنها ئەو کاتە دەســـتی پێ کردبێت کە کەشـــتییەکانی رۆژئاوا گەیشـــتنە کەناراوەکانمان. ئەو ڕاســـتییە شـــۆکهێنەرەی کە سەعید پشـــتگوێی دەخات ئەوەیە کە هەر ئەم "رۆژهەلاتناســـانە" بوون کە "هۆشـــیارییان بە مێژووی خۆی" بۆ رۆژهەلات گەڕاندەوە.

با کەمێک تێ بفکرین: ئایا میســـرییەکان لە ســـەدەی هەژدەدا هیچیان ســـەبارەت بە مەزنیی باوباپیرانـــە فیرعەونەکانیان دەزانی؟ ئایا دەیانتوانی بەردی ڕەشـــید (Rosetta Stone) بخوێننەوە؟ ئەگەر "رۆژهەلاتناســـی" نەبوایە،

ئەو شارستانییە وەک "بەردەنگی رەق و کەڕ" لە دیدی خەڵکەکەیدا نەدەمایەوە؟ ئایا عێراقییەکان درکیان دەکرد بە قوواڵایی داستانی گلگامێش یان مێژووی ئاشوور و بابل؟ ئەوانەی سەعید جوێنیان پێ دەدات، ئەوان بوون تۆزیان لەسەر مێژوومان تەکاند کە لەژێر کەلاوەی گوێندان و خورافەدا ناشتبوومان. گوتنی ئەوەی کە نواندن و وێناکانی ئەوان بۆ ڕۆژهەاڵت "ساختەن"، نکۆڵیکردنە لە پیاوەتیی ئەو کەسانەی "کلیلەکانی" خوێندنەوەی ناسنامە ونبووەکەمانیان پێ بەخشین.

وێنا "قاڵبگرتووەکان"، یان "تاوێنەی ئاشکراکار"؟

ئێدوارد سەعید بۆڵەبۆڵ دەکات لەو وەسپە "قاڵبگیریانەی" (Stereotypical) کە ڕۆژهەاڵتناسان بۆ مرۆڤی ڕۆژهەاڵتییان بەکار هێناوە (سۆزداری، ناژیرانە، قەدەرگەرا، نوقمی ئەفسانە). بەاڵم با بە ئاوێنەی عەقڵ سەیری واقیعی هاوچەرخی خۆمان بکەین دوای چەندین دەیە لە ڕۆیشتنی کۆڵۆنیالیزم، ئایا هێشتا "سۆز" جەماوەر بەڕێوە نابات؟ ئایا هێشتا "هەزری خورافی" حوکمی وردترین وردەکارییەکانی ژیانمان ناکات؟ ئایا هێشتا چاوەڕێی "نووسراوی نێوچاوان" ناکەین و شکستی خۆمان ناخەینە ئەستۆی "پیلانگێڕی"؟

ئەم وەسپ و پێناسانە "جوێنی" ڕەگەزپەرستانە نەبوون، بەڵکوو "دەستنیشانکردنی کلینیکی"ی نەخۆشییەکان بوون. ڕۆژئاوایی "قەدەرگەرایی" بۆ ئێمە دانەهێنا، بەڵکوو ئێمەی بینی کە نوقمی خەوێکی قوواڵ بووین و چاوەڕێی "مەهدی"، یان "ڕزگارکەر" دەکەین. نکۆڵیکردنی سەعید لە ڕاستیی ئەم وێناکردنە جۆرێکە لە "نەرجسییەتی برینەدار" کە پێی باشترە پێی بگوترێت "ئێوە قوربانیی پیلانگێڕییەکی زمانەوانین" لە بری ئەوەی پێی بگوترێت "ئێوە عەیبێکی بنیادیتان لە بیرکردنەوەتانەدا هەیە و پێیەوە دەنااڵێنن".

ڕاکردن لە بەرپرسیارێتیی پاشەکشە و دارمان

جەوهەری دەمارگیری و دۆگماتیزم لە بیرۆکەی "داهێنانی ڕۆژهەاڵت"دا لەوەدایە کە خودی ڕۆژهەاڵتی بێتاوان دەر دەخات و ئازادی دەکات لە بەرپرسیارێتیی داڕووخانەکەی. کاتێک سەعید دەڵێت ڕۆژهەاڵت "وێنەیەکە ڕۆژئاوا دروستی کردووە"، ئەوا "بەڵگەنامەی بێتاوانی"مان پێ دەبەخشێت لە هەموو عەیب و کەموکوورییەکانمان. وەک ئەوەی بڵێین: "ئێمە دواکەوتوو نین، بەڵکوو ڕۆژئاوا وای وێنا کردووین".

ئەم لۆژیکە پووچگەراییە بوو کە ڕۆحی ڕێنێسانسی تێدا کوشتین؛ لەبری ئەوەی سەرقاڵی چاککردنی پەروەردە و گەشەپێدانی ئابووری و ڕزگارکردنی عەقڵمان بین، سەرقاڵی "هەڵوەشاندنەوەی گوتاری ڕۆژئاوایی" و ڕاوکردنی تارمایی بین لە کتێبی ڕۆژهەاڵتناسە کۆچکردووەکاندا. ئێمە بووینە نەتەوەیەک لە "شیکەرەوەی ئەدەبی" کە لە ڕەخنەگرتنی "پێناسەی نەخۆشییەکە"دا زۆر لێهاتووین لە کاتێکدا نەخۆشییەکە جەستەمان دادەڕزێنێت.

ڕاستییە تاڵەکە: ڕۆژهەلاتناسی وەک گەواهیی‌شایەتحاڵ

مێژوو بە دەق دروســـت ناکرێـــت وەک ئەوەی ســـەعید بە وەهمەوە بۆی دەچێـــت، بەڵکوو ڕاستییە ســـەختەکان دروستی دەکەن. کاتێک ڕۆژهەڵاتناســـان لـــە ســـەدەی نۆزدەهەمدا ڕۆژهەڵاتیان بە "لاواز" و "شـــەکەت" وەســـف دەکرد، دەوڵەتی عوســـمانی بە کردەیی "پیاوە نەخۆشـــەکەی ئەورووپا" بوو. ئـــەو لە خەیاڵی لۆرد کرۆمەر، یان بێرنارد لویســـدا نەخۆش نەبوو، بەڵکوو لە سوپا تێکشکاوەکانی و بەرێوەبەرایەتییە گەندەڵەکەی و داخرانی عەقڵەکەی لە زانســـتدا نەخۆش بوو.

ئـــەوەی ســـەعید دەیـــکات هەوڵێکە بۆ شـــکاندنی "ئاوێنەکە" (ڕۆژهەڵاتناسی) چونکە دەموچاوە زەرد و پرلۆچەکەی ئێمەی نیشـــان دا. ئـــەو دەیەوێـــت باوەڕمان پـــێ بێنێت کە دەموچاوەکـــەی ئێمـــە جوانە و کێشـــەکە لە "دروســـتکردنی ئاوێنەکە"دایـــە. بـــەڵام ئەو ڕاســـتییەی کە دەبێت ڕووبـــەڕووی ببینەوە ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی"ڕاســـتەقینە" تووشـــی قەیرانێکـــی بوونگەرایی ببوو و بەردەوامیشـــە. ڕۆژهەڵاتناســـی بـــە هەمـــوو عەیبەکانییەوە، یەکەم پەنجـــەرە بوو کە تێیدا قەبـــارەی ئەو کەلێنەمـــان بینی کە لە ســـەردەم دایبڕیوین.

پوختە:

ڕۆژهەڵات "ئەفســـانەیەک" نەبوو لە خەیاڵدانی ڕۆژئـــاوادا، بەڵکـــوو واقیعێکی برینـــدار بوو. ڕزگاریـــی ڕاســـتەقینە لـــە نکۆڵیکردندا نییە لـــەوەی ڕۆژهەڵاتناســـان لەبـــارەی ئێمەوە وتوویانە، بەڵکـــوو لەوەدایە کە بوێریمان هەبێت بۆ خۆمان ببینە "ڕۆژهەڵاتناســـی خۆمان"؛ بە دوای کەموکوڕییەکانماندا بگەڕێین، ڕووبەڕووی خورافاتەکانمان ببینەوە، و دان بەوەدا بنێین کە زۆربـــەی ئەوەی "ئەوی تـــر" دەربارەی ئێمەی وتـــووە، بەداخەوە ڕاســـتیی ڕووتبوونە کە ئێمە ترســـاوین ڕووبەڕوویان ببینـــەوە. "ڕۆژهەڵاتی ڕاســـتەقینە" بـــە ونبوویی دەمێنێتـــەوە تا ئـــەو کاتەی بـــەردەوام بین لـــە بڕواکردن بە درۆکەی ســـەعید کە ئێمە تەنهـــا "قوربانیی دەقێکی ئەدەبیین".

(بەشی چوارەم)

شەڕی چاپخانە: کاتێک ڕۆژهەڵات دژی ڕووناکی جەنگا

لە ئەدەبیاتی ئێدوارد ســـەعیددا، ڕۆژئاوا وەک هێزێکی درێـــدە وێنا دەکرێت کە هەڵیکوتاوەتە ســـەر ئارامی و بێدەنگیی ڕۆژهەڵات تا بەپێی ئارەزووەکانی خـــۆی دووبـــارە دایبڕێژێتەوە. بەڵام ســـەعید، لـــە چوارچێـــوەی فریودانە بەردەوامەکەیدا، چاوپۆشـــی لە "ســـاتەوەختی ســـفر" دەکات کە چارەنووســـی هـــەردوو هێزەکەی دیـــاری دەکرد، واتا ســـاتەوەختی داهێنانـــی چاپخانـــە. لـــە کاتێکـــدا ڕۆژئاوا "عەقـــڵ"ی چاپ دەکـــرد و بـــە قاوەخانە و مااڵکانـــدا بڵاوی دەکردەوە، ڕۆژهەڵاتی "پیرۆز" فەتـــوای لەســـێدارەدانی ئامێرەکە و تەکفیری پیتی چاپکـــراوی دەر دەکرد. لەم بەشـــەدا، پەردە لەســـەر ئـــەوە لا دەدەیـــن کە چۆن ڕۆژهەڵات بە دەســـتی خـــۆی دژی ڕووناکی جەنـــگا و چۆن ئـــەو "کۆڵۆنیالیـــزم"ەی کە ســـەعید نەفرەتی لێ دەکات، ئـــەو هێزە بوو کـــە ڕۆژهەڵاتی "ناچار کـــرد" دوای چەندین ســـەدە لە نەخوێندەواریی ئارەزوومەندانە، پێ بنێتە نێو ســـەردەمی زانستەوە.

یەکەم: مێژووی نەزانی، سەدە ونبووەکان لەنێوفەرمانەعوسمانییەکاندا

لە کاتێکدا "یۆهانیس گوتنبێرگ" لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمدا (١۴۵٠ز) بەردی بناغەی چاپخانەی دادەنا و ڕێگەی بۆ شۆڕشێکی فکری خۆش دەکرد کە مرۆڤایەتی تا ئەو دەمە وێنەی نەدیبوو، کاردانەوەی ناوەندی شارستانیی ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا، واتا دەوڵەتی عوسمانی ڕەتکردنەوەی ڕەهای ئەو شۆڕشە بوو.

لە سێدارەدانی ئامێرەکە: لە ساڵی ١۴٨۵ز، سوڵتان بایەزیدی دووەم فەرمانێکی ڕاشکاوانەی دەر کرد کە چاپکردنی بە پیتی عەرەبی قەدەغە دەکرد. ئەم قەدەغەکردنە شتێکی ڕێکەوت نەبوو، بەڵکوو بە فەرمانێکی تری سوڵتان سەلیمی یەکەم لە ساڵی ١۵١۵ز جەختی لێ کرایەوە. ئەم قەدەغەیە نزیکەی دوو سەدە و نیو بەردەوام بوو. بیر لە قەبارەی ئەو کەلێن و بۆشاییە بکەنەوە، دوو سەدە و نیو ئەوروپا ملیۆنان کتێبی لە بوارەکانی گەردوونناسی، پزیشکی، فەلسەفە و سیاسەتدا لە چاپ دەدا، لە هەمان کاتدا ڕۆژهەڵات ئامێرەکەی قەدەغە دەکرد بە بیانووی "پیرۆزیی دەستخەتەوە/ خەتی دەستەوە".

هاوپەیمانیی زانایانی ئایینی و نوسخەکاران/ نووسەرانی کتێبەدەست، یا خۆشنووسان: ئێدوارد سەعید باس لە "هەژموونی ڕۆژئاوا" دەکات، بەڵام باس لەو "هەژموونی نەزانی"یە ناکات کە لەلایەن هاوپەیمانییەکی ناپیرۆزەوە سەپێنرابوو؛ لە نێوان فەقیهەکان کە چاپخانەیان وەک هەڕەشەیەک دەبینی بۆ سەر قۆرخکاریی زانستی ئایینی لەلایەن خۆیانەوە و خەتخۆشەکان کە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بژیویان دەیانڕوانییە ئامێرەکە. گەلانی ڕۆژهەڵات لە خوێندنەوە بێبەش کران، تەنها لەبەر ئەوەی چەند هەزار خەتخۆشێک دەیانویست پیشەکەیان بپارێزن و لەبەر ئەوەی زانا ئایینییەکان دەیانویست جەماوەر لەژێر ڕەحمەتی "بیستن"دا بمێننەوە نەک "خوێندنەوە".

ئەو بەدەرکردنەی ڕێساکە دەسەلمێنێت: لە هەمان کاتدا ڕێگە درا بە جوولەکە، ئەرمەنی و یۆنانییەکان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا چاپخانە بەکار بهێنن بە مەرجێک پیتی عەرەبی بەکار نەهێنن. ئەمە واتای ئەوەیە دەسەلات درکی بە گرنگیی ئامێرەکە کردبوو، بەڵام بە مەبەست دەیویست کۆمەڵگە سەرەکییەکە کە موسڵمانان بوو لە "نەزانی"دا بهێڵێتەوە تا بەئاسانی دەستی بە سەریاندا بڕوات. جا لەمەدا "پیلانگێڕیی ڕۆژئاوا" لە کوێدایە؟ ڕۆژئاوا لە پێشڕەویدا بوو، ڕۆژهەڵاتیش بە ویستی خۆی، خۆی بە کۆڵەکەی دواکەوتوویییەوە بەستبووەوە.

دووەم: بۆشایی زانستی، ئەو پەراوێزەی دەقەکەی کوشت

ڕۆژئاوا وەبەرهێنانی لە "زانیاری"دا دەکرد وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری، لە کاتێکدا ڕۆژهەڵات وەبەرهێنانی لە "جووینەوە و دووبارەکردنەوە"دا دەکرد وەک ئامرازێک بۆ جێگیری و نەگۆڕان. ئەم کەلێن و بۆشاییە زانستییە بوو کە "ڕۆژهەڵاتناسی"ی (Oriëntalisme) دروست کرد، ئەو زانستەی کە بە دڵی ئێدوارد سەعید نییە.

تەقینەوەی زانیاری و زانست لە رۆژئاوا: بەهۆی چاپخانەوە، کتێب لە ئەورووپا لە کالایەکی بڕاوە و دەگمەنەوە بوو بە مولکێکی گشتی. رۆژنامەگەری سەری هەڵدا، کۆمەڵە زانستییەکان دامەزران و "عەقڵ" دەستی کرد بە دادگاییکردنی "دەق". چاپخانە بوو کە نیوتن، دیکارت و ڤۆڵتێری دروست کرد و زەمینەی بۆ شۆڕشی پیشەسازی خۆش کرد. رۆژئاوا لەبەر ئەوە سەر نەکەوت، چونکە "شەرانگێز" یان "داگیرکەر" بوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەی زیاتر و خێراتر "دەیخوێندەوە".

کۆت و بەندی پەراوێزەکان: لە بەرانبەردا، عەقڵی رۆژهەڵاتی بوو بە "نووسینەوە و نوسخەکار/ کۆپیکار"، داهێنانی رەسەن ون بوو و لە شوێنی ئەو "پەراوێز" و "شیکردنەوەی پەراوێز" هاتنە کایەوە. دەبینی کتێبێکی فیقهی، یان لە بواری زماندا، پەراوێزی بۆ دەنووسرا، پاشان پەراوێزێکی تر بۆ ئەو پەراوێزە دەنووسرا، پاش ئەوەش شیکردنەوە بۆ پەراوێزی پەراوێزەکە دەکرا! زانست بوو بە شتێکی "لێوژە و زارەکی" کە هەر بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و بەتەواوی لە واقیعی مادی دابڕابوو. رۆژهەڵات وەبەرهێنانی لە "پیرۆزکردنی نەزانی" و بەرزراگرتنی هەڵە کۆنەکاندا دەکرد، لە کاتێکدا رۆژهەڵاتناسە رۆژئاواییەکان بە چاوی زانستی سەیری ئەم سڕبوون و چەقبەستوویی‌یەیان دەکرد کە سەعید دواتر ناوی نا "تێڕوانینی لووتبەرزانە". راستییەکەی ئەوە تێڕوانینێکی بالادەستانە نەبوو، بەڵکوو "نیگای کەسێک بوو لە فرۆکەوە سەیری کەسێکی دەکرد کە لە ئەشکەوتدا دەژی".

مردنی تینوێتیی بۆ زانست: چاپخانە لە رۆژئاوا تینوێتیی زانینی تێر دەکرد؛ ئارەزووی ناسینی جوگرافیای جیهان و کیمیای جەستە و جوولەی ئەستێرەکانی پەرە پێ دەدا. بەڵام لە رۆژهەڵاتدا، تینوێتیی زانین بە دەستەواژەی "بدعة" (داهێنراوی خراپ) دەکوژرا. کاتێک رۆژهەڵاتناسێک دەهات بۆ لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای رۆژهەڵات، یان زمانەکانی، ئەو نهێنییەکانی نەدەدزی، بەڵکوو ئەو "بۆشاییە"ی پر دەکردەوە کە خاوەنمالەکان بەجێیان هێشتبوو؛ چونکە خاوەنمالەکان لە جوگرافیاکەیان تەنها ڕووگەی نوێژ (قیبلە)یان بۆ گرنگ بوو، لە زمانەکەشیان تەنها سەجدە و کێش و قافیەی نێو دەقەکان.

سێیەم: سپڵەیی بەرانبەر چاکە؛ چاپخانە لەسەر پشتی کەشتیی جەنگی هات

لێرەدا دەگەینە ئەو لووتکەیەی کە ئێدوارد سەعید و شوێنکەوتووانی خۆیانی لێ لا دەدەن، ئەویش ئەوەیە کە چاپخانە لەسەر داواکاریی زانا ئایینییەکان نەهێنرا بۆ رۆژهەڵات، بەڵکوو "دەستکەوتێکی شارستانی" بوو کە کۆڵۆنیالیزم سەپاندی.

شۆکی ناپۆلیۆن: لە ساڵی ١٧٩٨، ناپۆلیۆن پۆناپارت یەکەم چاپخانەی بە پیتی عەرەبی (چاپخانەی رۆژهەڵات)ی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ میسر. ئەم ساتەوەختە "تەقینەوە گەورەکە"ی رێنێسانسی نوێی عەرەبیی بوو. رۆژئاوای "داگیرکەر" ئەو لایەنە بوو کە میسرییەکانی فێر کرد چۆن نووسراو و کتێبەکانیان لە چاپ بدەن. ئایا ئەمە کارێکی "شەیتانی" بوو؟ ئەگەر ئەم چاپخانەیە نەبوایە، میسر بۆ سەدەیەکی تریش لەناو تاریکیی مەمالیکەکاندا بە نوقمبوویی دەمایەوە.

چاپخانەی بـــوڵاق و مار مـــارون: بەهۆی بەریەککەوتن لەگەڵ ڕۆژئـــاوادا، چاپخانەکان لە لوبنان (لە ڕێگەی نێردە ئایینییەکانەوە) و لە میسر (چاپخانەی بـــوڵاق) دەر کەوتن. ئەم چاپخانانە بـــوون کە زمانـــی عەرەبییان "ژیانـــدەوە" کە ئێدوارد ســـەعید ئەمرۆ پێی دەنووسێت. ئەوان بوون دیوانەکانی شـــیعرە کۆنەکان، کتێبەکانی مێـــژوو و وەرگێڕانەکانی زانســـتە نوێیەکانیان چاپ دەکرد. ئـــەو ڕۆژئاواییانەی کە ســـەعید تۆمەتباریان دەکات بـــەوەی کە گوایە خەریکی "سڕینەوە و شـــاردنەوەی ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی" بـــوون، ئەوە هـــەر ئـــەوان بوون کـــە ئەم ناســـنامەیان "چاپ کرد" و لە دەستنووسێکی ڕزیـــوی مۆرانەخواردووی نێـــو تاقی خانەکانەوە کردی بـــە کتێبێک کـــە ملیۆنـــان کەس بیخوێننەوە.

پارادۆکســـە پێکەنیناوییەکە: ڕۆشـــنبیرانی هاوچەرخی عـــەرەب وتارەکانیان بـــەو ئامێرانەی چـــاپ و دواتریش بە کۆمپیوتەر دەنووســـن کە ڕۆژئـــاوا دایهێناون و ئـــەو زاراوانە بەکار دەهێنن کە بەهۆی چاپخانەکانـــی کۆڵۆنیالیزمەوە ڕێک خران و بوونەتە ســـتاندارد بـــۆ ئەوەی جنێو بـــە ڕۆژئاوا بـــدەن و وەک دوژمنێک وێنای بکەن کە دەیەوێت کولتوورەکەیان تێک بـــدات. ئەوان ئەو "ڕووناکی"یە بـــەکار دێنن کە ڕۆژئاوا پێی بەخشـــین، بۆ ئەوەی نەفرەت لـــە "گلۆپەکە" بکەن.

چوارەم: سایکۆلۆژیای ڕەتکردنەوە؛ بۆچی تا ئەمڕۆش ڕقیان لە چاپخانەیە؟

ڕقـــی کۆن لـــە چاپخانە، هەمان ئـــەو ڕقەی ئێســـتایە کە لە "ڕیباز و میتۆدی زانســـتیی ڕۆژئاوایی"یە. هـــەردوو داهێنانەکە نوێنەرایەتیی "شەفافیەت"و "ڕوونی" و "لێپرسینەوە" دەکەن.

ترس لە ئـــازادی: کتێبی چاپکـــراو تاک لەژێر دەســـتی "شـــێخ"، یـــان "تەڵقیندەر" ڕزگار دەکات. کاتێـــک مـــرۆڤ دەخوێنێتەوە، پرســـیار دەکات، ڕۆژهەڵات کـــە "پایەبەندی و گوێڕایەڵـــی" بە پیرۆز دادەنێـــت، بۆیە چاپخانە وەک ئامرازێکی پاشـــاگەردانی دەبینێت. ئێدوارد ســـەعید بەردەوامیی بەم ڕێچکەیە دەدا، بەڵام لە بەرگێکـــی عەلمانیدا؛ هەوڵـــی دا وامان تێ بگەیەنێت کە "زانســـتی ڕۆژئاوایـــی" ئامرازی دەســـەڵاتە، لە کاتێکدا ڕاســـتییەکە ئەوەیە کە زانستی (چاپکراو و بڵاوکراوە) گەورەترین ئامرازە بۆ "تێکشاندنی دەســـەڵات" و ستەمکاری.

خۆنەناسین: سەعید لۆمەی ڕۆژهەڵاتناسان دەکات، چونکە ڕۆژهەڵاتیان "ناســـاند و پێناسە کرد". بەڵام ئەوە لەبیـــر دەکات کە ڕۆژهەڵات تەنانەت بۆ خۆیشـــی "نەناســـراو" بوو. پێش چاپخانە، کوڕی قاهیرە هیچی لەبارەی مێژووی مەغریـــب نەدەزانی و ڕۆڵەی بەغـــدا بێئاگا بوو لە شارســـتانیەتی یەمەن. چاپخانـــە کە ڕۆژئاوا هێنای و ڕۆژهەڵاتناسەکانیشی دەستنووسەکانیان ســـاغ کردەوە، هـــەر ئەو هـــۆکارەش بوو کە "هۆشـــیاریی نەتەوەیی عەرەبی" و "هۆشیاریی گشـــتیی ئیسلامی"ی دروســـت کرد. ڕۆژئاوا "ئاوێنە"یەکـــی بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان دروســـت کـــرد تا خۆیانـــی تێدا ببینن، کەچـــی ئەوان ئاوێنەکەیان شـــکاند، چونکـــە دەموچاوەکەیان بەدڵ نەبوو، دروســـتکەری ئاوێنەکەشـــیان بە ســـاختەکاری تۆمەتبار کرد.

کۆتایی

جەنگـــی چاپخانـــە ســـاختەیی تێـــزی "ڕۆژهەڵاتناســـی" دەر دەخـــات. ڕۆژئاوا هەوڵی نەدەدا بە "وشـــە" دەست بەســـەر ڕۆژهەڵاتدا

بگرێت وەک ئەوەی سەعید بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکوو هەوڵی دەدا بە "وشە" ڕۆژهەڵات بەئاگا بێنێتەوە. "تاوانە گەورەکە" قەدەغەکردنی چاپخانە بوو بۆ ماوەی دوو سەد و پەنجا ساڵ، ئەو تاوانەی کە ڕۆژهەڵات دژی خۆی ئەنجامی دا. هەر ئەو تاوانەش بوو کە دواتر ڕێگەی بۆ کۆڵۆنیالیزم خۆش کرد؛ چونکە بۆشاییەکە تەنها لە چەکدا نەبوو، بەڵکوو لە "پیت و نووسین"دا بوو. کاتێک ناپۆلیۆن چاپخانەکەی هێنا، ئەو کولتووری میسرییەکانی نەدزی، بەڵکوو تاقە ئامرازی پێ بەخشین بۆ ئەوەی بتوانن دواتر بەرگریی پێ بکەن. بەکارهێنانی ئەم ئامرازە لەلایەن میراتگرانی وەک (سەعید) بۆ جنێودان بەوەی کە ئامێرەکەی هێناوە، لووتکەی "سپڵەیی شارستانی"یە.

ڕۆژهەڵات دژی ڕووناکی جەنگا و کاتێک بەهۆی "شۆکی کۆڵۆنیالیزم"ەوە پەنجەرەکان کرانەوە و ڕووناکی دزەی کردە ژوورەوە، ئێدوارد سەعید هات و پێی وتین: "پەنجەرەکان دابخەن، ئەم ڕووناکییە پیلانێکی ڕۆژئاواییە بۆ تێکدانی تاریکییە ڕەسەنەکەمان". ئەمە بانگەوازێکە بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی "بە دەست نووسین و لەبەرنووسینەوەی کتێب" و نەزانیی پیرۆز، لەژێر ناوی "پاراستنی ناسنامەمان لە ڕۆژهەڵاتناسی".

(بەشی پێنجەم)

ڕۆژهەڵاتناسان پەیامبەرە ڕاستەقینەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتن

لە جیهانی ئێدوارد سەعیددا، ڕۆژهەڵاتناس وەک بوونەوەرێکی مشەخۆر وێنا دەکرێت؛ دزێک کە ماسکی تۆزەری پۆشیوە و سیخوڕێک کە لە جلی زمانزانێکدا خۆی شاردووەتەوە، تەنیا ئامانجیشی "وێناکردن"ی ڕۆژهەڵاتە بە شێوەیەک کە خزمەت بە کەشتییە جەنگییەکانی کۆڵۆنیالیست و داگیرکار بکات. بەڵام دوور لە ژاوەژاوی ئایدۆلۆژیا و بە وردبوونەوە لە دەستکەوتە بەرجەستەکان، پرسیارێکی ئاگرتێبەردەر سەر هەڵدەدات: ئایا "ڕۆژهەڵات" لە کوێ بوو پێش ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان دەستی بخەنە سەر؟ ئەو ڕاستییەی کە لەرز لە شوێنکەوتووانی سەعید دێنێت ئەوەیە کە ڕۆژهەڵات لە حاڵەتێکی "ئەڵزەهایمەری شارستانی" تەواودا دەژیا؛ بەسەر گەنجینەگەلێکدا دەڕۆیشت کە نەیدەناسین، بە زمانگەلێک دەدوا کە لە ڕەگ و ڕیشەکەی تێ نەدەگەیشت و سووکایەتیی بەو شوێنەوارانە دەکرد کە بە "بت"، یان "بەردی ڕەقوتەق "دایدەنان. لەم بەشەدا دەیسەلمێنین کە ڕۆژهەڵاتناسان ئامرازی بالادەستی و هەژموون نەبوون، بەڵکوو ئەو پەیامبەرە ڕاستەقینانە بوون کە مێژووی ڕۆژهەڵاتیان لە گۆڕ ڕاست کردەوە و یادەوەرییەکەیان لە فەوتانی تاهەتایی ڕزگار کرد.

یەکەم: کێ مێژووی ڕزگار کرد؟ موعجیزەی کوژشکاندن و زیندووکردنەوەی مردووان

ئێدوارد سەعید دنیای لێ ڕاست کردینەوە لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان ڕۆژهەڵاتیان خستە ناو "قاڵب"ی خوێندنەوە، بەڵام ئەو ڕاستییەی پشتگوێ خست کە هەر ئەم "ڕۆژهەڵاتناسانە" بوون کە توانای خوێندنەوەی مێژووەکەیان بە ڕۆژهەڵاتییەکان بەخشی. بۆ هەزاران ساڵ، شارستانییەتەکانی بابل، ئاشوور،

سۆمەر و میسری کۆن تەنیا ئەفسانەی تەمومژاوی، یان وێرانەی بێدەنگ بوون.

شاماپۆلیۆن و بەردی ڕەشید: کاتێک "جان فرانسوا شامپۆلیۆن" توانیی کۆد و هێماکانی هیرۆگلیفی بکاتەوە، ئەو خەریکی "باڵادەستیی ئیمپریالی" نەبوو، بەڵکوو خەریکی "ڕزگارکردنی زانستی" بوو. ئەو حەوت هەزار ساڵ مێژووی بۆ میسرییەکان و بۆ جیهان گێڕایەوە کە بەتەواوی لە یادەوەریی بەکۆمەڵی خەڵکی میسر سڕابووەوە، ئەوانەی وەک "مافی تارمایی"، یان شوێنی بەردتاشین بۆ دروستکردنی خانووە قوڕەکانیان سەیری پەرستگاکانیان دەکرد.

ڕاولنسۆن و خەتی بزماری: ئەگەر هەوڵەکانی ڕاولنسۆن و ئەوانی تر نەبووایە لە وڵاتی نێوان دووڕووبار (میزۆپۆتامیا) دا، بۆ کردنەوە و شکاندنی کۆدی خەتی بزماری، داستانەکەی "گلگامێش" و قانوونەکانی "حەمووراپی" تەنیا وەک نەخشی قوڕینی بێبایەخ دەمانەوە. ڕۆژهەڵات هیچی دەربارەی حەمووراپی نەدەزانی و پێی وابوو مێژووەکەی لە ساتەوەختی گەیشتنی "شمشێری عەرەبەکانەوە" دەست پێ دەکات. ئەوە ڕۆژئاوا بوو عێراقییەکانی فێر کرد کە ئەوان میراتگری یەکەم شارستانیەتی مێژوون و هەر ئەویش بوو کە گەورەیی "ئیبلا" و "ئۆگاریت"ی بە سوورییەکان ناساند.

کەلێنی زانستیی: لە کاتێکدا زانایانی ڕۆژئاوا ژیانی خۆیان لە بیابانەکان و لەناو پەتاکاندا دەخستە مەترسییەوە بۆ گەڕان بەدوای ئاسەوارێکدا، "زانا"کانی ڕۆژهەڵات سەرقاڵی لێکدانەوەی خەونی سوڵتانەکان، یان نووسینی پەراوێز بوون بۆ پەراوێزی کتێبە زەردەهەڵگەڕاوە کۆنەکان. ئەو بانگەشەیەی سەعید کە دەڵێت ئەم هەوڵەی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ "شێواندن"ی ڕۆژهەڵات بووە، لووتکەی بێشەرمییە؛ ئەو کەسەی شتەکان "زیندوو دەکاتەوە" چۆن دەتوانێت بیانشێوێنێت؟ ئایا ڕۆژهەڵات پێی باشتر بوو بە نەزانی بمێنێتەوە و هیچ لەبارەی ڕەگ و ڕیشەی خۆیەوە نەزانێت، تەنیا بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی "وێناکردنی ڕۆژئاوایی"یەوە؟

دووەم: دەستنووس و پەیدۆزی؛ ئەمانەتی ڕۆژئاوایی لە بەرانبەر گوێنەدانی ڕۆژهەڵاتیدا

خاڵێکی تر کە هۆی تووڕەبوونی نەتەوەییەکان و ئیسلامگەراکانە، ئەوانەی کە لەسەر بیرۆکەکانی سەعید دەژین، ئەو ڕاستییەیە کە "میراتی ئیسلامی" بەخۆی، کە ئەوان شانازیی پێوە دەکەن، ئەمڕۆ قەرزاری دەزگاکانی چاپ و کتێبخانە و زانایانی ڕۆژئاواییە.

کتێبخانەکانی بەرلین و لەندەن و پاریس: ئەم دامەزراوانەی کە سەعید وەک "گەنجینەی کۆڵۆنیالیزم" ناویان دەبات، لە ڕاستیدا "کەشتیی نووح" بوون کە میراتی عەرەبی و ئیسلامییان لە خنکان ڕزگار کرد. لە کاتێکدا دەستنووسەکان لە قاهیرە و دیمەشق و ئەستەمبوڵ بەهۆی شێدارییەوە خراپ دەبوون، یان دەڕزان و وەک کاغەزی پێچانەوە دەفرۆشران، یان لە سووتان و شەڕە ناوخۆییەکاندا لەناو دەچوون، کتێبخانەی نیشتمانیی بەرلین و مۆزەخانەی بەریتانی بە پیرۆزییەکی زانستییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم کاغەزانەدا دەکرد کە لە ولاتە ڕەسەنەکانی خۆیاندا بە هیچ جۆرێک لە ئاراردا نەبوو.

هونـــەری پەیـــدۆزی (تحقیـــق): ئەوە ڕۆژهەڵاتناســـانی وەک "لیڤی پرۆڤێنســـال"، "شـــاخت"، "برۆکڵمان" و "نیکڵسۆن" بوون کە ڕێبـــاز و میتۆدە زانســـتییەکانیان بۆ پەیدۆزیی دەستنووســـەکان داهێنـــا. ئەوان بـــوون کە "پێشـــەکیی ئیبـــن خەلـــدوون" و "مێژووی تەبـــەری" و "کتێبەکانـــی فەلســـەفە"یان لە تاریکســـتانی دەستنووســـە تۆزاوییەکانەوە بۆ ڕووناکیی کتێبی چاپکراوی ســـاغکراوە (محقق) دەر هێنـــا. ئەگـــەر چاپخانـــە ڕۆژئاواییەکان و ڕۆژهەڵاتناســـان نەبوونایە، ڕەنگە نیوەی میراتی عەرەبی لەنـــاو بچووایە، هەمان ئـــەو میراتەی کە عەرەبـــەکان ئەمڕۆ لە ڕێگەیـــەوە جوێن بە ڕۆژئاوا دەدەن.

بێرێزیی ڕۆژهەڵاتـــی بەرانبەر میرات: ئەوەی مایـــەی پێکەنین و گریانە ئەوەیـــە کە زۆرێک لەو دەستنووســـانەی ڕۆژهەڵاتناسان کریویانە، یان گواســـتوویانەتەوە، خەڵکـــی ناوچەکە بە نرخێکـــی زۆر کەم پێیان فرۆشـــتوون، چونکە ئـــەوان هیچیان تێـــدا نەدەبینـــی جگە لە "کاغەزە کـــۆن". بە وتەیەکـــی دیکە کاتێک ڕۆژئاوا بەهای ئەو شـــتانەی دەزانی، ڕۆژهەڵات تەنها بە"شـــتی کۆنە و بێکەڵکـــی"ی دەبینی. کەواتە لێرەدا کێ "جێگـــەی متمانەیە"؟ و کێ "دز"ە؟

سێیەم: ئەمانەتی زانستی لە نێوان "مۆزەخانەی بەریتانی" و "پاچەکانی داعش"دا

ئەم خاڵە کردەییترین و بەرجەســـتەترین وەڵامە بۆ تیۆرییەکانـــی ئێدوارد ســـەعید. لە کاتێکدا ئەو بـــۆ "تاڵانکردنی" ئاســـەواری ڕۆژهەڵاتی و دانانیان لە مۆزەخانەکانـــی ئەوروپا دەگری، ڕۆژگار ســـەلماندی کە ئەم "تاڵانکردنە" لە ڕاســـتیدا "گردەوەیەکی ڕزگارکردنـــی مێژوویی" بوو.

پاراســـتن بەرانبەر تێکـــدان: بەراوردێک بکەن لـــە نێـــوان پەیکـــەری "گای باڵدار" (لاماســـۆ) کە لە لەنـــدەن پارێـــزراوە، نۆژەن دەکرێتـــەوە و لەلایەن ملیۆنانەوە بـــە ڕێزەوە ســـەردانی دەکرێت، و هاوشـــێوەکەی کە لە مووســـڵ مایەوە تاوەکوو داعشەکان کە (نەوەی "ڕەســـەنی ڕۆژهەڵاتن" و ڕۆژهەڵاتناسی پیسی نەکردوون) بە چەکوش تێکی بشـــکێنن و بە دینامیت بیتەقێننەوە.

تاڵیبـــان و بودای بامیـــان: کاتێک تاڵیبان پەیکـــەری بودایان لە ئەفغانســـتان تەقاندەوە، ئـــەوان پەیـــڕەوی لۆژیکێکـــی ڕۆژهەڵاتـــی "خۆجێیی"یـــان دەکـــرد کە لە ئاســـەواردا "پۆخڵـــی و کاری شـــەیتان"یان دەبینـــی. ئەگەر دەســـتێوەردانی ڕۆژهەڵاتناسان و نێردە ڕۆژئاواییەکان لە شـــوێنەکانی تری ڕۆژهەڵات نەبووایە، هەموو ئاســـەوارێکی شارســـتانی لە ناوچەکەمانـــدا هەمان چارەنووســـی دەبوو.

مۆزەخانـــە وەک تاقیگەی شارســـتانی: مۆزەخانە ڕۆژئاواییەکان "گۆڕی دزان و شـــتە دزراوەکان" نەبـــوون، بەڵکـــوو تاقیگەی کراوە بوون بۆ هۆشـــیاریی مرۆڤایەتی. مۆزەخانە ئەو شـــوێنەیە کە مرۆڤ (لە نێویشـــیاندا خودی ڕۆژهەڵاتییەکان) دەتوانن زنجیرەی گەشەکردنی شارســـتانییەتی مرۆیی تێـــدا ببینن. دزینی ئاســـەوار بۆ پاراســـتنی لە "نەزانیی پیرۆز" و لە "کەمتەرخەمیی مێژوویی"، کارێکی ئەخلاقییە، با ئێدوارد ســـەعید هەر نـــاوی "داگیرکاری" لێ بنێت.

چوارەم: رۆژهەلاتناسی وەک ئاوێنەیەکی راستگۆ، بۆچی ڕقیان لێیەتی؟

عەقڵی عەرەبی ڕقی لە ئێدوارد سەعیدە، چونکە "دەرچەیەکی فریاکەوتن"ی لە ڕاستیی بۆ دابین کردووە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە رۆژهەلاتناسان وێنەی رۆژهەلاتیان نەشێواندووە، بەڵکوو "ناشرینیی واقیعی رۆژهەلاتی"یان لە ساتەوەختە دیاریکراوەکاندا ئاشکرا کردووە، ئەمەش مایەی بەخشین نییە.

وردیی زانستی: کاتێک رۆژهەلاتناس لێکۆڵینەوەی ورد لە زمانی عەرەبی دەکات بە شێوەیەک کە لە هەڵگرانی زمانەکە باڵاترە، ئەمان هەست بە کەمیی دەکەن کە ئەو بە کارەکەی پێیان دەبەخشێت. کاتێک "کارڵ بڕۆکڵمان" مێژووی ئەدەبی عەرەبی لە چەندان بەرگی گەورەدا دەنووسێت و دامەزراوە عەرەبییەکان بە هەموویان ناتوانن ئەوە بکەن، ڕووبەڕووی بێتوانایی خۆیانیان دەکاتەوە. بۆیە ئاسانتر بوو تۆمەتباری بکەن بە "رۆژهەلاتناسی" لەجیاتی ئەوەی دان بە باڵادەستیی ڕێبازە زانستییەکەیدا بنێن.

دامالێنی پیرۆزی: مامەڵەی رۆژهەلاتناسان لەگەڵ دەقە ئایینی و مێژووییەکاندا بە جۆرێک بوو کە وەک ئامرازی زانستی دەکرێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت، ئەمەش عەقڵی رۆژهەلاتی وەک "تاوان" سەیری دەکات. ئێدوارد سەعید سوودی لەم هەستە ئایینییە بریندارە وەرگرت بۆ ئەوەی ڕەخنەی زانستی وەک "هێرشێکی خاچپەرستی"ی نوێ وێنا بکات، لە کاتێکدا ئەو ڕەخنەیە لە ڕاستیدا "ڕۆشنگەری"یە و ئەوانەی ڕەتی دەکەنەوە وا ڕاهاتوون لە تاریکیدا بژین.

پوختە:

ئەو تۆمەتەی ئێدوارد سەعید کە گوایە رۆژهەلاتناسان "رۆژهەلاتێکی خەیاڵکردە"یان دروست کردووە، درۆیەکی گەورەیە. رۆژهەلاتناسان ئەوانە بوون کە "خود-هۆشیاری"یان بۆ رۆژهەلات گەڕاندەوە. ئەگەر ئەوان نەبوونایە، ئەوا مێژووی میسر لە سنووری "سەردەمی قیبتی"دەوەستا و مێژووی عێراق لە سەردەمی "فەتح"دا و مێژووی شامیش لە سەردەمی "ئەمەوییەکان"دا دەوەستا.

رۆژهەلاتناسان ئەو "پەیامبەرانە" بوون کە مژدەی گەورەییی رۆژهەلاتیان بە گوێی دونیادا دا لە کاتێکدا رۆژهەلات بێرێزی و سووکایەتیی بە خۆی دەکرد و لەناو خورافەتدا نغرۆ ببوو. "مۆزەخانەی بەریتانی" و "لووڤر" و کتێبخانەکانی "بەرلین" ئەو پەرستگە ڕاستەقینانەن کە شکۆی شارستانیی رۆژهەلاتیان تێدا پارێزرا، لە کاتێکدا "پاچ و قولنگەکانی نەزانی" لە ناوخۆدا چاوەڕێی ساتەوەختی گونجاو بوون بۆ پاکتاوکردنی حساب لەگەڵ ڕابردوودا.

کاتی ئەوە هاتووە واز لە قسە پووچەکانی سەعید بهێنین و پڕ بە دەم بڵێین: سوپاس بۆ رۆژهەلاتناسان. سوپاس بۆ ئەوانەی فێریان کردین چۆن ناوی باوباپیرانمان بخوێنینەوە، سوپاس بۆ ئەوانەی دەستنووسەکانمانیان لە گەنیویی شێ و گەنیویی مێشکەکان پاراست. رۆژئاوا مێژووی ئێمەی داگیر نەکرد، بەڵکوو لە چنگی ئێمەی ڕزگار کرد. ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە ئێدوارد سەعید هەوڵی دا بە پێنووسە ڕازاوەکەی بیشارێتەوە، بەڵام بە هەڵکۆڵراوی لەسەر بەردی مۆزەخانەکان مایەوە، کە هەرگیز درۆ ناکەن.

(بەشێ شەشەم)

میراتەژەهراوییەکە: سەعید چۆن عەقڵی عەرەبیی هاوچەرخی وێران کرد؟

هەرچەندە ئێدوارد سەعید بە جەستە کۆچی دوایی کردووە، لێ ڕۆحە ئایدیۆلۆژییەکەی هێشتا نیشتەجێی ژووری‌کانی لێکۆڵینەوەی زیندانەکانی ستەمکاری و بازنەکانی بانگخوازی ئایینیی وشک و دەقگرتوو و هۆڵە سست و تەمەڵەکانی زانکۆکانی جیهانی عەرەبیی. سەعید "میراتێکی ژەهراوی" لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە بە پۆشاکی ئازادی ئەکادیمی پۆشییوێتی، بەڵام لە جەوهەردا تەنیا "ڕەچەتەیەکی پزیشکی" بوو بۆ کوشتنی عەقڵ. لەم بەشەدا، ئەوە دەخەینە ڕوو، چۆن تێزی "ڕۆژهەڵاتناسی" گۆڕدرا بۆ "سڕکەرێکی" بەکۆمەڵ کە توانای ڕۆژهەڵاتی پەک خست لەوەی عەیب و نوقسانییەکانی خۆی ببینێت و چۆن سەعید دەرفەتەکانی چاکسازی کوشت لە ڕێگەی گۆڕینی "خود ڕەخنەکردن" بە "ناپاکی گەورە".

یەکەم: بیانووهێنانەوە بۆ شکست.. کاتێک "ڕۆژهەڵاتناسی" بوو بە پەناگەی ستەمکاران

ئێدوارد سەعید گەورەترین دیاری پێشکەش بە ڕژێمە سەرکوتکەر و دیسپۆتەکان و بانگخوازە تونڕەوەکان کرد کە دەیانتوانی خەونی پێوە ببینن ئەویش "بیانووهێنانەوە و پاکانەکردنە بۆ شکستەکانیان". لەو کاتەوەی کتێبەکەی ئەو دەر چووە، چیی تر دواکەوتوویی عەرەب بەرهەمی گەندەڵی و نەبوونی دیموکراسی و توێژینەوەی زانستی نییە؛ بەڵکوو بووەتە بەرهەمی "وێنەیەکی شێوێندراو" کە ڕۆژئاوا بۆی کێشاوین و پیلانێکی "ڕۆژهەڵاتناسانە" کە ئامانجی هێشتنەوەمانە لە پلەیەکی نزمتردا.

ستەمکاری بە زمانی ئەکادیمی: هەر کاتێک توێژەرێکی ڕۆژئاوایی، یان ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ ڕەخنە لە نەبوونی ئازادییەکان لە ڕۆژهەڵات دەگرن، ڕژێمە عەرەبییەکانی ئەمڕۆ یەکسەر "دەستەواژە سەعیدییەکان" بەتوندی بەکار دێنن و دەڵین: "ئەمە لوتبەرزیی ڕۆژئاواییە"، یان "ئەمە بۆچوونێکی ڕۆژهەڵاتناسانەیە کە لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی ئێمە تێ ناگات"، یاخود "ئێوە بەها ئیمپریالییەکانی خۆتانمان بەسەردا دەسەپێنن". سەعید "زمانێکی هاوچەرخی" بەخشییە ستەمکاران بۆ پاساودانەوەی ئەوەی کە ئەوان هێشتا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین.

هاوپەیمانیی بانگخوازان و ستەملێکراوی: ڕەوتی تونڕەوی ئیسلامی بیرۆکەکانی سەعیدی بە ژیرییەکی بێوێنەوە قۆستەوە. بیرۆکەی "ئەو ڕۆژئاوایەی ئیسلام دەشێوێنێت" بوو بەو سووتەمەنییەی ئاگری ڕق و گۆشەگیری خۆش دەکات. ئەوان ڕەخنەی سەعیدیان لە ڕۆژئاوای "عەلمانی" بەکارهێنا بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی ڕۆژئاوای "کافر" و جەماوەریان وەها تێ گەیاند کە هەر هەوڵێک بۆ بەسەردەمیکردنی فیکری ئایینی لە ڕاستیدا "خۆرادەستکردنە بە ئەجێندای ڕۆژهەڵاتناسی". ئا بەم شێوەیە، سەعیدی (مەسیحی عەلمانی) بوو بە "پاڵەوان" لە چاوی ئەوانەی دژی هەموو شێوەکانی مۆدێرنیتەن.

ونکردنی خود بەرپرسیارێتیی: گەورەترین تاوان کە ئەم میراتە ئەنجامی دا بریتی بوو لە "پەکخستنی بنەمای هۆکارێتی". لەبری ئەوەی عەقڵی عەرەبی بپرسێت: "بۆچی ئێمە لە دواوەی

نەتەوەکاندان؟" پرسیارەکە سوپاس بۆ سەعید بوو بە "ڕۆژئاوا چۆن لە فیلم و کتێبەکانیدا وێنامان دەکات؟" سەعید "کارکردن"ی بە "سکالا و کرووزانەوە" و "داهێنانی"ی بە "هەڵوەشاندنەوەی نییەتەکان" گۆڕییەوە.

دووەم: کوشتنی ڕەخنەگرتن لە خۆ و تۆمەتی "بەکرێگیراویی فیکری"

پێش ئێدوارد سەعید، هەوڵی بوێرانە بۆ ڕێنێسانسی فیکری هەبوون (تەها حوسێن، عەلی عەبدولڕەزاق، سەلامە موسا) کە درکیان بەوە کردبوو کێشەکە "بنیادییە" لەناو عەرەبدا و وەرگرتن لە ڕۆژئاوا پێویستییەکی شارستانییە. بەڵام سەعید بەتەواوی کۆتاییی بەم ڕەوتە هێنا لە ڕێگەی داهێنانی تۆمەتی "داگیرکردنی کولتووری" و "خۆگونجاندن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناس".

تیرۆری فیکری دژی ڕۆشنگەران و ڕووناکبیران: بەهۆی میراتی سەعیدەوە، هەر ڕۆشنبیرێکی عەرەب هەوڵ بدات میتۆدی زانستی ڕۆژئاوایی بۆ ڕەخنەگرتن لە کەلەپوور، یان ڕەخنەگرتن لە واقیعی سیاسی بەکار بهێنێت، دەستبەجێ بە "ڕۆژهەڵاتناسی ناوخۆیی"، یان "تووتیی ڕۆژئاوا" ناوزەد دەکرێت. سەعید جۆرە "پۆلیسێکی کولتووری"ی دروست کرد کە پشکنین بۆ نییەتەکان دەکات؛ ئەگەر ستایشی دیموکراسیی ڕۆژئاوا بکەیت ئەوا "داگیرکراو و نامۆی" و ئەگەر ڕەخنە لە میژووی ئیسلامی بگریت ئەوا "ئەجێندای ڕۆژهەڵاتناسی جێبەجێ دەکەیت".

پیرۆزکردنی "ناشرینی" بە ناوی تایبەتمەندییەوە: بیرۆکەکانی سەعید بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتێک کە بەرگری دەکات لە "دابونەریتە کۆن و بەسەرچووەکان" و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی وەک "ناسنامەیەکی" هەڕەشەلێکراو. ڕەخنەگرتنیش لە دۆخی ژنان، یان لە خورافەی ئایینی، بە "هێرشێکی کۆڵۆنیالی نەرم" دادەنرێت. سەعید سەرکەوتوو بوو لە قایلکردنی عەقڵی عەرەبی بەوەی کە "مانەوە لەسەر دواکەوتوویی خۆی" جۆرێکە لە "بەرگریی کولتووری".

مردنی میتۆد: کاتێک سەعید بڕوانامەی "ڕۆژهەڵاتناس"ی، واتا (توێژەری زانستی) ی تیرۆر کرد، لە ڕاستیدا ئەو "میتۆدی زانستی"ی تیرۆر کرد. ئەگەر زانستی ڕۆژئاوایی بە سروشتی خۆی "لایەنگر" و "ئیمپریالی" بێت، بۆ دەبێت شوێنی بکەوین؟ ئەم تێڕوانینە بووە هۆی ڕاکردنی عەقڵی عەرەبی لە جدیەتی زانستی بەرەو "چەنەبازیی ئایدیۆلۆژی" و دارشتنی ئەدەبی کە سەعید تێیدا زۆر لێهاتوو بوو.

سێیەم: سایکۆلۆجیای شکست؛ لە "گەڕان بەدوای ڕاستیدا" بۆ "پاریزەری شکست"

ئێدوارد سەعید ڕووناکبیری عەرەبی لە "ڕابەر و پێشەنگی گۆڕانکارییەوە" گۆڕی بۆ "پاریزەرێکی شکستخواردوو" لە کەیسێکی دۆراودا. سایکۆلۆجیای شکست کە سەعید چەسپاندی، بەڕوونی لە چێژۆمرگرتن لە ڕۆڵی "قوربانی"دا بەرجەستە دەبێت.

شەڵەژانی بوونگەرایی: ڕۆشنبیریی "سەعیدی" لەناو ناکۆکییەکی کۆمیدیدا دەژی؛ منداڵەکانی خۆی بۆ خوێندن دەنێرێت بۆ ڕۆژئاوا، لە نەخۆشخانەکانی ڕۆژئاوا چارەسەر دەکرێت، "ئایفۆن" و "ئینتەرنێت"، واتا (ئامرازەکانی ڕۆژئاوا) بەکار دەهێنێت، پاشان بە شەوان خەریکی نووسینی وتار دەبێت لەبارەی "درندەیی ڕۆژئاوا" و "ڕەگەزپەرستیی ڕۆژهەڵاتناسی"یەوە. ئەم دووفاقییە نەک

تەنها نەخۆشییی دووڕوویە، بەڵکو "ئیفلیجیی شارستانییە" کە ڕێگری لە هەموو پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە دەکات.

کردنی دەستەوەستانی بە پاڵەوانێتی: بەهۆی سەعیدەوە، چیی تر داوا لە عەرەب ناکرێت لە ڕووی زانستییەوە بەسەر ڕۆژئاوادا سەر بکەون بۆ ئەوەی هەست بە شکۆمەندی بکەن؛ تەنها ئەوە بەسە "گوتاری ڕۆژئاوا هەڵبوەشێننەوە" و بیسەلمێنن کە گوتارێکی "ڕەگەزپەرستانەیە" تا هەست بە سەرکەوتنێکی وەهمی بکەن. سەعید "تاقیگە"ی بە "کتێبخانە" گۆڕییەوە و "داهێنان"ی بە "مشتومڕی زمانەوانی".

تیرۆرکردنی "داهاتوو" لەپێناو "وێناکردنەکان": عەقڵی عەرەبی هاوچەرخ هێندە سەرقاڵی ئەوە بووە کە "ئەوی تر چۆنمان دەبینێت" بە ڕادەیەک ئەوەی لەبیر کردووە کە "ئێمە چۆن خۆمان دەبینین" و "دەمانەوێت چی بین". هەوڵی هزریی عەرەبی بووە بە کاردانەوە (Apologetics)؛ بەرگری لە ئیسلام، عروبە، کەلەپوور، لەبری "بنیاتنان" و داهێنان لەم بوارانەدا. ئیدوارد سەعید "وەڵامدانەوەی ڕۆژئاوا"ی کردووە بە ئامانج لە خۆیدا، لەبری ئەوەی "تێپەڕاندنی ڕۆژئاوا" ببێت بە ئامانج.

چوارەم: ئەنجامی مادی، ڕۆژهەلاتێکی نوقمی خوێن و باکوورێکی نوقمی زانست.

دوای نزیکەی نیوسەدە لە "ڕۆژهەلاتناسی"، ڕۆژهەلاتێک کە سەعید بەرگریی لێ دەکرد گەیشتووەتە کوێ؟ ئەی ڕۆژئاوا کە هێرشی دەکردە سەری گەیشتووەتە کوێ؟

ڕۆژهەلات: نوقمی شەڕی ناوخۆیی، ستەمکاریی سیاسی، بێکاری، نەزانی و تووندڕەویی ئایینی (داعش و قاعیدە بەرهەمی سروشتی ئەو عەقڵەن کە "ئەوی تر" ڕەت دەکاتەوە و شەیتانێکی ڕۆژهەلاتناسی تێدا دەبینێت).

ڕۆژئاوا: سەرەڕای هەموو قەیرانەکانی، هێشتا قیبلەی زانستییە، پەناگەی قانوونییە و تەنها سەرچاوەی تەکنەلۆژیا و زانستە کە تەنانەت "دوژمنەکانیشی" بۆ جنێودان پێی، بەکاری دەهێنن.

ئیدوارد سەعید ڕۆژهەلاتی ڕزگار نەکرد، بەڵکوو "مردنێکی میهرەبانی"ی فیکریی پێ بەخشی. فێری کرد چۆن بەئاسوودەیی بخەوێت و بیر لە نوقسانییەکانی خۆی نەکاتەوە و گوناهەکە بخاتە ئەستۆی "وێنەکێشی ڕۆژئاوایی" کە بوێری کردووە و وێنەی ڕوخساری ئەم دواکەوتوویەی کێشاوە. سەعید ئەو "پردانەی" ڕووخاند کە ڕۆشنگەرە پێشەنگەکان هەوڵیان دەدا لەگەڵ مۆدێرنیتەدا دروستی بکەن و عەقڵی عەرەبیی بە سەرگەردانی لە "بیابانی ستەملێکراوی"دا بەجێ هێشت، کە شێوەن بۆ بەختی خۆی دەکات و جنێو بە ڕۆژهەلاتناسان دەدات لە کاتێکدا کەشتی و فڕۆکە و هاوکێشە بیرکارییەکانی ڕۆژئاوا بەسەر سەریدا بەرەو داهاتوو تێپەڕ دەبن.

پوختە:

کتێبی "ڕۆژهەلاتناسی" کارەساتێکی فیکری بوو کە کاریگەرییەکەی کەمتر نەبوو لە کارەساتە سیاسییەکان. ئەو "ژەهرە مەکراویە" بوو کە خرایە ناو هەنگوینی ڕەوانبێژیی ئەکادیمییەوە. ڕزگارکردنی عەقڵی عەرەبی ئەمڕۆ بە "هەڵوەشاندنەوەی زیاتری

رۆژئـــاوا" دەســـت پێ نـــاکات، بەڵکـــوو بە "هەڵوەشـــاندنەوەی خودی ئیدوارد ســـەعید" دەســـت پـــێ دەکات؛ بـــە ڕووخاندنـــی ئەم هەڵواســـەرەیە و بە دانپێدانانـــی بوێرانە بەوەی کە ئێمـــە قوربانیی "وشـــە"، یـــان "وێنە" نین، بەڵکوو ئێمە قوربانیی "چەقبەســـتوویی" خۆمان و "ڕەتکردنەوەی میتۆدی زانســـتی" و "ڕاکردنمـــان لە ڕووبەڕووبوونـــەوەی خۆمانین".

کاتی ئەوە هاتووە "میراتـــە ژەهراوییەکەی ســـەعید" بنێژین و لە زیندانی "قوربانیبوون" بێینە دەرێ بۆ ناو کایەی "کردەی شارســـتانی". رۆژئاوا شـــەیتان نییە و رۆژهەڵاتیش فریشـــتە نییە؛ رۆژئاوا "ســـەر کـــەوت" چونکە عەقڵی لە ماددەدا بەکار خســـت، . رۆژهەڵات "شکستی هێنـــا"، چونکە عەقڵـــی لە "جوێنـــدان بە ئـــەوی تر"دا بەکار خســـت. ئەو ڕاســـتییەی کـــە دەبێت لـــە کۆتاییـــی ئـــەم کتێبەدا بگوترێت: رۆژهەڵاتناسی، دواکەوتوویی ئێمەی دروســـت نەکرد، بەڵکـــوو دواکەوتوویی ئێمە رۆژهەڵاتناســـیی دروست کرد.

چارەسەر لە گۆشـــەگیریدا نییە، بەڵکوو لە "رۆژئاواناســـی"دایە، واتا (لێکۆڵینەوە لە رۆژئاوا) بـــە چـــاوی مرۆڤی شـــەیدای فێربـــوون، نەک بە چـــاوی ڕق و کێنەدار. ڕێگـــەی ڕابوون بە دانپێدانانـــدا تێپەڕ دەبێت بە ڕۆڵـــی گەورەی "مۆدێرنیتـــە" وەک بەهایەکـــی جیهانی و لە ڕێگەی تێکشـــکاندنی "بتەکانی بەستەزمانی و زۆرلێکراوی" کە سەعید لە عەقڵماندا چاندوویەتی. قەت هەڵناســـینەوە تـــا ئەو کاتـــەی واز لەو پرســـیارە نەهێنین "رۆژئاوا چی لێ کردین؟" و دەســـت نەکەین بە ئەم پرسیارە "ئێمە چیمان لە خۆمـــان کرد؟".

لە دوای ئیدوارد سەعید، لە زیندانی قوربانییەوە بۆ کایە بەرینەکانی مۆدێرنیتە (کۆتایی)

لەم کتێبـــەدا لاپەڕەگەلی ئازاربەخشـــمان لە مێژووی "شـــێواندنی هـــزری" پێچایەوە کە ئیدوارد ســـەعید ڕابەرایەتی دەکـــرد؛ ئەمەش نەک لەبەر حـــەزی خۆکوتان و خۆئـــازاردان بـــوو، بەڵکوو بـــە مەبەســـتی پاککردنەوەی برینەکـــە بوو. وەســـتانەوە بەرانبـــەر بە "بتی رۆژهەڵاتناســـی"، هەنگاوی یەکەم و پێویست بۆ گێڕانـــەوەی عەقڵی عەرەبیـــی دزراو. کاتی ئـــەوە هاتووە بـــە ڕاشـــکاوی ڕایبگەیەنین کە ســـەردەمی "شـــیوەنکردن بۆ وێناکردنەکان" کۆتاییـــی هاتـــووە و ئێمە ئەمـــڕۆ لەبەردەم ســـاتەوەختی ڕاســـتیداین: یان دەبێت سواری شـــەمەندەفەری مۆدێرنیتـــەی رۆژئاوایی ببین کە بـــەرەو داهاتـــوو دەچێت، یـــان ئەوەتا لە وێستگەی "قوربانیبوونی سەعیدی"دا بمێنینەوە و شـــیوەن بۆ بەختمان بکەین تا ئـــەو کاتەی فەرامۆشـــیی دەمانپێچێتەوە.

کۆتایی:
بەرەو رۆژهەڵاتناسییەکی بوێرانەی پێچەوانە

گەشـــتەکەمان لە هەڵوەشـــاندنەوەی "درۆ و دووڕوویەکانی ئیدوارد ســـەعید" کۆتایی هات. بینیمان چۆن لـــە خۆشـــگوزەرانیی رۆژئاوادا ژیا تـــا جنێوی پێ بـــدات، چۆن لە ئاســـت کۆڵۆنیالیزمـــی رۆژهەڵاتـــدا بێدەنـــگ بوو تا ئیدانـــەی کۆڵۆنیالیزمی رۆژئاوا بـــکات، چۆن ســـووکایەتیی بـــەو رۆژهەڵاتناســـانە کرد کە مێژووەکەیان ڕزگار کـــرد و چۆن کفر و نکۆڵی لـــەو چاپخانەیە کرد کە دەنگی پێ بەخشـــی.

یەکەم: مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی تەنیا ڕێگایە نەک "بژاردەی جێگرەوە"

دەبێت ئەو بوێرییەمان هەبێت دان بەوەدا بنێین کە مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی، بە بەها زانستییەکانی و دامەزراوە سیاسییەکانی و دەستکەوتە تەکنیکییەکانی، تەنیا مۆلکی تایبەتی ئەورووپا نییە، بەڵکوو "میراتێکی مرۆیی جیهانییە" کە لە ڕۆژئاوادا گەیشتووەتە لووتکەی پێگەیشتن. هەوڵی گەڕان بەدوای "مۆدێرنیتەی ئیسلامی" یان "ڕۆژهەڵاتی"دا کە بەتەواوی لە دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوا دابڕاو بێت، وەک ئەوەی سەعید و شوێنکەوتووانی ئاماژەیان پێ دەدا، جۆرێکە لە وەهم و بەفیڕۆدانی کات.

ڕێگای ڕێنێسانس بە دانان بە ڕۆڵی مەزنی ئەم مۆدێرنیتەدا تێ دەپەڕیت؛ چونکە هەر ئەو بوو چەمکەکانی مافی مرۆڤ، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، مێتۆدی تاقیکاری و ئازادیی ڕادەربڕینی پێ بەخشین، کە خودی سەعید سوودی لێ وەرگرت. دانان بە شکستی شارستانیی ئیسلاماندا بە مانای خۆبەدەستەوەدان نییە، بەڵکوو یەکەم قۆناغی چارەسەرییە. هیچ ڕابوونێک بەبێ زانست نابێت و هیچ زانستێکیش بێ گرتنەبەری ئەو مێتۆدانە نابێت کە کارایی خۆیان لە تاقیگەکانی ڕۆژئاوادا سەلماندووە.

دووەم: پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان "فیشەک" و "تاقیگە"دا

یەکێک لە گەورەترین ئەو فێڵانەی ئێدوارد سەعید دزەی پێ کرد، "تێکەڵکردنی کارتەکان" بوو؛ بە جۆرێک کە ڕەخنەگرتن لە "گۆڵۆنیالیزمی سیاسی"ی کردە هاوواتای ڕەتکردنەوەی "دەستکەوتی شارستانی". لێرەدا دەبێت سنووردێکی بڕاوە و ڕوون دابنێین:

ڕەخنەی سیاسی: مافی خۆمانە، بەڵکوو ئەرکی سەرشانمانە، ڕەخنە لە سیاستە ئیمپریالییەکان، چاوچنۆکی و پاوانخوازییە سەربازییەکان و دووفاقی لە پێوەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژئاوادا بگرین. ئەمە ڕەخنەیەکی ڕەوایە و پێش هەر کەسێک ڕۆژئاواییەکان بەخۆیان ئەو کارەیان کردووە و دەیکەن.

ڕەتکردنەوەی شارستانی: خۆکوشتنە ئەگەر "تاقیگە" ڕەت بکەینەوە لەبەر ئەوەی "سەربازەکە" خراپە. کارێکی ساوێلکانەیە ئەگەر "شوێنەوارناسی"، یان "فیلۆلۆژیا"، یان "فەلسەفەی هاوچەرخ" ڕەت بکەینەوە تەنیا لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانەوە هاتوون کە ڕۆژانێک داگیریان کردین.

پێشکەوتنی شارستانی داوامان لێ دەکات توانای ئەوەمان هەبێت بە سینگمان بەرەنگاری "فیشەک"ی ڕۆژئاوایی ببینەوە و لە هەمان کاتدا بە عەقڵمان کێبڕکێ بکەین بۆ بەدەستهێنانی "مایکرۆسکۆپ"ی ڕۆژئاوایی. سەعید دەیویست مایکرۆسکۆپەکە ڕەت بکەینەوە، چونکە وەک "ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن" دەیبینی، بەوەش ئیمەی بە دەستبەتاڵی لە بەردەم فیشەک و نەزانیدا جێ هێشت.

سێیەم: بەرەو "ڕۆژهەڵاتناسییەکی پێچەوانە"ی بابەتییانە.. ڕۆژئاواش وەک هاوبەش

ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە "ڕۆژهەڵاتناسییەکی پێچەوانە" (Reverse Oriëntalisme) هەیە کە ئامانجی بە شەیتانیکردنی ڕۆژئاوا نەبێت، بەڵکوو بۆ تێگەیشتن و هەرسکردنی نهێنییەکانی

بالادەستیی ئەو بیّت. ئیمە پێویستە وەک "دوژمنێکی پیلانگێڕ" لە ڕۆژئاوا نەکۆڵینەوە، بەڵکوو وەک "هاوبەشێکی شارستانی" کە ململانێی خۆی لەگەڵ نەزانی و کەنیسەدا ئەنجام دا و تێیدا سەر کەوت، و نەخشەڕێگایەکی بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندە هزرییەکان پێشکەش کردین.

ئەم "ڕۆژهەڵاتناسییە پێچەوانەیە" دەبێت لە ڕۆژئاوادا ئەم شتانە ببینێت:

ماموستا: لە ڕێکخستن، توێژینەوە و وردەکاریدا.

ئاوێنە: کە تێیدا عەیبەکانمان ببینین بۆ ئەوەی چاکیان بکەین، نەک بۆ ئەوەی ئاوێنەکە بشکێنین.

تاقیگە: دەرمان و ئەو ئامێرانەی بۆ بەرهەم هێناوین کە ئەمڕۆ ڕەخنەی پێ لە جیهان دەگرین.

وتەی کۆتایی

ئێدوارد سەعید ڕۆشنبیرێکی کارامە بوو لە "جوانکردنی دەستەوستانی"، بەڵام کەسێکی شکستخواردوو بوو لە "دروستکردنی ئومێد".

ئەو وای لێ کردین تەنیا دەستەواژەکانی ئەو دەربارەی "بالادەستیی" و "هێز" بجوونەوە، لە کاتێکدا جیهانی لە دەوروبەرمان بە ژیریی دەستکرد و داگیرکردنی بۆشاییی ئاسمان و ئەندازیاریی جینات دەگۆڕێت.

ئەم کتێبە بانگەوازێکە بۆ هەر عەقڵێکی ئازاد لە ڕۆژهەڵات تا بڵێت: "سوپاس جەنابی سەعید، چێژمان لە ڕەوانبێژییەکەت بینی، بەڵام ئێمە ژیان و زانست و ڕاستیی تاڵ هەڵدەبژێرین نەک وەهمی جوان". ئێمە دەمانەوێت لە وڵاتەکانی خۆماندا ببینە "ڕۆژهەڵاتناس"، عەیبەکانی خۆمان بدۆزینەوە، کۆد و مەتەڵەکانی دواکەوتوویمان هەڵبێنین و داهاتوومان بە ئامرازەکانی مۆدێرنیتە بنیات بنێین، کە سەر بە هیچ ڕەگەز و ئایینێک نین، بەڵکوو بۆ هەر کەسێکن کە بوێریی کارکردنی پێیان هەبێت.

بتی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووخا و ڕاستییە ڕووتەکە مایەوە، ئەوە ڕۆژئاوا بوو ئێمەی جارێکی تر دۆزییەوە و ئێستا ئەرکی ئێمەیە خۆمان دووبارە بدۆزینەوە... دوور لە وەهم و درۆکانی ئێدوارد سەعید و چاویلکە کوێرەکەی.

(*) ئەم زنجیرە وتارەی کە لێرەدا کراون بە کوردی نووسەرێکی عەرەب بە ناوی نەوفل قاسمی لە چەند ئەڵقەیەکدا لە "ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە عەلمانییەکان لە جیهانی عەرەبی" (مرکز الدراسات والأبحاث العلمانیة فی العالم العربی) بڵاوی کردوونەتەوە. زانیاری لەبارەی نووسەرەوە لەسەر ئینتەرنێت دەست ناکەوێت و زۆر گەڕام هیچم بۆ نەدۆزرایەوە. من وەک خوێنەرێک، نەک پسپۆڕ لەم بوارەدا، دید و بۆچوونەکانیم بەلاوە سەرنجڕاکێش بوون بۆیە بڕیارم دا بیانکەم بە کوردی بۆ ئەوەی خوێنەری کورد، ئەوەی دەیەوێت ئاگاداری دید و بۆچوونێکی جیاواز لەوەی ئێدوارد سەعید بێت بیخوێنێتەوە (وەرگێڕ).



”ناساندنی کتێب “

گشتێتی و کەسایەتی لە ئاوێنەی مژاباددا تۆژینەوەیەک بەپێی تیۆریی ڕۆمانی مێژوویی لووکاچ

ڕەحمان فەرامەرزی[1]

ماستەری کۆمەڵناسی

پوختە

ڕۆمانی مێژوویی یەکێکە لە ژانـــرە گرنگەکانی گێڕانەوە و وەک ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکانـــی ڕابـــردوو و ڕووداوە مێژووییەکان دەور دەگێڕێت. لە وێژەی کوردییشـــدا ڕۆمانی مێژوویـــی زیاتر و زووتـــر لە جۆرەکانـــی تری ڕۆمان ســـەری هەڵداوە و نووســـەرانی کوردیش هەوڵیـــان داوە توانـــای خۆیان لەو بـــوارەدا تاقی بکەنەوە؛ بـــەڵام ئەوەی کە تـــا ڕادەیەک بەپێـــی پێوەرەکانی ڕۆمانی مۆدێـــرن، ئەو گێڕانەوانـــە کەوتوونەتە خانی ڕۆمانی مێژوویی و بەگشـــتی ڕۆمانەوە، جێی پرســـیار و لێکۆڵینەوەیە. لـــەو وتارەدا هەوڵ دراوە ڕۆمانـــی مژابادی جان دۆســـت بەپێـــی تیۆریی جۆرج لووکاچ ـــ کە بە جۆرێک بناغەدانـــەری لێکدانـــەوەی ڕۆمانی مێژووییە ـ شـــرۆڤە بکرێت. بۆ ئەو مەبەســـتە دوو چەمکی کەســـایەتیی مامناوەند و گشتێتی لە ئەندێشـــەی جۆرج لووکاچدا وەک پێوەری لێکدانەوەکـــە بەکار هێنراوە و لە ئەنجامدا دەرکەوتووە نووســـەر تـــا ڕادەیەک توانیویەتی هەم لە بواری دارشـــتنی کەســـایەتیی مامناوەندی جۆرەکیدا ســـەرکەوتوو بێت و هەم گێڕانەوەیەکی گشـــتگیری مێژوویی، سیاســـی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بخاتە ڕوو و چەمکی گشـــتێتییش مســـۆگەر بکات، هەرچەند تەوەری گێڕانەوەکەی زیاتر سیاســـییە، تاکوو کۆمەڵایەتـــی و فەرهەنگی؛ واتە لێکدژیی چینایەتـــی و دیالێکتیکی ئابووری و پێگەیی کە مەبەســـتی لووکاچە، لـــەو کارەدا زۆر بەدی ناکرێت.

وشە سەرەکییەکان: مژاباد، جان دۆست، ڕۆمانی مێژوویی، جۆرج لووکاچ، گشتێتی، کەسایەتیی جۆرەکیی مامناوەند.

١ـ پێشەکی و ڕوونکردنەوەی پرس

ئەدەبیاتی هەر سەردەمێک لە هەموو بواڕێکەوە نیشاندەری هەلومەرج و دۆخی ئەو سەردەمەیە؛ (محمدی و احمدیان، ١۴٠٢: ٣۴) واتە ئەدەبیات زمانحاڵی کۆمەڵگەیە و کارامەترین ڕێگەیە بۆ ناسین و ناساندنی بیر و هزر و شێوە ژیانی زاڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا. لە چاخی کۆندا چەشنەکانی گێڕانەوەی ئەدەبی زیاتر لەخۆگری ئوستووڕە و حەماسە و ڕۆمانس و گێڕانەوەی لەم چەشنە بووە و ئەم چەشنانە بەسەر دنیای گێڕانەوەدا زاڵ بوونە؛ بەڵام تا ڕادەیەک هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە دوای ڕۆنێسانس و وەرچەرخان و گۆڕانی ئەندێشەی مرۆڤ لە ئەورووپادا، چەشنەکانی گێڕانەوەی ئەدەبی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاویان بە خۆیان بینی و دۆن کیشۆت وەک یەکەم گێڕانەوەی ئەدەبی دادەنرێت کە ئیتر نەدەچووە ناو ئەو گێڕانەوانەی پێشتر؛ هەر بۆیە نۆڤڵ، واتە ڕۆمان هاتە ئاراوە کە بە جۆرێک گوزارشتی لە نوێبوونی ئەم شێوە گێڕانەوەیە دەکرد. لەمەبەولاوە ڕۆمان بەگشتی بەسەر چەشنەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا زاڵ بوو و خوێنەرانێکی زۆر زیاتری بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کاریگەرییەکی زیاتریشی لەسەر کۆمەڵگە دانا. هەڵبەت هەر لە ناو ژانرەکانی ڕۆمانیشدا، ڕۆمانی مێژوویی دواتر و لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا پەیدا بووە، بەڵام زۆر دواتر و لە سەدەی بیستدا ئەو بابەتە گەیشتووەتە کوردستان و کوردیش ڕۆمانی مێژوویی نووسیوە؛(Bochenska, 2014: 37) واتە بە پێچەوانەی ڕۆژاوا، ڕۆمان و بەتایبەت ڕۆمانی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەی خۆڕسک سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو وەکوو هەموو دیاریدە مۆدێرنەکانی تری ڕۆژاوا، زۆر دواتر هاتووەتە ناوچەکەوە. وەک یەکەم ڕۆمانە مێژوویییە کوردییەکان، دەتوانین ئاماژە بەوانە بکەین: خاتێ خانم لەلایەن عەلی عەبدوڕەحمان (١٩۵۶)، قەڵای دمدمی عەڕەبێ شەمۆ و هەندێک لە بەرهەمەکانی محەممەد ئوزون و دواتریش ڕۆماننووسانێکی وەک کامران و مەنسوور حامیدی، بەختیار عەلی، عەتا نەهایی، جان دۆست و هتد. (Ahmadzadeh, 2024: 112).

سەبارەت بە بەستێنی کۆمەڵایەتیی ڕۆمان بەگشتی و ڕۆمانی مێژوویی بەتایبەت لە کوردستاندا پێویستە ئاماژە بکرێت کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی و ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دابەشکردنی ناوچەکانی ژێردەستی ئەو دەسەڵاتە بەسەر وڵاتانێکی ساختە و بەبێ پێشینەی نەتەوایەتییەکی یەکگرتوو و ڕیشەدار، کوردستان بەسەر چەندین وڵات و دەوڵەت/نەتەوەی نوێدا دابەش کرا. هەر وەک ئاگاداریشین لە سیستەمی دەوڵەت/نەتەوەی مۆدێرنیشدا چەمکی

نەتـــەوە، گرنگییەکـــی یەکجـــار زۆری هەبـــووە و هەیە و بیچمگرتنی نەتەوەش، پێویســـتی بە شوناســـی نەتەوایەتییە. شوناسی نەتەوایەتییش بەبێ مێژوویەکی هاوبـــەش و ڕوون و دیاریکراو بۆ خەڵکی ئەم نەتەوەیـــە، مانای نەبـــووە و نییە. ئەمە لـــە حاڵێکدایە کە پێشـــتر، ئایین دەوری ســـەرەکیی بـــۆ یەکگرتووکردنی خەڵک گێڕابـــوو. لەو نـــاوەدا کوردیش کە ئێســـتا لـــەو دەســـەڵاتە نوێیانەدا بووبـــوو بـــە کەمینـــەی نەتەوایەتی، هەستی دەکرد پێویســـتی بە گێڕانەوەی تایبەتی خـــۆی لە مێـــژووە، بۆ ئەوەی لـــەو قافڵـــەی دەوڵەت/نەتەوەیـــە دوا نەکەوێـــت. هـــەر بۆیە ڕۆمانووســـە کوردەکانیش (شـــەمۆ ۱۹۱۷، ســـائیب ۱۹۵۶) زۆر زوو بابەتـــی مێژوویـــان قۆســـتەوە و کردیـــان بـــە هەوێنـــی نووســـینی ڕۆمانەکانیان، تاکوو هەستی بێوڵاتـــی و حاشـــاڵێکراویی شوناســـی کـــوردی بـــە جۆرێـــک دامرکێنن و گرنگترین پرسی ســـەردەمی گەلەکەیان لەبیـــر نەکردبێت؛ بەڵام کێشـــە ئەوەیە ئـــەو قاڵبە نوێیـــە لەنێو کـــوردا زۆر باو نەبوو و نووســـەرانی کـــورد هەر بە شـــێوەی گێڕانەوە کۆنـــەکان ڕۆمانیان دەنووســـی و ماکەکانـــی ئـــەو جۆرە گێڕانەوە مۆدێرنـــە، واتە ڕۆمانی نوێ، زۆر بۆیان ئاشـــنا نەبوو، بۆ نموونە هەر وەک گێڕانەوەی بەیتەکان، کەســـایەتییەکانیان زۆرتـــر ڕەش یان ســـپی دەخوڵقاند کە زۆرتـــر دەچـــووە خانی ئوســـتووڕەوە تاکـــوو ڕۆمـــان؛ هەروەها مێژووشـــیان زۆرتر لـــە ڕوانگەی کەســـایەتییەکانی چینی سەردەســـتەوە دەگێڕایەوە، تاکوو خەڵکانـــی جۆرەکـــی و مامناوەندی ناو کۆمەڵگـــە؛ هەر بۆیـــە پێداچوونەوەیەک بەســـەر چۆنیەتیـــی خوڵقاندنی ڕۆمان بەپێی تیۆرییە ســـەرەکییەکانی ڕۆژئاوا، وەک ئاخێزگـــەی ئەو قاڵبـــە نوێیە، بە پێویســـت دێتە بـــەر چاو.

بێگومـــان بنیاتنـــەر و تیۆریدانەری ســـەرەکیی لێکدانـــەوەی ڕۆمانـــی مێژوویـــی کەســـێک نییـــە جگە لە جـــۆرج لـــووکاچ[۲]. لـــووکاچ چەندین بەرهەمی لەســـەر شـــیکردنەوەی ئەدەبی نووســـیوە و بەتایبەت کتێبێکیشی بە ناوی ڕۆمانـــی مێژوویی هەیە و لـــەو کتێبەدا زۆر بەجوانـــی و بەڕوونـــی تیۆرییەکانی خۆی ســـەبارەت بە چییەتیـــی ڕۆمانی مێژوویی خســـتووەتە ڕوو و پێشـــینەی مێژوویـــی و کۆمەڵایەتـــی و پێوەرەکانی ئـــەو جۆرە ڕۆمانـــەی لێـــک داوەتەوە؛ هەر بۆیە بـــە مەبەســـەتی لێکدانەوەی ڕۆمانـــی مێژوویـــی، بێگومـــان دانانی ئـــەو تیۆرییانەی لـــووکاچ وەک پێوەر و پێودانگ دەتوانێـــت یارمەتیدەرێکی باش بێـــت بۆ ئـــەوەی کە بزانرێـــت ڕۆمانی کوردی تـــا چ ڕادەیـــەک چووەتە خانی ڕۆمانەوە بەگشـــتی و ڕۆمانـــی مێژوویی بە تایبەت.

بێگومـــان یەکێک لـــە داهێنەرترین و بەرچاوتریـــن ڕۆمانووســـە مێژووییە کوردەکانیش کەســـێک نییـــە جگە لە جان دۆســـت. یەکـــەم ڕۆمانـــی جان

دۆست، بە ناوی مژاباد (یان مژاوا) بە زمانی کوردیی کرمانجی نووسراوە و دوو وەرگێڕی سۆرانی زمان، فەرهاد چۆمانی (٢٠١٦) و سارا خەنشا(٢٠٢٤)، تا ئێستاکە وەریان گێڕاوەتەوە سەر سۆرانی. ئەو ڕۆمانە بە شێوەیەکی داهێنەرانە و بەرچاو، باسی ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستان دەکات. بەم جۆرە ئامانجی ئەو تۆڕینەوەیە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی مژابادی جان دۆستە بە پێی تیۆرییەکانی جۆرج لووکاچ، تاکوو بزانین ئەو ڕۆمانە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە و جان دۆست چەندە توانیویەتی ڕۆمانێکی مێژوویی مۆدێرن بە کەسایەتیی جۆرەکی مامناوەند و گشتێتییەوە بخوڵقێنێت. سەبارەت بە گرنگیی ئەو بابەتە پێویستە ئاماژە بکرێت کە ڕۆمانی مێژوویی پێویستە بەر لە هەموو شت ڕۆمان بێت؛ واتە کەسایەتییەکانی لە کەسایەتیی چەشنەکانی پێشووی گێڕانەوە، وەک حیماسە و ئوستووڕە، دوور کەوتبێتەوە و بووبێتە کەسایەتیی ئاسایی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە بەشی هەرە زۆری ئەو مێژووەی کوردی کە کراوە بە ڕۆمان، باسی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ و زیاتر باسی سەدەی ڕابردووە، حەزێکی زۆر بۆ بەئوستووڕەکردنی کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی کورد و سەروومرۆڤ نیشاندانیان هەیە؛ هەر بۆیە خودی ڕۆمانبوون یان نەبوونیان دەچێتە ژێر پرسیارەوە. جیا لەمەش، بابەتی گشتێتی کە لووکاچ باسی دەکات، پێوەرێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا ڕۆمان توانیویەتی مێژووی کۆمەڵایەتی زیندوو بکاتەوە، یان تەنیا لە ئاستی گێڕانەوەیەکی حەماسی و ئوستووڕەییدا ماوەتەوە و لە بازنەی سیاسەت دەرنەچووە؛ چونکە بەهەرحاڵ بڕیارە ڕۆمانی مێژوویی ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەمێک بێت و خوێنەر بتوانێت لە ڕێی ئەو ڕۆمانەوە، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە بژیێتەوە، هەر بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ دراوە ئەم دوو چەمکە لە ڕۆمانەکەدا هەڵسەنگێنرێت و دەربخرێت کە ئایا نووسەر توانیویەتی ڕۆمان بخوڵقێنێت و بارودۆخی ئەو سەردەمە بە جۆرێک بنوێنێتەوە کە خوێنەر دوای خوێندنەوەی هەست بکات ماوەیەک لەو سەردەمدا ژیاوە یان نا.

٢ـ بنەمای تیۆریکی ئەم تۆژینەوەیە

بێگومان جۆرج لووکاچ وەک یەکێک لە یەکەمین و سەرەکیترین کەسانی تیۆریدانەر و شیکەرەوەی کلاسیک و جیددیی ڕۆمان لە ڕوانگەی فەلسەفی و کۆمەڵناسییەوە هەژمار دەکرێت کە هەوڵی دا لەنێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتە ئەدەبییەکان ئاڵوگۆڕ و دانوستانی

دوولایەنە پیشان بدات. (عسگری حسنکلو، ۱۳۸۷: ۱) لووکاچ ، فیلسووف، نووسەر، ڕەخنەگری ئەدەبی و تیۆریدانەر و خەباتکاری کۆمۆنیستی هەنگاریی بەناوبانگی سەدەی بیستەم بوو کە خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەم لە بواری تیۆریی مارکسیستیی جوانیناسی بوو و دژی کۆنترۆڵی سیاسیی هونەرمەندان بوو. (حاتمی، ۱۳۹۸:۴۴) لووکاچ لە کتێبی ڕۆمانی مێژوویيدا واڵتێر سکۆت[۳] بە بنیاتنەری ڕۆمانی مێژووویی دەناسێنێت (لووکاچ؛ ۱۳۹۲: ۱۵) و پێی وایە ڕۆمانەکانی پێش ئەو، زۆرتر دەچنە خانی حیماسە، ڕۆمانس، چیرۆکی خەڵکی ڕەشۆکییەوە. بە بڕوای لووکاچ ڕوون نییە ئەو جیهانەی ڕۆمانەکانی پێش سکۆت باسی دەکەن لە کوێوە هاتووە و چۆن پەرەی سەندووە و گەیشتووەتە ئەو کاتە و لە فۆرم و پێکهاتەی چیرۆکەکاندا ئەو بابەتە ڕەچاو نەکراوە. (لووکاچ؛ ۱۳۹۲: ۱۶) بێگومان سەرهەڵدانی ئەو ژانرەش پێوەندیی لەگەڵ ڕەوش و دۆخی سەردەمی خۆی بووە و وەک لووکاچ باس دەکات سکۆت هەوڵی داوە شەڕ و پێکدادانەکانی مێژوو بە یارمەتیی کەسایەتییەکان بنوێنێتەوە. ئەو کەسایەتییانەش نوێنەری بۆچوونی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە مێژووییەکانن. لووکاچ باوەڕی وایە نواندنەوەی سەردەمێکی مێژووویی لەڕێی ڕۆمانی مێژووییەوە و لە ڕوانگە و بۆچوونی نوێنەرە مەزنەکانی ئەو سەردەمانەوە ڕوون ناکرێتەوە، چونکە ئەوان هەرگیز ناتوانن ڕوخساری ناوەندیی کردەوە و ڕووداوەکان بن؛ واتە نواندنەوەی گشتگیر و چەند ڕەهەندیی دۆخ و جیهانی هەر سەردەمێک، تەنیا لەڕێی وێناکردنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە ئاسایی و مامناوەندەکان، خەم و نارەحەتییەکانیان و قەیران و سەرلێشێواوییەکانیان دەکرێت بێتە ڕوو و بە چاو ببینرێت و وێنا بکرێت. (لووکاچ، ۱۳۹۲: ۴۷)

بە بۆچوونی لووکاچ، ڕۆمانی مێژووویی دریژەی ڕاستەوخۆی ڕۆمانە کۆمەڵایەتییە ڕێئاڵیستییە گرنگەکانی سەدەی هەژدەیە و لە کتێبی ڕۆمانی مێژووییدا (۱۳۸۸) زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژووییی ڕۆمانی مێژووویی لێک دەداتەوە و پێی وایە ڕۆمانی مێژووییی کلاسیک بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆمانتیسیزم هاتووەتە ئاراوە. (لووکاچ؛ ۱۳۸۸: ۹۹) هەڵبەت لەو کتێبەدا باس لە ململانێی نێوان ڕۆمان و حەماسەش دەکات و دەڵێت: «هەرچی دابەشکاریی کار، ئاڵۆزتر و وردتر بووەتەوە، پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا لە لایەک و بابەتی گشتی و تایبەتی ناو خودی ژیانیش لە لایەکی ترەوە، لێک دادەبڕێن. ئەدەبیاتیش وەک ڕەنگدانەوەی ژیان، چارەیەکی تری جگە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕەوتە نییە». (لووکاچ، ۱۳۸۸: ۲۰۵) سکۆت ڕێگە دەدات گرنگترین کەسایەتییەکانی

ناو ڕۆمانەکانی لەناخی ئەو سەردەمە مێژوویییەدا گەشە بکەن و بە پێچەوانەی قارەمانپەرستانی ڕۆمانتیک، هەرگیز سەردەمی مێژوویی لە ڕوانگە و هەڵوێستی نوێنەرە گەورە و بەناوبانگەکانەوە ناگێڕێتەوە.

وەک لووکاچ باس دەکات، بابەتی سەرەکیی ڕۆمان، کۆمەڵگەیە؛ واتە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و مامەڵەکردنی بێپسانەوەی لەگەڵ سروشتی دەوروبەری کە بنەمای چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانییەتی و هەروەها هەڵسوکەوتی لەگەڵ دامەزراوەکان یان نەریتە جیاوازەکان کە ناونجیی پێوەندییەکانی خەڵکن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. (لوکاچ، ۱۳۸۸: ۲۱۴) لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی لووکاچدا، کۆمەڵگە بە ناوبژیوانیی لێکدژییە کۆمەڵایەتییەکان و لە بیچمی تیپەکانی ناو ڕۆماندا دەخولقێندرێنەوە. ئەو پێی وایە گرنگیی ڕۆمان لەوەدایە کە ئەو گشتێتییە بخولقێنێتەوە کە بەهۆی ڕەوتی بەکالابوون و ئەتۆمیزەبوونی خەڵکانی ناو کۆمەڵگە و هاتنەئارای وەسفکردنی سروشتگەرایانە بەجێی گێڕانەوە، ئیتر بەڕوونی نایەتە بەرچاو. ڕۆمان لە ڕێی نواندنەوە و سازدانەوەی بۆچوون و دژبەرییەکان و بە خولقاندنی کەسایەتیگەلێکی جۆرەکی کە نوێنەری چینە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو کێشە و دژبەرییە مێژووییانە بوونە، کۆیەتی و گشتێتیی ئەو مێژووە بەرهەم دێنێتەوە و دەیگێڕێتەوە.

ڕەوتی دابەشکردنی کار و لێکدابڕان و جیابوونەوەی بەردەوامی کۆمەڵگەی مۆدێرن، بووەتە هۆی ئاڵۆزتربوونەوەی یەکجار زۆری پێوەندییەکانی نێوان تایبەتمەندییە دەروونییەکانی خەڵک و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریان. (خالق پناه و ناصری، ۱۳۹۶: ۱۳۶) لووکاچ لەسەر ئەو باوەڕە بوو ڕۆمانی مێژووییی بە پێچەوانەی مێژوونووسیی زانستی، دەتوانێت کۆیەتی و گشتێتیی سەردەمێکی مێژووییی دیاریکراو بنوێنێتەوە. کاری ڕۆمانی مێژووییی ئەوە نییە تەنیا ڕووداوە گرنگەکانی مێژوو بەدوای یەکدا ڕیز بکات و بگێڕێتەوە، بەڵکوو سەرجەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لێکدژییەکان و ژیانی ئاساییی خەڵکی ئاساییش لە کۆیەکی زیندوودا دەخاتە ڕوو و بە زمانێکی ئەدەبی و هونەرمەندانە خوێنەر دەباتە ناخی ئەو سەردەمە مێژووییەوە و هەموو هەستەکانی تێ وەردەدات. لە ڕاستیدا ڕۆمانی مێژووییی لەڕێی هونەر و خەیاڵەوە دەتوانێت ڕۆحی زاڵ بەسەر سەردەمێکی مێژووییدا و کرۆکی حەقیقەتی مێژوو بدۆزێتەوە و ئاراستەی مێشک و هەستی خوێنەرانی بکات. (لوکاچ، ۱۳۸۸: ۸) لووکاچ لە کتێبی ڕۆمانی مێژووییدا داکۆکی دەکاتەوە کە ئامانجی ئەو، نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیات نییە، بەڵکوو دەیەوێت بزانێت کاریگەریی دوولایەنەی ڕۆحی مێژوو و سەردەم لەسەر ئەدەبیات چۆنە و ئایا ئەدەبیات

توانیویەتی ببێتە ئاوێنەی بااڵنوێنی ئاگامەندیی مرۆڤی ئەو سەردەمە لە ڕەوشی سەردەمی خۆی و ڕۆحی ئەو سەردەمە مێژووییە بژێنێتەوە؛ بە ڕای ئەو، ئەو کارەش تەنیا لەڕێی ئەدەبیاتی ڕیئاڵیستییەوە دەگونجێت و دەکرێت. لە کتێبی "تۆژینەوەیەک لەسەر ڕیئاڵیزمی ئەوروپی" دا باس لە چەمکی کەڵەڕیئاڵیزم دەکات و پێی وایە ڕۆمانی مێژووی بەشێکە لەو ڕەوتە. ئەو بەرهەمی نووسەرانێکی بەناوبانگی وەک بااڵزاک[۴]، تۆڵستۆی[۵]، ئێمیل زۆال[۶] و هتد، وەک نموونەی ئەو جۆرە ڕیئاڵیزمە دەزانێت و دەناسێنێت. بە ڕای ئەو، پێشەنگەکانی ئەو جۆرە ڕیئاڵیزمە، پێشەنگی ڕاستەقینەی ئازادیی خەڵکی جیهانن. (لوکاچ، ۱۳۸۷: ۲۸)

یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی لووکاچ، چەمکی قارەمانی پرۆبلێماتیکە؛ بە ڕای ئەو قارەمانی ڕۆمانی مێژووی ناکرێت کەسێکی ئاوارتە، یان حەماسی و سەروومرۆڤانە بێت، بەڵکوو دەبێت کەسێکی ماناوەند و ئاسایی بێت، تاکوو لێکدژی و کێشەکانی سەردەمی خۆی لە ناخیدا هەست پێ بکات. (لوکاچ، ۱۳۸۸: ۲۰۰) ئەو جۆرە کەسایەتییانە، دەوری ناونجییەکیان هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت لەڕێی ئەزموونەکانی ژیانی ئەوانەوە، کۆی کۆمەڵگە و هێزە مێژووییەکانی بناسێت و پێوەندییان لەگەڵ بگرێت. (لوکاچ، ۱۳۷۹: ۷۰) ڕەنگە قارەمانی حەماسە، شەڕی لەگەڵ دوژمنە دەرەکییەکان بێت، بەڵام قارەمانی ڕۆمان، بەدوای ئەوەوەیە مانایەک بۆ ژیانی خۆی دابین بکات؛ مانایەک کە دوای لەناوچوونی بەهاکانی پێشتری کۆمەڵگە، ئێستا ناچارە دەستەبەری بکات تاکوو ببێتە بیانووی ژیانی. (لوکاچ، ۱۳۹۲: ۱۶ و ۵۲) بە ڕای لووکاچ تایبەتمەندیی جۆرەکیی کەسایەتیی ڕۆمانی مێژووی وردەورده دێتە دی و بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ لە کۆی گشتیی کۆمەڵگە و پێوەندیی ئاڵۆزی مرۆڤەکان، دامەزراوەکان، کەرەستەکان و هتد، سەر هەڵدەدات. "ئەوەی وردبوونەوەیەکی زیاتر لەسەر جۆرەکیبوونی کەسایەتی دەخەملێنێت و داکۆکییەکی زیاتری لەسەر چێ دەکات، ڕێک هەر ئەو پانتاییەی بەرینی ڕۆمانەکەیە؛ ئەو ڕاستییە کە ئامانجی بنەمایی ئەو ڕۆمانە، هەمان گەشەکردن و گۆڕانی پلە بە پلەی کەسایەتییە. (لوکاچ، ۱۳۸۸: ۲۱۳) بەم جۆرە قارەمانی مامناوەندی ڕۆمانی مێژووی، ڕێک وەک گەیێنەرێکی ناونجیی لێ دێت کە ئەوپەڕی دژبەریی هێزە مێژووی و کۆمەڵایەتییەکان لەودا وەک بوونەوەرێکی جۆرەکی کۆ بوونەتەوە. ئەو کەسایەتییە لەڕێی چێکردنەوە و نواندنەوەی ئەو شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕوو دەدەن و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو دژایەتییانەی لەنێوان سەروویترین و خواروویترین چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێتە شوێنی مامناوەندی کۆبوونەوەی

ئـــەو دژبەرییانـــە و هەڵگـــری جوواڵەی مێژووییی کۆمەڵگە. هەڵبەت پێویســـت نـــاکات کەســـایەتیی مامناوەنـــد هەر لە چینـــی ناوەڕاســـتەوە هەڵکەوتبێت، هەرچەند ڕەنگە واش بێت و کێشـــەیەک لـــەوەدا نییە، بەڵکوو مەبەســـت ئەوەیە نواندنەوەی ژیانەکـــە دەبێت نواندنەوەی ژیانـــی ئاســـایی بێـــت و هەمـــوو کەڵێنوکوڵێنەکانی ئـــەو ژیانە بگرێتەوە، نـــەک تەنیـــا لـــە دیوەخانی پاشـــا و دەســـەڵاتداران و بڕیارە سیاســـییەکانی ئـــەوان، بـــۆ ئـــەوەی ڕۆحـــی ژیانی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـی و فەرهەنگیی ئەو ســـەردەمە لە ڕۆماندا هەســـت پێ بکرێـــت و خوێنەر بەتەواوی هەســـت بـــکات بە خوێندنـــەوەی ئـــەو ڕۆمانە، خـــۆی ئەو ســـەردەمە ژیـــاوە. (لوکاچ، ۱۳۸۸: ۴۴۳)

۳ــ شێوازی تۆڕینەوە

ئـــەم تۆڕینەوەیـــە دەکەوێتـــە خانی تۆڕینـــەوەی چۆنیەتی و لە شـــێوازی شـــیکاریی دەق کەڵـــک وەردەگرێت و دەیەوێت بۆ شـــیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی دەقی ڕۆمانێکی کـــوردی، بیردۆزەکانی لووکاچ وەک پێوەرێک بۆ هەڵســـەنگاندنی ڕۆمانـــی مژابـــاد دابنێـــت و بەپێـــی ئەوانـــە دیاریـــی بـــکات ئـــەو ڕۆمانە مێژوویییـــە تا چ ڕادەیـــەک توانیویەتی بکەوێتـــە خانـــی گێڕانـــەوەی ڕۆمانی مێژوویـــی مۆدێرنەوە؛ بۆ ئەو مەبەســـتە گرنگتریـــن چەمکەکانی نـــاو ڕۆمانەکە لـــە دەقەکـــەدا دەرکێشـــراون و دواتر هـــەوڵ دراوە دوو چەمکی کەســـایەتیی جۆرەکیـــی مامناوەند و گشـــتێتی تێیدا لێک بدرێتەوە. چۆنیەتیی دەرکێشـــانی چەمکـــەکان لـــە ڕۆمانەکە بـــەم جۆرە بـــووە کە ســـەرەتا ڕۆمانەکە ڕســـتە بە ڕســـتە خوێندراوەتـــەوە و بابەتەکەیان دیاری کـــراوە. ئەنجا ســـەرنج دراوە کە ئەم بابەتانە زۆرتـــر دەکەونە خانی کامە چەمکەوە و چـــۆن دەکرێت پۆلێنبەندی بکرێـــن. بۆ ئـــەم مەبەســـتەش، ئەمە لەبـــەر چـــاو گیـــراوە کـــە ڕۆمانەکە گرنگیـــی بە کام بـــوار و تـــەوەرەکان داوە و زیاتـــر مانۆڕی لەســـەر چی داوە؛ بۆ نموونـــە، نووســـەر هەوڵێکی زۆری داوە کە بیســـەلمێنێت ڕووداوی کۆمار، پێشـــینەیەکی خەباتـــی چەکـــداری و سیاســـیی تۆکمەی لە هەموو پارچەکانی تر لەپشـــتە. یان ئـــەوەی هەوڵی داوە دەریبخات کە لە کۆمەڵگـــەدا بەردەوام باس باســـی سیاســـەتە و لە قاوەخانە و مەیخانـــە و بـــازاڕ و هەموو شـــوێنێک ئـــەو بابەتە نوقڵ و نەقڵی مەجلیســـانە. بۆیـــە لە دابەشـــکردنی وتەزاکاندا هەوڵ دراوە واقیعی ڕۆمانەکـــە و داکۆکیی ئەو لەســـەر چەمکەکان لەبەر چاو بگیرێت، بـــۆ ئـــەوەی دواتـــر زێدەڕۆیـــی، یان کەمڕۆییـــی کارەکـــە دەرکەوێت. بەم جۆرە هەوڵ دراوە ئاســـتی گشـــتێتیی ڕۆمانەکە هەڵســـەنگێنرێت و دەرکەوێت کـــە نووســـەر چەنـــدە توانیویەتی ئەو ئامانجە دەســـتەبەر بـــکات، یان نەکات.

سەبارەت بە کەسایەتیی مامناوەندیش،

هـــەوڵ دراوە کەســـایەتییەکان بە دوو بەشـــی خەیاڵکرد و ڕاســـتەقینە دابەش بکرێـــن و دواتر چۆنیەتیی باســـکردنی ڕۆمـــان لـــە کەســـایەتییەکان لێـــک بدرێتەوە کە ئایا ڕۆمان کەسایەتییەکانی بردووەتە ئاستی ئوســـتووڕە و حەماسە، یان وەک کەســـایەتیی ئاســـایی باسی کـــردوون و شـــوێنی بـــۆ ڕەخنـــەش لەســـەریان هێشـــتووەتەوە. هەروەهـــا هـــەوڵ دراوە بزانرێت کە ئایا نووســـەر کەســـایەتییەکانی بە شـــێوەی تایبەت خوڵقانـــدووە، یـــان جۆرەکـــی. بـــۆ نموونـــە، ئایا نووســـەر هاتووە باســـی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی کەســـەکان بکات و ڕوانـــەت و چۆنیەتیی تایبەتیان وێنا بـــکات، یاخـــود هەر لە ئاســـتی جۆرەکیـــدا هێشـــتوونییەتەوە و خوێنەر ناتوانێـــت لـــە مێشـــکیدا وێنەیەکیان لێ داڕێژێـــت و بیهێنێتە بـــەر چاوی. بەگشـــتی لـــە بەشـــی لێکدانـــەوەی تۆژینەوەکـــەدا ســـەرەتا کورتەیـــەک لە ڕۆمانەکـــە دەگێڕدرێتـــەوە و دواتر کورتەیەکیش لەســـەر ڕووداوەکانی ئەو ســـەردەمەی ڕۆمانەکە باســـی دەکات دەخرێتـــە ڕوو. لە هەنگاوی ســـێیەمدا گرنگتریـــن چەمکەکانی نـــاو ڕۆمانەکە دەردەکێشـــرێن و چەمکی کەسایەتیی مامناوەند و گشـــتیی لـــە ڕۆمانەکەدا لێـــک دەدرێنەوە.

٤ـ کورتەیەک لە مژاباد و پێکهاتەکەی

گرنگترین ئەرکی ڕۆمـــان وەک لووکاچ دەڵێـــت ئەوەیـــە کـــە ئاوێنەیەکـــی باڵانوێـــن بێـــت بـــۆ ئـــەوەی ڕۆحی جیهانـــی ڕابردوومـــان بـــۆ زینـــدوو بکاتـــەوە و بیهێنێتـــە بـــەر چاومان؛ واتـــە دەبێـــت دوای خوێندنـــەوەی ئـــەو ڕۆمانـــی مێژوویییە، بەشـــێک لە ڕاســـتییەکانمان بـــۆ ڕوون بێتەوە کە بووەتـــە هۆی ئـــەوەی ئێســـتاکە بەم جۆرە بێت کـــە هەیە. ڕۆمانـــی مژاباد باسی ســـەردەمی کۆماری کوردستان و بەتایبەت خودی ڕەوتی ســـەرهەڵدان و پەرەســـەندن و دواتر هەرەسهێنانی هەر ئەو کۆمـــارە دەکات. بۆ ئەوەی باشـــتر لەگـــەڵ ڕۆمانەکـــە پێوەنـــدی بگرین پێویســـتە کورتەیەک لەو ڕۆمانە لێرەدا بگێڕدرێتەوە، تاکوو خوێنـــەر بزانێت چ باســـە و پێوەندیی لەگـــەڵ بگرێت.

ئەم ڕۆمانە باســـی ڕەوتـــی کەمتر لە یەک ســـاڵەی کۆماری کوردســـتانە لە شـــاری مهابـــادە کە لە زمانـــی یەکەم کەســـەوە دەگێڕدرێتەوە و ئەو کەسەش یەکێک لە شـــەڕڤانانی بارزانییە بە ناوی بادین ئامێدی و خەڵکی شـــاری ئامێدە. ئەو هەر لە ســـەرەتای کۆمـــارەوە وەک شـــەڕڤانی بارزانی دێتـــە مهاباد و لەوێ دەبێتە ماموّســـتای خوێندنـــگا. بادین هەر چەند شـــەو جارێک دادەنیشـــێت و بیرەوەرییەکانی خۆی دەنووســـێتەوە و بەم جۆرە خوێنەر لەگەڵ ڕابـــردووی ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاســـی و فەرهەنگییەی کە بووەتە هۆی گەیشـــتن بـــە ڕووداوی کۆمار و بە جۆرێـــک دوایین ئاڵقەی زنجیری ســـەرهەڵدانەکانی کوردە، ئاشنا دەبین.

بادیـــن وەک خۆی دەڵێـــت دەیەوێت بە نووســـین بەرگری لـــە مردنی خۆی بـــکات. هـــاوکات بادین کـــە هەر لە ســـەرەتای کۆمارەوە لە مهابـــادە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووداوەکانـــی کۆمار و چۆنیەتیی بیرکردنـــەوەی خەڵک و بەشـــداربووانی ئـــەو بابەتەمـــان بـــۆ دەگێڕێتـــەوە. کەوابـــوو دوو هێڵـــی گێڕانەوەمـــان هەیـــە: یەکیـــان ژیانـــی ڕابـــردووی بادیـــن و هاوڕێکانـــی کە بـــە جۆرێک پێشینەی میژوویی ســـەرهەڵدانی ئەو ڕووداوەمان پێ نیشـــان دەدات و لەپاڵ ئەوە، خۆشەویســـتیکردنەکانی پێشووی بادینیش دەناســـێنێت. هێڵی دووەمیش، گێڕانەوەی ئێســـتاکەیە کـــە بادین لەو شـــارەدا دەژیێت و ڕۆژ بە ڕۆژ گوزارشت لە دۆخی کۆمـــار دەکات تـــا کۆتایی. هەڵبەت لە کۆتاییـــی ڕۆمانەکەدا زمانی گێڕانـــەوە دەگۆڕێت بـــۆ دووەم کەس و ســـێیەم کەس کە نیشـــان دەدات بە جۆرێـــک بادین لـــە قەپیلکـــی خۆی چووەتە دەرەوە و ڕووداوەکان لە ســـەرەوە دەبینێت و دەگێڕێتەوە و هەرەســـهێنانی خۆی و کۆمـــار پێکەوە گـــرێ دەدات؛ لەگەڵ ئەوەدا کۆتاییەکی کراوەشـــمان هەیە کـــە دەریدەخـــات ئـــەو ڕەوتە میژوولیە هـــەروا بـــەردەوام دەبێت و ئەگەری هەیە لـــە داهاتوودا دیســـان ببێتـــە هەوێنـــی ســـەرهەڵدانێکی تر. نووسەر بۆ گشـــتگیرکردنی گێڕانەوەکەی خـــۆی کەســـایەتیگەلێکی زۆری هەم ڕاســـتەقینە و هـــەم جۆرەکـــی وەک هـــاوڕێ و دۆســـت و ئاشـــنای بادین دێنێتە نێـــو ڕۆمانەوە کە هـــەر کامیان نوێنـــەری چین و تۆژ، یـــان بەرەیەکی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـین و بەم جۆرە گێڕانەوەکەی خـــۆی دەوڵەمەندتر دەکات و وێنەیەکـــی گشـــتگیر و هەمەلایەنەمان لـــە ڕەوتـــی سیاســـی و کۆمەڵایەتی و میژوولیـــی کۆمار بـــۆ دەخاتە ڕوو.

جیـــا لەمانەش، نووســـەر بە ســـێ بابەتی دیکە لایەنـــی ئەدەبی و هونەریی کارەکـــەی یەکجـــار دەوڵەمەندتـــر دەکاتـــەوە؛ یەکیـــان هێماگەلێکی وەک ئاو، با، خەنە، مژابـــاد (مهاباد)، چوارچرا (چـــوار پاژی ڕۆمانەکـــە)، خەنە، تووتن، گوریس، ڤـــۆدکا و... کە هـــەرکام لەو هێمایانـــە کارکردی تایبەتـــی خۆیان هەیە. هەڵبـــەت کەســـایەتییەکانیش جاری وایە هێمایینن، وەک کەســـایەتیی ئەمیرالئاغـــا یان قوتـــووی تووتنەکەی باوکـــی (یونس) کە قـــەت تووتنەکەی تـــەواو نابێت و دەســـت بە دەســـت پێی دەگاتـــەوە و هەمیشـــە لەگەڵیدا دەمێنێتـــەوە ئـــەم ڕۆمانە تا ئاســـتی ڕێئالیزمـــی جادوولیـــی دەبەنە ســـەر. دووەم فەزاســـازی و تەوسیفی شاعیرانە کـــە تـــا ڕادەیـــەک دەکرێـــت بڵێین زێدەڕۆییشـــی تێدا دەکرێت. ســـێیەم باســـی ئەوێنداری و خوشەویستییەکانی ژیانـــی بادین کە هـــەر هەموویان ڕێک وەک کۆمارەکـــە بـــە بێهیوایی و ناکامی کۆتاییـــان پێ دێـــت و بـــەم جۆرە نووسەر لایەنی ســـۆزدارانەی کارەکەشی دەوڵەمەندتـــر دەکاتەوە.

۵ـ کورتەیەک لە ڕووداوی کۆماری کوردستان[۷]

بابەتی کۆماری کوردستان یەکێک لە ڕووداوە گرینگ و بەناوبانگەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانە کە سەدان و بگرە هەزاران کتێب و وتاری تا ئێستا لەسەر نووسراوە و بەهۆی نزیکبوونی لە سەردەمی ئێستاکە، زانیارییەکی زۆرمان لەسەری هەیە. ئەو کۆمارە ڕۆژی ۲۲ی ژانوییەی ۱۹۴۶ی زایینی (۲ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۲۴) لە مهاباد دامەزرا و ۱۵ی دیسەمبەری ۱۹۴۶ (۲۴ی سەرماوەزی ۱۳۲۵) هەڵوەشێنرایەوە. کەشی سیاسیی ئەو کاتە بەم جۆرە بوو کە لە لایەک وڵاتی ئێران بە بیانووی لایەنگریکردنی دەسەڵاتەکەی لە ئەڵمانیا، لەلایەن بریتانیا و ڕووسیاوە داگیر دەکرێت و هێزەکانی ڕووسیا لە باکوورەوە و بریتانیا لە باشووورەوە دێنە نێو ئێرانەوە و بە جۆرێک ناوچەی کوردستان و ئازەربایجان بەبێ دەوڵەت و دەسەڵات دەمێنێتەوە. دوو حیزبی سوسیالیستییش لە ئازەربایجان و کوردستان (حیزبی دیموکرات) لەلایەن ڕووسیاوە چرای سەوزیان پیشان دەدرێت کە بتوانن دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوچەیی پێک بێنن. لە لایەکی تریشەوە کوردستان بەگشتی لە هەموو پارچەکانی خۆیدا پێشتریش ژیلەمۆی سەرهەڵدان و داوای سەربەخۆییکردنی تێدا هەبووە و هەر جار نا جارێک گەشاوەتەوە و گرێکی خستووەتە گیانی ناوچەکەوە. بۆ نموونە هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیست ساڵ پێش کۆمار، شۆرشی سمایل ئاغای سمکۆ سەری هەڵدابوو و سەرکوت کرابوو. بەو هۆیە کۆمەڵگای کوردستان کە دوای سایکس /پیکۆ هەستی دەکرد زیادە لە نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنیا ئەو سەری بێ کڵاو ماوەتەوە و دەسەڵاتی پێ نەدراوە، بەردەوام چاوەڕێی دەرفەتێک بوو بۆ سەرهەڵدان و بەڕێوەبردنی خۆی و بەدەستی خۆی؛ ئەو بۆشاییی دەسەڵاتەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند کە کۆماری کوردستان بە ناوەندێتیی شاری مهاباد ڕابگەیەنرێت؛ بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەتی ئێران ناچار و پێمل دەکرێت بە دانی ئیمتیاز بە ڕووسیا و گرێبەستی قەوام/سادچیکۆف واژۆ دەکرێت، دوای کەمتر لە یەک ساڵ دەسەڵاتداری، ئەم دوو کۆمارەی ئازەربایجان و کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕووسیا پێشتر هێزەکانی خۆی لە باکووری ئێران بردووەتە دەر و هەلومەرجی سەرکوتی بۆ دەوڵەتی ئێران ڕەخساندبوو. هەڵبەت گێڕانەوەکان لێکدژییان زۆرە و هەندێک کاری قازی محەمەد، وەک سەرۆک و ڕێبەری کۆمار و هەندێک پیشەوەری وەک ڕێبەری ئازەربایجان و هەندێکیش دەسەڵاتی ئێران وەک

کاریگەی قارەمانانە ناو دەبەن کە بێگومان لە گێڕانەوەی کورددا قازی محەممەد قارەمانی سەرەکییە و خۆی کردە قوربانیی گەلەکەی و نەیهێشت وەک ئازەربایجان، لە کوردستانیش خۆین بڕێژرێت و ڕەشەکوژی بکرێت. لە ڕەوتی ئەو کۆمارەدا هێزەکانی مەلا مستەفا بارزانییش وەک هێزی چەکدار بەشدار بوون کە دوای هەڵوەشانەوە و خۆڕادەستکردنی قازی، دەگەڕێنەوە باشوور. جیا لەوەش سەرچاوەکان باس لە خەیانەتی هەندێک لە عەشیرە کوردییەکانیش دەکەن کە بەهەرحاڵ چونکە ئەو گێڕانەوانە و پشتڕاستکردنەوە یان نەکردنەوەیان، ئەرک و کاری ئەو توێژینەوەیە نییە، پێویست ناکات لەسەری بدوێین و هیچ پێداگرییەک بۆ بەڕاستدانانی هیچ گێڕانەوەیەک لە ئارادا بکەین، بەڵکوو تەنیا مەبەست ئەوەیە کە کۆی ڕووداوەکە بە شێوەی گشتی بێتە بەر باس بۆ ئەوەی بزانین ڕۆمانەکە باسی چی دەکات و بتوانین شیی بکەینەوە، دەنا کاری ئێمە لێرەدا مێژوونووسی نییە.

٦ـ لێکدانەوە

بۆ لێکدانەوەی ئەم ڕۆمانە و بەتایبەت بۆ ئەوەی بزانین نووسەر تا چ ڕادەیەک توانیویەتی کەسایەتیی مامناوەند بخوڵقێنێت لێرەدا سەرەتا کەسایەتییەکانی ڕۆمان بەوردی باس دەکرێن و لێک دەدرێنەوە.

٦ ـ ١ کەسایەتییەکان

بەگشتی کەسایەتییەکانی ئەو ڕۆمانە دوو دەستەن: کەسایەتیی خەیاڵکرد و کەسایەتیی ڕاستەقینە. لە کەسایەتییە داستانییە خەیاڵکردەکاندا یەکەم کەس خودی بادینە کە کەسایەتیی سەرەکی و گێڕەوەری چیرۆکەکەیە. ئەو مندااڵی یۆنسی کوردی موسڵمان و هامێستی ئەرمەنییە. هامێستی دایکی لەگەڵ هێنانەدنیای بادیندا دەمرێت و لەسەر منداڵ دەچێت. لێرەدا ڕەچەڵەک و پێشینەی گێڕەوەر بە دوو زمانی و دوو قەومیبوون، دەوڵەمەند دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت نوێنەرایەتییەکی دەوڵەمەندتری بۆ گێڕانەوە هەبێت.

هەڵبەت نووسەر هەر بەوە ڕاناوەستێت و پێشینەی بنەماڵەیی بادین زۆر دوورتر دەباتەوە و دەگێڕێتەوە. باس لە یۆنسی باوکی دەکات کە "چەکی مارتینی لە شاندا و خوێنێک وەک زەردەپەڕ لە هەنیەیەوە دەتکێتە خوارەوە، ڕووی تێ دەکات [ڕوو لە بادین دەکات] و دەڵێت ئێمە لە برینێکدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبینەوە!" (دۆست: ١٠) نووسەر بەم جۆرە چیرۆکی ژیانی یۆنس دێنێتە نێو گێڕانەوەکەی و بەتایبەت لە زمان داپیرەی بادینەوە حەول دەدات یەکێک لەو جۆگەلانەی دواتر ڕووباری کۆماریان پێک هێناوە بگێڕێتەوە و بیهێنێتە بەر باس. یۆنس و

ڕەمـــۆی هاوڕێی، وەک دوو شـــەڕڤانی شۆڕشـــەکەی شـــێخ مەحموود لە شەڕ دژی ئینگلیزییەکاندا بەشـــدارن و یۆنس لەو شـــەڕەدا دەکوژرێت.

کەسایەتییەکی زۆر بەرچاوی تر، نۆباری وێنەگرە کـــە هەمان باپیـــرە ئەنترانیکی بادین و بابی هامێســـتی دایکییەتی. نۆبار کە لـــەو ڕۆمانـــەدا زۆرتـــر وەک باپیرە نێوی دێـــت، دەورێکی یەکجـــار بەرچاو لە بەرەوپێشـــبردنی ڕۆمانـــدا دەگێڕێت. باپیرە کەســـایەتییەکی یەکجار دنیادیدە و بەئەزموونە کە ئێســـتاکە لە ســـەردەمی پیریی خۆیدایە و بووەتە کەســـایەتییەکی سەروونەتەوەیی و ســـەروونایینی. (هەمان: ١٢٤ و ١٢٦) ئەو پێشـــینەی ئەوەی بووە لە شەڕی ئەرمەنەکان و ڕووسەکان لەگەڵ عوســـمانییەکاندا بەشـــدار بێت و تەنانەت دوای ونبوونی هامێســـتی کچی، دەستی لە کوشـــتنی موســـڵمانانی کوردیشـــدا دەبێـــت. (هەمان: ٧٠) بەشـــێکی زۆر لە پێشـــینەی کۆماریـــش هەر لـــە زمانی باپیـــرەوە دەگێڕدرێتەوە کە نووســـەر بەم جۆرە توانیویەتـــی گێڕانەوەکەی یەکجار دەوڵەمەندتـــر بکاتـــەوە. لـــە درێژەی ڕۆمانەکـــەدا باپیرە بە جۆرێـــک دەبێتە پیری تەریقەتـــی بادین و بـــەردەوام لە کانیـــاوی زانیـــاری و ئەزموونەکانی خۆی پێی دەبەخشـــێت.

وەک کەســـایەتیی دیکەش، دەکرێت ئامـــاژە بـــە ئاگۆپی ئەرمەنیـــی خاوەن مەیخانە و ســـوڵتانی جوولەکەی خاوەن ســـۆزانیخانە بکەین. ئەو دوو کەسایەتییە کەشـــی فەرهەنگـــی و قەومیـــی ئەو کۆمەڵگەیەمـــان بـــۆ ڕوون دەکەنەوە و دەریدەخـــەن کـــە تەنیا کـــوردەکان لـــەو کۆمەڵگەیەدا دەوریـــان نەدەگێڕا، بەڵکـــوو خەڵکانی ســـەر بـــە ئایین و نەتەوایەتییەکانـــی تریـــش هەبوون کە دڵیان بۆ ئەو شـــارە و کۆمـــار لێی دەدا. بەم جۆرە نووســـەر دەتوانێت وێنەیەکی یەکجـــار گشـــتگیرتر لـــە کۆمەڵگەی ئەوکاتەمان بـــۆ بخاتە ڕوو.

یـــەکێـــک لە گرنـــگـــترین کەسایەتییە خەیاڵکردەکانی ئـــەو ڕۆمانەش، ئەمیراڵ ئاغایـــە کە زۆرتر وەک کەســـایەتییەکی جادویـــی و هێماییـــن دەردەکەوێت و دواتـــر زیاتری باس لەســـەر دەکرێت.

جیا لەوانـــەش، کەســـایەتیی کچە پووەکـــەی بادین و ژاڵـــە و موژدە کە هەرســـێکیان خەیاڵکـــردن، دەورێکی گرنـــگ لـــە زیادکردنـــی چەمکـــی خۆشەویســـتی و تەنانـــەت گێڕانەوەی میژووش، بە ڕۆمانەکە دەبەخشـــن و دواتر لە چەمکـــی خۆشەویســـتیدا زیاتریان قســـە لەســـەر دەکرێـــت. هەروەهـــا کەســـایەتیی پیرەی گوریسفرۆشـــیش یەکێک لـــە کەســـایەتییە خەیاڵکردە گرنگەکانـــی نـــاو ڕۆمانەکەیـــە کە بە جۆرێک هێمای گوریس و ســـێدارەیە و بـــەردەوام دێتە بەر چـــاوی بادین و ئەو کارەســـاتەی بیـــر دەخاتەوە.

ســـەبارەت بـــەو کەســـایەتییە خەیاڵکردانە، پێویســـتە ئامـــاژە بکرێت کە نووســـەر هیـــچ تایبەتمەندییەکی جەســـتەیی ـــــ و تەنانـــەت تـــا ئەو

جێیەی دەکرێت ـــ کەسییان بۆ باس نـاکات و هـەوڵ دەدات هەر لە ئاستی کەسـایەتیی جۆرەکیدا بمێننەوە تاکـوو بتوانێت گێڕانـەوەی مێژووییان پـێ ئەنجـام بـدات و ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکانـی ڕۆمانەکەیـان پـێ تەکمیـل بکات. بۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەو بابەتە دەکرێـت ئامـاژە بکەین بەوەی کە خوێنـەر دوای خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە تەنیـا دەتوانێت قەیافەیەکی جۆرەکی لەو کەسایەتییانە بێنێتە بەر چاوی خۆی و هەرگیز ناتوانێت بەوردی باسـی تایبەتمەندییـە کەسـییەکانیان بکات و وێنایان بـکات. هەڵبـەت تەنانەت بۆ کەسـایەتییە ڕاسـتەقینەکانیش هیچ تایبەتمەندییەکی ڕوخسـار و ڕواڵەتیانی نەکـردووە و خوێنـەر ناتوانێـت ڕێک وێنایان بـکات، مەگەر ئەوەی پێشـتر وێنـەی ڕاسـتەقینەیانی دیبێت.

دووەم دەسـتە، کـەسـایـەتـییـە ڕاسـتەقینەکانی ناو ڕۆمانن کە بریتین لە هێمن، هـەژار، سـادق بەهائەدین، نووری ئەمین، گـۆران، ڕەفیق حیلمی، مـەلا مسـتەفا بارزانی، خـودی قازی محەممەد، حوسـێن میکائیلی، سـدیق هەنجیـری مەنـاف کەریمی، شـێخ مەحمـوود، کەریـم و عومـەر خانی شـکاک، حەمە ڕەشـید خانـی بانە و هتد کە ئـەو کەسـایەتییانە دەورێکی ئەوتۆیان لە تەواوکۆکردنـی گێڕانەوەدا هەیە و هێنانیان بۆ بەرهەسـتیترکردنی کـەش و هەوای کۆمەڵگەی مەبەسـتی ڕۆمانەکەیـە. ڕەنگە لەو ناوەدا سـادق بەهائەدیـن و مەنـاف کەریمـی لە هەموویان بەرچاوتر بـن و زیاتریان باس لێ بکرێت، بـەڵام ئەو کەسـایەتییانە هەرگیز نابێتە دەورگێڕێکی سـەرەکیی ڕۆمانەکـە و هـەر وەک تەواوکـەر دەمێننـەوە. سـادق بەهائەدیـن کە هـاوڕێ و هاوشـاریی بادینـە و بـە پێچەوانـەی بادیـن، تەنیـا خەریکی چالاکیـی فەرهەنگییـە و هـەر وەک مامۆسـتای خوێندنگا لە سـلێمانی و دەوروبـەری کار دەکات. ئەو بەردەوام لە کاری فەرهەنگیی خۆیـدا ماوەتەوە و وتار لە بـارەی ئەدەبی کلاسـیکی کوردی دەنووسـێت و لە هەڵبجەش مامۆستای قوتابخانەیـە. (هەمـان: ۱۵۳) نووری ئەمینیـش یەکێـک لە کەسـایەتییە بەرچاوەکانە کە سـەرەتا لـە ڕۆژنامەی ژیـان کار دەکات و دواتـر ئەویش لە سـلێمانییەوە دێتـە مەهابـاد و لـە ڕەوتـی کۆماردا بەشـدار دەبێت. وەک نوێنـەر و نموونەیەک لـە ئامادەبوونی شـکاکەکانیش لە کۆماردا، کەسایەتیی کەریم شـکاک و عومەر خانی شـکاک هاتـوون کە بـە جۆرێـک گرێدانی پێشـینەی خەباتـی سـمایل ئاغای سـمکۆیە کۆمار و دواتـر خەیانەتیان بـەو ڕەوتە.

یەکێـک لـە خاڵـە بەهێـزە ئەرێنییەکانـی ئـەو ڕۆمانە سـەبارەت بە کەسـایەتییە گەورە سیاسـییەکان، ئەوەیە کـە هەرگیز کەسـایەتییەکی تەواو ڕەش یان سـپییان لێ دروسـت ناکات. بـۆ نموونە سـەبارەت بە قازی

زۆر کەم دەبیسین و تەنیا وێنەکەی لە چەن شوێندا دەبینرێت و باس دەکرێت، دەنا هیچ دەورێکی تر لە گێڕانەوەدا ناگێڕێت. هەڵبەت تەنانەت لە چەند شوێندا ڕەخنە لە سیاسەتەکانی کۆماریش دەگیرێت. بۆ نموونە ڕەخنە لەوە دەگیرێت کە لەسەر ئەوەی بادین و موژدە دەست لە دەستی یەکدا چوونەتە کۆنسێرت و ڕەنگە دەستبازییان کردبێت، موژدە لە کار دەردەکرێت. هەروەها باس لە لێکدژیی ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی کۆمار لەنێوان شەڕ و پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران دەکرێت و ڕەخنە لەوە دەگیرێت کە خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە. (هەمان: ۱۵۷) هەروەها باس لە تیرۆری غەفوور مەحموودیانیش دەکرێت و بە تانە و تەشەرەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت. (هەمان: ۱۷۹) سەبارەت بە مەلا مستەفاش ئەگەر پیاهەڵدانێک دەبینرێت (هەمان: ۷۹ و ۲۰۱)، لە بەرامبەردا ڕەخنەش دەگیرێت؛ بۆ نموونە تانە لە ساویلکەبوونی دەدات کە دەڵێت "ئێمە ناتوانین ئەو کەمەرە لە ڕووسەکان توند بکەینەوە. هەر چۆنێک بێت ئەوان دۆستی ئێمەن!" (هەمان: ۲۱۴)

۶ـ۲ چەمک و وتەزاکانی ناو ڕۆمان

دوای کەسایەتییەکان، ئێستا بۆ ئەوەی دەرکەوێت ئەو ڕۆمانە تا چ ڕادەیەک گشتگیرە و توانیویەتی چەمکی گشتێتیی لووکاچ سەرکەوتووانە دەستەبەر بکات، پێویستە بزانین بەگشتی ئەو ڕۆمانە چ چەمکگەلێکی تری باس کردووە. سەرەتا بابەتەکان لەو وتەزایانەی خوارەوەدا پۆلێنبەندی دەکەین.

۶ـ۲ـ۱ پێشینەی مێژوویی خەبات

نووسەر ڕووداوی ئێستاکەی کۆمار وەک بەرهەمی مێژوویەکی دوورودرێژ لە خەبات و بەرخۆدان دادەنێت و لە چەندین ڕەهەندەوە ئەو چیرۆکانە وەک تەواوکەری دۆخی ئێستاکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت گشتییەتی ئەو کۆمارە و هۆکارە مێژووییەکانی بێنێتە بەر چاوی خوێنەر. لە لێکدانەوەیەکی تەمسیلیدا دەتوانین بڵێین لەو ڕۆمانەدا ئێمە مێژوو وەک چەندین جۆگەلە دەبینین کە دواتر تێکەڵ بوونەتەوە و ئەو کۆمارەیان خوڵقاندووە. خودی ڕۆمانەکەش (هەمان: ۸۱) باس لەوە دەکات کە لە هەموو حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە کوردان وردە وردە دێنە ناو کۆمارەوە و ئەو بابەتە وەک دەرفەتێکی مێژوویی دەبینن. خودی ڕۆمانەکە بە زمانێکی شاعیرانە دەڵێت: "ئەو کۆمارەش دەنکێکە لە تەزبێحە دریژەکەی مێژووی ئێمە." (هەمان: ۴۲) واتە ئەوەش قۆناغێکە کە بەدوای قۆناغەکانی پێشتردا هاتووە و بە جۆرێک بەرهەم و لێکەوتەی ئەوانە؛ بەڵام ئەگەر بمانەوێت هەودای ئەو

تەزبێحە بناسێنین و شیی بکەینەوە، بێگومان ئەو هەودایە شتێک نییە جگە لە کوردایەتی و مافی چارەی خۆنووسین کە کورد بەردەوام بە دوایەوە بووە و لە هەر مێژووی پتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا، بە جۆرێک حەولی داوە بەو ئامانجەی خۆی بگات؛ بەڵام هەر جارێک بە کۆمەڵێک هۆکار نەیتوانیوە. بەگشتی دەتوانین ئەو مێژووە لە دوو ڕەهەندی چالاکیی چەکداری و فەرهەنگییەوە لێک بدەینەوە.

یەکەم: پێشینەی خەباتی چەکداری و حیزبایەتی

نووسەر لە زمانی گێڕەوەر و چەندین کەسایەتیی تری ناو ڕۆمانەکەوە هەوڵ دەدات پێشینەی شۆڕشەکانی پێشتر لە کۆمار کە لەو ڕووداوەدا شوێنەوار و ئاسەواریان دیار و بەرچاوە بگێڕێتەوە. هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا گێڕەوەری ڕۆمانەکە باسی لەدایکبوون و منداڵیی خۆی دەکات کە "لە ژووڕێکی ڕووتەندا کە قورئانێک و تفەنگێک بە دیوارەوەیە" و هێمای شەڕ و خەبات و ئایینباوەڕیی ئەو کۆمەڵگەیەن، لەدایک بووە و بە جۆرێک دەیەوێت پێمان بڵێت لەو بنەماڵە و کۆمەڵگەیەدا خەباتگێڕی و ئایینباوەڕی، شان بە شانی یەک دەئاژوێن و هاندەر و ئامرازی گەشتن بە ئازادین.

یەکەم چیرۆکی خەباتی چەکداری کە لە ڕۆمانەکەدا باسی دەکرێت، بابی بادین، واتە یۆنس، تێیدا بەشداره و لە بەرەی شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکان بووە و "شەڕی گاوران [واتە ئەرمەنییەکان] ی کردووە. (هەمان: ۷۰) لەو ڕووداوەدا خەڵکی کورد لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانییەوە فریو دەدرێن تاکوو بەشداری شەڕی ئەرمەنییەکان بن. (هەمان: ۱۳۰) هەڵبەت لەو شەڕەدایە کە لەگەڵ ئەنترانیکی ئەرمەنی، بابی هاوێست و باپیری بادین، ئاشنا دەبێت و ئەنترانیک لەو شەڕەدایە کە هاوڕێ لەگەڵ ئەرمەنی و ڕووسەکان، خەڵکی کورد دەکوژێت. (هەمان: ۶۸) هەر لەو شەڕەدایە کە قوتووی تووتنێک دەدات بە یۆنس و وەک ڕەمزێک لە دڕێژاییی ئەو ڕۆمانەدا باسی لێ دەکرێت و بە جۆرێک هەودای گرێدەری هەموو قۆناغەکانی ژیانی بادینە. (هەمان: ۷۱) لەو شەڕەدا ئەنوەر پاشای عوسمانی تێک دەشکێت و هاوێست و بابی لێک هەڵدەبڕێن و تا هەتایە ئەنترانیک، هاوێست نابینێتەوە. (هەمان: ۷۲ ـ ۷۴) یەکێکی تر لەو سەرهەڵدانە چەکداریانەی باسی دەکرێت، شۆڕشەکەی شێخ مەحموودە کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە تێک دەشکێندرێت و بابی بادین، یۆنسیش هەر لەو شەڕەدایە کە دەکوژرێت. (هەمان: ۱۳۰) ئەو سەرهەڵدانانە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە ڕەوتی ئێستاکەی کۆماردا بووە و وەک ژێدەری ئەو ڕووداوە هەژمار دەکرێن.

هەروەها باسی سەرهەڵدانی شابان ئاغا دژی ئینگلیزییەکان دەکات کە "خەڵکی بەروارى باڵا، دۆسکی، سندی و کۆڵی لە بەرانبەر ئینگلیز و جاشەکانیان کە زۆربەیان لە هۆزەکانی تیاری، باز، جێلۆ و تخووما بوون، ڕاوەستان." (هەمان: ۲۱) سەرهەڵدانەکەی سەید ڕەزا لە دێرسیم و سەرکوتی دڕندانەی لەلایەن دەسەڵاتی دڕندەی تورکییەوە شی دەکرێتەوە. (هەمان: ۴۷) بەم جۆرە ئەو برینەی مێژووی کوردیش وەکوو پێشینەیەک بۆ ڕەوتی مێژوویی کۆمار دەخرێتە ڕوو و خەنە وەک هێمای خوێنی ڕژاوی دێرسیم لە بیر و وتەکانی حوسێن دێرسیمیدا ڕەنگ دەداتەوە لە ئەندێشەی بادین و کەسانی تردا کاریگەر دەبێت. حوسێن دێرسیمی بە یادەوەریی ئەو کارەساتەی بەسەر دێرسیمدا هاتووە تووشی تێکچوون هاتووە و بەردەوام مەی دەخواتەوە و دەڵێت: "بلا بۆنی مەی بلاو بێتەوە! خەنە منی کوشت!" (مژابـاد، ل: ۴۹)

یەکێکی تر لەو ڕەوتە کاریگەرانەی کە شوێندانەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمار هەبووە، ڕەوتی بارزانی بووە کە پێشتر لە باشوور لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق شەڕ دەکات و سەرکەوتنی زۆریش بەدەست دێنێت، بەڵام بەهۆی خەیانەتی هەندێک لە عەشیرەتەکان، وەک سووڕچی و زێباریییەکان، ناچار بە پاشەکشە دەبێت. (هەمان: ۲۳۲ـ۲۳۳) جیا لەوەش، مەسەلەی سمایل ئاغای سمکۆ و سەرهەڵدانەکەشی بە دوو جۆر کاریگەرییان لەسەر کۆمار باس کراوە: یەکیان ئەوەی بەشێک لە چەکدار و هێزە شکاکییە نیشتمانپەروەرەکان دێنە کۆمارەوە و پشتیوانیی لێ دەکەن و دووەمیش ئەوەی خەڵک بەهۆی تالانکرانی موکریان بەدەست هێزەکانی سمکۆوە قین و بوغزیان هێشتا لە دڵدا ماوە و لێیان تووڕەن. (هەمان: ۲۶۶) هەڵبەت باس لە کۆماری ئاراڕات و خۆیبوونیش لە ڕێگەی موژدەوە دەکرێت کە یەکێک لە کەسایەتییە گرنگ و بەرچاوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە و وەک کچی زولفۆی جەلالی دەناسێندرێت. (هەمان: ۹۶ و ۹۸)

جیا لەوانەش باسی ئەو حیزب و بەرە سیاسییانەش دەکرێت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە پێکهاتنی کۆماردا هەیە: وەک حیزبی هیوا بە سەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمی (هەمان: ۸۹ و ۱۰۱) و پێوەندیی ئەو حیزبە لەگەڵ ژ.ک (هەمان: ۱۰۷). ئەو حیزبە دوو باڵی زۆر دوور لە یەکی هەیە کە دوای لێکهەڵوەشانی دەستەیەکیان دەچنە نێو چەپە کۆمۆنیستەکانەوە و دەستەی دواتریش دەچنە نێو بەرەی بارزانییەوە کە بادین یەکێک لەوانە. (هەمان: ۱۶۲ ـ۱۶۳) تەنانەت لە ڕۆژاواشەوە کەسێکی وەک قەدری بەگ، کوڕی جەمیل پاشا، دێت و هەوڵ دەدات یارمەتیی کۆمار بدات. (هەمان: ۲۹۶)

دووەم: پێشینەی فەرهەنگی

بابەتی دووەم سەبارەت بە پێشینەی کۆمار کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت و لەو ڕۆمانەدا خراوەتە بەر چاو، پێشینەی فەرهەنگییە کە لێرەدا باسیان دەکرێت. نموونەیەک لەو کارانە، ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەن کە بە جۆرێک داڕێژەری ژێرخانی فکریی دامەزرێنەرانی کۆمار و بەشدارانی ئەوی دابین کردبوو و هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتیی لە ناخیاندا چاندبوو. دوو نموونە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە کوردییانەی لەو ڕۆمانەدا ناویان هاتووە بریتین لە ڕۆژنامەی ژین (یان ژیان) کە یەکەم ڕۆژنامەیەکە گێڕەوەری ڕۆمانەکە تێیدا بەشداری دەکات و بە سەرپەرشتیی نووری ئەمین لە سلێمانی دەردەکرێت (هەمان: ۵۱) و دووەمیش گۆڤاری هاوار بە سەرپەرشتیی جەلادەت بەدرخان کە بە کرمانجی بلاو دەبێتەوە (هەمان: ۱۹۴).

جیا لەوەش لەوەتا ڕادیۆ پەیدا بووە کەسێکی وەک زەبیحی ڕادیۆکەی دەباتە قاوەخانە و شوێنە گشتییەکان و خەڵک لە ڕەوش و هەلومەرجی سیاسیی دنیا ئاگادار دەکاتەوە. (هەمان: ۱۷۵) هەروەها لە خودی مهاباد کاری شانۆگێڕی کراوە و تەنانەت کۆنسێرتیش بەڕێوە دەچێت. (هەمان: ۱۸۱) تەنانەت هونەری خۆشنوویسییش لە شاردا هەیە و کەسێکی وەک میرزا ئەحمەد ئیسماعیل زادە خەریکی ئەو هونەرەیە. (هەمان: ۲۴۶) ئەمانە سەرجەم دەریدەخەن لە باری فەرهەنگییەوە خەڵکی کوردستان تا ڕادەیەک ئاگادار و وشیار بوونەتەوە و دەیانەوێت لەگەڵ دنیای نوێدا خۆیان ڕێک بخەن.

لە باری ئایینی و نەتەوایەتیشەوە، کەشی یەکترقبووڵکردن تا ڕادەیەکی باش لە شار و ناوچەدا هەیە و خەڵکەکە ئاستی فەرهەنگییان هەر لەپێش کۆماریشدا ئەوەندە چووەتە سەرێ کە بوونی ئەرمەنی و جوولەکە و ئازەری و زۆر خەڵکانی تر لەناو خۆیاندا قبووڵ دەکەن کە ئەو بابەتە دوای پێکهاتنی کۆمار زۆر بەرچاوتریش دەبێتەوە و لەو ڕۆمانەدا لە زۆر جێدا ئاماژەی پێ دەکرێت. بەگشتی خوێندنەوەی ئایینیی کوردانیش لە ئایینی ئیسلام، خوێندنەوەیەکی نەرم و نیانە و زۆرتر داکۆکی لەسەر دەستنەبردن بۆ کوشتن دەکرێت. (هەمان: ۷۱)

هەڵبەت ڕۆمانەکە ئاماژەی بە سیستەمی ئاغا و ڕەعیەتی یان سەردەست و بندەست لە ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەکردووە و ئەو ڕووداوە مێژووییە هیچ پێوەندییەکی بە ناوەڕۆکی دووقاقی و دووجەمسەریی کۆمەڵگەی تێدا نیشان نەدراوە. واتە ڕۆماننووس نەهاتووە پیشانی بدات کە ڕووداوی ڕووداوی کۆمار، یان بەردەوامبوون و نەبوونی، یاخود دژبەریکردنی لەلایەن هەندێک چین و

تویژی کۆمەڵگەوە، پێوەندییەکی بە فەرهەنگی کۆمەڵگە و جیاوازیی چینایەتی و هەڵسوکەوتی سەردەست و بندەست هەیە یان نا. بە واتایەکی تر، ڕۆمان تەنیا پەرژاوەتە بواری سیاسیی تۆخ و ئەو بواڕەی وەک دوڕگەیەک داناوە بەبێ پێوەندی لەگەڵ بواری ئابووری و چینایەتی و فەرهەنگی ئاغا و ڕەعیەتی و هتد. بەم جۆرە ئێمە لەو ڕۆمانەدا بە زەحمەت دەتوانین وێنەیەکی دروست و گشتیمان سەبارەت بەو کەشی ناسیاسیی کۆمەڵگە لە مێشکدا بۆ چی بێت.

٦ـ٢ـ٢ پەرتەوازەیی خەباتی کوردان

یەکێکی تر لەو چەمکانەی لەو ڕۆمانەدا زۆری ئاماژە پێ کراوە، پەرتەوازەبوونی کوردان و یەکنەگرتنیانە. نووسەر لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا باس لە دۆخی پەرتەوازەی کوردان دەکات و دەڵێت "دەنگی کوردان بە یەکتر ناگات" (هەمان: ٩٩ و ١٣٨) و ناوچەکانی کوردان دەڵێی دوڕگەن و لە یەک پچڕاون و لە دەریایەکدان و دەستیان بە یەک ناگات (هەمان: ١٤٠) بەم جۆرە نووسەر لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد ئاشنامان دەکات و لەو ڕێیەوە دەزانین کە هەستی یەکێتی و یەکگرتن لەناو کۆمەڵگەدا هەرگیز بەقەد لێکدابڕان و پەرتەوازەبوون بەهێز نەبووە. ئەو دۆخە بەتایبەت لەگەڵ هۆکارەکانی تری لاوازبوونی کۆمار، وردەوردە گشتگیرتر دەبێت و بۆ نموونە شکاکەکان چەکدارەکانی خۆیان لە شار دەکێشنە دەر و تەنانەت بە دامەزراندنی شەڕ لەگەڵ ئازەرییەکانی خۆی و ماکۆ، دەردیسەرێکی زیاتریش بۆ کۆمار و پێشەوا دەخولقێنن. (هەمان: ٣٠٧ و ٣٠٨ و ٢٤٥).

٦ـ٢ـ٣ خەیانەتی ناوخۆیی و دەرەکی

چەمکی خەیانەتی ناوخۆیی لەو ڕۆمانەدا زۆر بەرچاوە و بەڕوونی و فرەیی باسی لێ کراوە. لە خەیانەتی ژاڵە و عادیلەی دایکییەوە بگرە کە دەبنە سیخوڕی ئینگلیزییەکان (هەمان: ٨٥ ـ٨٦) تاکوو خەیانەتی عەشیرەتەکان (هەمان: ٢٣٠ و ٢١٦ و...). لە ڕاستیدا لەو ڕۆمانەدا بە ڕێژەیەکی زۆر ناوی عەشیرەت و خێڵەکان هاتووە کە خەیانەتیان بە ئامانجی نەتەوەیی کردووە و یان لەگەڵ دەسەڵاتە دەرەکییەکان دەستیان تێکەڵ کردووە، یان لە جەنگەی پێویستی و شەڕدا پشتی یەکتریان بەرداوە و وەدوای بەرژەوەندیی خێڵەکیی خۆیان کەوتوون.

سەبارەت بە خەیانەتی دەرەکییش، خەیانەتی ڕووسی و ئینگلیزی و عوسمانییەکان پتر لە هەمووان باس کراوە و ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو وڵاتانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان هەمیشە کوردانیان کردووەتە قوربانی و هیچ بنەمایەکی ڕەوشتییان پەیڕەو نەکردووە. (هەمان: ٦٨ و٧٢ و ١٢٨ و...)

ئـــەوەی لـــە خوێندنـــەوەی ئـــەو خەیانەتانـــەدا زۆر گرنگـــە ئەمەیە کە دەریدەخـــات ڕەوش و هەلومەرجـــی جیهانی ئەو ســـەردەمە و کوردســـتان چـــۆن بـــووە و چۆناوچـــۆن ئـــەو تایبەتمەندییـــە مێژوویییانـــەی ئەوکات لە بـــاری سیاســـی و کۆمەڵایەتییەوە بوونەتـــە زەمینەیەک بۆ ســـەرهەڵدان و ڕووخانـــی کۆمـــار و بێهیوابوونی کورد لـــەو ســـەردەمەدا. بەتایبـــەت ئەوەی کـــە دەردەکەوێت ئـــەو هەلومەرجەی بۆ کـــورد ڕەخســـابوو، تەنیـــا بەهۆی بۆشاییەکی مێژوویی دەســـەڵات بووە و زلهێـــزەکان هەرگیز مەبەســـتیان ئەوە نەبووە کە دەســـەڵاتێکی ســـەقامگیر و هەمیشـــەیی بۆ کوردان دامەزرێنن یان ئەوەی پشـــتیوانیی لێ بکـــەن، بەڵکوو تەنیا بـــەدوای بەرژەوەندیـــی خۆیانەوە بوونـــە و کوردیـــان وەک کارتێـــک بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجـــەی خۆیان بەکار هێنا و ە .

ســـەبارەت بە ناوخۆی کوردستانیش، لە ڕاستیدا ئەو پەرتەوازەیی و یەکنەبوونە، بە شـــێوەی زەمینەیـــی و مێژوویی زۆر بەجوانـــی خراوەتـــە ڕوو و دەرکەوتووە کە کورد هـــەر لەناو خۆشـــیدا بەهۆی فرەڕەنگی و هەلپەرســـتیی دەسەڵاتداران و تەنانەت خەڵکانیشـــییەوە، قەت نەیتوانیوە ویســـتێکی گشـــتگیر و ڕیشـــەیی بۆ بەنەتەوەبـــوون و دەســـەڵاتداری پێک بێنێت و هەر ئەوەش تـــۆوی خەیانەتی لـــە نێودا چاندووە و گەشـــەی پێ داوە.

٦ـ٢ـ٤ ڕەوشی ژیانی ئاسایی و کۆمەڵایەتیی خەڵک

لەو ڕۆمانەدا بۆ ئـــەوەی خوێنەر لەگەڵ ژیانی ئاســـاییی خەڵک ئاشـــنا بێت و کەش و هـــەوا و شـــوێن و جوگرافیای ئـــەو ناوچەیەی بێتە بـــەر چاو و لەگەڵ کات و شوێن و شـــێوازی ژیانیان ئاشنا بێـــت، لـــە زۆر جێگـــەدا هاتووەتە ناو شـــار، چایخانەکان، مەدرەسە، مزگەوت، مەیخانە و تەنانەت سۆزانیخانەکانیشـــەوە. هەرچەند لە بەرامبەر باســـی ڕەوشـــی سیاسی و ســـەربازیی ئەو ســـەردەمە، بەگشـــتی ئـــەو باســـانە ڕێژەیەکـــی کەمتریان هەیـــە و چوونـــی کامێرای ڕۆمـــان بۆ نـــاو ئـــەو شـــوێنانە، تەنیا بـــۆ نواندنـــەوەی ئەمری سیاســـەتە لە ناویانـــدا، نـــەک وێناکردنی ڕەوشـــی ژیانـــی ئاســـاییی خەڵـــک و لێکدژییە نهێنییەکانـــی ناو کۆمەڵگـــە. بۆ نموونە باس لە دووکان و بازاڕ و قەیســـەرییەکان دەکرێت و پیرە پیاوێکی گوریســـفرۆش کە بەردەوام بە تانە و تەشـــەرەوە باسی سیاســـەت دەکات (هەمـــان: ٦٥ و ١٥٦)، بەڕێوەچوونـــی کۆنســـێرتی ماملـــێ لە شـــاردا (هەمان: ٩٢) کە سیاســـەتوانان و سەردەستان تێیدا بەشـــدار دەبن و ئەنجامی ئەویش هەر سیاســـییە و مـــۆزدە لەکار دەردەکرێت، شـــوێنی شـــارەکە و کێو و شـــاخ و باغەکانی قەراغ شـــار و تەنانەت ڕوودانـــی لافاوێک لـــە گەڕەکی خرێڵی مهاباد (هەمـــان: ١١٣) کە ئەویش گرێ دەدرێتەوە بە ڕابردووی موزدە و سیاســـەتی

شـــکاکەکان لـــە ناوچـــەدا و هاتنیان بـــۆ مهابـــاد. دووکانـــی وێنەگرییەکەی باپیرە و مەیخانەکـــەی ئاگۆپی ئەرمەنی و گوریسفرۆشـــەکە کە هەموو لەپەنای یەکترن ئەوانیـــش بوونەتە شـــوێنی لێکدانەوە و شـــرۆڤەی بابەتی سیاســـی و خەبەرێک لـــە ڕەوشـــی ئابـــووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتـــی نییـــە و تەنانـــەت یەک جیگـــەش باس لە ڕەوشـــی ئەو کەمینە زمانـــی و ئایینییانـــە لـــە کۆمەڵگەدا ناکرێت (هەمان: ١٥٦) باس ســـادەدڵیی خەڵک لە بەدیلگیرانی چەند ســـەربازی عەجەم دەکرێت و لێرەشـــدا خەبەرێک لـــە بنەما و هۆکارەکـــەی نییە. (هەمان: ١٥٧) هەڵبـــەت دامەزرانـــی یەکێتیی ژنانـــی دیموکـــرات بـــە بەشـــداریی ئەندامانـــی بنەماڵەی قازییـــەوە، وەک نموونەیـــەک لـــە بەشـــداریی ئەرێنیی ژنان لـــەو ڕووداوە مێژوویییـــەدا، باس دەکرێت. (هەمـــان: ١٧٢) جیا لەمانەش بـــاوەڕە خوراڤییەکانی خەڵک و چوونیان بۆ ســـەر چاک و پیران (هەمان: ١٧٠ و ١٧١) ناو و ناوبانگی مەلاکان لە شـــاردا کە هـــەر کامەی بۆ بابەتێک دەناســـرێن و خەڵـــک ئاگادارنە هەڵســـوکەوتی ئەوانی لەبەر چـــاوە (هەمان: ١٧٢ ـــ ١٧٣)، ســـوڵتانی جـــوو وەک کەســـایەتیی جۆرەکیـــی هەبوونی جووەکان و گەڕەکی ئەوان لـــە شـــاردا (هەمـــان: ١٨٠)، بویـــوک ئاغای خانباغـــی وەک یەکێک لـــەو ئازەرییانەی لە مهابـــاددا دەژیت و هاوکات خەریکی دەلاکی و شـــانوگێڕییە (هەمان: ١٩٠) چەنـــد نموونەیەکی ترن لە باســـی فەرهەنگ و ژیانـــی خەڵکی ناو ئـــەو کۆمەڵگەیە.

لەولاشـــەوە دوای ماوەیـــەک کە لە کۆمـــار تێ پەڕیوە باس لـــە وەڕەزبوونی گوندییـــەکان لە بارزانییـــەکان دەکرێت کە هۆکارەکەشـــی ئەوەیـــە ماوەیەکی زۆرە بەخێویان دەکـــەن و ئەو بابەتە بە جۆرێک کەشـــی نارەزایەتیی خستووەتە ناو گوندەکانەوە و ســـەروک خێڵەکانیش لەو بارەیـــەوە تینیـــان دەدەن (هەمان: ٢١٦). هەروەهـــا بـــاس لـــە باونەبوونی خویندنەوە و نووسین و تەنانەت گوێگرتن لە هەواڵیش بە زمانی کـــوردی دەکرێت و دەگوترێت کـــە خەڵکی پێیان وایە زمانی خۆیـــان تەنیا زمانی کڕین و فرۆشـــتنە، نـــەک گوێگرتن لـــە هـــەواڵ (هەمان: ٢٢١). جیـــا لەوەش باس لـــە عادەتی خەڵک دەکرێت کە کاتـــی ڕەمەزانان و گەرما، دەچوونە بـــاغ و باغاتە فێنکەکانی ناو شـــار و قەراغ شـــار (هەمان: ٢٦٢) و ئەوەی کە لە کۆتاییەکانـــدا، هەموو خەڵکی مهاباد و تەنانـــەت خودی مەناف کەریمی، وەزیری پـــەروەردەش چاوەڕێی ڕووخان و هەرەســـهێنانی کۆمار بوون. (هەمان: ٣٠٣)

جیـــا لەمانـــەش باس لە کەشـــی قاوەخانەکانی ناو شـــار و هەڵســـوکەوتی خەڵکـــی ئاســـایی لەگـــەڵ یەکتـــر و گۆرانیی ســـەید عەلی ئەســـغەر و بانگی مزگەوتـــی عەبـــاس ئاغـــا و تەنانەت

هەڵسوکەوت و ڕەوانگەی خەڵکی گوندیی ئەوکات سەبارەت بە بوونی مەیخانە و ئەرمەنییەکان لە شاردا و هەروەها سۆزانیخانەی جووڵەکەکان و کۆڵانە تەنگەبەرەکان و باغ و دارستان و بەگشتی هەموو دیاردەکانی شار دێنێتە ئاراوە. جیا لەوانەش شوێن و پێگە و هەڵسوکەوتی شاعیرانی بەناوبانگی وەک هێمن، هەژار و کەسانی لەو چەشنەش ئاوێتەی گێڕانەوەکەی دەکات تاکوو خوێنەر بتوانێت وێنەیەکی گشتی و زیندوو لە شار بێنێتە بەر چاوی.

"هەتا مردن وەکوو بەندە لە خزمەت خاکی کوردستان

حەیاتی خۆی فیدا کا بۆ هەموو ئەمرێک و فەرمانی

ئەم ستڕانە وەکوو چەمێکی بەقەڵبەزە لە گڕامافۆنی چایخانەکەوە دەنگی دەدایەوە" (هەمان: ۲۶)

"ئەوە پێشوولەی مەهابادن پێیانەوە داوێت. چەمی سابڵاخ کانگای پێشوولانە بادین. تۆش ئەوە دەزانی کاتێک با دەوەستێ پێشوولە هار دەبن." (هەمان: ۲۴)

"قوتابیی خوێندنگە سەرەتاییەکان وەکوو ئەو کارانەی لە لەوەڕاندن دێنەوە بە هەڵبەز و دابەزەوە لە دەرگاکان دەهاتنەوە. ئالای ڕەنگین لەسەر بانی مالان بە شنەبا دەلەرانەوە. بە درێژاییی شەقامی شاپوور و شەقامی پەهلەوی بزاوێکی گەرموگوڕ هەبوو:

چایخانەکان تژین، چەند گەنجێک لە دەوری مێزێک ڕۆنیشتوون. ڕۆژنامەی کوردستان لە دەستی یەکێکیاندایە..." (هەمان: ۳۰)

"باوکێک دەستی کوڕیژگەکەی گرتووە و دەیباتە سەرتاشخانە، یەکێکی تر لەگەڵ کوڕەگەی دەچنە لای بەرگدووڕێک. زۆر کەس بە بەردەم مەیخانەکەی ئاگۆپدا تێ دەپەڕن. لەژێر چاوەوە دەڕوانن شووشەی مشت لە شۆڕش و شێتبوون. ڕووی خۆیان گرژ دەکەن و خێراتر دەڕۆن. سواریکی لەخۆڕازی بە مەیدانی چوارچرادا تێ دەپەڕێت. قرمەقرمی سمی ئەسپەکەی، ڕانک و چۆغەکەی، ڕیشۆی مشکییەکەی سەری داوەڕیون. سمێڵە بادراوەکانی دەبریقێنەوە. هەمووان دەڵێن ئەوە کوڕی ئاغایەکە. گوندییەک و کەرەکەی سەیری شووشەی مەیخانەکە دەکەن. گوندییەکە ڕووی خۆی گرژ دەکات و لێوەکانی بە گوتنی پەیڤی نادیار دەجوولێنێت، نا پەیڤەکانی دەبیسترێن، ئەو دەڵێ: ئەستەغفیرووللا. پانیە قەڵشیوەکانی هەر دوو پێی لەبن سکی کەرە ڕەبەنەکەی دەدات و هەیدێێێێی دەڕوات." (هەمان: ۳۱)

ڕەنگە ئەوە تەنیا شوێنێکی ڕۆمانەکە بێت کە بە شێوەیەکی

ناڕاستەوخۆ باسی جیاوازیی چینایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە دەکرێت و لەلایەک گوندییەک بە پانیەی قەڵەشیوییەوە سواری کەرەکەیەتی و لەو لاشەوە سواریک کە وا دیارە کورە ئاغایە، بە قەڵافەتێکەوە سواری ئەسپەکەی بووە بە جلێکی مەڕبووت و پاک و خاوێن و بە قرمەقرمی سمی ئەسپەکەیەوە بە ناوشاردا تێ دەپەڕێت. دەنا لە هیچ شوێنێکی تری ڕۆمانەکە گیرانەوە و وێناکردنی ئەو جیاوازییانە نایەنە بەر قەڵەمی نووسەر و هیچ باسێکیان لێ ناکرێت.

نووسەر بۆ ناساندنی ئەو کۆمەڵگەیە چەند کەسایەتیی جۆرەکیی مامناوەند دەخوڵقێنێت، وەک گوریسفرۆش و چایچی و کابرای گوندی و کورەکەی و کورە ئاغا و مەیخانەچی و هتد، بەڵام هیچ حەوڵێک بۆ سیاسەتسڕینەوە لە گێڕانەوەکەیدا ناکات و ڕۆمانەکەی کەشێکی تەواو سیاسیی هەیە. هەروەها لە زمانی تەوسیفی تا ڕادەیەک شاعیرانەش بۆ وێنا کردنی کەش و هەوای شار کەڵک وەردەگرێت تاکوو ئەو هەستە هەم زیندووتر بێت و هەم باری هونەریی کارەکەی بەهێزتر بکاتەوە:

"نووسیبووم کە ژیانی من لە مەهاباد وەک ئەوە وایە لەنێو ڕۆمانێکدا بژیم. زۆر ڕووداوی سەیر دەقەومێن کە تەنیا لەنێو چیرۆکەکاندا هەن. دوێنێ ئێوارە چوومە ماڵی باپیرەم لە گەڕەکی ئەرمەنییەکان. ئاگۆپی مەیفرۆش گۆرانیی دەگوت..." (هەمان: ۱۲۳)

"ڕۆژێکی خۆش بوو کە خۆی لەنێو بەهارێکەوە دزیبووەوە، هاتبووە شەردانی ئەو شوباتە سارد. بەفر کلوو کلوو لەسەر چیای خەزا، قولقداغ، چیای مەجید وەکوو بیرەوەرییەکانی من دەردەکەوتن. چەند خونچەیەکی گوڵی هاڵەکۆک سەری خۆیان لەژێر بەفری تەواوە دەرهێنابوو، مزگێنیی بەهاریان دەدا." (هەمان: ۳۰)

ئەمانەش نمونەیەکن لە تەوسیفی کەش و هەوا و ژینگەی شار کە نووسەر لەو ڕێیەوە شوێنی ڕووداوەکەمان بۆ وێنا دەکات.

۶ـ۲ـ۵ خۆشەویستی و ئەوینداری

نووسەر بۆ ئەوەی گێڕانەوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتی کۆمار و ساواکوژکران و بێهیواییەکەی بخاتە ڕوو و هەروەها ئەو مێژووەمان زیاتر وەک گێڕانەوەیەکی واقعی پێ نیشان بدات و چەمکی ئەویندارییش لە ژیانی ئاساییدا بگونجێنێت، چەند چیرۆکی ئەویندارییشی ناوئاخنی ڕۆمانەکەی کردووە. ئەو سێ چیرۆکی ئەویندارییە بادینی خزاندووەتە ناو داستانەوە کە بریتین لە خۆشەویستیی کچە پووە بێناوەکەی بادین کە سەردەمی مێرمندااڵی، ئەویندارییەکە دواتر بە

سۆزانی و سیخوڕی ئینگلیزییەکان دەردەچێت و دواتریش، خۆشەویستیی موژدە کە وەک ئەوانی تر، ئەمیش بە تراژیدی و بێهیوایی کۆتاییی پێ دێت. ئەو سێ کەسەش هەر کامیان نوێنەری جۆرەکیی بەشێک لە کۆمەڵگەن بۆ ئەوەی گێڕانەوەکە دەوڵەمندتر و گشتگیرتر بکەنەوە: کچە پووڕەکەی کە دواتر بە خوشکی شیریی بادین دەردەچێت، نوێنەری جۆرەکیی خۆشەویستیی کرچوکاڵی مێرمنداڵییە کە بە پیلانی داپیرە لێی دادەبڕێت. ئەو بابەتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر داهاتووی بادین دەبێت و مااڵ و وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێت و پەڕیوەی هەندەران بێت. ژاڵە کە لەو ڕۆمانەدا کچی عادیلە خانم ناوێکە، ئاماژەیە بە عادیلە خانمی جاف، کە لێرەدا وەک سۆزانی و سیخوڕ و فریوخواردووی ئینگلیزییەکان وێنا دەکرێت و هەر ئەمە کە هەموو هیواکانی بادین بە بادا دەدات و وەک نموونەی فریوخواردووەکانی ئینگلیزە لە ڕەوتی خەباتی کوردیدا.

سێیەم خۆشەویستی بادینیش، موژدەیە کە ماموستای خوێندنگایە ئێستا خۆشەویستی بادینە. نووسەر بۆ ئەوەی جۆرەکیبوونی ئەو کەسایەتییانە دەربخات، هیچ تایبەتمەندییەکی تاکەکەسیی ئەوتۆیان بۆ دروست ناکات تاکوو بکرێت هەموو کەسێکی لەو جۆرە و لەو بیروباوەڕە لە جێیدا دابنرێت و بگونجێت. موژدەش لە کرمانجە جەلالییەکانی بەشدار لە ڕەوتی کۆماڕە کە بەهۆی هەندێک ڕووداوەوە پەڕیوەی مهاباد بووە و بە جۆرێک نموونەی بیروبۆچوون و خەڵکانی خۆیەتی و لەو ڕووداوە مێژوویییەدا دەور دەگێڕێت. خۆشەویستیی موژدەش بۆ بادین بە تراژیدی کۆتاییی پێ دێت و دواتر موژدە شوو بە هاوڕێکەی بادین، واتە کەریمی شکاک دەکات و بەم جۆرە هەم ئەو هیوایەش بە بێهیوایی تەواو دەبێت و هەم خەیانەتی هاوڕێکەی پێی ئاشکرا دەبێت. خۆشەویستییەکی تر کە لەو ڕۆمانەدا ئاماژەی پێ دەکرێت، خۆشەویستیی یۆنس و هامێستە کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا دەگێڕدرێتەوە و ئەویش بە لەدایکبوونی بادین تەواو دەبێت و یۆنس لە بەرەی شەڕ و هامێستیش بەهۆی "خوێنڕژانی زۆری کاتی منداڵبوونەوە" لە یەک کاتدا کۆتایی بە ژیانیان دێت و بەگشتی هیچ خۆشەویستییەکی ئەو ڕۆمانە بە ئاکام و ئەنجامێکی شیرین و خۆش ناگات و نووسەریش بەئەنقەست بەو کارە ویستوویەتی بێئاکامیی کۆمار و ژیانی قارەمانەکانی لێک بکاڵێنەوە و تێکەڵ بن.

٦-٢-٦ دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچە

نووسەر بە هێنانی کەسایەتییەکی هێمایین و جۆرەکیی وەک ئەمیراڵ ئاغا، نیشانی داوە لەو سەردەمەشدا کەسانێک هەبوون کە پێیان وا بووە

دامەزراندنی ولاّت بەبێ دەستراگەیشتن بە دەریا ئیمکانی نییە و کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە و سەر بگرێت، پێویستە هەم قەوارەکەی زۆر بەرینتر لەو ناوچە بچووکە بکاتەوە و هەم دەستی بە ئاوە ئازادەکان بگات. "ـ دەریا، کۆمار بەبێ دەریا هیچە!... من ئەمیرالّ ئاغا، لەسەر بۆچوونی خۆم سوورم. ئەگەر ئێوە مەهاباد نەگەیەننە کەناری دەریایەک، یاخود دەریایەک لە کۆمار ساز نەکەن، دەرووخێ!" (هەمان: ٢٥)

نووسەر دەیەوێت ئەو راستییە بخاتە ڕوو کە هەر لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی مەهاباد و کوردستانیشدا کەسانێک هەبوون کە سەرنجی دۆخی ژێئۆپۆلێتیکی کوردستانیان دەدا و ئاگادار بوون لەوەی کە ناکرێت پشت بە ولاّتانی زلهێز ببەستریّت، بەڵکوو دەبێت بازنەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەوەندە بتەنرێتەوە کە بگاتە دەریا و لە گەمارۆی ولاّتانی دەوروبەر بێتە دەر. بەم جۆرە ئەمیرالّ ئاغا وەک زمانحاڵی ئەو بیرۆکەیە لەو ڕۆمانەدا دەور دەگێڕێت.

٧ـ ڕاڤەی کۆتایی:

دوای باسکردنی هەموو وتەزاکان و چەمکە گرینگەکانی ئەو ڕۆمانە و هێنانەوەی نموونەکان و شیکردنەوەیان، پێویستە بڵێین کاتێک ئەو وێنەی گشتییە لەبەر چاومان دادەنێین دەردەکەوێت کە نووسەر تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی ئەو سەردەمە، پێشینەی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو ڕەوتە، دەوری کەسایەتییە بەرچاوەکان لەو ڕووداوە مێژوویییە، دۆخی ژێئۆپۆلێتیکی ناوچەکە، ڕەوتی سیاسیی جیهان و ناوچە و زۆر بابەتی تر بەجوانی ناوئاخنی گێڕانەوەکەی بکات و بەبێ ئەوەی ئوستووڕەسازییەک لە کەسایەتییە سیاسییە سەرەکییەکان بکات، یان ئەوەی بیانکاتە تەوەری گێڕانەوە، گێڕانەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو ڕووداوە بدات بە دەستەوە و خوێنەر بەجوانی ببات کەش و هەوای ئەو سەردەمەوە، هەرچەند بەگشتی کەش و هەوای سیاسی بەسەر گێڕانەوەکەدا زاڵە، بەڵام نووسەر بە تەوسیفی جوانی فەزای سروشتی و ئینسانیی شار و بۆنە فەرهەنگییەکان و لایەنە کۆمەڵایەتی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی شار و هەوێنی ئەوین، وەک بابەتێکی سۆزدارانە لە ڕۆمانەکەدا، ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بخولقێنێت کە بتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر هەستی خوێنەر بجووڵێنێت و لەگەڵ خۆی ڕای کێشێت.

چەمکی بەریەککەوتن و دیالێکتیکی نێوان لایەن و ماکەکان لە چەمکە هەرە سەرەکییەکانی لووکاچ و

بەگشتی مارکسیستەکانە. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر بڕوانینە ڕۆمانەکە ئەو چەمکە گرنگانەی ناو ڕۆمان لە ئەنجامدا توانیویەتی وێنەیەکی گشتی و تا ڕادەیەک ڕوون، لە عەینی لێڵی و مژاوبوونداء ئاراستەی خوێنەران بکات. بۆ وردەکاری، هەستی کوردایەتیی ڕیشەداری خەڵکەکە و هەلومەرجی مێژووییەک کە لەو سەردەمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا خوڵقابوو و بۆشاییەکی دەسەڵاتی درست کردبوو لە لایەک و خەباتی عەشیرەت و کەسایەتییە کوردەکان و وڵاتە بەرژەوەندیخواز و هەلپەرستەکانیش لە لایەکی ترەوە دیالێکتیکێکیان خوڵقاندبوو کە لە بەرهەمەکەی خوڵقانی کۆمار و دواتریش هەرەسهێنانی بوو. لە ڕاستیدا لە ئاوێنەی ئەو ڕۆمانەوە تێ دەگەین کە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر دەستیان دابووە دەستی یەک بۆ خوڵقانی ئەو ڕووداوە مێژووییە و وێنەیەکی چەند ڕەهەندی و گشتگیرمان دێتە بەر چاو؛ بەڵام لەو ڕۆمانەدا هێزەکانی ناو خودی کۆمەڵگاش بەریەککەوتنیان هەیە. بۆ نموونە وەفادارن بە کۆمار و خەیانەتکارانی و هەروەها خەڵکی ئاسایی و گوندی و دەسەڵاتداران کە هەموویان لێکدژیی بەرژەوەندییان هەیە و کەم تا کورتێک لە ڕۆمانەکەدا خراونەتە ڕوو. جیا لەمەش، گێڕەوەری ڕۆمانەکە تا کۆتایی لەو پرسە گرنگەشدا تێ ماوە کە ئایا خەباتی چەکداری بکات و لەو ڕێیەوە دەتوانێت بە ئامانجەکانی خۆی نەتەوەکەی بگات، یاخود وەکوو سادق بەهائەدین ئامێدی خەریکی چالاکیی فەرهەنگی بێت و لەو ڕێیەوە خەبات بە قەڵەم بکات. ئەو دووڕێیانە ڕەنگە هەر ئێستاش یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی بەردەم چالاکوانەکانی کورد بێت و بە ئەنجامێکی ڕوون نەگەیشتبێتن. نووسەر ئەو ڕۆمانەی لە چوار بەشدا نووسیوە و بە چوار چرای وێنا کردووە. ئەو بە کەڵکوەرگرتن لە هێماگەلی جۆراوجۆر و تەنانەت هەندێک ماکی جادوویی لە گێڕانەوەکەیدا ـ وەک کەسایەتیی جادوویی ئەمیراڵ ئاغا، قوتووی تووتنەکە کە قەت تووتنی لێ نابڕێت و هەر دەگاتەوە دەستی بادین، هەڵقوڵینی خوێن لە شوێنی کوژرانی غەفوور مەحموودیان و... گێڕانەوەکەی لە ڕێئاڵیزمی تۆخ سەرتر دەبات و چێژێکی زۆر زیاتر بە خوێنەر دەبەخشێت.

سەبارەت بە گۆشەنیگای گێڕانەوەش، ڕاستە کە نووسەر لە زۆربەی ڕۆمانەکەدا لە گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاک کەڵک وەردەگرێت، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە کەسایەتیگەلێکی جۆرەکیی بەهێز و تێکەڵکردنیان لەگەڵ کەسایەتییە ڕاستەقینەکان، گێڕانەوەکەی زۆر دەوڵەمەند دەکات و

لـــه کۆتاییی ڕۆمانەکەشـــدا لە لاپەڕەی ٣٠٩ تا ٣١٨ ئەو یەکەم کەســـە دەبێتە دووەم کـــەس و گێـــرەوەر لـــە قاوغی خـــۆی دەردەکەوێت و بـــاس لە خۆی دەکات، ئەنجـــا لەویش تـــێ دەپەڕێت و لـــە ٣٢١ تـــا کۆتاییـــی ڕۆمانەکـــە گێڕانەوەکـــە دەکاتـــە ســـێیەم کەس و بـــەم جـــۆرە دوو هێڵـــی گێڕانەوە، کـــە یەکیـــان چارەنووســـی بادینە و یەکیشـــیان کۆمار، کۆتاییان پێ دێت: بادین بێسەروشـــوێن دەبێت و ســـەری خـــۆی هەڵدەگرێـــت و دەڕوات و کۆمار بە لەســـێدارەدانی قـــازی کۆتاییی پێ دێـــت و هەمـــوو چراکان کـــە هێمای هیـــوان، دەکووژێنەوە.

ئەگـــەر بمانەوێت بزانیـــن چەمکی گشـــتێتییەک کە مەبەســـتی لووکاچە لەو ڕۆمانەدا تا چ ڕادەیەک دەســـتەبەر کـــراوە، پێویســـتە بڵێیـــن ڕۆمانەکە توانیویەتـــی خوێندنەوەیەکی گشـــتی و چەند ڕەهەندی لـــە ڕووداوێکی مێژوویی لە ڕێگەی فرەهێڵیـــی گێڕانەوەوە بخاتە ڕوو و ڕەگ و ماکـــی مێژوویـــی لەگەڵ دۆخـــی ناوچەیـــی و نێونەتەوەییـــی سیاســـییش بنوێنێتـــەوە و لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ڕۆمان بـــە کەڵکوەرگرتن لە تێکنیکەکانی گێڕانەوە، وەک هێماناسی، گۆڕینی لێزانانە و ماناداری گۆشـــە نیگا، گێڕانـــەوەی چەند هێڵـــی، تێکەڵکردنی کەســـایەتیی خەیاڵکـــرد و ڕاســـتەقینە، زیادکردنی بابەتی ســـۆزدارانە و ئەوین بە گێڕانەوەکە، تەوســـیفگەلێکی شاعیرانە و جـــوان و تەنانەت ناوئاخنکردنی کۆمەڵێک شـــێعری تایبەت بە خـــۆی و تەنانەت هێنانەئارای هەندێـــک ماکی گێڕانەوەی جادوویـــی، گێڕانەوەکەی لـــە ڕوانگەی ئەدەبییشـــەوە یەکجار بـــەرز بکاتەوە و ڕۆمانێکی زۆر ســـەرکەوتوو بخوڵقێنێت. هەرچەنـــد ڕەنگە ئەو ڕەخنانەشـــی لێ بگیرێـــت کە:

یەک: نووســـەر لـــە نواندنـــەوە و گێڕانەوەی ژیانی ئاســـاییی خەڵکیشـــدا یەکجـــار لایەنی سیاســـیی کارەکەیزەق کردووەتـــەوە و بـــاری کۆمەڵایەتـــی و فەرهەنگییەکـــەی زۆر کـــەم نیشـــان داوە. واتـــە تەنانەت ئەو کاتەی باســـی دانیشـــتنی ناو ســـۆزانیخانە و قاوەخانە و دووکانـــی گوریســـفرۆش و وێنەگریش دەکات، بـــەردەوام بابەتـــی بـــەر باس، سیاســـەتە و تانە و توانجی سیاســـەت فرکـــەی دێت.

دوو: نووســـەر زۆر جـــار هەســـت دەکرێت بـــە زۆری دەیەوێـــت ڕووداوە مێژوویییەکانی پێشـــتر بە شـــێوەیەکی دەســـکرد بـــە ڕووداوی کۆمـــارەوە گـــرێ بدات، ئەمـــە لـــە حاڵێکدایە کە بەڵگەیەکـــی وا لەبەر دەســـت نییە کە شـــتێکی وا بەم زەقییە لە ئارادا بووبێت.

ســـێ: تەوســـیفی زۆر و گۆڕینـــی بەردەوامـــی تـــەوەرەکان و کانوونەکان، خوێنەر هەندێک تووشـــی سەرلێشێواوی

دەکات و هەڵپەسێران و ڕاکێشانی ڕۆمان کەم دەکاتەوە و ڕەنگە زۆر کەس حەزیان لێ نەبێت بەدوای هەودای گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بچن بزانن دەبێتەوە چی.

چوار: لە کەڵکوەرگرتن لە هێما لەو ڕۆمانەدا هەندێک زێدەڕۆیی کراوە و بگرە دەیان هێما لەکاردا هەیە کە ئەوەش خۆی ڕۆمانەکە ئاڵۆز دەکاتەوە و لە کاریگەریی هێماکانیش کەم دەکاتەوە.

٦ـ ئەنجام

ڕۆمانی مژاد ڕۆمانێکی مێژوویییە کە نووسەرەکەی، جان دۆست، بە زاری کورمانجی نووسیویەتی. ئەو ڕۆمانە چیرۆکی سەردەمی کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی کەسایەتییەکی خەیاڵکردەوە دەگێڕێتەوە. ئەو ڕۆمانە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆر، وەک پێشینەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و مێژوویی ئەو ڕووداوە، دۆخی ژیئۆپۆلیتیکی ناوچەکە، دۆخی فەرهەنگی، سیاسی، زمانی و ئایینیی خەڵکی شارەکە، شێوەی ژیانی خەڵک، دەوری کەسایەتییەکان و خوڵقاندنی کەسایەتی جۆرەکی و هێماییی سەرکەوتوو و تێکەڵکردنیان لەگەڵ کەسایەتی ڕاستەقینە و هەروەها تەکنیکەکانی گێڕانەوەی سەرکەوتوو، وەک گۆڕینی زمانی گێڕانەوە، کەڵکوەرگرتن لە هێماگەلی جۆراوجۆر، تێکەڵکردنی خۆشەویستی و ئەویندارێ لەگەڵ گێڕانەوە، تێکەڵکردنی سەرکەوتووانەی کەسایەتیگەلی ڕاستەقینە و خەیاڵکرد و زۆر تەکنیکی تر، ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بخوڵقێنێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی چەمکی گشتێتیی لووکاچەوە بڕوانینە ڕۆمانەکە، بێگومان چەتری ڕۆمانەکە بابەتگەلێکی یەکجار زۆری داپۆشیوە و تا ڕادەیەکی زۆر باسی هەموو ڕەهەندەکانی کردووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەشی سیاسی و سەربازی بەسەر کەشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا زاڵە و نووسەر زۆرتر داکۆکیی لەسەر دۆخی سیاسی کردووە، تاکوو ژیانی ئاساییی خەڵکانی ناو کۆمەڵگە؛ واتە ڕاستە کە نووسەر باسی ژیانی خەڵک دەکات، بەڵام ئەوەی باسی دەکرێت کەم وایە شتێک جگە لە بۆچوونی سیاسیی ئەوان بێت و زۆرتر داکۆکی لەسەر ئەو بواڕە کراوە. بە زمانێکی تر، ئەگەر کۆمەڵگەی مهاباد ئەو جۆرە بووبێت کە لەو ڕۆمانەدا باس کراوە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەکی یەکجار سیاسەتبردوو بووە کە بێگومان ناکرێت سەتاسەد وا بێت.

سەبارەت بە کەسایەتیی مامناوەندیش، کەسایەتییەکان دوو دەستەن: خەیاڵکرد و ڕاستەقینە. کەسایەتییە خەیاڵکردەکانی ئەو ڕۆمانە کەسایەتیی مامناوەند هەن، بەڵام یەکجار سیاسەتبردوون و

هەموو باس و خواستی ژیانیان، مەسەلەی سیاسەت و دۆخی سیاسیی کۆمارە، دەنا بێگومان چینی مامناوەندن و ژیانی ئاساییشیان باس کراوە. سەبارەت بە کەسایەتییە ڕاستەقینەکانیش نووسەر کارێکی سەرکەوتووانەی ئەنجام داوە، بەو هۆیەی کە لە هیچ کام لە کەسایەتییەکان بوت و ئوستووڕەی چێ نەکردووە و کەسی بەدوور لە ڕەخنە نەگرتووە و نەزانیوە، هەروەها زمانی سەرەکیی گێڕانەوەکەش کەسایەتییە خەیاڵکردەکانن، نەک ڕاستەقینەکان. لە دەورگێڕانی ئەوانیشدا ئێمە هەرگیز تووشی ئەو هەستە نابین کە قارەمانانێکی سەیروسەمەرە و سەرووبین، بەڵکوو بەتەواوی هەست دەکەین لەگەڵ کەسانێکی ئاسایی ڕووبەڕووین کە لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا هەڵسوکەوت دەکەن.

ئەگەر بمانەوێت شیکردنەوەکەمان بەرینە سەرتر و بزانین جان دۆست چ وێنەیەکی لە سەردەمی کۆمار خستووەتە ڕوو، پێویستە بڵێین نووسەر هەوڵی داوە ڕووداوەکە بە مێژووی خەباتی کوردییەوە بلکێنێت. جیا لەمەش، واقعبینانە دۆخی سیاسیی نێونەتەوەیی و ناوچەییی ئەو سەردەمەشی باس کردووە تاکوو ڕوون بێتەوە ئەو ڕووداوە بە شێوەیەکی دانەبڕاو لە کەش و ڕەوشی سەردەم ڕووی نەداوە، بەڵکوو بەشێک بووە لە کۆیەکی مێژووییی سیاسیی ناوچەکە. هەروەها نووسەر ویستوویەتی چەمکی خەیانەت بە نەتەوە، وەک یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەگرتنی کۆمار و سەرهەڵدانە مێژوویییەکانی پێشتر بێنێتە بەر باس و ئەوەش لە قەڵەم نەخات کە خواست و ویستێکی یەکگرتوو لەناو سەرۆک عەشیرەتەکان و بەگشتی گەلی کوردا بوونی نەبووە کە خۆیان دەستیان لە گیرفانی خۆیاندا بێت و بڕیاردەری چارەنووسی خۆیان بن .

ئەم ڕۆمانە پێمان نیشان دەدات کە چۆن دەکرێت وێنەیەکی گشتی و گشتبین لە ڕووداوێکی مێژوویی لە بیچمی فۆرمێکی ئەدەبیدا بخوڵقێندرێت و نووسەر بێ ئەوەی مێژووشی خوێندبێتەوە، لە مێژوودا بژیێت و هەستی پێ بکات؛ بەڵام ناکرێت لەم ڕەخنەیەش چاوپۆشی بکەین کە ڕۆمانەکە بەگشتی کۆمەڵگەیەکی یەکجار سیاسەتبردووی وێنا کردووە کە ئەگەر بەڕاستی وا بایە، ڕەنگە چارەنووسی کۆمار بەم ئاقارەدا نەچووبا و ئەم ویستە گشتییە توانیبای خۆی داسەپێنێت. هەروەها نووسەر نەیتوانیوە دژبەریی بەرژەوەندییە چینایەتی و سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی پاساوهەڵگر بخاتە ڕوو، بەڵکوو تەنیا بە سەرکۆنەکردنی سەرۆک عەشیرەتەکان و زەمکردنیان باسەکەی پێچاوەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە ڕۆماننووسی سەرکەوتوو دەبێت لە نواندنەوەی هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکاندا پاساوهەڵگربوونیشیان بخاتە ڕوو و وردبینانە بۆ خوێنەری

ڕوون بکاتـــەوە کـــە چـــۆن ڕوانگەی لایەنـــە جۆراوجۆرەکانـــی کۆمەڵگـــە بۆ خۆیان قەناعەتپێهێنەر بـــووە؛ واتە تەنیا بـــە ڕەش و ســـپی نواندنی هەڵوێســـت و کەســـایەتییەکان هەرگیـــز ناتوانرێت گێڕانەوەیەکی ســـەرکەوتوو و واقعبینانە و گشـــتی لە واقعییەتـــی مێژوویی بخرێتە ڕوو.

بەکورتـــی ئەم ڕۆمانە هـــەم لە باری دارشتنی کەســـایەتی و هەم گشتێتییەوە ڕۆمانێکی تـــا ڕادەیەک ســـەرکەوتووە، بەڵام دۆخی سیاســـەتبردوویی بەســـەر گێڕانەوەکەدا زاڵـــە و ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگـــی کەمتـــر دەبینرێـــت و لێکدژیـــی بەرژەوەندیـــی چینایەتی و سیاسییش بە شـــێوەیەکی پاساوهەڵگر نەنوێنـــدراوە. جیـــا لەوەش لـــە باری تەکنیکـــە ئەدەبییەکانی گێڕانەوەشـــەوە ڕۆمانێکی بەرچـــاوە و تەنانەت دەکرێت بڵێین هەندێک لـــە ڕێئاڵیزمی تۆخیش مـــەودا دەگرێـــت و لە چەند شـــوێندا بـــەرەو ڕێئاڵیزمی جادوویـــی دەچێت؛ هەروەها ڕۆمان لە بـــاری ڕەهەندەکانی تری ئەدەبییشـــەوە قســـەی زۆری پێیە و بەتایبـــەت لە بابـــەت هێماخوازییەوە کارێکـــی بەهێزە.

پەراوێزەکان:

1- Faramarzi.shoresh@gmail.com
2- Georg Lukacs
3- Walter Scott
4- Balzac
5- Tolstoy
6- Emile Zola

۷ - مەرگیـــراو لە فەســـڵی ۲۴ی کتێبـــی "تاریخ سیاســـی معاصر کوردســـتان" تالیف دکتر کمال روحانی (۱۴۰۰)

سەرچاوەکان

۱. حاتمـــی، امیر حســـین (۱۳۹۸)، تحلیل و بازنمایـــی تاریـــخ اجتماعی در رمـــان تاریخی بر مبنـــای دیدگاه جـــورج لـــوکاچ، پژوهش ادبیات معاصر جهان: دوره ۲، شـــماره ۱، بهار و تابســـتان ۱۳۹۸، صص: ۶۷-۴۳۵.

۲. خالـــق پنـــاه، کمـــال و ناصـــری، جمیل (۱۳۹۶)، بازســـازی تاریخی و سبک شخصیت پـــردازی در رمـــان ســـال‌های ابـــری: قرائت لوکاچـــی، مجله جامعه شناســـی هنر و ادبیات، بهار و تابســـتان ۱۳۹۶، دوره نهم، شـــماره ۱؛ صص ۱۵۸-۱۳۳.

۳. دۆســـت، جان (۲۰۲۴)، مژابـــاد، وەرگێڕان: فەرهـــاد چۆمانی، ناوەندی ڕۆشـــنبیریی مەم و ز ین

۴. روحانـــی، کمـــال (۱۴۰۰)، تاریـــخ کورد و کوردســـتان (ج دوم: تاریـــخ سیاســـی معاصر کوردســـتان)، سنندج: نشـــر آراس.

۵. عسگری حســـنکلو، عســـگر (۱۳۸۷)، سیر نظریه‌هـــای نقد جامعه شـــناختی ادبیات، ادب پژوهشی: شماره

۶. لوکاچ، جرج (۱۳۹۱)، پژوهشـــی در رئالیسم اروپایی، ترجمه اکبر افســـری، تهـــران: علمی و فرهنگی

۷. لوکاچ، جرج (۱۳۷۹)، نقد، نویســـنده و فرهنگ، ترجمـــه اکبر معصوم بیگی، تهـــران: دیگر .


۸. لـــوکاچ، جـــرج (۱۳۸۸)، رمـــان تاریخی، ترجمه شـــاپور بهیـــان، تهـــران: اختران

۹. لوکاچ، جـــرج (۱۳۹۲)، نظریه رمان، ترجمه حســـن مرتضوی، تهران: آشیان

۱۰. محمـــدی، جمـــال و احمدیـــان، ایـــوب (۱۴۰۲)، "تکه‌پـــاره شـــدن زیســـت‌جهان ســـوژه کرد به روایت رمـــان تاریخی: خوانش لوکاچی رمان زینـــووی به‌تەم"، پژوهشـــنامه ادبیات کردی، ۹/۲/۱۴۰۲ ۳۳-۶۶ :Doi، ســـال۹، شـــماره ۳، پیاپی ۱۶.

11. Ahmadzadeh, H. 2024. "Resurrecting Silent Histories: A Journey through the Historical Novels of Kurdish Auther Jan Dost". Orientalia Suecana. Vol. 73: 110-132.

12. Bochenska, J. 2014. "Kurdish Contemporary literature in search for Ordo Amoris". Nubihar Akademi. Vol: 1 issue: 1-2014. Pp: 35-54.



دید و بۆچوونی پیتر لیٚرخ سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زمان و میٚژووی کورد لە نیٚوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا

مەنسوور سدقی



پوختە

لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، لە ئەکادیمیای زانستی ئیمپراتۆریای ڕووسیا، کۆڵینەوە لە مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمان و وێژەی گەلی کورد گرنگی تایبەتی پێ دراوە. لە سایەی کۆڵینەوەکانی کوردناسان و ئێرانیناسانی وەک "ف. شارموو"، "ئا. ڤیلیامینۆڤ-زیرنۆڤ"، "ئا. ژابا"، "ف. یووستی"، "ئا. ساتسین" و "پیۆتێر لێرخ"، کوردناسیی وەک بەشێک لە مەیدانی ئێرانیناسیی سەدەی ١٩، جێگەی بۆ کراوەتەوە و پەرەسەندنی سەربەخۆیانەی دەست پێ کردووە.

"پیۆتێر" یان "پیتر ئیڤانۆڤیچ لێرخ" وەک ئەندامێکی ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریای ڕووسیا لە نێوەڕاستی سەدەی ١٩دا، سەرنج دەخاتە سەر زمانی کورد و مێژووەکەی و سێ ساڵ کاتی ئازادی خۆی بۆ کۆکردنەوەی بابەتی هەمەلایەنە و پەیوەست بەم بوارە تەرخان دەکات. بەشێکی ئەم توێژینەوەیە بە بڕیاری ئەکادیمیا وەک بەرگی یەکەم بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییەکانی هاوڕەچەڵەکەکانیان" لە ساڵی ١٨٥٦دا بڵاو بووەتەوە. هەر لەم ساڵەدا بە ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەکادیمیا، "پیۆتێر لێرخ" سەردانی شاری "ڕۆسڵاڤڵ" دەکات تاکوو لە نزیکەوە بە هاموشۆ دەگەڵ ژمارەیەک کورد کە لەوێندەرێ ڕاگیرابوون و لە شەڕی ڕووسیا و عوسمانیدا لە ناوچەی کافکاز بەدیلی گیرابوون، توێژینەوە لەسەر زمانی کوردی بکات. لە ئاکامدا، "لێرخ" کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە زمانی کوردی کۆ دەکاتەوە و دوو بەرگی دواتری توێژینەوەکانی تەنیا بۆ زمانی کوردی تەرخان دەکات و ئەکادیمیا لە ساڵی ١٨٥٧و ١٨٥٨، هەر بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان" چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. "لێرخ" هاوکات هەر سێ بەرگەکە (٤٥٠ لاپەڕە) لە دوو بەرگدا (٣٨٠ لاپەڕە) کۆ دەکاتەوە و بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردەکان و کلدانییە ئێرانییەکان" بە زمانی ئەڵمانی وەردەگێڕێت و ئەکادیمیای ڕووسیا لە ساڵی ١٨٥٨ هەر دووکیانی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. بەڵام دیاریی نەکردووە بۆ چی وازی لە "ئێرانیبوونی کوردەکان و هاوڕەچەڵەکییان دەگەڵ کلدانییەکان" هێنابێت.

پێشەکی

نووسەری ئەم وتارەی بەر دەستتان، سێ بەرگە ڕووسییەکەی لێرخی بە بەراورد و هەڵسەنگاندنی دەگەڵ دوو بەرگە ئەڵمانییەکە، کردووە بە کوردیی نێوەندی و هەندێک زیادکراوی دەقە ئەڵمانییەکەشی وەک پاشکۆ لەم وەرگێڕانەدا گونجاندووە، بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە؛ بۆیە مەبەستی ئەم وتارە ناساندنی نێوەرۆکی ئەم بەرهەمانەی پیۆتێر لێرخە کە هێوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کتێبەکە بەسەریەکەوە چاپ و بڵاو بێتەوە.

لەم وەتـــارەدا هەوڵم داوە تیشـــک بخەمە سەر کتێبەکە و نووسەرەکەی و دید و بۆچوونە گرنگەکانـــی ســـەبارەت بـــە بارودۆخی کۆمەڵایەتـــی و زمان و مێـــژووی کورد لە نێوەڕاستی ســـەدەی نۆزدەدا.

بەگوێـــرەی بەدواداچوونەکانـــم بێت، تاکوو ئێســـتا ئەم کۆبەرهەمـــەی "پیۆتێر لێـــرخ"، چ لە زمانی ڕووســـییەوە و چ لە زمانی ئەڵمانییەوە بەتەواوی وەرنەگێڕراوەتە ســـەر هیـــچ زمانێکی دیکـــە بێجگە لە بەرگـــی یەکـــەم کـــە گوایە کـــراوە بە عەرەبـــی. ســـەبارەت بـــە کارەکانی لێرخ هەندێک کاری زانســـتییانە تەنیا بۆ بەشی زاراوەی زاراکـــی کتێبەکانـــی لێرخ کراون کـــە بریتین لە:

ماســـتەرنامەی "مەهمـــەت ئەسلان ئۆغلـــووڵاری" لـــە ســـاڵی ٢٠١٤ لـــە "ئینســـتیتووتی زمانە زیندووەکان"ی سەر بە زانکـــۆی "بینگۆل" لە تورکیـــا بە زمانی تورکی بەنـــاوی "وەرگێڕانـــی کۆکراوەکانی زاراکیی لێرخ و شـــیکاری وشـــەکان بەپێی جۆرەکانیان" [١] لە ١٦٤ لاپـــەڕەدا؛ وتارێکی "ئایدن وەیســـی" بـــە زاراوەی کورمانجی بەنـــاوی "کوردیزانی و پیۆتێـــر لێرخ- ١"، ٦ لاپـــەڕە؛ وتارێکی "ســـەیدخان کووڕێژ" بە زاراوەی کورمانجی بەنـــاوی "بەرهەمی پیتر لێرخ لـــە بـــواری کوردۆلۆژیـــدا" [٢] کە لە ژمـــارەی یەکەمی ســـاڵی ٢٠١٤ی گۆڤاری "نووبەهار ئاکادیمی NÛBIHAR AKADEMI" لـــە لاپەڕەکانـــی ٩٣-١٠٨ بڵاو بووەتەوە (بـــە تورکـــی و زاراوەی زاراکییـــش بڵاو بووەتەوە). ئامانجی ماســـتەرنامەکە و هەر دوو وتارەکان تیشکخستن و شیکاری تەنیا پەیڤ و دەقـــە زاراکییەکانی کتێبەکانی لێرخ بـــووە و تا ڕادەیەک ئـــەو دەق و پەیڤانەیان بە ئەلفبێـــی لاتینیی هەنووکەیی ســـاغ کردووەتەوە.

کارەکانی لێرخ سەبارەت بە کورد

بێجگە لە ســـێ بەرگە ڕووسییەکەی بە نـــاوی "کۆڵینەوە لە کوردانـــی ئێرانی و کلدانییە باکووریـــە هاوڕەچەڵەکەکانیان" و دوو بەرگـــە ئەڵمانییەکە بە ناوی "کۆڵینەوە لە کـــوردان و کلدانییـــە ئێرانییەکان" [٣]، "پیۆتێـــر لێـــرخ" ئەم بەرهەمانەشـــی نووسیون:

"بە خامـــەی لێرخ لـــە دوو وتاردا باس لـــە چەند دەقی وێـــژەی کوردی کراوە کـــە بریتین لـــە: پێداچوونەوە بە بۆچوونی "ئا. ژابا" ســـەبارەت بە وێژەی کورد و هۆزەکانی کـــورد"؛ پێداچوونەوە بـــە پوختەی "ئـــا. ژابا" ســـەبارەت بە هەڵبەســـتە کوردییەکـــەی ئەحمەدی خانـــی"؛ پێداچوونەوەی بە فەرهەنگەکانی کوردی-فرانسایی و فرانســـایی- کوردی (کـــە لەنێو دۆســـیەی دەستنووســـە کوردییەکانـــی "ژابـــا"دا، پارێـــزراون)؛ دواییـــن بەرهەمی لێرخ ســـەبارەت بە زمانی کـــوردی (دەستنووســـێکی ٤٢ لاپەڕەییـــی مەزنـــە و چـــاپ نەکراوە)، ئاســـتێکی بـــەرزی زانســـتیی هەیە. مەبەســـت کۆڵینەوەیەکـــی ناتـــەواوی

"لێرخ" سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی کە ڕەشنووسەکەی (بە زمانی ئەڵمانی) لە کتێبخانەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی و کتێبخانەی ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی لێنینگراد پارێزراوە. لێرخ مەبەستی بووە ئەو بەرهەمەی بۆ تۆژینەوەیەکی مەزن سەبارەت بە ڕێزمان و "فۆنۆتیک"ی زمانی کوردەکان تەرخان بکات" {بەڵام مەرگ مەودای پێ نەداوە}" (قەناتێ کوردۆ، ۱۹۵۹: ۴۶).

پێوتێر لێرخ کتێبێکی دیکەیشی هەبووە بە ناوی "گەشتێکی شوێنەوارناسی بۆ ناوچەی تورکستان لە ساڵی ۱۸۶۷". س. پیتربورگ. ۱۸۷۰".

سەبارەت بە کتێبی:

"کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان"

بەرگی یەکەم

لێرخ لە لاپەڕەکانی ۱-۶ی ئەم بەرگەدا بەگوێرەی نووسراوەکانی گەشتیارانی ڕۆژاوایی هەوڵی داوە "پێداچوونەوەیەک بە سەرچاوەکانی مێژووی کورد و کۆڵینەوەیەک لە یاساکانی هۆزایەتیی کورد و مێژووی کلدانییە باکوورییەکان" بکات. بەڵام وەک لە بابەتەکانی ئەو کتێبەوە دەردەکەوێت، لێرخ لەم سێ پرسە، تەنیا تۆژینەوەی بۆ دوو پرس کردووە و سەبارەت بە مێژووی کلدانییە باکوورییەکان کە پێی وا بووە ڕەچەڵەکی کوردانی هەنووکەیین، بەدواداچوونی نەکردووە.

بەرگی یەکەم ۱۳۶ لاپەڕەیە و بریتییە لەم بەشانە:

پێشەکی، سەرەتا، خشتەی کتێب و وتار سەبارەت بە ژیان و ژینی کورد، شێوازی ژیانی هۆزەکانی کورد، زمانی کوردی لە دونیای زانستیدا، ئاسەواری نووسراوەکانی زمانی کوردی، دۆخی ئایینیی هۆزە کوردە ئێزدییەکان، وردبوونەوە لە ژمارەی هۆزەکانی کورد (کوردانی تورکیا[۴]، کوردانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا، کوردانی ژێر دەسەڵاتی پارس).

لە پێشەکیدا لێرخ دەڵێت: "کاتێک ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریا ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی لە ئەستۆ گرت، ئیتر ئەوەندەی دیکە دڵگەرم بووم تا بڕیاری خۆم بۆ کۆڵینەوە لە زمان، ژیان و مێژووی کورد جێبەجێ بکەم (لێرخ، ۱۸۵۶: V)". دواتر بە ئاماژە بە گرنگی کۆڵینەوە لە هۆزەکانی کورد دەڵێت ئەگەرچی دەستم بە زنجیرە چاپەمەنییە بەردەوامەکانی Missionary Herald و Bibliotheca Sacra[۵]ی ئەمریکا نەکەوتووە، بەڵام لەم بوارەدا شەرەفنامە باشترین سەرچاوەیە

(هەمان سەرچاوە).

لە بەشی سەرەتادا لێرخ بەم بۆچوونەی "ئێرنست ئێدوارد کوونیک Ernst Eduard Kunik"، مێژوونووسی ئەڵمانی-ڕووسی دەست پێ دەکات: "بابەتی هۆزە کوردە ئێرانییەکان بۆ لێکۆڵینەوە گەلێک سەرنجڕاکێشە و تەنانەت تا ڕادەیەکیش دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر مێژووی ئاشوور و بابل و ئاسیای بچووکیش"؛ و لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێت: "پەیدابوونی باسێکی زانستی کە ئەو بۆچوونەی سەرەوەی لێ کەوتووەتەوە، هانی دام خۆم خەریکی کۆڵینەوە لە مێژووی کورد بکەم".

لێرخ لێرەدا دوای ئاماژە بە "دەوری بااڵی کلدانییە باکووریيەکانی هاوڕەچەڵەکی کورد لە فەرمانڕەواییەکانی ئاشووریا و بابلدا"، جەخت لەوە دەکاتەوە کە: "لەم سەردەمەشدا کاتێک دۆخەکە بریتییە لە ڕاسان و بەرخۆدانی هۆزە ڕۆژهەاڵتییەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی نوێ و ئاستەبەرزتردا، پێویستە ئەم دەورە دیسان سەر هەڵبداتەوە" (لێرخ، ۱۸۵۶: ۲).

لە بەشی خشتەی کتێب و وتار سەبارەت بە ژیان کوردەواری، لێرخ دەڵێت پێویستە تیشک بخرێتە سەر مێژوو و ئیتنۆگرافیای کوردەکان و بۆ ئەم مەبەستەش لە ۱۵ لاپەڕەدا، ناونیشانی پتر لە ۱۲۰ کتێب و وتارە بااڵوکراوەکانی ڕیز کردووە کە لە ماوەی پتر لە ۲۵۰ ساڵدا، واتە لە ۱۵۸۲ تاکوو ۱۸۵۵دا، بە زمانەکانی لاتینی، ئەڵمانی، فرانسایی، ئینگلیزی، ئیتاڵیایی و ڕووسی بە شێوەیەک لە شێوەکان جەختیان لە ژیان و ئایینی هۆزەکانی کورد کردووەتەوە و زانیارییان سەبارەت بە مێژووی توێژینەوەکان لەسەر زمانی کوردی تۆمار کردووە.

لەم بەشەدا لێرخ بەتایبەت باسی گرنگیی شەرەفنامە دەکات و پێی وایە دەبێت وتاری تایبەتی لەسەر بنوسرێت و لەسەر بنەمای کۆڵینەوە لەو سەرچاوانەی ئاماژەی پێ کردوون، بەو ئاکامە گەیشتووە کە توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە کورد، وێنەیەکی تەواویان لە کوردەکان پێشکەش نەکردووە و دەڵێت: "هیچکام لەو گەڕیدانەی کە سەردانی کوردەکانیان کردووە، کۆڵینەوەیان لە دابونەریتی هەنووکەیيی کوردەکان نەکردووە؛ بۆیە سەرەڕای کۆمەڵێک نووسراوە سەبارەت بەو گەلە، هێشتا بەرهەمێک نابینین کە توێژینەوەیەکی تۆکمە سەبارەت بە ژیان و ژینی ئەم گەلەی پێشکەش کردبێت (لێرخ، ۱۸۵۶: ۵-۲۰).

لە بەشی شێوازی ژیانی هۆزەکانی کورددا، لێرخ لە لاپەڕەکانی ۲۱ و دواتردا جەختی لەوە کردووەتەوە کە

زۆر کەم سەبارەت بە کورد نووسراوە و زانیارییەکانی ئەو کتێبانەی تا ئەو کاتی بە زمانی ڕووسی نووسراون، گەلێک سەرەتایی و ڕواڵەتین. بۆیە پێی وابووە کە: "لە دەستپێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، پێویستە باسی تایبەتمەندییە گشتییەکانی شێوازی ژیانی هەنووکەیی کورد بکەم" ".

پاشان دەڵێت: "کورد هەر لە سەردەمانی کۆنەوە دانیشتووی خۆجێیی کوێستانەکان بووە" (هەمان سەرچاوە). ئینجا ئاماژە بە کتێبی "ئاناباسیس" دەکات و دەڵێت: "کەزنەفۆن"ی یۆنانی نووسەری ئەم کتێبە "لە کوێستانەکانی نێوان ئەرمەنستان و میزۆپۆتامیا تووشی کورد بووە". دیارە لێرخ لە پەراوێزدا ڕوونی کردووەتەوە کە "کسەنەفۆن" بۆ کورد، واتای "کاردۆخ"ی بەکار هێناوە و دەڵێت: "دواتر نووسەرانی یۆنانی بە "گۆرد" و ڕۆمەکان بە "Cordueni" یان بە "Gordyaei" و وڵاتەکەیانیان بە "Carduchi Montes، "Godaei montes" یان "Godiaei montes" ناو بردووە". لێرخ لێرەدا لە پەراوێز، ئاماژە بە کتێبی "فرانسیس چێسنی"[٦] گەشتیاری ئینگلیزی دەکات کە گوتوویەتی:

"وڵاتی ژیانی "کاردۆخەکان" بریتی بووە لە ناوچە هەنووکەییەکانی کرماشان و ئەردەڵان لە پارس و ناوچەکانی موش، بتلیس، "تییاری"، هەکاری و "بەراوی" لە تورکیا... کوردەکان لە ماوەی سەدان ساڵدا وردەوردە بەسەر ڕووبەری زۆربەی ئاسیای بچووکدا بڵاو بوونەتەوە".

هاوکات لێرخ جەختی لەوە کردووەتەوە کە کورد لە باکوور، لە ڕێژاڤی سەرووی ڕووباری فورات (واتە لە ڕووباری موراد)ەوە بگرە تاکوو ڕووباری ئاراس، و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاش، لە میرنشینی "یەریڤان" و "قەرەباخ"؛ لە ڕۆژاوا تاکوو "ئەنگوور" [٧] (هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گۆلی سوێری مەزن) دا دەژین. تەنانەت دەڵێت: "چەند ساڵ پێش، هێزە چەکدارەکانیان گەیشتوونەتە نزیک کۆنستانتینۆپۆل و لە ڕۆژهەڵاتیش، کوردەکان لە گۆلی ورمێیەوە بگرە تا کەنداوی پارس بڵاون، هەروەها لە خۆراسانیش دەژین"

لێرخ لە درێژەی باسەکەیدا بەگوێرەی لێکگرێدانی زانیارییەکانی سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان، باسێکی هەمەلایەنە و فرە سەرنجڕاکێشی تۆمار کردووە سەبارەت دەوری سیاسی، شێوازی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و سەرهەڵدان و بەرخودانی کورد بەرانبەر بە نەیارانی، سەبارەت بە وێژە و هونەر و فۆلکلۆر و زمانی

سەربەخۆی کوردی، داب و نەریت و جلوبەرگ و سیما و ڕوخساری کورد، دەوری ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا، تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی کوردی؛ هاوکات بەرپەرچی بۆچوونە "چەوتەکانی" لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی سەبارەت بە کورد و زمانی کوردی داوەتەوە. بەڵام بە نەرێنی باسی پاکوخاوێنیی کورد دەکات و دەڵێت: "... تەنانەت لە شاری سلێمانییش بێجگە لە کۆشکی پاشا، تووشی وەرزێرانی چڵکن و پیس دەبیتەوە". سەبارەت بە خانووی کوردەکان دەڵێت خانووەکانیان بۆ بەرگری، پەرژینێک بە دەوری بانەکانیاندا کێشراوە و هەندێکیان بورجیشی هەیە و گوایە "کەسنەفۆن"یش ئاماژەی پێ کردووە. بەڵام بەپێچەوانەی شارەکان، لە گوندەکان چاوت بە منارە و مزگەوت ناکەوێت.

سەبارەت بە ئابووریی کورد لێرخ لە لاپەڕەی ٢٤دا، دەڵێت:

"کوردەکان وەک کلدانییە کەوناراکان، لە ڕاکێشانی ئاو بۆ باخ و بێستانەکانیان گەلێک کارامەن... بەرهەمی ڕۆن و پەنیری مەڕدارانی کوردستان زۆرترین پێداویستییەکانی کۆنستانتینۆپۆڵ، دیمەشق، ئالیپۆ {حەلەب} و بەیروت پڕ دەکاتەوە. تەنیا لە کۆنستانتینۆپۆڵ پێداویستی یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس دابین دەکات. لە کاتی شەڕەکانی سووریا، گشت سوپای ئیبراهیم پاشا لەسەر بەرهەمی گاڕانە مەڕەکانی کوردستان ژیاون".

سەبارەت بە دۆخی سیاسیی کورد لە لاپەڕەکانی ٢٤-٢٥دا، تێبینیی لێرخ سەرنجڕاکێشە و پەنجەی لەسەر پرسێک داناوە کە ئێستاش بەرۆکی کوردی بە شێوازێکی دیکە تەنیوەتەوە:

"ئەگەرچی زۆربەی کوردەکان بە دەسەڵاتی زلهێزەکانی پارس، تورک و ڕووس بەستراونەتەوە، بەڵام پڕانیی هۆزەکانی کورد کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورک و پارسدا دەژین، بەکردەوە هیچ پەیوەندییەکیان بەو دەسەڵاتانەوە نییە.... بەپێچەوانەی گەلە کۆچەرەکانی ئاسیا، وەک عەرەبەکان و مۆنگۆلەکان کە یەکگرتووانە دەوری خۆیان گێڕاوە، کوردەکان بەدرێژاییی مێژوو هەرگیز گەلێکی یەکگرتوو نەبوون و یەکگرتنەوە ئامانجی سەرەکییان نەبووە. وڵاتی خۆجێیی کوردان بەهۆی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە بەسەر دەیان هێزی جیاوازی چەکداری سەربەخۆی خۆتەوەر دابەش بووە و بەستێنێکی فرە لەباری بۆ لێکدابڕانی گشت گەلەکەی، تەنانەت لە ئاستی تاکەکانیشدا پێک هێناوە".

هەر لێرەدا باسی "ناوبانگی بوێری و جەنگاوەری" کورد لە کۆنەوە دەکات و

ئاماژە بە نووسراوەکەی "گەزنەفۆن" لە لاپەڕەی ٢-٥ی کتێبی ئاناباسیس دەکات کە گوتوویەتی: "ماوەیەکی کورت پێش هاتنی ١٠ هەزار سوپای یۆنانی بۆ ناوچەکە، کاردۆخییەکان شکستیان بە سوپایەکی ١٠٠ هەزار کەسی پادشای پارس لە کوێستانەکانی کاردۆخیا هێناوە". هەر لەم بارەدا ناوی "کەسایەتیی بەناوبانگ، سەلاحەدین"ی هێناوە کە "بە ڕەچەڵەک کورد بووە و ئێستاش نەوەکانی باسی سەرکەوتنە مێژوویییەکەی لە بەرانبەر هێرشەکانی خاچپەرستەکان دەکەن" و لە زمانی "ڕەشیدەدین"ەوە {ڕەشیدەدین فەزلوڵڵا} کە "مارک کاترمیر" [٨] کتێبەکەی وەرگێڕاوە، باسی "بەرخۆدانی خوێناویی کوردەکان لە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی هۆلاکوو خان کە چەندان شکستیان پێ هێناوە" دەکات و وەک "وێنای ئازایی و قارەمانی کورد" هەڵی دەسەنگێنێت. سەبارەت بە تەیموورلەنگ دەڵێت: "ئەگەرچی زۆربەی خاکی کوردستانی داگیر کرد، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ کوردەکاندا گەلێک جار تووشی شکست هاتووە، بەتایبەت لە ناوچەی ئامێدی". هەروەها سەبارەت بە هێرشی "سوڵتان سلێمانی مەزن" لە سەرەتای سەدەی ١٦دا بۆ ڕۆژاوای کوردستان دەڵێت: "... {کوردە} سەربزێوەکان ماوەی ٣٠٠ ساڵ بوو هێز و توانایان لە دەروازەی بالا بڕیبوو". سەبارەت بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەڵێت: "دەسەڵاتی حکومەتی پارس بەسەر هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک لاواز بووە، ئەگەرچی هۆزەکانیان لە بارەگای دەسەڵاتدا گەلێک جار دەوری بەرچاویان هەبووە".

سەبارەت بە زمانی کوردی لە دونیای زانستیدا لە لاپەڕەکانی ٣٤ و دواتردا، دیسان لەسەر بنەمای سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان، لێرخ دەڵێت: "ئەو گەڕیدانەی دەگەڵ کورد ژیاون، زۆر بە دەگمەن سەرنجیان داوەتە زمانی کوردی و زۆربەیان هیچ هەوڵیان نەداوە کۆڵینەوە لەو زمانە بکەن. ئەوانەش کە زمانی کوردی فێر بوون، تەنێ باسی یەک یان دوو زاراوەیان کردووە، چونکە زانیارییان لەسەر پێداویستییەکانی زانستی زمانەوانی نەبووە".

لێرەدا لێرخ دەڵێت لە ساڵی ١٧٦٢دا بۆ یەکەم جار "جان میشایلز"[٩] ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی سەردەمی ڕۆشنگەری، داوای لەو گەڕیدە دانیمارکییانە کردبوو کە بە فەرمانی پاشای ئەم وڵاتە سەردانی ڕۆژهەڵات دەکەن، بابەت سەبارەت بە زمانی کوردی کۆ بکەنەوە. ئینجا تەنیا لە ساڵی ١٧٦٤دا، "ئاوگوست

ڤۆن شلۆتسر"[10] خوێندکاری لێهاتووی "جان میشایلز" بە فەرمانی "یەکاترینی دووەم" ئیمپراتۆری ڕووسیا سەردانی ڕۆژهەلاتی کرد و کاری لەسەر کورد و زمانی کوردی دەست پێ کرد. لێرخ هەروەها ناوی قەشە "گارزۆنی" ئیتالیایی هێناوە کە لە ساڵی ١٧٦٨ەوە ١٨ ساڵ لە شاری ئامێدی ژیاوە و یەکەم کەس بووە زانایانی جیهانی بە زمانی کوردی ئاشنا کردووە. لێرخ لێرەدا بەوردی باسی نێوەرۆکی کتێبەکەی "گارزۆنی" کردووە و دەڵێت: "بێگومان لەبەر نەبوونی بابەتێکی هاوچەشن چ ئەو کاتی و چی پێشتریش، ئێستا دەتوانین بڵێین کە بەرهەمەکەی "گارزۆنی" گەلێک بەنرخە. هەڵبەت "گارزۆنی" بابەتە کۆکراوەکانی بەباشی نەگواستووەتەوە، بۆیە نابێت چاوەڕوانێکی ئەوتۆمان لەم بەرهەمە هەبێت". هاوکات دەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی چڕوپڕ سەبارەت بە نێوەرۆکیان، لێرخ ئاماژەی بە ژمارەیەک کتێب و بۆچوونی گەڕیدە و نووسەرانی کردووە کە هەر کامیان ڕێژەیەک واتا و وشەی کوردییان تۆمار کردووە.

لێرخ بەگوێرەی تۆێژینەوە زمانەوانییەکان، هەروەها لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بە زمانی کوردی، زاراوەکانی کورمانجی، لۆری، کەلهوڕی، گۆرانی و زازای بۆ زمانی کوردی هەژمار کردوون. سەبارەت بە زمانی کوردی و فارسی لێرخ هاوڕا بووە دەگەڵ "ڕۆدیگێر"[11] و "پۆت"[12] و پێی وا بووە:

"زمانی کوردی لە زمانی پارسیی نوێ زۆر نزیکە، بەڵام لە زۆر لایەنیشەوە لە یەکتر دابڕاون و گۆڕانییان بەسەردا هاتووە، بەتایبەت بەهۆی کورتبوونەوە و پتر سووانەوەی پیتە دەنگدارەکان و بزربوونی پاشگرە لێکدراوەکان و لەنێوچوونی کارە سادەکان و جێگرتنەوەی بە کاری یاریدەدەر. هەڵبەت زمانی کوردییش وەک زمانی پارسیی نوێ کاتێک بووەتە زمانی وێژەیی، لە توانەوە ڕزگاری بووە.... هەر دوو زمان یەک ڕیشەیان هەیە و لە زمانی زەندی {ئاڤێستایی} زۆر نزیکن. لە یەک ڕووەوە زمانی کوردی و زمانی پارسیی نوێ تووشی یەک چارەنووس بوون و بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچەکانی پارسەکان و کوردەکاندا، گەلێک وشەی عەرەبی کەوتووەتە نێو هەر دوو زمانەکە؛ ... بێجگە لەوە، لەم دوایانەدا لە ناوچەکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بەکارهێنانی وشەی تورکی بووەتە باو. بەڵام نە زمانی تورکی و نە زمانی عەرەبی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر پێکهاتەی نێوخۆیی ڕێزمان کوردی دانەناوە و تەنیا وەک پینەیەک بەم

زمانەوە دیارە و دەکرێت زۆر بەئاسانی لە وشەی ڕەسەنەکانی کوردی جیا بکرێنەوە".

سەبارەت بە وێژە و نووسراوەی کوردی لە لاپەڕەکانی ۴۳ و دواتردا، لێرخ دەڵێت: "کورد شێعری هەیە کە بەشێکیان کوردیی ڕەسەنن و بەشێکیان لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون. بەداخەوە نزیک بە هەموویان نەناسراو ماونەتەوە. ڕێنووسەکەیان عەرەبی- فارسییە. بێجگە لە سترانە فۆلکلۆرییەکان، وەرگێڕراوی هەڵبەستە ئەفسانەییەکانی فیردەوسی و نیزامیشیان هەیە".

هەر لەم بارەدا لێرخ دەڵێت کەسێک بە ناوی "مەلا نەجەف" چامەیەکی بە ناوی "خودا" [۱۳] بۆ "ڤ. دیتل" [۱۴] خوێندووەتەوە و ناوبراو گوتوویەتی بەختیارییەکانیش وێژەی خۆیان هەیە.

سەبارەت بە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی لە لاپەڕەی ۴۴دا، ئاماژەی بە بۆچوونەکەی "جێمز ڕیچ" کردووە کە گوتوویەتی:

" کورد حەزی لە مۆسیقایە و هەواکانیان مۆرکێکی خەم و پەژارەی پێوە دیارە. لە جەژنی ڕەمەزاندا گوێبیستی نەوایەکی یەکدەنگ {uni-sono}ی ئارام و دڵڕفێنی بلوێری جووتیارێکی کورد دەگەڵ سترانێکی ئارامی خەمبار بووم. گۆرانییەکانی سەپانە کوردەکان سەبارەت بە داستانی شیرین و فەرهاد، وەک ئاوازی لۆتکەوانە ڤێنیز یییە کانە".

هەوروەها ئاماژەی بە بۆچوونی "خەچەتوور ئابۆڤیان" [۱۵] کردووە کە جەختی لەوە کردووەتەوە:

"گۆرانییەکانی کوردی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشکەوتوون و گەیشتوونەتە لووتکەی... ژن و پیاوی کورد بە ناخی شاعیرانە لە دایک دەبن... زۆر ئاسایی و بێگرێوگۆڵ و بە گشت هەست و ویستیان، سۆز و خۆشەویستیی خۆیان بۆ دۆڵ و دەراوەکان، چیاکان، ئاوهەڵدێرەکان، ڕووبارەکان، گوڵەکان، چەکەکانیان، ئەسپەکانیان، بۆ جەنگاوەرە دلێرەکانیان بە گۆرانی دەچڕن... {بەڵام} بەداخەوە بەشێکی زۆر کەم لەو بەرهەمانە بۆ ئێمە ناسراون".

سەبارەت بە دۆخی ئایینی هۆزەکانی کورد و ئێزدییەکان لە لاپەڕەکانی ۴۵ و دواتردا، لێرخ دەڵێت:

"زۆربەی کورد پەیڕەوی لە ئایینی محەممەدی و ئایینزای شافیعی دەکەن، بەڵام هەندێک لە هۆزەکانیان شیعەن. بەگشتی هەموویان موسڵمانی باش نین، باوەڕیان بە هات و نەهات نییە و لە بەرانبەر نەخۆشیی تاعووندا

خۆیان ناپاریزن، خواردنەوەی مەی، بە گوناهـ نازانن و تورک و پارسەکان پێیان وایە کوردەکان دەگەڵ ژنەکانیان زۆر نەرم و نیانن. تورکەکان دەڵێن، کوردەکان لە زۆر بارەوە وەک ئەوروپاییەکانن".

هەروەها لە زمانی ڕۆژهەڵاتناسی فرانسایی، "مارک کاترمیر" و ئەویش لە زمان "مەسعوودی"یەوە دەڵێت:

"کریستیانە یەعقووبییەکانی دەوروبەری مووسڵ و چیای جوودی کوردن". یان بەگوێرەی گەشتنامەکەی کەشیشی ئەمریکایی، "هۆراشیۆ ساوتگەیت" [16]دەڵێت: "لەنێو یەعقووبییەکانی دەوروبەری مێردیندا، هەندێک ئاگرپەرست هەن کە بە زمانێکی نهێنی دەئاخڤن کە پێی دەڵێن زمانی "شەمسییە" و لە دیاربەکر ١٥ ماڵباتی لەم چەشنە هەیە".

لێرخ دەڵێت: "لە ئاخاوتنی کوردزمانانی پەیڕەوی ئایینی ئێزیدیدا، "عەلیئۆلاهی"{یارسان} و "چراخ-سۆندەران"دا [17]، پەیڤگەلێکی سەرنجڕاکێش دەبینرێت کە پاشماوەی زمانێکی کەونارای میزۆپۆتامیا و ولاتانی دەوروبەریەتی". لێرخ لەم بەشەدا باسی چەند ئوستووەی کەونداری ئایینی دەکات و پاش ئاماژە بە پیرۆزبوونی مەلیک تاوس لای ئێزدییەکان، ئاماژە بە بۆچوونی چەند زانایەک سەبارەت بە خوداوەندی ئەکەدی، سۆمەری و بابیلۆنی بە ناوی "نێرگاڵ" دەکات کە گوتوویانە هاوشێوەی مەلیک تاوس بووە، لێرەدا لێرخ جەختی لەوە کردووەتەوە کە ڕیشەی "نێرگاڵ" هەمان "ئەر، ئۆر یان ئوور"، واتە هەمان "ئاگر" و هاوڕیشەیە دەگەڵ خوداوەندی "ئاستارتا" [18] کە خوداژنی هۆزە سامییەکانی ٣ هەزار ساڵ پێش زایین بووە. تەنانەت دەڵێت، سەرچاوەی خوداوەندی "ئاستارتا" دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی "پۆنت" {باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش} و لە ڕێگەی دانیشتوانی ناوچەی "تاوریدـ" {ناوی کەونداری نیمچەدورگەی کریم} گوازراوەتەوە بۆ نێو گەلانی سلاڤیانی. بۆیە لێرخ پێی وا بووە سەرهەڵدانی ئایینی ئێزدی بۆ سەردەمانی فرە کەونارا دەگەڕێتەوە.

هەروەها بەگوێرەی نووسراوەکانی "هێنری لەیارد"ەوە دەڵێت:

{ئەو کوردانەی} "لە کوێستانەکانی "دیجووک"ی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەرزەڕۆم دەژین، داربەڕوو، درەختە مەزنەکان، زنارە بەرزەکان و دیاردە مەزنەکانی سروشت دەپەرستن. "ڕەشید پاشا" کە ئەو زانیاریانەی بۆ "لەیارد" باس کردووە، گوتوویەتی ئەو هۆزانە دابونەریتی خراپ و شاراوەیان هەیە؛ ڕێبەرە ئایینی و سیاسییەکانیان بە کوردی دەئاخڤن، بەڵام ناوەکانیان

عەرەبییە".

لێرخ لە باسی ئێزدییەکاندا، دەڵێت:

سەبارەت بە ناسنامەی شێخ ئادی کە ئێزدییەکان بە پەیامهێنەری خۆیان دەزانن گەلێک بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی ئەم باسەیان وروژاندووە، هیچکامیان ئاگایان لە دێرێکی Bar-Hebraeus [19] نەبووە کە لە لاپەڕەی ٥٧٩ی وەرگێڕراوی لاتینی دەستنووسە سریانییەکەیدا، {بەم شێوەیە} باسی سەردەمی ژیانی شێخ ئادی کردووە: (نزیک ساڵی ١٢٧٥ی زایینی) "لە نێوان هەر دوو کورەکەی شێخ ئادیدا، ناکۆکی ساز بووە. ئەو شێخەی کە ئێزدییەکان بە پەیامهێنەری ئایینی ئێزدی دەزانن". ئەگەر ئەم دێڕەی سەرەوە دەگەڵ بۆچوونەکەی شەرەفخان لێک گرێ بدەین کە دەڵێت، بەگوێرەی هەندێک لە زانایانی هۆزەکانی دەوروبەری مووسڵ و شام، شێخ ئادی سەر بە زنجیرەی مەروانییەکان بووە (از تابعان خلفاء مروانیه بوده)، ئینجا دژواری ئەو کەسایەتییەی کە ناوی {لە کتێبە سریانییەکەدا} هاتووە، بە پێکهێنەری "سێکتی" ئێزدی هەژمار بکەین. چونکە ئایینی ئێزدی زۆر کۆنترە لە سەدەی ١٣ی زایینی".

لێرخ لە دریژەی ئەم بەشەدا، پتر لە ٥ لاپەڕەی بۆ بۆچوونی گەشتیاران و نووسەرانی دیکە سەبارەت بە ئایینی ئێزدی و "عەلیئۆلاهی" و ئایینی کوردانی "شەبەک" تەرخان کردووە. سەبارەت بە ئایینی "عەلیئۆلاهی" دەڵێت: "گەلێک گرنگە سەرەتای دەستپێکی ئەم باوەڕمەندییە بزانین، بەڵام دەبێت بە ئاشکرا بڵێین کە هیچ لەبارەیانەوە نازانین". بەڵام بەگوێرەی گێڕانەوەکانی ئەو گەڕیدانەی سەردانیان کردوون، دەلێت باوەڕیان بەوە هەیە کە پاش مردنیان، ڕۆحیان بۆ جەستەی زیندەوەرێک یان بۆ جەستەی مرۆڤێکی دیکە دەگوازرێتەوە. واتە ڕۆح لە جەستەیەک بۆ جەستەیەکی دیکە جێگۆڕکێ دەکات و سەدان ساڵ دەژیت. هەروەها جەختی لەوە کردووەتەوە کە پەرستنی عەلی بەجێی خودا، ناکەوێتە نێو دەقی ئایینی "عەلیئۆلاهی"یەکان، بەڵکوو تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ شاردنەوەی "بتپەرست"بوونیان بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆز و خۆشەویستیی پارسەکان کە شیعەن. دواتر دەڵێت: "بەگوێرەی Bar-Hebraeus ناوی ڕاستەقینەی ئەم "سێکت"ـە کە شیعەن، "النصیریة"[20] "یە. "کلێمنت دێ بۆدێ" [21] بە "نووسەیر"یەکان و "ساوتگەیت بە "نەسووری" ئاماژەیان پێ کردووە".

هەروەها ئاماژەی بە بۆچوونی "جۆرج پێرسی باجەر" [22] یش کردووە کە گوتوویەتی:

"سەبارەت بە کوردە کۆچەرەکانی نزیک جزیرە دەنگۆیەک هەیە کە گوایە

گوێلک دەپەرستن و شـــەوانە کۆبوونەوەی شاراوەیان هەیە. دەســـتەیەکیان بە ناوی "شـــەبەک" هەیە کە لە دووســـێ گوندی نزیک مووســـڵ دەژین و ئەگەر کەسێکیان بـــە دەســـتووری ئیسلام هەڵســـوکەوت بکات، لـــە کۆمەڵـــگای خۆیـــان دەری دەکەن؛ ئەوانەش ســـاڵانە جەژنی خۆیان هەیە و وەک ئێزدییەکان بە گەڕ دەســـت دەگرن و هـــەڵ دەپەڕن".

وردبوونەوە لە ژمارەی هۆزەکانی کورد

لـــە لاپەڕەکانـــی ٥٩-١٢١ی ئـــەم بەشـــەدا، لێـــرخ دەڵێـــت، هۆزەکانی کورد لەژێر دەســـەڵاتی ســـێ زلهێزی ڕووســـیا، تورکیـــا و پارســـدا دەژین و لـــە ٦٢ لاپەڕەدا و بەگوێرەی ســـەرچاوە ئاماژەپێکـــراوەکان بـــەوردی هەژماری ئاپـــۆرە و هەندێـــک تایبەتمەندی و ناوی لق و پـــۆ و خێڵەکانی زۆربـــەی هۆزەکانی کـــورد کە لە ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی ئەم ســـێ وڵاتەدا دەژین، تۆمار کردووە.

ســـەبارەت بە دۆخی ژیانـــی کوردەکان لە پـــارس و تورکیادا[٢٣]، لێـــرخ دەڵێت:

"بارودۆخی ئیمپراتۆرییەکانـــی تورک و پارس ئەوەنـــدە لەبـــار نییە بـــۆ دابینکردنی ژیانێکـــی بـــاش، ئینجـــا دۆخەکە بۆ کوردەکانیـــش گەلێـــک نالەبارترە. بۆیە گۆڕەپانەکـــە بۆ دژکـــردەوەی تونددوتیژانە و هەمەلایەنـــەی کـــوردەکان ئامادەیە". ئامـــاژە بـــە بۆچوونی "جۆرج پێرســـی باجەر"یـــش دەکات کـــە گومانی لەوە نەبـــووە ئەگـــەر کوردەکانـــی تورکیا لەژێر دەســـەڵاتێکی دادپـــەروەردا ژیابان، گەلێک فەرمانبەرتر و بەســـوودتر دەبوون. کوردەکان لـــە وەڵامی پرســـیاری ئەم ڕۆژهەڵاتناســـە ئینگلیـــزەدا کە بۆ چی ئێوە بەردەوام لە شۆرشـــدان، گوتوویانە:

"باشـــە دەبێـــت چ بکەیـــن؟ ئێمە کە لە دەشـــتاییدا دەژیـــن، خەریکی ئاوەدانکردنـــەوەی گوندەکانیـــن. بـــە باخ و ڕەزەکانمـــان ڕادەگەیـــن، خەریکـــی کشـــتوکاڵین و زەویی دێـــم پڕبەرهەم دەکەین، بـــەلام لە بەرانبـــەردا، باجی زەبـــەلاح بەســـەرماندا دەســـەپێنن و هیچ ســـوودێک لـــە کار و زەحمەتمان پـــێ ناهێڵنـــەوە و دەکەوینـــە بـــاری هەژاری، ســـەرباری ئەوەش ڕووبەڕووی ئەوپـــەڕی تونددوتیـــژی و ســـەرکوت بووینەتەوە. کاتێـــک ناتوانین داخوازییە چاوەڕوانکراوەکانـــی ســـەرکوتکارانمان جێبەجـــێ بکەیـــن، ئینجـــا تۆمەتی خراپکاریشـــمان دەخەنە پاڵ. تورکەکان گوندەکانمـــان تاڵان دەکەن، کەرەســـتە کشـــتوکاڵییەکانمان دەدزن، یـــان دەمانکوژن یان بەدیـــل دەمانگرن. ئیتر چ ڕێگەیەکمـــان بـــۆ دەمێنێتەوە؟ ناچار دەبیـــن خانوخێزانمان جـــێ بهێڵین و ڕوو بکەینە هەواڵانمـــان لە چیاکان کە لە هەرچی ســـەرکوتکاری و ســـتەمە، ئـــازادن. بەڵـــێ، ئەوەیە چارەنووســـی ئێمە. بـــەڵام خوا بەخشـــندەیە".

لێرخ پێی وا بووە بارودۆخی کوردەکانی پارس لەچاو کوردەکانی تورکیا، باشتر بووە. و دەڵێت ئەو ناوچەیەی لە کەوناراوە بە زنجیرەچیاکانی زاگرۆس ناسراوە و ئێستا بەناوی لورستان بەناوبانگە، هەر لە کۆنەوە پەیوەندیی بە دەوڵەتی پارسەوە زۆر لاواز بووە و هۆکارەکەشی گەڕاندووەتەوە بۆ ئازایی و جەنگاوەریی ئەو هۆزانەی لەم کوێستانانەدا دەژین. و دەڵێت: "لورەکان لە ناوچەکانی خووزستان و "بێهبەهان"یش دەژین... ئاغاوەتە خۆجێییەکان هەر لە سەردەمانی کۆنەوە کاروباری هۆزیان بەڕێوە بردووە و شا بەهەڵکەوت توانیوێتی کاربەدەستانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت".

خشتەی ناوچەکانی ژیانی هۆزەکانی کورد لەم سێ وڵاتەدا، گەلێک سەرنجڕاکێشە و لێرخ بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کردوون:

لە تورکیا

لێرخ لە پەراوێزدا بەگوێرەی سێ سەرچاوە دەڵێت کوردەکان لە ۴۰ ئەیالەتی ئەم وڵاتەدا دەژین. بەڵام لەم بەشەی کتێبەکەیدا ئاماژە بە شوێنی ژیانی هۆزەکانی کورد لە ۱۰ ئەیالەت و لیواکانی کردووە و بەگوێرەی سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان زۆر بەوردی زانیاری سەبارەت بە هۆزەکانی کوردی تۆمار کردووە کە بریتین لە: ئەیالەتی هەکاری، پێکهاتوو لە لیواکانی: هەکاری، وان، مێردین و جزیرە و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ۶۳ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی کوردستان بە لیواکانی دێرسم، مووش و دیاربەکر و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ۲۳ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی مووسڵ بە لیواکانی مووسڵ[۲۴] و ڕواندز و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ۶۷ هۆز و خێڵی ئەم ناوچەیە؛ ئەیالەتی بەغدا بە لیواکانی بەغدا، سلێمانی و بەسرە و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ۳۰ی هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی حەلەب بە لیواکانی حەلەب، ئورفا، ڕووم قەلەسی، بیرجیک، عەینتاب و کلیس و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ۲۳ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی خەربڕووت بە لیواکانی خەربڕووت، بەگیسنە، مەلاتی، میادێن و عەرەبگیر و زانیاری سەبارەت بە ۴ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی ئەدەنە بە لیواکانی ئەدەنە، ئیچیل، تارسووس، بیلان، قەرە ئیسالیو و مەرعەش و زانیاری سەبارەت بە ۲ هۆزی ناوچەکە؛ ئەیالەتی بۆزووک یان بۆزووق[۲۵] بە لیواکانی بۆزووک، ئەنگۆرا، کیانگیری، قەیسەری، کۆزان داغ و ناوچەکانی هۆزی "جیهان بەگلی" و زانیاری سەبارەت بە ۲ هۆزی ناوچەکە؛ ئەیالەتی ئەرزەڕۆم بە لیواکانی ئەرزەڕۆم، "چەڵدر"، قەرس و بایەزید و زانیاری سەبارەت بە ۱۲ هۆز و خێڵی ناوچەکە.

لە ڕووسیا،

بەگوێرەی لێرخ کـــوردەکان لە ناوچەی قەرەباخ و پارێـــزگای یەریڤان و پارێزگای ئیمێرێتـــی[۲۶] ژیـــاون؛ لـــە ۴ گوندی محاڵـــی دارئاڵاگێز و زانیاری ســـەبارەت بـــە ۱۲ هـــۆز و خێڵـــی ناوچەکە؛ لە محاڵـــی نەخجـــەوان ۳۳۶ کۆچـــەری کـــورد؛ لـــە محاڵـــی ســـەردار ئاباد و زانیاری ســـەبارەت بە ۱۰ هۆز و خێڵی ناوچەکـــە؛ لـــە محاڵی ســـوورمالین و زانیاری ســـەبارەت بە ۱۰ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ لـــە محاڵی شـــەروور پتر لە ۲۶۰۰ کۆچـــەری کـــورد دەژین؛

لە پارس،

هۆزەکانـــی کورد لـــەم ناوچانەدا دەژین: لـــە ئازەربایجـــان (پتر لـــە ۵۴ هۆز و خێڵ)؛ لـــە قـــەزای تارۆم لە "ســـەر ســـنووری ئازەربایجـــان و ئێـــران"؛ لە دەوروبەری شـــاری ڕەی[۲۷]؛ لە ئەردەڵان (۷ هـــۆزی ناوچەکە)؛ لـــە دەوروبەری کرماشـــان (۷ هۆز و خێڵـــی ناوچەکە)؛ لە لوڕســـتان و خووزســـتان (پتر لە ۸۹ هۆز و خێڵـــی ناوچەکە)؛ لـــە ناوچەی بەختیـــاری (پتر لـــە ۱۶۰ هۆز و خێڵی ناوچەکە)؛ لـــە ناوچـــەی کووەگێلوویە (پتر لە ۲۸ هۆز و خێڵـــی ناوچەکە)؛ لە ناوچەی خۆراســـان (۶ هۆزی ناوچەکە)؛ لـــە مازندەران (۲ هـــۆزی ناوچەکە)؛ لە چیاکانی دەیلەم ("زۆربەی دانیشـــتوانی ۲۵ گوند بـــە درێژایی ڕووبـــاری "قزڵ ئـــۆزن" تاکوو پشـــتکووهی لوڕســـتان کـــوردن"). هەڵبەت لێـــرخ دان بەوەدا دەهێنێت کـــە زانیارییـــە چڕوپڕەکەی ســـەبارەت بـــە هۆزەکانی کـــورد تەواو نییـــە و وەڵامـــدەری کۆتایـــی بۆ ئەو پرســـە نابێت.

بەرگی دووەم

بەرگـــی دووەم ۱۴۵ لاپەڕەیە و بریتییە لە پێشـــەکی، ڕاپۆرتی ئەکادیمیســـت "دۆڕن"، ڕاپۆرتێـــک بـــۆ ئەکادیمیـــا ســـەبارەت بـــە ســـەردانەکەی لـــە "ڕۆسڵاڤـــڵ"، کۆمەڵێـــک دەقی کوردی بە زاراوەکانـــی کورمانجی و زازا، هەروەها پاشـــکۆیەک کـــە دەقـــە کوردییەکانی ئـــەرزەڕۆم و تەوڕێزی لەخـــۆ گرتووە.

پێشەکیی بەرگی دووەم

لـــە لاپەڕەکانـــی III-VIدا، لێـــرخ ئاماژە بـــەوە دەکات کە لە ســـاڵی ۱۸۵۶، بە بڕیاری ئەکادیمیای زانســـتیی ڕووســـیا بـــە مەبەســـتی توێژینەوە لـــە زمانی کـــوردی، ڕەوانەی شـــاری "ڕۆسڵاڤڵ" لە پارێـــزگای "سمۆلێنســـک" کراوە، ئەو شـــارەی کە هەندێـــک دیلی کورد لەوێنـــدەرێ ڕاگیرابوون . لێرخ ســـێ مانگ هاموشـــۆی هەبـــووە دەگەڵ ۵۰ کـــوردی ناوچەکانی: مێردیـــن، جزیر، دێرســـم، مـــووش، دیاربەکـــر، ئورفا، بێرەجیـــک، خارپـــووت، Бегесне بەگیســـنە"، مەلاتیە، مادەن، عەرەبگیر و ئـــەرزەڕۆم ("زاراوەی زۆربەیـــان کورمانجی و هـــی هەندێکیشـــیان زازا بووە").

لێرخ لە ســـەرەتا تـــا ڕادەیەکی باش ئاخێـــوەری زمانی کوردی بـــووە. دواتر توانیوێتـــی نموونەگەلێـــک لـــە دەقی

کـــوردی بـــه زاراوه ئاماژەپێکـــراوەکان بنووســـێتەوە و گەلێـــک زانیاریـــی ئیتنۆگرافیایی ســـەبارەت بـــه کورد کۆ بکاتـــەوە؛ بۆیـــه تەوەرەی ســـەرەکیی بەرگی دووەم (١٨٥٧) و سێیەمی (١٨٥٨) بەرهەمەکـــەی بریتییه لـــه کۆمەڵێک کۆکـــراوەی زمانەوانـــی و ئیتنۆگرافیایی کە لـــه دیلـــه کوردەکانی وەدەســـت هێنابـــوو، دەگـــەڵ ئـــەو زانیاریگەلەی لە نووســـراوەکانی گەشـــتیارە ڕووس و بیانییەکان دەســـتی پێ ڕاگەیشـــتبوو.

ڕاپۆرتی ئەکادیمیست "دۆرن" [٢٨]

پرۆفیســـۆر "ئالبرێخت دۆرن" سەرۆکی لقی مێـــژوو و زمانەوانیـــی ئەکادیمیای زانســـتیی ئیمپراتۆریـــای ڕووســـیا لە کۆبوونەوەی ٢٠ی جوونی ساڵی ١٨٥٧دا ســـەبارەت بە ئاکامی گەشتەکەی لێرخ ڕای گەیاندووە کە: "بەخۆشـــییەوە "پ. لێـــرخ" بەربژێری {دکتـــۆر} لە زانکۆی ســـان پیتربورگ ئێســـتا لە گەشتەکەی گەڕاوەتـــەوە و ڕاپۆرتێکی تێروتەســـەلی پێشـــکەش بە لقی ئەکادیمیـــا کردووە. ئەم ڕاپۆرتە هێشـــتا ســـەرەتاییە، بەڵام بەتـــەواوی پێشـــانمان دەدات کە ناوبراو لە ئەرکی خـــۆی دەگەڵ کـــوردەکان ســـەرکەوتوو بووە" (لاپەرەکانی ١-٤).

ڕاپۆرتی لێرخ بۆ ئەکادیمیا

لێـــرخ لـــه ڕاپۆرتەکەیدا بـــۆ ئەکادیمیا لـــه لاپەڕەکانـــی ٥ تاکـــوو ٣٧دا، بەگوێـــرەی تۆێژینـــەوە زمانەوانییەکانی ســـەرچاوەکان، هەروەها لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانـــی خۆی ســـەبارەت بە زمانی کوردی، زاراوەکانـــی کورمانجی، لۆری، کەلهـــوڕی، گۆرانـــی و زازای بۆ زمانی کـــوردی هەژمار کـــردوون. لێرخ لە هاموشـــۆ دەگەڵ دیلـــه کوردەکاندا، هەلـــی فێربوونـــی تەنیـــا زاراوەکانی کورمانجـــی و زازای بـــۆ ڕەخســـابوو، بەڵام پتـــر خەریکی کورمانجـــی بووە. چونکـــه وەک لێـــرخ بۆخـــۆی دەڵێت: "کـــوردەکان لە سەرتاســـەری ڕۆژاوای کوردســـتان، واتە لە موســـڵەوە بگرە هەتاکوو ئاســـیای بچووک و ســـلێمانی ڕاوێژیـــان زاراوەی کورمانجییه". هاوکات ڕوونـــی کردووەتەوە کە لـــه ئاخافتنی هۆزەکانـــی باکوور و باشـــووری ڕووباری دیجلـــه بەگوێـــرەی وشـــه، گۆکردن و بیچمی ڕێزمانـــی زاراوەکانیان، جیاوازی بـــەدی دەکرێت، "بەڵام ئـــەو جیاوازییه ئەوەنـــده مـــەزن نییه کـــه ئەندامانی هـــۆزەکان لـــه یەکتر تـــێ نەگەن".

لێرخ دەگەڵ "ئاگۆســـت فریدریش پـــۆت"، زمانەوانـــی ئەڵمانـــی، یەکێک لـــه دامەزرێنەرانـــی زمانەوانی مۆدێرنی هیندوئەوروپایی و زمانەوانیی گشـــتی، هاوڕا بووە کە لەنێو زمانـــه ئێرانییەکاندا زمانی کـــوردی، زمانێکی ســـەربەخۆیە؛ لەم بـــارەوە دەڵێت:

"بەپێـــی زانیارییـــه کۆکراوەکانـــم بێت، هیچ بنەمایەکم بـــەدی نەکردووە تـــا هـــاوڕا نەبـــم دەگـــەڵ داکۆکییه ســـەلمێنراو و پەیتاپەیتاکانی پرۆفیسۆر "پـــۆت" کاتێـــک لەنێـــو کۆمەڵـــه

زمانـــه ئێرانییەکانـــدا زمانـــی کوردیی وەک زمانێکـــی ســـەربەخۆ پۆلیـــن کـــردووە... زمانی کـــوردی (کورمانجی) ســـەربەخۆییی خـــۆی لـــە جەرگەی کوردســـتاندا پاراســـتووە و پـــەرەی ســـەندووە؛ بیچمەکەی جیایە لە زمانی پارســـی بـــەڵام خزمایەتـــی نزیکییان دەگەڵ یەکتر هەیە... وشـــەگەلی بێگانە کـــە دزەیـــان کردووەتە نێـــو زمانی کوردی، هیچ کاریگەرییەکیان لەســـەر پێکهاتەی نێوخۆییی ئـــەو زمانە دانەناوە و دای نانێت.... هـــۆکاری جیاوازیی زمانی کوردی و پارســـی بێگومان دەگەڕێتەوە بـــۆ ئەو ســـەردەمانەی کـــە هۆزەکانی کـــورد لـــە هـــۆزە ئێرانییـــەکان جیا بوونەتەوە".

لێـــرخ پێداگرانـــە لەســـەر ئـــەو بـــاوەڕە بـــووە، داوەریکردن ســـەبارەت بە پەیوەندیـــی مێژوویی نێـــوان زمانە ئێرانییەکان دەگـــەڵ یەکتر تەنیا کاتێک ئاکامی دەبێت، ئەگەر ئاســـتی زانســـت بگاتە وەهـــا ڕادەیەک کە بـــۆ هەر کام لـــەم زمانانە توێژینەوەی زانســـتییانەی بـــاش لە ڕێزمـــان، فەرهەنگـــی پەیف، وشـــە و گۆکردنییان بکرێت.

لێرخ لـــەم ڕاپۆرتەیدا پتـــر لە ٢٨ لاپـــەڕەی بـــە تێروتەســـەلی تەرخان کـــردووە بـــۆ تایبەتمەندییەکانـــی دیلـــە کوردەکانـــی ڕاگێراو لە شـــاری "ڕۆسلاڤـــڵ". بـــۆ نموونە:

"... لـــەو ماوەیـــەدا بینیـــم کـــە کـــوردەکان زۆرخـــۆر نیـــن، دڵپاکن، سوپاســـگوزارن بۆ ئـــەو چاکەیەی بۆیان دەکرێت، خاکەڕان، ڕاســـتگۆ و ڕووڕاستن؛ بێجگە لەمانە باش لە پێداویســـتی ژیانی بەکۆمەڵ تـــێ دەگەن، قســـەخۆش و شادن، و جۆرێک تێڕوانینی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ هەموو شـــتەکانی دەوروبەریان... لەو ژووڕانـــەی بۆیان تەرخان کرابوو و ٨ تا ١٢ دیلی (کـــورد و تورک)ی لە خۆ دەگرت، شـــادی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بالادەست بـــوو... کاتێـــک چەند کەســـێکیان کۆ دەبوونـــەوە و گۆرانیبێژێکیـــان لەنێودا با، ئیتـــر کۆبوونەوەکەیان بـــە گۆرانیی نیشـــتمانی پـــڕ دەکرد لە شـــادی و خۆشی؛ وشـــەکانیش هەمیشـــە لێوانلێو بوون لـــە ســـۆزی ئاگرینی شـــانازی بـــە خـــاک و زێدیـــان. ســـەرەڕای باوەڕیـــان بە "محەممەدیزم"، هەســـتی نەتەوەییـــی خۆیان لەدەســـت نەدابوو. تەنانەت هەمیشـــە بە خۆشەویســـتی و بەجۆشوخرۆشـــەوە باســـی بەگەکانییان دەکرد. کەمیـــان نەدەهێنا لە گێڕانەوەی چیـــرۆک ســـەبارەت بە چارەنووســـی دڵتەزێنـــی زۆرێک لە ســـەرکردەکانیان. دیارە بـــە لەبەرچاوگرتنـــی درندەیی پاشـــاکانی تورکیـــا لە ئاســـیا، گەلێک بیرەوەریـــی دڵتەزێـــن و دەگمەنیـــان دەگێـــڕاوە. زۆربـــەی وشـــەکانی ئەو گۆرانییـــە فۆلکلۆرییانـــەی کـــە لـــە کوردەکان بیســـتوومن و تۆمارم کردوون،

ئیرۆتیکی و باسی پاڵەوانێتین... لە گۆرانیی کوردیدا، گاڵتە و گوڵمەز کەم نین و زۆربەی گۆرانییەکان لە پێناو سەربەخۆیی لە شەڕە خوێناوییەکانیان دەگەڵ سوڵتانەکانی تورک باسی پاڵەوانێتیی کورد و بەرخۆدانیان دەکات. وەک دەزانین (بەپێی مۆلتکە) تەنانەت ژنانیش لەو شەڕانەدا بەشدار بوون. لەنێو گۆرانییە تۆمارکراوەکانمدا، یەکێکیان ئاماژەیە بە ڕاپەڕینی کورد لە "خەرسان داغ". نیوەی دەقە کوردییەکان (بە پەخشان و بەیتەوە) بە یارمەتیی حەسەنی زازا، خەڵکی پاڵوو کە زۆر جار لە ژووڕەکەم لە "ڕۆسڵاڤڵ" لێم بیستووە، تۆمارم کردوون. جێگەی سەرنجە زۆر جار لە کاتی چڕینی گۆرانییەکاندا، حەسەن دەوەستا و دەکەوتە بیرکردنەوەیەکی قوواڵ لە یادەوەری ئازایەتیی هاوهۆزەکانی. ئەوەش هێزی لێ دەبڕی و نەیدەتوانی بەسەر ئەو هەستەیدا زاڵ بێت. جارێک لێم پرسی بۆ بەردەوام نابیت، وەڵامی دامەوە، "دڵێ مە دەشەوتێ" (واتە دڵم ئاگری گرتووە). کاتێک حەسەن بەسەرهاتی شەڕ و پێکدادانی نێوان هۆزەکەی و هۆزەکانی تری دەگێڕاوە و خۆشی بەشدار بووبوو، هەمان هەست دووبارە بەسەریدا زاڵ دەبووەوە. زۆر بەگەرمی و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە باسی "عەبدوڵڵا بەگ"، میری شاری پاڵووی دەکرد کە چاوێکی خۆی لەدەست دابوو و لە دیلیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو. ئەو حەسەنە، لەنێو ئاشناکانمدا، یەکێک لە کورە هەرە دڵپاک و لەسەردڵەکان بوو... کورد نە تەنیا حەزی لە مۆسیقا هەیە، بەڵکوو سەماش دەکات. لە کۆتاییەکانی ماوەی مانەوەم لە "ڕۆسڵاڤڵ" کاتێک ژمارەی تورکەکان پتر لە کوردەکان بووبوو، هیچ تورکێکم نەدیت سەما بکات. بەگشتی تورکەکان ئەو هەست و نەستە چالاک و زیندووەی کوردەکانیان نەبوو. زۆر جار کوردەکان لە ڕیزێکی دوورودرێژدا پشتێنەکانی یەکتریان دەگرت و ئینجا هەڵپەڕینێکی یەکدەستی ڕۆژهەڵاتییانەم دەدیت... لە گفتوگۆکاندا تایبەتمەندیی کەسایەتیی کورد پتر دەردەکەوت، زۆرێک لە دیلەکان کەسانی بەئاوەز بوون و سۆزداریان بۆ بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی هەبوو. دەگەڵ کوردەکان بە زاراوەی کوردیی کورمانجی دەئاخاوتم و لە گفتوگۆکاندا تەنیا لە زێد و بژێویی گەلەکەیانم نەدەپرسی، باسی چەمکە ئاکارەکانیشمان دەکرد. لە ڕاوێژی زاریاندا لەم بارەیەوە، تاقە پەیڤێکی نالەبار و یان بە دەنگی بەرزم لێیان نەدەبیست. بەم نموونەی ژێرەوە بۆم سەلما کە ئەوە هەستێکی زگماکی و ڕاستەقینەیانە. دوو عەرەب لە دیلەکانی "ڕۆسڵاڤڵ" چەند جار

دزییەکـــی بچووکیان کردبـــوو. هەر لە ڕۆژی گەیشتنمدا، تووشی هەر کوردێک دەبووم، ئاگاداریـــان دەکردمەوە کە چاوم بەو عەرەبانە نەکەوێـــت. پاش ماوەیەک لە ســـەردانێک بۆ لای ئـــەو کوردانەی دەمناســـین، هەســـتم بە شـــلەژان و ئالۆزیـــی دۆخـــی کۆمەڵگەکەیان کرد. دواتـــر دەرکـــەوت کـــە کـــوردەکان عەرەبێکیـــان لە کاتی دزینـــی چەند دار و پەردوویەکی نەخۆشـــخانەی شار گرتبوو و بە تاوانی دەســـتدرێژی بۆ ســـەر ماڵ و سامانی ئەو دامەزراوە خێرخوازییە، هەموو ڕق و تووڕەییان بەسەر شان و شـــەپیلک و ڕدێنی عەرەبەکەدا بەتـــاڵ کردبـــوو... کورد پتـــر لە تورک بایەخ بە ڕواڵەتی خۆی دەدات. حوســـێن هەمیشـــە لـــە ڕۆژە گەرمەکاندا بە جلی ســـپی دەســـووڕایەوە و بەردەوامیـــش لە ڕووبـــاردا خـــۆی دەشووشـــت؛ لە ژێـــر جاکەتێکی ســـپیی تـــا ڕادەیەک تەنگـــدا، کەوایەکی ڕەشـــی جوانی دەبەر دەکرد و پشـــتێنێکی چنراو لە داوی زێو و ئاوریشمی دەبســـت و لە ڕۆژانی ساردا بە پاڵتـــۆ ناقۆڵا ســـەربازییەکەی، خۆی دادەپۆشـــی. تەنانەت پاڵتۆکەشـــی بە شـــێوازێکی ڕێکوپێـــک و تایبەت لەبەر دەکـــرد. عەلـــی هاوڕێـــی محەممەد و ســـەر بە هـــۆزی "دێمی" لە شـــاری "هێنی" لە باشـــووری پاڵوو، جلوبەرگێکی پـــاک و ڕازاوەی دەبەر دەکرد. محەممەد هەروەها بە کلاوە ســـووڕەکەی کە وەک ئەوروواپاییەکان لەســـەری دەنا، جیاواز بوو".

لێـــرخ لـــەم بەشـــەدا کۆمەڵێک وشـــەی زاراوەکانی کورمانجی و زازاکی تۆمار کـــردووە کە لە دیلـــە کوردەکانی پرســـیوە وەک واتاگەلێک: بۆ پەیوەندییە خێزانییـــەکان، ناوی مانگەکانی ســـاڵ، نـــاوی ئەســـتێرەکان، هەروەها هەندێک میتۆلۆژیی کوردییشـــی لـــە دیلەکان بیســـتووە، و لەم بـــارەدا دەڵێت:

"کـــوردەکان نـــە تەنیـــا نـــاوی ئەســـتێرەکان، بەڵکوو دونیـــای مەزنی گیاندار و ئاژەڵەکانیش بە ژیانی ئاســـاییی مـــرۆڤ دەبەســـتنەوە. وا دیـــارە لەنێو کـــوردا تەواو بـــاو بێت و بـــاوەڕ بەوە هەبێت کـــە "کونەبوو" ســـەردەمانێک مرۆڤ بـــووە. ڕۆژێک دەگەڵ حوســـێن پیاســـەمان دەکـــرد، گوێمـــان لـــە خوێندنـــی "کۆترەپەپوو" بوو، حوســـێن گوتـــی: ئـــەو باڵندەیە مرۆڤێـــک بووە کە براکەی خـــۆی کوشـــتووە و خودا ســـزای داوە و بووەتـــە ئـــەم باڵندەیە، بزانە چـــۆن هاواری براکـــەی دەکات و دەڵێـــت "کەکـــۆ! کەکـــۆ!"، کوردێکی دیکەی کوێســـتانەکانی بۆتان لەســـەر ئەو بـــاوەڕە بوو کە گوایە ئـــەو باڵندەیە دەڵێت: "کێ کوشـــت؟ کێ کوشـــت؟، پاشـــان بـــە هاوارێکی بـــەرز دەیگوت، کـــۆڕە! باڵندەکە دەڵێت: مە کوشـــت، مە کوشـــت. ســـەبارەت بـــە باڵندەی "گوێین"(بـــە زاراوەی زازا، باڵندەیەکـــە

لـــە ڕەچەڵەکـــی کۆتـــر) حوســـێن دەیگـــوت کوڕێک بە دەســـتی زردایکی دەکوژرێـــت، خوشـــکەکەی لـــە خودا دەپاڕێتـــەوە و خـــوداش زردایکەکەی کردووە بەو باڵندەیـــە... جارێکیان داوام لـــە یەکێک لە کوردەکانـــی "ڕۆسڵاڤڵ" کرد پێم بڵێـــت بەپێـــی بیروباوەڕیان، هەموو شـــتێک کە لەســـەر زەوی دیارە لەســـەر چی وەســـتاوە (ئـــەوان هیچ بیرۆکەیەکیـــان نەبـــوو ســـەبارەت بە گۆی زەوی)، بەڵام ئـــەو کوردە وەڵامی دامەوە کە زەوی لەســـەر "گاماســـی" وەســـتاوە. لە گـــەڕان بـــە دوای مانای ئەم وشەیەدا، تێ گەیشـــتم کوردەکانی دیکە درێژە بەو باســـە نادەن و هەوڵیان دەدا پێـــش بەو گفتوگۆیـــە بگرن. من تەنیـــا ئـــەوەم لێیان دەســـتکەوت کە گوایـــە لـــە کتێبـــی "Ilmihal"(؟) [29] دا باســـی گاماســـی کـــراوە. یەکێکیان دڵنیا بـــوو کـــە باوکی ئـــەو کتێبەی خوێندووەتـــەوە... ســـەبارەت بە ئایینی هاونیشـــتمانە ئێزدییە "فرەخودایی"کان، زۆر کـــەم زانیاریم لە دیلـــە کوردەکان دەســـت کـــەوت. گێڕانەوەکانیـــان لە ئاســـتی بابەتە کۆکراوەکانی گەشتیاران ســـەبارەت بەو جۆاکـــە ئایینییەوە تێ نەدەپەڕیـــن. بەڵام هەندێـــک زانیارییان درکاندووە کـــە ڕەنگـــە بێکەڵک نەبن. ئـــەوەش باســـی جۆاکێکـــی ئایینییە کـــە بە "چراخ-ســـۆندەران" ناســـراون و لـــە باکـــووری ڕۆژاوای مەلاتیـــە (لە گوندەکانـــی "حەســـەن بەدریـــک"، "حەکیـــم خـــان"، "ئاڵا جاخـــان" و "دلووکـــداش" دەژیـــن). کەســـێکی "فرەخـــودا" دەیگـــوت خوداکەیـــان "ئەڵڵا"یە. موســـڵمانەکان پێیان دەڵێن "قزڵبـــاش". بەگوێـــرەی گێڕانەوەی ئەو کوردانەی کە هاموشـــۆیان دەگەڵ ئەم تاقمە هەبووە، ژن و پیاوە "قزڵباشـــەکان" بەبـــێ جیـــاوازی، ســـەرپێچی خوری بـــە ڕەنگـــی خورماییان لەســـەرە و گوڵینگەکانـــی بەســـەر دەموچاویانـــدا شـــۆڕ دەبێتـــەوە. جلەکانیان ســـەوزە، پێڵاوەکانیـــان بـــە کورک داپۆشـــراوە. پیاوەکانیان قژی ســـەریان دەتاشـــن، بەڵام ڕیشـــیان دەهێڵنـــەوە. ژنەکانیان پرچیـــان بە نۆ تا دە ڕایەڵـــە دەهۆننەوە و بە شـــیلان و مەرجـــان دەیڕازێننەوە. جێگـــەی ســـەرنجە بەپێی نووســـراوە کۆکـــراوە نهێنییەکانی ئەو جۆاکە -وەک بۆ ئێزدییـــەکان، کەڵەشـــێر پێگەیەکی گرنگـــی هەیـــە. ڕێبـــەری ئایینیـــی ئـــەو جۆاکە لـــە بەرانبـــەری مۆمێکی هەڵکراودا نزا دەکات و کەڵەشـــێرێکیش بـــە مۆمدانەکـــە بەســـتراوەتەوە. پاش تەواوبوونـــی نزاکەی، بـــە گۆچانێک لە کەڵەشـــێرەکە دەدەن. دیارە کەڵەشێریش دەست دەکات بە خۆڕزگارکردن و مۆمدانەکە دەکەوێـــت و مۆمەکـــەش دەکوژێتەوە. بۆیە ئـــەم جۆاکـــە ئایینییـــە "فرەخودا"یە، بە "چراخ-ســـۆندەران" ناسراون، هەڵبەت هەموو ئەوانە دەبێـــت وەک "Relata Refero" {بە

لاتینی: "من (تەنیا) ئەوەی بیستووومە دەیگێڕمەوە"{" لە منی وەرگرن. نەمتوانی دیاری بکەم کام هۆزە و خێڵ پەیڕەوی لە ئایینی "چراخ-سۆندەران" دەکەن ".

دەقە کوردییەکان

لە سەرەتای ئەم بەشەدا، لێرخ کۆمەڵێک پەیقی کورتی بە هەر دوو زاراوەی کورمانجی و زازا لەسەر بنەمای "ڕستە پێوەرەکانی بەکمایستر"[٣٠] وەرگێڕراوە. و هاوکات هەموو دەقەکانی کردووەتە ڕووسی (لە دوو بەرگە ئەڵمانییەکەش کردوویەتە ئەڵمانی). لێرخ بۆ نووسینی ئەم دەقانە لە نیگارەکانی ئەلفبێی لاتینی "لێپسیۆس" کەلکی وەرگرتووە کە ئەو کاتی بە ئەلفبێی ستانداردی "لێپسیۆس" ناسرابوو، و بۆ هەر دەنگێک کە بیستوویەتی، نیشانەیەکی بۆ داناوە کە لە زاراوەی کورمانجیدا بریتییە لە ٣٧ دەنگ: ٩ بزوێن (٥ بزوێنی درێژ و ٤ بزوێنی کورت)، دەگەڵ ٢٨ نەبزوێن. زاراوەی زازا بە دوو بزوێنی پتر، ٣٩ دەنگی بۆ داناوە: ٩ بزوێن و ٣٠ نەبزوێن. لێرخ باسی هۆکاری ئەم هەڵبژاردنەش دەکات و دەڵێت: "ئەلفبێی عەرەبی-فارسی کە بۆ زمانی کوردی بەکار دێت، بۆ دەربڕینی بێخەوشی هەموو ئەو دەنگانەی من لە بێژەکردنی کوردەکان دەمبیستن، لە جێی خۆیانەدا نەبوون". لێرەدا لێرخ گۆکردنی هەر کام لەم نیگارانەی بە هەڵسەنگاندن دەگەڵ گۆکردنی نیگارە هاوشێوەکانیان لە زمانە ئەوروپاییەکان شی کردووەتەوە.

دەقەکان

لە لاپەڕەکانی ٤٥-٨٦دا، لێرخ بە نیگارەکانی ئەلفبێی لاتینی "لێپسیۆس" ئەم دەقانەی بە زاراوەی کورمانجی نووسیوەتەوە:

١- وەرگێڕراوی حەوت چیرۆک کە لێرخ لە کتێبی فریدریش دیتریچ ١٨٢١-١٩٠٣، ڕۆژهەلاتناس و مێژوونووسی ئەڵمانی بە ناوی "گوڵبژێرێکی وێژەیی عوسمانی" وەری گرتوون. ٢- وەرگێڕراوی ١٨ نەزیرە (ئەفسانە)ی تورکی لە کتێبی "ویکتۆر لێتریە"ی فرانسایی بە ناوی "گوڵبژێرێک لە ئەفسانە تورکییەکان". ٣- دوو چیرۆک. ٤- چیرۆکی چارەنووسی تێروتەسەلی "عەبدوڵڵا بەگ"، میری شاری "پاڵوو. ٥- بەسەرهاتی ئەویندارییەکی خەمباری کچی سەرۆکهۆزی "ڕۆمی". ٦- وەرگێڕاوی دەقەکانی "زیتر کویست" [٣١].

لە لاپەڕەکانی ٨٧- ١٢٣شدا بە زاراوەی "زازا" ئەم دەقانەی نووسیوەتەوە:

١- سێ چیرۆک سەبارەت بە پێکدادانی هۆزەکانی کورد. ٢- دوو چیرۆک. ٣- نەزیرەیەک سەبارەت بە باڵندەی "گوێبین".

بەیتەکان:

٢٥ گۆرانیی فۆلکلۆریی کە هەر کامیان لە ٢٠ تا ٤٠ ڕستە پێک هاتوون. نێوەرۆکی بەشێکیان "ئیرۆتیکی"یە و ئەوانی دیکە باسی ئازایەتی و پاڵەوانێتییە.

پاشکۆی بەرگی دووەم

بریتییە لە دەقەکانی ئەرزەڕووم و تەوریز .

دەقەکانی ئەرزەڕووم: لە کۆتاییی ساڵی ١٨٥٦دا، "ئا. د.ژابا" هەندێک پەندی پێشینیانی تورکی و چەند بەشێک لە هەڵبەستەکانی "ئەسکەندەرنامە"ی نیزامی بۆ ئەکادیمیای ئیمپراتۆریای ڕووسیای ناردووە کە مەلا مەحموود بایەزیدی و چەند کەسێکی دیکە وەریان گێڕابووە سەر کورمانجی و بە ئەلفبێی عەرەبی نووسیویانە. لە لاپەڕەکانی ١٢٦-١٣٣دا، لێرخ بەشگەلێکی لەم دوو دەقەی تۆمار کردووە کە بریتین لە:

دەقی یەکەم: وەرگێڕاوی چەند کۆپلەیەکی "ئەسکەندەرنامە"ی نیزامی گەنجەوییە بە سەر دێڕی "خبر زانینا اسکندر ژ آژوتنا اوروس وخراب کرنا بردعی و برنا نوشابە بە یسیری".

دەقی دووەم: لەژێر سەردێڕی "ترجما ضرب مثلانە بزمانی کورمانجی" بریتییە لە وەرگێڕاوی ٢٧ پەندی پێشینیانی زمانی تورکی کە بە ئەلفبێی عەرەبی-فارسی نووسراوە.

دەقی نێردراو لە تەوریزەوە: دەقێکی زۆر سەرنجڕاکێشە لە لاپەڕەکانی ١٣٤-١٣٩ کە بریتییە لە وەرگێڕاوی "دیباچە" (پێشەکی)ی کتێبی "گوڵستان"ی سەعدی شیرازی لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی. ئەوەش بە ئەلفبێی عەرەبی-فارسی نووسراوە و زۆر بەوردی :ژێرۆ"، "سەرۆ"، "بۆرۆ" و "سکون"ی بۆ دانراوە. لێرخ سەبارەت بەم دەق دەڵێت:

"ن.ق. خانیکۆف[٣٢]" ڕۆژهەلاتناسی بەناوبانگ، زانای کارای ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریا و سەرکۆنسوول لە تەوریز، لە مانگی دیسەمبەری پارسااڵ {واتە ١٨٥٦}، هەندێک دەستنووسی بۆ ئەکادیمیا ناردووە کە لەنێو هەندێک هەڵبەستی پارسی[٣٣] و تورکیدا، چەند هەڵبەستی کورددییشی تێدا بوو. بێجگە لەمانە ناوبراو هەروەها لە "ساوج-بوولاخ"، شوێنی سەرەکی هۆزی موکری، هاندەر بووە بۆ وەرگێڕانی کتێبی "گوڵستان" بە زمانی کوردی. "میرزا زەمان"ی کورد، دەقی ئەو وەرگێڕاوەی (١٥ لاپەڕەی قەبارە ٨°) داوەتە بەرێز "خانیکۆف" و ئەویش (لە مانگی جوولەی ئەم ساڵ {واتە ١٨٥٧}) بە ئەکادیمیای پێشکەشی کردووە".

لێرخ سەبارەت بە وەرگێڕی ئەم

دەقە دەڵێت:

"میرزا زەمان، لە سنەی ئەردەڵان لەدایک بووە؛ گوایە چیتر لە "سابلاغ" نەماوەتەوە و کاروباری بۆ خۆراسان گواستووەتەوە. وا دیارە نابێت چاوەڕوانی ئەوە ببین بەم زووانە وەرگێڕانی گولستان تەواو بێت". لێرخ لە بەرگی دووەمی ئەم بەرهەمەی بە زمانی ئەڵمانیدا دەڵێت: "میرزا زەمان بە بڕیاری حاکمی خۆراسان گەڕاوەتەوە بۆ خۆراسان" (لێرخ ۲، ۱۸۵۹: ۵۲).

سەبارەت بە نێوەرۆکی دەقەکە دەڵێت: "میرزا زەمان هەوڵی داوە تا ئەو ڕادەیەی ئەلفبێی عەرەبی – فارسی ڕێگەی پێ دەدات، بێژەکردنی وشەکان بەباشی وێنا بکات". لێرخ زۆر بەوردی سەرنجی خستووەتە سەر زاراوەی ئەم دەقە و لە ڕووی زمانەوانییەوە دەگەڵ زاراوەی کورمانجی هەڵی سەنگاندووە، تێبینییەکانی خۆی نووسیوە و بە "زاراوەی سنەیی" ناودێری کردووە.

پێم وایە ئەم دەقە یەکەم دەقی وەرگێڕراو بێت کە بە زاراوەی کوردیی نێوەندی لە مێژووی وێژەی ئەم زاراوەیەدا تۆمار کرابێت و یەکەم جارە لە کتێبێکدا بە زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە.[۳۴] بۆیە هیوادارم پسپۆڕانی زمانی کوردی سەرنجی تایبەتی پێ بدەن.

بەرگی سێیەم (لێرخ، ۱۸۵۸)

بەرگی سێیەم ۱۶۷ لاپەڕەیە بریتییە لە: تێبینی و پێشەکیی نووسەر، فەرهەنگی زاراوەی کوردیی کورمانجی، فەرهەنگی زاراوەی کوردیی زازاکی، دوو فەرهەنگۆکیش بۆ وشەکانی پێشەکیی گولستان و زاراوەی "خەردووسی" دەگەڵ دوو پاشکۆ.

پێشەکی

لێرخ لە پێشەکیدا کە ۳۷ لاپەڕەیە (I تا XXXVII)، سەرچاوەی وشە کورددییەکانی نێو ئەو فەرهەنگانەی ڕیز کردووە کە بریتین لە:

کتێبە چاپکراوەکان، کە ناونیشانی ۱۳ کتێب و نووسەرەکانێتی و زۆر بە وردی باسی نێوەرۆکی هەر کام لەو سەرچاوانەی کردووە و ڕەخنە و تێبینییە زمانەوانییەکانی خۆی نووسیوە.

کتێبە چاپنەکراوەکان و دەستنووسەکان، کە بریتین لە:

۱- دەستنووسێکی پرۆفیسۆر "ڤ دیتل" سەبارەت بە هۆزەکان و مێژووی زمانی کوردی کە پاش مەرگی جێی هێشتبوو و سەرنجی سەرەکی خستووەتە سەر زاراوە کورددییەکانی کوردی، لەکی و لۆری. لەم کۆمەڵە دەستنووسەدا چامەیەکی ۱۲۸ دووبەیتی بۆ پەسنی "خودا" و کورتە هەڵبەستێکی ۱۸ دێڕی "مەلا نەجەف"ی تێدایە، دەگەڵ دەستنووسێکی بچووکی ۷۶ ڕووپەڵی کە بریتییە لە هەڵبەستێکی

۲۹۸ دێڕی به سەردێڕی "پادشاهی بی باک"، هەڵبەستێکی ۹۱ دێڕی به سەردێڕی "نادر خاوتنی"، کورته هەڵبەستێکی ۷ دێڕیی به سەردێڕی: "منقبه شفیع"، هەڵبەستێکی ۴۱۰ دێڕی به سەردێڕی: "یا حق سبحانی اینامه ونام بینامی سبحانی"، کورته دەستنووسێکی ۵۴ ڕووپەڵی که بریتییه له شیعری هەڵبەستوانانی جیاواز. لێرخ سەبارەت بەم دەستنووسانه دەڵێت: "بەهۆی نەبوونی کاتی پێویست، ناتوانم لێرەدا باسی زمانی ئەو دەستنووسانه بکەم". بەڵام له بەرگی دووەمی دەقە ئەڵمانییەکه و له ۵ لاپەڕەدا لێرخ باسی نێوەرۆکی ئەم دەستنووسانەی کردووه[۳۵].

۲- دەقە کوردییەکانی ئەرزەڕۆم که بریتییە له دەستنووسێکی ۱۱۸ ڕووپەڵی کە له زمانەکانی فارسی و تورکییەوه وەرگێڕراون. ڕووپەڵی لای چەپی دەستنووسەکه به فارسی و تورکی و کوردین و "به خامەی "مەحموود ئەفەندی"[۳۶] ، کوردێکی خەڵکی بایەزید نووسراوه". له ڕووپەڵی لای ڕاستدا، "ژابا" بێژەنووسی دەقەکەی جێبەجێ کردووه. لێرخ لێرەشدا تێبینی و ڕەخنەکانی به دوورودرێژی نووسیوه.

۳- وەرگێڕراوی دەستپێکی گوڵستانه به کوردی. لێرخ بەم شێوەیه دیسان باسی ئەم دەقه دەکات:

"وەک دەزانین به هەوڵی "ن. ق. خانیکۆف" ئەو دەقه بەدەستمان گەیشتووه که له ناوچەی ئەردەڵان کەسێکی خەڵکی شاری سنه وەری گێڕاوه. ئەم کاره بەناتەواوی ماوەتەوه چونکه حاکمی خۆراسان داوای له وەرگێڕی دەقەکه، "میرزا زەمان" کردووه بگەڕێتەوه خۆراسان. زاراوەی ئەو دەقه بەتایبەت له گەردانکردنی کاردا جیاوازه لەو زاراوه کوردییانەی که من دەیانناسم. له بەرگی دووەم به زمانی ئاڵمانی له لاپەڕەکانی ۵۲-۵۶دا وشەکانی ئەو دەقەم شی کردووەتەوه . له داهاتوو و له نووسراوەیەکی جیاوازدا که تەرخانی دەکەم بۆ ڕێزمانی زاراوه کوردییەکان، باسی تایبەتمەندییەکانی ئەم زاراوەیه دەکەم".

۴- دەستنووسێکی دیکه که "خانیکۆف" کۆی کردووەتەوه:

"دەستنووسێکی مامنێوەندییه له ۶۶ ڕووپەڵی قەباره ۱۶° که بریتییه له شیعری فارسی و تورکی، بەڵام هەڵبەستی کوردییشی تێدایه. ئەم دەستنووسەش، "ن.ق. خانیکۆف" پێشکەشی به مۆزەخانەی ئاسیای ئەکادیمیا کردووه و کەسێک بەناوی "احمد کور" ئەحمەد کۆر، زۆربەی هەڵبەستە کوردییەکانی هۆندووەتەوه. "عبدالله" و "حاکم" نووسەرانی

هەڵبەستەکانی دیکەن. لە زمانی ئەو هەڵبەستانەدا گەلێک وشەی زەقی عەرەبی و فارسی دەبینرێت، تەنیا کرداری سەرچاوەی کوردییان هەیە و فۆرمی زۆربەیان هاوشێوەی فۆرمی ئەو زاراوە کورمانجییەن کە لە "ڕۆسڵاڤڵ" دەگەڵیان ئاشنا بووم. لە بەرگی دووەمی کتێبەکەمدا بە زمانی ئاڵمانی (لە لاپەڕەی ۵۶ و دواتردا) دەقی هەڵبەستی عەبدوڵڵا بەناوی (کلام عبدالله) گونجێنراوە[۳۷]".

لێرخ بۆ فەرهەنگەکان بێجگە لەم سەرچاوانە، کەلکی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی دیکەش لەبۆ هەڵسەنگاندنی وشە کوردییەکان دەگەڵ زمانەکانی دیکە وەرگرتووە کە بریتین لە ناونیشانی: ۱۰ کتێب و وتار سەبارەت بە "زمانی پارسیی کۆن"، ۸ کتێب سەبارەت بە زمانی "ئاڤێستا"، ۲ کتێب سەبارەت بە زمانی "پەهلەوی"، بۆ زمانی "پارسی" و "پارسیی نوێ" ۳ کتێب و وتار، ۹ کتێب بۆ زمانی "ئەفگانی"، بۆ "زاراوەکانی تالشی، مازەنی و گیلەکی" ۶ کتێب و وتار.

لێرخ هەروەها سەبارەت بە سەرچاوەی وشە کوردییەکان دەڵێت: "فەرهەنگەکانی ئەم کتێبە زۆرتر لەسەر بنەمای ئەو دەقانە پێکهاتوون کە لە بەرگی دووەمدا هاتوون. بێجگە لە وانە، ئەو وشانەش کە توانیومە لە "ڕۆسڵاڤڵ" کۆی بکەمەوە، دەگەڵ هەندێک پەیڤی گۆرانیی فۆلکلۆری کە لێم زیاد کردووە".

قەبارەی فەرهەنگەکان:

لێرخ لە کۆتاییی ئەم بەرگەدا کە بە زمان ڕووسیی نووسیوێتی، تەنیا ئەم فەرهەنگانەی گونجاندووە: فەرهەنگی زاراوەی کورمانجی ۸۴ لاپەڕە، فەرهەنگی زاراوەی زازاکی ۳۳ لاپەڕە.

بەڵام لە بەرگی دووەم بە زمانی ئەڵمانی بێجگە لەم دوو فەرهەنگە، دوو فەرهەنگۆکێکی دیکەی گونجاندووە بۆ وشەکانی دەقە وەرگێڕاوەکەی دیباچەی گولستانی سەعدی کە ۲۳ لاپەڕەیە و بۆ زاراوەی "خەردووسی" دوو لاپەڕەیە (لێرخ ۲، ۱۸۵۹: ۱۶۶-۱۸۸ و ۱۸۹-۱۹۰).

"لێرخ" لە کتێبەکانی بە زمانی ڕووسی هیچ ئاماژەیەکی بە زاراوەی "خەردووسی" نەکردووە. بەڵام بە زمانی ئەڵمانی لە لاپەڕەی ۷۱ و ۷۲دا، دەقێکی بەم زاراوەیە گونجاندووە و دەڵێت: "زاراوەی ئاخافتنی دانیشتوانی ناوچەکانی نێوان دوو گوندی "تەمیشگەزەک" و "گومیش مەدێن"ـە. ئەم دەقەم لە ڕاسڵاڤڵ بەگوێرەی ڕاوێژی یەکێک لە دانیشتوانی کوردی ئەو گوندانە بەناوی "مستەفا " تۆمار کردووە".

پاشکۆ

لەو بابەتانەی کە سەبارەت بە سێ کتێبەکەی لێرخ نووسراون، ئاماژە بە دوو وتار دەکەم:

وتاری یەکەم

وتارێکی ١۴ لاپەڕەیی پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆیە بە ناوی "کارەکانی پ.ئی. لێرخ لە بواری کوردناسیدا" کە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی یەکێتیی سۆڤیەت لە گۆڤاری "کۆوتار سەبارەت بە میژووی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، بەرگی چوارەم، مۆسکۆ ١٩۵٩، ل.ل. ٣٩-۵١، بڵاوی کردووەتەوە[٣٨].

قەناتێ کوردۆ پاش کورتەیەک لە ژیاننامەی پێوتێر لێرخ[٣٩] ، بە کورتی باسی نێوەرۆکی هەموو بەشەکانی هەر سێ بەرگەکەی کردووە و سەبارەت بە داڕشتنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان لەسەر بنەمای زمانە ڕۆژاواییەکان، ڕەخنەی لە لێرخ گرتووە و دەڵێت:

"بێگومان ئەم داڕشتنە لە کردەوەدا دەگەڵ سیستەمی پێکهاتەیی دەنگەکانی زمانی کوردی ناگونجێت، ئیتر باسی ئەوەش ناکەین کە پێوەرە پەیڕەوکراوەکەی بۆ پۆلێنکردنی دەنگەکان، زانستی نییە. چونکە لە زمانی کوردیدا، پێش هەر شتێک بزوێنە درێژ و کورتەکان، دیاردەیەکی فۆنێمیکی نین، بەڵکوو دیاردەیەکی مۆسیقایین" (قەناتێ کوردۆ، ١٩۵٩: ۴۵).

قەناتی کۆردۆ بێجگە لەمە، لە ئاماژە بە دوو بەرگە ئەڵمانییەکەی لێرخ، دەڵێت:

"سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لێرخ ناوی دەقی ئاڵمانی کتێبەکانی خۆی گۆڕیوە و بە جێگەی "کلدانییە باکووریە هاوڕەچەڵەکەکانیان"، تەنیا "کلدانییە هاوڕەچەڵەکەکانیان"ی داناوە. ڕەنگە لە کاتی نووسینی دەقە ئاڵمانییەکەدا بەتەواوی وازی لە هاوڕچەڵەکبوونی "کلدانییە باکووریەکان" دەگەڵ کورد هێنابێت، هەر بۆیەش بەرگی یەکەمی دەقە ڕووسییەکەی بە ئاڵمانی وەرنەگێڕاوە، چونکە لە بەرگی یەکەمی ڕووسییەکەدا باسی هاوڕەچەڵەکبوونی کورد و کلدانییە "باکووریەکانی" وروژاندووە" (قەناتێ کوردۆ، ١٩۵٩: ۴۶، ژێرنووسی ٣٨).

قەناتێ کوردۆ ئاماژەی بە کارە زانستییەکانی دیکەی "پێوتێر لێرخ"یش کردووە کە لەم وتارەی بەردەستتاندا لە بەشی "سەبارەت بە پێوتێر ئیڤانۆڤیچ لێرخ"، سوودم لێ وەرگرتووە.

وتاری دووەم

بریتییە لە وتارێکە خانمی ڕۆژنامەوان "سڤێتلانا کوورتساپۆڤا"یە بە ناوی "کورد لە ڕۆسلاڤڵ" [۴٠] .

"س. کوورتساپۆڤا" لە وتارەکەیدا ئاماژە بە نووسەرێک دەکات بە ناوی "س.س. ڕاکۆچێڤسکی" کە لە کتێبی "ئەزموونی

کۆکردنـــەوەی بابەتـــە مێژوویی‌یەکانـــی شـــاری ڕۆسلاڤڵ"، بابەتێکـــی بە ناوی "دیلـــە تورکەکانی کوردســـتان" لە زمان ناســـیاوێکی دانیشـــتووی ئەم شـــارە نووســـیوە و باســـی لەخۆبوردوویی ئەو دیلـــە کوردانەی کردووە کـــە لە ڕووداوی ئاگرکەوتنە کارەســـاتبارەکەی ڕۆسلاڤڵ لە ١٨ی جوولای ســـاڵی ١٨٥٥دا، چالاکییان نواندووە. ڕۆژنامەنووســـی ناوبراو کورتەیەک لـــەم وتارەی نووســـیوەتەوە کە باســـی کولتوور و هەڵســـوکەوتی جوامێرانەی دیلە کوردەکانی کراوە.

بۆ نموونە لە زمانی ناسیاوەکەی دەڵێت:

"... زۆر جار دیلـــەکان بە کەلکوەرگرتن لـــە ئازادییەکی تـــەواو کـــە هەیانبوو، دەچوونـــە نێـــو کێڵگەکـــەی دەرەوە و بەنێـــو چۆڵەوانییەکانـــدا تـــا درەنگانی ئێوارە دەســـووڕانەوە... هـــەر جارێکیش بـــە چەپکـــە گوڵـــەوە لەم پیاســـانە دەگەڕانـــەوە. ســـەرنجڕاکێش ئەوە بووە کـــە هەرگیز هیـــچ کام لـــەم چەپکە گوڵانە فـــرە ڕەنگ نەبـــوون، هەر کام لە کـــوردەکان تەنیا یـــەک جۆر گوڵیان کۆ کردووەتـــەوە و لە ســـەر دارێکیان دەبەســـت و زۆر بەپارێزەوە هێناویانەتەوە ماڵ. ئەم هەڵســـوکەوتەی کە کوردەکان دەگـــەڵ گـــوڵ هەیانە، لەنێـــو گەلانی باکووریـــدا زۆر دەگمـــەن دەبینرێت".

یـــان ســـەبارەت بـــە کارەســـاتی ئاگرکەوتنەوەکـــەی شـــاری "ڕسلاڤڵ"، ناســـیاوەکە گێڕاوێتییـــەوە کە:

"... گەرمـــای نائاســـایی پێـــش ئاگرکەوتنەکە و زریانـــە کتوپڕەکەی کاتی ئاگرکەوتنەکـــە، ئەوەنـــدە خێـــرا بووە کە هیـــچ هێزێکی مرۆیی توانای پێشـــگرتنی نەبـــووە و لـــە ماوەیە چەنـــد خولەکێکدا هەرچی لە ڕێڕەوی ئاگـــرەدا هەبووە، بووەتە خۆڵەمێـــش و نابـــوود بووە. لەم ســـات و وەختە ترســـناکەدا، کوردەکان چاونەترسانە، لێزانانە و خۆنەویســـتانە کارستانیان پیشان داوە و بەوپـــەڕی خێرایەوە وە ســـەر بانی خانـــووەکان کەوتوون و بە پەتـــووی تەڕ و هەرچی لەبەر دەســـتیان بووە، ئاگرەکەیان کوژاندووەتەوە و بەم شـــێوەیە لە ڕزگارکردنی گەلێک لە خانووبەرەکانی شـــاردا بەشـــدار بوون. کاتێـــک ئاگر گەیشـــتە قووبەکانی کلێســـای شـــار، کوردەکان بۆ ڕێزگرتن لە پیرۆزییەکانی کلێســـا، پێڵاو و جامانەکانیان فـــڕێ داوە و زۆر بەڕێـــزەوە چوونەتـــە نێو کلێســـا و ئایکۆن و وێنەکانی نێو کلێسایان بۆ شـــوێنی ســـەلامەت گواســـتووەتەوە. پەرۆشی و نەترســـی کوردەکان، کاریگەریی قوواڵی لەسەر گشـــت هاوواڵاتییان دانابوو و هەموویان دڵسۆزانەترین پێزانین و ڕێزیان بۆ ڕەوشـــت بەرزیی ئەو مرۆڤانە و بۆ خزمەتی خۆنەویســـتانەیان دەربڕیبوو، تەنانەت ئەگەر دوژمنیش بووبن.

ڕۆژنامەنـــووس "س. کووتســـاپۆڤا" دەڵێت: "پاش بڵاوبوونـــەوەی ئەم وتارە، ئەکادیمیای زانســـتی ڕووســـیا یەکێک لە باشـــترین ڕۆژهەڵاتناســـانی ڕووسیا، واتـــە "پیۆتێر لێرخ"ی بـــۆ کۆڵینەوە لە زمانی کـــوردی و مێـــژووی هۆزەکانی کـــورد ڕەوانـــەی شـــاری "ڕۆسلاڤڵ"

کردووە".

پەراوێزەکان:

1- LERCH'İN ZAZAKİ DERLEMELERİNİN ÇEVRİMYAZIMI VE TÜRLERİNE GÖRE SÖZCÜKLERİN TAHLİLİ.

2- Xebatê Peter J. A. Lerch Derheqî Kurdolojî de.

٣ -لێرخ دیاریی نەکردووە بۆ چی وازی لە ئێرانیبوونی کوردەکان و هەورەچەڵەکییان دەگەڵ کلدانییەکان هێنابێت.

٤ - لە نووسراوەکانی ڕووسیادا، دەوڵەتی عوسمانی بە تورکیا ئاماژەی پێکراوە.

٥ - کۆنترین کتێبخانە و بنکەی چاپەمەنی ئایینی پڕۆتستانەکانی ئەمریکایە کە لە ساڵی ١٨٤٣ دامەزراوە و تاکوو ئێستاش بەردەوامە.

6- Francis Rawdon Chesney (1789-1872)

ژێنراڵی بەریتانیایی لە میسر و ئاسیای بچووک، بۆ سوپای بەریتانیادا خزمەتی کردووە و سێ گەشتنامەی هەیە.

٧ - ڕەنگە "ئەنگووران" ڕاست بێت کە مێژوویەکی کۆنی هەیە و ئێستا گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە ڕۆژهەڵاتی شاری "تیکاب" (بە کوردی تێکاو) هەڵکەوتووە، بەڵام خراوەتە سەر پارێزگای "زەنجان".

8- Étienne Marc Quatremère (1782-1857)

ڕۆژهەڵاتناسی فرانسایی زانایەکی بەناوبانگی ئەم سەردەمەیە لە زمانە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاواییەکان؛ گەلێک وەرگێڕان و توێژینەوەی لەسەر مێژووی ڕۆژهەڵات هەیە. لەوانە وەرگێڕانی "جامع التواریخ".

9- Johann David Michaelis (1717- 1791)

ئایینناس و ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپادا، یەکێک لە پێشەنگەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی بووە.

10- August Ludwig von Schlözer (1735-1809)

مێژوونووس، مافناس، نووسەر، زمانناسی ئەڵمانی ئەندامی زۆربەی ئەکادیمیاکانی ئەوروپا.

11- Emil Rödiger (1801-1874)

ڕۆژهەڵاتناس ئەڵمانی، زمانناسی زمانە سامییەکان. وەرگێڕی پەیڤەکانی "لوقمانی حەکیم" بە زمانی لاتینی.

12- August Friedrich Pott (1802-1887)

زمانەوان و زمانناسی ئەڵمانی، لە زانکۆی "گوێتینگێن" مامۆستای زمان، فەلسەفە و مێژوو بووە.

١٣ - لێرخ لە بەرگی دووەمدا شیکاری زمانەوانی بۆ ئەم چامەیەی کردووە.

14-Вильям Францович Диттель

(1816 – 1848)

"ڤ.ف. دیتل" ڕۆژهەڵاتناس و مامۆستای زانکۆی سان پیتربورگ بووە دەگەڵ "ئیلیا بێریزین" سێ ساڵ گەشتی زانستییان بۆ ناوچەکانی ئاسیای نێوەندی و ئێران و کوردستان کردووە.

١٥ - خەچەتوور ئابۆڤیان (١٨٠٩- ١٨٤٨ بێ سەر و شوێن بووە) نووسەر، مامۆستا، زمانەوان و داهێنەری وێژەی نوێی ئەرمەنی، خاوەن کتێبی "کوردەکان، ئێزدییەکان، ١٨٤٦.

16- Horatio Southgate (1812-1895)

بانگخواز و گەشتیاری ئەمریکایی سەر بە کڵێسای "ئەپیسکۆپاڵ. لە دوو بەرگدا یادەوەرییەکانی گەشتەکەی بەناوی "گێڕانەوەی گەشتێک بەناو ئەرمینیا، کوردستان، پارس و میزۆپۆتامیا" نووسیوە.

١٧ - لێرخ لە بەرگی دووەمدا، سەبارەت بە ئایینی "چراخ-سۆندەران" زانیاری زۆرتری تۆمار کردووە کە لە بەشی بەرگی دووەمدا ئاماژەی پێ دەکرێت.

۱۸ - "عەشـــتەرۆت" یان "ئەشـــتارۆت" خودا ژنـــی جوانی و ئافراندن لـــەلای فینیکییەکان و "ئیشتار"ی بابلییەکانە.

۱۹ - "گریگۆریـــۆس ئەبولفـــەرەج مەلەتـــی"، ناســـراو بە "ئیبنی عیبری"، بـــە لاتینی "Bar-Hebraeus" بـــە ســـریانی "بار عبریـــو"، رێبەری ئایینی مەســـیحییە یەعقووبییەکان، لەدایکبووی ســـاڵی ١٢٢۶ لـــە نزیک مەلاتییـــە (مەلەتی)، کۆچکـــردووە لـــە ســـاڵی ١٢٨۶ لـــە مەراغە. دواییـن کەســـێک بووە کە بە زمانی ســـریانی نووســـراوەی لێ بەجێ ماوە. کتێبـــی مێژوو لە ئادەم تاکوو ســـەردەمی خۆی نووســـیوە.

۲۰ - تەریقەتی عەلەوی لە ســـەدەی سێیەمی کۆچیدا دەرکـــەوت، ئەم مەزهەبـــە بە یەکێک لـــە تووندرەوەکانی شـــیعە دادەنرێـــت، کە لە عەلـــی بن ئەبـــی تالیبیان پـــێ خودایە. ناوی یەکەمیـــان "نوســـەیریە" بـــووە، دواتـــر بۆ خۆدزینەوە لە خەڵک و داپۆشـــینی حەقیقەتی عەقیدەکەیـــان پێیان گوتـــراوە "عەلەوییەکان". دامەزرێنـــەری ئـــەم تەریقەتـــە محمـــد بن نوســـەیر بەســـری النومەیری بووە (کۆچیدوایی لـــە ســـاڵی ٢٧٠ی کۆچـــی) کە بانگـــەوازی پێغەمبەریەتـــی و پەیامەکـــەی دەکرد.

21-Clement Augustus de Bode (1806-1887)

خـــاوەن کتێبی "گەشـــتنامەی لورســـتان و خووزســـتان". لـــە زانکۆی لەنـــدەن مێژووی خوێنـــدووە و وەک دیپلۆمات لـــە باڵوێزخانەی ئیمپراتۆریـــای ڕووســـیا لە تـــاران خزمەتی کردووە. نووســـراوەی بەردەنووسێکی سەردەمی ســـەلجووقییەکان کە بـــە ئەلفبێـــی کووفی بـــووە، نووســـیوەتەوە. ئەم بەڵگـــە مێژووییە گرنگـــە، چونکە دواتر بە ڕێنووســـی فارســـی شێوێنراوە.

22- George Percy Badger (1815-1888)

بانگخـــواز و ڕۆژهەلاتناســـی بەریتانیایـــی، بە تویژەری بـــاوەڕ و ئایینی کڵێســـای ڕۆژهەلاتی ناسراوە.

٢٣ - باســـی بارودۆخی ژیانی کوردەکانی لەژێر دەســـەڵاتی ئیمپراتۆریای ڕووسیای نەکردووە.

٢۴ - بەســـرە لـــە ســـەردەمی عوســـمانیدا هەمیشە ولایەتێکی ســـەربەخۆ بووە و لە ڕووی کارگێڕییـــەوە قەت ســـەر بە بەغـــدا نەبووە.

٢۵ - "ئێستا بووەتە بۆزگات.

٢۶ - ئێستا کەوتووەتە کۆماری گورجستان.

٢٧ - لە نزیک شاری تاران.

28- Albrecht Bernhard Dorn (1805-1881)

مێژوونووس و ڕۆژهەلاتناســـی ئەڵمانی، ڕووس، پســـپۆڕی زمانە ســـامییەکان. چەند چیرۆکی گوڵســـتانی ســـەعدی کردووە بە ئەڵمانی.

٢٩ - وا دیـــارە لێـــرخ ئـــاگای لـــەم کتێبە نەبووە بۆیە نیشـــانەی پرســـیاری بـــۆ داناوە. مەبەســـت کتێبـــی "علـــم الحال"ـــە کە لە سەدەی ســـێیەمی کۆچیدا لەســـەر بیروباوەڕی ســـۆفیگەری نووســـراوە، بەڵام نووســـەرەکەی دیـــار نییە.

30- Hartwig Ludwig Christian Bacmeister (1730-1806)

مێژوونـــووس، جوگرافیـــازان و زمانەوانـــی ئەڵمانـــی- ڕووس. بـــۆ یەکەم جـــار هەندێک ڕســـتەی پێوەری بـــۆ کۆڵینەوە لـــە زمانەکان دارشـــت، بەپێچەوانەی شـــێوازی پێشتر کە بە کۆکردنەوەی تەنیا وشـــەکانی زمـــان، هەوڵیان دەدات زمانەکە شـــی بکەنەوە. "بەکمایســـتر" ١٠٠ ڕســـتەی پێوەری بـــۆ توێژینەوەی هەموو زمانەکانی جیهـــان، بەتایبەت بـــۆ زمانەکانی ئاسیایی ڕێک خســـتبوو؛ زۆربەیان هێشتا بڵاو نەکراونەوە.

٣١ - بەداخـــەوە گـــەڕان بەدوای ئـــەم ناوە و دەقەکانی بێســـوود بوون.

٣٢ - نیکـــۆڵای ڤلادیمیرۆڤیچ خانیکۆف (١٨٢٢-

۱۸۷۸) دیپلۆمات، رۆژهەلاتنـــاس، جوگرافیازانی ڕووس. ساڵی ۱۸۵۳ سەرکۆنســـوولی ڕووسیا لە تەورێز بووە. کتێبێکی هەیە بەناوی "گەشـــتێک بۆ کوردســـتانی پارس" نەخشەیەکی ئازەربایجانی کێشـــاوەتەوە کە گەلێک سەرنجڕاکێشە.

۳۳ - لێرخ لـــە دەقـــە ئەڵمانیایەکەیدا دەڵێت: "دەستنووســـە فارســـییەکان بریتیـــن لـــە هەڵبەســـتەکانی "حافز"، "سەعدی" و "جامی".

۳۴ - لە کاتی تەواوکردنی ئەم وتارەدا، نووســـەر ئاگادر بـــووەوە کە بەڕێز عەبدوڵڵا ســـەمەدی، نووســـەر و توێژەری دەســـتنووس و بەڵگەنامە، ویـــرای بڵاوکردنـــەوەی دەقە ڕەســـەنەکە و نووســـینەوەی بە ئەلفبێـــی هەنۆکەیی زاراوەی کوردی نێوەندی، شـــیکارێکی وردی بۆ کردووە.

۳۵ - نووســـەری ئەم وتـــارە هەمـــوو بابەتە زیادکراوەکانـــی لێرخـــی لـــە دوو بەرگـــە ئەڵمانییەکـــەدا وەک پاشـــکۆ لـــە دەقـــی وەرگێڕراوی هەر ســـێ بەرگە ڕووســـییەکە بە زاراوەی کـــوردی نێوەنـــدی، گونجانـــدووە.

۳۶ - "مـــەلا مەحمـــوود بایەزیـــدی هەندێک هەڵبەســـتی خـــۆی، یـــان کۆپییەکانـــی و وەرگێڕانەکانـــی، نە بەناوی خـــۆی، بەڵکوو بە نازنـــاوی "فەقیـــر مەحموود ئەفەنـــدی"، یان "حاجی مەحموود ئەفەندی"یەوە نووســـیوەتەوە. بەگوێـــرەی "م.ب. ڕۆدینکۆ"، مـــەلا مەحموود بایەزیدی ئـــەو کارەی لەبەر ئـــەوە کردووە کە "نەکەوێتـــە بەر تانە و تەوســـی پیاوانی ئایینیی موســـڵمان کە بێگومـــان بەوە تاوانبـــار دەکرا کـــە موســـڵمانێک بەفەرمانی ناموســـڵمانێک، هەڵبەســـت و نووســـراوەی بۆ وەرگێڕاوە و یان بۆی نووســـیوە".

۳۷ - لێـــرخ لەم لاپەڕانەدا هەڵبەســـتێکی ۵۰ دێڕی "کلام عبدللا"ـــی گونجاندووە و شـــی کردووەتەوە و دەڵێت ئەم هەڵبەســـتە: "زۆرترین توخمی زمانـــی کوردی تێدا بـــەدی دەکرێت، بۆیە لێرەدا باســـی دەکەم، چونکـــە وێدەچێت وشەکانی زۆر ڕەســـەن بن. ئەم عەبدوڵڵایە وەک لە دێڕی ۲۳ی هەڵبەســـتەکەی دەردەکەوێت، کوردێکی خەڵکی ئـــەرزەڕۆم و یان دەوروبەری ئەم شـــارە بووە".

۳۸ - قەناتـــی کـــوردۆ وەک "ئەندامی کارای کـــۆڕی زانیاری کورد" پـــاش فیربوونی زاراوەی کـــوردی نێوەندی (ســـۆرانی)، هەمـــان وتاری بە ئەلفبێـــی لاتینی کـــردووە بە کـــوردی و "ئەندامی یاریدەدەری کۆڕ، مامۆســـتا شـــکور مســـتەفا شـــێوەی نوســـینی ئەم وتارەی لە لاتینییـــەوە گۆڕیوە" و لـــە لاپەڕەکانی ۶۲۴-۶۶۳ گۆڤـــاری کـــۆڕی زانیاری کـــورددا بڵاو بووەتەوە.

۳۹ - لە بەشـــی "ســـەبارەت بە پیۆتر ئیڤانۆڤیچ لێرخ"ی ئەم وتـــارەدا، کەلک لـــەم ژیاننامەیە وەرگیراوە.

۴۰ - ڕۆژنامـــەی "ڕاسڵەڤســـکایا پراڤدا" کە لە شـــاری "ڕۆسڵاڤڵ" دەردەچێت بـــە ڕێکەوتی ۲۰۲۱/۰۴/۲۳ بڵاوی کردووەتەوە.

سەرچاوەکان

به زمانی ئەڵمانی

Lerch Peter. (I,(۱۸۵۷ (لێرخ ۱، 1857) Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nord- (chaldäer (St. Petersburg

Lerch Peter. (II,(۱۸۵۸ (لێرخ ۲، 1858) Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nord- (chaldäer (St. Petersburg

به زمانی ڕووسی

Курдоев(۱۹۵۹ (قەناتـــێ کوردۆ، К.К. (1959) Труды П.И. Лерха по курдоведению (к вопросу изучения истории курдов в России). Очерки по истории

русского востоковедения. .сборник IV, Москва

Лерх П. (I, 1856)(لێرخ ١، ١٨٥٦) Исследования об иранских курдах и их предках северных (.халдеях, (СПб

Лерх П. (II, 1857)(لێرخ ٢، ١٨٥٧) Исследования об иранских курдах и их предках северных (.халдеях, (СПб

Лерх П. (III, 1858)(لێرخ ٣، ١٨٥٨) Исследования об иранских курдах и их предках северных (халдеях, (СПб

به زمانی کوردی

کوردســـتان و کورد (٢٠٢١). وتـــاری: ئا.د. ژابا و کوردناسی، ژ.س. مووســـائیلییان. و: مەنسوور ســـدقی. چاپی یەکـــەم هەولێـــر، ئەکادیمیای کوردی.

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کـــورد (١٩٧٤). بەرگی دووەم، بەشـــی یەکەم. بەغدا.

عەبدوڵڵا ســـەمەدی هاوینـــی ١٣٩٧ (٢٠١٨). وەرگێڕاوی بەشـــێک لە دێباچەی گوڵســـتانی ســـەعدی لە ئەرشـــیف و لێکۆڵینەوەکانی پیتر لێرخدا"، گۆڤاری "کەشـــکۆڵ" ٢ (١٠) مەهاباد.

****

سەرچاوەی پەراوێزەکان

(٥) مالپـــەڕی کتێبخانەکـــە: https://www.dts.edu/media-publications/biblio-/theca-sacra

(٨) https://www.deutsche-biographie.de/sfz١٣٧٨٥٠.html

(٩) www.deutsche-biographie.de/sfz٦٣٠٧٧.html

(١٠) https://www.deutsche-biographie.de/sfz٧٨٥٤٥.html

(١١) www.deutsche-biographie.de/sfz٧٦٧٦٢.html

(١٢) www.deutsche-biographie.de/sfz٩٧٠٣٠.html#ndbcontent

(١٦) https://www.episcopalchurch.org/glossary/southgate-horatio

(١٩) https://www.britannica.com/biography/Bar-Hebraeus

(٢٠) https://islamqa.info/ar/answers/١٠٩٢٦٤/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٧%D٨%A٧%D٩%٨٩%D٩%٨١%D٨%A٩%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٦%D٨%B٥%D٩%٨A%D٨%B١%D٩%٨A%D٨%A٩%D٨%A٧%D٩%٨٨%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٩%٨٤%D٩%٨٨%D٩%٨A%D٨%A٩

(٢١) https://iranologists.org/baron-/clement-a

(٢٢) https://www.goodreads.com/author/show/٤٦٩٠٦٩.George_Percy_Badger

(٢٩) https://ru.wikisource.org/wiki/%D٠%AD%D٠%A١%D٠%٩١%D٠%٩٥/%D٠%٩١%D٠%B٠%D٠%BA%D٠%BC%D٠%B٥%D٠%B٩%D١%٨١%D١%٨٢%D٠%B٥%D١%٨٠_%D٠%٩B%D٠%BE%D٠%B٣%D٠%B٨%D٠%BD_%D٠%٩٨%D٠%B٢%D٠%B٠%D٠%

(٣٢) لێرخ ٢، ١٨٥٨: ٥٦، ژێرنووسی ٢٦.

(٣٣) عەبدوڵڵا ســـەمەدی ١٣٩٧ (٢٠١٨): ٥٢-

guage closely with a number of Kurdish prisoners who were held there and who were captured during the Crimean War between Russia and the Ottoman Empire. As a result, Lerch collected a number of words and phrases with studies on the Kurdish language and devoted the following two volumes of his research exclusively to the Kurdish language. Lerch combined the three volumes (۴۵۰ pages) into two volumes (۳۸۰ pages) and translated them into German, which were published by the Russian Academy in the same year.

The author of this introductory study translated the three Russian volumes into Middle Kurdish by comparing them with the two German volumes and included the additions to the German text as an appendix to the translated book. It has not yet been published; therefore, the aim of this article is to introduce the content of this pioneering work by Pyotr Lerch, which I hope will see the light in the near future.

In this research, I have tried to highlight the book, its author and Lerch's important views on the social situation, language and history of Kurds.

۷۴.


(۳۴) کوردستان و کورد، ۲۰۲۱: ۴۰۳.

(۳۶) (گۆڤـــاری کۆڕی زانیاری کـــورد، ۱۹۷۴: ۶۲۴).

(۳۷) https://ropravda.ru/۲۰۲۱/۰۴/۷۱۹۹/

Abstract

In the mid-۱۹th century, the Academy of Sciences of the Russian Empire paid special attention to the study of the history, ethnography, language and literature of the Kurdish people. Thanks to the researches of such specialists in Kurdish and Iranian studies as V. Sharmo, A. Velyaminov-Zernov, A. Zhaba, V. Yusti, A. Satsin and Pyotr Lerch, Kurdish studies became part of Iranian studies during the ۱۹th century and began to develop independently later. As a member of the Russian Imperial Academy of Sciences, Lerch focused in the mid-۱۹th century on the study of the Kurdish language and its history and devoted three years of his time to collecting comprehensive materials related to this field. The Academy published part of this study in ۱۸۵۶ in the first volume entitled "Studies of the Iranian Kurds and Their Northern Chaldeans of Co-Origin". In the same year, on the recommendation of the head of the academy, Pyotr Lerch visited Roslavl to study the Kurdish lan-



”ڕێنمایی نووسین“

ڕێنووسی کوردی

ئامادەکردن:
بەشی زمانەوانی

به سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە هەڵە دەیاننووسن.

کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شـــێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە ســـەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شـــێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەســـتنەوەی دوو وشـــە پێکەوە دێتە ناو ڕســـتەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو
حیزب و لایەنەکان
کۆمەڵگا و حکوومەت
حەز و خولیا

لەو وشـــە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشـــە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ
هاتوچۆ
تووندوتیژی
کەشوهەوا
کشتوکاڵ
هەڵسوکەوت

کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەموومان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیرێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا
کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود
خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری
خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان
یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد
شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان
قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

(ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باســـمان کرد، ئەگەر لە شـــوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی ســـێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی

دووهەم و سێیەمدا ناینووسن بەڵام نووسینی پێویستە.

١.

پرسیاری کرد

وتاری نووسی

کتێبی خوێندەوە

٢ و ٣.

کورد ئازادیی دەوێ

شەریف چالاکیی ژینگەیی دەکرد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

خۆپێشاندانی نارەزاییی بەرێوە برد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

نەتەوەی کورد سەربەخۆییی دەوێ

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێیەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێیەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.

نموونەی گەردانکردن

گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان

ئەگــەر قەدی کردارەکە خۆی بە پیتی ...ـــــی کۆتاییی هاتبێــت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ـــــی بقرتێنرێت:

نووسین: نووســی:

نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

نووســیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

پرســـیـــن:

پرســـی + م = پرســـیـم

پرســـی + ت = پرســـیـت

پرســـی + ی = پرســـیـی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

پرسی + مان = پرسیمان

پرسی + تان = پرسیتان

پرسی + یان = پرسییان

دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان)

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووســین)، کە لە ســێیەم کەســی تاکدا دەبنە (ئەو دزیــی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن،

...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ـــیـــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ـــیـــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســـیـــیـــان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە

گوارەکەی زێڕە

کتێب بەسوودە.

کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.

کارێکی بەجێیە.

برینم کاریە.

کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە

ئەم کتێبە

ئەم حیزبە

ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم ڕادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکارییە
ئەم جێیە
ئەم پێکهاتەیە
هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پیشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم هیوام بەم گۆڤارەیە
هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)
چاوم لەم حیزبەیە
چاوم لەو چیایەیە
کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە
کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە
بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.
هەر کاتێک (بە) بەو مانایەی سەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروست بکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت: بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار
هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.
ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو
بەڵام
بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.
یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئیستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،
لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..
لەنێو ئەم دارستانەدا،
کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.
لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.
تێبینی ا: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە سەری دا.
سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی)
....، هەر لە سەر تا پاتەوە.
تێبینی۲: لە ئەم لا ـــ- لەم لا
لە ئەو کا—- لەو لا

کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.
(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
لە کوردستاندا، بەو رێگایەدا هاتم.
(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری داڕێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:
دانیشتن
داگرتن
چۆکی دادا.
تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دووڵاگرەکانی تری وەکوو (لە...ەوە) و (لە...ڕا) و... دروستە.
(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.
خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دووڵاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری داڕێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن
بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.
لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.
تا ئیستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیڕا هاتووم.

ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.
بەڵام وشەگەلی وەکوو ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ بوون بە وشەی سەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.
ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.
ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.
تێبینی:
لە ئەو ـــ- لەو
لە ئەم ـــ- لەم
لە ئەوێ ـــ- لەوێ
لە ئەمێ ـــ- لەمێ
لە ئێرە ـــ- لێرە

کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێیکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.
پشتم پێ بەست
کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا
دەستم لێ هەڵگرت
تێی هەڵدە
دەستی پێ بکە

هەندێک کار بە پێشبەندەکانیانەوە مانای تازە دروست دەکەن بۆیە دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن
تێگەیشتن
پێکەنین

ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن
= وازهێنان
دەست لێ بەردان
= واز لێ هێنان
ئاسنی سارد کوتان
= کاری بێهوودە کردن
چاو لێ داخستن
= گرنگی پێ نەدان



ڕێنماییی نووسین
مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

۱ تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.
۲ لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام تۆێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشـــدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرســـی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.
۳ گۆڤاری تیشـــک گرنگی بە چوار شـــێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ۸۰۰ تا ۱۵۰۰ وشە؛ تۆێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ۱۵۰۰ تا ۲۵۰۰ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەســـەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی تۆێژینەوەکە شـــی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ۲۵۰۰ تا ۴۰۰۰ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێڕان:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

۴ ئەو تۆێژرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.
۵ دەســـتەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵســـەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.
۶ پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ۵۰ تا ۷۰ وشە ئامادە بکرێ.

شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشـــک کەڵک لە سیستەمی ســـەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووســـەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویســـتیان بە ئاماژە بە ســـەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شـــرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووســـەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

۱. کتێب

عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ۲۰۱۴)، ۳۲۰.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ۱۳۸۳) ۵-۶.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion ۱۸۸۰-۱۹۲۵ (Austin, University of Texas Press, ۱۹۸۹) ۸۳-۴.

۲. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, ۲۰۰۳), ۸-۹.

۳. گۆڤار و ژورنال

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ۴۸ (۲۰۱۸): ۱۳-۱۷.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (۲۰۱۹ online): ۱۸.



IN THE NEXT ISSUE
“Power Factors in the Kurdistan Movement”

ISSN (Print) 2942-7916
ISSN (Online) 2942-7894
DOI 10.69939/TISHK0073

TISHK Magazine presents a wide range of articles, interviews and analyses by leading scholars, researchers and experts in the field of Kurdistanology and the Middle East. It covers various topics related to Kurdistan, including politics, culture, history, language, literature, and much more.

Impressum:

Verlags- bzw. Erscheinungsort:
Bonn
Herausgeber: TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Redaktion: TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Druck: Eigendruck
Vertrieb: Durch den Herausgeber
Anschrift der Redaktion:
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Postfach: 840108
51033 Köln
Email: info@tishk.org
Webseite: www.tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428
V.i.S.d.: Siawasch Mohammadi

TISHK Magazine

Editor-in-Chief:
Nasir Muradi

Editorial Board:
Dr. Idris Ahmedi, Rizgar Amin Nezhad
Ali Esmailnazhad, Shahla Dabaghi
Kamal Hassanpour, Siawasch Mohammadi
Davoud Osmanzadeh, Dr. Fateh Saeidi,
Hezrin Sine, Dr. Rahim Surkhi and Hiwa Tase,
Ali Monazzami, Aram keykhosrawi

Advisory board of TISHK Magazine:
Dr. Esmail Baziyar, Dr. Baban Eliassi
Dr. Biryar Jaweroiy, Dr. Allan Hassaniyan
Dr. Azad Mohammadyani
Dr. Qadir Wrya, Dr. Manisht Zagros

Contributors to this issue of the magazine
Copy Editors:
Taleb Ghaysari, Kamal Hassanpour, Kamel Najari
Rebwar Rojhelat, Ziyad Asad. Chiya Kalhor, Rasool Sultani

Editorial Assistant &Translation Coordination: :
Rebwar Rojhelat, Aso Ardalan and Halala Heidari

Designer:
Rebaz Rojhelat, Aso Mamzade

Cover photo:
Keiwan Fatehi

www.tishk.org

TISHK Magazine

Autumn & Winter 2025/26 VOL 27 No 73

ISSN (Print) 2942-7916 | ISSN (Online)2942-7894

A publication of the
TISHK Center for Kurdistan Studies

IN THE NEXT ISSUE

Kurdish Politics in Rojhelat:
The Kurdish Position in Regional Changes



